پوونـاکی (رَبِّ الْعالَمِين)

پوونکردنەوەی

﴿مِنْهَاجِ الطَّالِبِين﴾

للإمام النواوي

لە تێگەیشتنی بڕیارەکانی شەریعەتی ئیسلام

لە سەر ڕاڕەوی ئیمامی(الشافعی)رضي الله عنه

بەرگی چوارەم

دانانی

عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی

چاپی پوختەکراو

دانەر بەخۆی پێداچوونەوەو چەند مەسەلەیەکی تێدا زیاد کردون

مـحـرم (1430)ی کـۆچـی

بەفـرانبار (2708)ی کـوردی

کانونیدووەم (2009)ی زایینی

ژمارەی سپاردنی (194) ساڵی (2001)ز، لە کتێبخانەیگشتی هەولێر، دراوەتێ

ناسنامە:

ناوی کیتاب: ڕووناکی (رب العالمين) ڕوونکردنەوەی (منهاج الطالبين).
بابەت: شەریعەتی ئیسلام.
دانەر: عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی.
نۆبەتی چاپ: دواین چاپی پوختەکراو و زێدەکراو.
بڵاوکراوەی: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، لە هەولێر.
چاپخانە: دار المعرفة–بيروت

شارەزاکردن:

ئەی خوێنەری بەڕێز، هەر کاتێك دانەر دەڵێ:

* رواه الشيخان، مەبەستی ئیمامی (البخاري و مسلم)ن.
* رواه اصحاب السنن، مەبەستی ئیمامی (أبوداود و النسائي و الترمذي)ن.
* هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە، یان ڕوون کراوەتەوە، مەبەستی ئەم چوار کتێبەنە:

1 –(المجموع: شرح المهذب) دانراوی (الإمام النواوي).
2 –(تحفةالمحتاج: شرح المنهاج) دانراوی (الإمام إبن حجرالهيتمي).
3 –(نهايةالمحتاج: شرح المنهاج) دانراوی (الإمام محمدالرملي).
4 –(مغنىالمحتاج : شرح المنهاج) دانراوی (الإمام محمد الخطيب الشربيني).

جا ئەگەر یەکێك لەو چوارانە لە گەڵدا نەبێ، ئەو کاتە دەڵێ: هەر وەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا...

ئەی قوتابیی خۆشەویست و ڕێزدار، تکایە:

1– پێشەکیەکەلە بەرگی یەکەمدا بە بیرلێکردنەوەیەکی ورد بخوێنەوە.
2– بۆ تێگەیشتنی ئەم کتێبە پشت مەبەستە بە تەنها زانستیخۆت، بەڵکو لە لای مامۆستای ئایینی بیخوێنە، چونکە چەند پێناسەو زاراوەیەکی شەرعی هەنە، لە لای مامۆستای ئایینی باشتر لێی تێدەگەی.

(كِتَابُ الْفَرائِضِ)

يُبْدَأُ مِنْ تَرِكَةِ الْمَيِّتِ بِمُؤْنَةِ تَجْهِيزِهِ،

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اَلْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَالصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

ئەمەیە بەرگی چوارەمی ﴿ پووناکی(رَبِّ الْعالَمِين) پوونکردنەوەی(مِنْهاج الطَّالِبِين)﴾ خوای گەورە یارمەتیم بدا بۆ تەواوکردنی، ئامین.

ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ:

﴿ كِتابُ الْفَرائِضِ: **ئەمەیە پەرتووکی بەشکردنی میراتەکان** ﴾

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِقْسِمُواالْمالَ بَيْنَ أَهْلِ الْفَرَائِضِ عَلَى كِتَابِ اللهِ تَعَالَى﴾ رواه مسلم وأبوداود، میراتی مردووەکە لە نێوان میراتگرەکانیدا بەش بکەن بەگوێرەی قورئانی پیرۆز. واتە: کە لە سورەتی(النساء)دا خوای گەورە داینناوە.

کەوابو: هەرکەسێك بە پێچەوانەی شەریعەتیئیسلام–بە یاسایدەستکرد– میرات بەش بکا، یان وەریبگرێ: ئەگەر باوەڕی بە شەریعەتیئیسلام نەبێ ئەوە کافرە، ئەگەر نا: (ظالم)و (فاسق)ەو ئەو میراتەی بە ناشەرعی وەریگرتوە، نابێتە مولکی خۆیو لێی حەرامە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿(وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَاأَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ). قال إبن عباس رضي الله عنهما فِي تفسيرها: (مَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَاأَنْزَلَ اللهُ جَاحِداً بِهِ فَقَدْ كَفَرَ، وَمَنْ أَقَرَّ وَلَمْ يَحْكُمْ فَهُوَ ظَالِمٌ فَاسِقٌ) ﴾ رواه إبن جرير، هەر کەسێك پەفتار بە قورئانی پیرۆز نەکاو باوەڕیشی پێی نەبێ ئەوە کافرە، وە هەر کەسێك باوەڕی پێی هەبێ بەڵام پەفتاری پێنەکا ئەوە (ظالم)و (فاسق)ە. واتە: هەروەك لە دوو ئایەتەکەیتردا فەرموویەتی، لە (تفسیر إبن کثیر)دا پوون کراوەتەوە.

(يُبْدَأُ مِنْ تَرِكَةِ الْمَيِّتِ) واجبە: پێش هەموو شتێك لە میراتی مردووەکە دەست بکرێ (بِمُؤْنَةِ تَجْهِيزِهِ)بە ئەرکی وەڕێکردنی مردووەکە بۆ ناو گۆڕەکەی: وەك شۆردنو کفنو نوێژ لەسەر کردنو ناشتنی بەگوێرەی ئەو پوونکردنەوەی لە پەرتووکی مردووەکاندا ڕابرا.

ئینجا بزانە: مەبەست لە میرات: گشت مافێك‌وگشت پارەو زێرو خواردەمەنیو ملك‌و مالو زەویو خانووە: کە مردووەکە لە دوای خۆی بەجێی دەهێڵێ، هەم خوێنی کوژراوەکەش کە لە مرۆڤکوژەکە وەردەگیرێ، ئەویش بە میرات دادەندرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، کەواتە: ئەو خوێنەش لە نێوان میراتگرەکانیدا بەش دەکرێ بە گوێرەی بەشە میراتیخۆیان.

دیسان بزانە: ئەرکی وەڕێکردنی ژنە مردووەکە–بە فەرمودەی ڕاستتر– لە سەر میردەکەیەتی، واتە: لە میراتی ژنەکە نادرێ، بەو مەرجەی لە حاڵەتیمردندا میردەکەی

هەبووبی بێ و ژنەکەش تەسلیمی مێردەکەی کرابێ و (نَاشِزَة) نەبێ و تەلاقدراوی(بائن)ش نەبێ، ئەگینا: ئەرکەکەی لە میراتەکەیخۆی دەدرێ، هەروەك لە باسی (کفن کردنی مردوو)دا ڕابرا.

(ثُمَّ) ئینجا لە دوای تەواوبوونی وەڕێکردنی مردووەکە بۆ ناو گۆڕەکەی (تُقْضَى دُيُونُهُ) ئەو قەرزانەی لە ئەستۆی مردووەکەدانە دەدرێنەوە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿نَفْسُ الْمُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّى يُقْضَىعَنْهُ﴾ حدیث صحیح رواه الترمذي، گیانی مرۆڤی ئیماندار–بە هۆی قەرزەکەی– قەدەغە دەکرێ لە چونە بەهەشت تا قەرزەکەی لەجیاتی دەدرێتەوە.

ئینجا لە دانەوەی قەرزەکانیش قەرزەکانیخوای گەورە: وەکو زەکاتو حەجی واجبو کەففارەتو نەزر، وە پێش قەرزی ئادەمیزادان دێخرێن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿فَدَيْنُ اللهِ أَحَقُّ بِالْقَضَاءِ﴾ رواه الشيخان، قەرزی خوای گەورە لە پێشترە بدرێتەوە.

ئینجا بزانە ئەو قەرزەی لە سەر مردووەکەیە پەیوەندی بە میراتەکەیەوە هەیە، واتە: میراتەکە دەبێتە بارمتەیەکیشەرعی بۆ گشت قەرزەکانیمردووەکە، کەوابو: تا بەشێکی قەرزەکە لە سەر مردووەکە مابێ، هیچ دەستکاریەکی میراتگرەکە– بە بێئیزنی خاوەن قەرزەکان– لە میراتەکەدا دروست نابێ، کەواتە: مەرجە ئەو زەکاتەی لە ئەستۆی مردووەکەدایە بدرێو حەجیواجبی بۆ بکرێ، یان کرێی حەج بۆکردن تەسلیمی یەکێك بکرێ تاکو حەجی بۆ بکا، نەزرو کەففارەتەکانیشی بۆ بدرێن، مارەیێژنەکەی– ئەگەر نەیدابێ– و قەرزەکانیتری ئادەمیزادانی بۆ بدرێنەوە، ئینجا دەستکاریەکانی میراتگرەکە لە میراتەکەدا دروست دەبێ، ئەگینا: دروست نابێ.

بەڵام هەر کاتێك میراتگرێك–بەگوێرەی بەشە میراتەکەیخۆی– بەشە قەرزەکە بداتەوە، ئەوە بەشە میراتکەی وی لە بارمتەیی بەرهەڵ دەبێو دروستە دەستکاری بەشەکەیخۆی بکا، هەروەها ئەگەر میراتگرەکە بە ئیزنی خاوەن قەرزەکان–بۆ قەرزدانەوە– میراتەکە بفرۆشێ، ئەوە فرۆشتنەکەی دروست دەبێ، بەو مەرجەی فرۆشتنەکە بە نرخی هاووێنە بێو بە ئیزنی گشت خاوەن قەرزەکان بێ، جا ئەگەر یەکێکیان ئامادە نەبو، ئەو کاتە بە ئیزنی قازی دەیفرۆشێ، هەروەك لە کۆتایی(رَهْن)دا ڕوونمان کردەوە.

﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر مردووەکە قەرزی کەسێکی ونبووی لە سەر بوو و لە دۆزینەوەی خاوەن قەرزەکەش بێئومێد بوین، ئەوە مەسەلەی قەرزەکە دەدرێتە دەست قازی، جا ئەگەر قازی نەبو، یان خائین بوو و بە شەریعەتیئیسلام ڕەفتاری نەدەکرد، ئەو کاتە دەدرێتە دەست باوەڕپێکراوێکی لێزان، تاکو ئەندازەی قەرزەکە لە میراتەکەی بفرۆشێو

ثُـــمَّ وَصَـــايَاهُ مِـــنْ ثُلُـــثِ الْبَـــاقِي ثُـــمَّ يُقْسَـــمُ الْبَـــاقِي بَـــيْنَ الْوَرَثَـــةِ، قُلْـــتُ: فَـــإِنْ تَعَلَّـــقَ بِعَـــيْنِ التَّرِكَـــةِ حَـــقٌّ كَالزَّكَـــاةِ وَالْجَـــانِي وَالْمَرْهُـــونِ وَالْمَبِيعِ إِذَا مَاتَ الْمُشْتَرِي مُفْلِسًا قُدِّمَ عَلَى مُؤْنَةِ تَجْهِيزِهِ، وَاللهُ أَعْلَمُ،

بۆ (بيت المال) سەرفی بكا، يان میراتگرەكە بەخۆی ئەو كارە جێبەجێ دەكاو بۆ هەژاران‌و بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرفی دەكا، واتە: تا ئەو كارە ئەنجام نەدا دەستكاریی لە میراتەكەدا دروست نابێ.

بەڵام دووریش نیە مەسەلەی قەرزی ئەو ونبووەش وەك یەتیمی بێسەرپەشتكار بێ، واتە: پیاوماقوڵانی شوێنەكە جێبەجێكردنی ئەو فرۆشتن‌و سەرف كردنە بخەنە ئەستۆی‌خۆیان، هەروەك لە كۆتایی(رَهْن)دا بە درێژی ڕوونمان كردەوە.

(ثُمَّ) ئینجا كە هەموو قەرزەكانی درانەوە (وَصَايَاهُ مِنْ ثُلُثِ الْبَاقِي) وەسێتەكانی مردووەكە جێبەجێ دەكرێن لە سێیەكی ئەو میراتەی لە دوای قەرزدانەوەكە ماوەتەوە.

(ثُمَّ) ئینجا لە دوای جێبەجێكردنی وەسێتەكانی‌مردووەكە (يُقْسَمُ الْبَاقِي بَيْنَ الْوَرَثَةِ) ئەو بەشە میراتەی ماوەتەوە لە نێوان میراتگرەكانی‌دا بەش دەكرێ بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام: كە لەم پەڕتووكەدا ڕوون دەكرێتەوە، إن شاء الله تعالى، خوای‌گەورە دەفەرموێ: ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ میراتەكە دەدرێتە میراتگرەكان لە دوای جێبەجێكردنی وەسێت‌و قەرزدانەوە.

(قُلْتُ) ئیمامی(النواوی) دەفەرموێ: ئەو بڕیارەی‌ڕابردوو لە حاڵەتێكدا بوو: كە قەرزەكە لە ئەستۆی مردووەكەدا بێ، چونكە (فَإِنْ تَعَلَّقَ بِعَيْنِ التَّرِكَةِ حَقٌّ) ئەگەر مافێك بە خودی میراتەكەیەوە بەسترابێ (كَالزَّكَاةِ) وەكوئەو زەكاتەی–پێش مردنی– لە خودی‌مالێكی‌دا واجب بووبێ‌و زەكاتەكەشی نەدابێ: وەك زەكاتی‌ئاژەڵەكانی نەدابێ، یان زەكاتی دانەوێڵەكەی نەدابێ، ئەو كاتە واجبە: پێش وەڕێكردنی‌مردووەكە زەكاتەكە بدرێ.

(وَ) هەروەها (الْجَانِي) وەكو كۆیلەی تاوانكار: كە پێش مردنی‌گەورەكەی تاوانێكی كردبێ‌و تۆڵەی‌تاوانەكە بە گەردەنیەوە بەسترابێ، واجبە: پێش وەڕێكردنی‌مردووەكە تۆڵەی تاوانەكە لە خودی ئەو كۆیلەیە بدرێ (وَ) هەروەها (الْمَرْهُونِ) وەكو مالّی بە بارمتە داندراو بۆ قەرزێك، واجبە: مافی ڕەهنوەرگرەكە–پێش وەڕێكردنی‌مردووەكە– بدرێتەوە.

(وَ) هەروەها (الْمَبِيعِ) وەكو شتی بە قەرز فرۆشراو (إِذَا مَاتَ الْمُشْتَرِي مُفْلِسًا)هەر كاتێك كڕیارەكە بە نەبوویی بمرێ‌و بە هۆی نەبوویی پارەكەی نەدابێ، ئەوە مافی فرۆشیارەكەش –وەك مافەكانی‌ڕابردوو– (قُدِّمَ عَلَى مُؤْنَةِ تَجْهِيزِهِ) وەپێش وەڕێكردنی مردووەكە دێخرێ و ڕێگا دەدرێتە فرۆشیارەكە ماملّەتەكە هەڵبوەشێنێتەوەو خودی فرۆشراوەكەی خۆی ببا‌تەوە (وَاللهُ أَعْلَمُ)، بەڵام ئەگەر مردووەكە هەبوویی بێ‌و پارەكەی نەدابێ، ئەو كاتە

وَأَسْبَابُ الإِرْثِ أَرْبَعَةٌ: قَرَابَةٌ، وَنِكَاحٌ، وَوَلاءٌ فَيَرِثُ الْمُعْتِقُ اَلْعَتِيقَ وَلا عَكْسَ، وَالرَّابِعُ: اَلإِسْلامُ فَتُصْرَفُ التَّرِكَةُ لِبَيْتِ الْمَالِ إِرْثًا إِذَا لَمْ يَكُنْ وَارِثٌ بِالأَسْبَابِ الثَّلاثَةِ.

ماملّەتەکە هەڵناوەشێندرێتەوە، بەڵکو لە میراتەکەی پارەکەی دەدرێ، هەروەک لەباسی (قەدەغە دانان لە سەر قەرزدار)دا ڕوونمان کردەوە.

هەروەها ئەرکی نیشتەجێکردنی ژنێمردووەکەش–تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ– وەپێش وەڕێکردنی مردووەکە دێخرێ، هەروەک لە (مغني)و (الشرواني)دا فەرموویانە.

﴿ باسی هۆیەکان و مەرجەکانی میراتگرتن ﴾

1–(وَأَسْبَابُ الإِرْثِ أَرْبَعَةٌ) هۆیەکانی میراتگرتن چوارەن:

یەکەم: (قَرَابَةٌ) خزمایەتییە: کە لەم پەڕتووکەدا بە درێژی ڕوون کراوەتەوە.

دووەم: (وَنِكَاحٌ) مارەبڕینێکی دروستو دامەزراوە بەگوێرەی شەریعەتیئیسلام، کەواتە: بە تەنها مارەبڕین ژنو مێرد میرات لە یەکتری دەگرن، هەرچەند مێردەکەش جیماعی لەگەڵ ژنەکەی نەکردبێ، یان هەر هییچێکیان بلۆغیان نەبوبێ ﴿عن علقمة عن ابن مسعودﷺ: أَنَّهُ سُئِلَ عَنْ رَجُلٍ تَزَوَّجَ اِمْرَأَةً وَلَمْ يَفْرِضْ لَهَا صَدَاقاً وَلَمْ يَدْخُلْ بِهَا حَتَّى مَاتَ ؟ فَقَالَ: لَهَا مِثْلُ صَدَاقِ نِسَائِهَا وَعَلَيْهَا الْعِدَّةُ وَلَهَاالْمِيرَاثُ. فَقَالَ مَعْقِلٌ الأَشْجَعِيُّ: قَضَى رَسُولُ اللهِﷺ مِثْلَ مَا قَضَيْتَ﴾ رواه اصحاب السنن بسند صحيح، لەبارەی پیاوێك کە ژنێکی مارەکردبێو مارەیی بۆ دانەنابێو جیماعیشی لەگەڵ نەکردبێو پیاوەکە مرد بێ، پێغەمبەرﷺ بڕیاری داوە: مارەیی هاووێنەی ژنەکانی بدرێتێو (عِدَّة)شی لە سەر واجبەو میراتی مێردەکەشی دەدرێتێ. واتە: جماعکردن مەرج نیە بۆ میراتگرتنی ژنو مێرد.

سێیەم: (وَوَلاَءٌ) سەرپەرشتکاریەتی ئازادکردنی کۆیلەیە، کەوابو: (فَيَرِثُ الْمُعْتِقُ الْعَتِيقَ) ئازادکەرەکە میرات لە ئازادکراوەکەی دەگرێ، بەڵام (وَلاَ عَكْسَ) بە پێچەوانەوە نابێ.

(وَالرَّابِعُ) هۆیچوارەم: (اَلإِسْلاَمُ) لایەنی ئیسلامەتییە، کەواتە: (فَتُصْرَفُ التَّرِكَةُ لِبَيْتِ الْمَالِ إِرْثًا) میراتی مردووە موسوڵمانەکە بۆ (بَيْتِ الْمَالِ)ی ئیسلام سەرف دەکرێ بە ناوی میرات –نەک بە ناوی بەرژەوەندی– (إِذَا لَمْ يَكُنْ وَارِثٌ بِالأَسْبَابِ الثَّلاَثَةِ) هەر کاتێك مردووە موسوڵمانەکە هیچ میراتگرێکی–بەو سێ هۆیانەیڕابردوو– نەبێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿أَنَا وارِثُ مَنْ لَاوارِثَ لَهُ أَعْقِلُ عَنْهُ وَأَرِثُهُ﴾ صححه إبن حبان، من میراتگری ئەو کەسەم کە هیچ میراتگرێکی نیە، من خوێنی بۆ ئەدەمو میراتی لێدەگرم.

ئینجا بزانە: ئەگەر مردوێکی کافر هیچ میراتگرێکی نەبێ، ئەوە میراتەکەی وی بە ناوی (فَيْء) بۆ (بَيْتِ الْمَالِ)ی ئیسلام سەرف دەکرێ، نەک بە ناوی میرات.

هەروەها بزانە: لەو حاڵەتەی میراتەکە بە ناوی میرات بدرێتە (بَيْتِ الْمَالِ)، دروست نیە بەشی کافرو مرۆڤکوژەکەو کۆیلەی لێبدرێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا

فەرموویانە.

وَالْمُجْمَعُ عَلَىٰإِرْثِهِمْ مِنَ الرِّجَالِ عَشَرَةٌ: اَلإِبْنُ، وَابْنُهُ وَإِنْ سَفَلَ، وَالأَبُ، وَأَبُوهُ وَإِنْ عَلا،

2- **مەرجەکانی میراتگرتن چوارن**، یەکەم: بێگومان میراتدەرەکە مردبێ، یان لە لایەن قازی بڕیاری مردنی درابێ بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام.

دووەم: بێگومان میراتگرەکە زیندوو بێ لە کاتی مردنی میراتدەرەکەدا، هەر چەند تەنها بە ماوەی چاولێکردنێکیش بێ.

سێیەم: بە یەکێك لەو هۆیانەی پڕابردوو میراتگرەکە بگاتەوە مردووەکە.

چوارەم: بە درێژی هۆی میراتگرتنەکە بزاندرێ، جا ئەم مەرجە تایبەتە بە قازی، واتە: نابێ شاهیدی لەو کەسە وەربگرێ کە تەنها بڵێ: فلانکەس میراتگری فلانکەسە، هۆیەکەشی نەڵێ، هەروەك لە (مغنی)دا پوون کراوەتەوە.

﴿ باسی ژمارەی میراتگرەکان ﴾

پێشەکی بزانە: سەرجەم میراتگرەکان -نێر و مێ- دوو جۆرن، یەکەم: (ذُوالْفَرْضِ)، واتە: خاوەن بەش، کە لە شەریعەتی ئیسلامدا بەشی بۆ دیاری کراوە، لە (فصل)ی داهاتوودا پوون کراونەوە. دووەم: (عَصَبَة)، واتە خزمی لەپشتێ، بەڵام لە باسی میراتدا مەبەست ئەو میراتگرەیە: کە لە شەریعەتی ئیسلامدا بەشی بۆ دیاری نەکرابێ، هەروەك لەباسی (بێبەشکردن لە میرات)دا پوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

جا لە دروستکردنی مەسەلەکاندا ئێمە بە (پشتێیە) ناوی (عَصَبَة) دێنین، هەم ئەم نیشایەش (×) بۆ لێکدانی ژمارەکان دادەنێین، ئەمەش (+) بۆ کۆکردنەوەیان، ئەمەش (÷) بۆ بەشکردن.

ئینجا بزانە: جگە لە خزمەکانی میراتگر خزمەکانیتر پێیان دەگوترێ: (ذَوِیالأَرْحَامِ)، واتە: خاوەن ڕەحم. هەروەك لە کۆتایی ئەم باسەدا پوون کراونەوە.

(وَالْمُجْمَعُ عَلَى إِرْثِهِمْ مِنَ الرِّجَالِ) ئەو میراتگرانەی بە (إجماع)ی زانایانی ئیسلام میرات دەگرن: لە چینی نێرینەکان (عَشَرَة) دە کەسن:

یەکەم: (الإبن) کوڕی مردووەکە. دووەم: (وَابْنُهُ) کوڕی کوڕی مردووەکە (وَإِنْ سَفَلَ) هەرچەند کوڕی کوڕ بەرەو خوارەوەش بێ: وەك کوڕی کوڕی کوڕ...هتد، بەو مەرجەی بە پوختەی نێرینەکان بگاتە مردووەکە؟ چونکە کوڕی کیژی مردووەکە میراتگر نیە، هەروەك لە (مغنی)و (الشرواني)دا پوون کراوەتەوە.

سێیەم: (وَالأَبُ) باوکی مردووەکە. چوارەم: (وَأَبُوهُ) باوکی باوکی مردووەکە، واتە: باپیرە (وَإِنْ عَلاَ) هەرچەند باپیرەکە بەرەو سەرەوەش بێ: وەك باوکی باوکی باوك...هتد، بەو مەرجەی بە پوختەی نێرینەکان بگاتەوە مردووەکە؟ چونکە باوکی دایك میراتگر نیە،

هەروەك لە (القليوبي)و (البجيرمي)دا پوون كراوەتەوە.

وَالأَخُ، وَابْنُـــــهُ إلاَّ مِـــــنَ الأُمِّ، وَالْعَـــــمُّ إلاَّ لِـــــلأُمِّ، وَكَـــــذَا اِبْنُـــــهُ، وَالــزَّوْجُ، وَالْمُعْتِــقُ. وَمِــنَ النِّسَــاءِ سَــبْعٌ: اَلْبِنْــتُ، وَبِنْــتُ الإبْــنِ وَإِنْ سَــفَلَ، وَالأُمُّ، وَالْجَدَّةُ، وَالأُخْتُ، وَالزَّوْجَةُ، وَالْمُعْتِقَةُ.

پێنجەم: (وَالأَخُ) برای‌مردووەکە، جیاوازی نیە برایەکە: لە دایکوباوکی بێ، یان تەنها لە دایکی بێ، یان تەنها لە باوکی بێ. شەشەم: (وَابْنُـهُ) کوڕەبرای مردووەکـە، هەرچـەند کوڕەبرایەکـە بـەولاوەتریش بـێ: وەك کـوڕی کوڕی‌برای‌مردووەکـە...هتـد، هـەروەك لـە (الشرواني)دا فەرموویەتی، بەو مەرجەی کوڕی برای لە دایکوباوکی بێ، یان کـوڕی بـرای تەنها لە باوکی بێ (إلاَّ مِنَ الأُمِّ) تەنها کوڕەبرای تەنها لە دایکی نەبێ؟ چونکە کـوڕەبرای تەنها لە دایکی مراتگر نیە.

حەفتەم: (وَالْعَمُّ) مامی‌مردووەکە، هەر چەند دووریش بێ: وەك مامی باوکی‌مردووەکە، یان مامی باپیرەی‌مردووەکە، جیاوازی نیە مامەکە: لە دایکوباوکی بێ، یان تەنها لە باوکی بێ (إلاَّ لِلأُمِّ) تەنها مامی تەنها لە دایکی نەبێ؟ چونکە مامی تـەنها لـە دایکـی میراتگـر نیـە.

هەشتەم: (وَكَذَا ابْنُهُ) کوڕەمامی مردووەکە، هەروەها ئـەویش بـەو مەرجـەی کوڕەمـامی تەنها لە دایکی نەبێ، بەڵکو کوڕەمامی لە دایکوباوکی بێ، یان کوڕەمامی تەنها لە باوکی بێ، هەرچەند دووریش بێ: وەك کوڕی کوڕی مامی‌مردووەکە...هتد، هـەروەك لـە (شـرح المنهج)دا فەرموویەتی.

نۆیەم: (وَالزَّوْجُ) مێردی ژنە مردووەکە. دەیـەم: (وَالْمُعْتِقُ) ئازادکەری کۆیلـە مردووەکـە.

(وَمِنَ النِّسَاءِ) ئەو میراتگرانەی بە (إجمـاع)ی زانایـانی ئیسـلام مـیرات دەگـرن لـە چـینی ئافرەتان (سَبْعٌ) حەفت کەسن:

یەکەم: (اَلْبِنْتُ) کیژی‌مردووەکە. دووەم: (وَبِنْتُ الإبن) کیژی کوڕی‌مردووەکە (وَإِنْ سَفَلَ) هەرچەندە کوڕی‌مردووەکە بـەرەو خـوارەوەش بـێ: وەك کیـژی کوڕی‌کـوڕ...هتـد، بـەو مەرجەی بە پوختەی نێرینەکان بگاتەوە مردووەکە؟ چونکە کیژی کیژی‌کوڕ میراتگر نیە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

سێیەم: (وَالأُمُّ) دایکی‌مردووەکە. چوارەم: (وَالْجَدَّةُ) داپیرەی مردووەکە لە هەردوو لاوە، واتە: هەم دایکی‌دایکو بە سەرەوەو، هەم دایکی‌باوکو بە سەرەوە، بەو مەرجەی داپیرەکە بە هۆی میراتگرێکەوە بگاتەوە مردووەکە، هەروەك لە کۆتایی میراتی باوك دایکدا پوونـی دەکەینەوە، ان شاء الله تعالى.

پێنجـەم: (وَالأُخْتُ) خوشکی‌مردووەکە، جیاوازی نیە خوشکەکە: لە دایکوباوکی بێ، یان تەنها لە دایکی بێ، یان تەنها لە باوکی بێ. شەشـەم: (وَالزَّوْجَـةُ) ژنـی پیاوەمردووەکـە.

حەفتەم: (وَالْمُعْتِقَةُ) ئازادکەری کۆیلە مردووەکە.

فَلَـــوْ اِجْتَمَـــعَ كُـــلُّ الرِّجَـــالِ وَرِثَ الأَبُ وَالإِبْـــنُ وَالـــزَّوْجُ فَقَـــطْ، أَوْ كُـــلُّ النِّسَـــاءِ فَالْبِنْـــتُ وَبِنْـــتُ الإِبْـــنِ وَالأُمُّ وَالأُخْـــتُ لِلأَبَـــوَيْنِ وَالزَّوْجَـــةُ، أَوِ الَّذِينَ يُمْكِنُ اِجْتِمَاعُهُمْ مِنَ الصِّنْفَيْنِ فَالأَبَوَانِ وَالإِبْنُ وَالْبِنْتُ وَأَحَدُ الزَّوْجَيْنِ.

(فَلَوْ اِجْتَمَعَ كُلُّ الرِّجَالِ) جا ئەگەر تەنها هەموو ئەو نێرینانەی‌پرابردوو کۆ بونەوە – لەو حاڵەتەی مردووەکە ئافرەتە– ئەو کاتە (وَرِثَ الأَبُ وَالإِبْنُ وَالزَّوْجُ فَقَطْ) تەنها باوک‌و کوڕو مێرد میرات دەگرن، چونکە باپیرە بە باوک بێبەش دەبێ‌و کوڕی کوڕ بە کوڕ بێبەش دەبێ‌و براو برازاو مام‌و مامۆزاو ئازادکەر بە کوڕەکەو هەم بە باوکیش بێبەش دەبن، جا لەم حاڵەتەدا: شەشێکی میراتەکە بۆ باوک، چوارێکی بۆ مێرد، پاشماوەکەشی بۆ کوڕەکەیە، کەوابو: بنچینەی مەسەلەکەیان لە دوانزەیە، بە لێدانی سێ لە چوار، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——— باوک، مێرد، کوڕ.

3 ×. بەشەمیرات ——— شەشێک، چوارێک، پشتێیە.

12 ÷ ——— 2 + 3 + 7 = 12.

(أَوْ كُلُّ النِّسَاءِ) یان ئەگەر تەنها هەموو ئەو ئافرەتانەی‌پرابردوو کۆ بونەوە– لەو حاڵەتەی مردووەکە نێرینەیە– ئەو کاتە (فَالْبِنْتُ وَبِنْتُ الإبن وَالأُمُّ وَالأُخْتُ لِلأَبَوَيْنِ وَالزَّوْجَةُ) تەنها کیژو کیژی‌کوڕو دایک‌و خوشکی لە دایک‌وباوکی‌و ژن میرات دەگرن، چونکە باپیرە بە دایک بێبەش دەبێ‌و خوشکی تەنها لە دایکی بە کیژەکە بێبەش دەبێ‌و ئازادکەرو خوشکی تەنها لە باوکی بە خوشکی لە دایک‌وباوکی بێبەش دەبن؟ چونکە خوشک لەگەڵ کیژدا بە میراتگری پشتێ دادەندرێ، جا لەم حاڵەتەدا: نیوە بۆ کیژ، شەشێک بۆ کیژی‌کوڕ، شەشێکێکی‌تر بۆ دایک، هەشتێک بۆ ژن، پاشماوەکەشی بۆ خوشکەکەیە، کەوابو: بنچینەی مەسەلەکەیان لە بیست‌وچوارە، بە لێدانی سێ لە هەشت، بەم شێوەیە:

8. میراتگر ——— کیژ، کیژی‌کوڕ، دایک، ژن، خوشکی لە دایک‌وباوکی.

3 ×. بەشەمیرات ——— نیوە، شەشێک، شەشێک، هەشتێک، پشتێیە.

24 ÷ ——— 12 + 4 + 4 + 3 + 1 = 24.

(أَوِ الَّذِينَ) یان لەو میراتگرانەی‌پرابردوو، هەموو ئەوانە کۆ بونەوە: کە (يُمْكِنُ اِجْتِمَاعُهُمْ مِنَ الصِّنْفَيْنِ) دەگونجا وێکڕا کۆ ببنەوە لە هەر دوو جۆرەکەی نێرینەکان‌و ئافرەتەکان، ئەو کاتە (فَالأَبَوَانِ) دایک‌و باوک‌و (وَالإبن وَالْبِنْتُ) کوڕو کیژو (وَأَحَدُ الزَّوْجَيْنِ) یەکێک لە ژنەکەو مێردەکە میرات دەگرن:

جا ئەگەر میردەکە مردبێ: ئەوە هەشتێکی میرات بۆ ژنەکەیە، شەشێکی بۆ باوک،

شەشیەکێکی‌تر بۆ دایك، پاشماوەکەشی بۆ کوڕو کیژەکەیە، کەوابو: بنچینەی ئەم وَلَوْ فُقِدُوا كُلُّهُمْ فَأَصْلُ الْمَذْهَبِ أَنَّهُ لا يُوَرَّثُ ذَوُوالأَرْحَامِ وَلا يُرَدُّ عَلَى أَهْلِ الْفَرْضِ بَلِ الْمَالُ لِبَيْتِ الْمَالِ، وَأَفْتَىالْمُتَأَخِّرُونَ إِذَا لَمْ يَنْتَظِمْ أَمْرُ بَيْتِ الْمَالِ:

مەسەلەیە لە بیست‌و چوارە، بە لێدانی سێ لە هەشت، بەڵام لە حەفتاودوو ساغ دەبێتەوە بە لێدانی سێ– کە ژمارەی سەری کوڕەکەو کیژەکەیە– لە بیست‌وچوار، بەم شێوەیە:

8. میراتگر ——— ژن، دایك، باوك، کوڕو کیژ.

3 ×. بەشەمیرات ——— هەشتێك، شەشێك، شەشێك، پشتێیە.

24 ÷ ——— 3 + 4 + 4 + 13 = 24.

3 × ——— ساغکردنەوەی بە سێ هاوبەش.

72 ÷ ——— 9 + 12 + 12 + 39 = 72.

وە ئەگەر ژنەکە مردبێ: ئەو کاتەش دایك‌و باوك– وەك مەسەلەکەی‌پابردوو– هەر یەکەو شەشێکێك دەگرن، چوارێکیش بۆ میردەکە، پاشماوەکەشی بۆ کوڕو کیژەکەیە، کەوابو: بنچینەی ئەم مەسەلەیە لە دوانزەیە، بە لێدانی سێ لە چوار، بەڵام لە سێو شەش ساغ دەبێتەوە بە لێدانی سێ–کە ژمارەی‌سەری‌کوڕەکەو کیژەکەیە– لە دانزە، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——— مێرد، دایك، باوك، کوڕو کیژ.

3 ×. بەشەمیرات ——— چوارێك، شەشێك، شەشێك، پشتێیە.

12 ÷ ——— 3 + 2 + 2 + 5 = 12.

3 × ——— ساغکردنەوەی بە سێ هاوبەش.

36 ÷ ——— 9 + 6 + 6 + 15 = 36.

(وَلَوْ فُقِدُوا كُلُّهُمْ) ئەگەر میراتگرەکان– لە جۆری نێر و مێ– هیچیان نەبون، یان هەندێکیان هەبون بەڵام میراتەکە لە بەشی خۆیان زیاد بوو، واتە: هیچ میراتگرێکی لە پشتێش نەبو، ئەوە (فَأَصْلُ الْمَذْهَبِ) بنچینەی مەزهەبی(الشافعي) ئەمەیە: (أَنَّهُ لاَ يُوَرَّثُ ذَوُو الأَرْحَامِ) میراتەکە هیچی نادرێتە خزمەکانی (ذَوِیالأَرْحَامِ)، واتە: خزمەکانی خاوەن ڕەحم، هەم (وَلاَ يُرَدُّ عَلَى أَهْلِ الْفَرْضِ) ئەو میراتەی لە بەشەکان زیاد بووە، ئەویش دووبارە بە سەر خاوەن بەشەکاندا بەش ناکرێتەوە (بَلِ الْمَالُ لِبَيْتِ الْمَالِ) بەڵکو گشت میراتەکە–ئەگەر هیچ میراتگرێك نەبێ–یان ئەوەندەی لە بەشە میراتەکان زیاد بووە– ئەگەر میراتگر هەبێ بەڵام لە پشتێیان لەگەڵدا نەبێ–لە هەردوو حاڵەتدا دەدرێتە (بَيْت الْمَال)، هەرچەند (بَيْت الْمَال) ناڕێکیش بێو سەرپەرشتکارەکەشی ستەمکار بێ.

بەڵام (وَأَفْتَىالْمُتَأَخِّرُونَ) کۆمەڵە زۆرەکەی زانایانی مەزهەبی(الشافعي) بە پێچەوانەی

مەزهەب فتوایان داوەو فەرموویانە: (إِذَا لَمْ يَنْتَظِمْ أَمْرُ بَيْتِ الْمَالِ) هەر کاتێك کاروباری بِالرَّدِّ عَلَى أَهْلِ الْفَرْضِ غَيْرِالزَّوْجَيْنِ مَا فَضَلَ عَنْ فُرُوضِهِمْ بِالنِّسْبَةِ، فَإِنْ لَمْ يَكُونُوا صُرِفَ إِلَى ذَوِيالأَرْحَامِ، وَهُمْ مَنْ سِوَىالْمَذْكُورِينَ مِنَ الأَقَارِبِ، وَهُمْ عَشَرَةُ أَصْنَافٍ:

(بَيْتِ الْمَالِ) ڕێك نەبو؟ چونکە پێشەوای موسوڵمانان نەبو، یان ستەمکار بوو –وەك سەردەمی ئێستا–(بِالرَّدِّ عَلَى أَهْلِ الْفَرْضِ) دەبی میراتە زیدەکە دووبارە بۆ خاوەن بەشەکان بگەڕێندرێتەوە (غَيْرِ الزَّوْجَيْنِ) جگە لە ژن و مێرد، واتە: هیچ بەشێکی میراتە زیادەکە دووبارە بە سەر ژن و مێرددا بەش ناکرێتەوە، چونکە ئەم دووانە خزمی ڕەحمێو پشتێ نین، جا ئەو میراتەی دووبارە بەش دەکرێتەوە (مَا فَضَلَ عَنْ فُرُوضِهِمْ) ئەوەیە: کە لە بەشی میراتگرەکان زیاد بووە لەو حاڵەتەی هیچ میراتگرێکیپشتێش نیە، کەوابو: (بِالنِّسْبَةِ) هەریەکەیان بەگوێرەی بەشەکەی خۆیان دووبارە بە سەریاندا بەش دەکرێتەوە، هەروەك لە کۆتایی (ساغکردنەوەی مەسەلەکان)دا بە درێژی ڕوونی دەکەینەوە،إن شاء الله تعالى.

(فَإِنْ لَمْ يَكُونُوا) جا ئەگەر هیچ خاوەن بەشێك نەبو، ئەو کاتە (صُرِفَ إِلَى ذَوِيالأَرْحَامِ) واجبە: میراتەکە–بە ناوی میرات– بدرێتە (ذَوِيالأَرْحَامِ)، واتە: خزمە خاوەن ڕەحمەکانی داهاتوو، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿اَلْخالُ وارِثُ مَنْ لاوارِثَ لَهُ﴾ حدیث صحیح رواه أبوداود وغیره، خاڵ میراتگری ئەو کەسەیە: کە هیچ میراتگرێکی نیە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: زانایانی لێکۆڵەرەوە ئەو فتوایەیان بە ڕاستتر داناوە لە بنچینەی مەزهەب، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، کەوابو: دەبی ڕەفتار هەر بەو فتوایە بکرێ، جا ئەگەر مردووەکە هیچ میراتگرێکی نەبو و هیچ خزمێکی (ذَوِيالأَرْحَامِ)شی نەبو، ئەو کاتە واجبە: میراتەکە بدرێتە دەست کاربەدەستێکی ئەمینو باوەڕپێکراوی شوێنەکە، تاکو لە بەرژەوەندی موسڵمانانی سەرف بکا.

جا ئەگەر کاربەدەست لەو شوێنەدا نەبو، یان خائینو لێنەزان بوو، ئەو کاتە ئەو کەسەی میراتەکەی لە بەردەستدایە بۆی دروستە–بەڵکو واجبە–: هەر بەخۆی لە بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرفی بکا، جا ئەگەر بەخۆی نائەمین بوو، یان لێنەزان بوو، ئەو کاتە واجبە: بیداتە دەست یەکێکی ئەمینو لێزان تاکو ئەو لە بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرفی بکا.

جا لەو دوو حاڵەتەدا مەرجە: دواڕۆژی ئەو دەستکاریەیە سەلامەت بێو تووشی ئاژاوە نەبێ، هەروەك لە (تحفه)و (نهایه)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ **باسی** (ذَوِيالأَرْحَامِ)**و چۆنیەتی میرات گرتنیان** ﴾

(وَهُمْ) خزمەکانی(ذَوِيالأَرْحَامِ) لە شەرعدا (مَنْ سِوَىالْمَذْكُورِينَ مِنَ الأَقَارِبِ) خزمەکانیترن جگە لەو حەفدە خزمانەی باسمان کردن لە (ژمارەیمیراتگرەکان)دا(وَهُمْ عَشَرَةُ أَصْنَافٍ)

خزمەکانی(ذَوِیالأَرْحَامِ) دە جۆرن:

أَبُـــــوالأُمِّ وَكُـــــلُّ جَـــــدٍّ وَجَـــــدَّةٍ سَـــــاقِطَيْنِ، وَأَوْلاَدُالْبَنَـــــاتِ، وَبَنَـــاتُ الإِخْـــوَةِ، وَأَوْلادُ الأَخَـــوَاتِ، وَبَنُوالإِخْـــوَةِ لِـــلأُمِّ، وَالْعَـــمُّ لِـــلأُمِّ، وَبَنَاتُ الأَعْمَامِ، وَالْعَمَّاتُ، وَالأَخْوَالُ، وَالْخَالاتُ، وَالْمُدْلُونَ بِهِمْ.

یەکەم: (أَبُوالأُمِّ) باوکیدایکو، هەم (وَكُلُّ جَدٍّ وَجَدَّةٍ سَاقِطَيْنِ) گشت باپیرەو داپیرەیەکی بێبەش لە میرات: وەك باوکی باوکیدایك، دایکی باوکیدایك. دووەم: (وَأَوْلاَدُالْبَنَاتِ) کوڕو کیژی کیژەکان: جا کیژەکانی خۆی بێ، یان کیژەکانیکوڕی بێ. سێیەم: (وَبَنَاتُ الإِخْوَةِ) کیژەکانی برایەکان: جا برای لە دایکوباوکی بن، یان تەنها لە باوکی، یان تەنها لە دایکی. چوارەم: (وَأَوْلاَدُالأَخَوَاتِ) کوڕو کیژی خوشکەکان: جا خوشکی لەدایکوباوکی بن، یان تەنها لە باوکی، یان تەنها لە دایکی. پێنجەم: (وَبَنُوالإِخْوَةِ لِلأُمِّ) کوڕەبرایەکانی تەنها لە دایکی، هەم کیژەکانیشیان هەروەك ڕابرا. شەشەم: (وَالْعَمُّ لِلأُمِّ) مامی لە دایکی کە تەنها لە دایکەوە بۆ باوك بێ. حەفتەم: (وَبَنَاتُ الأَعْمَامِ) کیژە مامەکان: جا مامی لە دایکوباوکی بێ، یان تەنها لە باوکی، یان تەنها لە دایکی، هەروەها کوڕەمامی تەنها لە دایکیش وەك کیژەمامەکانە. هەشتەم: (وَالْعَمَّاتُ) پورەکانیمردووەکە: کە خوشکیباوکن. نۆیەم: (وَالأَخْوَالُ) خاڵەکانیمردووەکە. دەیەم: (وَالْخَالاَتُ) پورەکانیمردووەکە: کە خوشکیدایکن (وَالْمُدْلُونَ بِهِمْ) هەم ئەوانەی بەو دە جۆرانەش دەگەنەوە مردووەکە ئەوانیش (ذَوِیالأَرْحَامِ)ن.

ئینجا بزانە: لە بارەی میراتگرتنی خزمەکانی (ذَوِیالأَرْحَامِ) دوو مەزهەب هەنە: یەکەم: مەزهەبی (أَهْلِ الْقَرَابَةِ)، کە مەزهەبێکی بێهێزەو دەفەرموێ: کامەیان لە مردووەکە نزیکترە ئەویان میراتەکە دەگرێ.

دووەم: مەزهەبی (أَهْلِ التَّنْزِيلِ)، کە مەزهەبێکی ڕاستترەو دەفەرموێ: هەر خزمێك لە خزمەکانی (ذَوِیالأَرْحَامِ) دەهێندرێتە شوێن ئەو میراتگرەی کە بە هۆی ئەویەوە دەگاتەوە مردووەکە، کەوابو: مامی تەنها لە دایکو خوشکیباوك وەکو باوك دادەندرێن، خاڵو خوشکیدایك وەکو دایك دادەندرێن، کوڕو کیژی خوشکو کوڕو کیژی کیژ هەر یەکەیان وەکو دایکیخۆیان دادەندرێن، دیسان بزانە: چۆنیەتی میراتگرتنی خزمەکانی (ذَوِیالأَرْحَامِ) سێ حاڵەتی هەنە:

حاڵەتیەکەم: حاڵەتی بە تەنهایی، واتە: هەر یەکێك لە خزمەکانی(ذَوِیالأَرْحَامِ) بە تەنها بێ، ئەوە گشت میراتەکە دەگرێ، جیاوازی نێر و مێ نیە، بۆ وێنە: ئەگەر مردووەکە تەنها کیژەبرایەکی هەبێ، ئەوە میراتەکەی گشتی بۆ کیژەبرایەکەیە، یان ئەگەر تەنها

کیژەمامێکی هەبێ، ئەوە میراتەکەی گشتی بۆ کیژەمامەکەیە، هەروەك لە (تحفة)و (الشرواني)دا فەرموویانە.

.....

حاڵەتی دووەم: خزمەکانی(ذَوِیالأَرْحَامِ) لە یەك کەس زیاتر بنو هەندێکیان لە هەندێکیان نزیکتر بن لە میراتگریمردووەکە، لەو حاڵەتەدا کامەیان لە میراتگرەکە نزیکتر بێ، ئەویان لەپێشترە بۆ میراتگرتن–نەك ئەوەی لە مردووەکە نزیکترە، هەروەك لە مەزهەبەکەی بێهێزدا ئەوها بوو– چونکە ئەو خزمە لە جێی میراتگرەکە داندراوە، کەوابو: نزیکیی لە میراتگرەکە پەچاو دەکرێ، نەك نزیکیی لە مردووەکە:

بۆ وێنە: ئەگەر مردووەکە لە پاشی بەجێما: تەنها کیژیکیژیکوڕو کیژیکوڕیکیژ، ئەوە میراتەکە گشتی بۆ کیژی کیژیکوڕەکەیە؟ چونکە ئەمەیان بە یەك نمرە دەگاتە میراتگرەکە: کە کیژی کوڕیمردووەکەیە، بەڵام ئەوەکەیتر بە دوو نمرە دەگاتە میراتگرەکە: کە کیژیمردووەکەیە.

هەروەها ئەگەر لە پاشی بەجێما: تەنها باوکیدایکیدایكو دایکیباوکیدایك، ئەوە میراتەکە گشتی بۆ باپیرەکەیە؟ چونکە ئەمەیان بە یەك نمرە دەگاتە میراتگرەکە: کە دایکی دایکیمردووەکەیە، بەڵام داپیرەکە بە دوو نمرە دەگاتە میراتگرەکە: کە دایکی مردووەکەیە...هتد.

حاڵەتی سێیەم: خزمەکانی(ذَوِیالأَرْحَامِ) لە یەك کەس زیاتر بنو بە یەکسانیش لە میراتگرەکە نزیك بن، لەو حاڵەتەدا وا دابنێ: مردووەکە خودی ئەو میراتگرانەی لە دوای خۆی بەجێ هێشتون: کە خزمەکانی(ذَوِیالأَرْحَامِ) بە هۆی ئەوانەوە دەگەنەوە مردووەکە، ئینجا بەشە میراتی هەر یەکێك لەو میراتگرانە تەسلیمی ئەو خزمە دەکرێ: کە بە هۆی ئەو میراتگرەوە دەگاتە مردووەکە، ئینجا ئەو بەشە میراتەش–کە دەدرێتە خزمەکانی (ذَوِیالأَرْحَامِ)– هەر یەکەیان بەگوێرەی میراتگرتنیخۆیەتی لە خودی ئەو میراتگرە، ئەگەر وا دابنێین: خودیمیراتگرەکە مردوە، جا میراتگرتنەکە بە رووی پشتێ بێ، یان بە خاوەن بەشی بێ:

بۆ وێنە: ئەگەر مردووەکە لە پاشی بەجێما: تەنها کیژیکیژو کیژیکیژیکوڕ، ئەوە نیوەی میراتەکە بۆ کیژیکیژەکەیەو شەشێکیشی بۆ کیژیکیژیکوڕەکەیە، ئینجا پاشماوەکەش بە سەریاندا بەش دەکرێتەوە: سێ بەشی بۆ کیژیکیژەکەو بەشێکیشی بۆ کیژیکیژیکوڕەکە.

هەروەها ئەگەر لە پاشی بەجێما: تەنها کیژێکیژێك و کوڕو کیژێکی کیژێکیتر، ئەوە نیوەی میراتەکە گشتی بۆ کیژێکیژەکەیەو نیوەکەیتریش بۆ کوڕو کیژێکیژەکەیتره – لە ڕووی پشتێ– واتە: لەم نیوەیە کوڕەکە دوو هەندێ کیژەکەی دەدرێتێ، چونکە ئەگەر دایکیخۆیان مردبا: ئەوها میراتیان لێدەگرت.

(فَصْـــــلٌ) اَلْفُـــــرُوضُ الْمُقَـــــدَّرَةُ فِـــــی کِتَـــــابِ اللهِ تَعَـــــالَی سِـــــتَّةٌ: اَلنِّصْفُ فَرْضُ خَمْسَةٍ: زَوْجٍ لَمْ تُخَلِّفْ زَوْجَتُهُ وَلَدًا وَلاَ وَلَدَ اِبْنٍ،

ئینجا بزانە بێبەشکردن لە میرات لە خزمەکانی(ذَوِیالأَرْحَامِ)دا ڕەچاو دەکرێ بەگوێرەی بێبەشکردنی ئەو میراتگرانەی کە خزمەکان بە هۆی ئەوانەوە دەگەنە مردووەکە:

بۆ وێنە: ئەگەر مردووەکە لە پاشی بەجێما: کیژەبرایەکی لەدایکوباوکی و کیژەبرایەکی تەنها لە دایکی و کیژەبرایەکی تەنها لە باوکی، ئەوە شەشێکی میراتەکە بۆ کیژەبرای تەنها لە دایکیبەو پاشماوەکەش گشتی بۆ کیژەبرای لە دایك وباوکیبە، کیژەبرای تەنها لە باوکیش بەم کیژەبرایە بێبەش دەبێ لە میرات؟ چونکە برای تەنها لە باوکی بە هۆی برای لە دایكوباوکی بێبەش دەبێ.

هەروەها ئەگەر لە پاشی بەجێما: پورێك کە تەنها لە دایکەوە خوشکی باوك بوو، لەگەڵ کیژەبرایەکی لە دایكو باوکی، ئەوە میراتەکە گشتی بۆ پورەکەیە، کیژە برایەکەش بێبەش دەبێ، چونکە گشت برایەك بە هۆی باوك بێبەش دەبێ، هەروەك لە (تحفة)دا ڕوونی کردۆتەوە.

﴿ ئاگاداری ﴾: خزمەکانی (ذَوِیالأَرْحَامِ) ناتوانن بەشی میراتگرەکانی خاوەن بەش – کە ژن، یان مێردە– کەم بکەنەوە، **بۆ وێنە:** ئەگەر مردووەکە تەنها ژنێك و کیژێکی کیژی لە پاش بەجێما، ئەوە ژنەکە چوارێکی میراتەکەی بە تەواوی دەدرێتێ و سێ چوارێکەکەیتریش بۆ کیژی کیژەکەیە، واتە: بە هۆی کیژیکیژ بەشیژنەکە کەم نابێتەوە بۆ هەشتێك، هەروەك لە (نهاية)و (مغنی)دا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی بەشە میراتەکان و، خاوەن بەشەکان ﴾

(اَلْفُرُوضُ الْمُقَدَّرَةُ فِی کِتَابِ اللهِ تَعَالَی) ئەو بەشە میراتانەی لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (النساء)دا دیاری کراون بۆ میراتگرەکان (سِتَّةٌ) شەش بەشن:

(اَلنِّصْفُ) نیوەیی=1/2 وَ(الرُّبُعُ) چوارێك=1/4 وَ(الثُّمُنُ) هەشتێك=1/8 وَ(اَلثُّلُثَانِ) دووسێیەك=2/3

وَ(اَلثُّلُثُ) سێیەك=1/3 وَ(السُّدُسُ) شەشێك=1/6.

1–(اَلنِّصْفُ فَرْضُ خَمْسَةٍ) نیوەیی بەشی پێنج میراتگرانە، یەکەم: (زَوْجٍ) بەشی

مێردی ژنەکەیە، بەو مەرجەی (لَمْ تُخَلِّفْ زَوْجَتُهُ وَلَدًا وَلاَ وَلَدَ ابْنٍ) ژنەکەی لە دوای خۆی بەجێی نەهێشتبێ: نە کوڕ و نە کیژ و نە کوڕیکوڕی و نە کیژیکوڕی و نە بەرەوخوارتریش، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ﴾ ئێوە نیوەی ئەو میراتەتان هەیە: کە ژنەکانتان بە جێیان هێشتوە، بەو مەرجەی ژنەکان کوڕو کیژیان نەبن.

وَبِنْتٍ، أَوْ بِنْتِ ابْنٍ، أَوْ أُخْتٍ لأَبَوَيْنِ، أَوْ لأَبٍ مُنْفَرِدَاتٍ. وَالرُّبُعُ: فَرْضُ زَوْجٍ لِزَوْجَتِهِ وَلَدٌ أَوْ وَلَدُابْنٍ، وَزَوْجَةٍ لَيْسَ لِزَوْجِهَا وَاحِدٌ مِنْهُمَا. وَالثُّمُنُ: فَرْضُهَا مَعَ أَحَدِهِمَا.

دووەم: (وَبِنْتٍ) بەشی کیژێکی‌مردووەکەیە. سێیەم: (أَوْ بِنْتِ ابْنٍ) بەشی کیژێکی کوڕی مردووەکەیە هەرچەند بەرەوخوارتریش بێ، خوایگەورە دەفەرموی: ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾ ئەگەر یەك کیژ بوو، ئەوە نیوەیی هەیە.

چوارەم: (أَوْ أُخْتٍ لأَبَوَيْنِ) بەشی خوشکێکی لە دایکوباوکیەیە. پێنجەم: (أَوْ لأَبٍ) بەشی خوشکێکی تەنها لە باوکیەیە، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَاتَرَكَ﴾ ئەگەر مردووەکە خوشکێکی هەبوو، ئەوە نیوەی میراتەکەی هەیە.

(مُنْفَرِدَاتٍ) بەو مەرجەی ئەو چوار ئافرەتانەی‌پرابردوو گشتیان بە تەنها بن، واتە: هیچ میراتگرێکی وەهایان لەگەڵدا نەبێ: کە بیانکاتە میراتگری‌پشتێ، یان بەشیان کەم بکاتەوە، یان بێبەشیان بکا لە میرات، هەم میراتگرێکی وەکو خۆیشیان لەگەڵدا نەبێ.

2-(وَالرُّبُعُ) چوارێك بەشی دوو میراتگرانە، یەکەم: (فَرْضُ زَوْجٍ) بەشی مێردی ژنەکەیە لەو حاڵەتەی کە (لِزَوْجَتِهِ وَلَدٌ) ژنەکەی: کوڕ، یان کیژی هەبێ، جیاوازی نیە: کوڕو کیژەکەی لەم مێردە بوبن، یان لە مێردێکی‌تر، یان لە زینا (أَوْ وَلَدُ ابْنٍ) یان ژنەکەی: کوڕیکوڕی، یان کیژیکوڕی هەبێ، هەرچەند بەرەوخوارتریش بێ، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ﴾ ئەگەر ژنەکانتان منداڵیان هەبوو، ئێوە چوارێکی میراتتان هەیە.

دووەم: (وَزَوْجَةٍ) چوارێك بەشی ژنێکی مردووەکەو زیاتر لە ژنێکیەتی تا دەگاتە چوار ژن -واتە: چوارێکەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن- بەو مەرجەی (لَيْسَ لِزَوْجِهَا وَاحِدٌ مِنْهُمَا) مێردەکەی: نە کوڕ و نە کیژ و نە کوڕیکوڕی‌و نە کیژیکوڕی‌و نە بەرەوخوارتریشی نەبێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ﴾ ژنەکانتان چوارێکیان هەیە، ئەگەر منداڵتان نەبێ.

3-(وَالثُّمُنُ) هەشتێك بەشی یەك میراتگرە، چونکە (فَرْضُهَا) تەنها بەشی ژنی مردووەکەیە لە ژنێکەوە تا دەگاتە چوار ژن- واتە: هەشتێکەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن- لەو

حاڵەتـەی (مَـعَ أَحَـدِهِمَا) کوڕیمێردەکـەی، یـان کیژیمێردەکـەی لـە گەڵـدا بـێ، یـان کوڕیکوڕیمێردەکـەی، یـان کیژیکوڕیمێردەکـەی، یـان بـەرەوخوارتری لەگەڵـدا بـێ، جیاوازی نیە: کوڕو کیژەکەی لەم ژنە بوبن، یان لە ژنێکیتر، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم﴾ ئەگەر ئێوە منداڵتان هەبوو، ئەوە ژنەکانتان هەشتێکیان هەیە لە میراتەکەتان.

وَالثُّلُثَانِ: فَـرْضُ بِنْتَـيْنِ فَصَـاعِدًا، وَبِنْتَـيْ اِبْـنٍ فَـأَكْثَرَ، وَأُخْتَـيْنِ فَـأَكْثَرَ لأَبَـوَيْنِ أَوْ لأَبٍ.

وَالثُّلُثُ: فَرْضُ أُمٍّ لَيْسَ لِمَيِّتِهَا وَلَدٌ وَلاَ وَلَدُابْنٍ وَلاَ اِثْنَانِ مِنَ الإِخْوَةِ وَالأَخَوَاتِ،

ئینجا بزانە: لە گشت ئەو حاڵەتانەیڕابردوودا مەرجە: کوڕو کیژی خۆیو کوڕو کیژی کوڕ میراتگر بن، واتە: ئەگەر ئەوانە بە هۆی کوشتن، یان کافربوون، یان کۆیلەیی میرات نەگرن، ئەو کاتە هەبوونیان وەک نەبوونە، واتە: کار لە میراتی ژن و مێردەکە ناکا، بەڵکو مێردەکە نیـوەیی هـەر دەدرێتـێو ژنەکـەش چـوارێکی هـەر دەدرێتـێ، هـەروەک لـە زۆربـەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە لە (عِدّة)ی تەڵاقی(الرَّجْعِي)دا ژنو مێرد میرات لە یەکتری دەگرن، هەروەک لە (كتاب الطلاق)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

4-(وَالثُّلُثَانِ) دووسێیەک بەشی چوار میراتگرانە، یەکەم: (فَرْضُ بِنْتَيْنِ فَصَاعِدًا) بەشـی دوو کیژو زۆرتر لە دوو کیژی مردووەکەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾ ئەگەر کیژەکان دوو و بە سـەرەوەتر بـون، ئـەوە دووسـێیەکی میراتەکەیان هەیە.

دووەم: (وَبِنْتَيْ ابْنٍ فَأَكْثَرَ) بەشی دوو کیژەکوڕو زۆرتر لە دوو کیژەکوڕە، بـە (إجمـاع)ی زانایانیئیسلام، جیاوازی نیە ئەو کیژەکوڕانە: هی یەک باوک بن، یان هی زۆر باوکان بن، واتە: دووسێیەکەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن.

سێیەم: (وَأُخْتَيْنِ فَأَكْثَرَ لأَبَوَيْنِ) بەشی دوو خوشکی لە دایکو باوکیو زۆرتر لـە دووانـە.

چوارەم: (أَوْ لأَبٍ) بەشی دوو خوشکی تەنها لە باوکیو زۆرتر لـە دووانـە، خـوای گـەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كَانَتَااثْنَتَيْنِ فَلَهُمَاالثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ﴾ ئەگـەر خوشـکەکان دوو بـون، ئـەوە دووسێیەکی میراتیان هەیە.

ئینجا بزانە: لەو چوارانەشدا مەرجە: هیچ میراتگرێکی وەهایان لەگەڵدا نەبێ: کە بیانکاتە میراتگری پشتێ، یان بەشیان کەم بکاتەوە، یان بێبەشیان بکـا لـە مـیرات، هـەروەک لـە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

5-(وَالثُّلُثُ) سێیەک بەشی دوو میراتگرانە، یەکەم: (فَرْضُ أُمٍّ) بەشی دایکی مردووەکەیە، بەو مەرجەی (لَيْسَ لِمَيِّتِهَا وَلَدٌ) کوڕە مردووەکەی هیچ کوڕو هیچ کیژێکی نەبێو هەم (وَلاَ

وَلَدُ ابن) هیچ کوڕێکوڕو هیچ کیژێکوڕو هیچ بەرەوخوارتریشی نەبێو هەم (وَلاَ اِثْنَانِ مِنَ الإِخْوَةِ وَالأَخَوَاتِ) دوو و زیاتر لە دووان خوشکو برای مردووەکەی لەگەڵدا نەبێ، جیاوازی نیە: لە دایك وباوکی بن، یان تەنها لە باوکی، یان تەنها لە دایکی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلأُمِّهِ الثُّلُثُ﴾ ئەگەر مردووەکە کوڕو کیژی نەبونو دایکو باوکیشی میراتیان لێدەگرت، ئەوە دایکەکەی سێیەکی هەیە.

وَفَرْضُ اِثْنَيْنِ فَأَكْثَرَ مِنْ وَلَدِ الأُمِّ، وَقَدْ يُفْرَضُ لِلْجَدِّ مَعَ الإِخْوَةِ.

وَالسُّدُسُ فَرْضُ سَبْعَةٍ: أَبٍ وَجَدٍّ لِمَيِّتِهِمَا وَلَدٌ أَوْ وَلَدُ اِبْنٍ، وَأُمٍّ لِمَيِّتِهَا وَلَدٌ أَوْ وَلَدُ اِبْنٍ أَوْ اِثْنَانِ مِنْ إِخْوَةٍ وَأَخَوَاتٍ،

دووەم: (وَفَرْضُ اثْنَيْنِ فَأَكْثَرَ مِنْ وَلَدِ الأُمِّ) بەشی دووانو زیاتر لە دووانە لەو خوشکو برایانەی تەنها لە دایکەوە خوشکو برای مردووەکەن، جیاوازی نێر و مێ نیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِالثُّلُثِ﴾ ئەگەر خوشکو برایەکانی تەنها لە دایکی لە یەك کەس زۆرتر بون، ئەوە گشتیان لە سێیەکی میراتەکەدا هاوبەشن.

(وَقَدْ يُفْرَضُ لِلْجَدِّ مَعَ الإِخْوَةِ) هەندێ جاریش سێیەك بۆ باپیرە دادەندرێ لەو حالەتەی لەگەڵ برایەکانی مردووەکەدا بێ، هەروەك لەباسی (میراتی باپیر)دا ڕوونی دەکەینەوە،إن شاء الله تعالى.

6-(وَالسُّدُسُ فَرْضُ سَبْعَةٍ) شەشێك بەشی حەفت کەسانە، یەکەم: (أَبٍ) بەشی باوکی مردووەکەیە. دووەم: (وَجَدٍّ) بەشی باپیرەی مردووەکەیە ئەگەر باوك نەبێ، هەم بەو مەرجەش باپیرەکە بە مێیینە نەگاتە مردووەکە، واتە: باوکی باوکو بە سەرەوەتر بێ، نەك باوکیدایك، ئینجا لەو حالەتەدا باوکو باپیرە شەشێك دەگرن: کە (لِمَيِّتِهِمَا وَلَدٌ) مردووەکەیان کوڕ، یان کیژی هەبێ (أَوْ وَلَدُ ابن) یان کوڕیکوڕ، یان کیژیکوڕ، یان بەرەو خوارتری هەبێ، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَاالسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ﴾ دایکو باوکی مردووەکە هەر یەکەیان شەشێکی میراتەکەیان هەیە، ئەگەر مردووەکە منداڵی هەبێ. واتە: لەم ئایاتەدا باپیرە وەکو باوکە.

سێیەم: (وَأُمٍّ) شەشێك بەشی دایکیمردووەکەیە، لەو حالەتەی (لِمَيِّتِهَا وَلَدٌ) مردووەکەی: کوڕ، یان کیژی هەبێ (أَوْ وَلَدُ ابْن) یان کوڕیکوڕ، یان کیژیکوڕ، یان بەرەوخوارتری هەبێ (أَوْ اثْنَانِ مِنْ إِخْوَةٍ وَأَخَوَاتٍ) یان دوو، یان زیاتر خوشکو برای هەبن، جیاوازی نیە: لە دایکوباوکی بن، یان تەنها لە دایکی، یان تەنها لە باوکی، هەم جیاوازی نیە: گشتیان برا بن، یان خوشک بن، یان خوشکو برا بن، هەروەها جیاوازی نیە لەو خوشکو برایانە: یەکێکیان، یان گشتیان بە هۆی کەسێکیتر بێبەش ببن لە میرات، یان نا.

بەڵام لێرەشدا-لە گشت ئەوانەیڕابردوودا- مەرجە: کوڕو کیژەکەی و کوڕو کیژی

کوڕەکەی‌و خوشک‌و برایەکانیش میراتگر بن، واتە: ئەگەر ئەوانە بە هۆی کۆیلەیی، یان کوشتن، یان کافربوون میرات نەگرن، ئەو کاتە هەبوونیان وەک نەبوونە، واتە: کار لە میراتی باوک‌و باپیرەو دایک ناکا، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە، بەڵکەش ئایەتەکەی‌ڕابردووەو هەم خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ﴾ ئەگەر مردووەکە برای هەبن، دایکەکەی شەشێکی هەیە.

وَجَدَّةٍ، وَلِبِنْتِ ابْنٍ مَعَ بِنْتِ صُلبٍ، وَلأُخْتٍ أَوْ أَخَوَاتٍ لأبٍ مَعَ أُخْتٍ لأبَوَيْنِ، وَلِوَاحِدٍ مِنْ وَلَدِ الأُمِّ.

چوارەم: (وَجَدَّةٍ) شەشێك بەشی داپیرەیەك‌و زیاتر لە داپیرەیەکە، بەو مەرجەی دایکی مردووەکە نەمابێ، جیاوازی نیە مردووەکە: براو منداڵی هەبن، یان نەیبن، هەروەک لە (شرح الرحبية)دا فەرموویەتی، هەروەها جیاوازی نیە داپیرەکە: دایکیدایك‌و بە سەرەوەتر بێ، یان دایکیباوک‌و بە سەرەوەتر بێ ﴿عَنْ بُرَيْدَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ جَعَلَ لِلْجَدَّةِ السُّدُسَ إِذا لَمْ تَكُنْ دُونَهَا أُمٌّ﴾ رواه أبوداود بسند صالح، پێغەمبەر ﷺ شەشێکی بۆ داپیرە داناوە، بەو مەرجەی لە خۆی بەرەوخوارتر دایکێك نەبێ.

جا ئەگەر لە داپیرەیەك زیاتر بون: وەك دایکی دایکیباوک‌و دایکیباپیرەو دایکی دایکی دایك، ئەو کاتە شەشێکەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن، هەروەك (أصحاب السنن بسند صحيح) گێڕاویەتیانەوەو، (مغنی)ش فەرموویەتی.

پێنجەم: (وَلِبِنْتِ ابْنٍ) بەشی کیژەکوڕێك‌و زیاتر لە کیژەکوڕێکە، واتە: لە نێوان خۆیاندا شەشێکەکە بەش دەکەن، جیاوازی نیە گشتیان لە یەك باوک بن، یان لە زۆر باوکان بن، هەر چەند بەرەو خوارتریش بن، جا کیژەکوڕ لەو حاڵەتە شەشێکی هەیە: کە (مَعَ بِنْتِ صُلْبٍ) لەگەڵ کیژێکیمردووەکەدا بێ، هەم کوڕی مردووەکەش مردبێ ﴿عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ ﷺ: قَضَى رَسُولُ اللهِ ﷺ لِلإِبْنَةِ اَلنِّصْفَ وَلِإِبْنَةِ الإِبْنِ اَلسُّدُسَ–تَكْمِلَةَالثُّلُثَيْنِ– وَمَا بَقِيَ لِلأُخْتِ﴾ رواه البخاري، پێغەمبەر ﷺ بڕیاریدا: نیوەی میرات بۆ کیژی مردووکە بێ‌و شەشێکی بۆ کیژیکوڕەکەی بێ– تا ببێتە تەواوکەری دووسێیەك– پاشماوەکەشی بۆ خۆشکەکەی بێ.

شەشەم: (وَلأُخْتٍ أَوْ أَخَوَاتٍ لأبٍ) بەشی خوشکێك‌و زیاتر لە خوشکێکە: کە تەنها لە باوکەوە خوشکی مردووەکە بن، واتە: شەشێکەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن، لەو حاڵەتەی (مَعَ أُخْتٍ لأبَوَيْنِ) لەگەڵ خوشکێکی لە دایک‌و باوکیدا بێ، بە (قیاس) لە سەر کیژو کیژیکوڕ.

حەفتەم: (وَلِوَاحِدٍ مِنْ وَلَدِ الأُمِّ) بەشی تەنها یەکێکە لەو خوشک‌و برایانەی تەنها لە دایکەوە

خوشكو براى مردووەكەن، جياوازى نێر و مێ نيە لە شەشێك گرتندا، خواى گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَاالسُّدُسُ﴾ ئەگەر مردووەكە برايەكى لەدايكى، يان خوشكێكى لەدايكىى هەبوو، ئەوە هەر يەكێك لەوان شەشێكى هەيە.

ئينجا بزانە: لەو ميراتگرانەىڕابردوو، هەندێكيان هەندێ جار لە ڕووى پشتێوەش ميرات دەگرن: وەك باوكو باپيرە، خوشك، كيژ، كيژىكوڕ.

(فَصْلٌ) اَلأَبُ وَالإِبْنُ وَالزَّوْجُ لاَ يَحْجُبُهُمْ أَحَدٌ، وَابْنُ الإِبْنِ لاَ يَحْجُبُهُ إِلاَّ الإِبْنُ أَوْ اِبْنُ ابْنٍ أَقْرَبُ مِنْهُ، وَالْجَدُّ لاَ يَحْجُبُهُ إِلاَّ مُتَوَسِّطٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْمَيِّتِ،

﴿ **ئاگادارى** ﴾ ئەگەر دووكەس لە زگماكدا پێكەوە نوسا بون، ئەوە بە دوو ميراتگر دادەندرێن بەو مەرجەى دوو سەريان هەبن، هەروەك لە (تحفة)و (مغنى)دا فەرموويانە، واتە:-جگە لە سەر- مەرج نيە ئەندامەكانىتر بەژمارەى دوو كەسان بن، بەڵكو هەر كاتێك بزانين ژيانى هەر سەركێكيان لەوىتر جيايەو سەربەخۆيە، ئەوە بە دووكەس دادەندرێن، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموويەتى.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسى** (حَجْب) **قەدەغەكردن لە ميراتگرتن** ﴾

واتە: قەدەغەكردنى ميراتگر لە گرتنى گشت ميراتەكەى، يان لە بەشێكى ميراتەكەى، كەواتە: (الحجب)=قەدەغەكردن دوو بەشە:

يەكەم: (حَجْبُ النُّقْصان)=قەدەغەكردنىناتەواوى، وەك ميراتگرەكە بە هۆى ميراتگرێكىتر بەشى كەم ببێتەوە، هەر وەك دايك بە هۆى كوڕ لە سێيەكەوە دێتەوە سەر شەشێك، يان ژن بە هۆى كوڕ لە چوارێكەوە دێتەوە سەر هەشتێك...هتد، جا ئەمەيان لە (فَصْلِ)ىڕابردوودا بە درێژى ڕوون كراوە، والحمد لله تعالى.

دووەم: (حَجْبُ الْحِرْمَانِ)=قەدەغەكردنى بێبەشى، وەك ميراتگرەكە بە هۆى ميراتگرێكى لە خۆى بەهێزتر بێبەش ببێ لە گشت ميراتەكەى- هەر وەك لێرەدا ڕوونى دەكەينەوە- يان بە هۆى سيفەتێك لە گشت ميراتگرتن قەدەغە بكرێ، هەروەك لەباسى (هۆيەكانى ميرات نەگرتن)دا ڕوونى دەكەينەوە، إن شاء الله تعالى.

(اَلأَبُ وَالإبن وَالزَّوْجُ لايَحْجُبُهُمْ أَحَدٌ) لە چينى نێرينەكان باوكو كوڕو مێرد هيچ كەسێك بێبەشيان ناكا لە ميرات، بە (إجماع)ى زانايانى ئيسلام، بەڵام وادەبێ: ميراتگرێكىتر بەشيان كەم دەكاتەوە، هەروەك لە (فصل)ىڕابردوودا ڕوون كراوە.

(وَ) هەر بە (إجماع)ى زانايانىئيسلام (اِبْنُ الإبن) كوڕىكوڕو بەرەوخوارتر (لاَ يَحْجُبُهُ إلاَّ الإبْنُ) هيچ كەسێك بێبەشى ناكا تەنها كوڕى مردووەكە نەبێو (أَوْ إبْنُ إبْنٍ أَقْرَبُ مِنْهُ) يان كوڕە كوڕێكى لە خۆى نزيكتر لە مردووەكە، بۆ وێنە: كوڕى كوڕىكوڕ بە كوڕىكوڕ

بێبەش دەبێ...هتد.

(وَ) هەر بە (إجماع)ی زانایانی ئیسلام (الْجَدُّ) باپیرە، واتە: باوکیباوکو بە سەرەوەتر (لاَ يَحْجُبُهُ إلاَّ مُتَوَسِّطٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْمَيِّتِ) هیچ کەسێك بێبەشی ناکا تەنها ئەو نێرینەیە نەبێ: کە کەوتۆتە نێوان باپیرەکەو مردووەکە، بۆ وێنە: باوکیباوك بە باوك بێبەش دەبێ...هتد، چونکە (قاعِدة)یە: (هەر کەسێك بە هۆی کەسێکیتر بگاتە مردووەکە، بەو کەسەش

وَالأَخُ لأَبَوَيْنِ يَحْجُبُهُ الأَبُ وَالإِبْنُ وَابْنُ الإِبْنِ، وَلأَبٍ يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ وَأَخٌ لأَبَوَيْنِ، وَلأُمٍّ يَحْجُبُهُ أَبٌ وَجَدٌّ وَوَلَدٌ وَوَلَدُابْنٍ، وَابْنُ الأَخِ لأَبَوَيْنِ يَحْجُبُهُ سِتَّةٌ: أَبٌ وَجَدٌّ وَابْنٌ وَابْنُهُ وَأَخٌ لأَبَوَيْنِ وَلأَبٍ، وَلأَبٍ يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ وَابْنُ الأَخِ لأَبَوَيْنِ، وَالْعَمُّ لأَبَوَيْنِ يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ وَابْنُ أَخٍ لأَبٍ، وَلأَبٍ يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ وَعَمٌّ لأَبَوَيْنِ،

بێبەش دەبێ لە میرات). بەڵام خوشکو برای تەنها لە دایکی لەو (قاعِدة)یە جیا کراونەوەو بە هۆی دایك بێبەش نابن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَ) هەر بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام (الأَخُ لأَبَوَيْنِ) برای لە دایکوباوکی (يَحْجُبُهُ) سێ کەس بێبەشی دەکەن: (اَلأَبُ وَالإِبْنُ وَابْنُ الإِبْنِ) باوکو کوڕو کوڕیکوڕو بەرەوخوارتر.

(وَ) هەروەها (لأبٍ) برای تەنها لە باوکی (يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ) ئەو سێیانەیەڕابردوو بێبەشی دەکەن، هەم (وَأَخٌ لأَبَوَيْنِ) برایەکی لە دایکوباوکیش بێبەشی دەکا، چونکە ئەمەیان خزمایەتیی بەهێزترە، هەروەها خوشکێکی لە دایکوباوکیش– ئەگەر لەگەڵ کیژی مردووەکە، یان کیژی کوڕیمردووەکەدا بێ– ئەویش برای تەنها لە باوکی بێبەش دەکا، هەروەك لە میراتی(خوشکو برا)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(وَلأُمٍّ) برای تەنها لە دایکی (يَحْجُبُهُ) ئەم چوارانە بێبەشی دەکەن: (أَبٌ وَجَدٌّ وَوَلَدٌ وَوَلَدُ إِبْنٍ) باوکو باپیرەو کوڕو کیژی مردووەکەو کوڕو کێژی کوڕیمردووەکەو بەرەوخوارتریش، بە بەڵگەی ئایەتی﴿يُورَثُ كَلالَةً﴾، واتە: مردووەکە باوکو باپیرەو کوڕو کوڕیکوڕی نەبن.

(وَإبن الأخِ لأَبَوَيْنِ) کوڕەبرای لە دایکوباوکی (يَحْجُبُهُ سِتَّةٌ) شەش کەس بێبەشی دەکەن، کە ئەمانەن: (أَبٌ وَجَدٌّ) باوکو باپیرەو بە سەرەوەتر (وَابْنٌ وَإِبْنُهُ) کوڕو کوڕیکوڕو بەرەوخوارتر، چونکە ئەو چوارانە– بە هۆی لایەنی بابایەتیو کوڕایەتی– لەوی بەهێزترن، هەم (وَأَخٌ لأَبَوَيْنِ وَلأَبٍ) بە برای لە دایك وباوکیو بە برای تەنها لە باوکی بێبەش دەبێ، چونکە ئەوانەش– بە هۆی نزیکتری– لەوی بەهێزترن.

(وَ)هەروەها (لأبٍ) کوڕەبرای تەنها لە باوکی (يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ) ئەو شەشانەیەڕابردوو بێبەشی دەکەن، هەم (وَإبن الأخِ لأَبَوَيْنِ) کوڕەبرای لە دایك و باوکیش بێبەشی دەکا، چونکە

ئەمەیان خزمایەتیی بەهێزترە.

(وَالْعَمُّ لأَبَوَيْنِ) مامی لە دایكوباوكی (يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ) ئەو حەفت كەسانەی‌پرابردوو بێبەشی دەكەن، هەم (وَابن أَخٍ لأبٍ) كوڕەبرای تەنها لە باوكیش بێبەشی دەكا، چونكە لایەنی كوڕەبرایەتی لە لایەنی مامایەتی بەهێزترە (وَ) هەروەها (لأبٍ) مامی تەنها لە باوكی (يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ) ئەو هەشت كەسانەی‌پرابردوو بێبەشی دەكەن، هەم (وَعَمٌّ لأَبَوَيْنِ) مامی لە باوك‌و دایكیش بێبەشی دەكا، چونكە ئەمەیان خزمایەتیی بەهێزترە.

وَابْنُ عَمٍّ لأَبَوَيْنِ يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ وَعَمٌّ لأَبٍ، وَلأَبٍ يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ وَابْنُ عَمٍّ لأَبَوَيْنِ، وَالْمُعْتِقُ يَحْجُبُهُ عَصَبَةُ النَّسَبِ. وَالْبِنْتُ وَالأُمُّ وَالزَّوْجَةُ لاَ يُحْجَبْنَ، وَبِنْتُ الإِبْنِ يَحْجُبُهَا ابْنٌ أَوْ بِنْتَانِ إِذَا لَمْ يَكُنْ مَعَهَا مَنْ يُعَصِّبُهَا، وَالْجَدَّةُ لِلأُمِّ لاَ يَحْجُبُهَا إِلاَّ الأُمُّ، وَلِلأَبِ يَحْجُبُهَا الأَبُ أَوِ الأُمُّ،

(وَابن عَمّ لأَبَوَيْنِ) كوڕەمامی لە دایكوباوكی (يَحْجُبُهُ هَؤُلاَءِ) ئەو نۆ كەسانەی‌پرابردوو بێبەشی دەكەن، هەم (وَعَمٌّ لأبٍ) مامی تەنها لە باوكیش بێبەشی دەكا، چونكە مام لە مامۆزا نزیكترە (وَ) هەروەها (لأبٍ) كوڕەمامی تەنها لە باوكی (يَحْجُبُهُ هؤُلاءِ) ئەو دە كەسانەی‌پرابردوو بێبەشی دەكەن، هەم (وَابْنُ عَمٍ لأَبَوَيْنِ) كوڕەمامی لە دایكوباوكیش بێبەشی دەكا، چونە خزمایەتیی بەهێزترە.

هەروەها مامی باوكی‌مردووەكەش بەو یازدە كەسانەی‌پرابردوو بێبەش دەبێو هەم بە كوڕەمامی تەنها لە باوكیش، هەروەها كوڕەمامی باوكی‌مردووەكەش بەو دوانزە كەسانەی پرابردوو بێبەش دەبێو هەم بە مامی باوكی‌مردووەكەش.

هەروەها مامی باپیرەی مردووەكەش بەو سێزدە كەسانەی‌پرابردوو بێبەش دەبێو هەم بە كوڕەمامی باوكی مردووەكەش، هەروەها كوڕەمامی باپیرەی‌مردووەكەش بەو چواردە كەسانەی‌پرابردوو بێبەش دەبێو هەم بە مامی باپیرەی‌مردووەكەش.

(وَ) هەروەها (الْمُعْتِقُ) ئازادكەری كۆیلە مردووەكەش (يَحْجُبُهُ عَصَبَةُ النَّسَبِ) پشتێیەكانی‌نەژاد بێبەشی دەكەن.

(وَ) هەروەها لە چینی مێیینەكان: (الْبِنْتُ وَالأُمُّ وَالزَّوْجَةُ لاَ يُحْجَبْنَ) كیژو دایك‌و ژن بە هیچ كەسێك بێبەش نابن لە میرات بە (إجماع)ی زانایانی‌ئیسلام، بەڵام وا دەبێ: میراتگرێكی‌تر بەشیان كەم دەكاتەوە، هەروەك لە (فصل)ی‌پرابردوودا ڕوون كراوە.

(وَبِنْتُ الإبن) كیژەكوڕی مردووەكە (يَحْجُبُهَا إِبْنٌ) كوڕێكی مردووەكە بێبەشی دەكا، جیاوازی نیە كوڕی مردووەكە: باوكی‌خۆی بێ، یان مامی بێ، هەم (أَوْ بِنْتَانِ) یان دوو كیژی‌مردووەكەو زیاتریش بێبەشی دەكەن (إِذَا لَمْ يَكُنْ مَعَهَا مَنْ يُعَصِّبُهَا) بەو مەرجەی

کیژەکوڕەکە نێرینەیەکی وەهای لەگەڵدا نەبێ: کە بیکاتە میراتگری پشتێ، واتە: ئەگەر کیژەکوڕەکە برایخۆی، یان کوڕەمامیخۆی لەگەڵدا بێ، ئەو کاتە بە هۆی دوو کیژەکە بێبەش نابێ، بەڵکو لەگەڵ نێرینەکە پاشماوەیمیراتەکە دەگرن.

(وَالْجَدَّةُ لِلأُمِّ) داپیرەی لای دایك، واتە: دایکیدایك (لاَ يَحْجُبُهَا إِلاَّ الأُمُّ) تەنها دایك بێبەشی دەکا لە میرات، چونکە بە هۆی دایکەوە گەیشتۆتە مردووەکە، بەڵام (وَلِلأَبِ) داپیرەی لای باوك، واتە: دایکیباوك (يَحْجُبُهَا الأَبُ أَوِ الأُمُّ) هەم باوکو هەم دایك بێبەشی دەکەن.

وَالْقُرْبَى مِنْ كُلِّ جِهَةٍ تَحْجُبُ الْبُعْدَى مِنْهَا، وَالْقُرْبَى مِنْ جِهَةِ الأُمِّ كَأُمِّ أُمِّ تَحْجُبُ الْبُعْدَى مِنْ جِهَةِ الأَبِ كَأُمِّ أَبٍ، وَالْقُرْبَى مِنْ جِهَةِ الأَبِ لاَ تَحْجُبُ الْبُعْدَى مِنْ جِهَةِ الأُمِّ فِالأَظْهَرِ، وَالأُخْتُ مِنَ الْجِهَاتِ كَالأَخِ، وَالأَخَوَاتُ الْخُلَّصُ لأَبٍ يَحْجُبُهُنَّ أَيْضًا أُخْتَانِ لأَبَوَيْنِ، وَالْمُعْتِقَةُ كَالْمُعْتِقِ،

(وَالْقُرْبَى مِنْ كُلِّ جِهَةٍ) داپیرە نزیکترەکەی گشت لایەك (تَحْجُبُ الْبُعْدَى مِنْهَا) داپیرە دوورترەکەی هەمان لا بێبەش دەکا، بۆ وێنە: دایکیباوك دایکیدایکیباوکو هەم دایکی باوکیباوکیش بێبەش دەکا، هەروەها دایکیدایك دایکیدایکیدایك بێبەش دەکا.

(وَ) هەروەها (الْقُرْبَى مِنْ جِهَةِ الأُمِّ) داپیرە نزیکترەکەی لای دایك: (كَأُمِّ أُمٍّ) وەك دایکی دایك (تَحْجُبُ الْبُعْدَى مِنْ جِهَةِ الأَبِ) داپیرە دوورترەکەی لای باوك بێبەش دەکا: (كَأُمِّ أُمِّ أَبٍ) وەك دایکیدایکیباوك.

بەڵام (وَالْقُرْبَى مِنْ جِهَةِ الأَبِ) داپیرە نزیکترەکەی لای باوك: وەك دایکیباوك (لاَ تَحْجُبُ الْبُعْدَى مِنْ جِهَةِ الأُمِّ فِيالأَظْهَرِ) داپیرە دوورترەکەی لایەنی دایك بێبەش ناکا: وەك دایکیدایکیدایك، لە فەرموودەی بەهێزتردا، بەڵکو هەردووکیان لە شەشێکی میراتەکەدا هاوبەشن.

(وَالأُخْتُ مِنَ الْجِهَاتِ كَالأَخِ) خوشك لە هەر سێك لایەوە وەکو برایە، واتە: خوشکی لە دایکوباوکی بە هۆی باوکو کوڕو کوڕیکوڕو بەرەوخوارتریش بێبەش دەبێ.

هەروەها خوشکی تەنها لە باوکیش بەو سێیانەو هەم بە برای لە دایکو باوکی بێبەش دەبێ، بەڵام خوشکی تەنها لە دایکی بە باوکو باپیرەو بە کوڕی، یان کیژی مردووەکەو بە کوڕی، یان کیژی کوڕیمردووەکەو بەرەوخوارتریش بێبەش دەبێ.

(وَالأَخَوَاتُ الْخُلَّصُ لأَبٍ) ئەو خوشکانەی تەنها لە باوکەوە خوشکی مردووەکەنو برای خۆیان لەگەڵیاندا نیە بیانکاتە میراتگری پشتێ، ئەوانەش (يَحْجُبُهُنَّ أَيْضًا أُخْتَانِ لأَبَوَيْنِ) دوو خوشکی لە دایکو باوکی بێبەشیان دەکەن هەروەك بە برایەکی لە دایکو باوکیش بێبەش دەبون، بەڵام ئەگەر برای خۆیان لە گەڵیاندا بێ: ئەو کاتە برایەکە دەیانکاتە (عَصَبَة)=میراتگری پشتێو بەو دوو خوشکانە بێبەش نابن، بۆیێ بەو برایە دەگوترێ:

(اَلأَخُ الْمُبَارَك)=برای به بەرەکەت.

هەروەها خوشکێکی لە دایکوباوکیش ئەگەر لەگەڵ کێژی مردووەکە، یان کێژەکوڕی مردووەکەدا بێ، ئەویش خوشکی تەنها لە باوکی بێبەش دەکا، هەروەک لە میرای (خوشکو برا)دا پوونی دەکەینەوە،إن شاء الله تعالى.

(وَالْمُعْتِقَةُ) ئەو ئافرەتەی کۆیلەمردووەکەی ئازاد کردوە (كَالْمُعْتِقِ) وەکو ئەو پیاوەیە: کە کۆیلەکەی ئازاد کردوە، واتە: ئەویش بە میراتگرە پشتێیەکان بێبەش دەبێ.

وَكُلُّ عَصَبَةٍ يَحْجُبُهُ أَصْحَابُ فُرُوضٍ مُسْتَغْرِقَةٍ.

﴿ بێبەشبوونی(عَصَبَة)=میراتگریپشتێ لە میرات ﴾

(وَكُلُّ عَصَبَةٍ) گشت میراتگرێکیپشتێ (يَحْجُبُهُ) بێبەشی دەکا (أَصْحَابُ فُرُوضٍ مُسْتَغْرِقَةٍ) ئەو خاوەن بەشانەی بەشەکانیان گشت میراتەکە دەگرێتەوە، واتە: هەر کاتێک میراتگرەکانی خاوەن بەش– بەگوێرەی بەشەکانیخۆیان– گشت میراتەکەیان گرت، ئەوە میراتگریپشتێ هیچی بۆ نامێنێتەوەو بێبەش دەبێ، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿أَلْحِقُواالْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا فَمَا بَقِيَ فَلأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ﴾ رواه الشيخان، بەشە میراتەکان بدەنە خاوەنەکانیان، جا ئەوەندەی دەمێنێتەوە، ئەوە بۆ نزیکترین میراتگری نێرینەیە. واتە: ئەگەر هیچیش نەماوە، ئەو کاتە بێبەش دەبێ.

بۆ وێنە: ئەگەر مردووەکە لە پاشی بەجێما: برایەکی تەنها لەدایکیو مێردو دایکو مام، ئەوە خاوەن بەشەکان گشت میراتەکە دەگرنو مامەکەش بێبەش دەبێ، چونکە بنچینەی مەسەلەکەیان لە شەشە–کە بەشی برایەکەی لێدەردەچێ– بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— برای لەدایکی، مێرد، دایک، مام.

1 ×. بەشەمیرات ——— شەشێک، نیوە، سێیەک، پشتێیە.

6 ÷ ——— 1 + 3 + 2 + . بێبەشە = 6.

﴿ پێناسەی (عَصَبَة)=میراتگریپشتێ ﴾

(عَصَبَة)=میراتگریپشتێ ئەو میراتگرەیە: کە لە قورئانو حەدیسدا بەشە میراتی بۆ دیاری نەکرابێ، بەڵکو گشت میراتەکە دەگرێ ئەگەر هیچ خاوەن بەشێکی لەگەڵدا نەبێ، یان ئەوەندە میراتە دەگرێ: کە لە پاش خاوەن بەشەکان دەمێنێتەوە، لەو حاڵەتەی خاوەن بەشی لەگەڵدایە.

ئینجا بزانە: (عَصَبَة)=میراتگریپشتێ سێ جۆرە، یەکەم: (عَصَبَةٌ بِنَفْسِهِ) کە هەر بە خودیخۆی میراتگری پشتێ بێ: وەک ئەو نێرینەیەی نەژادی بگاتە مردووەکەو هیچ مێیینەکیش لە نێوان ئەو و مردووەکەدا نەبێ: وەک کوڕو باوکو براو مامو...هتد.

دووەم: (عَصَبَةٌ بِالْغَيْرِ) ئەو مێیینەیە: کە بە هۆی نێرێنەیەک ببێتە

میراتگری‌پشتێ: وەك خوشكەكان‌و كیژەكانی مردووەكە بە هۆی برای‌خۆیان دەبنە (عَصَبَة)=میراتگری پشتێ.
سێیەم: (عَصَبَةٌ مَعَ الْغَيْر) ئەو مێیینەیە: كە بە هۆی كۆبوونەوەی لەگەڵ مێیینەیەكی‌تردا دەبێتە میراتگری‌پشتێ: وەك خوشكەكانی‌مردووەكە بە هۆی كۆبوونەوەیان لەگەڵ كیژەكانی‌مردوەكە، یان كیژەكوڕەكانی‌مردووەكە دەبنە (عَصَبَة)=میراتگری پشتێ، هەروەك لە (مغني)و (حاشيةالبقري)دا ڕوون كراوەتەوە.

.....

﴿ ڕیزی (عَصَبَة)=میراتگرەكانی پشتێ ﴾

بزانە: هەر بە بەڵگەی حەدیسەكەی ﴿فَلأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ﴾ی‌ڕابردوو: میراتگرەكانی پشتێ بەگوێرەی بەهێزتری‌و نزیكتری‌ی خۆیان یەكتری بێبەش دەكەن، كەواتە: تا لایەنی بەهێزترو نزیكتر هەبێ، لایەنەكەی‌تر میرات ناگرێ، چونكە میراتگرایەتی‌پشتێ شەش لایەنی هەنە:
كوڕایەتی، ئینجا بابایەتی، ئینجا باپیرایەتی‌و برایەتی، ئینجا كوڕەبرایەتی، ئینجا مامایەتی، ئینجا ئازادكردنی كۆیلە.
جا بەگوێرەی ئەو لایەنانە ڕیزی وەپێشخستنیان لە میراتگرتندا بەم شێوەیە بۆ داندراوە: كوڕ، ئینجا كوڕی‌كوڕو بەرەوخوارتر، ئینجا باوك، ئینجا باپیرەو برا– وێكڕا–، ئینجا برای لە دایك‌وباوكی–ئەگەر باپیرە نەبێ–، ئینجا برای تەنها لەباوكی، ئینجا كوڕەبرای لە دایك‌وباوكی، ئینجا كوڕەبرای تەنها لەباوكی، ئینجا مامی لەدایك‌وباوكی، ئینجا مامی تەنها لەباوكی، ئینجا كوڕەمامی لەدایك‌و باوكی، ئینجا كوڕەمامی تەنها لەباوكی، ئینجا مامی باوكی‌مردووەكە، ئینجا كوڕەمامی باوكی‌مردووەكە، ئینجا مامی باپیرەی مردووەكە، ئینجا كوڕەمامی باپیرەی‌مردووەكە– هەر چواریان بەو ڕیزەی لە مامی‌مردووەكەدا ڕابرا–، ئینجا ئازادكەری كۆیلە مردووەكە، ئینجا (بَيْت الْمَال).
جا ئەگەر ئەوانەی‌ڕابردوو هیچیان نەبون، ئەو كاتە میراتەكە بە سەر خاوەن بەشەكاندا بەش دەكرێتەوە، جا ئەگەر خاوەن بەشەكانیش نەبون، ئەو كاتە دەدرێتە (ذَوِی‌الأَرْحَام)، هەروەك لە (شرح الرحبية)و (قطرالعارض)دا ڕوون كراوەتەوە.
جا ئەگەر (ذَوِی‌الأَرْحَام)ش نەبون، ئەو كاتە میراتەكە لە بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرف دەكرێ، هەروەك لە ئاگاداریەكەی پێش (ذَوِی‌الأَرْحَام)دا ڕوونمان كردەوە، والحمد لله تعالى.
﴿ **پاشكۆ** ﴾: ئەگەر كۆمەڵێك كوڕی‌كوڕ، یان كوڕەبرا، یان كوڕەمام لە یەك پلەدا – وێكڕا– كۆ بونەوە، ئەوە گشت میراتەكە، یان پاشماوەكەی بە یەكسانی بە سەر ژمارەی سەرەكانیاندا بەش دەكرێ:

بۆ وێنە: ئەگەر چوار کوڕی‌کوڕی لە پاش بەجێمان: یەکێکیان لە کوڕێك بوو، سێیەکانی‌تریش لە کوڕێکی‌تر بون، ئەوە میراتەکە بە سەر هەر چواریاندا بە یەکسانی بەش دەکرێ، نەکەی ئەوەی بە تەنها لە کوڕێکە نیوەی هەبێو سێیەکانی‌تریش وێکڕا نیوەکەی‌تریان هەبێ، چونکە گشتیان لە یەك پلەدانەو بە لایەنی کوڕەکوڕایەتیش میرات لە مردووەکە دەگرن، هەروەها کوڕەبرایەکانو کوڕەمامەکانیش بەو شێوەیە بە یەکسانی میراتەکە دەگرن، هەروەك لە (حاشيةالبقري)دا پوون کراوەتەوە.

(فَصْلٌ) اَلإِبْنُ يَسْتَغْرِقُ الْمَالَ وَكَذَاالْبَنُونَ، وَلِلْبِنْتِ اَلنِّصْفُ، وَلِلْبِنْتَيْنِ فَصَاعِدًا الثُّلُثَانِ، وَلَوْ اِجْتَمَعَ بَنُونَ وَبَنَاتٌ فَالْمَالُ لَهُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ،

﴿ ئاگاداری ﴾: لێرەو لە باسەکانی‌ڕابردووشدا مەرجی قەدەغەکردن لە میرات ئەوەیە: قەدەغەکەرەکە میراتگر بێ، کەواتە: هەر کەسێك بە هۆی کوشتن، یان کافربوون، یان کۆیلەیی میرات نەگرێ، ئەوە هەبوونی وەك نەبوونەو ناتوانێ هیچ میراتگرێك بێبەش بکا، یان بەشی کەم بکاتەوە.

هەروەها هەر میراتگرێکیش بە هۆی میراتگرێکی‌تر بێبەش بوبێ، ئەویش ناتوانێ هیچ میراتگرێك بێبەش بکا، یان بەشی کەم بکاتەوە، بەڵام لەم دووەمە ئەم مەسەلانە جیاکراونەوە: کە خوشکو برایەکانی مردووەکە لەگەڵ دایکی مردووەکە کۆ دەبنەوە، چونکە ئەو خوشکو برایانە بەشی دایکەکە کەم دەکەنەوە بۆ شەشێك هەرچەند خۆیشیان بێبەش ببن لە میرات: بە هۆی باوك، یان باپیرە، یان گرتنی گشت میراتەکە لە لایەن خاوەن بەشەکان، بۆ نموونە:

1- دایکو باوکو خوشکێکو برایەك: خوشکو برایەکان بە هۆی باوك بێبەشن، بەڵام ئەوانیش بەشی دایك کەم دەکەنەوە لە سێیەکەوە بۆ شەشێك.

2- دایکو باپیرەو دوو خوشکی تەنها لە دایکی: خوشکەکان بە هۆی باپیرە بێبەشن، بەڵام ئەوانیش بەشی دایك کەم دەکەنەوە لە سێیەکەوە بۆ شەشێك.

3- دایکو مێردو خوشکێکی لە دایکیو باوکیو برایەکی تەنها لە باوکی: برایەکە بە هۆی گرتنی گشت میراتەکە بێبەش دەبێ، بەڵام لەگەڵ خۆشکەکە هەردووکیان بەشی دایکەکە کەم دەکەنەوە بۆ شەشێك، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پوون کراوەتەوە، چەند وێنەیەکی‌تریش هەنە: لە پوونکردنەوەی(قطرالعارض)دا پوونم کردونەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی میراتی منداڵەکانو منداڵی منداڵەکان** ﴾

(اَلإِبْنُ يَسْتَغْرِقُ الْمَالَ) تاکە کوڕێك گشت میراتکە دادەگرێ (وَكَذَا الْبَنُونَ) هەروەها دوو کوڕو زیاتریش گشت میراتەکە دادەگرنو گشتی بۆ ئەوانە، بە (إجماع)ی زانایانی‌ئیسلام.

(وَلِلْبِنْتِ اَلنِّصْفُ) تاکە کیژێك نیوەی میراتی هەیە (وَلِلْبِنْتَيْنِ فَصَاعِدًا اَلثُّلُثَانِ) دوو کیژو

زیاتریش دووسێیەکی میراتیان هەیە، هەروەك لە بەشە میراتەکاندا ڕابرا.
بەڵام (وَلَوْ اِجْتَمَعَ بَنُونَ وَبَنَاتٌ) ئەگەر کوڕەکانو کیژەکان وێکڕا کۆ بونەوە، ئەو کاتە (فَالْمَالُ لَهُمْ) گشت مالّەکە–واتە: میراتەکە– بۆ هەموویانە (لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ) هەر نێرینەیەك وەك بەشی دوو مێیینەی هەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾ لە بارەی منداڵەکانتان خوای گەورە ئامۆژگاریتان دەکا: نێرینە وەك بەشی دوو مێیینەی هەیە لە میراتەکەتان.
وَأَوْلاَدُ الإِبْنِ إِذَا انْفَرَدُوا كَأَوْلاَدِ الصُّلْبِ، فَلَوْ اجْتَمَعَ الصِّنْفَانِ: فَإِنْ كَانَ مِنْ وَلَدِ الصُّلْبِ ذَكَرٌ حَجَبَ أَوْلاَدَ الإِبْنِ،

ئینجا بزانە: بۆیێ نێرینە دوو هەندی مێیینەی بۆ داندراوە؟ چونکە نێرینە (جهاد)ی لە سەر واجبەو خوێنی مرۆڤێکوژراوی لە سەرەو دوو ئەرکی بەخێوکردنی–خۆی‌و ژنەکەشی– لە سەرە، بەڵام مێیینە ئەوانەی لە سەر نیە، بەڵکو ئەگەر مێردی هەبێ، بەخێوکردنی خودیخۆیشی لە سەر نیە، هەروەك لە زوربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
﴿ ئاگاداری ﴾: ئەو یاسا دەستکردەی ئێستا لە دادگا ستەمکارەکاندا هەیە: کە بە یەکسانی میرات دەداتە نێرینەو مێیینە، یاسایەکی دژ بە قورئانی‌پیرۆزە، مێیینەکەش –جگە لە بەشیخۆی– میراتەکەی لێ حەڵاڵ نابێ، بەڵکو ئەگەر ئەو یاسایە بە ڕەوا بزانێو باوەڕی بەو شەریعەتەی ئیسلام نەبێ، ئەوە کافریش دەبێ، ئەگینا: (ظالم)و (فاسق)ە، هەروەك لە سەرەتای ئەم پەرتووکەدا ڕوونمان کردەوە.
(وَأَوْلاَدُ الإبن) کوڕەکانو کیژەکانی کوڕی‌مردووکە (إِذَا انْفَرَدُوا) هەر کاتێك منداڵەکانی مردووەکەیان لەگەڵدا نەبێ (كَأَوْلاَدِ الصُّلْبِ) وەکو کوڕو کیژی خودی‌مردووەکەنە، بە (إجماع)ی زانایانئیسلام، واتە: تاکە کوڕەکوڕێك‌و هەم زیاتریش گشت میراتەکە دەگرن، تاکە کیژەکوڕێك نیوە دەگرێ، دوو کیژەکوڕو زیاتریش دووسێیەك دەگرن، ئەگەر نێرینەو مێیینەکانیان وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە هەر نێرینەیەك وەك بەشی دوو مێیینەی هەیە.
بەڵام (فَلَوْ اِجْتَمَعَ الصِّنْفَانِ) ئەگەر هەردوو چینەکان– واتە: منداڵەکانی خودی‌مردووەکەو منداڵەکانی کوڕی‌مردووەکە– وێکڕا کۆ بونەوە، ئەو کاتە ئەم سێ حاڵەتانەی‌داماتوویان هەنەو لە هەر حاڵەتێکدا بە شێوەیەك ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ:
حاڵەتی‌یەکەم: (فَإِنْ كَانَ مِنْ وَلَدِالصُّلْبِ ذَكَرٌ) ئەگەر لە منداڵەکانی خودی‌مردووەکە نێرینەیەك، یان زیاتر هەبوو: بە تەنها، یان لەگەڵ مێیینە، ئەو کاتە (حَجَبَ أَوْلاَدَ الإِبْنِ) نێرینەکە گشت منداڵەکانی کوڕی‌مردووەکە بێبەش دەکا –نێرینەکانو مێیینەکانیان– بە (إجماع)ی زانایانئیسلام.

کەوابو: ئەو یاسا دەستکردەی ئێستا لە دادگا ستەمکارەکاندا هەیە: کە ئەگەر منداڵەکانی کوڕی‌مردووەکە باوکی‌خۆیان نەمابێ، ئەوان لە جێی باوکیان دادەندرێن، واتە: بە واجبی بەشە میراتیان بۆ دادەندرێ، هەرچەند خودی‌مردووەکەش کوڕی‌خۆی هەبێ، جا بەم بەشە ناشەرعییە دەڵێن: (وەسیێتی واجب). ئەو یاسایە بە پێچەوانەی شەریعەتی‌ئیسلامەو دژ بە حەدیسەکەی ﴿فَلأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ﴾ی‌ڕابردووە، کەوابو: ئەگەر مردووەکە لە ژیانیا وەسیێتەکەی نەکردبێ، بەشە میراتەکەش نابێتە ملکی منداڵەکانی کوڕەکەو لێیان حەڕامە؟

وَإِلاَّ فَإِنْ كَانَ لِلصُّلْبِ بِنْتٌ فَلَهَا النِّصْفُ وَالْبَاقِي لِوَلَدِ الإِبْنِ الذُّكُورِ أَوِ الذُّكُورِ وَالإِنَاثِ، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ إِلاَّ أُنْثَى أَوْ إِنَاثٌ فَلَهَا أَوْ لَهُنَّ السُّدُسُ، وَإِنْ كَانَ لِلصُّلبِ بِنْتَانِ فَصَاعِدًا أَخَذَتَا الثُّلُثَيْنِ وَالْبَاقِي لِوَلَدِالإِبْنِ الذُّكُورِ أَوِ الذُّكُورِ وَالإِنَاثِ، وَلاَ شَيْءَ لِلإِنَاثِ الْخُلَّصِ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ أَسْفَلَ مِنْهُنَّ ذَكَرٌ فَيُعَصِّبُهُنَّ،

چونکە وەسیێتی واجب بە ئایەتەکانی میرات (نَسْخ) بۆتەوە، هەروەک لە (تفسیر إبن كثیر)و (إرشادالساری)دا فەرموویانە.

حاڵەتی‌دووەم: (وَإِلاَّ) ئەگەر لە منداڵەکانی خودی‌مردووەکە هیچ نێرینەیەک نەبو، ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ كَانَ لِلصُّلْبِ بِنْتٌ) ئەگەر خودی‌مردووەکە تاکە کیژێکی هەبوو، ئەو کاتە (فَلَهَاالنِّصْفُ) نیوەی میراتەکەی بۆ ئەو کیژەیەو (وَالْبَاقِي لِوَلَدِالإبن) پاشماوەی میراتەکەشی بۆ منداڵەکانی کوڕی‌مردووەکەیە: (اَلذُّكُورِ) نێرینەکانیان (أَوِ الذُّكُورِ وَالإِنَاثِ) یان نێرینەو مێیەکانیان: هەر نێرینەیەک وەک بەشی دوو مێیینەی دەدرێتێ.

(فَإِنْ لَمْ يَكُنْ) جا هەر لەم حاڵەتەدا ئەگەر لە منداڵەکانی کوڕی‌مردووەکەش هیچ نێرینەیەک نەبو، بەڵکو (إِلاَّ أُنْثَى أَوْ إِنَاثٌ) تەنها مێیینەیەک، یان زیاتر لە مێیینەک هەبوو، ئەو کاتە (فَلَهَا أَوْ لَهُنَّ السُّدُسُ) کیژەکوڕەکەو زیاتریش لە کیژە کوڕێک هەر شەشێکی میراتەکەی هەیە، واتە: ئەگەر لە کیژەکوڕێک زیاتر بون، ئەوە گشتیان لە شەشێکەکەدا هاوبەشنو ئەو شەشێکەش لەگەڵ نیوەی کیژەکە دەبێتە (تَكْمِلَةَالثُّلُثَيْنِ) تەواوکەری دووسێیەک، بە (إجماع)ی زانایانی‌ئیسلامو هەم حەدیسەکەی (إبن مسعود)ی ڕابردوو لە باسی(شەشێک)دا.

حاڵەتی‌سێیەم: (وَإِنْ كَانَ لِلصُّلْبِ بِنْتَانِ فَصَاعِدًا) ئەگەر خودی‌مردووەکە دوو کیژ، یان زیاتری هەبونو هیچ نێرینەیکیشی نەبو، ئەو کاتە (أَخَذَتَا الثُّلُثَيْنِ) کیژەکان دووسێیەکی میراتەکە دەگرن (وَالْبَاقِي لِوَلَدِالإبن) پاشماوەکەش بۆ منداڵەکانی کوڕی‌مردووەکەیە: (الذُّكُورِ) نێرینەکانیان (أَوِ الذُّكُورِ وَالإِنَاثِ) یان نێرینەو مێیەکانیان: هەر نێرینەیەک وەک بەشی دوومێیینە.

بەڵام (وَلاَ شَيْءَ لِلإِنَاثِ الْخُلَّصِ) پوختەی مێیینەکانی کوڕی‌مردووەکە –کە

نێرینەیان لەگەڵدا نەبێ- هیچ میراتیان نادرێتێ بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام، چونکە بە هـۆی دوو کیژەکانیمردووەکـە بێبـەش دەبـن (إلاَّ أَنْ یَکُـونَ أَسْـفَلَ مِـنْهُنَّ ذَکَـرٌ) مەگـەر کیـژەکانی کوڕیمردووەکـە نێرینەیـەکی لـە خۆیـان بـەرەوخوارتر لەگـەڵیان دابـێ: وەك کوڕەبرا، یان لە پلەی خۆیان: وەك برا، یان کوڕەمـام، ئـەو کاتـە بێبـەش نـابن، بـەڵکو (فَیُعَصِّبُهُنَّ) نێرینەکە دەیانکاتە (عَصَبَة)=میراتکری پشتێو وێکڕا پاشماوەکە دەگرن، جا بزانە: ئەم نێرینەیەش پێی دەگوترێ: (الأَخ الْمُبَارَك)=برای بە بەرەکەت.

وَأَوْلاَدُ ابْنِ الإبْنِ مَعَ أَوْلاَدِالإبْنِ كَأَوْلاَدِالإبْنِ مَعَ أَوْلاَدِالصُّلبِ، وَكَذَا سَائِرُ الْمَنَازِلِ، وَإِنَّمَا يُعَصِّبُ الذَّكَرُالنَّازِلُ مَنْ فِي دَرَجَتِهِ وَيُعَصِّبُ مَنْ فَوْقَهُ إنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا شَيْءٌ مِنَ الثُّلُثَيْنِ.

(فَصْلٌ) اَلأَبُ يَرِثُ بِفَرْضٍ إذَا كَانَ مَعَهُ ابْنٌ أَوْ ابْنُ ابْنٍ،

(وَأَوْلاَدُ إبْنِ الإبْنِ) منداڵەکانی کوڕی کوڕیمردووەکە: کە (مَعَ أَوْلاَدِ الإبن) لەگەڵ منداڵەکانی کوڕیمردووەکەدا بن، گشتیان (كَأَوْلاَدِ الإبن مَـعَ أَوْلاَدِ الصُّـلْبِ) وەکـو منداڵـەکانی کـوڕی کوڕیمردووەکەنە: کە لەگەڵ منداڵەکانی خودیمردووەکەدا بن.

(وَكَذَا سَائِرُ الْمَنَازِلِ) هەروەها گشت پلەکانیتری بەرەوخوارتریش بـەو شـێوەیەنە، واتـە: پلەی بەرەوخوارتر وەك منداڵـەکانی کوڕیمردووەکـە دابنـێو پلـەی سـەرەوەتریش وەك منداڵەکانی خودی مردووەکە دابنێ...هتد.

(وَإِنَّمَـا يُعَصِّـبُ الـذَّكَرُ النَّـازِلُ مَـنْ فِيدَرَجَتِـهِ) نێرینـەیخوارەوە- واتـە: کوڕیکـوڕو بەرەوخوارتر- تەنها ئەو مێییەنەی لە پلەیخۆیـەتی دەکاتـە (عَصَبَة)=میراتگریپشـتێ: وەکـو خوشـکیخۆیو کیـژەمامیخۆی، بـەڵام مێییـنـەی لـە خـۆی بـەرەوخوارتر- وەکـو کیژەبرای خۆی- بێبەش دەکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَ) هەروەها (يُعَصِّبُ مَنْ فَوْقَهُ) ئەو مێییەنەی لە خۆیشی بە سەرەوەتـرە- وەکو خوشکی باوکیخۆی، یان کیژەمامی باوکیخۆی- ئەوەشیان دەکاتە (عَصَبَة)=میراتگـری پشـتێ، بەڵام (إنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا شَيْءٌ مِنَ الثُّلُثَيْنِ) بـەو مەرجـەی ئـەم مێییەنەیـە هـیچ بەشـێکی لـە دووسێیەکەکە نەبێ: وەك دوو کیژی مردووەکەو کیژەکوڕیمردووەکەو کوڕیکوڕی کوڕی مردووەکە، واتە: دوو کیژەکان دووسێیەك دەگرن، ئەم نێرینەیەش ئەو کیژە کوڕەیە-کە بە پلە یەك لە خۆی بە سەرەوەتـرە- دەکاتە (عَصَبَة)و وێکڕا پاشماوەکە دەگرن.

بەڵام ئەگەر بەشی لە دووسێیەك هەبوو، ئەو کاتە پێویست ناکا بیکاتـە (عَصَـبَة): وەکـو کیژێکیمردووەکەو کیژەکوڕی مردووەکەو کوڕیکـوڕی کوڕیمردووەکـە، چـونکە لێـرەدا کیژی مردووەکـە نیـوەی هەیـە، کیژیکوڕەکـەش شەشـێکی هەیـە-کـە(تَكْمِلَةَالثُّلُثَيْنِ) تەواوکەری دووسێیەکە- پاشماوەکەش بۆ نێرینەکەیە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی میراتی باوك و دایك و باپیرەو دا پیرە** ﴾

(اَلأَبُ) باوکی مردووەکە لە میرات گرتندا سێ حاڵەتی هەنە:

حاڵەتی یەکەم: (يَرِثُ بِفَرْضٍ) تەنها بە خاوەن بەشی شەشێکی میراتەکە دەگرێ (إِذَا كَانَ مَعَهُ إِبْنٌ أَوْ إِبْنُ إِبْنٍ) هەرکاتێك کوڕی مردووەکە، یان کوڕی کوڕی مردووەکە، یان بەرەوخوارتری لەگەڵدا بێ، جیاوازی نیە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا: مێیینەش هەبێ، یان نەبێ.

وَبِتَعْصِيبٍ إِذَا لَمْ يَكُنْ وَلَدٌ وَلاَ وَلَدُ اِبْنٍ، وَبِهِمَا إِذَا كَانَ بِنْتٌ أَوْ بِنْتُ ابْنٍ لَهُ السُّدُسُ فَرْضًا وَالْبَاقِي بَعْدَ فَرْضَيْهِمَا بِالْعُصُوبَةِ. وَلِلأُمِّ اَلثُّلُثُ أَوِ السُّدُسُ فِالْحَالَيْنِ السَّابِقَيْنِ فِالْفُرُوضِ، وَلَهَا فِي مَسْأَلَتَيْ زَوْجٍ أَوْ زَوْجَةٍ وَأَبَوَيْنِ ثُلُثُ مَا بَقِيَ بَعْدَ الزَّوْجِ أَوِ الزَّوْجَةِ.

حاڵەتی دووەم: (وَبِتَعْصِيبٍ) تەنها بە میراتگرایەتی پشتێ پاشماوەی میراتەکە دەگرێ (إِذَا لَمْ يَكُنْ وَلَدٌ وَلاَ وَلَدُ اِبْنٍ) هەرکاتێك نە کوڕو کیژی مردووەکەو نە کوڕو کیژی کوڕی مردووەکەو نە بەرەوخوارتریشی لەگەڵدا نەبێ.

حاڵەتی سێیەم: (وَبِهِمَا) هەم بە خاوەن بەشیو هەم بە مراتگرایەتی پشتێ میرات دەگرێ (إِذَا كَانَ بِنْتٌ أَوْ بِنْتُ إِبْنٍ) هەرکاتێك کیژێکی مردووەکە، یان زیاتر، یان کیژەکوڕێکی مردووەکە، یان زیاتر، یان بەرەوخوارتری لەگەڵدا بێ، بەو مەرجەی لەگەڵ ئەو منداڵانەدا هیچ نێرینەیەك نەبێ، کەوابو: (لَهُ السُّدُسُ فَرْضًا) شەشێکی میراتەکە بە خاوەن بەشی بۆ باوکەکەیو هەم (وَالْبَاقِي بَعْدَ فَرْضَيْهِمَا بِالْعُصُوبَةِ) لە پاش بەشەکەی باوکو کیژەکە، یان کیژە کوڕەکە، پاشماوەکەش بە میراتگرایەتی پشتێ هەر بۆ باوکەکەیە، بە بەڵگەی حەدیسەکەی ﴿فَمَا بَقِيَ فَلأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ﴾ی پڕابردوو، واتە: ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ نزیکترین میراتگری نێرینەیە.

﴿ **مەسەلەکانی** (اَلْغَرّاوَيْن): **دوو پرشنگدارەکان** ﴾

(وَلِلأُمِّ) دایکی مردووەکە سێ حاڵەتی هەنە، **حاڵەتی یەکەم**: (اَلثُّلُثُ) سێیەکی میراتەکەی هەیە بەو مەرجەی: نە منداڵی مردووەکەو نە منداڵی کوڕی مردووەکەو نە بەرەوخوارترو نە ژمارەی خوشکو برای مردووەکەی لەگەڵدا نەبێ. **حاڵەتی دووەم**: (أَوِ السُّدُسُ) یان شەشێکی هەیە، ئەگەر یەکێك لەوانەی پڕابردووی لەگەڵدا بێ، هەروەك (فِي اَلْحَالَيْنِ السَّابِقَيْنِ فِي اَلْفُرُوضِ) لە دوو حاڵەتەکەی پڕابردوو لە بەشە میراتەکاندا ڕوون کراوە.

حاڵەتی سێیەم: (وَلَهَا فِي مَسْأَلَتَيْ زَوْجٍ أَوْ زَوْجَةٍ وَأَبَوَيْنِ) لەو دوومەسەلانەی کە مێردو دایکو باوك، یان ژنو دایکو باوك وێکڕا کۆ دەبنەوە، بەشی دایکەکە (ثُلُثُ مَا بَقِيَ بَعْدَ الزَّوْجِ أَوِ الزَّوْجَةِ) سێیەکی ئەو پاشماوەیە: کە لە پاش بەشی میردەکە، یان ژنەکە دەمێنێتەوە

–نەك سێیەکی هەموو میراتەکە– بە (إجماع)ی (صحابة)ی پێغەمبەرﷺ، چونکە هەر نێرو مێیەك لە یەك پلەدا بن، ئەوە نێرینەکە دوو هەندی مێیەکە دەگرێ، جا لە ڕاستیدا بەشی دایکەکە لێرەدا: یان شەشێکە، یان چوارێکە، بەڵام چونکە لە قورئانیپیرۆزدا بە (ثُلُث)– سێیەك ناوی هاتوە، بۆیێ دەڵێن: (ثُلُثُ ما يَبْقى) سێیەکی پاشماوەکە.

جا بزانە: ئەم دوو مەسەلەیە پێیان دەگوترێ: (اَلْغَرّاوَيْن)، چونکە وەك ئەستێرەیپڕشنگدار بە ناوبانگن، هەم پێیان دەگوترێ: (اَلْعُمَرِيَّتَيْنِ)، چونکە ئیمامی(عمر) ئەوها بڕیاری پێداوە.

وَالْجَـــدُّ كَـــالأَبِ إلاَّ أَنَّ الأَبَ يُسْـــقِطُ الإِخْـــوَةَ وَالأَخَـــوَاتِ وَالْجَـــدُّ يُقَاسِـــمُهُمْ إِنْ كَـــانُوا لأَبَـــوَيْنِ أَوْ لأَبٍ، وَالأَبُ يُسْـــقِطُ أُمَّ نَفْسِـــهِ وَلاَ يُسْـــقِطُهَا الْجَـــدُّ، وَالأَبُ فِي زَوْجٍ أَوْ زَوْجَةٍ وَأَبَوَيْنِ يَرُدُّالأُمَّ مِنَ الثُّلُثِ إِلَى ثُلُثِ الْبَاقِي وَلاَ يَرُدُّهَا الْجَدُّ.

مەسەلەی یەکەم: مێرد، دایك، باوك، بنچینەی مەسەلەکە لە دووانە: نیوەی بۆ مێردەکەو نیوەکەیتریش بە سەر دایكو باوکدا بەش ناکرێو کەمترین ژمارە: کە نیوەو سێیەکی پاشماوەی هەبێ: ژمارە شەشە، کەوابو: یەکسەر دەڵێین: بنچینەی مەسەلەکە لە شەشە: سێ بۆ مێردەکەیە، سێیەکیپاشماوەکەش–یەکە– بۆ دایکەکەیە، دووش بۆ باوکەکەیە، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— مێرد، دایك، باوك.

1 ×. بەشەمیرات ——— نیوە، سێیەکیپاشماوە، پشتێیە.

6 ÷ ——— 3 + 1 + 2 = 6.

مەسەلەیدووەم: ژن، دایك، باوك. بنچینەکەی لە چوارە–کە بەشی ژنەکەی لێدەردەچێ– چوارێکی بۆ ژنەکەیە، سێیەکیپاشماوەکەش–یەکە– بۆ دایکەکەیە، دووش بۆ باوکەکەیە، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——— ژن، دایك، باوك.

1 ×. بەشەمیرات ——— چوارێك، سێیەکیپاشماوە، پشتێیە.

4 ÷ ——— 1 + 1 + 2 = 4.

(وَالْجَدُّ) باپیرە، واتە: باوکیباوکو بە سەرەوەتر (كَالأَبِ) وەکو باوکە– ئەگەر باوك نەمابێ– (إلاّ) تەنها لە سێ مەسەلەدا باوكو باپیرە لێك جیانە:

یەکەم: (أَنَّ الأَبَ يُسْقِطُ الإِخْوَةَ وَالأَخَوَات) باوکیمردووەکە گشت خوشكو برایەکانی مردووەکە بێبەش دەکا، بەڵام (وَالْجَدُّ يُقَاسِمُهُمْ إِنْ كَانُوا لأَبَوَيْنِ أَوْ لأبٍ) باپیرە هاوبەشییان لەگەڵ دەکا ئەگەر لە دایكو باوکی، یان تەنها لە باوکی بن، بەڵام ئەگەر تەنها لە دایکی بن، باپیرەش بێبەشیان دەکا.

دووەم: (وَالأَبُ يُسْقِطُ أُمَّ نَفْسِهِ) باوکیمردووەکە دایکیخۆی–کە داپیرەیمردووەکەیە–

بێبەش دەکا، چونکە بەویەوە گەیشتۆتە مردووەکە، بەڵام (وَلاَ يُسْقِطُهَا الْجَدُّ) باپیرە دایکیباوکەکە بێبەش ناکا، چونکە ژنیخۆیەتی.

سێیەم: (وَالأَبُ فِي زَوْجٍ أَوْ زَوْجَةٍ وَأَبَوَيْنِ) باوکیمردووەکە لە مەسەلەی میرد، یان ژن لەگەڵ دایکو باوک–کە بە (اَلْغَرَّاوَيْن) ناو دەبران– (يَرُدُّ الأُمَّ مِنَ الثُّلُثِ إِلَى ثُلُثِ الْبَاقِي) دایکی مردووەکە لە سێیەکی هەموو میراتەکەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ سێیەکیپاشماوەکە، هەروەک ڕابرا، بەڵام (وَلاَ يَرُدُّهَا الْجَدُّ) باپیرە دایکیمردووەکە ناگەڕێنێتەوە سەر سێیەکی وَلِلْجَدَّةِ اَلسُّدُسُ وَكَذَا الْجَدَّاتُ، وَتَرِثُ مِنْهُنَّ أُمُّ الأُمِّ وَأُمَّهَاتُهَا الْمُدْلِيَاتُ بِإِنَاثٍ خُلَّصٍ، وَأُمُّ الأَبِ وَأُمَّهَاتُهَا كَذَلِكَ، وَكَذَا أُمُّ أَبِي الأَبِ وَأُمُّ الأَجْدَادِ فَوْقَهُ وَأُمَّهَاتُهُنَّ عَلَى الْمَشْهُورِ، وَضَابِطُهُ: كُلُّ جَدَّةٍ أَدْلَتْ بِمَحْضِ إِنَاثٍ أَوْ ذُكُورٍ أَوْ إِنَاثٍ إِلَى ذُكُورٍ تَرِثُ، وَمَنْ أَدْلَتْ بِذَكَرٍ بَيْنَ أُنْثَيَيْنِ فَلاَ. (فَصْلٌ) اَلإِخْوَةُ وَالأَخَوَاتُ لأَبَوَيْنِ إِنْ اِنْفَرَدُوا وَرِثُوا كَأَوْلاَدِ الصُّلبِ،

پاشماوەکە، بەڵکو–ئەگەر باوکیمردووەکە نەمابێ– دایکیمردووەکە لەگەڵ باپیرەدا سێیەکی هەموو میراتەکە دەگرێ، چونکە پلەیەک لە باپیرە نیزکترە.

(وَلِلْجَدَّةِ اَلسُّدُسُ) یەک داپیرە شەشێکی میراتی هەیە (وَكَذَا الْجَدَّاتُ) هەروەها دوو داپیرەو زیاتریش تەنها شەشێکیان هەیەو لە نێوان خۆیاندا بە یەکسانی بەشی دەکەن: وەک دایکی دایکیباوکو دایکیباپیرەو دایکی دایکیدایک، هەروەک لە بەشە میراتەکاندا بەڵگەمان هێناوە (وَتَرِثُ مِنْهُنَّ) لە داپیرەکان ئەمانە میرات دەگرن:

لە لای دایکەوە: (أُمُّ الأُمِّ) دایکیدایکو هەم (وَأُمَّهَاتُهَا) دایکەکانیدایکیدایک: کە (الْمُدْلِيَاتُ بِإِنَاثٍ خُلَّصٍ) بە پوختەی مێیینەکان بگەنە مردووەکە: وەک دایکیدایکیدایکو بە سەرەوەتر، ئینجا بزانە: لە لای دایکەوە تەنها یەک داپیرە میرات دەگرێ بە بەردەوامی.

(وَ) هەروەها لەلای باوکەوە: (أُمُّ الأَبِ) دایکیباوکو هەم (وَأُمَّهَاتُهَا كَذَلِكَ) دایکەکانی دایکیباوک: کە بە پوختەی مێیینەکان بگەنە باوکیمردووەکە: وەک دایکیدایکیباوک (وَكَذَا أُمُّ أَبِي الأَبِ) هەروەها دایکیباوکیباوکیش و هەم (وَأُمُّ الأَجْدَادِ فَوْقَهُ) دایکی باپیرەکانی سەرەوەتری ئەو باپیرەش و هەم (وَأُمَّهَاتُهُنَّ) دایکی ئەو داپیرانەش گشتیان میرات دەگرن (عَلَى الْمَشْهُورِ) لە سەر فەرموودەی ناسراوی مەزهەب.

(وَضَابِطُهُ) ئەو (قاعدة)یەی بۆ داپیرە میراتگرەکان داندراوە ئەمەیە: (كُلُّ جَدَّةٍ أَدْلَتْ بِمَحْضِ إِنَاثٍ) هەر داپیرەیەک بە پوختەی مێیینەکان بگاتە مردووەکە: وەک دایکی دایکی دایک (أَوْ ذُكُورٍ) یان بە پوختەی نێرینەکان بگاتە مردووەکە: وەک دایکیباوکیباوک (أَوْ إِنَاثٍ إِلَى ذُكُورٍ) یان بە پوختەی مێیینەکان بگاتە نێرینەکان: وەک دایکیدایکیباوک (تَرِثُ) ئەو جۆرە داپیرەیە میرات دەگرێ، بەڵام (وَمَنْ أَدْلَتْ بِذَكَرٍ بَيْنَ أُنْثَيَيْنِ) هەر داپیرەیەک بە

نێرینەیەکی نێوان دوو مێیینە بگاتە مردووەکە: وەک دایکێباوکێدایک (فَلاَ) ئەوە میرات ناگرێ.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی میراتی خۆشک و براو مام ﴾

(اَلإِخْوَةُ وَالأَخَوَاتُ لأَبَوَيْنِ) براو خوشکی لەدایکوباوکی (إِنْ انْفَرَدُوا) ئەگەر بە تەنها بن، واتە: خوشک و برای تەنها لەباوکییان لەگەڵدا نەبێ، ئەو کاتە (وَرِثُوا كَأَوْلاَدِ الصُّلْبِ) وەکو منداڵەکانی خودێمردووەکە میرات دەگرن، واتە: برایەک و زیاتر لە برایەک گشت میراتەکە، وَكَذَا إِنْ كَانُوا لأَبٍ إِلاَّ فِالْمُشَرَّكَةِ: وَهِيَ زَوْجٌ وَأُمٌّ وَوَلَدَا أُمٍّ وَأَخٌ لأَبَوَيْنِ، فَيُشَارِكُ الأَخُ وَلَدَيِ الأُمِّ فِالثُّلُثِ،

یان پاشماوەێمیراتەکە دەگرێ و تەنها خوشکێک نیوەی میراتەکە دەگرێ و دوو خوشک و زیاتر دووسێیەکی میراتەکە دەگرن، هەروەک لە بەشە میراتەکاندا ڕابرا، بەڵام ئەگەر خوشک و برا وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە هەر برایەک دوو هەندی خوشکێک دەگرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالاً وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾ ئەگەر میراتگرەکان خوشک و برا وێکڕا بون، ئەوە نێرینە وەک بەشی دوو مێیینەی هەیە.

﴿ مەسەلەی (اَلْمُشَرَّكَة)=هاوبەشکراو ﴾

(وَكَذَا إِنْ كَانُوا لأَبٍ) هەروەها ئەگەر خوشک و برایەکان تەنها لەباوکی بن و خوشک و برای لەدایکوباوکییان لەگەڵدا نەبێ، ئەوانیش بەو شێوەیەڕابردوو میرات دەگرن، بە (إجماع)ی زانایانێئیسلام (إِلاَّ فِيالْمُشَرَّكَةِ) تەنها لە مەسەلەی (الْمُشَرَّكَة)=هاوبەشکراودا نەبێ، واتە: لەوێدا لێک جیانە (وَهِيَ) مەسەلەی(الْمُشَرَّكَة) ئەمەیە:

(زَوْجٌ وَأُمٌّ وَوَلَدَا أُمٍّ وَأَخٌ لأَبَوَيْنِ) مێردو دایک و دوو خوشک، یان دوو برای تەنها لەدایکی و برایەکی لەدایکوباوکی، بنچینەیمەسەلەکە لە شەشە–کە شەشێکیدایکی لێدەردەچێ–: نیوەی بۆ مێردەکەیە، شەشێکی بۆ دایکەکەیە، سێیەکی بۆ خوشک و برایەکانی تەنها لەدایکیەیە، جا ئەو بەشانە گشت میراتەکە دادەگرنەوەو هیچ بۆ برای لەدایکوباوکی نامێنێتەوە، چونکە (عَصَبَة)=میراتگری پشتێیەو (قیاس) ئەوەیە: بە هۆی ئەو داگرتنەوەیە بێبەش ببێ، بەڵام لێرەدا دەرهەق برای لەدایکوباوکی خزمایەتێباوکی هەڵدەوەشێندرێتەوەو تەنها خزمایەتێدایکی ڕەچاو دەکرێ، کەوابو: (فَيُشَارِكُ الأَخُ وَلَدَيِ الأُمِّ فِيالثُّلُثِ) برایەکەی لەدایکوباوکی–بە خزمایەتێدایکی– دەبێتە هاوبەشی خوشک و برایەکانی تەنها لەدایکی لەو سێیەکەداو بە یەکسانی لە نێوان خۆیاندا بەشی دەکەن، چونکە گشتیان منداڵی یەک دایکن، بەڵام باوکیان جیایە، واتە: دایکەکەیان–لایکەمی– دوو مێردی کردون، جا لە بەر ئەوەی سێیەکەکە دووەو بە سەر هەرسێک منداڵەکاندا بەش ناکرێ، ژمارەیمنداڵەکان–کە سێیە–لە بنچینەیمەسەلەکە دەدەین–کە شەشە–لە

هەژدە ساغ دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— مێرد، دایك، دوو برای لەدایکی، برایەکی لەدایكوباوکی.

1×. بەشەمیرات ——— نیوە، شەشێك، سێیەك، پشتێیە.

6 ÷ ——————— 3 + 1 + 2 + 0 بێبەشە = 6.

3 × ——————— ساغکردنەوەی بە سێ هاوبەش.

18 ÷ ——————— 9 + 3 + 6 بۆ هەرسێك برایەکان = 18.

وَلَـوْ كَـانَ بَـدَلَ الأَخِ أَخٌ لأَبٍ سَـقَطَ. وَلَـوْ اِجْتَمَـعَ الصِّـنْفَانِ فَكَاجْتِمَـاعِ أَوْلاَدِ صُـلبٍ وَأَوْلاَدِ اِبْنِهِ

ئینجا بزانە: بەم مەسەلەیە دەگوترێ: (اَلْمُشَـرَّكَة)، چـونکە برایەکـە کراوەتـە هاوبەشـی خوشکو برایەکانی تەنها لەدایکی، هەم پێی دەگوترێ: (اَلْحِمارِيَّـة)، چونکە کە ئیمـامی (عمرﷺ) ویستی برایـەکانی لـەدایکو بـاوکی بێبـەش بکـا، گوتیـان: وا دابنـێ باوکمـان گوێدرێژێك بوو، خۆ گشتمان منداڵی یەك دایکـین؟ هـەم بـە (اَلْحَجَرِيَّـة)ش نـاو دەبـرێ، چونکە لە (روایة)ێکدا: گوتیان: وا دابنێ باوکمان بەردێك بوو و فرێماندا نـاو دەریـا، خـۆ گشتمام منداڵی یەك دایکین؟ جا ئیمامی(عمرﷺ) قسەکەی پێ جوان بوو و بە خزمایەتی دایکی کردنیە هاوبەش.

کەوابو: (وَلَوْ كَانَ بَدَلَ الأَخِ أَخٌ لأَبٍ) ئەگەر لەم مەسەلەیەدا لە جیاتی برای لـەدایكوباوکی برایـەکی تـەنها لـەباوکی هەبوایـە (سَـقَطَ) بێبـەش دەبـو، چـونکە (عَصَـبَة)یـەو هیچـی بۆ نەماوەتەوەو دایکیشی جیایەو خزمایـەتی دایکیـی نیـە هاوبەشـیی پـێ بکـا، بـەڵکو ئەگەر خوشکێکی خۆی، یان زیاتریشی لەگەڵدا بێ، ئەوە خوشکەکانیش بە هۆی ئەویەوە بێبەش دەبن، چونکە دەیانکاتە (عَصَبَة)، بۆیێ بەو برایـە دەگـوترێ: (اَلأَخُ الْمَشْئُوم)- برای بەدیۆم.

ئینجا بزانە: ئەگەر لەو مەسەلەیەدا خوشکو برایەکانی تەنها لەدایکی لە دووان زیاتر بونو برای لەدایکو باوکیش دوو، یان زیاتر بون، یان خوشکی لە دایکو باوکییان لەگەڵدا بـوو، یان لەجیاتی دایکەکە داپیرەیەك هەبوو، لەو حاڵەتانەدا هیچ لە هاوبەشیەکە ناگۆڕێو هیچ جیاوازیش لە نێوان خوشکو برایەکانی لـەدایکو باوکیـدا نـاکرێو گشـتیان بـە یەکسـانی دەبنە هاوبەشی خوشکو برایەکانی لەدایکی، بەڵام وا دەبـێ: سـاغکردنەوەی مەسـەلەکە دەگۆڕێ.

هەروەها ئەگەر لەو مەسەلەیەدا لەجیاتی برای لەدایکو بـاوکی: خوشـکێك هـەبوو، ئـەوە نیوەی میراتەکەی هەیەو مەسەلەکەش (عَوْل) دەکرێ بۆ نۆ، وە ئەگەر دوو خوشـك، یـان

زیاتر بون، ئەو کاتە دووسێیەکیان هەیەو مەسەلەکەش (عَوْل) دەکرێ بۆ دە، واتە: لە هەردوو حاڵەتەدا مەسەلەکە دەگۆڕێو هاوبەشی ناکرێ، جیاوازی خوشکی لەدایکو باوکیو تەنها لەباوکیش نیە، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا پوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ اِجْتَمَعَ الصِّنْفَانِ) ئەگەر هەردوو چینەکان، واتە: خوشکو برایەکانی لەدایکوباوکیو تەنها لەباوکی وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە (فَكَاجْتِمَاعِ أَوْلَادِ صُلْبٍ وَأَوْلَادِ إِبْنِهِ) وەکو کۆبوونەوەی منداڵەکانی خودیمردووەکەو منداڵەکانی کوڕیمردووەکەیە وێکڕا، واتە: سێ حاڵەتیان هەنە:

إِلاَّ أَنَّ بَنَاتِ الإِبْنِ يُعَصِّبُهُنَّ مَنْ فِي دَرَجَتِهِنَّ أَوْ أَسْفَلَ

منهاج- بەرگیچوارەم-3

حاڵەتیەکەم: ئەگەر برایەکی لەدایکو باوکی، یان خوشکی لەدایکو باوکی، ئەوە گشت خوشکو برایەکانی تەنها لەباوکی بێبەش دەکا، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام.

حاڵەتیدووەم: ئەگەر تەنها خوشکێکی لەدایکو باوکی هەبوو، ئەوە نیوەی میراتەکە بۆ ئەو خوشکەیە، پاشماوەکەش بۆخوشکو برایەکانی تەنها لەباوکییە: هەر برایەك دووهەندی خوشکێك دەگرێ، جا ئەگەر خوشکی تەنها لەباوکی نەبو، ئەوە پاشماوەکە گشتی بۆ برایەکەیە، بەڵام ئەگەر بۆ باوکییان لەگەڵ نەبو، ئەوە شەشێك -تەواوکەری دووسێیەك- بۆ خوشکی لە باوکییە، جا ئەگەر لە خوشکێك زیاتر بون، ئەوە گشتیان لەو شەشێکەدا هاوبەشن.

حاڵەتیسێیەم: ئەگەر تەنها دوو خوشکی لەدایکو باوکی، یان زیاتر هەبون، واتە: بۆ خۆیان لەگەڵدا نەبو، ئەوە دووسێیەکی میراتەکە بۆ ئەوانە، پاشماوەکەشی بۆ خۆشکو برایەکانی تەنها لە باوکییە: هەر برایەك دوو هەندی خوشکێك دەگرێ، جا ئەگەر خوشك نەبو، ئەوە پاشماوەکە گشتی بۆ برایەکەیە، بەڵام ئەگەر برای تەنها لەباوکی نەبو، ئەوە بە هۆی دوو خوشکی لەدایکو باوکی خوشکەکانی تەنها لەباوکی بێبەش دەبن.

(إلاّ) بەڵام منداڵەکانی کوڕیمردووەکەو خوشکو برایەکان لەوەدا جیاوازن: (أَنَّ بَنَاتِ الإِبْنِ) کیژەکوڕەکان (يُعَصِّبُهُنَّ مَنْ فِي دَرَجَتِهِنَّ أَوْ أَسْفَلُ) ئەو نێرینەی لە پلەی خۆیانە، یان بەرەوخوارترە دەیانکاتە (عَصَبَة)=میراتگری پشتێو پێی دەگوترا: (الأَخُ الْمُبَارَك)، هەروەك پابرا.

بەڵام (وَالأُخْتُ) خوشکیمردووەکە (لاَ يُعَصِّبُهَا إِلاَّ أَخُوهَا) تەنها ئەو برایەی لە پلەیخۆیەتی دەیکاتە (عَصَبَة)، واتە: خوشکی لەدایکو باوکی بە برای لەدایکو باوکی دەبێتە (عَصَبَة)، بەڵام خوشکی لەدایکو باوکی بە برای تەنها لەباوکی نابێتە (عَصَبَة)، بەڵکو خوشکەکە بەشە دیارکراوەکەیخۆی دەگرێو پاشماوەکەش- ئەگەر ماوە- بۆ برایەکەیە، هەروەك لە

حاڵەتەکانیڕابردوودا ڕوون کراوە.

هەروەها هیچ خوشکێکی مردووەکەش بە هۆی کوڕەبرایخۆی، یان کوڕەمامیخۆی نابێتە (عَصَبَة)، بۆ وێنە: ئەگەر مردووەکە دوو خوشکی لەدایکو باوکیو خوشکێکی تەنها لەباوکیو کوڕەبرایەکی لە پاش بەجێمان، ئەوە دووسێیەکی میراتەکە بۆ دوو خوشکەکانەو پاشماوەکەشی گشتی بۆ کوڕەبرایەکە، خوشکە لە باوکیەکەش بەو دوو خوشکانە بێبەش دەبێو بەو کوڕەبرایە نابێتە (عَصَبَة)، بەڵام هەر لەم مەسەلەیەدا ئەگەر برایەکی لەباوکی هەبێ، ئەوە خوشکەکەیخۆی دەکاتە (عَصَبَة)و پاشماوەکە بۆ هەردووکیانە، بۆیێ بەم وَلِلْوَاحِدِ مِنَ الإِخْوَةِ أَوِ الأَخَوَاتِ لأُمٍّ اَلسُّدُسُ وَلإِثْنَيْنِ فَصَاعِدًا اَلثُّلُثُ سَوَاءٌ ذُكُورُهُمْ وَإِنَاثُهُمْ، وَالأَخَوَاتُ لأَبَوَيْنِ أَوْ لأَبٍ مَعَ الْبَنَاتِ وَبَنَاتِ الإِبْنِ عَصَبَةٌ كَالإِخْوَةِ:

برایەش دەگوترێ: (الأَخُ الْمُبَارَك)=برای بە بەرەکەت، هەروەک لە (تحفه)و (نهایه)دا ڕوون کراوەتەوە، کەوابو: کوڕەبرایەکەش بەو برایە بێبەش دەبێ، هەروەک ڕابرا.

(وَلِلْوَاحِدِ مِنَ الإِخْوَةِ أَوِ الأَخَوَاتِ لأُمٍّ اَلسُّدُسُ) خوشکێکی تەنها لەدایکی، یان برایەکی تەنها لەدایکی شەشێکی میراتەکەی هەیە (وَلإِثْنَيْنِ فَصَاعِدًا اَلثُّلُثُ) دوو، یان زیاتر لە خوشکو برایەکانی تەنها لەدایکی سێیەکیان هەیە (سَوَاءٌ ذُكُورُهُمْ وَإِنَاثُهُمْ) نێرینەو مێیینەکانیان یەکسانن لەو سێیەکەدا، واتە: بە یەکسانی بە سەریاندا بەش دەکرێ بە (إجماع)ی زانایانی ئیسلام، هەروەک لە بەشە میراتەکاندا ڕابرا، چونکە ئەوانە بە خزمایەتی ڕەحمێ–کە لایەنی دایکە– میرات دەگرن، نەک بە خزمایەتی پشتێ، کەواتە: ئەگەر خوشکو برای لەدایکیو باوکی، یان تەنها لەباوکی لە گەڵیاندا بێ، هیچ بەشەکەیان ناگۆڕێ:

بۆ وێنە: ئەگەر برایەکی لەدایکو باوکیو برایەکی تەنها لەباوکیو برایەکی تەنها لەدایکی وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە برایەکەی تەنها لە دایکی شەشێکی هەیەو برایەکەی لەدایکو باوکیش گشت پاشماوەکەی دەدرێتێ، برای تەنها لەباوکیش بەم برایە بێبەش دەبێ، هەروەها ئەگەر هەر سێک لا خوشک بون، ئەوە خوشکی لە دایکو باوکی نیوەی هەیەو خوشکی تەنها لە باوکی شەشێکی هەیەو خوشکی تەنها لە دایکیش شەشێکی هەیە، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی، واتە: ئەگەر لەو دوو مەسەلانەیڕابردوودا دوو خوشکی تەنها لەدایکی، یان دوو برای تەنها لەدایکی، یان خوشکێکو برایەکی تەنها لەدایکی بون، ئەو کاتە سێیەکیان هەیە.

(وَالأَخَوَاتُ لأَبَوَيْنِ) زۆر خوشک، یان تەنها خوشکێکی لەدایکو باوکی (أَوْ لأَبٍ) یان تەنها لەباوکی، ئەگەر کۆ بونەوە (مَعَ الْبَنَاتِ) لەگەڵ زۆر کیژ، یان تەنها کیژێکیمردووەکە (أَوْ بَنَاتِ الإبن) یان لەگەڵ زۆر کیژ، یان تەنها کیژێکی کوڕیمردووەکە، ئەوە (عَصَبَة) خوشکەکان دەبنە میراتگری پشتێ (كَالإِخْوَةِ) وەکو برایەکانیان، واتە پاشماوەی میراتەکە

دەگرن ﴿عَنْ ابن مسعودﷺ: قَضَى رَسُولُ اللهِﷺ لِلإِبْنَةِ اَلنِّصْفَ وَلِإِبْنَةِ الإِبْنِ اَلسُّدُسَ وَمَابَقِيَ لِلأُخْتِ﴾ رواه البخاري، پێغەمبەرﷺ بڕیاریدا: نیوەی میراتەکە بۆ کیژی مردووەکە بێ و شەشێکی بۆ کیژەکوڕەکەی بێ و پاشماوەکەشی بۆ خوشکەکەی بێ. جا بنچینەی ئەم مەسەلەیە لە شەشە–کە بەشی کیژەکوڕەکەی لێدەردەچێ– بەم شیوەیە:

6. میراتگر ——— کیژ، کیژەکوڕ، خوشک.

1 ×. بەشەمیرات ——— نیوە، شەشێک، پشتێیە.

6 ÷ ——— 3 + 1 + 2 = 6.

فَتُسْقِطُ أُخْتٌ لأَبَوَيْنِ مَعَ الْبِنْتِ اَلأَخَوَاتِ لأَبٍ، وَبَنُوالإِخْوَةِ لأَبَوَيْنِ أَوْ لأَبٍ كُلٌّ مِنْهُمْ كَأَبِيهِ اجْتِمَاعًا وَانْفِرادًا لَكِنْ يُخَالِفُونَهُمْ: فِأَنَّهُمْ لاَ يَرُدُّونَ الأُمَّ إِلَىالسُّدُسِ، وَلاَ يَرِثُونَ مَعَ الْجَدِّ، وَلاَ يُعَصِّبُونَ أَخَوَاتِهِمْ، وَيَسْقُطُونَ فِالْمُشَرَّكَةِ. وَالْعَمُّ لأَبَوَيْنِ وَلأَبٍ كَأَخٍ مِنَ الْجِهَتَيْنِ اِجْتِمَاعًا وَانْفِرادًا، وَكَذَا قِيَاسُ بَنِالْعَمِّ

ئینجا هەر کاتێك خوشك ببێتە (عَصَبَة)، ئەوە (فَتُسْقِطُ أُخْتٌ لأَبَوَيْنِ مَعَ الْبِنْتِ) خوشکی لەدایك و باوکی–ئەگەر لەگەڵ کیژی مردووەکە، یان لەگەڵ کیژەکوڕی مردووەکەدا بێ– بێبەش دەکا: (اَلأَخَوَاتِ لأَبٍ) خوشکەکان و برایەکانی تەنها لەباوکی، هەروەك بۆ لەدایك و باوکیش بێبەشیان دەکا، هەروەها ئەگەر خوشکی تەنها لەباوکیش لەگەڵ کیژی مردووەکە، یان لەگەڵ کیژەکوڕی مردووەکە ببێتە (عَصَبَة)، ئەویش– وەکو بۆ برای تەنها لەباوکی– کوڕەبرایەکان و مامەکان و...هتد، بێبەش دەکا، هەروەك لە (حاشيةالبقري)دا فەرموویەتی.

(وَبَنُوالإِخْوَةِ لأَبَوَيْنِ) کوڕەبرایەکانی لەدایك و باوکی (أَوْ لأَبٍ) یان تەنها لەباوکی (كُلٌّ مِنْهُمْ كَأَبِيهِ اِجْتِمَاعًا وَانْفِرَادًا) هەر یەکێك لەوان وەکو باوکیخۆیەتی لە حاڵەتی کۆمەڵێ و تەنهایی‌دا، واتە: کوڕەبرایەك و زیاتر لە کوڕەبرایەك گشت میراتەکە، یان پاشماوەی خاوەن بەشەکان دەگرێ و، ئەگەر هەردوو لا وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە کوڕەبرای لەدایك و باوکی کوڕەبرای تەنها لەباوکی بێبەش دەکا (لَكِنْ يُخَالِفُونَهُمْ فِي أَنَّهُمْ) بەڵام کوڕەبرایەکان لە چوار مەسەلەدا لە باوکیخۆیان جیاوازن:

یەکەم: (لاَ يَرُدُّونَ الأُمَّ إِلَىالسُّدُسِ) کوڕەبرایەکان دایکیمردووەکە لە سێیەکەوە ناگەڕێننەوە بۆ شەشێك. دووەم: (وَلاَ يَرِثُونَ مَعَ الْجَدِّ) کوڕەبرایەکان لەگەڵ باپیرەدا میرات ناگرن، بەڵکو باپیرە بێبەشیان دەکا. سێیەم: (ولاَ يُعَصِّبُونَ أَخَوَاتِهِمْ) کوڕەبرایەکان خوشکەکانیخۆیان ناکەنە (عَصَبَة)، چونکە کیژەبرا لە (ذَوِيالأَرْحَام)ەکانە. چوارەم: (وَيَسْقُطُونَ فِيالْمُشَرَّكَةِ) کوڕەبرایەکانی لەدایك و باوکی لە مەسەلەی (الْمُشَرَّكَة)دا بێبەش

دەبن، چونکە خزمایەتی دایکییان نیە.

﴿ میراتی مامەکان ﴾

(وَالْعَمُّ لأَبَوَيْنِ وَلأَبٍ) مامی لەدایکو باوکیو هەم مامی تەنها لەباوکی (كَأَخٍ مِنَ الْجِهَتَيْنِ) وەکو برایە: لە هەردوو لایەوە (اِجْتِمَاعًا وَانْفِرَادًا) لە حالّەتی کۆمەڵیو تەنهایی‌دا، واتە: مامێکو زیاتر لە مامێك گشت میراتەکە، یان پاشماوەی خاوەن بەشەکان دەگرێو ئەگەر هەردوو لا وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە مامی لەدایکو باوکی مامی تەنها لەباوکی بێبەش دەکا.

(وَكَذَا قِيَاسُ بَنِي‌الْعَمِّ) هەروەهاش (قیاس)ی کوڕەمامەکان دەکرێتە سەر باوکیان، واتە: وَسَائِرِ عَصَبَةِ النَّسَبِ، وَالْعَصَبَةُ مَنْ لَيْسَ لَهُ سَهْمٌ مُقَدَّرٌ مِنَ الْمُجْمَعِ عَلَى تَوْرِيثِهِمْ، فَيَرِثُ الْمَالَ أَوْ مَا فَضَلَ بَعْدَ الْفُرُوضِ.

(فَصْلٌ) مَنْ لاَ عَصَبَةَ لَهُ بِنَسَبٍ وَلَهُ مُعْتِقٌ فَمَالُهُ أَوِ الْفَاضِلُ عَنِ الْفُرُوضِ لَهُ رَجُلاً كَانَ أَوْ اِمْرَأَةً، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ فَلِعَصَبَتِهِ بِنَسَبِ الْمُتَعَصِّبِينَ بِأَنْفُسِهِمْ لاَ لِبِنْتِهِ وَأُخْتِهِ، وَتَرْتِيبُهُمْ كَتَرْتِيبِهِمْ فِالنَّسَبِ، لَكِنْ اَلأَظْهَرُ أَنَّ أَخَاالْمُعْتِقِ وَابْنَ أَخِيهِ يُقَدَّمَانِ عَلَى جَدِّهِ،

کوڕەمامێکو زیاتر گشت میراتەکە، یان پاشماوەکە دەگرێو کوڕەمامی لەدایکو باوکی کوڕەمامی تەنها لەباوکی بێبەش دەکا، هەروەها مامی باوکیمردووەکەو مامی باپیرەی مردووەکەو کوڕەکانیانو هەم (وَسَائِرِ عَصَبَةِ النَّسَبِ) گشت (عَصَبَة)کانیترى نەژادی: وەك کوڕەکوڕەبراو کوڕەکوڕەمام، گشتیان لە پێزی خۆیدا بەو (قیاس)ەیڕابردوو پەفتاریان لەگەڵ دەکرێ، ئینجا بزانە: لە دوای کوڕەمامایەتی هیچ (عَصَبَة)یەکیترى نەژادی نیە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

(وَالْعَصَبَةُ) پێناسەی (عَصَبَة)=میراتگریپشتێ ئەمەیە: (مَنْ لَيْسَ لَهُ سَهْمٌ مُقَدَّرٌ) ئەو کەسەیە: کە هیچ بەشێکی دیارکراوی نەبێ (مِنَ الْمُجْمَعِ عَلَى تَوْرِيثِهِمْ) لەو میراتگرانەی بە (إجماع) میرات دەگرن، بۆیێ (فَيَرِثُ الْمَالَ) یان گشت مالّی مردووەکە بە میرات دەگرێ (أَوْ مَا فَضَلَ بَعْدَالْفُرُوضِ) یان ئەو پاشماوەیەی لە پاش خاوەن بەشەکان دەمێنێتەوە، ئیتر لە کۆتایی (الحجب)=بێبەشکردندا بەشەکانو پێزەکانی (عَصَبَة)کانمان بە درێژی پوون کردەوە، والحمد لله تعالى.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی میراتگرایەتی بە هۆی ئازادکردنی کۆیلە ﴾

(مَنْ لاَ عَصَبَةَ لَهُ بِنَسَبٍ) هەر مردوویێك میراتگری پشتێی لە نەژادیخۆی نەبێو (وَلَهُ مُعْتِقٌ) ئازادکەرێکی هەبێ–واتە: مردووەکە کاتی خۆی کۆیلە بوبێو کەسێك ئازادی کردبێ– ئەوە (فَمَالُهُ) گشت مالّەکەی (أَوِ الْفَاضِلُ عَنِ الْفُرُوضِ) یان ئەو پاشماوەیەی لە پاش خاوەن بەشەکان دەمێنێتەوە (لَهُ) بۆ ئەو ئازادکەرەیە، جیاوازی نیە (رَجُلاً كَانَ أَوْ اِمْرَأَةً) ئازادکەرەکە: پیاو بێ، یان ئافرەت (فَإِنْ لَمْ يَكُنْ) جا ئەگەر ئازادکەرەکەش

نەمابو، ئەوە (فَلِعَصَبَتِهِ بِنَسَبٍ ٱلْمُتَعَصِّبِينَ بِأَنْفُسِهِمْ) میراتەکە بۆ (عَصَبَة)کانی نەژادی ئازادکەرەکەیە: کە بە خودیخۆیان (عَصَبَة)=میراتگری پشتێ بن: وەکو کوڕو برا (لاَ لِبِنْتِهِ وَأُخْتِهِ) نەك بۆ کیژی ئازادکەرەکەو خوشکی ئازادکەرەکە (وَتَرْتِيبُهُمْ) ڕیزی (عَصَبَة)کانی ئازادکەرەکەش (كَتَرْتِيبِهِمْ فِيالنَّسَبِ) وەکو ڕیزی (عَصَبَة)کانە لە نەژاددا، واتە: ئەگەر ئازادکەرەکە نەمابێ، ئەوە کوڕی وی، ئینجا کوڕیکوڕ...هتد (لَكِنْ الأَظْهَرُ أَنَّ أَخَا الْمُعْتِقِ وَابْنَ أَخِيهِ يُقَدَّمَانِ عَلَى جَدِّهِ) بەڵام بە فەرمووده بەهێزتر: لێرەدا بۆ ئازادکەرەکەو کوڕەبرای ئازادکەرەکە وەپێش باپیرەی ئازادکەرەکە دێخرێن.

فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ عَصَبَةٌ فَلِمُعْتِقِ الْمُعْتِقِ، ثُمَّ عَصَبَتُهُ كَذَلِكَ، وَلاَ تَرِثُ امْرَأَةٌ بِوَلاَءٍ إلاَّ مُعْتَقَهَا أَوْ مُنْتَمِيًا إلَيْهِ بِنَسَبٍ أَوْ وَلاَءٍ. (فَصْلٌ) إذَااجْتَمَعَ جَدٌّ وَإِخْوَةٌ وَأَخَوَاتٌ لأَبَوَيْنِ أَوْ لأَبٍ: فَإِنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُمْ ذُوفَرْضٍ فَلَهُ الأَكْثَرُ مِنْ ثُلُثِ الْمَالِ وَمُقَاسَمَتِهِمْ كَأَخٍ،

(فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ عَصَبَةٌ) جا ئەگەر ئازادکەرەکە میراتگری پشتێی لە نەژادی خۆی نەبو، ئەو کاتە (فَلِمُعْتِقِ الْمُعْتِقِ) میراتەکە بۆ ئازادکەری ئازادکەرەکەیە (ثُمَّ عَصَبَتُهُ كَذَلِكَ) ئینجا (عَصَبَة)کانی ئازادکەری ئازادکەرەکە وەك ئەو ڕیزەی ڕابرا، ئینجا بۆ (بيت المال).

(وَلاَ تَرِثُ امْرَأَةٌ بِوَلاَءٍ) ئافرەت بە هۆی ئازادکردن میرات لە هیچ کەسێك ناگرێ (إلاَّ مُعْتَقَهَا) تەنها لە ئازادکراوێخۆی نەبێ (أَوْ مُنْتَمِيًا إلَيْهِ بِنَسَبٍ أَوْ وَلاَءٍ) یان لەو کەسەی دەچێتەوە لای ئازادکراوەکە بە هۆی نەژاد: وەك کوڕو بەرەوخوارتر، یان بە هۆی ئازادکردن: وەکو ئازادکراوی ئازادکراوەکە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی میراتی باپیرە لەگەڵ خوشك و برایەکاندا ﴾

(إذَا اجْتَمَعَ جَدٌّ وَإِخْوَةٌ وَأَخَوَاتٌ) هەر کاتێك باپیرە، یان باوکی باپیرە لەگەڵ خوشك و برایەکانی مردووەکە وێکڕا کۆ بونەوە (لأَبَوَيْنِ أَوْ لأَبٍ) جا خوشك و برایەکان لەدایك‌وباوکی بن، یان تەنها لەباوکی بن، ئەوە لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنیفة)دا: باپیرە خوشك و برایەکان بێبەش دەکا. بەڵام لە هەرسێك مەزهەبەکەیتردا: بێبەشیان ناکا، بەڵکو هاوبەشییان لەگەڵ دەکا: بەم شێوەیەی لەم باسەدا ڕوون کراوەتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا باپیرە چۆن قازانجی بێ، ئەوها لەگەڵ خوشك و برایەکاندا میرات دەگرێ، ئینجا میراتگرتنەکەشی چوار حاڵەتی هەنە، گشتیان لە قازانجی خۆیەتی:

حاڵەتی یەکەم و دووەم: (فَإِنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُمْ ذُو فَرْضٍ) ئەگەر لەگەڵ باپیرەو برایەکاندا هیچ میراتگرێکی خاوەن بەش نەبو، ئەوە (فَلَهُ الأَكْثَرُ مِنْ ثُلُثِ الْمَالِ وَمُقَاسَمَتِهِمْ كَأَخٍ) باپیرە بەشە زۆرترەکەی هەیە: لە سێیەکی گشت میراتەکەو لە هاوبەشیکردن

لەگەڵیان وەکو برایەك، کەواتە: ئەگەر تەنها خوشکی لەگەڵدا بن، ئەوە– وەکو برایەك– دوو هەندی بەشی خوشکێك دەگرێ.

ئینجا بزانە: ئەگەر ژمارەی خوشکو برایەکان دوو هەندی باپیرە بوو: وەك دوو برا، یان چوار خوشك، یان برایەکو دوو خوشك، ئەوە سێیەکی میراتەکەو هاوبەشیکردن بۆ باپیرە یەکسانن، وە ئەگەر ژمارەکەیان لە دوو هەندی باپیرە کەمتر بوو: وەك برایەك، یان خوشکێك، یان دوو خوشك، یان سێ خوشك، یان خوشکێکو برایەك، ئەوە هاوبەشیکردن فَإِنْ أَخَذَ الثُّلُثَ فَالْبَاقِي لَهُمْ، وَإِنْ كَانَ فَلَهُ الأَكْثَرُ مِنْ سُدُسِ التَّرِكَةِ وَثُلُثِ الْبَاقِي وَالْمُقَاسَمَةِ،

بۆ باپیرە بە سودترە، وە ئەگەر ژمارەکەیان لە دوو هەندی باپیرە زیاتر بوو: وەك سێ براو زیاتر، یان پێنج خوشکو زیاتر، یان برایەکو سێ خوشك، یان دوو براو خوشکێك...هتد، ئەوە سێیەکی میراتەکە بۆ باپیرە بە سودترە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا (فَإِنْ أَخَذَ الثُّلُثَ) ئەگەر باپیرە سێیەکی میراتەکەی گرت، ئەوە (فَالْبَاقِي لَهُمْ) پاشماوەکەی بۆ خوشکو برایەکانە بە میراتگرایەتی پشتێ، واتە: هەر برایەك دوو هەندی بەشی خوشکێکی هەیە.

حاڵەتی سێیەم و چوارەم: (وَإِنْ كَانَ ذُو فَرْضٍ) ئەگەر لەگەڵ باپیرەو خوشکو برایەکاندا میراتگری خاوەن بەش هەبێ، ئەوە (فَلَهُ الأَكْثَرُ مِنْ سُدُسِ التَّرِكَةِ وَثُلُثِ الْبَاقِي وَالْمُقَاسَمَةِ) باپیرە زۆرترەکەی هەیە: لە شەشێکی گشت میراتەکەو لە سێیەکی پاشماوەکەو لە هاوبەشیکردنەکەی پرابردوو.

ئینجابزانە: خاوەن بەشەکان لە باسی باپیردا شەش کەسن: کیژ، کیژەکوڕ، دایك، داپیرە، ژن، میرد.

دیسان بزانە: ئەگەر خاوەن بەشەکە نیوە، یان کەمتری دەگرت: وەکو میرد، یان کیژێك، یان کیژەکوڕێك، یان ژن، یان دایك، ئەو کاتە ئەگەر ژمارەی خوشکو برایەکان لە دوو هەندی باپیرە کەمتر بوو، ئەوە هاوبەشیکردن لەگەڵیان بۆ باپیرە بە سودترە: وەك باپیرەو برایەکو کیژێك، کیژەکە نیوە دەگرێو نیوەکەیتریش بۆ باپیرەو برایەکە بە یەکسانی، وە ئەگەر ژمارەکەیان لە دوو هەندی باپیرە زیاتر بوو، ئەوە سێیەکی پاشماوەکە بۆ باپیرە بە سودترە: وەك باپیرەو سێ براو میرد، مەسەلەکە لە شەشە بە لێدانی دوو لە سێ–کە بەشی میردەکەو باپیرەیان لێدەردەچێ– سێ بۆ میردەکەو سێیەکی پاشماوەکەش–یەکە– بۆ باپیرەو دووەکەش بۆ برایەکان، ئینجا ژمارەی برایەکانیش لە مەسەلەکە دەدرێو لە هەژدە ساغ دەبێتەوە. وە ئەگەر ژمارەیان دوو

هەندی باپیرە بوو، ئەوە هاوبەشیو سێیەکی پاشماوەکە یەکسانن: وەك باپیرەو دوو براو ژنێك، مەسەلەکە لە چوارە، چونکە ژنەکە چوارێك دەگرێو سێ بەشەکەیتریش بۆ باپیرەو دوو برایەکانە بە یەکسانی.

ئینجا بزانە: هەندێ جار هاوبەشیو سێیەکی پاشماوەکەو شەشێك یەکسانن: وەك باپیرەو دوو براو کیژێك، بنچینەی مەسەلەکە لە دووەو لە شەش ساغ دەبێتەوە بە لێدانی ژمارەی باپیرەو برایەکان لە مەسەلەکە: لە هەر سێك حاڵەتدا یەك بۆ باپیرەیە.

وَقَدْ لاَ يَبْقَى شَيْءٌ كَبِنْتَيْنِ وَأُمٍّ وَزَوْجٍ فَيُفْرَضُ لَهُ سُدُسٌ وَيُزَادُ فِالْعَول،

وە ئەگەر خاوەن بەشەکە دووسێیەکی هەبوو: وەکو دوو کیژ، یان دوو کیژەکوڕ، یان کیژێکو کیژەکوڕێك، ئەو کاتە هاوبەشی بۆ باپیرە بە سودترە بەو مەرجەی تەنها خوشکێکی لەگەڵدا بێ: وەك باپیرەو خوشکێکو دوو کیژ، بنچینەی مەسەلەکەیان لە سێیە –کە بەشی کیژەکانی لێدەردەچێ– بەڵام لە نۆ ساغ دەبێتەوە بە لێدانی سێ–کە ژمارەی باپیرەو خوشککەیە– لە مەسەلەکە: شەش بۆ کیژەکان، سێ بۆ باپیرەو خوشکەکان، بەڵام ئەگەر لە خوشکێك زیاتری لەگەڵدا بێ: وەك برایەکو زیاتر، یان دوو خوشکو زیاتر، ئەو کاتە شەشێك بۆ باپیرە بە سودترە: وەك دوو کیژو برایەکو باپیرە، مەسەلەکە لە شەشە–کە بەشی باپیرەی لێدەردەچێ– دووسێیەکی–چوارە– بۆ کیـــــــــــــــــــــــــــژەکان، شەشـــــــــــــــــــــــــــــێکی –یەکە– بۆ باپیرە، پاشماوەکەش–یەکە– بۆ برایەکە.

وە ئەگەر خاوەن بەشەکان لە نێوان نیوەو دووسێیەکیان هەبوو: وەك کیژێکو ژنێك–کە نیوەو هەشتێکیان هەیە– ئەوە هاوبەشی بۆ باپیرە بە سودترە، بەو مەرجەی تەنها برایەك، یان تەنها خوشکێك، یان تەنها دوو خوشکی لەگەڵدا بن، کەوابو: بنچینەی مەسەلەکەیان لە هەشتە–کە بەشی ژنەکەی لێدەردەچێ–: نیوەی–چوارە– بۆ کیژەکە، هەشتێکی–یەکە– بۆ ژنەکە، پاشماوەکەشی بۆ باپیرەو خوشکەکە، یان برایەکە، بەڵام ئەگەر لە برایەك، یان لە دوو خوشك زیاتر بون، ئەو کاتە شەشێك بۆ باپیرە بە سودترە: وەك کیژێکو ژنێکو باپیرەو دوو براو خوشکێك، مەسەلەکە لە بیستوچوارە بە لێدانی سێ–کە (وفق)ی بەشی باپیرەیە– لە هەشت–کە بەشی ژنەکەی لێدەردەچێ– نیوەی دوانزیە بۆ کیژەکە، هەشتێکی سێیە بۆ ژنەکە، شەشێکی چوارە بۆ باپیرە، پێنج دەمێنێتەوە بۆ خوشکو برایەکان.

ئینجا بزانە: ئەو وێنانەیڕابردوو لەو حاڵەتەدا بون: کە خاوەن بەشەکە بەشی خۆی ببا، ئینجا لە شەشێك زیاتر لە پاش خاوەن بەشەکان بمێنێتەوە، بەڵام (وَقَدْ لاَ يَبْقَى شَيْءٌ) هەندێ جار هیچ لە پاش خاوەن بەشەکان نامێنێتەوە: (كَبِنْتَيْنِ وَأُمٍّ وَزَوْجٍ) وەکو دوو کیژو

دایك‌و مێرد لەگەڵ باپیرەو خوشك‌و برا، لەم مەسەلەیەدا هیچ لە پاش خاوەن بەشەکان نامێنێتەوە، کەوابو: (فَيُفْرَضُ لَهُ سُدُسٌ) شەشێك بۆ باپیرە دادەندرێ‌و (وَيُزَادُ فِي الْعَوْلِ) لە (عَوْلِ)ی مەسەلەکە زیاد دەکرێ، چونکە بنچینەی مەسەلەکە لە دوانزەیە: بە لێدانی سێ لە چوار، دووسێیەکی–هەشتە– بۆ کیژەکان، چوارێکی– سێیە– بۆ مێردەکە، شەشێکی–دووە– بۆ دایکەکە، بەڵام دوو تەواو نەماوەتەوە، کەوابو: بە نیوەی شەشێك (عَوْلِ) دەکرێ بۆ سێزدە، تاکو بەشی دایك تەواو ببێ، جا لە بەر ئەوەی هیچیش بۆ باپیرە نەماوەتەوە، ئەم جارەش بە شەشێك (عَوْلِ)یکی‌تر زیاد دەکرێ بۆ پانزە: جا وَقَدْ يَبْقَى دُونَ سُدُسٍ كَبِنْتَيْنِ وَزَوْجٍ فَيُفْرَضُ لَهُ وَتُعَالُ، وَقَدْ يَبْقَى سُدُسٌ كَبِنْتَيْنِ وَأُمٍّ فَيَفُوزُ بِهِ الْجَدُّ وَتَسْقُطُ الإِخْوَةُ فِي هَذِهِ الأَحْوَالِ،

شەشێکێ‌تر–کە دووە– بۆ باپیرە دادەندرێ، کەوابو: خوشك‌و برایەکانیش بە داگرتنەوەی خاوەن بەشەکان بێبەش دەبن، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——دوو کیژ، دایك، مێرد، باپیرە، خوشك‌و برا.

3 ×. بەشەمیرات ——دووسێیەك، شەشێك، چوارێك، شەشێك، پشتێیە.

12 ÷ ——————8 + 1 ناتەواوە + 3 + شەشێکی کەمە + 0 بێبەشن= 12.

1 + ——————— (عَوْلِ)یێك بە نیوەی شەشێك.

2 + ——————— (عَوْلِ)یێکی‌تر بە شەشێك.

15 ÷ ——————8 + 2 + 3 + 2 + 0 بێبەشن = 15.

(وَقَدْ يَبْقَى دُونَ سُدُسٍ) هەندێ جاریش لە شەشێك کەمتر لە پاش خاوەن بەشەکان دەمێنێتەوە: (كَبِنْتَيْنِ وَزَوْجٍ) وەکو دوو کیژ‌و مێرد لەگەڵ باپیرەو خوشك‌و برا، لەم مەسەلەیەدا تەنها یەك–کە لە شەشێك کەمترە– لە پاش خاوەن بەشەکان دەمێنێتەوە، کەوابو: (فَيُفْرَضُ لَهُ) شەشێکێکی تەواو بۆ باپیرە دادەندرێ‌و (وَتُعَالُ) مەسەلەکە (عَوْلِ) دەکرێ، چونکە بنچینەی مەسەلەکە لە دوانزەیە: بە لێدانی سێ لە چوار، دووسێیەکی –هەشتە– بۆ کیژەکان، چوارێکی–سێیە– بۆ مێردەکە، شەشێکی–دووە– بۆ باپیرە، بەڵام دوو تەواو نەماوەتەوە، کەوابو: بە نیوەی شەشێك (عَوْلِ) دەکرێ بۆ سێزدە، تاکو شەشێکی باپیرە تەواو ببێ، کەوابو: خوشك‌و برایەکانیش بێبەش دەبن، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——————دوو کیژ، مێرد، باپیرە، خوشك‌و برا.

3 ×. بەشەمیرات ——— دووسێیەك، چوارێك، شەشێك، پشتێیە.

12 ÷ ——————— 8 + 3 + 1 ناتەواوە + 0 بێبەشن = 12.

1 + ——————— (عَوْلِ) بە نیوەی شەشێك.

13 ÷ ———————— 8 + 3 + 2 + 0 بێبەشن = 13.

(وَقَدْ يَبْقَى سُدُسٌ) هەندێ جاریش تەنها شەشێكێك لە پاش خاوەن بەشەكان دەمێنێتەوە: (كَبِنْتَيْنِ وَأُمٍّ) وەكو دوو كیژو دایك لەگەڵ باپیرەو خوشكو برا، كەوابو: (فَيَفُوزُ بِهِ الْجَدُّ) باپیرە بەو شەشێكە بەختەوەر دەبێو وەرێدەگرێ، چونكە بنچینەی مەسەلەكە لە شەشە—كەبەشی دایكی لێدەردەچێ—: دووسێیەكی—چوارە— بۆ كیژەكان، شەشێكی— یەكە— بۆ دایكەكە، شەشێكێك ماوەتەوە بۆ باپیرە.

كەوابو: (وَتَسْقُطُ الإِخْوَةُ) بە داگرتنەوەی خاوەن بەشەكان خوشكو برایەكان بێبەش دەبن (فِي هَذِهِ الأَحْوَالِ) لە هەرسێك حالەتەكاندا، واتە: لە دوو حالەتەكەی‌پرابردوو—هەروەك ساغمان كردەوە—هەم لەم حالەتەشدا بەم شێوەیە:

وَلَوْ كَانَ مَعَ الْجَدِّ إِخْوَةٌ وَأَخَوَاتٌ لأَبَوَيْنِ وَلأَبٍ: فَحُكْمُ الْجَدِّ مَا سَبَقَ وَيَعُدُّ أَوْلاَدُ الأَبَوَيْنِ عَلَيْهِ أَوْلاَدَ الأَبِ فِالْقِسْمَةِ، فَإِذَا أَخَذَ حِصَّتَهُ: فَإِنْ كَانَ فِي أَوْلاَدِ الأَبَوَيْنِ ذَكَرٌ فَالْبَاقِي لَهُمْ وَسَقَطَ أَوْلاَدُ الأَبِ،

---

6. مراتگر ———— دوو كیژ، دایك، باپیرە، خوشك و برا.

1 ×. بەشەمیرات ———— دووسێیەك، شەشێك، شەشێك، پشتێیە.

6 ÷ ———————— 4 + 1 + 1 + 0 بێبەشن = 6.

﴿ مەسەلەكانی (اَلْمُعَادَّة): ژمارەراوەكان ﴾

(وَلَوْ كَانَ مَعَ الْجَدِّ إِخْوَةٌ وَأَخَوَاتٌ) ئەگەر خوشكو برا لەگەڵ باپیرەدا بون، بەڵام ئەم جارە (لأَبَوَيْنِ وَلأَبٍ) خوشكو برایەكانی لەدایكوباوكیو تەنها لەباوكی گشتیان وێكڕا بون، ئەوە لێرەشدا (فَحُكْمُ الْجَدِّ مَا سَبَقَ) بڕیاری باپیرە هەر بڕیارەكەی‌پرابردووە لە چوار حالەتەكاندا، واتە: چۆنی قازانج بێ، ئەوها میرات دەگرێ، بەڵام لێرەدا (وَيَعُدُّ أَوْلاَدُ الأَبَوَيْنِ عَلَيْهِ أَوْلاَدَالأَبِ) خوشكو برایەكانی لەدایكوباوكی— لە دژی باپیرە— خوشكو برایەكانی تەنها لەباوكی لەگەڵ خۆیان دەژمێرن (فِيالْقِسْمَةِ) لە حالەتی هاوبەشیكردنی باپیرەدا، ئینجا (فَإِذَا أَخَذَ حِصَّتَهُ) هەر كاتێك باپیرە بەشە میراتیخۆی گرت بەگوێرەی ئەو چوار حالەتانەی‌پرابردوو، ئەوە تەماشا دەكەین:

(فَإِنْ كَانَ فِي أَوْلاَدِ الأَبَوَيْنِ ذَكَرٌ) ئەگەر لە منداڵەكانی دایكوباوكیدا برایەك، یان زیاتر هەبوو، بە تەنها، یان لەگەڵ خوشكێك، یان زیاتر، یان تەنها خوشكێك، یان زیاتر بون، بەڵام لەگەڵ كیژ، یان كیژەكوڕدا بون، ئەوە (فَالْبَاقِي لَهُمْ) لە دوای بەشی باپیرە، پاشماوەكە گشتی بۆ خوشكو برایەكانی لەدایكوباوكییە: هەر برایەك دوو هەندی خوشكێك دەگرێ— ئەگەر خوشك هەبێ— (وَسَقَطَ أَوْلاَدُ الأَبِ) خوشكو برایەكانی تەنها لە

بـــــــ

ژمارەکەیان لە مەسەلەکە دەدەینو لە شانزە ساغ دەبێتەوە: چواری بۆ ژنەکە، شەشی بۆ باپیرە

بە هاوبەشی، شەشەکەیتریش بۆ هەردوو خوشکەکان: هەریەکەو سێیان، بەڵام خوشکەکەی لەدایکوباوکی بە خوشکەکەی تەنها لەباوکی دەڵێ: من خزماتیم لە تۆ بەهێزترە، تا من بەشە میراتی خۆم–کە نیوەیە– نەگرم، نابێ تۆ میرات بگری، بەڵام من لە دژی باپیرە تۆم لەگەڵ خۆمدا ژماردبو، کەوابو: سێیەکەی خۆت بدەوە من، تۆش بێبەشی، کەواتە: بەشی خوشکی لەدایکوباوکی لێرەدا–کە شەشە– لە نیوەیی کەمترەو دەبی پێی پازی بێو نابێ داوای زیاتر بکا، خوشکەکەی تەنها لەباوکیش بێبەشە.

(وَ) هەروەها (الثِّنْتَانِ فَصَاعِدًا إِلَىالثُّلُثَيْنِ) دوو خوشکی لەدایکوباوکیو زیاتریش– بە هۆی ژماردنی خوشکو برایەکانی تەنها لەباوکی– تا دووسێیەکی میراتەکە دەگرنو هەم وا دەبێ: کەمتریش لە دووسێیەك دەگرنو دەبی پێی پازی بن:

وَلاَ يَفْضُلُ عَنِ الثُّلُثَيْنِ شَيْءٌ، وَقَدْ يَفْضُلُ عَنِ النِّصْفِ فَيَكُونُ لأَوْلاَدِالأَبِ.

وَالْجَدُّ مَعَ أَخَوَاتٍ كَأَخٍ فَلاَ يُفْرَضُ لَهُنَّ مَعَهُ إلاَّ فِي الأَكْدَرِيَّةِ: وَهِيَ زَوْجٌ وَأُمٌّ وَجَدٌّ وَأُخْتٌ لأَبَوَيْنِ أَوْ لأَبٍ،

وێنەیەکەم کە دووسێیەکە: باپیرەو برایەکی تەنها لەباوکیو دوو خوشکی لەدایکو باوکی، لەم مەسەلەیەدا هاوبەشیو سێیەك بۆ باپیرە یەکسانن، چونکە خوشکەکان بە باپیرە دەڵێن: ئێمەو ئەم برایەمان وێکڕا هاوبەشیت لەگەڵ دەکەین، کەوابو: مەسەلەکە لە شەشە –کە ژمارەی سەری میراتگرەکانە–: سێیەکی–دووە– بۆ باپیرە، دووسێیەکەکەیتریشی –چوارە– خوشکەکان دەیگرن، چونکە بە برایەکە دەڵێن: ئێمە خاوەن بەشین، تا بەشی ئێمە تەواو نەبێ، نابێ تۆ میرات بگری، کەواتە: دووەکەی خۆت بۆ ئێمە واز لێبێنە، تاکو دووسێیەکمان بۆ تەواو بێ، چونکە ئێمە لە دژی باپیرە تۆمان لەگەڵ خۆماندا ژماردبو.

وێنەیدووەم کە کەمتر لە دووسێیەکە: باپیرەو دوو خوشکی لەدایکوباوکیو خوشکێکی تەنها لەباوکی، مەسەلەکە لە پێنجە–کە ژمارەیسەریمیراتگرەکانە–: دوو بۆ باپیرە بە هاوبەشی، سێیەکەیتریش بۆ خوشکەکانی لەدایکوباوکییەو دەبی پێی پازی بن، هەرچەند لە دووسێیەکیش کەمترە، واتە: خوشکەکەی لەباوکیش بێبەش دەبێ.

ئینجا بزانە: (وَلاَ يَفْضُلُ عَنِ الثُّلُثَيْنِ شَيْءٌ) هیچ شتێك لە دووسێیەکەکە زیاد نابێو بۆ خوشکو برایەکانی تەنها لەباوکی نامێنێتەوە: وەك ئەو دوو وێنەیڕابردوو، بەڵام (وَقَدْ يَفْضُلُ عَنِ النِّصْفِ) هەندێ جار شتێك لە نیوەییەکە زیاد دەبێو دەمێنێتەوە، کەوابو: (فَيَكُونُ لأَوْلاَدِ الأَبِ) ئەویش بۆ خوشکو برایەکانی تەنها لەباوکییە:

وەك وێنەكـــــــ

9 ÷ ——————— 3 + 1 + 2 + 3 = 9.

3 × ——————— ساغكردنەوەی بە ژمارەی باپیرەو خوشكەكە.

27 ÷ ——————— 9 + 6 + 12 بۆ باپیرەو خوشكەكە = 27.

ئینجا بزانە: لە هاوبەشیكردنەكەدا (عَصَبَة)یی پەچاو كراوەو لە بەش دانان بۆ خوشكەكەش خزمایەتی پەحمێ پەچاو كراوە، ئینجا بۆیێ باپیرە لە كاتی بەشكردنی میراتەكەدا خوشكەكەی نەكردۆتە (عَصَبَة)؟ نەوەك بەشە شەشێكی خۆی كەم ببێتەوە، چونكە ئەو كات خوشكەكە لە شەشێكەكەدا هاوبەشیی لەگەڵ دەكرد، جا ئەگەر لە جێی خۆشكەكە– لەم مەسەلەیەدا– برایەك هەبوایە، ئەوە بە داگرتنەوەی خاوەن بەشەكان بێبەش دەبو.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (مَوَانِع الإِرْث) **هۆیەكانی میرات نەگرتن** ﴾

واتە: ئەو پوداوانەی قەدەغە دەكەن مرۆڤ ببێتە میراتگر، هەرچەند هۆیەكانی میراتگرتنیشی تێدا هاتبێتە جێ.

قەدەغەیەكەم: جیاوازیی ئایین، كەوابو: (لاَ يَتَوَارَثُ مُسْلِمٌ وَكَافِرٌ) موسوڵمانو كافر میرات لە یەكتری ناگرن هەرچەند لە دوایمردن پێش بەشكردنیمیراتیش ببێتە موسوڵمان، وَلاَ يَرِثُ مُرْتَدٌّ وَلاَ يُورَثُ، وَيَرِثُ الْكَافِرُ الْكَافِرَ وَإِنْ اخْتَلَفَتْ مِلَّتُهُمَا، لَكِنِ الْمَشْهُورُ أَنَّهُ لاَ تَوَارُثَ بَيْنَ حَرْبِيٍّ وَذِمِّيٍّ، وَلاَ يَرِثُ مَنْ فِيهِ رِقٌّ، وَالْجَدِيدُ أَنَّ مَنْ بَعْضُهُ حُرٌّ يُورَثُ، وَلاَ قَاتِلٌ،

چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ وَلاَالْكَافِرُ الْمُسْلِمَ﴾ رواه الشيخان، موسوڵمان میرات لە كافر ناگرێ، كافریش میرات لە موسوڵمان ناگرێ.

قەدەغەیدووەم: كافربوون (وَلاَ يَرِثُ مُرْتَدٌّ) مرۆڤی لە ئایین وەرگەڕاو میرات ناگرێ: كە لە كاتی مردنیمیراتلێگراوەكەیدا كافر بێ، هەرچەند لە دوای مردنەكەشی ببێتەوە موسوڵمان، هەم (وَلاَ يُورَثُ) مرۆڤی وەرگەڕاو میراتیشی لێناگیرێ ئەگەر بە كافربوویی مردبێ، بە بەڵگەی حەدیسەكەیڕابردوو، كەوابو: گشت ملك‌و ماڵەكەی بە (فَيْء) بۆ (بَيْت الْمَال) سەرف دەكرێ.

بەڵام (وَيَرِثُ الْكَافِرُ الْكَافِرَ) كافر میرات لە كافر دەگرێ (وَإِنْ اخْتَلَفَتْ مِلَّتُهُمَا) هەرچەند شەریعەتەكەشیان جیاواز بێ: وەك جولەكەو دیان=گاور، چونكە (اَلْكُفْرُ مِلَّةٌ وَاحِدَةٌ) ڕێبازەكانی كوفر– لە پوچەڵیدا– یەك ڕێبازە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَمَاذَا بَعْدَالْحَقِّ إِلاَّالضَّلاَلُ﴾ ئایا لە دوای ڕاستی جگە لە گومڕایی هیچیتر هەیە؟.

(لَكِنْ اَلْمَشْهُورُ) بەڵام بە فەمودەی ناسراوی مەزهەب: (أَنَّهُ لاَ تَوَارُثَ بَيْنَ حَرْبِيٍّ وَذِمِّيٍّ) میراتگرتن لە نێوان كافری جەنگی‌و كافری پەیمان لەئەستۆدا نیە: وەك یەكێك جەنگ لە دژی موسوڵمانان بكاو خزمەكەشی لە ناو موسوڵماناندا بە دۆستایەتی(ذِمَّة) دانیشتبێ، هەروەها مرۆڤی (زَنْدِيق) بێدین: كە لە هیچ ئایینێكدا نەبێ، ئەویش نە میرات

دەگرێ و نەمیراتی لێدەگیرێ، بەڵکو وەکو وەرگەڕاو پەفتاری لەگەڵ دەکرێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

قەدەغەی سێیەم: کۆیلەیی، کەوابو: (وَلَایَرِثُ مَنْ فِیهِ رِقٌّ) هەر کەسێک بەشێکی کۆیلەیی تێدا بێ میرات ناگرێ و میراتیشی لێناگیرێ، بەڵام (وَالْجَدِیدُ) بەفەرموودەی نوێ (أَنَّ مَنْ بَعْضُهُ حُرٌّ) ئەو کۆیلەیەی بەشێکی ئازادە، هەر کاتێک مرد، ئەوە (یُورَثُ) ئەو میراتەی لێدەگیرێ کە بە بەشە ئازادیەکەی پەیدای کردوە.

قەدەغەی چوارەم: کوشتن، کەوابو: (وَلَا قَاتِلٌ) مرۆڤکوژەکە میرات لە کوژراوەکەی خۆی ناگرێ، هەرچەند نەشبێتە زامین و تۆڵەی کوشتنەکەی نەکەوێتە سەر، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿لَیْسَ لِلْقَاتِلِ مِنْ مَقْتُولِهِ شَیْءٌ﴾ صححه إبن عبدالْبَرّ، مرۆڤکوژ هیچ بەشێکی لە میراتی کوژراوەکەی خۆی نیە.

ئینجا بزانە: جیاوازی نیە کوشتنەکە: بە هەق بێ، یان بە ناهەق، بە خۆشی خۆی بێ، یان بە زۆرلێکردن، بە هەڵەبێ، یان بە قەسدی، بە ویستی خۆی بێ، یان بێ ویستی خۆی: وەک وَقِیلَ إِنْ لَمْ یُضْمَنْ وَرِثَ. وَلَوْ مَاتَ مُتَوَارِثَانِ بِغَرَقٍ أَوْ هَدْمٍ أَوْ فِی غُرْبَةٍ مَعًا أَوْ جُهِلَ أَسْبَقُهُمَا لَمْ یَتَوَارَثَا وَمَالُ کُلٍّ لِبَاقِی وَرَثَتِهِ.

یەکێکی خەوتوو بکەوێتە سەر یەکێک و بیکوژێ، ڕاستەوخۆ بێ، یان بە هۆیەکی دەرەکی: وەک شاهیدی لە سەر بداو بە هۆی شاهیدیەکەی بکوژرێ، هەروەک لە (تحفة)و (شرح الرحبیة)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە (وَقِیلَ إِنْ لَمْ یُضْمَنْ وَرِثَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر کوشتنەکە زامینی نەبێ، ئەوە میرات دەگرێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾ یەکەم: هەر کەسێک پاراستنی شتێکی لە ئەستۆدا بێ: وەک وڵاغێک لێبخوڕێ، یان ڕاییکێشێ، ئەوە ئەگەر بە هۆی ئەو وڵاغە کەسێک بکوژێ میراتی لێناگرێ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی، ئەوەش وادەگەیەنێ: ئەگەر شوفێری ئۆتۆمبێلێک بە ئۆتۆمبێلەکە خزمێکی خۆی بکوژێ، یان لە کاتی لێخوڕین ئۆتۆمبێلەکە وەربگەڕێ و خزمەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکەی بمرن، ئەوە میرات لەو خزمە مردووانەی ناگرێ هەرچەند کەمتەرغەمیشی نەکردبێ، یان بە خۆیشی بە هۆی ئەم ڕوداوە بمرێ، جیاوازی نیە ئۆتۆمبێلەکە: ملکی خۆی بێ، یان نا، چونکە ئەو بووەتە هۆی کوشتن و زامینیش مەرج نیە.

دووەم: وا دەبێ کوژراوەکە میرات لە بکوژەکەی خۆی دەگرێ: وەک برایەک برایەکی خۆی بریندار بکا، ئینجا یەکسەر بەخۆی بمرێ، یان بکوژرێ، ئینجا لە دوای ماوەیەک ئەم برایە بریندارەش بەو برینە بمرێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

قەدەغەی پێنجەم: نەزانینی کاتی مردن، کەوابو: (وَلَوْ مَاتَ مُتَوَارِثَانِ) ئەگەر دووکەس، یان زیاتر—کە میرات لە یەکتری دەگرن— وێکڕا مردن (بِغَرَقٍ) بە هۆی نقومبوون لە ئاودا (أَوْ

هَدْمٍ) یان بە هۆی ڕوخانی‌دیواڕێك، یان چیایەك، یـان بـە هـۆی سـوتان، یـان وەرگـەڕانی ئۆتۆمبیل، یان تەقینەوەی بۆمبێك، یان بە هەر ڕوداوێکی‌تری بە کۆمەڵ (أَوْ فِی‌غُرْبَةٍ مَعًا) یان لە شوێنێکی دوور وولّات وێکڕا مردن (أَوْ) یان جیا جیا مردن بـەڵام (جُهِـلَ أَسْـبَقُهُمَا) نەزاندرا کامەیان پێشتر مردوە، لەو حاڵەتانەدا (لَمْ یَتَوَارَثَا) مردووەکان هیچیان میرات لە یـەکتری نـاگرن، بـە (إجمـاع)ی (صـحابة)ی‌پێغەمبـەرﷺ، چـونکە مـەرجێکی میراتگـرتن ئەمەیە: لە کاتی مردنی‌میراتدەرەکەدا بێگومـان میراتگرەکـە زینـدوو بـێ، هەرچـەند بـە ماوەی چاولێکردنێکیش بێ، هەروەك لە مەرجەکانی میراتگرتندا ڕابرا.

کەواتە: ئەگەر لێرەشدا بزاندرێ کامـەیان بـە مـاوەی چـاولێکردنێك، یـان زیـاتر لـە دوای ئەوی‌تر مردوە، ئەوە دواکەوتووەکە میرات لە پێشکەوتووەکە دەگرێ، چونکە مەرجەکـە هاتۆتە جێ، ئەگەرنا: نا، کەوابو: (وَمَالُ کُلٍّ لِبَاقِی وَرَثَتِـهِ) مـاڵی هـەر یـەکێك لـەو وێکـڕا مردووانەی‌ڕابردوو بۆ میراتگرەکانی‌تریەتی: کە لە کاتی مردنی‌ئەواندا زیندوو بونە، چونکە خوایگەورە زیندووی کردونە میراتگری مردووان.

وَمَنْ أُسِرَ أَوْ فُقِدَ وَانْقَطَعَ خَبَـرُهُ تُرِكَ مَالُـهُ حَتَّى تَقُومَ بَيِّنَةٌ بِمَوْتِهِ أَوْ تَمْضِيَ مُدَّةٌ يَغْلِبُ عَلَى الظَّنِّ أَنَّهُ لاَ يَعِيشُ فَوْقَهَا، فَيَجْتَهِدُ الْقَاضِي وَيَحْكُمُ بِمَوْتِهِ

قەدەغەی‌شەشەم: (اَلدَّوْرُ الْحُكْمِيُّ) خولانەوەی بڕیاری‌شەرعی، کەوابو: هەر کاتێك برایەك دان بهێنێ بە نەژادی کوڕێکی نەناسراو بۆ برا مردووەکەی، ئەوە ئـەم کـوڕە– هەرچـەند دەبێتە کوڕی‌مردووەکە– بەڵام میراتی باوکەکەی نادرێتێ، چـونکە مـەرجی دانهێنەرەکـە ئەوەیە: میراتگر بێ، جا ئەگەر کوڕەکە میرات بگرێ ئەوە برایەکە لە میراتگرایەتی بێبەش دەبێ، هەرکاتێکیش بێبـەش ببـێ دانهێنانەکـەی دروست نابـێو کوڕەکـە نابێتـە کـوڕی مردووەکە، کەواتە: میراتگرتنی‌کوڕەکە دەبێتە هۆی میرات نەگرتنی، هـەروەك لـە باسـی (إقرار)دا ڕابراو لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

قەدەغەی‌حەفتەم: نەبوونی نەژادی شەرعی، کەوابو: ئەو منداڵەی– بە هۆی لەعنەتکردنی ژنو میرد– حاشایی لێکراوە، میرات لە لەعنەتکەرەکەو خزمەکانی لەعنەتکەرەکە ناگرێو ئەوانیش میرات لەوی ناگرن، چونکە نەژادی شەرعیی نیە، هەروەها منداڵی‌ببیژی–کە لـە زینا پەیدا بووە– ئەویش میرات لە زیناکەرەکەو لە خزمەکانی زیناکەرەکە ناگرێو ئەوانیش میرات لەوی ناگرن، چونکە بە هۆی زینـا نـەژاد جـێگیر نابـێ، بـەڵام لـە دایکی‌خۆی‌ـو لـە خوشکو برایەکانی لەدایکیی میرات دەگرێ، هـەروەك لـە (قطرالعـارض)دا فەرموویـەتی، واتە: ئەوانیش میرات لەوی دەگرن؟ چونکە نەژادی لای دایکی بێگومانە.

﴿ هۆیەکان ڕاگرتنی بەشکردنی میرات چوارن ﴾

1–هەر کاتێك گومان لە نەژاددا هەبێ: وەك دووکـەس لـە منـداڵێکی نەناسـراودا ببێتـە

کێشەیانو هیچێکیان بەڵگەی شەرعیی نەبێ، ئەوە واجبە:- لە بارەیمندالّەکە- میراتگرتنو میرات لێگرتن ڕابگیرێ تا ئاشکرا دەبێ مندالّی کامەیانە، هەروەک لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

2-﴿ مەسەلەی (اَلْمَفْقُود) گومبوو ﴾

واتە: هەر کاتێك گومان لە هەبوندا هەبێ: وەك مرۆڤیگومبوو، کەواتە: (وَمَنْ أُسِرَ) هەر کەسێك بە دیل گیرا (أَوْ فُقِدَ) یان گوم بوو (وَانْقَطَعَ خَبَرُهُ) هەوالّی مانو نەمانیشی نەما، ئەوە (تُرِكَ مالُهُ) مالّەکەی ڕادەگیرێو بە سەر میراتگرەکانیدا بەش ناکرێ (حَتَّى) تا بە یەکێك لەم دوو ڕێگایە مردنی ئاشکرا دەکرێ:

یەکەم: (تَقُومَ بَيِّنَةٌ بِمَوْتِهِ) یان دوو پیاو شاهیدی بدەن: بە مردنی گومبووەکە.

دووەم: (أَوْ تَمْضِيَ مُدَّةٌ) یان تا ماوەیەکی وەها ڕادەبرێ: کە (يَغْلِبُ عَلَىالظَّنِّ أَنَّهُ لاَ يَعِيشُ فَوْقَهَا) گومان بەهێز ببێ: ئەو گومبووە مردووەو لەو ماوەیە زیاتر ناژیێ، جا ئەگەر ئەو ماوەیە ڕۆیشت (فَيَجْتَهِدُالْقَاضِي) ئەو کاتە قازی (إجتهاد) دەکاو (وَيَحْكُمُ بِمَوْتِهِ) بڕیار ثُمَّ يُعْطَى مَالُهُ مَنْ يَرِثُهُ وَقْتَ الْحُكْمِ. وَلَوْ مَاتَ مَنْ يَرِثُهُ الْمَفْقُودُ وَقَفْنَا حِصَّتَهُ وَعَمِلْنَا فِيالْحَاضِرِينَ بِالأَسْوَإِ.

بە مردنیگومبووەکە دەدا (ثُمَّ) ئینجا لەدوای بڕیاری قازی بە مردنی، یان لە دوای شاهیدیدانەکە (يُعْطَى مَالُهُ مَنْ يَرِثُهُ وَقْتَ الْحُكْمِ) مالّەکەی بە میرات دەدرێتە ئەوکەسەی لە کاتی بڕیاردانەکەدا، یان لە کاتی شاهیدیدانەکەدا میراتی لێدەگرێ، نەك ئەو کەسەی پێش بڕیاردانەکە، یان پێش شاهیدیدانەکە مردوە.

ئینجا بزانە: ئەوەیڕابردوو لەو کاتەدا بوو: کە قازیو شاهیدەکان تەنها باسی مردنەکەی بکەنو هیچ کاتێکیش بۆ مردنەکەی دیاری نەکەن، بەڵام ئەگەر قازی، یان شاهیدەکان کاتێکیڕابراویان بۆ مردنەکەی دیاری کرد، واتە: گوتیان بە ماوەی ئەوەندە پێش ئێستا مردوە، ئەوە لەو حاڵەتەدا کاتە دیارکراوەکە حیساب دەکرێو بۆ میراتگرتنو بڕیارەکانیتر ڕەچاو دەکرێ، کەواتە: هەر کەسێك لەو کاتە دیارکراوە ڕابراوەدا میراتی لێدەگرت، ئەوە میراتەکەی دەدرێتێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، کەواتە: ئەگەر ئێستا میراتگرەکە بەخۆی نەمابێ، ئەوە بەشە میراتەکەی دەدرێتەوە میراتگرەکانی.

ئینجا بزانە: تا ئێستا باسی گومبوونیمیراتدەرەکە بوو، ئێستاش باسی گومبوونی میراتگرەکە دەکەین، کەوابو: (وَلَوْ مَاتَ مَنْ يَرِثُهُ الْمَفْقُودُ) ئەگەر کەسێکی وەها مرد: کە گومبووەکە میراتی لێدەگرتو بە هیچ ڕێگایەکیش مردنی گومبووەکە ئاشکرا نەکرابو، ئەوە (وَقَفْنَا حِصَّتَهُ) بەشەمیراتی گومبووەکە ڕادەگرین تا حاڵی مانو نەمانی ڕوون دەبێتەوە و(وَعَمِلْنَا فِيالْحَاضِرِينَ بِالأَسْوَإِ) دەرهەق

میراتگرەکانیحازریش بە خراپترین حاڵەت پەفتار دەکەین، واتە: لێرەدا سێ حاڵەت هەنە:
یەکەم: هەر میراتگرێك بە هۆی گومبووەکە بێبەش ببێ، ئەوە ئێستا هیچی نادەینێ تا حاڵی گومبووەکە ئاشکرا دەبێ.
دووەم: هەر میراتگرێك بە هۆی مردنی، یان زیندووەتی گومبووکە بەشەمیراتی نەگۆڕێ، ئەوە بەشە میراتەکەیخۆی بە تەواوی دەدرێتێ.
سێیەم: هەر میراتگرێك بە هۆی مردنی، یان زیندووەتی گومبووەکە بەشی کەم ببێتەوە، ئەوە دەرهەقی وی گومبووەکە بە زیندوو دادەندرێ ئەگەر بە زیندووەتیی بەشی کەم ببێتەوە، یان بەمردوو دادەندرێ ئەگەر بە مردنیی بەشی کەم ببێتەوە، ئەمەش وێنەکانن:
حاڵەتیەکەم: مامێك و مێردو برایەکیگومبووی لەدایكوباوکی، مەسەلەکە لە دووە، چونکە لە حاڵەتی مردنو زیندووەتی گومبووکەدا: نیوەیی–یەکە– بۆ مێردەکەیە، نیوەکەیتریش پادەگیرێ: ئەگەر ئاشکرا بوو لە کاتی مردنیمیراتدەرەکەدا برایەکە زیندوو

.....

منهاج– بەرگیچوارەم–4

بووە، ئەوە گشت نیوەکە بۆ ئەوەو مامەکە میراتدەرەکەدا برایەکەش مردوو بوبێ، ئەوە نیوەکە گشتی بۆ مامەکەیە.
حاڵەتیدووەم: مێردو کیژو کوڕێکیگومبوو: بنچینەی مەسەلەکە لە چوارە، چونکە لە حاڵەتی مردنو زیندووەتی گومبووەکەدا مێردەکە چوارێکی هەیە–کە یەکە– بەشەکەی ناگۆڕێ، جا دەرهەق کیژەکەش وەها خراپترە: کوڕەکە زیندوو بێ، کەوابو: لەو سێیەی ماوەتەوە تەنها یەکێك دەدرێتە کیژەکە بە (قَاعِدة)ی ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾، جا ئەگەر ئاشکرا بوو: کوڕەکە لە کاتی مردنیدایکیدا زیندوو بووە، ئەوە هەر بەو (قَاعِدة)یە دووە پاگیراوەکەی دەدرێتێ، ئەگەر ئاشکرا بوو: لە کاتی مردنیدایکیدا مردوو بووە، ئەوە–لەو دووانە– یەکێکیتریش بە خاوەن بەشی دەدرێتە کیژەکە، تاکو نیوە میراتی بۆ تەواو ببێ، پاشماوەکەش–ئەگەر (بَيْت المال) نەبێ– هەر بۆ کیژەکە پەد دەکرێتەوە، هەروەك پابرا.
حاڵەتیسێیەم: باپیرەو برایەکی لەدایكوباوکیو برایەکیگومبووی تەنها لەباوکی، لێرەدا پێویستە دوو مەسەلە دروست بکرێن، لە بەر ئەوەی دەرهەق باپیرە وەها خراپترە: برا گومبووەکە زیندوو بێ، چونکە لە دژی وی دەژمێردرێ، جا لە بەر ئەوەی لێرەدا سێیەکو هاوبەشی بۆ باپیرە یەکسانن، مەسەلەی زیندووەتیی لە سێیە–کە بەشی باپیرەی لێدەردەچێ– دەرهەق برایەکەش وەها خراپترە: گومبووەکە مردبێ، چونکە باپیرە هاوبەشی لەگەڵ برا حازرەکە دەکاو تەنها نیوەیی دەدرێتێ، بۆیێ مەسەلەکەی مردنیشی لە دووە–کە بەشی برایەکەی لێدەردەچێ– کەواتە: لێرەدا مەسەلەیەکی مردنو مەسەلەیەکی زیندووەتی دروست بون:

جا له بەر ئەوەی هەردوو مەسەلەکان (مُتَباين)ن: تێکنەکەرەوەنو بە سەر یەکتریدا بەش نابن، بۆیێ یەکێکیان لەوێتر دەدەینو لە شەش ساغ دەبنەوە، جا ئەم مەسەلە سێیەمە پێی دەگوترێ: (اَلْجَامِعَة)=کۆکەرەوەی هەر دوو مەسەلەکان، ئینجا دەڵێین: باپیرە لە مەسەلەیزیندووەتی سێیەکی هەبوو، کەوابو: لە کۆکەرەوەکەش سێیەکی دەدرێتی–کە دووە– برایەکەش لە مەسەلەیمردن نیوەی هەبوو، کەوابو، لە کۆکەرەوەکەش نیوەی دەدرێتێ–کەسێ یە– یەکێك دەمێنێتەوە–کە شەشێکە–: ئەگەر ئاشکرا بوو: گومبووەکە لە کاتی مردنیمیراتدەرەکەدا مردوو بووە، ئەوە شەشێکەکە بۆ باپیرەیە، تاکو وەکو برایەکە نیوە ببا بە هاوبەشی، وە ئەگەر ئاشکرا بوو: گومبووەکە لە کاتی مردنی میراتدەرەکەدا زیندوو بووە، ئەوە شەشێکەکەش دەدرێتە بۆ لەدایکوباوکی، گومبووەکەش بێبەش دەبێ، چونکە ئەو تەنها لەباوکییە، بەڵام برایەکە لە دژی باپیرە لەگەڵ خۆیدا ژماردبوی.

وَلَوْ خَلَّفَ حَمْلاً يَرِثُ أَوْ قَدْ يَرِثُ: عُمِلَ بِالأَحْوَطِ فِي حَقِّهِ وَحَقِّ غَيْرِهِ، فَإِنْ انْفَصَلَ حَيًّا لِوَقْتٍ يُعْلَمُ وُجُودُهُ عِنْدَ الْمَوْتِ

﴿ **ئاگاداری** ﴾ یەکەم: ئەوەیڕابردوو وێنەی ئەوە بوو: کە مەسەلەکانی زیدووەتیو مردن (مُتَباين) بن، بەڵام ئەگەر مەسەلەکان (متَوَافِقْ) بون، ئەو کاتە (وفْق)ی یەکێکیان لەوێتر دەدرێو مەسەلە سێیەمەکەی(اَلْجَامِعَة)=کۆکەرەوە دروست دەبێ، وەئەگەر (مُتَدَاخِل) بون، ئەو کاتە زۆرترەکە بە کۆکەرەوە دادەندرێ.

دووەم: ئەو بەشە میراتەی بۆ گومبووەکە ڕاگیراوە، ئەگەر بفەوتێ، لە سەر گشت میراتگرەکان حیساب دەکرێ، کەواتە: هەر کاتێك گومبووەکە هاتەوە، واتە: ئاشکرا بوو لە کاتی مردنیمیراتدەرەکەدا زیندوو بووە، ئەوە واجبە: سەر لەنوێ لە بەشی هەموو میراتگرەکان–بەگۆڕەی میراتەکەیان– بەشە میراتەکەی بۆ دابندرێتەوەو هەم لە گشت بەروبوم و زێدەییەکانی میراتەکەش دەبێتە هاوبەش، بەڵام ئەگەر گومبووەکە نەگەڕاوەو بە هۆی شاهید، یان بە بڕیاریقازی ئاشکرا کرا: کە لە کاتی مردنیمیراتدەرەکەدا مردوو بووە، ئەوە بەشەمیراتەکەی گومبووەکەش دەدرێتەوە میراتگرەکانی مردووەکەییەکەم، واتە: میراتگرەکانی گومبووەکە هیچ مافێکیان لەو بەشەدا نیە، چونکە دەگونجێ گومبووەکە پێش میراتدەرەکەی مردبێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية) حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

3–﴿ **مەسەلەی** (اَلْحَمْل)=**کۆرپەی ناوزگ** ﴾

واتە: هەرکاتێك گومان لە کۆرپەی ناو زگدا هەبێ، کەوابو: (وَلَوْ خَلَّفَ حَمْلاً) ئەگەر مردووەکە کۆرپەیەکی ناو زگی بەجێ هێشت: کە (يَرِثُ) کۆرپەکە لە گشت حاڵەتێکدا

میراتی دەگرت–ئەگەر بە زیندوویی لە دایکی جیا بوباوە–: وەك ژنی خۆی بە ئاوسی لە پاش بەجێ بمێنێ (أَوْ قَدْ يَرِثُ) یان هەندێ جار میراتی دەگرتو هەندێ جاریش نەیدەگرت: وەك ژنەبرایەکی ئاوسی لە پاش بەجێ بمێنێ: ئەگەر کۆرپەکە نێرینە بێ، میرات دەگرێ و ئەگەر مێیینە بێ، میرات ناگرێ، ئەوە (عُمِلَ بِالأَحْوَطِ) بە پارێزکاریترین ڕێگە ڕەفتار دەکرێ (فِي حَقِّهِ وَحَقِّ غَيْرِهِ) دەرهەق کۆرپەکەو دەرهەق میراتگرەکانیتری جگە لە کۆرپەکە–پێش ئەوەی کۆرپەکە لە دایکی جیا ببێتەوە– ئینجا چاوەڕوان دەکەین:

(فَإِنْ انْفَصَلَ حَيًّا) ئەگەر کۆرپەکە هەمووی بە زیندوویی لە دایکیجیا بۆوەو بێگومان گیانی جێگیربووی تێدابو: وەك گریان، یان باوشکان، یان جولاندنی ئەندامێك (لِوَقْتٍ) جیابوونەوەشی لە کاتێکی وەها بوو: کە (يُعْلَمُ وُجُودُهُ عِنْدَ الْمَوْتِ) بزاندرێ ئەم کۆرپەیە لە کاتی مردنیمیراتدەرەکەدا لە ناو زگدا هەبوە: وەك لە مردنیمیراتدەرەکەوە چوار ساڵ کەمتر بڕواو منداڵەکە ببێ، بەو مەرجەی مێردێکیتر سەرجێیی ژنە ئاوسەکەی نەکردبێ، وَرِثَ، وَإِلاَّ فَلاَ، بَيَانُهُ: إِنْ لَمْ يَكُنْ وَارِثٌ سِوَىالْحَمل أَوْ كَانَ مَنْ قَدْ يَحْجُبُهُ وُقِفَ الْمَالُ، وَإِنْ كَانَ مَنْ لاَ يَحْجُبُهُ وَلَهُ مُقَدَّرٌ أُعْطِيَهُ عَائِلاً إِنْ أَمْكَنَ عَوْلٌ كَزَوْجَةٍ حَامِلٍ وَأَبَوَيْنِ، لَهَا ثُمُنٌ وَلَهُمَا سُدُسَانِ عَائِلاَتٌ،

یان شەش مانگ کەمتر بڕواو منداڵەکە ببێ هەرچەند مێردێکیتریش سەرجێیی کردبێ، ئەوە بەو مەرجانە (وَرِثَ) منداڵەکە میرات دەگرێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر کۆرپەکە بە مردوویی لە دایکی جیا بۆوە، یان بەشێکی لاشەی نەهاتبوە دەرەوەو مرد، یان گیانی جێگیربووی تێدا نەبو، یان نەزاندرا لە کاتی مردنیمیراتدەرەکەیدا لە ناو زگدا هەبوە، ئەوە (فَلاَ) کۆرپەکە میرات ناگرێ، چونکە لە حاڵەتی یەکەمو دووەمو سێیەمدا بە نەبوو دادەندرێ، لە چوارەمیشدا لە نەژادی مردووەکە نیە.

(بَيَانُهُ) ڕوونکردنەوەی پارێزکاری لە مەسەلەیکۆرپەدا ئەمەیە: (إِنْ لَمْ يَكُنْ وَارِثٌ سِوَى الْحَمْلِ) ئەگەر جگە لە کۆرپەکە هیچ میراتگرێکیتر نەبێ (أَوْ كَانَ مَنْ قَدْ يَحْجُبُهُ) یان جگە لە کۆرپەکە میراتگریتریش هەبوو، بەڵام بە هۆی کۆرپەکە بێبەش دەبو: وەکو خوشك و برای تەنها لەدایکی، کە بە هۆی کۆرپەیمردووەکە بێبەش دەبن، یان میراتگرێکی وەها هەبوو: کە بە حاڵەتێك بێبەش دەبوو و بەحاڵەتێکیتر بێبەش نابو: وەکو خوشك و برایەکانی لەدایكوباوکی، یان لەباوکی: ئەگەر کۆرپەکە نێر بێ، ئەوان بێبەش دەبن، ئەگەر مێ بێ، بێبەش نابن، ئەوە لەو هەموو وێنانەیڕابرووداو (وُقِفَ الْمَالُ) گشت میراتەکە ڕادەگیرێو بەش ناکرێ، تا کۆرپەکە لە دایکی جیا دەبێتەوە.

(وَإِنْ كَانَ مَنْ لاَ يَحْجُبُهُ) ئەگەر–جگە لە کۆرپەکە– میراتگری وەها هەبوو: کە کۆرپەکە

بێبەشی نەدەکردو (وَلَهُ مُقَدَّرٌ) بەشی دیارکراویشی هەبوو، ئەوە (أُعْطِيَهُ عَائِلا) بەشە دیارکراوەکەی بە (عَوْل)کراوی دەدرێتی (إِنْ أَمْكَنَ عَوْلٌ) ئەگەر (عَوْل) بگونجێ (كَزَوْجَةٍ حَامِلٍ وَأَبَوَيْنِ) وەك ژنێکیئاوس‌و دایك‌و باوکی لە پاش بەجێ بمێنن، مەسەلەکە لە بیست‌و چوارە: بە لێدانی (وِفْق)ی بەشی ژنەکە لە بەشی دایکەکە، بەلام بۆ پاڕێزکاری (عَوْل) دەکرێ بۆبیست‌وحەفت–نەوەك کۆرپەکە دوو کیژ، یان زیاتر بن– (لَهَا ثُمُنٌ) ژنەکە هەشتێکی هەیە–کە سێیە– (وَلِأَبَوَيْهِ سُدُسَانِ) دایك‌و باوکیش دوو شەشێکیان هەیە–کە هەر دووکیان دەکەنە هەشت– هەر یەکەو شەشێکێکیان (عَائِلَاتٌ) هەشتێك‌و شەشێکەکان (عَوْل)کراون، شانزەش ماوەتەوەو ڕادەگیرێ: ئەگەر کۆرپەکە دوو کیژ، یان زیاتر بون، ئەوە گشتی بۆ ئەوانە، وە ئەگەر کۆرپەکە کوڕێك، یان زیاتر، یان کوڕو کیژ بون، ئەو کاتە بەشی ژنەکەو دایك‌و باوك بە بێ (عَوْل) تەواو دەکرێو پاشماوەکەش بۆ منداڵەکانە، بەلام ئەگەر تەنها کیژێك بێ، ئەوە نیوەی بە بێ (عَوْل) دەدرێتێ.

وَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ مُقَدَّرٌ كَأَوْلَادٍ لَمْ يُعْطَوْا، وَقِيلَ أَكْثَرُ الْحَمل أَرْبَعَةٌ، فَيُعْطَوْنَ الْيَقِينَ. وَالْخُنْثَىالْمُشْكِلُ إِنْ لَمْ يَخْتَلِفْ إِرْثُهُ كَوَلَدِ أُمٍّ وَمُعْتِقٍ فَذَاكَ،

ئینجا بزانە: بەو مەسەلەیە دەگوترێ: (اَلْمِنْبَرِيَّة)، چونکە ئیمامی(علی﵁) لە سەر مینبەری مزگەوت ووتاری دەداو ئەو مەسەلەیان لێپرسی‌و ئەوها وەلامیداوە.

دیسان بزانە: ئەگەر کۆرپەکە– لەو مەسەلەیەدا– بە مردوویی لە دایکی جیا ببێتەوە، ئەو کاتە مەسەلەکە دەبێتە یەکێکی (اَلْغَرَّاوَيْن)، کەواتە: دایکەکە سێیەکی پاشماوەکەی دەدرێتێ، بەلام ئەگەر لەو مەسەلەیەدا دایك نەبێ، واتە: تەنها ژنە ئاوسەکەو باوك بن، ئەو کاتەش هەر لە بیست‌و چوارە، بەلام (عَوْل) ناگونجێ، کەوابو: هەشتێکی– سێیە– بۆ ژنەکەو شەشێکی–چوارە– بۆ باوکەکەو حەفدەش دەمێنێتەوە، ئەگەر کۆرپەکە نێرێك، یان زیاتر، یان نێرو مێ بون، ئەوە گشتی بۆ ئەوانە، ئەگەر دوو کیژ، یان زیاتر بون، دووسێیەکیان دەدرێتێ، ئەگەر تەنها کیژێك بێ، نیوەی دەدرێتێ، پاشماوەکەی هەردوو حالەتیش بۆ باوکەکەیە بە (عَصَبَة)یی.

(وَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ مُقَدَّرٌ) ئەگەر میراتگرەکە هیچ بەشێکی دیارکراوی نەبو: (كَأَوْلَادٍ) وەك کیژو کوڕەکانی مردووەکە لەگەلّ کۆرپەی مردووەکە، ئەوە (لَمْ يُعْطَوْا) ئێستا هیچیان نادرێتێ، چونکە ژمارەی ئەو منداڵانەی بە زیندوویی دێنە دەرەوە نازاندرێ (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (أَكْثَرُالْحَمْلِ أَرْبَعَةٌ) زۆرترینی کۆرپەکانی ناو زگ چوارە، کەوابو: (فَيُعْطَوْنَ الْيَقِينَ) منداڵەکان بەشە بێگومانەکەیان دەدرێتێو میراتی چوار منداڵی نێریش ڕادەگیرێ، بۆ وێنە: کوڕێك‌و ژنێکی ئاوسی لە پاش بەجێمان: ئەوە ژنەکە هەشتێکی

دەدرێتێو کوڕەکەش تەنها پێنجێکی پاشماوەکەی دەدرێتێ، ئەوەیترێش ڕادەگیرێ تا کۆڕپەکە دێتەدەرەوە.

ئێنجا بزانە: لە سەردەمی ئێستادا ئامێری وەها هەیە: ژمارەو نێرو مێیایەتی کۆڕپەکە ئاشکرا دەکا، بەڵام بۆیێ میراتەکە ڕادەگیرێ، چونکە—جگە لە خوا— کەسێتر نازانێ: ئەو کۆڕپەیە بە زیندوویی لە دایکی جیا دەبێتەوە، یان بە مردوویی، واتە: مەسەلەی مردنو ژینی کۆڕپەکەش وەکو گومبووی بێهەواڵە، والله أعلم.

4- ﴿ مەسەلەی (اَلْخُنْثَى)=نێرامۆك ﴾

واتە: هەرکاتێك گومان لە نێرایەتێدا هەبێ، کەوابو: (وَالْخُنْثَىالْمُشْكِلُ) نێرامۆکی نائاشکرا: وەك ئەندامی نێرو مێی وێکڕا هەبن، یان تەنها کونێکی هەبێو میزی لێبێتە دەرەوە، ئەوە (إِنْ لَمْ يَخْتَلِفْ إِرْثُهُ) ئەگەر بە نێرو مێیایەتی میراتی نەگۆڕێ (كَوَلَدٍأُمٍّ) وەکو منداڵێکی تەنها لەدایکی: خوشك بێ، یان برا بێ، هەر شەشێکی هەیە (وَمُعْتِقٍ) هەم ئازادکەری کۆیلە، ئەوە (فَذَاكَ) ئاشکرایە گشت بەشە دیارکراوەکەیخۆی دەدرێتێ.

وَإِلاَّ فَيُعْمَلُ بِالْيَقِينِ فِي حَقِّهِ وَحَقِّ غَيْرِهِ وَيُوقَفُ الْمَشْكُوكُ فِيهِ حَتَّى يَتَبَيَّنَ.

(وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر بە نێرو مێیایەتی میراتی دەگوڕا، ئەوە (فَيُعْمَلُ بِالْيَقِينِ) بە بێگومانی ڕەفتار دەکرێ (فِي حَقِّهِ وَحَقِّ غَيْرِهِ) دەرهەق خۆیو دەرهەق میراتگرەکانیتر، واتە: گشتیان بەشە بێگومانەکەیخۆیان دەدرێتێو (وَيُوقَفُ الْمَشْكُوكُ فِيهِ حَتَّى يَتَبَيَّنَ) ئەو بەشەش کە گومانی تێدایە ڕادەگیرێ تا نێرایەتی، یان مێیایەتی نێرامۆکەکە ئاشکرا دەبێ: بە هۆی حەیز، یان (مَنِی)هاتن، یان بە حەز بۆچوونی پیاوان، یان ئافرەتان، یان خەبەردانی خۆی، بەڵام ڕیشو مەمك هاتنو جیاوازی ژمارەی پراسووەکان نابێتە نیشانە، هەروەك لە (مغني)دا فەرموویەتی.

جا ئەمانەش چەند وێنەیەکی ڕەفتارکردنی بێگومانن:

یەکەم: برایەکو منداڵێکی نێرامۆك، دەرهەق برایەکە بە کوڕ دادەندرێو دەرهەقی خۆی بە کیژ دادەندرێ، کەوابو: مەسەلەکە لە دووە—کە نیوەی لێدەردەچێ— چونکە بێگومان نیوەی میراتەکە بۆ نێرامۆکەکەیە، نیوەکەیترێش ڕادەگیرێ: ئەگەر نێر بوو، ئەوە نیوەکەیترێشی دەدرێتێ، بەڵام ئەگەر مێ بوو، ئەو کاتە نیوەکە بۆ برایەکەیە.

دووەم: مامێكو کیژێكو منداڵێکینێرامۆك، دەرهەق مامەکە بە کوڕ دادەندرێو دەرهەقی خۆی بە کیژ دادەندرێو دەرهەق کیژەکەش یەکسانە، کەوابو: مەسەلەکە لە سێیە—کە دووسێیەکی لێدەردەچێ—چونکە بێگومان دووسێیەك بە یەکسانی بۆ کیژەکەو نێرامۆکەکەیە، سسێیەکەیترێش لە نێوان نێرامۆکەکەو مامەکەدا ڕادەگیرێ: ئەگەر کوڕ بوو، ئەوە بۆ خۆیەتی بە (قاعدە)ی ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾و، ئەگەر مێ بوو، ئەو کاتە

بۆ مامەکەیە بە (عَصَبَة)یی.

سێیەم: مێردو باوك و منداڵێکی نێرامۆك، دەرهەق باوکەکە بە کوڕ دادەندرێ و دەرهەقی خۆی بە کیژ دادەندرێ و دەرهەق مێردەکەش هەردوو لای یەکسانە، کەوابو: مەسەلەکە لە دوانزەیە بە لێدانی (وِفْق)ی بەشی مێردەکە لە بەشی باوکەکە: چوارێکی–سێیە– بۆ مێردەکە، شەشێکی–دووە– بۆ باوکەکە، نیوەیشی–شەشە– بۆ نێرامۆکەکە، یەکێکیش دەمێنێتەوە و لە نێوان باوکەکەو نێرامۆکەکەدا ڕادەگیرێ: ئەگەر کوڕ بوو، ئەوە بۆ خۆیەتی بە (عَصَبَة)یی، ئەگەر کیژ بوو، ئەویش بۆ باوکەکەیە بە (عَصَبَة)یی.

ئینجا بزانە: لێرەشدا–وەکو مەسەلەی‌گومبوو– حاڵەتی واهەیە: دوو مەسەلە دروست دەکرێن: نێر، مێ. ئینجا ئەگەر هەردوو مەسەلەکان (مُتَبَاِین) بون، ئەوە یەکێکیان لەوی‌تر دەدرێ، ئەگەر (مُتَوَافِق) بون، ئەوە (وَفْق)ی یەکێکیان لەوی‌تر دەدرێ، ئینجا بەو لێدانە گەیشتنە چەند، ئەوە مەسەلەکەی (اَلْجَامِعَة)=کۆکەرەوە دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر (مُتَدَاخِل) بون، ئەو کاتە زۆرتر کە بە کۆکەرەوە دادەندرێ، ئینجا لە مەسەلەی وَمَنْ اِجْتَمَعَ فِيهِ جِهَتَا فَرْضٍ وَتَعْصِيبٍ كَزَوْجٍ هُوَ مُعْتِقٌ أَوْ اِبْنُ عَمٍّ وَرِثَ بِهِمَا. قُلْتُ: فَلَوْ وُجِدَ فِي نِكَاحِ الْمَجُوسِ أَوِ الشُّبْهَةِ بِنْتٌ هِيَ أُخْتٌ

کۆکەرەوەش هەر میراتگرێك–بەگوێرەی زەرەر– بەشە میراتە کەمترەکەی دەدرێتێ، هەروەك لە (الأنوار)دا فەرموویەتی.

بۆوێنە: کوڕێك و منداڵێکی نێرامۆك، دەرهەق کوڕەکە بە کوڕ دادەندرێ، کەوابو: مەسەلەی نێرایەتیی لە دووەو بێگومان کوڕەکە نیوەی دەدرێتێ، بەڵام دەرهەقی خۆی بە کیژ دادەندرێ، کەوابو: مەسەلەی مێیایەتیی لە سێیە، چونکە بێگومان نێرامۆکەکە سێیەکی دەدرێتێ، جا لە بەر ئەوەی هەردوو مەسەلەکان (مُتَبَاین)ن، یەکێکیان لەوی‌تر دەدەین و مەسەلەکەی (اَلْجَامِعَة)=کۆکەرەوە لە شەش دروست دەبێ: کوڕەکە لە مەسەلەی نێرایەتی نیوەی هەبوو، کەوابو: لە کۆکەرەوەکەش نیوەی دەدرێتێ–کە سێیە– نێرامۆکەکەش لە مەسەلەی مێیایەتی سێیەکی هەبوو، کەوابو لە کۆکەرەوەکەش سێیەکی دەدرێتێ–کە دووە– یەکێکیش دەمێنێتەوە: ئەگەر کوڕ بوو، ئەوە بۆ خۆیەتی تاکو وەکو برایەکەی نیوەیی تەواو ببێ، وە ئەگەر کیژ بوو، ئەو کاتە یەکەکە دەدرێتە کوڕەکە تاکو بەشی ببێتە دووهەندی کیژەکە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر نێرامۆکەکە بە نائاشکرایی مرد و ژن نەبۆوە ئایا نێرە، یان مێیە؟ ئەوە هیچ چارەمان نیە، تەنها سولح کردن نەبێ: لە نێوان میراتگرەکاندا، واتە: هەندێکیان چاوپۆشی لە بەشی‌خۆیان بکەنو بە وانی‌تری ببەخشن، بەڵام لەو حاڵەتەدا بۆ سەرپەرشتکاری شێتو منداڵ دورست نیە: لە ئەندازەی مافی‌خۆیان کەمتریان بۆ

وەربگرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

﴿ میراتگرتن لە دوو لاوە ﴾

(وَمَنْ اِجْتَمَعَ فِيهِ جِهَتَا فَرْضٍ وَتَعْصِيبٍ) هەر میراتگرێك هەردوو لای خاوەن بەشێو میراتگرایەتی پشتێی وێكڕا تێداكۆ بونەوە: (كَزَوْجٍ) وەكو میردێكی وەها: كە (هُوَ مُعْتِقٌ) ئازادكەری ژنە مردووەكەی بێ (أَوْ ابْنُ عَمٍّ) یان كوڕە مامی ژنە مردووەكەی بێ، یان وەك برایەكی تەنها لەدایكی: كە كوڕەمامیمردووەكە بێ، ئەوە (وَرِثَ بِهِمَا) بە هەردوو لایەكان میرات لە مردووەكەی دەگرێ، واتە: میردەكە نیوەیی بە ژنو میردایەتیو پاشماوەكەش بە میراتگرایەتی پشتێ، برایەكەش شەشێك بە خاوەن بەشێو پاشماوەكەش بە میراتگرایەتی پشتێ، هەروەك لە دوای ئێرە دێ.

(قُلْت) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (فَلَوْ وُجِدَ فِی نِكَاحِ الْمَجُوسِ أَوِ الشُّبْهَةِ) ئەگەر لە ژن هێنانی مەگۆشەكاندا، یان لە جیماعی بە هەڵەدا وەها پوێدا: (بِنْتٌ هِيَ أُخْتٌ) دایكێك كیژێكی هەبوو و لە هەمان كاتیشدا كیژەكە خوشكیخۆی بوو تەنها لەباوكی: وەك جیماع وَرِثَتْ بِالْبُنُوَّةِ، وَقِيلَ بِهِمَا وَاللَّهُ أَعْلَمُ، وَلَوْ اِشْتَرَكَ اثْنَانِ فِی جِهَةِعُصُوبَةٍ وَزَادَ أَحَدُهُمَا بِقَرَابَةٍأُخْرَى كَابْنَيْ عَمٍّ أَحَدُهُمَا أَخٌ لأُمٍّ فَلَهُ السُّدُسُ وَالْبَاقِی بَيْنَهُمَا، فَلَوْ كَانَ مَعَهُمَا بِنْتٌ فَلَهَا نِصْفٌ وَالْبَاقِی بَيْنَهُمَا سَوَاءٌ، وَقِيلَ يَخْتَصُّ بِهِ الأَخُ، وَمَنْ اِجْتَمَعَ فِيهِ جِهَتَا فَرْضٍ وَرِثَ بِأَقْوَاهُمَا فَقَطْ، وَالْقُوَّةُ: بِأَنْ تَحْجُبَ إِحْدَاهُمَاالأُخْرَى أَوْ لاَ تُحْجَبَ أَوْ تَكُونَ أَقَلَّ حَجْبًا،

لەگەڵ كیژەكەی خۆی بكاو لەو جیماعە كیژێكی لێبێ، ئەم كیژە بچوكە: هەم كیژی كیژەگەورەكەیەو هەم خوشكی تەنها لەباوكیەتی، كەواتە: هەر كاتێك كیژە گەورەكە بمرێ، ئەوە (وَرِثَتْ بِالْبُنُوَّةِ) كیژە بچوكەكە تەنها بە كیژایەتی میرات لە دایكی دەگرێ، چونكە بەهێزترە (وَقِيلَ بِهِمَا) لە فەرمودەیەكی بێهێزدا: بە كیژایەتیو بە خوشكایەتی میرات دەگرێ (وَاللَّهُ أَعْلَمُ)، بەڵام ئەگەر بچوكەكە بمرێ، ئەو كاتە گەورەكە تەنها بە دایكایەتی میراتی لێدەگرێ، نەك بە خوشكایەتی، واتە: چونكە گەورەكەش دایكی بچوكەكەیەو هەم خوشكی لەباوكیەتی، هەروەك لە (الشرواني)دا پوون كراوەتەوە.

(وَلَوْ اِشْتَرَكَ اِثْنَانِ) ئەگەر دوو میراتگر هاوبەش بون (فِی جِهَةِ عُصُوبَةٍ) لە لایەكی میراتگرایەتیپشتێدا، بەڵام (وَزَادَ أَحَدُهُمَا بِقَرَابَةٍ أُخْرَى) یەكێكیان خزمایەتیەكی زیاتری لەوێتر هەبوو (كَإِبْنَيْ عَمٍّ أَحَدُهُمَا أَخٌ لأُمٍّ) وەكو دوو كوڕەمامیمردووەكە یەكێكیان بۆ لەدایكیی بێ: وەك بێوەژنێك–كوڕێكی هەبێو– میرد بە برایمیردەكەی بكاتەوە، جا لەم میردەش كوڕێكیتری ببێ، میردەكەی دووەمیش كوڕێكیتری لە ژنێكیتر هەبێ، ئینجا كوڕی لە میردەكۆنەكەی بمرێ، ئەوە لەو مەسەلەیەدا (فَلَهُ السُّدُسُ) لەو دوو كوڕەمامە ئەوەی بۆ لە دایكیەیە شەشێكی هەیە بەخاوەن بەشیو (وَالْبَاقِي بَيْنَهُمَا)

پاشماوەکەش لە نێوان هەردووکیان–بە یەکسانی– بە میراتگرایەتی پشتێ.
بەڵام (وَلَوْ كَانَ مَعَهُمَا بِنْتٌ) ئەگەر ئەو دوو کوڕەمامە کێژێکیمردووەکەیان لەگەڵدا بێ، ئەو کاتە (فَلَهَا نِصْفٌ) کێژەکە نیوەی هەیەو (وَالْبَاقِي بَيْنَهُمَا سَوَاءٌ) پاشماوەکەش لە نێوان هەردوو کوڕەمامەکەدا بەش دەکرێ بە یەکسانی، چونکە لای برایەتی لەدایکیی بە هۆی کێژەکە بێبەش بووە (وَقِيلَ يَخْتَصُّ بِهِ الأَخُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: پاشماوەکە تایبەتە بە برایەکە، چونکە هەرچەند بێبەشیش بووە، بەڵام خزمایەتیی بەهێزترە.
(وَمَنْ اجْتَمَعَ فِيهِ جِهَتَافَرْضٍ) هەر میراتگرێك دوو لای خاوەن بەشیی تێدا کۆ بوبنەوە، ئەوە (وَرِثَ بِأَقْوَاهُمَا فَقَطْ) تەنها بە بەهێزترەکەیان میرات دەگرێ (وَالْقُوَّةُ) بەهێزتریش بە یەکێك لەم سێ کارە دەزاندرێ، یەکەم: (بِأَنْ تَحْجُبَ إِحْدَاهُمَاالأُخْرَى) لایەك لایەکەیتر قەدەغە بکا: لە گشت میراتەکە، یان لە بەشێکیمیراتەکە. دووەم: (أَوْ لاَ تُحْجَبَ) یان لایەکە هیچ کاتێك بێبەش نەبێ، سێیەم: (أَوْ تَكُونَ أَقَلَّ حَجْبًا) یان لایەکە کەمتر بێبەش ببێ:
فَالأَوَّلُ: كَبِنْتٍ هِيَ أُخْتٌ لأُمٍّ بِأَنْ يَطَأَ مَجُوسِيٌّ أَوْ مُسلِمٌ بِشُبْهَةٍ أُمَّهُ فَتَلِدُ بِنْتًا. وَالثَّانِي: كَأُمٍّ هِيَ أُخْتٌ لأَبٍ بِأَنْ يَطَأَ بِنْتَهُ فَتَلِدُ بِنْتًا، وَالثَّالِثُ: كَأُمٍّ أُمٍّ هِيَ أُخْتٌ بِأَنْ يَطَأَ هَذِهِ الْبِنْتَ الثَّانِيَةَ فَتَلِدُ وَلَدًا فَالأُولَى أُمُّ أُمِّهِ وَأُخْتُهُ. (فَصْلٌ) إِنْ كَانَتِ الْوَرَثَةُ عَصَبَاتٍ قُسِّمَ الْمَالُ بِالسَّوِيَّةِ إِنْ تَمَحَّضُوا ذُكُورًا أَوْ إِنَاثًا، وَإِنْ اجْتَمَعَ الصِّنْفَانِ قُدِّرَ كُلُّ ذَكَرٍ أُنْثَيَيْنِ

(فَالأَوَّلُ) وێنەیەکەم: (كَبِنْتٍ هِيَ أُخْتٌ لأُمٍّ) وەك کێژێك خوشکی تەنها لەدایکی بێ (بِأَنْ يَطَأَ مَجُوسِيٌّ أَوْ مُسْلِمٌ بِشُبْهَةٍ أُمَّهُ) وەك مەگۆشێك بە مارەکردن، یان موسوڵمانێك بە هەڵە جیماع لەگەڵ دایکیخۆی بکا (فَتَلِدُ بِنْتًا) ئینجا دایکەکش لەم جیماعە کێژێکی ببێ، ئەم کێژە تەنها بە کێژایەتی میرات لە جیماعەکەوەکە دەگرێ– نەك بە خوشکایەتی لەدایکی– چونکە لایەنیکێژایەتی لایەنیخوشکایەتی لەدایکی بێبەش دەکا.
(وَالثَّانِي) وێنەیدووەم: (كَأُمٍّ هِيَ أُخْتٌ لأَبٍ) وەکو دایکێك خوشکی لە باوکی بێ: (بِأَنْ يَطَأَ بِنْتَهُ) وەك مەگۆشەکە بە مارەکردن، یان موسوڵمانەکە بە هەڵە جیماع لەگەڵ کێژی خۆی بکا (فَتَلِدُ بِنْتًا) ئینجا کێژەکە لەم جیماعە کێژێکی ببێ، ئەوە کێژە گەورەکە تەنها بە دایکایەتی میرات لەم کێژە دەگرێ– نەك بە خوشکایەتی لەباوکی– چونکە دایك هیچ کاتێك بێبەش نابێ.
(وَالثَّالِثُ) وێنەیسێیەم: (كَأُمِّ أُمٍّ هِيَ أُخْتٌ) وەکو دایکیدایك خوشکی لەباوکی بێ (بِأَنْ يَطَأَ هَذِهِ الْبِنْتَ الثَّانِيَةَ) وەك مەگوشەکەیبرابردوو، یان موسوڵمانەکەیبرابردوو جیماع لەگەڵ ئەم کێژە دووەمەش بکا (فَتَلِدُ وَلَدًا) ئینجا کێژە دووەمەکەش لەم جیماعە مندالێکی ببێ،

ئەوە (فَالأُولَى) كیژە گەورەكە (أُمُّ أُمِّهِ) دایكیدایكی ئەم منداڵە سێیەمەیەو هەم (وَأُخْتُهُ) خوشكی لە باوكیەتی، كەواتە: ئەگەر ئەم منداڵە سێیەمە بمرێ، ئەوە یەكەمەكە بە داپیرایەتی میراتی لێدەگرێ- نەك بە خوشكایەتی- چونكە داپیرە كەمتر بێبەش دەبێ.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی دروستكردنی** (أُصُولُ الْمَسَائِلِ) **بنچینەی مەسەلەكان** ﴾

(إِنْ كَانَتْ الْوَرَثَةُ عَصَبَاتٍ) ئەگەر میراتگرەكان گشتیان (عَصَبَة)=میراتگری پشتێ بوون و هیچ خاون بەشێكیان لەگەڵدا نەبو، ئەوە(قُسِّمَ الْمَالُ بِالسَّوِيَّةِ) میراتەكە بە یەكسانی لە نێوانیاندا بەش دەكرێ (إِنْ تَمَحَّضُوا ذُكُورًا) ئەگەر تەنها نێرینە بن: وەك سێ كوڕ، یان سێ برا (أَوْ إِنَاثًا) یان مێیینە بن: وەك سێ ئافرەت وێكڕا كۆیلەیەكیان ئازاد كردبێ.

بەڵام (وَإِنْ اِجْتَمَعَ الصِّنْفَانِ) ئەگەر هەردوو جۆرەكانی نەژاد وێكڕا كۆ بونەوە: وەكو خوشك و برا، یان كوڕو كیژ، ئەو كاتە (قُدِّرَ كُلُّ ذَكَرٍ أُنْثَيَيْنِ) هەر نێرینەیەك بە دوو مێیینە دادەندرێ، چونكە بە فەرموودەی خوایگەورە: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾ نێرینە وەك بەشی دوومێیینەی هەیە.

وَعَدَدُ رُؤُوسِ الْمَقْسُومِ عَلَيْهِمْ أَصْلُ الْمَسْأَلَةِ، وَإِنْ كَانَ فِيهِمْ ذُو فَرْضٍ أَوْ ذَوا فَرْضَيْنِ مُتَمَاثِلَيْنِ فَالْمَسْأَلَةُ مِنْ مَخْرَجِ ذَلِكَ الْكَسْرِ: فَمَخْرَجُ النِّصْفِ اِثْنَانِ وَالثُّلُثِ ثَلاَثَةٌ وَالرُّبُعِ أَرْبَعَةٌ وَالسُّدُسِ سِتَّةٌ وَالثُّمُنِ ثَمَانِيَةٌ.

ئینجا (وَعَدَدُ رُءُوسِ الْمَقْسُومِ عَلَيْهِمْ) ژمارەی سەری ئەو كەسانەی میراتەكەیان بە سەردا بەش دەكرێ، پێی دەگوترێ: (أَصْلُ الْمَسْأَلَةِ)=بنچینەی مەسەلەكە. بۆ وێنە: كوڕێك و كیژێك، بنچینەی مەسەلەكەیان لە سێیە. دوو كوڕو كیژێك، بنچینەی مەسەلەكەیان لە پێنجە. دوو خوشك و برایەك، بنچینەی مەسەلەیان لە چوارە ...بەو جۆرە.

(وَإِنْ كَانَ فِيهِمْ ذُوفَرْضٍ) ئەگەر لە میراتگرەكاندا خاوەن بەشێك هەبێ (أَوْ ذَوَا فَرْضَيْنِ مُتَمَاثِلَيْنِ) یان دوو خاوەن بەشی هاووێنە هەبون: كە لە لێدەرچووی بەشەكانیاندا هاووێنە بون: وەك مێرد و خوشكێكی لەباوكی، هەر یەكەو نیوەیەكیان هەیە، هەم وەك دایكو برایەكی لەدایكیو برایەكی لەباوكی، دایكو برا لەدایكیەكە هەر یەكەو شەشێكیان هەیە، ئەوە (فَالْمَسْأَلَةُ) بنچینەی مەسەلەكە- لە حاڵەتی خاوەن بەشێكو دوو خاوەن بەشی هاووێنەدا- (مِنْ مَخْرَجِ ذَلِكَ الْكَسْرِ) لە لێدەرچووی ئەو پارچەیە دروست دەبێ، واتە: كەمترین ژمارە كە ئەو پارچەیەی بە ساغی لێدەربچێ، ئەوە لێدەرچووی بەشە میراتەكەیەو دەبێتە بنچینەی مەسەلەكە.

جا مەبەستیش بە پارچەكە-لێرەدا- ناوی بەشە میراتەكەیە، كەوابو: (فَمَخْرَجُ النِّصْفِ اِثْنَانِ) لێدەرچووی نیوەیی ژمارە دووە، چونكە كەمترەین ژمارە-كە نیوەیی ساغی هەبێ- ژمارە دووە (وَالثُّلُثِ ثَلاَثَةٌ) لێدەرچووی سێیەك ژمارە سێیە، چونكە كەمترین

ژمارە–کە سێیەکی ساغی هەبێ– سێیە (وَالرُّبُعِ أَرْبَعَةٌ) لێدەرچووی چوارێك چوارە، چونکە کەمترین ژمارە–کە چوارێکی ساغی هەبێ– چوارە، هەروەها (وَالسُّدُسِ سِتَّةٌ) لێدەرچووی شەشێك شەشە (وَالثُّمُنِ ثَمَانِيَةٌ) لێدەرچووی هەشتێك هەشتە، کەواتە: بنچینەی مەسەلەکەی دایکو برایەکانیڕابردوو، بەم شێوەیەیە:

6. میراتگر ——— دایك، برای لەدایکی، برای لەباوکی.

1 ×. بەشەمیرات ——— شەشێك، شەشێك، پشتێیە.

6÷ ——— 1 + 1 + 4 = 6.

ئینجا بزانە: وا دەبێ: ئەو ژمارانە زیاتر لە پارچەیەکیان هەیە: وەك ژمارە چوار: نیوەیی و چوارێکی هەیە، شەش: نیوەیی و سێیەکو شەشێکی هەیە، هەشت: نیوەیی و چوارێکو هەشتێکی هەیە.

بەڵام بۆ دروستکردنی مەسەلەکان ووردترین پارچە ڕەچاو دەکرێ، هەروەك لە (الشرواني)دا فەرموویەتی.

وَإِنْ كَانَ فَرْضَانِ مُخْتَلِفَاالْمَخْرَجِ: فَإِنْ تَدَاخَلَ مَخْرَجَاهُمَا فَأَصْلُ الْمَسْأَلَةِ أَكْثَرُهُمَا كَسُدُسٍ وَثُلُثٍ، وَإِنْ تَوَافَقَا ضُرِبَ وَفْقُ أَحَدِهِمَا فِي الآخَرِ وَالْحَاصِلُ أَصْلُ الْمَسْأَلَةِ كَسُدُسٍ وَثُمُنٍ فَالأَصْلُ أَرْبَعَةٌوَعِشْرُونَ، وَإِنْ تَبَايَنَا ضُرِبَ كُلٌّ فِي كُلٍّ وَالْحَاصِلُ اَلأَصْلُ

(وَإِنْ كَانَ فَرْضَانِ مُخْتَلِفَاالْمَخْرَجِ) ئەگەر لە مەسەلەکەدا دوو بەشە میرات هەبون: کە لێدەرچووەکانیان لێك جیاواز بون: بە زۆری و کەمی، ئەو کاتە هەردووك ژمارەکان: یان (مُتَدَاخِل)ن، واتە: تێکڕاچوون، یان (مُتَوَافِق)ن: واتە: تێککەرەوەن، یان (مُتَبَايِن)ن، واتە: ڕێکنەکەوتوون.

کەوابو: (فَإِنْ تَدَاخَلَ مَخْرَجَاهُمَا) ئەگەر لێدەرچووی هەردوو بەشەکان (مُتَدَاخِل)=تێکڕاچوو بون –چونکە کەمترەکە دەچووە ناو زۆرترەکە– ئەو کاتە (فَأَصْلُ الْمَسْأَلَةِ أَكْثَرُهُمَا) بنچینەی مەسەلەکە ژمارە زۆرترەکەیە (كَسُدُسٍ وَثُلُثٍ) وەکو شەشێکو سێیەك، لە مەسەلەی مامو دایکو برایەکی لەدایکیدا: دایك سێیەکی هەیە، برایەکەش شەشێکی هەیە، شەشو سێ (مُتَدَاخِل)ن، چونکە سێ دەچێتە ناو شەش، شەش ژمارە زۆرترەکەیە، بۆیێ شەش دەکرێتە بنچینەی مەسەلەکە، چونکە سێیەکیشی تێدایە، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— دایك، برای لەدایکی، مام.

1 ×. بەشەمیراتگر ——— سێیەك، شەشێك، پشتێیە.

6 ÷ ——— 2 + 1 + 3 = 6.

(وَإِنْ تَوَافَقَا) ئەگەر ژمارەکان (مُتَوَافِق)=تێککەرەوە بون، واتە: بە بەشێك لە بەشەکانیان تێکیان دەکردەوە، ئەو کاتە (ضُرِبَ وَفْقُ أَحَدِهِمَا فِيالآخَرِ) بەشە تێککەرەوەی یەکێکیان

لە تەواوی ئەوی‌تر دەدرێ (وَالْحَاصِلُ) ئەو ژمارەیەی لەو لێدانە دروست دەبێ، ئەوە (أَصْلُ الْمَسْأَلَةِ)=بنچینەی مەسەلەکەیە (كَسُدُسٍ وَثُمُنٍ) وەکو شەشێك‌و هەشتێك لە مەسەلەی دایك‌و ژن‌و کوڕێك: دایك شەشێکی هەیە، ژنەکە هەشتێکی هەیە، شەش‌و هەشت لە نیوەیی‌دا (مُتَوافِق)ن‌و تێك دەکەنەوە، واتە: هەر دووك نیوەی ساغیان هەیە، بۆیێ نیوەی یەکێکیان لە تەواوی ئەوی‌تر دەدەین (فَالأَصْلُ أَرْبَعَةٌ وَعِشْرُونَ) بنچینەی مەسەلەکە بیست‌و چوارە، بەم شێوەیە:

8. میراتگر ——— دایك، ژن، کوڕ.

3 ×. بەشەمیرات ——— شەشێك، هەشتێك، پشتێیە.

24 ÷ ——— 4 + 3 + 17 = 24.

(وَإِنْ تَبَايَنَا) ئەگەر ژمارەکان (مُتَبايِن)=ڕێکنەکەوتوو بون، واتە: بە هیچ بەشێکیان تێکیان نەدەکردەوە، ئەو کاتە (ضُرِبَ كُلٌّ فِي كُلٍّ) تەواوی یەکێکیان لە تەواوی ئەوی‌تر دەدرێ (وَالْحَاصِلُ الأَصْلُ) ئەو ژمارەیەی لەو لێدانە دروست دەبێ، ئەوە (أَصْل الْمَسْأَلَة)= كَثُلُثٍ وَرُبُعٍ فَالأَصْلُ اِثْنَاعَشَرَ، فَالأُصُولُ سَبْعَةٌ: اِثْنَانِ وَثَلاَثَةٌ وَأَرْبَعَةٌ وَسِتَّةٌ وَثَمَانِيَةٌ وَاِثْنَاعَشَرَ وَأَرْبَعَةٌ وَعِشْرُونَ. وَالَّذِي يَعُولُ مِنْهَا:

بنچینەی مەسەلەکەیە (كَثُلُثٍ وَرُبُعٍ) وەکو سێیەك‌و چوارێك، لە مەسەلەی دایك‌و ژن‌و برایەکی لەدایك‌و باوکی‌دا: دایك سێیەکی‌هەیە، ژنەکە چوارێکی هەیە، سێ‌و چوار (مُتَبَاين)ن‌و بە هیچ بەشێکیان تێك ناکەنەوە، بۆیێ سێ لە چوار دەدەین‌و (فَالأَصْلُ اثْنَاعَشَرَ) بنچینەی مەسەلەکە دوانزەیە، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——— دایك، ژن، برا.

3 ×. بەشەمیرات ——— سێیەك، چوارێك، پشتێیە.

12 ÷ ——— 4 + 3 + 5 = 12.

(فَالأُصُولُ سَبْعَةٌ) کۆی بنچینەکانی ئەو مەسەلانەی بەشە میراتەکانیان لێدەردەچن حەفتن: (اِثْنَانِ) دوو (وَثَلاَثَةٌ) سێ (وَأَرْبَعَةٌ) چوار (وَسِتَّةٌ) شەش (وَثَمَانِيَةٌ) هەشت (وَاِثْنَاعَشَرَ) دوانزە (وَأَرْبَعَةٌ وَعِشْرُونَ) بیست‌وچوار.

جا ئەو بنچینانەش: یان لە بەشێکی بە تەنها دروست دەبن، یان لە دوو بەشی هاوونێنە، یان تێکڕاچوو، یان تێککەرەوە، یان ڕێکنەکەوتوو، هەروەك ڕابرا.

بەڵام چەند زانایەك دوو بنچینەی‌تریشیان زیاد کردوە لە مەسەلەکانی باپیرەو برایەکاندا: یەکەم: هەژدە، وەك پێنج براو دایك‌و باپیرە، چونکە کەمترین ژمارە کە شەشێك‌و سێیەکی پاشماوەکەی هەبێ: هەژدەیە.

دووەم: سی‌و شەش، وەك حەفت براو ژنێك‌و دایك‌و باپیرە، چونکە کەمترین ژمارە کە

چواریٚكو شەشیٚكو سیٚیەكی پاشماوەكەی هەبیٚ: سیو شەشە، كەواتە: هەژدە بنچینەی گشت مەسەلەیەكە: كە شەشیٚكو سیٚیەكی پاشماوەكەی تیٚدابیٚ، سیو شەشیش بنچینەی گشت مەسەلەیەكە: كە چواریٚكو شەشیٚكو سیٚیەكیپاشماوەی تیٚدابیٚ، جا ئەو فەرموودەیە پاستترو هەلٚبژاردراوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

﴿ باسی (عَوْل)ی مەسەلەكان ﴾

پیٚناسە: (عَوْل) زیٚدەكردنیٚكە لە ژمارەی بەشە میراتەكانداو كەمكردنیٚكە لە ئەندازەی بەشی میراتگرەكاندا.

(وَٱلَّذِی یَعُولُ مِنْهَا) ئەوەی (عَوْل) دەكریٚ لەو بنچینانەیپابردوو، سیٚیانن: شەش، دوانزە، بیستوچوار. چونكە بەشە میراتەكان لە بنچینەی مەسەلەكان زیاتر دەبن، بۆیٚ مەسەلەكە بۆ ئەو بەشانە بەرز دەكریٚتەوە، بەلاّم بە هۆی (عَوْل) گشت میراتگریٚك لە مەسەلەكەدا كەمبوونەوەیەكی بەشەكەی دەیگریٚتەوە بەگوێرەی بەشەكەی خۆی، واتە: بەشەكەی لە چەند یەك پیٚك هاتبیٚ ئەوە هەر یەكیٚك بە نیسبەتی (عَوْل) پیٚكراوەكە لیٚی كەم دەبیٚتەوە: اَلسِّتَّةُ إِلَی سَبْعَةٍ كَزَوْجٍ وَأُخْتَیْنِ، وَإِلَی ثَمَانِیَةٍ كَهُمْ وَأُمٍّ، وَإِلَی تِسْعَةٍ كَهُمْ وَأَخٍ لأُمٍّ، وَإِلَی عَشَرَةٍ كَهُمْ وَآخَرَ لأُمٍّ،

بۆ وێنە: ئەگەر شەش (عَوْل) بكریٚ بۆ حەفت، ئەوە هەر یەكیٚك لەو شەش یەكانەی ژمارە شەشیان لیٚپیٚك دیٚ بە ئەندازەی حەفتیٚكیٚك لیٚیان كەم دەبیٚتەوە.

ئینجا بزانە: بە (إجماع)ی (صحابة)كان لە سەردەمی ئیمامی(عمر)دا بە ئاماژەی ئیمامی (عباس)رضی الله عنهم ئەو (عَوْل)كردنە داندرا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

بنچینەیەكەم: (اَلسِّتَّةُ) شەشە، چوار جار (عَوْل) دەكریٚ بە تاكو بە جووت تا دەگاتە دە: (إِلَی سَبْعَةٍ) جاریٚك (عَوْل) دەكریٚ بۆ حەفت (كَزَوْجٍ وَأُخْتَیْنِ) وەكو میٚردو دوو خوشك، میٚردەكە نیوەی هەیە–كە سیٚیە– خوشكەكانیش دووسیٚیەكیان هەیە–كە چوارە– جا لە بەر ئەوەی كۆی بەشە میراتەكان لە بنچینەی مەسەلەكە زیاترە، بۆیٚ بە شەشیٚكی مەسەلەكە (عَوْل) دەكریٚ بۆ حەفت، كەواتە: شەشیٚكیٚك زیاد كراوە، بەلاّم هەر شەشیٚكیٚكیش حەفتیٚكیٚكی لیٚ كەم بۆتەوە، واتە: میٚردەكە سیٚ شەشیٚكی هەیەو سیٚ حەفتیٚكی لیٚ كەم بۆتەوە، خوشكەكانیش چوار شەشیٚكیان هەیەو چوار حەفتیٚكیان لیٚ كەم بۆتەوە، هەروەك لە (البجیرمي)دا ڕوون كراوەتەوە، ئەمەش شیٚوەی (عَوْل)كردنەكەیە:

3. میراتگر ——— میٚرد، دوو خوشك.

2 ×. بەشەمیرات ——— نیوە، دووسیٚیەك.

6 ÷ ——— 3 + 3 شەشیٚكیٚكی كەمە = 6.

1 + ——— (عَوْل) بە شەشیٚكیمەسەلەكە.

7 ÷ ——————— 3 + 4 = 7.

(وَإِلَى ثَمَانِيَةٍ) جارێکی‌تر (عَوْل) دەکرێ بۆ هەشت (كَهُمْ وَأُمّ) وەکو ئەو سێ میراتگرانەو دایك: مێردەکە نیوەی هەیەو خوشکەکان دووسێیەکیان هەیەو دایکیش شەشێکی هەیە –کە یەکە– جا بەشە میراتەکان لە بنچینەی مەسەلەکە زیاترن، بۆیێ بە سێیەکی مەسەلەکە (عَوْل)ی دەکەین بۆ هەشت، سێیەکێك زیاد دەبێو هەر یەکێکیش هەشتێکێکی لێ کەم دەبێتەوە، وەك ڕوونمان کردەوە.

(وَإِلَى تِسْعَةٍ) جارێکی‌تریش (عَوْل) دەکرێ بۆ نۆ (كَهُمْ وَآخٍ لأُمّ) وەکو ئەو چوار میراتگرانەو برایەکی لەدایکی: مێرد نیوەی هەیەو خوشکەکان دووسێیەکو دایك شەشێکو برایەکەش شەشێك، بەشەمیراتەکان لە بنچینەی مەسەلەکە زیاترن، بۆیێ بە نیوەی مەسەلەکە (عَوْل) دەکرێ بۆ نۆ، جا هەر یەکێك نۆیەکێکی لێ کەم دەبێتەوە.

(وَإِلَى عَشَرَةٍ) جارێکی‌تریش (عَوْل) دەکرێ بۆ دە (كَهُمْ وَآخَرَ لأُمٍ) وەکو ئەو پێنج میراگرانەو برایەکی‌تری لەدایکی: نیوە بۆ مێردەکەو دووسێیەك بۆ خوشکەکانو شەشێك وَالإِثْنَاعَشَرَ إِلَى ثَلاَثَةَعَشَرَ كَزَوْجَةٍ وَأُمٍّ وَأُخْتَيْنِ، وَإِلَى خَمْسَةَعَشَرَ كَهُمْ وَأَخٍ لأُمٍّ، وَإِلَى سَبْعَةَعَشَرَ كَهُمْ وَآخَرَ لأُمٍّ، وَالأَرْبَعَةُ وَالْعِشْرُونَ إِلَى سَبْعَةٍ وَعِشْرِينَ كَبِنْتَيْنِ وَأَبَوَيْنِ وَزَوْجَةٍ.

بۆ دایکو سێیەك بۆ هەردوو برایەکانی لەدایکی، بەشە میراتەکان لە بنچینەی مەسەلەکە زیاترن، بۆیی بە دووسێیەکی مەسەلەکە (عَوْل) دەکرێ بۆ دە، هەر یەکێکیش دەیەکێکی لێ کەم دەبێتەوە.

بنچینەی‌دووەم: (وَالإِثْنَاعَشَرَ) دوانزە، سێ جار (عَوْل) دەکرێ بە تاك تا دەگاتە حەڤدە: (إِلَى ثَلاَثَةَعَشَرَ) جارێك (عَوْل) دەکرێ بۆ سێزدە (كَزَوْجَةٍ وَأُمّ وَأُخْتَيْنِ) وەکو ژنێك‌و دایك‌و دوو خوشکی لەدایك‌وباوکی، ژنەکە چوارێکی‌هەیە–کە سێیە– دایکیش شەشێکی هەیە –کە دووە– خوشکەکانیش دووسێیەکیان هەیە–کە هەشتە– بەشەمیراتەکان لە بنچینەکە زیاترن، بۆیێ بە نیوەی شەشێك (عَوْل) دەکرێ بۆ سێزدە.

(وَإِلَى خَمْسَةَعَشَرَ) جارێکیش بۆ پانزە (كَهُمْ وَآخٍ لأُمّ) وەك ئەو میراتگرانەو برایەکی لەدایکی، چوارێك بۆ ژنەکەو شەشێك بۆ دایك، دووسێیەك بۆ خوشکەکان، برایەکەش شەشێکی هەیە–کە دووە– کەوابو: بە چوارێکی مەسەلەکە (عَوْل) دەکرێ بۆ پانزە.

(وَإِلَى سَبْعَةَعَشَرَ) جارێکیش (عَوْل) دەکرێ بۆ حەڤدە (كَهُمْ وَآخَرَ لأُمّ) وەك ئەو میراگرانەو برایەکی‌تری لەدایکی، چوارێك بۆ ژنەکە، شەشێك بۆ دایك، دووسێیەك بۆ خوشکەکان، سێیەکێك–کە چوارە– بۆ هەردوو برایەکان، کەوابو: بە چوارێکو شەشێکی مەسەلەکە (عَوْل) دەکرێ بۆ حەڤدە.

بنچینەی سێیەم: (وَالأَرْبَعَةُ وَالْعِشْرُونَ) بیست و چوار، تەنها جارێك (عَوْل) دەكرێ (إِلَى سَبْعَةٍ وَعِشْرِينَ) بۆ بیست وحەفت (كَبِنْتَيْنِ وَأَبَوَيْنِ وَزَوْجَةٍ) وەك دوو كیژو دایكو باوكو ژن- كە (اَلْمِنْبَرِيَة)ی پێدەگوترا- كیژەكان دووسێیەكیان هەیە-كە شانزەیە- دایك شەشێكی هەیە-كە چوارە- باوكیش شەشێكێكیتری هەیە-كە چوارە- ژنەكەش هەشتێكی هەیە- كە سێیە- جا لە بەر ئەوەی بەشەكان لە بنچینەكە زیاترن، بۆیی بە هەشتێكی مەسەلەكە (عَوْل)ی دەكەین بۆ بیست وحەفت، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— دوو گیژ، دایك، باوك، ژن.

4 ×. بەشەمیرات ——— دووسێیەك، شەشێك، شەشێك، هەشتێك.

24 ÷ ——————— 16 + 4 + 4 + هەشتێكی كەمە = 24.

3 + ——— (عَوْل) بە هەشتێكی مەسەلەكە.

27 ÷ ——————— 16 + 4 + 4 + 3 = 27.

وَإِذَا تَمَاثَلَ الْعَدَدَانِ فَذَاكَ، وَإِنْ اِخْتَلَفَا وَفَنِيَ الأَكْثَرُ بِالأَقَلِّ مَرَّتَيْنِ فَأَكْثَرَ فَمُتَدَاخِلاَنِ كَثَلاَثَةٍ مَعَ سِتَّةٍ أَوْ تِسْعَةٍ، وَإِنْ لَمْ يُفْنِهِمَا إِلاَّ عَدَدٌ ثَالِثٌ فَمُتَوَافِقَانِ بِجُزْئِهِ كَأَرْبَعَةٍ وَسِتَّةٍ بِالنِّصْفِ، وَإِنْ لَمْ يُفْنِهِمَا إِلاَّ وَاحِدٌ تَبَايَنَا كَثَلاَثَةٍ وَأَرْبَعَةٍ،

(وَ) هەر كاتێك (مَخَارِج اَلْفُرُوض)، واتە: لێدەرچووەكانی بەشەكانت زانی تەماشا بكە: (إِذَا تَمَاثَلَ الْعَدَدَانِ) هەر كاتێك هەردوو ژمارەكان هاووێنە بون: وەك سێ لەگەڵ سێ، یان شەش لەگەڵ شەش، یان نیوە لەگەڵ نیوە (فَذَاكَ) ئەوە دیارە یەكێكیان دەكرێتە بنچینەی مەسەلەكە.

(وَإِنْ اِخْتَلَفَا) ئەگەر هەردوو ژمارەكانیش لێك جیاواز بون و (وَفَنِيَ الأَكْثَرُ بِالأَقَلِّ) زۆرترەكەش بە لێدەركردنی كەمترەكە لە ناو دەچو (مَرَّتَيْنِ فَأَكْثَرَ) بە دوو جار، یان زیاتر، ئەوە (فَمُتَدَاخِلاَنِ) ژمارەكان تێكڕاچوونە، چونكە كەمترەكە دەچێتە ناو زۆرترەكە (كَثَلاَثَةٍ مَعَ سِتَّةٍ أَوْ تِسْعَةٍ) وەك سێ لەگەڵ شەش، یان نۆ، یان پانزە، كەواتە: زۆرترەكە بە بنچینەی مەسەلەكە دادەندرێ.

(وَإِنْ لَمْ يُفْنِهِمَا إِلاَّ عَدَدٌ ثَالِثٌ) بەڵام ئەگەر تەنها لێدەركردنی ژمارەیەكی سێیەمین كەمترەكەو زۆرترەكەی لە ناو دەبردن، ئەو كاتە (فَمُتَوَافِقَانِ بِجُزْئِهِ) كەمترەكەو زۆرترەكە تێككەڕەوەنە بە پارچەی سێیەمەكە (كَأَرْبَعَةٍ وَسِتَّةٍ) وەكو چوارو شەش: تێككەڕەوەنە (بِالنِّصْفِ) بە نیوەیی، واتە هەردووك نیوەیی ساغیان هەیە، چونكە ئەگەر چوار لە شەش دەركەین دوو دەمێنێتەوە، ئەم دووەش ژمارەیەكی سێیەمینەو شەشو چوار لە ناو دەباو هەم نیوەیشی لێدەردەچێ، كەوابو: شەشو چوار لە نیوەیدا تێك دەكەنەوەو نیوەی

یەکێکیان لەوی‌تر دەدرێو مەسەلەکە دروست دەبێ.

جا ئەگەر هەردوو ژمارەکان بە زیاتر لە پارچەیەك تێکیان دەکردەوە، ئەو کاتە تەنها وردترین پارچە پەچاو دەکرێ: وەك دوانزە لەگەڵ هەژدە، بە نیوەو بە سێیەکو بە شەشێك تێك دەکەنەوە، جا چونکە شەشێك لە گشتیان وردترە بۆیێ بۆ دروستکردنو ساغکردنەوەی مەسەلەکان ئەویان پەچاو دەکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَإِنْ لَمْ يُفنِهُمَا إلاَّ وَاحِدٌ) ئەگەر جگە لە لێدەرکردنی یەك هیچ ژمارەیەکی‌تر زۆرترەکەو کەمترەکەی لە ناو نەدەبردن، ئەو کاتە (تَبَايَنَا) تێك ناکەنەوەو بە پێکنەکەتوو ناو دەبرێن (كَثَلاَثَةٍ وَأَرْبَعَةٍ) وەکو سێ لەگەڵ چوار، واتە: ئەگەر سێ لە چوار دەرکەین، یەك دەمێنێتەوە، بەڵام یەك هەردووکیان لە ناو دەبا، کەواتە: یەکێکیان لەوی‌تر دەدرێو بنچینەی مەسەلەکە دروست دەبێ.

وَالْمُتَدَاخِلاَنِ مُتَوَافِقَانِ، وَلاَ عَكْسَ.

(فَرْعٌ) إذَا عَرَفْتَ أَصْلَهَا وَانْقَسَمَتِ السِّهَامُ عَلَيْهِمْ فَذَاكَ،

(وَالْمُتَدَاخِلاَنِ مُتَوَافِقَانِ) ئەو دوو ژمارانەی تێکڕاچوونە، لە هەمان کاتیشدا تێککەڕەوەنە: وەکو سێ لەگەڵ شەش‌و نۆ، کەمەکە دەچێتە ناو زۆرەکانو بە سێیەکیش تێك دەکەنەوە–جا ئاگادارِبە: بۆ ساغکردنەوەی مەسەلەکان زۆر پێویستە شارەزای ئەم (قَاعِدَة)یە بی– بەڵام (وَلاَ عَكْسَ) بە پێچەوانەوە نیە، واتە: هەردوو ژمارەیەك کە تێککەڕەوە بن تێکڕاچوو نینە: وەك شەش‌و هەشت، چونکە مەرجی (مُتَدَاخِل) تێکڕاچوو ئەمەیە: کەمترەکە لە نیوەی زۆرترەکە زیاتر نەبێ، هەروەك پابرا.

﴿ فَرْعٌ: **لقێك لە باسی** (تَصْحِيحُ الْمَسَائِل) **ساغکردنەوەی مەسەلەکان** ﴾

پێشەکی بزانە: (أُصُولُ الْمَسَائِل)، واتە: دروستکردنی بنچینەی مەسەلەکان–بەو چوار حاڵەتانەی‌پابردوو– پێخۆشکەرێك بوو بۆ (تَصْحِيحُ الْمَسَائِل)، واتە: ساغکردنەوەی مەسەلەکان.

دیسان بزانە: (أُصُولُ الْمَسَائِل)=بنچینەی مەسەلەکان بە لێدانی (مَخْرَج) لە (مَخْرَج) دروست دەبێ– واتە: لێدانی لێدەرچووی بەشەمیراتێك لە لێدەرچووی بەشەمیراتێکی‌تر–بەڵام (تَصْحِيحُ الْمَسَائِل)=ساغکردنەوەی مەسەلەکان بە لێدانی (اَلْمُنْكَسَرعَلَيْهِمْ) دەبێ، واتە: بە لێدانی ژمارەی سەری ئەو میراتگرانەی بەشەکانیان بە سەردا دەشکێتەوە، تاکو بە ساغی بە سەریاندا بەش ببێ، هەروەك لە (البجيرمي)دا ڕوونی کردۆتەوە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: لێرەشدا–وەك بەشکردنی‌میرات– ئەگەر کوڕو کیژ، یان خوشك‌و برا وێکڕا

کۆ بونەوە، ئەوە بۆ ساغکردنەوەی مەسەلەکە هەر نێرینەیەك بە دوو مێیینە دەژمێردرێ. دیسان بزانە: جاری وا هەیە: مەسەلەکە هەر لە بنچینەی خۆی ساغ دەبێتەوە، جاری واش هەیە: بۆ ساغکردنەوە پێویستی بەو لێدانەیداماتوو هەیە:

کەوابو: (إِذَا عَرَفْتَ أَصْلَهَا) هەرکاتێك زانیت بنچینەی مەسەلەکە لە چەندە (وَانْقَسَمَتِ السِّهَامُ عَلَيْهِمْ) هەر لەو بنچینەشدا بەشەمیراتەکان بە ساغی بە سەر میراتگرەکاندا بەش دەبون، چونکە ژمارەی میراتگرەکان لەگەڵ بەشەکانیان (مُتَمَاثِل)=هاووێنە بون، یان (مُتَدَاخِل)=تێکڕاچوو بون، واتە: ژمارەی سەری مێراتگرەکان دەچووە ناو ژمارەی بەشەکانیان (فَذَاكَ) ئەوە ئاشکرایە پێویستی بە هیچ ساغکردنەوەیەك نیە، چونکە بەشەکان بە ساغی بەش دەبن: وەك مێردو سێ کوڕ، مەسەلەکە لە چوارە–کە بەشی مێردەکەی لێدەردەچی–: چوارێك–یەکە– بۆ مێردەکە، پاشماوەکەش–سێیە– بۆ سێ کوڕەکان. هەم وەکو ژنێك و سێ کوڕو کێژێك، مەسەلەکە لە هەشتە–کە بەشی ژنەکەی وَإِنْ انْكَسَرَتْ عَلَى صِنْفٍ قُوبِلَتْ بِعَدَدِهِ: فَإِنْ تَبَايَنَا ضُرِبَ عَدَدُهُ فِي الْمَسْأَلَةِ بِعَوْلِهَا إِنْ عَالَتْ،

لێدەردەچی–: هەشتێکی–یەکە– بۆ ژنەکە، پاشماوەکەش–حەفتە– بۆ کێژو کوڕەکان: هەر کوڕێك دوو هەندی کێژەکە.

بەڵام (وَإِنْ انْكَسَرَتْ عَلَى صِنْفٍ) ئەگەر بەشەمیراتەکان بە سەر ژمارەی یەك جۆرە میراتگردا شکانەوە، واتە: میراتگرەکان یەك جۆر بونو بەشە میراتەکەیان بە سەردا بەش نەدەبو، ئەوە (قُوبِلَتْ بِعَدَدِهِ) بەشە میراتەکەیان بەرامبەر ژمارەی سەرەکانیان دەکرێ، جیاوازی نیە: میراتگری پشتێ بن، یان خاوەن بەش بن، ئینجا کە تەماشا دەکەین ژمارەی سەری میراتگرەکانو بەشەکەیان: یان (مُتَبَايِن)ن، یا (مُتَوَافِق)ن، واتە: چونکە ئەگەر (مُتَمَاثِل)، یان (مُتَدَاخِل) بن، ئەو کاتە بەشەکەیان ناشکێتەوەو بە ساغی بە سەریاندا بەش دەبێ، هەروەك تازە پابرا.

ئینجا لە دوای بەرامبەرکردن (فَإِنْ تَبَايَنَا) ئەگەر ژمارەی سەری میراتگرەکانیجۆرەکەو بەشەکەیان (مُتَبَايِن)=رێکنەکەوتوو بون، ئەوە (ضُرِبَ عَدَدُهُ فِيالْمَسْأَلَة) ژمارەی میراتگرەکانی جۆرەکە دەبێتە (جُزْءُ السَّهْم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێ (بِعَوْلِهَا إِنْ عَالَتْ) بە (عَوْل)ەوە ئەگەر (عَوْل)کرابێ، یان بە بێ(عَوْل) ئەگەر (عَوْل)نەکرابێ، ئینجا بەو لێدانە گەیشتە کام ژمارە، ئەوە لەو ژمارەیە مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە:

وێنەی بێ(عَوْل): ژنێك و دوو برا، بنچینەی مەسەلەکە لە چوارە–کە بەشی ژنەکەی لێدەردەچێ–: چوارێکی–یەکە– بۆ ژنەکە، پاشماوەکەشی–سێیە– بۆ دوو برایەکانو بە سەریاندا بەش نابێ، ژمارەی دوو برایەکان لەگەڵ بەشەکەیان

(مُتَبَاين)ن، بۆیێ ژمارەی دوو برایەکان دەبێتە (جُزْء السَّهم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێو لە هەشت ساغ دەبێتەوە: دوو بۆ ژنەکە، شەش بۆ برایەکان، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——— ژن، دوو برا.

1 ×. بەشەمیرات ——— چواریَك، پشتێیە.

4 ÷ ——— 1 + 3 بە سەر دوودا بەش نابێ = 4.

2 × ——— ساغکردنەوەی بە دوو برا.

8 ÷ ——— 2 + 6 = 8.

وێنەی (عَوْل)کراو: مێردو پێنج خوشك، بنچینەی مەسەلەکە شەشە، بە لێدانی دوو لە سێ–کە بەشی مێردەکەو خوشکەکانیان لێدەردەچێ– ئینجا (عَوْل) دەکرێ بۆ حەفت، چونکە نیوەی–سێیە– بۆ مێردەکە، دووسێیەکیشی–چوارە– بۆ پێنج خوشکەکانو بە سەریاندا بەش نابێو ژمارەی خوشکەکان لەگەلْ بەشەکەیان (مُتَبَاين)ن، بۆیێ ژمارەی

وَإِنْ تَوَافَقَا ضُرِبَ وِفْقُ عَدَدِهِ فِيهَا فَمَا بَلَغَ صَ

منهاج– بەرگیچوارەم–5

پێنج خوشکەکان دەبێتە (جُزْء السَّهم)و لە مەسـ

ساغ دەبێتەوە: پانزە بۆ مێردەکە، بیست بۆ خوشکەکان، بەم شێوەیە:

3. میراتگر ——— مێرد، پێنج خوشك.

2 ×. بەشەمیرات ——— نیوە، دووسێیەك.

6 ÷ ——— 3 + 3 شەشێکێکی کەمە = 6.

1 + ——— (عَوْل) بە شەشێك.

7 ÷ ——— 3 + 4 بە سەر پێنج دا بەش نابێ = 7.

5 × ——— ساغکردنەوەی بە پێنج خوشك.

35 ÷ ——— 15 + 20 = 35.

(وَإِنْ تَوَافَقَا) ئەگەر ژمارەی سەریمیراتگرەکانو بەشەمیراتەکەیان (مُتَوَافِق)–تێکەرەوە بون (ضُرِبَ وَفْقُ عَدَدِهِ فِيهَا) ئەو کاتە (وِفْق)ی ژمارەی سەری میراتگرەکان دەبێتە (جُزْءُ السَّهم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێ: بە بێ(عَوْل)، یان بە (عَوْل)ەوە ئەگەر (عَوْل)کرابێ (فَمَا بَلَغَ) جا کۆی لێدانەکە گەیشتەکام ژمارە، ئەوە (صَحَّتْ مِنْهُ) لەو ژمارەیە مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە.

وێنەی بێ(عَوْل): دایکو چوار مام، بنچینەیمەسەلەکە لە سێیە–کە بەشی دایکەکەی لێ دەردەچێ–: سێیەکی–یەکە– بۆ دایکەکە، پاشماوەکەشی– دووە– بۆ چوار مامەکانو بە سەریاندا بەش نابێو ژمارەی مامەکان لەگەلْ بەشەکەیان (مُتوافِق)–تێکەرەوەن بە نیوەیی–چونکە گشت (مُتَداخل)یَك بە (مُتوافِق) دادەندرێ، هەروەك پابرا– کەوابو: نیوەی

چوار مامەکان–کە دووە– دەبێتە (جُزْءُ السَّهم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێو لە شەش ساغ دەبێتەوە: دوو بۆ دایکەکە، چوار بۆ مامەکان، بەم شێوەیە:

3. میراتگر ——— دایك، چوار مام.

1 ×. بەشەمیرات ——— سێیەك، پشتێیە.

3 ÷ ——— 1 + 2 بە سەر چواردا بەش نابێ = 3.

2 × ——— ساغکردنەوەی بە نیوەی چوار مامەکان.

6 ÷ ——— 2 + 4 = 6.

وێنەی (عَوْل)کراو: شەش کیژو دایكو باوكو مێرد، بنچینەی مەسەلەکە لە دوانزەیە: بە لێدانی سێ لە چوار–کە بەشی مێردو کیژەکانی لێدەردەچێ– ئینجا (عَوْل) دەکرێ بۆ پانزە، چونکە دووسێیەك–هەشتە– بۆ شەش کیژەکان، شەشێکی–دووە– بۆ دایك، شەشێکێکیتر–دووە– بۆ باوك، چوارێك– سێیە– بۆ مێردەکە، بەڵام بەشی خوشکەکان وَإِنْ اِنْكَسَرَتْ عَلَى صِنْفَيْنِ قُوبِلَتْ سِهَامُ كُلِّ صِنْفٍ بِعَدَدِهِ: فَإِنْ تَوَافَقَا رُدَّ الصِّنْفُ إِلَى وِفْقِهِ وَإِلاَّ تُرِكَ، ثُمَّ إِنْ تَمَاثَلَ عَدَدُالرُّءُوسِ ضُرِبَ أَحَدُهُمَا فِي أَصْلِ الْمَسْأَلَةِ

بە سەریاندا بەش نابێو ژمارەی کیژەکان لەگەڵ بەشەکەیان (متوافق)ن بە نیوەیی، کەوابو: نیوەی شەش کیژەکان–سێیە– دەبێتە (جُزْءُالسَّهم)و لە مەسەلە (عَوْل)کراوەکەی دەدەینو لە چلوپێنج ساغ دەبێتەوە: بیستو چوار بۆ کیژەکان، شەش بۆ دایك، شەش بۆ باوك، نۆ بۆ مێردەکە، بەم شێوەیە:

4. میراتگر ——— شەش کیژ، دایك، باوك، مێرد.

3 ×. بەشەمیرات ——— دووسێیەك، شەشێك، شەشێك، چوارێك.

12 ÷ ——— 8 + 2 + 2 + چوارێکی کەمە = 12.

3 + ——— (عَوْل) بە چوارێك.

15 ÷ ——— 8 + 2 + 2 + 3 = 15.

3 × ——— ساغکردنەوەی بە نیوەی شەش کیژەکان.

45 ÷ ——— 24 + 6 + 6 + 9 = 45.

(وَإِنْ اِنْكَسَرَتْ عَلَى صِنْفَيْنِ) ئەگەر بەشەمیراتەکان بە سەر ژمارەی دوو جۆرە میراتگراندا شکانەوە، واتە: میراتگرەکان دوو جۆر بونو بەشەمیراتەکەی هیچێکیان بە سەریاندا بەش نەدەبو، ئەو کاتە (قُوبِلَتْ سِهَامُ كُلِّ صِنْفٍ بِعَدَدِهِ) بەشەمیراتەکانی هەر جۆرێکیان بەرامبەر بە ژمارەی سەرەکانیان دەکرێ، جیاوازی میراتگری پشتێو خاوەن بەش نیە، ئینجا تەماشا دەکەین:

(فَإِنْ تَوَافَقَا) ئەگەر بەشەمیراتەکانو ژمارەی سەریمیراتگرەکانی هەدوو جۆرەکە، یان

جۆرێکیان (مُتَوَافِق)=تێککەرەوە بون، ئەوە (رُدَّ الصِّنْفُ إِلَى وَفْقِهِ) ژمارەی میراتگرەکانی جۆرە تێککەرەوەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ (وفق)ی‌خۆی (وَإِلَّا) بەڵام ئەگەر (مُتَوَافِق) نەبون، بەڵکو ژمارەی هەردوو جۆرەکە، یان یەکێکیان لەگەڵ بەشەکانیان (مُتَبَايِن)= ڕێکنەکەوتوو بون، ئەو کاتە (تُرِكَ) جۆرەکەی (مُتَبَايِن) وەکو خۆی دەهێشترێتەوەو دەستکاری ناکرێ.
جا بزانە: لێرەشدا ئەگەر (مُتَمَاثِل)، یان (مُتَدَاخِل) بن، واتە: ژمارەی میراتگرەکان بچێتە ناو بەشەکانیان، ئەو کاتەش بەشەکان ناشکێنەوەو بە ساغی بەش دەبن.
(ثُمَّ) ئینجا لە دوای گەڕاندنەوەکە بۆ (وفق)و لە دوای هێشتنەوەکە، دیسان کە تەماشای ژمارەی سەری هەردوو جۆرە میراتگرەکان دەکەینەوە، چوار حاڵەتیان هەنە:
حاڵەتی یەکەم: (إِنْ تَمَاثَلَ عَدَدُالرُّءُوسِ) ئەگەر ژمارەی سەری میراتگرەکانی هەر دوو جۆرەکان (مُتَمَاثِل) هاوویَنە بون، ئەوە (ضُرِبَ أَحَدُهُمَا فِي أَصْلِ الْمَسْأَلَةِ) لە هەر دوو جۆرەکان تەنها یەیەکێکیان دەبێتە (جُزْءُ السَّهم)و بە تەواوی لە بنچینەی مەسەلەکە بِعَوْلِهَا، وَإِنْ تَدَاخَلاَ ضُرِبَ أَكْثَرُهُمَا،

دەدرێ: بە بێ(عَوْل)، یان (بِعَوْلِهَا) بە (عَوْل)ەوە ئەگەر (عَوْل)کرابێ، ئینجا کۆی لێدانەکە گەیشتە کام ژمارە، ئەوە لەو ژمارەیە مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە:
بۆ وێنە: دایکو شەش برای لەدایکیو دوانزە خوشکی لەباوکی، بنچینەی مەسەلەکە لە شەشە–کە بەشی دایکەکەی لێدەردەچێ– جا (عَوْل) دەکرێ بۆ حەفت، چونکە شەشێکی–یەکە– بۆ دایکەکە، سێیەکی–دووە– بۆ شەش برایەکانی لەدایکی، دووسێیەکی–چوارە– بۆ دوانزە خوشکەکان، ئینجا بەشی شەش برایەکان بە سەریاندا بەش نابێو بەشەکەیانو ژمارەکەیان (مُتَوَافِق)ن بە نیوەیی، کەوابو: ژمارەی برایەکان دەگەڕێندرێتەوە بۆ نیوەی شەش–کە سێیە–، هەروەها بەشی دوانزە خوشکەکانیش بە سەریاندا بەش نابێو بەشەکەیانو ژمارەکەیان (مُتَوَافِق)ن بە چوارێك، کەوابو: ژمارەی خوشکەکانیش دەگەڕێندرێتەوە بۆ چوارێکی دوانزە–کە سێیە– ئینجا ئەم سێیەی سەریخوشکەکانو سێیەکەی سەریبرایەکان (مُتَمَاثِل)=هاوویَنەن، کەوابو: تەنها یەکێیکان دەبێتە (جُزْءُ السَّهْم)و لە مەسەلە (عَوْل)کراوەکە دەدرێو لە بیستو یەك ساغ دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— دایك، شەش برای لەدایکی، دوانزە خوشکی لەباوکی.
1 ×. بەشەمیرات ——— شەشێك، سێیەك، دووسێیەك.
6 ÷ ——— شەشێکی کەمە + 2 + 4 =6.
1 + ——— (عَوْل) بە شەشێك.
7 ÷ ——— 1 + 2 + 4 = 7.

3 × ——— ساغکردنەوەی بە ژمارە سێ– کە (وِفْق) خوشك، یان برایەکانە–.
21 ÷ ——— 3 + 6 + 12 = 21.

حاڵەتی‌دووەم: (وَإِنْ تَدَاخَلاَ) ئەگەر ژمارەی سەری میراتگرەکانی هەردوو جۆرەکان (مُتَدَاخِل)=تێکڕاچوو بون، ئەو کاتە (ضُرِبَ أَكْثَرُهُمَا) زۆرترەکەیان دەبێتە (جُزْءُ السَّهم)و لە بنچینەی مەسەلەکە دەدرێ: بە (عَوْل)، یان بێ(عَوْل)، ئینجا کۆی لێدانەکە گەیشتە کام ژمارە، ئەوە لەو ژمارەیە مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە:

بۆ وێنە: دایك‌و چوار برای لەدایکی‌و چوار مام، بنچینەی مەسەلەکە لە شەشە–کە بەشی دایکەکەی لێدەردەچێ–: شەشێکی–یەکە– بۆ دایکەکە، سێیەکی–دووە– بۆ چوار برایەکانی لە دایکی، پاشماوەکەشی–سێیە– بۆ چوار مامەکان، ئینجا بەشی چوار برایەکان بە سەریاندا بەش نابێ‌و بەشەکەیان‌و ژمارەکەیان (مُتَوَافِق)ن بە نیوەیی، کەوابو: ژمارەی برایەکان دەگەڕێندرێتەوە سەر نیوەی چوار–کە دووە–، هەروەها بەشی وَإِنْ تَوَافَقَا ضُرِبَ وِفْقُ أَحَدِهِمَا فِالآخَرِ ثُمَّ الْحَاصِلُ فِي الْمَسْأَلَةِ،

چوار مامەکانیش بە سەریاندا بەش نابێ‌و بەشەکەیان‌و ژمارەکەیان (متباین)ن، کەوابو: ژمارەی چوار مامەکان وەکو خۆیان دەهێشترێتەوە، ئینجا ژمارە دووی سەری‌برایەکان لەگەڵ ژمارە چواری سەری‌مامەکان (مُتَداخِل)ن، کەوابو: زۆرترەکەیان–کە چوارە– دەبێتە (جُزْءُ السَّهمِ)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێ‌و لە بیست‌و چوار ساغ دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— دایك، چوار برای لەدایکی، چوار مام.
1 ×. بەشەمیرات ——— شەشێك، سێیەك، پشتێیە.
6 ÷ ——— 1 + 2 + 3 = 6.
4 × ——— ساغکردنەوەی بە ژمارەی 4 مام.
24 ÷ ——— 4 + 8 + 12 = 24.

حاڵەتی‌سێیەم: (وَإِنْ تَوَافَقَا) ئەگەر ژمارەی سەری میراتگرەکانی هەردوو جۆرەکان (مُتَوَافِق)=تێکەڕەوە بون، ئەو کاتە (ضُرِبَ وِفْقُ أَحَدِهِمَا فِيالآخَرِ) یەکەمجار (وِفْق)ی ژمارەی میراتگرەکانی جۆرێك لە تەواوی ژمارەی جۆرەکەی‌تر دەدرێ (ثُمَّ الْحَاصِلُ فِي الْمَسْأَلَةِ) ئینجا کۆی ئەو ژمارەیەیی لەو لێدانە پەیدا دەبێ، ئەو دەبێتە (جُزْءُ السَّهْمِ)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێ: بە (عَوْل)، یان بێ(عَوْل)، ئینجا بەو لێدانەش گەیشتە کام ژمارە، ئەوە لەو ژمارەیە مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە:

بۆ وێنە: دایك‌و دوانزە برای لەدایکی‌و شانزە خوشکی لەباوکی، بنچینەی مەسەلەکە لە شەشە–کە بەشی دایکەکەی لێدەردەچێ– جا (عَوْل) دەکرێ بۆ

حەفت، چونکە شەشێکی–یەکە– بۆ دایکەکە، سێیەکی–دووە– بۆ دوانزە برایەکان، دووسێیەکی

–چوارە– بۆ شانزە خوشکەکان، ئینجا بەشی دوانزە برایەکان بە سەریاندا بەش نابێ‌و بەشەکەیان‌و ژمارەکەیان (مُتَوَافِق)ن بەنیوەیی–چونکە گشت (مُتَدَاخِل)یَك بە (مُتَوافِق) دادەندرێ– کەوابو: ژمارەی برایەکان دەگەڕێندرێتەوە بۆ نیوەی دوانزە–کە شەشە–، هەروەها بەشی شانزە خوشکەکانیش بە سەریاندا بەش نابێ‌و بەشەکەیان‌و ژمارەکەیان (مُتَوَافِق)ن بە چوارێك، کەوابو: ژمارەی خوشکەکانیش دەگەڕێندرێتەوە بۆ چوارێکی شانزە –کە چوارە–، ئینجا ئەم چوارەی سەریخوشکەکانیش لە گەلّ شەشەکەی سەریبرایەکان (مُتَوَافِق)ن بە نیوەیی، کەوابو: نیوەی یەکێکیان لە تەواوی ئەوی‌تر دەدرێ‌و دەگاتە دوانزە، ئینجا ئەم دوانزەیە دەبێتە (جُزءُ السَّهْمِ)و لە مەسەلە (عَوْل)کراوەکە دەدرێ‌و لە هەشتاوچوار ساغ دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

وَإِنْ تَبَايَنَا ضُرِبَ أَحَدُهُمَا فِالآخَرِ ثُمَّ الْحَاصِلُ فِالْمَسْأَلَةِ، فَمَا بَلَغَ صَحَّتْ مِنْهُ،

---

6 . میراتگر ——— دایك، دوانزە برای لەدایکی، شانزە خوشکی لەباوکی.

1 ×. بەشەمیرات ——— شەشێك، سێیەك، دووسێیەك.

6 ÷ ——— شەشێکی کەمە + 2 + 4 -6 .

1 + ——— (عَوْل) بە شەشێك.

7 ÷ ——— 1 + 2 + 4 -7.

12 × ——— ساغکردنەوەی بە لێدانی 3 × 4 = 12.

84 ÷ ——— 12 + 24 + 48 -84.

حاڵەتی چوارەم: (وَإِنْ تَبَايَنَا) ئەگەر ژمارەی سەری میراتگرەکانی هەردوو جۆرەکان (مُتَبايِن)–رێکنەکەوتوو بون، ئەو کاتەش (ضُرِبَ أَحَدُهُمَا فِيالآخَرِ) یەکەمجار تەواوی ژمارەی میراتگرەکانی جۆرێك لە تەواوی ژمارەی جۆرەکەی‌تر دەدرێ (ثُمَّ الْحَاصِلُ فِي الْمَسْأَلَةِ) ئینجا کۆی ئەو ژمارەیەی لەو لێدانە پەیدا دەبێ، ئەو دەبێتە (جُزْءُ السَّهم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێ بە (عَوْل)، یان بێ(عَوْل)، ئینجا (فَمَا بَلَغَ صَحَّتْ مِنْهُ) بەو لێدانەش گەیشتە کام ژمارە، ئەوە لەو ژمارەیە مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە:

بۆ وێنە: دایك‌و سێ کیژو دوو برای لەباوکی، بنچینەی مەسەلەکە لە شەشە–کە بەشی دایکەکەی لێدەردەچێ–: شەشێکی–یەکە– بۆ دایکەکە، دووسێیەکی–چوارە– بۆ سێ کیژەکان، پاشماوەکەشی–یەکە– بۆ دوو برایەکان، ئینجا بەشی سێ کیژەکان بە سەریاندا بەش نابێ‌و بەشەکەیان‌و ژمارەکەیان (مُتَبَاين)ن، کەوابو: ژمارەی سێ کیژەکان وەکو خۆی دەهێشترێتەوە، هەروەها بەشی دوو برایەکانیش بە سەریاندا بەش

نابێ و بەشەکەیانو ژمارەکەیان (مُتَبَاین)ن، کەوابو: ژمارەی دوو برایەکانیش وەکو خۆی دەهێشترێتەوە، ئینجا ئەم دووەی سەریبرایەکانیش لەگەڵ سێیەکەی سەریکیژەکان (مُتَبَاین)ن، کەوابو: تەواوی یەکێکیان لە تەواوی ئەوی تر دەدەینو دەگاتە شەش، ئینجا ئەم شەشە دەبێتە (جُزْءُ السَّهْمُ)و لە تەواوی مەسەلەکەی دەدەینو لە سیو شەش ساغ دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

6. میراتگر ——— دایك، سێ کیژ، دوو برا.

1 ×. بەشەمیرات ——— شەشێك، دووسێیەك، پشتێیە.

6 ÷ ——— 1 + 4 + 1 = 6.

6 × ——— ساغکردنەوەی بە لێدانی 2 × 3 = 6.

36 ÷ ——— 6 + 24 + 6 = 36.

وَيُقَاسُ عَلَى هَذَا اَلإِنْكِسَارُ عَلَى ثَلاَثَةِ أَصْنَافٍ وَأَرْبَعَةٍ، وَلاَ يَزِيدُ الإِنْكِسَارُ عَلَى ذَلِكَ،

(وَيُقَاسُ عَلَى هَذَا) هەروەها (قیاس) دەکرێتە سەر شکانەوەی سەر دوو جۆرە میراتگر (اَلإِنْكِسَارُ عَلَى ثَلاَثَةِ أَصْنَافٍ وَأَرْبَعَةٍ) شکانەوەی بەشە میراتەکان بە سەر سێ جۆرە میراتگرو چوار جۆرە میراتگردا، واتە: ئەگەر بەشە میراتەکانی سێ جۆرە میراتگر، یان چوار جۆرە میراتگر بە سەریاندا بەش نەدەبو، ئەوە لێرەشدا بە هەمان شێوەی چوار حاڵەتەکەی پرابردوو ڕەفتار دەکرێ:

واتە: ژمارەی سەری هەرسێك جۆرەکان، یان هەر چوار جۆرەکان بەرامبەر بەشە میراتەکانیان دەکرێ: ئەگەر (مُتَوَافِق) بون، سەرەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ (وفق)ی خۆیان، ئەگەر (مُتَبَاین) بون، سەرەکان وەکو خۆیان دەهێشترێنەوە، ئینجا تەماشا دەکەین: ژمارەی هەرسێك جۆرەکان، یان هەر چوار جۆرەکانیش: ئەگەر (مُتَمَاثِل) بون، ئەوە تەنها یەکێکیان دەبێتە (جُزْءُ السَّهْمُ)و لە مەسەلەکە دەدرێ، ئەگەر (مُتَدَاخِل) بون، ئەوە زۆرترەکەیان دەبێتە (جُزْءُ السَّهْمُ)و لە مەسەلەکە دەدرێ، ئەگەر (مُتَوَافِق) بون، ئەوە (وَفْق)ی یەکێکیان لە یەکێکیتر دەدرێو کۆی ئەو لێدانەش لە (وَفْق)ی ژمارەکەیتر دەدەرێ، ئینجا کۆی ئەو لێدانانەش دەبێتە (جُزْءُ السَّهْمُ)و لە مەسەلەکە دەدرێ، ئەگەر (مُتَبَاین) بون، ئەوە یەکێکیان لەوی تر دەدرێ، ئینجا کۆی ئەو لێدانەش لەوی تر دەدەرێ، ئینجا کۆی ئەو لێدانانەش دەبێتە (جُزْءُ السَّهْمُ)و لە مەسەلەکە دەدرێ.

(وَلاَ يَزِيدُ الإِنْكِسَارُ عَلَى ذَلِكَ) لە شکانەوەی بەشە میراتەکان بە سەر چوار جۆردا زیاتر نابێ، تەنها لە خزمایەتی کۆیلە ئازادکردنا نەبێ.

وێنەیەکی سێ جۆری: دوو داپیرەو سێ برای لەدایکیو دوو مام، بنچینەی مەسەلەکە لە شەشە–کە بەشی داپیرەکانی لێدەردەچێ–: شەشێکی–یەکە– بۆ دوو داپیرەکان،

سێیەکی–دووە– بۆ سێ برایەکان، پاشماوەکەشی– سێیە– بۆ دوو مامەکان، ژمارەی هەرسێك جۆرە میراتگرەکان لەگەڵ بەشەکانیان (مُتَبَاین)ن، کەوابو: ژمارەی سەری گشتیان وەکو خۆی دەهێشترێتەوە، ئینجا ژمارەی سەری دوو داپیرەکەو دوو مامەکە (مُتَمَاثِل)نو لەگەڵ ژمارەی سەری سێ برایەکانیش (مُتَبَاین)ن، کەوابو: ژمارەی یەکێکیان لە تەواوی ژمارەی سێ برایەکان دەدرێو دەگاتە شەش، ئینجا ئەم شەشە دەبێتە (جُزْءُ السَّهْم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێو لە سیو شەش ساغ دەبێتەوە: شەش بۆ دوو داپیرەکان، دوانزە بۆ سێ برایەکان، هەژدە بۆ دوو مامەکان.

وێنەیەکی چوار جۆری: دوو ژنو چوار داپیرەو سێ برای لەدایکیو دوو مام، بنچینەی مەسەلەکە لە دوانزەیە بە لێدانی سێ لە چوار–کە بەشی ژنەکانو برایەکانیان لێدەردەچێ–: چوارێکی–سێیە– بۆ دوو ژنەکان، شەشێکی–دووە– بۆ چوار داپیرەکان، فَإِذَا أَرَدْت مَعْرِفَةَ نَصِيبِ كُلِّ صِنْفٍ مِنْ مَبْلَغِ الْمَسْأَلَةِ فَاضْرِبْ نَصِيبَهُ مِنْ أَصْلِ الْمَسْأَلَةِ فِيمَا ضَرَبْتَهُ فِيهَا فَمَا بَلَغَ فَهُوَ نَصِيبُهُ، ثُمَّ تَقْسِمُهُ عَلَى عَدَدِ الصِّنْفِ.

سێیەکی–چوارە– بۆ سێ برایەکان، پاشماوەکەشی–سێیە– بۆ دوو مامەکان، ئینجا ژمارەی چوار داپیرەکانو بەشەکەیان (مُتَوَافِق)ن بە نیوەیی، کەوابو: ژمارەی سەری داپیرەکان دەگەڕێندرێتەوە بۆ نیوەی چوار–کە دووە–، ژمارەی سێ جۆرەکانیتریش لەگەڵ بەشەکانیان (مُتَبَاین)ن، کەوابو: ژمارەی سەری هەرسێکیان وەکو خۆیان دەهێشترێتەوە، ئینجا ژمارەی سەری داپیرەکانو ژنەکانو مامەکان (مُتَمَاثِل)نو لەگەڵ ژمارەی سەری سێ برایەکانیش (مُتَبَاین)ن، کەوابو: یەکێکیان لە تەواوی ژمارەی سێ برایەکان دەدەینو دەگاتە شەش، ئەم شەشە دەبێتە (جُزْءُ السَّهْم)و لە تەواوی مەسەلەکە دەدرێو لە حەفتاو دوو ساغ دەبێتەوە: هەژدە بۆ دوو ژنەکان، دوانزە بۆ چوار داپیرەکان، بیستو چوار بۆ سێ برایەکان، هەژدە بۆ دوو مامەکان.

ئینجا بزانە: لە ساغکردنەوەی‌مەسەلەکاندا گوتمان: ئەو ژمارەیەی بۆ ساغکردنەوە لە مەسەلەکە دەدرێ پێی دەگوترێ: (جُزْءُ السَّهْم)ی مەسەلەکە، واتە: پارچەیەکی بەشە میراتێکی‌مەسەلەکە پێش ساغکردنەوە.

جا لە بەر ئەوەی لێرەدا مەبەست بەشکردنی بەشە میراتەکانە بە ساغی، پێویستە (جُزْءُ السَّهْم)ی گشت مەسەلەیەکی ساغ دەکرێتەوە بزانین:

چونکە (فَإِذَا أَرَدْتَ) هەر کاتێك– لە دوای ساغکردنەوەی‌مەسەلەکە– ویستت (مَعْرِفَةَ نَصِيبِ كُلِّ صِنْفٍ مِنْ مَبْلَغِ الْمَسْأَلَةِ) بزانی: بەشی گشت جۆرە میراتگرێك چەندە لەو ژمارەیەی مەسەلەکەی لێ ساغ بۆتەوە، ئەوە (فَاضْرِبْ نَصِيبَهُ مِنْ أَصْلِ الْمَسْأَلَةِ) بەشی میراتگرەکە:

که له بنچینەی مەسەلەکە –بە (عَوْل)، یان بێ(عَوْل) پێش ساغکردنەوە– گرتبوی، لێبدە (فِیمَا) لەو (جُزْءُ السَّهْمِ)ی کە (ضَرَبْتَهُ فِیهَا) لە بنچینەی مەسەلەکەت دابو بۆ ساغکردنەوەکە (فَمَا بَلَغَ) بەو لێدانە گەیشتە چەند، ئەوە (فَهُوَ نَصِیبُهُ) کۆی لێدانەکە بەشە میراتەکەیەتی لە ساغکراوەکە (ثُمَّ تَقْسِمُهُ عَلَى عَدَدِ الصِّنْفِ) ئینجا کۆی لێدانەکەش بە سەر ژمارەی میراتگرەکانی جۆرەکەدا بەش بکە، بەشکردنەکە بە ساغی دەردەچێ:

ڕوونکردنەوە: لە وێنەی یەکەمی ئەم لقەدا: بنچینەی مەسەلەکە لە چوار بوو و لە هەشت ساغ بۆتەوەو (جُزْءُ السَّهْمِ)ی مەسەلەکەش دووە، جا لە بنچینەی مەسەلەکە ژنەکە یەکی گرتبو و لە دووەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ)ی بدەو لە ساغکراوەکە بەشی دەبێتە دوو، هەروەها دوو برایەکانیش سێیان گرتبو و لە دووەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لە ساغکراوەکە بەشیان دەبێتە شەش.

.....

هەروەها لە وێنەی دووەمی ئەم لقەدا: بنچینەی مەسەلەکە بە (عَوْل)کراوی لە حەفت بوو و لە سیو پێنج ساغ بۆتەوەو (جُزْءُ السَّهْمِ)ی مەسەلەکەش پێنجە، جا لە بنچینەی مەسەلە (عَوْل)کراوەکە: مێردەکە سێی گرتبو و لە پێنجەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لە ساغکراوەکە بەشی دەبێتە پانزە، پێنج خوشکەکانیش چواریان گرتبو و لە پێنجەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لە ساغکراوەکە بەشیان دەبێتە بیست.

هەروەها لە مەسەلەکەی حالّەتیەکەمیش–کە وێنەی دوو جۆرە میراتگر بوو–: (جُزْءُ السَّهْمِ)ی مەسەلەکە سێ بوو، جا لە بنچینەی مەسەلە (عَوْل)کراوەکە: دایکەکە یەکی گرتبو و لە سێیەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لە ساغکراوەکە بەشی دەبێتە سێ، شەش برایەکانیش دوویان گرتبو و لە سێیەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لەساغکراوەکە بەشیان دەبێتە شەش، دوانزە خوشکەکانیش چواریان گرتبو و لە سێیەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لە ساغکراوەکە بەشیان دەبێتە دوانزە.

هەروەها لە وێنەکەی سێ جۆریش: (جُزْءُ السَّهْمِ)ی مەسەلەکە شەش بوو، لە بنچینەی مەسەلەکەش: دوو داپیرەکان یەکێکیان گرتبو و لە شەشەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو لە ساغکراوەکە بەشیان دەبێتە شەش، سێ برایەکانیش دوویان گرتبو و لەشەشەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو بەشەکەیان لە ساغکراوەکە دەبێتە دوانزە، دوو مامەکانیش سێیان گرتبو و لە شەشەکەی (جُزْءُ السَّهْمِ) دەدرێو بەشەکەیان لە ساغکراوەکە دەبێتە هەژدە.

ئیتر هەر بەو جۆرە: بەشی گشت میراتگرێك–کە پێش ساغکردنەوە لە بنچینەی مەسەلەکە گرتویەتی– لەو (جُزْءُ السَّهْمِ)ە بدە: کە لە بنچینەی مەسەلەکەت داوە، ئینجا کۆی ئەو لێدانە دەبێتە بەشی هەمان میراتگر لە ساغکراوەکە، والحمد لله تعالى.

﴿ ساغکردنەوەی (مَسائِلُ الرَّدِّ)=مەسەلەکانی پەدکردنەوەی میراتە زێدەکە ﴾

لە باسی ژماردنی میراتگرەکاندا گوتمان: ئەگەر میراتەکە زیاد بوو، میراتگری پشتێو (بَیْت الْمال)ش نەبو، ئەوە زێدەییەکە بۆ خاوەن بەشەکانی جگە لە ژنو مێرد دەگەڕێندرێتەوە، ئێستاش لێرەدا باسی دروستکردنو ساغکردنەوەی ئەو مەسەلانە دەکەینو دەڵێین: مەسەلەکانی گەڕاندنەوەی میراتە زیدەکە بۆ خاوەن بەشەکان– هەروەك لە (الأنوار)و (قطرالعارض)دا فەرموویانە– دەکرێنە چوار بەش:

بەشیەکەم: خاوە بەشەکان یەك جۆر بن، واتە: یەك جۆرە بەشە میرات بگرنو ژنو مێردیشیان لەگەڵدا نەبن، ئەوە ژمارەی سەری خاوەن بەشەکان دەبێتە بنچینەی مەسەلەکە: وەك دوو خوشك، یان دوو کیژ: مەسەلەکە لە سێوە دێتەوە سەر دوو، یان وەکو دوو داپیرە: مەسەلەکە لە شەشەوە دێتەوە سەر دوو، ئەگەر سێ بون دێتەوە سەر سێ...بەو جۆرە.

.....

بەشیدووەم: خاوەن بەشەکان لە یەك جۆر زیاتر بن، واتە: دوو جۆرە بەشەمیرات، یان زیاتر بگرنو ژنو مێردیشیان لەگەڵدا نەبێ، ئەو کاتە بنچینەیمەسەلەکە لە کۆی ژمارەی ئەو بەشە میراتانەیان دروست دەبێ: کە لە لێدەرچووی بەشەکان وەردەگیرێ، ئەگەر لە مەسەلەکەدا گەڕاندنەوەی میراتەکە نەبوایە:

بۆ وێنە: داپیرەیەکو برایەکی لەدایکی، هەر یەکەو شەشێکیان هەیەو مەسەلەکەیان لە شەشەوە دێتەوە سەر دوو، چونکە دوو شەشێك دەکاتە دوو، هەریەکەو یەکێکیان.

هەروەها دایکو خوشکێکی لەدایکی: دایکەکە سێیەکی هەیە–کە دووە– خوشکەکەش شەشێك–کە یەکە– کۆی هەردوو بەشەکان دەکاتە سێ، کەوابو: مەسەلەکەیان لە شەشەوە دێتەوە سەر سێ، دوو بۆ دایکەکە، یەکێك بۆ خوشکەکە.

هەروەها دایکو کیژێك: دایکەکە شەشێکی هەیە–کە یەکە– کیژەکەش نیوەی هەیە–کە سێیە– کۆی هەردوو بەشەکان دەکاتە چوار، کەوابو: مەسەلەکە لە شەشەوە دێتەوە سەر چوار، سێ بۆ کیژەکە، یەکێك بۆ دایکەکە.

هەروەها دایکو کیژێکو کیژەکوڕێك: دایکەکەو کیژەکوڕەکە هەر یەکەو شەشێکێکیان هەیەو کیژەکەش نیوەی هەیە، کۆی بەشەکان دەکاتە پێنج، کەوابو: مەسەلەکە لە شەشەوە دێتەوە سەر پێنج، سێ بۆ کیژەکە، یەکێك بۆ دایکەکە، یەکەکەیتریش بۆکیژەکوڕەکە...بەو جۆرە.

بەشیسێیەم: خاوەن بەشەکان یەك جۆر بن، بەڵام ژن، یان مێرد لەگەڵدا بێ، ئەو کاتە بەشی ژنەکە، یان مێردەکە لە لێدەرچووەکەی بەشەکەیخۆیان دەیاندرێتێ–کە نیوە، یان

چواریك، یان هەشتیكە–، ئینجا پاشماوەكەش دەدرێتە ئەو خاوەن بەشانەی مافی گەڕاندنەوەی میراتە زێدەكەیان هەیە، ئینجا تەماشا دەكەین:

ئەگەر پاشماوەكەش بە ساغی بە سەر ژمارەی سەری ئەو خاوەن بەشانەدا بەش دەبو، ئەوە هەر لێدەرچووەكەی بەشی ژنو مێردەكە بنچینەی مەسەلەكەیە: وەك ژنێكو حەفت كیژ، بنچینەی مەسەلەكە لە هەشتە–كە بەشی ژنەكەی لێدەردەچێ–: هەشتێكی– یەكە– بۆ ژنەكە، پاشماوەكەشی–حەفتە– بۆ حەفت كیژەكان. هەم وەك مێردو سێ كیژ، بنچینەی مەسەلەكە لە چوارە–كە بەشی مێردەكەی لێدەردەچێ–: یەكی بۆ مێردەكە، پاشماوەكەشی بۆ سێ كیژەكە.

بەڵام ئەگەر پاشماوكە بە ساغی بە سەر خاوەن بەشەكاندا بەش نەدەبو، ئەو كاتە تەماشا دەكەین: ئەگەر پاشماوەكەو ژمارەی سەری خاوەن بەشەكان (مُتَوَافِق) بون، ئەوە (وِفْق)ی ژمارەی سەرەكان لە لێدەرچووەكەی بەشی ژنو مێردەكە دەدرێ، بەڵام ئەگەر

.....

پاشماوەكەو ژمارەی سەرەكان (مُتَبَاین) بون، ئەو كاتە تەواوی سەرەكان لە لێدەرچووەكەی بەشی ژنو مێردەكە دەدرێ، ئینجا لە هەردوو حاڵەتدا كۆی لێدانەكە گەیشتە كام ژمارە، ئەو ژمارەیە دەكرێتە بنچینەی مەسەلەكەو لەو ژمارەیە ساغ دەبێتەوە:

وێنەی(تَوَافق): مێردو شەش كیژ، مەسەلەكە لە چوارە–كە لێدەرچووی بەشی مێردەكەیە–: چواریكی–یەكە– بۆ مێردەكە، پاشماوەكەشی–سێیە– بە سەر شەش كیژەكاندا بەش نابێ، سێو شەش (مُتَوَافِق)ن بە سێیەك، كەوابو: سێیەكی شەش كیژەكان –كە دووە– لە لێدەرچووەكەی بەشی مێردەكە دەدەینو بنچینەی مەسەلەكە دەبێتە هەشت: دوو بۆ مێردەكە، پاشماوەكەش شەشە بۆ شەش كیژەكان.

وێنەی(تَبَایُن): مێردو پێنج كیژ، دیسان مەسەلەكە لە چوارە: چواریكی–یەكە– بۆ مێردەكە، پاشماوەكەشی–سێیە– بە سەر پێنج كیژەكاندا بەش نابێ، سێ لەگەڵ پێنج (مُتَبَایِن)ن، كەوابو: ژمارەی پێنج كیژەكان لە لێدەرچووەكەی بەشی مێردەكە دەدەینو بنچینەی مەسەلەكە دەبێتە بیست: پێنج بۆ مێردەكە، پانزەش بۆ كیژەكان.

بەشی چوارەم: خاوەن بەشەكان لە یەك جۆر زیاتر بن، بەڵام ژن، یان مێرد لەگەڵدا بێ، ئەو كاتەش بەشی ژنەكە، یان مێردەكە هەر لە لێدەرچووی بەشەكەیخۆیان دەیاندرێتێ –كە نیوە، یان چواریك، یان هەشتیكە–، هەروەك لە بەشی سێیەمدا ڕابرا، ئینجا پاشماوەكەشی دەدرێتە ئەو خاوەن بەشانەی مافی گەڕاندنەوەی میراتە زێدەكەیان هەیە، ئینجا تەماشا دەكەین:

ئەگەر پاشماوەكەش بە ساغی بەسەر كۆی بەشە میراتەكانی خاوەن بەشەكاندا بەش دەبو

– واتە: ئەو بەشە میراتانەی لە بەشیدووەمدا دەکرانە بنچینەی مەسەلەکە–، ئەو کاتە هەر لێدەرچووەکەی بەشی ژنو مێردەکە دەکرێتە بنچینەی مەسەلەکە: وەک چوار داپیرەو ژنێکو شەش خوشکی لەدایکی، بنچینەی مەسەلەکە لە چوارە–کە بەشی ژنەکەی لێدەردەچێ–: چوارێکی–یەکە– بۆ ژنەکە، پاشماوەکەشی–سێیە– بە سەر کۆی بەشەکانی داپیرەکانو خوشکەکاندا بەش دەبێ–کە شەشێکیکو سێیەکێکەو کۆیان دەکاتە سێ–: یەکێک بۆ داپیرەکان، دوو بۆ خوشکەکان، هەروەک لە بەشیدووەمدا ڕابرا، بەڵام بەشی داپیرەکانو خوشکەکان بە ساغی بە سەر سەرەکانیاندا بەش نابێو دووبارە مەسەلەکە لە چلو هەشت ساغ دەکرێتەوە، بەو (قاعدە)یەی لە ساغکردنەوەدا ڕابرا.

بەڵام ئەگەر پاشماوەکە بە ساغی بە سەر کۆی بەشە میراتەکاندا بەش نەدەبو، ئەو کاتە کۆی بەشە میراتەکانی ئەو خاوەن بەشانەی مافی گەڕاندنەوەی میراتەکەیان هەیە، لە لێدەرچووەکەی بەشی ژنەکە، یان مێردەکە بدە، ئینجا کۆی لێدانەکە گەیشتە کام ژمارە،

.....

ئەو دەکرێتە بنچینەی مەسەلەکە: وەک نۆ کیژو شەش داپیرەو چوار ژن، مەسەلەکە لە هەشتە–کە بەشی ژنەکەی لێدەردەچێ–: هەشتێکی–یەکە– بۆ چوار ژنەکان، پاشماوەکەشی–حەفتە– بە سەر کۆی بەشە میراتەکانی داپیرەکانو کیژەکاندا بەش نابێ –کە شەشێکێکو دووسێیەکەو کۆیان دەکاتە پێنج–، جا پێنجەکەی کۆی بەشەکانو حەفتەکەی پاشماوەکەش (مُتَباِین)ن، کەوابو: پێنجەکە لە لێدەرچووەکەی بەشی ژنەکە دەدەین– کە هەشتە–، بنچینەی مەسەلەکە دەبێتە چل:

ئینجا کە ساغکردنەوەکەت تەواوکردو حەزت کرد بزانی–لە کۆی مەسەلەکە– گشت میراتگرێک چەندی هەیە، ئەو کاتە بەشە میراتەکەی ژنەکە، یان مێردەکە لەو ژمارەیە بدە: کە لە لێدەرچووی بەشەکەت دابو، ئەوە کۆی لێدانەکە دەبێتە بەشی وی لە بنچینەی مەسەلەکە، بۆ وێنە: لە مەسەلەکەی‌ڕابردوودا بەشی چوار ژنەکان یەک بوو، لەو پێنجەی بدە: کە کۆی بەشە میراتەکان بوو و لە لێدەرچووی بەشی ژنەکانت دابو، ئەو کاتە بەشی ژنەکان– لە چلەکە– دەبێتە پێنج.

هەروەها بەشە میراتی ئەو خاوەن بەشانەش کە مافی گەڕاندنەوەی میراتەکەیان هەیە لە پاشماوەکە بدە: کە لە پاش بەشی ژنەکە، یان مێردەکە ماوەتەوە، ئەوەش دەبێتە بەشی وی، بۆ وێنە: لە مەسەلەکەی‌ڕابردوودا: داپیرەکان یەکێکیان هەبوو لە حەفتەکەی پاشماوەکەی بدەو لە چلەکە بەشیان دەبێتە حەفت، هەم کیژەکانیش چواریان هەبوو، لە حەفتەکەی پاشماوەکەی بدەو لە چلەکە بەشیان دەبێتە بیستو هەشت.

ئینجا ئەگەر لە دوای دیاریکردنی بەشە میرات، بەشە میراتەکانیش بە سەر سەری

خاوەنەکانیاندا بە ساغی بەش نەدەبون، ئەوە هـەر بـەو (قاعـدة)ڕابردووانـەی لـە باسـی ساغکردنەوەی مەسەلەکاندا ڕوونمان کردنەوە، لێرەشدا کرداری سـاغکردنەوە جێبـەجێ بکە، کەواتە: لە مەسەلەکەیڕابردوودا: بەشەکانی ژنەکانو داپیرەکانو کیژەکان گشتیان لەگەڵ سەری خاوەنەکانیان (مُتَبَايِن)ن، کەوابو: سەرەکان وەکو خۆیان دەمێنـترێنەوە، ئینجا ژمارەی سەری داپیرەکانو سەری ژنەکان (مُتَوَافِق)ن بە نیوەیی، کـەوابو: نیـوەی سەری ژنەکان لە تەواوی سەری داپیرەکان دەدەیـنو دەبێتـە دوانـزە، ئـەم دوانزەیـەش لەگەڵ ژمارەی نۆ کیژەکان (مُتَوَافِق)ن بـە سـێیەك، کـەوابو: سـێیەکی نـۆ–کـە سـێیە– لە دوانزەکە دەدەیـنو دەگاتە سیو شەش، جا ئەم سیو شەشە دەبێتـە (جُـزْءُ السَّـهْم)و لە چلەکەی دەدەن، جا لە (1440) هـەزارو چـوار سـەدو چـل سـاغ دەبێتـەوە: (180) سەدو هەشتا بۆ ژنەکان، (252) دووسەدو پەنجاو دوو بۆ داپیرەکان، (1008) هـەزار و هەشت بۆ کیژەکان.

(فَـرْعٌ) مَـاتَ عَـنْ وَرَثَةٍ فَمَاتَ أَحَدُهُمْ قَبْلَ الْقِسْمَةِ فَإِنْ لَـمْ يَرِثِ الثَّانِيَ غَيْرُالْبَـاقِينَ وَكَانَ إِرْثُهُمْ مِنْهُ كَإِرْثِهِمْ مِنَ الأَوَّلِ جُعِلَ كَأَنَّ الثَّانِيَ لَمْ يَكُنْ وَقُسِّمَ بَيْنَ الْبَاقِينَ كَإِخْوَةٍ وَأَخَوَاتٍ أَوْ بَنِـينَ وَبَنَـاتٍ مَـاتَ بَعْضُـهُمْ عَـنِ الْبَـاقِينَ، وَإِنْ لَـمْ يَنْحَصِـرْ إِرْثُـهُ فِـالْبَـاقِينَ أَوْ اِنْحَصَـرَ وَاخْتَلَفَ قَدْرُالإِسْتِحْقَاقِ فَصَحِّحْ مَسْأَلَةَ الأَوَّلِ ثُمَّ مَسْأَلَةَ الثَّانِي ثُمَّ

﴿ فَرْعٌ: **لە باسی** (اَلْمُنَاسَخَاتِ)=**گواستنەوەی میرات لە مردوویەك بۆ مردوویەکیتر** ﴾

واتـــە: پـــێش بەشـــکردنیمیراتەکە یـــەکێك لـــە میراتگرەکـــان بمـــرێ. کەوابو: هەر کاتێك (مَاتَ عَنْ وَرَثَةٍ) یەکێك مرد و کۆمەڵە میراتگرێکی لـە پـاش بـەجێمان (فَمَاتَ أَحَدُهُمْ قَبْلَ الْقِسْمَةِ) جا پێش بەشکردنی میراتەکە یـەکێکیان مـرد، ئـەوە تەماشـا دەکەین:

(فَإِنْ لَمْ يَرِثِ الثَّانِيَ غَيْرُالْبَـاقِينَ) ئەگـەر جگـە لـە میراتگرەکـانی مردووەکەیـەکـەم هـیچ میراتگرێکیتر میراتی لە مردووەکەیدووەم نەدەگرتو (وَكَانَ إِرْثُهُمْ مِنْهُ كَإِرْثِهِمْ مِنَ الأَوَّلِ) میراتگرتنەکەشیان لە مردووەکەیدووەم وەك میراتگرتنیـان لـە مردووەکەیـەکـەم بـوو، ئـەوە بـۆ دروسـتکردنی مەسـەلەکە (جُعِـلَ كَـأَنَّ الثَّـانِيَ لَـمْ يَكُـنْ) وا دادەنـدرێ کـە مردووەکەیدووەم لەگەڵ میراتگرەکانی مردووەکەیـەکەمدا نەبوەو (وَقُسِّمَ بَيْنَ الْبَـاقِينَ) میراتەکە لە نێوان ئەو میراتگرانەدا بەش دەکرێ کە ئێستا ماون:

(كَإِخْوَةٍ وَأَخَوَاتٍ) وەکو یـەکێك لـە برایـەکانو خوشـکەکانی لـەباوکیی مردووەکـە پـێش بەشکردنی میراتەکە بمرێ، ئەوە وا دادەندرێ مردووەکەیدووەم هەر نەبوەو ژمارەی ئەو میراتگرانەی ئێستا ماون دەبێتە بنچینەی مەسەلەکە.

(أَوْ بَنِينَ وَبَنَاتٍ) یان وەکو کوڕەکانو کیژەکانی مردووەکە (مَاتَ بَعْضُهُمْ عَنِ الْبَاقِينَ) هەندێکیان بمرنو ئەوانیتریش بمێنن، لێرەشدا هەرچەند کوڕەکانو کیژەکان دەبنە خوشکو برای مردووەکەیدووەم، بەڵام هەر ژمارەکەیان دەبێتەوە بنچینەی مەسەلەکەو وا دادەندرێ مردووەکەیدووەم هەر نەبوە.

(وَإِنْ لَمْ يَنْحَصِرْ إِرْثُهُ فِيالْبَاقِينَ) بەڵام ئەگەر میراتەکەی مردووەکەیدووەم تەنها بۆ ئەو میراتگرانە نەبو: کە ئێستا ماون، بەڵکو میراتگریتر هاوبەشییان لەگەڵ دەکردن، یان تەنها بۆ هەندێك میراتگریتر بوو (أَوْ انْحَصَرَ) یان هەر بۆ ئەو میراتگرانە بوو: کە ئێستا ماون، بەڵام (وَاخْتَلَفَ قَدْرُ الإِسْتِحْقَاقِ) ئەندازەی میراتەکەیان لە مردووەکەی یەکەمو دووەم جیاواز بوو، ئەوە لە هەر سێك حاڵەتدا (فَصَحِّحْ مَسْأَلَةَ الأَوَّلِ) مەسەلەی مردووەکەییەکەم ساغ بکەوە (ثُمَّ مَسْأَلَةَ الثَّانِي) ئینجا مەسەلەی مردووەکەیدووەمیش ساغ بکەوە (ثُمَّ) ئینجا کە هەردوو مەسەلەکانت ساغ کردنەوە تەماشا بکە:

إِنْ انْقَسَمَ نَصِيبُ الثَّانِي مِنْ مَسْأَلَةِالأَوَّلِ عَلَى مَسْأَلَتِهِ فَذَاكَ، وَإِلاَّ فَإِنْ كَانَ بَيْنَهُمَا مُوَافَقَةٌ ضُرِبَ وَفْقُ مَسْأَلَةِ فِي مَسْأَلَةِالأَوَّلِ، وَإِلاَّ كُلُّهَا فِيهَا فَمَا بَلَغَ صَحَّتَا مِنْهُ، ثُمَّ مَنْ لَهُ شَيْءٌ مِنْ الأُولَى أَخَذَهُ مَضْرُوبًا فِيمَا ضُرِبَ فِيهَا،

(إِنْ انْقَسَمَ نَصِيبُ الثَّانِي) ئەگەر ئەو بەشە میراتەی مردووەکەیدووەم– کە (مِنْ مَسْأَلَةِ الأَوَّلِ) لە مەسەلەی مردووەکەییەکەم گرتبوی– بە ساغی بەش دەبو (عَلَى مَسْأَلَتِهِ) بە سەر مەسەلەکەیخۆیدا–کە دووەمەکەیە– (فَذَاكَ) ئەوە ئاشکرایەو کاری گواستنەوەکە ئاسانە: وەك ژنێك بمرێو مێردو دوو خوشکی لەباوکیی لە پاش بەجێ بمێنن، ئینجا لەو دوو خوشکانەش–پێش بەشکردنیمیراتەکە–خۆشکێکیان بمرێو خوشکەکەیترو کیژێکی لە پاش بەجێ بمێنن، ئەوە مەسەلەکەییەکەم لە شەشە بە لێدانی دوو لە سێ–کە بەشی مێردەکەو خوشکەکانیان لێدەردەچێ–، ئینجا (عَوْل) دەکرێ بۆ حەفت، مەسەلەکەی دووەمیش لە دووە–کە بەشی کیژەکەی لێدەردەچێ–، ئینجا بەشی خوشکە مردووەکە لە مەسەلەکەییەکەم دوو بو، چونکە بە هەر دوو خوشکەکان دووسێیەکیان گرتبو–کە چوارە– دووەکەش بە سەر مەسەلەکەی خۆیدا بەش دەبێ، کەواتە: بەشەکەی مردووەکەیدووم–کە لە مەسەلەکەی یەکەم گرتبوی– یەکسەر دەدرێتە میراتگرەکانیخۆی: یەکێك بۆ کیژەکەی بە خاوەن بەشی، یەکەکەیتریش بۆ خوشکەکەی بە (عصبة)یی.

(وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر بەشە میراتەکەی مردووەکەیدووەم–کە لە مردووەکەییەکەم گرتبوی– بە سەر مەسەلەکەیخۆیدا بەش نەدەبو، ئەو کاتەش تەماشا بکە: (فَإِنْ كَانَ بَيْنَهُمَا مُوَافَقَةٌ) ئەگەر لە نێوان مەسەلەکەی مردووەکەیدووەمو بەشە میراتەکەی (تَوَافُق) هەبو (ضُرِبَ وَفْقُ مَسْأَلَتِهِ فِي مَسْأَلَةِ الأَوَّلِ) ئەوە (وِفْق)ی مەسەلەی مردووەکەیدووەم لە تەواوی

مەسەلەی مردووەکەیەکەم دەدرێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر (مُتَوافِقْ) نەبون، بەڵکو مەسەلەکەو بەشەکەیدووەمەکە (مُتَبَايِن) بون، ئەو کاتە (كُلُّهَا فِيهَا) تەواوی مەسەلەی دووەمەکە لە تەواوی مەسەلەیەکەمەکە دەدرێ، ئینجا لە هەر دوو حاڵەتی لێدانەکاندا (فَمَا بَلَغَ) کۆی لێدانەکان گەیشتە کام ژمارە، ئەوە (صَحَّتَا مِنْهُ) هەردوو مەسەلەی یەکەمەکەو دووەمەکە لە کۆی ئەو لێدانە ساغ دەبنەوە:

(ثُمَّ) ئینجا کە هەردوو مەسەلەکان لە ژمارەیەك ساغ بونەوە، ئەو کاتە بۆ بەشکردنی میراتی هەردوو مردووەکان بڵێ: (مَنْ لَهُ شَيْءٌ مِنَ الأُولَى) هەر میراتگرێك–جگە لە مردووەکە– بەشە میراتێکی لە مەسەلەکەیەکەم هەیە، ئەوە (أَخَذَهُ مَضْرُوبًا فِيمَا ضُرِبَ فِيهَا) کە بەشە میراتەکەی دەگرێ لەو ژمارەیە دەدرێ: کە لە مەسەلەکەیەکەم درابو–کە (وِفْقَ)ی مەسەلەکەیدووەم بوو، یان تەواوەکەی بوو– ئینجا کۆی لێدانەکە گەیشتە کام ژمارە، ئەوە بەشی ئەو میراتگرەیە لە کۆی هەردوو مەسەلەکان.

وَمَنْ لَهُ شَيْءٌ مِنَ الثَّانِيَةِ أَخَذَهُ مَضْرُوبًا فِي نَصِيبِ الثَّانِي مِنَ الأُولَى أَوْ فِي وَفْقِهِ إِنْ كَانَ بَيْنَ مَسْأَلَتِهِ وَنَصِيبِهِ وَفْقٌ.

هەرەوها (وَمَنْ لَهُ شَيْءٌ مِنَ الثَّانِيَةِ) هەر میراتگرێك بەشە میراتێکی لە مەسەلەکەیدووەم هەیە، ئەوە (أَخَذَهُ مَضْرُوبًا فِي نَصِيبِ الثَّانِي) کە بەشە میراتەکەی دەگرێ لە تەواوی بەشی مردووەکەیدووەم دەدرێ–کە (مِنَ الأُولَى) لە یەکەمەکە گرتبوی– ئەگەر بەشەکەیو مەسەلەکەی (مُتَبَايِن)بن (أَوْ فِي وَفْقِهِ) یان بەشە میراتەکە لە (وِفْقَ)ی بەشی مردووەکەی دووەم دەدرێ (إِنْ كَانَ بَيْنَ مَسْأَلَتِهِ وَنَصِيبِهِ وَفْقٌ) ئەگەر لە نێوان مەسەلەیدووەمەکەو بەشەکەی (تَوَافُق) هەبێ، ئینجا کۆی لێدانەکە بەشی ئەو میراتگرەیە لە کۆی هەردوو مەسەلەکان.

ئینجا ئاگادارە: لە کۆی مەسەلەکان بەشی مردووەکە دامەنێ.

وێنەی(تَوَافُق): دوو داپیرەو خوشکێکی لەدایکیو خوشکێکی لەباوکیو خوشکێکی لەدایکوباوکی، ئینجا پێش بەشکردنیمیراتەکە خوشکە لەدایکیەکە مرد، لە پاشی بەجێمان: دایکیدایك–کە یەکێك لە دوو داپیرەکانە–و خوشکێکی لەدایکی–کە خوشکە لە دایکو باوکیەکەیە–و دوو خوشکی لەدایکوباوکیی–کە لە یەکەمەکەدا نەبون–: مەسەلەکەی یەکەم لە شەشەو لە دوانزە ساغ دەبێتەوە، مەسەلەکەیدووەمیش لە شەشە، ئینجا بەشی خوشکە مردووەکە لە یەکەمەکە دوو بوو و لە گەڵ مەسەلە دووەمەکەی خۆی (مُتَوَافِق)ن بە نیوەیی، کەوابو: نیوەی مەسەلەکەیدووەم–کە سێیە– لە تەواوی یەکەمەکە دەدرێ–کە دوانزەیە– لە سیو شەش هەردوو مەسەلەکان ساغ دەبنەوە:

ئینجا هەر داپیرەیەك لە یەکەمەکە یەکی هەبو، کەوابو: یەکەکەی هەر

داپێرەیەك لە سێیەكە دەدرێو لە كۆی هەردوو مەسەلەكان هەر داپیرەیەك بەشی دەبێتە سێ، هەم داپیرەكەی مەسەلەیدووەمیش لە دووەمەكە یەكی هەبو و لە (وِفْـق)ی بەشـی خوشكە مردووەكە دەدرێ –كە یەكە–و بەشی ئەم داپیرە ئەمجارەش لـە كـۆی هـەردوو مەسەلەكان هەر دەبێتە یەك، خوشكە لەدایكوباوكیەكەش لە یەكەمەكە شەشی گرتبو و لە سێیەكە دەدرێو لە كۆی هەردوو مەسەلەكان بەشی دەبێتە هەژدە، هەر ئەم خوشكەش لـە دووەمەكـە یـەكێكی گرتبـو و لـە (وِفْـقَ)ی بەشـی خوشـكە مردووەكـەی دەدەیـنو ئەمجارەش لە كۆی هەردوو مەسەلەكان بەشی هەر دەبێتە یەك، خوشكە لەباوكیەكەش لە یەكەمەكە دووی گرتبو و لە سێیەكە دەدرێو لە كۆی مەسەلەكان بەشی دەبێتە شـەش، بەڵام لە دووەمەكە هیچی نیە، دوو خوشكەكانی لەدایكوباوكیش لـە دووەمەكـە چـواریان هەبو و لە (وِفْقَ)ی بەشی خوشكە مردووەكە دەدرێو لە كۆی مەسـەلەكان بەشـیان هـەر دەبێتـــــــ

مردووەکەی‌سێیەمیش وەك مەسەلەکەی‌دووەم دادەنـدرێ، کەواتـە: ئەگـەر بەشـی مردووەکەی‌سێیەم–کە لە کۆی یەکەمەکەو دووەمەکـە گرتبـوی– بـە سـەر مەسـەلەکەی سێیەمدا بەش دەبو، ئەوە ئاسانە، بەڵام ئەگەر بەش نەدەبو، تەماشابکە: ئەگەر بەشـی سـێیەمەکەو مەسـەلە سـێیەمەکە (مُتَبَـاِین) بـون، ئـەوە تـەواوی سـێیەمەکە لـە کـۆی یەکەمەکەو دووەمەکە بدە، وە ئەگەر بەشی سێیەمەکەو مەسـەلە سـێیەمەکە (مُتَوَافِـق) بون، ئەو کاتە (وِفْق)ی سێیەمەکە لە کۆی یەکەمەکەو دووەمەکە بدە، ئینجا لە هـەردوو حاڵەتدا کۆی لێدانەکە گەیشتە کام ژمارە، ئەوە لەم ژمارەیە هەرسێکیان ساغ دەبنەوە.

ئینجا هەر میراتگرێك لە کۆی یەکەمەکـەو دووەمەکـە بەشـە میراتێکـی هـەبێ، ئـەوە کـە وەریدەگرێ: لە (وِفْق)ی سێیەمەکە دەدرێ–ئەگەر (مُتَوَافِق) بوبـێ–، یـان لـە تـەواوی سێیەمەکە دەدرێ –ئەگەر (مُتَبَاِین) بوبێ– وە هەر میراتگرێکیش لە سـێیەمەکە بەشـی هـەبێ، ئـەوە کـە وەریـدەگرێ لـە تـەواوی بەشـی مردووەکەی‌سـێیەم دەدرێ: کـە لـە

.....

مەسەلەکانیتر گرتبوی، یان لە (وِفْقَ)ی بەشی مردووەکەی‌سێیەم دەدرێ ئەگەر (تَوَافُق) هەبێ. جا ئەگەر مردووێکی‌چوارەمیش بمرێ، چوارەمەکە بە دووەم دادەندرێ...ئیتر هەر بەو جۆرە پەفتار بکە، هەروەك لە (الانوار)و (مغنی)دا پوون کراوەتەوە.

﴿ پاشکۆ: لەبارەی چۆنیەتی بەشکردنی میرات بەگوێرەی بەشەمیراتەکان ﴾

ئەم باسە زۆر گرنگەو بەرهەمی زانستی‌میراتە، جا ئەگەر میراتەکە، پـارە بـوو، یـان ئـەو جۆرە شتانە بون: کە ئەندازەیان وەکو یەکتریـیە، ئەوە یەکسەر بە یەکێك لەو رێگایانەی داهاتوو بەش دەکرێ، ئەگەر نا: ئەو کاتە میراتەکە دەقرسێندرێو بە پارە نرخی بۆ دیاری دەکرێ، ئینجا بە یـەکێك لـەو رێگایانەی‌داهاتوو بـەش دەکـرێ، هـەروەك لـە (الانـوار)و (حاشیةالبقري)دا پوون کراونەوە:

رێگای‌یەکەم: بەشەمیراتی گشت میراتگرێك–کـە لـە مەسـەلەکە گرتویـەتی– لـە هـەموو میراتەکە بدە، ئینجا کۆی لێدانەکە گەیشتە کام ژمارە، ئەو ژمارەیە بە سەر مەسەلەکەدا بەش بکە، لەو بەشکردنە چەند دەرچوو، ئەوە بەشی میراتگرەکەیە:

بۆ وێنە: میراتگرەکان دایـکو ژنێـکو مامێـك بـون، میراتەکـەش سـەد دینـار بـوو، ئـەوە مەسەلەکە لە دوانزەیە: سێ بۆ ژنەکەیە، چوار بۆ دایکەکەیە، پێنج بۆ مامەکەیـە، ئینجـا سێیەکەی ژنەکە لە سەد دینارەکە بدە دەگاتە سێسەد، بە سەر دوانزەکەی مەسەلەکەدا بەشی بکە: بیستو پێنج دەردەچێ، کەواتە: بەشی ژنەکە لەو سەد دینارە بیستو پێنج دینارە، ئەمجارەش چوارەکەی دایکەکە لە سەد دینارەکە بدە دەگاتە چوارسەد، بە سەر دوانزەکەدا بەشی بکـە: سـیو سـێو سـێیەکێك دەردەچـێ، کەواتـە: بەشـی دایکەکـەش

سی‌وسێ دینارو سێیەکە دینارێکە، ئەمجارەش پێنجەکەی مامەکە لە سەد دینارەکە بدە دەگاتە پێنجسەد، بە سەر دوانزەکەدا بەشی بکە: چلویەکو دووسێیەک دەردەچێ، کەواتە: بەشی مامەکەش چلو یەک دینارو دووسێیەکە دینارە.

ڕێگای دووەم: بەشی هەر میراتگرێک–کە لە مەسەلەکە گرتویەتی– نیسبەت بدە لای مەسەلەکە، ئینجا بەگوێرەی ئەو نیسبەتە لە میراتەکە وەربگرەو بیدە میراتگرەکە:

بۆ وێنە: لە مەسەلەکەی‌پابردوودا: سێیەکەی ژنەکە چوارێکی مەسەلەکەیە، کەوابو: چوارێکی سەد دینارەکە بیستو پێنج دینارەو بیدە ژنەکە، چوارەکەی دایکەکەش سێیەکی مەسەلەکەیە، کەوابو: سێیەکی سەد دینارەکە سێ‌وسێ دینارو سێیەکە دینارێکەو بیدە دایکەکە، پێنجەکەی مامەکەش چوارێکێکو شەشێکێکی مەسەلەکەیە، کەوابو: چوارێکی سەد دینارەکە–کە بیستو پێنج دینارە– لە گەڵ شەشێکی سەد دینارەکە–کە شانزە دینارو دووسێیەکە دینارە– دەکاتە چلو یەک دینارو دووسێیەکە دینار، بیدە مامەکە، والحمد لله تعالی.

منهاج– بەرگی‌چوارەم–6

(كِتَابُ الْوَصَ

تَصِحُّ وَصِيَّةُ كُلِّ مُكَلَّفٍ حُرٍّ وَإِنْ كَانَ كَافِرًا وَكَذَا مَحْجُورٌعَلَيْهِ بِسَفَهٍ عَلَى الْمَذْهَبِ، لاَ مَجْنُونٍ وَمُغْمَىعَلَيْهِ وَصَبِيٍّ،

﴿ كِتَابُ الْوَصَايَا: **ئەمەیە پەرتوکی وەسێتەکان** ﴾

وەسێت: بەخشینی مافێکە کە لە دوای‌مردن جێبەجێ بکرێ. جا بزانە: لە سەرەتای ئیسلامدا وەسێتکردنی بە مالّ بۆ دایکو باوکو خزمان واجب بوو، ئینجا بە ئایەتەکانی میرات واجببوونەکەی (نَسْخ) بڕوە، بەڵام بڕیاری سوننەتیی وەسێت لە سێیەکی مالّدا هەر بەردەوام ماوەتەوە، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ لَهُ شَيْءٌ يُرِيدُ أَنْ يُوصِيَ فِيهِ يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ إِلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَهُ﴾ رواه‌الشیخان، باش نیە بۆ مرۆڤی موسوڵمان شتێکی هەبێو بیەوێ لە دوای مردن بیکاتە خێر، دوو شەوی بە سەردا بڕواو وەسێت نەکا، تەنها وا باشە وەسێتەکەی لە لای‌خۆی نوسرابێ.

ئینجا بزانە: ئەگەر مرۆڤ مافێکی خوای‌گەورەی لە سەر بوو، یان مافێکی ئادەمیزادانی لە سەر بوو، یان شتێکی کەسێکی‌تری لە لا بوو، لەو حاڵەتانەدا وەسێتکردن–بۆ دانەوەی ئەو مافە– واجبە ئەگەر هیچ کەسێک نەبێ ئەو مافە ئاشکرا بکا، هەروەک لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

دیسان بزانە: حەڕامە وەسێت بۆ ئەو جۆرە کەسە بکا: کە بزانێ لە تاوانکاری سەرفی دەکا، هەروەها حەڕامە: بە زێتر لە سێیەکی مالّی‌خۆی وەسێت بکا ئەگەر مەبەستی بێبەشکردنی میراتگرەکانی بێ.

جا ئەوەش بزانە: وەسیّت بۆ خزمو کەسەکانیخۆی خێری زۆرترە لە وەسیّت بۆ بێگانە. هەروەها خێرکردن لە حاڵەتیزیندووەتیدا خێری زۆرترە لە خێرکردنی دوایمردن، هەروەك هەر دووکیان لە چەند حەدیسێکی(صحیح)دا هاتونو لە (تحفة)و (مغنی)شدا فەرموویانە.

جا بزانە: وەسیّت لەم ڕوکنانە پێك دێ: (اَلْمُوصِی)=وەسیّتکەر. (اَلْمُوصَیلَهُ)=وەسیّت بۆ کراو. (اَلْمُوصَیبِهِ)=وەسیّت پێکراو. (اَلصِّیغَة)=گۆتەی وەسیّتکردن.

ڕوکنیيەکەم: وەسیّتکەر (تَصِحُّ وَصِیَّةُ کُلِّ مُکَلَّفٍ حُرٍّ) دروستە: وەسیّتکردنی گشت مرۆڤێك کە باڵغو عاقڵ بێو ئازاد بێو زۆرلێکراو نەبێ، واتە: وەسیّتەکە بە خۆشی خۆی بێ (وَإِنْ کَانَ کافِرًا) هەرچەند کافریش بێ (وَکَذَا مَحْجُورٌ عَلَیْهِ بِسَفَهٍ) هەروەها وەسیّتی ئەو کەسەش دروستە کە لە دەستکاریکردنی ماڵیخۆی قەدەغە کرابێ، بە هۆی بەفیڕۆدانی ماڵیخۆی (عَلَیالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستیمەزهەب.

(لاَ مَجْنُونٍ وَمُغْمًیعَلَیْهِ) بەڵام وەسیّتی شێتو لە هۆشچوو دروست نیە، هەم (وَصَبِیٍّ) وەسیّتی منداڵیش دروست نیە، چونکە ئەوانە بایەخ بە گۆتەکەیان نادرێ.

وَفِی قَوْلٍ تَصِحُّ مِنْ صَبِیٍّ مُمَیِّزٍ، وَلاَ رَقِیقٍ، وَقِیلَ: إنْ عَتَقَ ثُمَّ مَاتَ صَحَّتْ، وَإِذَا أَوْصَی لِجِهَةٍعَامَّةٍ فَالشَّرْطُ أَنْ لاَ تَکُونَ مَعْصِیَةً کَعِمَارَةِ کَنِیسَةٍ، أَوْ لِشَخْصٍ فَالشَّرْطُ أَنْ یُتَصَوَّرَ لَهُ الْمِلْكُ، فَتَصِحُّ لِحَمْلٍ وَتَنْفُذُ إنْ اِنْفَصَلَ حَیًّا

بەڵام (وَفِی قَوْلٍ تَصِحُّ مِنْ صَبِیٍّ مُمَیِّزٍ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: وەسیّتکردنی منداڵیفامیدە دروستە (وَلاَ رَقِیقٍ) هەروەها وەسیّتی کۆیلەش دروست نیە، بەڵام (وَقِیلَ: إنْ عَتَقَ ثُمَّ مَاتَ صَحَّتْ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر کۆیلەکە پێش مردنی ئازاد کرابێ، وەسیّتەکەی دروست دەبێ.

ڕوکنیدووەم: وەسیّت بۆکراو (وَإِذَا أَوْصَی لِجِهَةٍ عَامَّةٍ) هەر کاتێك وەسیّتی کرد بۆ ڕوویّکی گشتی، ئەوە (فَالشَّرْطُ) مەرجی دروستبوونی وەسیّتەکە ئەمەیە: (أَنْ لاَ تَکُونَ مَعْصِیَةً) ڕووەکە گوناهکاری نەبێ (کَعِمَارَةِ کَنِیسَةٍ) وەکو دروستکردنو نوێکردنەوەی کەنیسەو سینەماو مەیخانەو چاپکردنی تەورات و ئینجیلو گشت پەرتووکەکانی زانستی حەرامو هەر جۆرە حەرامێکیترو ناپەسندێکیتر.

ئینجا بزانە: بۆ دروستبوونی وەسیّت مەرج نیە ناوی وەسیّت بۆکراوەکە بڵێ، کەوابو: ئەگەر تەنها گوتی: سێیەکی ماڵم وەسیّت بێ. واتە هیچ وەسیّت بۆکراوێکیشی دیاری نەکرد، ئەوە دەبێتە وەسیّتو دەدرێتە گەداو هەژاران، هەروەها ئەگەر بڵێ: سێیەکی ماڵم وەسیّت بێ بۆ خوای گەورە. ئەوەش دروست دەبێو لە ڕووەکانی خێرو چاکە سەرف دەکرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهایة)دا فەرموویانە.

(أَوْ لِشَخْصٍ) یان ئەگەر وەسیّتی کرد بۆ مرۆڤێك، واتە: بۆ دیاركراوێك، ئەو كاتە (فَالشَّرْطُ) مەرجی دروستبوونی وەسیّتەكە ئەمەیە: گوناهكاریو ناپەسندیی تێدا نەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە، هەم (أَنْ يُتَصَوَّرَ لَهُ الْمِلْكُ) دیاركراوەكە– لە كاتی وەسیّتكردنەكەدا– بگونجێ ببێتە خاوەن ملك، كەواتە: وەسیّت دروست نیە: بۆ مردوو و بۆ ئاژەڵو بۆ شتی نەبوو، وەك بڵێ: وەسیّت بێ بۆ كۆرپەی ئەم ئافرەتە كە لەمەودوا پەیدا دەبێ. یان بۆ مزگەوتێك كە لەمەودوا دروست دەكرێ. ئەوانە دروست نینە.

بەڵام ئەگەر نەبووەكە بكرێتە پابەندیەبووێك، وەك بڵێ: وەسیّت بێ بۆ منداڵەكانی فلانكەس: ئەوانەی ئێستایو ئەوانەی لەمەودواش دەیبن. یان بڵێ: وەسیّت بێ بۆ مزگەوتی ئێستای ئەم گوندەو بۆ مزگەوتەكانیتریش كە لەمەودوا لەم گوندەدا دروست دەكرێن. ئەو كاتە وەسیّتەكە دروست دەبێ، هەروەك لە(تحفة)و (نهاية)دا پوون كراوەتەوە.

ئینجا (فَتَصِحُّ لِحَمْلٍ) وەسیّت بۆ كۆرپەی ناوزگ دروست دەبێ: كە لە كاتی وەسیّتەكەدا هەبێ (وَتَنْفُذُ) وەسیّتەكەش جێبەجێ دەبێ (إِنْ انْفَصَلَ حَيًّا) بەو مەرجەی كۆرپەكە: وَعُلِمَ وُجُودُهُ عِنْدَهَا بِأَنْ انْفَصَلَ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ، فَإِنْ انْفَصَلَ لِسِتَّةِ أَشْهُرٍ فَأَكْثَرَ وَالْمَرْأَةُ فِرَاشُ زَوْجٍ أَوْ سَيِّدٍ لَمْ يَسْتَحِقَّ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ فِرَاشًا وَانْفَصَلَ لِأَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِ سِنِينَ فَكَذَلِكَ أَوْ لِدُونِهِ اسْتَحَقَّ فِي الْأَظْهَرِ، وَإِنْ أَوْصَى لِعَبْدٍ فَاسْتَمَرَّ رِقُّهُ فَالْوَصِيَّةُ لِسَيِّدِهِ، وَإِنْ عَتَقَ قَبْلَ مَوْتِ الْمُوصِي فَلَهُ، وَإِنْ عَتَقَ بَعْدَ مَوْتِهِ ثُمَّ قَبِلَ بُنِيَ عَلَى أَنَّ الْوَصِيَّةَ بِمَ تُمْلَكُ؟

بە زیندووبیی لە دایكی جیا ببێتەوەو گیانیجێگیربووشی تێدابێ (وَعُلِمَ وُجُودُهُ عِنْدَهَا) بشزاندرێ لە كاتی وەسیّتكردنەكەدا كۆرپەكە هەبووە: (بِأَنْ انْفَصَلَ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ) وەك لە كاتیوەسیّتكردنەوە تا ماوەیەكیكەمتر لە شەش مانگ كۆرپەكە لە دایكی جیا ببێتەوە، هەر چەند ژنە ئاوسەكەش سەرجێیی كرابێ.

(فَإِنْ انْفَصَلَ لِسِتَّةِ أَشْهُرٍ فَأَكْثَرَ) جا ئەگەر لە كاتیوەسیّتكردنەوە بە ماوەی شەش مانگ، یان زیاتر كۆرپەكە لە دایكی جیابۆوەو (وَالْمَرْأَةُ فِرَاشُ زَوْجٍ أَوْ سَيِّدٍ) ژنە ئاوسەكەش مێردێك، یان گەورەیەك سەرجێیی دەكرد، ئەو كاتە (لَمْ يَسْتَحِقَّ) مافی وەسیّت پێكراوەكەی نیە، چونكە دەگونجێ لە دوایوەسیّتكردن لەم مێردە پەیدا بوبێ.

(فَإِنْ لَمْ تَكُنْ فِرَاشًا) جا ئەگەر ئافرەتەكە هیچ سەر جێیی نەدەكراو (وَانْفَصَلَ لِأَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِ سِنِينَ) لە كاتیوەسیّتكردنەوە لە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵان كۆرپەكە لە دایكی جیا بۆوە (فَكَذَلِكَ) ئەوەش وەك ئەوی‌تر مافی وەسیّت پێكراوەكەی نیە.

بـەلام (أَوْ لِدُونِـهِ) ئەگـەر لـە مـاوەی کـەمتر لـە چـوار سـاڵ جیـابێوەو سەرجێبیشـی نەدەکرا، ئەو کاتە (اِسْتَحَقَّ فِیالأَظْهَرِ) مافی وەسیّت پێکراوەکەی هەیە، لـە فـەرموودەی بـەهێزتردا، کەواتـە: سەرپەرشـتکارەکەی وەسـیّتەکەی بـۆ قبـوڵ دەکـا، هـەروەك لـە زۆربەیسەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَإِنْ أَوْصَى لِعَبْدٍ) ئەگـەر وەسـیّتی کـرد بـۆ کۆیلەیـەك (فَاسْتَمَرَّ رِقُّـهُ) ئینجـا تـا مردنـی وەسیّتکەرەکە کۆیلایەتیەکەی بـەردەوام بـوو، ئـەوە (فَالْوَصِـيَّةُ لِسَـيِّدِهِ) وەسـیّتەکە بـۆ گەورەکەیـەتی، بـەلام (وَإِنْ عَتَـقَ قَبْـلَ مَـوْتِ الْمُوصِـي) ئەگـەر کۆیلەکـە پـێش مردنـی وەسیّتکەرەکە ئازاد بوو، ئەو کاتە (فَلَهُ) وەسیّتەکە بۆ کۆیلە ئازادکراوەکەیە.

(وَإِنْ عَتَقَ بَعْدَ مَوْتِهِ) ئەگەر کۆیلەکە لە دوای مردنیوەسـیّتکەرەکە ئـازاد بـوو (ثُـمَّ قَبِـلَ) ئینجا وەسیّتەکەی بۆ خۆی قبوڵ کرد، ئەو کاتە (بُنِيَ) مەسەلەکە بنیات دەندرێ (عَلَى أَنَّ الْوَصِيَّةَ بِمَ تُمْلَكُ؟) لە سەر ئەوەی ئایا وەسیّتەکە بە چی دەبێتە ملّك؟

بە فەرموودەی بـەهێزتر: وەسـیّتەکە بـە مردنـی وەسـیّتکەرەکە دەبێتـە ملّکـی وەسـیّت بۆکراوەکە، بەو مەرجەی قبوڵی بکا، کەوابو: لەم مەسەلەیەشدا وەسیّتەکە بۆ گەورەکەیە.

وَإِنْ أَوْصَى لِدَابَّةٍ وَقَصَدَ تَمْلِيكَهَا أَوْ أَطْلَقَ فَبَاطِلَةٌ، وَإِنْ قَالَ لِيُصْرَفَ فِي عَلْفِهَا فَالْمَنْقُولُ صِحَّتُهَا، وَتَصِحُّ لِعِمَارَةِ مَسْجِدٍ وَكَذا إِنْ أَطْلَقَ فِي الأَصَحِّ وَتُحْمَلُ عَلَى عِمَارَتِهِ وَمَصَالِحِهِ، وَلِـذِمِّيٍّ وَكَـذَا حَرْبِـيٌّ وَمُرْتَـدٌّ فِيالأَصَـحِّ، وَقَاتِـلٌ فِـي الأَظْهَـرِ، وَلِـوَارِثٍ –فِي الأَظْهَرِ– إِنْ أَجَازَ بَاقِيالْوَرَثَةِ، وَلاَ عِبْرَةَ بِرَدِّهِمْ وَإِجَازَتِهِمْ فِي حَيَاةِ الْمُوصِي،

(وَإِنْ أَوْصَى لِدَابَّةٍ) ئەگەر وسیّتی کرد بۆ وولاغێك (وَقَصَدَ تَمْلِيكَهَا) مەبەستیشی ئەوە بوو: بیکاتە ملّکی وولاغەکە (أَوْ أَطْلَقَ) یان هیچ مەبەستێکی نەبو، ئـەوە (فَبَاطِلَـةٌ) وەسـیّتەکە بەتاڵـە، بـەلام (وَإِنْ قَـالَ) ئەگـەر وەسـیّتکەرەکە گـوتی: (لِيُصْـرَفَ فِـي عَلْفِهَـا) وەسـیّت پێکراوەکە لە ئالیکدانی وولاغەکە سەرف بکرێ، ئەوە (فَالْمَنْقُولُ صِحَّتُهَا) بە فەرموودەی ئاشکرا: وەسیّتەکە دروست دەبێو لە ئالیکدانی وولاغەکە سەرف دەکرێ.

ئینجا بزانە: دروستە وەسیّت بە مەرجێکەوە هەڵبواسرێ، وەك بڵێ: ئەم شتەم وەسیّت بێ بۆ فلانکەس ئەگەر لە سەفەرەکەی بگەڕێتەوە. یان بڵێ: ئەگەر ئەم شتە بووە ملّکی مـن ئەوە وەسیّت بێ بۆ فلانکەس. یان بڵێ: ئەو شتەم وەسیّت بێ بۆ فلانکـەس ئەگـەر بـەم نەخۆشیەم بمرم. واتە: جیاوازی نیە مەرجەکە: لە ژیانی وەسیّتکەرەکەدا بێ، یان لە دوای مردن، هەروەك لە (تحفة)و (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَ) هەروەها (تَصِحُّ لِعِمَارَةِ مَسْجِدٍ) وەسیّت دروست دەبێ بۆ نوێکردنەوەو چاککردنەوەی مزگەوت (وَكَذَا إِنْ أَطْلَقَ) هەروەها ئەگەر تەنها بڵێ: وەسیّت بێ بۆ ئەم مزگەوتە. ئەوەش

هەر دروست دەبێ (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، کەوابو: (وَتُحْمَلُ عَلَى عِمَارَتِهِ وَمَصَالِحِهِ) وەسیێتەکە دەهێندرێتە سەر چاککردنەوەو بەرژەوەندیەکانیمزگەوتەکە، جا سەرپەرشتکاری مزگەوت لە بەرژەوەندیە گرنگترەکان، ئینجا گرنگەکان سەرفی دەکا.

(وَلِذِمِّيٍّ) هەروەها وەسیێت دروستە بۆ کافری پەیمان لە ئەستۆو (وَكَذَا حَرْبِيٌّ وَمُرْتَدٌّ) هەروەها بۆ کافری جەنگیو لەدین وەرگەڕاویش دروست دەبێ (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا (وَقَاتِلٌ) وەسیێت بۆ مرۆڤکوژەکەش دروست دەبێ، واتە: بۆ ئەو کەسەی وەسیێتکەرەکەی کوشتوە (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا.

(وَ) هەروەها وەسیێت دروست دەبێ (لِوَارِثٍ) بۆمیراتگریخۆی (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا (إِنْ أَجَازَ بَاقِي‌الْوَرَثَةِ) بەو مەرجەی میراتگرەکانیتر رێگە بدەنو بیڕوێنن، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ إلاَّ أَنْ يُجِيزَ الْوَرَثَةُ﴾ رواه الدارقطني والبيهقي بإسناد صالح، وەسیێت بۆ میراتگر دروست نیە، مەگەر میراگرەکانیتر رێگە بدەن.

ئینجا بزانە: (وَلاَ عِبْرَةَ بِرَدِّهِمْ وَإِجَازَتِهِمْ فِي حَيَاةِ الْمُوصِي) لە حاڵەتی زیندووەتی وەسیێتکەرەکەدا: نە ڕەدکردنەوەو نە رێگەدانی میراتگرەکانیتر ڕەچاو ناکرێو ڕەفتار وَالْعِبْرَةُ فِي كَوْنِهِ وَارِثًا بِيَوْمِ الْمَوْتِ، وَالْوَصِيَّةُ لِكُلِّ وَارِثٍ بِقَدْرِ حِصَّتِهِ لَغْوٌ، وَبِعَيْنٍ هِيَ قَدْرُ حِصَّتِهِ صَحِيحَةٌ وَتَفْتَقِرُ إِلَى الإِجَازَةِ فِي الأَصَحِّ،

بە هیچێکیان ناکرێ، بەڵکو ڕەدکردنەوەکەو رێگەدانەکە لە دوای مردنی وەسیێتکەرەکە ڕەچاو دەکرێن.

(وَالْعِبْرَةُ فِي كَوْنِهِ وَارِثًا بِيَوْمِ الْمَوْتِ) هەروەها میراتگرایەتی وەسیێت بۆکراوەکەش هەر بە کاتی مردنی وەسیێتکەرەکە ڕەچاو دەکرێ، کەواتە: ئەگەر وەسیێتی بۆ برایەکیخۆی کرد، ئینجا وەسیێتکەرەکە—پێش مردنیخۆی— کوڕێکی بوو، ئەو کاتە وەسیێتەکە—بێئیزندانی میراتگرەکان— دروست دەبێ، چونکە لە کاتی مردنی وەسیێتکەرەکەدا ئەو برایە بە هۆی کوڕەکە لە میراتگرایەتی قەدەغە کراوەو بە بێگانە دادەندرێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر لە نەخۆشیمردنیدا شتێك وەقف بکاتە سەر میراتگرەکەی، یان پێی ببەخشێ، یان لە قەرزێك گەردەنی ئازاد بکا، ئەوانەش گشتی وەکو وەسیێتی بۆ میراتگرە، واتە: ئەگەر میراتگرەکان ڕازی نەبن هیچیان جێبەجێ ناکرێن، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتیساغیدا ئەوشتانە بکا، ئەوە گشتی جێبەجێ دەبنو گوناهباریش نابێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَالْوَصِيَّةُ لِكُلِّ وَارِثٍ) وەسیێتکردن بۆگشت میراتگرێکی خۆی (بِقَدْرِ حِصَّتِهِ) بە ئەندازەی بەشە میراتەکەی خۆی: وەك سێیەكو نیوەو شەشێك...هتد (لَغْوٌ) پوچەڵەو ڕەفتاری پێ

ناکرێ، چونکه به بێوەسێتکردنیش مافی ئەو بەشەی هەیە.

بەڵام (وَبِعَيْنٍ هِيَ قَدْرُ حِصَّتِهِ) وەسێتکردن بۆ گشت میراتگرێکیخۆی به خودی شتێك کە به ئەندازەی بەشە میراتەکەی خۆی بێ (صَحِيحَةٌ) دروستە، وەك وەسێت بکا: ئەم خانووەی بۆ ئەم کوڕەی بێ، خانووەکەیتریشی بۆ کوڕەکەیتری بێ، ئۆتۆمبیلەکەشی بۆ کیژەکەی بێ، ئەوە دروستە، بەو مەرجەی نرخی هەردوو خانووەکان بە ئەندازەی یەکتری بێو نرخی ئۆتۆمبیلەکەش بە ئەندازەی نیوەی خانووێك بێ، بەڵام (وَتَفْتَقِرُ إِلَىالإِجَازَةِ) ئەم وەسێتەش پێویستی بە پێگەدانی گشت میراتگرەکان هەیە (فِيالأَصَحِّ) لە فەرمودەی پاستردا، چونکه مەبەستەکان لەو جۆرە شتانەدا لێك جیاوازن.

﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر شتێکی کردە وەسێت بۆ گەداو هەژاران، ئەوە دروست نیە هیچ لە وەسێت پێکراوە بدرێتە میراتگرەکانی وەسێتکەرەکە، هەر چەند هەژاریش بن، هەروەها بۆ سەروەسێتەکەش دروست نیە: هیچ بەشێك لە وەسیت پێکراوەکە بۆ خۆی دابنێ هەرچەند وەسێتکەرەکەش ئیزنی دابێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا لێرەو لە باسی (سەروەسێت)دا فەرموویانە.

وَتَصِحُّ بِالْحَمل وَيُشْتَرَطُ انْفِصَالُهُ حَيًّا لِوَقْتٍ يُعْلَمُ وُجُودُهُ عِنْدَهَا، وَبِالْمَنَافِعِ وَكَذَا بِثَمَرَةٍ أَوْ حَمْلٍ سَيَحْدُثَانِ فِالأَصَحِّ، وَبِأَحَدِ عَبْدَيْهِ وَبِنَجَاسَةٍ يَحِلُّ الإِنْتِفَاعُ بِهَا كَكَلْبٍ مُعَلَّمٍ وَزِبْلٍ وَخَمْرٍ مُحْتَرَمَةٍ، وَلَوْ أَوْصَى بِكَلْبٍ مِنْ كِلاَبِهِ أُعْطِيَ أَحَدَهَا، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ كَلْبٌ

ڕوکنیسێیەم: وەسێت پێکراو، مەرجە وەسێت پێکراوەکە: قبوڵی گواستنەوە بکاو سود لێوەرگرتنیشی حەڵاڵ بێ، هەرچەند نەزاندراویش بێ:

کەوابو: (وَتَصِحُّ بِالْحَمْلِ) وەسێتکردن بەم بێچووەی ناو زگ–کە لە کاتی وەسێتکردنەکەدا هەبێ– دروست دەبێ، هەروەها بە گشت شتێکی نەزاندراویتریش دروست دەبێ: وەك شیری ناو گوانو خورمای سەر پشتی ئاژەڵ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَيُشْتَرَطُ) بۆ دروستبوونی وەسێت بەم بێچووەی ناو زگ بە مەرج دادەنرێ: (إِنْفِصَالُهُ حَيًّا) بە زیندوویی لە دایکی جیا ببێتەوە (لِوَقْتٍ يُعْلَمُ وُجُودُهُ عِنْدَهَا) لە کاتێکیوەها: کە بزاندرێ لە کاتی وەسێتکردنەکەدا لە ناو زگدا هەبوە.

(وَبِالْمَنَافِعِ) هەروەها وەسێت بە سودەکانی حەڵاڵیش بە تەنهایی دروستە، هەرچەند خودی سودلێوەرگیراوەکەش هی کەسێکیتر بێ، وەك بڵێ: سودی ئەم خانووەم کردە وەسێت بۆ فلانکەس. ئەوە لە دوایمردن خودیخانووەکە بۆ میراتگرەکانەو سودەکەشی بۆ وەسێت بۆکراوەکەیە، بەڵام میراتگرەکان دەتوانن سودەکە بە کرێ بگرن، یان بە حەڵاڵکردن وەریبگرن، یان بە ڕێگایەکیتری شەرعی لە گەڵ وەسێت بۆکراوەکە پێك بێن، هەروەك لە

(تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَكَذَا) هەروەها وەسیّت بە شتی نەبوو دروستە: وەك وەسیّت بكا (بِثَمَرَةٍ) بە میوەیەكی وەها (أَوْ حَمْلٍ) یان كۆرپەیەكی وەها: كە (سَيَحْدُثَانِ) لە مەودوا پەیدا دەبن، واتە: لە كاتی وەسیّتكردنەكەدا نەبن (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی‌پراستتردا.

(وَ) هەروەها وەسیّت بە شتی دیارنەكراویش دروستە: وەك وەسیّت بكا (بِأَحَدِ عَبْدَيْهِ) بە یەكیّك لەو دوو كۆیلانەی، یان بە یەكیّك لەو دوو مەڕانەی، یان بە یەكیّك لەو چوار پەرتووكانەی، جا لەم حالّەتەدا میراتگرەكەی یەكیّك بۆ وەسیّتەكە دیاری دەكا.

(وَبِنَجَاسَةٍ يَحِلُّ الإِنْتِفَاعُ بِهَا) هەروەها وەسیّت دروستە بە پیسیەكی وەها: كە سودلیّوەرگرتنی حەلاّل بیّ: (كَكَلْبٍ مُعَلَّمٍ) وەك سەگیّكی فیّرە ڕاو كراو (وَزِبْلٍ) هەم وەكو زبلّو جیقنەو پیستەیمردارو (وَخَمْرٍ مُحْتَرَمَةٍ) وەكو شەڕابیّكی ڕیّزدار: كە بۆ كردنە سركە گوشرابیّو بەخۆی بوبیّتە شەڕاب.

(وَلَوْ أَوْصَى بِكَلْبٍ مِنْ كِلاَبِهِ) ئەگەر وەسیّتی كرد بە سەگیّك لە سەگەكانی خۆی، ئەوە (أُعْطِيَ أَحَدَهَا) یەكیّكیانی دەدرێتە وەسیّت بۆكراوەكە (فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ كَلْبٌ) جا ئەگەر لە لَغَتْ، وَلَوْ كَانَ لَهُ مَالٌ وَكِلاَبٌ وَوَصَّى بِهَا أَوْ بِبَعْضِهَا فَالأَصَحُّ نُفُوذُهَا وَإِنْ كَثُرَتْ وَقَلَّ الْمَالُ، وَلَوْ أَوْصَى بِطَبْلٍ وَلَهُ طَبْلُ لَهْوٍ وَطَبْلٌ يَحِلُّ الإِنْتِفَاعُ بِهِ كَطَبْلِ حَرْبٍ وَحَجِيجٍ حُمِلَتْ عَلَىالثَّانِي، وَلَوْ أَوْصَى بِطَبْلِ اللَّهْوِ لَغَتْ إِلاَّ إِنْ صَلَحَ لِحَرْبٍ أَوْ حَجِيجٍ.

(فَصْلٌ) يَنْبَغِي أَنْ لاَ يُوصِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ ثُلُثِ مَالِهِ،

كاتی مردنیدا هیچ سەگیّكی نەبیّ (لَغَتْ) وەسیّتەكە پووچەڵ دەبیّتەوە (وَلَوْ كَانَ لَهُ مَالٌ وَكِلاَبٌ) ئەگەر وەسیّتكەرەكە مالّی هەبوو و هەندیّك سەگیشی هەبونو (وَوَصَّى بِهَا أَوْ بِبَعْضِهَا) وەسیّتی كرد بە هەمو سەگەكان، یان بە هەندیّكیان، ئەوە (فَالأَصَحُّ نُفُوذُهَا) بە فەرموودەی‌پراستتر: وەسیّتەكە جیّبەجیّ دەبیّ (وَإِنْ كَثُرَتْ وَقَلَّ الْمَالُ) هەرچەند سەگەكانیش زۆر بنو مالّەكەش كەم بیّ، چونكە ئەوە مەرجە: دوو هەندی وەسیّت پیّكراوەكە بۆ میراتگرەكان بمێنێتەوە، واتە: سەگیش بە مالّ داناندرێ.

(وَلَوْ أَوْصَى بِطَبْلٍ) ئەگەر وەسیّتی كرد بە تەپڵێك (وَلَهُ طَبْلُ لَهْوٍ) لەو حالّەتەشدا تەپڵێكی گەمەكردنی ناشەرعیی هەبوو، هەم (وَطَبْلٌ يَحِلُّ الإِنْتِفَاعُ بِهِ) تەپڵێكیترپشی هەبوو، كە حەلاّل بوو سودی لێوەربگیرێ: (كَطَبْلِ حَرْبٍ وَحَجِيجٍ) وەك تەپڵی جەنگو تەپڵی حاجیەكان، ئەوە (حُمِلَتْ عَلَىالثَّانِي) وەسیّتەكە دەهێندرێتە سەر تەپڵیە حەلاّلەكە، كەوابو: (وَلَوْ أَوْصَى بِطَبْلِ اللَّهْوِ) ئەگەر وەسیّتی كرد بە تەپڵی گەمەی حەڕام، یان بە زوڕنا، یان هەر ئامێرێكیتری مۆسیقا، ئەوە (لَغَتْ) وەسیّتەكە پووچەڵ دەبیّو دانامەزرێ،

چونکه گوناهکاریيه (إلاَّ إنْ صَلَحَ لِحَرْبٍ أوْ حَجِيجٍ) مەگەر تەپڵيەکە بۆ جەنگ، يان بۆ حاجيەکان بگونجێ، ئەو کاتە دروستە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی خێراتەکانی کاتی نەخۆشی مردن ﴾

(يَنْبَغِي) لە پووی سوننەتەوە پێوستە (أنْ لاَ يُوصِيَ بِأكْثَرَ مِنْ ثُلُثِ مَالِهِ) بە زياتر لە سێيەکی ماڵی خۆی وەسێت نەکا، بەڵکو وەها سونەتە: لە سێيەک کەمتريش بێ ﴿عَنْ سعد بن أبوقاص﷜: مَرِضْتُ عَامَ الْفَتْحِ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ أَفَأُوصِي بِمَالِي كُلِّهِ؟ قَالَ: لاَ. قُلْتُ: فَثُلُثَيْ مَالِي؟ قَالَ: لاَ. قُلْتُ: فَالشَّطْرِ؟ قَالَ: لاَ. قُلْتُ: فالثُّلُثِ؟ قَالَ: اَلثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ، إِنَّكَ إِنْ تَذَرْ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ﴾ رواه الشيخان، لە سالّی ڕزگارکردنی (مکة)دا نەخۆش کەوتم و گوتم: ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئايا هەموو ماڵی خۆم بکەمە خێر؟ فەرمووی: نا. گوتم: دوو بەشی ماڵەکەم بکەمە خێر؟ فەرموی: نا. گوتم: نيوەی بکەمە خێر؟ فەرمووی: نا. گوتم: سێيەکی بکەمە خێر؟ فەرمووی: سێيەك بکە خێر، سێيەك زۆريشە، چونکە ئەگەر تۆ میراتگرەکانت بە دەوڵەمەندی لە دوای خۆت بهێڵيەوە، باشترە لەوەی هەژاربنو دەرۆزە بکەن.

فَإِنْ زَادَ وَرَدَّ الْوَارِثُ بَطَلَتْ فِالزَّائِدِ، وَإِنْ أَجَازَ فَإِجَازَتُهُ تَنْفِيذٌ، وَفِي قَوْلٍ: عَطِيَّةٌ مُبْتَدَأَةٌ وَالْوَصِيَّةُ بِالزِّيَادَةِ لَغْوٌ، وَيُعْتَبَرُالْمَالُ يَوْمَ الْمَوْتِ وَقِيلَ يَوْمَ الْوَصِيَّةِ،

(فَإِنْ زَادَ) جا ئەگەر بە زياتر لە سێيەکی ماڵی خۆی وەسێتی کرد (وَرَدَّ الْوَارِثُ) میراتگرەکەش ڕازی نەبو و ڕەدی کردەوە، ئەو کاتە (بَطَلَتْ فِيالزَّائِدِ) وەسێتەکە لە زيادەکە بە تاڵ دەبێتەوە، واتە: تەنها لە سێيەکەکەدا دروست دەبێو زيادەکەش دەبێتە میرات بە (إجماع)ی زانايانیئيسلام.

بەڵام (وَإِنْ أَجَازَ) ئەگەر میراتگرەکە ڕازی بوو و ڕۆياندی، ئەوە (فَإِجَازَتُهُ تَنْفِيذٌ) ڕۆياندنەکەی جێبەجێکردنی وەسێتەکەيە، چونکە ئەو کاتە دەردەکەوێ: وەسێتەکە لە زيادەکەشدا دروست بووە (وَفِي قَوْلٍ عَطِيَّةٌ مُبْتَدَأَةٌ) لە فەرموودەيەکدا: ڕۆياندنەکە بەخشێنێکی تازەيە لە میراتگرەوە بۆ وەسێت بۆکراوەکەو (وَالْوَصِيَّةُ بِالزِّيَادَةِ لَغْوٌ) وەسێت بە زيادەکەش پوچەڵە، چونکە بە هۆی ڕۆياندنەکە بووەتە بەخشين.

ئينجا بزانە: ئەو میراتگرەی ڕازی دەبێ، مەرجە: بالغو عاقڵ بێو دەستکاری ماڵی دروست بێ، جا ئەگەر هەندێك میراتگر ڕازی بون زيادەکەش ببێتە وەسێتو هەندێکيش ڕازی نەبون، ئەو کاتە بە ئەندازەی بەشی ڕازیبووەکە لە زيادەکەش دەبێتە وەسێتو هی ڕازینەبووەکەش بەتاڵە، واتە: بە میرات بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، هەروەك لە (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ ئاگاداری ﴾: لێرەدا مەبەست سێيەکی ئەو ماڵەيە: کە لە پاش قەرزدانەوە

دەمێنێتەوە، کەواتە: ئەگەر قەرزەکە گشت مـاڵی دابگرێتـەوە، ئـەو کاتـەش وەسـێتەکە دادەمـــــــ

ئـەوە جێبـەجێ دەکـرێنو ئەگـەر پارێزی نـەبن جێبـەجێ نـاکرێن، هـەروەك لـە (فصل)ی‌داهاتوودا ڕوون کراوەتەوە.

(وَإِذَا اِجْتَمَعَ تَبَرُّعَاتٌ مُتَعَلِّقَةٌ بِالْمَوْتِ) هەرکاتێك چەند خێرێکی‌هەڵواسراو بە مردن وێکڕا کۆ بونەوە، واتە: چەند جۆرە وەسێتێکی کردبون (وَعَجَزَ الثُّلُثُ) سێیەکی ماڵەکەش بەشی هەمووانی نەدەکرد، ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ تَمَحَّضَ الْعِتْقُ) ئەگەر هەمووی کۆیلە ئازادکردن بون، وەك بڵێ: هەرکاتێك مردم ئەم پێنج کۆیلەیەم ئازاد بن. ئەوە (أُقْرِعَ) پشکە لە نێوان کۆیلەکاندا دەکرێو هەرکامێکیان ناوی دەرچوو ئازاد دەبێ...بەم جۆرە تا سێیەکی ماڵەکە تەواو دەبێ.

(أَوْ غَيْرُهُ) یان ئەگەر وەسێتەکە شتێکی‌تری جگە لە ئازادکردن بوو: وەك بڵێ: وەسێت بێ: سەد دینار بۆ (محمد)و پەنجا دینار بۆ (خالد)و پەنجا دینار بۆ (محمود). لە هەمان کاتیشدا سێیەکی ماڵەکەی تەنها سەد دینار بوو، ئەو کاتە (قُسِّطَ الثُّلُثُ) سێیەکەکە بە سەر وەسێتەکاندا بەش دەکرێ بەگوێرەی ئەندازەکەیان، یان بەگوێرەی نرخەکانیان، کەواتە: لە وێنەکەی‌ڕابردوودا پەنجا دینار بۆ (محمد)ەو بیستو پێنج بۆ (خالد)ەو بیستو پێنج بۆ (محمود)ە.

أَوْ هُوَ وَغَيْرُهُ قُسِّطَ بِالْقِيمَةِ وَفِي قَوْلٍ يُقَدَّمُ الْعِتْقُ، أَوْ مُنَجَّزَةٌ قُدِّمَ الأَوَّلُ فَالأَوَّلُ حَتَّى يَتِمَّ الثُّلُثُ، فَإِنْ وُجِدَتْ دُفْعَةً وَاتَّحَدَ الْجِنْسُ كَعِتْقِ عَبِيدٍ أَوْ إِبْرَاءِ جَمْعٍ أُقْرِعَ فِي الْعِتْقِ وَقُسِّطَ فِي غَيْرِهِ، وَإِنْ اِخْتَلَفَ وَتَصَرَّفَ وُكَلاَءُ، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهَا عِتْقٌ قُسِّطَ، وَإِنْ كَانَ قُسِّطَ، وَفِي قَوْلٍ يُقَدَّمُ الْعِتْقُ،

(أَوْ هُوَ وَغَيْرُهُ) یان وەسێتەکە ئازادکردنو شتی‌تر بوو، ئەوەش (قُسِّطَ بِالْقِيمَةِ) بەگوێرەی نرخ سێیەکە کە بە سەر ئازادکردنو شتەکەدا بەش دەکرێ، بۆ وێنە: ئەگەر وەسێتەکە سەد دینارو ئازادکردنی کۆیلەیەك بێ، نرخی کۆیلەکەش سەد دینار بێ، سێیەکەکەش تەنها سەد دینار بێ، ئەوە نیوەی کۆیلەکە ئازاد دەبێو پەنجا دیناریش دەدرێتە وەسێت بۆکراوەکە (وَفِي قَوْلٍ يُقَدَّمُ الْعِتْقُ) لە فەرمودەیەکی بێهێزدا: ئازادکردنەکە وەپێش دێخرێ.

(أَوْ مُنَجَّزَةٌ) یان چەند خێراتێکی دەسبەجێی بڕاندرایەوە وێکڕا کۆ بونەوەو ڕیزیان بۆ داندرابو: وەك یەکەمجار وەقفێکی کردبێ، ئینجا بەخشینێك، ئینجا نەزرێك، ئەو کاتە (قُدِّمَ الأَوَّلُ فَالأَوَّلُ) یەکەمەکە، ئینجا دوای یەکەمەکە وەپێش دواوەتر دێخرێ (حَتَّى يَتِمَّ الثُّلُثُ) تا سێیەکەکە تەواو دەبێ، بەڵام (فَإِنْ وُجِدَتْ دُفْعَةً) ئەگەر خێراتەکان وێکڕا بوبونو (وَاتَّحَدَ الْجِنْسُ) ڕەگەزی بەخشینەکانیش یەك ڕەگەز بوو: (كَعِتْقِ عَبِيدٍ) وەك ئازادکردنی چەند

کۆیلەیەک وێکڕا (أَوْ إِبْرَاءِ جَمْعٍ) یان گەردەن ئازادکردنی کۆمەڵە قەرزدارێك وێکڕا، یان وەقفکردنی چەند شتێك وێکڕا، ئەو کاتەش (أُقْرِعَ فِیالْعِتْقِ) لە ئازادکردنەکەدا پشکە لە نێوان کۆیلەکاندا دەکرێ، هەروەك پابراو (وَقُسِّطَ فِی غَیْرِهِ) لە بەخشینەکانیتریشدا بەگوێرەیئرخ سێیەکەکە بە سەریاندا بەش دەکرێ، هەروەك پابرا.

بەڵام (وَإِنْ اِخْتَلَفَ) ئەگەر پەگەزی خێراتەکان لێك جیاواز بوو (وَتَصَرَّفَ وُکَلاَءُ) چەند وەکیلێك وێکڕا دەستکارییان لەو بەخشینانەدا کردبو: وەك لە یەك کاتدا: وەکیلێك شتێکی بەخشی بێو وەکیلێکیش شتێکی وەقف کردبێو وەکیلێکیش گەردەنی قەرزدارێکی ئازاد کردبێ، ئەوە (فَإِنْ لَمْ یَکُنْ فِیهَا عِتْقٌ) ئەگەر لەو دەستکاریانەدا ئازادکردن نەبو (قُسِّطَ) سێیەکەکە بە سەر گشتیاندا بەش دەکرێ بەگوێرەیئرخ.

(وَ) هەروەها (إِنْ کَانَ) ئەگەر ئازادکردنیش هەبێ، هەر (قُسِّطَ) سێیەکەکە بە سەر گشتیاندا بەش دەکرێ، هەروەك پابرا (وَفِی قَوْلٍ یُقَدَّمُ الْعِتْقُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئازادکردنەکە وەپێش دێخرێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر خێراتەکانی بڕاندرایەوەی دەسبەجێ لە نەخۆشیمردندا، لەگەڵ خێراتەکانی هەڵواسراو بە مردن، هەردووکیان وێکڕا کۆ بونەوە، وەك بڵێ: وەسێت بێ لە وَلَوْ کَانَ لَهُ عَبْدانِ فَقَطْ سَالِمٌ وَغَانِمٌ فَقَالَ: إِنْ أَعْتَقْتُ غَانِمًا فَسَالِمٌ حُرٌّ، ثُمَّ أَعْتَقَ غَانِمًا فِی مَرَضِ مَوْتِهِ عَتَقَ وَلاَ إِقْرَاعَ، وَلَوْ أَوْصَی بِعَیْنٍ حَاضِرَةٍ هِیَ ثُلُثُ مَالِهِ وَبَاقِیهِ غَائِبٌ لَمْ تُدْفَعْ کُلُّهَا إِلَیْهِ فِالْحَالِ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ لاَ یَتَسَلَّطُ عَلَی التَّصَرُّفِ فِالثُّلُثِ أَیْضًا. (فَصْلٌ):

دوای مردنم سەد دینار بدەنە (محمد). هەم لە نەخۆشیمردنیشیدا بە خۆی سەد دینار بداتە (خالد)، ئەوە خێراتەکانی بڕاندرایەوە لە نەخۆشیدا وەپێش وەسێتی دوایمردن دێخسترێن تا سێیەك تەواو دەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ کَانَ لَهُ عَبْدَانِ فَقَطْ) ئەگەر تەنها دوو کۆیلەی هەبون، ناویان (سَالِمٌ وَغَانِمٌ) بوو (فَقَالَ) جا لە وەسێتەکەیدا گوتی: (إِنْ أَعْتَقْتُ غَانِمًا فَسَالِمٌ حُرٌّ) ئەگەر (غانم)م ئازاد کرد (سالم)ش ئازاد بێ (ثُمَّ أَعْتَقَ غَانِمًا فِی مَرَضِ مَوْتِهِ) ئینجا لە نەخۆشیمردنیدا (غانم)ی ئازاد کرد، ئەوە (عَتَقَ) تەنها (غانم) ئازاد دەبێو (وَلاَ إِقْرَاعَ) پشکەش لە نیوان کۆیلەکاندا ناکرێ.

(وَلَوْ أَوْصَی بِعَیْنٍ حَاضِرَةٍ) ئەگەر وەسێتی کرد بە شتێکیحازر: کە (هِیَ ثُلُثُ مَالِهِ) شتەکە –بە تەنها– سێیەکی هەموو مالیخۆی بوو، بەڵام (وَبَاقِیهِ غَائِبٌ) دوو بەشە مالەکەیتریشی لە شوێنێکیتر بوو و لە ژێر دەستی میراتگرەکەدا نەبو، ئەوە (لَمْ تُدْفَعْ کُلُّهَا إِلَیْهِ فِیالْحَالِ) ئێستا هەموو شتەکە نادرێتە وەسێت بۆکراوەکە نەوەك دوو بەشە

ماڵەکەی‌ترى نەمابێ‌و میراتگرەکان دوو هەندى وەسێت بۆکراوەکەیان دەست نەکەوێ (وَ هەوەها (الأصَحُّ) بە فەرموودەی‌پراستتر (أَنَّهُ لاَ يَتَسَلَّطُ عَلَىالتَّصَرُّفِ فِيالثُّلُثِ أَيْضًا) وەسێت بۆکراوەکە دەسەڵاتی دەستکارییی بە سەر سێیەکی شتەکەشدا نابێ، هەروەک دەسەڵاتی بە سەر هەموشیدا نەبو، بەڵام ئەگەر میراتگرەکان ئیزنیبدەن، ئەو کاتە دروستە دەستکاری لە سێیەکی شتە وەسێت پێکراوەکەدا بکا، هەروەک لە (نهاية)و (مغنى)دا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ئەو نەخۆشیەی مەترسی مردنی لێدەکرێ ﴾

پێشەکی بزانە: هەر خێراتێک‌و هەر بەخشینێک مرۆڤ لە ژیانیا لە حاڵەتی‌ساغیدا بیکا، ئەوە لە سەرمایەی ماڵەکەی دەژمێردرێ نەک لە سێیەکەکەی، چونکە لە حاڵەتی لەش ساغیدا مرۆڤ ئازادە لە دەستکاری ملک‌ومااڵیخۆی، هەروەک لە (المهذب)دا فەرموویەتی.

هەروەها گشت ماملەتێکیشی بە پارەیحازر لە نەخۆشیمردنیدا دروستەو پێویستی بە پازیبوونی میراتگرەکان نیە، بەو مەرجەی بە نرخی وێنەیخۆی بێ، یان بۆ خاترى کڕیارەکە بە ئەندازەیەکیکەمترى فرۆشتبێ کە عادەت بێ وێنەی ئەو ئەندازەیە بۆ خاترانە دابشکێندرێ، جیاوازی نیە کڕیارەکە: میراتگر بێ، یان بێگانە، بەڵام ئەگەر بۆ خاترانە بە ئەندازەیەکی زۆر کەمتر لە نرخیخۆی فرشتبوی کە عادەت نەبو ئەو ئەندازیە إِذَا ظَنَّنَّا الْمَرَضَ مَخُوفًا لَمْ يَنْفُذْ تَبَرُّعٌ زَادَ عَلَىالثُّلُثِ، فَإِنْ بَرَأَ نَفَذَ، وَإِنْ ظَنَنَّاهُ غَيْرَمَخُوفٍ فَمَاتَ فَإِنْ حُمِلَ عَلَىالْفَجْأَةِ نَفَذَ، وَإِلاَّ فَمَخُوفٌ،

دابشکێندرێ، ئەو کاتە ئەندازەی خاترەکە –وەکو وەسێت– لە سێیەکی ماڵەکەی دەژمێردرێ، هەوەک لە (الانوار)و (المهذب)دا ڕوون کراوەتەوە.

هەروەها بە پارەی قەرزیش هەر دروستە، بەڵام ئەندازەیقەرزەکە لە سێیەکی ماڵەکەی دەژمێردرێ، هەروەک لە (فصل)یڕابردوودا لە (تحفة)و حاشیەکانیدا ڕوون کراوەتەوە.

جا ئەگەر لە حاڵەتی نەخۆشیدا خێرێکی کرد، یان بە خۆڕایی شتێکی دایە کەسێک، ئەوە تەماشا دەکەین: (إِذَا ظَنَنَّا الْمَرَضَ مَخُوفًا) هەر کاتێک گومانمان بردکە نەخۆشیەکە مەترسی مردنی لێدەکرێ، ئەوە (لَمْ يَنْفُذْ تَبَرُّعٌ زَادَ عَلَىالثُّلُثِ) هیچ خێراتێک‌و هیچ بەخشینێکی نەخۆشەکە: کە لەو نەخۆشیەدا کردبێتی‌و لە سێیەکی ماڵەکەش زیاتر بێ: وەکو وەقفکردن‌و نەزرکردن‌و بەخشینی مااڵ‌و گەردەن ئازادکردنیقەرزدار، ئەوانە هیچیان –بێ ئیزنیمیراتگرەکانی– جێبەجێ نابن، بەڵکو ئەو ئەندازەیەی لە سێیەکی ماڵەکە زیاترە ڕادەگیرێ:

(فَإِنْ بَرَأَ) جا ئەگەر لەو نەخۆشیە چاک بۆوە، ئەوە (نَفَذَ) گشت خێرو بەخشینەکانی جێبەجێ دەبن، هەرچەند لە سێیەکیش زیاتر بن، بەڵام ئەگەر چاک نەبۆوەو مرد، ئەوە

تەنها تا سێیەکی‌مالّەکەی جێبەجێ دەبێ، بە بەڵگەی حەدیسەکەی (سعد)ی‌ڕابردوو، بەڵام ئەوەی لە سێیەکیش زیاترە: ئەگەر میراتگرەکان ئیزن بدەن، ئەویش جێبەجێ دەبێ، ئەگینا: جێبەجێ نابێ‌و دەبێتە میرات، هەروەك لە (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

جا بزانە: جیاوازی نیە بەو نەخۆشیە بمرێ، یان لەو نەخۆشیەدا بە هۆیەکی‌تر بمرێ: وەك یەکێك بیکوژێ، هەروەها بزانە: هەر کەسێك گیانی بگاتە حالّەتی گیانداری سەربڕاو–کە بێگومان بزانین دەمرێ–: وەك سەری بڕابێ، یان کرابێتە دوو لەت، یان نقومی ناو ئاو بوبێ‌و مەلەوانی نەزانێ، ئەوە هیچ گوفتارێك‌و هیچ دەستکاریەکی دروست نابن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئەو مەسەلانە ڕوون کراونەتەوە.

(وَإِنْ ظَنَنَّاهُ غَيْرَ مَخُوفٍ) ئەگەر گومانمان برد: نەخۆشیەکە مەترسی مردنی لێناکرێ بەڵام (فَمَاتَ) لەو نەخۆشیەدا مرد، ئەوە (فَإِنْ حُمِلَ عَلَىالْفَجْأَةِ) ئەگەر مردنەکە بە مردنی کتوپڕ دابندرێ: وەك لە حالّەتی ددان ئێشاندا بمرێ، ئەوە (نَفَذَ) گشت خێراتی‌و بەخشینێکی جێبەجێ دەبێ، هەرچەند لە سێیەکیش زیاتر بێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر مردنەکە بە مردنی کتوپڕ دانەندرێ: وەك پژێکی‌تەواو زگچوونی توش ببێ، یان تایەکی توش ببێ، ئەوە (فَمَخُوفٌ) بە نەخۆشی بە ترس دادەندرێ‌و هەرخێراتێکی لە سێیەکی مالّ زیاتر بێ–بێ ئیزنی‌میراتگرەکان– جێبەجێ نابێ.

وَلَوْ شَكَكْنَا فِي كَوْنِهِ مَخُوفًا لَمْ يَثْبُتْ إلاَّ بِطَبِيبَيْنِ حُرَّيْنِ عَدْلَيْنِ، وَمِنَ الْمَخُوفِ قُولَنْجُ، وَذَاتُ جَنْبٍ، وَرُعَافٌ دَائِمٌ، وَإِسْهَالٌ مُتَوَاتِرٌ، وَدِقٌّ، وَابْتِدَاءُ فَالِجٍ، وَخُرُوجُ طَعَامٍ غَيْرَمُسْتَحِيلٍ أَوْ كَانَ يَخْرُجُ بِشِدَّةٍ وَوَجَعٍ أَوْ وَمَعَهُ دَمٌ، وَحُمَّىمُطْبَقَةٌ أَوْ غَيْرُهَا إلاَّ الرِّبْعَ، وَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ يَلْحَقُ بِالْمَخُوفِ أَسْرُ كُفَّارٍ اِعْتَادُوا قَتْلَ الأَسْرَى، وَالْتِحَامُ قِتَالٍ بَيْنَ مُتَكَافِئَيْنِ، وَتَقْدِيمٌ لِقِصَاصٍ أَوْ رَجْمٍ، وَاضْطِرَابُ رِيحٍ وَهَيَجَانُ مَوْجٍ فِي رَاكِبِ سَفِينَةٍ، وَطَلْقُ حَامِلٍ وَبَعْدَ الْوَضْعِ مَا لَمْ تَنْفَصِلِ الْمَشِيمَةُ.

(وَلَوْ شَكَكْنَا فِي كَوْنِهِ مَخُوفًا) ئەگەر کەوتینە گومان لەوەدا: ئایا نەخۆشیەکە بە ترسە، یان نا، ئەو کاتە (لَمْ يَثْبُتْ إلاَّ بِطَبِيبَيْنِ حُرَّيْنِ عَدْلَيْنِ) بە ترسیەکەی ئاشکرا نابێ تەنها بە شاهیدی‌ی دوو پزیشکی پیاو و ئازادو دادپەروەر نەبێ.

ئینجا بزانە: ئەو نەخۆشیانەی مەترسی مردنیان لێدەکرێ زۆرن، بۆ نمونە: (وَمِنَ الْمَخُوفِ قُولَنْجُ) یەکێك لە نەخۆشیە بە ترسەکان نەخۆشی‌یقۆلّنجە، چونکە خواردەمەنی لە ناو هەندێك ڕیخۆلەدا دەمێنێتەو دانابەزێتە خوارەوە، هەم (وَذَاتُ جَنْبٍ) نەخۆشی‌ی بەرەنگ، چونکە ئەویش چەند کۆوانێکن لە ناوەوەی تەنیشتی‌مرۆڤ دەبنە هۆی کۆخەو پشوو تەنگی‌و تایەکی بەردەوام، هەروەها (وَرُعَافٌ دَائِمٌ) لوت داڕسانی بەردەوام، چونکە بە هۆی خوێن ڕژانەکە مرۆڤ لە هێز دەکەوێ، هەروەها (وَإِسْهَالٌ مُتَوَاتِرٌ) زگچوونێکی

به دوای یەکدا، چونکە تەپایەتی لە لاشەی مردۆدا نامێنێ و لە هێز دەکەوێ.
هەروەها (وَدَقٌّ) نەخۆشی دڵو (وَابْتِدَاءُ فَالِجٍ) سەرەتای شەلەڵو (وَخُرُوجُ طَعَامٍ غَيْرَ مُسْتَحِيلٍ) هاتنە دەرەوەی خواردەمەنی بە نەگۆڕاوی (أَوْ كَانَ يَخْرُجُ بِشِدَّةٍ وَوَجَعٍ) یان بە زگچوونێکی بەهێزو ئازارەوە دەهاتە دەرەوە (أَوْ وَمَعَهُ دَمٌ) یان زگچوونەکە خوێنی ئەندامە ڕێزدارەکانی لەگەڵدا بوو، هەروەها (وَحُمَّى مُطْبَقَةٌ) تای بەردەوام (أَوْ غَيْرُهَا) یان تایەکانیتری جگە لە بەردەوام ئەوانیش بە ترسن (إِلاَّ الرِّبْعَ) تەنها تای سێبەڕۆ نەبێ: کە ڕۆژێك دەیگرێو دوو ڕۆژ نایگرێ، ئەمەیان بە ترس نیە.
(وَالْمَذْهَبُ) بەفەرموودەی ڕاستیمەزهەب: (أَنَّهُ يَلْحَقُ بِالْمَخُوفِ) وەك نەخۆشیی بەترس وایە (أَسْرُ كُفَّارٍ اعْتَادُوا قَتْلَ الأَسْرَى) بە دیلگرتنی موسوڵمانێك لە لایەن ئەو جۆرە کافرانەی عادەتیانە دیلەکان دەکوژن، هەم (وَالْتِحَامُ قِتَالٍ بَيْنَ مُتَكَافِئَيْنِ) تێکەڵبوونی جەنگ لە نێوان دوو هێزی هاوتوانادا، هەم (وَتَقْدِيمٌ لِقِصَاصٍ) بردنی مرۆڤ بۆ کوشتنی لە تۆڵە (أَوْ رَجْمٍ) یان بۆ بەردبارانکردنی زینا، هەم (وَاضْطِرَابُ رِيحٍ) ڕەشەباو (وَهَيَجَانُ مَوْجٍ) شەپۆلدانی دەریا (فِي رَاكِبِ سَفِينَةٍ) دەرهەق سوار کەشتی، هەم (وَطَلْقُ حَامِلٍ) ژانی منداڵبوونی ئافرەتی ئاوس، هەم (وَبَعْدَالْوَضْعِ) لە دوای منداڵ دانانەکەش مەترسی هەر هەیە (مَا لَمْ تَنْفَصِلِ الْمَشِيمَةُ) مادام پیستەکەی ولاشی کۆرپەکە لە ئافرەتەکە جیا نەبوبێتەوە.
وَصِيغَتُهَا: أَوْصَيْتُ لَهُ بِكَذَا، أَوْ اِدْفَعُوا إِلَيْهِ، أَوْ أَعْطُوهُ بَعْدَ مَوْتِي، أَوْ جَعَلْتُهُ لَهُ. أَوْ هُوَ لَهُ بَعْدَ مَوْتِي، فَلَوْ اِقْتَصَرَ عَلَى هُوَ لَهُ. فَإِقْرَارٌ، إِلاَّ أَنْ يَقُولَ: هُوَ لَهُ مِنْ مَالِي. فَيَكُونُ وَصِيَّةً، وَتَنْعَقِدُ بِكِنَايَةٍ، وَالْكِتَابَةُ كِنَايَةٌ، وَإِنْ أَوْصَى لِغَيْرِ مُعَيَّنٍ كَالْفُقَرَاءِ لَزِمَتْ بِالْمَوْتِ بَلاَ قَبُولٍ، أَوْ لِمُعَيَّنٍ اُشْتُرِطَ الْقَبُولُ، وَلاَ يَصِحُّ قَبُولٌ وَلاَ رَدٌّ فِي حَيَاةِالْمُوصِي، وَلاَ يُشْتَرَطُ بَعْدَ مَوْتِهِ الْفَوْرُ،

ڕوکنی چوارەم: (وَصِيغَتُهَا) گۆتەی وەسێت ئەمەیە: (أَوْصَيْتُ لَهُ بِكَذَا) ئەو شتەم کردە وەسێت بۆ فلانکەس (أَوْ) یان بڵێ: (ادْفَعُوا إِلَيْهِ أَوْ أَعْطُوهُ بَعْدَ مَوْتِي) لە دوای مردنم ئەو شتەی بدەنێ (أَوْ) یان بڵێ: (جَعَلْتُهُ لَهُ) ئەو شتەم لەدوای مردنم کردە هی فلانکەس (أَوْ) یان بڵێ: (هُوَ لَهُ بَعْدَ مَوْتِي) ئەو شتە لە دوای مردنم بۆ فلانکەسە (فَلَوْ اِقْتَصَرَ عَلَى هُوَ لَهُ) ئەگەر تەنها گوتی: ئەو شتە هی فلانکەسە. واتە نەیگوت لە دوایمردنم، ئەوە (فَإِقْرَارٌ) دانپێدامێنانە: کە ئێستا شتەکە ملکی فلانکەسەکەیە، واتە: وەسێت نیە (إِلاَّ أَنْ يَقُولَ) مەگەر بڵێ: (هُوَ لَهُ مِنْ مَالِي) ئەو شتە بۆ فلانکەسە لە مالی من. ئەو کاتە (فَيَكُونُ وَصِيَّةً) گۆتەکە دەبێتە کینایەتی وەسێت.
هەروەها ئەگەر بڵێتە قەرزدارەکەی خۆی: هەر کاتێك مردم ئەو قەرزەم کە لە سەر تۆیە بە سەر گەداو هەژارانیدا بەش بکە. ئەوەش دروستە، بەڵام پێویستە لەو حاڵەتەدا

قەرزدارەکە شاهیدی هەبن: کە کراوەتە سەر وەسیّتی بەشکردنی قەرزەکە، هـەروەك لـە (تحفة)دا فەرموویەتی (وَتَنْعَقِدُ بِكِنَايَةٍ) وەسـیّت دادەمـەزریّ بـە گۆتـەی نائاشـکرا ئەگـەر نیەتی لەگەڵدا بیّ، وەك بڵـیّ: ئـەم شـتەم بـۆ فلانکـەس دیـاری کـردوە (وَالْكِتَابَـةُ كِنَايَـةٌ) نوسینیش بە گۆتەی نائاشکرا دادەنریّ، واتـە: ئەگـەر نیـەتی لەگەڵـدا بـیّ، وەسـیّتەکە دادەمەزریّ.

﴿ قبوڵکردنی وەسیّت ﴾

(وَإِنْ أَوْصَى لِغَيْرِ مُعَيَّنٍ) ئەگـەر وەسـیّتی کرد بـۆ دیارنـەکراوێك (كَـالْفُقَرَاءِ) وەك گـەداو هەژاران، ئەوە (لَزِمَتْ بِالْمَوْتِ بِلاَ قَبُولٍ) وەسیّتەکە بە مردنی وەسیّتکەرەکە واجب دەبیّ، بێئەوەی هیچ کەسێك قبوڵی بکا (أَوْ لِمُعَيَّنٍ) بەڵام ئەگەر وەسیّتی کرد بۆ دیارکراوێك: وەك فلانکەس، ئەوە (اُشْتُرِطَ الْقَبُولُ) بـە مـەرج دانـدراوە: وەسـیّت بۆکراوەکـە قبـوڵی بکـا، ئینجـا وەسـیّتەکە واجـب دەبـیّ، بـەڵام (وَلاَ يَصِـحُّ قَبُـولٌ وَلاَ رَدٌّ فِـي حَيَـاةِ الْمُوصِـي) تـا وەسیّتکەرەکە زیندوو بیّ: نە قبوڵکردنو نە ڕەدکردنەوە هیچیان دروست نابن، بەڵکو لە دوای مردنی دروست دەبن.

بەڵام (وَلاَ يُشْتَرَطُ بَعْدَ مَوْتِهِ الْفَوْرُ) لە دوای مردنی وەسیّتکەرەکەش بـە مـەرج دانانـدریّ: یەکسەر بێدواخستن قبوڵی بکا، بەڵام میراتگرەکە مافی هەیە: داوا لە وەسیّت بۆکراوەکە فَـإِنْ مَـاتَ الْمُوصَـى لَهُ قَبْلَـهُ بَطَلَـتْ أَوْ بَعْـدَهُ فَيَقْبَـلُ وَارِثُـهُ، وَهَـلْ يَمْلِـكُ الْمُوصَـى لَهُ بِمَـوْتِ الْمُوصِـي أَمْ بِقَبُولِـهِ أَمْ مَوْقُـوفٌ: فَـإِنْ قَبِـلَ بَـانَ أَنَّـهُ مَلَـكَ بِـالْمَوْتِ وَإِلاَّ بَـانَ لِلْـوَارِثِ؟ أَقْـوَالٌ أَظْهَرُهَـا: اَلثَّالِثُ، وَعَلَيْهَا تُبْنَىالثَّمَرَةُ وَكَسْبُ عَبْدٍ حَصَلاَ بَيْنَ الْمَوْتِ وَالْقَبُولِ وَنَفَقَتُهُ وَفِطْرَتُهُ،

بکا: یان قبوڵی بکا، یان ڕەدی بکاتەوە. جا دروستە بەشێکی وەسیّت پێکڕاوەکـە قبـوڵ بکاو بەشێکیش ڕەد بکاتەوە، جا ئەگەر هیچی قبوڵ نەکرد، ئەوە بڕیاری ڕەدکردنەوەی لە سـەر دەدرێ، بـەڵام ئەگـەر وەسـیّت بۆکراوەکـە شـیّت، یـان منـدالّ بـوو، ئـەو کاتـە سەرپەرشتکارەکەی بۆی قبوڵ دەکا، جائەگەر بۆی قبوڵ نەدەکرد، ئەو کاتە قازی بـۆی قبوڵ دەکا، هەروەك لە(تحفة)و (مغني)دا ڕوون کراوەتەوە، جائەگـەر هـیچ کەسـێك بـۆی قبوڵ نەکرد، ئەوە هەر کاتێك منداڵەکە بلـۆغی بـوو، وەسـیّتەکە بـۆ خـۆی قبـوڵ دەکـا، هەروەك لە (إبن قاسم)دا ڕوون کراوەتەوە.

(فَإِنْ مَاتَ الْمُوصَىلَهُ قَبْلَهُ) جا ئەگەر وەسیّت بۆکراوەکە پێش وەسیّتکەرەکە مـرد، یـان هەردووکیان وێکڕا مردن (بَطَلَتْ) وەسیّتەکە بەتاڵ دەبێتەوە، چـونکە وەسـیّتەکە واجـب نەبوە (أَوْ بَعْدَهُ) یان ئەگەر وەسیّت بۆکراوەکە دوای وەسیّتکەرەکە مرد، ئەو کاتە بەتاڵ

نابێتەوە، کەوابو: (فَيَقْبَلُ وَارِثُهُ) میراتگری وەسێت بۆکراوکە وسێتەکە قبوڵ دەکا، یان ڕەدی دەکاتەوە، جا ئەگەر میراتگرەکە شێت، یان منداڵ بوو، ئەو کاتەش سەرپەرشکارەکەی بۆی قبوڵ دەکا، بەو جۆرەی ڕابرا.

(وَهَلْ يَمْلِكُ الْمُوصَىلَهُ بِمَوْتِ الْمُوصِي) ئایا وەسێت بۆکراوەکە بە مردنی وەسێتکەرەکە دەبێتە خاوەنی وەسێت پێکراوەکە (أَمْ بِقَبُولِهِ) یان بە قبوڵکردنی دەبێتە خاوەنی (أَمْ مَوْقُوفٌ) یان ملکایەتیەکە وەستێندراوەو چاوەڕوان دەکەین: (فَإِنْ قَبِلَ بَانَ أَنَّهُ مَلَكَ بِالْمَوْتِ) ئەگەر قبوڵی کرد، ئەوە ئاشکرا دەبێ بە مردنی وەسێتکەرەکە بووەتە خاوەنو (وَإِلاَّ بَانَ لِلْوَارِثِ؟) ئەگەر قبوڵیش نەکاو ڕەدی بکاتەوە ئاشکرا دەبێ: کە لە مردنەوە بووەتە ملکیمیراتگرەکە؟ ئەوە (أَقْوَالٌ) سێ فەرموودە هەنە، بەهێزترەکەیان سێیەمەکەیە کە دەفەرموێ: وەستێندراوە تا قبوڵ دەکا، یان ڕەد دەکاتەوە.

(وَعَلَيْهَا) هەر لە سەر ئەو سێ فەرموودانە (تُبْنَىالثَّمَرَةُ وَكَسْبُ عَبْدٍ) دادەمەزرێندرێ میوەی درەختی وەسێت پێکراو و کەسابەتی کۆیلەی وەسێت پێکراو: کە (حَصَلاَ بَيْنَ الْمَوْتِ وَالْقَبُولِ) لە نێوان مردنی وەسێتکەرەکەو قبوڵکردنی وەسێت بۆکراوەکەدا پەیدا بوبن، هەم (وَنَفَقَتُهُ وَفِطْرَتُهُ) بەخێوکردنی کۆیلەکەو سەر فیترەکەی‌و گشت ئەرکێکی‌تری بەخێوکردنی وەسێت پێکراوەکەو گشت سودەکانی‌تریشی، لە سەر فەرموودەکەی وَنُطَالِبُ الْمُوصَىلَهُ بِالنَّفَقَةِ إِنْ تَوَقَّفَ فِي قَبُولِهِ وَرَدِّهِ. (فَصْلٌ) إِذَا أَوْصَى بِشَاةٍ تَنَاوَلَ صَغِيرَةَالْجُثَّةِ وَكَبِيرَتَهَا سَلِيمَةً وَمَعِيبَةً ضَأْنًا وَمَعْزًا وَكَذَا ذَكَرٌ فِالأَصَحِّ، لاَ سَخْلَةٌ وَعَنَاقٌ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ أَعْطُوهُ شَاةً مِنْ غَنَمِي. وَلاَ غَنَمَ لَهُ لَغَتْ، وَإِنْ قَالَ: مِنْ مَالِي، اُشْتُرِيَتْ لَهُ، وَالْجَمَلُ وَالنَّاقَةُ يَتَنَاوَلاَنِ الْبَخَاتِيَّ وَالْعِرَابَ لاَ أَحَدُهُمَا الآخَرَ،

سێیەمی بەهێزتر: گشتی وەستێندراون، جا ئەگەر وەسێت بۆکراوەکە قبوڵی کرد، ئەوە میوەی درەختەکەو گشت سودەکانی پەیدابوو بۆ خۆیەتیو گشت ئەرکەکانیشی لە سەرن، ئەگەر ڕەدیشی کردەوە، ئەو کاتە گشت ئەرکەکانیش بۆ میراتگرەکانەو گشتی لە سەر میراتگرەکانە، کەواتە: ئەگەر میوەکە لە کاتی مردنی وەسێتکەرەکەدا بە درەختەکەوە ئاشکرا بوبێ، ئەو کاتە میوەکە گشتی بۆ میراتگرەکانە، نەک بۆ ئەو کەسەی وەسێتی–بە درەختەکە– بۆ کراوە.

(وَنُطَالِبُ الْمُوصَىلَهُ بِالنَّفَقَةِ) داوا لە وەسێت بۆکراوەکە دەکەین کۆیلەکە بەخێو بکا (إِنْ تَوَقَّفَ فِي قَبُولِهِ وَرَدِّهِ) ئەگەر خۆی گیر کرد: نە قبوڵی دەکردو نە ڕەدی دەکردەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی بڕیارەکانو ووشەکانی وەسێت** ﴾

(إِذَا أَوْصَى بِشَاةٍ) هەر کاتێك لە کارەگەلێك حەیوانێکی دیاریەنەکراوی کردە وەسێت، ئەوە (تَنَاوَلَ صَغِيرَةَ الْجُثَّةِ وَكَبِيرَتَهَا) هەم حەیوانێکی لاشە بچوك و هەم لاشە گەورەش دەگرێتەوە، هەم (سَلِيمَةً وَمَعِيبَةً) بە عەیب و بێعەیبیش دەگرێتەوە، هەم (ضَأْنًا وَمَعْزًا) بزن و مەڕیش دەگرێتەوە، ئەگەر کارەگەلەکە بزن و مەڕ بون (وَكَذَا ذَكَرٌ) هەروەها نێرینەش دەگرێتەوە (فِي الْأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا (لَا سَخْلَةً وَعَنَاقٌ) بەڵام بەرخ و چوشتیر ناگرێتەوە (فِي الْأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

(وَلَوْ قَالَ أَعْطُوهُ شَاةً مِنْ غَنَمِي) ئەگەر گوتی: لە دوای مردنم حەیوانێك لە کارەگەلەکەی من بدەنە فلانکەس (وَلَا غَنَمَ لَهُ) لە کاتیمردنیشیدا هیچ کارەگەلی نەبو (لَغَتْ) وەسێتەکە پوچەڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر لە کاتیمردن کارەگەلی هەبێ، ئەوە لەو کارەگەلە حەیوانێك دەدرێتە وەسێت بۆکراوەکە (وَ) هەروەها (إِنْ قَالَ) ئەگەر بڵێ: (مِنْ مَالِي) لە ماڵی من حەیوانێکی بدەنێ. ئەوە (اُشْتُرِيَتْ لَهُ) ئەگەر لە کاتیمردن هیچ حەیوانێکی نەبێ، حەیوانێك بە پارە بۆ وەسێت بۆکراوەکە دەکڕدرێ.

(وَ) هەروەها ووشەی (الْجَمَلُ وَالنَّاقَةُ) کە هەردووکیان بۆ ووشتر دەگوترێن (يَتَنَاوَلَانِ الْبَخَاتِيَّ وَالْعِرَابَ) ووشتری مل درێژو ئەوانیتریش دەگرنەوە، بەڵام (لَا أَحَدُهُمَا الْآخَرَ) ووشەی یەکێکیان ئەوی تر ناگرێتەوە، چونکە (الجمل) بۆ ووشتری نێر دەگوترێ و

منهاج- بەرگیچوارەم-7

وَالْأَصَحُّ تَنَاوُلُ بَعِيرٍ نَاقَةً لَا بَقَرَةٍ ثَوْرًا وَالثَّ
عَلَى فَرَسٍ وَبَغْلٍ وَحِمَارٍ، وَيَتَنَاوَلُ الرَّقِيقُ صَ
وَقِيلَ: إِنْ أَوْصَى بِإِعْتَاقِ عَبْدٍ وَجَبَ الْمُجْزِئُ كَفَّارَةً، وَلَوْ أَوْصَى بِأَحَدِ رَقِيقِهِ فَمَاتُوا أَوْ قُتِلُوا قَبْلَ مَوْتِهِ بَطَلَتْ، وَإِنْ بَقِيَ وَاحِدٌ تَعَيَّنَ، أَوْ بِإِعْتَاقِ رِقَابٍ فَثَلَاثٌ، فَإِنْ عَجَزَ ثُلُثُهُ عَنْهُنَّ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ لَا يُشْتَرَى شِقْصٌ بَل نَفِيسَتَانِ بِهِ، فَإِنْ فَضَلَ عَنْ أَنْفَسِ رَقَبَتَيْنِ شَيْءٌ فَلِلْوَرَثَةِ، وَلَوْ قَالَ ثُلُثِي لِلْعِتْقِ. اُشْتُرِيَ شِقْصٌ،

(الناقة) بۆ مێیینە (وَالْأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستتر: (تَنَاوُلُ بَعِيرٍ نَاقَةً) ووشەی (بعیر) ووشتری مێ دەگرێتەوە، بەڵام (لَا بَقَرَةٍ ثَوْرًا) ووشەی مانگا گاجووت ناگرێتەوە، چونکە (وَالثَّوْرُ لِلذَّكَرِ) گاجووت بۆ نێرینە دەگوترێ.

(وَالْمَذْهَبُ) فەرموودەی ڕاستیمەزهەب (حَمْلُ الدَّابَّةِ) ووشەی وولاغ (عَلَى فَرَسٍ وَبَغْلٍ وَحِمَارٍ) دەهێندرێتە سەر ئەسپ و هێسترو کەر، واتە: بۆ هەر سێکیان دەگوترێ (وَيَتَنَاوَلُ الرَّقِيقُ) ووشەی کۆیلە (صَغِيرًا وَأُنْثَى وَمَعِيبًا وَكَافِرًا) کۆیلەی بچوك و مێیینەو عەیبدارو کافر دەگرێتەوە، هەم (وَعُكُوسَهَا) پێچەوانەکانیشیان دەگرێتەوە (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (إِنْ أَوْصَى بِإِعْتَاقِ عَبْدٍ) ئەگەر وەسێتی کرد بە ئازادکردنی کۆیلەیەك، ئەو کاتە

(وَجَبَ الْمُجْزِئُ كَفَّارَةً) واجبه: کۆیلەیەکی وەها ئازاد بکرێ کە بۆ کەفارەت دەست بدا.
(وَلَوْ أَوْصَى بِأَحَدِ رَقِيقِهِ) ئەگەر وەسیەتی کرد: یەکێك لە کۆیلەکانی بدرێتە فلانکەس، یان مەڕێك لە مەڕەکانی بدرێتە فلانکەس (فَمَاتُوا أَوْ قُتِلُوا قَبْلَ مَوْتِهِ) ئینجا پێش مردنی وەسیەتکەرەکە گشت کۆیلەکان، یان گشت مەڕەکان مردن، یان کوژران، یان فرۆشتنی، یان بەخشینی، ئەوە (بَطَلَتْ) وەسیەتەکە بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە لە کاتیمردنیدا هیچێکیانی نیە، بەڵام (وَإِنْ بَقِيَ وَاحِدٌ) ئەگەر تەنها یەکێکیان لە کاتیمردنی مابو، ئەوە (تَعَيَّنَ) ئەویان دیاری دەکرێو دەدرێتە وەسیەت بۆکراوەکە.
(أَوْ بِإِعْتَاقِ رِقَابٍ) یان ئەگەر وەسیەتی کرد چەند کۆیلەیەك ئازاد بکرێن (فَثَلَاثٌ) لای کەمی دەبی سێ کۆیلەی بۆ بکڕدرێنو ئازاد بکرێن، بەڵام (فَإِنْ عَجَزَ ثُلُثُهُ عَنْهُنَّ) ئەگەر سێیەکی مالّەکەی بەشی سێ کۆیلەی نەدەکرد، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ) بە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب (أَنَّهُ لاَ يُشْتَرَى شِقْصٌ) بەشە کۆیلەیەکی بۆ ناکڕدرێ (بَلْ نَفِيسَتَانِ بِهِ) بەڵکو دوو کۆیلەی بە نرخ بە وەسیەت پێکراوەکە دەکڕدرێن (فَإِنْ فَضَلَ عَنْ أَنْفَسِ رَقَبَتَيْنِ شَيْءٌ) جا ئەگەر لە کڕینی بەنرختریني دوو کۆیلە شتێك زیاد بوو (فَلِلْوَرَثَةِ) شتەکە بۆ میراتگرەکانیەتی.
(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (ثُلُثِي لِلْعِتْقِ) سێیەکی مالّم وەسیەت بێ بۆ کۆیلە ئازادکردن، ئەو کاتە (اُشْتُرِيَ شِقْصٌ) بەشە کۆیلەیەکیش دەکڕدرێ تا سێیەك تەواو دەبێ.
وَلَوْ وَصَّى لِحَمْلِهَا فَأَتَتْ بِوَلَدَيْنِ فَلَهُمَا، أَوْ بِحَيٍّ وَمَيِّتٍ فَكُلُّهُ لِلْحَيِّ فِي الأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ: إِنْ كَانَ حَمْلُكِ ذَكَرًا أَوْ قَالَ أُنْثَى فَلَهُ كَذَا. فَوَلَدَتْهُمَا لَغَتْ، وَلَوْ قَالَ: إِنْ كَانَ بِبَطْنِهَا ذَكَرٌ. فَوَلَدَتْهُمَا اِسْتَحَقَّ الذَّكَرُ أَوْ وَلَدَتْ ذَكَرَيْنِ فَالأَصَحُّ صِحَّتُهَا وَيُعْطِيهِ الْوَارِثُ مَنْ شَاءَ مِنْهُمَا، وَلَوْ وَصَّى لِجِيرَانِهِ فَلأَرْبَعِينَ دَارًا مِنْ كُلِّ جَانِبٍ، وَالْعُلَمَاءُ أَصْحَابُ عُلُومِ الشَّرْعِ مِنْ تَفْسِيرٍ وَحَدِيثٍ وَفِقْهٍ، لاَ مُقْرِئٌ وَأَدِيبٌ وَمُعَبِّرٌ

(وَلَوْ وَصَّى لِحَمْلِهَا) ئەگەر وەسیەتیکرد: ئەو شتە بدرێتە کۆرپەی ناو زگی ئەو ئافرەتە (فَأَتَتْ بِوَلَدَيْنِ) ئینجا ئافرەتەکەش دوو منداڵ، یان زیاتری لەو زگە بون، ئەوە (فَلَهُمَا) وەسیەت پێکراوەکە بۆ هەموو منداڵەکانە بە یەکسانی: جیاوازی نێر و مێ نیە (أَوْ بِحَيٍّ وَمَيِّتٍ) بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە منداڵێکی زیندوو و منداڵێکی مردووی بون، ئەو کاتە (فَكُلُّهُ لِلْحَيِّ) گشتی بۆ زیندووەکەیە (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.
(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر وەسیەتکەرەکە گوتی (إِنْ كَانَ حَمْلُكِ ذَكَرًا) ئەگەر کۆرپەکەت نێر بێ، ئەو شتە وەسیەت بێ بۆی (أَوْ قَالَ) یان گوتی (إِنْ كَانَ أُنْثَى فَلَهُ كَذَا) ئەگەر کۆرپەکەت مێ بێ، ئەو شتە وەسیەت بێ بۆی (فَوَلَدَتْهُمَا) ئینجا ئافرەتەکەش نێرێکو مێیەکی بون (لَغَتْ) وەسیەتەکە پۆچەڵ دەبێتەوە، چونکە گشت بارەکەی ناو زگی تەنها نێر و تەنها مێ نەبوە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (إِنْ كَانَ بِبَطْنِهَا ذَكَرٌ) ئەگەر نێرینەیەکی لە زگدا بێ، ئەو شتە وەسێت بێ بۆی (فَوَلَدَتْهُمَا) ئینجا ئافرەتەکە نێرێک و مێیەکی بون، ئەوە (اِسْتَحَقَّ الذَّكَرُ تەنها نێرینەکە مافی وەسێتەکەی هەیە (أَوْ وَلَدَتْ ذَكَرَيْنِ) بەڵام ئەگەر دوو نێرینەی بون، ئەوەش (فَالأَصَحُّ صِحَّتُهَا) بە فەرموودەی بەهێزتر وەسێتەکە دروست دەبێ و (وَيُعْطِيهِ الْوَارِثُ مَنْ شَاءَ مِنْهُمَا) میراتگرەکە بە حەزکردنی خۆی وەسێت پێکراوەکە دەداتە –تەنها– یەکێکیان نەک هەردووکیان، بەڵام ئەگەر بڵێ: ئەگەر زگەکەت نێر بێ، یان بڵێ: ئەگەر نێرینەت لە زگدا بێ، ئەم شتە وەسێت بێ بۆی. ئینجا دوو نێرینە، یان زیاتری لەو زگە بون، ئەو کاتەش بە یەکسانی دەدرێتە هەموانیان، هەروەک لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَلَوْ وَصَّى لِجِيرَانِهِ) ئەگەر وەسێتی کرد شتێک بدرێتە جیرانەکانی، ئەوە (فَلِأَرْبَعِينَ دَارًا مِنْ كُلِّ جَانِبٍ) وەسێتەکە بۆ دانیشتووانی چل خانووە لە هەر چوار لاوە.

(وَالْعُلَمَاءُ) زانایانی ئایینی لە وەسێتدا (أَصْحَابُ عُلُومِ الشَّرْعِ) خاوەن زانستەکانی شەرعی دەگرێتەوە: (مِنْ تَفْسِيرٍ) لە زانستی واتەی قورئانی پیرۆزو (وَحَدِيثٍ) زانستی حەدیسەکانی پێغەمبەر ﷺ (وَفِقْهٍ) شەریعەتی ئیسلام کە لە (قرآن)و (حدیث)و (إجماع)و (قیاس) وەرگیراوە (لاَ مُقْرِئٌ) بەڵام خاوەن زانستی خوێندنەوەی قورئان ناگرێتەوە، هەم (وَأَدِيبٌ) خاوەن رێزمانی عەرەبی: وەکو (نحو)و (صرف)و (بلاغة)و (وَمُعَبِّرٌ) خاوەن زانستی خەونو

وَطَبِيبٌ وَكَذَا مُتَكَلِّمٌ عِنْدَ الأَكْثَرِينَ، وَيَدْخُلُ فِي وَصِيَّةِالْفُقَرَاءِ الْمَسَاكِينُ وَعَكْسُهُ، وَلَوْ جَمَعَهُمَا شُرِّكَ نِصْفَيْنِ، وَأَقَلُّ كُلِّ صِنْفٍ ثَلاَثَةٌ وَلَهُ التَّفْضِيلُ، أَوْ لِزَيْدٍ وَالْفُقَرَاءِ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ كَأَحَدِهِمْ فِي جَوَازِ إِعْطَائِهِ أَقَلَّ مُتَمَوَّلٍ لَكِنْ لاَ يُحْرَمُ، أَوْ لِجَمْعٍ مُعَيَّنٍ غَيْرِ مُنْحَصِرٍ كَالْعَلَوِيَّةِ صَحَّتْ فِالأَظْهَرِ وَلَهُ الإِقْتِصَارُ عَلَى ثَلاَثَةٍ، أَوْ لأَقَارِبِ زَيْدٍ دَخَلَ كُلُّ قَرَابَةٍ وَإِنْ بَعُدَ إِلاَّ أَصْلاً وَفَرْعًا فِالأَصَحِّ،

(وَطَبِيبٌ) پزیشکو (وَكَذَا مُتَكَلِّمٌ عِنْدَالأَكْثَرِينَ) هەروەها لە لای زۆربەی زانایان: زانای (عقیدة)ش، واتە: ئەوانەی بە فەلسەفەو مەنتیق باس لە زاتو سیفەتەکانی خوا دەکەن، نەک بە ئایەتو حەدیس، واتە: ئەوانەی پرابردوو– لە باسی وەسێتدا– بە زانای ئایینی داناندرێنو هیچیان ئەو وەسێتەیان نادرێتێ کە بۆ زانایانی ئایینی کراوە.

(وَيَدْخُلُ فِي وَصِيَّةِ الْفُقَرَاءِ الْمَسَاكِينُ) وەسێت کردن بۆ هەژاران گەدایەکانیش دەگرێتەوە (وَعَكْسُهُ) بە پێچەوانەش بۆ گەدایان هەژارەکانیش دەگرێتەوە، بەڵام (وَلَوْ جَمَعَهُمَا) ئەگەر لە وەسێتەکەیدا هەردووکی کۆ کردنەوە، واتە گوتی وەسێت بێ بۆ گەداو هەژاران، ئەو کاتە (شُرِّكَ نِصْفَيْنِ) وەسێتەکە دەکرێتە هاوبەش بە نیوەیی لە نێوان هەر دوو چینەکەدا، واتە: نیوەی بۆ هەژارەکانو نیوەی بۆ گەدایەکان، ئینجا (وَأَقَلُّ كُلِّ صِنْفٍ ثَلاَثَةٌ) لای کەمی

هەر چینێك دەبی سێ كەس بنو كەمتر نەبن، بەڵام (وَلَهُ التَّفْضِيلُ) سەروەسێتەكە بۆی دروستە لە ئەندامەكانی هەر چینێكدا جیاوازی بكاو لەو نیوەیە هەندێكیان لە هەندێكیان زیاتریان بداتێ.

(أَوْ لِزَيْدٍ وَالْفُقَرَاءِ) یان ئەگەر وەسێتی كرد بۆ (زەید)و هەژارەكان، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ) بە فەرموودەی راستی مەزهەب: (أَنَّهُ كَأَحَدِهِمْ) (زەید)ش وەكو هەژارێك دادەندرێ (فِي جَوَازِ إِعْطَائِهِ أَقَلَّ مُتَمَوَّلٍ) لەوەدا: كە دروستە كەمترین شتێكی وەهای بدرێتێ كە بە مالّ دابندرێ (لَكِنْ لاَ يُحْرَمُ) بەڵام دروست نیە بێبەش بكرێ.

(أَوْ لِجَمْعٍ مُعَيَّنٍ غَيْرِ مُنْحَصِرٍ) یان ئەگەر وسێتی كرد بۆ كۆمەڵێكی دیاركراو: كە سەرژمێر نەدەكران (كَالْعَلَوِيَّةِ) وەك بڵێ: وەسێت بێ بۆ نەتەوەی ئیمامی(علیﷺ)، یان بۆ سەیدەكان (صَحَّتْ فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا: وەسێتەكە دروست دەبێو (وَلَهُ الإِقْتِصَارُ عَلَى ثَلاَثَةٍ) بۆ سەروەسێتەكە دروستە: وەسێتەكە بداتە تەنها سێ كەسیان، هەروەك لە وەسێتی هەژارانیشدا ئەوها بوو.

(أَوْ لأَقَارِبِ زَيْدٍ) یان ئەگەر وەسێتی كرد بۆ خزمەكانی (زەید)، ئەوە (دَخَلَ كُلُّ قَرَابَةٍ وَإِنْ بَعُدَ) گشت خزمێكی (زەید) دەگرێتەوە هەرچەند دووریش بێ (إِلاَّ أَصْلا وَفَرْعًا) بەڵام تەنها دایكو باوكو كوڕو كیژی (زەید) ناگرێتەوە (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

وَلاَ تَدْخُلُ قَرَابَةُ أُمٍّ فِي وَصِيَّةِ الْعَرَبِ فِي الأَصَحِّ، وَالْعِبْرَةُ بِأَقْرَبِ جَدٍّ يُنْسَبُ إِلَيْهِ زَيْدٌ وَتُعَدُّ أَوْلاَدُهُ قَبِيلَةً، وَيَدْخُلُ فِي أَقْرَبِ أَقَارِبِهِ الأَصْلُ وَالْفَرْعُ، وَالأَصَحُّ تَقْدِيمُ ابْنٍ عَلَى أَبٍ وَأَخٍ عَلَى جَدٍّ، وَلاَ يُرَجَّحُ بِذُكُورَةٍ وَوِرَاثَةٍ بَلْ يَسْتَوِي الأَبُ وَالأُمُّ وَالإِبْنُ وَالْبِنْتِ وَيُقَدَّمُ ابْنُ الْبِنْتِ عَلَى ابْنِ ابْنِ الإِبْنِ، وَلَوْ أَوْصَى لأَقَارِبِ نَفْسِهِ لَمْ تَدْخُلْ وَرَثَتُهُ فِي الأَصَحِّ.

(فَصْلٌ) تَصِحُّ بِمَنَافِعِ عَبْدٍ وَدَارٍ وَغَلَّةِ حَانُوتٍ، وَيَمْلِكُ الْمُوصَى لَهُ مَنْفَعَةَ الْعَبْدِ

(وَلاَ تَدْخُلُ قَرَابَةُ أُمٍّ فِي وَصِيَّةِ الْعَرَبِ) لە وەسێتیەعەرەبزمانەكاندا وەسێتیخزمان خزمایەتی دایكی ناگرێتەوە (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، چونكە عەرەبەكان شانازی بە خزمایەتی دایكیان ناكەنو بە خزمیان دانانێن، بەڵام زۆر لە زانایانیش فەرموودەكەیتریان بە بەهێزتر داناوە: كە لە ناو گشت گەلێكدا خزمەكانی دایكیش بە خزم دادەندرێن (وَالْعِبْرَةُ بِأَقْرَبِ جَدٍّ يُنْسَبُ إِلَيْهِ) بۆ ناسینی خزمەكانیش نزیكترین باپیرە پەچاو دەكرێ كە (زَيْدٌ)ی نسبەت بدرێتە پاڵو (وَتُعَدُّ أَوْلاَدُهُ قَبِيلَةً) منداڵەكانی باپیرەكەش بە بەرەبابێك دابندرێن. (وَيَدْخُلُ فِي أَقْرَبِ أَقَارِبِهِ) دێتە گەڵ نزیكترین خزمەكانی زەید (الأَصْلُ وَالْفَرْعُ) دایكو باوكو كوڕو كیژەكانی (زەید)، واتە: ئەگەر بڵێ: وەسێت بێ بۆ نزیكترین خزمەكانی (زەید). ئەوە دایكو باوك منداڵەكانی (زەید)ش دەگرێتەوە(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی راستتر (تَقْدِيمُ إِبْنٍ

عَلَى أَبٍ) کورِو کیژو منداڵەکانیشیان وەپێش باوک دێخرێنو (وَأَخٍ عَلَى جَدٍّ) هەرسێك جۆرە براو منداڵەکانیشیان وەپێش باپیرە دێخرین (وَلاَ يُرَجَّحُ بِذُكُورَةٍ وَوِرَاثَةٍ) بە هۆی نێرایەتیو میراتگرتن هیچێکیان لە هیچێکیان بەهێزتر ناکرێن (بَلْ يَسْتَوِي الأَبُ وَالأُمُّ وَالإِبن وَالْبِنْت) بەڵکو دایك و باوک و کورِو کیژو خوشك و برا گشتیان یەکسانن و (وَيُقَدَّمُ إِبْنُ الْبِنْتِ عَلَى إِبْنِ إِبْنِ الإِبْنِ) کورِی کیژ وەپێش کورِی کورِی کورِ دێخرێ، چونکە ئەوەیان لە ئەمەیان نزیکترە (وَلَوْ أَوْصَى لأَقَارِبِ نَفْسِهِ) ئەگەر وەسێتی کرد بۆ خزمەکانی خۆی (لَمْ تَدْخُلْ وَرَثَتُهُ) لە وەسێتەکەدا میراتگرەکانی نایەنە گەڵ خزمەکانی (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، چونکە بە ئەغڵەبی وەهایە: میراتگر وەسێتی بۆ ناکرێ.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی چەند بڕیارێکی واتەیی وەسێت پێکراو ﴾

(تَصِحُّ) وەسێت دروست دەبێ (بِمَنَافِعِ عَبْدٍ وَدَارٍ) بە سودەکانی کۆیلەو خانوو و زەوی و ئاژەڵ، هەم (وَغَلَّةِ حَانُوتٍ) بە بەرهەمی دوکانو خانوو و بە میوەی باغو بەو جۆرە شتانە، جیاوازی نیە وەسێتەکە: بۆ ماوەیەکی دیارکراو بێ، یان هەتا هەتایی بێ، جا ئەگەر ماوەکەی دیاری نەکرد، ئەوە دەبێتە هەتا هەتایی.

(وَ) هەر کاتێك وەسێتی کرد بە سودی کۆیلە، یان شتەکانیتر، ئەوە (يَمْلِكُ الْمُوصَى لَهُ مَنْفَعَةَ الْعَبْدِ) وەسێت بۆکراوەکە دەبێتە خاوەنی سودی کۆیلەکەو سودەکانی وَأَكْسَابَهُ الْمُعْتَادَةَ وَكَذَا مَهْرَهَا فِالأَصَحِّ، لاَ وَلَدَهَا فِي الأَصَحِّ، بَل هُوَ كَالأُمِّ مَنْفَعَتُهُ لَهُ وَرَقَبَتُهُ لِلْوَارِثِ، وَلَهُ إِعْتَاقُهُ وَعَلَيْهِ نَفَقَتُهُ إِنْ أُوصِيَ بِمَنْفَعَتِهِ مُدَّةً وَكَذَا أَبَدًا فِالأَصَحِّ، وَبَيْعُهُ إِنْ لَمْ يُؤَبَّدْ كَالْمُسْتَأْجَرِ،

شتەکانیتریش، کەواتە: بۆ وەسێت بۆکراوەکە دروستە: ئەو سودانە بە کرێ بداو بە خواستن بداو وەسێتی پێبکا، هەرکاتێکیش مرد ئێی بە میرات دەگیرێ.

(وَأَكْسَابَهُ الْمُعْتَادَةَ) هەروەها دەبێتە خاوەنی کەسابەتەکانی کۆیلەکە: کە عادەتن (وَكَذَا مَهْرُهَا فِي الأَصَحِّ) هەروەها دەبێتە خاوەنی مارەیی جاریەکەش (لاَ وَلَدُهَا فِي الأَصَحِّ) بەڵام نابێتە خاوەنی منداڵەکەی جاریەکە (بَلْ هُوَ كَالأُمِّ مَنْفَعَتُهُ لَهُ) بەڵکو منداڵەکەش وەکو دایکەکەی سودەکەی بۆ وەسێت بۆکراوەکەیەو (وَرَقَبَتُهُ لِلْوَارِثِ) خودی منداڵەکەش—وەکو دایکەکەی— ملکایەتیەکەی بۆ میراتگرەکەیە، کەوابو (وَلَهُ إِعْتَاقُهُ) بۆ میراتگرەکە دروستە کۆیلە وەسێت پێکراوەکە ئازاد بکا، ئینجا لە دوای ئازادکردنیشی ئەرکی بەخێوکردنیشی لە سەر (بیت المال)ە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

﴿ بەخێوکردن و فرۆشتنی وەسێت پێکراوەکە ﴾

(وَعَلَيْهِ نَفَقَتُهُ) ئەرکی بەخێوکردنی وەسێت پێکراوکە لە سەر میراتگرەکەیە (إِنْ أُوصِيَ بِمَنْفَعَتِهِ مُدَّةً) ئەگەر تا ماوەیەکی دیارکراو وەسێت بە سودەکەی کرابێ،

چونکه خودی شتەکە ملّکی میراتگرەکەیە، هەر کاتێکیش ماوەی وەسێتەکە تەواو بوو، سودی شتەکەش هەر بۆ میراتگرەکەیە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

(وَكَذَا أَبَدًا) هەروەها ئەگەر هەتا هەتایش وەسێت بە سودەکەی کرابێ، بەخێوکردنەکەی هەر لە سەر میراتگرەکەیە (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی‌پاستتردا، چونکە خودی شتەکە ملّکی میراتگرەکەیە، تەنها سودەکەی بۆ وەسێت بۆکراوەکەیە، میراتگرەکەش دەتوانێ بە فرۆشتنو ئازادکردنو ئەو جۆرە شتانە خۆی لەو زیانە پزگار بکا.

بەلّام ئەگەر خودیشتەکە کرابێتە وەسێت، ئەو کاتە ئەرکی بەخێوکردنی لە سەر وەسێت بۆکراوەکەیە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە، ئینجا بزانە: ئاودانی ئەو باغەی میوەکەی کراوەتە وەسێت لە سەر هیچ لایەکیان واجب نیە، کەوابو: هەر یەکێکیان ئاوی بدا، دروست نیە ئەوی‌تر پێگای لێبگرێ، هەروەك لە (نهاية)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَبَيْعُهُ) بۆ میراتگرەکە دروستە: خودی ئەو شتە بفرۆشێ: کە وەسێت بە سودەکەی کراوە (إِنْ لَمْ يُؤَبِّدْ) بەو مەرجەی وەسێت بە سودەکەی هەتا هەتایی نەبێ (كَالْمُسْتَأْجَرِ) وەك فرشتنی شتێکی بەکرێدراو، واتە: هەروەك لە فرۆشتنی شتی بەکرێدراودا تا ماوەی بەکرێدانەکە تەواو دەبو سودی شتەکە بۆ بەکرێگرەکە بوو، لە فرۆشتنی ئەو شتەشدا کە وەسێت بە سودەکەی کراوە بۆ ماوەیەکی‌دیارکراو، تا ماوەی وەسێتەکە تەواو دەبێ وَإِنْ أُبِّدَ فَالأَصَحُّ أَنَّهُ يَصِحُّ بَيْعُهُ لِلْمُوصَىٰ لَهُ دُونَ غَيْرِهِ، وَأَنَّهُ تُعْتَبَرُ قِيمَةُ الْعَبْدِ كُلُّهَا مِنَ الثُّلُثِ إِنْ أُوصِيَ بِمَنْفَعَتِهِ أَبَدًا، وَإِنْ أُوصِيَ بِهَا مُدَّةً قُوِّمَ بِمَنْفَعَتِهِ ثُمَّ مَسْلُوبَهَا تِلْكَ الْمُدَّةَ وَيُحْسَبُ النَّاقِصُ مِنَ الثُّلُثِ،

سودەکەی هەر بۆ وەسێت بۆکراوەکەیە، ئینجا کە ماوەکە تەواو بوو، سودەکەی بۆ کەپارەکەیە.

بەلّام (وَإِنْ أُبِّدَ) ئەگەر وەسێت بە سودەکەی هەتا هەتایی بێ، ئەوە (فَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی پاستتر: (أَنَّهُ يَصِحُّ بَيْعُهُ لِلْمُوصَىٰ لَهُ) دروستە میراتگرەکە خودی شتەکە بفرۆشێتە وەسێت بۆکراوەکە (دُونَ غَيْرِهِ) بەلّام دروست نیە بیفرۆشێتە کەسێکی‌تر، چونکە بە هۆی وەسێتەکە شتەکە هەتا هەتایی سودەکانی لێداپناوەو جگە لە وەسێت بۆکراوەکە کەسێکی‌تر ناتوانێ سودی لێوەربگرێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر میراتگرەکەو وەسێت بۆکراوەکە هەردووکیان پێك بکەون خودی شتەکەو سودەکەی وێکڕا بفرۆشنە کەسێکی‌تر، ئەو کاتە فرۆشتنەکە دروست دەبێو پارەکەش بە سەر خودی شتەکەو سودەکەیدا بەش دەکرێ بەگوێرەی نرخی خۆیان، هەروەها بۆ وەسێت بۆکراوەکەش دروستە: سودی شتەکە بفرۆشێتە میراتگرەکەو هەم

بیفرۆشێتە خەڵکی‌تریش، هەروەك لە (نهایة)و (مغنی)و حاشیەکانی(تحفة)دا پوون کراوەتەوە.
ئینجا بزانە: ئەگەر وەسێتی کرد: هەموو سالێك لە بەرهەمی زەویەکەی ئەوەندە بدرێتە فلاّنە مزگەوتە، ئەوە دروست نیە: بەشێکی زەویەکە بفرۆشرێو بە ئەندازەی وەسێتەکەش نەفرۆشرێ، چونکە جاری وا هەیە: ئەندازەی‌وەسێتەکە بە ئەندازەی هەموو کرێێیەکە دەبێو پێویستە گشتی بدرێتە وەسێت بۆکراوەکە، بەڵام دروستە زەویەکە بفرۆشێتە وەسێت بۆکراوەکە، هەروەك لە (تحفة)دا پوون کراوەتە.
(وَأَنَّهُ) هەر بە فەرموودەی پاستتر (تُعْتَبَرُ قِيمَةُ الْعَبْدِ كُلُّهَا مِنَ الثُّلُثِ) نرخی کۆیلەکەو نرخی سودەکەشی گشتی لە سێیەکی مالّ دەژمێردرێ (إِنْ أُوصِيَ بِمَنْفَعَتِهِ أَبَدًا) ئەگەر وەسێت بە سودەکەی کرابێ هەتا هەتایی، هەروەها نرخی خانووەکەو باغەکەو نرخی سودەکانو بەرهەمەکەشیان گشتی لە سێیەکی مالّ دەژمێردرێ ئەگەر وەسێت بە سودەکەیان هەتایی بێ، بەڵام (وَإِنْ أُوصِيَ بِهَا مُدَّةً) ئەگەر تا ماوەیەکی دیارکراو وەسێت بە سودەکەیان کرابێ، ئەو کاتە (قُوِّمَ بِمَنْفَعَتِهِ) یەکەمجار بە سودەکەیەوە دەقرسێندرێ (ثُمَّ مَسْلُوبَهَا تِلْكَ الْمُدَّةَ) ئینجا بە بێسود لەو ماوەیەدا دەقرسێندرێ (وَيُحْسَبُ النَّاقِصُ مِنَ الثُّلُثِ) ئەو ئەندازەیەی کەمی کردۆتەوە، ئەویان لە سێیەك دەژمێردرێ، بۆ وێنە: ئەگەر بە سودەوە نرخی سەد دینار بێو بە بێسود نرخی نەوەد دینار بێ، ئەوە دە دینار دەبێتە وەسێت.
وَتَصِحُّ بِحَجٍّ تَطَوُّعٍ فِي الأَظْهَرِ، وَيُحَجُّ مِنْ بَلَدِهِ أَوِ الْمِيقَاتِ كَمَا قَيَّدَ، وَإِنْ أَطْلَقَ فَمِنَ الْمِيقَاتِ فِي الأَصَحِّ، وَحَجَّةُ الإِسْلاَمِ مِنْ رَأْسِ الْمَالِ، فَإِنْ أَوْصَى بِهَا مِنْ رَأْسِ الْمَالِ أَوِ الثُّلُثِ عُمِلَ بِهِ،

ئینجا بزانە: ئەگەر خانووەکە پوخا، ئینجا هەر بە کەلوپەلەکەی خۆی دووبارە دروست کراوە، ئەوە مافی وەسێت بۆکراوەکەش دووبارە دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر دروستیش نەکرێتەوە، مافی وەسێت بۆکراوەکە لە بەرهەمی زەویەکەیدا بەردەوامە، بەڵام ئەگەر بە کەلوپەلێکی‌تر دروست بکرێتەوە، ئەو کاتە وەسێت بۆکراوەکە مافی لە خانووەکەدا نامێنێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهایة)و حاشیەکانیاندا پوون کراوەتەوە.

﴿ وەسێت بە حەج و خوا پەرستیەکانی‌تر ﴾

(وَتَصِحُّ بِحَجٍّ تَطَوُّعٍ) وەسێتکردن دروستە بە حەج و عومرەی سوننەت (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، ئینجا حەجو عومرەی سوننەتیش لە سێیەکی‌مالّی دەژمێردرێو هەم (وَيُحَجُّ مِنْ بَلَدِهِ) بەو سێیەکە لە شاری‌خۆیەوە حەجی بۆ دەکرێ (أَوِ الْمِيقَاتِ) یان لە شوێنی ئیحرام بەستنەوە (كَمَا قَيَّدَ) چۆن داینارە ئەوها دەکرێ، بەڵام (وَإِنْ أَطْلَقَ) ئەگەر هیچیانی دانەنابێ، ئەو کاتە (فَمِنَ الْمِيقَاتِ) لە شوێنی ئیحرام بەستنەوە حەجی بۆ دەکرێ

(فِي‌الأَصَحِّ) له فەرموودەی راستتردا.
(وَحَجَّةُالإِسْلَامِ) حەج و عومرەی پوکنی‌ئیسلام (مِنْ رَأْسِ الْمَالِ) لە سەرمایەی هەموو ماڵەکەی دەژمێردرێ، جیاوازی نیە: وەسێتی کردبێ بۆی بکرێ، یان نا، وەکو قەرزەکانی‌ترو گشت واجبەکانی‌تری شەرعی: وەك زەکاتو کەفارەتو حەجی‌نەزرکراو لە حاڵەتی لەش ساغی‌دا، واتە: ئەوانەش وەکو حەجو عومرەی پوکنی‌ئیسلام لە سەرمایەی هەموو ماڵەکەی دەژمێردرێن، نەك تەنها لە سێیەك، بەڵکو ئەگەر لە ژیانیا حەجو عومرەی لە سەر واجب بوبن، ئەو کاتە واجبە: پێش جێبەجێکردنی وەسێتو بەشکردنی میراتەکە حەجی بۆ بکرێ، هەروەك لە سەرەتای (الفرائض)دا ڕوونمان کردەوە.
ئینجا بزانە: مەبەست بە حەج و عومرەی سوننەت ئەوانەیە: کە لە دوای حەجو عومرەی پوکنی‌ئیسلام دووبارە دەکرێن، بەڵام (حَجَّةالإِسْلَام)=حەجو عومرەی پوکنی‌ئیسلام ئەوانەیە: کە بۆ یەکەمجار لە تەمەنیا دەکرێ، هەر چەند لە سەریشی واجب نەبوبێ، واتە: حەج و عومرەکە بۆی بە بەر واجبی پوکنی‌ئیسلام دەکەوێ.
(فَإِنْ أَوْصَى بِهَا) جا ئەگەر وەسێتی کرد حەجی پوکنی‌ئیسلامی بۆ بکرێ (مِنْ رَأْسِ الْمَالِ) لە سەرمایەی هەموو ماڵەکەی (أَوِ الثُّلُثِ) یان لە سێیەکی ماڵەکەی، ئەوە (عُمِلَ بِهِ) ڕەفتار بە قسەکەی دەکرێ، جا ئەگەر سێیەکی ماڵەکەی بەر وەستی کرێ حەجو وَإِنْ أَطْلَقَ الْوَصِيَّةَ بِهَا فَمِنْ رَأْسِ الْمَالِ، وَقِيلَ مِنَ الثُّلُثِ وَيُحَجُّ مِنَ الْمِيقَاتِ، وَلِلأَجْنَبِيِّ أَنْ يَحُجَّ عَنِ الْمَيِّتِ بِغَيْرِإِذْنِهِ

عومرەکەی پوکنی‌ئیسلامی نەکرد، ئەو کاتە واجبە کرێیەکە لە سەرمایەی هەموو ماڵەکەی تەواو بکرێ، بەڵام ئەگەر سێیەك بەر وەستی حەجو عومرەی سوونەت نەکا، ئەو کاتە وەسێتەکە بەتاڵ دەبێتەوەو وەسێت پێکراوەکەش بۆ میراتگرەکان دەگەڕێتەوە، هەروەك لە زۆبەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
بەڵام (وَإِنْ أَطْلَقَ الْوَصِيَّةَ بِهَا) ئەگەر بێ دیارکردن وەسێتی کرد حەجی پوکنی‌ئیسلامی بۆ بکرێ، ئەوە (فَمِنْ رَأْسِ الْمَالِ) لە سەرمایەی هەموو ماڵەکەی حەجی بۆ دەکرێ (وَقِيلَ مِنَ الثُّلُثِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: لە سێیەکی ماڵەکەی بۆی دەکرێ، جا بە هەردوو فەرموودەکان: (وَيُحَجُّ مِنَ الْمِيقَاتِ) واجبە: لە شوێنی ئیحرام بەستنەوە حەجی بۆ بکرێ، واتە: ئەو کەسەی حەج لەجیاتی ئەو مردووە دەکا، واجبە: لە (میقات)ێکی شەرعیەوە ئیحرام ببەستێ، هەروەك لە پەرتووکی‌حەجدا بە درێژی ڕوونمان کردەوە.
﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر وەسێتی کردو گوتی فلانکەس بە ئەوەندە پارەیە بنێرن حەجم بۆ بکا. ئەوە دروست نیە لەو ئەندازەیە کەمتری بدرێتێ، هەرچەند کەسێکی‌تریش هەبێ بە

کەمتر حەجی بۆ بکا، بەڵام ئەگەر هیچ کەسێکی دیاری نەکرد، بەڵکو تەنها گوتی بە ئەوەندە پارەیە حەجم بۆ بکەن. ئینجا کەسێکیان دەست کەوت بە کەمتر لەو ئەندازەیە حەجی بۆ دەکرد، ئەو کاتە دروستە بە کەمتر بە کرێی بگرنو پاشماوەکەش بۆ میراتگرەکان دەگەڕێتەو.

ئینجا بزانە: ئەگەر وەسێتکەرەکە لە وەسێتەکەیدا یەکێکیدیاری کرد حەجێ بۆ بکا، ئینجا دیارکراوەکەش پەدی کردەوەو گوتی هەرگیز حەجی بۆ ناکەم. ئەو کاتە واجبە یەکێکیتری بۆ بەکرێ بگرن تاکو حەجی بۆ بکا، بەڵام ئەگەر دیارکراوەکە گوتی: ئەمساڵ ناتوانمو لە دوای ساڵێکیتر حەجی بۆ دەکەم. ئەو کاتە تەماشا دەکەین: ئەگەر لە ژیانیا حەجی لە سەر واجب بوبێو بە هۆی کەمتەرخەمی حەجی نەکردبێ، ئەو کاتە واجبە: یەکێکیتری بۆ بەکرێ بگرن تاکو ئەمساڵ حەجی بۆ بکا، بەڵام ئەگەر حەجی لە سەر واجب نەبوبێ، ئەو کاتە دوا دێخرێ تاکو دیارکراوەکەی حەجی بۆ بکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پوون کراوەتەوە.

دیسان بزانە: هەروەك بۆ میراتگرەکە دروستە: بە بێئیزن حەجو عومرە لە جیاتی مردووەکەی بکا، ئەوەهاش (وَلِلأَجْنَبِيِّ) بۆ کەسێکیبێگانە دروستە: (أَنْ يَحُجَّ عَنِ الْمَيِّتِ) بە مالّیخۆی لەجیاتی مرۆڤێکیمردوو حەج و عومرەی پوکنیئیسلام بکا (بِغَيْرِ إِذْنِهِ) فِي الأَصَحِّ، وَيُؤَدِّي الْوَارِثُ عَنْهُ الْوَاجِبَ الْمَالِيَّ فِي كَفَّارَةٍ مُرَتَّبَةٍ، وَيُطْعِمُ وَيَكْسُو فِي الْمُخَيَّرَةِ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يُعْتِقُ أَيْضًا، وَأَنَّ لَهُ الأَدَاءَ مِنْ مَالِهِ إِذَا لَمْ تَكُنْ تَرِكَةٌ، وَأَنَّهُ يَقَعُ عَنْهُ لَوْ تَبَرَّعَ أَجْنَبِيٌّ بِطَعَامٍ أَوْ كِسْوَةٍ، لاَ إِعْتَاقٍ فِي الأَصَحِّ،

بە بێئیزنی میراتگرەکەو هەم بێئیزنیمردووەکەش، هەر چەند مردووەکەش لە ژیانیا حەجی لە سەر واجب نەبوبێ، هەروەها دروستە حەجو عومرەی نەزرکراویشی لەجیاتی بکا (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەیپراستردا، هەروەك دروستە زەکاتو قەرزەکانیشی لەجیاتی بداتەوە. بەڵام حەجی سوننەت–ئەگەر وەسێتی نەکردبێ– دروست نیە: نە بێگانەو نە میراتگرەکەی بۆی بکا، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە، بەڵام لە فەرموودەیەکی بێهێزدا–ئەگەر مردووەکە وەسێتیشی نەکردبێ–دروستە: میراتگرەکەی حەجی سوننەتی لەجیاتی بکاو هەم دروستە: بێگانەش بە ئیزنیمیراتگرەکە لە جیاتیی بکا، هەروەك لە (حەجی مردوو و پەککەوتوو)دا پوونمان کردەوە.

(وَ) هەروەها (يُؤَدِّيالْوَارِثُ عَنْهُ الْوَاجِبَ الْمَالِيَّ) واجبە: مراتگرەکە–لە میراتیمردووکە– ئەو واجبانەی مالّین لەجیاتیی بداتەوە (فِي كَفَّارَةٍ مُرَتَّبَةٍ) لەو کەفارەتەی رێزی بۆ داندراوە: وەك کەفارەتی کوشتنو (ظهار)و (جماع)ی ڕۆژانی پەمەزان.

(وَ) هەروەها (يُطْعِمُ وَيَكْسُو فِيالْمُخَيَّرَةِ) خواردن دەداتە هەژارانو بەرگیان دەکا لەو کەفارەتەی ڕیزی تێدا نیە: وەك کەفارەتیسوێند (وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يُعْتِقُ أَيْضًا) بە فەرموودەی ڕاستتر کۆیلەشی لەجیاتی ئازاد دەکا لەو کەفارەتەدا.

(وَ) هەر بە فەرموودەی راستتر (أَنَّ لَهُ الأَدَاءَ مِنْ مَالِهِ) بۆ میراتگرەکە دروستە، بەڵکو سوننەتە: لە ماڵیخۆی کەفارەتەکەی لەجیاتی بدا (إِذَا لَمْ تَكُنْ تَرِكَةٌ) ئەگەر مردووەکە هیچ میراتی نەبێ، هەروەها ئەگەر میراتیشی هەبێ، هەر دروستە: میراتگرەکە لە ماڵیخۆی لەجیاتیی بدا.

(وَ) هەر بەفەرموودەی ڕاستتر: (أَنَّهُ يَقَعُ عَنْهُ) بەر مردووەکە دەکەوێ (لَوْ تَبَرَّعَ أَجْنَبِيٌّ بِطَعَامٍ أَوْ كِسْوَةٍ) ئەگەر بێگانەیەك لەخۆیەوە بە خۆڕایی خواردن، یان جلو بەرگی کەفارەتی لەجیاتی بدا (لاَ إِعْتَاقٍ) بەڵام کۆیلە ئازادکردنی بێگانە بە بەر مردووەکە ناکەوێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

ئینجا بزانە: ئەگەر مردووەکە بە قەرزداری مرد، هیچ میراتیشی نەبو، بەڵام میراتگرەکەی قەرزەکەی لەجیاتی داوە خاوەن قەرزەکە، ئەوە واجبە: لێی وەربگرێتەوە، یان گەردەنی مردووەکە ئازاد بکا، بەڵام ئەگەر بێگانەیەك لە جیاتیمردووکە بیداتەوە، ئەو کاتە لە سەر خاوەن قەرزەکە واجب نیە قبوڵی بکاو لێی وەربگرێتەوە، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

وَتَنْفَعُ الْمَيِّتَ صَدَقَةٌ وَدُعَاءٌ مِنْ وَارِثٍ وَأَجْنَبِيٍّ.

(فَصْلٌ) لَهُ الرُّجُوعُ عَنِ الْوَصِيَّةِ

﴿ خێرکردن و دوعاکردن بۆ مردوو ﴾

(وَتَنْفَعُ الْمَيِّتَ) سود دەداتە مردووەکە (صَدَقَةٌ) خێر بۆکردنو هەم (وَدُعَاءٌ) دوعا بۆکردن، جا دوعایەکەو خێرەکەش (مِنْ وَارِثٍ وَأَجْنَبِيٍّ) لە میراتگرو لە بێگانەوە سودی دەداتێ، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام، دەربارەی دوعاکردنی میراتگر پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذَا مَاتَ ابْنُ آدَمَ إِنْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثٍ: صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ﴾ رواه مسلم، هەر کاتێك ئادەمیزاد مرد، پاداشتی کردەوەکەی خۆی دەبڕێتەوە تەنها لە سێ کردەوە نەبێ: خێرێکی نەبڕاوە، یان زانستێکی بە سود، یان منداڵێکی باش کە دوعای بۆ بکا.

هەروەها لە بارەی دوعای بێگانەش پێغەمبەرﷺ–هەر کاتێك مردووی دەناشت– دەیفەرموو: ﴿إِسْتَغْفِرُوا لأَخِيكُمْ وَاسْأَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ﴾ رواه أبوداود بسند قوي، لە خوا بپاڕێنەوە لەم برایەتان خۆش ببێو دوعای بۆ بکەن وەلامی فریشتەکان بداتەوە، چونکە ئێستا پرسیاری لێدەکرێ.

هەروەها دەربارەی خێرکردنیش پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ

لَيَرْفَعُ دَرَجَةَالْعَبْدِ فِي الْجَنَّةِ، فَيَقُولُ: يَارَبِّ أَنَّى لِي هَذا؟ فَيُقَالُ: بِإِسْقاءِ وَلَدِكَ لَكَ﴾ رواه الامام أحمد بإسناد صحيح، خوای گەورە لە بەهەشتدا پلەی بەندەکەی بەرز دەکاتەوە، بەندەکەش دەڵێ: خوایە ئەم پلەیەم لەکوێ وەدەست کەوتوە؟ جا پێی دەگوترێ: بە هۆی ئاودانی منداڵەکەت بە خێری تۆ.

ئینجا بزانە: لە مەزهەبی ئیمامی(الشافعي)دا: خێری قوڕئانخوێندن ناگاتە مردوو، بەڵام لە هەرسێك مەزهەبەکەیتردا لە فەرموودەیەکی بێهێزی مەزهەبی(الشافعي)دا: خێری قوڕئانخوێندنیش دەگاتە مردووەکەو سودی لێوەردەگرێ، واتە: بەو مەرجەی لە دوای قوڕئانخوێندنەکە دوعا بکاو بڵێ: خوایە خێری ئەم قوڕئانخوێندنەم بگەینە فلانە مردوە. یان لە سەر گۆڕەکەی قوڕئان بخوێنێ، یان هەر لە سەرەتاوە نیەتی ئەوەبێ: خێری قوڕئانخوێندنەکەی بۆ مردووەکە بێ، هەروەك لە (تحفة)و حاشیەکانیدا پوون کراوەتەوە. ئیتر لە باسی (بە کرێگرتن بۆ خواپەرستی)و لە باسی (زیارەتی گۆڕستانو خێرکردن بۆ مردوو) ئەم باسە درێژتر پوون کراوەتەوە بگەڕێوە بۆیان.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی پەشیمانبوونەوە لە وەسێت ﴾

(لَهُ الرُّجُوعُ عَنِ الْوَصِيَّةِ) بۆ وەسێتکەرەکە دروستە: لە وەسێتەکەی پەشیمان ببێتەوە، واتە: لە هەموو ئەو خێرو بەخشینانەی بە مردنیەوە هەڵیواسیون، بە (إجماع)ی وَعَنْ بَعْضِهَا بِقَوْلِهِ: نَقَضْتُ الْوَصِيَّةَ أَوْ أَبْطَلْتُهَا أَوْ رَجَعْتُ فِيهَا أَوْ فَسَخْتُهَا أَوْ هَذَا لِوَارِثِي. وَبِبَيْعٍ وَإِعْتَاقٍ وَإِصْدَاقٍ وَكَذَا هِبَةٍ أَوْ رَهْنٍ مَعَ قَبْضٍ وَكَذَا دُونَهُ فِالأَصَحِّ، وَبِوَصِيَّةٍ بِهَذِهِ التَّصَرُّفَاتِ، وَكَذَا تَوْكِيلٌ فِي بَيْعِهِ وَعَرْضِهِ عَلَيْهِ فِالأَصَحِّ، وَخَلطُ حِنْطَةٍ مُعَيَّنَةٍ رُجُوعٌ، وَلَوْ وَصَّى بِصَاعٍ مِنْ صُبْرَةٍ فَخَلَطَهَا بِأَجْوَدَ مِنْهَا فَرُجُوعٌ، أَوْ بِمِثلِهَا فَلاَ، وَكَذَا بِأَرْدَأَ فِالأَصَحِّ، وَطَحْنُ حِنْطَةٍ وَصَّى بِهَا وَبَذْرُهَا وَعَجْنُ دَقِيقٍ وَغَزْلُ قُطْنٍ

زانایانیئیسلام (وَعَنْ بَعْضِهَا) هەم دروستە: لە بەشێکی وەسێتەکەشی پەشیمان ببێتەوەو لە بەشێکیشی پەشیمان نەبێتەوە، بەڵام ئەو خێرو بەخشینانەی لە نەخۆشیمردنیدا کردونیو دەسبەجێ بڕاندونیەوە، دروست نیە لێیان پەشیمان ببێتەوە، هەروەك لە زۆبەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا پەشیمانبوونەوەکەش (بِقَوْلِهِ) بەوە دەبێ بڵێ: (نَقَضْتُ الْوَصِيَّةَ) وەسێتەکەم هەڵوەشاندەوە (أَوْ أَبْطَلْتُهَا) یان بەتاڵم کردەوە (أَوْ رَجَعْتُ فِيهَا) یان لێی پەشیمان بومەوە (أَوْ فَسَخْتُهَا) یان فەسخم کردەوە (أَوْ هَذَا لِوَارِثِي) یان ئەم وەسێت پێکراوە بۆ میراتگرەکەم بێ (وَ) هەروەها پەشیمانبوونەوە دێتە جێ (بِبَيْعٍ) بە فرۆشتنی وەسێت پێکراوەکەو (وَإِعْتَاقٍ) بە ئازادکردنیو (وَإِصْدَاقٍ) هەم بەوەی وەسێت پێکراوەکە بکاتە مارەیی ژن (وَكَذَا هِبَةٍ) هەروەها بەوەی وەسێت پێکراوەکە ببەخشێتە کەسێکیترو (أَوْ

رَهْنٍ مَعَ قَبْضٍ) یان پەهنی بکاو بەخشراوەکەو پەهنەکەش وەربگیرێن (وَكَذَا دُونَهُ) هەروەها ئەگەر وەریش نەگیرێن هەر دەبێتە پەشیمانبوونەوە (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

(وَ) هەروەها پەشیمانبوونەوە دێتە جێ (بِوَصِيَّةٍ بِهَذِهِ التَّصَرُّفَاتِ) بە وەسێتکردن بە یەکێك لەو دەستکاریانەی‌پرابردوو، واتە: وەسێت بکا وەسێت پێکراوەکە بفرۆشرێ، یان ببەخشرێ ...هتد (وَكَذَا تَوْكِيلٌ فِي بَيْعِهِ) هەروەها وەکیلگرتن بۆ فرۆشتنی وەسێت پێکراوەکەو هەم (وَعَرْضِهِ عَلَيْهِ) وەکیلگرتن بۆ پێشاندانی بۆ فرۆشتن، یان وەکیلگرتن بۆ بەخشین، ئەوانەش گشتی دەبنە پەشیمانبوونەوە (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

(وَخَلْطُ حِنْطَةٍ مُعَيَّنَةٍ) تێکەڵکردنی گەنمێکی دیارکراو کە وەسێتی پێکردبێ، ئەوەش (رُجُوعٌ) پەشیمانبوونەوەیە (وَلَوْ وَصَّى بِصَاعٍ مِنْ صُبْرَةٍ) ئەگەر وەسێتی کرد بە پەیەك لە کۆمەڵە گەنمیك (فَخَلَطَهَا بِأَجْوَدَ مِنْهَا) ئینجا تێکەڵی گەنمێکی باشتری کرد (فَرُجُوعٌ) ئەوە بە پەشیمانبوونەوە دادەندرێ (أَوْ بِمِثْلِهَا) بەڵام ئەگەر تێکەڵی گەنمێکی وەکو خۆی کرد (فَلاَ) ئەوە بە پەشیمانبوونەوە داناندرێ (وَكَذَا بِأَرْدَأَ) هەروەها ئەگەر تێکەڵی گەنمێکی خرابتریشی بکا، هەر نابێتە پەشیمانی (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

(وَطَحْنُ حِنْطَةٍ وَصَّى بِهَا) هاڕینی ئەو گەنمەی وەسێتی پێکردوەو، هەم (وَبَذْرُهَا) وەشاندنی بە ناو زەوێدا، هەم (وَعَجْنُ دَقِيقٍ) کردنە هەویری ئاردەکە، هەم (وَغَزْلُ قُطْنٍ وَنَسْجُ غَزْلٍ وَقَطْعُ ثَوْبٍ قَمِيصًا وَبِنَاءٌ وَغِرَاسٌ فِي عَرْصَةٍ رُجُوعٌ. (فَصْلٌ) يُسَنُّ الإِيصَاءُ بِقَضَاءِ الدَّيْنِ وَتَنْفِيذِالْوَصَايَا وَالنَّظَرِ فِي أَمْرِالأَطْفَالِ، وَشَرْطُ الْوَصِيِّ: تَكْلِيفٌ وَحُرِّيَّةٌ وَعَدَالَةٌ وَهِدَايَةٌ إِلَىالتَّصَرُّفِ فِالْمُوصَىبِهِ وَإِسْلاَمٌ، لَكِنَّ الأَصَحَّ جَوَازُ وَصِيَّةِ ذِمِّيٍّ إِلَى ذِمِّيٍّ، وَلاَ يَضُرُّ الْعَمَى فِالأَصَحِّ، وَلاَ تُشْتَرَطُ الذُّكُورَةُ،

پرستنی پەمۆیەکە، هەم (وَنَسْجُ غَزْلٍ) چنینی داوەکە، هەم (وَقَطْعُ ثَوْبٍ قَمِيصًا) بڕینی قوماشەکە بۆ کردنە جلو بەرگ، هەم (وَبِنَاءٌ) خانوو دروستکردنو (وَغِرَاسٌ) دارەخت چاندن (فِي عَرْصَةٍ) لە زەویەکەی وەسێت پێکراودا، ئەوانە گشتی (رُجُوعٌ) دەبنە پەشیمانبوونەوە لە وەسێتەکە.

ئینجا بزانە: ئەگەر شتێکی کردە وەسێت بۆ (محمد)، ئینجا هەمان شتی کردە وەسێت بۆ (خالد)، ئەوە نابێتە پەشیمانی، بەڵکو هەردووکیان دەبنە هاوبەش لە وەسێت پێکراوەکەدا، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی دانانی سەرەوەسێت ﴾

سەرەوەسێت ئەو کەسەیە: وەسێتکەرەکە کاروباری خۆی دەداتە دەست تاکو لە دوای مردنی بۆی جێبەجێ بکا ئەوەش بە (إجماع)ی زانایانی ئیسلامە، هەم ﴿عن ابن

مسعودﷺ: أَنَّهُ أَوْصَى إِلىالزُّبَيْرِ وَابْنِهِ عَبْدِاللهِرضي الله عنهما﴾ رواه البيهقي بإسناد حسن، (عبدالله بن مسعود) حەزرەتی(زبير)و (عبدالله)ی کوڕی کردنە سەر وەسێتی خۆی.

کەوابو: (يُسَنُّ الإِيصَاءُ) بۆ گشت کەسێك سوننەتە: وەسێت لە لای کەسێك بکاو بیکاتە سەروەسێت (بِقَضَاءِ الدَّيْنِ) بۆ ئەوەی قەرزەکانی بۆ بداتەوە، جا قەرزی خوای گەورە بن: وەکو زەکاتو کەفارەت، یان قەرزی ئادەمیزاد بن، هەروەها بۆ ئەوەی ئەمانەتەکانی بۆ تەسلیمی خاوەنەکانیان بکاتەوەو مافیستەملێکراوەکانی بداتەوە.

(وَ) هەروەها (تَنْفِيذِ الْوَصَايَا) بۆ ئەوەی وسێتەکانی بۆ جێبەجێبکا، هەم (وَالنَّظَرِ فِي أَمْرِ الأَطْفَالِ) بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروباری منداڵەکانی بکا.

(وَشَرْطُ الْوَصِيِّ) مەرجی ئەو کەسەی دەکرێتە سەروەسێت (تَكْلِيفٌ) ئەوەیە: بالغو عاقڵ بێو (وَحُرِّيَّةٌ) ئازاد بێو (وَعَدَالَةٌ) دادپەروەر بێو (وَهِدَايَةٌ إِلَىالتَّصَرُّفِ) شارەزایی هەبێ بۆ دەستکاریکردن (فِيالْمُوصَىبِهِ) لە وەسێت پێکراوەکەدا، هەم (وَإِسْلاَمٌ) موسوڵمانیش بێ (لَكِنَّ الأَصَحَّ) بەڵام بە فەرموودەی پاستتر (جوازُ وَصِيَّةِ ذِمِّي إِلى ذِمِّيٍّ) دروستە: کافرێکی پەیمان لەئەستۆ وەسێتی خۆی لە لای کافرێکی پەیمان لەئەستۆ بکا (وَلاَ يَضُرُّ الْعَمَى) کوێرەیی سەروەسێتەکە زیانی نیە (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا.

(وَلاَ تُشْتَرَطُ الذُّكُورَةُ) هەروەها نێرایەتیش بە مەرج داناندرێ، بە (إجماع)یزانایان، هەم ئیمامی (عمر)شﷺ وەسێتی لە لای (حَفْصَة)ی کیژیخۆی کرد، هەروەك (أبوداود) وَأُمُّ الأَطْفَالِ أَوْلَى مِنْ غَيْرِهَا، وَيَنْعَزِلُ الْوَصِيُّ بِالْفِسْقِ وَكَذَا الْقَاضِي فِالأَصَحِّ، لاَ الإِمَامُ الأَعْظَمُ، وَيَصِحُّ الإِيصَاءُ بِقَضَاءِ الدُّيُونِ وَتَنْفِيذِالْوَصِيَّةِ مِنْ كُلِّ حُرٍّ مُكَلَّفٍ، وَيُشْتَرَطُ فِي أَمْرِ الأَطْفَالِ مَعَ هَذَا: أَنْ يَكُونَ لَهُ وِلاَيَةٌ عَلَيْهِمْ، وَلَيْسَ لِوَصِيٍّ إِيصَاءٌ فَإِنْ أُذِنَ لَهُ فِيهِ جَازَ لَهُ فِي الأَظْهَرِ،

گیراویەتیەوە، کەوابو: (وَأُمُّ الأَطْفَالِ) دایکیمنداڵەکان ئەگەر مەرجەکانیپابردووی لێبێنە جێ (أَوْلَى مِنْ غَيْرِهَا) لەپێشترە لە پیاو و ئافرەتەکانیتر: بۆ ئەوەی بکرێتە سەروەسێتی منداڵەکانی، چونکە زیاتر بەزەیی پێیاندا دێ.

(وَيَنْعَزِلُ الْوَصِيُّ بِالْفِسْقِ) سەروەسێتەکە بە هۆی (فاسق)بوون لە سەروەسێتی دەکەوێ، بەڵکو باوکو باپیرەو ئەو سەرپەرشکارەی لە لای قازیەوە داندراوە، ئەوانیش بە هۆی (فاسق)بوونیان لە سەرپەرشتکارەیەتی دەکەون، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە (وَكَذَاالْقَاضِي) هەروەها (قازی)ش بە هۆی (فاسق)بوون لە قازیەتی دەکەوێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەیپاستتردا (لاَ الإِمَامُ الأَعْظَمُ) بەڵام پێشەوایگەورەتر بە (فاسق)بوون لە پێشەوایەتی ناکەوێ، چونکە بەرژەوەندیە گشتیەکان بە وێەوە بەستراونەوەو کاروباری وولات تێك دەچێ.

مەرجی‌وەسیـتکەرەکە: (وَیَصِحُّ الإِیصَاءُ) سەروەسیّت دانـان دروست دەبـێ (بِقَضَـاءِ الـدُّیُونِ) بـۆ دانـەوەی قـەرزەکانو گشـت مافـەکانیتر، هـەم (وَتَنْفِیذِالْوَصِـیَّةِ) بـۆ جێبەجێکردنی وەسیّت: (مِنْ کُلِّ حُرٍّ مُکَلَّفٍ) لە گشت وەسیّتکەرێکەوە: کـە ئـازاد بـێو بالغو عاقڵ بێو بە خۆشیخۆی بێ.

(وَ) هەروەها (یُشْتَرَطُ فِی أَمْرِ الأَطْفَالِ) لە دانانی سەروەسیّتدا بۆ کاروباری منداڵەکانی بە مەرج دادەندرێ (مَعَ هَـذَا) لەگـەڵ چـوار مەرجەکـەی‌پڕابردوو (أَنْ یَکُـونَ لَـهُ وِلاَیَـةٌ عَلَـیْهِمْ) وەسیّتکەرەکە مافی سەرپەرشیکاریەتی شـەرعیی بـە سـەر ئـەو منداڵانـەدا هـەبێ: وەک باوکو باپیرە، نەک وەکو مامو برا.

بەڵام لە فەرموودەی بێهێزی مەزهەبی ئیمامی(الشافعی)دا:-ئەگەر باوکو باپیرە نەبن- دایک دەبێتە سەرپەرشـتکاریمنداڵەکانی، هـەروەک لـە باسـی (سەرپەرشـکاری منـداڵ)دا ڕوونمان کردەوە، کەوابو: بەو فەرموودەیە-ئەگەر باوکو باپیرە نەبون- دایکیش دەتوانێ سەروەسیّت بۆ کاروباری منداڵەکانی دابنێ، هەروەک (مغنی)ش ئاماژەی بۆ کردووە.

(وَلَیْسَ لِوَصِیِّ إِیصَاءٌ) بۆ هیچ سەروەسیەتێک دروست نیە: سەروەسیّتێکیتر دابنێ، بەڵام (فَـإِنْ أُذِنَ لَـهُ فِیـهِ) ئەگـەر سەروەسـیّتەکە لـە لایـەن وەسـیّتکەرەکە ئیـزن درابـێ سەروەسیّتێکیتر دابنێ، ئەو کاتە (جَازَ لَهُ) بۆی دروستە سەر وەسیّتێکیتر دابنـێ (فِـی الأَظْهَرِ) لە فەرموودەیبەهێزتردا.

وَلَوْ قَالَ: أَوْصَیْت إلَیْك إلَى بُلُوغِ ابْنِی أَوْ قُدُومِ زَیْدٍ فَإِذَا بَلَغَ أَوْ قَدِمَ فَهُوَ الْوَصِیُّ جَازَ، وَلاَ یَجُوزُ نَصْبُ وَصِیٍّ وَالْجَدُّ حَیٌّ بِصِفَةِالْوِلاَیَةِ، وَلاَ الإِیصَاءُ بِتَزْوِیجِ طِفْلٍ وَبِنْتٍ، وَلَفْظُهُ: أَوْصَـیْتُ إلَیْـكَ أَوْ فَوَّضْـتُ وَنَحْوُهُمَـا. وَیَجُـوزُ فِیـهِ التَّوْقِیـتُ وَالتَّعْلِیـقُ، وَیُشْتَرَطُ بَیَانُ مَا یُوصِفِیهِ، فَإِنْ اِقْتَصَرَ عَلَى أَوْصَیْتُ إلَیْك. لَغَا، وَالْقَبُولُ

ئینجا بزانە: دروستە سەروەسیّت دانانەکە بـۆ ماوەیـەکی دیـارکراو بـێو هـەم دروسـتە: دانانەکەش بە شتێکەوە هەڵبواسرێ، بۆ وێنە: (وَلَوْ قَالَ) ئەگـەر وەسـیّتکەرەکە گـوتی: (أَوْصَیْتُ إلَیْك إلَى بُلُوغِ اِبْنِی أَوْ قُدُومِ زَیْدٍ فَإِذَا بَلَغَ أَوْ قَـدِمَ فَهُـوَ الْوَصِـیُّ) وەسـیّتم لـە لای تۆ کردو تۆم کردە سەروەسیّت تا کوڕەکەم بلۆغی دەبێ. یان گوتی: تا فلانکەس دێتەوە، جـا هـەر کاتێـك کوڕەکـەم بلـۆغی بـوو ئـەو ببێتـە سـەر وەسـیّتم، یـان هـەرکاتێك فلانکەس هاتەوە ئەو ببێتە سەر وەسیّتم. ئەوە (جَازَ) سەروەسیّت دانانەکە لـە هـەردوو مەسەلەکەدا دروستە.

(وَلاَ یَجُوزُ نَصْبُ وَصِیٍّ) بۆ باوکی منداڵەکان دروست نیە: سـەر وەسـیّتێك دابنـێ-(وَالْجَدُّ حَیٌّ) لەو حاڵەتەدا کە باپیرەش زیندوو بێ- (بِصِفَةِ الْوِلاَیَةِ) بە ناوی سەرپەرشکاریەتی لە سەر منداڵەکان، چونکە شەرع ئەو مافەی داوەتە باپیرە، کەوابو: باوک ناتوانـێ

مافەکە بداتە کەسێکیتر (وَلاَ الإِيصَاءُ) هەروەها دانانی سەروەسێت دروست نیە (بِتَـزْوِيجِ طِفْلٍ وَبِنْتٍ) بۆ مارەبڕینی کوڕ، یان کچ، هەرچەند باپیرەش نەمابێ.

(وَلَفْظُهُ) ووشەی دانانی سەروەسێت: (أَوْصَيْتُ إِلَيْكَ) وەسیتم لە لای تۆ کرد بـۆ ئـەوکارە (أَوْ فَوَّضْتُ إِلَيْكَ) یان بڵێ: ئەو کارەم دا بەدەستە تۆ لە دوای مـردنم (وَنَحَوَهُمـا) ئـەوەی وەکو ئەو دووانەش بێ: وەک بڵێ: تۆم لە جێی خۆم دانا بۆ کاروباری منداڵەکانم لە دوای مردنم (وَيَجُوزُ فِيهِ التَّوْقِيتُ) لە دانانی سەروەسێتدا دانانی کاتێکی دیارکراویش دروسـتە، وەک بڵێ: بۆ ماوەی ساڵێك تۆم کردە سەروەسێت. یان تا کوڕەکەم بلۆغی دەبێ. هەروەك پابـرا (وَالتَّعْلِيـقُ) هـەم هەڵواسینیشـی بـە شـتێکەوە دروسـتە، وەک بڵـێ: هـەر کاتێـك سەروەسێتەکەم مرد تۆم کردە سەروەسێت، یان هـەرکاتێك کوڕەکـەم بلـۆغی بـوو ئـەوم کردە سەر وەسێت. هەروەك پابرا.

(وَيُشْتَرَطُ) بە مەرج دادەندرێ (بَيَانُ مَا يُوصِي فِيهِ) ئەو شتەی وەسێتی تێدا دەکا پوونی بکاتەوە، وەک بڵێ: فلانکەس سەروەسێتی منە بۆ دانەوەی قـەرزەکانم. یـان تـۆم کـردە سەروەسێت بۆ کاروباری منداڵەکانم (فَإِنْ اِقْتَصَرَ عَلَى أَوْصَيْتُ إِلَيْكَ) ئەگەر تـەنها گـوتی: وەسێتم لە لای تۆ کرد. یان تـۆ سەروەسـێتی منـی. ئـەوە (لَغَـا) دانـانی سەروەسـێتەکە پوچەڵ دەبێـەوە (وَالْقَبُـولُ) هـەروەها بـە مـەرج دادەنـدرێ: سەروەسـێتەکەش لـە دوای وَلاَ يَصِـحُّ فِـي حَيَاتِـهِ فِـي الأَصَـحِّ، وَلَـوْ وَصَّـى اِثْنَـيْنِ لَـمْ يَنْفَـرِدْ أَحَـدُهُمَا إِلاّ إِنْ صَـرَّحَ بِـهِ، وَلِلْمُوصِـي وَالْوَصِـيِّ اَلْعَـزْلُ مَتَـى شَـاءَ، وَإِذَا بَلَـغَ الطِّفْـلُ وَنَازَعَهُ فِي الإِنْفَاقِ عَلَيْهِ صُدِّقَ الْوَصِيُّ،

مردنی وەسێتکەرەکە قبوڵ بکا ببێتـە سەروەسـێت (وَلاَ يَصِـحُّ فِـي حَيَاتِـهِ) قبـوڵکردنو ڕەدکردنەوە هیچێکیان لە حاڵەتی زیندووەتی وەسێتکەرەکەدا دروست نابن (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەیڕاستردا.

(وَلَوْ وَصَّى اِثْنَيْنِ) ئەگەر دوو کەسی کردنە سەروەسێت (لَمْ يَنْفَرِدْ أَحَدُهُما) نابێ یەکێکیان بە تەنها کارەکە بکا، بەڵکو پێویستە وێکڕا بن (اِلاّ إِنْ صَرَّحَ بِهِ) مەگەر بە ئاشکرا گۆتبێتی هەر یەکەتان بە تەنها کارەکە بکا. یان بڵێ: هەر یەکەتان سەروەسێتی من بێ. ئەو کاتە دروستە بە تەنهاش کارەکە بکەن (وَلِلْمُوصِـي) بـۆ وەسـێتکەرەکەو هـەم (وَالْوَصِـيِّ) بـۆ سەرەوەسێتەکەش دروستە (اَلْعَزْلُ مَتَى شَاءَ) سەروەسێتەکە لە کار لابدەن: وەک بڵێ: تۆم لە سەروەسێتی لادا. یان سەروەسێتەکە بە خۆی بڵێ: خۆم لە سەروەسێتی خست.

﴿ ئاگاداری ﴾: هەرکاتێك وەسێتکەرەکە گومانی بەهێز ببێ: کە ئەگەر سەروەسێتەکەی لە کار لابدا، ئەمانەتـەکانی، یـان مـاڵی منداڵـەکانی لەدەسـت دەچـێ، یـان سـتەمکارێك

دەستیان بە سەردا دەگرێ، ئەو کاتە دروست نیە: سەرەوەسێتەکەی لە کار لابدا، هەروەها ئەگەر سەروەسێتەکەش ترسی هەبێ مالّی وەسێتکەرەکە، یان مالّی منداڵەکانی لەدەست بچێ، یان ستەمکارێك دەستیان بە سەردا بگرێ، ئەو کاتەش دروست نیە خودی خۆی لە کار لابدا، واتە: لەو حاڵەتەدا خۆلادانەکەی جێبەجێ نابێ، بەڵام واجب نیە بە خۆڕایی سەر وەسێتیەکە بکا، بەڵکو دروستە: کرێی سەروەسێتیەکەی لە مالّی وەسێتکەرەکە، یان لە مالّی منداڵەکان وەربگرێ، جا ئەگەر وەسێتکەرەکە کرێی بۆ دیاری نەکردبو، ئەو کاتە دوو کەسی لێزانو دادپەروەر ئەندازەی کرێیەکەی بۆ دیاری دەکەن.

ئینجا بزانە: هەر کارێك عادەت نەبو سەروەسێتەکە بەخۆی بیکا، یان توانای نەبو کارەکە بکا، ئەو کاتە دروستە وەکیلێك بۆ خۆی بگرێ تاکو کارەکەی بۆ بکا، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پوون کراوەتەوە.

(وَإِذَا بَلَغَ الطِّفْلُ) هەر کاتێك منداڵەکە بلۆغی بوو، یان شێتەکە چاك بۆوە (وَنَازَعَهُ) لەگەڵ سەروەسێتەکەی بووە کێشەیان (فِیالإِنْفَاقِ عَلَیْهِ) لەبارەی سەرفکردنی ئەرکی بەخێوکردنی: ئایا ئەندازەی چەندی سەرف کردوە، یان دەیگوت هیچت سەرف نەکردوە. ئەوە (صُدِّقَ الْوَصِيُّ) باوەڕ بە سەروەسێتەکە دەکرێ بەو مەرجەی سوێند بخوا، أَوْ فِی دَفْعٍ إِلَیْهِ بَعْدَالْبُلُوغِ صُدِّقَ الْوَلَدُ.

(كِتَابُ الْوَدِيعَةِ)

مَنْ عَجَزَ عَنْ حِفْظِهَا حَرُمَ عَلَيْهِ قَبُولُهَا، وَمَنْ قَدَرَ وَلَمْ يَثِقْ بِأَمَانَتِهِ كُرِهَ، فَإِنْ وَثِقَ اُسْتُحِبَّ،

هەروەها ئەگەر—لەو مەسەلەیەدا— لەگەڵ باوك و باپیرەش ببێتە کێشەیان بە سوێندخواردن باوەڕ بە باوك و باپیرە دەکرێ.

(أَوْ فِی دَفْعٍ إِلَیْهِ بَعْدَالْبُلُوغِ) یان لەبارەی مالّ وێدانەوەی دوایبلۆغبوون بووە کێشەیان، منداڵەکە دەیگوت: مالّەکەت نەداومەوەو. سەروەسێتەکەش، یان باوك و باپیرە دیانگوت مالّەکەتمان تەسلیمی تۆ کردۆتەوە. ئەوە (صُدِّقَ الْوَلَدُ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە منداڵەکە دەکرێ، چونکە لەو حاڵەتەدا سەروەسێتو باوك و باپیرە کەمتەرخەمییان کردوە: کە شاهیدیان نەگرتوە بۆ دانەوەی مالّەکە.

ئینجا بزانە: ئەگەر دەترسا ستەمکارێك دەست بە سەر مالّەکەدا بگرێو جگە لە بەخشینی مالّ بە هیچ ڕێگەیەکیتر نەیدەتوانی مالّەکە ڕزگار بکا، ئەو کاتە بۆ سەروەسێتەکە دروستە بە بۆچوونیخۆی کەمترین ئەندازە لە مالّەکە سەرف بکا بۆ ڕزگارکردنی مالّەکە،

جا لەم مەسەلەیەدا بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ كِتَابُ الْوَدِيعَةِ: ئەمەیە پەرتوکی سپاردنی ئەمانەت ﴾

واتە: شتێك بە ئەمانەت لە لای کەسێك دابنێ تاکو بۆی بپارێزێ. خوای‌گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُمْ بَعْضاً فَلْيُؤَدِّ الَّذِياؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ﴾ ئەگەر یەکێکتان یەکێکتانی بە ئەمیندار دانا، با ئەمیندارەکە ئەمانەتەکەی بداتەوە. هەم پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ﴾حدیث حسن رواه أبوداود والترمذی، ئەمانەتەکە بدەوە ئەو کەسەی بە ئەمینداری داناوی.

ئینجا (مَنْ عَجَزَ عَنْ حِفْظِهَا) هەر کەسێك توانای نەبێ ئەمانەتەکە بپارێزێ، ئەوە (حَرُمَ عَلَيْهِ قَبُولُهَا) لە سەری حەرامە قبوڵی بکا، واتە: ئەمانەتەکە وەربگرێ (وَمَنْ قَدَرَ وَلَمْ يَثِقْ بِأَمَانَتِهِ) وە هەر کەسێکیش توانای هەبێ بیپارێزێ، بەڵام باوەڕی بە ئەمینداریەتیخۆی نەبو، واتە: دەترسا خیانەتی تێدا بکا، ئەو کاتە (كُرِهَ) ناپەسندە وەریبگرێ.

بەڵام (فَإِنْ وَثِقَ) ئەگەر باوەڕی بە ئەمینداریەتیخۆی هەبوو و هەم دەیتوانی بیپارێزێ، ئەو کاتە (اُسْتُحِبَّ) سوننەتە: وەریبگرێ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَاللهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَادَامَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ﴾ رواه مسلم، خوای‌گەورە لە یارمەتیدانی بەندەیە مادام بەندە لە یارمەتی برایخۆیدا بێ.

وَشَرْطُهُمَا: شَرْطُ مُوَكِّلٍ وَوَكِيلٍ، وَيُشْتَرَطُ أَوْ اسْتَحْفَظْتُكَ أَوْ أَنَبْتُكَ فِي حِفْظِهِ. وَالأَصَحُّ أَنَّهُ لاَ

منهاج- بەرگی‌چوارەم-8

جا بزانە: لەو حاڵەتەی سێیەمدا ئەگەر جگە لە خۆی کەسێکی نەبو ئەمانەتەکە بپارێزێ، ئەو کاتە لە سەری واجبە وەریبگرێ، بەڵام بۆی دروستە کرێی پاراستنەکەشی وەربگرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَشَرْطُهُمَا) مەرجی ئەمینداریەکەو سپاردەری ئەمانەتەکە (شَرْطُ مُوَكِّلٍ وَوَكِيلٍ) وەك مەرجی وەکیلگرو وەکیلەکەیە، واتە: هیچێکیان منداڵ، یان شێت نەبن، هەر یەکەشیان بۆیان دروست بێ-ڕاستەوخۆ- کارەکە بکەن، کەواتە: ئەمانەت دانانو ئەمانەت وەرگرتنی منداڵو شێت دروست نابێ.

(وَ) هەروەها (وَيُشْتَرَطُ صِيغَةُ الْمُودِعِ) بە مەرج دادەندرێ: سپاردەرەکە-واتە: ئەو کەسەی ئەمانەتەکە دادەنێ- گوتەیەك بڵێ کە لێی بفامێتەوە: شتەکە ئەمانەتە (كَـ) وەك بڵێ: (اِسْتَوْدَعْتُكَ هَذَا) ئەم شتەم بە سپاردن لە لای تۆ دانا (أَوْ) یان بڵێ: (اِسْتَحْفَظْتُكَ) ئەم شتەم بۆ پاراستن لە لای تۆ دانا (أَوْ) یان بڵێ: (أَنَبْتُكَ فِي حِفْظِهِ) تۆم کردە جێگریخۆم بۆ پاراستنی ئەم شتە. یان ئەم شتەم ئەمانەت بێ لە لای تۆ. هەروەها بە گوتەی نائاشکراو

به نووسینیش دروست دەبێ، ئەگەر نیەتی لەگەڵدا بێ، هەروەها بە ئاماژەکردنی مرۆڤی لاڵیش دروست دەبێ.

بەڵام (وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستتر (أَنَّهُ لاَ يُشْتَرَطُ الْقَبُولُ لَفْظًا) بە مەرج دانانرێ ئەمینداڕەکە بە زوبان بڵێ: قبوڵم کرد. بەڵکو (وَيَكْفِي الْقَبْضُ) ئەوەندە بەسە: ئەمانەتەکە وەربگرێ، یان بە زوبان بڵێ: لەو شوێنە دایبنێ. واتە: بە یەکێك لەوانە دانانی ئەمانەتەکە دادەمەزرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: گەرماوچی و خانچی و دوکاندار هیچێکیان نابنە زامینی ئەو جلو بەرگو ئەو وولاغو ئوتۆمبیلەو ئەو شتەی لە لایان دادەندرێ، بەڵام ئەگەر خاوەنەکە بە زوبان پێیان بڵێ: ئاگاداری ئەم شتەم بە بۆم بپارێزە. ئەوانیش قبوڵ بکەن، یان کرێی پاراستنی ئەو شتانە لە خاوەنەکە وەربگرن، ئەو کاتە– ئەگەر کەمتەرخەمی بکەن– دەبنە زامین.

هەروەها ئەگەر ئەمینداڕەکە ئەمانەتەکە لە لای خاوەنەکەی بە جێ بهێڵێو بڕوا، ئەوەش وا بڕیار دەدرێ: دابێتیەوە دەست خاوەنەکەی، واتە: ئەگەر فەوتا نابێتە زامین.

هەروەها ئەگەر کەسێك شتێکی لە لای دانا، ئەویش بێدەنگ بوو، واتە: نە قبوڵی کردو نە وەریگرتو نە ڕەدی کردەوە، ئینجا خاوەنەکەی ڕۆیشتو ئەویش ڕۆیشتو شتەکەش فەوتا، دیسان نابێتە زامین، هەروەك لە (تحفة)و (الشروانی)دا ناوەڕۆکی ئەم ئاگادارییە ڕوون کراوەتەوە.

وَلَوْ أَوْدَعَهُ صَبِيٌّ أَوْ مَجْنُونٌ مَالاً لَمْ يَقْبَلْهُ فَإِنْ قَبِلَ ضَمِنَ، وَلَوْ أَوْدَعَ صَبِيًّا مَالاً فَتَلِفَ عِنْدَهُ لَمْ يَضْمَنْ، وإِنْ أَتْلَفَهُ ضَمِنَ فِالأَصَحِّ، وَالْمَحْجُورُعَلَيْهِ بِسَفَهٍ كَصَبِيٍّ، وَتَرْتَفِعُ بِمَوْتِ الْمُودِعِ أَوِ الْمُودَعِ وَجُنُونِهِ وَإِغْمَائِهِ، وَلَهُمَا الإِسْتِرْدَادُ وَالرَّدُّ

(وَلَوْ أَوْدَعَهُ صَبِيٌّ أَوْ مَجْنُونٌ مَالاً) ئەگەر منداڵێك، یا شێتێك مااڵێکی بە ئەمانەت لە لا دانا (لَمْ يَقْبَلْهُ) دروست نیە قبوڵی بکا (فَإِنْ قَبِلَهُ) جا ئەگەر ماڵەکەی قبوڵ کردو وەریگرت، ئەوە (ضَمِنَ) دەبێتە زامینی ماڵەکە، چونکە سپاردنی منداڵو شێت دروست نابێ، کەوابو: لەو زامنیە ئازاد نابێ تا ماڵەکە نەداتەوە دەست سەرپەرشکارەکەیان، بەڵام ئەگەر لەوە دەترسا ماڵەکە بفەوتێو لە ڕێگەیخوا ماڵەکەی بە ئامانەت وەرگرت، ئەو کاتە نابێتە زامین، هەروەها ئەگەر منداڵەکە، یان شێتەکە بەخۆیان ئەمانەتەکەیخۆیان لە لای ئەمینداڕەکە بفەوتێنن، ئەو کاتەش ئەمینداڕەکە نابێتە زامین، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ أَوْدَعَ صَبِيًّا مالاً) ئەگەر یەکێکی بالغو عاقڵ مااڵێکی بە ئەمانەت لە لای منداڵێك، یان لە

لای شێتێك دانا (فَتَلِفَ عِنْدَهُ) جا مالّەکەش لە لای منداڵەکە، یان لە لای شێتەکە بەخۆی فەوتا (لَمْ يَضْمَنْ) نە منداڵەکەو نە شێتەکە نابێتە زامین، هەرچەند کەمتەرغەمیشیان کردبێ، بەڵام (وَإِنْ أَتْلَفَهُ) ئەگەر منداڵەکە، یان شێتەکە مالّەکە بفەوتێنێ، ئەو کاتە (ضَمِنَ فِي‌الأَصَحِّ) فەوتێنەرەکە دەبێتە زامین، لە فەرموودەی ڕاستتردا.

بەڵام ئەگەر منداڵێك، یان شێتێك مالّەکە بە ئەمانەت لە لای منداڵێك، یان لە لای شێتێك دابنێ، ئەو کاتە ئەو منداڵو شێتەی ئەمانەتەکەیان وەرگرتوە– ئەگەر فەوتا– دەبنە زامین، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە (وَالْمَحْجُورُ عَلَيْهِ بِسَفَهٍ) ئەو کەسەی قەدەغەی لە سەر داندراوە بە هۆی بەفیڕۆدانی مالّیخۆی، ئەویش (كَصَبِيٍّ) وەکو منداڵ بڕیاری بۆ دەدرێ: لە ئەمانەت دانانو لە وەرگرتنی ئەمانەتدا.

(وَتَرْتَفِعُ) بڕیاری سپاردنی مالّەکە کۆتایی دێ (بِمَوْتِ الْمُودِعِ) بە مردنی سپاردەرەکە (أَوِ الْمُودَعِ) یان بە مردنی ئەمینداڕەکە، هەم (وَجُنُونِهِ) بە شێتبوونی یەکێکیانو (وَإِغْمَائِهِ) بە بێهۆشبوونی یەکێکیان، واتە: هەر یەکێکیان یەکێکی لەو ڕوداوانە تووش ببێ، ئەوە بڕیاری سپاردن لە سەر مالّەکە لادەچێو دەبێتە ئەمانەتێکی شەرعیو واجبە: بە پەلە بدرێتەوە میراتگرەکانی مردووەکەو سەرپەرشتکاری شێتەکە، هەرچەند داوای مالّەکەش نەکەن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَهُمَاالإِسْتِرْدَادُ) بۆ هەردووکیان دروستە: داوای گەڕاندنەوە بکەن، واتە: بۆ سپاردەرەکە دروستە داوای گەڕاندنەوەی مالّە سپاردراوەکەی بکا، هەم (وَالرَّدُّ) بۆ ئەمینداڕەکەش كُلَّ وَقْتٍ، وَأَصْلُهَا الأَمَانَةُ، وَقَدْ تَصِيرُ مَضْمُونَةً بِعَوَارِضَ: مِنْهَا أَنْ يُودِعَ غَيْرَهُ بِلاَ إِذْنٍ وَلاَ عُذْرٍ فَيَضْمَنُ، وَقِيلَ إِنْ أَوْدَعَ الْقَاضِيَ لَمْ يَضْمَنْ، وَإِذَا لَمْ يُزِلْ يَدَهُ عَنْهَا جَازَتِ الإِسْتِعَانَةُ بِمَنْ يَحْمِلُهَا إِلَى الْحِرْزِ أَوْ يَضَعُهَا فِي خِزَانَةٍمُشْتَرَكَةٍ، وَإِذَا أَرَادَ سَفَرًا فَلْيَرُدَّ إِلَى الْمَالِكِ أَوْ وَكِيلِهِ

دروستە: مالّەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە (كُلَّ وَقْتٍ) گشت کاتێك کە حەز بکەن، بەڵام ئەگەر ئەمینداڕەکە بترسێ مالّەکە بفەوتێو کەسێتر نەبێ بیپارێزێ، ئەو کاتە حەڕامە بیگەڕێنێتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ هۆیەکانی زامینی ئەمانەتەکە ﴾

(وَأَصْلُهَا الأَمَانَةُ) بنچینەی سپاردن بە ئەمانەت دادەندرێ، هەرچەند لە بەرامبەر پاراستنەکەش کرێی وەرگرتبێ، چونکە–لە ئایەتەکەی‌ڕابردوودا– خوایگەورە ناوی ناوە: (ئەمانەت). بەڵام (وَقَدْ تَصِيرُ مَضْمُونَةً) هەندێ جار سپاردراوەکە دەبێتە زەمانەتکراو لە سەر ئەمینداڕەکە، واتە: ئەمینداڕەکە دەبێتە زامینی ئەمانەتەکەو تۆڵەی دەکەوێتە سەر

(بِعَوَارِضَ) بە چەند هۆیەك:
(مِنْهَا أَنْ يُودِعَ غَيْرَهُ) یەكێك لەو هۆیانە ئەوەیە: ئەمانەتەكە بە كەسێكیتر بسپێرێ: وەك بە ژنو منداڵەكانی خۆی بیسپێرێ، یان بە كەسێكیتر (بِلاَ إِذْنٍ وَلاَ عُذْرٍ) بە بێئیزنی خاوەنەكەو بە بێهیچ عوزرێك (فَيَضْمَنُ) جا ئەگەر–لەوحاڵەتەدا– ئەمانەتەكە فەوتا، ئەوە ئەمینداڕەكەیبەكەمو ئەمینداڕەكەیدووەمیش هەردووكیان دەبنە زامین، واتە: خاوەنەكە مافی هەیە تۆڵەی ئەمانەتەكەی لە هەر كامێكیان بستێنێ، بەڵام ئەگەر دووەمەكە نەیزانیبو ئەوە ماڵیبەكەمەكە نیە، ئەو كاتە بۆی دروستە ئەندازەی ئەو تۆڵەیەی لێیوەرگیراوە، لە یەكەمەكەی وەربگرێتەوە.
بەڵام ئەگەر خاوەنەكە ئیزنی بدا، یان عوزرێكی هەبێ، وەكو نەخۆشی، یان بە سەفەرچوون، یان ترسی دز و زۆرداربێك، ئەو كاتە ئەگەر ئەمانەتەكە بە كەسێكیتریش بسپێرێ هەر نابێتە زامین، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.
(وَقِيلَ) لە فەرموودەیەكی بێهێزدا (إِنْ أَوْدَعَ الْقَاضِيَ لَمْ يَضْمَنْ) ئەگەر ئەمانەتەكەی بە (قازی)یكی ئەمین سپاردبێ ئەو كاتەش نابێتە زامین (وَإِذَا لَمْ يُزِلْ يَدَهُ عَنْهَا) هەركاتێك دەستی خۆی، یان چاودێری خۆی لە سەر ئەمانەتەكە لانەبا (جَازَتِ الإِسْتِعَانَةُ بِمَنْ) دروستە داوای یارمەتی لە كەسێك بكا: كە (يَحْمِلُهَا إِلَىالْحِرْزِ) ئەمانەتەكەی بۆ هەڵبگرێ بۆ شوێنی پاراستنی (أَوْ يَضَعُهَا فِي خِزَانَةٍ مُشْتَرَكَةٍ) یان بۆی لە ناو كۆگایەكی هاوبەش دابنێ.
(وَإِذَا أَرَادَ سَفَرًا) هەر كاتێك ئەمینداڕەكە ویستی سەفەرێك بكا (فَلْيَرُدَّ إِلَىالْمَالِكِ) دەبێ ئەمانەتەكە بۆ خاوەنەكەی بگەڕێنێتەوە (أَوْ وَكِيلِهِ) یان بۆ وەكیلیخاوەنەكەی، یان بۆ فَإِنْ فَقَدَهُمَا فَالْقَاضِي، فَإِنْ فَقَدَهُ فَأَمِينٌ، فَإِنْ دَفَنَهَا بِمَوْضِعٍ وَسَافَرَ ضَمِنَ، فَإِنْ أَعْلَمَ بِهَا أَمِينًا يَسْكُنُ الْمَوْضِعَ لَمْ يَضْمَنْ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ سَافَرَ بِهَا ضَمِنَ إِلاَّ إِذَا وَقَعَ حَرِيقٌ أَوْ غَارَةٌ وَعَجَزَ عَمَّنْ يَدْفَعُهَا إِلَيْهِ كَمَا سَبَقَ، وَالْحَرِيقُ وَالْغَارَةُ فِالْبُقْعَةِ وَإِشْرَافُ الْحِرْزِ عَلَى الْخَرَابِ أَعْذَارٌ كَالسَّفَرِ،

سەرپەرشتكاریخاوەنەكەی بیگەڕێنێتەوە (فَإِنْ فَقَدَهُمَا) جا ئەگەر هیچێكیانی دەست نەكەوتن (فَالْقَاضِي) دەبی ئەمانەتەكە بداتە دست قازی (فَإِنْ فَقَدَهُ) جا ئەگەر (قازی)یكی ئەمینیشی دەست نەكەوت (فَأَمِينٌ) دەبی بیداتە دەست مرۆڤێكیئەمین، ئینجا واجبە شاهیدیش بگرێ: كە ئەمانەتەكەی داوەتە دەست ئەمینەكە.
ئینجا هەركاتێك چووە سەفەرو ئەمانەتەكەشی نەداوە دەست ئەوانەیڕابردوو، ئەوە تەماشا دەكەین: (فَإِنْ دَفَنَهَا بِمَوْضِعٍ) ئەگەر ئەمانەتەكەی لە شوێنێكی پاراستندا شاردەوەو (وَسَافَرَ) چووە سەفەرو شتەكە فەوتا، ئەوە (ضَمِنَ) دەبێتە زامین، بەڵام (فَإِنْ أَعْلَمَ بِهَا أَمِينًا) ئەگەر ئەمانەتەكەی بە مرۆڤێكی ئەمین ناساند: كە (يَسْكُنُ الْمَوْضِعَ) لە

شوێنی شاردنەوەکەدا نیشتەجێ بوو و چاودێری دەکرد، ئەو کاتە (لَمْ يَضْمَنْ فِي الأَصَحِّ) نابێتە زامین لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَلَوْ سَافَرَ بِهَا) ئەگەر ئەمیندارەکە ئەمانەتەکەی لەگەڵ خۆیا بردە سەفەر (ضَمِنَ) دەبێتە زامین (إِلاَّ إِذَا وَقَعَ حَرِيقٌ أَوْ غَارَةٌ) تەنها ئەگەر سوتانێك، یان تالآنو ڕاوڕوتێك لەو شوێنە ڕو بداو (وَعَجَزَ عَمَّنْ يَدْفَعُهَا إِلَيْهِ كَمَا سَبَقَ) نەشیتوانی بیداتە دەست یەکێك بەو ڕێزەی ڕابرا، ئەو کاتە دروستە، بەڵکو–ئەگەر ترسی فەوتانی هەبێ– واجبە: لەگەڵ خۆیا بیباتە سەفەر، واتە: ئەرکی هەڵگرتنیشی لەو سەفەرەدا لە سەر خاوەنەکەیەتی، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

جا ئەگەر ئەمیندارەکە لە سەفەرەکەدا ترسی فەوتانی تووش بوو، واجبە: لە مالّەوە دایبنێ، بەڵام هەر کاتێك ڕێگر هێرشیان بۆ هێناو نەیتوانی ئەمانەتەکە بپارێزێ، واجبە خۆی ڕابگرێ تا ئەوان لێی دەستێنن، واتە: ئەگەر لە ترسان ئەمانەتەکەی فڕێدا شوێنێکو فەوتا، یان لە شوێنێکدا شاردیەوەو شوێنەکەشی نەناسیەوە، ئەو کاتە دەبێتە زامین، هەروەك لە (نهاية)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَالْحَرِيقُ وَالْغَارَةُ فِي الْبُقْعَةِ) پەیدابوونی سوتانو تالآنو ڕاوڕوت لە شوێنەکە، هەم (وَإِشْرَافُ الْحِرْزِ عَلَى الْخَرَابِ) نزیکبوونەوەی شوێنی پاراستن لە خراپبوون، گشتیان (أَعْذَارٌ) دەبنە عوزر بۆ ئەوەی ئەمیندارەکە ئەمانەتەکە بە ئەمینێکی تر بسپێرێ (كَالسَّفَرِ) وەکو مەسەلەی سەفەر، واتە: لەو حالّەتانەشدا نابێتە زامین.

وَإِذَا مَرِضَ مَرَضًا مَخُوفًا فَلِيَرُدَّهَا إِلَى الْمَالِكِ أَوْ وَكِيلِهِ وَإِلاَّ فَالْحَاكِمِ أَوْ إِلَى أَمِينٍ أَوْ يُوصِي بِهَا، فَإِنْ لَمْ يَفْعَل ضَمِنَ إِلاَّ إِذَا لَمْ يَتَمَكَّنْ بِأَنْ مَاتَ فَجْأَةً. وَمِنْهَا إِذَا نَقَلَهَا مِنْ مَحَلَّةٍ أَوْ دَارٍ إِلَى أُخْرَى دُونَهَا فِي الْحِرْزِ ضَمِنَ وَإِلاَّ فَلا. وَمِنْهَا أَنْ لاَ يَدْفَعَ مُتْلِفَاتِهَا، فَلَوْ أَوْدَعَهُ دَابَّةً فَتَرَكَ عَلْفَهَا ضَمِنَ، فَإِنْ نَهَاهُ عَنْهُ فَلاَ عَلَى الصَّحِيحِ، وَإِنْ أَعْطَاهُ الْمَالِكُ عَلَفًا

(وَإِذَا مَرِضَ مَرَضًا مَخُوفًا) هەرکاتێك ئەمیندارەکە نەخۆش کەوتو مەترسی مردنی لێدەکرا (فَلْيَرُدَّهَا إِلَى الْمَالِكِ) دەبێ ئەمانەتەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، یان بۆ سەرپەرشتکارەکەی (أَوْ وَكِيلِهِ) یان بۆ وەکیلەکەی (وَإِلاَّ) ئەگەر نەگونجا بۆ ئەوانەی بگەڕێنێتەوە (فَالْحَاكِمِ) دەیداتەوە دەست دادوەرێکی ئەمین (أَوْ إِلَى أَمِينٍ) یان مرۆڤێکی ئەمین (أَوْ يُوصِيَ بِهَا) یان لە لای کەسێکی ئەمین وەسێتی پێ دەکا تاکو لە دوای مردنی بیداتەوە خاوەنەکەی (فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ) جا ئەگەر ئەمیندارەکە هیچێکی لەوانەی ڕابردوو نەکردو مرد، ئینجا ئەمانەتەکەش فەوتا، ئەو کاتە (ضَمِنَ) ئەمیندارەکە دەبێتە زامین، کەواتە: لە میراتەکەی تۆڵەی دەدرێ (إِلاَّ إِذَا لَمْ يَتَمَكَّنْ) مەگەر بۆی نەگونجابێ هیچێکیان

بکا (بِأَنْ مَاتَ فَجْأَةً) وەک کتوپڕ مردبێ، ئەو کاتە نابێتە زامن.
(وَمِنْهَا) یەکێکیترلە هۆیەکانیزامینی: (إِذَا نَقَلَهَا مِنْ مَحَلَّةٍ أَوْ دَارٍ) هەر کاتێک ئەمانەتەکەی گواستەوە لە گەڕەکێکەوە، یان لە خانووێکەوە (إِلَى أُخْرَى) بۆ گەڕەکێکیتر، یان خانووێکیتر: کە (دُونَهَا فِیالْحِرْزِ) لە شوێنەکەیەکەم بێهێزتر بوو بۆ پاراستنی ئەمانەتەکە، ئەوە ئەگەر بفەوتێ (ضَمِنَ) ئەمینداریەکە دەبێتە زامن (وَإِلَّا) بەڵام ئەگە شوێنەکەیدووەم لە یەکەمەکە بێهێزتر نەبو (فَلَا) نابێتە زامن.
(وَمِنْهَا) یەکێکیترلە هۆیەکانیزامینی: (أَنْ لاَ یَدْفَعَ مُتْلِفَاتِهَا) ئەوەیە: فەوتێنەرەکانی ئەمانەتەکە لانەدا بەگوێرەی عادەت، کەواتە: ئەگەر ئاگر بەربوە خانووەکەی، ئەویش بە پەلە کەلوپەلیخۆی دەرباز کردو فریا نەکەوت ئەمانەتەکەش دەرباز بکا، ئەوە نابێتە زامن، هەروەها ئەگەر لەو حاڵەتەدا چەند ئەمانەتێکی جۆراو جۆری لە خانووەکەدا بونو هەندێکی دەرباز کردنو فریا نەکەوت ئەوانیتر دەرباز بکا، دیسان نابێتە زامن، چونکە لە هەردوو مەسەلەدا بەگوێرەی عادەت پەفتاری کردوە، لە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا پوون کراوەتەوە.
(فَلَوْ أَوْدَعَهُ دَابَّةً) ئەگەر وولاغێکی پێسپارد (فَتَرَكَ عَلْفَهَا) جا ئەمینداریەکەش ئالیکی نەدا وولاغەکە، یان ئاوی نەدا (ضَمِنَ) دەبێە زامن، بەڵام (فَإِنْ نَهَاهُ عَنْهُ) ئەطەر خاوەنەکە طوتی: ئالیکی مەدە، ئەو کاتە (فَلَا) نابێتە زامن (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرمودەی راست، ئینجا (وَإِنْ أَعْطَاهُ الْمَالِكُ عَلَفًا) ئەگەر خاوەنەکەی ئالیکی وولاغەکەی تەسلیمی عَلَفَهَا مِنْهُ، وَإِلاَّ فَيُرَاجِعُهُ أَوْ وَكِيلَهُ، فَإِنْ فُقِدَا فَالْحَاكِمُ، وَلَوْ بَعَثَهَا مَعَ مَنْ يَسْقِيهَا لَمْ يَضْمَنْ فِالأَصَحِّ، وَعَلَىالْمُودَعِ تَعْرِيضُ ثِيَابِ الصُّوفِ لِلرِّيحِ كَيْ لاَ يُفْسِدَهَا الدُّودُ، وَكَذَا لُبْسُهَا عِنْدَ حَاجَتِهَا. وَمِنْهَا أَنْ يَعْدِلَ عَنِ الْحِفْظِ الْمَأْمُورِ وَتَلِفَتْ بِسَبَبِ الْعُدُولِ

ئەمینداریەکە کردبو، ئەوە (عَلَفَهَا مِنْهُ) هەر لەو ئالیکە ئالیکی دەدا (وَإِلَّا) بەڵام هیچی تەسلیم نەکردبو، ئەو کاتە (فَيُرَاجِعُهُ أَوْ وَكِيلَهُ) دەگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی، یان وەکیلی خاوەنەکەی تاکو ئالیکەکەی بدەن، یان بیبەنەوە (فَإِنْ فُقِدَا) جا ئەگەر خاوەنەکەیو وەکیلەکەی دەست نەکەوتن (فَالْحَاكِمُ) دەچێتە لای دادوەر تاکو ئالیکەکەی بە قەرزی سەر خاوەنەکەی بداتێ، یان بۆی بکرێ، جا ئەگەر دادوەر نەبو، ئەو کاتە هەر بەخۆی بە قەرزی سەر خاوەنەکەی ئالیکی دەدا، یان بۆی دەکرێ، بەڵام دەبی شاهیدی هەبێ تاکو بتوانێ لە خاوەنەکەی وەربگرێتەوە.
(وَلَوْ بَعَثَهَا مَعَ مَنْ يَسْقِيهَا) ئەگەر ئەمینداریەکە وولاغەکەی لەگەڵ کەسێکی ئەمیندا نارد تاکو ئاوی بدا، یان بیبەوەڕێنێ، ئەوە (لَمْ يَضْمَنْ فِيالأَصَحِّ) ئەمینداریەکە نابێە زامن لە

فەرموودەی راستتردا، چونکە ئەو پێداناردنە عادەتە.

﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر ئەمینداریك، یان شوانێك دیتی ئاژەڵێك خەریکە بە هیلاك بچێ، ئەوە ئەگەر بە بێماندووبوونێکی زۆر ڕزگارکردنی بگونجێ، واجبە: ڕزگاری بکا، ئەگەر نا: واجبە سەری ببڕێ–ئەگەر گۆشتی بخورێ– تاکو گۆشتەکەی بۆ خاوەنەکە بپارێزێ، ئەگینا: دەبێتە زامین، جا ئەوەش لە حاڵەتێکیوەهادا دەبێتە زامین: کە شاهیدی دەست بکەوێ بۆ ئەوەی هۆیەکەی سەربڕینی پێ باوەڕ بکرێ، واتە: ئەگەر شاهیدی دەست نەکەوتو دەترسا باوەڕی پێنەکرێ بۆیێ سەری نەبڕی، ئەو کاتە نابێتە زامین.

هەروەها ئەگەر کەسێکیتریش –کە شوانو ئەمیندار نەبێ– دیتی حەیوانێك خەریکە بفەوتێ، ئەویش بۆی دروستە سەری ببڕێ تاکو بۆ خاوەنەکەی بپارێزێ، بەڵام بە بێشاهید هۆیەکەی سەربڕینی پێ باوەڕ ناکرێ، مەگەر نیشانەیەکی ڕاستیی هەبێ، ئەو کاتە لەوانەیە باوەڕی پێبکرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَعَلَىالْمُودَعِ) لە سەر ئەمیندارەکە واجبە: (تَعْرِيضُ ثِيَابِ الصُّوفِ لِلرِّيحِ) جلو بەرگی خوری بداتە بەر با (كَيْ لاَ يُفْسِدَهَا الدُّودُ) نەوەك مۆرانە جلەکە تێك بدا (وَكَذَا لُبْسُهَا عِنْدَ حَاجَتِهَا) هەروەها واجبە: دەبەر خۆیشی بکا ئەگەر– بۆ پاراستن– جلەکە پێویستی بە دەبەرکردن هەبێ.

(وَمِنْهَا) یەکێکیتر لە هۆیەکانی زامینی: (أَنْ يَعْدِلَ عَنِ الْحِفْظِ الْمَأْمُورِ) ئەوەیە لابدا لەو پاراستنەی فەرمانی پێکراوەو (وَتَلِفَتْ بِسَبَبِ الْعُدُولِ) بە هۆی لادانەکەش ئەمانەتەکە فَيَضْمَنُ، فَلَوْ قَالَ لاَ تَرْقُدْ عَلَىالصُّنْدُوقِ. فَرَقَدَ وَانْكَسَرَ بِثِقَلِهِ وَتَلِفَ مَا فِيهِ ضَمِنَ، وَإِنْ تَلِفَ بِغَيْرِهِ فَلاَ عَلَىالصَّحِيحِ، وَكَذَا لَوْ قَالَ: لاَ تُقْفِل عَلَيْهِ قُفْلَيْنِ. فَأَقْفَلَهُمَا، وَلَوْ قَالَ: اِرْبِطِ الدَّرَاهِمَ فِي كُمِّك. فَأَمْسَكَهَا فِي يَدِهِ فَتَلِفَتْ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهَا إنْ ضَاعَتْ بِنَوْمٍ وَنِسْيَانٍ ضَمِنَ، أَوْ بِأَخْذِ غَاصِبٍ فَلاَ، وَلَوْ جَعَلَهَا فِي جَيْبِهِ بَدَلاً عَنِ الرَّبْطِ فِالْكُمِّ لَمْ يَضْمَنْ، وَبِالْعَكْسِ يَضْمَنُ، وَلَوْ أَعْطَاهُ دَرَاهِمَ بِالسُّوقِ وَلَمْ يُبَيِّنْ كَيْفِيَّةَالْحِفْظِ فَرَبَطَهَا فِكُمِّهِ وَأَمْسَكَهَا بِيَدِهِ أَوْ جَعَلَهَا فِي جَيْبِهِ لَمْ يَضْمَنْ،

بفەوتێ، ئەو کاتە (فَيَضْمَنُ) دەبێتە زامین (فَلَوْ قَالَ) جا ئەگەر خاوەنەکە گوتی (لاَ تَرْقُدْ عَلَى الصُّنْدُوقِ) لە سەر سوندووقەکە مەخەوە (فَرَقَدَ وَانْكَسَرَ بِثِقَلِهِ) ئەویش لە سەری خەوتو بە گرانایەتی وی سوندووقەکە شکا (وَتَلِفَ مَا فِيهِ) ئەو شتەی لە ناویدابو فەوتا (ضَمِنَ) ئەمیندارەکە دەبێتە زامین، بەڵام (وَإِنْ تَلِفَ بِغَيْرِهِ) ئەگەر شتەکە بە هۆیەکیتری جگە لە شکانەکە فەوتا: وەك بدزرێ (فَلاَ) ئەمیندارەکە نابێتە زامین (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست (وَكَذَا لَوْ قَالَ لاَ تُقْفِلْ عَلَيْهِ قُفْلَيْنِ) هەروەها ئەگەر خاوەنەکە بڵێ: بە دوو

قوفڵ سوندووقەکە کلیل مەدە (فَأَقْفَلَهُمَا) ئەویش بە دوو قوفڵ کلیلیدا، هەر نابێتە زامن، چونکە زیاتر پارێزکاریی کردوە.
(وَلَوْ قَالَ: اِرْبِطِ الدَّرَاهِمَ فِی کُمِّك) دیرهەمەکان لە ناو باسکیکراسەکەتدا بپێچە (فَأَمْسَکَهَا فِی یَدِه) ئەویش لە ناو دەستیخۆی داناو (فَتَلِفَتْ) ئینجا دیرهەمەکان فەوتان، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ) بە فەرمودەی ڕاستیمەزهەب (أَنَّهَا إِنْ ضَاعَتْ بِنَوْمٍ وَنِسْیَانٍ) ئەگەر دیرهەمەکان بە هۆی خەوتنو لەبیرچوون فەوتان (ضَمِنَ) ئەمیندارەکە دەبێتە زامن (أَوْ بِأَخْذِ غَاصِبٍ) بەڵام ئەگەر بە لێستاندنی زۆرداریەك فەوتان (فَلَا) نابێتە زامن، چونکە دەست لە باسکیکراس بەهێزترە.
(وَلَوْ جَعَلَهَا فِیجَیْبِهِ بَدَلًا عَنِ الرَّبْطِ فِیالْکُمِّ) ئەگەر لە جیاتی پێچانی ناو باسکیکراسەکەی دیرهەمەکانی لە ناو بەڕکیخۆی داناان (لَمْ یَضْمَنْ) نابێتە زامن، چونکە بەڕك لە باسك پارێزەرترە (وَبِالْعَکْسِ) بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە گوتی: لە بەرکت دایانبنێ. ئەویش لە باسکی کراسی دایناان (یَضْمَنُ) دەبێتە زامن.
(وَلَوْ أَعْطَاهُ دَرَاهِمَ بِالسُّوقِ) بۆ وێنە: ئەگەر لە بازار چەند دیرهەمێکی دایێ، بەڵام (وَلَمْ یُبَیِّنْ کَیْفِیَّةَ الْحِفْظِ) چۆنیەتی پاراستنی بۆ دیاری نەکرد (فَرَبَطَهَا فِی کُمِّهِ) ئەویش لە ناو باسکی کراسەکەیدا پێچانیو (وَأَمْسَکَهَا بِیَدِهِ) بە دەستیخۆیشی گرتنی (أَوْ جَعَلَهَا فِی جَیْبِهِ) یان هەر لە ناو بەڕکیخۆی دایناان (لَمْ یَضْمَنْ) نابێتە زامن، بەڵام ئەگەر بەڕکەکەی کون بوو، یان زۆر بەرین بوو و زارکی دانەخستبو، ئەو کاتە دەبێتە زامن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
وَإِنْ أَمْسَکَهَا بِیَدِهِ لَمْ یَضْمَنْ إِنْ أَخَذَهَا غَاصِبٌ وَیَضْمَنُ إِنْ تَلِفَتْ بِغَفْلَةٍ أَوْ نَوْمٍ، وَإِنْ قَالَ: اِحْفَظْهَا فِالْبَیْتِ. فَلْیَمْضِ إِلَیْهِ وَیُحْرِزْهَا فِیهِ، فَإِنْ أَخَّرَ بَلاَ عُذْرٍ ضَمِنَ. وَمِنْهَا أَنْ یُضَیِّعَهَا بِأَنْ یَضَعَهَا فِی غَیْرِ حِرْزِ مِثْلِهَا أَوْ یَدُلَّ عَلَیْهَا سَارِقًا أَوْ مَنْ یُصَادِرُ الْمَالِكَ، فَلَوْ أَکْرَهَهُ ظَالِمٌ حَتَّی سَلَّمَهَا إِلَیْهِ فَلِلْمَالِكِ تَضْمِینُهُ فِالأَصَحِّ ثُمَّ یَرْجِعُ عَلَی الظَّالِمِ. وَمِنْهَا أَنْ یَنْتَفِعَ بِهَا بِأَنْ یَلْبَسَ أَوْ یَرْکَبَ

(وَإِنْ أَمْسَکَهَا بِیَدِه) ئەگەر دیرهەمەکانی بە دەستی خۆی گرتن، ئەو کاتەش (لَمْ یَضْمَنْ إِنْ أَخَذَهَا غَاصِبٌ) نابێتە زامن ئەگەر ستەمکارێك لێی بستێنێ، بەڵام (وَیَضْمَنُ إِنْ تَلِفَتْ بِغَفْلَةٍ أَوْ نَوْمٍ) ئەگەر بە هۆی غافڵبوون، یان خەوتن دیرهەمەکان فەوتان، ئەو کاتە دەبێتە زامن.
(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر شتێکی دایێو گوتی: (اِحْفَظْهَا فِیالْبَیْتِ) بیبەوە لە ماڵەکەتدا بۆم بپارێزە (فَلْیَمْضِ إِلَیْهِ) با بە پەلە بڕواتە ماڵەوەو (وَیُحْرِزْهَا فِیهِ) یەکسەر لە شوێنێکی پارێزەر دایبنێ (فَإِنْ أَخَّرَ بَلاَ عُذْرٍ) ئەگەر بە بێعوزر دوای خستو نەیبردەوە ماڵەوەو فەوتا، ئەو کاتە(ضَمِنَ) دەبێتە زامن.

(وَمِنْهَا) یەکێکی‌تر لە هۆیەکانی‌زامینی: (أَنْ يُضَيِّعَهَا) ئەوەیە: ئەمانەتەکە لە دەست بدا (بِأَنْ يَضَعَهَا فِي غَيْرِ حِرْزِ مِثْلِهَا) وەک لە شوێنێکی‌وەها دایبنێ: کە شوێنی پاراستنی وێنەی ئەو شتە نەبێ (أَوْ يَدُلَّ عَلَيْهَا سَارِقًا) یان شوێنەکەی بە دزێک نیشان بدا (أَوْ مَنْ يُصَادِرُ الْمَالِكَ) یان بە کەسێکی وەهای نیشان بدا: کە مالی‌خاوەنەکەی داگیر دەکا.

(فَلَوْ أَكْرَهَهُ ظَالِمٌ) جا ئەگەر ستەمکارێک زۆری لێکرد (حَتَّى سَلَّمَهَا إِلَيْهِ) تا ئەمانەتەکەی تەسلیمی ستەمکارەکە کرد، یان تەسلیمی کەسێکی‌تری کرد، ئەوە (فَلِلْمَالِكِ تَضْمِينُهُ) بۆ خاوەنەکەی دروستە: ئەمیندارەکە بکاتە زامین‌و تۆڵەی لێ‌وەربگرێ (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا (ثُمَّ يَرْجِعُ عَلَى‌الظَّالِمِ) ئینجا ئەمیندارەکەش دەگەڕێتەوە سەر ستەمکارەکە بۆ ئەوەی چەند تۆڵەی لێوەرگیراوە ئەویش ئەوەندەی لەوی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمیندارەکە ئەمانەتەکەی تەسلیم نەکردو شوێنەکەشی نیشان نەدا، بەڵکو ستەمکارەکە بەخۆی بردی، ئەو کاتە ئەمیندارەکە نابێتە زامین.

ئینجا بزانە: واجبە ئەمیندارەکە بە هەموو ڕێگایەکی‌گونجاو ستەمکارەکە لابدا لە بردنی ئەمانەتەکە، هەرچەند بە عەیبدارکردنی ئەمانەتەکەش بێ، یان بە درۆکردن بێ، بەڵکو دروستە: سوێندیش بە درۆ بخوا، بەڵام واجبە کەفارەتی‌سوێندەکە بدا، بەڵام ئەگەر سوێندی بە درۆ بە تەڵاق بخوا، ئەو کاتە تەڵاقی دەکەوێ، چونکە ژنەکەی کردۆتە قوربانی ئەمانەتەکە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَمِنْهَا) هۆیەکی‌تری زامینی: (أَنْ يَنْتَفِعَ بِهَا) ئەوەیە ئەمیندارەکە بۆ خۆی سود لە ئەمانەتەکە وەربگرێ (بِأَنْ يَلْبَسَ) وەک جلەکە دەبەر بکا (أَوْ يَرْكَبَ) یان سواری وولاغەکە خِيَانَةً، أَوْ يَأْخُذَ الثَّوْبَ لِيَلْبَسَهُ أَوِ الدَّرَاهِمَ لِيُنْفِقَهَا فَيَضْمَنُ، وَلَوْ نَوَى‌الأَخْذَ وَلَمْ يَأْخُذْ لَمْ يَضْمَنْ عَلَى‌الصَّحِيحِ، وَلَوْ خَلَطَهَا بِمَالِهِ وَلَمْ تَتَمَيَّزْ ضَمِنَ، وَلَوْ خَلَطَ دَرَاهِمَ كِيسَيْنِ لِلْمُودِعِ ضَمِنَ فِي‌الأَصَحِّ، وَمَتَى صَارَتْ مَضْمُونَةً بِانْتِفَاعٍ وَغَيْرِهِ ثُمَّ تَرَكَ الْخِيَانَةَ لَمْ يَبْرَأْ، فَإِنْ أَحْدَثَ لَهُ الْمَالِكُ اِسْتِئْمَانًا بَرِئَ فِي‌الأَصَحِّ.

ببێ، یان لە سەر ڕایەخەکە دابنیشێ، یان کتێبەکە بخوێنێتەوە، جا لەو حاڵەتەدا دەبێتە زامین: کە (خِيَانَةً) ئەو بەکارهێنانەی‌ڕابردوو بە خیانەتکاری بێ، واتە: هیچ عوزرێکی نەبێ، بەڵام ئەگەر بۆ سودی ئەمانەتەکە بێ، ئەو کاتە نابێتە زامین.

(أَوْ يَأْخُذَ الثَّوْبَ لِيَلْبَسَهُ) یان جلەکە بە دەستی هەڵبگرێ تاکو دەبەری بکا (أَوِ الدَّرَاهِمَ لِيُنْفِقَهَا) یان پارەو پولەکە هەڵبگرێ تاکو خەرجی بکا (فَيَضْمَنُ) بەو دەستدانەش دەبێتە زامین، هەرچەند دەبەریشی نەکاو خەرجیشیان نەکا، بەڵام (وَلَوْ نَوَى‌الأَخْذَ) ئەگەر ئەمیندارەکە نیەتی هێنا ئەمانەتەکە دەست بداتێ‌و بە کاری بێنێ، ئینجا پەشیمان بۆوەو (وَلَمْ يَأْخُذْ) دەستی نەدایێ، ئەو کاتە (لَمْ يَضْمَنْ) نابێتە زامین (عَلَى‌الصَّحِيحِ) لە سەر

فەرموودەی پاست.
(وَلَوْ خَلَطَهَا بِمَالِهِ) ئەگەر ئەمیندارەکە ئەمانەتەکەی تێکەڵی ماڵی خۆی کردو (وَلَمْ تَتَمَيَّزْ) لێکیش جیا نەدەبۆوە: وەک گەنم تێکەڵی جۆ بکا، ئەوە (ضَمِنَ) دەبێتە زامین.
(وَ) هەروەها (لَوْ خَلَطَ دَرَاهِمَ كِيسَيْنِ لِلْمُودِعِ) ئەگەر چەند دیرهەمێکی زیو کە لە دوو کیسەدا بون تێکەڵی کردن کە گشتی هی یەک خاوەن بونو لێک جیا نەدەکرانەوە، ئەو کاتەش (ضَمِنَ فِي‌الأَصَحِّ) دەبێتە زامین لە فەرموودەی راستتردا، بەڵام ئەگەر زیوەکەی هەردووک کیسەکان لێک جیا بکرێتەوە، ئەو کاتە نابێتە زامین.
(وَمَتَى صَارَتْ مَضْمُونَةً بِانْتِفَاعٍ وَغَيْرِهِ) هەر کاتێک ئەمانەتەکە لە سەر ئەمیندارەکە ببێتە زەمانەتکراو: بە هۆی سودلێوەرگرتن، یان بە هۆیەکی‌تر (ثُمَّ تَرَكَ الْخِيَانَةَ) ئینجا ئەمیندارەکە وازی لە خیانەتکاری هێناو هیچی‌تر بە کاری نەهێنا، ئەوە (لَمْ يَبْرَأْ) ئەمیندارەکە لە زامینیەکە ئازاد نابێ‌و ناشبێتەوە ئەمیندار، بەڵکو واجبە: یەکسەر بۆ خاوەنەکەی بیگەڕێنێتەوە.
بەڵام (فَإِنْ أَحْدَثَ لَهُ الْمَالِكُ اِسْتِئْمَانًا) ئەگەر خاوەنەکە ئەمینداریەکی‌تری بۆ پەیدا کردەوە: وەک پێی بڵێ: تۆم کردوە ئەمینداری ئەمانەتەکە. یان گوتی: لە زامینیەکە گەردەنت ئازاد بێ. یان گوتی: بیبەوە شوێنی‌خۆی بۆم بپارێزە. ئەو کاتە (بَرِئَ فِي‌الأَصَحِّ) ئەمیندارەکە لە زامینی‌یەڕابردووی ئەمانەتەکە ئازاد دەبێ، لە فەرموودەی راستتردا، بەڵام ئەگەر وەکیلی‌خاوەنەکە، یان سەرپەرشتکاری‌خاوەنەکە ئەمینداریەکی‌تری بۆ پەیدا بکاتەوە، ئەو کاتە ئەمیندارەکە لە زامینی ئازاد نابێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
وَمَتَى طَلَبَهَاالْمَالِكُ لَزِمَهُ الرَّدُّ بِأَنْ يُخَلِّيَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا، فَإِنْ أَخَّرَ بَلاَ عُذْرٍ ضَمِنَ، وَإِنْ اِدَّعَى تَلَفَهَا وَلَمْ يَذْكُرْ سَبَبًا أَوْ ذَكَرَ خَفِيًّا كَسَرِقَةٍ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَإِنْ ذَكَرَ ظَاهِرًا كَحَرِيقٍ: فَإِنْ عُرِفَ الْحَرِيقُ وَعُمُومُهُ صُدِّقَ بَلاَ يَمِينٍ، وَإِنْ عُرِفَ دُونَ عُمُومِهِ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَإِنْ جُهِلَ

﴿ گەڕاندنەوەی ئەمانەتەکە ﴾

(وَمَتَى طَلَبَهَا الْمَالِكُ) هەر کاتێک خاوەنەکە داوای ئەمانەتەکەی کرد (لَزِمَهُ الرَّدُّ) لە سەر ئەمیندارەکە واجبە ئەمانەتەکە بگەڕێنێتەوە، بە بەڵگەی ئایەتەکە، جا مەبەست بە گەڕاندنەوە ئەوەیە: (بِأَنْ يُخَلِّيَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا) وازی لێ‌بێنێ‌و ڕێگا بدا خاوەنەکە ئەمانەتەکە بباتەوە، واتە: لە سەر ئەمیندارەکە واجب نیە: بەخۆی بۆی بباتەوە، کەوابو: ئەرکی گەڕاندنەوەی ئەمانەتەکە لە سەر خاوەنەکەیەتی.
بەڵام ئەگەر دوو هاوبەش وێکڕا ئەمانەتێکیان لە لا دانابو، ئەوە دروست نیە: تەنها تەنها ئەمانەتەکە بداتەوە هیچێکیان، جا ئەگەر هاوبەشێکیان سوڕ بوو لە سەر بردنەوی بەشەکەی‌خۆی، ئەو کاتە (قازی) بۆیان بەش دەکا، ئینجا بەشەکەی وی

دەداتەوە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا ئەو مەسەلانە ڕوون كراونەوە.

ئینجا بزانە: هەر كاتێك خاوەنەكە مرد، یان شێت بوو، واجبە: ئەمیندارەكە—بە پەلە— ئەمانەتەكە بداتەوە میراتگری‌مردووەكەو سەرپەرشتكاری‌شێتەكە، هەروەك ڕابرا (فَإِنْ أَخَّرَ بَلا عُذْرٍ) جا ئەگەر ئەمیندارەكە گەڕاندنەوەی ئەمانەتەكەی دوا خست (بَلا عُذْر) بە بێ‌عوزر، ئەوە (ضَمِنَ) دەبێ‌ە زامین، واتە: بەڵام ئەگەر عوزرێكی هەبێ، ئەو كاتە بە هۆی دواخستنەكە نابێتە زامین.

(وَإِنْ ادَّعَى تَلَفَهَا) ئەگەر ئەمیندارەكە گوتی: ئەمانەتەكە فەوتاوە (وَلَمْ يَذْكُرْ سَبَبًا) هیچ هۆیەكی فەوتانەكەشی نەگوت (أَوْ ذَكَرَ خَفِيًّا) یان هۆیەكی پەنهانی گوت (كَسَرِقَةٍ) وەكو بڵێ: دزراوە. یان بڵێ: زۆرداڕێك بردی. ئەوە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێ دەكرێ، بەڵام (وَإِنْ ذَكَرَ ظَاهِرًا) ئەگەر هۆیەكی ئاشكرای گوت (كَحَرِيقٍ) وەكو سوتان، یان مردن، ئەوە (فَإِنْ عُرِفَ الْحَرِيقُ وَعُمُومُهُ) ئەگەر سوتانەكەو داگرتنەوەی سوتانەكە لە ناو خەڵكی زاندرابو، یان هەر بەڵایەكی داگرەوەی‌تری ئاشكرا: وەك بە هۆی بۆمبێك هەموو خانووەكەی وێران ببێ، ئەوە (صُدِّقَ بَلاَ يَمِينٍ) بە بێ سوێند خواردن باوەڕی پێدەكرێ: كە ئەمانەتەكە بەو هۆیە فەوتاوە.

بەڵام (وَإِنْ عُرِفَ) ئەگەر زاندرابو هۆیەكە ڕوی‌داوە (دُونَ عُمُومِهِ) بەڵام داگرتنەوەكەی نەزاندرابو: وەك بەشێكی خانووەكە سوتابێ، ئەو كاتە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەكرێ: كە بەو هۆیە فەوتاوە (وَإِنْ جُهِلَ) ئەگەر هۆیەكە نەزاندرابو، ئەوە طُولِبَ بِبَيِّنَةٍ، ثُمَّ يُحَلَّفُ عَلَى التَّلَفِ بِهِ. وَإِنْ ادَّعَى رَدَّهَا عَلَى مَنْ ائْتَمَنَهُ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، أَوْ عَلَى غَيْرِهِ كَوَارِثِهِ أَوْ ادَّعَى وَارِثُ الْمُودَعِ الرَّدَّ عَلَى الْمَالِكِ أَوْ أَوْدَعَ عِنْدَ سَفَرِهِ أَمِينًا فَادَّعَى الأَمِينُ الرَّدَّ عَلَى الْمَالِكِ طُولِبَ بِبَيِّنَةٍ،

(طُولِبَ بِبَيِّنَةٍ) داوای شاهیدی لێدەكرێ: كە ئەو هۆیە ڕوی‌داوە (ثُمَّ يُحَلَّفُ عَلَى‌التَّلَفِ بِهِ) ئینجا سوێند دەدرێ: كە ئەمانەتەكە بەو هۆیە فەوتاوە، چونكە دەگونجێ نەفەوتابێ، جا ئەگەر ئەمیندارەكە سوێندی نەخوارد، ئەو كاتە خاوەنەكە سوێند دەخوا: كە نەیزانیوە ئەمانەتەكەی فەوتابێ. ئینجا كە سوێندی خوارد، تۆڵەی ئەمانەتەكەی لە ئەمیندارەكە دەستێنی، هەروەك لەزۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

(وَإِنْ ادَّعَى رَدَّهَا عَلَى مَنْ ائْتَمَنَهُ) ئەگەر خودی ئەمیندارەكە گوتی: ئەمانەتەكەم گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو كەسەی بە ئەمیندارێ دانابوم‌و ئەمانەتەكەم لێوەرگرتبو. جا كەسەكە: خاوەنی ئەمانەتەكە بێ، یان سەرپەرشتكاری خاوەنەكەی بێ، یان قازی بێ، ئەوە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەكرێ، چونكە گشت ئەمیندارێك بە

سوێندخواردن باوەڕی گەڕاندنەوەی پێدەکرێ: وەك وەکیلو هاوبەشو...هتد.
هـەروەها ئەگـەر میراتگـری ئەمیندارەکـەش بڵـێ: ئەمیندارەکـە پـێش مردنـی بـەخۆی ئەمانەتەکەی بۆ خاوەنەکەی گەڕاندۆتەوە. یان گوتی: هەر لە سەردەمیخۆیدا ئەمانەتەکە لە لای وی فەوتاوە. ئەویش بە سوێندخواردن بـاوەڕی پـێدەکرێ، هـەروەك لـە زۆربـەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
(أَوْ عَلَىٰغَيْرِهِ) بەڵام ئەگەر ئەمیندارەکە بڵێ: ئەمانەتەکەم داوەتەوە دەست کەسێکیترى جگە لەو کەسەی لێم وەرگرتبو (كَوَارِثِهِ) وەك بڵـێ: داومەتـەوە میراتگرەکـەی (أَوْ ادَّعَـى وَارِثُ الْمُودَعِ اَلرَّدَّ عَلَىٰالْمَالِك) یان میراتگری ئەمیندارەکە گوتی: من بـەخۆم ئەمانەتەکـەم داوەتەوە دەست خاوەنەکەی (أَوْ أَوْدَعَ عِنْدَ سَفَرِهِ أَمِينًا) یـان لـە کـاتی چـوونە سـەفەر ئەمیندارەکە ئەمانەتەکەی بە ئەمیندارێکیتر سپاردبو (فَادَّعَىالأَمِينُ اَلرَّدَّ عَلَىٰالْمَالِك) جـا ئەمیندارەکەیدووەمیش گوتی: ئەمانەتەکەم بۆ خاوەنەکەی گەڕاندۆتەوە. ئەوە لـە هـەر سێك مەسەلەدا (طُولِبَ بِبَيِّنَةٍ) ئەوەی دەڵێ: گەڕاندوتمەوە. داوای شاهیدی لێدەکرێو بە سوێندخواردن باوەڕی پێناکرێ، چونکە لەو مەسەلانەدا ئەوەی ئەمامەنەتەکـەی تەسـلیم کراوەتەوە، تەسلیمکەرەکەی نەکردۆتە ئەمیندار.
﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر دوو کەس داوای ئەمانەتەکەیان کردو هەردووك گوتیان: هی منـە. ئەمیندارەکەش تەنها یـەکێکیانی بـە ڕاسـتگۆ دانـا، ئـەو کاتـە بـۆ ئـەوی‌تریان دروسـتە: ئەمیندارەکە سوێند بدا، ئینجا کە ئەمیندارەکە سـوێندی خـوارد، داوای ئـەوی‌تر لـە کـار وَجُحُودُهَـــــــا بَعْـــــــدَ طَلَـــــــبِ الْمَالِـــــــكِ مُضَمِّـــــــنٌ.

(كِتَابُ قَسْمِ الْفَيْءِ وَالْغَنِيمَةِ)

اَلْفَـيْءُ مَـالٌ حَصَـلَ مِـنْ كُفَّـارٍ بِـلاَ قِتَـالٍ وَإِيجَـافِ خَيْـلٍ وَرِكَـابٍ: كَجِزْيَـةٍ وَعُشْـرِ تِجَـارَةٍ وَمَا جَلَوْا عَنْهُ خَوْفًا وَمَالِ مُرْتَدٍّ قُتِلَ أَوْ مَاتَ وَذِمِّيٍّ مَاتَ بَلاَ وَارِثٍ، فَيُخَمَّسُ:

دەکـەوێ، بـەڵام ئەگـەر ئەمیندارەکـە سـوێندی نـەخوارد، ئـەو کاتـە ئـەوی‌تر سـوێند دەخوا، ئینجا دەبی ئەمیندارەکە تۆڵەی ئەمانەتەکەی بۆ بژمێرێ، هـەروەك لـە (نهايـة)و (مغنى)دا فەرموویانە.
ئینجا بزانە: ئەگەر یەکێك ئەمانەتێکی کەسێکی لە لا بوو، ئینجا خاوەنەکەی گوم بوو و لە دۆزینەوەی بێئومێد بوو، ئەو کاتەش وەك مالّی بێخـاوەن دەیبێتـە ملّکـی(بَيْـت الْمـال)، کەواتە: بۆ ئەمیندارەکە دروستە لە بەرژەوەندی موسوڵمانانو دروستکردنی مزگەوتو ئەو جۆرە شتانە سەرفی بکا، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.
(وَجُحُودُهَا بَعْدَ طَلَبِ الْمَالِكِ) دانانەهێنان بـە ئەمانەتەکـە بـە بـێعوزر لـە دوای داواکردنـی

خاوەنەکەی (مُضَمِّنٍ) دەبێتە هۆی زامینی، بەڵام ئەگەر بۆ داننەهێنانەکە عوزرێکی هەبێ: وەك لە کاتیداواکردنی خاوەنەکەی ستەمکارێك لەوێ بێو ترسی هەبێ ئەمانەتەکەی لێبستێنێ، ئەویش لە ترسی وی گوتی: هیچ ئەمانتێکی تۆم لە لا نیە. ئەو کاتە نابێتە زامین، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ كِتَابُ قَسْمِ الْفَيْءِ وَالْغَنِيمَةِ: **ئەمەیە پەرتوکی بەشکردنی دەسکەوتوو و تاڵانی کافران** ﴾

پێناسە: (اَلْفَيْءُ)-دەسکەوتووی کافران (مَالٌ حَصَلَ مِنْ كُفَّارٍ بِلاَ قِتَالٍ وَإِيجَافِ خَيْلٍ وَرِكَابٍ) شتێکە لە کافرەکانەوە بە دەست موسوڵمانان کەوتبێ بێ جەنگو بێ وەکارخستنی ئەسپو وولاغو هەڵگرەکانیتری وەکو کەشتیو ئۆتۆمبیلو فڕۆکەو ئەو جۆرە شتانە:

(كَ) وەکو (جِزْيَةٍ)-ئەو سەرانەی لە جولەکەو دیانەکان وەردەگیرێ، هەم (وَعُشْرِ تِجَارَةٍ) دەیەکی ئەو بازرگانیەی لە بازرگانە کافرەکان وەردەگیرێ، هەم (وَمَا جَلَوْا عَنْهُ خَوْفًا) ئەوشتەی لە ترسی موسوڵمانان کافرەکان بەجێی دەهێڵنو هەڵدێن، هەم (وَمَالِ مُرْتَدٍّ قُتِلَ أَوْ مَاتَ) مالّی ئەو کەسەی لە ئیسلامەوە بوەتە کافرو هەر بەکافریش کوژرابێ، یان مردبێ، هەم (وَذِمِّيٍّ مَاتَ بَلاَ وَارِثٍ) مالّی ئەو کافرەی پەیمان لە ئەستۆیە، یان ئەمین کراوەو بە بێمیراتگر دەمرێ.

(فَيُخَمَّسُ) جا گشت ئەو دەسکەوتووەی‌ڕابردوو دەکرێتە پێنج بەشو بەو شێوەیداماتوو بەش دەکرێ، بەڵام لە مەزهەبی هەرسێك ئیمامەکانیتردا: ناکرێتە پێنج بەش، بەڵکو گشتی بۆ بەرژەوەندیموسوڵمانان سەرف دەکرێ، هەروەك لە زۆربەیسەرچاوەکاندا فەرموویانە.

وَخُمُسُهُ لِخَمْسَةٍ: أَحَدُهَا: مَصَالِحُ الْمُسلِمِينَ كَالثُّغُورِ وَالْقُضَاةِ وَالْعُلَمَاءِ يُقَدَّمُ الأَهَمُّ. وَالثَّانِي: بَنُوهَاشِمٍ وَالْمُطَّلِبِ يَشْتَرِكُ الْغَنِيُّ وَالْفَقِيرُ وَالنِّسَاءُ وَيُفَضَّلُ الذَّكَرُ كَالإِرْثِ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەو گومرگەی لە بازرگانە موسوڵمانەکان وەردەگیرێ، بە (إجماع)ی زانایانی ئیسلام حەڕامەو هەر کەسێکیش بە حەڵاڵی دابنێ کافر دەبێ، هەروەك سەرچاوەکان لە باسی کافربوونداً فەرموویانە، کەوابو: ئەوەی وەرگیراوە، واجبە: بدرێتەوە خودی بازرگانەکان، کەواتە: دروست نیە وەربگیرێو وەکو (فَيْء) بەش بکرێو بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان بەکار بێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَاالْعُشُورُ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، وَلَيْسَ عَلَىالْمُسْلِمِينَ عُشُورٌ﴾ رواه أبوداود بسندصالح، دەیەکیبازرگانی تەنها لە سەر جولەکەو دیانەکانە، موسوڵمانەکان هیچ دەیەکەکیبازرگانییان لە سەر نیە.

(وَخُمُسُهُ لِخَمْسَةٍ) پێنجێکی گشت دەستکەوتووەکەش دەکرێتە پێنج بەش: بۆ پێنج جۆر سەرف دەکرێ (أَحَدُهَا) یەکێکیان: (مَصَالِحُ الْمُسْلِمِينَ) بەرژەوەندی موسوڵمانانە: (كَالثُّغُورِ) وەکو سەنگەرەکانی سنوری شارەکانیموسوڵمانان، واتە: لە چەك‌و موچەی پاسەوانەکانی ناو ئەو سەنگەرانە سەرف دەکرێ، هەم بۆ دروستکردنی مزگەوت‌و پردو ڕێگەو

بان، هەم (وَالْقُضَاةِ) بۆ موچەی قازیەکانو (وَالْعُلَمَاءِ) زانایانئایینیو قوتابیانئایینی سەرف دەکرێ، ئینجا لەوانەش (يُقَدَّمُ الأَهَمُّ) هەرە گرنگترەکە وەپێش گرنگەکە دێخرێ.

جا بزانە: ئەم بەشە–کە پێنجێکیپێنجێکە– کاتی خۆی بە تایبەتی بۆ پێغەمبەرﷺ بوو، هەروەها چوار پێنجێکەکەیتریش هەمووی هەر بۆ پێغەمبەرﷺ بوو، واتە: لە بیستو پێنج بەشی دەسکەوتووەکە: بیستو یەك بەشی بۆ پێغەمبەرﷺ بوو بۆ خۆیو بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرفی دەکرد، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

کەواتە: تەنها چوار پێنجێکیپێنجییك دەدرا ئەو چوار کەسانەیداهاتوو، بە بەڵگەی ئایەتی ﴿مَا أَفَاءَ اللهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِيالْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ هەر شتێك لە دانیشتووانی ئەو دێیە کافرانە دەست پێغەمبەرﷺ دەکەوێ، ئەوە بۆ خواو پێغەمبەرەوﷺ بۆ خزمە موسوڵمانەکانی پێغەمبەرەوﷺ بۆ یەتیمانەو بۆ هەژارانەو بۆ ڕێبوارنە.

(وَالثَّانِي) جۆریدووەم–کە (خُمْسُ الْخُمُس)–پێنجێکیپێنجێکی دەسکەوتووەکەیان دەدرێتی–: (بَنُوهَاشِمٍ وَالْمُطَّلِبِ) نەتەوەی (هاشم)و نەتەوەی (الْمطّلب)ن: کە هەردووکیان خزمە موسوڵمانەکانی پێغەمبەرنﷺ،–ئیمامی(الشافعي) لە نەتەوەی (الْمطّلب)ەو سەیدەکانی کوردستانیش لە نەتەوەی (هاشم)ن–(يَشْتَرِكُ الْغَنِيُّ وَالْفَقِيرُ) دەوڵەمەندو هەژارەکانیان دەبنە هاوبەش لەو پێنجێکە پێنجێکەدا، هەم (وَالنِّسَاءُ) ژنەکانیشیان، بەڵام (وَيُفَضَّلُ الذَّكَرُ كَالإِرْثِ) نێرینە دوو هەندی مێیینەی دەدرێتێ وەکو میرات.

وَالثَّالِثُ: اَلْيَتَامَى وَهُوَ صَغِيرٌ لاَ أَبَ لَهُ، وَيُشْتَرَطُ فَقْرُهُ عَلَى الْمَشْهُورِ. وَالرَّابِعُ وَالْخَامِسُ: الْمَسَاكِينُ وَابْنُ السَّبِيلِ، وَيَعُمُّ الأَصْنَافَ الأَرْبَعَةَ الْمُتَأَخِّرَةَ، وَقِيلَ يَخُصُّ بِالْحَاصِلِ فِي كُلِّ نَاحِيَةٍ مَنْ فِيهَا مِنْهُمْ. وَأَمَّاالأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ فَالأَظْهَرُ أَنَّهَا لِلْمُرْتَزِقَةِ، وَهُمُ الأَجْنَادُ الْمُرْصَدُونَ لِلْجِهَادِ فَيَضَعُ الإِمَامُ دِيوانًا، وَيُنَصِّبُ لِكُلِّ قَبِيلَةٍ أَوْ جَمَاعَةٍ عَرِيفًا وَيَبْحَثُ عَنْ حَالِ كُلِّ وَاحِدٍ وَعِيَالِهِ وَمَا يَكْفِيهِمْ فَيُعْطِيهِ كِفَايَتَهُمْ،

(وَالثَّالِثُ) جۆریسێیەمیش–کە (خُمْسُ الْخُمُس) پێنجێکیپێنجێکی دەستکەوتووەکەیان دەدرێتی–: (اَلْيَتَامَى) یەتیمەکانن (وَهُوَ) یەتیم لە شەرعدا (صَغِيرٌ لاَ أَبَ لَهُ) منداڵێکە بلۆغی نەبوبێو باوکی نەبێ، هەرچەند باپیرەشی هەبێ، یان لە زینا بوبێ، کەواتە: جیاوازی کوڕو کچ نیە، بەڵام (وَيُشْتَرَطُ فَقْرُهُ عَلَىالْمَشْهُورِ) بە مەرج دادەندرێ: منداڵە بێباوکەکە هەژار بێ، لە سەر فەرموودەی ناسراویمەزهەب.

(وَالرَّابِعُ وَالْخَامِسُ) چوارەمو پێنجەم–کە پێنجێکیپێنجێکی دەستکەوتووەکەیان دەدرێتێ–: (اَلْمَسَاكِينُ وَابْنُ السَّبِيلِ) گەداو هەژارەکانو ڕێبوارەکانن.

(وَيَعُمُّ الأَصْنَافَ الأَرْبَعَةَ الْمُتَأَخِّرَةَ) پێشەوایموسوڵمانان–لەو

دەستکەوتووە- دەداتە گشت ئەو چوار جۆرانەی دوای جۆرێیەکەم، جیاوازی نیە: لە شوێنی دەستکەوتووەکەدا ئامادە بن، یان لە شوێنێکیتر بن، بەڵام مەرجە هەر چوار جۆرەکان: موسوڵمان بن، ئینجا بۆ کاربەدەستەکە دروستە: جیاوازی لە نێوان ئەندامەکانی سێ جۆرەکەی دوای جۆرێدووەم بکاو هەندێکیان لە هەندێکیان زیاتریان بداتێ (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (يَخُصُّ بِالْحَاصِلِ فِي كُلِّ نَاحِيَةٍ مَنْ فِيهَا مِنْهُمْ) دەستکەوتووی هەر ناوچەیەك بە تایبەتی دەداتە ئەوانەی لەو ناوچەیەدانە لەو چوار جۆرانە.

(وَأَمَّا الأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ) بەڵام چوار پێنجێکەکەیتری دەستکەوتووەکە-کە گشتی لەگەڵ پێنجێکیپێنجێکەیڕابردووش بۆ پێغەمبەر بووﷺ- (فَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: (أَنَّهَا لِلْمُرْتَزِقَةِ) ئەو چوار پێنجێکە لە دوای وەفاتیپێغەمبەرﷺ گشتی بۆ جەنگاوەرانی ئیسلامە (وَهُمُ الأَجْنَادُ الْمُرْصَدُونَ لِلْجِهَادِ) جەنگاوەرەکان ئەو سەربازانەن کە بۆ (جهاد)- بۆ غەزاکردن ئامادە کراون.

کەوابو: (فَيَضَعُ الإِمَامُ دِيوانًا) واجبە: پێشەوای موسوڵمانان دەفتەرێکی تۆمارکردن بۆ ئەو سەربازانە دابنێو ناوەکانیان تێدا بنوسێ، هەروەك ئیمامی(عمرؓ) داینابو، ئینجا (وَيُنَصِّبُ لِكُلِّ قَبِيلَةٍ أَوْ جَمَاعَةٍ عَرِيفًا) سوننەتە بۆ گشت هۆزێك، یان بۆ گشت کۆمەڵێك حاڵناسێك دابنێ، چونکە (وَيَبْحَثُ عَنْ حَالِ كُلِّ وَاحِدٍ وَعِيَالِهِ) واجبە: پێشەوا-بەخۆی، یان بە جێگرێکی- لە حاڵی گشت سەربازێكو حاڵی دایكو باوكو ومندااڵەکانی بکۆڵێتەوە، هەم(وَمَا يَكْفِيهِمْ) دەبی بزانێ چەند موچە بەشیان دەکا (فَيُعْطِيهِ كِفَايَتَهُمْ) جا چەند بەشی

وَيُقَدِّمُ فِي إِثْبَاتِ الإِسْمِ وَالإِعْطَاءِ قُرَيْشًا وَهُمْ وَلَدُالنَّضْرِ بْنِ كِنَانَةَ، وَيُقَدِّمُ مِنْهُمْ بَنِهَاشِمٍ وَالْمُطَّلِبِ ثُمَّ عَبْدِشَمْسٍ ثُمَّ نَوْفَلٍ ثُمَّ عَبْدِالْعُزَّى ثُمَّ سَائِرَ الْبُطُونِ الأَقْرَبَ فَالأَقْرَبَ إِلَى رَسُولِ اللهِﷺ ثُمَّ الأَنْصَارَ ثُمَّ سَائِرَالْعَرَبِ، ثُمَّ الْعَجَمَ، وَلاَ يُثْبِتُ فِالدِّيوَانِ أَعْمَى وَلاَ زَمِنًا وَلاَ مَنْ لاَ يَصْلُحُ لِلْغَزْوِ، وَلَوْ مَرِضَ بَعْضُهُمْ أَوْ جُنَّ وَرُجِيَ زَوَالُهُ أُعْطِيَ، فَإِنْ لَمْ يُرْجَ فَالأَظْهَرُ أَنَّهُ يُعْطَى،

خۆی‌و مندااڵەکانی دەکا: بۆ جلو بەرگو خواردەمەنیو خانوو و گشت پێویستیەکانیتری خۆی‌و دایكو باوكو مندااڵەکانی گشتی دەدرێتە سەربازەکە، هەرچەند دەوڵەمەندیش بێو پێویستی پێی نەبێ، جا ئەگەر مندااڵیزیاتری پەیدا بون، یان لە ژنێك زیاتری هێنا، واجبە: موچەکەی بۆ زیاد بکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

کەواتە: ئەو سەربازەی ژنی هەیە زیاتری دەدرێتێ لەوەی ژنی نیە ﴿عَنْ عوف بن مالكؓ: كَانَ النَّبِيُّﷺ إِذَا أَتَاهُ الْفَيْءُ قَسَمَهُ فِي يَوْمِهِ: فَأَعْطَى الآهِلَ حَظَّيْنِ وَأَعْطَى الْعَزَبَ حَظًّا﴾ رواه أبوداود بسندصالح، هەرکاتێك پێغەمبەرﷺ (فَيء)ی بۆ هاتبا، هەر لە رۆژەکەی خۆیدا بەشی دەکرد: دوو بەشی دەدا خاوەن ژن، بەشێکی دەدا بێژن.

(وَيُقَدِّمُ فِي إِثْبَاتِ الإِسْمِ وَالإِعْطَاءِ قُرَيْشًا) سوننەتە: لە تۆماركردنی ناو و لە بەخشیندا (قریشی)یەکان وەپێش بێخێ، چونکە لە هۆزە بەڕێزەکەی پێغەمبەرﷺ (وَهُمْ وَلَدُ النَّضْرِ بْنِ كِنَانَةَ) قوڕەیشیەکان نەتەوەی (نضر)ی کوڕی (کنانة)نە، ئینجا (وَيُقَدِّمُ مِنْهُمْ بَنِي هَاشِمٍ وَالْمُطَّلِبِ) لە قوڕەیشیەکانیش بەرەبابی (هاشم)و(المطّلب) وەپێش دێخێ (ثُمَّ عَبْدِشَمْسٍ ثُمَّ نَوْفَلٍ ثُمَّ عَبْدِالْعُزَّى) ئینجا بەرەبابی (عبدشمس) ئینجا بەرەبابی (نوفل)، ئینجا بەرەبابی (عبدالعُزَّی) وەپێش دێخێ (ثُمَّ سَائِرَ الْبُطُونِ الأَقْرَبَ فَالأَقْرَبَ إِلَى رَسُولِ اللَّهﷺ) ئینجا بەرەبابەکانیتری (قریش) بەگوێرەی نزیکتریان لە پێغەمبەرﷺ وەپێش دێخێ (ثُمَّ الأَنْصَارَ) ئینجا (اَنْصَارِي)یەکانی(مەدینە)ی پێرۆز (ثُمَّ سَائِرَ الْعَرَبِ) ئینجا عەرەبەکانیتر (ثُمَّ الْعَجَمَ) ئینجا گەلەکانیتری جگە لە عەرەب: کامەیان پێشدا هاتونەتە ناو ئیسلام تۆماریان دەکا.

(وَلاَ يُثْبِتُ فِيالدِّيوَانِ أَعْمَى وَلاَ زَمِنًا) نابێ لە دەفتەرەکەدا کوێرو پەککەوتوو و منداڵو شێتو ئافرەت تۆمار بکا، هەم (وَلاَ مَنْ لاَ يَصْلُحُ لِلْغَزْوِ) نابێ ئەو کەسەش تۆمار بکا: کە بۆ غەزاکردن بە کەڵك نایێ لە بەر ترسەنۆکی، یان بێدەستی، یان بێقاچی.

(وَلَوْ مَرِضَ بَعْضُهُمْ أَوْ جُنَّ) ئەگەر سەربازێك نەخۆش بوو، یان شێت بوو (وَرُجِيَ زَوَالُهُ) چاوەڕوانی لاچوونی نەخۆشیو شێتیەکەشی دەکرا، ئەوە (أُعْطِيَ) موچەکەی هەر دەدرێتێو ناوەکەی ناسڕێتەوە، بەڵام (فَإِنْ لَمْ يُرْجَ) ئەگەر چاوەڕوانی چاکبوونەوەی نەدەکرا، ئەو کاتەش (فَالأَظْهَرُ أَنَّهُ يُعْطَى) بە فەرموودەی بەهێزتر: موچەکەی هەر وَكَذَا زَوْجَتُهُ وَأَوْلاَدُهُ إِذَا مَاتَ: فَتُعْطَى الزَّوْجَةُ حَتَّى تَنْكِحَ وَالأَوْلاَدُ حَتَّى يَسْتَقِلُّوا، فَإِنْ فَضَلَتِ الأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ عَنْ حَاجَاتِ الْمُرْتَزِقَةِ وُزِّعَ عَلَيْهِمْ عَلَى قَدْرِ مُؤْنَتِهِمْ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يَجُوزُ أَنْ يُصْرَفَ بَعْضُهُ فِي إِصْلاَحِ الثُّغُورِ وَالسِّلاَحِ وَالْكُرَاعِ، هَذَا حُكْمُ مَنْقُولِ الْفَيْءِ، فَأَمَّا عَقَارُهُ: فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ يُجْعَلُ وَقْفًا وَتُقَسَّمُ غَلَّتُهُ كَذَلِكَ.

(فَصْلٌ) اَلْغَنِيمَةُ مَالٌ حَصَلَ مِنْ كُفَّارٍ بِقِتَالٍ وَإِيجَافٍ،

دەدرێتێ، بەڵام ناوەکەی لە دەفتەری سەربازەکان دەسڕێتەوە (وَكَذَا زَوْجَتُهُ وَأَوْلاَدُهُ إِذَا مَاتَ) هەروەها هەرکاتێك سەربازەکە مرد، ژنەکانو منداڵەکانیشی بەشە موچەکەیخۆیان هەر دەدرێتێ، هەروەها دایکو باوکیشی ئەگەر بەخێوکردنیان لە سەر سەربازەکە بووبێ، ئەوانیش بەشە موچەکەیان هەر دەدرێتێ:

کەوابو: (فَتُعْطَىالزَّوْجَةُ حَتَّى تَنْكِحَ) ژنەکەی هەر دەیدرێتێ تا مێردێکیتر دەکا، بەڵام ئەگەر دەوڵەمەند بوو نایدرێتێ (وَالأَوْلاَدُ حَتَّى يَسْتَقِلُّوا) منداڵەکانیشی هەر دەیاندرێتێ تا سەربەخۆ دەبن، واتە: یان دەوڵەمەند دەبن، یان بلۆغیان دەبێو توانای کەسابەتیان دەبێ، یان تا کیژەکان مێرد دەکەن.

(فَإِنْ فَضَلَتِ الأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ عَنْ حَاجَاتِ الْمُرْتَزِقَةِ) جا ئەگەر چوار پێنجێکەکە لە پێویستیەکانیسەربازەکان زیاد بوو، ئەوە (وُزِّعَ عَلَيْهِمْ عَلَى قَدْرِ مُؤْنَتِهِمْ) زێدەکەش هەر بە سەر سەربازەکاندا بەش دەکرێتەوە بەگوێرەی ئەرکیبەخێوکردنی خۆیانو منداڵەکانیان، بەڵام (وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەیپاستتر (أَنَّهُ يَجُوزُ أَنْ يُصْرَفَ بَعْضُهُ فِي إِصْلاَحِ الثُّغُورِ) دروستە بەشێکی ئەو زێدەییە سەرف بکرێ بۆ چاککردنەوەیسەنگەرەکان، هەم (وَالسِّلاَحِ) بۆ چەکو هەم (وَالْكُرَاعِ) بۆ وواڵاغی سواری، بەڵام نێستا لە جیاتیوواڵاغ: ئۆتۆمبیلو فڕۆکەو زرێپۆش لە جەنگدا بە کار دێن، کەوابو: بۆ ئەوانە سەرف دەکرێ.

(هَذَا) ئەوەی پابرا (حُكْمُ مَنْقُولِ الْفَيْءِ) بڕیاری ئەو دەستکەوتووە بوو: کە دەگواستراوە (فَأَمَّا عَقَارُهُ) بەڵام زەویو باغو خانوویدەستکەوتووەکە (فَالْمَذْهَبُ: أَنَّهُ يُجْعَلُ وَقْفًا) بە فەرموودەی پاستیمەزهەب: هەر دەستکەوتوویکی نەگواستڕێتەوە دەکرێتە وەقفو (وَتُقَسَّمُ غَلَّتُهُ كَذَلِكَ) هەموو سالێك بەرهەمەکەشی وەك گواستراوەیڕابردوو دەکرێتە پێنج بەشو بەش دەکرێ.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (اَلْغَنِيمَةُ) **تاڵانی کافرەکان** ﴾

پێناسە: (اَلْغَنِيمَةُ) تاڵان (مَالٌ حَصَلَ مِنْ كُفَّارٍ بِقِتَالٍ وَإِيجَافٍ) شتێکە لە کافرەکانەوە بە دەست موسوڵمانان کەوتبێ بە جەنگو بەکارهێنانی ئەسپو وڵاغو هەڵگرەکانیتر: وەکو کەشتیو ئۆتۆمبیلو فڕۆکەو ئەو جۆرە شتانە.

فَيُقَدَّمُ مِنْهُ السَّلَبُ لِلْقَاتِلِ وَهُوَ ثِيَابُ الْقَتِيلِ وَ كَدِرْعٍ وَسِلاَحٍ وَمَرْكُوبٍ وَسَرْجٍ وَلِجَامٍ، **منهاج- بەرگیچوارەم-9**

ئینجا بزانە: ئەو شتەی کافرەکانیجەنگی لە موسوڵمانێك، یان لە کافرێکی پەیمان لەئەستۆ بە ناهەق سەندویانە ئینجا بە هۆی جەنگ، یان بە هۆیەکیتر لێیان دەستێندرێتەوە، ئەوە نابێتە تاڵان، بەڵکو واجبە: بدرێتەوە خاوەنەکەی، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

بەڵام ئەو شتەی موسوڵمانێك، یان کۆمەڵە موسوڵمانێك لە (دارالْحَرْب)، یان لە کافرەکانی جەنگی دەیدزن، یان دەیڕفێنن، یان دەیدۆزنەوە، ئەوە لە فەرموودەی پاستردا: بە تاڵان دادەندرێ، بەڵام لە فەرموودەیەکیتردا: نابێتە تاڵان، بەڵکو بۆ ئەو کەسەیە کە دزیویەتی، یان ڕفاندویەتی، یان دۆزیویەتیەوە، جا (إمام الحرمين)و (الإمام الغزالی)ش پشتگیری ئەم فەرموودە دووەمەیان کردوە، هەروەك لە (شرح المَحلِّي) لە باسی بە دیلگرتنی کافرەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

دیسان بزانە: مااڵی ئەو موسوڵمانانەی کافر دەبنو لە جەنگدا دەکوژرێن، ئەوە ماڵەکەیان ڕادەگیرێ: جا هەر یەکێکیان بۆوە موسوڵمان، ماڵەکەی دەدرێتەوە،

ئەگەر نا: لە دوای مردنی، یان کوژرانی، ئەویش دەبێتە (فَيْء)، هەروەك ئیمامی(الماوردی) لە (الأحكام السلطانية)دا ڕوونی کردۆتەوە.

ئینجا تالآنەکەش بەم شێوەیە بەش دەکرێ: سەرەتا (فَيُقَدَّمُ مِنْهُ السَّلَبُ لِلْقَاتِلِ) پێش هەموو دەستکارییەك لەو تالآنە کە لوپەلی کوژراوەکە دەدرێتە ئەو کەسەی کوشتویەتی، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿مَنْ قَتَلَ قَتِيلاً لَهُ عَلَيْهِ بَيِّنَةٌ فَلَهُ سَلَبُهُ﴾ رواه الشيخان، هەر کەسێك لە جەنگدا کافرێك بکوژێ و شاهیدی هەبێ، ئەوە کەلوپەلی کوژراوەکە بۆ خۆیەتی.

ئیتر جیاوازی نیە بکوژەکە: منداڵ بێ، یان بالغ بێ، نێر بێ، یان مێ بێ، بەڵام مەرجە: موسوڵمان بێ، واتە: ئەو کافرەی یارمەتی موسوڵمانان دەداو کافرێك دەکوژێ، مافی کەلوپەلەکەی نیە.

هەروەها جاسوس و خائین و ئەو کەسەی ترس لە ناو موسوڵمانانداو بڵاو دەکاتەوە، یان لە جەنگکردن سارديان دەکاتەوە، ئەوانەش ئەگەر کافرێك بکوژن مافی کەلوپەلەکەیان نیەو هەم هیچ بەشێکیشیان لە تالآنەکە نادرێتێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَهُوَ) کەلوپەلەکە (ثِيَابُ الْقَتِيلِ) جلو بەرگی کوژراوەکەیە، هەم (وَالْخُفُّ) خوف و گۆرەوی و (وَالرَّانُ) بەلەکپێچ، هەم (وَآلاَتُ الْحَرْبِ) کەرستەی جەنگ: (كَدِرْعٍ) وەکو زرێو (وَسِلاَحٍ) چەك و (وَمَرْكُوبٍ) ولاغی سواری و (وَسَرْجٍ) زینی ولاغەکەو (وَلِجَامٍ) وَكَذَا سِوَارٌ وَمِنْطَقَةٌ وَخَاتَمٌ وَنَفَقَةٌ مَعَهُ وَجَنِيبَةٌ تُقَادُ مَعَهُ فِي الأَظْهَرِ، لاَ حَقِيبَةٌ مَشْدُودَةٌ عَلَى الْفَرَسِ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَإِنَّمَا يَسْتَحِقُّ بِرُكُوبِ غَرَرٍ يَكْفِي بِهِ شَرَّ كَافِرٍ فِي حَالِ الْحَرْبِ، فَلَوْ رَمَى مِنْ حِصْنٍ أَوْ مِنَ الصَّفِّ أَوْ قَتَلَ نَائِمًا أَوْ أَسِيرًا أَوْ قَتَلَهُ وَقَدْ انْهَزَمَ الْكُفَّارُ فَلاَ سَلَبَ، وَكِفَايَةُ شَرِّهِ أَنْ يُزِيلَ امْتِنَاعَهُ بِأَنْ يَفْقَأَ عَيْنَيْهِ أَوْ يَقْطَعَ يَدَيْهِ وَرِجْلَيْهِ، وَكَذَا لَوْ أَسَرَهُ أَوْ قَطَعَ يَدَيْهِ أَوْ رِجْلَيْهِ فِي الأَظْهَرِ،

دەستە جلەوەکەی (وَكَذَا سِوَارٌ) هەروەها بازنی دەستی کوژراوەکەو (وَمِنْطَقَةٌ) پشتێندو قایشی پشتێو (وَخَاتَمٌ) ئەنگوستیلەو (وَنَفَقَةٌ مَعَهُ) ئەو خواردەمەنیەی لەگەڵ خۆیەتی و (وَجَنِيبَةٌ تُقَادُ مَعَهُ) هەم ئەو وولاغەش کە بە یەدەك لەگەڵی ئێدەخوڕدرێ تاکو لە کاتی پێویستی سواری ببێ (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا.

(لاَ حَقِيبَةٌ مَشْدُودَةٌ عَلَى الْفَرَسِ) بەڵام ئەو جانتایەی لە سەر ئەسپەکەی بەستراوە، ئەوەی نادرێتێ (عَلَى الْمَذْهَبِ) لەسەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، بەڵام بە فەرموودەکەیتر: ئەو جانتایەو ئەوەی لە ناو جانتایەکەشدایە گشتی دەدرێتێ، کۆمەڵە زانایەکیش یارمەتی ئەم فەرموودە دووەمەیان داوە، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَإِنَّمَا يَسْتَحِقُّ) بکوژەکە تەنها بەوە مافی کەلوپەلی کوژراوەکەی هەیە: کە

(بِرُكُوبِ غَرَرٍ) به سورای مەترسیەك بێ: كه (يَكْفِي بِهِ شَرَّ كَافِرٍ) بەو مەترسیەیە خراپەی كافرێكی جەنگی له موسوڵمانان لابدا (فِي حَالِ الْحَرْبِ) له حاڵەتی جەنگدا، كەوابو: (فَلَوْ رَمَى مِنَ حِصْنٍ) ئەگەر لە قەڵایەكەوە، یان لە سەنگەرێكەوە چەكی بۆ كوژراوەكە هاویشتبو (أَوْ مِنَ الصَّفِّ) یان له ڕیزی موسوڵمانانەوە بۆی هاویشتبو (أَوْ قَتَلَ نَائِمًا) یان كافرێكی خەووتووی كوشبو (أَوْ أَسِيرًا) یان دیلێكی كافری كوشتبو (أَوْ قَتَلَهُ وَقَدْ انْهَزَمَ الْكُفَّارُ) یان لەو حاڵەتەدا كافرەكەی كوشتبو: كه كافرەكان بەزیبونو هەڵاتبون، ئەوە (فَلَا سَلَبَ) مافی كەلوپەلەكەی نیە، چونكه لەو حاڵەتانەدا سواری هیچ مەترسیەك نەبوە.
كەوابو: ئەو كوژراوەنەی لەم سەردەمەدا به تفەنگو تۆپ دەكوژرێن، كەلوپەلەكەیان وەگەڵ تاڵانەكه دەخسترێو هیچی به تایبەتی نادرێتە تۆپتەقێنەكەو تفەنگاوێژەكه، والله أعلم.
(وَكِفَايَةُ شَرِّهِ) لادانی خراپەی كافرەكەش ئەوەیە (أَنْ يُزِيلَ امْتِنَاعَهُ) هێزی خۆپاراستنی كافرەكه لا ببا (بِأَنْ يَفْقَأَ عَيْنَيْهِ) وەك هەردوو چاوەكانی دەربێنێ، یان هەدووكیان كوێر بكا (أَوْ يَقْطَعَ يَدَيْهِ وَرِجْلَيْهِ) یان هەردووك دەستو قاچەكانی گشتی لێبكاتەوە (وَكَذَا لَوْ أَسَرَهُ) هەروەها ئەگەر به دیل بیگرێ (أَوْ قَطَعَ يَدَيْهِ) یان تەنها هەردوو دەستی لێبكاتەوە (أَوْ رِجْلَيْهِ) یان تەنها هەردوو قاچی لێبكاتەوە، یان دەستێكو قاچێكی لێبكاتەوە، ئەو كاتەش كەلوپەلەكەیی دەدرێتێ (فِي الأَظْهَرِ) له فەرموودەیبەهێزتردا.

وَلاَ يُخَمَّسُ السَّلَبُ عَلَى الْمَشْهُورِ، وَبَعْدَ السَّلَبِ تُخْرَجُ مُؤْنَةُ الْحِفْظِ وَالنَّقْلِ وَغَيْرِهِمَا، ثُمَّ يُخَمَّسُ الْبَاقِي: فَخُمُسُهُ لأَهْلِ خُمُسِ الْفَيْءِ يُقَسَّمُ كَمَا سَبَقَ، وَالأَصَحُّ أَنَّ النَّفَلَ يَكُونُ مِنْ خُمُسِ الْخُمُسِ الْمُرْصَدِ لِلْمَصَالِحِ إِنْ نَفَلَ مِمَّا سَيُغْنَمُ فِي هَذَا الْقِتَالِ، وَيَجُوزُ أَنْ يُنَفِّلَ مِنْ مَالِ الْمَصَالِحِ الْحَاصِلِ عِنْدَهُ، وَالنَّفَلُ زِيَادَةٌ يَشْتَرِطُهَا الإِمَامُ أَوِ الأَمِيرُ لِمَنْ يَفْعَلُ مَا فِيهِ

(وَلاَ يُخَمَّسُ السَّلَبُ عَلَى الْمَشْهُورِ) كەلوپەلی كوژراوەكه ناكرێتە پێنج بەش له سەر فەرموودەی ناسراوی مەزهەب، بەڵكو گشتی بۆ بكوژەكەیەتی، هەروەك ڕابرا.
ئینجا (وَبَعْدَ السَّلَبِ) له دوای جێبەجێكردنی كەلوپەلی كوژراوەكه (تُخْرَجُ مُؤْنَةُ الْحِفْظِ وَالنَّقْلِ وَغَيْرِهِمَا) ئەركی پاراستنو گواستنەوەی تاڵانەكەو ئەركەكانی تریش گشتی له تاڵانەكه دەردەكرێ (ثُمَّ يُخَمَّسُ الْبَاقِي) ئینجا له دوای دەردەكردنی كەلوپەلو ئەركەكانی ڕابردوو، پاشماوەكەی گشت تاڵانەكه دەكرێتە پێنج بەش:
(فَخُمُسُهُ) جا پێنجێكی گشت پاشماوەكه (لأهل خُمُسِ الْفَيْءِ) بۆ ئەو پێنج جۆرانەیە كه (فَيْء)ـدەستكەوتووەكەیان دەدرایێ (يُقَسَّمُ كَمَا سَبَقَ) له نێوانیاندا بەش دەكرێ، هەروەك له باسی(فَيْء)دا ڕابرا، واتە: چوار بەشەكەی تریش گشتی بۆ ئامادەبووەكانی جەنگەكەیە،

هەروەك لەمەودوا پوونی دەكەینەوە، إن شاء الله تعالى، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِيالْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ بزانن هەر شتێكتان لە كافرەكان بە تالآن گرت، ئەو پێنجێكی بۆ خواو پێغەمبەرەوﷺ بۆ خزمەكانی پێغەمبەرەو بۆ یەتیمانەو بۆ هەژارانەو بۆ ڕێبوارانە.

ئینجا بزانە: بەشەكەی خواو پێغەمبەرﷺ هەر یەك بەشە، جا ئێستا وەكو (فَيْء) لە بەرژەوەندی موسوڵمانان سەرف دەكرێ هەروەك ڕابرا.

﴿ زێدە بەشی جەنگاوەرەكان ﴾

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستتر: (أَنَّ النَّفَلَ) زێدەبەشی جەنگاوەرەكان (يَكُونُ مِنْ خُمُسِ الْخُمُسِ الْمُرْصَدِ لِلْمَصَالِحِ) لەو پێنجێكە پێنجێكە دەدرێ كە بۆ بەرژەوەندیەكان دانراوە (إِنْ نَفَلَ مِمَّا سَيُغْنَمُ فِي هَذَا الْقِتَالِ) ئەگەر سەركردەكە زێدەبەشەكەی بە مەرج دانابێ: لەو تالآنە بیدا كە لەو جەنگەدا دەست دەكەوێ، بەلآم (وَيَجُوزُ أَنْ يَنْفُلَ مِنْ مَالِ الْمَصَالِحِ الْحَاصِلِ عِنْدَهُ) دروستیشە زێدەبەشەكە هەر لە مالّی بەرژەوەندیەكان بدا: كە ئێستا لە (بیت المال)دا هەیە.

پێناسە: (وَالنَّفَلُ) زێدەبەش لە شەرعدا: (زِيَادَةٌ) بەشە مالێكی زیادە سەرەڕای بەشە تالآنەكە (يَشْتَرِطُهَا الإِمَامُ أَوِ الأَمِيرُ) پێشەوا، یان ئەمیر بە مەرجی دادەنێ (لِمَنْ يَفْعَلُ مَا فِيهِ نِكَايَةٌ الْكُفَّارِ، وَيَجْتَهِدُ فِي قَدْرِهِ، وَالأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ عَقَارُهَا وَمَنْقُولُهَا لِلْغَانِمِينَ: وَهُمْ مَنْ حَضَرَالْوَقْعَةَ بِنِيَّةِ الْقِتَالِ وَإِنْ لَمْ يُقَاتِلْ، وَلاَ شَيْءَ لِمَنْ حَضَرَ بَعْدَ اِنْقِضَاءِ الْقِتَالِ، وَفِيمَا قَبْلَ حِيَازَةِ الْمَالِ وَجْهٌ، وَلَوْ مَاتَ بَعْضُهُمْ بَعْدَ اِنْقِضَائِهِ وَالْحِيَازَةِ فَحَقُّهُ لِوَارِثِهِ

نِكَايَةُ الْكُفَّارِ) بۆ ئەو كەسەی چالاكیەكی وەها دەكا: كە شكستیەكی كافرەكانیتێدا بێ: وەك هەوالّ هێنانێك، یان ڕێگە نیشاندانێك، یان سەركردەیەكیان بكوژێ...هتد.

(وَيَجْتَهِدُ فِي قَدْرِهِ) ئەوەی زێدە بەشەكە بە مەرج دادەنێ: بە بۆچوونی خۆی ئەندازەكەشی دیاریدەكا ﴿عن ابن عمر رضي الله عنهما: كَانَ النَّبِيُّﷺ يُنَفِّلَ بَعْضَ مَنْ يَبْعَثُ مِنَ السَّرَايَا لأَنْفُسِهِمْ خاصَّةً سِوى قِسْمَةِ عَامَّةِالْجَيْشِ﴾ رواه الشيخان، پێغەمبەرﷺ زێدەبەشێكی ئەدا چەند كەسێكی ئەو تیپانەی ئەیناردنە جەنگ جگە لەو بەشە تالآنەیخۆیان: كە لەگەلّ بەشكردنی گشت لەشكرەكەدا ئەیاندرایێ.

(وَالأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ) چوار پێنجێكەكەیتریش: (عَقَارُهَا وَمَنْقُولُهَا) زەویەكەیو باغەكەیو خانووەكەیو ئەوەی دەگوازرێتەوەش گشتی (لِلْغَانِمِينَ) بۆ تالآنگرەكانە (وَهُمْ) تالآنگرەكان

(مَنْ حَضَرَ الْوَقْعَةَ بِنِيَّةِ الْقِتَال) ئەو کەسانەن پێش کۆتایی هاتنی جەنگ ئامادەی جەنگەکە بوبن بە نیەتی جەنککردن (وَإِنْ لَمْ يُقَاتِل) هەر چەند جەنگیشی نەکردبێ.

کەوابو: (وَلاَ شَيْءَ لِمَنْ حَضَرَ بَعْدَ انْقِضَاءِ الْقِتَال) ئەو کەسەی لە دوای تەواوبوونی جەنگ ئامادە بووە هیچ شتێکی لە تالآناکە نیە، چونکە ئیمامی(أبوبکر)و ئیمامی(عمر) رضىالله عنهما فەرموویانە: ﴿إِنَّمَاالْغَنِيمَةُ لِمَنْ شَهِدَ الْوَقْعَةَ﴾رواه الشافعي رحمه الله تعالى، تالآن تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە ئامادەی جەنگەکە بوبێ.

(وَفِيمَا قَبْلَ حِيَازَةِ الْمَال) لەبارەی ئامادەبوونی جەنگاوەرەکە لە دوای تەواوبوونی جەنگەکەو پێش کۆکردنەوەی هەموو تالآنەکە (وَجْهٌ) فەرموودەیەکی بێهێز هەیە: کە تالآنەکەی دەدرێتێ، هەروەک مەزهەبی(حنفي)ش ئەوهایە.

ئینجا بزانە: ئەوەی لە جەنگ هەڵدێ، یان خۆی دەشارێتەوە، ئەوەی ترس لە ناو لەشکردا بڵاو دەکاتەوە، یان لە جەنگ ساردیان دەکاتەوە، ئەوەی خیانەت دەکاو جاسوسی بۆ دوژمن دەکا، ئەوانە هیچ بەخشیشو هیچ بەشێکیان لە تالآنەکە نادرێتی، بەڵکو واجبە: قەدەغەبکرێنو رێگەیان نەدرێتێ بێنە بەرەی جەنگ، هەروەک لە (مغنی)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ مَاتَ بَعْضُهُمْ) ئەگەر یەکێك لە ئامادەبووانی جەنگەکە مرد (بَعْدَ انْقِضَائِهِ وَالْحِيَازَةِ) لە دوای تەواوبوونی جەنگەکەو کۆکردنەوەی تالآنەکە، ئەوە (فَحَقُّهُ لِوَارِثِهِ) مافی وەرگرتنی وَكَذَا بَعْدَ الإِنْقِضَاءِ وَقَبْلَ الْحِيَازَةِ فِي الأَصَحِّ، وَلَوْ مَاتَ فِي الْقِتَالِ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ لاَشَيْءَ لَهُ، وَالأَظْهَرُ أَنَّ الأَجِيرَ لِسِيَاسَةِ الدَّوَابِّ وَحِفْظِ الأَمْتِعَةِ وَالتَّاجِرَ وَالْمُحْتَرِفَ يُسْهَمُ لَهُمْ إِذَا قَاتَلُوا، وَلِلرَّاجِلِ سَهْمٌ وَلِلْفَارِسِ ثَلاَثَةٌ، وَلاَ يُعْطَى إِلاَّ لِفَرَسٍ وَاحِدٍ عَرَبِيًّا كَانَ أَوْ غَيْرَهُ، لاَ لِبَعِيرٍ وَغَيْرِهِ، وَلاَ يُعْطَى لِفَرَسٍ أَعْجَفَ وَمَا لاَغَنَاءَ فِيهِ، وَفِي قَوْلٍ يُعْطَى

تالآنەکە بۆ میراتگرەکەیەتی (وَكَذَا بَعْدَ الإِنْقِضَاءِ وَقَبْلَ الْحِيَازَةِ) هەروەها ئەگەر لە دوای تەواوبوونی جەنگەکەو پێش کۆکردنەوەی تالآنەکەش بمرێ، مافی وەرگرتنی تالآنەکە هەر بۆ میراتگرەکەیەتی (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

بەڵام (وَلَوْ مَاتَ فِي الْقِتَال) ئەگەر لە ناو جەنگەکەدا بمرێ، یان شێت ببێ، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ لاَ شَيْءَ لَهُ) بە فەرموودەی پاستی مەزهەب: هیچ بەشێکی لە تالآنەکە نیە، بەڵام ئەگەر لە ناو جەنگەکەدا بریندار ببێ، یان بێهۆش ببێ، یان نەخۆش ببێ، ئەو کاتە مافی لە تالآنەکە هەر دەبێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر (أَنَّ الأَجِيرَ لِسِيَاسَةِ الدَّوَابِّ وَحِفْظِ الأَمْتِعَةِ) ئەو کەسەی بە کرێ گیراوە بۆ سەرپەرشتی وولاغەکانو بۆ پاراستنی کەلوپەل، هەم (وَالتَّاجِرَ وَالْمُحْتَرِفَ) بازرگانو پیشەساز: وەک بەرگدروو و ئاسنگر (يُسْهَمُ لَهُمْ إِذَا قَاتَلُوا) ئەوانیش

بەشیان لە تالآنەکە بۆ دادەندرێ هەر کاتێك جەنگ بکەن.
(وَلِلرَّاجِلِ سَهْمٌ) جەنگاوەری پیادە تەنها بەشێکی لە تالآنەکەهەیە (وَلِلْفَارِسِ ثَلاَثَةٌ) سوار ئەسپیش سێ بەشی هەنە: یەکێکی بۆ خۆی و دووی بۆ ئەسپەکەی ﴿عن ابن عمر رضی الله عنهما: قَسَمَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَوْمَ خَيْبَرَ لِلْفَرِسِ سَهْمَيْنِ وَ لِلرَّاجِلِ سَهْماً﴾ رواه الشیخان، لە غەزای خەیبەردا پێغەمبەر ﷺ لە تالآنەکە دوو بەشی بۆ ئەسپ داناو بەشێکی بۆپیادە دانا.
ئینجا بزانە: ئەگەر دووکەس بە ئەسپێکی هاوبەش ئامادەی جەنگ بون، ئەو کاتە بەشی ئەسپەکە بە هاوبەشی دەدرێتە هەردووکیان، دیسان بزانە: کەشتی و ئۆتۆمبیل بڕیاری ئەسپیان بۆ دەدرێ، هەر چەند بە سواری ئۆتۆمبیل و کەشتیەکەش جەنگ نەکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکان دەفامێتەوە.
(وَلاَ يُعْطَى إِلاَّ لِفَرَسٍ وَاحِدٍ) سوار ئەسپەکە دوو بەشەکەی تەنها بۆ یەك ئەسپ دەدرێتێ، هەر چەند زۆر ئەسپیشی لەگەڵ خۆیا هێنابن (عَرَبِيًّا كَانَ أَوْ غَيْرَهُ) جیاوازی نیە ئەسپەکە: عەرەبی بێ، یان جۆرێکیتر بێ.
(لاَ لِبَعِيرٍ وَغَيْرِهِ) بەڵام بەشی تالآن بۆ ووشترو وولاغەکانیتر داناندرێ، بەڵکو هەر جۆرە وولاغێك بەگوێرەی خۆی بەخشیشێکی بۆ دادەندرێ.
(وَلاَ يُعْطَى لِفَرَسٍ أَعْجَفَ) بەشە تالآن بۆ ئەسپێکی لاواز داناندرێ، هەم (وَمَا لاَ غَنَاءَ فِيهِ) بۆ ئەسپی بێسودیش داناندرێ (وَفِي قَوْلٍ يُعْطَى) لە فەرموودەیەکدا: إِنْ لَمْ يُعْلَمْ نَهْيُ الأَمِيرِ عَنْ إِحْضَارِهِ، وَالْعَبْدُ وَالصَّبِيُّ وَالْمَرْأَةُ وَالذِّمِّيُّ إِذَا حَضَرُوا فَلَهُمْ الرَّضْخُ، وَهُوَ دُونَ سَهْمٍ يَجْتَهِدُ الإِمَامُ فِي قَدْرِهِ، وَمَحَلُّهُ الأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ فِي الأَظْهَرِ، قُلْتُ: إِنَّمَا يُرْضَخُ لِذِمِّيٍّ حَضَرَ بِلاَ أُجْرَةٍ وَبِإِذْنِ الإِمَامِ عَلَى الصَّحِيحِ وَاللهُ أَعْلَمُ.

ئەو ئەسپەش دەیدرێتێ (إِنْ لَمْ يُعْلَمْ نَهْيُ الأَمِيرِ عَنْ إِحْضَارِهِ) بەو مەرجەی نەزاندرابێ ئەمیر قەدەغەی کردبێ ئەو ئەسپە بهێندرێتە جەنگ، هەم کەڵکی سواریشی هەبێ، جا ئەگەر ئەسپەکەی ساغ بوو، بەڵام لە جەنگدا نەخۆش بوو، یان بریندار بوو، یان مرد، یان بە ملکایەتی دایە کەسێکیتر، ئەو کاتە دوو بەشەکەی ئەسپەکەی هەر دەدرێتێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
(وَالْعَبْدُ) کۆیلەو (وَالصَّبِيُّ) منداڵو شێتو (وَالْمَرْأَةُ) ئافرەتو (وَالذِّمِّيُّ) کافری پەیمان لەئەستۆ (إِذَا حَضَرُوا) هەر کاتێك ئامادەی جەنگەکە بونو سودێکیان هەبوو (فَلَهُمْ الرَّضْخُ) مافی بەخشیشیان هەیە (وَهُوَ) بەخشیشەکە (دُونَ سَهْمٍ) لە بەشێکی جەنگاوەرێکی پیادە کەمترەو (يَجْتَهِدُ الإِمَامُ فِي قَدْرِهِ) ئیمام بە بۆچوونی خۆی ئەندازەکەی دادەنێ ﴿عن ابن عباس رضی الله عنهما: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَغْزُو بِالنِّسَاءِ فَيُدَاوِينَ الْجَرْحَى وَيُحْذَيْنَ مِنَ الْغَنِيمَةِ، وَأَمَّا بِسَهْمٍ فَلاَ﴾ رواه مسلم وأصحاب السنن، پێغەمبەر ﷺ ئافرەتی لەگەڵ خۆیا

دەبردنە غەزا، جا ئافرەتەکان بریندارەکانیان دەرمان دەکردنو بەخشیشێکیان لە تـالآن دەدرایێ، بەڵام وەکو پیاوان بەشێکیتەواویان نادرایێ.
(وَمَحَلُّهُ الأَخْمَاسُ الأَرْبَعَةُ) ئـەو بەخشیشـە لـە چـوار پێنجێکەکـەی تـالآن دەدرێ کـە بـۆ جەنگاوەرەکان داندراوە (فِیالأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا.
(قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (إِنَّمَا یُرْضَخُ لِذِمِّيٍّ) بەخشیشەکە تەنها لەو حاڵەتـەدا دەدرێتە کافری پەیمان لە ئەستۆ: کە(حَضَرَ بِلاَ أُجْرَةٍ) بە بێکرێ ئامادەی جەنگەکە بوبێ، هەم (وَبِإِذْنِ الإِمَامِ) بە ئیزنی پێشەوا، یان ئەمیری جەنگەکەش هاتبێ (عَلَىالصَّحِیحِ) لـە سەر فەرموودەی ڕاست (وَاللهُ أَعْلَمُ).
﴿ **پاشـکۆ** ﴾: خیانـەتکردن لـە تالآنـدا حەڕامـە، جـا هـەر چـەند شـاردنەوەی دەرزیو داوێکـیش بـێ لێـی حەڕامـەو واجبـە: بیگەڕێنێتـەوە بـۆ نـاو تالآنەکـە، خـوای گـەورە دەفـــــــ

هەرچەند بە پادەی زەکاتیش مالّی هەبێ، چونکە مرۆڤی وەها هەیە: ئەوەندە مالّەی هەیە: کە زەکاتی لێبدا، بەلّام بەروەستی بەخێوکردنی خۆی‌و منداڵەکانی ناکا، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

بۆ وێنە: ئەگەر هەژارەکە پێویستی بە دە دیرهەم هەبێ، ئەو تەنها دوو، یان سێ، یان چوار دیرهەمی دەست بکەوێ، واتە: لە نیوەی پێویستیەکەی کەمتر بێ، کەواتە: ئەگەر کەسێك توانای کەسابەتی هەبێو کەسابەتەکەشی دەست بکەوێو بەشی بەخێوکردنی بکا، ئەوە بە هەژار دانانـدرێ، بەلّام ئەگەر هەر توانای نەبو، یان کەسابەتەکەی دەست نەدەکەوت، یان دەستی دەکەوت بەلّام توانای ئەو جۆرە کەسابەتەی نەبو، یان توانای هەبو، بەلّام بەشی بەخێوکردنەکەی نەدەکرد، ئەوەش بە هەژار دادەنـدرێ، هەروەک لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلاَ يَمْنَعُ الْفَقْرَ مَسْكَنُهُ) هەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونێو (وَثِيَابُهُ) جلو بەرگەکەی هێڵکیان پێگەی هەژاری ناگرن، بەو مەرجەی شیاوی خۆی بن (وَ) هەروەها (مَالُهُ الْغَائِبُ فِي مَرْحَلَتَيْنِ) ئەو مالّەیی کە دوو قۆناغ لێی دورە، یان نزیکە بەلّام نایکەوێتە دەست، هەم (وَالْمُؤَجَّلُ) ئەو قەرزەی لە سەر خەڵکێیەو کاتی دانەوەی نەهاتوە، هەم (وَكَسْبٌ لاَ يَلِيقُ بِهِ) ئەو کەسابەتەی شیاوی ئەو نیە، ئەوانە هیچیان پێگەی هەژاری ناگرنو هەر بە هەژار دادەندرێو دروستە بە ئەندازەی پێویست زەکات وەربگرێ.

وَلَوْ اِشْتَغَلَ بِعِلْمٍ وَالْكَسْبُ يَمْنَعُهُ فَفَقِيرٌ، وَلَوْ اِشْتَغَلَ بِالنَّوَافِلِ فَلاَ، وَلاَ يُشْتَرَطُ فِيهِ الزَّمَانَةُ وَلاَالتَّعَفُّفُ عَنِ الْمَسْأَلَةِ عَلَىالْجَدِيدِ، وَالْمَكْفِيُّ بِنَفَقَةِ قَرِيبٍ أَوْ زَوْجٍ لَيْسَ فَقِيرًا فِىالأَصَحِّ.

(وَلَوْ اِشْتَغَلَ بِعِلْمٍ) ئەگەر یەکێك خەریکی خوێندنی زانستێکی‌شەرعی بوو، بەلّام (وَالْكَسْبُ يَمْنَعُهُ) کەسابەتەکە پێگای خوێندنی لێدەگرت، ئەوەش (فَفَقِيرٌ) بە هەژار دادەندرێو زەکاتی دەدرێتێو با کەسابەت نەکا، بەو مەرجەی لێی‌ببێ فێرە زانست ببێ، چونکە وەدەستهێنانی زانستی ئایینی (فَرْض الْكِفَايَة)یە، واتە: ئەگەر لێی‌نەیێ فێرە زانست ببێ، ئەوە زەکاتی نادرێتێ، هەروەک لە (المجموع)و (مغنی)دا فەرموویانە.

بەلّام (وَلَوْ اِشْتَغَلَ بِالنَّوَافِلِ) ئەگەر خەریکی خواپەرستیەسوننەتەکان بوو و کەسابەتیش پێگای لێدەگرت، ئەوە (فَلاَ) نابێ زەکاتی بدرێتێ، چونکە سودی خواپەرستیەکەی تەنها بۆ خۆیەتی.

(وَلاَ يُشْتَرَطُ فِيهِ الزَّمَانَةُ) بە مەرج دانانـدرێ: هەژارەکە لە کارکەوتووبێو توانای کارکردنی نەبێ، هەم (وَلاَ التَّعَفُّفُ عَنِ الْمَسْأَلَة) بە مەرج دانانـدرێ خۆی لە دەرۆزە بپارێزێ، یان بەخۆی داوای زەکات نەکا (عَلَىالْجَدِيد) لە سەر فەرموودەی نوێی ئیمامی(الشافعي).

﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر بەشی خواردنو جلو بەرگی خۆی کەسابەتی دەکرد،

بەڵام پێویستی بە ژن هێنان هەبوو، هیچیشی نەبو ژنی پێبێنێ، ئەوەش دروستە: بە ئەندازەی مەسرەفی ژن هێنانەکە زەکاتی بدرێتی، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَالْمَكْفِيُّ بِنَفَقَةِ قَرِيبِ) هەر کەسێک بە تەواوی بەخێو بکرێ: بە بەخێوکردنی خزمێکی: وەک دایک‌و باوک‌و بە سەرەوەتر، یان کوڕو کیژو بەرەوخوارتر (أَوْ زَوْجٍ) یان بە بەخێوکردنی مێرد، ئەوە (لَيْسَ فَقِيرًا) نە هەژارەو نە گەدایە، واتە: دروست نیە بە ناوی هەژاری‌و گەدایی زەکات وەربگرێ: نە لەوانەو نە لە بێگانە (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، بەڵام بە ناوێکی‌ترى جگە لە هەژاری‌و گەدایی دروستە زەکات وەربگرێ.

هەروەها ئەگەر بەخێوکردنەکەشی بە تەواوی نەبو و بەشی نەدەکرد: وەک مێردەکەی، یان خزمەکەی نەبوویی بێ، یان خزمەکەی، یان مێردەکەی ئەرکی بەخێوکردنی نەئەدایێو ئەویش نەیدەتوانی لێیان وەربگرێ، یان کەسێخۆی بەخێوی نەدەکرد بەڵکو بێگانەیەک بە پیاوەتی لە ڕێگایخوا بەخێوی دەکرد، ئەوە لەو حاڵەتانەدا دروستە زەکات وەربگرێ، بەڵام ئەگەر ژنەکە (ناشِزَة) بوو لە فەرمانی مێردەکەی دەرچوبو، بۆیێ بەخێو نەدەکرا، ئەوە بۆی دروست نیە زەکات وەربگرێ، بەڵکو واجبە تۆبە بکا تاکو بەخێوی بکا، هەروەک لە سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: هەرکەسێک بەخێوکردنی لە سەر زەکاتدەرەکە واجب بێ: وەک ژنو دایک‌و باوک‌و کوڕو کیژ، دروست نیە: زەکاتدەرەکە زەکاتیخۆی بداتێ بە ناوی گەداو وَالْمِسْكِينُ مَنْ قَدَرَ عَلَى مَالٍ أَوْ كَسْبٍ يَقَعُ مَوْقِعًا مِنْ كِفَايَتِهِ وَلاَ يَكْفِيهِ. وَالْعَامِلُ سَاعٍ وَكَاتِبٌ وَقَاسِمٌ وَحَاشِرٌ يَجْمَعُ ذَوِي الأَمْوَالِ، لاَ الْقَاضِي وَالْوَالِي. وَالْمُؤَلَّفَةُ مَنْ أَسْلَمَ وَنِيَّتُهُ ضَعِيفَةٌ أَوْ لَهُ شَرَفٌ يُتَوَقَّعُ بِإِعْطَائِهِ إِسْلاَمُ غَيْرِهِ،

هەژاری، چونکە بەم زەکاتدانە بەخێوکردنەکە لە سەر خۆی لادەبا، هەروەک لە (المجموع)دا فەرموویەتی.

بەڵام (ابن الرفعة) ئەوەی باس کردوە: ئەگەر کوڕەکە منداڵو خێزانی هەبێ، دروستە باوکەکەی ئەندازەی مەسەرفی ژنو منداڵەکانی لە زەکاتەکەی بداتێ، چونکە بەخێوکردنی ژنو منداڵەکانیوی لە سەر باوکەکەی واجب نیە، هەروەک لە حاشیەکانی (تحفة)دا گیراویەتیانەوە.

هەروەها ئەگەر ژنەکەش مالّی هەبێ، وەها سوننەتە: زەکاتیخۆی بداتە مێردەکەی، هەروەک لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە، چونکە بەخێوکردنی مێرد لە سەر ژنەکەی واجب نیە، هەروەک بەخێوکردنی براو خزمەکانیتریش لە سەر براو خزمەکانیتر واجب نیە، کەواتە: وەها خێرترە براش زەکاتەکەی خۆی بداتە براو خزمەکان، هەروەک لە

(المجموع)دا فەرموویەتی، بە بەڵگەی: ﴿عَنْ زَيْنَبَ اِمْرَأَةِ ابن مَسْعودرضي الله عنهما: قَالَ النَّبِيُّﷺ: زَوْجُكِ وَوَلَدُكِ أَحَقُّ مَنْ تَصَدَّقْتِ بِهِ عَلَيْهِمْ﴾ رواه البخاري، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: میردەکەتو منداڵەکەت لە هەمووکەس مافیان زیاترە: کە زەکاتو خێرەکەتیان بدەیتێ.

2-(وَالْمِسْكِينُ) گەدا: (مَنْ قَدَرَ عَلَى مَالٍ أَوْ كَسْبٍ) ئەوەیە توانای وەدەستهێنانی مانگێکی وەها، یان کەسابەتێکی وەهای هەبێ: کە (يَقَعُ مَوْقِعًا مِنْ كِفَايَتِهِ) شوێنێکی پێویستیەکانی بۆ پڕ بکاتەوە: لە خواردنو جلو بەرگو نیشتەجێبوون، بەڵام (وَلاَ يَكْفِيهِ) بە تەواویش بەرەوەست نەکا پێویستیەکانی خۆیو ئەو کەسانەی ئەرکی بەخێوکردنیانی لە سەرە پڕ بکاتەوە، هەرچەند ئەوەندە مانگشی هەبێ: کە زەکاتی لێبدا، وەک پێوییستی بە دە دیرهەم هەبێ، بەڵام ئەو تەنها هەشت، یان حەفت دیرهەمی دەست بکەون.

3-(وَالْعَامِلُ) کرێکاری زەکات: (سَاعٍ) ئەو کەسەیە: زەکاتەکە لە خەڵکی وەردەگرێو هەم (وَكَاتِبٌ) نوسەری زەکاتەکەیەو هەم (وَقَاسِمٌ) بەشکەری زەکاتەکەیەو هەم (وَحَاشِرٌ يَجْمَعُ ذَوِي الأَمْوَالِ) کۆکەرەوەی خاوەن مانگەکانە (لاَ الْقَاضِي وَالْوَالِي) بەڵام قازیو کاربەدەستی شوێنەکە بە کرێکار داناندرێن.

4-(وَالْمُؤَلَّفَةُ) نوێموسوڵمان: (مَنْ أَسْلَمَ وَنِيَّتُهُ ضَعِيفَةٌ) ئەو کەسەیە: تازە موسوڵمان بووەو هێشتا نیەتەکەی بێهێزە (أَوْ) یان نیەتەکەی بەهێزە، بەڵام (لَهُ شَرَفٌ) مرۆڤێکی بە شەرەفو رێزدارە، ئەگەر زەکاتی بدرێتێ (يُتَوَقَّعُ بِإِعْطَائِهِ إِسْلاَمُ غَيْرِهِ) چاوەڕوان دەکرێ بە هۆی ئەو زەکات پێدانەیوی خەڵکێتریش چاوی لێبکاو موسوڵمان ببێ.

وَالْمَذْهَبُ أَنَّهُمْ يُعْطَوْنَ مِنَ الزَّكَاةِ. وَالرِّقَابُ الْمُكَاتَبُونَ. وَالْغَارِمُ إِنْ اِسْتَدَانَ لِنَفْسِهِ فِي غَيْرِ مَعْصِيَةٍ أُعْطِيَ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ يُعْطَى إِذَا تَابَ وَاللهُ أَعْلَمُ، وَالأَظْهَرُ اِشْتِرَاطُ حَاجَتِهِ دُونَ حُلُولِ الدَّيْنِ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ اشْتِرَاطُ حُلُولِهِ وَاللهُ أَعْلَمُ، أَوْ لإِصْلاَحِ ذَاتِ الْبَيْنِ أُعْطِيَ مَعَ الْغِنَى،

(وَالْمَذْهَبُ أَنَّهُمْ يُعْطَوْنَ مِنَ الزَّكَاةِ) بە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب: ئەو نوێموسوڵمانانە بەشێکیان لە زەکات دەدرێتێ، واتە: هەرچەند دەوڵەمەندیش بن، هەروەک لە (الشروانی)دا فەرموویەتی.

5-(وَالرِّقَابُ) کۆیلەکان: (اَلْمُكَاتَبُونَ) ئەو کۆیلانەنە کە نووسراویان دراوەتێ: ئەگەر ئەندازەیەکی پارە بۆ گەورەکەیان بێنن ئازاد دەبن، هەروەک لە پەرتووکی کۆیلە ئازادکردندا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

6-(وَالْغَارِمُ) قەرزدار دوو جۆرە، یەکەم: (إِنْ اِسْتَدَانَ لِنَفْسِهِ فِي غَيْرِ مَعْصِيَةٍ) ئەگەر بۆ مەبەستێکیخۆی شتەکەی قەرز کردبو، قەرزکردنەکەش گوناهکاری نەبو: وەک بەخێوکردنی خۆیو منداڵەکانی، یان ژن هێنان، یان حەج کردن، یان خانوو دروستکردن،

یان بە بێویستی خۆی شتێکی لە دەست فەوتابێو تۆڵەی لێسەندرابێ، ئەوە (أُعْطِيَ) زەکاتی دەدرێتێ.

(أَوْ لِمَعْصِيَة) بەڵام ئەگەر بۆ گوناهکاری قەرزی کردبێ: وەك بۆ زێدەڕۆیی مەسەرف، یان بۆ کڕینی شتێکی حەڕام قەرزی کردبێ، یان بە تاوانکاری قەرزدار بوبێ: وەك بە ناهەق شتێکیکەسێك بفەوتێنێو تۆڵەکەی لێبسەندرێ، ئەوە (فَلاَ) دروست نیە زەکاتی بدرێتێ (قُلْتُ) ئیمانی (النواوي) دەفەرموێ (الأَصَحُّ يُعْطَى إِذَا تَابَ) بە فەرمووەی ڕاستتر: هەر کاتێك قەرزدارەکە تۆبەیەکی بەڕاستی بکا، زەکاتی دەدرێتێ، چونکە تۆبەکردن تاوانی پێشە خۆی لا دەبا (وَاللهُ أَعْلَمُ).

(وَالأَصَحّ اِشْتِرَاطُ حَاجَتِهِ) بە فەرمووەی ڕاستتر مەرجە: قەرزدارەکە پێویستی بە زەکات هەبێو توانای قەرزدانەوەی نەبێ، یان توانای هەبێ، بەڵام ئەگەر قەرزەکەی بداتەوە، تووشی گەدایی ببێ، ئەو کاتە بە ئەندازەی قەرزەکەی زەکاتی دەدرێتێ (دُونَ حُلُولِ الدَّيْنِ) بەڵام مەرج نیە کاتی قەرزدانەوەکەی هاتبێ (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (الأَصَحُّ اِشْتِرَاطُ حُلُولِهِ) بە فەرمووەی ڕاستتر مەرجە: کاتی قەرزدانەوەکەی هاتبێ (وَاللهُ أَعْلَمُ) چونکە پێش کاتی قەرزدانەوەکە پێویستیی نیە.

دووەم: (أَوْ لِإِصْلاَحِ ذَاتِ الْبَيْنِ) یان ئەگەر قەرزەکەی وەرگرتبو بۆ ئاشتکردنەوەی نێوان دوو کەس، یان دوو کۆمەڵ: کە ناکۆکییان لە نێوانیاندایەو مەترسی فیتنەی لێدەکرێ، ئەو کاتەش (أُعْطِيَ مَعَ الْغِنَى) بە ئەندازەی قەرزکە زەکاتی دەدرێتێ هەرچەند دەوڵەمەندیش

وَقِيلَ إِنْ كَانَ غَنِيًّا بِنَقْدٍ فَلاَ. وَسَبِيلُ اللهِ تَعَالَى غُزَاةٌ لاَ فَيْءَ لَهُمْ فَيُعْطَوْنَ مَعَ الْغِنَى. وَابْنُ السَّبِيلِ مُنْشِئُ سَفَرٍ أَوْ مُجْتَازٌ، وَشَرْطُهُ الْحَاجَةُ وَعَدَمُ الْمَعْصِيَةِ. وَشَرْطُ آخِذِالزَّكَاةِ مِنْ هَذِهِ الأَصْنَافِ الثَّمَانِيَةِ: اَلإِسْلاَمُ وَأَنْ لاَ يَكُونَ هَاشِمِيًّا وَلاَ مُطَّلِبِيًّا

بێ، تاکو خەڵك واز لەم کارە باشە نەهێنێ، بەڵام ئەگەر هیچی قەرز نەکردبو، بەڵکو لە مااڵیخۆی پارەکەی دابو، یان لە مااڵیخۆی قەرزەکەی دابۆوە، ئەو کاتە زەکاتی نادرێتێ، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا (إِنْ كَانَ غَنِيًّا بِنَقْدٍ) ئەگەر قەرزدارەکە دەوڵەمەند بێ: بە پارەو پووڵو زەویو باغ (فَلاَ) زەکاتی نادرێتێ، بەڵام ڕەفتار بەم بێهێزە ناکرێ.

7-(وَسَبِيلُ اللهِ) جەنگاوەرانی ڕێگایخوا: (غُزَاةٌ لاَ فَيْءَ لَهُمْ) ئەو کەسانەن کە لە ڕێگای خوا غەزا دەکەنو هیچ بەشێکیان لە (فَيْء) نیە، چونکە ناویان لە دەفتەری سەربازانی ئیسلامدا نەنوسراوە، بەڵکو هەر کاتێك حەز بکەن دەچنە غەزا، ئەگەر نا: بە کارو باری خۆیان خەریك دەبن، کەوابو: (فَيُعْطَوْنَ مَعَ الْغِنَى) ئەوانە زەکاتیان دەدرێتێ هەرچەند دەوڵەمەندیش بن، بەڵام نابێ (فَيْء) وەربگرن، هەروەها ئەوانی ناویان لە

دەفتەری سەربازانی ئیسلامدا تۆمار کراوەو (فَيْء) وەردەگرن، ئەوانیش نابێ زەکات وەربگرن، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: بە هیچ مەزهەبێك دروست نیە: زەکات بۆ بەرژوەندیەکان سەرف بکرێ: وەکو مزگەوتو ڕێگەو پردو...هتد: ئەو جۆرە شتانە، هەروەك لە کۆتایی زەکاتدا بەڵگەمان بۆ هێناوە.

8-(وَابْنُ السَّبِيلِ) ڕێبوار: (مُنْشِئُ سَفَرٍ) ئەو کەسەیە: لە شوێنی زەکاتەکەوە دەست بە سەفەر دەکا (أَوْ مُجْتَازٌ) یان بە شوێنی زەکاتەکەدا تێدەپەڕێ بۆ شوێنێکیتر (وَشَرْطُهُ) مەرجی زەکات پێدانی ڕێبوار (اَلْحَاجَةُ) ئەوەیە پێویستی بەو زەکاتە هەبێ لەو سەفەرەیدا، هەر چەند لە شوێنێکیتریش ملکو مالّی هەبێ، هەم (وَعَدَمُ الْمَعْصِيَةِ) سەفەرەکەشی بۆ گوناهکاری نەبێ، واتە: ئەگەر سەفەرەکەی گوناهکاری بوو، دروست نیە زەکاتی بدرێتێ.

(وَشَرْطُ آخِذِ الزَّكَاةِ مِنْ هَذِهِ الأَصْنَافِ الثَّمَانِيَةِ) مەرجی زەکاتوەرگر لەو هەشت جۆرانە: یەکەم: (اَلإِسْلاَمُ) دەبی موسوڵمان بێ، چونکە بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام دروست نیە زەکات بدرێتە کافر.

دووەم: (وَأَنْ لاَ يَكُونَ هَاشِمِيًّا وَلاَ مُطَّلِبِيًّا) نابێ زەکاتوەرگرەکە لە نەتەوەی (هاشم)و (المُطّلب) بێ، چونکە ئەوانە بە هۆی خزمایەتی پێغەمبەرﷺ پاکنو زەکاتیش چلکی وَكَذَا مَوْلاَهُمْ فِي الأَصَحِّ .

(فَصْلٌ) مَنْ طَلَبَ زَكَاةً وَعَلِمَ الإِمَامُ اسْتِحْقَاقَهُ أَوْ عَدَمَهُ عَمِلَ بِعِلْمِهِ، وَإِلاَّ فَإِنْ ادَّعَى فَقْرًا أَوْ مَسْكَنَةً لَمْ يُكَلَّفْ بَيِّنَةً، فَإِنْ عُرِفَ لَهُ مَالٌ وَادَّعَى تَلَفَهُ كُلِّفَ، وَكَذَا إِنْ ادَّعَى

خەڵکیە، هەروەها دروست نیە: نەزرو کەفارەتو خوێنەکانی حەجو عومرەو قوربانی واجبیش وەربگرن، بەڵام ئیمامی (الاصطخري)و چەند زانایەکیتر فەرموویانە: ئەگەر لە (خُمْسُ الْخُمْسِ) بێبەش کرابن دروستە زەکان وەربگرن، هەروەك لە (المجموع)و (الشروانی)دا ڕوون کراوەتەوە، کەوابو: دروستە (سیّد)ەکانی کوردستان (تَقْلِيد)ی ئەو ئیمامانە بکەنو زەکات وەربگرن (وَكَذَا مَوْلاَهُمْ) هەروەها ئەو کۆیلانەی ئەو دوو نەتەوەیەش ئازادیان کردون نابێ زەکات وەربگرن (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

سێیەم: نابێ زەکاتوەرگرەکە ئەرکی بەخێوکردنی لە سەر زەکاتدەرەکە بێ، هەروەك لە کۆتایی باسی (فقیر)دا ڕوون کراوە، چوارەم: بالغو عاقلّ بێ، واتە دروست نیەیە زەکات بدرێتە دەست شێتو منداڵ، بەڵکو مەرجە: سەرپەرشتکارەکەیان بۆیان وەربگرێ، هەروەها ئەو کەش کە بلۆغی دەبێ نوێژ نەکەرە، ئەویش دروست نیە زەکات وەربگرێ،

هەروەك لە (تحفة)و (نهاية) دا ڕوون كراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ئەو ئەندازە زەكاتەی دەدرێتە زەكاتوەرگرەكان ﴾

(مَنْ طَلَبَ زَكَاةً) هەر كەسێك داوای زەكاتی كرد (وَعَلِمَ الإِمَامُ اِسْتِحْقَاقَهُ) پێشەوا، یان زەكاتدەرەكە دەیزانی مافی لە زەكات هەیە (أَوْ عَدَمَهُ) یان دەیزانی مافی لە زەكات نیە، ئەوە (عَمِلَ بِعِلْمِهِ) بەگوێرەی زانستەكەیخۆی ڕەفتار دەكا، واتە: ئەگەر دەیزانی: زەكاتی پێدەچێ، ئەوە زەكاتەكەی دەداتێ، ئەگەر زەكاتی پێناچێ دروست نیە بیداتێ، هەروەها ئەگەر داوای زەكاتیش نەكا، بەڵام زەكاتدەرەكە دەیزانی زەكاتی پێدەچێ، ئەو كاتەش دروستە زەكاتەكەی بداتێ.

(وَإِلَّا) بەڵام ئەگەر زەكاتدەرەكە نەیدەزانی: زەكاتی پێدەچێ، یان نا، ئەو كاتە (فَإِنْ ادَّعَى فَقْرًا أَوْ مَسْكَنَةً) ئەگەر زەكاتوەرگرەكە گوتی: من هەژارم، یان گەدامە. ئەوە (لَمْ يُكَلَّفْ بَيِّنَةً) داوای شاهیدی لێناكرێو سوێندیش نادرێ، چونكە ئەو كەسانەی داوای زەكاتیان دەكرد، پێغەمبەر ﷺ بێشاهیدو بێسوێنددان زەكاتی دەدانێ، هەروەك لە زۆبەی سەرچاوەكاندا فەرموویانەو (أبوداود بسندصحيح) حەدیسەكەی گێڕاوەتەوە.

(فَإِنْ عُرِفَ لَهُ مَالٌ) جا ئەگەر زاندرابو: زەكاتوەرگرەكە بە ئەندازەیەكی وەها مالّی هەیە: كە زەكاتی پێنەدەچو، بەڵام (وَادَّعَى تَلَفَهُ) زەكاتوەرگرەكە گوتی: مالّەكەم نەماوەو نێستا هەژارم. ئەو كاتە (كُلِّفَ) داوای شاهیدی لێدەكرێ: كە مالّەكەی فەوتاوە(وَكَذَا إِنْ ادَّعَى عِيَالاً فِالأَصَحِّ، وَيُعْطَى غَازٍ وَابْنُ سَبِيلٍ بِقَوْلِهِمَا، فَإِنْ لَمْ يَخْرُجَا اُسْتُرِدَّ، وَيُطَالَبُ عَامِلٌ وَمُكَاتَبٌ وَغَارِمٌ بِبَيِّنَةٍ: وَهِيَ إِخْبَارُ عَدْلَيْنِ، وَيُغْنِي عَنْهَاالإِسْتِفَاضَةُ وَكَذَا تَصْدِيقُ رَبِّ الدَّيْنِ وَالسَّيِّدِ فِالأَصَحِّ، وَيُعْطَالْفَقِيرُ وَالْمِسْكِينُ كِفَايَةَ سَنَةٍ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ الْمَنْصُوصُ وَقَوْلُ الْجُمْهُورِ كِفَايَةَ الْعُمْرِالْغَالِبِ، فَيَشْتَرِي بِهِ عَقَارًا يَسْتَغِلُّهُ وَاللهُ أَعْلَمُ.

عِيالاً) هەروەها ئەگەر بڵێ: ئەوەندە منداڵەم هەنە مالّەكەم بەروەستی بەخێوكردنیان ناكا. ئەو كاتەش داوای شاهیدی لێدەكرێ (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

(وَ) هەروەها (يُعْطَى غَازٍ وَابْنُ سَبِيلٍ بِقَوْلِهِمَا) جەنگاوەری ڕێگایخواو، هەم ڕێبوار زەكاتیان دەدرێتێ بە تەنها قسەی خۆیان، واتە: سوێند نادرێنو داوای شاهیدیشیان لێناكرێ (فَإِنْ لَمْ يَخْرُجَا) جا ئەگەر سێ ڕۆژ تەواو بونو ئەوان بۆ غەزاو بۆ سەفەر نەڕۆیشتن (اُسْتُرِدَّ) زەكاتەكەیان لێوەردەگیرێتەوە.

(وَيُطَالَبُ عَامِلٌ وَمُكَاتَبٌ وَغَارِمٌ بِبَيِّنَةٍ) كرێكاری زەكاتو كۆیلەی نوسراوپێدراو و قەرزدار، هەرسێكیان داوای شاهیدیان لێدەكرێ (وَهِيَ) شاهیدی (إِخْبَارُ عَدْلَيْنِ) خەبەردانی دوو پیاوێدادپەروەرە، یان پیاوێكو دوو ژنێدادپەروەر (وَيُغْنِي عَنْهَاالإِسْتِفَاضَةُ) بڵاوبوونەوەی

هەواڵی گەدایی‌و هەژاری‌و سیفەتەکانی‌تری زەکاتوەرگرتن لەجیاتی شاهید بەسەو بە بەر شاهیدی‌دانەکە دەکەوێ (وَكَذَا تَصْدِيقُ رَبِّ الدَّيْنِ) هەروەها ئەگەر خاوەن قەرزەکەش قەرزدارەکە بە ڕاستگۆ دابنێ‌و بڵێ: قەرزدارە. بە بەرشاهیدی‌و سوێندخواردن دەکەوێ، هەم (وَالسَّيِّدِ) ئەگەر گەورەی‌کۆیلەکەش بڵێ: ڕاست دەکا نوسراوی‌ئازادکردنم داوەتێ. ئەوەش بە بەر شاهیدی دەکەوێ (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَيُعْطَى‌الْفَقِيرُ وَالْمِسْكِينُ كِفَايَةَ سَنَةٍ) هەژارو گەدا، هەر یەکەیان ئەندازەی مەسرەفی سالێکیان دەدرێتێ: بۆ بەخێوکردنی خۆیان‌و ئەو کەسانەی بەخێوکردنیان لە سەریەتی (قُلْتُ) ئیمامی(النواوی) دەفەرموێ (اَلأَصَحُّ الْمَنْصُوصُ وَقَوْلُ الْجُمْهُورِ) بە دەقی فەرموودەی ڕاستترو بە فەرموودەی کۆمەڵە زۆرترەکەی زانایان: (كِفَايَةَ الْعُمْرِالْغَالِبِ) بەشی تەمەنی ئەغڵەبی‌ی دەدرێتێ، واتە: بەشی مەسرەفی شەست ساڵی دەدرێتێ، جا ئەگەر تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو، ئەو کاتە ساڵ بەساڵ زەکاتی دەدرێتێ.

کەوابو: (فَيَشْتَرِي بِهِ عَقَارًا يَسْتَغِلُّهُ) زەکاتوەرگرەکە بەو ئەندازە زەکاتە زەمینێک، یان باغێک دەکڕێ‌و بەرهەمەکەی وەدەست دێنێ‌و خۆی‌و منداڵەکانی پێ‌بەخێو دەکا (وَاللهُ أَعْلَمُ) هەروەها ئەگەر بارزگانی بزانێ، سەرمایەی بازرگانیەکی وەهای دەدرێتێ: کە قازانجەکەی بەشی بەخێوکردنی بکا، ئەگەر پیشەیەک بزانێ، ئەو کاتە پارەی کەرەستەی پیشەکەی دەدرێتێ‌و ئەگەر شوانی بزانێ مێگەلێکی پێ‌دەکڕێ...بەو جۆرە.

وَالْمُكَاتَبُ وَالْغَارِمُ قَدْرَ دَيْنِهِ، وَابْنُ السَّبِيلِ مَا يُوَصِّلُهُ مَقْصِدَهُ أَوْ مَوْضِعَ مَالِهِ، وَالْغَازِي قَدْرَ حَاجَتِهِ نَفَقَةً وَكِسْوَةً ذَاهِبًا وَرَاجِعًا وَمُقِيمًا هُنَاكَ وَفَرَسًا وَسِلاَحًا، وَيَصِيرُ ذَلِكَ مِلكًا لَهُ، وَيُهَيَّأُ لَهُ وَلاِبْنِ السَّبِيلِ مَرْكُوبٌ إِنْ كَانَ السَّفَرُ طَوِيلاً أَوْ كَانَ ضَعِيفًا لاَ يُطِيقُ الْمَشْيَ، وَمَا يَنْقُلُ عَلَيْهِ الزَّادَ وَمَتَاعَهُ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ قَدْرًا يَعْتَادُ مِثْلُهُ حَمْلَهُ بِنَفْسِهِ،

(وَالْمُكَاتَبُ وَالْغَارِمُ) کۆیلەی نوسراوپێدراو و قەرزدار (قَدْرُ دَيْنِه) هەر یەکەیان بە ئەندازەی قەرزەکەی زەکاتی دەدرێتێ (وَابْنُ السَّبِيلِ مَا يُوَصِّلُهُ مَقْصِدَهُ) ڕێبواریش ئەندازەیەکی وەها زەکاتی دەدرێتێ کە بیگەینێتە شوێنی مەبەست (أَوْ مَوْضِعَ مَالِهِ) یان شوێنی ماڵەکەی خۆی.

(وَالْغَازِي) جەنگاوەری ڕێگای‌خودا (قَدْرُ حَاجَتِهِ) بە ئەندازەی پێویستی خۆی‌و منداڵەکانی زەکاتی دەدرێتێ (نَفَقَةً وَكِسْوَةً) بۆ خواردن وجلو بەرگو پێویستیەکانی‌تر (ذَاهِبًا وَرَاجِعًا وَمُقِيمًا هُنَاكَ) بۆ ئەو ماوەیەی دەڕواتە غەزاو دەگەڕێتەوەو لەوێ دەمێنێتەوە، هەم (وَفَرَسًا وَسِلاَحًا) نرخی ئەسپێک‌و چەکێک زەکاتی دەدرێتێ بۆ جەنگکردن (وَيَصِيرُ ذَلِكَ مِلكًا لَهُ) ئەسپەکەو چەکەکە دەبنەملکی جەنگاوەرەکە.

(وَيُهَيَّأُ لَهُ وَلاِبْنِ السَّبِيلِ مَرْكُوبٌ) هەروەها ئامادە دەکرێ بۆ جەنگاوەرەکەو بۆ

ڕێبوارەکە: شتێکی سواری تاکو بە سواری بۆ غەزایەکەو بۆ سەفەرەکە بڕۆن (إِنْ كَانَ السَّفَرُ طَوِيلاً) ئەگەر سەفەرەکەیان درێژ بێ (أَوْ كَانَ ضَعِيفًا لاَ يُطِيقُ الْمَشْيَ) یان سەفەرەکە کورت بوو، بەڵام هیچێکیان توانای ڕۆیشتنیان نەبو (وَمَا يَنْقُلُ عَلَيْهِ الزَّادَ وَمَتَاعَهُ) هەم ئەو شتەشیان بۆ ئامادە دەکرێ: کە خواردن‌و کەلوپەلەکەیانی پێ بگوازنەوە (إِلاَّ أَنْ يَكُونَ قَدْرًا يَعْتَادُ مِثْلُهُ حَمْلَهُ بِنَفْسِهِ) مەگەر کەلوپەلەکە ئەوەندە کەم بێ: کە عادەت بوو وێنەی ئەو مرۆڤە بەخۆی هەڵیبگرێ، ئەو کاتە بۆیان ئامادە ناکرێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: هەرکاتێك خاوەنەکە زەکاتەکەی بداتە کەسێك، ئەگەر بە زوبانیش نەڵێ ئەمە زەکاتەو هیچ ووشەیەکیتریش نەڵێ، زەکاتەکەی هەر دروستەو قبوڵ دەبێ.

بەڵام ئەگەر زەکاتەکەی دابوە کەسێك کە وایتێگەیشتبو زەکاتی پێدەچێ، ئینجا ئاشکرابو زەکاتی پێناچێ؟ چونکە کافرە، یان دەوڵەمەندە...هتد، ئەو کاتە زەکاتەکەی قبوڵ نابێ‌و واجبە: دووبارە زەکاتێکیتر بداتەوە کەسێکی وەها: کە زەکاتی پێبچێ.

جا ئەگەر لە کاتی زەکاتدانەکەیەکەم بە زەکاتوەرگرەکەیەکەمی گوتبێ: ئەمە زەکاتە. ئەوە دروستە زەکاتە دروستنەبووەکەی لێوەربگرێتەوە، یان تۆڵەی زەکاتەکەی لێوەربگرێتەوە، بەڵام ئەگەر پێی نەگوتبێ: ئەمە زەکاتە. ئەو کاتە دروست نیە لێی وەربگرێتەوە، کەواتە: زەکاتەکەی‌دووەمیش هەر لە مااڵیخۆی دووبارە دەداتەوە، هەروەك لە (المجموع)دا پوون کراوەتەوە.

وَمَنْ فِيهِ صِفَتَا اِسْتِحْقَاقٍ يُعْطَى بِإِحْدَاهُمَا فَقَطْ فِي الأَظْهَرِ. (فَصْلٌ) يَجِبُ اِسْتِيعَابُ الأَصْنَافِ إِنْ قَسَمَ الإِمَامُ وَهُنَاكَ عَامِلٌ، وَإِلاَّ فَالْقِسْمَةُ عَلَى سَبْعَةٍ، فَإِنْ فُقِدَ بَعْضُهُمْ فَعَلَى الْمَوْجُودِينَ، وَإِذَا قَسَمَ الإِمَامُ إِسْتَوْعَبَ مِنَ الزَّكَوَاتِ الْحَاصِلَةِ عِنْدَهُ آحَادَ كُلِّ صِنْفٍ، وَكَذَا يَسْتَوْعِبُ الْمَالِكُ إِنْ اِنْحَصَرَالْمُسْتَحِقُّونَ فِالْبَلَدِ وَوَفَّى بِهِمُ الْمَالُ، وَإِلاَّ فَيَجِبُ إِعْطَاءُ ثَلاَثَةٍ، وَتَجِبُ التَّسْوِيَةُ بَيْنَ الأَصْنَافِ لاَ بَيْنَ آحَادِالصِّنْفِ، إِلاَّ أَنْ يَقْسِمَ الإِمَامُ

(وَمَنْ فِيهِ صِفَتَا اِسْتِحْقَاقٍ) هەر کەسێك بە دوو جۆر مافی زەکاتوەرگرتنی هەبو: وەك هەژار بێ‌و قەرزاداریش بێ، یان جەنگاوەری ڕێگای خودا بێ، ئەوە (يُعْطَى بِإِحْدَاهُمَا فَقَطْ) تەنها بە جۆرێکیان زەکاتی دەدرێتێ (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا.

جا بزانە: ئەوە لە حاڵەتێکدا بوو: کە لە یەك زەکات بە یەك جار بیدرێتێ، بەڵام ئەگەر لە دوو زەکات بیدرێتێ، یان لە یەك زەکات بە دوو جار بیدرێتێ، واتە: زەکاتەکەیەکەمی سەرف کردبو، ئینجا جاری‌دووەمیش لە هەمان زەکات درایێ، ئەو کاتە لە هەردوو حاڵەتدا دروستە بە هەردوو جۆر بیدرێتێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی بەشکردن‌و گواستنەوەی زەکات** ﴾

(يَجِبُ اِسْتِيعَابُ الأَصْنَافِ) واجبه: لـه زەکاتدانەکـه هـەر هەشت جۆرەکـان دابگرێتـەوەو بدرێته گشتیان (إِنْ قَسَّمَ الإِمَامُ وَهُنَاكَ عَامِلٌ) ئەگەر پێشەوای موسوڵمانان زەکاتەکه بەش بکاو کرێکاری زەکاتیشی هەبێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر کرێکار نەبێ (فَالْقِسْمَةُ عَلَى سَبْعَةٍ) ئـەو کاته بەشکردن بە سەر حەفت کەسانه (فَإِنْ فُقِدَ بَعْضُهُمْ) جا ئەگەر هەندێکیان نەبون، ئەو کاته (فَعَلَىالْمَوْجُودِينَ) بە سەر ئەوانەدا بەش دەکا: کە ئێستا هەنە.

(وَإِذَا قَسَمَ الإِمَامُ) جا هەر کاتێك پێشەوای موسوڵمانان زەکاتەکه بەش بکا (إِسْتَوْعَبَ مِـنَ الزَّكَوَاتِ الْحَاصِلَةِ عِنْدَهُ آحَادَ كُلِّ صِنْفٍ) واجبه: تاکـه تاکـەی گشت جۆرێك لـەو زەکاتـه دابگرێتەوە کە لە لایەتی (وَكَذَا يَسْتَوْعِبُ الْمَالِكَ) هەروەها واجبه: خاوەنەکەش گشتیان لـه زەکاتەکەی دابگرێتـەوە (إِنْ انْحَصَرَ الْمُسْتَحِقُّونَ فِىالْبَلَـدِ) ئەگـەر ئـەو کەسـانەی مـافی زەکاتەوەرگرتنیان هەیە لـەو شـارەدا سـەرژمێر بکـرێنو (وَوَفَّـى بِهِـمُ الْمَـالُ) زەکاتەکـەش بەروەستیان بکا (وَإِلاَّ) بـەڵام ئەگـەر زەکاتەکـه بەروەسـت نـەکا، یـان زەکاتەوەرگرەکـان سەرژمێر نەدەکران، ئەو کاته (فَيَجِبُ إِعْطَاءُ ثَلاَثَةٍ) واجبه لای کەمی زەکاتەکه بدرێته سێ کەسان لە هەر جۆرێك لەو هەشت جۆرانه.

(وَتَجِبُ التَّسْوِيَةُ بَيْنَ الأَصْنَافِ) واجبـه: بـە یەکسـانی زەکاتەکـه بداتـه هـەموو جۆرەکـان (لاَ بَيْنَ آحَادِ الصِّنْفِ) بەڵام واجب نیە: بە یەکسانی بیداتە تاکە تاکەی جۆرەکان، چونکه ئەندازەی پێویستیەکانیان لێك جیاوازە (إِلاَّ أَنْ يَقْسِمَ الإِمَامُ) مەگەر پێشەوای موسوڵمانان فَيَحْرُمُ عَلَيْهِ التَّفْضِيلُ مَعَ تَسَاوِى الْحَاجَاتِ، وَالأَظْهَرُ مَنْعُ نَقْلِ الزَّكَاةِ، وَلَوْ عُدِمَ الأَصْنَافُ فِى الْبَلَدِ وَجَبَ النَّقْلُ، أَوْ بَعْضُهُمْ وَجَوَّزْنَا النَّقْلَ وَجَبَ، وَإِلاَّ فَيُرَدُّ عَلَىالْبَاقِينَ، وَقِيلَ يُنْقَلُ،

زەکاتەکه بەش بکا، ئەو کاته (فَيَحْرُمُ عَلَيْهِ التَّفْضِيلُ) لە سەر وی حەرامە هەندێکیان لـه هەندێکیان زیاتریـان بـداتێ (مَـعَ تَسَـاوِىالْحَاجَاتِ) لەگـەڵ ئـەوەش کـه پێویسـتیەکانیان یەکسان بێ، بەڵام ئەگەر پێویستیەکانیان لێك جیاواز بن، ئەو کاتـه دروسـته بـەگوێرەی پێویستیەکانیان زەکاتیان بداتێ.

(وَالأَظْهَرُ) بە فەرمووەی بەهێزتر (مَنْعُ نَقْلِ الزَّكَاةِ)دروسـت نیـه زەکـات لـه شـوێنێکەوە بگوازرێتەوەو بدرێته زەکاتەوەرگرەکانی شوێنێکیتر، بەڵام (وَلَوْ عُدِمَ الأَصْنَافُ فِىالْبَلَـدِ) ئەگەر هیچ جۆرێکی زەکاتەوەرگرەکان لەو شارەدا نەبون، ئەو کاته (وَجَبَ النَّقْلُ) واجبـه: بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکیتر بدرێته زەکاتەوەرگرەکانی شوێنەکه.

(أَوْ بَعْضُهُمْ) یان هەندێك جۆری زەکاتەوەرگرەکان نەبونو (وَجَوَّزْنَا النَّقْلَ) لەو حاڵەتەشدا گواستنەوەکه دروست بکەین، ئەو کاتەش (وَجَبَ) گواستنەوەکه واجبه (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر بە فەرمووەی راستتر بڵێین: گواسـتنەوە دروسـت نیـه، ئـەو کاتـه (فَيُـرَدُّ عَلَىالْبَـاقِينَ) زەکاتەکه دووبارە دەدرێتەوە ئەوانـەی لـه شـوێنی زەکاتەکـەدا مـاون (وَقِيـلَ يُنْقَـلُ) لـه

فەرموودەیەکی بێهێزدا: دەگوازرێتەوە.
ئینجا بزانە: ئەگەر زەکاتوەرگرەکە دانیشتووی شوێنی زەکاتدانەکە نەبێ، بەڵکو لە شوێنێکیترەوە هاتبێو لێرە زەکات وەربگرێ، ئەوە دروستەو بە گواستنەوەی زەکات دانادرێ، هەروەك لە (مغنی)و (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.
دیسان بزانە: وەقفی سەر هەژاران ئەگەر دیاری نەکرابن، هەم وەسێتو کەفارەتو نەزر –جگە لە نەزری دیاریکراو بۆ شوێنێكو قوربانیینەزرکراو– ئەوانە دروستە بگواسترێنەوە بۆ شوێنێکیتر، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
﴿ ئاگاداری ﴾ یەکەم: چەند زانایەك فەرموویانە: دروستە زەکاتی سەرفیترە بدرێتە تەنها یەك کەس، زەکاتیماڵیش بدرێتە تەنها سێ کەس، هەروەك لە (تحفة)و(نهاية)دا فەرموویانە، بەڵکو لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا دروستە: زەکاتیسەرفیترەو زەکاتی ماڵیش بدرێتە تەنها یەك کەس، هەروەك لە (المجموع)و کتێبەکانیخۆیاندا فەرموویانە.
دووەم: لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)داو لە فەرموودەیەکی بێهێزی مەزهەبی(الشافعي)دا دروستە: زەکات بگوازرێتەوە، واتە: بۆ گەداو هەژارەکانی شوێنێکیتر بنێردرێ، هەروەك لە (المجموع)و کتێبەکانی(حنفی)دا ڕوون کراوەتەوە.
ئینجابزانە: ئەرکیگواستنەوەی زەکاتو هێنانی تا زەکاتوەرگرەکە وەریدەگرێ، لە سەر زەکاتدەرەکەیە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

وَشَـــرْطُ السَّـــاعِي: كَوْنُـــهُ حُـــرًّا عَـــ
فَـــإِنْ عُـــيِّنَ لَـــهُ أَخْـــذٌ وَدَفْـــعٌ لَـــمْ يُشْـــتَرَ

منهاج– بەرگیچوارەم–10

وَيُسَـنُّ وَسْـمُ نَعَـمِ الصَّـدَقَةِ وَالْفَـيْءِ فِـي مَوْضِـعٍ لاَ يَكْثُـرُ شَـعَرُهُ، وَيُكْـرَهُ فِالْوَجْـهِ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ يَحْرُمُ وَبِهِ جَزَمَ الْبَغَوِيُّ، وَفِي صَحِيحِ مُسلِمٍ لَعْنُ فَاعِلِهِ وَاللهُ أَعْلَمُ.

سێیەم: ئەگەر خاوەنەکە بە یەکێکی گوت: ئەم زەکاتە بە سەر هەژاراندا بەشی بکە. ئەوە دروست نیە هیچ بەشێك لەو زەکاتە بۆ خۆی دابنێ، هەم دروست نیە بۆ ئەوکەسانەش دابینێ: کە ئەرکی بەخێوکردنیانی لە سەرە، هەر چەند خاوەنەکەش ئیزنی بدا، بەڵام ئەگەر خاوەنەکە ئەندازەیەکی بۆ جیا بکاتەوە، ئەو کاتە دروستە ئەندازەکە بۆ خۆی وەربگرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا فەرموویانە.
(وَشَرْطُ السَّاعِي) مەرجی کرێکاری زەکات: (كَوْنُهُ حُرًّا عَدْلًا) دەبی ئازاد بێو دادپەروەر بێو (فَقِيهًا بِأَبْوَابِ الزَّكَاةِ) شەرعزان بێ لە باسەکانی زەکاتدا، بەڵام (فَإِنْ عُيِّنَ لَهُ أَخْذٌ وَدَفْعٌ) ئەگەر بۆ کرێکارەکە دیاری کرابو: زەکات لە کێ وەربگرێو بیداتە کێ، ئەو کاتە (لَمْ يُشْتَرَطِ الْفِقْهُ) شەرعزانی بە مەرج داناندرێ.
بەڵکو دروستە نەخوێندەوارو ئافرەتو کۆیلەش بکرێنە وەکیل بۆ زەکاتوەرگرتنو بۆ

زەکات بەشکردن، هەروەها دروستە منداڵیش بکرێتە وەکیل بۆ زەکات بەشکردن، هەروەک لە باسی (وەکیلایەتی)دا ڕابرا.

(وَلْيُعْلِمْ شَهْرًا لِأَخْذِهَا)سوننەتە پێشەوای موسوڵمانان مانگێک دیاری بکا بۆ وەرگرتنی زەکات (وَيُسَنُّ وَسْمُ نَعَمِ الصَّدَقَةِ وَالْفَيْءِ) سوننەتە: مەڕو ئاژەڵەکانیبتری زەکاتو (فَيْء) نیشاندار بکرێن، واتە: بە ئاسنێکی سورکراوە داغ بکرێن (فِي مَوْضِعٍ لاَ يَكْثُرُ شَعَرُهُ) لە ئەندامێکی لاشەیان کە مووی زۆر نەبێ: وەکو ڕانو گوێ (وَيُكْرَهُ فِي الْوَجْهِ) بەڵام لە ڕوخساردا ناپەسندە (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (الأَصَحُّ يَحْرُمُ) بە فەرموودەی ڕاستتر: داغکردنی ڕوخساری ئاژەڵ حەڕامە (وَبِهِ جَزَمَ الْبَغَوِيّ) ئیمامی (البغوي)ش فەرموویەتی حەڕامە، هەم (وَفِي صَحِيحِ مُسلِمٍ لَعْنُ فَاعِلِهِ) لە حەدیسێکدا کە (مسلم) گێڕاویەتیەوە: (پێغەمبەرﷺ بە لای گوێدرێژێکدا ڕابرد کە ڕوخساری داغ کرابو، فەرمووی: لەعنەت لەو کەسەی داغی کردوە). (وَاللهُ أَعْلَمُ).

﴿ پاشکۆ: لەبارەی خەساندنو ئاوسکردنی دەستکرد ﴾

بۆ گشت کەسێک دروستە: ئاژەڵەکانیان بە داغکردن نیشانە بکەن، هەر چەند زەکاتو (فَيْء)ش نەبن، هەروەها خەساندنی ئەو ئاژەڵەی گۆشتی دەخورێ لە حاڵەتی بچوکیدا دروستە، بەڵام لەحاڵەتی گەورەییدا دروست نیە، هەروەها خەساندنی ئەو ئاژەڵەی گۆشتی ناخورێ لە هیچ حاڵەتێکدا دروست نیە.

(فَصْلٌ) صَدَقَةُ التَّطَوُّعِ سُنَّةٌ، وَتَحِلُّ لِغَنِيٍّ وَكَافِرٍ، وَدَفْعُهَا سِرًّا وَفِي رَمَضَانَ،

ئینجا بزانە: ناپەسندە: کەر بپەڕێندرێتە سەر ماین، چونکە دەرهەق ئەو کارە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَفْعَلُ ذَلِكَ الَّذِينَ لاَيَعْلَمُونَ﴾ رواه أبوداود بسند صحيح، تەنها ئەو کەسانە ئەو کارە دەکەن کە نازانن. واتە: چونکە لەم پەڕاندنە هێستر دروست دەبێو ئەسپو ماین کەم دەبن، هەروەک لە سەرچاوەکاندا ناوەڕۆکی ئەو پاشکۆیە ڕوون کراوەتەوە.

هەم لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە: حەڕامە: ئەسپ بپەڕێندرێتە سەر مانگا، چونکە ئەندامەکەی ئەسپ گەورەیەو زیان لە مانگایەکە دەدا–واتە: نەک لە بەر ئەوەی ڕەگەزی جیایە– کەوابو: هەر پەڕاندنێک زیان بە مێیینە بگەیەنێ حەڕامە، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

ئەوەش وا ئەگەیەنێ: کە (التَّلْقِيحُ الإِصْطِنَاعي)–واتە: ئاوسکردنی ئاژەڵ لە ئاوی نێرەیەک بە ئامێرێکیدەستکرد– دروستە، بەو مەرجەی –ئەگەر بۆ گۆشت خواردن بێ– نێرەکەو مێیەکە هەردووکیان گۆشتیان بخورێ، چونکە هیچ زیان بە مێیەکە ناگاو نەژادیش لە ئاژەڵدا ڕەچاو ناکرێ، والله أعلم.

﴿ فَصْلٌ: له باسی خێرکردن ﴾

(صَدَقَةُالتَّطَوُّعِ) خێرکردن به مالێ (سُنَّةٌ) سوننەتێکی (مُؤَکَّدَة)یە، چونکە لە قوڕئانی پیرۆزو لە حەدیسەکانی پێغەمبەرداﷺ زۆر بایەخی پێدراوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بزانێ خێروەرگرەکە لە گوناهکاری سەرفی دەکا، ئەو کاتە حەرامە خێرەکەی بداتێ، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە، بەڵام (وَتَحِلُّ لِغَنِيٍّ وَكَافِرٍ) حەڵاڵە خێرەکەی بداتە دەوڵەمەندو کافر، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿فِي كُلِّ كَبِدٍرَطْبَةٍ أَجْرٌ﴾ رواه الشيخان، لە گشت خاوەن جەرگێکی تەڕدا پاداشتێك هەیە.

(وَدَفْعُهَا سِرًّا) بە نهێنی خێرەکە بداتە خێروەرگرەکە خێری گەورەترە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إلاَّ ظِلُّهُ...وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ﴾ رواه الشيخان، حەفت کەس هەنە خوای گەورە لە سێبەری خۆیدا دایاندەنێ لە ڕۆژی قیامەت کە جگە لە سێبەریخۆی هیچ سێبەرێکیتر نیە...یەکێکیشیان ئەو کەسەیە کە بە نهێنی خێرێکی کردبێو بە شێوەیەکی وەها بیشارێتەوە: کە چەپەکەی نەزانێ ڕاستەکەی چی دەبەخشێ. بەڵام زەکاتدان بە ئاشکرایی خێرترە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَ) هەروەها (فِي رَمَضَانَ) خێرکردن لە ڕەمەزاندا خێری زۆرترە، چونکە پێغەمبەرﷺ لە ڕەمەزاندا زۆر خێری دەکردن، هەروەك لە (پەڕتووکی ڕۆژوو)دا ڕوونمان کردەوە.

وَلِقَرِيبٍ وَجَارٍ أَفْضَلُ، وَمَنْ عَلَيْهِ دَيْنٌ أَوْ وَلَهُ مَنْ تَلْزَمُهُ نَفَقَتُهُ يُسْتَحَبُّ أَنْ لاَ يَتَصَدَّقَ حَتَّى يُؤَدِّيَ مَا عَلَيْهِ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ تَحْرِيمُ صَدَقَتِهِ بِمَا يَحْتَاجُ إِلَيْهِ لِنَفَقَةِ مَنْ تَلْزَمُهُ نَفَقَتُهُ أَوْ لِدَيْنٍ لاَ يَرْجُو لَهُ وَفَاءً وَاللهُ أَعْلَمُ، وَفِي اسْتِحْبَابِ الصَّدَقَةِ بِمَا فَضَلَ عَنْ حَاجَتِهِ أَوْجُهٌ، أَصَحُّهَا: إِنْ لَمْ يَشُقَّ عَلَيْهِ الصَّبْرُ

(وَلِقَرِيبٍ) هەروەها خێرکردن بە خزم خێری زۆر گەورەترە، چونکە دەرهەق خێرکردن بە خزم پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ﴿لَهُ أَجْرَانِ: أَجْرُالْقَرَابَةِ وَأَجْرُالصَّدَقَةِ﴾ رواه الشيخان، خێرکردن بە خزم دوو پاداشتی هەنە: پاداشتی خزمایەتیو پاداشتی خێرکردنەکە.

(وَجَارٍ أَفْضَلُ) هەروەها خێرکردن بە دراوسێ خێری گەورەترە لە کەسێکی کە دراوسێ نەبێ، چونکە خواو پێغەمبەرﷺ زۆر بایەخیان بە چاکەکردنی لە گەڵ دراوسێ داوە.

ئینجا سوننەتە باشترینو خۆشەویستترین شت بکاتە خێر، هەروەها چەند حەدیسێکیش دەرهەق ئاودان هاتون، بۆ نمونە: ﴿أَيُّمَا مُسْلِمٍ سَقَى مُسْلِماً عَلَى ظَمَأٍ سَقَاهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنَ الرَّحِيقِ الْمَخْتُومِ﴾ رواه أبوداود بإسنادجيد، هەر موسوڵمانێك ئاو بداتە موسوڵمانێکی تێنوو، خوای گەورە لە شەڕابە مۆرکراوەکەی بەهەشت ئاوی دەدا.

(وَمَنْ عَلَيْهِ دَيْنٌ) هەرکەسێك قەرزێکی لە سەر بێ، جا قەرزی خوا بێ: وەکو

زەکاتو کەفارەت، یان قەرزی ئادەمیزاد بێ (أَوْ وَلَهُ مَنْ تَلْزَمُهُ نَفَقَتُهُ) یان کەسێکی وەهای هەبێ: کە بەخێوکردنیی لە سەر واجب بێ: وەکو دایکو باوکو ژنو منداڵەکانی، ئەوە لە هەردوو حاڵەتدا (يُسْتَحَبُّ أَنْ لاَ يَتَصَدَّقَ) وەها سوننەتە: هیچ شتێك نەکاتە خێر (حَتَّى يُؤَدِّيَ مَاعَلَيْهِ) تا ئەو قەرزەو ئەو بەخێوکردنەی لە سەریەتی بە تەواوی دەیدا.

بەڵام (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (اَلأَصَحُّ) بە فەرمووەی پاستتر (تَحْرِيمُ صَدَقَتِهِ بِمَا يَحْتَاجُ إِلَيْهِ) حەرامە ئەو شتە بکاتە خێر: کە پێویستیی پێ هەیە (لِنَفَقَةِ مَنْ تَلْزَمُهُ نَفَقَتُهُ) بۆ بەخێوکردنی ئەو کەسەی بەخێوکردنیی لە سەر واجبە (أَوْ) یان پێویستیی پێ هەیە (لِدَيْنٍ لاَيَرْجُو لَهُ وَفَاءً) بۆ قەرز ێکی وەها: کە جگە لەئەوەندە شتە تەمای بە هیچیتر نەبێ قەرزەکەی پێ بداتەوە، چونکە دانەوەیقەرز واجبە، خێرکردنیش سوننەتە (وَاللهُ أَعْلَمُ) هەم پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْماً أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَمْلِكُ قُوتَهُ﴾ رواه مسلم، ئەوەندە گوناهە بۆ سزادانی مرۆڤ بەسە: بەخێوکردنی ئەوکەسە پابگرێ کە بەخێوکردنی لە ئەستۆیەتی.

(وَفِي اِسْتِحْبَابِ الصَّدَقَةِ) لەبارەی خێرکردن (بِمَا فَضَلَ عَنْ حَاجَتِهِ) بە گشت ئەوشتەی کە لە پێویستی خۆیو منداڵەکانی زیادە (أَوْجُهٌ) چەند فەرمووەیەك هەنە (أَصَحُّهَا) لە هەمووانیان پاستتر: (إِنْ لَمْ يَشُقَّ عَلَيْهِ الصَّبْرُ) ئەگەر خۆپاگرتنی لە سەر نەبوونی لە لای اُسْتُحِبَّ، وَإِلاَّ فَلاَ.

زەحمەت نەبێ، ئەوە (اُسْتُحِبَّ) سوننەتە گشت مالّە زیادەکەی بکاتە خێر، چونکە (ئیمامی (أبوبکرﷺ) جارێك هەموو مالّیخۆی کردە خێر، پێغەمبەریشﷺ لێی قبوڵ کرد). هەروەك (الترمذی) گێڕاویەتەوە.

(وَإِلاَّ فَلاَ) بەڵام ئەگەر لە سەر نەبوونی خۆی پێپانەدەگیرا ئەو کاتە (فَلاَ) سوننەت نیە، بەڵکو ناپەسندە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿خَيْرُالصَّدَقَةِ مَاكَانَ عَلَى ظَهْرِغِنًى وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ﴾ رواه الشيخان، چاکتر خێرکردن ئەوەیە لە سەر دەوڵەمەندی بێو پێویستیی پێ نەبێ، پێشدا مافی ئەو کەسانە بدە: کە بەخێوکردنیان لە ئەستۆی تۆیە.

﴿ **پاشکۆ** ﴾: سوننەتە هەموو ڕۆژێك خێرێك بکا، هەر چەند کەمیش بێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ﴾ هەر کەسێك بە گرانایی زەرەیەك خێرێك بکا لە ڕۆژی قیامەت دەیبینێ. هەروەها سوننەتە خێرەکەشی بداتە هەژارو پیاوچاکان، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيَأْكُلْ طَعَامَكَ إِلاَّ تَقِيٌّ﴾ رواه أبوداود بسندصحيح، هیچ کەسێك خواردەمەنی تۆ نەخوا تەنها مرۆڤی لە خواترس نەبێ.

هەروەها ئەو خێرانەی بەردەوامنو سودەکەیان گشتیيە لە هەموو خێرێك گەورەترن: وەك

(وَقف)کردنو ئاوی خێرات، هەم پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيَغْرِسُ الْمُسْلِمُ غَرْساً فَيَأْكُلُ مِنْـهُ إِنْسَـانٌ وَلاَ دَابَّـةٌ وَلاَ شَـيْءٌ إِلاَّ كَـانَ لَـهُ صَـدَقَةٌ إِلـىَ يَـوْمِ الْقِيَامَـةِ﴾ رواه مسـلم، هـەر موسوڵمانێك درەختێك بچێنێ-بڕوێنێ، جا هەر ئادەمیزادێكو هەر ئاژەڵێكو هەر شتێكیتر لەو درەختە بخوا، ئەوە بۆ داچێنەكە دەبێتە خێر تا ڕۆژی قیامەت.

ئینجا ئەو كەسەی خێرەكەی دەدرێتێ سوننەتە: دوعای چاك بۆ خێركەرەكە بكا، چونكە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿مَنْ صُنِعَ إِلَيْهِ مَعْرُوفٌ فَقَالَ لِفَاعِلِهِ: جَزَاكَ اللهُ خَيْراً. فَقَدْ أَبْلَغَ فِي الثَّنَاءِ﴾ رواه الترمذی بسند صحیح، هەركەسێك چاكەیەكی لەگەڵ كرا، ئینجا ئەویش بە چاكەكەرەكەی گوت: خوا پاداشتی چاكەت بداتـەوە. ئـەوە بەڕاسـتی سوپاسـێكی زۆری كردوە. بەڵام حەڕامە: خێركەرەكەش منەت بكاو ئـازاری ئـەو كەسـە بـدا كـە خێرەكـەی داوەتێ، یان كارێكی پێبكا، چونكە بەو ڕەفتارانـە خێرەكـەی دەسـڕێتەوەو نانووسـرێ، خوایگـەورە دەفـەرموێ: ﴿لاتُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى﴾ خێرەكانیخۆتـان بـە منەتكردنو ئازاردان بەتاڵ مەكەنەوە.

هەروەها پێویستە بە دوای هەر گوناهێكدا خێرێك، یان چاكەیەكیتر بكـا، چـونكە خـوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ بەڕاستی چاكەكان خراپەكان لادەبەن. دیسان بزانە: حەڕامە بە خاتریخوا لە خەڵك بپارێتەوە، حەڕامە خۆی سوك بكاو دەرۆزە

(كِتَابُ النِّكَاحِ)

هُوَ مُسْتَحَبٌّ لِمُحْتَاجٍ إِلَيْهِ يَجِدُ أُهْبَتَهُ، فَإِنْ فَقَدَهَا اُسْتُحِبَّ تَرْكُهُ

بكا، بەڵام ئەگەر كەسێك لەخۆیەوە شتێكی بداتێ، ئەو كاتە با وەریبگرێ، هـەروەك لـە حەدیسێكی(صـحیح)دا هـاتوە، هـەروەها لـە بـارەی خێركـردنو چـۆنیەتیو سـودەكانی خێركردن چەند حەدیسێكیتر هەنە لەبەر دڕێژی نەماننوسـین، پێویسـتە لـە كتێبـەكانی حەدیس لێیان ئاگادارین، وَصَلَّىاللهُ وَسَلَّمَ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

﴿ كِتَابُ النِّكَاحِ: ئەمەیە پەرتوكی ژن مارەكردن ﴾

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَنْكِحُواالأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ ژن بـۆ پیـاوە بێژنـەكانتان بێـنو ژنـە بێمێردەكانتان بدەنە شوو، هەم كۆیلەو جاریـە سالحەكانیشـتان، ئەگـەر ژنو پیاوەكـان هەژار بن، خوایگەورە لە گەورەیخۆی دەوڵەمەندیان دەكا. واتە لە ترسی بـەخێوكردن واز لە ژن هێنانو مێردكردن مەهێنن. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿أَرْبَعٌ مِنْ سُنَنِ الْمُرْسَلِينَ: اَلْحَيَاءُ وَالتَّعَطُّرُ وَالسِّوَاكُ وَالنِّكَاحُ﴾ رواه أحمد والترمذی بسند حسن، چوار سیفەت پەوشتی پێغەمبەرانن عليهم الصلاة والسلام: شەرم كردنو خۆ بۆنخۆشكردنو سیواك كـردنو ژن هێنـان.

جگـه لەوانـەش چـەند ئایـەتو حەدیسـێکیتر لـەبارەی ژن هێنـان هـاتون پێویسـتە لـە کتێبەکانی حەدیسدا بیانخوێنیـەوە، چـونکە ژن هێنـان تاکـە خواپەرستیەکە–لـە دوای ئیمان– کە لە سەردەمی باب (آدَم)ەوەو تا لە بەهەشتیشدا بەردەوامە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(هُوَ) ژن هێنان (مُسْتَحَبٌّ) سوننەتێکی زۆر خۆشەویستە (لِمُحْتَاجٍ إِلَيْـهِ) بـۆ ئـەو پیـاوەی پێویستی بە ژن هێنان هەیە: وەك حەزی بۆ جیماع بچێ، بەو مەرجەی (يَجِدُ أُهْبَتَهُ) ئەرکی ژن هێنـانی دەست بکـەوێ: وەك مـارەییو جـلو بـەرگی وەرزەکـەی بـوك گواستنەوە، هەرچەند هـەژاریش بـێ، بـە بەڵگـەی ئایەتەکـەیڕابردوو. پێغەمبـەریشﷺ دەفـەرموێ: ﴿يَامَعْشَرَالشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ﴾ رواه الشيخان، هۆ کۆمـەڵی لاوەکـان هـەر کەسێك لـە ئێوە توانای ژن هێنانی هەبو بـا ژن بهێنـێ، چـونکە ژن هێنـان باشـتر چـاوی لـە حـەرام دەنوقێنێو باشتر دامێنی لە حەرام دەپارێزێ، وە هەر کەسێکیش توانای نەبو، با بەڕۆژوو ببێ، چونکە ڕۆژوو–وەك خەساندن– شەهوەتەکەی دەبڕێ.

(فَإِنْ فَقَدَهَا) جا ئەگەر پیاوەکە ئەرکی ژن هێنانی نەبو (اُسْتُحِبَّ تَرْكُهُ) سوننەتە: واز لە ژن هێنـان بێنـێ تـا ئـەرکی ژن هێنـانی دەسـت دەکـەوێ، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: وَيَكْسِـــرُ شَـــهْوَتَهُ بِالصَّـــوْمِ، فَـــإِنْ لَـــمْ يَحْـــتَجْ كُـــرِهَ إِنْ فَقَـــدَ الأُهْبَـــةَ، وَإِلاَّ فَـلاَ لَكِـنِ الْعِبَـادَةُ أَفْضَـلُ، قُلْـتُ: فَـإِنْ لَـمْ يَتَعَبَّـدْ فَالنِّكَـاحُ أَفْضَـلُ فِالأَصَـحِّ، فَـإِنْ وَجَدَ الأُهْبَةَ وَبِهِ عِلَّةٌ كَهَرَمٍ أَوْ مَرَضٍ دَائِمٍ أَوْ تَعْنِينٍ كُرِهَ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَيُسْتَحَبُّ دَيِّنَةٌ

﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لايَجِدُونَ نِكَاحاً حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ ئـەو کەسـانەی ئـەرکی ژن هێنانیان دەست ناکەوێ با خۆیـان بـە داوێنپـاکی ڕابگـرن تـا خـودا لـە گـەورەیی خـۆی دەوڵەمەندیان دەکا، واتە: ئەرکی ژن هێنانیان دەداتێ.

کـەوابو: (وَيَكْسِـرُ شَـهْوَتَهُ بِالصَّـوْمِ) لـەو ماوەیـەدا پیاوەکـە حەزبۆچـوونیجیماعی بـە ڕۆژووگرتن دەشکێنێ، بـە بەڵگـەی حەدیسـەکەیڕابردوو، بـەڵام ناپەسـندە: بـە دەرمـان شەهوەتەکەی بشکێنێ، بەڵکو ئەگـەر بـە یـەکجاری شـەهوەتەکەی بشـکێنێ، ئـەو کاتـە حەڕامەو گوناهبار دەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(فَإِنْ لَمْ يَحْتَجْ) جا ئەگەر پێویستی بە ژن هێنان نەبو، واتە: حەزی بۆ جیماع نەدەچو، ئەو کاتە (كُرِهَ إِنْ فَقَدَ الأُهْبَةَ) ناپەسندە ژن بهێنێ ئەگەر ئەرکی ژن هێنانی نەبێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر پێویستی بە ژن هێنان نەبو و ئەرکی ژن هێنانیشی هەبو، ئەو کاتە (فَلاَ) ناپەسند نیە (لَكِنِ الْعِبَادَةُ أَفْضَلُ) بەڵام لەو حاڵەتەدا خواپەرستی خێرترە لە ژن هێنانەکە.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (فَإِنْ لَمْ يَتَعَبَّدْ) ئەگەر خواپەرستی نەدەکرد، ئەو کاتە (فَالنِّكَاحُ أَفْضَلُ) ژن هێنانەکە خێرترە (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، نەوەک توشی بێشەرعی ببێ (فَإِنْ وَجَدَ الأُهْبَةَ) جا ئەگەر ئەرکی ژن هێنانی هەبوو، بەڵام (وَبِهِ عِلَّةٌ) لە سەرەتاوە نەساغیەکی هەبو: (كَهَرَمٍ) وەکو پیری (أَوْ مَرَضٍ دَائِمٍ) یان نەخۆشیەکی بەردەوام (أَوْ تَعْنِينٍ) یان نەمێردی، واتە توانای جیماعکردنی نەبێ، ئەو کاتە (كُرِهَ) ناپەسندە: ژن بهێنێ، چونکە پێویستیی نیەو ژنەکەشی داوێنپاک ناکاو سەر دەکێشێتە لای بێشەرعی (وَاللهُ أَعْلَمُ).

ئینجا بزانە: ئەو بڕیارانەی‌ڕابردوو—جگە لە بەرژوو بوون— گشتی لە ئافرەتیشدا ڕەچاو دەکرێن، کەواتە: ئەگەر حەزی لە جیماع بوو، یان پێویستی بە بەخێوکردنی‌خۆی هەبوو، یان دەترسا بێناموسەکان تووشی ببن، لەو حاڵەتانەدا سوننەتە شوو بکا، بەڵام ئەگەر ئەو پێویستیانەی نەبنو بشزانێ ئەرکی مێردەکەی پێ جێبەجێ ناکرێ، ئەو کاتە حەڕامە شوو بکا، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

﴿ سیفەتەکانی ژن و مێردی باش ﴾

(وَيُسْتَحَبُّ دَيِّنَةٌ) سوننەتە: ژنێکی ئایین پەرەوەرو خواپەرست بهێنێ، چونکە ئایینەکەی ڕێگەی خیانەتو بێناموسی‌و لە فەرماندەرچوونی لێدەگرێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: بِكْرٌ نَسِيبَةٌ لَيْسَتْ قَرَابَةً قَرِيبَةً.

﴿تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَلِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَداكَ﴾ رواه الشيخان، بۆ چوار مەبەست ژن مارە دەکرێ: بۆ مالّەکەی‌و بۆ خزمەکانی‌و بۆ جوانیەکەی‌و بۆ ئایینەکەی، جا ئەتۆ خاوەن ئایینەکە بگرە، ئەگەر وانەکەی هەژار ببی.

ئینجا بزانە: لەبارەی ئافرەتی نوێژنەکەر دوو فەرموودەی جیاواز هەنە، بۆیێ لە فەرموودەیەکدا: هێنانی ژنێکی جولەکە، یان دیان باشترە لە هێنانی ژنێکی نوێژنەکەر، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

(بِكْرٌ) سوننەتە: ژنێکی کچ بهێنێ، پێغەمبەرﷺ بە (جابر)ی فەرموو: ﴿هَلاَّ بِكْراً تُلاَعِبُهَا وَتُلاَعِبُكَ﴾ رواه الشيخان، بریا ئەو ژنەی هێناوتە کچ بوایە تاکو گەمەی لەگەڵ بکەی‌و گەمەت لەگەڵ بکا. جگە لە مەش کچ لە بێوەژن بێفێڵترەو قسەی خۆشترەو بە مەسرەفی کەمو بە جیماعیکەم ڕازیترە.

(نَسِيبَةٌ) هەم نەژادێکی پاکو بە شەرەفی هەبێ، بە بەڵگەی حەدیسەکەی چوار سیفەتی‌ڕابردوو (لَيْسَتْ قَرَابَةً قَرِيبَةً)خزمێکی نزیک نەبێ، چونکە بە هۆی شەرمی خزمایەتی شەهوەتەکەیان بێهێز دەبێو دەبێتە هۆی بێهێزبوونی مندالّەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

منداڵێکی ڕێزدار دەبێ، چونکە لە هەر دوو لایەوە تەبیعەتی بنەماڵەکەی تێدا کۆ دەبێتەوە.
هەروەها سوننەتە: لەو جۆرە ژنانە بێ: کە بە زۆری زاوزگ دەکەن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ فَإِنِّی مُکَاثِرٌ بِکُمُ الأُمَمَ﴾ رواه أبوداود وصححه الحاکم، ئەو جۆرە ژنە مارە بکەن کە میردی خۆی زۆر خۆش دەوێ و بە زۆری منداڵی دەبن، چونکە من شانازی بە زۆریی ئێوە لە سەر ئوممەتانیتر دەکەم. جا بزانە: ئەم سیفەتە بە هۆی دایک و خوشک و خزمەکانی کچەکە دەزاندرێ.
هەروەها سوننەتە: مارەییەکەی کەم بێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿أَعْظَمُ النِّسَاءِ بَرَکَةً أَیْسَرُهُنَّ مُؤْنَةً﴾ صححه الحاکم، لە هەموو ژنەکان بە پیت و بەرەکەتتر ئەو ژنانەن کە مارەییو مەسرفیان سوک و ئاسانە. هەروەها سوننەتە: ژنەکە بە دڵی خۆی بێ، واتە: لە بەرچاوی خۆی جوان و دڵگیر بێ، چونکە لە بارەی ژنیباش پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ﴿خَیْرُالنِّسَاءِ الَّتِی تَسُرُّهُ إِذَا نَظَرَ وَتُطِیعُهُ إِذَا أَمَرَ ولاَ تُخَالِفُهُ فِی نَفْسِهَا وَلاَ مَالِهَا بِمَا یَکْرَهُ﴾ رواه أصحاب السنن بسند صحیح، باشترین ژن ئەوەیە: هەر کاتێک میردەکەی تەماشای بکا دڵخۆشی بکا—واتە: لەگەڵ میردەکەی ڕوخۆش و بە زەردەخەنە بێ و ڕازاوە و پاک و خاوێن بێ— هەم هەر کاتێک فەرمانیشی پێبکا فەرمانەکەی جێبەجێ بکا و لە خودی خۆی و لە ماڵی میردەکەشدا خیانەت نەکا. واتە: بێناموسیی و دزی نەکا.
وَإِذَا قَصَدَ نِکَاحَهَا سُنَّ نَظَرُهُ إِلَیْهَا قَبْلَ الْخِطْبَةِ وَإِنْ لَمْ تَأْذَنْ، وَلَهُ تَکْرِیرُ نَظَرِهِ، وَلاَ یَنْظُرُ غَیْرَ الْوَجْهِ وَالْکَفَّیْنِ، وَیَحْرُمُ نَظَرُ فَحْلٍ بَالِغٍ إِلَی عَوْرَةِ حُرَّةٍ کَبِیرَةٍ أَجْنَبِیَّةٍ

ئینجا بزانە: هەروەک بۆ پیاوکە سوننەتە: ئەو سیفەتانەی ڕابردوو لە ژنەکەدا ڕەچاو بکا، ئەوهاش بۆ ژنەکەو بۆ (وَلِی)یەکەی سوننەتە: ئەو سیفەتانە لە میردەکەدا ڕەچاو بکەن، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

﴿ باسی (نَظَر)=تەماشاکردنی ئافرەت و پیاو ﴾

پێشەکی بزانە: تەماشاکردنی یەکتریی ئافرەت و پیاو سێ بڕیاری هەنە: سوننەتە، حەڕامە، حەڵاڵە. جا لەبارەی تەماشاکردنی سوننەت دەفەرموێ (وَإِذَا قَصَدَ نِکَاحَهَا) هەر کاتێک ویستی ژنێک بۆ خۆی مارە ببڕێ (سُنَّ نَظَرُهُ إِلَیْهَا) سوننەتە: تەماشای ژنەکە بکا (قَبْلَ الْخِطْبَةِ) پێش داخوازیکردنی (وَإِنْ لَمْ تَأْذَنْ) هەرچەند ژنەکەو وەلیەکەشی ئیزنی نەدەن، هەروەها لە دوای داخوازیش دروستە: تەماشای بکا، چونکە پێغەمبەرﷺ ئیزنی داوە، بە بەڵگەی ﴿عَنِ المغیرةﷺ: أَنَّهُ خَطَبَ اِمْرَأَةً، فَقَالَ لَهُ النَّبِیُّﷺ: أُنْظُرْ إِلَیْهَا فَإِنَّهُ أَحْرَی أَنْ یُؤْدَمَ بَیْنَکُمَا﴾ رواه الترمذي وحسنه، پێغەمبەرﷺ بە (المغیرة)ی فەرموو: ئەو ژنەی داخوازت کردوە تەماشای بکە، چونکە ئەو تەماشاکردنە باشتر دەبێتە هۆی بەردەوامی

خۆشەویستی لە نێوانتاندا.
(وَلَهُ تَكْرِيرُ نَظَرِهِ) بۆی دروستە زیاتر لە سێ جاریش تەماشای بکا، تا دڵی جێگیر دەبێ و قەناعەتی تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر بە یەك جار قەناعەتی تەواو بوو، ئەو کاتە حەڕامە دوو جار تەماشای بکا.
(وَ) هەروەها (لاَ يَنْظُرُ غَيْرَ الْوَجْهِ وَالْكَفَّيْنِ) جگە لە ڕوو و هەردوو لەپەدەستەکانی نابێ تەماشی هیچ شوێنێکیتری بکا، چونکە جوانیی لە ڕووەکەی دیارەو قەڵەوی و نەرم و تۆڵی لاشەکەشی لە لەپەدەستەکانی دیارە. ئینجا ئەگەر نەگونجا بەخۆی تەماشای بکا، ئەو کاتە سوننەتە: ژنێکی مەحەرەمی خۆی بنێرێ لە جیاتیی تەماشای بکا، ئینجا بۆی باسی جوانیو قەڵەویەکەی بکا، جا ئەگەر ژنەکەی بە دڵ نەبو، سوننەتە بێدەنگ بێو عەیبەکانی نەڵێ، هەم نەڵێ: نامەوێ. چونکە دڵشکاندنی تێدایە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
هەروەها بۆ ئافرەتەکەی داخوازکراویش سوننەتە: تەماشای هەموو لاشەی پیاوە داخوازکەرەکە بکا–جگە لە عەورەتەکەی– هەروەك لە (مغنی)و (الشروانی)دا فەرموویانە.
هەروەها لەبارەی تەماشاکردنی حەڕام دەفەرموێ (وَيَحْرُمُ نَظَرُ فَحْلٍ بَالِغٍ) حەڕامە: نێرێکی بالغو عاقڵ تەماشا بکاتە (إِلَى عَوْرَةِ حُرَّةٍ كَبِيرَةٍ أَجْنَبِيَّةٍ) عەورەتی ئافرەتێکی گەورەی بێگانە، هەرچەند شەهوەتیشی نەجوڵێو لە بێشەرعیش نەترسێ.
وَكَذَا وَجْهِهَا وَكَفَّيْهَا عِنْدَ خَوْفِ فِتْنَةٍ، وَكَذَا عِنْدَ الأَمْنِ عَلَىالصَّحِيحِ،

جا بزانە: مەبەست بە بێگانە ئەو ئافرەتەیە: کە مارەیی لێبڕێ: ئێستا، یان لەمەودوا، هەم مەبەست بە عەورەتیئافرەت: هەموو لاشەیەتی–جگە لە ڕوو و لەپەدەستەکانی– هەروەك لە باسی نوێژدا ڕابرا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ﴾ بە پیاوە ئیمانداەکان بڵێ: چاوەخۆیان بنوقێنن لە تەماشاکردنی حەڕامو دامێنیخۆیان بپارێزن لە حەڕام بە کاری نەهێنن.
(وَكَذَا وَجْهِهَا وَكَفَّيْهَا) هەروەها حەڕامە تەماشا بکاتە ڕوو و لەپەدەستەکانی ئافرەتی بێگانە (عِنْدَ خَوْفِ فِتْنَةٍ) ئەگەر لە ڕودانی بێشەرعیەك بترسێ، بە (إجماع) زانایانی ئیسلام (وَكَذَا عِنْدَالأَمْنِ) هەروەها ئەگەر لە ڕودانی بێشەرعیش نەترسێو دەماریشی هەڵنەستێ، هەر حەڕامە تەماشای لەپەدەستو ڕووی ئافرەتی بێگانە بکا (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست ﴿عَنْ اِبْنِ عَبَاسٍ رضي الله عنهما: كَانَ الْفَضْلُ رَدِيفَ النَّبِيِّ ﷺ فَجائَتْ اِمْرَأَةٌ مِنْ خَثْعَمَ، فَجَعَلَ الْفَضْلُ يَنْظُرُ إِلَيْهَا وَتَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَجَعَلَ النَّبِيُّ ﷺ يَصْرِفُ وَجْهَ الْفَضْلِ إِلَىالشِّقِّ الآخَرِ...وَذَلِكَ فِحَجَّةِالْوَداعِ﴾ رواەالشیخان، لە حەجیمالئاوایدا (فضل) لە پشت پێغەمبەر ﷺ سواری وولاغ بوبو، جا ئافرەتێك هات، (فضل)ش تەماشای ئافرەتەکەی دەکردو ئافرەتەکەش

تەماشای(فضل)ی دەکرد، جا پێغەمبەرﷺ پووی (فضل)ی دەبردە لایەکەیتر تاکو تەماشای ئافرەتەکە نەکا. واتە: چونکە حەرامە پیاو تەماشای پووی ئافرەتێبێگانە بکا.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: هەر ئافرەتێك بزانێ پیاوی بێگانە تەماشای دەکا، واجبە: پووی خۆی داپۆشێ، ئەگەر نا: دەبێتە یارمەتیدەری بێگانەکە لەو گوناهەداو گوناهبار دەبێ، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾...إلى آخرالآية، بە ژنە ئیماندارەکان بڵێ: جوانی خۆیان بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا نەکەن، تەنها بۆ مێردیخۆیان، یان بۆ باوکیخۆیان، یان باوکی مێردەکەیان...تا کۆتایی مەحرەمەکان. هەم ﴿عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِىبَكْرٍرضي الله عنهما: كُنَّا نُغَطِّى وُجُوهَنَا مِنَ الرِّجَالِ...﴾ الحديث رواه الحاكم–فىالحج–على شرط البخاري ومسلم، (أسماء) دەفەرموێ: لە سەردەمی پێغەمبەرﷺ پووی خۆمان دادەپۆشی لە پیاوانی بێگانە.

جا شتێکی ئاشکرایە پوخساریئافرەت جوانترین ئەندامیەتی، کەوابو: واجبە: ئەو جوانیەی لە پیاویبێگانە بشارێتەوە، چونکە تازە ڕابرا: کە–بە فەرموودەیڕاست– حەرامە: تەماشای پوخساری ئافرەتێبێگانە بکا، هەرچەند دەماریشی هەڵنەستێ.

جا ئەو فەرموودە ڕاستە بەوەش بەهێزتر دەبێ: کە (إمام الحرمين) دەفەرموێ: زانایانی ئیسلام یەکدەنگن: کە بۆ کاربەدەست دروستە: ئافرەتان قەدەغە بکا لەوەی بە پووی وَلاَ يَنْظُرُ مِنْ مَحْرَمِهِ بَيْنَ سُرَّةٍ وَرُكْبَةٍ، وَيَحِلُّ مَا سِوَاهُ، وَقِيلَ مَا يَبْدُو فِالْمِهْنَةِ فَقَطْ، وَالأَصَحُّ حِلُّ النَّظَرِ بِلاَ شَهْوَةٍ إِلَىالأَمَةِ إِلاَّ مَا بَيْنَ سُرَّةٍ وَرُكْبَةٍ، وَإِلَى صَغِيرَةٍ إِلاَّ الْفَرْجَ، وَأَنَّ نَظَرَ الْعَبْدِ إِلَىسَيِّدَتِهِ وَنَظَرَ مَمْسُوحٍ كَالنَّظَرِ إِلَى مَحْرَمٍ، وَأَنَّ الْمُرَاهِقَ كَالْبَالِغِ،

دانەپۆشراو لە مالا بێنە دەرەوە، هەم تەماشاکردنی ئافرەتێبێگانەش لەوانەیە دەماری پیاو دەجوڵێنێو مەترسی بێشەرعیی لێدەکرێ، کەوابو: لە شەرعدا وا جوانە دەرگەی تەماشاکردنی حەرام بە یەکجاری دابخرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَاظَهَرَ مِنْهَا﴾ بە ئافرەتان بڵێ: جوانی خۆیان ئاشکرا نەکەن تەنها ئەو جوانیە نەبێ: کە ئاشکرا دەبێ. مەبەست ئەوەیە: کە عادەتە لە کاتی کارکردنو پێویستیەکانیتردا ئاشکرا دەبێ، هەروەك لە (تفسير)ەکاندا ڕاڤە کراوە.

(وَلاَ يَنْظُرُ مِنْ مَحْرَمِهِ بَيْنَ سُرَّةٍ وَرُكْبَةٍ) نابێو حەرامە: پیاو تەماشای نێوان ناوکو ئەژنۆی ئافرەتە مەحرەمەکانیخۆی بکا، واتە: ئەو ئافرەتانەی بە یەکجاری مارەیان لێناێ، بەڵام (وَيَحِلُّ مَاسِوَاهُ) حەڵاڵە: تەماشای شوێنەکانیتری–جگە لە نێوان ناوکو ئەژنۆ– بکا، بەو مەرجەی شەهوەتی نەجوڵێ (وَقِيلَ مَا يَبْدُو فِىالْمِهْنَةِ فَقَطْ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا:

دروستە تەماشای تەنها ئەو شوێنانەبکا: کە لە کاتی کارکردن بەدەرکەون.
(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستتر (حِلُّ النَّظَرِ بِلاَ شَهْوَةٍ إِلَىالأَمَةِ) حەڵاڵە بە بێشەهوەت تەماشای ئافرەتی کۆیلە بکا (إِلاَّ مَا بَيْنَ سُرَّةٍ وَرُكْبَةٍ) تەنها نێوان ناوکو ئەژنۆی نەبێ (وَإِلَى صَغِيرَةٍ) هەروەها دروستە تەماشای کیژۆڵەیەکی بچکۆڵە بکا، واتە: ئەوەندە بچوک بێ: پیاو حەزی لێنەکاو شەهوەتی بۆ نەجوڵێ (إِلاَّ الْفَرْجَ) بەڵام دروست نیە تەماشای ئەندامی میزکردنی کیژۆڵە بچوکەکە بکا (وَ) هەر بە فەرموودەی ڕاستتر (أَنَّ نَظَرَ الْعَبْدِ إِلَى سَيِّدَتِهِ) تەماشاکردنی کۆیلە بۆ ئافرەتە گەورەکەیخۆیو هەم (وَنَظَرَ مَمْسُوحٍ) تەماشکاکردنی ئەو پیاوەی گوێو ئەندامی میزکردنی گشتی لێکراونەوەو دڵی بۆ ئافرەتان ناچێ (كَالنَّظَرِ إِلَى مَحْرَمٍ) وەک تەماشاکردنی پیاوی مەحەڕەمە بۆ ئافرەتە مەحڕەمەکەیخۆی.
﴿ **ئاگاداری** ﴾: هەر تەماشاکردنێک بە شەهوەت بێ، یان مەترسی بێشەرعیی لێبکرێ، گشت ئافرەتێکی مەحڕەمو نامەحڕەم دەگرێتەوە، جگە لە ژنەکەیخۆیو جاریەکەیخۆی، هەروەها گشت شتێکی بێگیانیش دەگرێتەوە، کەواتە: بە شەهوەتەوە تەماشاکردنی گشت شتێک حەڕامە، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.
(وَ)هەر بە فەرموودەی ڕاستتر (أَنَّ الْمُرَاهِقَ) ئەو منداڵەی لە بلۆغبوون نزیک بۆتەوەو شەهوەتی دەجوڵێ (كَالْبَالِغِ) وەکو پیاویبالغ بڕیاری بۆ دەدرێ، واتە: واجبە سەرپەرشتکارەکەی لە تەماشاکردنیحەڕام قەدەغەی بکا، هەم واجبە وَيَحِلُّ نَظَرُ رَجُلٍ إِلَى رَجُلٍ إِلاَّ مَا بَيْنَ سُرَّةٍ وَرُكْبَةٍ، وَيَحْرُمُ نَظَرُ أَمْرَدَ بِشَهْوَةٍ، قُلْتُ: وَكَذَا بِغَيْرِهَا فِيالأَصَحِّ الْمَنْصُوصِ، وَالأَصَحُّ عِنْدَالْمُحَقِّقِينَ أَنَّ الأَمَةَ كَالْحُرَّةِ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَالْمَرْأَةُ مَعَ اِمْرَأَةٍ كَرَجُلٍ وَرَجُلٍ، وَالأَصَحُّ تَحْرِيمُ نَظَرِ ذِمِّيَّةٍ إِلَى مُسْلِمَةٍ، وَجَوَازُ نَظَرِ الْمَرْأَةِ إِلَى بَدَنِ أَجْنَبِيٍّ سِوَى مَا بَيْنَ سُرَّتِهِ وَرُكْبَتِهِ

ئافرەتینامەحڕەمیش خۆی لێدابپۆشێ، هەروەک واجبە: لە پیاوێکی شێتیش خۆی دابپۆشێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَوِالطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ﴾ یان ئەو منداڵانەی شارەزای عەوڕەتی ئافرەتان نەبونە –واتە: بۆ جیماعکردن شەهوەتیان ناجوڵێ– دروستە ئافرەتان جوانیی خۆیان بۆیان ئاشکرا بکەن.
(وَيَحِلُّ نَظَرُ رَجُلٍ إِلَى رَجُلٍ) حەڵاڵە: پیاو تەماشای پیاو بکا بەو مەرجەی بە بێشەهوەت بێ (إِلاَّ مَا بَيْنَ سُرَّةٍ وَرُكْبَةٍ) تەنها تەماشاکردنی نێوان ناوکو ئەژنۆی دروست نیە.
(وَ) هەروەها (يَحْرُمُ نَظَرُ أَمْرَدَ بِشَهْوَةٍ) بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام حەڕامە: تەماشاکردنی ئەو کوڕەی کاتی مووی ڕیشی نەهاتوە، ئەگەر تەماشاکردنەکەی بە شەهوەت بێ.
(قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (وَكَذَا بِغَيْرِهَا) هەروەها بە بێشەهوەتیش تەماشاکردنی کوڕی ڕیش نەهاتوو هەر حەڕامە (فِيالأَصَحِّ الْمَنْصُوصِ) لە دەقی

فەرموودەی راستتردا، چونك مەترسی بێشەرعیی لێدەكرێ، هەروەها تەماشاكردنی پیاوی پیش هاتووش بە شەهوەت هەر حەرامە، هەروەك تەماشاكردنی ژنی مەحەرەمیش بە شەهوەت حەرامەو، لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

(وَالأَصَحُّ عِنْدَ الْمُحَقِّقِينَ) فەرموودەی راستتر لە لای زانایانی لێكۆڵەرەوە: (أَنَّ الأَمَةَ كَالْحُرَّةِ) ئافرەتی كۆیلە وەكو ئافرەتی ئازاد تەماشاكردنی حەرامە (وَاللهُ أَعْلَمُ).

(وَالْمَرْأَةُ مَعَ امْرَأَةٍ) ئافرەت لەگەڵ ئافرەتدا (كَرَجُلٍ وَرَجُلٍ) وەكو پیاوە لەگەڵ پیاودا: لە حەرامیو حەڵاڵی تەماشاكردندا، واتە: بە بێشەرەوەت دروستە: ئافرەتان تەماشای یەكتری بكەن جگە لە نێوان ناوكو ئەژنۆیان، بەڵام بە شەهوەت حەرامە.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەیراستتر (تَحْرِيمُ نَظَرِ ذِمِّيَّةٍ إِلَىمُسْلِمَةٍ) حەرامە ئافرەتێكی جولەكە، یان دیان تەماشای ئافرەتێكیموسوڵمان بكا، چونكە خوایگەورە لە ئایەتەكەیراپردوودا دەفەرموێ: ﴿أَوْ نِسَائِهِنَّ﴾ با ئافرەتی موسوڵمان جوانی خۆیان ئاشكرا نەكەن تەنها بۆ ئافرەتانیخۆیان نەبێ، واتە: بۆ ئافرەتە موسوڵمانەكان.

هەر بەم ئایەتەش ئیمامی (عمر رضي الله عنه) قەدەغەی كرد: ئافرەتیموسوڵمانو ئافرەتیكافر وێكڕا بچنە گەرماو بۆ خۆشوشتن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

(وَ) هەر بە فەرموودەی راستتر (جَوَازُ نَظَرِ الْمَرْأَةِ إِلَى بَدَنِ أَجْنَبِيٍّ سِوَى مَابَيْنَ سُرَّتِهِ وَرُكْبَتِهِ) دروستە ئافرەت تەماشای پیاوی بێگانە بكا، جگە لە نێوان ناوكو ئەژنۆی

إِنْ لَمْ تَخَفْ فِتْنَةً، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ اَلتَّحْرِيمُ كَهُوَ إِلَيْهَا وَاللهُ أَعْلَمُ.

وَنَظَرُهَا إِلَى مَحْرَمِهَا كَعَكْسِهِ، وَمَتَى حَرُمَ النَّظَرُ حَرُمَ الْمَسُّ،

(إِنْ لَمْ تَخَفْ فِتْنَةً) بەو مەرجەی لە بێشەرعی نەترسێو شەهوەتی نەجوڵێ، مەبەست بە بێگانە ئەوەیە مارەیی لێبێ.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (الأَصَحُّ) بە فەرموودەی راستتر (اَلتَّحْرِيمُ كَهُوَ إِلَيْهَا) حەرامە ئافرەت تەماشای پیاویبێگانە بكا، هەر چەند شەهوەتیشی نەجوایێو لە بێشەرعیش نەترسێ، هەروەك حەرام بوو پیاویش تەماشای ئافرەتیبێگانە بكا هەر چەند شەهوەتیشی نەجوڵێ (وَاللهُ أَعْلَمُ) چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ بە ئافرەتە ئیمانداركان بڵێ: چاوی خۆیان بنوقێنن لە تەماشاكردنی حەرام، دامێنیخۆیان بپارێزن لە حەرام بە كاری نەهێنن.

﴿وَعَنْ أُمِّ سلمةرضي الله عنها: كُنْتُ عِنْدَ رَسُولِ اللهﷺ وَعِنْدَهُ مَيْمُونَةُ، إِذْ أَقْبَلَ ابْنُ أُمِّ مَكتُومٍ فَقَالَ النَّبِيُّﷺ: إِحْتَجِبا مِنْهُ. فَقُلْتُ: أَلَيْسَ هُوَ أَعْمَى لاَيُبْصِرُنَا؟ فَقَالَﷺ: أَفَعَمْيَاوَانِ أَنْتُمَا أَلَسْتُمَا تُبْصِرَانِهِ؟﴾ رواه أبوداود والترمذي بسندصحيح، (ام سلمة)و (مَيْمُونَة) هەردووكیان لە خزمەت پێغەمبەرﷺ بون، كاتێك (عبدالله ابن أُمّ مَكْتُوم) هاتە لایان، جا پێغەمبەرﷺ

فەرمووی: هەردووکتان خۆتانی لێدابپۆشن. جا (أم سلمة) گوتی: ئەدی ئەو کوێر نیە، خۆ نامانبینێ؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خۆ ئێوە کوێر نین، ئەدی ئێوە ئەوی نابینن؟.
(وَنَظَرُهَا إِلَى مَحْرَمِهَا) تەماشاکردنی ئافرەت بۆ پیاوە مەحرەمەکانی خۆی (كَعَكْسِهِ) وەک پێچەوانەکەیەتی، واتە: دروستە ئافرەت تەماشای گشت ئەندامی پیاوە مەحرەمەکانی خۆی بکا جگە لە نێوان ناوکو ئەژنۆ، بەو مەرجەی بە بێشەهوەت بێ، هەروەک لە (نهاية)و (مغنی)دا فەرمویانە، واتە: بەڵام تەماشاکردنی بە شەهوەت حەرامە.

﴿ (مُصافَحَة) تۆقە کردنی حەرام ﴾

(وَمَتَى حَرُمَ النَّظَرُ حَرُمَ الْمَسُّ) هەر کاتێک تەماشاکردنی ئافرەتو پیاو حەرام بێ، دەست لێدانی گشت ئەندامێکی یەکتریشیان بە ڕووتی حەرامە، کەوابو: دەست لێدانی کوپی پیش نەهاتووش حەرامە، چونکە بۆ جولاندنیشەهوەتو بێشەرعی دەست لێدان لە تەماشاکردن بەهێزترە، کەوابو: ئەگەر لە سەر جلو بەرگیشەوە دەست لێدانەکە شەهوەت بجولێنێ ئەو کاتەش هەر حەرامە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاند ڕوون کراوەتەوە.
کەوابو: تۆقەکردن حەرامە: لە گەڵ ئافرەتی نامەحرەمو کوڕی موو لێنەهاتوو، چونکە تەماشاکردنیان حەرامە ﴿عن عائشةرضي الله عنها: مَامَسَّتْ يَدُ رَسُولِ اللهِﷺ يَدَ إِمْرَأَةٍ إِلاَّ إِمْرَأَةً يَمْلِكُهَا﴾ رواه الشيخان، پێغەمبەرﷺ دەستی لە دەستی هیچ ئافرێک نەداوە، تەنها دەستی ئەو ئافرەتە نەبێ: کە حەڵاڵی خۆی بێ. (بگەڕێوە بۆ پاشکۆی نوێژی جەژنەکان).
وَيُبَاحَانِ لِفَصْدٍ وَحِجَامَةٍ وَعِلاَجٍ، قُلْتُ: وَيُبَاحُ النَّظَرُ لِمُعَامَلَةٍ وَشَهَادَةٍ وَتَعْلِيمٍ وَنَحْوِهَا بِقَدْرِالْحَاجَةِ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلِلزَّوْجِ النَّظَرُ إِلَى كُلِّ بَدَنِهَا.

هەروەها لەبارەی تەماشا کردنیحەڵاڵ دەفەرموێ: (وَيُبَاحَانِ) تەماشاکردنو دەست لێدانی ئافرەتو پیاوی نامەحرەم حەڵاڵن (لِفَصْدٍ وَحِجَامَةٍ وَعِلاَجٍ) بۆ خوێن لێگرتنو چارەسەرکردنی بریندارو نەخۆش، واتە: دروستە: ئافرەت پیاو دەرمان بکا، پیاویش ئافرەت دەرمان بکا، بەڵام بەو مەرجەی مێرد، یان مەحرەمێک، یان ئافرەتێک لەگەڵ ئافرەتەکەدا بێ، هەم بەو مەرجەش پزیشکی ئافرەت بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیەی ئافرەتەکە دەست نەکەوێو پزیشکی پیاویش بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیەی پیاوەکە دەست نەکەوێ، ئەگینا: دروست نیە.
هەروەها ئەگەر پزیشکەکە کافر بێ، مەرجە: پزیشکێکی موسوڵمان بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیە دەست نەکەوێ، مەگەر پزیشکە کافرەکە لێزانتر بێ، ئەو کاتە دروستە: پزیشکە کافرەکە ئافرەتەکە دەرمان بکا، هەرچەند پزیشکێکی مێیینەی موسوڵمانیش هەبێ کە نەگاتە پلەی کافرە لێزانەکە، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا فەرموویانە.
هەروەها ئەگەر بۆ چارەسەری ئافرەتەکە پزیشکێکی نێرینەی موسڵمانو پزیشکێکی

مێیینەی کافریش هەبوو، ئەو کاتە بۆ دەرمانکردنی ئافرەتەکە مێیینەکافرەکە وەپێش دێخرێ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (وَيُبَاحُ النَّظَرُ لِمُعَامَلَةٍ) تەماشاکردنی پووی ئافرەت دروستە: بۆ کڕینو فرۆشتنو مامڵەتەکانیتر، هەم (وَشَهَادَةٍ) بۆ کردنە شاهیدو بۆ شاهیدیدان، هەم (وَتَعْلِيمٍ) بۆ فێرکردنی زانستی پیویستو کاروپیشەکانی پێویست، بەو مەرجەی ئافرەتەکەو پیاوەکە بە تەنها نەبن، هەم بەو مەرجەی لە پشت پەردەوە فێرکردنەکە نەگونجێ، هەم بەو مەرجە مامۆستایەکیمەحرەم، یان مامۆستایەکی لە ڕەگەزیخۆی دەست نەکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

(وَنَحْوِهَا) هەم بۆ کارەکانیتریش کە وەکو ڕابردووەکانن: وەك قازی تەماشای ئافرەت بکا لە کاتی دادکردنو سوێنددان، ئینجا ئەو تەماشاکردنانەیڕابردووش (بِقَدْرِ الْحَاجَةِ وَاللهُ أَعْلَمُ) بە ئەندازەی پیویستیەکە دروستەو زیاتر دروست نیە.

(وَلِلزَّوْجِ) بۆ مێردیژنەکە دروستە: (اَلنَّظَرُ إِلَى كُلِّ بَدَنِهَا) تەماشای گشت لاشەو ئەندامەکانی ژنەکەی بکا لە حاڵەتی زیندووەتیدا، هەوەها بۆ ژنەکەش دروستە: تەماشای گشت لاشەو ئەندامەکانی مێردەکەی بکا لە حاڵەتی زیندووەتیدا، بەڵام بۆ هەردووکیان حەڕامە تەماشای عەوڕەتی یەکتری بکەن لە حاڵەتیمردووەتیدا، کەواتە: بۆ هەردووکیان دروستە: بە زیندوویی تەماشای ئەندامی جیماعی یەکتری بکەنو دەستیشی لێبدەن، هەروەك

(فَصْلٌ):

لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِحْفَظْ عَوْرَتَكَ إِلاَّ مِنْ زَوْجَتِكَ﴾ رواه اصحاب السنن بسند حسن، عەوڕەتیخۆت بپارێزە: کەس نەیبینیو دەستی لێنەدا جگە لە ژنەکەیخۆت.

پاشکۆ: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿اَلْعَيْنَانِ زِنَاهُمَاالنَّظَرُ﴾ رواه الشيخان، زینای چاوەکان تەماشاکردنی حەڕامە. ﴿وعن جريرؓ: سَأَلْتُ النَّبِيَّﷺ عَنْ نَظَرِ الْفَجْأَةِ؟ فَقَالَ: إِصْرِفْ بَصَرَكَ﴾ رواه مسلم، پرسیارم لە پێغەمبەرﷺ کرد لەبارەی تەماشاکردنی کتوپڕ–کە بە ویستیخۆم نەبێ– ؟ لە وەڵامدا فەرمووی: چاوی خۆت لابدە. واتە: چونکە ئەگەر بەردەوام بی، بە تاوان لە سەرت دەنووسرێ.

هەروەها حەڕامە: دوو پیاویڕووت، یان دوو ئافرەتیڕووت وێکڕا پاڵ بدەنەوە، هەرچەند باوکو کوڕ، یان دایکو کیژ، یان دوو خۆشك، یان دوو برا بن.

جا هەر کاتێك تەمەنی منداڵەکان گەیشتە دە ساڵان، واجبە: جێگەیخەوتنیان لێك جیا بکرێتەوە، هەروەك لە حەدیسەکەینوێژدا پێغەمبەرﷺ فەرموویەتیو، لە (باسی پەروەردەکرنی منداڵ)دا ڕوون کراوەتەوە.

هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِيَّاكُمْ وَالدُّخولَ عَلَىالنِّسَاءِ، فَقَالَ رَجُلٌ أَرَأَيْتَ الْحَمْوَ؟ قال: اَلْحَمْوُ اَلْمَوْتُ﴾ رواه الشيخان، ئاگادار بن بە تەنها مەچوونە لای ئافرەتانی نامەحرەم، پیاوێك گوتی: پێم بڵێ: ئەگەر خزمێکیمێردەکەی –وەك برای مێردەکەی، یان برازای، یان مامی، یان مامۆزا، یان خاڵ، یان خاڵۆزای– لەگەڵ ژنەکەی بە تەنها کۆ ببنەوە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: کۆبوونەوەی ژن بە تەنها لەگەڵ خزمێکی مێردەکەی وەکو مردنە. واتە: زیانی زۆرەو مەترسی بێناموسیی لێدەکرێ، چونکە لە ژێر پەردەی خزمایەتیدا دەتوانن گشت کارێکی بێناموسی ئەنجام بدەن.

ئیتر ئەی خوشکو برایانی موسوڵمان تەماشاکردنیحەرام تیرێکی ژەهراویە لە تیرەکانی شەیتان: جەرگی مرۆڤ بریندار دەکاو ئایینو هۆشی تێك دەدا، هەروەها هەر پیاوێكو ئافرەتێکی نامەحرەمیش وێکڕا بە تەنها بن بێگومان شەیتان هاوڕێی سێیەمیانە، خوایگەورە بمانپارێزێ.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی خوازبێنی ﴾

پێشەکی بزانە: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ، إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِىالأَرْضِ وَفَسَادٌ﴾ رواه الترمذي وحسنه، هەر کاتێك یەکێك هاتە لاتان بۆ خوازبێنێ ئافرەتێكو لە ئایینو ڕەووشتەکەشی ڕازی بون، ئافرەتەکەی لێمارەبکەن، ئەگەر لێی مارەنەکەن دەبێتە فیتنەو بێشەرعی.

تَحِلُّ خِطْبَةُ خَلِيَّةٍ عَنْ نِكَاحٍ وَعِدَّةٍ، لاَ تَصْرِيحٌ لِمُعْتَدَّةٍ وَلاَ تَعْرِيضٌ لِرَجْعِيَّةٍ، وَيَحِلُّ تَعْرِيضٌ فِي عِدَّةِ وَفَاةٍ وَكَذَا لِبَائِنٍ فِي الأَظْهَرِ، وَتَحْرُمُ خِطْبَةٌ عَلَى خِطْبَةِ مَنْ صُرِّحَ بِإِجَابَتِهِ

(تَحِلُّ خِطْبَةُ خَلِيَّةٍ عَنْ نِكَاحٍ وَعِدَّةٍ) حەڵاڵە داخوازیکردنی ئافرەتێکی وەها: کە مارەبڕاو نەبێو لە (عِدَّة)شدا نەبێ، واتە: بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام حەڕامە: ژنی مارەبڕاو داخواز بکرێ، چونکە دڵی لە سەر مێردەکەی تێك دەچێ، جیاوازی نیە: بۆ مێردەکەی گوازرابێتەوە، یان نا، کەواتە: مارەکردنیشی دروست نابێو جیماع لەگەڵکردنیشی زینایە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ مِنَّا مَنْ خَبَّبَ اِمْرَأَةً عَلَى زَوْجِهَا﴾ رواه أبوداود بسند صالح، ئەو کەسە لە ئوممەتی ئێمە نیيە کە دڵی ژنێك تێك بدا لە سەر مێردەکەی خۆی.

(لاَ تَصْرِيحٌ لِمُعْتَدَّةٍ) بە (إجماع) زانایانیئیسلام دروست نیە: بە گوتەیەکیئاشکرا داخوازی ئەو جۆرە ئافرەتە بکا: کە لە (عِدَّة)دایە: جا مێردی مردبێ، یان تەلاقی دابێ، وەك پێی بڵێ: شووم پێ بکە. هەم (وَلاَ تَعْرِيضٌ لِرَجْعِيَّةٍ) بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌ڕابردوو دروست نیە بە پێچوپەنا داخوازی ئەو ئافرەتەش بکا: کە (رَجْعِيَّة)یە، واتە: تەلاقێك، یان دوو تەلاقی کەوتوەو بە یەکجاری لە مێردەکەی جیا نەبۆتەوە، چونکە تا لە (عِدَّة)دا بێ، هەر بە ژنی مێردەکەی دادەندرێ.

بەلام (وَيَحِلُّ تَعْرِيضٌ) حەلالە: بە پێچووپەنا ئەو ئافرەتە داخوازیبکا: کە (فِی عِدَّة وَفَاقٍ)لە (عِدَّة)ی مێردمردندایە (وَكَذَا لِبَائِنٍ) هەروەها پێچووپەنا بۆ داخوازی ئەو ئافرەتەش دروستە کە (بائن)ە، واتە بە یەکجاری لە مێردەکەی جیا بۆتەوە: وەک سێبەسێ تەلاق درابێ (فِیالأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، وەک پێی بڵێ: تۆ ئافرەتێکی جوانی، زۆر کەس تەماع لە تۆ دەکا، تۆ بە بێمێرد نامێنیتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِالنِّسَاءِ﴾ هیچ گوناهێکتان لە سەر نیە لەو پێچووپەنایەی لە داخوازی ژنان دەیکەن.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: هەرچەند بە فەرموودەیبەهێزتر: بە پێچووپەنا داخوازی ئەو دوو جۆرە ئافرەتانە دروست بوو: کە لە (عِدَّة)دا بون، بەلام بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام مارەبڕینی هیچێکیان دروست نابێ تا (عِدَّة)کەی تەواو دەبێ، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا تَعْزِمُوا عُقْدَةَالنِّكَاحِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ﴾ نەکەن لە (عِدَّة)دا ژن مارە ببڕن تا ئەو چاوەڕوانکردنەی خوا لە سەر ئافرەتی نووسیوە، دەگاتە کۆتاییخۆی. کەواتە: هەر ئافرەتێك (عِدَّة)ی تەواو نەبوبێو مارە ببڕێ، ئەوە مارەبڕینەکەی دورست نابێو جیماع لەگەلکردنیشی زینایە.

(وَتَحْرُمُ خِطْبَةٌ عَلَى خِطْبَةِ مَنْ صُرِّحَ بِإِجَابَتِهِ) حەرامە داخوازی بە سەر داخوزیی ئەو کەسەدا کە بە ئاشکرایی وەلامی دراوەتەوە، واتە: پێی گوتراوە داخوازیەکەت جێبەجێ دەکەین. یان کیژەکەمت دەدەمێ. یان شووت پێ دەکەم...هتد.

إِلاَّ بِإِذْنِهِ، فَإِنْ لَمْ يُجَبْ وَلَمْ يُرَدَّ لَمْ تَحْرُمْ فِالأَظْهَرِ، وَمَنْ اُسْتُشِيرَ فِي خَاطِبٍ ذَكَرَ مَسَاوِيَهُ بِصِدْقٍ،

(إلاَّ بِإِذْنِهِ) تەنها بە ئیزنی داخوازیکەرەکە دروستە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيَخْطُبِ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَتْرُكَ الْخَاطِبُ قَبْلَهُ أَوْ يَأْذَنَ﴾ رواه الشیخان، نابێ پیاوی موسوڵمان داخوازی بە سەر داخوازیی برایخۆیدا بکا، تا داخوازیکەرەکەی پێشە وی واز دێنێ، یان ئیزنی دەدا.

بەلام (فَإِنْ لَمْ يُجَبْ) ئەگەر وەلامی داخوازیکەرەکە نەدرابۆوەو (وَلَمْ يُرَدَّ) ڕەدیش نەکرابۆوە، واتە: پێی نەگوترابو داخوازیەکەت جێبەجێ نابێ. ئەو کاتە (لَمْ تَحْرُمْ) داخوازیەکەی دووەمەکە حەرام نابێ (فِیالأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: بۆ ئافرەتەکەو هەم بۆ سەرپەرشتکارەکەشی سوننەتە: داخوازی پیاوێکی ئایین پەرەوەرو ڕێزدار بکەنو هیچ شەرمیش لە ئەنجامدانی ئەو سوننەتە نەکەن ﴿عن ابن عمر رضی الله عنهما: عَرَضَ عُمَرُ حَفْصَةَ عَلَى عُثْمَانَ، فَقَالَ: لاَ أَتَزَوَّجُ يَوْمِي هَذَا. ثُمَّ عَرَضَهَا عَلَى أَبِبَكْرٍ فَصَمَتَ أَبُوبَكْرٍ، ثُمَّ خَطَبَهَا رَسُولُ اللهﷺ فَأَنْكَحَهَا إِيَّاهُ﴾ رواه البخاری، ئیمامی(عمر) بە ئیمامی(عثمان)ی گوت: وەرە (حَفْصَة)ی کیژی خۆمت لێ مارە بکەم.

ئەویش گوتی: لەم کاتەدا من ژن ناهێنم. ئینجا بە ئیمامی(أبوبکر)ی گوت: وەرە (حَفْصَة)ی کیژی خۆمت لێمارەبکەم. ئەویش بێدەنگ بوو، ئینجا پێغەمبەرﷺ بۆ خۆی داخوازی (حَفْصَة)ی کردو ئیمامی(عمر) لە پێغەمبەریﷺ مارە کرد.

هەم ﴿وعن سهلؓ: جَائَتْ إِمْرَأَةٌ تَعْرِضُ نَفْسَهَا عَلَىالنَّبِيِّﷺ﴾ رواه الشيخان، ئافرەتێك هات خۆی پێشکەش بە پێغەمبەرﷺ کرد تاکو لەخۆی مارە بکا.

(وَمَنْ اُسْتُشِيرَ فِی خَاطِبٍ) هەر کەسێك پرسوڕای پێکرا لە بارەی داخوازیکەرێك، یان لەبارەی داخوازکراوێك: ئایا ئەو پیاوە، یان ئەو ئافرەتە چۆنە بۆ ژنو مێردایەتی کەلّکی هەیە، یان نا. ئەوە (ذَكَرَ مَسَاوِيَهُ بِصِدْقٍ) واجبە: بە ڕاستی بە ئەندازەی پێویست عەیبو خراپەکانی پیاوەکەو ئافرەتەکە باس بکا، بە مەبەستی ئامۆژگاری نەك غەیبەتکردن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿اَلْمُسْتَشَارُ مُؤْتَمَنٌ﴾ڕواه أصحاب السنن بسند حسن، ڕاوێژپێکراو بە ئەمیندار داندراوە، واتە: نابێ لە ئامۆژگاریدا خیانەت بکا.

ئینجا بزانە: ئەو بڕیارە تایبەت نیە تەنها بە ڕاوێژکاری ژنو مێرد، بەڵکو هەر کەسێك لە بارەی مامۆستایەك، یان خوێندکارێك، یان زانایەکیئایینی، یان فرۆشیارێك، یان کڕیارێك، یان هاوبەشێك، یان هەر کەسێکیتر کە بیەوێ لە کارکردنێکدا لەگەڵیدا بێ، پرسی بە کەسێکیتر کرد، واجبە: پرس پێکراوکە بەگوێرەی پێویست عەیبو خراپەکانی بڵێ، چونکە ئامۆژگاری موسوڵمان واجبە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

وَيُسْتَحَبُّ تَقْدِيمُ خُطْبَةٍ قَبْلَ الْخِطْبَةِ وَقَبْلَ الْعَقْ
اَلْحَمْدُ لِلَّهِ وَالصَّلاَةُ عَلَى رَسُولِ اللهﷺ قَبِلْتُ، صَحِ
ذَلِكَ، قُلْتُ: اَلصَّحِيحُ لاَ يُسْتَحَبُّ وَاللهُ أَعْلَمُ. فَإِنْ طَالَ الذِّكْرُ الْفَاصِلُ لَمْ يَصِحَّ.

منهاج- بەرگیچوارەم-11

﴿ چەند سوننەتێکی مارەبڕین و ژن هێنان ﴾

(وَيُسْتَحَبُّ) بۆ داخوازیکەرەکە، یان جێگرەکەی سوننەتە: (تَقْدِيمُ خُطْبَةٍ قَبْلَ الْخِطْبَةِ) پێش داخوازیکردنەکە ووتارێك بخوێنێتەوەو بڵێ: (اَلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ والصَّلاَةُ والسَّلاَمُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَىآلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ، أُوصِيكُمْ بِتَقْوَىاللهِ وَطَاعَتِهِ إِنَّ اللهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ). ئینجا بڵێ: هاتومە بۆ خوازبێنی فلانە ئافرەتە ڕێزدارەی ئێوە: بۆ خۆم، یان بۆ فلانکەس.

(وَ) هەروەها ووتارێکیتریش سوننەتە: (قَبْلَ الْعَقْدِ) پێش مارەبڕینەکە بخوێندرێتەوە، جیاوازی نیە: سەرپەرشتکارەکە، یان مێردەکە، یان جێگرێکی ئەوان، یان بێگانەیەك بیخوێنێتەوە، جا گەورەترین ووتار، ئەم (خُطْبَةالْحَاجَة)یە کە پێغەمبەرﷺ فێری (صحابة)کانی کردوە:

﴿اَلْحَمْدُ لِلَّهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِهِ مِنْ شرُورِ أَنْفُسِنَا، مَنْ يَهْدِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ

يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَّإِلَهَ إِلاَّاللهُ وَحْدَهُ لاَشَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، (يَا أَيُّهَاالنَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِى خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدَةٍ وَخلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُواالله الَّذِى تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً)، (يَا أَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُواتَّقُواالله حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ)، (يَا أَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُواتَّقُواالله وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاًعَظِيماً﴾رواه أصحاب السنن بأسانيد صحيحة.

(وَلَوْ خَطَبَ الْوَلِيُّ) ئەگەر سەرپەرشتکاری ژنەکە ووتارەکەی خوێندەوە، ئینجا لە دوای ووتارەکە ووشەی مارەبڕینەکەی گوت و (فَقَالَ الزَّوْجُ) جا لە دوای ویش مێردەکە گوتی: (اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ وَالصَّلاَةُ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ). ئینجا گوتی: (قَبِلْتُ) مارەبڕینەکەم قبوڵ کرد. ئەوە (صَحَّ النِّكَاحُ) مارەبرینەکە دروست دەبێ (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست (بَلْ يُسْتَحَبُّ ذَلِكَ) بەڵکو ئەو ووتارە کورتە سوننەتیشە (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ: (اَلصَّحِيحُ لاَ يُسْتَحَبُّ) بە فەرموودەی ڕاست: ووتارەکە سوننەت نیە لە نێوان ووشەی سەرپەرشتکارەکەو مێردەکەدا بگوترێ (وَاللهُ أَعْلَمُ)، بەڵکو (فَإِنْ طَالَ الذِّكْرُ الْفَاصِلُ) ئەگەر ئەو زیکرو ووتارەی نێوان ووشەکەی سەرپەرشتکارەکەو مێردەکە درێژ بێ، ئەو کاتە (لَمْ يَصِحَّ) مارەبڕینەکەش دروست نابێ، کەوابو: سوننەتە هیچ زیکرێك لە نێوان ووشەکانیاندا نەگوترێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

.....

﴿پاشکۆ: لەبارەی جیماع کردن﴾

سوننەتە: مارەبڕینو بە زاوابوونەکە لە مانگی (شوال)-شەشەڵاندا بێ، حەزرەتی(عائشة) دەفەرموێ: ﴿تَزَوَّجَنِى رَسُولُ اللهِ ﷺ فِى شَوَّالٍ وَبَنَى بِى فِى شَوَّالٍ﴾ رواه الشيخان، پێغەمبەر ﷺ لە مانگی شەشەڵاندا لە خۆی مارە کردمو لە شەشەڵانیشدا لێم بووە زاوا.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿أَعْلِنُوا هَذَاالنِّكَاحَ وَاجْعَلُوهُ فِىالْمَسَاجِدِ وَاضْرِبُوا عَلَيْهِ بِالدُّفُوفِ﴾ رواه أحمد والترمذي وحسنه، ئەم مارەبڕینە ئاشکرا بکەنو لە مزگەوتدا مارەبڕینەکە بکەنو دەف لێبدەن. کەواتە: دروستە سرودی حەڵاڵیش بگوترێن.

ئینجا کە مارەبڕینەکە تەواو بوو، بۆ گشت کەسێك سوننەتە: پیرۆزبایی لە ژنەکەو لە مێردەکە بکاو بڵێ: ﴿بَارَكَ اللهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِى خَيْرٍ﴾ رواه اصحاب السنن بسند صحيح، خوا لە یەکتریتان پیرۆز بکاو بە خێرو خۆشی لەگەڵ یەکتریتان کۆ بکاتەوە.

ئینجا کە زاوا دەچێتە شوێنی بە زاوابوون، سوننەتە: سەلام بکاو دوو ڕەکعەت بە نیەتی (سُنَّةالزَّفَاف)-سوننەتی بووکگواستنەوە بکا، ئینجا مووەکانی پێشەسەری ژنەکەی بە دەستە ڕاستەیخۆی بگرێو بڵێ: (بَارَكَ اللهُ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنَّا فِى صَاحِبِهِ وَجَمَعَ بَيْنَنَا فِى خَيْرٍ)

خوا له یەکتریمان پیرۆز بکاو بە خێروخۆشی لە گەڵ یەکتریمان کۆ بکاتەوە.
ئینجا ئەم دوعایە بکا: ﴿اَللَّهُمَّ إِنِّی أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَاجَبَلْتَهَا عَلَيْهِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَاجَبَلْتَهَا عَلَيْهِ﴾ رواه أبوداود بإسناد حسن.
ئینجا هەر جارێك ویستیان جیماع بکەن سوننەتە: هەردووکیان خۆیان بۆنخۆش بکەنو جلو بەرگی جوان دەبەر بکەنو یەکتری ماچ بکەن، بەڵکو دروستە مێردەکە دەرمانی بەهێزبوون بۆ جیماعکردن بەکار بێنێ بەو مەرجەی زیانی پێ نەگەیەنێ.
ئینجا هەر کاتێك ویستیان دەست بە جیماع بکەن بۆ هەردووکیان سوننەتە بڵێن: ﴿بِسْمِ اللهِ، اَللَّهُمَّ جَنِّبْنَاالشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا﴾ رواه الشيخان، (بِسْمِ اللهِ)، خوایە لە شەیتانمان بپارێزەو ئەومندااڵەی دەماندەیێ ئەویش لە شەیتان بپارێزە. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ئەگەر ئەو دوعایە بکەنو منداڵێکیان لەم جیماعە ببێ، شەیتان زیانی لێ نادا. جا ئەگەر پیاوەکە پێشدا ئاوی هاتو پەحەت بوو، وەها سوننەتە: هەڵنەستێ، بەڵکو مۆڵەت بدا تا ژنەکەشی ئاوی دێو پەحەت دەبێ.
ئینجا بزانە: دروستە ژنو مێرد بە گشت ئەندامێکیەکتری لەزەت وەربگرن، بەڵکو دروستە: ئەندامی جیماعکردنی یەکتریش بمژن، بەڵکو دورستە مێردەکە لە لای پشتەوەی ژنەکەش لەزەت وەربگرێ بەو مەرجەی ئەندامەکەی دەناو کونەکە نەنێ، چونکە دەناونانی کونی پشتەوە حەڕامە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (فَصْلٌ) إِنَّمَا يَصِحُّ النِّكَاحُ بِإِيجَابٍ: وَهُوَ زَوَّجْتُكَ أَوْ أَنْكَحْتُكَ. وَقَبُولٍ: بِأَنْ يَقُولَ الزَّوْجُ: تَزَوَّجْتُ، أَوْ نَكَحْتُ،

﴿مَلْعُونٌ مَنْ أَتَى إِمْرَأَةً فِی دُبُرِهَا﴾رواه أصحاب السنن بسند صالح، بەرلەعنەتکراوە ئەو کەسەی لە کونی پشتەوەدا جیماع لەگەڵ ژن دەکا.
هەروەها حەڕامە: پوداوی جیماعکردنیان بۆ خەڵك باس بکەن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَشَرَّالنَّاسِ عِنَدَاللهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ: اَلرَّجُلُ يُفْضِی إِلىامْرَأَتِهِ وَتُفْضِی إِلَيْهِ ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا﴾ رواه مسلم، خرابترین کەس لە لای خوایگەورە ئەو ژنو مێردەنە: کە جیماع دەکەن نهێنی یەکتری باڵاو دەکەنەوە.
دیسان بزانە: هەر کاتێك پیاو چاوی بە ئافرەتێکی بیگانە کەوتو دڵی گرت، وەها سوننەتە: بڕواتەوە جیماع لەگەڵ ژنەکەی خۆی بکا تاکو لەبیری بچێتەوە. ئینجا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذَا دَعَاالرَّجُلُ إِمْرَأَتَهُ إِلى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِیءَ لَعَنَتْهَاالْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ﴾رواه الشيخان، هەرکاتێك پیاو داوای جیماعی لە ژنەکەی کردو ژنەکەش بە بێعوزر خۆی لێڕەدەغەکرد، ئەوە تا بەیانی مەلائیکە لەعنەتی لێدەکەن.
هەروەها سوننەتە: لە شەوی هەینی، یان لە ڕۆژی هەینی پێش ڕۆیشتن بۆ جومعە جیماع

بکا، جا بزانە: ناوەڕۆکی ئەم پاشکۆیە لە (تحفة)و (نهایة)و حاشیەکانیانو لە (إعانة) وەرگیراوە، هەروەها باسی خۆڕەحەتکردنو چەند باسێکیتری جیماعیش لە باسی (حەیز)دا بە درێژی ڕوون کراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ڕوکنەکانی ژن مارەکردن ﴾

مارەکردنی ژن لەم پێنج ڕوکنانە پێك دێ: (اَلصِّيغَةُ) گفتوگۆی مارەبڕین. (اَلشَّاهِدَانِ) دوو شاهید. (اَلْوَلِيّ) سەرپەرشتکاری ژنەکە. (اَلزَّوْج) مێردەکە. (اَلزَّوْجَة) ژنەکە.

ئینجا بزانە: مەرجە لە دانیشگەی مارەبڕینەکەدا چوار کەس ئامادە بن: یەکێکیان (وَلِي) سەرپەرشتکاریژنەکە، یان وەکیلەکەی. یەکێکیان (زَوْج) مێردەکە، یان وەکیلەکەی. دووانیان دوو شاهیدەکە، تاکو گۆێ لە گفتوگۆی سەرپەرشتکارەکەو مێردەکە ڕابگرن.

ڕوکنی یەکەم: گفتوگۆ، (إِنَّمَا يَصِحُّ النِّكَاحُ بِإِيجَابٍ) مارەبڕین دروست نابێ تەنها بە گۆتەی کردنە ژن نەبێ (وَهُوَ) گۆتەی کردنە ژن ئەوەیە سەرپەرشتکاری ژنەکە بڵێتە مێردەکە: (زَوَّجْتُكَ) فلانە کیژیخۆم جووت کرد لەگەڵ تۆ. (أَوْ) یان بڵێ: (أَنْكَحْتُكَ) فلانە خوشکیخۆم کردە ژنی تۆ.

(وَقَبُولٍ) هەم لەگەڵ گۆتەی قبوڵکردنیش (بِأَنْ يَقُولَ الزَّوْجُ) وەك مێردەکە یەکسەر بە دوای گۆتەی سەرپەرشکارەکەدا بڵێ: (تَزَوَّجْتُ) فلانە کیژیتۆم کردە جووت لەگەڵ خۆم. (أَوْ) یان بڵێ: (نَكَحْتُ) فلانە خوشکیتۆم کردە ژنی خۆم.

أَوْ قَبِلْتُ نِكَاحَهَا أَوْ تَزْوِيجَهَا. وَيَصِحُّ تَقَدُّمُ لَفْظِ الزَّوْجِ عَلَى الْوَلِيِّ، وَلاَ يَصِحُّ إلاَّ بِلَفْظِ التَّزْوِيجِ أَوِ الإِنْكَاحِ، وَيَصِحُّ بِالْعَجَمِيَّةِ فِي الأَصَحِّ، لاَ بِكِنَايَةٍ قَطْعًا،

(أَوْ) یان بڵێ: (قَبِلْتُ نِكَاحَهَا) قبوڵم کرد فلانە کیژیتۆ بە ژن بۆ خۆم. (أَوْ) یان بڵێ: (تَزْوِيجَهَا) قبوڵم کرد فلانە کیژی تۆ بە جووت لەگەڵ خۆم. واتە: بە تەنها ووشەی (قبوڵم کرد). مارەبڕینەکە دروست نابێ.

هەروەها ئەگەر بێدەنگبوونێکی درێژ، یان قسەیەکیبێگانە—کە پەیوەندی بە مارەبڕینەوە نەبێ— بکەوێتە نێوان گۆتەی (وَلِي)و مێردەکە، ئەو کاتەش مارەبڕینەکە دروست نابێ، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَيَصِحُّ تَقَدُّمُ لَفْظِ الزَّوْجِ عَلَى الْوَلِيِّ) دروستە گۆتەیمێردەکە وەپێش گۆتەی سەرپەرشتکارەکە بکەوێ، وەك بڵێ: فلانە کیژەتم قبوڵ کرد بە ژنی خۆم. ئینجا سەرپەرشتکارەکەش بڵێ: فلانەکیژەی خۆم کردە ژنی تۆ.

(وَلاَ يَصِحُّ) مارەبڕینیژن دروست نابێ (إِلاَّ بِلَفْظِ التَّزْوِيجِ أَوِ الإِنْكَاحِ) تەنها بە ووشەی لەگەڵ جووتکردن، یان کردنە ژن نەبێ، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا تەنها (تَزْوِيجُ)و (إِنْكَاح) هاتون، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِتَّقُوااللهَ فِالنِّسَاءِ فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانَةِ

اللهِ وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللهِ﴾ رواه مسلم، لە خوا بترسن لەبارەی ژنەکانتان، چونکە بە ئەمینداریەتی خوایگەورە ئەوانتان وەرگرتونو بە ووشەی خوایگەورە دامێنی ئەوانتان لەخۆتان حەلاڵ کردوە.

کەواتە: ئەگەر ووشەکانیماربەرینەکە نەگۆترێن، ئەوە ماربەرینەکە دروست نابێ، هەروەها بە ووشەی فرۆشتنو بەخشینو پێشکەشو دامە تۆ. ماربەرینەکە دروست نابێ.

بەڵام (وَيَصِحُّ بِالْعَجَمِيَّةِ فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرمودەی پاستتردا: بە زمانەکانیتری جگە لە عەرەبیش ماربەرین دروست دەبێ، بەو مەرجەی ووشەکە—لەو زمانەدا— بە ئاشکرایی هەمان واتەی (إِنْكَاحِ)، یان (تَزْوِيجِ) بگەیەنێ، هەروەك تازە بە کوردی پووننان کردەوە.

کەوابو: بە ووشەی ماربەرینەکە دروست نابێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية) لە (شرح)ی (قَبِلْتُ نِكَاحَهَا) پوون کراوەتەوە.

(لاَ بِكِنَايَةٍ) هەم بە گۆتەیناڕاشکرا ماربەرین دروست نابێ، وەك بڵێ: کیژەکەم لە تۆ حەلاڵ کرد (قَطْعًا) بە فەرمودەیەکی بڕایەوە.

﴿ئاگاداری﴾: ماربەرین بە نووسین دروست نابێ، هەرچەند مێردەکەو سەرپەرشتکارەکەش وێکڕا لە یەك شوێندا نەبن، هەروەك لە (مغنى)و (الشرواني)دا فەرموویانە.

بەڵام دروستە: پیاوی لاڵ بە ئاماژەیەکی تێگەیەنەر ژن لەخۆی مارە بکاو هەم لە کەسێکیتریش مارەیبکا، جا ئەگەر کەس لە ئاماژەکەی تێنەدەگەیشت، ئەو کاتە دەبی وَلَوْ قَالَ: زَوَّجْتُكَ. فَقَالَ: قَبِلْتُ. لَمْ يَنْعَقِدْ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَلَوْ قَالَ: زَوِّجْنِي. فَقَالَ: زَوَّجْتُكَ. أَوْ قَالَ الْوَلِيُّ: تَزَوَّجْهَا. فَقَالَ: تَزَوَّجْتُ. صَحَّ، وَلاَ يَصِحُّ تَعْلِيقُهُ، وَلَوْ بُشِّرَ بِوَلَدٍ فَقَالَ: إِنْ كَانَ أُنْثَى فَقَدْ زَوَّجْتُكَهَا. أَوْ قَالَ:

بە ئاماژە، یان بە نووسین کەسێك بکاتە وەکیل: تاکو ژنی لێمارە بکا، یان کیژەکەی لە کەسێك مارە بکا، جا ئەگەر هیچ وەکیلێکی دەست نەکەوتو کەسیش لە ئاماژەکەی تێنەدەگەیشت، ئەو کاتە لە بەر ناچاری ماربەرینەکەی بە نووسین دروست دەبێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا پوون کراوەتەوە.

ئینجا بزانە: چۆنیەتی مارەبڕینی وەکیل لە (باسی ڕێگرەکانی سەرپەرشتکاریەتی)دا پوون دەکەینەوە، إن شاءالله تعالى.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر سەرپەرشتکارەکە گوتی: (زَوَّجْتُكَ) فلانە کیژیخۆم کردە جووت لەگەڵ تۆ.(فَقَالَ) مێردەکەش یەکسەر گوتی: (قَبِلْتُ) قبوڵم کرد. واتە لەمە زیاتری نەگوت (لَمْ يَنْعَقِدْ) مارەکردنەکە دانامەزرێو دروست نابێ (عَلَى‌الْمَذْهَبِ) لە سەر فەرمودەی پاستی مەزهەب، چونکە لە لای مێردەکەوە ووشەی (إنكاح)و (تزويج)و واتەکەیان نەگوتراوە.

بەڵام (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر پێشدا مێردەکە گوتی (زَوِّجْنِي) کیژەکەت بکە جووت

لەگەڵم (فَقَالَ) ئینجا باوکەکەش گوتی (زَوَّجْتُكَ) کیژەکەم کردە جووت لەگەڵت (أَوْ قَالَ الْوَلِيُّ) یان سەرپەرشتکارەکە گوتی (تَزَوَّجْهَا) کیژەکەم بکە جووت لەگەڵ خۆت (فَقَالَ) میّردەکەش گوتی (تَزَوَّجْتُ) کردمە جووت لەگەڵ خۆم. ئەوە (صَحَّ) مارەبرینەکە دروست دەبێ، چونکە داواکردنەکە نیشانەی پازیبوونەو لە هەردوو لایەوەش ووشەکان بە دروستی گوتراونو وەپێشکەوتنی ووشەی میّردەکەش دروستە، هەروەك پابرا.

ئینجا بزانە: لە گشت ئەو حاڵەتانەیپابردوودا ئەگەر ووشەکانی مارەکردنو قبوڵکردن—لە لای دوو شاهید— بە گاڵتەش بگوترێن، مارەبرینەکە هەر دروست دەبێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿ثَلاَثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ: اَلنِّكَاحُ وَالطَّلاَقُ وَالرَّجْعَةُ﴾ رواه أبوداود والترمذي وصححه الحاكم، سێ شت هەنە پاستییان هەر پاستیەیە، گاڵتە پێکردنیشیان هەر پاستیەیە: ژن مارەکردن، ژن تەڵاقدان، تەڵاق چاککردنەوە.

(وَلاَ يَصِحُّ تَعْلِيقُهُ) دروست نیە: هەڵواسینی مارەبڕین بە کاتێکەوە، یان بە مەرجێکەوە، وەك بڵێ: هەرکاتێك پۆژ هەڵات دامە تۆ بە ژنایەتی. هەم (وَلَوْ بُشِّرَ بِوَلَدٍ) ئەگەر مۆژدەی درایێ کە منداڵێکی بووە (فَقَالَ) ئەویش گوتیە پیاوێك: (إِنْ كَانَ أُنْثَى فَقَدْ زَوَّجْتُكَهَا) ئەگەر منداڵەکە کیژ بێ، ئەوە لەگەڵ تۆم جووت کرد. پیاوەکەش قبوڵی کرد (أَوْ قَالَ) إِنْ كَانَتْ بِنْتِي طُلِّقَتْ وَاعْتَدَّتْ فَقَدْ زَوَّجْتُكَهَا. فَالْمَذْهَبُ بُطْلاَنُهُ، وَلاَ تَوْقِيتُهُ، وَلاَ نِكَاحُ الشِّغَارِ: وَهُوَ زَوَّجْتُكَهَا عَلَى أَنْ تُزَوِّجَنِي بِنْتَكَ وَبُضْعُ كُلِّ وَاحِدَةٍ صَدَاقُ الأُخْرَى.

یان باوکێك گوتی: (إِنْ كَانَتْ بِنْتِي طُلِّقَتْ وَاعْتَدَّتْ فَقَدْ زَوَّجْتُكَهَا) ئەگەر کیژەکەم تەڵاق درابێو (عِدَّة)ی تەواو بوبێ، ئەوە لەگەڵ تۆم جووت کرد. پیاوەکەش قبوڵی کرد، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ بُطْلاَنُهُ) بە فەرموودەی پاستیەمەزهەب لە هەر سێك مەسەلەکەدا مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نیە، چونکە هەڵواسینی تێدایە.

بەڵام ئەگەر مۆژدەی بدرێتێ کە کیژێکی بووە، ئەویش باوەڕی کرد، ئینجا گوتی ئەگەر مۆژدەدەرەکە پاست بکا، ئەوە کیژەکەم لەگەڵ تۆ جووت کرد، ئەو کاتە مارەبڕینەکە دروست دەبێ، هەروەك لەزۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ ژن هێنانی بە (اَلْمُتْعَة) تا ماوەیەك ﴾

(وَلاَ تَوْقِيتُهُ)دروست نیە: مارەبڕینی ژن تا ماوەیەکی زاندراو، یان نەزاندراو، واتە: مارەبڕینەکە بەتاڵە، جا ئەگەر بە (وَلِي)و دوو شاهید مارەبڕینەکەی کردبێ، ئەوە مارەیی ژنەکەی لە سەر واجب دەبێو هەر منداڵێکیش لەو ژن هێنانە پەیدا ببێ دەبێتە منداڵی خۆی‌و سزای زیناشی ناکەوێتە سەر، هەروەك لە (الشرواني)دا پوون کراوەتەوە، واتە:

بەڵام میرات لە یەکتری ناگرن، چونکە مارەبڕینەکە دروست نەبووە ﴿عن سبرةﷺ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِﷺ قَائِماً بَيْنَ الرُّكْنِ وَالْبَابِ وَهُوَ يَقُولُ: يَا أَيُّهَاالنَّاسُ إِنِّى قَدْ كُنْتُ أَذِنْتُ لَكُمْ فِى الإِستِمْتَاعِ مِنَ النِّسَاءِ، وَإِنَّ اللهَ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، فَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ مِنْهُنَّ شَيْءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيلَهَا، وَلاَ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئاً﴾ رواه مسلم وأبوداود والنسائي، لە (حَجَّةُ الْوِدَاع)دا پێغەمبەرﷺ لە نێوان قوڕنەی (حَجَرالأَسْوَد)و دەرگەی (كَعْبَة)دا ڕاوەستابو و دەیفەرموو: هۆ خەڵکینە لە مەوپێش ئیزنم دابو بە (مُتْعَة) بۆ ماوەیەك ژن بهێنن، ئێستاش خوایگەورە ئەو جۆرە ژن هێنانەی بە یەکجاری حەڕام کرد تا دونیا وێران دەبێ حەڵاڵ نابێتەوە، جا هەر کەسێك ئافرەتێکی لەو جۆرە ئافرەتانەی لە لایە با وازی لێبێنێو هەر شتێکیشی داوەتێ نابێ لێی بستێنێتەوە.

واتە: ئەو جۆرە ژن هێنانە لە سەرەتای ئیسلامدا بە هۆی ناچاری حەڵاڵ بوو، ئینجا لە (حَجَّةُ الْوِدَاع)دا بە یەکجاری حەرام کرا.

﴿ ژن بە ژنەی نادروست ﴾

(وَ) هەروەها ﴿لاَ نِكَاحُ الشِّغَارِ﴾رواه مسلم، ژن بە ژنەی بێمارەییش دروست نابێ (وَهُوَ) ئەو (نِكاح الشِّغار)ەی قەدەغە کراوە، ئەوەیە سەرپەرشتکارەکە بڵێ: ﴿زَوَّجْتُكَهَا عَلَى أَنْ تُزَوِّجَنِى بِنْتَكَ وَبُضْعُ كُلِّ وَاحِدَةٍ صَدَاقُ الأُخْرَى﴾ رواه الشيخان، کیژەکەی خۆم لەگەڵ فَيَقْبَلُ، فَإِنْ لَمْ يُجْعَلِ الْبُضْعُ صَدَاقًا فَالأَصَحُّ اَلصِّحَّةُ، وَلَوْ سَمَّيَا مَالاً مَعَ جَعْلِ الْبُضْعِ صَدَاقًا بَطَلَ فِالأَصَحِّ، وَلاَ يَصِحُّ إلاَّ بِحَضْرَةِ شَاهِدَيْنِ،

تۆ جووت کرد لە سەر ئەو مەرجەی تۆش کیژەکەت لەگەڵ من جووت بکەیو دامێنی هەر کیژێکیش مارەیی کیژەکەیتر بێ (فَيَقْبَلُ) جا مێردەکەش قبوڵ بکا.

جا هۆی دروست نەبوونەکەش ئەوەیە: دامێنی هەر ئافرەتێکیان دەبێتە هاوبەش لە نێوان مێردەکەو ئافرەتەکەیتر، ئەوەش ناگونجێ، کەوابو: (فَإِنْ لَمْ يُجْعَلِ الْبُضْعُ صَدَاقًا) ئەگەر دامێنەکە نەکرێتە مارەییو هیچ مارەییتریش دانەندرێ، ئەوە (فَالأَصَحُّ الصِّحَّةُ) بە فەرموودەی ڕاستتر: مارەبڕینەکەی هەردوو ئافرەتەکان دروست دەبێو بۆ هەر یەکێکیشیان (مَهْرُالْمِثل)، واتە: مارەیی هاوێنە لە سەر مێردەکەی واجب دەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

بەڵام (وَلَوْ سَمَّيَا مَالاً مَعَ جَعْلِ الْبُضْعِ صَدَاقًا) ئەگەر بۆ هەر ئافرەتێك هەندێك ماڵ لەگەڵ دامێنی ئافرەتەکەیتر وێکڕا کردنیانە مارەیی، ئەوە (بَطَلَ فِىالأَصَحِّ) مارەبڕینەکە بەتاڵ دەبێ لە فەرموودەی ڕاستتردا، چونکە هاوبەشیەکەیڕابردووی تێدایە.

جا ئەوەش وا دەگەیەنێ: ئەگەر بۆ هەر ئافرەتێکیان مارەییەکی سەربەخۆ دابندرێو باسی

دامێنەکە نەکرێ، ئەو کاتە مارەبڕینەکەی هەردووکیان دروست دەبێ، وەک ئەو ژن بە ژنەی کوردەواریش ئەوهایە.

ئامۆژگاری: ئەی موسوڵمانی ڕێزدار، هەر چەند ژن بەژنە-بەو شێوەی ڕابرا- حەڵاڵە، بەڵام لە کۆمەڵگەی‌ئێستادا کارێکی ناپەسندە، چونکە بە زۆری وا ڕوودەدا: ئەگەر لایەنێک ناکۆک بن‌و بە یەکەوە نەگونجێن، ئەو ناکۆکیە کار دەکاتە سەر لایەنەکەی‌تریش‌و وای لێدێ شیرازەی هەر دوو خێزانەکان تێک دەچێ، ڕاستە: ژن بەژنە ئەرکی ژن هێنان کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بە فەرمانەکانی‌پێغەمبەرﷺ ڕەفتار بکەین‌و مارەیی کەم دابنێین‌و لە سەر بنچینەی ئایین ژن بهێنین‌و کێڕ بە شوو بدەین، ئەو کاتەش ئەرکی ژن هێنان کەم دەبێتەوەو بارەکە لە سەر شانی لاوەکانمان سوکتر دەبێ.

﴿ شاهیدەکانی مارەبڕین ﴾

ڕوکنی‌دووەم: شاهیدەکان (وَلاَ يَصِحُّ إِلاَّ بِحَضْرَةِ شَاهِدَيْنِ) مارەبڕین دروست نابێ تەنها بە ئامادەبوونی دوو شاهید نەبێ: لە دانیشگەی مارەبڕینەکەدا، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَنِكَاحَ إِلاَّ بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ، وَمَا كَانَ مِنْ نِكَاحٍ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ فَهُوَ بَاطِلٌ﴾ حدیث صحیح رواه ابن حبان، هیچ مارەبڕینێک دروست نابێ تەنها بە سەرپەرشتکارێک‌و دوو شاهیدی دادپەروەر نەبێ، هەر مارەبڕینێک بێ‌سەرپەرشتکارو دوو شاهید بێ، ئەوە بەتاڵە.

وَشَرْطُهُمَا: حُرِّيَّةٌ وَذُكُورَةٌ وَعَدَالَةٌ وَسَمْعٌ وَبَصَرٌ، وَفِي الأَعْمَى وَجْهٌ، وَالأَصَحُّ انْعِقَادُهُ بِابْنَيِ الزَّوْجَيْنِ وَعَدُوَّيْهِمَا، وَيَنْعَقِدُ بِمَسْتُورَيِ الْعَدَالَةِ عَلَىالصَّحِيحِ، لاَ مَسْتُورِ الإِسْلاَمِ وَالْحُرِّيَّةِ،

(وَشَرْطُهُمَا) مەرجی هەردووشاهیدەکان: (حُرِّيَّةٌ) دەبێ ئازاد بن کۆیلە نەبن (وَذُكُورَةٌ) پیاو بن‌و بالغ‌و عاقڵ بن، ئافرەت‌و منداڵ‌و شێت نەبن (وَعَدَالَةٌ) دادپەروەربن‌و فاسق نەبن.

(وَ) هەروەها مەرجە: (سَمْعٌ وَبَصَرٌ) شاهیدەکان ببیسن‌و لە زمانی (وَلِي)و مێردەکە تێبگەن‌و هەم ببینن، بەڵام (وَفِي‌الأَعْمَى وَجْهٌ) لەبارەی کوێر فەرموودەیەکی بێهێزمەیە: کە دروستە ببێتە شاهید، واتە: بە فەرموودەی ڕاستتر دروست نیە کوێر ببێتە شاهید، هەرچەند ژن ومێردەکەش بناسێ، هەروەک ئەگەر لە تاریکاییەکی بەهێزیشدا بێ دروست نیە چاوساغ ببێتە شاهید، هەروک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنیفة)دا دروستە: هەردوو شاهیدەکان (فاسق) بن، هەم دروستە: هەردووکیان کوێر بن، هەم دروستە: پیاوێک‌و دوو ئافرەتیش ببنە شاهیدی ماڕەبڕینەکە، هەرەوک لە (مجمع الانهر)دا فەرموویەتی، کەوابو: لە حاڵەتی پێویستی‌دا دروستە: لە هەرسێک مەسەلەدا (تقليد)ی مەزهەبی(حنفی) بکرێ.

﴿ ئاگاداری ﴾: مەرجە لە دانیشگەی مارەبڕینەکەدا هەردوو شاهیدەکان ژنەکەو میّردەکە ببینن، یان بە ناو و نەژادا بیانناسن، هەروەك لە (تحفة)دا پوون کراوەتەوە.

هەروەها دروست نیە خودی سەرپەرشتکارێکیدیارکراویش ببێتە شاهید، واتە: وەك باوکەکە، یان تاکە برایەکە، یان تاکە مامەکە، یەکێك بکاتە وەکیل بۆمارەبڕینەکەو بە خۆیشی ببێتە شاهید، بەڵام ئەگەر لە سێ برایان یەکێکیان ببێتە سەر پەرشتکارو دووانیشیان ببنە شاهید، ئەو کاتە دروست دەبێ، چونکە تەنها دوو برایەکە دیارکراو نین بۆ سەرپەرشکاریەتی، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

کەوابو: (وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی راستتر: (انْعِقَادُهُ بِابْنَيِ الزَّوْجَيْنِ) مارەبرینەکە دادەمەزرێ بە شاهیدی دوو کوڕی ژنو میّردەکە، یان دوو کوڕی تەنها یەکێکیان، یان بە هەردوو باپیرەی ژنو میّردەکە، یان بە براو باوکی میّردەکە، هەم (وَعَدُوَّيْهِمَا) بە شاهیدی دوو دوژمنی ژنو میّردەکە (وَ) هەروەها (يَنْعَقِدُ بِمَسْتُورَيِ الْعَدَالَةِ) مارەبڕینەکە دادەمەزرێ بە دوو شاهیدی وەها: کە دادپەروەریەکەیان داپۆشراو بێو هیچ فاسقییان نەزاندرابێ (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست (لاَ مَسْتُورِ الإِسْلاَمِ وَالْحُرِّيَّةِ) نەك بە دوو شاهیدی وەها: کە ئیسلامیەتی، یان ئازادیەتییان داپۆشراو بێو نەزاندرێ: ئایا موسوڵمانن، یان ئازادن، یان نا.

وَلَوْ بَانَ فِسْقُ الشَّاهِدَيْنِ عِنْدَ الْعَقْدِ فَبَاطِلٌ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَإِنَّمَا يَبِينُ بِبَيِّنَةٍ أَوْ اِتِّفَاقِ الزَّوْجَيْنِ، وَلاَ أَثَرَ لِقَول الشَّاهِدَيْنِ: كُنَّا فَاسِقَيْنِ. وَلَوْ اِعْتَرَفَ بِهِ الزَّوْجُ وَأَنْكَرَتْ فُرِّقَ بَيْنَهُمَا وَعَلَيْهِ نِصْفُ الْمَهْرِ إِنْ لَمْ يَدْخُل بِهَا وَإِلاَّ فَكُلُّهُ، وَيُسْتَحَبُّ الإِشْهَادُ عَلَى رِضَاالْمَرْأَةِ حَيْثُ يُعْتَبَرُ رِضَاهَا وَلاَ يُشْتَرَطُ.

(وَلَوْ بَانَ فِسْقُ الشَّاهِدَيْنِ عِنْدَ الْعَقْدِ) ئەگەر ئاشکرابو: لە کاتی مارەبڕینەکەدا هەردوو شاهیدەکان (فاسق) بونو (تَقْلِيدِ)شیان نەکردبو، ئەوە (فَبَاطِلٌ عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب مارەبڕینەکە بەتاڵە، بەڵام ئەگەر گشتیان (تَقْلِيدِ)ی ئەو زانایانەیان کردبو: کە ڕێگەیان داوە بە شاهیدو (وَلِي)یفاسق ژن مارە بکرێ. ئەو کاتە بەتاڵ نابێو مارەبڕینەکە دروست بووە، هەروەك لە (فصل)یداهاتوودا ڕوونی دەکەینەوە،إن شاءالله تعالى (وَإِنَّمَا يَبِينُ بِبَيِّنَةٍ أَوْ اِتِّفَاقِ الزَّوْجَيْنِ) فاسقیی شاهیدەکانیش تەنها بە دوو شاهید، یان بە ڕێککەوتنی ژنو میّردەکە ئاشکرا دەبێ، کەواتە: (وَلاَ أَثَرَ لِقَول الشَّاهِدَيْنِ: كُنَّا فَاسِقَيْنِ) ئەگەر شاهیدەکان بڵێن: لە کاتی مارەبڕینەکەدا ئێمە فاسق بوین، ئەوە هیچ کار لە مارەبڕینەکە ناکا.

(وَلَوْ اِعْتَرَفَ بِهِ الزَّوْجُ) ئەگەر میّردەکە دانێنا: کە هەردوو شاهیدەکان فاسق

بون، بەڵام (وَأَنْكَرَتْ) ژنەکەش گوتی: ڕاست ناکا، ئەوە ئەگەر لە کاتی‌مارەبڕینەکەدا (تقلید) نەکرابێ (فُرِّقَ بَيْنَهُمَا) واجبە: ژنەکەو مێردەکە لێك جیا بکرێنەوە، هەم (وَعَلَيْهِ نِصْفُ الْمَهْرِ إِنْ لَمْ يَدْخُل بِهَا) لە سەر مێردەکەش واجبە نیوەی مارەییەکە بداتە ژنەکە ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ (وَإِلاَّ فَكُلُّهُ) بەڵام ئەگەر جیماعی لەگەڵ کردبێ، ئەو کاتە واجبە: هەموو مارەییەکەی بداتێ.

(وَيُسْتَحَبُّ الإِشْهَادُ عَلَى رِضَاالْمَرْأَةِ) سوننەتە لە سەر ڕازیبوونی‌ژنەکەش شاهید بگیرێ، واتە: لە لای دوو شاهید بڵێ: من ڕازیمە، یان ئیزنم دا مارەم بکا (حَيْثُ يُعْتَبَرُ رِضَاهَا) لەو حاڵەتەی کە ڕازیبوونی پێویست بێ: وەك بێوەژن بێ، یان باوکی نەمابێو برایەکەی، یان مامی مارەی بکا، بەڵام (وَلاَ يُشْتَرَطُ) شاهیدگرتنەکە مەرج نیە بۆ دروستبوونی مارەبڕینەکە، بەڵکو تەنها ڕازیبوونی ئافرەتەکە مەرجە، کەوابو: ئەگەر باوەڕپێکراوێك بڵێ: ئافرەتەکە ڕازیيە. دروستە مارە بکرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە.

ڕوکنی‌سێیەم: (وَلِي) سەرپەرشتکار، مەرجە: موسوڵمان بێ، ئازاد بێ، بالغ بێ، عاقڵ بێ، نێرینە بێ، دادپەروەربێ، لە ئیحڕامدا نەبێ، بە خۆشی‌خۆی بێو بە زۆرلێکردن مارەبڕینەکەی پێنەکەن، هەروەك لە هەردوو (فصل)ی‌داهاتوودا بە درێژی ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(فَصْلٌ) لاَ تُزَوِّجُ اِمْرَأَةٌ نَفْسَهَا بِإِذْنٍ وَلاَ غَيْرَهَا بِوَكَالَةٍ، وَلاَ تَقْبَلُ نِكَاحًا لأَحَدٍ،

ڕوکنی‌چوارەم: مێردەکە، مەرجە: بە خۆشی‌خۆی بێ، بە زۆرلێکردن ژنەکەی لێمارە نەکەن، لە ئیحڕامدا نەبێ، دیارکراو بێ، واتە: بە دیتن، یان بە نەژاد بناسرێو بزاندرێ ئەو ژنەی لێحەڵاڵە.

ڕوکنی‌پێنجەم: ژنەکە، مەرجە: لە ژێر مارەی کەسێکی‌تردا نەبێ، لە (عِدَّة)ی کەسێکی‌تردا نەبێ، لە ئیحڕامدا نەبێ، دیارکراو بێ، واتە: بە دیتن، یان بە نەژاد بناسرێ، کەواتە: دروست نابێ ئەو جۆرە ئافرەتە مارە بکرێ: کە لە ژێر مارەی کەسێکی‌ترایە، یان لە (عِدَّة)ی کەسێکی‌ترایە، بەڵام ئەگەر ژنەکە لە (عِدَّة)ی‌خۆی‌دا بێ: وەك تەڵاقێك، یان دووی کەوتبێ، یان بە هەڵە جیماعی لەگەڵ کردبێ، ئەو کاتە دروستە لەو (عِدَّة)یەدا لە خۆی مارە بکا، هەروەك لە (بغية المسترشدين)دا فەرموویەتی.

هەروەها ئەگەر باوکێك بڵێ: لە کیژەکانی‌خۆم یەکێکیانم کردە ژنی تۆ. ئینجا مێردەکەش یەکێکیانی قبوڵ کرد، ئەوە ئەگەر هەردووکیان لە دڵدا مەبەستیان کێژێکی دیارکراوبێ، ئەوە مارەبڕینەکە دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر مەبەستیان لێك جیاوازی بێ، یان کێژێکی دیارکراویان مەبەست نەبێ، ئەو کاتە مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نابێ.

هەروەها ئەگەر باوکەکە بڵێتە دوو پیاوان: ئەم کیژەم کردە ژنی یەکێکتان. ئینجا یەکێکیان قبوڵیکرد، ئەوە بە هیچ جۆرێك دروست نابێ، هەروەك لە (تحفة)و(نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی ئەو سەرپەرشتکارانەی ژن مارە دەکەن** ﴾

(لَاتُزَوِّجُ اِمْرَأَةٌ نَفْسَهَا بِإِذْنٍ) دروست نیە: هیچ ئافرەتێك بەخۆی خۆی لە پیاوێك مارە بکا: نە بە ئیزنیسەرپەرشتکارەکەی‌و نە بە بێئیزن.

هەم (وَلَاغَيْرَهَا بِوَكَالَةٍ) دروست نیە: ئافرەتێکیتری جگە لە خۆیشی لە پیاوێك مارە بکا: نە بە وەکیلایەتیو نە بە سەرپەرشتکاریەتی، هەم (وَلَاتَقْبَلُ نِكَاحًا لِأَحَدٍ) دروست نیە هیچ مارەبڕنێکیش بۆ هیچ پیاوێك قبوڵ بکا: نە بە وەکیلایەتیو نە بە سەرپەرشتکاریەتی، بە بەڵگەی حەدیسەکەی﴿لاَ نِكَاحَ إِلاَّ بِوَلِيٍّ﴾یڕابردوو، هەم لە حەدیسێکیتردا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَ تُزَوِّجُ الْمَرْأَةُ الْمَرْأَةَ وَلاَالْمَرْأَةُ نَفْسَهَا﴾ رواه الدارقطني على شرط الشيخين، دروست نیە ئافرەت ئافرەت مارە بکا، هەم دروست نیە: خودیخۆیشی مارەبکا.

ئینجا بزانە: دروستە سەرپەرشکارەکە ئافرەتێك بکاتە وەکیلیخۆی تاکو ئافرەتەکە پیاوێك بکاتە وەکیلی سەرپەرشتکارەکە بۆ ئەوەی کیژەکەی، یان خۆشکەکەی لە پیاوێك مارە بکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

وَالْوَطْءُ فِي نِكَاحٍ بِلاَ وَلِيٍّ يُوجِبُ مَهْرَالْمِثل لاَ الْحَدَّ،

(وَالْوَطْءُ فِي نِكَاحٍ بِلاَ وَلِيٍّ) جیماعکردنی مێرد لەگەڵ ئەو ژنەی بە بێسەرپەرشتکار خۆی لێمارەکردووەو (تَقْلِيد)ی هیچ زانایەکیشی نەکردوە (يُوجِبُ مَهْرَالْمِثل) مارەیی هاوێنە لە سەر مێردەکەی واجب دەکا، نەك مارەیی ناوبراو، چونکە مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نەبوە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿أَيُّمَا إِمْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَإِنْ دَخَلَ بِهَا فَلَهَا الْمَهْرُ بِمَااسْتَحَلَّ مِنْ فَرْجِهَا﴾ صححه ابن حبان وغيره، هەر ئافرەتێك بە بێئیزنی سەرپەرشتکارەکەی خۆی مارە بکا، ئەوە مارەبڕینەکەی بەتاڵە، جا ئەگەر مێردەکە جیماعی لەگەڵ کرد، ئەوە مافی مارەییی هەیە بە هۆی حەڵاڵکردنی دامێنەکەی.

(لاَ الْحَدَّ) بەڵام سزای زینا لە سەر هیچێکیان واجب نابێ، چونکە لە حەدیسەکەدا باسی نەکراوە، زانایانیش فەرموودەی جیاوازیان هەیە لەبارەی دروستبوونیمارەبڕینەکە.

کەوابو: ئەگەر ژنەکەو مێردەکە بۆ ئەو مارەبڕینە (تَقْلِيد)ی زانایەکیان کردبێ، یان دادوەرێکیشەرعی بڕیاری دروستبوونی بۆ دابن، ئەو کاتە مارەبڕینەکە بە مەزهەبی (شافعي)ش دروست دەبێ، هەروەك لە (تحفة)و حاشیەکانیدا فەرموویانە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾ یەکەم: لە مەزهەبی ئیمام (أبیحنیفة)دا: دروستە ئافرەت بە بێئیزنی سەرپەرشتکارەکەی لە لای دووشاهید خودیخۆی لە پیاوێك مارە بکا، بەو

مەرجەی ئافرەتەکە بلۆغی بوبێو عاقڵیش بێ، هەروەها دروستە ئافرەتەکە پیاوێك بکاتە وەکیلی خۆی تاکو لە پیاوێکیتری مارە بکا، هەروەك لە کتێبەکانی خۆیاندا فەرموویانە.

جا بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە مارەبڕینە پێویستە: مێردەکەو ژنەکەو هەردوو شاهیدەکان (تَقْلِید)ی ئیمام (أبیحنیفة) بکەن، ئەگینا: مارەبڕینەکە دروست نابێ، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، جا ئەگەر ئافرەتەکە بۆ مارەبڕینیخۆی وەکیلی گرت، ئەو کاتە واجبە: وەکیلەکەش (تَقْلِید) بکا، والله أعلم.

دووەم: زانایان لە سەر ئەوە ڕێککەوتون: کە-جگە لە (مُجْتَهْد)- بۆ هیچ کەسێکیتر دروست نیە هیچ کردارێك بکا تا (تَقْلِید)ی ئەو زانایە دەکا: کە ڕێگای داوە، کەواتە: هەر مارەبڕینێك زانایان فەرموودەی جیاوازیان لەبارەی هەبێ، بۆ هیچ کەسێك دروست نیە ئەو مارەبڕینەبکا تا (تَقْلِید)ی ئەو زانایە دەکا کە دروستی کردوە.

واتە: ئەگەر (تَقْلِید) نەکرێ مارەبڕینەکە دروست نابێ، کەواتە: ئەگەر (وَلِي)و شاهیدەکان (فاسق) بن‌و بە مەزهەبی(الشافعي) مارەبڕینەکە بکەن، پێویستە: (وَلِي)و مێردەکەو شاهیدەکان گشتیان (تَقْلِید)ی ئەو زانایانە بکەن کە ڕێگایان داوە: بە (وَلِي)ی (فاسق)و شاهیدی (فاسق) ژن مارە بکرێ، هەروەك لە (تحفة)دا ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە ڕوون کراوەتەوەو، لە (فصل)ی داهاتووشدا ناوی زانایەکان دەڵێین، إن شاء الله تعالى.

وَيُقْبَلُ إِقْرَارُ الْوَلِيِّ بِالنِّكَاحِ إِنْ اِسْتَقَلَّ بِالإِنْشَاءِ وَإِلاَّ فَلاَ، وَيُقْبَلُ إِقْرَارُ الْبَالِغَةِ الْعَاقِلَةِ بِالنِّكَاحِ عَلَى الْجَدِيدِ، وَلِلأَبِ تَزْوِيجُ الْبِكْرِ صَغِيرَةً أَوْ كَبِيرَةً بِغَيْرِ إِذْنِهَا، وَيُسْتَحَبُّ اِسْتِئْذَانُهَا،

(وَيُقْبَلُ إِقْرَارُ الْوَلِيِّ بِالنِّكَاحِ) دانهێنانی سەرپەرشتکارەکە بە مارەبڕینیژنەکە قبوڵ دەکرێ: (إِنْ اِسْتَقَلَّ بِالإِنْشَاءِ) ئەگەر سەرپەرشتکارەکە لە کاتی دانپێداهێنانەکەدا سەربەخۆ بێ بۆ مارەکردنەکە، وەك باوك، یان باپیرە بڵێ: ئەم کیژەم لە فلانکەس مارە کردوە. بەو مەرجەی فلانکەسەکەش هاوچەشنی ژنەکەبێ، هەر چەند کیژەکەش بڵێ: ڕاست ناکا (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر سەرپەرشتکارەکە بۆ مارەکردنەکە سەربەخۆ نەبێ: وەك مێردەکە هاوچەشن نەبێ، یان کیژەکە بێوەژن بێ، یان سەرپەرشتکارەکە: مام، یان برا بێ، ئەوە (فَلاَ) دانپێداهێنانەکەی قبوڵ ناکرێ.

(وَ) هەروەها (يُقْبَلُ إِقْرَارُ الْبَالِغَةِ الْعَاقِلَةِ بِالنِّكَاحِ) دانهێنانی ژنەکەش بە مارەبڕینەکە قبوڵ دەکرێ ئەگەر بلۆغی بوبێو عاقڵیش بێ، جیاوازی کچو بێوەژن نیە، وەك بڵێ: من لە فلانە پیاوە مارە کراوم. بەڵام بەو مەرجەی مێردەکەش بڵێ: ڕاست دەکا. هەرچەند سەرپەرشتکارەکەو شاهیدە دیارکراوەکانیشی بڵێن: ڕاست ناکا (عَلَىالْجَدِيدِ) لەسەر فەرموودەی نوێی ئیمامی (الشافعي).

﴿ مارەکردنی کچو بێوەژن ﴾

(وَلِلأَبِ تَزْوِيجُ الْبِكْرِ) بۆ باوك دروستە كیژەكەی خۆی مارە بكا بەو مەرجەی كیژەكە كچ بێ –بێوەژن نەبێ– جا كچەكەش: (صَغِيرَةً أَوْ كَبِيرَةً) بچوك بێ، یان گەورە بێو بلۆغی بوبێ (بِغَيْرِ إِذْنِهَا) بێئەوەی كچەكە ئیزنی بدا، بەلاّم (وَيُسْتَحَبُّ اِسْتِئْذَانُهَا) سوننەتە ئیزنی كچەكە وەربگیرێ ئەگەر بلۆغی بوبێو عەقلّی هەبێ، چونكە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿اَلثَّيِّبُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِنْ وَلِيِّهَا، وَالْبِكْرُ تُسْتَأْمَرُ وَإِذْنُهَا سُكُوتُهَا﴾ رواه مسلم، بێوەژن مافی زیاترە–بۆ پازیبوون– لە سەرپەرشتكارەكەیخۆی، كچیش ئیزنی وەردەگیرێو ئیزندانەكەشی بێدەنگبوونیەتی.

هەروەها ئیمامی(أبوبكرﷺ) حەزرەتی (عائشة)ی لە تەمەنی شەش سالّی لە پێغەمبەرﷺ مارە كرد. كەواتە: ئەو ئیزن وەرگرتنەی لە حەدیسەكە فەرمانی پێكراوە، زانایان بە سوننەتیان داناوە، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: بەم حەفت مەرجانە دروستە باوك بە بێئیزن كچەكەی مارە بكا: یەكەم: هیچ دوژمنایەتی لە نێوان كچەكەو مێردەكەدا نەبێ. دووەم: دوژمنایەتیی ئاشكرا لە نێوان كچەكەو باوكەكەیدا نەبێ. سێیەم: لە پیاوێكی هاوچەشنیخۆی مارەی بكا. چوارەم: لە كاتی مارەبڕینەكەدا بە ئەندازەی مارەیی هاووێنەیكچەكە مێردەكە مالّی هەبێ.

وَلَيْسَ لَهُ تَزْوِيجُ ثَيِّبٍ إِلاَّ بِإِذْنِهَا، فَإِنْ كَانَتْ صَغِيرَةً لَمْ تُزَوَّجْ حَتَّى تَبْلُغَ، وَالْجَدُّ كَالأَبِ عِنْدَ عَدَمِهِ، وَسَوَاءٌ زَالَتِ الْبَكَارَةُ بِوَطْءٍ حَلاَلٍ أَوْ حَرَامٍ، وَلاَ أَثَرَ لِزَوَالِهَا بِلاَ وَطْءٍ كَسَقْطَةٍ فِي الأَصَحِّ.

جا ئەوانە مەرجی دروستبوون بون، هەروەها بۆ ئەوەش باوكەكە گوناهبار نەبێ، مەرجی پێنجەم: بە مارەیی هاووێنە بێ. شەشەم: بە پارەی شارەكە بێ. حەفتەم: بە مارەیی حازر–نەك قەرز– مارەی بكا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: ئەگەر ئافرەتەكە ئیزنی وەربگیرێو پازی ببێ، ئەو حەفت مەرجانە هیچیان پێویست نابن، هەروەها مەرجەكەیچوارەم لە سەر فەرموودەیبەهیزتر بوو، بەلاّم چەند زانایەك فتوایان داوە: كە ئەگەر مێردەكە لە كاتیمارەبڕیندا بە ئەندازەی مارەییەكەش مالّی نەبێ، مارەبڕینەكە هەر دروست دەبێ، هەروەك لە (فتح المعين)و (بغيةالمسترشدين)دا فەرموویانە.

كەوابو: دروستە لەم مەسەلەیەدا: (تَقْلِيد)ی ئەو زانایانە بكرێ، بەلاّم ئەگەر بە (فتوای) ئەو زانایانە نەكرێو مێردەكەش بە ئەندازەی مارەییەكە مالّی نەبێ، ئەو كاتە پێویستە–بۆ دروستبوونیمارەبڕینەكە–: بە ئەندازەی مارەییەكە شتێك بە بەخشین، یان بە قەرز بدرێتە مێردەكە، هەروەك لە (الشرواني)دا ڕوون كراوەتەوە.

(وَلَيْسَ لَهُ تَزْوِيجُ ثَيِّبٍ) بۆ باوك دروست نيه: كيژه بێوەژنەكەی مارە بكا (إِلاَّ بِإِذْنِهَا) تەنها بە ئيزنی بێوەژنەكە نەبێ، بە بەڵگەی حەديسەكەی‌پرابردو، كەوابو: (فَإِنْ كَانَتْ صَغِيرَةً) ئەگەر بێوەژنەكە بچوك بوو، واتە: بلوغی نەبوبێ، ئەوە (لَمْ تُزَوَّجْ حَتَّى تَبْلُغَ) دروست نيە مارە بكرێ تا بلۆغی دەبێ، بەڵام ئەگەر بێوەژنەكە شێت بێ، ئەوە دروستە مارە بكرێ، جا بلۆغی بوبێ، يان نا (وَالْجَدُّ كَالأَبِ عِنْدَ عَدَمِهِ) باپيرە، واتە: باوكی‌باوك وەكو باوكە، ئەگەر باوكەكە نەمابێ، يان كەڵكی مارەبڕينی نەبێ.

(وَسَوَاءٌ زَالَتِ الْبَكَارَةُ بِوَطْءٍ حَلاَلٍ أَوْ حَرَامٍ) يەكسانەو جياوازی نيە بێوەژنەكە: كچينيەكەی بە جيماعێكی حەڵاڵ نەمابێ، يان بە جيماعێكی حەرام: وەكو زينا، هەروەها يەكسانە جيماعەكە: بە خۆشی‌خۆی بوبێ، يان بە زۆرليكردن، يان لە خەودا بوبێ.

بەڵام (وَلاَ أَثَرَ لِزَوَالِهَا بِلاَ وَطْءٍ) هيچ كار لە كچايەتی ناكا ئەگەر كچينيەكەی بێ‌جيماع لاچوبێ: (كَسَقْطَةٍ) وەك بە كەوتنێك، يان بە پەنجە، يان بە خوێنی‌حەيز كچێنيەكەی لاچوبێ، واتە: ئەمە هەر بە كچ دادەندرێ (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر لە ئيزن وەرگرتندا فێڵ لە ئافرەتەكە كراو پێی گوت: پازی دەبی لە فلانكەس مارەت بكەم؟ ئەويش وەڵامی داوەو گوتی: بەڵێ پازيمە لە فلانكەس مارەم وَمَنْ عَلَى حَاشِيَةِ النَّسَبِ كَأَخٍ وَعَمٍّ لاَ يُزَوِّجُ صَغِيرَةً بِحَالٍ، وَتُزَوَّجُ الثَّيِّبُ الْبَالِغَةُ بِصَرِيحِ الإِذْنِ، وَيَكْفِي فِي‌الْبِكْرِ سُكُوتُهَا فِي‌الأَصَحِّ، وَالْمُعْتِقُ وَالسُّلطَانُ كَالأَخِ،

بكەی. جا لە ڕاستی‌شدا ئەم ناوە ناوی كەسەكە نەبو، ئەوە ئەگەر ئافرەتەكە لە ئيزندانەكەی‌دا ئاماژەی بۆ پياوەكە كردبێ، وەك بڵێ: لەم پياوە مارەم بكە. ئەوە مارەبڕينەكە دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر ئاماژەی بۆ نەكردبێو ناوەكەشی بە هەڵە گوترابێ، ئەوە مارەبڕينەكە دروست نابێ، جا مەسەلەی فێڵكردن لە مێردەكەش هەر ئەوەيە، هەروەك لە (تحفة)دا لێرەو لە باسی پەشيمانی‌ی مارەبڕيندا ڕوون كراوەتەوە.

(وَمَنْ عَلَى حَاشِيَةِ النَّسَبِ) ئەو سەرپەرشتكارەی لە سەر ڕۆخی نەژادە: (كَأَخٍ وَعَمٍّ) وەكو براو مامو برازاو مامۆزا...هتد (لاَ يُزَوِّجُ صَغِيرَةً بِحَالٍ) بۆ هيچێكيان دروست نيە بە هيچ جۆرێك ئافرەتی بچوك مارە بكا، واتە: كە بلۆغی نەبوبێ، جياوازی كچو بێوەژن نيە، هەروەها ئەگەر ئافرەتەكە بلۆغيشی بوبێ –بە بێئيزن– بۆ هيچێكيان دروست نيە مارەی بكا، بەڵام بە ئيزنی ئافرەتەكە دروستە.

كەوابو: (وَتُزَوَّجُ الثَّيِّبُ الْبَالِغَةُ بِصَرِيحِ الإِذْنِ) بێوەژنێكی بالغوعاقلّ بە ئيزندانێكی‌ئاشكرا دروستە مارە بكرێ، جا باوكی مارەی بكا، يان سەرپەرشتكارێكی‌تر، وەك بڵێ: باوكی خۆم، يان برای خۆم، يان مامم ئيزندا لە فلانكەس مارەم بكا. هەروەها دروستيشە بڵێ:

باوکم، یان برام کردە وەکیلی خۆم مارەم بکا، یان ڕازیمە مارەم بکا. جا ئەگەر لاڵ بوو، پێویستە بە ئاماژە بڵێ: ڕازیمە مارەم بکا.

بەڵام (وَيَكْفِي فِيالْبِكْرِ سُكُوتُهَا) لەبارەی ئیزندانی کچ بێدەنگبوونەکەی بەسە، واتە: هەرکاتێك ئیزنی لێوەرگیرا، ئەگەر بێدەنگ بوو، ئەوە نیشانەی ڕازیبوونیەتی (فِيالأَصَحِّ) لە فەرمودەی‌ڕاستردا، بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌ڕابردوو، جا باوکی مارەی بکا، یان سەرپەرشتکارێکی‌تر.

ئینجا بزانە: کچی شێتو بێوەژنی شێت وەکو منداڵن، واتە: ئیزندانەکەیان بە کەلك نایێ، هەروەها بێدەنگبوونی کچ تەنها بۆمارەبڕینەکە بەسەو بە ڕازیبوون دادەندرێ، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی مارەییەهاوێنە بەس نیە، واتە: مەرجە بە زوبان بڵێ: ڕازیمە بەو مارەییە کەمترە مارە بکرێم. هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَالْمُعْتِقُ وَالسُّلطَانُ كَالأَخِ) ئازادکەرو کاربەدەست وەکو برانە، واتە: بە بێئیزن ناتوانن: نە کچو نە بێوەژن مارە بکەن.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنیفة)دا: باوکو باپیرە و گشت سەرپەرشتکارێکی تریش بۆیان دروستە: بێوەژنی شێت مارە بکەن: جا گەورە بێ، یان بچوك بێ، وَأَحَقُّ الأَوليَاءِ أَبٌ ثُمَّ جَدٌّ ثُمَّ أَبُوهُ ثُمَّ أَخٌ لأَبَوَيْنِ أَوْ لأَبٍ ثُمَّ اِبْنُهُ وَإِنْ سَفَلَ ثُمَّ عَمٌّ ثُمَّ سَائِرُ الْعَصَبَةِ كَالإِرْثِ، وَيُقَدَّمُ أَخٌ لأَبَوَيْنِ عَلَى أَخٍ لأَبٍ فِي الأَظْهَرِ،

هەروەها بۆ گشت سەرپەرشتکارێك دروستە: ئافرەتێبچوك –کە بلۆغی نەبوبێ– مارە بکەن، هەر چەند بێوەژنیش بێ، جا ئەگەر باوکو باپیرە مارەی کردبێ، ئەوە مارەبڕینەکەی دەچەسپێو ئەگەر بلۆغیشی ببێ مافی پەشیمانیی نیە، هەر چەند مێردەکەشی هاوچەشنیخۆی نەبێو بە کەمتریش لە مارەییەهاوێنە مارە کرابێ، بەڵام ئەگەر–جگە لە باوکو باپیرە– سەرپەشتکارەکانیتر مارەیان کرد، ئەوە ئەگەر لە هاوچەشنیخۆی مارە کرابێو بە مارەییەهاوێنەش مارە کرابێ، ئەوە مارەبڕینەکەی دروستە، بەڵام هەرکاتێك ئافرەتەکە بلۆغی بوو، یان لە دوای بلۆغبوون هەواڵی مارەبڕینەکەی زانی، بۆی دروستە: پەشیمان ببێتەوەو مارەبڕینەکە–لە لای قازی– هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لە هاوچەشنیخۆی مارە نەکرابێ، یان بە کەمتر لە مارەییەهاوێنە مارە کرابێ، ئەو کاتە مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نابێ.

هەر لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنیفة)دا: بۆ گشت سەرپەرشتکارێکیش دورستە: ژن لە کوڕێکی نەبالغ مارە بکا، بەڵام ئەگەر ئافرەت بلۆغی بوبێو عەقڵیشی هەبێ، ئەوە نە بۆ باوکو باپیرەو نە بۆ هیچ سەرپەرشتکارێکی‌تر دروست نیە بە بێئیزن مارەی بکەن، جا ئافرەتەکە: کچ بێ، یان بێوەژن بێ، ئینجا بۆ ئیزن وەرگرتنەکەش مەرجە:

مێردەکەی پێ بناسێندرێو ناوی بگوترێو بە زوبانیش بڵێ: من پازیمە. یان بڵێ: ئیزنمدا لە فلاّنکەس مارەم بکەی. هەروەك لە (مجمع الأنهر)و (الدرالمنتقي)دا ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پوون کراوەتەوە.

﴿ لە پێشترین (وَلِي)=سەرپەرشتکار بۆ مارەبڕین ﴾

(وَأَحَقُّ الأولِيَاءِ) لەپێشترین سەرپەرشتکار بۆ مارەبڕین (أَبٌ) باوکی ئافرەتەکەیە (ثُمَّ جَدٌّ) ئینجا باپیرە: باوکیباوك (ثُمَّ أَبُوهُ) ئینجا باوکیباپیرەو بە سەرەوەتر (ثُمَّ أَخٌ لأَبَوَيْنِ) ئینجا برای لەدایكوباوکی (أَوْ لأبٍ) ئینجا برای تەنها لەباوکی (ثُمَّ ابْنُهُ وَإِنْ سَفَلَ) ئینجا کوڕە برا، هەر چەندبەرەو خواریش بێ (ثُمَّ عَمٌّ) ئینجا مامی لەدایكوباوکی، ئینجا تەنها لەباوکی، ئینجا کوڕە مام (ثُمَّ سَائِرُ الْعَصَبَةِ) ئینجا خزمە نێرینەکانیتری لە پشتێ (كَالإِرْثِ) وەکو پیزی میراتگرتن.

کەوابو: (وَيُقَدَّمُ أَخٌ لأَبَوَيْنِ عَلَى أَخٍ لأبٍ) بۆ مارەبڕینەکە برای لەدایكوباوکی وەپێش برای تەنها لەباوکی دێخستێ (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرمودەی بەهیزتردا، هەروەها کوڕەبرای لەدایكوباوکی وەپێش کوڕەبرای تەنها لەباوکی دێخستێ، هەروەها مامی لەدایكو باوکیش وەپێش مامی تەنها لەباوکی دێخستێو کوڕە مامی لەدایكوباوکیش وەپێش کوڕەمامی تەنها لەباوکی دێخستێ.

وَلاَ يُزَوِّجُ اِبْنٌ بِبُنُوَّةٍ، فَإِنْ كَانَ اِبْنَ ابْنِ عَمٍّ أَوْ مُعْتِقًا أَوْ قَاضِيًا زَوَّجَ بِهِ، فَإِنْ لَمْ يُوجَدْ نَسِيبٌ زَوَّجَ الْمُعْتِقُ ثُمَّ عَصَبَتُهُ كَالإِرْثِ، وَيُزَوِّجُ عَتِيقَةَالْمَرْأَةِ مَنْ يُزَوِّجُ الْمُعْتِقَةَ مَا دَامَتْ حَيَّةً، وَلاَ يُعْتَبَرُ إِذْنُ الْمُعْتِقَةِ فِالأَصَحِّ، فَإِذَا مَاتَتْ زَوَّجَ مَنْ لَهُ الْوَلاَءُ، فَإِنْ فُقِدَ الْمُعْتِقُ وَعَصَبَتُهُ زَوَّجَ السُّلطَانُ، وَكَذَا يُزَوِّجُ إِذَا عَضَلَ الْقَرِيبُ وَالْمُعْتِقُ،

(وَلاَ يُزَوِّجُ ابْنٌ بِبُنُوَّةٍ) نابێ هیچ کوڕێك دایکێخۆی بە کوڕایەتی مارە بکا، بەڵام (فَإِنْ كَانَ ابْنَ ابْنِ عَمٍّ) ئەگەر کوڕەکە کوڕی کوڕەمامی ژنەکە بێ: وەك ژنەکە لە کوڕەمامێکێخۆی کوڕێکی بوبێ (أَوْ مُعْتِقًا)یان کوڕەکە ئازادکەر بێ (أَوْ قَاضِيًا) یان کوڕەکە قازی بێ، ئەو کاتە (زَوَّجَ بِهِ) بە کوڕەمامایەتی، یان بە قازیایەتی دایکێخۆی مارە دەکا.

بەڵام لە هەرسێك مەزهەبەکەیتردا: دروستە: کوڕ بە کوڕایەتی دایکێخۆی لە پیاوێك مارە بکا، بەڵکو لە مەزهەبی(حنفي)دا: کوڕی ئافرەتەکە لە باوکیئافرەتەکەش لەپێشترە بۆ مارەبڕین، هەروەك لە (الدرالمنتقي)دا فەرموویەتی.

(فَإِنْ لَمْ يُوجَدْ نَسِيبٌ) جا ئەگەر هیچ سەرپەرشتکارێکی نەژادی ئافرەتەکە نەبو (زَوَّجَ الْمُعْتِقُ) ئازادکەرەکەی مارەی دەکا (ثُمَّ عَصَبَتُهُ) ئینجا خزمە لە پشتێیەکانی ئازادکەرەکە (كَالإِرْثِ) وەکو میراتگرتن (وَيُزَوِّجُ عَتِيقَةَ الْمَرْأَةِ مَنْ) جاریە ئازادکراوەکەی ئافرەتەکە ئەو کەسە مارەی دەکا: کە (يُزَوِّجُ الْمُعْتِقَةَ مَا دَامَتْ حَيَّةً) ئافرەتە ئازادکەرەکە مارە دەکا مادام

ئافرەتەکە زیندوو بێ: وەک باوکو باپیرەی ئازادکەرەکە.
(وَلاَ يُعْتَبَرُ إِذْنُ الْمُعْتِقَةِ فِيالأَصَحِّ) ئیزندانی ئافرەتە ئازادکەرەکە ڕەچاو ناکرێ بۆ مارەکردنەکە، بەڵام (فَإِذَا مَاتَتْ) هەر کاتێك ئافرەتە ئازادکەرەکە مرد، ئەوە (زَوَّجَ مَنْ لَهُ الوَلاَءُ) ئەو پیاوەی خزمایەتی ئازادکردنی هەیە، هەر ئەویش ئازادکراوەکە مارە دەکا: وەکو کوڕی ژنە مردووەکەو کوڕی کوڕو، ئینجا باوك...هتد.
(فَإِنْ فُقِدَ الْمُعْتِقُ وَعَصَبَتُهُ) جا ئەگەر ئازادکەرو خزمەکانی ئازادکەرەکەش نەبون، ئەو کاتە (زَوَّجَ السُّلْطَانُ) کاربەدەستی شوێنەکە ئافرەتەکە–بە ئیزن– لە کەسێکیتر مارە دەکا، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿اَلسُّلْطَانُ وَلِيُّ مَنْ لاَوَلِيَّ لَهُ﴾ صحححه ابن حبان وغیرە، کاربەدەست سەرپەرشتکاری ئەو کەسەیە: کە هیچ سەرپەرشتکارێکی نیە.
ئینجا بزانە لە مەزهەبی ئیمام (أبیحنیفة)دا: ئەگەر هیچ سەرپەرتکارێکی نێرینە نەبێ، دروستە: دایك کیژەکەی خۆی مارە بکا، هەروەك لە (ملتقیالابحر)دا فەرموویەتی.
(وَكَذَا يُزَوِّجُ) هەروەها کاربەدەستەکە ئافرەتەکە مارە دەکا (إِذَا عَضَلَ الْقَرِيبُ) هەرکاتێك سەرپەرشتکارەکەی نزیك خۆی گیر کردو ئافرەتەکەی مارە نەکرد، هەم (وَالمُعْتِقُ) ئازادکەرەکەش مارەی نەکرد.

وَإِنَّمَا يَحْصُلُ الْعَضْلُ إِذَا دَعَتْ بَالِغَةً عَاقِلَةً إِلَى كُفْءٍ وَلَوْ عَيَّنَتْ كُفْئًا وَأَرَادَ الأَبُ غَيْرَهُ فَلَهُ ذَلِكَ فِي الأ

منهاج– بەرگیچوارەم–12

(وَإِنَّمَا يَحْصُلُ الْعَضْلُ) خۆگیرکردن بەوە دەبێ: (إِذَا دَعَتْ بَالِغَةً عَاقِلَةً إِلَى كُفْءٍ) هەر کاتێك ئافرەتێکی بالغو عاقڵ داوا لە سەرپەرشتکارەکەی بکا: لە پیاوێکی هاوچەشنیخۆی مارەی بکاو (وَامْتَنَعَ) سەرپەرشتکارەکەش بە بێهیچ عوزرێکیشەرعی خۆی گیر بکاو بڵێ: مارەی ناکەم.
بەڵام (وَلَوْ عَيَّنَتْ كُفُؤًا) ئەگەر کیژێکیکچ پیاوێکی هاوچەشنیخۆی دیاری کردو گوتی: لەم پیاوە مارەم بکە (وَأَرَادَ الأَبُ غَيْرَهُ) باوك، یان باپیرەش هاو چەشنێکیتری دیاری کرد، ئەوە (فَلَهُ ذَلِكَ) باوکو هەم باپیرەش ئەو مافەی هەیەو دیارکراوی ئەوان ڕەچاو دەکرێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، چونکە باوکو باپیرە لێزانترن.
بەڵام ئەگەر سەرپەرشتکارەکە باوکو باپیرە نەبو، یان ئافرەتەکە بێوەژن بوو، ئەوە لە هەر دوو حاڵەتدا دیارکراوی ئافرەتەکە ڕەچاو دەکرێ، چونکە ئەگەر لەم دوو حاڵەتەدا مارەبڕینەکە بێئیزنی ئافرەتەکە بێ، ئەوە هەر دروست نابێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.
کەوابو: ئەگەر لە ئیزن وەرگرتندا فیڵ لە ئافرەتەکە بکرێو ناوی پیاوێکی بە هەڵە پێ

بگوترێ، ئەو کاتـەش مارەبڕینەکـە دروسـت نابـێ، هـەروەك لـە (مـارەبڕینی بێـوەژن)دا ڕوونمان کردەوە، ئینجا بزانە: ئەگەر دیارکراوی کیژەکە جوانتر بوو، یان دەوڵەمەندتر بوو، یان زاناتر بوو...ئەو کاتە–بـە فەرموودەکـەیتری بـێهێز – دیـارکراوی کیژەکـە ڕەچـاو دەکرێو واجبە: باوکو باپیرەش ڕازی بن، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

﴿ باسی شیربایی ﴾

هەر کاتێك سەرپەرشتکارەکە بڵێ: تا ئەوەندە ماڵە نەدەیتە من ئەو ئافرەتە لە تۆ مـارە ناکەم–هەروەك ئێستا ئەوهایە– ئەوەش بێگومان بە خۆگیرکردن دادەندرێ، هەروەك لە (الانوار)دا فەرموویەتی، جا ئەو ماڵەی–بەو ناوە– لە مێردەکە، یان لـە بـاوکی مێردەکـە وەردەگیرێ حەڕامە، هەرچەند بـەو مەبەسـتەش وەریگرتبـێ: تـاکو بـۆ خـۆی، یـان بـۆ کوڕەکەی ژنی پێبهێنێ، جا لە کوردەواریدا بەو ماڵەرگرتنە دەگوترێ: (شیربایی).

کـەوابو: واجبـە ماڵەکـە بـۆ خاوەنەکـەی بگەڕێندرێتـەوە، واتـە: دروسـت نیـە بیداتـەوە ئافرەتەکـە، جگـە لەمـەش ئـەو ڕەفتـارە ناشـیرنە وەك فرۆشـتنی ئـافرەتێکی ئـازادە، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ﴿قال اللهُ تعالى: ثَلاَثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: رَجُلٌ أَعْطَى بِي ثُمَّ غَدَرَ، وَرَجُلٌ بَاعَ حُرّاً فَأَكَلَ ثَمَنَهُ، وَرَجُلٌ إِسْتَأْجَرَ أَجِيراً فَاسْتَوْفَى مِنْهُ وَلَمْ يُعْطِهِ أَجْرَهُ﴾ (فَصْـلٌ) لاَ وِلاَيَـةَ لِرَقِيـقٍ وَصَـبِيٍّ وَمَجْنُـونٍ وَمُخْتَـلِّ النَّظَـرِ بِهَـرَمٍ أَوْ خَبَـلٍ، وَكَذَا مَحْجُورٌعَلَيْهِ بِسَفَهٍ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَمَتَى كَانَ الأَقْرَبُ بِبَعْضِ هَذِهِ الصِّفَاتِ

رواه البخاري، خوای گەورە لە حەدیسێکی(قُدْسِي)دا دەفـەرموێ: سـێ کـەس هەنـە مـن بەخۆم لە ڕۆژی قیامەت کێشەیان لەگەڵ دەکەم، یەکەم: ئەوکەسەی بە ناوی من پەیمانێك بداو جێبەجێی نەکا. دووەم: ئەوکەسەی ئادەمێزادێکیئازاد بفرۆشێو پارەکەی بخـوا. سێیەم: ئەوکەسەی کرێکارێك بگرێو کارەکەی پێ بکاو کرێیەکەی نەداتێ.

﴿ ئاگاداری ﴾: ئێستاش زۆرداریو ستەمێکی (جاهلي)ی پـێش ئیسـلام لـە کوردسـتاندا هەیە کە ئەمەیە: ﴿عن ابن عباس رضي الله عنهما: كَانُوا إِذَا مَاتَ الرَّجُلُ كَانَ أَوْلِياؤُهُ أَحَقَّ بِإِمْرَأَتِهِ: إِنْ شَاءَ بَعْضُهُمْ تَزَوَّجَهَا، وَإِنْ شاؤُا زَوَّجُوهَا، وَإِنْ شَاؤُا لَمْ يُزَوِّجُوهَا فَهُمْ أَحَقَّ بِهَا مِنْ أَهلِهَا، فَنَزَلَتْ: (يَاأَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُوا لاَيَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُواالنِّسَاءَ كَرْهاً وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَاآتَيْتُمُوهُنَّ)﴾رواه البخاري، لە سەر دەمی (جاهلي) پێش ئیسلام عادەتیان ئەوهابو: ئەگەر پیاوێك دەمردو ژنەکەی لە پاش بەجێ دەما، ئەوە خزمەکانی مێردەکە خۆیان بە خاوەن مافتر دادەنـاو دەستیان بە سەر ژنەکەیدا دەگرت: ئەگەر یەکێکیان ویستبای لـە خـۆی مارە دەکرد، ئەگەر حەزیان کردبا لە کەسێکیتریان مارە دەکرد، ئەگـەر حـەزیان کردبـا مارەیان نەدەکردو لە مێردکردن قەدەغەیان دەکـرد، ئینجـا خـوای گـەورە ئـەو ئایەتـەی ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهاً﴾ی نارد خـوارەوەو ئـەو

عادەتەی حەڕام کرد، واتە: هۆ ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە خواو پێغەمبەرﷺ بۆ ئێوە حەڵاڵ نیە ئافرەتان بە زۆرداری بە میرات بگرنو لە شووکردن قەدەغەیان مەکەن تاکو بەشێکی ئەو مااڵەی داوتانە ئەوان بۆ خۆتان بیبەن.

کەواتە: هەر شتێك لە بەرامبەر شووکردنەوەی ژنەکە وەربگیرێ، ئەویش وەکو شیربایی حەڕامە، چونکە لە دوای مردنیمێردەکە ژنەکە ئازادو سەربەخۆیە: بە خۆشیخۆی بە ئیزنی سەرپەرشتکاریخۆی مێرد بە هەر کەسێك بکا.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی قەدەغەکەرەکانی سەرپەرشتکارەیەتی ژن مارەکردن** ﴾

(لأَوِلاَيَةَ لِرَقِيقٍ) سەرپەرشتکاریەتی ژن مارەکردن: بۆ کۆیلە نیە، هەم (وَصَبِيٍّ وَمَجْنُونٍ) بۆ منداڵو شێتیش نیە، هەم (وَمُخْتَلِّ النَّظَرِ بِهَرَمٍ أَوْ خَبَلٍ) بۆ ئەو کەسەش نیە کە بیرو هۆشی ناتەواو بێ: بە هۆی پیری، یان گێلەکەیی (وَكَذَا مَحْجُورٌ عَلَيْهِ بِسَفَهٍ) هەروەها بۆ ئەو کەسەش نیە: کە بە هۆی مااڵ بەفیڕۆدان قەدەغەی لە سەر داندراوە (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستیمەزهەب.

(وَمَتَى كَانَ الأَقْرَبُ بِبَعْضِ هَذِهِ الصِّفَاتِ) هەر کاتێك سەرپەرشتکاریئنزیکتر یەکێکی لەو قەدەغەکەرانەی–ڕابردوو و داهاتووی– تێدابو، واتە: یان کۆیلە، یان منداڵ، یان شێت فَالْوِلاَيَةُ لِلأَبْعَدِ، وَالإِغْمَاءُ إِنْ كَانَ لاَ يَدُومُ غَالِبًا أُنْتُظِرَ إِفَاقَتُهُ، وَإِنْ كَانَ يَدُومُ أَيَّامًا أُنْتُظِرَ، وَقِيلَ لِلأَبْعَدِ، وَلاَ يَقْدَحُ الْعَمَى فِي الأَصَحِّ، وَلاَ وِلاَيَةَ لِفَاسِقٍ عَلَى الْمَذْهَبِ،

بوو، یان بیر و هۆشی ناتەواو بوو، یان قەدەغەکراوی مااڵ بەفیڕۆدان بوو، یان فاسق بوو، یان کافر بوو، ئەوە (فَالْوِلاَيَةُ لِلأَبْعَدِ) سەرپەرشتکاریەتی مارەبڕینەکە بۆ سەرپەرەشتکارە دوورترەکە دەگوازرێتەوە، چونکە ئەوانەیڕابردوو هەبوونیان وەك نەبوونە، کەواتە: ئەگەر قەدەغەکەرەکە نەما، ئەو کاتە سەرپەرشتکاریەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَالإِغْمَاءُ) بێهۆشی (إِنْ كَانَ لاَيَدُومُ غَالِبًا) ئەگەر بە ئەغڵەبی بەردەوام نەبێ، ئەوە (أُنْتُظِرَ إِفَاقَتُهُ) چاوەڕوانی چاکبوونەوەی دەکرێ (وَ) هەروەها (إِنْ كَانَ يَدُومُ أَيَّامًا) ئەگەر چەند ڕۆژێکیش بەردەوام دەبو (أُنْتُظِرَ) بە فەرموودەی راستتر: چاوەڕوانی چاکبوونەوەی دەکرێ، بەاڵم (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: چاوەڕوان ناکرێ، بەڵکو (لِلأَبْعَدِ) بۆ سەرپەرشتکارە دوورەترەکە دەگوازرێتەوە (وَلاَيَقْدَحُ الْعَمَى) کوێری نابێتە عەیب لە سەرپەرشتکاریدا، هەم لاڵیش نابێتە عەیب (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

بەاڵم (وَلاَ وِلاَيَةَ لِفَاسِقٍ) سەرپەرشتکاریەتی ژن مارەکردن بۆ پیاوی فاسق نیە (عَلَى الْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَنِكَاحَ إلاَّ بِوَلِيٍّ مُرْشِدٍ﴾ رواه الشافعي وأحمد والطبراني بسند صحيح، هیچ مارەبڕینێك

دروست نابێ تەنها بە سەرپەرشتکارێکی دادپەروەر نەبێ.

﴿ ئاگاداری ﴾: لە فەرمووەیەکیتریئیمامی(الشافعي)داو لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنيفة)و ئیمام (مالك)دا دروستە: فاسق ببێتە سەرپەرشتکاری ژن مارەکردن، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی، جا ئیمامی(الغزالی)ش فتوای داوە: ئەگەر هاتو سەرپەرشتکارە فاسقەکە مارەی نەکردبا، کارەکە دەکەوتە دەست دادوەرێکی فاسق، ئەو کاتە دروستە: سەرپەرشتکارە فاسقەکە ئافرەتەکە مارە بکا، ئیمام (ابن الصلاح)و (السُّبْكي)و (الأذرعي)و چەند زانایەکیتریش فتوایان داوە: ئەگەر فاسقی بڵاو بۆوە—لە بەر پێویستی— دروستە: پیاوی فاسق ببێتە سەرپەرشتکاری ژن مارەکردن، بەڵکو فەرمووەیەکی ئیمامی (الشافعي)ش هەیە: کە دروستە هەردوو شاهیدەکانی مارەبڕینەکەش فاسق بن، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

کەوابوو: بۆ ئەم سەردەمە—ئەگەر بە مەزهەبی (الشافعی) ژن مارە بکرێ— پێویستە: سەرپەرشتکارەکەو مێردەکەو هەم وەکیلەکەیانو هەم هەردوو شاهیدەکان لەو فەرموودانە ئاگادار بکرێنەوە، تاکو (تَقْلِید)ی ئەو زانایانە بکەن: کە ڕێگایان داوە: (بە (وَلِي)ی فاسقو شاهیدی فاسق ژن مارە بکرێ). چونکە ئەگەر (تَقْلِید) نەکەن مارەبڕینەکە وَيَلِي الْكَافِرُ الْكَافِرَةَ،

دروست نابێ، هەروەك لە سەرەتای (فصل)یڕابردوودا ڕوونمان کردەوە، بەڵام مەرج نیە: لە (تَقْلِید)کردنەکەدا ناوی زانایەکان بگوترێ، والله أعلم.

﴿تێبینی﴾: مامۆستا (عبدالکریم المدرس)رحمه الله تعالی، لە (جواهرالفتاوی)دا لە چەند زانایەکی پایەبەرزی کورد گێڕاویەتیەوە: کە (بۆ دروستبوونی مارەبڕینیمەزهەبی(الشافعي) بە (ولي)ی فاسقو شاهیدی فاسق، مەرجە: ژنەکەش—وەکو مێردەکە—(تَقْلِید) بکا).

منیش لە (ڕۆژی ڕێشنگدار)دا شوێن ئەو بەڕێزانە کەوتوم، بەڵام مامۆستای (المدرس) بەخۆی دەفەرموێ: ئەگەر ژنەکە (مُجْبَرَة) بێ—واتە: کچ بێو باوکی، یان باپیرەی مارەی ببڕێ— ئەوە (تَقْلِید)کردنی مەرج نیە.

جا ئەو بەڕێزانە پشتیان بە فەرموودەی (تحفة) بەستوە کە دەفەرموێ: (فَمَنْ نَكَحَ مُخْتَلَفاًفِيهِ فَإِنْ قَلَّدَ الْقَائِلَ بِصِحَّتِهِ...إلخ). بەڵام حاشیەکەی(ابن قاسم) لە سەری نووسیوە: (كَنِكَاحٍ بِلا وَلِيٍّ). ئەوەش وا دەگەیێنێ: کە (تَقْلِید)کردنی ژنەکە—بۆ دروستبوونیمارەبڕین— تەنها لەو حاڵەتەدا مەرجە: کە مارەبڕینەکە بە مەزهەبی(حنفی) بکرێ.

جا منیش لێرەدا شوێن (ابن قاسم) کەوتوم؟ چونکە فەرموودەکەی(ابن قاسم) بەوە بەهێز دەبێ: کە لە هەمان لاپەڕەدا (تحفة) دەفەرموێ: (قالَ الْماوَرْدِي: وَلَيْسَ لِلزَّوْجَيْنِ الْإِسْتِبْدادُ

بِعَقْدٍ مُخْتَلَفٍ فِيهِ إلاّ إنْ كانا مِنْ أهْلِ الإجْتِهادِ...إلخ)، واتـه: بـۆ ژنو مێـرد دروست نیـه سەربەخۆ بن بۆ مارەبڕینێکی‌وەها: کە زانایان فەرموودەی جیاوازیان لـە دروستبوونی‌دا هەبێ، مەگەر هەردووکیان خاوەنی(إجْتِهاد) بن...تا کۆتایی.

جـا ئاشـکرایە بـە مەزهەبی(الشـافعی): ژن سـەربەخۆ نیـە بـۆ مـارەبڕین هەرچـەند سەرپەرشتکارەکەشی (فاسق) بێ، کەواتە: (تَقْلِید)کردنی مەرج نیە، بـەلاّم بـە مەزهـەبی (حنفـی): ژن سـەربەخۆیە، بـۆیێ (تَقْلِیـد)کردنـی مەرجـە، بـەو جـۆرەی لـە سـەرەتای (فصل)ی‌ڕابردوودا ڕوونمان کردەوە، واللّه أعلم بالصواب.

ئینجا بزانە: بە (إجماع)ی زانایانی‌ئیسلام: هیچ جـۆرە کافرێـك نابێتـە سەرپەرشـتکاری ئافرەتی‌موسـوڵمان، کـەوابو: ئەگـەر سەرپەرشـتکارەنزیکەکە کـافر بـێ، ئـەو کاتـە سەرپەرشتکارە دوورەکە ئافرەتە موسوڵمانەکە مارە دەکا.

هەروەها موسوڵمانیش نابێتە سەرپەرشتکاری ئافرەتی‌کافر، بەلاّم (وَيَلِي‌الْكَافِرُ الْكَافِرَةَ) پیاوی‌کـافر دەبێتـە سەرپەرشـتکاری ئافرەتی‌کـافرو مـارەی دەکـا، بـەو مەرجـەی لـە بنچـینەی‌دا کـافر بـێ، چـونکە موسـوڵمانی‌کافربوو –هـەروەك نابێتـە سەرپەرشـتکاری موسوڵمان– نابێتە سەرپەرشتکاری هیچ جۆرە کافرێکیش، هەروەك لـە (تحفـة)و(نهایـة)و حاشیەکانیاندا ئەو مەسەلەیە ڕوون کراوەتەوە.

وَإِحْـرَامُ أَحَـدِ الْعَاقِـدَيْنِ أَوِ الزَّوْجَـةِ يَمْنَـعُ صِـحَّةَ النِّكَـاحِ وَلاَ يَنْقُـلُ الْوِلاَيَـةَ فِـالأَصَـحِّ، فَيُزَوِّجُ السُّلطَانُ عِنْدَ إحْرَامِ الْوَلِيِّ لاَ الأَبْعَدُ، قُلْتُ: وَلَوْ أَحْرَمَ الْوَلِيُّ أَوِ الزَّوْجُ فَعَقَدَ وَكِيلُهُ الْحَلاَلُ لَمْ يَصِحَّ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلَوْ غَابَ الأَقْرَبُ إِلَى مَرْحَلَتَيْنِ زَوَّجَ السُّلطَانُ، وَدُونَهُمَا لاَ يُزَوِّجُ إلاَّ بِإِذْنِهِ فِالأَصَحِّ، وَلِلْمُجْبِرِ اَلتَّوْكِيلُ فِالتَّزْوِيجِ بِغَيْرِ إِذْنِهَا،

(وَإِحْـرَامُ أَحَـدِ الْعَاقِـدَيْنِ أَوِالزَّوْجَـةِ) ئیحـرام بەسـتنی یـەکێك لـە مارەبڕەکـان: وەك سەرپەرشتکارەکە، یان مێردەکە، یان وەکیلی یەکێکیان، یان ژنەکە لە ئیحرامدا بێ، ئەوە (يَمْنَعُ صِحَّةَالنِّكَاحِ) دروستبوونی مارەبڕینەکە قەدەغە دەکـا، واتـە: بەتالّـەو دانامـەزرێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيَنْكِحُ الْمُحْرِمُ وَلاَيُنْكِحُ﴾ رواه مسلم، نابێ ئیحرامـدار ژن لـە خۆی مارە بکاو نابێ لە کەسێکی‌تریشی مارەبکا.

(وَلاَ يَنْقُلُ الْوِلاَيَةَ) ئیحرام بەستن سەرپەرشتکاریەتی ناگوازێتـەوە بـۆ دوورترەکـە (فِـي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا، کەوابو: (فَيُزَوِّجُ السُّلْطَانُ عِنْدَ إحْرَامِ الْوَلِيِّ) کاربەدەست مارەی ئافرەتەکە دەبڕێ لەو کاتەی سەرپەرشتکارەکە لە ئیحرامدایـە (لاَ الأَبْعَـدُ) نـەك دوورترەکە (قُلْتُ) ئیمامی (النـواوي) دەفـەرموێ: (وَلَـوْ أَحْـرَمَ الْـوَلِيُّ أَوِ الـزَّوْجُ) ئەگـەر سەرپەرشتکارەکە، یان مێردەکە ئیحرامی بەست (فَعَقَدَ وَكِيلُهُ الْحَـلاَلُ) ئینجـا وەکیلـی سەرپەرشتکارەکە، یان مێردەکە–کە لە ئیحرامدا نەبێ– مارەبڕینەکەی کرد،

ئەوە (لَمْ يَصِحَّ) مارەبڕینەکە دروست نابێ (وَاللهُ أَعْلَمُ).

(وَلَوْ غَابَ الأَقْرَبُ إِلَى مَرْحَلَتَيْنِ) ئەگەر سەرپەرشتکارە نزیکترەکە ئەندازەی دوو قۆناغ –واتە: هەشتا کیلۆمتر، یان زیاتر– لە شوێنی ژنەکە دوور بوو– ئەو کاتە (زَوَّجَ السُّلْطَانُ) کاربەدەست مارەی ئافرەتەکە دەبڕێ، بەڵام لە فەرموودەیەکی بێهێزی مەزهەبی (الشافعي)دا: دوورترەکە مارەی دەکا.

هەروەها لە مەزهەبی ئیمامی (حنفی)ش ئەگەر ئەوەندە دوور بوو چاوەڕوانی نەدەکرا، هەم لە فەرموودەیەکدا: ئەگەر ئەندازەی سێ ڕۆژیش دوور بێ، ئەوە لە هەردووەمسەلەدا دوورترەکە مارەی دەکا، هەروەك لە (مجمع الانهر)دا فەرموویەتی، بەڵام (وَدُونَهُمَا) ئەگەر دیارنەبوونەکەی لە ئەندازەی دوو قۆناغ کەمتر بوو، ئەوە (لاَ يُزَوِّجُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ) کاربەدەست نابێ مارەی ببڕێ تەنها بە ئیزنی سپەرشتکارەکە نەبێ (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

﴿ باسی وەکیلگرتن بۆ مارەبڕین ﴾

(وَلِلْمُجْبِرِ) بۆ وەلی موجبیر، واتە: ئەو سەرپەرشتکارەی–بێئیزن– دەتوانێ کیژەکەی مارە بکا: وەك باوکو باپیرە–ئەگەر کچ بێ– بۆی دروستە: (اَلتَّوْكِيلُ فِي التَّزْوِيجِ) پیاوێك بکاتە وەکیل بۆ مارەبڕینی کیژەکەی (بِغَيْرِ إِذْنِهَا) بێئیزنی کیژەکەی، هەروەك بۆی دروستە بێئیزن کیژەکەش مارە بکا.

وَلاَ يُشْتَرَطُ تَعْيِينُ الزَّوْجِ فِي الأَظْهَرِ، وَيَحْتَاطُ الْوَكِيلُ فَلاَ يُزَوِّجُ غَيْرَ كُفْءٍ، وَغَيْرُالْمُجْبِرِ إِنْ قَالَتْ لَهُ: وَكِّلْ، وَكَّلَ، وَإِنْ نَهَتْهُ فَلاَ، وَإِنْ قَالَتْ: زَوِّجْنِي، فَلَهُ التَّوْكِيلُ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ وَكَّلَ قَبْلَ اِسْتِئْذَانِهَا فِي النِّكَاحِ لَمْ يَصِحَّ عَلَى الصَّحِيحِ، وَلْيَقُلْ وَكِيلُ الْوَلِيِّ: زَوَّجْتُك بِنْتَ فُلاَنٍ.

بەڵام ئاگاداربە: ئەگەر سەرپەرشتکارەکە (فاسق) بێ، پێویستە پێش وەکیلگرتن: (تَقْلِيد)ی ئەو زانایانە بکا: کە ڕێگەیان داوە سەرپەرشتکاری فاسق ئافرەت مارە بکا، ئینجا دروست دەبێ وەکیل بگرێ، هەروەها پێویستە وەکیلەکەش بۆ مارەبڕینەکە خۆی (تَقْلِيد) بکا، ئەگینا: وەکیلگرتنەکەو مارەبڕینەکە دروست نابن، هەروەك لە (مغنی) لە سەرەتای وەکیلایەتیدا فەرموویەتی، ئێمەش لە وێدا ڕوونمان کردەوە.

بەڵام (وَلاَ يُشْتَرَطُ تَعْيِينُ الزَّوْجِ) بۆ دروستبوونی وەکیلگرتنەکە بە مەرج دانادرێ: سەرپەرشتکارەکە میردەکە بۆ وەکیلەکە دیاری بکا (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، کەوابو: (وَيَحْتَاطُ الْوَكِيلُ) واجبە: وەکیلەکە پارێزکاری بکا ئەگەر میردەکەی بۆ دیاری نەکرابێ، واتە: (فَلاَ يُزَوِّجُ غَيْرَ كُفْءٍ) نابێ ژنەکە لە کەسێکی وەها مارە بکا کە هاوچەشنی ژنەکە نەبێ، چونکە ئەگەر میردەکە هاوچەشن نەبێ، مارەبڕینەکە دروست نابێ.

بەڵام ئەگەر میردەکە پیاوێك بکاتە وەکیل بۆ ئەوەی ژنێکی لێمارە بکا، ئەو کاتە

—بە فەرموودەی بەهێزتر—مەرجە: مێردەکە ژنەکە بۆ وەکیلەکە دیاری بکا، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە،

(وَغَيْرُ الْمُجْبِرِ) ئەو سەرپەرشتکارەی بێئیزن ناتوانێ ژنەکە مارەبکا: وەک براو مام، هەم باوکو باپیرەش ئەگەر بێوەژن بێ، ئەوە (إِنْ قَالَتْ لَه) ئەگەر ژنەکە بە سەرپەرشتکارەکەی گوت: (وَكِّلْ) ئیزنمدای وەکیل بگرە بۆ مارەبڕینم، ئەو کاتە (وَكَّلَ) دروستە سەرپەرشتکارەکە وەکیل بگرێو (وَإِنْ نَهَتْهُ) ئەگەر ژنەکە گوتی: وەکیل مەگرە ئەو کاتە (فَلَا) دروست نیە سەرپەرشتکارەکە وەکیل بگرێ، بەڵام (وَإِنْ قَالَتْ) ئەگەر ژنەکە بە سەرپەرشتکارەکەی گوت (زَوِّجْنِي) ئیزنمدای مارەم بکە، ئەو کاتە (فَلَهُ التَّوْكِيلُ فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا وەکیلگرتنیشی بۆ دروستە.

کەوابو: (وَلَوْ وكَّلَ قَبْلَ اِسْتِئْذَانِهَا فِي‌النِّكَاحِ) ئەگەر سەرپەرشتکارەکە وەکیلی گرت بۆ مارەبڕینەکە، پێش ئەوەی ئافرەتەکە ئیزنی بدا مارەی ببڕێ، ئەوە (لَمْ يَصِحَّ عَلَى‌الصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست مارەبڕینەکە دروست نابێ، هەم وەکیلگرتنەکەش دروست نابێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَلْيَقُل وَكِيلُ الْوَلِيِّ) لە کاتی مارەبڕینەکەدا با وەکیلیسەرپەرشتکارەکە بڵێتە مێردەکە: (زَوَّجْتُك بِنْتَ فُلَانٍ) فلانە کیژیفلانکەسی کوڕیفلانکەسم لەگەڵ تۆ جووت کرد و وَلْيَقُلِ الْوَلِيُّ لِوَكِيلِ الزَّوْجِ: زَوَّجْتُ بِنْتِي فُلَانًا. فَيَقُولُ وَكِيلُهُ: قَبِلْتُ نِكَاحَهَا لَهُ. وَيَلْزَمُ الْمُجْبِرَ تَزْوِيجُ مَجْنُونَةٍ بَالِغَةٍ وَمَجْنُونٍ ظَهَرَتْ حَاجَتُهُ، لاَ صَغِيرَةٍ وَصَغِيرٍ، وَيَلْزَمُ الْمُجْبِرَ وَغَيْرَهُ إِنْ تَعَيَّنَ إِجَابَةُ مُلْتَمِسَةِ التَّزْوِيجِ،

کردمە ژنی تۆ بە وەکیلایەتی. ئینجا مێردەکەش قبوڵ بکاو بڵێ: فلانە کیژی فلانکەسم قبوڵ کرد بە جووت لەگەڵ خووەم و بە ژن بۆخۆم.

هەروەها (وَلْيَقُلِ الْوَلِيُّ لِوَكِيلِ الزَّوْجِ) با سەرپەرشتکارەکەش بڵێتە وەکیلی مێردەکە: (زَوَّجْتُ بِنْتِي فُلَانًا) فلانە کیژیخۆم جووت کرد لەگەڵ فلانکەسی کوڕی فلانکەسو کردمە ژنی ئەوی کە وەکیلگری تۆیە. (فَيَقُولُ وَكِيلُهُ) ئینجا وەکیلی مێردەکەش قبوڵ بکاو بڵێ: (قَبِلْت نِكَاحَهَا لَهُ) قبوڵم کرد فلانە کیژیتۆ بە ژن بۆ فلانەکەسو بە جووت لەگەڵ فلانکەس بە وەکیلایەتی.

جا ئەگەر وەکیلەکە نەڵێ: بۆ فلانکەس، ئەو کاتە مارەبڕینەکە دروست نابێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، کەوابو: ئەگەر باوکێک بیەوێ ژنێک لە کوڕە نەبالغەکەی خۆی مارە بکا، پێویستە سەرپەرشتکاری ژنەکە بڵێ: (فلانە ئافرەتم کردە ژنی فلانە کوڕی تۆو لەگەڵ فلانە کوڕی تۆم جووت کرد). باوکەکەش قبوڵ بکاو بڵێ: (قبوڵم کرد فلانە ئافرەتە بە ژن بۆ فلانە کوڕیخۆمو بە جووت لەگەڵ فلانە

کوڕی‌خۆم). هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَيَلْزَمُ الْمُجْبِرَ) لە سەر باوك وباپیرە واجبە: (تَزْوِيجُ مَجْنُونَةٍ بَالِغَةٍ) کیژە شێتەکەی خۆی مارە بکا ئەگەر بلۆغی بوبێ و پێویستی بە جیماع، یان بە بەخێوکردن هەبێ، هەرچەند بێوەژنیش بێ، هەم (وَمَجْنُونٍ) واجبە ژنێکیش لە کوڕە شێتەکەی خۆی مارە بکا ئەگەر بلۆغی بوبێ، بەو مەرجەی (ظَهَرَتْ حَاجَتُهُ) کوڕە شێتەکە پێویستی بە ژن هەبێ: وەك بە دەورەی ئافرەتاندا بگەڕێ، یان دوو پزیشکی‌دادپەروەر بڵێن: بە ژن هێنان چاك دەبێتەوە. بەڵام (لَا صَغِيرَةٍ وَصَغِيرٍ) لە سەر باوکو باپیرە واجب نیە: کیژی نەبالغ مارە بکەنو، ژن لە کوڕی نەبالغ مارە بکەن، جا هەرچەند واجب نیە، بەڵام مارەکردنەکەو لێمارەکردنەکە هەردووکی دروست دەبن، ئەگەر هەردووکیان عاقڵ بن، هەروەك لە باسی ژن مارەکردن لە مرۆڤی قەدەغەکراودا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(وَ) هەروەها (يَلْزَمُ الْمُجْبِرَ) لە سەر باوکو باپیرە واجبە، هەم (وَغَيْرَهُ إِنْ تَعَيَّنَ) لە سەر سەرپەرشتکارەکانیتری جگە لە باوکو باپیرەش واجبە ئەگەر بە تەنها بێ: وەك یەك برا، یان یەك مام (إِجَابَةُ مُلْتَمِسَةِ التَّزْوِيجِ) وەڵامی ئەو ئافرەتە بداتەوە: کە داوای لێدەکا لە پیاوێکی هاوچەشنیخۆی مارەی بکا، واتە: واجبە لە پیاوەکەی مارە بکا.

فَإِنْ لَمْ يَتَعَيَّنْ كَإِخْوَةٍ فَسَأَلَتْ بَعْضَهُمْ لَزِمَهُ الإِجَابَةُ فِالأَصَحِّ، وَإِذَا اِجْتَمَعَ أَولِيَاءُ فِي دَرَجَةٍ اُسْتُحِبَّ أَنْ يُزَوِّجَهَا أَفْقَهُهُمْ وَأَسَنُّهُمْ بِرِضَاهُمْ، فَإِنْ تَشَاحُّوا أُقْرِعَ، فَلَوْ زَوَّجَ غَيْرُ مَنْ خَرَجَتْ قُرْعَتُهُ وَقَدْ أَذِنَتْ لِكُلٍّ مِنْهُمْ صَحَّ فِي الأَصَحِّ، وَلَوْ زَوَّجَهَا أَحَدُهُمْ زَيْدًا وَآخَرُ عَمْرًا: فَإِنْ عُرِفَ السَّابِقُ فَهُوَ الصَّحِيحُ،

(فَإِنْ لَمْ يَتَعَيَّنْ) جا ئەگەر سەرپەرشتکارەکە بە تەنها نەبو: (كَإِخْوَةٍ) وەك چەند برایەك، یان چەند مامێك (فَسَأَلَتْ بَعْضَهُمْ) جا ئافرەتەکەش داوای لە یەکێکیان کرد: کە لە هاوچەشنەکە مارەی بکا، ئەو کاتە (لَزِمَهُ الإِجَابَةُ) لە سەر داواليێکراوەکە واجبە: وەڵامی بداتەوەو لە هاوچەشنەکە مارەی بکا (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا، ئەگینا: هەموو سەرپەرشتکارەکان گوناهبار دەبن.

(وَإِذَا اِجْتَمَعَ أَوْلِيَاءُ فِي دَرَجَةٍ) هەر کاتێك چەند سەرپەرشتکارێك لە یەك پلەدا کۆ بونەوە: وەك دوو برای لەدایكوباوکی‌و زیاتر، یان دوو مامو زیاتر...هتد، ئەوە (اُسْتُحِبَّ أَنْ يُزَوِّجَهَا أَفْقَهُهُمْ) وەهـا سـوننەتە: شـەرعزانترەکەیان مـارەی بـبڕی، ئینجـا (وَأَسَنُّهُمْ) بـە تەمەنترەکەیان، بەڵام (بِرِضَاهُمْ) بە ڕازیبوونی گشتیان، جا بزانە: ئەوە لە حاڵەتێکدا بوو: کە ئافرەتەکە گشتیانی ئیزن دابێ مارەی بکەن، بەڵام ئەگەر تەنها یەکێکیانی ئیزن دابێ، ئەو کاتە تەنها بۆ ئیزندراوەکە دروستە مارەی ببڕێ، هەر چەند نەزانترو کەم تەمەنتریش

بێ، واتە: ئەگەر سەرپەرشتکارێکی‌ترئیزننەدراو مارەی بکا، مارەبڕینەکە دروست نابێ، هەروەك (الشبراملسي) فەرموویەتی.

ئینجا (فَإِنْ تَشَاحُّوا) ئەگەر گشتیان سووڕ بون‌و هەر یەکەیان دەیگوت: من مارەی دەبڕم. ئەو کاتە (أُقْرِعَ) پشکە لە نێوانیاندا دەکرێ: جا کامەیان ناوی دەرچو، ئەو مارەی دەبڕێ، بەڵام (فَلَوْ زَوَّجَ غَيْرُ مَنْ خَرَجَتْ قُرْعَتُهُ) ئەگەر جگە لە ناودەرچووەکە سەرپەرشتکارێکی‌تر مارەی کرد (وَقَدْ أَذِنَتْ لِكُلٍّ مِنْهُمْ) لەو حاڵەتەش ئافرەتەکە گشتیانی ئیزن دابون، ئەوە (صَحَّ) مارەبڕینەکە دروست دەبێ (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا، چونکە پشکەکردن کێشەکە دەبڕێنێتەوە، بەڵام سەرپەرشتکاریەتی لانابا.

(وَ) هەر لەو حاڵەتەی ئافرەتەکە گشت سەرپەرشتکارەکانی ئیزن دان (لَوْ زَوَّجَهَا أَحَدُهُمْ زَيْدًا) ئەگەر سەرپەرشتکارێك لە (زەید)ی مارە کرد (وَآخَرُ عَمْرًا) سەرپەرشتکارێکی‌تریش لە (عەمر)ی مارە کرد، ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ عُرِفَ السَّابِقُ) ئەگەر زاندرا پێشدا لە کامەیان مارە کراوە، ئەوە (فَهُوَ الصَّحِيحُ) پێشکەوتووەکە دروست بووەو دواکەوتووەکەش بەتاڵە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿أَيُّمَا إِمْرَأَةٍ زَوَّجَهَا وَلِيَّانِ فَهِيَ لِلأَوَّلِ مِنْهُمَا﴾ رواه أحمد وحسنه الترمذي، هەر ئافرەتێك دوو سەرپەرشتکار مارەی ببڕن، ئەوە بۆ یەکەمەکەیانە.

وَإِنْ وَقَعَا مَعًا أَوْ جُهِلَ السَّبْقُ وَالْمَعِيَّةُ فَبَاطِلَانِ، وَكَذَا لَوْ عُرِفَ سَبْقُ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يَتَعَيَّنْ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَلَوْ سَبَقَ مُعَيَّنٌ ثُمَّ اِشْتَبَهَ وَجَبَ التَّوَقُّفُ حَتَّى يَتَبَيَّنَ، فَإِنْ اِدَّعَى كُلُّ زَوْجٍ عِلْمَهَا بِسَبْقِهِ سُمِعَتْ دَعْوَاهُمَا بِنَاءً عَلَىالْجَدِيدِ: وَهُوَ قَبُولُ إِقْرَارِهَا بِالنِّكَاحِ، فَإِنْ أَنْكَرَتْ حُلِّفَتْ، وَإِنْ أَقَرَّتْ لأَحَدِهِمَا ثَبَتَ نِكَاحُهُ،

بەڵام (وَإِنْ وَقَعَا مَعًا) ئەگەر لە یەك کاتدا وێکڕا مارەبڕینەکان کرابون (أَوْ جُهِلَ السَّبْقُ وَالْمَعِيَّةُ) یان نەزاندرا کامەیان پێشدا بووە، یان وێکڕا بووە، ئەو کاتە (فَبَاطِلَانِ) هەردوو مارەبڕینەکان لە هەردوو مەسەلەدا بەتاڵن‌و دروست نەبوونە.

(وَكَذَا لَوْ عُرِفَ سَبْقُ أَحَدِهِمَا) هەروەها ئەگەر زاندرا: یەکێك پێشدا مارەی بڕیوە، بەڵام (وَلَمْ يَتَعَيَّنْ) دیار نەبو کامەیانە؟ ئەو کاتەش مارەبڕینەکە دروست نابێ (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب (وَلَوْ سَبَقَ مُعَيَّنٌ) ئەگەر پێشدا یەکێکی دیارکراو مارەی بڕیبو (ثُمَّ اِشْتَبَهَ) ئینجا دیارکراوەکە شێوراو لە بیر چوو کامە بووە، ئەو کاتە (وَجَبَ التَّوَقُّفُ حَتَّى يَتَبَيَّنَ) واجبە: ڕابگیرێ تا ڕوون دەبێەوە پێشدا لە کامەیان مارە بڕاوە:

کەواتە: نابێ ئەو دوو مێردانە هیچێکیان لەزەتی لێوەربگرن‌و نابێ ئافرەتەکەش مێردێکی‌تر بکا تا هەردوو مێردەکان دەمرن، یان تا هەردووکیان تەلاقی دەدەن، یان تا یەکێکیان دەمرێ‌و ئەوی‌تریش تەلاقی دەدا، بەڵام ئەگەر لە ڕوونبوونەوە بێئومێد بوو، ئەو کاتە بۆی دروستە: داوا لە قازی بکا: مارەبڕینەکەی بۆ (فسخ) بکاتەوە،

واتە: هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.
(فَإِنْ ادَّعَى كُلُّ زَوْجٍ عِلْمَهَا بِسَبْقِهِ) ئەگەر هەردوو مێردەكان داوایان كردو گوتیان: ئافرەتەكە دەزانێ پێشدا لە كامەیان ماوە كراوە، ئەوە (سُمِعَتْ دَعْوَاهُمَا) داوایەكەی هەردووكیان وەردەگیرێو لە سەر ئافرەتەكە تۆمار دەكرێ (بِنَاءً عَلَىالْجَدِيدِ) لە سەر فەرموودەی نوێی پراببردوو (وَهُوَ) فەرموودە نوێیەكە ئەمە بوو: (قَبُولُ إِقْرَارِهَا بِالنِّكَاحِ) دانهێنانی ئافرەتەكە بە ماوەبڕینەكە بۆ هەر كەسێك بێ: قبوڵ دەكرێ، ئەگەر بڵۆغی بوبێو عەقڵی هەبێ، هەروەك لە سەرتای (فصل)ی پراببردوودا ڕوونمان كردەوە.
(فَإِنْ أَنْكَرَتْ) جا ئەگەر ئافرەتەكە گوتی: نازانم كامەیان پێشدا بووە، ئەو كاتە (حُلِّفَتْ) ئافرەتەكە سوێند دەدرێ: كە نازانێ. جا هەر كاتێك ئافرەتەكە بۆ هەردوو پیاوەكان سوێندی خوارد، ئەو كاتە شێوازنو نەزانینەكە هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام (ابن الرفعة) دەفەرموێ: هەردوو ماوەبڕینەكان بەتاڵ دەبن، جیاوازی نیە لە دوای سوێندی ئافرەتەكە هەردوو پیاوەكانیش سوێند بخۆن، یان نا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.
بەڵام (وَإِنْ أَقَرَّتْ لأَحَدِهِمَا) ئەگەر بۆ یەكێكیان دانی بە پێشكەوتنی ماوەبڕینەكەدا هێنا، ئەوە (ثَبَتَ نِكَاحُهُ) ماوەبڕینەكە بۆ ئەو پیاوە جێگیر دەبێو دەبێتە ژنی وی، ئینجا وَسَمَاعُ دَعْوَىالآخَرِ وَتَحْلِيفُهَا لَهُ يَنْبَنِي عَلَىالْقَوْلَيْنِ فِيمَنْ قَالَ: هَذَا لِزَيْدٍ بَلْ لِعَمْرٍو. هَلْ يَغْرَمُ لِعَمْرٍو؟ إِنْ قُلْنَا نَعَمْ. فَنَعَمْ، وَلَوْ تَوَلَّى طَرَفَيْ عَقْدٍ فِي تَزْوِيجِ بِنْتِ ابْنِهِ بِابْنِ ابْنِهِ الآخَرِ صَحَّ فِالأَصَحِّ، وَلاَ يُزَوِّجُ ابْنُ الْعَمِّ نَفْسَهُ بَلْ يُزَوِّجُهُ ابْنُ عَمٍّ فِي دَرَجَتِهِ، فَإِنْ فُقِدَ فَالْقَاضِي، فَلَوْ أَرَادَ الْقَاضِي نِكَاحَ مَنْ لاَ وَلِيَّ لَهَا زَوَّجَهُ مَنْ فَوْقَهُ مِنَ الْوُلاَةِ أَوْ خَلِيفَتُهُ،

(وَسَمَاعُ دَعْوَىالآخَرِ) وەرگرتنی داوایەكەی پیاوەكەیترو، هەم (وَتَحْلِيفُهَا لَهُ) سوێنددانی ئافرەتەكە بۆ پیاوەكە (يَنْبَنِي عَلَىالْقَوْلَيْنِ فِيمَنْ قَالَ) لە سەر ئەو دوو فەرموودانە بنیات دەندرێ كە فەرموودەكان دەرهەق ئەو كەسە هاتون كە دەڵێ: (هَذَا لِزَيْدٍ بَلْ لِعَمْرٍو) ئەمە ملكی (زەید)ە، نا، بەڵكو ملكی (عەمر)ە. (هَلْ يَغْرَمُ لِعَمْرٍو) ئایا بەو دانهێنانە تۆڵەی شتەكەی—بۆ عەمر—دەكەوێتەسەر؟ (إِنْ قُلْنَا نَعَمْ) ئەگەر بە فەرموودەی بەهێزتر بڵێین: بەڵێ دەیكەوێتەسەر، ئەوە لێرەشدا (فَنَعَمْ) بەڵێ داوایەكەی پیاوەكەیترییش وەردەگیرێ تاكو ئافرەتەكە سوێند بدا، جا ئەگەر ئافرەتەكە بۆ ئەویش دانی هێنا، یان دانی نەهێناو سوێندیشی نەخوارد، بەڵام پیاوەكە سوێندی خوارد، ئەو كاتە تۆڵەی ماوەیی هاووێنە دەكەوێتە سەر ئافرەتەكە بۆ ئەم پیاوە دووەمە.

﴿ سەرپەرشتكارێك بۆ هەردوو لای ماوەبڕین ﴾

(وَلَوْ تَوَلَّى طَرَفَيْ عَقْدٍ) ئەگەر باپیرە بووە سەرپەرشتكاری هەردوو لای ماوەبڕینێك (فِي تَزْوِيجِ بِنْتِ ابْنِهِ بِابْنِ ابْنِهِ الآخَرِ) لە ماوەبڕینی كیژەكوڕێكیخۆی لە كوڕی كوڕێكیتری

خۆی: وەك باپیرە لە لای دووشاهید بڵێ: فلانەکیژەکوڕیخۆم کردە ژنی فلانەکوڕیکوڕی خۆمو بۆ ئەویم قبوڵ کرد بە ژنایەتی. ئەوە (صَحَّ) مارەبڕینەکە دروست دەبێ (فِی الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

بەڵام –جگە لە باپیرە– هیچ سەرپەرشتکارێکیتر ناتوانێ ببێتە سەرپەرشتکاری هەردوو لای مارەبڕینەکە، کەوابو: (وَلاَ یُزَوِّجُ ابْنُ الْعَمِّ نَفْسَهُ) دروست نیە: کوڕەمام کیژەمامی خۆی لە خودیخۆی مارە ببڕێ (بَل یُزَوِّجُهُ اِبْنُ عَمٍّ فِی دَرَجَتِهِ) بەڵکو کوڕەمامێکیتری لە پلەیخۆی لێی مارە دەبڕێ (فَإِنْ فُقِدَ فَالْقَاضِی) جا ئەگەر هیچ کوڕەمامێکی لە پلەی خۆی نەبو، ئەو کاتە قازی لێی مارە دەبڕێ، بەڵام دروستیشە بە (تَقْلِید)ی مەزهەبی (حنفي): کیژەمامەکە وەکیلێك بگرێ، یان هەر بەخۆی خۆی لێمارە بکا، هەروەك لە (فصل)ی ڕابردوودا ڕوونمان کردەوە.

(فَلَوْ أَرَادَالْقَاضِی نِكَاحَ مَنْ لاَوَلِيَّ لَهَا) جا ئەگەر قازی ویستی ئافرەتێك لە خۆی مارە بکاو ئافرەتەکەش هیچ سەرپەرشتکارێکی نەبو، ئەو کاتە (زَوَّجَهُ مَنْ فَوْقَهُ مِنَ الْوُلاَةِ) کاربەدەستێکی لە خۆی بە سەرەوەتر ئافرەتەکەی لێ مارە دەکا (أَوْ خَلِيفَتُهُ) یان جێگرێکی کاربەدەستەکە لێی مارە دەکا.

وَكَمَا لاَ يَجُوزُ لِوَاحِدٍ تَوَلِّي الطَّرَفَيْنِ لاَ يَجُوزُ أَنْ يُوَكَّلَ وَكِيلاً فِي أَحَدِهِمَا أَوْ وَكِيلَيْنِ فِيهِمَا فِالأَصَحِّ.

(فَصْلٌ) زَوَّجَهَا الْوَلِيُّ غَيْرَكُفْءٍ بِرِضَاهَا أَوْ بَعْضُ الأَوْلِيَاءِ الْمُسْتَوِينَ بِرِضَاهَا وَرِضَا الْبَاقِينَ صَحَّ، وَلَوْ زَوَّجَهَاالأَقْرَبُ بِرِضَاهَا فَلَيْسَ لِلأَبْعَدِ اِعْتِرَاضٌ، وَلَوْ زَوَّجَهَا أَحَدُهُمْ بِهِ بِرِضَاهَا دُونَ رِضَاهُمْ

(وَكَمَا لاَيَجُوزُ لِوَاحِدٍ تَوَلِّيالطَّرَفَيْنِ) هەروەك دروست نیە یەك کەس ببێتە سەرپەرشتکاری هەردوو لای مارەبڕینەکە، ئەوهاش (لاَيَجُوزُ أَنْ يُوَكِّلَ وَكِيلا فِيأَحَدِهِمَا) دروست نیە: وەکیلێك بۆ لایەکیمارەبڕینەکە بگرێو بە خۆیشی سەرپەرشتکاری لایەکەیتر بێ (أَوْ وَكِيلَيْنِ فِيهِمَا) یان دوو وەکیل بۆ هەردوو لای مارەبڕینەکە بگرێ (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

ئینجا بزانە: بۆ باپیرە دروستە دوو وەکیل بۆ هەردوو لای مارەبڕینەکە بگرێ لەو کاتەی کیژەکوڕەکەی لە کوڕیکوڕەکەی مارە دەبڕێ، بەڵام دروست نیە بۆ هەردوو لا تەنها یەك وەکیل بگرێ، هەرەوك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی هاوچەشنیی ژنو میرد ﴾

بزانە: هاوچەشنیی ژنو میرد مافی ژنەکەو سەرپەرشتکارەکەیەتی، واتە: دروستە هەردووکیان وێکڕا واز لەو مافە بێنن، بەڵام ئەگەر ژنەکە، یان سەرپەرشتکارێکی نزیك ڕازی

نەبێ، ئەو کاتە مارەبڕینەکە دروست نابێ.
کەوابو: (لَوْ زَوَّجَهَا الْوَلِيُّ غَيْرَ كُفْءٍ بِرِضَاهَا) ئەگەر سەرپەرشتکارێکی تاک: وەک باوک، یان تاکە برایەک بە پەزامەندی ئافرەتەکە ئافرەتەکەی لە مێردێکیوەها مارە کرد: کە هاوچەشن نەبو (أَوْ بَعْضُ الأَوْلِيَاءِ الْمُسْتَوِينَ) یان یەکێک لە سەرپەرشتکارە یەکسانەکان –وەک برایەک لە برایەکان– ئافرەتەکەی مارە کرد لە مێردێکی وەها: کە هاوچەشن نەبو، بەڵام (بِرِضَاهَا وَرِضَا الْبَاقِينَ) بە پەزامەندی ئافرەتەکەو سەرپەرشتکارەکانیتر، ئەوە (صَحَّ) لە هەردوو مەسەلەدا مارەبڕینەکە دروستە.
(وَ) هەروەها (لَوْ زَوَّجَهَا الأَقْرَبُ بِرِضَاهَا) ئەگەر سەرپەرشتکارێکی نزیکتر بە پەزامەندی ئافرەتەکە ئافرەتەکەی لە کەسێک مارە کرد کە هاوچەشن نەبو، ئەوە مارەبڕینەکە دروستە، کەوابو: (فَلَيْسَ لِلأَبْعَدِ اِعْتِرَاضٌ) سەرپەرشتکارە دوورترەکە مافی پەخنەی نیە، چونکە بە هۆی نزیکەکە ئێستا مافی سەرپەرشتکاریی نیە.
(وَلَوْ زَوَّجَهَا أَحَدُهُمْ بِهِ بِرِضَاهَا) ئەگەر یەکێک لە سەرپەرشتکارە یەکسانەکان –بە پەزامەندی ئافرەتەکە– ئافرەتەکەی مارە کرد لە مێردێکی وەها: کە هاوچەشن نەبو (دُونَ رِضَاهُمْ) بەڵام سەرپەرشتکارەکانیتر ڕازی نەبون: وەک یەکێک لە برایەکانی ڕازی لَمْ يَصِحَّ، وَفِي قَوْلٍ يَصِحُّ وَلَهُمُ الْفَسْخُ، وَيَجْرِي الْقَوْلاَنِ فِي تَزْوِيجِ الأَبِ بِكْرًا صَغِيرَةً أَوْ بَالِغَةً غَيْرَ كُفْءٍ بِغَيْرِ رِضَاهَا: فَفِي الأَظْهَرِ بَاطِلٌ، وَفِي الآخَرِ يَصِحُّ وَلِلْبَالِغَةِ الْخِيَارُ وَلِلصَّغِيرَةِ إِذَا بَلَغَتْ، وَلَوْ طَلَبَتْ مَنْ لاَوَلِيَّ لَهَا أَنْ يُزَوِّجَهَا السُّلطَانُ بِغَيْرِ كُفْءٍ فَفَعَلَ لَمْ يَصِحَّ فِالأَصَحِّ، وَخِصَالُ الْكَفَاءَةِ: سَلاَمَةٌ مِنَ الْعُيُوبِ الْمُثْبِتَةِ لِلْخِيَارِ، وَحُرِّيَّةٌ فَالرَّقِيقُ لَيْسَ كُفْئًا لِحُرَّةٍ

نەبێ، ئەوە (لَمْ يَصِحَّ) مارەبڕینەکە دروست نابێ، بەڵام (وَفِي قَوْلٍ) لە فەرموودەیەکیتردا (يَصِحُّ وَلَهُمُ الْفَسْخُ) مارەبڕینەکە دروست دەبێو سەرپەرشتکارەکانی ناڕازیش مافی (فَسْخ) هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەیان هەیە.
ئینجا بزانە: ئەگەر گشت سەرپەرشتکارەکان ڕازی بونو ژنەکە لە مێردێکی وەها مارە کرا: کە هاوچەشن نەبو، ئینجا بە هۆیتەڵاق ژنەکە لەو مێردە جیا بۆوە، ئینجا سەرپەرشتکارێکی یەکسان بە پەزامەندی ژنەکە ژنەکەی دووبارە لە خودیمێردەکەی مارە کردەوە، ئەوە مارەبڕینەکەی دووەمیش بێپەزامەندی ئەوانیتر دروست دەبێ، چونکە لە سەرەتاوە بۆ یەکەمەکە ڕازی بونە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوکاندا فەرموویانە.
(وَيَجْرِي الْقَوْلاَنِ) ئەم دوو فەرموودە بەهێزو بێهێزە دێنە جێ: (فِي تَزْوِيجِ الأَبِ بِكْرًا صَغِيرَةً أَوْ بَالِغَةً) لەو مەسەلەیەی کە باوک، یان باپیرە کچێکی نەبالغ، یان بالغ مارە بکەن (غَيْرَ كُفْءٍ) لە مێردێکی وەها کە هاوچەشن نەبێ (بِغَيْرِ رِضَاهَا) بە بێپەزامەندی

کچەکە، ئەوە (فَفِیالأظْهَرِ بَاطِلٌ) لە فەرموودەی بەهێزتردا مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نیە، بەڵام (وَفِیالآخَرِ) لە فەرموودەکەیتردا: (یَصِحُّ) مارەبڕینەکەی بالغەکەو نەبالغەکە هەردووکی دروستەو (وَلِلْبَالِغَةِ الْخِیَارُ) کچە بالغەکە هەر ئەو دەمە بۆی دروستە (فَسْخ) مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەم (وَلِلصَّغِیرَةِ إِذَا بَلَغَتْ) کچە نەبالغەکەش هەر کاتێك بلۆغی بوو، بۆی دروستە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

(وَلَوْ طَلَبَتْ مَنْ لاَ وَلِیَّ لَهَا) ئەگەر ئافرەتێك هیچ سەرپەرشتکارێکی نەبو و داوای کرد: (أَنْ یُزَوِّجَهَا السُّلطَانُ) کاربەدەست مارەی بکا (بِغَیْرِ کُفْءٍ) لە پیاوێکی کە هاوچەشن نەبێ (فَفَعَلَ) کاربەدەستەکەش ئەی مارەکرد (لَمْ یَصِحَّ فِیالأصَحِّ) مارەبڕینەکە دروست نابێ، لە فەرموودەی راستتردا.

(وَخِصَالُ الْکَفَاءَةِ) ئەو سیفەتانەی لە هاوچەشنیدا پەچاو دەکرێن پێنجن: یەکەم: (سَلاَمَةٌ مِنَ الْعُیُوبِ الْمُثْبِتَةِ لِلْخِیَارِ) ساغیی مێردەکەیە لەو عەیبانەی مافی پەشیمانی جێگیر دەکەن، واتە: مێردەکە شێت نەبێو گڕوو نەبێو بەڵەك نەبێو...هتد.

دووەم: (وَحُرِّیَّةٌ) ئازادیی مێردەکەیە، کەوابو: (فَالرَّقِیقُ لَیْسَ کُفْئًا لِحُرَّةٍ) کۆیلە وَالْعَتِیقُ لَیْسَ کُفْئًا لِحُرَّةٍ أَصْلِیَّةٍ، وَنَسَبٌ فَالْعَجَمِیُّ لَیْسَ کُفْءَ عَرَبِیَّةٍ وَلاَ غَیْرُقُرَشِیٍّ قُرَشِیَّةً وَلاَ غَیْرُ هَاشِمِیٍّ وَمُطَّلِبِیٍّ لَهُمَا، وَالأَصَحُّ اعْتِبَارُالنَّسَبِ فِیالْعَجَمِ کَالْعَرَبِ، وَعِفَّةٌ فَلَیْسَ فَاسِقٌ کُفْءَ عَفِیفَةٍ، وَحِرْفَةٌ فَصَاحِبُ حِرْفَةٍ دَنِیئَةٍ لَیْسَ کُفْءَ أَرْفَعَ مِنْهُ: فَکَنَّاسٌ وَحَجَّامٌ وَحَارِسٌ وَرَاعٍ وَقَیِّمُ الْحَمَّامِ لَیْسَ کُفْءَ بِنْتِ خَیَّاطٍ، وَلاَ خَیَّاطٌ بِنْتَ تَاجِرٍ أَوْ بَزَّازٍ، وَلاَ هُمَا بِنْتَ عَالِمٍ وَقَاضٍ، وَالأَصَحُّ أَنَّ الْیَسَارَ لاَ یُعْتَبَرُ، وَأَنَّ بَعْضَ الْخِصَالِ لاَ یُقَابَلُ

هاوچەشنی ئافرەتیئازاد نیە، هەم (وَالْعَتِیقُ لَیْسَ کُفْئًا لِحُرَّةٍ أَصْلِیَّةٍ) ئازادکراویش هاوچەشنی ئافرەتی ئازادی بنچینە نیە.

سێیەم: (وَنَسَبٌ) نەژادی مێردەکەیە، کەوابو: (فَالْعَجَمِیُّ لَیْسَ کُفْءَ عَرَبِیَّةٍ) پیاوی عەجەم–کە عەرەب نەبێ– هاوچەشنی ئافرەتی عەرەبیڕاستەقینە نیە، چونکە ئەوان بەهۆی پێغەمبەرﷺ ڕێزدارترن (وَلاَ غَیْرُ قُرَشِیٍّ قُرَشِیَّةً) هەروەها عەرەبێك کە قوڕەیشی نەبێ هاوچەشنی ئافرەتێکیقوڕەیشی نیە، هەم (وَلاَ غَیْرُ هَاشِمِیٍّ وَمُطَّلِبِیٍّ لَهُمَا) قوڕەیشیەك کە لە بەرەبابی (هاشم)و (المطّلب) نەبێ، ئەویش هاوچەشنی ئافرەتەکانی ئەو دوو بەرەبابە نیە، چونکە ئەوانەش بە هۆی نزیکترییان لە پێغەمبەرﷺ لە ئەوانیتر ڕێزدارترن (وَالأصَحُّ) بە فەرموودەیڕاستر (اِعْتِبَارُ النَّسَبِ فِیالْعَجَمِ کَالْعَرَبِ) نەژاد لە عەجەم –واتە لە گەلەکانیتری جگە لە عەرەبیش– پەچاو دەکرێ، هەروەك لە عەرەبەکانیش پەچاو دەکرێ.

چوارەم: (وَعِفَّةٌ) ئایین پەروەردەکەیە، کەوابو: (فَلَيْسَ فَاسِقٌ كُفْءَ عَفِيفَةٍ) پیاوی فاسق هاوچەشنی ئافرەتی بێگوناە نیە: وەك میّردێکی بالغی گوناهبارو ئافرەتێکی نەبالغ، یان میّردێکی بیدعەکار: وەك (شیعة)و (خوارج)و ئافرەتێکی(أهل السنة)، یان پیاوێکی زیناکەرو ئافرەتێکی داوێنپاك...هتد.

پێنجەم: (وَحِرْفَةٌ) پیشەی میّردەکەیە، کەوابو: (فَصَاحِبُ حِرْفَةٍ دَنِيئَةٍ) خاوەن پیشەیەکی ناشیرنو بێنرخ (لَيْسَ كُفْءَ أَرْفَعَ مِنْهُ) هاوچەشنی ئافرەتێکی وەها نیە کە پیشەکەی لەوی بەرزتر بێ، بۆ وێنە: (فَكَنَّاسٌ) زبلّمالّی کۆلّانانو (وَحَجَّامٌ) خوێنگر (وَحَارِسٌ) پاسەوانو (وَرَاعٍ) شوانو (وَقَيِّمُ الْحَمَّامِ) بەڕێوەبەری گەرماو، هیچێکیان (لَيْسَ كُفْءَ بِنْتِ خَيَّاطٍ) هاوچەشنی کیژی بەرگدروو نین (وَ) هەروەها (لاَ خَيَّاطٌ بِنْتَ تَاجِرٍ أَوْ بَزَّازٍ) بەرگدرووش هاوچەشنی کیژی بازرگان، یان کوتالّفرۆش نیە (وَلاَ هُمَا بِنْتَ عَالِمٍ وَقَاضٍ) هەروەها بازرگانو کوتالّفرۆش هاوچەشنی کیژی زانایئایینیو کیژی(قازی) نین.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی پاستتر (أَنَّ الْيَسَارَ لاَيُعْتَبَرُ) دەولّەمەندی پەچاو ناکرێو بە سیفەتی هاوچەشنی داناندرێ (وَ) هەر بە فەرموودەیپاستتر (أَنَّ بَعْضَ الْخِصَالِ لاَ يُقَابَلُ بِبَعْضٍ، وَلَيْسَ لَهُ تَزْوِيجُ اِبْنِهِ الصَّغِيرِ أَمَةً، وَكَذَا مَعِيبَةٌ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَيَجُوزُ مَنْ لاَ تُكَافِئُهُ بِبَاقِىالْخِصَالِ فِى الأَصَحِّ.

(فَصْلٌ) لاَ يُزَوَّجُ مَجْنُونٌ صَغِيرٌ وَكَذَا كَبِيرٌ إلاَ لِحَاجَةٍ فَوَاحِدَةً، وَلَهُ تَزْوِيجُ صَغِيرٍ عَاقِلٍ أَكْثَرَ مِنْ وَاحِدَةٍ، وَيُزَوِّجُ الْمَجْنُونَةَ أَبٌ أَوْ جَدٌّ إنْ ظَهَرَتْ مَصْلَحَةٌ، وَلاَ تُشْتَرَطُ الْحَاجَةُ وَسَوَاءٌ صَغِيرَةٌ وَكَبِيرَةٌ ثَيِّبٌ وَبِكْرٌ، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ أَبٌ وَجَدٌّ لَمْ تُزَوَّجْ فِى صِغَرِهَا،

بِبَعْضٍ) هەندێك سیفەتیهاوچەشنی بەرامبەر هەندێکیتر ناکرێن، کەوابو: پیاوێکیگرووی خاوەن نەژاد هاوچەشنی کیژە زبلّمالّێکی ساغ نیە.

(وَلَيْسَ لَهُ تَزْوِيجُ ابْنِهِ الصَّغِيرِ أَمَةً) بۆ باوکو باپیرە دروست نیە ئافرەتێکیکۆیلە لە کوڕە نەبالغەکەیخۆیان مارە بکەن (وَكَذَا مَعِيبَةً) هەروەها بۆیان دروست نیە ژنێکیعەیبداریشی لێ مارە بکەن (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی راستیمەزهەب، بەلاّم (وَيَجُوزُ مَنْ لاَتُكَافِئُهُ بِبَاقِى الْخِصَالِ) دروستە: ئافرەتێکی وەها لە کوڕە نەبالغەکە مارە بکەن کە لە سیفەتەکانیتردا هاوچەشنی نەبێ: وەك نەژادو پیشە (فِىالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، چونکە هەر کاتێك کوڕەکە بلۆغی بوو دەتوانێ مارەبڕینەکە هەلّبوەشێنێتەوە، هەروەك لە زۆربەیسەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی ژن مارەکردن لە مرۆڤی قەدغەکراو** ﴾

واتە: بە هۆی شێتی، یان منداڵی، یان قەرزداری، یان مالّ بەفیڕۆدان، یان کۆیلەیی.

(لاَ يُزَوَّجُ مَجْنُونٌ صَغِيرٌ) نابێ ژن له شێتێکی نەبالغ مارە بکرێ، واتە: مارەبڕینەکە دروست نابێ (وَكَذَا كَبِيرٌ) هەروەها دروست نیە ژن لە شێتێکی بالغیش مارە بکرێ (إلاَّ لِحَاجَةٍ) تەنها لە بەر پێویستی نەبێ: وەك دڵی بۆ جیماع بچێو بە دەورەی ئافرەتاندا بگەڕێ، یان دوو پزیشکی‌دادپەروەر بڵێن: بە ژن هێنان چاك دەبێتەوە، ئەو کاتە (فَوَاحِدَةٌ) دروستە تەنها یەك ژنی لێمارە بکەن، نەك زیاتر.

بەڵام (وَلَهُ) بۆ باوکو باپیرە درستە (تَزْوِيجُ صَغِيرٍ عَاقِلٍ أَكْثَرَ مِنْ وَاحِدَةٍ) زیاتر لە ژنێك–تا دەگاتە چوار ژن– لە کوڕی نەبالغی عاقڵ مارە بکەن.

(وَيُزَوِّجُ الْمَجْنُونَةَ أَبٌ أَوْ جَدٌّ) ئافرەتی شێت باوکی، یان باپیرەی مارەی دەبڕێ (إنْ ظَهَرَتْ مَصْلَحَةٌ) ئەگەر بەرژەوەندی لە مارەبڕینەکەیدا هەبێ، بەڵام (وَلاَ تُشْتَرَطُ الْحَاجَةُ) بە مەرج داناندرێ ئافرەتە شێتەکە پێویستی بە مێرد هەبێ، کەوابو: (وَسَوَاءٌ) بۆ دروستبوونی مارەبڕینەکە یەکسانە: (صَغِيرَةٌ وَكَبِيرَةٌ ثَيِّبٌ وَبِكْرٌ) ئافرەتە شێتەکە: بالغ بێ، یان نەبالغ بێ، بێوەژن بێ، یان کچ بێ، بەڵام (فَإِنْ لَمْ يَكُنْ أَبٌ وَجَدٌّ) ئەگەر باوکو باپیرە نەبون، ئەو کاتە (لَمْ تُزَوَّجْ فِي صِغَرِهَا) دروست نیە ئافرەتە شێتەکە بە نەبالغی مارە بکرێ، بەڵکو فَإِنْ بَلَغَتْ زَوَّجَهَاالسُّلطَانُ فِالأَصَحِّ لِلْحَاجَةِ لاَ لِمَصْلَحَةٍ فِالأَصَحِّ، وَمَنْ حُجِرَ عَلَيْهِ بِسَفَهٍ لاَ يَسْتَقِلُّ بِنِكَاحٍ بَلْ يَنْكِحُ بِإِذْنِ وَلِيِّهِ أَوْ يَقْبَلُ لَهُ الْوَلِيُّ، فَإِنْ أَذِنَ لَهُ وَعَيَّنَ اِمْرَأَةً لَمْ يَنْكِحْ غَيْرَهَا وَيَنْكِحُهَا بِمَهْرِالْمِثْلِ أَوْ أَقَلَّ، فَإِنْ زَادَ فَالْمَشْهُورُ صِحَّةُ النِّكَاحِ بِمَهْرِالْمِثْلِ مِنَ الْمُسَمَّى، وَلَوْ قَالَ اِنْكِحْ بِأَلْفٍ وَلَمْ يُعَيِّنْ امْرَأَةً نَكَحَ بِالأَقَلِّ مِنْ أَلْفٍ وَمَهْرِمِثْلِهَا، وَلَوْ أَطْلَقَ الإِذْنَ فَالأَصَحُّ صِحَّتُهُ وَيَنْكِحُ بِمَهْرِالْمِثْلِ مَنْ تَلِيقُ بِهِ،

(فَإِنْ بَلَغَتْ زَوَّجَهَا السُّلطَانُ) ئەگەر بلۆغی بوو، ئەو کاتە کاربەدەست مارەی دەبڕێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، بەڵام (لِلْحَاجَةِ) لە بەر پێویستی (لاَ لِمَصْلَحَةٍ) نەك لە بەر بەرژەوەندی (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

﴿ ئاگاداری ﴾: لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا: بۆ باوکو باپیرەو بۆ سەرپەرشتکارەکانیتریش–بەگوێرەی ڕیزیمیراتگرتن– دروستە: ژن لە کوڕی نەبالغ مارە بکەن، هەم ئافرەتی شێت مارە ببڕن، هەرچەند بێوەژنیش بێو بلۆغیشی بوبێ، هەروەك (الدر المنقى)دا فەرموویەتی.

(وَمَنْ حُجِرَ عَلَيْهِ بِسَفَهٍ) هەرکەسێك بە هۆی مالّ بە فیڕۆدان قەدەغەی لە سەر دادرابێ (لاَ يَسْتَقِلُّ بِنِكَاحٍ) دروست نیە سەربەخۆ ژن لە خۆی مارە بکا (بَل يَنْكِحُ بِإِذْنِ وَلِيِّهِ) بەڵکو بە ئیزنی سەرپەرشتکارەکەی ژن مارە دەکا (أَوْ يَقْبَلُ لَهُ الْوَلِيُّ) یان سەرپەرشتکارەکەی بۆی قبوڵ دەکا (فَإِنْ أَذِنَ لَهُ) جا ئەگەر سەر پەرشتکارەکەی ئیزنیدا (وَعَيَّنَ اِمْرَأَةً)

ئافرەتێکیشی بۆ دیاری کرد لە خۆی مارە بکا، ئەو کاتە (لَمْ يَنْكِحْ غَيْرَهَا) دروست نیە جگە لەو ئافرەتە هیچ ئافرەتێکیتر لە خۆی مارە بکا، ئینجا (وَيَنْكِحُهَا بِمَهْرِ الْمِثْلِ أَوْ أَقَلَّ) کە ئافرەتە دیارکراوەکەش لە خۆی مارە دەکا، دەبی بە مارەیی هاوێنە، یان بە کەمتر بێ (فَإِنْ زَادَ) جا ئەگەر بە زیاتر لە مارەیی هاوێنە مارەی کرد، ئەوە (فَالْمَشْهُورُ صِحَّةُ النِّكَاحِ بِمَهْرِ الْمِثْلِ مِنَ الْمُسَمَّى) بە فەرموودەی ناسراوی مەزهەب: مارەبڕینەکەی دروست دەبێ بە ئەندازەی مارەیی هاوێنە لەو مارەییە ناوبراوە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر سەرپەرشتکارەکەی گوتی (اِنْكِحْ بِأَلْفٍ) بە هەزار دینار ژنێك لە خۆت مارەبکە، بەڵام (وَلَمْ يُعَيِّنْ امْرَأَةً) هیچ ئافرەتێکی بۆ دیاری نەکرد، ئەو کاتە (نَكَحَ بِالأَقَلِّ مِنْ أَلْفٍ وَمَهْرِ مِثْلِهَا) ژنێك لە خۆی مارە دەکا بە مارەییەکیکەمتر: لە هەزارەکەو لە مارەییە هاوێنەکەی ئافرەتەکە (وَلَوْ أَطْلَقَ الإِذْنَ) ئەگەر بێدیاریکردنی ئافرەتو مارەیی ئیزنیدا ژنێك لە خۆی مارە بکا، ئەوە (فَالأَصَحُّ صِحَّتُهُ) بە فەرموودەی راستتر: ئیزندانەکە دروستەو (وَيَنْكِحُ بِمَهْرِ الْمِثْلِ مَنْ تَلِيقُ بِهِ) بە مارەیی هاوێنە ئافرەتێکی شیاوی خۆی لەخۆی مارە دەکا.

فَإِنْ قَبِلَ لَهُ وَلِيُّهُ اُشْتُرِطَ إِذْنُهُ فِالأَصَحِّ، وَيَقْبَلُ بِمَهْرِالْمِثْلِ فَأَقَلَّ، فَإِنْ زَادَ صَحَّ النِّكَاحُ بِمَهْرِالْمِثْلِ، وَفِي قَوْلٍ يَبْطُلُ، وَلَوْ نَكَحَ السَّفِيهُ بِلاَ إِذْنٍ فَبَاطِلٌ، فَإِنْ وَطِئَ لَمْ يَلْزَمْهُ شَيْءٌ، وَقِيلَ مَهْرُمِثْلٍ، وَقِيلَ أَقَلُّ مُتَمَوَّلٍ، وَمَنْ حُجِرَعَلَيْهِ لِفَلَسٍ يَصِحُّ نِكَاحُهُ، وَمُؤَنُ النِّكَاحِ فِكَسْبِهِ، لاَ فِيمَا مَعَهُ، وَنِكَاحُ عَبْدٍ بِلاَ إِذْنِ سَيِّدِهِ بَاطِلٌ وَبِإِذْنِهِ صَحِيحٌ، وَلَهُ إِطْلاَقُ الإِذْنِ، وَلَهُ تَقْيِيدُهُ بِامْرَأَةٍ أَوْ قَبِيلَةٍ أَوْ بَلَدٍ، وَلاَ يَعْدِلُ عَمَّا أَذِنَ فِيهِ، وَالأَظْهَرُ أَنَّهُ لَيْسَ لِلسَّيِّدِ إِجْبَارُ عَبْدِهِ عَلَى النِّكَاحِ

(فَإِنْ قَبِلَ لَهُ وَلِيُّهُ) جا ئەگەر سەرپەشتکارەکەی مارەبڕینەکەی بۆ قبوڵ کرد، ئەو کاتە (اُشْتُرِطَ إِذْنُهُ فِیالأَصَحِّ) بە مەرج داندراوە مالّ بە فیرۆدەرەکە ئیزنی بدا، ئینجا (وَيَقْبَلُ بِمَهْرِ الْمِثْلِ فَأَقَلَّ) سەرپەرشتکارەکەش بە مارەیی هاوێنەو بە کەمتر مارەبڕینەکە قبوڵ دەکا (فَإِنْ زَادَ) جا ئەگەر بە زیاتر لە مارەیی هاوێنە قبوڵی کرد، ئەو کاتەش (صَحَّ النِّكَاحُ بِمَهْرِ الْمِثْلِ) مارەبڕینەکە هەر بە مارەیی هاوێنە دروست دەبێ (وَفِي قَوْلٍ يَبْطُلُ) لە فەرموودەیەکیشدا بەتاڵ دەبێ.

(وَلَوْ نَكَحَ السَّفِيهُ بِلاَإِذْنٍ) ئەگەر مالّ بە فیرۆدەرەکە بێئیزنی سەرپەرشتکارەکەی ژنی لە خۆی مارە کرد، ئەوە (فَبَاطِلٌ) مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نابێ (فَإِنْ وَطِئَ) جا ئەگەر لەو مارەبڕینە بەتاڵەدا جیماعی لەگەڵ ژنەکە کرد، ئەوە (لَمْ يَلْزَمْهُ شَيْءٌ) هیچی لە سەر نیە، واتە: نە سزای زیناو نە مارەیی ژنەکە، کەوابو: ئەگەر لەم جیماعە منداڵێکی ببێ، منداڵەکەش دەبێتە منداڵیخۆی (وَقِيلَ مَهْرُ مِثْلٍ) لە فەرموودەیەکی

بێهێزدا: مارەیی هاووێنەی دەکەوێتەسەر (وَقِيلَ أَقَلُّ مُتَمَوَّلٍ) لە فەرموودەیەکیتری بێهێزدا کەمترین مالّی دەکەوێتە سەر.

(وَمَنْ حُجِرَ عَلَيْهِ بِفَلَسٍ) ئەو کەسەی بە هۆی قەرزداری قەدەغەی لە سەر داندراوە (يَصِحُّ نِكَاحُهُ) دروستە سەربەخۆ ژن لە خۆی مارە بکا (وَمُؤْنَةُ النِّكَاحِ فِي كَسْبِهِ) ئەرکی ژن هێنانەکەش—وەک مارەییو بژێویی ژنەکە— لە کەسابەتەکەی دەدرێ (لاَ فِيمَا مَعَهُ) نەک لەو مالّەی لە بەردەستیەتی، چونکە ئەو بۆ خاوەن قەرزەکانە.

(وَنِكَاحُ عَبْدٍ بِلاَ إِذْنِ سَيِّدِهِ بَاطِلٌ) ژن مارەکردنی کۆیلە لە خۆی بە بێئیزنی گەورەکەی بەتالّەو (وَبِإِذْنِهِ صَحِيحٌ) بە ئیزنیگەورەکەیشی دروستە (وَلَهُ إِطْلاَقُ الإِذْنِ) بۆ گەورەکەی دروستە: بێدیارکردنی ئافرەتو مارەیی کۆیلەکە ئیزن بدا، هەم (وَلَهُ تَقْيِيدُهُ بِامْرَأَةٍ أَوْ قَبِيلَةٍ أَوْ بَلَدٍ) بۆ گەورەکەش دروستە: لە ئیزندانەکەدا ئافرەتێك، یان هۆزێك، یان شارێك دیاری بکا (وَ) هەرکاتێك یەکێکیانی بۆ دیاری کرد (لاَ يَعْدِلُ عَمَّا أَذِنَ فِيهِ) دروست نیە کۆیلەکە لابدا لە ئیزندانی گەورەکەی (وَالأَظْهَرُ) بەفەرموودەی بەهێزتر (أَنَّهُ لَيْسَ لِلسَّيِّدِ إِجْبَارُ عَبْدِهِ عَلَى النِّكَاحِ) بۆ گەورەکە دروست نیە: بە زۆرلێکردنو بێئیزن ژن لە کۆیلەکەی

وَلاَ عَكْسُهُ، وَلَهُ إِجْبَارُ أَمَتِهِ بِأَيِّ صِفَةٍ كَانَ وَقِيلَ إِنْ حَرُمَتْ عَلَيْهِ لَزِمَهُ، وَإِذَا زَوَّجَهَا فَالأَصَحُّ أَنَّ الْكَافِرَةَ وَفَاسِقٌ وَمُكَاتَبٌ، وَلاَ يُزَوِّجُ وَلِيٌّ عَبْدَ صَبِيٍّ، وَيُزَوِّجُ أَمَتَهُ فِي الأَصَحِّ.

منهاج– بەرگیچوارەم–13

(بَابُ مَا يَحْرُمُ مِنَ النِّكَاحِ)

مارە بکا، هەم (وَلاَ عَكْسُهُ) گەورەکەش زۆری لێناکرێ تاکو ژن بۆ کۆیلەکەی مارەبکا، بەلّام (وَلَهُ إِجْبَارُ أَمَتِهِ) بۆ گەورەکە دروستە: بێئیزن جاریەکەیخۆی لە کەسێکیتر مارە بکا (بِأَيِّ صِفَةٍ كَانَتْ) بە هەر سیفەتێکەوە بێ، واتە: کچ بێ، بێوە ژن بێ، بالغ بێ، نەبالغ بێ، بەلّام (فَإِنْ طَلَبَتْ) ئەگەر جاریەکە بەخۆی داوای بەشوودانی لە گەورەکەی کرد، ئەوە (لَمْ يَلْزَمْهُ تَزْوِيجُهَا) لە سەری واجب نیە بیداتە شوو (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (إِنْ حَرُمَتْ عَلَيْهِ) ئەگەر بە هۆی شیر، یان نەژاد جاریەکە لە گەورەکەی حەرام بێ، ئەو کاتە (لَزِمَهُ) واجبە: بیداتە شوو.

(وَإِذَا زَوَّجَهَا) جا هەرکاتێك گەورەکەی مارەی ببڕی، ئەوە (فَالأَصَحُّ أَنَّهُ بِالْملك لاَ بِالْوِلاَيَةِ) مارەبڕینەکەی بە هۆی ملّکایەتیەیە، نەك بە سەرپەرشتکاری، کەوابو: (فَيُزَوِّجُ مُسْلِمٌ أَمَتَهُ الْكَافِرَةَ) موسولّمان (جارية) کافرەکەیخۆی مارە دەبڕێ، هەم (وَفَاسِقٌ) فاسقیش مارەی دەبڕێو (وَمُكَاتَبٌ) نوسراوپێدراویش مارەی دەبڕێ (وَلاَ يُزَوِّجُ وَلِيٌّ عَبْدَ صَبِيٍّ) دروست نیە: سەرپەرشتکاریمندالّ ژن لە کۆیلەیمندالّەکە مارە بکا، بەلّام (وَيُزَوِّجُ أَمَتَهُ) دروستە جاریەکەی مارە ببڕێو بیداتە شوو (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

﴿ بَابُ مَا يَحْرُمُ مِنَ النِّكَاحِ: **باسی ئەو ئافرەتانەی حەرامە پیاو لە خۆی مارەیان بکا** ﴾

پێشەکی بزانە: هۆیەکانی حەرامبوونیئافرەت هەتاهەتایی بە بەردەوامی سێنە: خزمایەتی، شیرخواردن، زاواوخەزورایەتی. واتە: مارەکردنی هیچێکیان دروست نابێ و ئەگەر بە مارەکراویش جیماعیان لەگەڵ بکا، هەر زینایەو واجبە سزای زینای لە سەر جێبەجێ بکرێ، هەروەك لە (باسی زینا)دا پوون کراوەتەوە.

ئینجا بزانە: ئەم یانزە ئافرەتانەیداماتوو: کە هەتاهەتایی بە بەردەوامی حەرامن–لە نەژادو لە شیر– گشتیان دەبنە مەحرەمی پیاو، واتە: دەستنوێژیان لە یەکتری ناشکێ و تەماشاکردنی یەکتریشیان –بە بێشەهوەت– حەڵاڵە.

هۆیەکەم: ئەوانەی بە هۆیخزمایەتی هەتاهەتایی حەرامن، حەفتن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ﴾ لە سەر ئێوە حەرام کراوە: دایکەکانتان و کیژەکانتان و خوشکەکانتان و خوشکەکانیباوکەکانتان و خوشکەکانیدایکەکانتان و کیژەکانیبراو کیژەکانیخوشك.

تَحْرُمُ الأُمَّهَاتُ: وَكُلُّ مَنْ وَلَدَتْكَ أَوْ وَلَدَتْ مَنْ وَلَدَكَ فَهِيَ أُمُّك، وَالْبَنَاتُ: وَكُلُّ مَنْ وَلَدْتَهَا أَوْ وَلَدَتْ مَنْ وَلَدَهَا فَبِنْتُك، قُلْتُ: وَالْمَخْلُوقَةُ مِنْ زِنَاهُ تَحِلُّ لَهُ، وَيَحْرُمُ عَلَى الْمَرْأَةِ وَلَدُهَا مِنْ زِنًا وَاللهُ أَعْلَمُ. وَالأَخَوَاتُ، وَبَنَاتُ الإِخْوَةِ وَالأَخَوَاتِ، وَالْعَمَّاتُ وَالْخَالاَتُ: وَكُلُّ مَنْ هِيَ أُخْتُ ذَكَرٍ وَلَدَكَ فَعَمَّتُكَ، أَوْ أُخْتُ أُنْثَى وَلَدَتْك

کەوابو: (تَحْرُمُ الأُمَّهَاتُ) حەرامە: پیاو دایکەکانیخۆی لە خۆی مارەبکا (وَكُلُّ مَنْ وَلَدَتْكَ) هەر ئافرەتێك ڕاستەوخۆ تۆی لێبووبی (أَوْ وَلَدَتْ مَنْ وَلَدَكَ) یان ئەوکەسەی لێبووبێ کە تۆی لێبووبی: وەك دایکیدایکتو بە سەرەوەتر، یان دایکیباوکتو بە سەرەوەتر (فَهِيَ أُمُّك) ئەو ئافرەتە لە هەردوو حاڵەتدا دایکی تۆیە.

(وَ) هەروەها (الْبَنَاتُ) حەرامە: پیاو کیژەکانیخۆی لە خۆی مارە بکا (وَكُلُّ مَنْ وَلَدْتَهَا) هەر ئافرەتێك لە تۆ بووبێ (أَوْ وَلَدَتْ مَنْ وَلَدَهَا) یان ئەو کەسە لە تۆ بووبێ کە ئافرەتەکەی لێبووە: وەك کیژیکیژو بەرەوخوارتر، یان کیژیکوڕو بەرەوخوارتر (فَبِنْتُك) ئەوەش لە هەردوو حاڵەتدا کیژی تۆیە.

(قُلْت) ئیمامی(النواوی) دەفەرموێ (وَالْمَخْلُوقَةُ مِنْ زِنَاهُ) ئەو ئافرەتەی لە ئاوی زینای پیاو دروست بووە (تَحِلُّ لَهُ) بۆ پیاوە زیناکەرەکە حەڵاڵە لە خۆی مارە بکا، چونکە ئافرەتەکە بیژیی‌یەو نەژادی ناچێتەوە سەر پیاوە زیناکەرەکە، بەڵام ناپەسندە، هەر چەند بێگومانیش بزاندرێ لە ئاوی زیناکەرەکە دروست بووە، کەوابو: میراتیش لە یەکتری ناگرن، بەڵام (وَيَحْرُمُ عَلَىالْمَرْأَةِ وَلَدُهَا مِنْ زِنًا) لە سەر ئافرەتە زیناکەرەکەو لە سەر

مەحرەمەکانیشی حەڕامە: خۆی لە کوڕە بیژیەکەی خۆی مارە بکا: کە لە زینا دروست بووە (وَاللهُ أَعْلَمُ) چونکە پارچەیەکی خۆیەتی و بێگومان لە یەک نەژادن، بۆیێ میراتیش لە یەکتری دەگرن، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَ) هەروەها (الأَخَوَات) حەڕامە: پیاو خوشکەکانی خۆی لە خۆی مارە بکا، جا خوشکەکە: لەدایکوباوکی بێ، یان تەنها لەباوکی، یان تەنها لەدایکی (وَ) هەروەها (بَنَاتُ الإِخْوَةِ) کیژەکانی برایەکان و، هەم (وَالأَخَوَاتِ) کیژەکانی خوشکەکانیش حەڕامە پیاو لە خۆیان مارە بکا، هەرچەند کیژەبراو کیژەخوشکەکانیش بەرەو خوارەوە بن، هەم جیاوازی نیە خوشک و برایەکانیش: لەدایکیوباوکی بن، یان تەنها لەباوکی، یان تەنها لەدایکی.

(وَ) هەروەها (الْعَمَّاتُ) خوشکەکانی باوک و، هەم (وَالْخَالاَتُ) خوشکەکانی دایک، ئەوانەش حەڕامە پیاو لە خۆیان مارە بکا (وَكُلُّ مَنْ هِيَ أُخْتُ ذَكَرٍ وَلَدَكَ) هەر ئافرەتێك خوشکی ئەو پیاوە بێ کە تۆی لێبوی: وەک باوک و باپیرەو بە سەرەوەتر (فَعَمَّتُك) ئەوە پوری تۆیەو خوشکی باوکتە (أَوْ أُخْتُ أُنْثَى وَلَدَتْك) یان ئافرەتەکە خوشکی ئەو ئافرەتەبێ کە تۆی فَخَالَتُكَ، وَيَحْرُمُ هَؤُلاَءِ السَّبْعُ بِالرَّضَاعِ أَيْضًا: وَكُلُّ مَنْ أَرْضَعَتْكَ أَوْ أَرْضَعَتْ مَنْ أَرْضَعَتْكَ أَوْ مَنْ وَلَدَكَ أَوْ وَلَدَتْ مُرْضِعَتَكَ أَوْ ذَا لَبَنِهَا فَأُمُّ رَضَاعٍ، وَقِسِ الْبَاقِيَ،

لێبوی: وەک دایک و باپیرەو بە سەرەوەتر (فَخَالَتُك) ئەوەش پوری تۆیەو خوشکی دایکتە، جیاوازی نیە ئەو دوو پورانە: لەدایکوباوکی بن، یان تەنها لەدایکی، یان تەنها لەباوکی.

هۆی دووەم: ئەوانەی بە هۆی شیرخواردن هەتاهەتایی حەڕامن، حەفتن، واتە: (وَيَحْرُمُ هَؤُلاَءِ السَّبْعُ بِالرَّضَاعِ أَيْضًا) ئەو حەفتانەی بڕابردوو بە هۆی شیرخواردنیش هەتاهەتای حەڕامن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿يَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعِ مَا يَحْرُمُ مِنَ النَّسَبِ﴾ رواه الشيخان، ئەو ئافرەتانەی بە هۆی خزمایەتی حەڕام دەبن، بەهۆی شیرخواردنیش حەڕام دەبن.

کەوابو: (وَكُلُّ مَنْ أَرْضَعَتْكَ) هەر ئافرەتێك شیری خۆی دابێتە تۆ (أَوْ أَرْضَعَتْ مَنْ أَرْضَعَتْكَ) یان شیری خۆی دابێتە ئەو ئافرەتەی کە شیری خۆی داوەتە تۆ (أَوْ مَنْ وَلَدَكَ) یان شیری خۆی دابێتە ئەو پیاوەی، یان ئەو ئافرەتەی تۆی لێبوی (أَوْ وَلَدَتْ مُرْضِعَتَك) یان ئەو ئافرەتەی لێبوبێ: کە شیری خۆی داوەتە تۆ (أَوْ ذَا لَبَنِهَا) یان ئەو پیاوەی لێبوبێ کە خاوەن شیری ئافرەتەشیردەرەکەیە: وەک مێردی شیردەرەکە، ئەوە (فَأُمُّ رَضَاعٍ) لە گشت ئەو وێنانەدا ئافرەتەکە دەبێتە دایکی شیریو هەتاهەتای حەڕام دەبێ (وَقِسِ الْبَاقِي) شەشەکانیتریش کە ماونو بە هۆی شیرخواردن حەڕامن، ئەوها (قِيَاس) بکە:

ڕوونکردنەوە: هەر ئافرەتێك شیری خواردبێ: لە ژنی تۆ، یان لە ژنی کوڕی تۆو بەرەو خوارتریش، یان لە کیژی تۆ، یان لە کیژی کوڕی تۆو بەرەوخوارتریش، یان لە کیژی کیژی تۆو بەرەوخوارتریش، ئەوە دەبێتە کیژە شیری تۆ.

وه هەر ئافرەتێك شیری خواردبێ: لە دایکت، یان لـە دایکـە شـیریەکەت، یـان لـە ژنـی باوکت، یان لە دایکە شیریەکەت بوبێ، یان لە باوکە شیریەکەت بوبێ، ئەوەش دەبێتـە خوشکە شیریی تۆ.

وە هەر ئافرەتێك شیری خواردبێ: لە خوشکیتۆ، یان لە ژنی برایتۆ، یان لە کوڕو کیژی دایکە شیریەکەت بوبێ، یان لە کوڕو کیژی باوکە شـیریەکەت بوبـێ، یـان لـەو شـیرخۆرە بوبێ: کە دایکت شـیری داوەتـێ، یـان ژنـی باوکـت شـیری داوەتـێ، ئـەوەش بـە خـۆیو بە کیژەکانیەوو بەرەوخوارتریش دەبنە: یان کیژەبرای شیری، یان کیژەخوشکی شیری.

وە هەر ئافرەتێك خوشکی دایکە شیریەکەت بێ، یان خوشکی باوکە شیریەکەت بێ، یـان خوشکی داپیرەی لای دایکە شیری، یان لای باوکە شیری بێ، یان خوشکی بـاپیرەی لای دایکە شیری، یان لای باوکە شیری بێ، یان شیری لە داپیرەی لای دایکی، یان لای باوکی خواردبێ، ئەوەش دەبێـە پورت: یان خوشکی باوکت، یان خوشکی دایکت. ئیتر لە باسی شیرخواردن ئەم (قاعِدَّة)یە درێژتر ڕوون دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

وَلاَ يَحْـرُمُ عَلَيْـكَ مَـنْ أَرْضَـعَتْ أَخَـاكَ وَنَافِلَتَـكَ، وَلاَ أُمُّ مُرْضِـعَةِ وَلَـدِكَ وَبِنْتُهَـا، وَلاَ أُخْـتُ أَخِيـكَ مِـنْ نَسَـبٍ أَوْ رَضَـاعٍ: وَهِـيَ أُخْـتُ أَخِيـكَ لأَبِيـكَ لأُمِّـهِ وَعَكْسُـهُ، وَتَحْرُمُ زَوْجَةُ مَنْ وَلَدْتَ أَوْ وَلَدَكَ

بەڵام (وَلاَ يَحْرُمُ عَلَيْكَ مَنْ أَرْضَعَتْ أَخَاك) ئەو ئافرەتە لە تۆ حەڕام نیە: کە شیری داوەتـە خۆشکو برای تۆ، جا خوشکو برایەکەت: لە تۆ بچوکتر بن، یـان گـەورەتر بـن، بـەڵام لـە نەژاددا ئەو ئافرەتە حەڕام بوو؟ چونکە یان دایکیخۆتە، یان ژنیباوکتە.

هەم (وَنَافِلَتَك) ئەو ئافرەتەش لە تۆ حەڕام نیە: کە شیری داوەتە نەوەیەکانت، واتە منداڵی منداڵەکانت، بەڵام لە نەژاددا ئەو ئافرەتە حەڕام بوو؟ چونکە یان کیژیخۆتـە، یـان ژنـی کوڕیخۆتە، هـەم (وَلاَ أُمُّ مُرْضِـعَةِ وَلَـدِك) دایکـی ئـەو ئافرەتـەی کـە شـیریخۆی داوەتـە منداڵەکەیتۆ، ئەویش لە تۆ حەڕام نیە، بەڵام لە نەژاددا حـەڕام بـوو؟ چـونکە خەسـووی خۆتە، هەم (وَبِنْتُهَا) کیژی ئەو ئافرەتەش کە شیری داوەتە منداڵیتۆ، ئەویش لە تۆ حەڕام نیە، بەڵام لە نەژاددا حەڕام بوو؟ چونکە کیژیخۆتە، یان کیژی ژنەکەتە.

(وَلاَ أُخْتُ أَخِيك مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ) هەروەها ئەو ئافرەتەی لە نەژاد، یان لە شیر خوشکی برایەکەتە، ئەویش لە تۆ حەڕام نیە؟ (وَهِيَ) ئەو خوشکەبرایە (أُخْتُ أَخِيك لأَبِيك) خوشکی ئەو برایەتە: کە تەنها لە باوکتەوە برایتۆیە (لأُمِّهِ) خوشکەکەش لـە دایکیـەوە خوشـکی برایەکەتە: وەك بێوەژنێك کیژێکی هەبێو باوکت بێوەژنەکە لە خۆی مارە بکـاو کـوڕێکی لێبێبێ، ئەوە دروستە: تۆش کیژەکە لە خۆت مارە بکەی، هەرچەند لە دایکیەوە خوشکی ئـەم برایەشـتە (وَعَكْسُـهُ) هـەم بـە پێچەوانەوەش: وەك خوشکیبرایەکی

تەنها لەدایکیت کە تەنها لە باوکیەوە خوشکی بێ: وەك بێوەژنێك كوڕێكی هەبێو ئەم كوڕەش خوشكێكی تەنها لەباوكی هەبێ، ئینجا باوكت بێوەژنەكە لە خۆی مارە بكاو تۆی لێبێ، ئەوە بۆ تۆش حەلاڵە: خوشكە لە باوكیەكەی ئەم برایە لەدایكیەت لە خۆت مارە بكەی.

﴿ هۆی سێیەم: ئەوانەی بە زاواو خەزورایەتی هەتا هەتای حەڕامن، چوارن: ﴾

یەكەم: (وَتَحْرُمُ زَوْجَةُ مَنْ وَلَدْتَ) ژنی ئەو پیاوەت لێحەڕامە كە لە تۆ بووە: وەك ژنێكوڕو ژنێكوڕێكوڕو بەرەوخوارتر، ژنی كوڕێكیژو بەرەوخوارتر، واتە: بە تەنها مارەبڕین ژنی ئەو كوڕانە لە تۆ حەڕام دەبێ، هەرچەند كوڕەكانیش جیماعیان لەگەڵ نەكردبن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَحَلائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلابِكُمْ﴾ ژنەكانی ئەو كوڕانەی لە نەژادی خۆتانن حەڕامە لە خۆتان مارەیان بكەن.

دووەم: (أَوْ وَلَدَكَ) ژنی ئەو پیاوەشت لێحەڕامە كە تۆی لێبوی: وەك ژنی باوكتو باپیرەتو بە سەرەوەتر، جیاوازی نیە باپیرەكە: باوكیباوك بێ، یان باوكیدایك، واتە: مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ، وَأُمَّهَاتُ زَوْجَتِكَ مِنْهُمَا، وَكَذَا بَنَاتُهَا إِنْ دَخَلْتَ بِهَا، وَمَنْ وَطِئَ اِمْرَأَةً بِمِلْكٍ حَرُمَ عَلَيْهِ أُمَّهَاتُهَا وَبَنَاتُهَا وَحَرُمَتْ عَلَى آبَائِهِ وَأَبْنَائِهِ،

بە تەنها مارەبڕین ژنی ئەو باوكانە لە تۆ حەڕام دەبێ، هەرچەند باوكەكانیش جیماعیان لەگەڵ نەكردبن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنَ النِّسَاءِ﴾ ئەو ژنانە لە خۆتان مارە مەكەن كە باوكەكانتان لە خۆیان مارە كردون.

ئینجا بزانە: جیاوازی نیە ئەو كوڕو باوكانە: (مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ) بە هۆی نەژاد كوڕو باوك بن، یان بە هۆی شیرخواردن.

سێیەم: (وَأُمَّهَاتُ زَوْجَتِكَ مِنْهُمَا) دایكەكانیژنەكەت—لە نەژادو لە شیر— لە تۆ حەڕامن: وەك دایكو داپیرەی ژنەكەت، جیاوازی نیە داپیرەكە: دایكیدایكو بە سەرەوەتر بێ، یان دایكیباوكو بە سەرەوەتر بێ، واتە: بە تەنها مارەبڕینیژنەكەت ئەو دایكو داپیرانەیت لێ حەڕام دەبن، هەرچەند جیماعیشت لەگەڵ ژنەكەت نەكردبێ.

چوارەم: (وَكَذَا بَنَاتُهَا) هەروەها كیژەكانیژنەكەتو كیژەكانی كوڕیژنەكەتو بەرەو خوارترو كیژەكانی كیژیژنەكەتو بەرەوخوارتر— لە نەژادو لە شیر— لە تۆ حەڕامن، بەڵام (إِنْ دَخَلْتَ بِهَا) بەو مەرجەی جیماعت لەگەڵ ژنەكەت كردبێ، جیاوازی نیە كیژەكانی ئەم ژنە: لە مێردێكیتری پێش تۆ بوبن، یان لە مێردێكیتری دوای تۆ ببن، یان لە زینا بن، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ﴾ دایكەكانیژنەكانتان لێحەڕامن،

هەم کیژەکانی ئەو ژنانەشتان کە جیماعتان لەگەڵ کردون لێتـان حـەڕامن، بـەڵام ئەگـەر جیماعتان لەگەڵ ژنەکان نەکردبو، ئەو کاتە هیچ گوناهێکتان لە سەر نیەو دروستە کیژی ژنەکە مارە بکەن. واتە لە دوای تەڵاقدانیژنەکە، یان مردنی.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: مارەکردنی ئەم ئافرەتانە لە خۆت حەڕام نیە: کیژی مێردیدایکت، دایکی مێردیـدایکت، کیـژی مێردیکیـژت، دایکـی مێردیکیـژت، دایکـی ژنیباوکـت، کیـژی ژنیباوکت، دایکی ژنیکوڕت، کیژی ژنیکوڕت، ژنی کوڕیژنت، ژنی مێردیدایکت، هەروەك لە (الانوار)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَمَنْ وَطِئَ اِمْرَأَةً بِمِلْكٍ) هەر پیاوێك جیماع لەگەڵ ئافرەتێك بکا بە ملکایەتیکڕیلەیی: وەك جیماع لەگەڵ (جارية)یخۆی بکا، ئەوە (حَرُمَ عَلَيْهِ أُمَّهَاتُهَا وَبَنَاتُهَا) دایکەکانو کیژەکانی ئەو ئافرەتەی هەتاهەتای لێی حەڕام دەبن، هەم (وَحَرُمَتْ عَلَى آبَائِهِ وَأَبْنَائِهِ) ئافرەتەکەش هەتا هەتای لە باوکەکانو لە کوڕەکانیپیاوەکـە حـەڕام دەبـێ، چـونکە جیمـاعکردن بـە مولکایەتیکڕیلەیی وەك جیماعکردنی بە مارەبڕینە.

وَكَذَاالْمَوْطُوءَةُ بِشُبْهَةٍ فِي حَقِّهِ، قِيلَ أَوْ حَقِّهَا، لاَ الْمَزْنِيُّ بِهَا،

﴿ **منداڵی جیماعی بە هەڵەو تێکردنی (مَنِي)ی بە هەڵە** ﴾

(وَكَذَا الْمَوْطُوءَةُ بِشُبْهَةٍ) هەروەها ئەو ئافرەتەش کە بە هەڵە جیماعی لەگەڵ کراوە، یان بە هەڵە (مَنِي)ی پیاوێکیبێگانەی تێکراوە (فِيحَقِّهِ) هەڵەکەش لـە لایپیاوکـەوە بـێ: وەك وایتێگەیشتبێ ژنیخۆیەتی، یان بە مارەبڕینێکیناردروست جیماعی لەگەڵ بکا، واتە: بـە هۆی ئەو جیماعە بە هەڵەیەو تێکردنی ئەو (مَنِي)یە بە هەڵەیە: دایکەکانو کیژەکانی ئەو ئافرەتە هەتا هەتای لە پیاوە جیماعکەرەکەو لە خاوەن (مَنِي)یەکە حـەڕام دەبـن، هـەم ئافرەتەکەش لە باوکەکانو لە کوڕەکانی پیاوە جیماعکەرەکەو لە خاوەن (مَنِي)یەکە هەتا هەتای حەڕام دەبێ، هەم ئەگەر لەم جیماعـە بـە هەڵەیـە، یـان لـە (مَنِـي)یەکـە منـدالێك دروست ببێ، ئەوە دەبێتە منداڵی پیاوە جیماعکەرەکەو خاوەن (مَنِي)یەکە، هەم (عِدَّة)ش لە سەر ئافرەتەکە واجب دەبێ، بەڵام ئافرەتەکە نابێتە مەحرەمی باوکەکانو کوڕەکـانی جیماعکەرەکەو خاوەن (مَنِي)یەکە، جیماعکەرەکەو خاوەن (مَنِي)یەکەش نابنە مەحرەمی دایکەکانو کیژەکانی ئافرەتەکە.

جا لەو بڕیارانەیڕابردوودا جیاوازی نیـە: ژنەکـەش وا تێبگـا مێردیخۆیـەتی، یـان بزانـێ بێگانەیە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

(قِيلَ أَوْ حَقِّهَا) لە فەرموودەیەکی بـێهێزدا: ئەگـەر هەڵەکـە تـەنها لـە لایئافرەتەکـەش بـێ، هەر ئەوهایە، بەڵام بە فەرموودەی ڕاست: ئەگەر تەنها ئافرەتەکە بـە هەڵـەدا بچـێو وا تێبگـا مێردی خۆیـەتی، ئـەوە تـەنها مـارەیی لـە سەر جیماعکەرەکە واجب دەبێ، واتـە:

بڕیارەکانیتری ڕابردوو هیچێکیان نایەنەجێ، بەڵام ئەگەر بە هەڵەداچوونەکە لە هەردووکیانەوەبێ، ئەو کاتە: هەم مارەیی بۆ ئافرەتەکەو هەم بڕیارەکانیتریڕابردووش گشتی دێنەجێ.

کەواتە: ئەگەر ئافرەتەکە بزانێ ئەم پیاوە مێردیخۆی نیەو بە خۆشیخۆی ڕێگای بدا جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتە ئافرەتەکە زیناکەرەو مافی هیچ مارەییی نیە، هەروەك لە (البجیرمی)دا فەرموویەتی.

﴿ باسی منداڵی بیژی ﴾

(لاَ الْمَزْنِيُّ بِهَا) بەڵام ئەو ئافرەتەی زینای لەگەڵ کراوە، ئەوها نیە، واتە: دایكو کیژەکانی ئافرەتەکە لە زیناکەرەکە حەڕام نابنو ئافرەتەکەش لە باوكو کوڕەکانی زیناکەرەکە حەڕام نابێو منداڵەکەش بیژیبە: نابێتە منداڵی پیاوە زیناکەرەکەو ناشبێتە منداڵی مێردی ئافرەتەکە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەموێ: ﴿اَلْوَلَدُ لِلْفِراشِ وَلِلْعَاهِرِ اَلْحَجَرُ﴾ رواه الشیخان، منداڵەکە بۆ ئەو کەسەیە کە بە حەڵاڵی سەرجێیی ژنەکەی کردوە، بۆ زیناکەرەکەش سزای زینا داندراوە.

وَلَيْسَتْ مُبَاشَرَةٌ بِشَهْوَةٍ كَوَطْءٍ فِالأَظْهَرِ،

جا بزانە ئافرەتەکەش (عِدَّة)ی زینای لە سەر واجب نابێو مارەیی ئافرەتەکەش لە سەر زیناکەرەکە واجب نابێ، بەڵام ئەگەر بە زۆرلێکردن زینا لەگەڵ ئافرەتەکە کرابێ، ئەو کاتە مارەیی هاووێنە بۆ ئافرەتەکە لە سەر پیاوە زیناکەرەکە واجب دەبێ، هەروەك لە باسی (مارەییهاووێنە)دا ڕوون کراوەتەوە.

هەر بە بەڵگەی حەدیسەکەیڕابردوو: ئەگەر (مَنِي)ی پیاوێکیبێگانە—بە قەسدی— دەناو منداڵدانەیئافرەتێك بکرێ، ئەوەش هەمان بڕیارەکانیڕابردووی زینای بۆ دەدرێ، واتە: ئەو منداڵەی لەو (مَنِي)یە دروست دەبێ، ئەویش بیژیبە: نابێتە منداڵی خاوەن (مَنِي)یەکە، چونکە بە حەڕامی دروست بووە، هەم نابێتە منداڵی مێردیژنەکە، چونکە لە خۆی نیە، بەڵام ئەگەر (مَنِي)تێکردنەکە بە هەڵە بێ، ئەو کاتە دەبێتە منداڵی خاوەن (منی)یەکە، هەروەك تازە ڕابراو هەم ئێستاش ڕوونتری دەکەینەوە.

﴿ ئاگاداری ﴾: باسی لادانی منداڵێ بیژی لە نەژادیخۆی، لە باسی (لەعنەتکردنی ژنو مێرد)دا ڕوون دەکەینەوە—إن شاءالله تعالى— زۆر پێویستە لێی ئاگادار بی.

ئینجا بزانە: ئەگەر ژنێك (مَنِي)ی مێردیخۆی دەناو منداڵدانەی بکرێ، یان بە هەڵە (مَنِي)ی پیاوێکیبێگانەی تێبکرێ، ئەو کاتە لە هەردوو حاڵەتدا وەکو جیماعی حەڵاڵ بڕیاری (عِدَّة)و نەژادو حەڕامی زاواو خەزورایەتیڕابردووی بۆ دەدرێ، واتە: منداڵەکە دەبێتە منداڵیمێردەکە، یان خاوەن(مَنِي)یەکە، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا منداڵەکە بە حەڵاڵی دروست بووە.

بەڵام ئاگاداربە: لە حاڵەتی دەرهێنانی(مَنِي)ی مێردەکەو بێگانەکەو هەم لە حاڵەتی (مَنِي)تێکردنە ناو منداڵدانەی‌ژنەکەدا مەرجە: (مَنِي)ی‌مێردەکەو بێگانەکە پێزدار بێ –واتە: بە حەڵاڵی هاتبێتە دەرەوە– هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە، هەم لە کاتی هاتنەدەرەوەی (مَنِي)ی‌مێردەکەدا مەرجە: ژنو مێردایەتیەکەیان هەبێو بەردەوام بێ تا تێکردنی(مَنِي)یەکە، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

ئینجا بزانە: لە لای ئیمامی(البغوي) مەرج نیە: (مَنِي)ی‌مێردەکە بە حەڵاڵی لە مێردەکە هاتبێتە دەرەوە، هەروەك (تحفة)و (مغنی) گێڕاویەتیانەوەو پەدیشیان کردۆتەوە.

(وَلَيْسَتْ مُبَاشَرَةً بِشَهْوَةٍ كَوَطْءٍ) دەستبازیی بە شەهوەت: وەك ماچ کردنو مەمك گرتنو ڕان بەڕان، وەکو جیماع بڕیاری بۆ نادرێ (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، جیاوازی نیە ئەو دەستبازییە: لەگەڵ ژنی‌خۆی بێ، یان لەگەڵ ئافرەتێکی‌بێگانە: کە وای‌تێبگا ژنی‌خۆیەتی، کەواتە: بە هۆی دەستبازی هیچ بڕیارێك لەوانەی‌ڕابردوو نایەتەجێ.

بەڵام لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا: بە هۆی زیناو بە هۆی دەستبازیی بە شەهوەت حەڕامی زاواو خەزورایەتی دێتە جێ، هەروەك لە (مجمع الأنهر)دا فەرموویەتی.

وَلَوْ اِخْتَلَطَتْ مَحْرَمٌ بِنِسْوَةٍ قَرْيَةٍ كَبِيرَةٍ نَكَحَ مِنْهُنَّ، لاَ بِمَحْصُورَاتٍ، وَلَوْ طَرَأَ مُؤَبِّدُ تَحْرِيمٍ عَلَى نِكَاحٍ قَطَعَهُ: كَوَطْءِ زَوْجَةِ اِبْنِهِ بِشُبْهَةٍ، وَيَحْرُمُ جَمْعُ الْمَرْأَةِ وَأُخْتِهَا أَوْ عَمَّتِهَا أَوْ خَالَتِهَا مِنْ رَضَاعٍ أَوْ نَسَبٍ، فَإِنْ جَمَعَ بِعَقْدٍ بَطَلَ،

(وَلَوْ اِخْتَلَطَتْ مَحْرَمٌ) ئەگەر ئافرەتێکی مەحرەمی‌پیاوێك –بە هۆی خزمایەتی، یان شیرخواردن– تێکەڵ بوو (بِنِسْوَةٍ قَرْيَةٍ كَبِيرَةٍ) بە ئافرەتەکانی گوندێکی گەورە، یان شارێك: کە سەرژمێر نەدەکران، واتە: نەزاندرا مەحرەمەکەی کامەیە، ئەوە (نَكَحَ مِنْهُنَّ) بۆی دروستە ئافرەتێك لەو ئافرەتانە لە خۆی مارە بکا، بەڵام (لاَ بِمَحْصُورَاتٍ) نەك ئەگەر مەحرەمەکەی تێکەڵی چەند ئافرەتێك بوبێ: کە سەرژمێر دەکران، واتە: لەو حاڵەتەدا بۆی دروست نیە هیچێکیان لە خۆی مارە بکا، مارەبڕینەکەش دروست نابێ.

(وَلَوْ طَرَأَ مُؤَبِّدُتَحْرِيمٍ عَلَى نِكَاحٍ) ئەگەر هۆیەکی‌حەڕامی هەتاهەتایی هاتە سەر مارەبڕینێك، ئەو هۆیە (قَطَعَهُ) مارەبڕینەکە دەپچڕێنێو ژنو مێردەکە هەتاهەتای لە یەکتری حەڕام دەبن (كَوَطْءِ زَوْجَةِ أَبِيهِ بِشُبْهَةٍ) وەك بە هەڵە: جیماع لەگەڵ ژنی باوکی خۆی بکا–هەر چەند دایکی‌خۆیشی بێ– یان جیماع لەگەڵ ژنی کوڕی‌خۆی بکا–هەر چەند مەحرەمی خۆیشی بێ: وەك کیژە برا– یان جیماع لەگەڵ دایکی ژنی‌خۆی بکا، یان جیماع لەگەڵ کیژی ژنی‌خۆی بکا، واتە: لە گشت ئەو وێنانەی‌ڕابردوودا مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوەو ژنو مێردەکەش بە یەکجاری لە یەکتری حەڕام دەبن.

بەڵام ئەگەر جیماعەکە بە زینا بێ، ئەوە کار لە مارەبڕینەکە ناکا، هەروەك لە (مغنی)دا

فەرموویەتی، ئیتر لە (باسیشیرخواردن)دا چەند وێنەیەکیتری لەم بابەتە پوون دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(وَيَحْرُمُ جَمْعُ الْمَرْأَةِ وَأُخْتِهَا) حەرامە: کۆکردنەوەی ئافرەتێك و خوشکەکەی لە ژێر مارەی یەك پیاودا—لە یەك کاتدا—جیاوازی نیە: بە خزمایەتی خوشك بن، یان بە شیرخواردن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الأُخْتَيْنِ﴾ لێتان حەرام کراوە دوو خوشك کۆ بکەنەوە لە ژێر پیاوێکدا.

(أَوْ عَمَّتِهَا أَوْ خَالَتِهَا) هەم حەرامە: کۆکردنەوەی ئافرەتێك و پورەکەی لە ژێر مارەی یەك پیاودا، جیاوازی نیە پورەکە: (مِنْ رَضَاعٍ أَوْ نَسَبٍ) بە شیرخواردن بێ، یان بە خزمایەتی، هەم جیاوازی نیە پورەکە: خوشکیباوك بێ، یان خوشکیدایك، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيُجْمَعُ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا وَلاَ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا﴾ رواه الشيخان، دروست نابێ ئافرەت و پورەکەی کۆ بکرێنەوە لە ژێر پیاوێکدا.

کەوابو: (فَإِنْ جَمَعَ بِعَقْدٍ) ئەگەر بە یەك مارەبڕین هەردووکیانی وێکڕا مارەکردن، واتە: هەردوو خوشکەکە، یان ئافرەتەکەو پورەکەی، ئەوە (بَطَلَ) مارەبڕینی هەردووکیان

أَوْ مُرَتَّبًا فَالثَّانِي، وَمَنْ حَرُمَ جَمْعُهُمَا بِنِكَاحٍ حَرُمَ فِي الْوَطْءِ بِمِلْكٍ، لاَ مِلْكُهُمَا، فَإِنْ وَطِئَ وَاحِدَةً حَرُمَتِ الأُخْرَى حَتَّى يُحَرِّمَ الأُولَى كَبَيْعٍ أَوْ نِكَاحٍ أَوْ كِتَابَةٍ لاَ حَيْضٍ وَإِحْرَامٍ، وَكَذَا رَهْنٌ فِي الأَصَحِّ، وَلَوْ مَلَكَهَا ثُمَّ نَكَحَ أُخْتَهَا أَوْ عَكَسَ حَلَّتِ الْمَنْكُوحَةُ دُونَهَا، وَلِلْعَبْدِ اِمْرَأَتَانِ وَلِلْحُرِّ أَرْبَعٌ فَقَطْ، فَإِنْ نَكَحَ خَمْسًا مَعًا

بەتاڵ دەبێو دوورست نابێ (أَوْ مُرَتَّبًا) یان یەکێکیانی لە دوایئەوی‌تر مارە کرد، ئەوە (فَالثَّانِي) مارەبڕینەکەی‌دووەم بەتاڵەو دروست نابێ، جیماعی دروست نەبووەکەش زینایەو سزای زیناشی لە سەر واجب دەکا، بەڵام هەرکاتێك ژنەکەی بمرێ، یان بە (بائِن)ی تەڵاقی بدا، بۆی دروستە: خوشکیژنەکەی، یان پوریژنەکەی لە خۆی مارە بکا.

(وَمَنْ حَرُمَ جَمْعُهُمَا بِنِكَاحٍ) هەر ئافرەتێك کۆکردنەوەی لەگەڵ یەکێکیتردا بە مارەبڕین حەرام بێ، ئەوە (حَرُمَ فِي الْوَطْءِ بِمِلْكٍ) کۆکردنەوەیان لە جیماعکردنی بە ملکایەتیشدا حەرامە، واتە: حەرامە جیماع لەگەڵ ئەو دوو (جاریە)یەی بکا کە هەردووك خوشکن، یان پورو برازان، یان پورو خوشکەزان، بەڵام (لاَ مِلكُهُمَا) کۆکردنەوەیان بە ملکایەتی حەرام نیە: وەك دوو خوشك وێکڕا بکاتە (جارية)یخۆیو جیماع لەگەڵ هەردووکیان نەکا.

کەوابو: (فَإِنْ وَطِئَ وَاحِدَةً) ئەگەر جیماعی لەگەڵ (جارية)یەك کرد، ئەوە (حَرُمَتِ الأُخْرَى) حەرامە جیماع لەگەڵ خوشکەکەیتری، یان پورەکەی بکا (حَتَّى يُحَرِّمَ الأُولَى) تا یەکەمەکە لە خۆی حەرام دەکا: (كَبَيْعٍ أَوْ نِكَاحٍ أَوْ كِتَابَةٍ) وەك بیفرۆشێ، یان لە کەسێکیتری مارەبکا، یان نووسراوی بداتێ (لاَ حَيْضٍ وَإِحْرَامٍ وَكَذَا رَهْنٌ فِي الأَصَحِّ) نەك بە هۆی حەیزو

ئیحرام بەستنو پەهنکردن (وَلَوْ مَلَكَهَا ثُمَّ نَكَحَ أُخْتَهَا) ئەگەر (جاریة)یەکی کڕی، ئینجا خوشکەکەیشی لە خۆی مارە کرد (أَوْ عَكَسَ) یان بە پێچەوانەوە: ژنێکی لە خۆی مارە کرد، ئینجا خوشکەکەیشی کڕی، ئەوە (حَلَّتْ الْمَنْكُوحَةُ دُونَهَا) تەنها مارەبڕاوەکەی بۆ حەلاڵە جیماعی لەگەڵ بکا، نەك (جاریة)کڕاوەکە.

﴿ ژمارەی ئەو ژنانەی بۆ پیاو حەلاڵن لە یەك کاتدا ﴾

(وَلِلْعَبْدِ امْرَأَتَانِ) بۆ پیاوی کۆیلە دوو ژن لە یەك کاتدا حەلاڵن بە (إجماع)ی (صحابة)ی پێغەمبەرﷺ (وَلِلْحُرِّ أَرْبَعٌ فَقَطْ) بۆ پیاوی ئازاد–تەنها–چوار ژن حەلاڵن لە یەك کاتدا لە ژێر مارەی‌خۆی‌دا کۆیان بکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ﴾ لە خۆتان مارە بکەن ئەوەی پێتان خۆشە لەو ئافرەتانەی لێتان حەلاڵن: دوو، یان سێ، یان چوار. ﴿وعن غيلانﷺ: أَنَّهُ أَسْلَمَ وَلَهُ عَشْرُ نِسْوَةٍ فَأَمَرَهُ النَّبِيُّﷺ أَنْ يَتَخَيَّرَ مِنْهُنَّ أَرْبَعاً﴾ رواه أحمد والترمذى وصححه الحاكم وابن حبان، (غيلان) موسوڵمان بوو، دە ژنی هەبون، پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکرد: چوار ژنیان لێهەڵبژێرێو ئەوانیتر واز لێبێنێ. کەوابو: (فَإِنْ نَكَحَ خَمْسًا مَعًا) ئەگەر بە یەك مارەبڕین پێنج ژن، یان زیاتری وێکڕا بَطَلْنَ، أَوْ مُرَتَّبًا فَالْخَامِسَةُ، وَتَحِلُّ الأُخْتُ وَالْخَامِسَةُ فِي عِدَّةِ بَائِنٍ لاَ رَجْعِيَّةٍ، وَإِذَا طَلَّقَ الْحُرُّ ثَلاَثًا أَوِ الْعَبْدُ طَلْقَتَيْنِ لَمْ تَحِلَّ لَهُ حَتَّى تَنْكِحَ وَتَغِيبَ بِقُبُلِهَا حَشَفَتُهُ أَوْ قَدْرُهَا

لە خۆی مارەکردن، ئەوە (بَطَلْنَ) مارەبڕینی گشتیان بەتاڵ دەبێ (أَوْ مُرَتَّبًا) یان پێنج ژن، یان زیاتری یەك لە دوای یەك لە خۆی مارە کردن، ئەو کاتە (فَالْخَامِسَةُ) مارەبڕینی پێنجەمەکەو هەم زیاترەکەش بەتاڵ دەبێ، ئەگەر جیماعیشی لەگەڵ بکا، ئەوە زینایەو سزای زینای لە سەر واجب دەبێ، هەروەك لە (باسی زینا)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَتَحِلُّ الأُخْتُ) خوشك، یان پوری ژنەکەی لێحەلاڵ دەبێو، هەم (وَالْخَامِسَةُ) ژنی پێنجەمیشی لێحەلاڵ دەبێ (فِي عِدَّةِ بَائِنٍ) لەو کاتەی ژنەکەی، یان ژنێك لە چوار ژنەکانی لە (عِدَّة)ی (بائن)دایە، واتە: سێبەسێ تەلاقی داوە، یان بە پارە تەلاقێکی داوە.

بەڵام لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنیفة)دا: نە خوشکەکەو نە پێنجەمەکە دروست نابێ تا (عِدَّة)کەی تەواو دەبێ، هەروەك لە (مجمع الانهر)دا فەرموویەتی، کەواتە: ئاگادارببە: ئەم جۆرە مارەبڕینە بە مەزهەبی (أبی‌حنیفة) نەکەی.

(لاَ رَجْعِيَّةٍ) نەك لە (عِدَّة)ی (رَجْعِيَّة)دا بێ: وەك تەنها تەلاقێك، یان دوو تەلاقی دابێ بە خۆڕاییو هێشتاش (عِدَّة)ی تەواو نەبوبێ، ئەوە دروست نیە: نە خوشکو پوری ئەو ژنە تەلاقدراوەی، نە ژنێکی پێنجەمیش لە خۆی مارە بکا، تا (عِدَّة)ی تەلاقدراوەکە تەواو دەبێ، یان تا بە(بائن)ی تەلاقی دەدا، یان تا لە (عِدَّة)دا دەمرێ.

﴿ مارە بەجاش ﴾

(وَإِذَا طَلَّقَ الْحُرُّ ثَلاَثًا) هەر كاتێك پیاوێكی ئازاد سێبەسێ ژنەكەی تەلاق دا (أَوِ الْعَبْدُ طَلْقَتَيْنِ) یان كۆیلە دووبەدوو ژنەكەی تەلاق دا (لَمْ تَحِلَّ لَهُ) ئەو تەلاقدراوەی لێحەلاڵ نابێتەوە، واتە: ئەگەر جیماعیشی لەگەڵ بكا، ئەوە زینایەو واجبە سزای زینای بدرێ، هەروەك لە (باسی زینا) زۆربەی سەرچاوەكان فەرموویانە.

كەواتە: تەلاقی چاك نابێتەوەو لێیشی ماوە ناكرێتەوە (حَتَّى تَنْكِحَ) تا تەلاقدراوەكە (عِدَّة)ی تەواو دەبێ ئینجا مێردێكیتر دەكا، جیاوازی نیە: مێردە تەلاقدەرەكە جیماعی لەگەڵ ئەم تەلاقدراوە كردبێ، یان هەر كچ بێو جیماعی لەگەڵ نەكردبێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾ ئەگەر ژنەكەی سێبەسێ تەلاق دا، ئەوە لە دوای تەلاقیسێیەم بۆی حەلاڵ نابێتەوە تا مێردێكیتر دەكا.

ئینجا جیاوازی نیە ئەم مێردە: بالغ بێ، یان نەبالغ بێ، عاقڵ بێ، یان شێت بێ، بەڵام مەرجە جیماعی لەگەڵ بكا، واتە: (وَتَغِيبَ بِقُبُلِهَا حَشَفَتُهُ أَوْ قَدْرُهَا) سەری (ذكر)ەكەی، یان ئەندازەكەی بچێتە ناو (فَرْج)ی ژنە تەلاقدراوەكە، هەم ئەگەر كچ بێ، مەرجە بەم جیماعە كچێنیەكەی لابچێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

بِشَرْطِ الإِنْتِشَارِ وَصِحَّةِ النِّكَاحِ وَكَوْنِهِ مِمَّنْ يُمْكِنُ جِمَاعُهُ لاَ طِفْلاً عَلَى الْمَذْهَبِ فِيهِنَّ، وَلَوْ نَكَحَ بِشَرْطِ إِذَا وَطِئَ طَلَّقَ أَوْ بَانَتْ أَوْ فَلاَ نِكَاحَ بَطَلَ،

هەم (بِشَرْطِ الإِنْتِشَارِ) بەو مەرجەش (ذكر)ی ئەم مێردە ڕەپبووبێ، واتە: هەڵساو بێ، نەك پووچ بێ، هەم (وَصِحَّةِ النِّكَاحِ) مەرجە: ماربڕینەكەیدووەمیش دروستبوو بێ، هەم (وَكَوْنِهِ مِمَّنْ يُمْكِنُ جِمَاعُهُ) مەرجە ئەم مێردە لەو تەمەنەدا بێ: كە بگونجێ جیماع بكا (لاَ طِفْلاً) نەك منداڵێكی وەها بێ: كە جیماعی پێنەكرێ (عَلَى الْمَذْهَبِ فِيهِنَّ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب لە هەر سێك مەسەلەكەدا.

ئینجا بزانە: ئەگەر منداڵێك لە جیماعی ئەم مێردە دروست ببێ، ئەوە دەبێتە منداڵی خۆی، نابێتە منداڵی مێردە تەلاقدەرەكە، هەروەها بزانە: ئەگەر ئەم مێردەش لە دوای جیماعكردن ژنەكەی تەلاق داو (عِدَّة)ی لەویش تەواو بوو، ئەو كاتە بۆ مێردەكەیەكەم حەلاڵ دەبێ ماوەی بكاتەوە، هەروەك لە زۆربەیسەرچاوەكاندا فەرموویانە ﴿عَنْ عائشة رضي الله عنها: أَنَّ اِمْرَأَةَ رِفَاعَةَ قَالَتْ: يَارَسُولَ اللهِ إِنَّ رِفَاعَةَ طَلَّقَنِي فَبَتَّ طَلاَقِي، وإِنِّي نَكَحْتُ بَعْدَهُ عَبْدَالرَّحْمَنِ الْقُرَظِيّ، وإِنَّمَا مَعَهُ مِثْلُ الْهُدْبَةِ، فقَالَ رسولُ اللهِﷺ: لَعَلَّكِ تُرِيدِينَ أَنْ تَرْجِعِي إلى رِفَاعَةَ؟ لاَ، حَتَّى يَذُوقَ عُسَيْلَتَكِ وتَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ﴾ رواه الشيخان وأصحاب السنن، ژنی (ریفاعة) بە پێغەمبەریﷺ گوت: (ریفاعة) بە یەكجاری سێبەسێ تەلاقیدام، منیش شووم بە (عبدالرحمن) كرد، بەڵام (ذَكَر)ی (عبدالرحمن) وەك پارچە پەڕۆك شڵو نەرمەو جیماعی لەگەڵ نەكردوم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: وا دیارە دەتەوێ بگەڕێیەوە لای (ریفاعة)؟ نا،

ئەوە دورست نابێ، تا (عبدالرحمن) هەنگوینۆکەت تام دەکاو تۆش هەنگوینۆکەی ئەوی تام دەکەی. واتە: تا لەزەتی جیماع لە یەکتری تام دەکەن.

جا بزانە: ئەم جیماعەش بۆیێ داندراوە تاکو پیاو نەفرەت لە تەلاقی سێبەسێ بکا، هەر لە بەر ئەوەش لە کوردستاندا ئەم مەسەلەیە بە (مارە بە جاش) ناو دەبرێ.

(وَلَوْ نَكَحَ) ئەگەر مێردەکەیدووەم ژنە تەلاقدراوەکەی مارە کرد (بِشَرْطِ إِذَا وَطِئَ طَلَّقَ) بەو مەرجەی هەر کاتێك جیماعی لەگەڵ کرد تەلاقی بدا (أَوْ بَانَتْ) یان لەێی جیا بێتەوە (أَوْ فَلاَ نِكَاحَ) یان هچیتر مارەبڕیبەکتری نەبن، ئەوە (بَطَلَ) بە هۆی ئەو مەرج دانانە مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نابێ، بۆیێ پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لَعَنَ اللهُ الْمُحَلِّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَهُ﴾ رواه أصحاب السنن بسند صحيح، لەعنەتی خوا لەو کەسەی ژنێك مارە دەکا تاکو بۆ مێردەکەی حەلاڵی بکاو لەعنەت لەو مێردەش کە بۆی حەلاڵ دەکرێ.

ئینجا بزانە: ئەو بەتاڵبوونو لەعنەتە لەو حاڵەتەدایە: کە لە ناو مامڵەتی مارەبڕینەکەدا ئەو مەرجە دابنێن، چونکە ئەگەر لە مارەبڕینەکەدا مەرجەکە دانەنێن، بەڵکو لە پێش مارەبڕینەکەدا لە سەر مەرجەکە ڕێك بکەون، ئەو کاتە مارەبڕینەکە دروست دەبێ، بەڵام وَفِي التَّطْلِيقِ قَوْلٌ.

(فَصْلٌ) لاَ يَنْكِحُ مَنْ يَمْلِكُهَا أَوْ بَعْضَهَا، وَلَوْ مَلَكَ زَوْجَتَهُ أَوْ بَعْضَهَا بَطَلَ نِكَاحُهُ، وَلاَ تَنْكِحُ مَنْ تَمْلِكُهُ أَوْ بَعْضَهُ، وَلاَالْحُرُّ أَمَةَ غَيْرِهِ إلاَّ بِشُرُوطٍ: أَنْ لاَ يَكُونَ تَحْتَهُ حُرَّةٌ تَصْلُحُ لِلاِسْتِمْتَاعِ قِيلَ وَلاَ غَيْرُصَالِحَةٍ. وَأَنْ يَعْجِزَ عَنْ حُرَّةٍ تَصْلُحُ قِيلَ أَوْ لاَ تَصْلُحُ، فَلَوْ قَدَرَ عَلَى غَائِبَةٍ حَلَّتْ لَهُ أَمَةٌ إنْ لَحِقَهُ مَشَقَّةٌ ظَاهِرَةٌ فِي قَصْدِهَا أَوْ خَافَ زِنًا مُدَّتَهُ، وَلَوْ وَجَدَ حُرَّةً بِمُؤَجَّلٍ أَوْ بِدُونِ مَهْرِالْمِثْلِ فَالأَصَحُّ حِلُّ أَمَةٍ فِي الأُولَى دُونَ الثَّانِيَةِ. وَأَنْ يَخَافَ زِنًا فَلَوْ أَمْكَنَهُ تَسَرٍّ

ناپەسندە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، کەوابو: لەعنەتی حەدیسەکەش نایگرێتەوە (وَفِي التَّطْلِيقِ قَوْلٌ) لەبارەی مەرجی تەلاقدان فەرموودەیەك هەیە: کە زیانی نیە.

﴿ فَصْلٌ: لەبارەی مارەکردنی ئافرەتێکی کۆیلە ﴾

(لاَ يَنْكِحُ مَنْ يَمْلِكُهَا) دروست نابێ ئەو (جارية)یە لە خۆی مارە بکا کە هەمووی ملکی خۆیەتی (أَوْ بَعْضَهَا) یان بەشێکی ملکیخۆیەتی (وَلَوْ مَلَكَ زَوْجَتَهُ أَوْ بَعْضَهَا) ئەگەر ژنی خۆی بووە ملکیخۆی: هەمووی، یان بەشێکی (بَطَلَ نِكَاحُهُ) مارەبڕینەکە بەتاڵ دەبێتەوە.

(وَلاَ تَنْكِحُ مَنْ تَمْلِكُهُ أَوْ بَعْضَهُ) هەروەها دروست نیە ئافرەت شوو بەو کۆیلەیە بکا کە ملکیخۆیەتی: هەمووی، یان بەشێکی.

(وَلاَ الْحُرُّ أَمَةَ غَيْرِهِ) هەروەها دروست نیە پیاوێئازادیش (جارية)ی کەسێکیتر لە خۆی مارە بکا (إلاَّ بِشُرُوطٍ) تەنها بە چوار مەرج دروستە: یەکەم (أَنْ لاَ يَكُونَ

تَحْتَهُ حُرَّةٌ تَصْلُحُ لِلاِسْتِمْتَاعِ) نابێ ژنێکی‌ئازادی وەهای هەبێ: کە بۆ لەزەتوەرگرتن دەست بدا (قِيلَ وَلاَ غَيْرُ صَالِحَةٍ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر دەستیش نەدا هەر نەیبێ.

دووەم: (وَأَنْ يَعْجِزَ عَنْ حُرَّةٍ تَصْلُحُ) پیاوەکە توانای هێنانی ژنێکی ئازادی نەبێ: کە بۆ لەزەت لێدیتن بگونجێ (قِيلَ أَوْ لاَ تَصْلُحُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا ئەوەی ناشگونجێ هەر توانای هێنانی نەبێ: وەک ماڕەیی دەست نەکەوێ (فَلَوْ قَدَرَ عَلَى غَائِبَةٍ) ئەگەر توانای هێنانی ژنێکی لە شارێکی‌تر هەبو، ئەو کاتەش (حَلَّتْ لَهُ أَمَةٌ) ماڕەکردنی (جاریة)ی بۆ حەلاڵە لە خۆی (إِنْ لَحِقَهُ مَشَقَّةٌ ظَاهِرَةٌ فِي قَصْدِهَا) ئەگەر ماندووبوونێکی ئاشکرای تووش ببێ لە بەدواداگەڕانیدا (أَوْ خَافَ زِنًا مُدَّتَهُ) یان لە ماوەی بەدواداگەڕانیدا مەترسی تووشبوونی زینای هەبی (وَلَوْ وَجَدَ حُرَّةً بِمُؤَجَّلٍ) ئەگەر ژنێکی‌ئازادی دەست کەوت بە ماڕەییەکی‌قەرز (أَوْ بِدُونِ مَهْرِ الْمِثْلِ) یان بە کەمتر لە ماڕەییەکەووێنە، ئەوە (فَالأَصَحُّ حِلُّ أَمَةٍ فِي‌الأُولَى) لە مەسەلەیەکەمدا (جاریە)ی بۆ حەلاڵە (دُونَ الثَّانِيَةِ) بەڵام لە دووەمدا بۆی حەلاڵ نیە.

سێیەم: (وَأَنْ يَخَافَ زِنًا) پیاوەکە لەتوشبوونی زینا بترسێ، کەوابو: (فَلَوْ أَمْكَنَهُ تَسَرٍّ) ئەگەر بۆی گونجا بە (جاریة)یەکی حەلاڵ شەهوەتی خۆی تێر بکا: وەک (جاریة)کی فَلاَ خَوْفَ فِي‌الأَصَحِّ. وَإِسْلاَمُهَا، وَتَحِلُّ لِحُرٍّ وَعَبْدٍ كِتَابِيَّيْنِ أَمَةٌ كِتَابِيَّةٌ عَلَى‌الصَّحِيحِ، لاَ لِعَبْدٍ مُسْلِمٍ فِي‌الْمَشْهُورِ، وَمَنْ بَعْضُهَا رَقِيقٌ كَرَقِيقَةٍ، وَلَوْ نَكَحَ حُرٌّ أَمَةً بِشَرْطِهِ ثُمَّ أَيْسَرَ أَوْ نَكَحَ حُرَّةً لَمْ تَنْفَسِخِ الأَمَةُ، وَلَوْ جَمَعَ مَنْ لاَ تَحِلُّ لَهُ الأَمَةُ حُرَّةً وَأَمَةً بِعَقْدٍ بَطَلَتِ الأَمَةُ لاَ الْحُرَّةُ فِي الأَظْهَرِ. (فَصْلٌ):

هەبێ، یان بە پارەیەکی هەرزان دەستی بکەوێ، ئەو کاتە (فَلاَ خَوْفَ فِي‌الأَصَحِّ) مەترسی زینای نیەو دروست نیە (جاریة)ی کەسێکی‌ترماڕە بکا.

چوارەم: (وَإِسْلاَمُهَا) (جاریة)کەش موسوڵمان بێ، واتە: ماڕەکردنی (جاریة)ی‌کافر دروست نیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلاً أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ﴾ إلى قوله: ﴿ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ﴾ هەر یەکێک لە ئێوە نەیتوانی ئافرەتێکی ئازادی ئیماندار لە خۆی ماڕە بکا، بۆی دروستە: یەکێک لە جاریەکانی ئیماندار ماڕە بکا...ئەویش بۆ ئەو کەسە حەلاڵە کە لە زینا بترسێ.

(وَتَحِلُّ لِحُرٍّ وَعَبْدٍ كِتَابِيَّيْنِ) حەلاڵە بۆ پیاوی ئازادی کافری خاوەن کیتابو بۆ کۆیلەی کافری خاوەن کیتاب، واتە: جولەکەو دیان (أَمَةٌ كِتَابِيَّةٌ عَلَى‌الصَّحِيحِ) جاریەیەکی کافری خاوەن کیتاب لە خۆیان ماڕە بکەن (لاَ لِعَبْدٍ مُسْلِمٍ فِي‌الْمَشْهُورِ) بەڵام بۆ کۆیلەی موسوڵمان دروست نیە (جاریة)یەکی کافری خاوەن کیتاب لە خۆی ماڕە بکا.

(وَمَنْ بَعْضُهَا رَقِيقٌ) هەر ئافرەتێک بەشێکی کۆیلە بێو بەشێکیشی ئازاد بێ، ئەوەش (كَرَقِيقَةٍ) وەک هەمووی کۆیلە بێ ئەوەایە (وَلَوْ نَكَحَ حُرٌّ أَمَةً) ئەگەر پیاوێکی‌ئازاد

(جارية)یەکی لە خۆی مارە کرد (بِشَرْطِهِ) بەو چوار مەرجەی‌پابردوو (ثُمَّ أَيْسَرَ) ئینجا دەوڵەمەند بوو و توانای هێنانی ئافرەتێکیئازادی پەیدا بوو (أَوْ نَكَحَ حُرَّةً) یان ئافرەتێکی ئازادی لە خۆی مارە کرد، ئەوە (لَمْ تَنْفَسِخِ الأَمَةُ) مارەبڕینی (جارية)کە هەڵناوەشێتەوە.
(وَلَوْ جَمَعَ مَنْ لاَ تَحِلُّ لَهُ الأَمَةُ) ئەگەر ئەو پیاوەی مارەکردنی جاریەی بۆ حەڵاڵ نیە کۆی کردەوە (حُرَّةً وَأَمَةً) ژنێکیئازادو (جارية)یەك (بِعَقْدٍ) بە یەك مارەبڕین، ئەوە (بَطَلَتْ الأَمَةُ) مارەبڕینیجاریەکە بەتاڵ دەبێ (لأَ الْحُرَّةُ فِيالأَظْهَرِ) بەڵام مارەبڕینی ژنە ئازادەکە بەتاڵ نابێ بەڵکو دروست دەبێ.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی هێنانی ژنێکی کافر ﴾

پێشەکی بزانە: بە هیچ جۆرێك حەڵاڵ نیە ئافرەتیموسوڵمان لە پیاویکافر مارە بکرێ، جا کافرەکە: جولەکە بێ، یان دیان-گاور بێ، یان بتپەرست بێ، یان موسوڵمانێکی کافربوو بێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تُنْكِحُواالْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا﴾ ئافرەتی موسوڵمان لە پیاوە کافرەکان مارە مەکەن تا ئیمان دێنن.
يَحْرُمُ نِكَاحُ مَنْ لاَ كِتَابَ لَهَا كَوَثَنِيَّةٍ وَمَجُوسِيَّةٍ، وَتَحِلُّ كِتَابِيَّةٌ لَكِنْ تُكْرَهُ حَرْبِيَّةٌ وَكَذَا ذِمِّيَّةٌ عَلَىالصَّحِيحِ، وَالْكِتَابِيَّةُ: يَهُودِيَّةٌ أَوْ نَصْرَانِيَّةٌ لاَ مُتَمَسِّكَةٌ بِالزَّبُورِ وَغَيْرِهِ، فَإِنْ لَمْ تَكُنِ الْكِتَابِيَّةُ إِسْرَائِيلِيَّةً فَالأَظْهَرُ حِلُّهَا إِنْ عُلِمَ دُخُولُ قَوْمِهَا فِي ذَلِكَ الدِّينِ قَبْلَ نَسْخِهِ وَتَحْرِيفِهِ،

هەروەها (يَحْرُمُ نِكَاحُ مَنْ لاَ كِتَابَ لَهَا) حەرامە پیاویموسوڵمان ئەو ئافرەتە لە خۆی مارەبکا: کە (أَهْلِ الْكِتَاب)نیە، واتە: لە لای خواوە هیچ کتابێکیان بۆ دانەندراوە پەفتاری پێ بکەن (كَوَثَنِيَّةٍ) وەکو ئافرەتیبتپەرستو (وَمَجُوسِيَّةٍ) ئافرەتیمەگوش، واتە: ئاگرپەرستو...هتد، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا تَنْكِحُواالْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ﴾ ئافرەتە کافرەکان لە خۆتان مارە مەکەن تا ئیمان دێنن.
بەڵام (وَتَحِلُّ كِتَابِيَّةٌ) بۆ پیاویموسوڵمان حەڵاڵە: ئافرەتی کافری (أهل الكتاب) لە خۆی مارە بکا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواالْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾ حەڵاڵە ئافرەتە ئازادەکانی ئەو کافرانە لە خۆتان مارە بکەن کە پێش ئێوە لە لای خواوە کتێبیان دراوەتێ پەفتاری پێبکەن.
(لَكِنْ تُكْرَهُ حَرْبِيَّةٌ) بەڵام ئەو ئافرەتە کافرانەی جەنگ لە دژی موسوڵمانان دەکەن، ناپەسندە لە خۆیان مارە بکا (وَكَذَا ذِمِّيَّةٌ عَلَىالصَّحِيحِ) هەروەها ئافرەتە کافرەکانی پەیمان لە ئەستۆش هەر ناپەسندە لە خۆی مارەبکا، هەر چەند (أهل الكتاب)ش بن، لە سەر فەرموودەی ڕاست، نەوەك باوەڕی خۆی، یان منداڵەکانی تێك بدا.

(وَالْكِتَابِيَّةُ) مەبەست بە ئافرەتی(أهل الكتاب) كە مارەكردنی حەلاّلە: (يَهُودِيَّةٌ أَوْ نَصْرَانِيَّةٌ) تەنها ئافرەتی جولەكەيە، يان دیانە=گاورە (لاَ مُتَمَسِّكَةٌ بِالزَّبُورِ) نەك ئەو ئافرەتەی دەستی گرتوە بە (زَبوری) حەزرەتی(داود)پێغەمبەرعليه الصلاةوالسلام (وَغَيْرِهِ) يان بە كتێبەكانیترى وەك (صحف)ی (شيث و إدريس و إبراهيم) عليهم الصلاةوالسلام، واتە: ئەوانە حەلاّلّ نين.

(فَإِنْ لَمْ تَكُنِ الْكِتَابِيَّةُ إِسْرَائِيلِيَّةً) جا ئەگەر ئەو ئافرەتە (أهل الكتاب)ە لە (بنىإسرائيل) نەبو، واتە: لە نەتەوەی حەزرەتی (يَعْقُوب)پێغەمبەر نەبوعليه الصلاةوالسلام (فَالأَظْهَرُ حِلُّهَا) ئەوەش بە فەرموودەی بەهێزتر حەلاّلە، بەلاّم (إِنْ عُلِمَ دُخُولُ قَوْمِهَا فِي ذَلِكَ الدِّينِ) بەو مەرجەی بێگومان بزاندرێ: باپيرە گەورەی ئەو ئافرەتە هاتۆتە ناو ئەو ئاييننەی جولەكە، يان ديان (قَبْلَ نَسْخِهِ وَتَحْرِيفِهِ) پێش ئەوەی ئاييننەكە (نسخ) بوبێتەوەو گۆڕدرا بێ، واتە: بزاندرێ پێش گۆڕينی ئاييننەكەو پێش هاتنی حەزرەتی(عيسى)پێغەمبەرعليه السلام يەكەم باپيرەی بوبێتە جولەكە، يان پێش گۆڕينو پێش هاتنی پێغەمبەرمان(محمد)ﷺ يەكەم باپيرەی بوبێتە ديان=گاور.

وَقِيلَ يَكْفِي قَبْلَ نَسْخِهِ، وَالْكِتَابِيَّةُ الْمَنْكُوحَةُ كَمُسْلِمَةٍ فِي نَفَقَةٍ وَقَسْمٍ وَطَلاَقٍ، وَتُجْبَرُ عَلَى غُسْلِ حَيْضٍ وَنِفَاسٍ وَكَذَا جَنَابَةٍ وَتَرْكِ أَكْلِ خِنْزِيرٍ فِي الأَظْهَرِ، وَتُجْبَرُ هِيَ وَمُسْلِمَةٌ عَلَى غُسْلِ مَا نَجُسَ مِنْ أَعْضَائِهَا، وَتَحْرُمُ مُتَوَلِّدَةٌ مِنْ وَثَنِيٍّ وَكِتَابِيَّةٍ، وَكَذَا عَكْسُهُ فِي الأَظْهَرِ، وَإِنْ خَالَفَتِ السَّامِرَةُ الْيَهُودَ وَالصَّابِئُونَ النَّصَارَى فِي أَصْلِ دِينِهِمْ حَرُمْنَ وَإِلاَّ فَلاَ، وَلَوْ تَهَوَّدَ نَصْرَانِيٌّ أَوْ عَكْسُهُ لَمْ يُقَرَّ فِي الأَظْهَرِ،

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەو ئاژەڵەی جولەكەو ديان سەری دەبڕن، ئەويش بەو مەرجەی‌ڕابردوو حەلاّلّ دەبێ، واتە: ئەگەر گومان لەو مەرجەی‌ڕابردوودا هەبو– وەك ئەم سەردەمە– ئەو كاتە ئافرەتەكەيان حەلاّلّ نابنو ئاژەڵە سەربڕاوەكەشيان حەلاّلّ نابێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموويانە، كەوابو: لەم سەردەمەدا–بە هۆی ئەو مەرجە– زۆر زەحمەتە ئافرەتی ديان، يان جولەكە لە پياوی‌موسوڵمان حەلاّلّ بێ، هەروەك لە (مغنى)دا فەرمويەتی. (وَقِيلَ يَكْفِي قَبْلَ نَسْخِهِ) لە فەرموودەيەكی بێهێزدا: ئەوەندە بەسە: بزاندرێ پێش (نسخ)بوونەوە يەكەم باپيرەی هاتبێتە ناو ئاييننەكە.

(وَالْكِتَابِيَّةُ الْمَنْكُوحَةُ كَمُسْلِمَةٍ) ئەو ژنە كافرەی (أهل الكتاب)–كە مارە كراوە– وەكو ژنی موسوڵمان پەفتاری لەگەڵ دەكرێ: (فِي نَفَقَةٍ) لە بەخێوكردنو (وَقَسْمٍ) لە نۆبەتی شەوێو (وَطَلاَقٍ) لە تەلاّقدان، هەم (وَتُجْبَرُ عَلَى غُسْلِ حَيْضٍ وَنِفَاسٍ) لە لای مێردەكەيەوە زۆری لێدەكرێ: بۆ غوسلی حەيزو زەيسانیو (وَكَذَا جَنَابَةٍ وَتَرْكِ أَكْلِ خِنْزِيرٍ فِي‌الأَظْهَرِ) هەروەها بۆ غوسلی جەنابەتو بۆ وازهێنان لە خواردنی گۆشتی بەراز.

(وَتُجْبَرُ هِيَ وَمُسْلِمَةٌ عَلَى غَسْلِ مَا نَجُسَ مِنْ أَعْضَائِهَا) ژنیموسوڵمانو ژنیکافر هەردووکیان لە لایمێردەکەیانەوە زۆریان لێدەکرێ: هەر ئەندامێکیان پیس بوبێ، دەبی بیشۆن.

(وَتَحْرُمُ مُتَوَلِّدَةٌ مِنْ وَثَنِيٍّ وَكِتَابِيَّةٍ) حەرامە ئەو ئافرەتەی لە نێوان پیاوێکیبتپەرستو ژنێکی(أهل الكتاب)دا بوبێ (وَكَذَا عَكْسُهُ فِي الأَظْهَرِ) هەروەها بە پێچەوانەش حەرامە، لە فەرموودەی بەهێزتردا (وَإِنْ خَالَفَتِ السَّامِرَةُ الْيَهُودَ) ئەگەر سامیریەکانی گوێڵك پەرست لەگەڵ جولەکەکان جیا بون لە بنچینەی ئایینەکەیاندا، هەم (وَالصَّابِئُونَ النَّصَارَى فِي أَصْلِ دِينِهِمْ) سابیئیەکانیش لەگەڵ دیانەکان جیا بون لە بنچینەی ئایینەکانیاندا، ئەوە (حَرُمْنَ) مارەکردنی ژنەکانیان حەرامە، چونکە بە ئایینی خۆیانیش هەر کافرن (وَإِلاَّ فَلاَ) بەڵام ئەگەر جیاواز نەبنو مەرجەکەی پڕابردووش بێتە جێ، ئەو کاتە (فلا) مارەکردنی ژنەکانیان حەڕام نیە.

(وَلَوْ تَهَوَّدَ نَصْرَانِيٌّ) ئەگەر دیانێك=گاورێك بووە جوو (أَوْ عَكْسُهُ) یان بە پێچەوانەوە: جولەکەیەك بووە دیان (لَمْ يُقَرَّ) لە سەر ئەو ئایینە دووەمە جێگیر ناکرێ، واتە: لێی قبوڵ ناکرێ (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: فَإِنْ كَانَتْ اِمْرَأَةً لَمْ تَحِلَّ لِمُسْلِمٍ، فَإِنْ كَانَتْ مَنْكُوحَتَهُ فَكَرِدَّةِ مُسْلِمَةٍ، وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهُ إلاَّالإِسْلاَمُ، وَفِي قَوْلٍ أَوْ دِينُهُ الأَوَّلُ، وَلَوْ تَوَثَّنَ لَمْ يُقَرَّ، وَفِيمَا يُقْبَلُ اَلْقَوْلاَنِ، وَلَوْ تَهَوَّدَ وَثَنِيٌّ أَوْ تَنَصَّرَ لَمْ يُقَرَّ وَيَتَعَيَّنُ الإِسْلاَمُ كَمُسْلِمٍ اِرْتَدَّ، وَلاَ تَحِلُّ مُرْتَدَّةٌ لأَحَدٍ، وَلَوْ اِرْتَدَّ زَوْجَانِ أَوْ أَحَدُهُمَا قَبْلَ دُخُولٍ تَنَجَّزَتِ الْفُرْقَةُ،

﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ﴾ هەرکەسێك جگە لە ئیسلام ئایینێکیتری بوێ لێی قبوڵ ناکرێ. کەوابو: (فَإِنْ كَانَتْ اِمْرَأَةً) ئەگەر ئەوەی لە ئایینێکەوە چووەتە سەر ئایینێکیتر ئافرەت بوو (لَمْ تَحِلَّ لِمُسْلِمٍ) ئەو ئافرەتە بۆ پیاوی موسوڵمان حەڵاڵ نابێ، چونکە بە ئایینەکەی خۆیشی کافربووە، کەوابو: (فَإِنْ كَانَتْ مَنْكُوحَتَهُ) ئەگەر ئەو جۆرە ئافرەتە مارەبڕاوی موسوڵمانێك بێ، ئەوەش (فَكَرِدَّةِ مُسْلِمَةٍ) وەك کافربوونی ئافرەتیموسوڵمانە: کە لە دوای ئێرە ڕوون کراوەتەوە.

(وَ) هەر کاتێك یەکێك لە ئایینێك چووە سەر ئایینێکیتر، ئەوە (لاَ يُقْبَلُ مِنْهُ إلاَّ الإِسْلاَمُ) جگە لە ئیسلام هیچ ئایینێکیتری لێقبوڵ ناکرێ، واتە: نە ئایینە کۆنەکەی و نە ئایینە تازەکەی، بە بەڵگەی ئایەتەکەی پڕابردوو، بەڵام (وَفِي قَوْلٍ) لە فەرموودەیەکدا: (أَوْ دِينُهُ الأَوَّلُ) یان ئەگەر نەبۆوە موسوڵمانو بەخۆی گەڕاوە سەر ئایینە کۆنەکەی، ئەو کاتە لێی قبوڵ دەکرێ (وَ) هەروەها (لَوْ تَوَثَّنَ) ئەگەر جولەکەیەك، یان دیانێك بووە بتپەرست (لَمْ يُقَرَّ) لە سەر بتپەرستیەکە جێگیر ناکرێ، ئینجا (وَفِيمَا يُقْبَلُ الْقَوْلاَنِ) لە بارەی ئەو ئایینەی لێی قبوڵ دەکرێ، هەردوو فەرموودەکەی پڕابراوو هەنە، بەهێزترەکەیان: تەنها

ئاییندێئیسلامی ئێقبوڵ دەکرێ، لە بێهێزەکەشدا: هەم ئاییندەکۆنەکەیشی ئێقبوڵ دەکرێ.

(وَلَوْ تَهَوَّدَ وَثَنِيٌّ أَوْ تَنَصَّرَ) ئەگەر بتپەرستێك بوە جولەکە، یان بوە دیان، ئەوە (لَمْ يُقَرَّ) جێگیر ناکرێ، بەڵکو (وَيَتَعَيَّنُ الإِسْلاَمُ) تەنها ئیسلامی بۆ دیاری دەکرێ (كَمُسْلِمٍ ارْتَدَّ) وەك موسوڵمانێکی کافربوو، ئەگەر نەبێتەوە موسڵمان دەکوژرێ.

﴿(فَسْخ)= هەڵوەشانەوەی ماربڕین بە هۆی کافربوونی ژن و مێردی موسوڵمان﴾

(وَلاَ تَحِلُّ مُرْتَدَّةٌ لأَحَدٍ) ئافرەتی لە دین وەرگەڕاو–واتە: لە ئیسلامەتیەوە بوبێتە کافر– بۆ هیچ کەسێك حەڵاڵ نیە مارەی بکا: نە بۆ پیاوێموسوڵمانو نە بۆ پیاوێکافر.

(وَلَوْ ارْتَدَّ زَوْجَانِ) ئەگەر ژنو مێردێك وێکڕا کافر بون (أَوْ أَحَدُهُمَا) یان تەنها یەکێکیان کافر بوو (قَبْلَ دُخُولٍ) کافربوونەکەشی پێش جیماعکردن بوو، ئەوە (تَنَجَّزَتِ الْفُرْقَةُ) دەسبەجێ لێك جیا دەبنەوەو مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە.

واتە: ئەگەر ژنێك مارەبڕاوی مێردەکەی بێو هێشتا جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، ئینجا تەنها ژنەکە، یان تەنها میردەکە، یان هەردووکیان وێکڕا، تەنها کوفرێك بکەن، ئەوە مارەبڕینەکەیان هەڵدەوەشێتەوەو لە یەکتری حەڕام دەبن، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام،

أَوْ بَعْدَهُ وُقِفَتْ: فَإِنْ جَمَعَهُمَا الإِسْ
وَإِلاَّ فَالْفُرْقَةُ مِنَ الرِّدَةِ، وَيَحْرُمُ الْ

منهاج– بەرگیچوارەم–14

(بَابُ نِكَاحِ الْمُشْرِكِ)

أَسْلَمَ كِتَابِيٌّ أَوْ غَيْرُهُ وَتَحْتَهُ كِتَابِيَّةٌ

جا ئەگەر کافربووەکە بۆوە موسوڵمان، ئەو کاتە پێویستە سەرلەنوێ ژنەکە لە مێردەکە مارە بکرێتەوە، هەروەك لە (فَصْل)یداماتووشدا ڕوونی دەکەینەوە.

﴿ ئاگاداری ﴾: لە ماوەیدەستگیرانیدا ئەم حاڵەتەیکوفرکردن زۆر ڕوو دەدا، بۆیێ پێویستە مامۆستایانیئاییئی خەڵکی لەم مەسەلەیە ئاگادار بکەنەوە، نەوەك لە دوای کوفرکردنەکە–بێمارەکردنەوە–ژنەکە بگوازێتەوەو بە حەڕامی جیماعی لەگەڵ بکا.

جا بزانە: هەر کاتێك ژنەکە، یان مێردەکە بە بیرو باوەڕەوە ببێتە ئەندامێکی ئەو گرۆهە (علمانی)یانەی باوەڕیان بە شەریعەتیئیسلام نیە، ئەوەش بە کافربوونەوە دادەنرێو مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە، هەروەها ئەو مەزهەبانەی لە ئیسلام لایانداوە: وەکو (ئێزیدی)و (کاکەیی)و (سارەلی)و...هتد، ئەوانەش گشتی بە موسوڵمانیکافربوو دادەندرێنو ئافرەتەکانیانو ئاژەڵە سەربڕاوەکانیان حەڵاڵ نین.

(أَوْ بَعْدَهُ) یان ئەگەر لە دوای جیماعکردن ژنەکە، یان مێردەکە، یان هەردووکیان بونە کافر، ئەو کاتە (وُقِفَتْ) جیابوونەوەکە ڕادەگیرێو چاوەڕوان دەکرێ: (فَإِنْ جَمَعَهُمَا الإِسْلاَمُ

فِیالْعِدَّة) ئەگەر لە ماوەی(عِدَّة)دا ئیسلامەتی هەردووکیانی کۆ کردەوە، واتە: کافربووەکە بـۆوە موسـوڵمان، ئـەوە (دَامَ النِّکَـاحُ) مارەبڕینەکـە هـەر بـەردەوام دەبـێو پێویسـت بە مارەکردنەوەیەکی نوێ ناکا.

(وَإلاَّ) بـەڵام ئەگـەر (عِـدَّة)ی‌ژنەکـە تـەواو بـوو و کافربووەکـەش نـەبۆوە موسـوڵمان، یـان لە ماوەی(عِدَّة)دا کافربووەکە بە کافری مرد، ئەو کاتە (فَالْفُرْقَةُ مِنَ الرِّدَةِ) لێکجیابوونەوەکەیان لـە کافربوونـەوە حیسـاب دەکـرێ، واتـە: وا دادەنـدرێ لـە کاتی‌کافربوونـەوە مارەبڕینەکـە هەڵوەشاوەتەوەو ژنو مێردایەتییان لە نێواندا نەماوەو میرات لە یەکتری ناگرن.

(وَیَحْرُمُ الْوَطْءُ فِیالتَّوَقُّفِ) لە ماوەی‌ڕاگرتنی لێکجیابوونەوەدا حەڕامە: جیمـاع لەگـەڵ ژنەکە بکا، بەڵام (وَلاَ حَدَّ) ئەگەر جیماعی کرد سزای زینای لە سەر نیە، جا ئەگـەر لـە دوای تەواوبوونی(عِدَّة) کافربووەکە بۆوە موسوڵمان، ئەو کاتـە بـە مـارەبڕینێکی نـوێ ژنەکەی لێ حەڵاڵ دەبێتـەوە.

﴿ بَابُ نِکَاحِ الْمُشْرِكِ: **باسی مارەبڕینی کافر کە موسوڵمان دەبێ** ﴾

(أَسْلَمَ کِتَابِيٌّ) ئەگەر کافرێکی(أهل الْکتاب) موسـوڵمان بـو (أَوْ غَیْـرُهُ) یـان کـافرێکی‌تری بتپەرست، یان ئاگرپەرست...هتد، موسوڵمان بو (وَتَحْتَهُ کِتَابِیَّةٌ) لە کاتی موسوڵمانبوونی‌دا دَامَ نِکَاحُـهُ، أَوْ وَثَنِیَّـةٌ أَوْ مَجُوسِـیَّةٌ فَتَخَلَّفَـتْ قَبْـلَ دُخُـولٍ تَنَجَّـزَتِ الْفُرْقَـةُ، أَوْ بَعْـدَهُ وَأَسْـلَمَتْ فِـالْعِـدَّةِ دَامَ نِکَاحُـهُ، وَإِلاَّ فَالْفُرْقَـةُ مِـنْ إِسْـلاَمِهِ، وَلَوْ أَسْلَمَتْ وَأَصَرَّ فَکَعَکْسِهِ، وَلَوْ أَسْلَمَا مَعًا دَامَ النِّکَاحُ، وَالْمَعِیَّةُ بِآخِرِ اللَّفْظِ،

ژنێکی‌مارەبڕاوی (أهل الکتاب)ی لە ژێردا بوو، ئەوە (دَامَ نِکَاحُهُ) لـە دوای موسـوڵمانبوونیش مارەبڕینەکەی هەر بەردەوام دەبێو پێویست بە نوێکردنەوەی مارەبڕینەکە ناکا.

بەڵام (أَوْ وَثَنِیَّةٌ أَوْ مَجُوسِیَّةٌ) ئەگەر ژنێکی‌مارەبڕوای بتپەرست، یان ئاگرپەرستی لە ژێردا بـوو (فَتَخَلَّفَـتْ) ژنەکـەش دواکـەوتو لەگـەڵ مێردەکـەی موسـوڵمان نـەبو (قَبْـلَ دُخُـولٍ) دواکەوتنەکەشی پـێش جیمـاعکردن بـو، ئـەوە (تَنَجَّـزَتِ الْفُرْقَـةُ) دەسـتبەجێ لێـك جیـا دەبنەوەو مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە.

(أَوْ بَعْدَهُ) یان لە دوای جیماعکردن ژنەکە دواکەوت، بەڵام (وَأَسْلَمَتْ فِیالْعِدَّة) ژنەکـە لـە (عِدَّة)دا موسوڵمان بوو، ئەو کاتـە (دَامَ نِکَاحُـهُ) مارەبڕینەکـە هـەر بـەردەوام دەبـێ، بـە (إجمـاع)ی زانایانی‌ئیسـلام (وَإلاَّ) بـەڵام ئەگـەر (عِـدَّة)ی تـەواو بـوو و ژنەکـەش نـەبۆوە موسوڵمان، ئەوە (فَالْفُرْقَةُ مِنْ إِسْلاَمِهِ) لێکجیابوونەوەکەیان لە موسوڵمانبوونی مێردەکەوە حیساب دەکرێ، بە(إجماع)ی زانایانی‌ئیسلام، واتە: لە کاتی موسوڵمانبوونی مێردەکەوە مارەبڕینەکە هەڵوەشاوەتەوەو ئیستا دەتوانێ مێردێکی‌تر بکا.

(وَلَـوْ أَسْـلَمَتْ) ئەگـەر ژنەکـە موسـوڵمان بوو، بەڵام (وَأَصَرَّ) مێردەکە سووڕ بوو

لە سەر کافرایەتی (فَکَعَکْسِهِ) ئەوەش وەک پێچەوانەکەیەتی، واتە: ئەگەر موسوڵمانبوونی ژنەکە پێش جیماعکردن بێ، ئەوە دەسبەجێ مارەبڕینەکەی هەڵدەوەشێتەوەو ژنەکە دەتوانێ مێردێکیتر بکا، بەڵام ئەگەر لە دوای جیماعکردن ژنەکە بووە موسوڵمان، ئەوە چاوەڕوان دەکرێ: ئەگەر لە ماوەی(عِدَّة)دا مێردەکەش موسوڵمان بوو، ئەوە مارەبڕینەکە بەردەوام دەبێ، وە ئەگەر (عِدَّة)ی تەواو بوو و مێردەکەش نەبۆوە موسوڵمان، ئەوە لە موسوڵمانبوونی ژنەکەوە لێکجیابوونەوەیان حیساب دەکرێو ئێستا دەتوانێ مێردێکیتر بکا (وَلَوْ أَسْلَمَا مَعًا) ئەگەر ژن‌و مێردەکە وێکڕا موسوڵمان بون، ئەو کاتەش (دَامَ النِّکَاحُ) مارەبڕینەکە هەر بەردەوام دەبێ، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام (وَالْمَعِیَّةُ بِآخِرِ اللَّفْظِ) وێکڕایی موسوڵمانبوونەکەش بە وێکڕایی ئاخیر ووشەی ئیسلامبوون پەچاو دەکرێ، واتە: وێکڕا ووشەی شادەوئیمان تەواو بکەن.

﴿ئاگاداری﴾: هەر یەکێک لە ژنەکە، یان لە مێردەکە موسوڵمان ببێ، ئەوە بە پابەندی ئەو موسوڵمانە بڕیاریئیسلامیەتی بۆ منداڵە نەبالغەکانیشیان دەدرێ، هەروەک لە باسی (اللَّقِیط)=منداڵی فڕێدراودا پوونمان کردەوە.

وَحَیْثُ أَدَمْنَا لاَ تَضُرُّ مُقَارَنَةُ الْعَقْدِ لِمُفْسِدٍ هُوَ زَائِلٌ عِنْدَ الإِسْلاَمِ وَکَانَتْ بِحَیْثُ تَحِلُّ لَهُ الآنَ، وَإِنْ بَقِيَ الْمُفْسِدُ فَلاَ نِکَاحَ، فَیُقَرُّ فِی نِکَاحٍ بِلاَ وَلِيٍّ وَشُهُودٍ، وَفِی عِدَّةٍ هِيَ مُنْقَضِیَةٌ عِنْدَالإِسْلاَمِ، وَمُؤَقَّتٍ إِنْ اِعْتَقَدُوهُ مُؤَبَّدًا، وَکَذَا لَوْ قَارَنَ الإِسْلاَمَ عِدَّةُ شُبْهَةٍ عَلَىالْمَذْهَبِ، لاَ نِکَاحُ مَحْرَمٍ، وَلَوْ أَسْلَمَ ثُمَّ أَحْرَمَ ثُمَّ أَسْلَمَتْ وَهُوَ مُحْرِمٌ أُقِرَّ عَلَى الْمَذْهَبِ،

جا بزانە: (فَسْخ)=هەڵوەشانەوەی‌مارەبڕین بە هۆی‌کافربوون، یان بە هۆی‌موسوڵمانبوون وەکو تەڵاق نیە، واتە: هەڵوەشانەوەکە ژمارەی‌تەڵاق کەم ناکاتەوە، هەروەک (الشبراملسی) فەرمووبەتی، کەواتە: ئەگەر لە دوای‌هەڵوەشانەوەکە ئەوەکەی‌تریش موسوڵمان ببێ، ئەوە لە هەموو حاڵەتەکاندا بە مارەبڕینێکی‌نوێ ژنەکە لە مێردەکەی حەڵاڵ دەبێەوە.

ئینجا (وَحَیْثُ أَدَمْنَا النِّکَاحَ) هەر کاتێک مارەبڕینەکە هەڵنەوەشێتەوەو بە بەردەوامی دابنیێن، ئەوە (لاَ تَضُرُّ مُقَارَنَةُ الْعَقْدِ لِمُفْسِدٍ) زیانی نیە ئەگەر مارەبڕینەکەی سەردەمی‌کوفر تێکدەرێکی لەگەڵدا بوبێ: کە (هُوَ زَائِلٌ عِنْدَ الإِسْلاَمِ) تێکدەرەکە لە کاتی موسوڵمانبووندا نەمابێو هەم (وَکَانَتْ بِحَیْثُ تَحِلُّ لَهُ الآنَ) ژنەکەشی ئێستا لێی حەڵاڵ دەبو ئەگەر لێی مارە کرابا، بەڵام (وَإِنْ بَقِيَ الْمُفْسِدُ) ئەگەر تێکدەرەکەی سەردەمی کوفر تا کاتی موسوڵمانبوون مابو، ئەو کاتە (فَلاَ نِکَاحَ) مارەبڕینەکە لە نێوانیاندا بەردەوام نابێ.

جا هەر لەسەر ئەو بڕیارەی‌پرابردوو (فَیُقَرُّ فِی نِکَاحٍ بِلاَ وَلِيٍّ وَشُهُودٍ) بەردەوام دەکرێ لە

سەر مارەبڕینێکی بێ(وَلِي)و بێشاهید، هەم (وَفِيعِدَّة هِيَ مُنْقَضِيَةٌ عِنْدَالإِسْلاَمِ) لە سەر ئەو مارەبڕینەش کە لە (عِدَّة)دا کراوەو (عِدَّة)کەش لە کاتیموسوڵمانبوون تەواو بووبێ، هەم (وَمُؤَقَّتٍ إِنْ اِعْتَقَدُوهُ مُؤَبَّدًا) لە سەر ئەو مارەبڕینەش کە بۆ ماوەیەك کراوە، ئەگەر بە باوەڕی ئەوان بەردەوام دەبو (وَكَذَا لَوْ قَارَنَ الإِسْلاَمَ عِدَّة شُبْهَةٍ) هەروەها بەردەوام دەکرێ ئەگەر (عِدَّة)ی جیماعی بە هەڵە لەگەڵ موسوڵمانبوونی هەردووکیان، یان یەکێکیان بەرامبەر بێ، واتە: لە (عِدَّة)ی جیماعی بە هەڵەدا موسوڵمان بین (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب.

بەڵام (لاَ نِكَاحُ مَحْرَمٍ) بەردەوام ناکرێ لە سەر مارەبڕینی ئافرەتێکیمەحرەم: بە خزمایەتی، یان بە شیر، یان بە زاواو خەزورایەتی: وەك کیژیخۆی، یان ژنی باوکیخۆی لە خۆی مارە کردبێ، چونکە تێکدەرەکە تا کاتی موسوڵمانبوون هەر ماوە.

(وَلَوْ أَسْلَمَ) ئەگەر مێردەکە موسوڵمان بوو (ثُمَّ أَحْرَمَ) ئینجا ئیحرامی بەست: بە حەج، یان بە عومرە (ثُمَّ أَسْلَمَتْ وَهُوَ مُحْرِمٌ) ئینجا ژنەکەش موسوڵمان بوو و مێردەکەش هەر لە ئیحرامدا بوو، ئەوە (أُقِرَّ) لە سەر مارەبڕینەکە بەردەوام دەکرێ (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەراستی مەزهەب.

وَلَوْ نَكَحَ حُرَّةً وَأَمَةً وَأَسْلَمُوا تَعَيَّنَت الْحُرَّةُ وَانْدَفَعَتِ الأَمَةُ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَنِكَاحُ الْكُفَّارِ صَحِيحٌ عَلَىالصَّحِيحِ، وَقِيلَ فَاسِدٌ، وَقِيلَ إِنْ أَسْلَمَ وَقُرِّرَ تَبَيَّنَّا صِحَّتَهُ وَإِلاَّ فَلاَ، فَعَلَىالصَّحِيحِ لَوْ طَلَّقَ ثَلاَثًا ثُمَّ أَسْلَمَا لَمْ تَحِلَّ إِلاَّ بِمُحَلِّلٍ، وَمَنْ قُرِّرَتْ فَلَهَا الْمُسَمَّىالصَّحِيحُ، وَأَمَّا الْفَاسِدُ كَخَمْرٍ: فَإِنْ قَبَضَتْهُ قَبْلَ الإِسْلاَمِ فَلاَ شَيْءَ لَهَا، وَإِلاَّ

(وَلَوْ نَكَحَ حُرَّةً وَأَمَةً) ئەگەر ئافرەتێکی ئازادو ئافرەتێکی کۆیلەی لە خۆی مارە کردبون، ئینجا (وَأَسْلَمُوا) هەرسێکیان موسوڵمان بون، ئەوە (تَعَيَّنَتْ الْحُرَّةُ) تەنها ئازادەکە بە ژنی بەردەوام دیاری دەکرێو (وَانْدَفَعَتْ الأَمَةُ) جاریەکەشی لە ژنایەتی لادەچێ (عَلَىالْمَذْهَبِ) لەسەر فەرموودەی ناسراوی مەزهەب.

(وَنِكَاحُ الْكُفَّارِ صَحِيحٌ) مارەبڕینی کافرەکان بە دروستبوو دادەندرێ (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست ﴿عن غيلانﷺ: أَنَّهُ أَسْلَمَ وَلَهُ عَشْرُ نِسْوَةٍ فَأَمَرَهُ النَّبِيُّﷺ أَنْ يَتَخَيَّرَ مِنْهُنَّ أَرْبَعاً﴾ صححه الحاكم وابن حبان، کە (غیلان) موسوڵمان بوو، دە ژنی هەبون، پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکرد: لەو دە ژنانە چواریان هەڵبژێرێ. واتە: فەرمانی پێنەکرد سەرلەنوێ مارەیان بکاتەوە؟ چونکە مارەبڕینەکەی سەردەمیکوفری دروستبووە.

(وَقِيلَ فَاسِدٌ) لەفەرموودەیەکیبێهێزدا: بەتاڵە (وَقِيلَ) لەفەرموودەیەکیتری بێهێزدا: (إِنْ أَسْلَمَ وَقُرِّرَ تَبَيَّنَّا صِحَّتَهُ) ئەگەر مێردەکە موسوڵمان بوو و لە سەر مارەبڕینەکەش بەردەوام کرا، ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە مارەبڕینەکە دورستبووە (وَإِلاَّ) بەڵام

ئەگەر موسوڵمان نەبێ (فَلاَ) ئەوە دروست نەبووە.
(فَعَلَىالصَّحِيحِ) جا لە سەر فەرمودەی ڕاست: کە مارەبرینەکەیان دروستبووە (لَوْ طَلَّقَ ثَلاَثًا) ئەگەر کافرەکە لە حاڵەتی‌کافری‌دا ژنەکەی سێبەسێ تەڵاق دا (ثُمَّ أَسْلَمَا) ئینجا لە دوای‌تەڵاقدانەکە هەردووکیان موسوڵمان بون، ئەوە (لَمْ تَحِلَّ إِلاَّ بِمُحَلِّلٍ) لێی حەڵاڵ نابێتەوە تەنها بە مارەبەجاش نەبێ، بەو شێوەی ڕابرا، چونکە مارەبڕینەکەی دروست بووە، کەوابو: تەڵاقدانەکەشی دروست دەبێ.
(وَمَنْ قُرِّرَتْ) هەر ژنێك لە سەر مارەبڕینەکەی‌کوفر بەردەوام بکرێ، ئەوە (فَلَهَا الْمُسَمَّى الصَّحِيحُ) مافی ئەو مارەییە ناوبراوەشی هەیە: کە دروستە بکرێتە مارەیی، واتە: چەندی مارەیی بۆ داندراوە، بۆی حەڵاڵە گشتی لە مێردەکەی وەربگرێ.
بەڵام (وَأَمَّاالْفَاسِدُ) ئەو مارەییەی دروست نیە بکرێتە مارەیی: (كَخَمْرٍ) وەکو شەڕابو سەگو زبل...هتد (فَإِنْ قَبَضَتْهُ قَبْلَ الإِسْلاَمِ) ئەگەر پێش موسوڵمانبوون ئەو ماریيە نادروستەی وەرگرتبێ، ئەوە (فَلاَ شَيْءَ لَهَا) لە دوای موسوڵمانبوون مافی هیچ بەشە مارەییکی‌تری نیە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر مارەییە نادروستەکەی وەرنەگرتبێو موسوڵمان بوبێ، فَمَهْرُمِثْلٍ، وَإِنْ قَبَضَتْ بَعْضَهُ فَلَهَا قِسْطُ مَا بَقِيَ مِنْ مَهْرِمِثْلٍ، وَمَنْ اِنْدَفَعَتْ بِإِسْلاَمٍ بَعْدَ دُخُولٍ فَلَهَا الْمُسَمَّىالصَّحِيحُ إِنْ صُحِّحَ نِكَاحُهُمْ، وَإِلاَّ فَمَهْرُمِثْلٍ، أَوْ قَبْلَهُ وَصُحِّحَ: فَإِنْ كَانَ الإِنْدِفَاعُ بِإِسْلاَمِهَا فَلاَ شَيْءَ لَهَا، أَوْ بِإِسْلاَمِهِ فَنِصْفُ مُسَمًّى إِنْ كَانَ صَحِيحًا، وَإِلاَّ فَنِصْفُ مَهْرِمِثْلٍ. وَلَوْ تَرَافَعَ إِلَيْنَا ذِمِّيٌّ وَمُسْلِمٌ وَجَبَ الْحُكْمُ، أَوْ ذِمِّيَّانِ وَجَبَ فِالأَظْهَرِ،

ئەوە (فَمَهْرُ مِثْلٍ) مافی مارەیی هاوڕێنەی هەیە (وَإِنْ قَبَضَتْ بَعْضَهُ) ئەگەر بەشێکی مارەییە نادروستەکەی وەرگرتبێو بەشێکی مابێ، ئەوە (فَلَهَا قِسْطُ مَا بَقِيَ مِنْ مَهْرِ مِثْلٍ) مافی بەشی پاشماوەکەی لە مارەیی هاوڕێنە هەیە.
(وَمَنْ اِنْدَفَعَتْ بِإِسْلاَمٍ) هەر ژنێك بە هۆی موسوڵمانبوونی خۆی، یان مێردەکەی لە ژنایەتی لابچێ، واتە: مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێتەوە (بَعْدَ دُخُولٍ) موسوڵمانبوونەکەش لە دوای جیماعکردن بوو، ئەوە (فَلَهَا الْمُسَمَّىالصَّحِيحُ) مافی مارەییە ناوبراوە دروستەکەی هەیە لە مێردەکەی وەربگرێ (إِنْ صُحِّحَ نِكَاحُهُمْ) ئەگەر بە فەرمودەی ڕاست: مارەبڕینەکەیان بە دروستبوو دابنێین (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر بە فەرمودەی بێهێز: بە دروستبووی دانەنێین، ئەوە (فَمَهْرُ مِثْلٍ) مافی مارەیی هاوڕێنەی هەیە بە هۆی جیماعەکە.
(أَوْ قَبْلَهُ) بەڵام ئەگەر پێش جیماعکردن موسوڵمانبوونەکە ڕوو بداو (وَصُحِّحَ) بە فەرمودەی ڕاست: مارەبڕینەکەش بە دروستبوو دابنێین، ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ كَانَ الإِنْدِفَاعُ بِإِسْلاَمِهَا) ئەگەر هەڵوەشانەوەی مارەبڕینەکە بە هۆی موسوڵمانبوونی ژنەکەبێ،

ئەوە (فَلاَ شَيْءَ لَهَا) مافی هیچ مارەیی نیە لە مێردەکەی وەربگرێ؟ چونکە هۆی هەڵوەشانەوەکە لە لای خۆیەتی (أَوْ بِإِسْلاَمِهِ) بەڵام ئەگەر هەڵوەشانەوەکە بە هۆی موسوڵمانبوونی مێردەکە بێ، ئەو کاتە (فَنِصْفُ مُسَمًّى إِنْ كَانَ صَحِيحًا) مافی نیوەی مارەییە ناوبراوەکەی هەیە، ئەگەر ناوبراوەکە دروست بێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر ناوبراوەکە دروست نەبێ: وەکو شەراب، ئەوە (فَنِصْفُ مَهْرِ مِثْلٍ) مافی نیوەی مارەیی هاوێنە هەیە؟ چونکە هۆیەکە لە لای مێردەکەوەیە.

﴿ دادکردن لە نێوان کافرەکاندا ﴾

(وَلَوْ تَرَافَعَ إِلَيْنَا ذِمِّيٌّ وَمُسْلِمٌ) ئەگەر موسوڵمانێک و کافرێکی پەیمان لەئەستۆ–وەکو جولەکەو دیان– کێشەیەکیان هەبوو و هاتنە دادگای ئێمە (وَجَبَ الْحُكْمُ) واجبە: بە شەریعەتیئیسلام داد لە نێوانیاندا بکرێ، جیاوازی نیە موسوڵمانەکە: داواکار بێ، یان داوالێکراو بێ (أَوْ ذِمِّيَّانِ) یان دوو کافری پەیمان لەئەستۆ هاتنە دادگای ئێمەو ئایینی هەردووکیشیان یەک ئایین بوو: وەک دوو جولەکە، یان دوو دیان ببێتە کێشەیان، ئەوە (وَجَبَ فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا واجبە: بە شەریعەتی ئیسلام داد لە نێوانیاندا وَنُقِرُّهُمْ عَلَى مَا نُقِرُّ لَوْ أَسْلَمُوا، وَنُبْطِلُ مَا لاَ نُقِرُّ. (فَصْلٌ) أَسْلَمَ وَتَحْتَهُ أَكْثَرُ مِنْ أَرْبَعٍ وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ أَوْ فِي الْعِدَّةِ أَوْ كُنَّ كِتَابِيَّاتٍ لَزِمَهُ اِخْتِيَارُ أَرْبَعٍ وَيَنْدَفِعُ مَنْ زَادَ، وَإِنْ أَسْلَمَ مَعَهُ قَبْلَ دُخُولٍ أَوْ فِي الْعِدَّةِ أَرْبَعٌ فَقَطْ تَعَيَّنَّ،

بکرێ: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾ داد لە نێوانیاندا بکە بەو قورئانەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە. واتە: بەم ئایەتە ئایەتی﴿فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ یان داد لە نێوانیاندا بکە، یان وازیان لێبێنەو مەیکە. (نَسْخ) بۆتەوە.

هەروەها داد لە نێوان جولەکەو دیانەکانیشدا هەر واجبە (وَ) هەرکاتێک بە شەریعەتی ئیسلام دادمان لە نێوانیاندا کرد، ئەوە (نُقِرُّهُمْ عَلَى مَا نُقِرُّ لَوْ أَسْلَمُوا) کافرەکان جێگیر دەکەین لە سەر ئەو بڕیارانەی لە سەرمان جێگیر دەکردن ئەگەر موسوڵمان بوبان، هەرچەند ئێستاش کافرن (وَنُبْطِلُ مَا لاَ نُقِرُّ) ئەو بڕیارەش هەڵدەوەشێنینەوە: کە لە ئیسلامەتیدا لە سەری جێگیر ناکرێن، هەر چەند ئێستاش کافرن.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ژنەکانی پیاوی کافر لە دوای موسوڵمانبوون ﴾

(أَسْلَمَ وَتَحْتَهُ أَكْثَرُ مِنْ أَرْبَعٍ) هەر کاتێک کافرێکیئازاد موسوڵمان بوو و زیاتر لە چوار ژنی لە ژێر مارەبڕیندا بوو (وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ أَوْ فِي الْعِدَّةِ) هەموو ژنەکانیش لەگەڵ مێردەکە، یان لە (عِدَّة)دا موسوڵمان بون (أَوْ كُنَّ كِتَابِيَّاتٍ) یان ژنەکان لەو (أهل الكتاب)ە بون کە بۆ پیاوی موسوڵمان حەڵاڵن، ئەوە (لَزِمَهُ اِخْتِيَارُ أَرْبَعٍ) لە سەری واجبە: لەو ژنانە چواران

هەڵبژێرێ و (وَيَنْدَفِعُ مَنْ زَادَ) ئەوەی لەو چوارانەش زیادن بەو هەڵبژاردنە لە ژنایەتی لادەچن، بە بەڵگەی حەدیسەکەی (غیلان)ڕابردوو، کەواتە: دروست نیە: نە کەمتر لە چوارانو نە زیاتر لە چواران هەڵبژێرێ، چونکە لە کاتی‌کافری‌دا مارەبڕینی چوار ژنانی دروست بووە، بەڵام دیار نیە کامەیانن، هەروەك لە (تحفة)و (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

ئینجا کە چوار ژنی هەڵبژاردن، مەرج نیە بە بەردەوامی بیانهێڵێتەوە، بەڵکو بۆی دروستە: یەکێکیان، یان گشتیان تەڵاق بدا، هەروەك لە (مغنی)دا ڕوون کراوەتەوە.

جا ئەگەر ژنێك موسوڵمان بوو و دوو مێرد، یان زیاتری هەبونو ئەوانیش لە گەڵی موسوڵمان بون، ئەوە دەدرێتەوە مێردەکەی‌یەکەم، ئەگەر مارەبڕینێك پێش ئەوی‌تر کرابێ، چونکە ئەگەر هەردوو مارەبڕینەکان وێکڕا کرابن، ئەوە هەر دووکیان بەتاڵو نادروستن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَإِنْ أَسْلَمَ مَعَهُ قَبْلَ دُخُولٍ أَوْ فِي‌الْعِدَّةِ أَرْبَعٌ فَقَطْ) ئەگەر پێش جیماعکردن، یان لە (عِدَّة)دا تەنها چوار ژنی لەگەڵ موسوڵمان بون، ئەوە (تَعَيَّنَّ) هەر ئەو چوارانەی بۆ ژنایەتی دیاری دەکرێنو ئەو زیادانەی لە ئیسلام دوا کەوتون لە ژنایەتی لادەچن.

وَلَوْ أَسْلَمَ وَتَحْتَهُ أُمٌّ وَبِنْتُهَا كِتَابِيَّتَانِ أَوْ أَسْلَمَتَا فَإِنْ دَخَلَ بِهِمَا حَرُمَتَا أَبَدًا، أَوْ لاَ بِوَاحِدَةٍ تَعَيَّنَتِ الْبِنْتُ وَفِي قَوْلٍ يَتَخَيَّرُ، أَوْ بِالْبِنْتِ تَعَيَّنَتْ، أَوْ بِالأُمِّ حَرُمَتَا أَبَدًا وَفِي قَوْلٍ تَبْقَى الأُمُّ، أَوْ وَتَحْتَهُ أَمَةٌ أَسْلَمَتْ مَعَهُ أَوْ فِي الْعِدَّةِ أُقِرَّ إِنْ حَلَّتْ لَهُ الأَمَةُ، وَإِنْ تَخَلَّفَتْ قَبْلَ دُخُولٍ تَنَجَّزَتِ الْفُرْقَةُ، أَوْ إِمَاءٌ

جا بزانە: ئەگەر یەکێك مسوڵمان بوو و دوو خوشکی لە ژێر مارەبڕیندا بون، ئەوە بۆی دروستە: تەنها یەکێکیان هەڵبژێرێ، هەروەك لە باسی‌ڕابردوودا لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە ﴿عن فيروزالديلمي رضي الله عنه قُلْتُ: يَارَسُولَ اللهِ أَسْلَمْتُ وَتَحْتِي أُخْتَانِ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: إِخْتَرْ أَيَّتَهُمَا شِئْتَ﴾ رواه الترمذي وصححه ابن حبان، ئەی پێغەمبەری خوا من موسوڵمان بومو دوو خوشك لە ژێر مارەبڕینمدانە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کامەیان حەز دەکەی هەڵیبژێرە.

(وَلَوْ أَسْلَمَ وَتَحْتَهُ أُمٌّ وَبِنْتُهَا) ئەگەر کافرێك موسوڵمان بوو و دایکو کیژێکی لە ژێر مارەبڕیندا بون (كِتَابِيَّتَانِ أَوْ أَسْلَمَتَا) دایکو کیژەکەش (أهل الكتاب) بون، یان لەگەڵ مێردەکە موسوڵمان بون، ئەوە چوار حاڵەتی هەنە:

یەکەم: (فَإِنْ دَخَلَ بِهِمَا حَرُمَتَا أَبَدًا) ئەگەر جیماعی لەگەڵ دایکەکەو کیژەکە کردبێ، ئەوە هەردووکی هەتاهەتای لێ حەرام دەبن؟ چونکە دایکەکە بۆتە خەسووی‌و کیژەکەش بۆتە کیژە ژن. دووەم: (أَوْ لاَ بِوَاحِدَةٍ تَعَيَّنَتِ الْبِنْتُ) ئەگەر جیماعی لەگەڵ هیچێکیان نەکردبو،

ئەوە تەنها کیژەکە بۆ ژنایەتی دیاری دەکرێ؟ چونکە بە تەنها مارەبڕین خەسوو حەڕام دەبێ، بەڵام کیژە ژن بە جیماعکردن حەڕام دەبێ، هەروەك ڕابرا (وَفِی قَوْلٍ يَتَخَيَّرُ) لە فەرمودەیەکی بێهێزادا: یەکێکیان هەڵدەبژێرێ. سێیەم: (أَوْ بِالْبِنْتِ تَعَيَّنَتْ) ئەگەر تەنها جیماعی لەگەڵ کیژەکە کردبو، ئەوە تەنها کیژەکە دەبێتە ژنی و دایکەکەی بە یەکجاری بە خەسووایەتی لێی حەڕام دەبێ. چوارەم: (أَوْ بِالأُمِّ حَرُمَتَا أَبَدًا) ئەگەر جیماعی لەگەڵ دایکەکە کردبو، ئەوە هەردووکیان هەتا هەتای لێ حەڕام دەبن؟ چونکە خەسوو بە تەنها مارەبڕین حەڕام دەبێ و کیژە ژنیش بە جیماعی دایکەکەی حەڕام دەبێ (وَفِی قَوْلٍ تَبْقَى الأُمُّ) لە فەرمودەیەکی بێهێزدا دایکەکە بە ژنایەتی دەمێنێتەوە.

(أَوْ) یان پیاوێك موسوڵمان بو (وَتَحْتَهُ أَمَةٌ) جاریەکی لە ژێر مارەبڕیندا بوو (أَسْلَمَتْ مَعَهُ أَوْ فِیالْعِدَّةِ) جاریەکەش لەگەڵ میردەکە، یان لە (عِدَّة)دا موسوڵمان بوو، ئەوە (أُقِرَّ إِنْ حَلَّتْ لَهُ الأَمَةُ) مارەبڕینەکە بەردەوام دەبێ، ئەگەر لە کاتی موسوڵمانبووندا جاریەی لێ حەڵاڵ بێ، بەڵام (وَإِنْ تَخَلَّفَتْ قَبْلَ دُخُولٍ) ئەگەر پێش جیماعکردن جاریەکە لە ئیسلامەتی دوا بکەوێ، ئەوە (تَنَجَّزَتِ الْفُرْقَةُ) دەسبەجێ مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە (أَوْ إِمَاءٌ) یان کە وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ أَوْ فِالْعِدَّةِ اِخْتَارَ أَمَةً إِنْ حَلَّتْ لَهُ عِنْدَ اجْتِمَاعِ إِسْلاَمِهِ وَإِسْلاَمِهِنَّ، وَإِلاَّ اِنْدَفَعْنَ، أَوْ حُرَّةٌ وَإِمَاءٌ وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ أَوْ فِالْعِدَّةِ تَعَيَّنَتْ وَانْدَفَعْنَ، وَإِنْ أَصَرَّتْ فَانْقَضَتْ عِدَّتُهَا اِخْتَارَ أَمَةً، وَلَوْ أَسْلَمَتْ وَعَتَقْنَ ثُمَّ أَسْلَمْنَ فِالْعِدَّةِ فَكَحَرَائِرَ فَيَخْتَارُ أَرْبَعًا، وَالإِخْتِيَارُ: اِخْتَرْتُكِ أَوْ قَرَّرْتُ نِكَاحَكِ أَوْ أَمْسَكْتُكِ أَوْ ثَبَّتُّكِ. وَالطَّلاَقُ اِخْتِيَارٌ، لاَ الظِّهَارُ وَالإِيلاَءُ فِالأَصَحِّ، وَلاَ يَصِحُّ تَعْلِيقُ اِخْتِيَارٍ وَلاَ فَسْخٍ، وَلَوْ حَصَرَ الإِخْتِيَارَ فِی خَمْسٍ اِنْدَفَعَ مَنْ زَادَ

موسوڵمان بوو چەند جاریەکی لە ژێر مارەبڕیندا بون و (وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ أَوْ فِی الْعِدَّة) گشتیان لەگەڵ میردەکە، یان لە (عِدَّة)دا موسڵمان بون، ئەوەش (اِخْتَارَ أَمَةً) تەنها جاریەیەکیان هەڵدەبژێرێ (إِنْ حَلَّتْ لَهُ عِنْدَاجْتِمَاعِ إِسْلاَمِهِ وَإِسْلاَمِهِنَّ) بەو مەرجەی لە کاتێکدا بوونەوەی ئیسلامیەتی خۆی و جاریەکان جاریەی لێ حەڵاڵ بێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر لەو کاتدا جاریەی لێ حەڵاڵ نەبێ: وەك ژنێکی ئازادی هەبێ، یان توانای هێنانی هەبێ...هتد، ئەوە (اِنْدَفَعْنَ) هەموو جاریەکان لە ژنایەتی لادەچن و مارەبڕینەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

(أَوْ حُرَّةٌ وَإِمَاءٌ) یان ژنێکی ئازادو چەند ژنێکی کۆیلەی لە ژێردا بون (وَأَسْلَمْنَ مَعَهُ أَوْ فِی الْعِدَّة) هەموویان لەگەڵ میردەکە، یان لە (عِدَّة)دا موسوڵمان بون، ئەوە (تَعَيَّنَتْ وَانْدَفَعْنَ) تەنها ئازادەکە دیاری دەکرێ بۆ ژنایەتی، هەموو جاریەکانیش لە ژنایەتی لادەچن (وَإِنْ أَصَرَّتْ فَانْقَضَتْ عِدَّتُهَا) ئەگەر ژنە ئازادەکە سوور بوو لە سەر کافرایەتیو (عِدَّة)کەشی

تەواو بون، ئەو كاتە (اِخْتَارَ أَمَةً) تەنها جاريەيەكيان بۆ ژنايەتى هەڵدەبژێرێ (وَلَوْ أَسْلَمَتْ) ئەگەر ژنە ئازادەكە موسوڵمان بو (وَعَتَقْنَ ثُمَّ أَسْلَمْنَ فِيالْعِدَّة) ژنە كۆيلەكانيش ئازاد كران، ئينجا لە (عِدَّة)دا موسوڵمان بون، ئەوە (فَكَحَرَائِرَ) گشتيان وەك ژنەكانى ئازادن، كەواتە: (فَيَخْتَارُ أَرْبَعًا) واجبە: چوارانيان هەڵبژێرێ، هەروەك پابرا.

(وَالإِخْتِيَارُ) ووشەكانى هەڵبژاردنى ژن: (اِخْتَرْتُكِ) تۆم هەڵبژارد بە ژنىخۆم (أَوْ قَرَّرْتُ نِكَاحَكِ) يان بڕيارم دا تۆ ژنى من بى (أَوْ أَمْسَكْتُكِ) يان تۆم ڕاگرت بە ژنايەتى (أَوْ ثَبَّتُّكِ) يان تۆم هێشتەوە بە ژنايەتى. (وَالطَّلاَقُ اِخْتِيَارٌ) تەڵاقدانى ژنێك بە هەڵبژاردنى ژنە تەڵاقدراوەكە دادەندرێ، چونكە تەڵاقدان بۆ ژنىمارەبڕاو بەكار دێ (لاَ الظِّهَارُ وَالإِيلاَءُ فِيالأَصَحِّ) بەڵام (ظهار)و سوێندخواردنى جيماع نەكردن بە هەڵبژاردن دانانددرێن، لە فەردووەدەى راستتردا (وَلاَ يَصِحُّ تَعْلِيقُ اِخْتِيَارٍ وَلاَ فَسْخٍ) دروست نيە: نە هەڵبژاردنەكەو نە هەڵەوەشاندنەوەكە هەڵبواسێ، وەك بڵێ: ئەگەر بچيە ژوورەوە تۆم هەڵبژارد.

(وَلَوْ حَصَرَ الإِخْتِيَارَ فِي خَمْسٍ) ئەگەر هەڵبژاردنەكەى لە پێنجاندا كورت كردەوە، واتە: پێنج ژنى هەڵبژاردن (اِنْدَفَعَ مَنْ زَادَ) ئەوانى لە پێنجان زيادن لە ژنايەتى لادەچن، بەڵام وَعَلَيْهِ التَّعْيِينُ وَنَفَقَتُهُنَّ حَتَّى يَخْتَارَ، فَإِنْ تَرَكَ الإِخْتِيَارَ حُبِسَ، فَإِنْ مَاتَ قَبْلَهُاِعْتَدَّتْ حَامِلٌ بِهِ، وَذَاتُ أَشْهُرٍ وَغَيْرُ مَدْخُولٍ بِهَا بِأَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ وَعَشْرٍ، وَذَاتُ أَقْرَاءٍ بِالأَكْثَرِ مِنَ الأَقْرَاءِ وَأَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ وَعَشْرٍ، وَيُوقَفُ نَصِيبُ زَوْجَاتٍ حَتَّى يَصْطَلِحْنَ. (فَصْلٌ) أَسْلَمَا مَعًا اِسْتَمَرَّتِ النَّفَقَةُ، وَلَوْ أَسْلَمَ وَأَصَرَّتْ حَتَّى اِنْقَضَتِ الْعِدَّةُ فَلاَ، وَإِنْ أَسْلَمَتْ فِيهَا لَمْ تَسْتَحِقَّ لِمُدَّةِ التَّخَلُّفِ فِي الْجَدِيدِ،

(وَعَلَيْهِ التَّعْيِينُ) لە سەرى واجبە: لەو پێنجانەش چواران دياری بكا، هەم (وَنَفَقَتُهُنَّ حَتَّى يَخْتَارَ) واجبە هەمووانيان بەخێو بكا، تا چوارەكان هەڵدەبژێرێ.

(فَإِنْ تَرَكَ الإِخْتِيَارَ) جا ئەگەر مێردەكە هەڵبژاردنەكە، يان دياریكردنەكەى نەكرد، ئەو كاتە (حُبِسَ) بەند دەكرێ تا دەيكا (فَإِنْ مَاتَ قَبْلَهُ) جا ئەگەر پێش هەڵبژاردنەكە مێردەكە مرد، ئەو كاتە (اِعْتَدَّتْ حَامِلٌ) ئەو ژنەى ئاوسە (عِدَّة)ى مردن تەاو دەكا (بِهِ) بە دانانى كۆرپەى ناو زگى (وَذَاتُ أَشْهُرٍ) ئەو ژنەيشى كە ئاوس نيەو (عِدَّة)ى بە مانگە، هەم (وَغَيْرُ مَدْخُولٍ بِهَا) ئەو ژنەيشى كە جيماعى لەگەڵ نەكردوە، هەردووكيان (عِدَّة)كەيان تەواو دەكەن (بِأَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ وَعَشْرٍ) بە چوار مانگو دە شەو و ڕۆژ لە مردنى مێردەكەوە (وَذَاتُ أَقْرَاءٍ) ئەو ژنەيى كە خاوەن حەيزە ئەويش (عِدَّة)كەى تەواو دەكا (بِالأَكْثَرِ) بە زۆرترەكە: (مِنَ الأَقْرَاءِ) لە سێ پاكبوونەوەى حەيز: كە لە موسوڵمانبوونەوە دەست پێ دەكاو (وَأَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ وَعَشْرٍ) لە چوار مانگو دە شەو و ڕۆژ: لە مردنى مێردەكەوە.

(وَيُوقَفُ نَصِيبُ زَوْجَاتٍ) بەشە میراتی هەموو ژنەکانیش–کە چوارێکە، یان هەشتێکە– ڕادەگیرێ (حَتَّى يَصْطَلِحْنَ) تا سولح دەکەنو لە نێوان خۆیاندا پێك دێن، چونکە ئێمە نازانین کامەیان چوار ژنی ڕاستەقینەن.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی بەخێوکردنی ژنی موسوڵمانبوو، یان کافربوو** ﴾

(أَسْلَمَا مَعًا) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە وێکڕا موسوڵمان بون، ئەوە (اِسْتَمَرَّتِ النَّفَقَةُ) بەخێوکردنی ژنەکە لە سەر مێردەکە هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام (وَلَوْ أَسْلَمَ) ئەگەر مێردەکە موسوڵمان بوو (وَأَصَرَّتْ حَتَّى انْقَضَتِ الْعِدَّةُ) ژنەکەش سووڕ بوو لە سەر کافرایەتیی تا (عِدَّة)ی تەواو بوو، ئەو کاتە (فَلاَ) هیچ مافی بەخێوکردنی لە سەر مێردەکەی نیە، چونکە بە دواکەوتنی لە ئیسلامەتی خراپەی کردوە.

(وَ) هەروەها (إِنْ أَسْلَمَتْ فِيهَا) ئەگەر ژنەکە لە (عِدَّة)دا موسوڵمان بوو، ئەو کاتەش (لَمْ تَسْتَحِقَّ لِمُدَّةِ التَّخَلُّفِ) مافی بژێوی ماوەی دواکەوتنی نیە (فِي الْجَدِيدِ) لە فەرمودەی نوێدا، بەڵام لە فەرمودەی کۆندا: مافی بژێوی ماوەی دواکەوتنیشی هەیە، چونکە بە موسوڵمانبوونەکەی ئاشکرا بوو: هەر ژنی مێردەکەیەتی.

وَلَوْ أَسْلَمَتْ أَوَّلاً فَأَسْلَمَ فِي الْعِدَّةِ أَوْ أَصَرَّ فَلَهَا نَفَقَةُ الْعِدَّةِ عَلَى الصَّحِيحِ، وَإِنْ ارْتَدَّتْ فَلاَ نَفَقَةَ وَإِنْ أَسْلَمَتْ فِي الْعِدَّةِ، وَإِنْ ارْتَدَّ فَلَهَا نَفَقَةُ الْعِدَّةِ.

(بَابُ الْخِيَارِ وَالإِعْفَافِ وَنِكَاحِ الْعَبْدِ)

وَجَدَ أَحَدُالزَّوْجَيْنِ بِالآخَرِ جُنُونًا أَوْ جُذَامًا أَوْ بَرَصًا، أَوْ وَجَدَهَا رَتْقَاءَ أَوْ قَرْنَاءَ، أَوْ وَجَدَتْهُ عِنِّينًا أَوْ مَجْبُوباً ثَبَتَ الْخِيَارُ فِي فَسْخِ النِّكَاحِ،

بەڵام (وَلَوْ أَسْلَمَتْ أَوَّلاً)ئەگەر ژنەکە پێشدا موسوڵمان بوو (فَأَسْلَمَ فِي الْعِدَّةِ أَوْ أَصَرَّ) ئینجا مێردەکەش لە (عِدَّة)دا موسوڵمان بوو، یان هەر سووڕ بوو لە سەر کافرایەتیی، ئەو کاتە لە هەردوومەسەلەکەدا (فَلَهَا نَفَقَةُ الْعِدَّةِ) ژنەکە مافی بەخێوکردنی ماوەی (عِدَّة)ی لە سەر مێردەکەیەتی (عَلَى الصَّحِيحِ) لە سەر فەرمودەی ڕاست، چونکە مێردەکە بە دواکەوتنی لە ئیسلامەتی خراپەی کردوە.

ئەم جارە: (وَإِنْ ارْتَدَّتْ) ئەگەر ژنەکە لە دین وەرگەڕاو بوە کافر، ئەوە (فَلاَ نَفَقَةَ وَإِنْ أَسْلَمَتْ فِي الْعِدَّةِ) مافی بەخێوکردنی ماوەی کافربوونەکەی لە سەر مێردەکەی نیە، هەرچەند لە (عِدَّة)شدا موسوڵمان ببێتەوە، چونکە وەك ژنی (ناشزة)یە، بەڵام (وَإِنْ ارْتَدَّ) ئەگەر تەنها مێردەکە کافر بوو، ئەو کاتە (فَلَهَا نَفَقَةُ الْعِدَّةِ) ژنەکە مافی بەخێوکردنی ماوەی (عِدَّة)ی لە سەر مێردە کافربووەکەیە، چونکە هۆیەکەی لە مێردەکەوەیە.

﴿(بَابُ الْخِيَارِ) **باسی پەشیمانبوونەوە لە ماڕەبڕینو**

(وَالإِعْفَافِ) **داوێن پاککردنی‌باوك‌و با پیرەو** (وَنِكَاحِ الْعَبْدِ) **ژن هێنانی کۆیلە** ﴾

1- پەشیمانبوونەوە لە مارەبڕین: (وَجَدَ أَحَدُ الزَّوْجَيْنِ بِالآخَرِ جُنُونًا) هەر کاتێك یەکێك لە ژن‌و مێردەکە زانی هاوسەرەکەی شێتی هەیە (أَوْ جُذَامًا) یان گرووپی هەیە (أَوْ بَرَصًا) یان بەڵەکی هەیە (أَوْ وَجَدَهَا رَتْقَاءَ) یان مێردەکە زانی ژنەکە شوێنی‌جیماعکردنی بە زێدە گۆشت گیراوە (أَوْ قَرْنَاءَ) یان بە ئێسقانێك گیراوە (أَوْ وَجَدَتْهُ عِنِّينًا) یان ژنەکە زانی مێردەکەی نەمێردەو توانای جیماعکردنی نیە، هەرچەند لە ژنێکی‌تریش نەمێرد نەبێ (أَوْ مَجْبُوباً) یان هەموو ئەندامەکەی جیماعکردنی لێکراوەتەوە، ئەوە بە تەنها یەکێك لەو پێنج عەیبانە (ثَبَتَ الْخِيَارُ فِي فَسْخِ النِّكَاحِ) مافی‌پەشیمانی بۆ ژنەکەو بۆ مێردەکە جێگیر دەبێ: کە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە بەو مەرجەی پێش مارەبڕینەکە نەیزانیبێ ئەو عەیبەی هەیە، ئەگینا: مافی هەڵوەشاندنەوەی نیە، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

﴿عن عُمَرَﷺ: أَيُّمَا رَجُلٍ تَزَوَّجَ اِمْرَأَةً فَدَخَلَ بِهَا فَوَجَدَهَا بَرْصَاءَ أَوْ مَجْنُونَةً أَوْ مَجْذُومَةً فَلَهَا الصَّدَاق بِمَسِيسِهِ إِيَّاهَا وَهُوَ لَهُ عَلَى مَنْ غَرَّهُ﴾ رواه مالك وابن أبي‌شيبه ورجاله ثقات، هەر پیاوێك ژنێکی مارە کردو جیماعی لەگەڵ کردو زانی ژنەکە بەڵەکە، یان شێتە، یان کڕووە، وَقِيلَ إِنْ وَجَدَ بِهِ مِثْلَ عَيْبِهِ فَلاَ، وَلَوْ وَجَدَهُ خُنْثَى وَاضِحًا فَلاَ فِي الأَظْهَرِ، وَلَوْ حَدَثَ بِهِ عَيْبٌ تَخَيَّرَتْ إِلاَّ عُنَّةً بَعْدَ دُخُولٍ، أَوْ بِهَا تَخَيَّرَ فِي الْجَدِيدِ، وَلاَ خِيَارَ لِوَلِيٍّ بِحَادِثٍ

ئەوە بە هۆی جیماعەکە مارەیی تەواو دەداتە ژنەکەو ئەویش تۆڵەی مارەییەکە لەو کەسە وەردەگرێتەوە: کە فریوی داوە. واتە: ئەگەر مارەبڕینەکەی هەڵوەشاندەوە (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (إِنْ وَجَدَ بِهِ مِثْلَ عَيْبِهِ) ئەگەر هاوسەرەکەش هەمان عەیبی هاوسەرەکەی هەبو (فَلاَ) مافی پەشمانیی نیە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: جگە لەو عەیبانە بە هیچ عەیبێکی‌تر-نە ژنەکەو نە مێردەکە- مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینی نیە: وەك کەچەڵی‌و کوێری‌و خوێنچڕکەو چۆڕمیزکەو بۆگەنیی دەمو بن هەنگڵو گێلەکەیی...هتد، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

هەروەها ئەگەر مێردەکە توانای بەخێوکردنی ژنەکەی نەبێ، ئەو کاتەش ژنەکەی دەتوانێ مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەر وەك لە (پەرتوکی‌بژیوەکان)دا پوونی دەکەینەوە، إن شاءالله تعالى.

کەوابو: ئەو ژنانەی لە دادگا ستەمکارەکانی ئەم سەردەمەدا -بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام- بە یاسای‌دەستکرد خۆیان لە مێردەکەیان جیا دەکەنەوە، ئەوانە مارەبڕینەکەیان هەڵناوەشێتەوەو تەڵاقیشیان ناکەوێ‌و هەر ژنی مێردی‌خۆیانن، کەوابو: ئەگەر بە بڕیاری ئەو یاسا دەستکردە مێردێکی‌تر بکەن، لەو مێردە حەڵاڵ نابن‌و زینایە، والله أعلم.

(وَلَوْ وَجَدَهُ خُنْثَى وَاضِحًا) ئەگەر ژنەکە، یان مێردەکە زانی هاوسەرەکەی نێرامۆکێکی

ئاشکرایە (فَلاَ فِیالأَظْهَر) لە فەرموودەی بەهێزتردا: مافی پەشیمانیی نیە، بەڵام ئەگەر نێراموکێکینائاشکرا بێ، ئەو کاتە مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نەبووە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ حَدَثَ بِهِ عَيْبٌ) ئەگەر لە دوای مارەبڕین مێردەکە عەیبێکی—لەو عەیبانەیپابردوو— لێپەیدا بوو، ئەو کاتەش (تَخَيَّرَتْ) ژنەکە سەرپشکە، واتە: مافی هەڵەوشاندنەوەی مارەبڕینەکەی هەیە، جیاوازی نیە: جیماعی لەگەڵ کردبێ، یان نا (إِلاَّ عُنَّةً بَعْدَ دُخُولٍ) تەنها ئەو نەمێردیە نەبێ: کە لە دوایجیماعکردن هیچیتر توانای جیماعکردنی نەمێنێ، واتە: بەم نەمێردیە مافی پەشیمانیی نیە.

(أَوْ بِهَا) یان ژنەکە عەیبێکی—لەو عەیبانەیپابردوو— لێپەیدا بوو، ئەو کاتەش (تَخَيَّرَ) مێردەکە سەرپشکەو مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەی هەیە، جیاوازی نیە: جیماعی کردبێ، یان نا (فِیالْجَدِیدِ) لە فەرموودەی نوێدا.

(وَلاَ خِيَارَ لِوَلِيٍّ) هیچ سەرپەشکارێکی ژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەی نیە (بِحَادِثٍ) بە هۆی پەیدابوونی یەکێك لەو عەیبانەیپابردوو: کە لە دوایمارەبڕینەکە تووشی وَكَذَا بِمُقَارِنِ جَبٍّ وَعُنَّةٍ، وَيَتَخَيَّرُ بِمُقَارِنِ جُنُونٍ، وَكَذَا جُذَامٌ وَبَرَصٌ فِالأَصَحِّ، وَالْخِيَارُ عَلَى الْفَوْرِ، وَالْفَسْخُ قَبْلَ دُخُولٍ يُسْقِطُ الْمَهْرَ، وَبَعْدَهُ اَلأَصَحُّ: أَنَّهُ يَجِبُ مَهْرُمِثْلٍ إِنْ فُسِخَ بِمُقَارِنٍ أَوْ بِحَادِثٍ بَيْنَ الْعَقْدِ وَالْوَطْءِ جَهِلَهُ الْوَاطِئُ،

مێردەکە ببێ (وَكَذَا بِمُقَارِنِ جَبٍّ وَعُنَّةٍ) هەروەها ئەگەر لە کاتیمارەبڕینیشدا مێردەکە ئەندامیجیماعکردنی لێکرابێتەوە، یان نەمێرد بێ، سەرپەرشتکاریژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەی نیە، چونکە زیانەکە تایبەتە بە ژنەکە.

بەڵام (وَيَتَخَيَّرُ بِمُقَارِنِ جُنُونٍ) سەرپەشتکارەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەی هەیە بە هۆی ئەو شێتیەیەی لە کاتی مارەبڕینەکەدا مێردەکە هەیبووە، هەرچەند ژنەکەش پازی بێ (وَكَذَا جُذَامٌ وَبَرَصٌ) هەروەها ئەگەر گرووپی، یان بەڵەکیشی لە کاتیمارەبڕیندا هەبوبێ، سەرپەرشکارەکە مافی هەڵوەشاندنەوەیمارەبڕینەکەی هەیە (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا، چونکە سەرپەرشتکارەکەش بەو سێ عەیبانە شەرمەزار دەبێ.

(وَالْخِيَارُ عَلَى الْفَوْرِ) پەشیمانبوونەوەی مارەبڕین بە پەلەیە، واتە: مەرجە بە پەلە داوایەکەی بۆ لای قازی بەرز بکاتەوەو داوای هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکە بکا، ئەگینا: مافەکەی لەدەست دەچێ، بەڵام ئەگەر ژنەکە، یان مێردەکە گوتی: نەمزانی مافیپەشیمانیم هەیە، یان نەمزانی پەشیمانیەکە بە پەلەیە، ئەوە بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێو مافەکەی لەدەست ناچێ، بەو مەرجەی تێکەڵی لەگەڵ زانایانی ئەم مەسەلەیە نەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین–بە یەکێك لەو عەیبانە– ژمارەی تەڵاقەکان کەم ناکاتەوە (وَ) هەروەها (اَلْفَسْخُ قَبْلَ دُخُولٍ) هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکە ئەگەر پێش جیماعکردن بێ (یُسْقِطُ الْمَهْرَ) هەموو مارەییەکە لە سەر مێردەکە لادەبا، جیاوازی نیە هەڵوەشاندنەوەکە: لە لایەن مێردەکەوە بێ، یان لە لایەن ژنەکەوە بێ.

بەڵام (وَبَعْدَهُ) هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکە لە دوای جیماعکردن (اَلأَصَحُّ: أَنَّهُ يَجِبُ مَهْرُ مِثْلٍ) بە فەرموودەی ڕاستتر: مارەیی هاوێنە لە سەر مێردەکە واجب دەبێ (إِنْ فُسِخَ بِمُقَارِنٍ) ئەگەر مارەبڕینەکە هەڵوەشاندرابێتەوە بەو عەیبەی لە کاتی مارەبڕینەکەدا هەبووە (أَوْ بِحَادِثٍ بَيْنَ الْعَقْدِ وَالْوَطْءِ) یان لە کاتێکی نێوان مارەبڕینەکەو جیماعکردندا پەیدا بووە، بەو مەرجەی لەو دوو مەسەلەیەدا (جَهِلَهُ الْوَاطِئُ) جیماعکەرەکە–پێش جیماعکردن– نەیزانیبێ هاوسەرەکەی ئەو عەیبەی هەیە.

واتە: ئەگەر ژنەکە، یان مێردەکە زانی هاوسەرەکەی ئەو عەیبەی هەیە، ئینجا بە خۆشی خۆی جیماعی کرد، ئەو کاتە مافیهەڵوەشاندنەوەی نیە، چونکە پێی ڕازی بووە، هەروەك لە (شرح المحلی)و (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراونەتەوە.

وَالْمُسَمَّى إِنْ حَدَثَ بَعْدَ وَطْءٍ، وَلَوْ اِنْفَسَخَ بِرِدَّةٍ بَعْدَ وَطْءٍ فَالْمُسَمَّى، وَلاَ يَرْجِعُ الزَّوْجُ بَعْدَ الْفَسْخِ بِالْمَهْرِ عَلَى مَنْ غَرَّهُ فِي الْجَدِيدِ، وَيُشْتَرَطُ فِي الْغُنَّةِ رَفْعٌ إِلَى حَاكِمٍ، وَكَذَا سَائِرُ الْعُيُوبِ فِالأَصَحِّ،

(وَالْمُسَمَّى) هەروەها هەموو مارەیی ناوبراو لە سەر مێردەکە واجب دەبێ (إِنْ حَدَثَ بَعْدَ وَطْءٍ) ئەگەر عەیبەکە لە دوای جیماعکردن پەیدا ببێ: لە ژنەکە، یان مێردەکە.

(وَلَوْ اِنْفَسَخَ بِرِدَّةٍ بَعْدَ وَطْءٍ) ئەگەر مارەبڕینەکە هەڵوەشاوە بە هۆی کافربوونێکی دوای جیماعکردن، ئەوە (فَالْمُسَمَّى) مارەییە ناوبراوەکە لە سەر مێردەکە واجب دەبێ بۆ ژنەکە، جیاوازی نیە ژنەکە کافر بوبێ، یان مێردەکە، بەڵام بە کافربوونی پێش جیماعکردن: ئەگەر ژنەکە کافر بوبێ ئەوە مافی هیچ بەشە مارەییەکی نیە، ئەگەر مێردەکە کافر بوبێ ئەوە نیوەی مارەییناوبراوی لە سەرە بۆ ژنەکەی، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَلاَ يَرْجِعُ الزَّوْجُ بَعْدَالْفَسْخِ بِالْمَهْرِ) نابێ مێردەکە لە دوایهەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکە–بۆ وەرگرتنەوەیمارەییەکە– بگەڕێتەوە (عَلَى مَنْ غَرَّهُ) بۆ سەر ئەو کەسەی فریوی داوە بە عەیبیژنەکە (فِيالْجَدِيدِ) لە فەرموودەینوێدا، جیاوازی نیە فریودەرەکە: سەرپەرشتکاری ژنەکە بێ: وەك بێدەنگ بێو عەیبیژنەکە نەڵێ، یان خودیژنەکە بێ: وەك بەخۆی عەیبەکەیخۆی نەڵێو وەها نیشانی سەرپەشتکارەکەی بدا: کە داخوازیکەرەکەی ئاگاداری عەیبەکەیە.

ئینجا بزانە: لە فەرموودەی کۆندا: مێردەکە مافی هەیە بۆ وەرگرتنەوەی

مارەییەکە بگەڕێتەوە سەر فریودەرەکە، بە بەڵگەی فەرموودەی ئیمامی(عمر)ی ڕابردوو لەم باسەدا، بەڵام بەڵگەی فەرموودەکەی نوێ بەهێزترە: کە حەدیسەکەی ﴿اَيُّمَا اِمْرَأَةٍ نَكَحَتْ﴾ی ڕابردووە لە (باسی سەرپەرشتکارەکان)دا، واتە: هەرچەند لە وێدا بێسەرپەرشتکار مارەبڕینەکەشی بەتاڵ بوو، بەڵام فریودراوەکە مافی وەرگرتنەوەی مارەییەکەی نیە.

﴿ چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین ﴾

(وَيُشْتَرَطُ فِي‌الْعُنَّةِ) بە مەرج دادەندرێ:لە هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین بە هۆی نەمێردی: (رَفْعٌ إِلَى حَاكِمٍ) داوایەکە بەرز بکرێتەوە بۆ لای دادوەر، واتە: قازی (وَكَذَا سَائِرُ الْعُيُوبِ) هەروەها لە گشت عەیبەکانی‌تریشدا مەرجە: داوایەکە بەرز بکرێتەوە بۆلای دادوەر (فِي الأَصَحِّ) لە فەرمودەی ڕاستتردا، واتە: نە بۆ ژنەکەو نە بۆ مێردەکە دروست نابێ: ڕێك بکەوێو بە بێقازی هەڵیبوەشێننەوە.

بەڵام ئەگەر شوێنێك (قازی)ی شەرعی لێنەبو، یان هەڵوەشاندنەوەی لای قازی پارەی دەویا، ئەو کاتە لە بەر ناچاری: هەم بۆ ژنەکەو هەم بۆ مێردەکە دروستە پیاوێکی لێزان وَتَثْبُتُ الْعُنَّةُ بِإِقْرَارِهِ أَوْ بَيِّنَةٍ عَلَى إِقْرَارِهِ وَكَذَا بِيَمِينِهَا بَعْدَ نُكُولِهِ فِالأَصَحِّ، وَإِذَا ثَبَتَتْ ضَرَبَ الْقَاضِي لَهُ سَنَةً بِطَلَبِهَا، فَإِذَا تَمَّتْ رَفَعَتْهُ إِلَيْهِ: فَإِنْ قَالَ وَطِئْتُ حُلِّفَ، فَإِنْ نَكَلَ حُلِّفَتْ فَإِنْ حَلَفَتْ أَوْ أَقَرَّ اِسْتَقَلَّتْ بِالْفَسْخِ،

بکاتە (الْمُحَكَّمْ)–واتە: دادوەری‌مەسەلەکەو– لە لای وی مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە بە وشەکانی‌داماتوو، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَتَثْبُتُ الْعُنَّةُ) نەمێردی‌ی پیاوەکە ئاشکرا دەبێ: یان (بِإِقْرَارِهِ) بە دانپێدانێنانی مێردەکە لە لای قازی (أَوْ بَيِّنَةٍ عَلَى إِقْرَارِهِ) یان بە شاهیدی‌ی دوو پیاو لە سەر دانپێدانێنانەکەی (وَكَذَا بِيَمِينِهَا بَعْدَ نُكُولِهِ) هەروەها ئاشکرا دەبێ بە سوێندخواردنی ژنەکە لە دوای سوێندنەخواردنی مێردەکە (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرمودەی ڕاستتردا.

ئینجا (وَإِذَا ثَبَتَتْ) هەر کاتێك نەمێردی‌ی مێردەکە ئاشکرا بوو: بە یەکێك لەو سێ ڕوانەی‌ڕابردوو (ضَرَبَ الْقَاضِي لَهُ سَنَةً) قازی ماوەی ساڵێك بۆ میردەکە دادەنێ (بِطَلَبِهَا) بە داواکردنی ژنەکە–واتە: نە بە داواکردنی سەرپەرشتکارەکەو نە سەربەخۆ قازی ساڵەکە دانانێ–جا ئەگەر ژنەکە لە بەر نەزانین، یان سەرلێشێواون بێدەنگ بوو، دروستە قازی ئاگاداری بکاتەوە ﴿عن سعيد بن الْمُسَيِّب﷿: قَضَى عُمَرُ﷿: أَنَّ الْعِنِّينَ يُؤَجَّلُ سَنَةً﴾ أخرجه سعيد بن منصور ورجاله ثقات، ئیمامی(عمر) بڕیاری داوە: نەمێرد مۆڵەتی ساڵێکی بۆ دابندرێ. واتە: تا هەر چوار وەرزەکەی سالّ ببینێ؟ نەوەك نەمێردیەکەی

به هۆی گەرمی، یان ساردی، یان تەپی، یان ووشکی بـێ، ئینجـا سـاڵەکەش لـە دانـانی قازیـیەوە دەست پـێدەکا.

(فَإِذَا تَمَّتْ) جا هەر کاتێك ساڵەکە تەواو بوو و جیمـاعی پـێنـەکرا (رَفَعَتْـهُ إِلَيْـهِ) دووبـارە –بە پەلە– بەرزی دەکاتەوە بۆ لای قازی تاکو مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە (فَـإِنْ قَـالَ وَطِئْتُ) جا ئەگەر مێردەکە گوتی: لە ماوەی ئەو سـاڵەدا جیمـاعم کـردوە. ئـەوە (حُلِّـفَ) مێردەکە سوێند دەدرێ کە جیماعی کردوە، بەو مەرجەی ژنەکە لەو کاتـدا بێـوەژن بـێ، بەڵام ئەگەر کچ بوو، ئەو کاتە بە سـوێندخواردن بـاوەڕ بـە ژنەکـە دەکـرێ کـە جیمـاعی نەکردوە، هەروەها (فَإِنْ نَكَلَ) ئەگەر مێردەکە سوێندی نـەخوارد، ئـەو کاتـەش (حُلِّفَتْ) ژنەکە سوێند دەدرێ کە مێردەکەی جیماعی لەگەڵ نەکردوەو باوەڕی پـێدەکرێ.

(فَإِنْ حَلَفَتْ) جا ئەگەر ژنەکە سوێندی خوارد (أَوْ أَقَرَّ) یان مێردەکە دانی هێنا: کە جیماعی نـەکردوە، ئـەو کاتـە (اِسْـتَقَلَّتْ بِالْفَسْـخِ) ژنەکـە سـەربەخۆ دەبـێ بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی مارەبڕینەکە، بەڵام بەو مەرجەی پێشدا قازی، یان (مُحَكِّمْ) بڵێ: مافی هەڵوەشـاندنەوەی مارەبڕینەکەت جێگیر بوو. ئینجا ژنەکەش بڵێ: ئەوا بە هۆی ئـەم عەیبـە مارەبڕینەکـەی وَقِيـلَ يَحْتَـاجُ إِلَـى إِذْنِ الْقَاضِـي أَوْ فَسْـخِهِ، وَلَـوْ اِعْتَزَلَتْـهُ أَوْ مَرِضَـتْ أَوْ حُبِسَـتْ فِالْمُـدَّةِ لَـمْ تُحْسَـبْ، وَلَـوْ رَضِـيَتْ بَعْـدَهَا بِـهِ بَطَـلَ حَقُّهَـا، وَكَـذَا لَـوْ أَجَّلَتْـهُ عَلَىالصَّـحِيحِ، وَلَـوْ نَكَـحَ وَشُـرِطَ فِيهَـا إِسْـلاَمٌ أَوْ فِي أَحَدِهِمَا نَسَبٌ أَوْ حُرِّيَّةٌ أَوْ غَيْرُهُمَا فَأُخْلِفَ فَالأَظْهَرُ صِحَّةُ النِّكَاحِ، ثُمَّ

خـۆم هەڵوەشـاندەوە. (وَقِيـلَ) لـە فەرمودەیـەکی‌بێ‌هێزدا: (يَحْتَـاجُ إِلَـى إِذْنِ الْقَاضِـي) پێویستی بە ئیزندانی قازی هەیە (أَوْ فَسْخِهِ) یان بە هەڵوەشاندنەوەی قازی، وەك بڵێ: بە هۆی ئەم عەیبە مارەبڕینی ئەم ژنو مێردەم هەڵوەشاندەوە.

ئینجا بزانە: لە مەسەلەی دانانی (مُحَكِّمْ)ی‌ڕابردوودا دەردەکەوێ: کە لە عەیبەکانی‌تریشدا مەرجە: پێشدا قازی، یان (مُحَكِّمْ) بڵێ: مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەت جێگیر بوو. ئینجا ژنەکەش، یـان مێردەکـەش بڵـێ: ئـەوا بـە هـۆی ئـەم عەیبـە مارەبڕینەکـەی خـۆم هەڵوەشاندەوە.

(وَلَوْ اِعْتَزَلَتْهُ) ئەگەر لە تەواوی ساڵەکەدا ژنەکە خۆی لە مێردەکەی جیا کردەوە (أَوْ مَرِضَتْ) یان ژنەکە نەخۆش کەوت (أَوْ حُبِسَتْ فِيالْمُدَّةِ) یان لە تەواوی ساڵەکەدا ژنەکە بەندکرابو (لَـمْ تُحْسَبْ) ئەم ساڵە حیساب ناکرێو ساڵێکی‌تر دەست پێدەکاتەوە، جا ئەگەر ئەو ڕووداوانە لە بەشێکی ساڵەکەدا بون، ئەو کاتە تەنها هەمان وەرز لە سـاڵی داهـاتوودا چـاوەڕوان دەکـرێ، بەڵام ئەگەر ڕووداوەکان لە لای مێردەکەوە بن، ئەوە کاتـە سـاڵەکەی لـە سـەر دەژمێـردرێو

ساڵێکیتر دوو بارە ناکرێتەوە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا پوون کراوەتەوە.
(وَلَوْ رَضِيَتْ بَعْدَهَا بِهِ) ئەگەر ژنەکە لە دوای تەواوبوونی ساڵەکە بە مێردەکەی ڕازی بوو، ئەوە (بَطَلَ حَقُّهَا) مافی هەڵوەشاندنەوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە (وَكَذَا لَوْ أَجَّلَتْهُ) هەروەها ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکەشی دواخست بۆ ماوەیەکیتر، مافەکەی بەتاڵ دەبێتەوە (عَلَى الصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست.

﴿ دانانی مەرجێك لە ژنەکەدا، یان لە مێردەکەدا ﴾

(وَلَوْ نَكَحَ) ئەگەر ژنێکی لە خۆی مارە کرد (وَشَرَطَ فِيهَا إِسْلَامٌ) لە ناو مارەبڕینەکەدا بە مەرج داندرا: ژنەکە موسوڵمان بێ (أَوْ فِي أَحَدِهِمَا نَسَبٌ) یان بە مەرج داندرا: ژنەکە، یان مێردەکە خاوەن نەژاد بێ (أَوْ حُرِّيَّةٌ) یان ئازاد بێ (أَوْ غَيْرُهُمَا) یان جگە لەو سیفەتانە: وەک بە مەرج دابندرێ ژنەکە کچ بێ، یان مێردەکە کوڕ بێ، واتە: لە ژیانیدا ژنی نەهێنابێ، یان جاحێڵێو گەنجی، یان ڕەنگ، یان بااڵ بەرزی بە مەرج دابندرێ، ئینجا (فَأُخْلِفَ) مەرجەکەش نەهێندرا جێ، ئەوە (فَالأَظْهَرُ صِحَّةُ النِّكَاحِ) بە فەرموودەی بەهێزتر: مارەبڕینەکە دروست دەبێ (ثُمَّ) ئینجا تەماشا دەکەین:

إِنْ بَانَ خَيْرًا مِمَّا شُرِطَ فَلاَ خِيَارَ، وَإِنْ بَانَ دُونَهُ فَلَهَا الْخِيَارُ، وَكَذَا لَهُ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ ظَنَّهَا مُسْلِمَةً أَوْ حُرَّةً فَبَانَتْ كِتَابِيَّةً أَوْ أَمَةً وَهِيَ تَحِلُّ لَهُ فَلاَ خِيَارَ فِي الأَظْهَرِ، وَلَوْ أَذِنَتْ فِي تَزْوِيجِهَا بِمَنْ ظَنَّتْهُ كُفْئًا فَبَانَ فِسْقُهُ أَوْ دَنَاءَةُ نَسَبِهِ وَحِرْفَتِهِ فَلاَ خِيَارَ لَهَا،

(إِنْ بَانَ خَيْرًا مِمَّا شُرِطَ) ئەگەر دەرکەوت: ژنەکە، یان مێردەکە باشترە لە بە مەرج داندراوەکە: وەک لە جیاتی بێوەژن دەرکەوێ کچە، یان لە جیاتی بێوەمێرد دەرکەوێ کوڕە، ئەوە (فَلاَ خِيَارَ) بۆ هیچێکیان پەشیمانی نیە، بەڵام (وَإِنْ بَانَ دُونَهُ) ئەگەر دەرکەوت کەمترە لە بە مەرج داندراوەکە: وەک لە جیاتی کچ بێوەژن بێ، یان لە جیاتی کوڕ بێوەمێرد بێ، ئەو کاتە (فَلَهَا الْخِيَارُ) بۆ ژنەکە مافی پەشیمانی هەیە (وَكَذَا لَهُ) هەروەها بۆ مێردەکەش مافی پەشیمانی هەیە، واتە: هەردووکیان مافیان هەیە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێننەوە (فِي الأَصَحِّ) لە فەردووەی ڕاستردا.

﴿ ئاگاداری ﴾ یەکەم: ئەم هەڵوەشاندنەوەیە–بۆ هەردووکیان– بە پەلەو دەسبەجێیەو پێویستی بە قازی نیە، کەواتە: هەر یەکێك لە ژنەکەو لە مێردەکە زانی مەرجە داندراوەکەی نەهاتۆتە جێ، ئەوە یەکسەر دەڵێ: مارەبڕینەکەم هەڵوەشاندەوە. هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا فەرموویانە.
جا بزانە: ئەگەر لە ناو مارەبڕینەکەدا مەرجەکە دانەندرابێ، بەڵکو لە پێش مارەبڕینەکە، یان لە دوای مارەبڕینەکە داندرابو، ئەوە هیچ کاری پێناکرێو هیچێکیان مافی پەشیمانیی

نیە، هەروەك لە دوای ئێرە– لە شەرحی (وَالْمُؤَنُّ)– ڕوونی دەکەینەوە،إن شاء الله تعالى.
دووەم: ئەگەر پیاوە دیارکراوەکە، یان ئافرەتە دیارکراوەکە بگۆڕدرێ: وەك بڵێ: لە (زەید) مارەم بکە، ئەویش لە (عەمر) مارەی کرد، یان بڵێ: فلانە کیژەت لێم مارە بکە، ئەویش خوشکێکی ئەو کیژەیی لێ مارە کرد، ئەوە لە هەردوو مەسەلەدا مارەبڕینەکە بەتاڵ دەبێو دروست نابێ، هەروەك لە (تحفة)و (البجيرمی)دا فەرموویانە.
(وَلَوْ ظَنَّهَا مُسْلِمَةً) ئەگەر مێردەکە–بە بێمەرج– واتێگەیشتبو ژنەکە موسوڵمانە (أَوْ حُرَّةً) یان ئازادە (فَبَانَتْ كِتَابِيَّةً أَوْ أَمَةً) ئینجا دەرکەوت: ژنەکە (أهل الكتاب)ە، یان (جارية)یە (وَهِيَ تَحِلُّ لَهُ) جاریەکەشی بۆ حەڵاڵ بوو، ئەوە (فَلَاخِيَارَ) مافی پەشیمانیی نیە (فِي الْأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، چونکە مەرجی دانەناوەو کەمتەرغەمیی کردوە.
(وَلَوْ أَذِنَتْ) ئەگەر ئافرەتێك سەرپەرشتکارەکەی‌خۆی ئیزندا (فِي تَزْوِيجِهَا بِمَنْ ظَنَّتْهُ كُفْوًا) لە پیاوێکی مارە بکا: کە وایتگەیشتبو هاوچەشنی خۆیەتی (فَبَانَ فِسْقُهُ) ئینجا دەرکەوت: پیاوەکە فاسقە (أَوْ دَنَاءَةَ نَسَبِهِ وَحِرْفَتِهِ) یان نەژادەکەی، یان پیشەکەی ناڕێکو خراپە، ئەوە (فَلَا خِيَارَ لَهَا) ئافرەتەکە مافی پەشیمانیی نیە، چونکە مەرجی دانەناوەو کەمتەرغەمیی کردوە: کە لێی نەکۆڵیوەتەوە.

قُلْتُ: وَلَوْ بَانَ مَعِيبًا أَوْ عَبْدًا فَلَهَاالْخِيَارُ وَاللهُ أَ
وَالرُّجُوعِ بِهِ عَلَىالْغَارِّ مَا سَبَقَ فِيالْعَيْبِ، وَا
بِحُرِّيَّةِ أَمَةٍ وَصَحَّحْنَاهُ فَالْوَلَدُ قَبْلَ الْعِلْمِ حُرٌّ وَعَلَى الْمَغْرُورِ قِيمَتُهُ لِسَيِّدِهَا وَيَرْجِعُ بِهَا عَلَى الْغَارِّ، وَالتَّغْرِيرُ بِالْحُرِّيَّةِ لاَ يُتَصَوَّرُ مِنْ سَيِّدِهَا بَلْ مِنْ وَكِيلِهِ أَوْ مِنْهَا، فَإِنْ كَانَ مِنْهَا

منهاج– بەرگی‌چوارەم–15

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (وَلَوْ بَانَ مَعِيبًا) ئەگەر دەرکەوت مێردەکە عەیبدارە، واتە: لەو پێنج عەیبانەی‌ڕابردوو عەیبێکی هەبوو (أَوْ عَبْدًا) یان کۆیلە بوو، ئەو کاتە (فَلَهَا الْخِيَارُ) ژنەکە مافی پەشیمانیی هەیە، هەروەك ڕابرا (وَاللهُ أَعْلَمُ).
(وَمَتَى فُسِخَ بِخُلْفٍ) هەر کاتێك مارەبڕینەکە هەڵوەشێندراوە بە هۆی نەهاتنەجێی مەرجێك، ئەوە (فَحُكْمُ الْمَهْرِ وَالرُّجُوعِ بِهِ عَلَىالْغَارِّ) بڕیاری مارەییەکەو گەڕانەوەی مێردەکە بۆ سەر فریودەرەکە تاکو تۆڵەی مارەییەکەی لێبستێنێ (مَا سَبَقَ فِيالْعَيْبِ) هەر ئەو بڕیارەی‌ڕابردووە لە باسی هەڵوەشاندنەوەی عەیبداری‌دا، واتە: لێرەشدا: ئەگەر پێش جیماعکردن مارەبڕینەکە هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەوە مارەییەکە لە سەر مێردەکە لادەچێ، بەڵام ئەگەر لە دوای جیماعکردن هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەو کاتە مارەیی هاووێنە بۆ ژنەکە لە سەر مێردەکە واجب دەبێ، مێردەکەش هیچ مافی نیە تۆڵەی ماریییەکە لە فریودەرەکە وەربگرێتەوە.
(وَالْمُؤَنُّ) ئەو فریودانەی کار دەکا لە هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەدا بە

هۆی نەهاتنە جێی مەرجێك (تَغْرِيرٌ قَارَنَ الْعَقْدَ) ئەو فریودانەیە کە لە ناو مارەبڕینەکەدا بە مەرج دابندرێ، ئینجا نەهێندرێتە جێ، وەك بڵێ: ئەم ئافرەتە کچە کردمە ژنی تۆ. ئینجا ئەویش قبوڵ بکا، واتە: ئەگەر مەرجەکە لە پێش مارەبڕینەکە دابندرێ، ئەوە هیچ کار ناکا، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَلَوْ غُرَّ بِحُرِّيَّةِ أَمَةٍ) ئەگەر پیاوێك فریودرا بە ئازادیی (جارية)ك، واتە: لە ناو مارەبڕینەکەدا بە مەرج دانـدرا ئـازاد بـێ، بـەڵام دەرکـەوت ئافرەتەکـە کۆیلەیـە (وَصَـحَّحْنَاهُ) مارەبڕینەکەشمان بە دروستبوو دانا، ئەوە (فَالوَلَدُ قَبْلَ الْعِلْمِ حُرٌّ) پێش ئەوەی بزانێ ژنەکە کۆیلەیـە، ئـەو منداڵـەی لـەو ژنـەی پەیـدا دەبـێ ئـازادە (وَعَلَىالْمَغْرُورِ قِيمَتُـهُ لِسَـيِّدِهَا) فریودراوەکەش لە سەری واجبە نرخی منداڵەکە بداتە گەورەی ژنە کۆیلەکەو، هەم (وَيَرْجِعُ بِهَا عَلَى الغَارِّ) دەشگەڕێتەوە سەر فریودەرەکەو تۆڵەی نرخەکەی لـەوی وەردەگرێتـەوە، بەڵام دوای زانین منداڵەکە کۆیلەیە.

(وَالتَّغْرِيرُ بِالْحُرِّيَّةِ لاَ يُتَصَوَّرُ مِنْ سَيِّدِهَا) فریودان بە ئازادیی (جارية)کە لـە گەورەکەیـەوە ناگونجێ، چونکە ئەگەر بڵێ: ئەم ئافرەتە ئازادە. یەکسەر ئازاد دەبێ (بَلْ مِـنْ وَكِيلِـهِ أَوْ مِنْهَا) بەڵکو لە وەکیلی گەورەکەی، یان لە (جارية)کەوە دەگونجێ (فَإِنْ كَـانَ مِنْهَـا) جـا تَعَلَّقَ الْغُرْمُ بِذِمَّتِهَا، وَلَوْ اِنْفَصَلَ الْوَلَدُ مَيِّتًا بِلاَ جِنَايَةٍ فَلاَ شَيْءَ فِيهِ، وَمَنْ عَتَقَتْ تَحْتَ رَقِيقٍ أَوْ مَنْ فِيهِ رِقٌّ تَخَيَّرَتْ فِي فَسْخِ النِّكَاحِ، وَالأَظْهَرُ أَنَّهُ عَلَىالْفَوْرِ، فَإِنْ قَالَتْ جَهِلْتُ الْعِتْقَ صُدِّقَتْ بِيَمِينِهَا إِنْ أَمْكَنَ: بِأَنْ كَانَ الْمُعْتِقُ غَائِبًا، وَكَذَا إِنْ قَالَتْ جَهِلْتُ الْخِيَارَ بِهِ فِي الأَظْهَرِ، فَإِنْ فَسَخَتْ قَبْلَ وَطْءٍ فَلاَ مَهْرَ، وَبَعْدَهُ بِعِتْقٍ بَعْدَهُ وَجَبَ الْمُسَمَّى، أَوْ قَبْلَهُ فَمَهْرُمِثْلٍ، وَقِيلَ الْمُسَمَّى، وَلَوْ عَتَقَ بَعْضُهَا أَوْ كُوتِبَتْ أَوْ عَتَقَ عَبْدٌ تَحْتَهُ أَمَةٌ فَلاَ خِيَارَ.

ئەگەر فریودانەکە لە (جارية)کەوە بێ، ئـەوە (تَعَلَّـقَ الْغُـرْمُ بِـذِمَّتِهَا) تۆڵـەی منداڵەکـە بـە ئەستۆیەوە دەبەسترێتەوە، هەر کاتێك ئازاد کرا ئەی وەردەگیرێ (وَلَوْ انْفَصَلَ الوَلَدُ مَيِّتًا بِلاَ جِنَايَةٍ) ئەگەر منداڵەکە بە بێ دەستدرێژیکردنە سەردایکەکە بە مردوویـی لەدێـی جیـا بۆوە (فَلاَ شَيْءَ فِيهِ) هیچ تۆڵەی واجب نیە.

(وَمَنْ عَتَقَتْ) هەر ژنێك هەمووی ئازاد بکرێ لەو حاڵەتەی کە (تَحْتَ رَقِيقٍ أَوْ مَنْ فِيهِ رِقٌّ) لە ژێر مارەبڕینی کۆیلەیەکدایە، یان ئەوەی بەشێکی کۆیلەیە، ئەوە (تَخَيَّرَتْ فِي فَسْخِ النِّكَاحِ) دەبێتە سەرپشك لە هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکـە، هـەروەك لـە (البخـاري)و (مسـلم)دا گێڕدراوەتەوە.

ئینجا (وَالأَظْهَرُ أَنَّهُ عَلَىالْفَوْرِ) بە فەرموودەی بەهێزتر پەشیمانبوونەوەکەش دەمودەستەو بە پەلەیە (فَإِنْ قَالَتْ جَهِلتُ العِتْقَ) ئەگەر ژنەکە گوتی نەمزانی ئازاد کراوم بۆیێ دواکەوتم

(صُدِّقَتْ بِيَمِينِهَا إِنْ أَمْكَنَ) بە سوێندخواردنەکەی باوەڕی پێدەکرێ ئەگەر بگونجێ: (بِأَنْ كَانَ الْمُعْتِقُ غَائِبًا) وەك ئازادکەرەکەی لە شوێنێکی نادیار بوبێ (وَكَذَا إِنْ قَالَتْ جَهِلت الخِيَارَ بِهِ فِيالأَظْهَرِ) هەروەها لە فەرموودەی بەهێزتردا: باوەڕی پێدەکرێ ئەگەر بڵێ: نەمزانی بەم ئازادبوونەم مافی پەشیمانیم هەیە.

ئینجا (فَإِنْ فَسَخَتْ قَبْلَ وَطْءٍ) ئەگەر پێش جیماعکردن مارەبڕینەکەی هەڵوەشاندەوە، ئەوە (فَلاَ مَهْرَ) مافی هیچ مارەییی نیە (وَبَعْدَهُ بِعِتْقٍ بَعْدَهُ) بەڵام ئەگەر لە دوای جیماعکردن بە ئازادبوونێکی دوایجیماعکردن هەڵیوەشاندەوە، ئەوە (وَجَبَ الْمُسَمَّى) مارەییە ناوبراوەکە–بۆ گەورەکەی–واجب دەبێ لە سەر مێردەکەی (أَوْ قَبْلَهُ) یان بە ئازادبوونێکی پێش جیماعکردن هەڵیوەشاندەوە، ئەوە (فَمَهْرُ مِثْلٍ) مارەیی هاوێنە–بۆ گەورەکەی– واجب دەبێ لە سەر مێردەکەی (وَقِيلَ الْمُسَمَّى) لە فەرموودەیەکی بێهێزادا: مارەییە ناوبراوەکەی بۆ واجب دەبێ.

(وَلَوْ عَتَقَ بَعْضُهَا أَوْ كُوتِبَتْ) ئەگەر ژنەکە تەنها بەشێکی ئازاد کرا، یان نووسراوی درایێ (أَوْ عَتَقَ عَبْدٌ تَحْتَهُ أَمَةٌ) یان کۆیلەیەك ئازاد کرا کە جاریەکی لە ژێردا بوو، ئەوە (فَلاَ خِيَارَ) لە هەرسێك مەسەلەدا هیچێکیان مافی پەشیمانیی نیە.

(فَصْلٌ) يَلْزَمُ الْوَلَدَ إِعْفَافُ الأَبِ وَالأَجْدَادِ عَلَىالْمَشْهُورِ: بِأَنْ يُعْطِيَهُ مَهْرَ حُرَّةٍ، أَوْ يَقُولَ: اِنْكِحْ وَأُعْطِيكَ الْمَهْرَ، أَوْ يَنْكِحَ لَهُ بِإِذْنِهِ وَيُمْهِرَ، أَوْ يُمَلِّكَهُ أَمَةً أَوْ ثَمَنَهَا، ثُمَّ عَلَيْهِ مُؤْنَتُهُمَا، وَلَيْسَ لِلأَبِ تَعْيِينُ النِّكَاحِ دُونَ التَّسَرِّي وَلاَ رَفِيعَةٍ، وَلَوْ اِتَّفَقَا عَلَى مَهْرٍ فَتَعْيِينُهَا لِلأَبِ، وَيَجِبُ التَّجْدِيدُ إِذَا مَاتَتْ أَوْ اِنْفَسَخَ بِرِدَّةٍ أَوْ فَسَخَهُ بِعَيْبٍ، وَكَذَا إِنْ طَلَّقَ بِعُذْرٍ فِالأَصَحِّ،

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (الإِعْفَاف)= **ژن هێنان بۆ باوك و باپیرە** ﴾

(يَلزَمُ الْوَلَدَ) لە سەر کوڕو کیژ –بەگوێرەی میراتگرتن– واجبە (إِعْفَافُ الأبِ وَالأَجْدَادِ) باوك و باپیرەکانی لای دایك و باوکیان داوێنپاك بکەن، بەڵام بەو مەرجەی کوڕو کیژەکە هەبووبێ بەن (عَلَىالْمَشْهُورِ) لە سەر فەرموودەیناسراویمەزهەب، ئینجا داوێنپاککردنەکەش بەوە دەبێ: (بِأَنْ يُعْطِيَهُ مَهْرَ حُرَّةٍ) مارەیی ژنێکیئازاد بداتە باوك و باپیرە تاکو بەو مارەییە ژنێك لە خۆی مارە بکا (أَوْ يَقُولَ اِنْكِحْ وَأُعْطِيكَ الْمَهْرَ) یان بڵێتە باوك و باپیرە: ژنێك لە خۆت مارە بکە، من مارەییەکەیت دەدەمێ (أَوْ يَنْكِحَ لَهُ بِإِذْنِهِ وَيُمْهِرَ) یان بە ئیزنی باوك و باپیرە ژنەکەیان لێ مارە بکاو مارییەکەشی بداتێ (أَوْ يُمَلِّكَهُ أَمَةً أَوْ ثَمَنَهَا) یان جاریەیەك بداتە باوك و باپیرە، یان پارەی جاریەکە بدا، جا لەو حاڵەتانەشدا مەرجە: ژنەکە شەهوەتی باوك و باپیرە تێر بکا، نەك پیرەژنێکی شێوراو بێ.

(ثُمَّ) ئینجا کە ژنی بۆ باوك و باپیرە هێنا (عَلَيْهِ مُؤْنَتُهُمَا) ئەرکی بەخێوکردنیخۆیان و

ژنەکانیشیان لە سەر کوڕەکانو کیژەکانە بەگوێرەی میراتگرتن، واتە: نێرینە بە دووهەندی مێیینە ئەرکی ژنهێنانەکەو بەخێوکردنەکە دەدا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَيْسَ لِلأَبِ تَعْيِينُ النِّكَاحِ دُونَ التَّسَرِّي) باوك ئەو مافەی نیە: تەنها ژنهێنان دیاری بکاو بە ئافرەتی کۆیلە پازی نەبێ (وَلاَ رَفِيعَةٍ) هەم مافی نیە ژنێکی پلەو پایە بەرز دیاری بکا: کە ئەرکو مارەیی زۆر بێ بە هۆی جوانی، یان نەژاد، بەڵام (وَلَوْ اتَّفَقَا عَلَى مَهْرٍ) ئەگەر باوکو منداڵەکەی لە سەر ئەندازەیەکی مارەیی رێك کەوتن، ئەو کاتە (فَتَعْيِينُهَا لِلأَبِ) دیاریکردنی ژنەکە مافی باوکەکەیە.

(وَيَجِبُ التَّجْدِيدُ إِذَا مَاتَتْ) لە سەر کوڕو کیژەکە واجبە: سەرلەنوێ ژنێکیتر بۆ باوکو باپیرە بێنن هەر کاتێك ئەوژنەی بۆیان هێنابو مرد (أَوْ انْفَسَخَ بِرِدَّةٍ) یان بە هۆی کافربوونی ژنەکە مارەبڕینەکە هەڵوەشاوە (أَوْ فَسَخَهُ بِعَيْبٍ) یان باوکەکە بە هۆی عەیبێك هەڵیوەشاندەوە (وَكَذَا إِنْ طَلَّقَ بِعُذْرٍ) هەروەها ئەگەر باوکەکە بە هۆی عوزرێکیش ژنەکەی تەلاق بدا، هەر واجبە: ژنێکیتری بۆ بێنن (فِي الأَصَحِّ) لە فەرمودەی ڕاستتردا، بەڵام ئەگەر بە بێعوزر تەلاقی بدا، ئەو کاتە واجب نیە ژنێکیتری بۆ بێنن.

وَإِنَّمَا يَجِبُ إِعْفَافُ فَاقِدِ مَهْرٍ مُحْتَاجٍ إِلَى نِكَاحٍ وَيُصَدَّقُ إِذَا ظَهَرَتِ الْحَاجَةُ بِلاَ يَمِينٍ، وَيَحْرُمُ عَلَيْهِ وَطْءُ أَمَةِ وَلَدِهِ، وَالْمَذْهَبُ وُجُوبُ مَهْرٍ لاَ حَدٍّ، فَإِنْ أَحْبَلَ فَالْوَلَدُ حُرٌّ نَسِيبٌ، فَإِنْ كَانَتْ مُسْتَوْلَدَةً لِلإِبْنِ لَمْ تَصِرْ مُسْتَوْلَدَةً لِلأَبِ، وَإِلاَّ فَالأَظْهَرُ أَنَّهَا تَصِيرُ وَأَنَّ عَلَيْهِ قِيمَتَهَا مَعَ مَهْرٍ، لاَ قِيمَةَ وَلَدٍ فِالأَصَحِّ، وَيَحْرُمُ نِكَاحُهَا، فَلَوْ مَلَكَ زَوْجَةَ وَالِدِهِ الَّذِى لاَ تَحِلُّ لَهُ الأَمَةُ لَمْ يَنْفَسِخْ النِّكَاحُ فِالأَصَحِّ، وَلَيْسَ لَهُ نِكَاحُ أَمَةٍ مُكَاتَبِهِ، فَإِنْ مَلَكَ مُكَاتَبٌ زَوْجَةَ سَيِّدِهِ انْفَسَخَ النِّكَاحُ فِى الأَصَحِّ.

(وَإِنَّمَا يَجِبُ إِعْفَافُ فَاقِدِ مَهْرٍ) ژنهێنان تەنها بۆ ئەو باوکو باپیرەیە واجبە کە بە خۆی مارەیی ژنهێنانی نەبێو هەم (مُحْتَاجٍ إِلَى نِكَاحٍ) پێویستیشی بە ژنهێنان هەبێ: وەك حەزی بۆ جیماع بچێ، هەر چەند ژنێکی پیری شێواویشی هەبێ، یان لە بەر نەخۆشی پێویستی بە خزمەتکردن هەبێ، ئینجا (وَيُصَدَّقُ إِذَا ظَهَرَتِ الْحَاجَةُ بِلاَ يَمِينٍ) باوك، هەم باپیرەش بە بێسوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ، هەر کاتێك ئاشکرا ببێ پێویستیی بە ژنهێنان هەیە.

(وَيَحْرُمُ عَلَيْهِ وَطْءُ أَمَةِ وَلَدِهِ) حەڕامە: باوکو هەم باپیرە جیماع لەگەڵ جاریەی منداڵی خۆی بکا، بەڵام ئەگەر جیماعی لەگەڵ کرد، ئەوە (وَالْمَذْهَبُ وُجُوبُ مَهْرٍ) واجبە: مارەیی جاریەکە بداتە منداڵەکە (لاَ حَدٍّ) بەڵام سزای زینای لە سەر نیە، چونکە شوبهەی هەیە

(فَإِنْ أَحْبَلَ) جا ئەگەر بەو جیماعە جاریەکەی ئاوس کرد، ئەوە (فَالْوَلَدُ حُرٌّنَسِيبٌ) ئەو منداڵەی لەم جیماعە دروست بووە، ئازادەو دەبێتە منداڵی باوکە جیماعکەرەکە.

(فَإِنْ كَانَتْ مُسْتَوْلَدَةً لِلإِبْن) جا ئەگەر جاریەکە (أم الولد) بێ بۆ کوڕەکە، ئەوە (لَمْ تَصِرْ مُسْتَوْلَدَةً لِلأَبِ) نابێتە (أم الولد) بۆ باوکە جیماعکەرەکە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر (أم الولد) نەبێ بۆ کوڕەکە، ئەوە (فَالأَظْهَرُ أَنَّهَاتَصِيرُ) دەبێتە (أم الولد) بۆ باوکەکە، هەم (وَأَنَّ عَلَيْهِ قِيمَتَهَا مَعَ مَهْرٍ) لە سەر باوکەکە واجبە: نرخی جاریەکە لەگەڵ مارەییەکەی بداتە کوڕەکە (لاَ قِيمَةَ وَلَدٍ فِيالأَصَحِّ) بەڵام نرخی ئەو منداڵەی لێ بووە، لە سەری واجب نیە.

(وَيَحْرُمُ نِكَاحُهَا) حەڕامە جاریەی منداڵەکەی خۆی لە خۆی مارە بکا (فَلَوْ مَلَكَ زَوْجَةَ وَالِدِهِ الَّذِي لاَ تَحِلُّ لَهُ الأَمَةُ) جا ئەگەر کوڕەکە ببێتە خاوەنی ژنی ئەو باوکەی کە جاریەی بۆ حەڵاڵ نیە: وەک ژنی باوکەکە (جارية) بێ و کوڕەکەیشی بیکڕێ، ئەوە (لَمْ يَنْفَسِخِ النِّكَاحُ فِيالأَصَحِّ) مارەبڕینەکە هەڵناوەشێتەوە.

(وَلَيْسَ لَهُ نِكَاحُ أَمَةِ مُكَاتَبِهِ) بۆ گەورەکە حەڕامە جاریەی کۆیلە نوسراوپێدراوەکەی لە خۆی مارە بکا (فَإِنْ مَلَكَ مُكَاتَبٌ زَوْجَةَ سَيِّدِهِ) جا ئەگەر نوسراوپێدراوێك بووە خاوەنی ژنی گەورەکەی خۆی، ئەوە (انْفَسَخَ النِّكَاحُ فِيالأَصَحِّ) مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێەوە.

(فَصْلٌ) السَّيِّدُ بِإِذْنِهِ فِي نِكَاحِ عَبْدِهِ لاَ يَضْمَنُ مَهْرًا وَنَفَقَةً فِالْجَدِيدِ، وَهُمَا فِي كَسْبِهِ بَعْدَ النِّكَاحِ الْمُعْتَادِ وَالنَّادِرِ، فَإِنْ كَانَ مَأْذُونًا لَهُ فِي تِجَارَةٍ فَفِيمَا بِيَدِهِ مِنْ رِبْحٍ وَكَذَا رَأْسُ مَالٍ فِالأَصَحِّ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ مُكْتَسِبًا وَلاَ مَأْذُونًا لَهُ فَفِي ذِمَّتِهِ، وَفِي قَوْلٍ عَلَىالسَّيِّدِ، وَلَهُ الْمُسَافَرَةُ بِهِ وَيَفُوتُ الإِسْتِمْتَاعُ، وَإِذَا لَمْ يُسَافِرْ لَزِمَهُ تَخْلِيَتُهُ لَيْلاً لِلإِسْتِمْتَاعِ، وَيَسْتَخْدِمُهُ نَهَارًا إِنْ تَكَفَّلَ الْمَهْرَ وَالنَّفَقَةَ، وَإِلاَّ فَيُخَلِّيهِ لِكَسْبِهِمَا، وَإِنْ اسْتَخْدَمَهُ بِلاَ تَكَفُّلٍ لَزِمَهُ الأَقَلُّ مِنْ أُجْرَةِ مِثْلٍ وَكُلِّ الْمَهْرِ وَالنَّفَقَةِ،

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ژن هێنانی کۆیلەو مێردکردنی جاریە ﴾

(السَّيِّدُ بِإِذْنِهِ فِي نِكَاحِ عَبْدِهِ) گەورە بە هۆی ئیزندانی: کە کۆیلەکەی ژن بهێنێ (لاَ يَضْمَنُ مَهْرًا وَنَفَقَةً فِيالْجَدِيدِ) نابێتە زامینی مارەییو بەخێوکردنی ژنی کۆیلە ئیزندراوەکەی، بەڵکو (وَهُمَا) مارەییو بەخێوکردنەکە (فِي كَسْبِهِ بَعْدَ النِّكَاحِ) لە کەسابەتی کۆیلەکە دەدرێن کە لە دوای مارەبڕینەکە دەیکا (الْمُعْتَادِ وَالنَّادِرِ) ئەو کەسابەتەی عادەتەو ئەوەی کەم کەمە دەیکا، بەڵام (فَإِنْ كَانَ مَأْذُونًا لَهُ فِي تِجَارَةٍ) ئەگەر کۆیلەکە لە بازرگانیشدا ئیزندراو بوو، ئەو کاتە (فَفِيمَا بِيَدِهِ مِنْ رِبْحٍ) مارەییو بەخێوکردنەکە واجبە: لەو قازانجە بدرێن: کە لە دەستیدایە (وَكَذَا رَأْسُ مَالٍ فِيالأَصَحِّ) هەروەها لە سەرمایەی بازرگانیەکەش دەدرێـــــــ

(وَإِنْ لَمْ يَكُنْ مُكْتَسِبًا وَلاَ مَأْذُونًا لَهُ) ئەگەر کۆیلەکە کەسابەتی نەدەکردو لە بازرگانیشدا ئیزن نەدرابو، ئەو کاتە (فَفِي ذِمَّتِهِ) مارەییو بەخێوکردنەکە دەبێتە قەرز لە ئەستۆی کۆیلەکەدا، ئەگەر ژنەکەی پازی ببێ بە بێبەخێوکردن لەگەڵی بمێنێتەوە (وَفِي قَوْلٍ عَلَىالسَّيِّدِ) لە فەرموودەیەکدا: مارەیی بەخێوکردنەکە—لەم حاڵەتەدا— لە سەر گەورەکەیەتی.

(وَلَهُ المُسَافَرَةُ بِهِ) بۆ گەورەکە دروستە: کۆیلەکەی لەگەڵ خۆیا ببات سەفەر بەو مەرجەی ببێتە کەفیلی مارەییو بەخێوکردنەکە (وَيَفُوتُ الإِسْتِمْتَاعُ) بەم سەفەرە کۆیلەکە لەزەتوەرگرتنی لە ژنەکەی لە دەست دەچێ، بەڵام (وَإِذَا لَمْ يُسَافِرْ) ئەگەر نەیبات سەفەر، ئەو کاتە (لَزِمَهُ تَخْلِيَتُهُ لَيْلاً لِلاسْتِمْتَاعِ) واجبە: بە شەوێ وازی لێ بێنێ بۆ ئەوەی لەزەت لە ژنەکەی وەربگرێو (وَيَسْتَخْدِمُهُ نَهَارًا) بە پۆژێش خزمەتیخۆی پێدەکا (إِنْ تَكَفَّلَ الْمَهْرَ وَالنَّفَقَةَ) بەو مەرجەی گەورەکە ببێتە کەفیلی مارەییو بەخێوکردنەکە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر نەبێتەکەفیلی مارەییو بەخێوکردنەکە، ئەو کاتە (فَيُخَلِّيهِ لِكَسْبِهِمَا) دەبێ وازی لێبێنێ تاکو بۆ مارەییو بەخێوکردنەکە کەسابەت بکا.

(وَإِنْ اِسْتَخْدَمَهُ بِلاَ تَكَفُّلٍ) ئەگەر خزمەتیخۆی بە کۆیلەکەی کردو نەشبوە کەفیلی مارەییو بەخێوکردن، ئەو کاتە (لَزِمَهُ الأَقَلُّ مِنْ أُجْرَةِ مِثْلٍ وَكُلِّ الْمَهْرِ وَالنَّفَقَةِ) لە سەر وَقِيلَ يَلْزَمُهُ الْمَهْرُ وَالنَّفَقَةُ، وَلَوْ نَكَحَ فَاسِدًا وَوَطِئَ فَمَهْرُ مِثْلٍ فِي ذِمَّتِهِ، وَفِي قَوْلٍ فِي رَقَبَتِهِ، وَإِذَا زَوَّجَ أَمَتَهُ اِسْتَخْدَمَهَا نَهَارًا وَسَلَّمَهَا لِلزَّوْجِ لَيْلاً، وَلاَ نَفَقَةَ عَلَىالزَّوْجِ حِينَئِذٍ فِىالأَصَحِّ، وَلَوْ أَخْلَى فِي دَارِهِ بَيْتًا وَقَالَ لِلزَّوْجِ تَخْلُو بِهَا فِيهِ لَمْ يَلْزَمْهُ فِىالأَصَحِّ، وَلِلسَّيِّدِ السَّفَرُ بِهَا وَلِلزَّوْجِ صُحْبَتُهَا، وَالْمَذْهَبُ أَنَّ السَّيِّدَ لَوْ قَتَلَهَا أَوْ قَتَلَتْ نَفْسَهَا قَبْلَ دُخُولٍ سَقَطَ مَهْرُهَا، وَأَنَّ الْحُرَّةَ لَوْ قَتَلَتْ نَفْسَهَا أَوْ قَتَلَ الأَمَةَ أَجْنَبِيٌّ أَوْ مَاتَتْ

گەورەکە واجبە کەمترەکە بدا: لە کرێی هاووێنەی کۆیلەکەو لە هەموو مارەییو بەخێوکردنەکە (وَقِيلَ يَلْزَمُهُ الْمَهْرُ وَالنَّفَقَةُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: مارەییو بەخێوکردنەکەی لە سەر واجب دەبێ.

(وَلَوْ نَكَحَ فَاسِدًا وَوَطِئَ) ئەگەر کۆیلەکە بە مارەبڕینێکی نادروست ژنی هێناو جیماعیشی کرد، ئەو کاتە (فَمَهْرُ مِثْلٍ فِي ذِمَّتِهِ) مارەیی هاووێنە دەبێتە قەرز لە ئەستۆی کۆیلەکەدا: هەرکاتێك ئازاد بوو داوای لێدەکا (وَفِي قَوْلٍ فِي رَقَبَتِهِ) لە فەرموودەیەکدا: لە گەردەنیدا واجب دەبێ، واتە: هەر ئێستا کۆیلەکە بۆ مارەییەکە بفرۆشرێ.

(وَإِذَا زَوَّجَ أَمَتَهُ) هەر کاتێك گەورەکە جاریەکەی خۆی لە پیاوێك مارە کرد، ئەوە

(اِسْتَخْدَمَهَا نَهَارًا) بـه ڕۆژێ خزمـەتێخۆی پێدەکـاو (وَسَلَّمَهَا لِلـزَّوْجِ لَـيْلاً) بـه شـەوێش تەسلیمی مێردەکەی دەکا تاکو لەزەتی لێوەربگرێ (وَلاَ نَفَقَةَ عَلَىالزَّوْجِ حِينَئِذٍ فِىالأَصَحِّ) بەخێوکردنی ئەو جاریەیە لە سـەر مێردەکـەی نیـە لـەو کاتـەی تـەنها شـەوێ تەسـلیمی دەکرێ، بەڵام ئەگەر بە شەو و بە ڕۆژ تەسلیمی بکـرێ ئـەو کاتـە بـەخێوکردنی لـە سـەر مێردەکەیەتی.

(وَلَوْ أَخْلَى فِى دَارِهِ بَيْتًا) ئەگەر گەورەکە لە خانووی خۆی ژوورێکی چۆل کردو (وَقَالَ لِلزَّوْجِ تَخْلُو بِهَا فِيهِ) بە مێردەکەی گوت: وەرە لەم ژوورە لەگەڵ جاریەکە بمێنەوە، ئەوە (لَمْ يَلْزَمْهُ فِىالأَصَحِّ) لە سەر مێردەکە واجب نابێ بەقسەی بکا، چونکە شەرمو پیاوەتی ڕێگای نادەن (وَلِلسَّيِّدِ السَّفَرُ بِهَا) بۆ گەورەکە دروستە: جاریەکە لەگەڵ خۆیا ببـاتە سەفەر، هەم (وَلِـزَّوْجِ صُحْبَتُهَا) بۆ مێردەکەش دروستە: لەگەلیا بڕواتە سەفەر تاکو لەزەتی لێوەربگرێ.

(وَالْمَذْهَبُ أَنَّ السَّيِّدَ لَـوْ قَتَلَهَـا أَوْ قَتَلَـتْ نَفْسَـهَا قَبْـلَ دُخُـولٍ) ئەگـەر پـێش جیمـاعکردن: گەورەکە جاریەکەی بکوژێ، یان جاریەکـە بـەخۆی خـۆی بکـوژێ، ئـەوە (سَـقَطَ مَهْرُهَـا) مارەییەکەی لە سەر مێردەکەی لادەچێ، هەروەها ئەگەر پێش جیماعکردن ژنێکی ئـازاد مێردی خۆی بکوژێ، ئەوەش مافی هیچ مـارەیی نیـە، هـەروەك لـە (نهایـة)و (مغـنی)دا فەرموویانە، بەڵام (وَأَنَّ الْحُرَّةَ لَوْ قَتَلَتْ نَفْسَهَا) ئەگـەر ژنێکیئـازاد–پـێش جیمـاعکردن– بەخۆی خۆی بکوژێ (أَوْ قَتَلَ الأَمَةَ أَجْنَبِيٌّ أَوْ مَاتَتْ) یـان بێگانەیـەك جاریەکـەی کوشـت، فَـلاَ، كَمَـا لَـوْ هَلَكَتَـا بَعْـدَ دُخُـولٍ، وَلَـوْ بَـاعَ مُزَوَّجَـةً فَـالْمَهْرُ لِلْبَـائِعِ فَإِنْ طُلِّقَتْ قَبْلَ دُخُولٍ فَنِصْفُهُ لَهُ، وَلَوْ زَوَّجَ أَمَتَهُ بِعَبْدِهِ لَمْ يَجِبْ مَهْرٌ.

(كِتَابُ الصَّدَاقِ)

یان بەخۆی مرد (فَلاَ) مارەییەکە لە سەر مێردەکـە لاناچـێ (كَمَـا لَـوْ هَلَكَتَـا بَعْـدَ دُخُـولٍ) هەروەك ئەگەر ژنە ئازادەکە، یان جاریەکە لـە دوای جیمـاعکردن بمـرێ بـە هـیچ جۆرێـك مارەییەکە لاناچێ، کەوابو: مارەیی جاریەکە بۆ گەورەکەیەتی.

(وَ) هەروەها (لَوْ بَاعَ مُزَوَّجَةً) ئەگەر گەورەکـە (جاریـة)کـی مـارەبڕاوی فرۆشـت (فَـالْمَهْرُ لِلْبَائِعِ) ئەو کاتەش مارەییەکەی هەر بۆ فرۆشیارەکەیە: کە گەورەکەیەتی، جیاوازی نیە: جیماعی لەگەڵ کرابێ، یان نا (فَإِنْ طُلِّقَتْ قَبْلَ دُخُولٍ) ئەگەر (جاریة)کە پێش جیماعکردن تەڵاق درا، ئەوە (فَنِصْفُهُ لَهُ) نیوەی مارەیی بۆ گەورەکەیە (وَلَوْ زَوَّجَ أَمَتَهُ بِعَبْدِهِ) ئەگەر گەورەکە جاریەکەی خۆی لەکۆیلەکەی خۆی مارەبکا، ئەوە (لَمْ يَجِبْ مَهْرٌ) هیچ مارەیی لە سەر کۆیلەکە واجب نابێ، بەخێوکردنی هەردووکیشیان لە سەر گەورەکەیە.

﴿ كِتَابُ الصَّدَاقِ: **ئەمەیە پەڕتوکی مارەیی ژن** ﴾

واتـه: ئـەو شـتەی بـۆ ئـافرەت لـه سـەر پیـاو واجـب دەبـێ: بـه هـۆی مـارەبڕین، یـان به هۆی جیماعکردنی بـه هەڵـه، یـان جیمـاعی بـه زۆرداری. خـوای گـەوره دەفـەرموێ: ﴿وَآتُواالنِّسَـاءَ صَـدُقَاتِهِنَّ نِحْلَـةً فَـإِنْ طِـبْنَ لَكُـمْ عَـنْ شَـيْءٍ مِنْـهُ نَفْسـاً فَكُلُـوهُ هَنِيئـاً مَرِيئـاً﴾ به دڵخۆشی مارەیی ئافرەتان بدەنە ئافرەتەکان، جا ئەگەر ئافرەتەکان له شتێکیمارەیی چاوپۆشییان له ئێوه کرد، ئێوەش بیخۆن خۆشی گیانتان بێ.

کەواتە: به بەڵگەی ئەم ئایەتە: ئەگەر ژنەکە باڵغو عاقڵ بێ، دروستە: گەردەنیمێردەکەی ئازاد بکا: له هەموو مارەییەکەی، یان له بەشێکیی–بـەو مەرجـەی بزانـێ مارەییەکـەی چەندە– وەک بڵێ: (گەردەنت ئازاد بـێ لـه مارەییەکـەم). یـان (لـه مارەییەکـەم لـێم بوردی). هەروەک له (فتح المعین)دا پوون کراوەتەوە،

بەڵام ئاگادارببە: ئەگەر مارەیی ژنەکە زەکاتی تێدا واجب بوبێو سااڵێك، یان زیاتری بـه سەردا سوڕابۆوەو زەکاتی مارەییەکەشی نەدابو، ئەو کاتە–تەنها– له ئەنـدازەی زەکـات گەردەنی ئازاد نابێو واجبە: ژنەکە زەکاتەکەی‌ڕابردووی مارەییەکـەی بـدا، هـەروەک لـه (زەکاتیمارەیی ژن)دا پوونمان کردەوە.

هەروەها دروستە: ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی پێك بێو لـەجیاتی مارەییەکـەی شـتێکیتری کەمتر، یان زۆرتر له مێردەکەی وەربگرێ، بەڵام ئاگادارببە: ئەگەر مارەییەکەی زێڕ، یان زیو بوو و لەجیاتی زێڕو زیوەکەش پارەی ئەم سەردەمەی له مێردەکەی وەرگرت، ئـەوە يُسَنُّ تَسْمِيَتُهُ فِـالْعَقْدِ، وَيَجُوزُ إِخْلاَؤُهُ مِنْهُ،

مەرجە: پارەکە له دانیشگەی پێکهاتنەکەدا وەربگرێ، ئەگینا: دەبێتە پێبا، بەڵام ئەگـەر وەرگیراوەکە پارە نەبو، بەڵکو شتێکیتر بوو، ئەو کاتە تـەنها قبـوڵکردن مەرجـە، واتـە: وەرگتن مەرج نیە، هەروەك له (کتاب البیع، له باسی گۆڕینەوەیقەرز)دا پوونمان کردەوە.

ئینجـا بزانـە: پێغەمبـەرﷺ دەفـەرموێ: ﴿خَيْرُالصَّـدَاقِ أَيْسَرُهُ﴾ صـححه الحـاكم، باشترین مارەیی ئاسانترەکەیەتی له سەر مێردەکە. هەروەها ئیمامی(عمرؓ) فەرمووی: ﴿أَلاَ لاَ تُغَالُوا بِصَدَاقِ النِّسَاءِ فَإِنَّهَا لَوْ كَانَتْ مَكْرُمَةً فِـالدُّنْيَا أَوْ تَقْوَى عِنْدَاللهِ تعالَى كَانَ أَوْلاَكُمْ بِهَا النَّبِـيُّﷺ مَا أَصْـدَقَ رَسُولُ اللهِﷺ اِمْرَأَةً مِـنْ نِسَـائِهِ وَلا أُصْـدِقَتْ إِمْرَأَةٌ مِـنْ بَنَاتِـهِ أَكْثَـرَ مِـنْ ثِنْتَـعْشَرَة أُوقِيَّةً﴾ رواه أصحاب السنن بسند صحیح، ئاگادارین: مارەیی زۆر بۆ ژنان دامەنین، چونکه ئەگەر مارەییزۆر رێـزداری بایـه لـەو دونیایـەدا، یـان لـه خواترسـان بایـه، ئـەوە پێغەمبەرﷺ له هەمووتان لەپێشتر بوو مارەییزۆر دابنێ، لەگەڵ ئەوەشدا مارەیی ژنەکانی پێغەمبەروﷺ مارەیی کیژەکانی پێغەمبەرﷺ له دوانزە ئۆقیە زیاتر نـەبو، واتـە: نزیکـەی پێنجسەد دیرهەمی زیو، که دەکاتە (350) سێسەدو پەنجا میسقالی زیو.

ئینجا بزانە: ئەگەر مێردەکە بمرێو ماردیی‌ژنەکەی نەدابێ، ئەوە واجبە: لە میراتی مردووەکە–پێش بەشکردنی‌میرات– ماردیی‌ژنەکە بدرێ، هەروەك لە سەرەتای میراتدا ڕوونمان کردەوە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿نَفْسُ الْمُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّى يُقْضَعَنْهُ﴾ حديث صحيح رواه الترمذي، گیانی مرۆڤی ئیماندار بە هۆی قەرزەکەی قەدەغە دەکرێ لە چوونە بەهەشت تا قەرزەکەی لەجیاتی دەدرێتەوە.

(يُسَنُّ تَسْمِيَتُهُ فِي‌الْعَقْدِ) سوننەتە لە ناو ماردبڕینەکەدا ناوی ماردییەکە بگوترێ، چونکە پێغەمبەرﷺ لە ناو ماردبڕیندا ناوی ماردیی دەهێنا، بەڵام (وَيَجُوزُ إِخْلَاؤُهُ مِنْهُ) دروستە ماردبڕینەکە ناوبردنی ماردییەکەی تێدا نەبێ، بە (إجماع)ی زانایانی‌ئیسلام، بەڵام ناپەسندە، کەواتە: ئەگەر لە ناو ماردبڕینەکەدا ناوی ماردییەکەی نەگوترا، ئەو کاتە ماردبڕینەکە دروست دەبێو هەم بە خودی ماردبڕینەکەش ماردیی هاوڕێنە بۆ ژنەکە لە سەر مێردەکەی واجب دەبێ، هەروەك لە (الإقناع)دا فەرموویەتی.

﴿عَنْ عَلْقَمةَ عن ابن مسْعُودﷺ وَقَدْ سُئِلَ عَنْ رَجُلٍ تَزَوَّجَ اِمْرَأَةً وَلَمْ يَفْرِضْ لَهَا صَدَاقاً وَلَمْ يَدْخُلْ بِهَا حَتَّى مَاتَ؟ فَقَالَ: لَهَا مِثْلُ صَدَاقِ نِسَائِهَا لاَ وَكْسَ وَلاَ شَطَطَ وَلَهَاالْمِيرَاثُ وَعَلَيْهَا الْعِدَّةُ، فَقَالَ مَعْقِلٌ الأَشْجَعِيّﷺ: قَضَى رَسُولُ اللهﷺ فِي بَرْوَعَ بِنْت واشقٍ مِثْلَ الَّذِي قَضَيْتَ﴾ رواه اصحاب السنن بسند صحيح، لەبارەی پیاوێك کە ژنێکی لە خۆی مارە کردبو، هیچ ماردییی بۆ دانەنابو و جیماعیشی لەگەڵ نەکردبو و مێردەکە مرد؟ (ابن مسعود) فەرمووی: وَمَا صَحَّ مَبِيعًا صَحَّ صَدَاقًا، وَإِذَا أَصْدَقَهَا عَيْنًا فَتَلِفَتْ فِي يَدِهِ ضَمِنَهَا ضَمَانَ عَقْدٍ، وَفِي قَوْلٍ ضَمَانَ يَدٍ، فَعَلَىالأَوَّلِ لَيْسَ لَهَا بَيْعُهُ قَبْلَ قَبْضِهِ،

ژنەکە مافی ماردیی‌هاوڕێنەی ئافرەتانی‌خۆی هەیە–بێ کەم و زیاد– میراتیش لە مێردەکەی دەگرێو (عدّة)ی مێرد مردنیشی لە سەرە. ئینجا (صحابة)یەك فەرمووی: پێغەمبەرﷺ لەبارەی (بَرْوَع)ی کیژی (واشق) ئەوها بڕیاری دابو.

واتە: ئەگەر ماردبڕینەکە دروست نەبووایە، بە هۆی مردن ماردییەکەی جێگیر نەدەبو و میراتیشی لە مێردەکەی نەدەگرت.

ئینجا بزانە: بۆ ئەوەی ماردیی ناوبراو لە سەر مێردەکەی واجب ببێ، مەرجە: لە هەردوو گۆتەی‌ماردبڕینەکەدا ناوی ماردییەکە بگوترێ، وەك سەرپەرشتکارەکە بڵێ: (فلانە کیژی خۆم کردە ژنی تۆ لە سەر ئەوەندە ماردییە). ئینجا مێردەکەش قبوڵ بکاو بڵێ: (قبوڵم کرد فلانەکیژەی تۆ بە ژنی خۆم لە سەر ئەوەندە ماردییە). کەوابو: ئەگەر مێردەکە ئەوها قبوڵ نەکا، ئەو کاتە ماردیی‌هاوڕێنە لە سەر مێردەکە واجب دەبێ، نەك ناوبراوەکە، هەروەك لە (تحفة)و(مغنی)دا لە سەرەتای‌ڕوکنەکانی‌ماردبڕیندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَمَا صَحَّ مَبِيعًا) هەر شتێك دروست ببێ بفرۆشرێ، یان بكرێتە پارەی فرۆشراو، ئەوە (صَحَّ صَدَاقًا) دروست دەبێ: بكرێتە مارەیی، هەرچەند كەمیش بێ ﴿عن عامر بن ربيعة رضي الله عنه: أَنَّ اِمْرَأَةً تَزَوَّجَتْ عَلَى نَعْلَيْنِ فَأَجَازَهُ النَّبِيُّ ﷺ﴾ رواه الترمذي وصححه، ئافرەتێك لە سەر جووتە نەعلێك مێردی كرد، پێغەمبەر ﷺ مارەبڕینەكەی بە دروستبوو دانا. هەم پێغەمبەر ﷺ فەرموویە پیاوێك: ﴿اِلْتَمِسْ وَلَوْ خَاتَماً مِنْ حَدِيدٍ﴾ رواه الشيخان، هەوڵ بدە هەرچەند ئەنگوستیلەیەكی ئاسنیش بێ بۆ مارەییژنەكەت پەیدای بكە.

(وَإِذَا أَصْدَقَهَا عَيْنًا) هەر كاتێك شتێكی دیاركراوی كردە مارەیی ژنەكەی: وەك ئەو باغە، یان ئەم خانووە (فَتَلِفَتْ فِي يَدِهِ) شتەكەش لە دەستیمێردەكەدا –پێش ئەوەی ژنەكە وەریبگرێ– فەوتا، ئەوە (ضَمِنَهَا ضَمَانَ عَقْدٍ) مێردەكە دەبێتە زامینی مارەییەكە بە زامینیی ماملەتبەستن، واتە: مارەیی هاوێنەی دەكەوێتە سەر، هەرچەند بە ژنەكەشی گوتبێ: ئەمە مارەییەكەتە وەریبگرە. ژنەكەش بە پڕەكاری وەرینەگرتبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندافەرموویانە (وَفِي قَوْلٍ ضَمَانَ يَدٍ) لە فەرموودەیەكدا: بەزامینیی دەست دەبێتە زامین، واتە: وێنەی مارەییەكەی دەكەوێتەسەر، جا ئەگەر وێنەی نەبو: نرخەكەی دەكەوێتە سەر.

(فَعَلَى الْأَوَّلِ) جا لە سەر فەرموودەییەكەمیبەهێزتر: (لَيْسَ لَهَا بَيْعُهُ) بۆ ژنەكە دروست نیە: ماریی دیاركراوەكەی بفرۆشێ (قَبْلَ قَبْضِهِ) پێش وەرگرتنی، هەروەها هیچ وَلَوْ تَلِفَ فِي يَدِهِ وَجَبَ مَهْرُمِثْلٍ، وَإِنْ أَتْلَفَتْهُ فَقَابِضَةٌ، وَإِنْ أَتْلَفَهُ أَجْنَبِيٌّ تَخَيَّرَتْ عَلَىالْمَذْهَبِ: فَإِنْ فَسَخَتِ الصَّدَاقَ أَخَذَتْ مِنَ الزَّوْجِ مَهْرَمِثْلٍ وَإِلاَّ غَرَّمَتِ الْمُتْلِفَ، وَإِنْ أَتْلَفَهُ الزَّوْجُ فَكَتَلَفِهِ وَقِيلَ كَأَجْنَبِيٍّ، وَلَوْ أَصْدَقَ عَبْدَيْنِ فَتَلِفَ أَحَدُهُمَا قَبْلَ قَبْضِهِ اِنْفَسَخَ فِيهِ لاَ فِالْبَاقِي عَلَىالْمَذْهَبِ وَلَهَا الْخِيَارُ: فَإِنْ فَسَخَتْ فَمَهْرُ مِثْلٍ،

دەستكاریەكیتریش لە مارەییە وەرنەگیراوەكەدا بۆی دروست نیە، بەڵام لە فەرموودەكەیتردا دروستە، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی، هەروەها ئەگەر مارەییەكەی قەرز بێ، ئەو كاتە دروستە شتێكیتر لەجیاتیی وەربگرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانەو لە سەرەتای ئەم باسەدا پوونمان كردەوە.

(وَلَوْ تَلِفَ فِي يَدِهِ) جا ئەگەر مارەییە دیاركراوەكە لەخۆیەوە لە دەستیمێردەكەدا فەوتا (وَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ) مارەیی هاوێنە لە سەر مێردەكە بۆ ژنەكە واجب دەبێ، هەروەك ڕابرا. بەڵام (وَإِنْ أَتْلَفَتْهُ) ئەگەر ژنێكی بالغەو عاقلە بەخۆی مارەییەكەی–پێش وەرگرتن– فەوتاند، ئەوە (فَقَابِضَةٌ) وا بڕیار دەدرێ مارەییەكەی وەرگرتوەو مێردەكەش مارەییەكەی

لە سەر لادەچێ.

(وَإِنْ أَتْلَفَهُ أَجْنَبِيٌّ) ئەگەر بێگانەیەك مارەییەكەی–پێش وەرگرتن– فەوتاند، ئەو كاتە (تَخَيَّرَتْ عَلَىالْمَذْهَبِ) ژنەكە لەو دوو مافەیداهاتوودا سەرپشكە لە سەر فەرموودەی راستیمەزهەب: (فَإِنْ فَسَخَتِ الصَّدَاقَ) جا ئەگەر مارەییەكەی هەڵوەشاندەوە (أَخَذَتْ مِنَ الزَّوْجِ مَهْرَمِثْلِ) ئەوە مارەیی هاووێنە لە مێردەكەی وەردەگرێ، مێردەكەش تۆڵەی فەوتاوەكە لە فەوتێنەرەكە وەردەگرێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر هەڵێنەوەشاندەوە ئەو كاتە (غَرَّمَتِ الْمُتْلِفَ) یەكسەر ژنەكە تۆڵەی مارەییەكەی لە فەوتێنەرەكە وەردەگرێ.

(وَإِنْ أَتْلَفَهُ الزَّوْجُ) ئەگەر مێردەكە مارەییەكەی–پێش وەرگرتن– فەوتاند، ئەوە (فَكَتَلَفِهِ) وەك لەخۆیەوە فەوتابێ ئەوهایە، كەواتە: مارەیی هاووێنە لە سەر میردەكە واجب دەبێ (وَقِيلَ كَأَجْنَبِيٍّ) لە فەرموودەیەكی بێهێزدا: وەك فەوتاندنی بێگانەیە، واتە: ژنەكە سەرپەشكە لەو دوو مافانەیڕابردوودا.

(وَلَوْ أَصْدَقَ عَبْدَيْنِ) بۆ وێنە: ئەگەر دوو كۆیلە، یان دوو مەڕی كردنە مارەییژنەكەی (فَتَلِفَ أَحَدُهُمَا قَبْلَ قَبْضِهِ) ئینجا یەكێكیان–پێش وەرگرتن– لەخۆیەوە فەوتا، یان مێردەكە فەوتاندی، ئەوە (انْفَسَخَ فِيهِ) مارەییەكە–تەنها– لە فەوتاوەكەدا هەڵدەوەشێەوە (لاَ فِيالْبَاقِي عَلَىالْمَذْهَبِ) نەك لەوەی ماوەتەوە، لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، كەوابو: (وَلَهَا الْخِيَارُ) ژنەكە مافیسەرپشكیی هەیە لەوەی ماوەتەو: (فَإِنْ فَسَخَتْ فَمَهْرُمِثْلِ) ئەگەر مارەییەكەی هەڵوەشاندەوە، ئەوە مارەیی هاووێنە لە سەر مێردەكەی واجب دەبێ

وَإِلاَّ فَحِصَّةُ التَّالِفِ مِنْهُ، وَلَوْ تَعَيَّبَ قَبْلَ قَبْضِهِ تَخَيَّرَتْ عَلَىالْمَذْهَبِ: فَإِنْ فَسَخَتْ فَمَهْرُ مِثْلٍ وَإِلاَّ فَلاَ شَيْءَ لَهَا، وَالْمَنَافِعُ الْفَائِتَةُ فِي يَدِالزَّوْجِ لاَ يَضْمَنُهَا وَإِنْ طَلَبَتِ التَّسْلِيمَ فَامْتَنَعَ عَلَى ضَمَانِ الْعَقْدِ، وَكَذَا الَّتِي اِسْتَوْفَاهَا بِرُكُوبٍ وَنَحْوِهِ عَلَى الْمَذْهَبِ،

(وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر هەڵێنەوەشاندەوە، ئەوە (فَحِصَّةُ التَّالِفِ مِنْهُ) لەگەڵ ئەوەی ماوەتەوە بەشی فەوتاوەكەشی لە مارەییهاووێنە لە سەر مێردەكەی هەیە.

ئینجا بزانە: ئەگەر ژنەكە بەخۆی–پێش وەرگرتن– یەكێكیان بفەوتێنێ، ئەوە وا بڕیار دەدرێ ئەو بەشە مارەییەی وەرگرتوەو مێردەكەش ئەو بەشە مارەییەی لە سەر لادەچێ، بەڵام ئەگەر بێگانەیەك یەكێكیان بفەوتێنێ، ئەو كاتەش ژنەكە سەرپشكە لە دوو مافەكانیڕابردوودا.

(وَلَوْ تَعَيَّبَ قَبْلَ قَبْضِهِ) ئەگەر مارەییەكە–پێش وەرگرتن– عەیبێكی لێ پەیدا بوو: لەخۆیەوە، یان بە دەستی مێردەكە، یان بە دەستی بیگانە، ئەو كاتەش (تَخَيَّرَتْ عَلَى

الْمَذْهَبِ) ژنەکە سەر پشکە لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب: (فَإِنْ فَسَخَتْ فَمَهْرُمِثْلٍ) ئەگەر مارەییەکەی هەڵوەشاندەوە، ئەوە مارەیی هاووێنە لە سەر مێردەکەی واجب دەبێ (وَإِلاَّ فَلاَ شَيْءَ لَهَا) بەڵام ئەگەر هەڵینەوەشاندەوە، ئەو کاتە—جگە لە عەیبدارەکە— مافی هیچیتری نیە، بەڵام ئەگەر بێگانە عەیبەکەی پەیدا کردبێ، ئەوە دەتوانێ تۆڵەی عەیبەکە لە بێگانەکە وەربگرێ.

ئینجا بزانە: ئەو زیدەییانەی—پێش وەرگرتن— لە مارەییەکە پەیدا دەبن، گشتی ملکی ژنەکەنەو ئەمانەتن لە لای مێردەکە، واتە: ئەگەر زیدەییەکان بفەوتێن مێردەکە نابێتە زامین، تەنها لەو حاڵەتەدا دەبێتە زامین: کە ژنەکەی داوای لێکردبێو ئەویش تەسلیمی نەکردبێ، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە، مەبەستیش بە زێدەییەکان: خورێو بێچوو و میوەو هێلکەو...هتد.

بەڵام (وَالْمَنَافِعُ الْفَائِتَةُ فِي يَدِالزَّوْجِ) ئەو سودانەی مارەییەکە—کە پێش وەرگرتن— لە دەستی مێردەکەدا فەوتاون، واتە: سودەکانی لێوەرنەگیراون: وەک دانیشتنو سواریو...هتد، ئەوانە (لاَ يَضْمَنُهَا وَإِنْ طَلَبَتِ التَّسْلِيمَ فَامْتَنَعَ) مێردەکە نابێ زامینی ئەو سودانە، هەر چەند ژنەکەش داوای تەسلیمکردنی لێکردبێو مێردەکەش تەسلیمی نەکردبێ، جا ئەو زامین نەبوونەش (عَلَى ضَمَانِ الْعَقْدِ) لە سەر فەرموودەی زامینی ماملەت بەستنیڕابردووە: کە بەهێزترەکەیە (وَكَذَا الَّتِي اسْتَوْفَاهَا) هەروەها مێردەکە نابێتە زامینی ئەو سودانەش کە بەخۆی لە مارەییەکە وەریگرتون (بِرُكُوبٍ وَنَحْوِهِ) بە هۆی سواریو شتی وەکو سواری: وەک دانیشتنو دەبەرکردن (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب.

وَلَهَا حَبْسُ نَفْسِهَا لِتَقْبِضَ الْمَهْرَالْمُعَيَّنَ وَالْحَالَّ لاَالْمُؤَجَّلَ، فَلَوْ حَلَّ قَبْلَ التَّسْلِيمِ فَلاَ حَبْسَ فِيالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ كُلٌّ: لاَ أُسَلِّمُ حَتَّى تُسَلِّمَ. فَفِي قَوْلٍ يُجْبَرُ هُوَ وَفِي قَوْلٍ لاَ إِجْبَارَ فَمَنْ سَلَّمَ أُجْبِرَ صَاحِبُهُ، وَالأَظْهَرُ يُجْبَرانِ فَيُؤْمَرُ بِوَضْعِهِ عِنْدَ عَدْلٍ وَتُؤْمَرُ بِالتَّمْكِينِ، فَإِذَا سَلَّمَتْ أَعْطَاهَا الْعَدْلُ اَلْمَهْرَ، وَلَوْ بَادَرَتْ فَمَكَّنَتْ طَالَبَتْهُ، فَإِنْ لَمْ يَطَأْ اِمْتَنَعَتْ حَتَّى يُسَلِّمَ،

(وَلَهَا حَبْسُ نَفْسِهَا) بۆ ژنەکە دروستە: خۆی تەسلیمی مێردەکەی نەکا (لِتَقْبِضَ الْمَهْرَ الْمُعَيَّنَ) بۆ ئەوەی هەموو مارەییە دیارکراوەکەی وەربگرێ، هەم (وَالْحَالَّ) بۆ ئەوەی هەموو ئەو مارەییە وەربگرێ کە دیار نەکراوەو لە ئەستۆی مێردەکەدا بە حازر داندراوەو کاتی دانی هاتوە: وەک بە نۆزدە میسقال زێڕی حازر مارەی بکا (لاَ الْمُؤَجَّلَ) نەک بۆ وەرگرتنی مارەییەکەی قەرز، واتە: ئەگەر مارەییەکەی بە قەرز داندرابو تا کاتێکی دیارکراو، ئەو کاتە بۆی دروست نیە: تەسلیمی مێردەکەی نەبێ.

(فَلَوْ حَلَّ قَبْلَ التَّسْلِيمِ) جا ئەگەر مارەییە قەرزەکە کاتی دانی هات پێش ئەوەی خۆی تەسلیم بکا، ئەو کاتەش (فَلاَ حَبْسَ) بۆی دروست نیە خۆی گیر بکاو تەسلیمی مێردەکەی نەبێ (فِی الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا.

(وَلَوْ قَالَ كُلٌّ) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە هەردووکیان گوتیان: (لاَ أُسَلِّمُ حَتَّى تُسَلِّمَ) تەسلیم ناکەم تا تۆ تەسلیم نەکەی (فَفِی قَوْلٍ يُجْبَرُ هُوَ) لە فەرموودەیەکدا: مێردەکە زۆری لێدەکرێ (وَفِی قَوْلٍ لاَ إِجْبَارَ) لە فەرموودەیەکدا هیچێکیان زۆری لێناکرێ، بەڵکو (فَمَنْ سَلَّمَ أُجْبِرَ صَاحِبُهُ) کامەیان تەسلیمی کرد، هاوسەرەکەشی زۆری لێدەکرێ، بەڵام (وَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: (يُجْبَرَانِ) هەردووکیان زۆریان لێدەکرێ: (فَيُؤْمَرُ بِوَضْعِهِ عِنْدَ عَدْلٍ) مێردەکە فەرمانی پێدەکرێ ماریەکە لە لای دادپەروەرێك دابنێو (وَتُؤْمَرُ بِالتَّمْكِينِ) ژنەکەش فەرمانی پێدەکرێ خۆی بگونجێنێ بۆ مێردەکەی (فَإِذَا سَلَّمَتْ) جا هەر کاتێك خۆی تەسلیمی مێردەکەی کرد (أَعْطَاهَا الْعَدْلُ الْمَهْرَ) دادپەروەرەکە مارەییەکەی دەداتێ، هەر چەند مێردەکەش جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، بەو مەرجە ژنەکە خۆی لێ قەدەغە نەکردبێ، واتە: ئەگەر ژنەکە رێگای نەدا جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتە مارەییەکەی لێوەردەگیرێتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ بَادَرَتْ فَمَكَّنَتْ) ئەگەر ژنەکە پەلەی کردو پێشدا خۆی گونجاند بۆ مێردەکەی، ئەو کاتە (طَالَبَتْهُ) ژنەکە داوای مارەییەکەی لە مێردەکە دەکا، جا ئەگەر مارەییەکەی نەدایێ، ئەو کاتە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ لَمْ يَطَأْ) ئەگەر مێردەکە جیماعی لەگەڵ نەکرد، ئەو کاتە (امْتَنَعَتْ حَتَّى يُسَلِّمَ) بۆ جارێکیتر ژنەکە خۆی لێقەدەغە دەکا تا مارەییەکەی وَإِنْ وَطِئَ فَلاَ، وَلَوْ بَادَرَ فَسَلَّمَ فَلْتُمَكِّنْ، فَإِنْ امْتَنَعَتْ بِلاَ عُذْرٍ اسْتَرَدَّ إِنْ قُلْنَا إِنَّهُ يُجْبَرُ، وَلَوْ إِسْتَمْهَلَتْ لِتَنَظُّفٍ وَنَحْوِهِ أُمْهِلَتْ مَا يَرَاهُ قَاضٍ، وَلاَ يُجَاوِزُ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ، لاَ لِيَنْقَطِعَ حَيْضٌ، وَلاَ تُسَلَّمُ صَغِيرَةٌ وَلاَ مَرِيضَةٌ حَتَّى يَزُولَ مَانِعُ وَطْءٍ، وَيَسْتَقِرُّ الْمَهْرُ بِوَطْءٍ

تەسلیم دەکا، بەڵام (وَإِنْ وَطِئَ) ئەگەر بەو گونجاندنە جیماعی لەگەڵ کرد (فَلاَ) بۆ جارێکیتر بۆی دروست نیە خۆی لێقەدەغە بکا، چونکە بەم جیماعە مافی خۆقەدەغەکردنی لە دەست دەچێ.

(وَ) هەروەها (لَوْ بَادَرَ فَسَلَّمَ) ئەگەر مێردەکە پەلەی کردو پێشدا مارەییەکەی تەسلیمی ژنەکەی کرد (فَلْتُمَكِّنْ) واجبە ژنەکەش خۆی بۆ مێردەکەی بگونجێنێ (فَإِنْ امْتَنَعَتْ بِلاَ عُذْرٍ) جا ئەگەر ژنەکە بە بێعوزر خۆی قەدەغە کرد لە مێردەکەی، ئەو کاتە (اسْتَرَدَّ) مێردەکە مارەییەکەی لێوەردەگرێتەوە (إِنْ قُلْنَا إِنَّهُ يُجْبَرُ) ئەگەر بە فەرموودەی بێهێز بڵێین: مێردەکە زۆری لێدەکرێ، بەڵام بە فەرموودەی راستتر: زۆری لێناکرێو مافی

وەرگرتنەوەشی نیە، چونکە بەخۆشیخۆی تەسلیمی کردوە.

ئینجا بزانە: شوێنی خۆ تەسلیمکردنی ژنەکە مـاڵی مێردەکەیـەتی، هـەرەوك لـە زۆربـەی سەرچاوەکاندافەرموویانە.

(وَلَوْ إِسْتَمْهَلَتْ) ئەگەر ژنەکە، یان سەرپەرشتکارەکەی داوای کرد مۆڵەتی بـدرێ (لِتَنَظُّـفٍ وَنَحْوِهِ) بۆ خۆپاککردنەوەو شتی وەها: وەك لابردنی چڵکو موو، ئـەوە (أُمْهِلَـتْ مَـا يَـرَاهُ قَاضٍ) بە واجبی مۆڵەتی دەدرێتێ ئەوەندەی قازی پەئی لە سەرە: وەك ڕۆژێك، یان دوو ڕۆژ، بەڵام (وَلاَ يُجَاوِزُ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ) نابێ مۆڵەتەکە لـە سـێ ڕۆژ و شـەو زیـاتر بـێ، هـەم (لاَ لِيَنْقَطِعَ حَيْضٌ) نابێ بۆ وەستانی حـەیز مۆڵـەتی بـدرێتێ، چـونکە حـەیزداریش هەنـدێك لەزەتی لێوەردەگیرێ (وَلاَ تُسَلَّمُ صَغِيرَةٌ) ژنێکـی بچـوك–کـە بەروەسـتی جیمـاع نـەکا– دروست نیە تەسلیمی مێردەکەی بکرێ، هەم (وَلاَ مَرِيضَةٌ) ژنێکی نەخۆش، یان زۆر لاواز– کە بە جیماعکردن تووشی زیان ببێ– نابێ تەسلیمی مێردەکەی بکرێ (حَتَّى يَـزُولَ مَـانِعُ وَطْءٍ) تا ڕێگری جیماع لادەچێ.

﴿ جێگیربوونی مارەیی لە سەر مێردەکە ﴾

بزانە: مارەییەکە ناوبراو بێ، یان مـارەیی هاووێنـە بـێ، بـە دوو شـت هـەمووی لـە سـەر مێردەکە جێگیر دەبێو واجبە بە تەاوی بیداتە ژنەکە:

یەکەم: (وَيَسْتَقِرُّ الْمَهْرُ بِوَطْءٍ) هەموو مارەیی لە سەر مێردەکە جێگیر دەبێ بە جیماعکردن لە گەڵ ژنەکە: وەك ئەندازەی سەری ئەندامەکەیخۆی بیاتە ناو ئەندامی ژنەکە، هەرچەند کچینیشی لانەچێ، هەروەك لە(تحفة)دا فەرموویەتی.

وَإِنْ حَـــرُمَ كَحَـــائِضٍ، وَبِمَـــوْتِ أَحَـــدِهِمَا، لاَ بِخَلْـــوَةٍ فِالْجَدِيـــدِ. (فَصْـــلٌ) نَكَحَهَـــا بِخَمْـــرٍ أَوْ حُـــرٍّ أَوْ مَغْصُـــوبٍ وَجَـــبَ مَهْرُالْمِثْـــلِ، وَفِي قَوْلٍ قِيمَتُهُ، أَوْ بِمَمْلُوكٍ وَمَغْصُوبٍ بَطَلَ فِيهِ وَصَحَّ فِي الْمَمْلُوكِ فِي الأَظْهَرِ،

(وَإِنْ حَرُمَ) هەرچەند جیماعەکەش حەرام بێ: (كَحَائِضٍ) وەك جیماعیحـەیزدار، یـان لـە کونی پشتەوەدا جیماعی لەگەڵ بکا، جا ئەگەر لە دوای جیماعکردن ژنەکەش تەلاق بـدا، یان مارەبڕینەکە هەڵبوەشێندرێتەوە، هیچی لە مارەییەکە لە سەر لا ناچێ، هـەروەك لـە زۆربـەی سەرچـاوەکاندا فەرموویانـە ﴿عَنْ بصرةالأنصاريﷺ: تَزَوَّجْتُ إِمْرَأَةً بِكْراً فَدَخَلْتُ عَلَيْهَا فَإِذَا هِيَ حُبْلَى، فَقَالَ النَّبِيُّﷺ: لَهَاالصَّدَاقُ بِمَا اسْتَحْلَلْتَ مِنْ فَرْجِهَا...﴾ الحديث رواه ابوداود بسند صالح، ژنێك کچ بوو لەخۆم مارە کرد، ئینجا کە جیماعم لەگـەڵ کـرد زانـیم ئاوسەو کچ نیە؟ جا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ژنەکە تەواوی مارەیی لە سەر تۆ هەیە بە هۆی ئەو جیماعەی بە حەلاڵی لەگەڵت کردوە.

دووەم: (وَبِمَوْتِ أَحَدِهِمَا) بە مردنی یەکێکیان پێش جیماعکردن، واتە: ئەگەر تەنها ژنەکە بمرێ، یان تەنها میردەکە بمرێ، تەواوی مارەییەکە لە سەر میردەکە واجب دەبێ، هەرچەند جیماعیشی لەگەڵ نەکردبێ، بە بەڵگەی حەدیسەکەی (بروع بنت واشق)ی پراپردوو لە سەرەتای ئەم باسەدا، جیاوازی نیە ژنو میردەکە: هەردووکیان گەورە بن، یان منداڵ بن، بەڵام ئەگەر ژنەکە–پێش جیماعکردن– میردەکەی خۆی بکوژێ، ئەو کاتە مارەییەکە لە سەر میردەکە لا دەچێ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(لاَ بِخَلْوَةٍ فِیالْجَدِید)بەڵام بە لەگەڵدابوونی ژنەکە–کە بە تەنها بن– هەموو مارەیی واجب نابێ، لە فەرموودەی نوێدا، هەروەها بە لەزەتوەرگرتنو بە تێکردنی (مَنِي)ش هەموو مارەیی واجب نابێ، هەروەك لە(تحفە)دا فەرموویەتی.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی مارەیی دروستو نادروست ﴾

(نَكَحَهَا بِخَمْرٍ) ژنەکەی لە خۆی مارەکرد: بە شەڕاب (أَوْ حُرٍّ) یان بە ئادەمیزادێکی ئازاد (أَوْ مَغْصُوبٍ) یان بەشتێکیزەوتکراو، یان بە هەر شتێکیتر کە ملکی خۆی نەبێ، ئەوانە هیچێکیان دروست نابن ببنە مارەیی، بەڵام مارەبڕینەکە دروست دەبێو هەم (وَجَبَ مَهْرُ الْمِثْلِ) لەجیاتی مارەییە دروست نەبووەکەش مارەیی هاوڕێنە لە سەر میردەکە واجب دەبێ بۆ ژنەکە (وَفِی قَوْلٍ قِیمَتُهُ) لە فەرموودەیەکدا: نرخی مارەییە دروست نەبووەکەی لە سەر واجب دەبێ.

(أَوْ بِمَمْلُوكٍ وَمَغْصُوبٍ) یان مارەی کرد بە شتێك کەملکیخۆی بوو لەگەڵ شتێکی زەوتکراویش، ئەوە (بَطَلَ فِیهِ) مارەییەکە لە زەوتکراوەکەدا بەتاڵ دەبێو (وَصَحَّ فِی الْمَمْلُوكِ) لەوەش کە ملکیخۆیەتی دروست دەبێ (فِی الأَظْهَرِ) لەفەرموودەی بەهێزتردا، وَتَتَخَيَّرُ: فَإِنْ فَسَخَتْ فَمَهْرُ مِثْلٍ، وَفِی قَوْلٍ قِيمَتُهُمَا، وَإِنْ أَجَازَتْ فَلَهَا مَعَ الْمَمْلُوكِ حِصَّةُالْمَغْصُوبِ مِنْ مَهْرِمِثْلٍ بِحَسَبِ قِيمَتِهِمَا، وَفِی قَوْلٍ تَقْنَعُ بِهِ. وَلَوْ قَالَ: زَوَّجْتُكَ بِنْتِی وَبِعْتُكَ ثَوْبَهَا بِهَذَاالْعَبْدِ. صَحَّ النِّكَاحُ وَكَذَا الْمَهْرُ وَالْبَيْعُ فِیالأَظْهَرِ، وَيُوَزَّعُ الْعَبْدُ عَلَىالثَّوْبِ وَمَهْرِمِثْلٍ، وَلَوْ نَكَحَ بِأَلْفٍ عَلَى أَنَّ لأَبِيهَا أَوْ أَنْ يُعْطِيَهُ أَلْفاً فَالْمَذْهَبُ فَسَادُالصَّدَاقِ وَوُجُوبُ مَهْرِالْمِثْلِ،

کەوابو: (وَتَتَخَيَّرُ) ژنەکە سەر پشکە: (فَإِنْ فَسَخَتْ) جا ئەگەر مارەییەکەی هەڵوەشاندەوە، ئەوە (فَمَهْرُ مِثْلٍ) مارەیی هاوڕێنەی بۆ لە سەر میردەکە واجب دەبی (وَفِی قَوْلٍ قِيمَتُهُمَا) لە فەرموودەیەکیشدا نرخی هەردووکیان واجب دەبێ، بەڵام (وَإِنْ أَجَازَتْ) ئەگەر مارەییەکەی پڕیاندو هەڵینەوەشاندەوە، ئەوە (فَلَهَا مَعَ الْمَمْلُوكِ) ژنەکە لەگەڵ ئەوەی بەشە مارەییەکەی ملکی میردەکەی هەیە (حِصَّةُ الْمَغْصُوبِ مِنْ مَهْرِ مِثْلٍ) بەشی زەوتکراوەکەشی لە مارەیی هاوڕێنە هەیە (بِحَسَبِ قِيمَتِهِمَا) بەگوێرەی نرخی هەردووکیان (وَفِی قَوْلٍ تَقْنَعُ بِهِ) لە

فەرموودەیەکدا: دەبی بە تەنها ملّکەکەی میّردەکە قەناعەت بکاو داوای هیچیتر نەکا.
(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر باوکیّك گوتی: (زَوَّجْتُك بِنْتِي وَبِعْتُك ثَوْبَهَا بِهَذَا الْعَبْدِ) کیژەکەی خۆم کردە ژنی تۆو جلەکەیشم فرۆشتتە تۆ بەم کۆیلەیە. ئەوە (صَحَّ النِّكَاحُ) مارەبڕینەکە دروست دەبیّ (وَكَذَا الْمَهْرُ وَالْبَيْعُ فِي الأَظْهَرِ) هەروەها مارەبییەکەو فرۆشتنەکەش دروست دەبن لە فەرموودەی بەهیّزتردا، کەوابو: (وَيُوَزَّعُ الْعَبْدُ عَلَى الثَّوْبِ وَمَهْرِ مِثْلٍ) کۆیلەکە بەش دەکریّ بە سەرجلەکەیو مارەبییە هاووێنەکەیدا.
(وَلَوْ نَكَحَ بِأَلْفٍ) ئەگەر ژنێکی لە خۆی مارە کرد بە هەزار دینار مارەیی بەو مەرجەی: (عَلَى أَنَّ لأَبِيهَا أَوْ أَنْ يُعْطِيَهُ أَلْفًا) هەزار دیناریتریش بۆ باوکی ژنەکە بیّ، یان بۆ کەسێکیتر بیّ، یان بەو مەرجەی هەزار دیناریتریش بداتە باوکی ژنەکە، یان کەسێکیتر، ئەوە مارەبڕینەکە دروست دەبیّ، بەلاّم (فَالْمَذْهَبُ فَسَادُ الصَّدَاقِ) بە فەرموودەیڕاستیمەزهەب: لەو دوو مەسەلانەدا مارەبییە ناوبراوەکە تێك دەچیّو (وَوُجُوبُ مَهْرِ الْمِثْلِ) مارەیی هاووێنە لە سەر میّردەکە واجب دەبیّ بۆ ژنەکە، هەزار دینارەکەش شیربایی‌یەو لە باوکەکە حەڕامە، چونکە هیچ مافی ئەو مەرجەی نیە.
﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر بگوتریّ: (مارەیی هەزار دینار بیّ: نیوەی ئێستا بدریّو نیوەیشی قەرز بیّ). بەلاّم ماوەی قەرزەکە دیاری نەکریّ، یان بگوتریّ: (نیوەی ئێستا بدریّو نیوەیشی قەرز بیّ تا مردن، یان تا تەلاّقدان). ئەوە لە هەردوومەسەلەدا مارەبڕینەکە دروست دەبیّ، بەلاّم مارەبییە ناوبراوەکە تێك دەچیّو دروست نابیّ، کەوابو: مارەیی هاووێنە لە سەر میّردەکە واجب دەبیّ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.
وَلَوْ شَرَطَ خِيَارًا فِي النِّكَاحِ بَطَلَ النِّكَاحُ، أَوْ فِي الْمَهْرِ فَالأَظْهَرُ صِحَّةُالنِّكَاحِ لاَ الْمَهْرِ، وَسَائِرُالشُّرُوطِ إِنْ وَافَقَ مُقْتَضَىالنِّكَاحِ أَوْ لَمْ يَتَعَلَّقْ بِهِ غَرَضٌ لَغَا وَصَحَّ النِّكَاحُ وَالْمَهْرُ، وَإِنْ خَالَفَ وَلَمْ يُخِلَّ بِمَقْصُودِهِ الأَصْلِيِّ كَشَرْطِ أَنْ لاَ يَتَزَوَّجَ عَلَيْهَا أَوْ لاَ نَفَقَةَ لَهَا صَحَّ النِّكَاحُ وَفَسَدَ الشَّرْطُ وَالْمَهْرُ، وَإِنْ أَخَلَّ كَأَنْ لاَ يَطَأَ أَوْ يُطَلِّقَ بَطَلَ النِّكَاحُ،

بەلاّم لەمەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا: بە قەرز دانانی مارەیی تا کاتێکی نەزاندراویش دروستە، چونکە کۆتاییەکەی دەزاندریّ: کە مردنە، یان تەلاّقدانە، هەروەك لە (مجمع الانهر)دا فەرموویەتی، جا ئەگەر مارەبڕینەکە بە مەزهەبی(الشافعي) بکریّ، ئاگاداربە: بە هەلّەدا نەچی.
(وَلَوْ شَرَطَ خِيَارًا فِي النِّكَاحِ) ئەگەر ژنەکە، یان میّردەکە لە ناو مارەبڕینەکەدا بە مەرجی دانا: مافی پەشیمانیی لە مارەبڕینەکەدا هەبیّ، ئەوە (بَطَلَ النِّكَاحُ) مارەبڕینەکە بەتالّ دەبیّ (أَوْ فِي الْمَهْرِ) یان بە مەرجی دانا: مافی پەشیمانیی لە مارەبییەکەدا هەبیّ، ئەوە

(فَالأظْهَرُ) به فەرموودەی بەهێزتر: (صِحَّةُ النِّكَاحِ لاَ الْمَهْرِ) مارەبڕینەکە دروست دەبێ، بەڵام مارەییەکە دروست نابێ، کەوابو: مارەیی هاووێنە واجب دەبێ.

ئێنجا بزانە: هەر مەرجێك لە ناو مارەبڕینەکەدا دانەندرێ، بەڵکو لە دوای مارەبڕین، یان لە پێش مارەبڕین دابندرێ، ئەوەکار لە مارەبڕینو لە مارەیی ناکا، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَسَائِرُ الشُّرُوطِ) گشت مەرجەکانیتریش کە لە ناو مارەبڕینەکەدا دابندرێن: (إِنْ وَافَقَ مُقْتَضَىالنِّكَاحِ) ئەگەر لەگەڵ خوازراوی مارەبڕینەکە تێك بکاتەوە: وەك بە مەرجی بەخێوکردن (أَوْ لَمْ يَتَعَلَّقْ بِهِ غَرَضٌ) یان هیچ مەبەستێکی پەیوەست نەبێ: وەك بەو مەرجەی تەنها ئەو شتە بخوا، ئەوە (لَغَا) مەرجەکە پوچەڵ دەبێ (وَصَحَّ النِّكَاحُ وَالْمَهْرُ) مارەبڕینەکەو مارەییەکە هەردووکیان دروست دەبن.

(وَإِنْ خَالَفَ) بەڵام ئەگەر مەرجەکە لەگەڵ خوازراوی مارەبڕینەکە جیابو و (وَلَمْ يُخِلَّ بِمَقْصُودِهِ الأَصْلِيِّ) زیانیشی بە مەبەستی ژنهێنان نەدەگەیاند: کە جیماعکردنە (كَشَرْطِ أَنْ لاَ يَتَزَوَّجَ عَلَيْهَا) وەك بە مەرجی ژنی بە سەر نەهێنێ (أَوْ لاَ نَفَقَةَ لَهَا) یان بە مەرجی بەخێوی نەکا، ئەوە (صَحَّ النِّكَاحُ) مارەبڕینەکە دروست دەبێ، بەڵام (وَفَسَدَ الشَّرْطُ وَالْمَهْرُ) مەرجەکەو مارەییەکە تێك دەچنو دروست نابن، کەوابو: مارەیی هاووێنە واجب دەبێ (وَإِنْ أَخَلَّ) ئەگەر مەرجەکە زیانی دەگەیاندە مەبەستی ژنهێنان: (كَأَنْ لاَ يَطَأَ) وەك بە مەرجی جیماعی لەگەڵ نەکا (أَوْ يُطَلِّقَ) یان بە مەرجی تەڵاقی بدا، ئەوە (بَطَلَ النِّكَاحُ) مارەبڕینەکە بەتاڵەو دروست نابێ.

وَلَوْ نَكَحَ نِسْوَةً بِمَهْرٍ فَالأَظْهَرُ فَسَادُ الْمَهْرِ — منهاج- بەرگیچوارەم-16

بِفَوْقِ مَهْرِ مِثْلٍ أَوْ أَنْكَحَ بِنْتًا لاَرَشِيدَ

فَسَدَ الْمُسَمَّى وَالأَظْهَرُ صِحَّةُ النِّكَاحِ بِمَهْرِ مِثْلٍ، وَلَوْ تَوَافَقُوا عَلَى مَهْرٍ كَانَ سِرًّا وَأَعْلَنُوا زِيَادَةً، فَالْمَذْهَبُ وُجُوبُ مَا عُقِدَ بِهِ، وَلَوْ قَالَتْ لِوَلِيِّهَا: زَوِّجْنِي بِأَلْفٍ. فَنَقَصَ عَنْهُ بَطَلَ النِّكَاحُ، فَلَوْ أَطْلَقَتْ فَنَقَصَ عَنْ مَهْرِمِثْلٍ بَطَلَ، وَفِي قَوْلٍ يَصِحُّ بِمَهْرِمِثْلٍ، قُلْتُ: اَلأَظْهَرُ صِحَّةُالنِّكَاحِ فِيالصُّورَتَيْنِ بِمَهْرِ الْمِثْلِ وَاللهُ أَعْلَمُ.

(وَلَوْ نَكَحَ نِسْوَةً بِمَهْرٍ) ئەگەر پیاوێك دوو ژن، یان زیاتری مارە کردنو تەنها یەك مارەییشی بۆ هەموویان دانا، ئەوە (فَالأظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر (فَسَادُ الْمَهْرِ) مارەییە ناوبراوەکە تێك دەچێو (وَلِكُلِّ مَهْرُمِثْلٍ) هەر ژنێك مارەییکی هاوێنەی بۆ دادەندرێ.

(وَلَوْ نَكَحَ لِطِفْلٍ) ئەگەر باوك، یان باپیرە ژنێکی لە کوڕێکی نەبالغ مارە کرد (بِفَوْقِ مَهْرِ مِثْلٍ) بە زیاتر لە مارەیی هاوێنە (أَوْ أَنْكَحَ بِنْتًا لاَ رَشِيدَةً) یان کیژێکی کچی نەبالغ، یان

شێتی بە کەمتر لە مارەیی هاووێنە مارە کرد (أَوْ رَشِيدَةً بِكْرًا) یان کیژێکی کچی بالغەو عاقڵەی مارە کرد (بِلاَ إِذْنٍ) بێ ئەوەی ئیزن بدا لە مارەیی هاووێنەی کەمتر بێ (بِدُونِهِ) بە کەمتر لە مارەیی هاووێنە مارەی کرد، ئەوە (فَسَدَ الْمُسَمَّى) لە هەر سێك مەسەلەکەدا مارەییە ناوبراوەکە تێك دەچێ، ئینجا (وَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر لە هەر سێك مەسەلەکەدا (صِحَّةُ النِّكَاحِ بِمَهْرِ مِثْلٍ) مارەبڕینەکە بە مارەیی هاووێنە دروست دەبێ.

(وَلَوْ تَوَافَقُوا عَلَى مَهْرٍ كَانَ سِرًّا) ئەگەر لە نێوان خۆیاندا بە نهێنی لە سەر مارەییەك ڕێك کەوتن: وەك سەد دینار، بەڵام (وَأَعْلَنُوا زِيَادَةً) مارەییەکی‌تری زیاتر لە نهێنییەکەیان ئاشکرا کرد: وەك دوو سەد دینار، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ) بە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب: (وُجُوبُ مَا عُقِدَ بِهِ) ئەو مارەییەی یەکەمجار مارەبڕینەکەی پێکراوە، ئەویان واجب دەبێ، واتە: ئەگەر یەکەمجار بە کەمترەکە کرابێ، کەمترەکە واجب دەبێ، ئەگەر یەکەمجار بە زۆرترەکە کرابێ: زۆرترەکە واجب دەبێ، نهێنێو ئاشکرایی ڕەچاو ناکرێ.

(وَلَوْ قَالَتْ لِوَلِيِّهَا) ئەگەر ئافرەتێکی بالغەو عاقلە بە سەرپەرشتکارەکەی گوت: (زَوِّجْنِي بِأَلْفٍ) مارەم بکە بە هەزار دینار مارەیی (فَنَقَصَ عَنْهُ) سەرپەرشتکارەکەش بە کەمتر لە هەزار دینارەکە مارەی کرد، ئەوە (بَطَلَ النِّكَاحُ) مارەبڕینەکە بەتاڵ دەبێ (فَلَوْ أَطْلَقَتْ) ئەگەر ئافرەتەکە ئیزنی‌دا مارەی‌بکاو باسی مارەیی نەکرد (فَنَقَصَ عَنْ مَهْرِ مِثْلِ) سەرپەرشتکارەکەش بە کەمتر لە مارەیی هاووێنە مارەی کرد (بَطَلَ) مارەبڕینەکە بەتاڵ دەبێ (وَفِي قَوْلٍ يَصِحُّ بِمَهْرِ مِثْلٍ) لە فەرموودەیەکدا: بە مارەیی هاووێنە مارەبڕینەکە دروست دەبێ (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (الأَظْهَرُ صِحَّةُ النِّكَاحِ فِي الصُّورَتَيْنِ بِمَهْرِ الْمِثْلِ، وَاللهُ أَعْلَمُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: مارەبڕینەکە لە هەردوو مەسەلەکەدا

(فَصْلٌ) قَالَتْ رَشِيدَةٌ: زَوِّجْنِي بِلاَ مَهْرٍ. فَزَوَّجَ وَنَفَى الْمَهْرَ أَوْ سَكَتَ فَهُوَ تَفْوِيضٌ صَحِيحٌ، وَكَذَا لَوْ قَالَ سَيِّدُ أَمَةٍ زَوَّجْتُكَهَا بِلاَ مَهْرٍ. وَلاَ يَصِحُّ تَفْوِيضُ غَيْرِ رَشِيدَةٍ، وَإِذَا جَرَى تَفْوِيضٌ صَحِيحٌ فَالأَظْهَرُ أَنَّهُ لاَ يَجِبُ شَيْءٌ بِنَفْسِ الْعَقْدِ، فَإِنْ وَطِئَ فَمَهْرُ مِثْلٍ، وَيُعْتَبَرُ بِحَالِ الْعَقْدِ فِي الأَصَحِّ،

بە مارەیی هاووێنە دروست دەبێ، هەروەك لە تێکدەرەکانی‌تری مارەییشدا بە مارەیی هاووێنە دروست دەبو.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (تَفْوِيض)﴾

واتە: ئافرەت کاری خۆی بداتە دەست سەرپەرشتکارەکەی تاکو بە بێمارەیی مارەی بکا،

(قَالَتْ رَشِيدَةٌ) ئەگەر ئافرەتێکی بالغەو عاقڵە گوتیە سەرپەرشتکارەکەی: (زَوِّجْنِي بِلاَ مَهْرٍ) بە بێمارەیی مارەم بکە (فَزَوَّجَ وَنَفَى الْمَهْرَ) جا سەرپەرشتکارەکەش مارەی کردو گوتی: هیچ مارەییشی نەبێ (أَوْ سَكَتَ) یان بێدەنگ بوو و باسی مارەیی نەکرد (فَهُوَ

تَفْوِيضٌ صَحِيحٌ) ئەوە کاردانەدەستێکی دروستبووە، بەڵام ئەگەر ژنەکە تەنها گوتی: مارەم بکە، واتە: باسی مارەیی نەکرد، ئەوە نابێتە کاردانەدەست، کەوابو: لەم حاڵەتەدا بە خودی مارەبڕینەکە مارەیی هاووێنە لە سەر مێردەکە واجب دەبێ، هەروەک ئەگەر کاردانەدەستەکەش دروست نەبێ ئەو کاتەش بە خودی مارەبڕینەکە مارەیی هاووێنە واجب دەبێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَكَذَا لَوْ قَالَ سَيِّدُ أَمَةٍ) هەروەها ئەگەر گەورەی جاریەیەک بڵێ: (زَوَّجْتُكَهَا بِلاَ مَهْرٍ) جاریەکەمم کردە ژنی تۆ بە بێمارەیی. ئەوەش کاردانەدەستێکی دروستبووە (وَلاَ يَصِحُّ تَفْوِيضُ غَيْرِ رَشِيدَةٍ) کاردانەدەست لە ئافرەتێکی شێتەوە، یان نەبالغەوە دروست نابێ.

جا بزانە: لەو کاردانەدەستەدا جیاوازی کچو بێوەژن نیە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە. (وَإِذَا جَرَى تَفْوِيضٌ صَحِيحٌ) هەر کاتێک کاردانەدەستێکی دروستبوو هاتەجێو سەرپەرشتکارەکە بە بێمارەیی ئافرەتەکەی مارە کرد، ئەوە (فَالأَظْهَرُ أَنَّهُ لاَ يَجِبُ شَيْءٌ بِنَفْسِ الْعَقْدِ) بە فەرموودەی بەهێزتر: بە خودی مارەبڕینەکە هیچ مارەیی لە سەر مێردەکە واجب نابێ، بۆیێ ئەگەر پێش جیماعکردن ژنەکەش تەڵاق بدا نیوەی مارەییی ناکەوێتە سەر، بەڵام (فَإِنْ وَطِئَ) ئەگەر جیماعی لەگەڵ ژنەکە کرد، ئەو کاتە (فَمَهْرُ مِثْلٍ) مارەیی هاووێنە لە سەر مێردەکە واجب دەبێ بۆ ژنەکە، چونکە بە حەڵاڵی جیماعی لەگەڵ کردوە، بەڵگەی حەدیسەکەی (بصرةالانصاري)ی پڕابردوو لە (باسی جێگیربوونی مارەیی)دا (وَيُعْتَبَرُ بِحَالِ الْعَقْدِ) مارەییهاووێنە–بۆ ئەو جۆرە ئافرەتە– پەچاو دەکرێ بە حاڵەتی مارەبڕینەکە (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا.

وَلَهَا قَبْلَ الْوَطْءِ مُطَالَبَةُ الزَّوْجِ بِأَنْ يَفْرِضَ مَهْرًا، وَحَبْسُ نَفْسِهَا لِيَفْرِضَ، وَكَذَا لِتَسْلِيمِ الْمَفْرُوضِ فِيالأَصَحِّ، وَيُشْتَرَطُ رِضَاهَا بِمَا يَفْرِضُهُ الزَّوْجُ، لاَ عِلْمُهُمَا بِقَدْرِ مَهْرِالْمِثْلِ فِيالأَظْهَرِ، وَيَجُوزُ فَرْضُ مُؤَجَّلٍ فِيالأَصَحِّ، وَفَوْقَ مَهْرِمِثْلٍ، وَقِيلَ لاَ إِنْ كَانَ مِنْ جِنْسِهِ، وَلَوْ اِمْتَنَعَ مِنَ الْفَرْضِ أَوْ تَنَازَعَا فِيهِ فَرَضَ الْقَاضِي نَقْدَالْبَلَدِ حَالاً، قُلْتُ: وَيَفْرِضُ مَهْرَمِثْلٍ، وَيُشْتَرَطُ عِلْمُهُ بِهِ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلاَ يَصِحُّ فَرْضُ أَجْنَبِيٍّ مِنْ مَالِهِ فِيالأَصَحِّ، وَالْفَرْضُ الصَّحِيحُ كَمُسَمًّى

(وَلَهَا قَبْلَ الْوَطْءِ مُطَالَبَةُ الزَّوْجِ) ژنەکە بۆی دروستە–لە دوای مارەبڕینەکە– پێش جیماعکردن داوا لە مێردەکەی بکا: (بِأَنْ يَفْرِضَ مَهْرًا) کە مارەییەکی بۆ دابنێ، هەم (وَحَبْسُ نَفْسِهَا لِيَفْرِضَ) بۆی دروستە: خۆی لە مێردەکەی قەدەغە بکا بۆ ئەوەی مارەییەکەی بۆ دابنێ (وَكَذَا لِتَسْلِيمِ الْمَفْرُوضِ) هەروەها بۆی دروستە خۆی لێقەدەغە بکا بۆ ئەوەی مارەییە داندراوەکەشی تەسلیم بکا (فِيالأَصَحِّ) لەفەرموودەی پاستتردا.

(وَيُشْتَرَطُ رِضَاهَا بِمَا يَفْرِضُهُ الزَّوْجُ) بە مەرج دادەندرێ: ژنەکە بەو مارەییە پازی ببێ کە مێردەکەی بۆی دادەنێ (لاَ عِلْمُهُمَا بِقَدْرِ مَهْرِ الْمِثْلِ) بەڵام مەرج نیە: ژنو مێردەکە بزانن مارەیی هاووێنەی ژنەکە چەندە (فِی الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا (وَيَجُوزُ فَرْضُ مُؤَجَّلٍ فِی الأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا دروستە: مارەییەکی قەرزی بۆ دابنرێ، ئەگەر ژنەکە پازی بێ، هەم (وَفَوْقَ مَهْرِ مِثْلٍ) دروستە زیاتر لە مارەییەهاووینەی بۆ دابنرێ (وَقِيلَ لاَ إِنْ كَانَ مِنْ جِنْسِهِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر داندراوەکەو هاووینەکە یەک پەگەز بن دروست نیە زیاتر دابنرێ.

(وَلَوْ امْتَنَعَ مِنَ الْفَرْضِ) ئەگەر مێردەکە پقەکاری کردو مارەییەکەی بۆ ژنەکە دانەنا (أَوْ تَنَازَعَا فِيهِ) یان لە ئەندازەی مارەییە داندراوەکەدا بوە کێشەیان، ئەو کاتە (فَرَضَ الْقَاضِی نَقْدَالْبَلَدِ حَالاً) قازی لە پارەی شارەکە مارەییەکی حازر بۆ ژنەکە لە سەر مێردەکە دادەنێ (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ: (وَيَفرِضُ مَهْرَ مِثْلٍ) قازی مارەیی هاووێنەی حازر لە سەر مێردەکە دادەنێ، کەواتە: (وَيُشْتَرَطُ عِلْمُهُ بِهِ) مەرجە: قازی بزانێ مارەیی هاووێنەی ژنەکە چەندە (وَاللهُ أَعْلَمُ) نەوەك زیاتر، یان کەمتر دابنێ (وَلاَ يَصِحُّ فَرْضُ أَجْنَبِيٍّ مِنْ مَالِهِ) دروست نیە بێگانەیەك لە مالی خۆی–بە بێئیزنیمێردەکە– مارەییەکە بۆ ژنەکە دابنێ (فِی الأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، بەڵام ئەگەر مێردەکە ئیزنی بدا، ئەو کاتە دروستە، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَالْفَرْضُ الصَّحِيحُ) مارەییە دانرداوەکەی دروستبوو لە لایەن قازی، یان لە لایەن ژنو مێردەکەوە (كَمُسَمًّى) وەك ئەو مارەییەیە کە لە ناو مارەبڕینەکەدا داندرابێ، کەوابو: فَيَتَشَطَّرُ بِطَلاَقٍ قَبْلَ وَطْءٍ، وَلَوْ طَلَّقَ قَبْلَ فَرْضٍ وَوَطْءٍ فَلاَ شَطْرَ، وَإِنْ مَاتَ أَحَدُهُمَا قَبْلَهُمَا لَمْ يَجِبْ مَهْرُ مِثْلٍ فِی الأَظْهَرِ، قُلْتُ: اَلأَظْهَرُ وُجُوبُهُ، وَاللهُ أَعْلَمُ. (فَصْلٌ) مَهْرُالْمِثْلِ مَا يُرْغَبُ بِهِ فِی مِثْلِهَا، وَرُكْنُهُ الأَعْظَمُ نَسَبٌ، فَيُرَاعَى أَقْرَبُ مَنْ تُنْسَبُ إِلَى مَنْ تُنْسَبُ إِلَيْهِ، وَأَقْرَبُهُنَّ أُخْتٌ لأَبَوَيْنِ ثُمَّ لأَبٍ ثُمَّ بَنَاتُ أَخٍ ثُمَّ عَمَّاتٌ كَذَلِكَ، فَإِنْ فُقِدَ نِسَاءُ الْعَصَبَةِ أَوْ لَمْ يُنْكَحْنَ أَوْ جُهِلَ مَهْرُهُنَّ فَأَرْحَامٌ كَجَدَّاتٍ وَخَالاَتٍ،

(فَيَتَشَطَّرُ بِطَلاَقٍ قَبْلَ وَطْءٍ) ئەو داندراوەی دوایمارەبڕین بە هۆی تەلاقدانی پێش جیماعکردن دەبێتە نیوە، واتە: نیوەی بۆ مێردەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام (وَلَوْ طَلَّقَ قَبْلَ فَرْضٍ وَوَطْءٍ) ئەگەر پێش دانانەکەو پێش جیماعکردن ژنەکەی تەلاق دا، ئەو کاتە (فَلاَ شَطْرَ) نابێتە نیوە؟ چونکە هیچ مارەیی بە هۆی مارەبڕینەکە لە سەر مێردەکە واجب نەبوە.

(وَإِنْ مَاتَ أَحَدُهُمَا قَبْلَهُمَا) ئەگەر ژنەکە، یان مێردەکە پێش دانانەکەو پێش جیماعکردن مرد (لَمْ يَجِبْ مَهْرُ مِثْلٍ فِی الأَظْهَرِ) مارەیی هاووێنە واجب نابێ، بەڵام (قُلْتُ) ئیمامی

(النواوي) دەفەرموێ (الأَظْهَرُ وُجُوبُهُ) بە فەرموودەی بەهێزتر بە مردنی تەنها یەکێکیان مارەیی هاوونێنە واجب دەبێ لە سەر مێردەکە (وَاللهُ أَعْلَمُ)، بە بەڵگەی حەدیسەکەی (بَرْوَع بنت واشق)ی‌پڕابردوو لە سەرەتای ئەم باسەی مارەییدا.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی پێناسەی مارەیی هاوونێنە ﴾

(مَهْرُ الْمِثْلِ) پێناسەی مارەیی هاوونێنە: (مَا يُرْغَبُ بِهِ فِي مِثْلِهَا) ئەوەیە کە–بەگوێرەی عادەت– بەو مارەییە وێنەی ئەو ئافرەتەیان بوێ (وَرُكْنُهُ الأَعْظَمُ نَسَبٌ) بەشە هەرە گەورەکەی مارەیی هاوونێنە: نەژادە، کەوابو: (فَيُرَاعَى) پەچاو دەکرێ لە خزمەکانی ئافرەتەکە: (أَقْرَبُ مَنْ تُنْسَبُ إِلَى مَنْ تُنْسَبُ إِلَيْهِ) نزیکترین ئافرەت کە نەژادی بچێتەوە سەر ئەو کەسەی کە ئەم ئافرەتەش نەژادی دەچێتەوە سەر هەمان کەسەکە، چونکە لە حەدیسەکەی (بروع بنت واشق)ی‌پڕابردوودا فەرمووی: ﴿لَهَا مِثْلُ صَدَاقِ نِسَائِهَا﴾ ژنەکە مافی مارەیی هاووینەی ئافرەتەکانی‌خۆی هەیە.

ئینجا (وَأَقْرَبُهُنَّ) نزیکترین ئافرەتی نەژاد: (أُخْتٌ لأَبَوَيْنِ) خوشکی لەدایک‌وباوکی‌یە (ثُمَّ لأَبٍ) ئینجا خوشکی تەنها لەباوکی (ثُمَّ بَنَاتُ أَخٍ) ئینجا کیژەکانی برای لەدایک‌وباوکی، ئینجا لەباوکی (ثُمَّ عَمَّاتٌ كَذَلِكَ) ئینجا خوشکەکانی باوک لەدایک‌وباوکی، ئینجا لەباوکی (فَإِنْ فُقِدَ نِسَاءُ الْعَصَبَةِ) جا ئەگەر ئافرەتەکانی لە پشتێ نەبون (أَوْ لَمْ يُنْكَحْنَ) یان مێردیان نەکردبو (أَوْ جُهِلَ مَهْرُهُنَّ) یان نەزاندرا مارەییان چەندە، ئەو کاتە (فَأَرْحَامٌ) ئافرەتەکانی لە پەحمێ پەچاو دەکرێن (كَجَدَّاتٍ) وەکو داپیرەکانی‌و (وَخَالاَتٍ) خوشکەکانی‌دایک‌و...هتد، چونکە ئەوانە لە بێگانە لە پێشترن.

وَيُعْتَبَرُ سِنٌّ وَعَقْلٌ وَيَسَارٌ وَبَكَارَةٌ وَثُيُوبَةٌ وَمَا اخْتَلَفَ بِهِ غَرَضٌ، فَإِنْ اِخْتَصَّتْ بِفَضْلٍ أَوْ نَقْصٍ زِيدَ أَوْ نُقِصَ لاَئِقٌ فِالْحَالِ، وَلَوْ سَامَحَتْ وَاحِدَةٌ لَمْ تَجِبْ مُوَافَقَتُهَا، وَلَوْ خَفَضْنَ لِلْعَشِيرَةِ فَقَطْ أُعْتُبِرَ، وَفِي وَطْءِ نِكَاحٍ فَاسِدٍ مَهْرُمِثْلٍ يَوْمَ الْوَطْءِ، فَإِنْ تَكَرَّرَ فَمَهْرٌ فِي أَعْلَى الأَحْوَالِ، قُلْتُ: وَلَوْ تَكَرَّرَ وَطْءٌ بِشُبْهَةٍ وَاحِدَةٍ فَمَهْرٌ، فَإِنْ تَعَدَّدَ جِنْسُهَا تَعَدَّدَ الْمَهْرُ،

(وَيُعْتَبَرُ) لەگەڵ ئەوەی‌پڕابردووش پەچاو دەکرێ (سِنٌّ) تەمەن‌و (وَعَقْلٌ) عاقڵی‌و (وَيَسَارٌ) دەوڵەمەندی‌و (وَبَكَارَةٌ وَثُيُوبَةٌ) کچایەتی‌و بێوەژنایەتی‌و (وَمَا اِخْتَلَفَ بِهِ غَرَضٌ) هەر سیفەتێکی کە مەبەستێکی پێ‌بگوترێ: وەکو خوێندەواری‌و زانست‌و جوانی‌و داوێنپاکی‌و... هتد، کەواتە: ئەو ئافرەتانەی لە یەکێک لەو سیفەتانەدا هاوبەشی ئەم ئافرەتەنە وێنەی مارەیی ئەوان بۆ ئەمەش پەچاو دەکرێ، جا (فَإِنْ اِخْتَصَّتْ بِفَضْلٍ) ئەگەر تەنها ئەم ئافرەتە سیفەتێکی لەو سیفەتە چاکانەی‌پڕابردووی هەبو (أَوْ نَقْصٍ) یان دژێکی ئەو سیفەتە

چاکانەی هەبو، ئەو کاتە (زِيدَ) بەشێکی ماڕەیی زیاد دەکرێ (أَوْ نُقِصَ) یان کەم دەکرێ: کە (لَائِقٌ فِيالْحَالِ) لە حاڵی ئەم ئافرەتە بوەشێتەوە.

(وَلَوْ سَامَحَتْ وَاحِدَةٌ) ئەگەر یەکێك لەو ئافرەتانەیخزم چاوپۆشیی لە ماڕەییەکەدا کرد، ئەوە (لَمْ تَجِبْ مُوَافَقَتُهَا) لە سەر ئافرەتەکانیتر واجب نیە: وەکو وی چاوپۆشی بکەن، بەڵام (وَلَوْ خَفَضْنَ لِلْعَشِيرَةِ فَقَطْ) ئەگەر ئافرەتەکان تەنها بۆ خزمەکانیخۆیان ماڕەییان کەم دەکردەوە، ئەو کاتە (اُعْتُبِرَ) لە هەمووانیاندا ئەو کەمکردنەوەیە بۆ خزمەکانیان پەچاو دەکرێ.

﴿ ماڕەیی جیماعی بە هەڵەو، زینای بە زۆرداری ﴾

(وَفِي وَطْءِ نِكَاحٍ فَاسِدٍ) لە جیماعی ماڕەبڕینێکیناندروستدا (مَهْرُ مِثْلٍ يَوْمَ الْوَطْءِ) ماڕەیی هاوێنەی کاتیجیماعکردن لە سەر جیماعکەرەکە واجب دەبێ بۆ ئافرەتەکە (فَإِنْ تَكَرَّرَ) جا ئەگەر جیماعکردنەکەی ماڕەبڕینیناندروست زۆر دووبارە بۆوە، ئەو کاتە (فَمَهْرٌ فِي أَعْلَى الأَحْوَالِ) یەك ماڕەیی هاوێنە لە بەرزترین حاڵەتدا واجب دەبێ.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (وَلَوْ تَكَرَّرَ وَطْءٌ بِشُبْهَةٍ وَاحِدَةٍ) ئەگەر جیماعێکی یەك جۆرە هەڵە زۆر دووبارە بۆوە: وەك لە گشت جیماعێکدا وایتێگەیشتبێ ژنیخۆیەتی، ئەو کاتەش (فَمَهْرٌ) یەك ماڕەیی لە بەرزترین حاڵەتدا لە سەر جیماعکەرەکە واجب دەبێ، بەڵام (فَإِنْ تَعَدَّدَ جِنْسُهَا) ئەگەر پەگەزی بەهەڵەداچوونەکە لە یەکێك زیاتر بوو: وەك جارێکیان وایتێبگا ژنیخۆیەتیو جیماعی لەگەڵ بکا، جارێکیشیان بە ماڕەبڕینێکی نادروست جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتە (تَعَدَّدَ الْمَهْرُ) ماڕەیی هاوێنەش دووبارە دەبێتەوە بە ژمارەی پەگەزەکان.

وَلَوْ كَرَّرَ وَطْءَ مَغْصُوبَةٍ أَوْ مُكْرَهَةٍ عَلَى زِنًا تَكَرَّرَالْمَهْرُ، وَلَوْ تَكَرَّرَ وَطْءُ الأَبِ وَالشَّرِيكِ وَسَيِّدٍ مُكَاتَبَةً فَمَهْرٌ، وَقِيلَ مُهُورٌ، وَقِيلَ إِنْ اِتَّحَدَ الْمَجْلِسُ فَمَهْرٌ، وَإِلاَّ فَمُهُورٌ وَاللهُ أَعْلَمُ.

(فَصْلٌ) اَلْفُرْقَةُ قَبْلَ وَطْءٍ مِنْهَا أَوْ بِسَبَبِهَا كَفَسْخِهِ بِعَيْبِهَا

ئینجا بزانە: لەو بەهەڵەداچوونانەیڕابردوودا مەرجە: ئافرەتەکەش بە هەڵەدا بچێو وا تێبگا پیاوەکە مێردیخۆیەتی، چونکە ئەگەر ئافرەتەکە بزانێ پیاوەکە مێردیخۆی نیەو بە خۆشیخۆی ڕێگای بدا جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتە ئافرەتەکە زیناکەرەو مافی هیچ ماڕەییی نیە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، هەم لە باسی (ئەو ئافرەتانەی بە زاواو خەزورایەتی حەڕام بون) ڕوونمان کردەوە.

(وَلَوْ كَرَّرَ وَطْءَ مَغْصُوبَةٍ) ئەگەر پیاوێك جیماعکردنی لەگەڵ (جارية)کیزەوتکراو دووبارە کردەوە (أَوْ مُكْرَهَةٍ عَلَى زِنًا) یان جیماعی لەگەڵ ئافرەتێکی زۆرلێکراو بۆ زینا دووبارە کردەوە، یان زینای لەگەڵ ئافرەتێکی خەوتوو، یان بێهۆش دووبارە کردەوە، ئەوە لە

گشت جیماعێکی ئەو جۆرە ئافرەتانەدا (تَکَرَّرَ الْمَهْرُ) مارەیی هاووێنە دووبارە دەبێتەوە بۆ ئافرەتەکە بە ژمارەی جیماعکردنەکان، واتە: بەڵام ئەگەر تەنها یەک جار جیماع لەگەڵ ئەو ئافرەتانە بکا، ئەوە تەنها یەک مارەیی هاووێنەی لە سەر واجب دەبێ.

ئینجا لە هەموو حاڵەتێکدا سزای زیناشی دەکەوێتە سەر، وە ئەگەر کچینیەکەشی لابردبێ تۆڵەی کچینیەکشی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە بە خۆشیخۆی ڕێگا بدا پیاوەکە جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتە مافی هیچ مارەییو تۆڵەی نیە، چونکە ئەویش زیناکەرە، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَلَوْ تَکَرَّرَ وَطْءُ الأَبِ) ئەگەر جیماعکردنی باوک لەگەڵ جاریەی منداڵی خۆی دووبارە بۆوە (وَالشَّرِیکِ) هەم ئەگەر جیماعی لەگەڵ جاریە هاوبەشەکەدا دووبارە بۆوە (وَسَیِّدِ مُکَاتَبَةٍ) هەم ئەگەر جیماعی گەورەیەک لەگەڵ جاریە نوسراو پێدراوەکە دووبارە بۆوە، ئەوە (فَمَهْرٌ) تەنها یەک مارەیی واجب دەبێ (وَقِیلَ مُهُورٌ) لە فەرموودەیەکیتری بێهێزدا: زۆر ماریی و (وَقِیلَ) لە فەرموودەیەکیتری بێ هێزدا: (إِنْ اتَّحَدَ الْمَجْلِسُ فَمَهْرٌ) ئەگەر لە یەک شوێندا جیماعەکەی کردبێ، ئەوە یەک مارەیی واجب دەبێ (وَإِلاَّ فَمُهُورٌ) بەڵام ئەگەر لە دوو شوێن، یان زیاتر جیماعی لەگەڵ کردبێ، ئەوە زۆر مارەیی واجب دەبن (وَاللهُ أَعْلَمُ).

﴿ فَصْلٌ: لە باسی لاچوون و بە نیوەکردنی مارەیی ﴾

(اَلْفُرْقَةُ قَبْلَ وَطْءٍ) لێکجیابوونەوەی ژن و مێرد ئەگەر پێش جیماعکردن بێ و (مِنْهَا) جیابوونەوەکەش لە ژنەکەوە بێ: وەک ژنەکە بە هۆی عەیبێکی مێردەکە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە، یان بە هەر هۆیەکیتر (أَوْ بِسَبَبِهَا کَفَسْخِهِ بِعَیْبِهَا) یان بە هۆی تُسْقِطُ الْمَهْرَ، وَمَا لاَ: کَطَلاَقٍ وَإِسْلاَمِهِ وَرِدَّتِهِ وَلِعَانِهِ وَإِرْضَاعِ أُمِّهِ أَوْ أُمِّهَا یُشَطِّرُهُ، ثُمَّ قِیلَ: مَعْنَاالتَّشْطِیرِ أَنَّ لَهُ خِیَارَ الرُّجُوعِ، وَالصَّحِیحُ عَوْدُهُ بِنَفْسِ الطَّلاَقِ، فَلَوْ زَادَ بَعْدَهُ فَلَهُ، وَإِنْ طَلَّقَ وَالْمَهْرُ تَالِفٌ فَنِصْفُ بَدَلِهِ مِنْ مِثْلٍ أَوْ قِیمَةٍ، وَإِنْ تَعَیَّبَ فِی یَدِهَا: فَإِنْ قَنِعَ بِهِ، وَإِلاَّ فَنِصْفُ قِیمَتِهِ سَلِیمًا،

ئافرەتەکە بێ: وەک مێردەکە بە هۆی عەیبێکیئافرەتەکە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەو جیابوونەوەیە (تُسْقِطُ الْمَهْرَ) هەموو مارەیی لە سەر مێردەکە لادەدا.

بەڵام (وَمَا لاَ) ئەو جیابوونەوەی بە هۆی ژنەکە نیەو لە ژنەکەشەوە نیە: (کَطَلاَقٍ) وەک تەلاقدان، هەم (وَإِسْلاَمِهِ) وەک موسوڵمانبوونیمێردەکەو (وَرِدَّتِهِ) کافربوونیمێردەکەو (وَلِعَانِهِ) لەعنەتکردنیمێردەکەو (وَإِرْضَاعِ أُمِّهِ) شیردانی دایکیمێردەکە بە ژنە شیرخۆرەکەیو (أَوْ أُمِّهَا) یان شیردانی دایکیژنەکە بە مێردە شیرخۆرەکە، ئەو جیابوونەوەیەش (یُشَطِّرُهُ) مارەییەکە دەکاتە نیوە.

(ثُمَّ قِيلَ مَعْنَىالتَّشْطِيرِ) ئینجا له فەرموودەیەکی بێهێزدا: واتەی کردنە نیوە ئەمەیە: (أَنَّ لَهُ خِيَارَ الرُّجُوعِ) مێردەکە مافی هەیە ئەگەر حەزبکا نیوەی ماڕەییەکە وەربگرێتەوە، بەڵام (وَالصَّحِيحُ) بە فەرموودەی ڕاست: (عَوْدُهُ بِنَفْسِ الطَّلَاقِ) بە خودی تەڵاقدانەکەی پێش جیماع نیوەی‌ماڕەییەکە بۆ مێردەکە دەگەڕێتەوە، خوای‌گەورە دفەرموێ: ﴿وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾ ئەگەر ژنەکانتان تەڵاق دان پێش ئەوەی جیماعیان لەگەڵ بکەن‌و ماڕەییشتان بۆ دانابون، ئەوە نیوەی ئەو ماڕەییەی بۆتان داناون لە سەرتان واجبە بیاندەنێ. ئینجا هۆیەکانی‌تریش (قِياس) کراونە سەر تەڵاقدان، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(فَلَوْ زَادَ بَعْدَهُ) جا ئەگەر لە دوای لێکجیابوونەوە ماڕەییەکە زیادی کرد، ئەوە (فَلَهُ) زێدەییەکە گشتی بۆ مێردەکەیە ئەگەر هەموو ماڕەییەکەی لە سەر لاچوبێ، یان نیوەی بۆ مێردەکەیە ئەگەر نیوەی بۆ گەڕابێتەوە، جیاوازی نیە زێدەییەکە: لە ماڕەییەکە جیا ببێتەوە، یان نا، بەڵام (وَإِنْ طَلَّقَ وَالْمَهْرُ تَالِفٌ) ئەگەر ژنەکەی پێش جیماعکردن تەڵاق دا، ماڕەییەکەش لە دەست ژنەکەدا فەوتابو، ئەوە (فَنِصْفُ بَدَلِهِ مِنْ مِثْلٍ أَوْ قِيمَةٍ) نیوەی تۆڵەی ماڕەییەکە بۆ مێردەکەیە، جا ئەو تۆڵەیەش: وێنەی‌ماڕەییەکە بێ، یان نرخەکەی.

(وَإِنْ تَعَيَّبَ فِي يَدِهَا) ئەگەر ماڕەییەکەی عەیبیی لێپەیدا بوو لە دەستی‌ژنەکەدا، ئەو کاتە (فَإِنْ قَنِعَ بِهِ) ئەگەر مێردەکە بە عەیبداریەوە بە نیوەییەکەی ڕازی بوو، ئەوە باشەو تۆڵەی عەیبەکەشی نادرێتێ (وَإِلَّا) بەڵام ئەگەر ڕازی نەبو، ئەو کاتە (فَنِصْفُ قِيمَتِهِ سَلِيمًا) نیوەی نرخی ماڕەییەکەی لە حاڵەتی بێعەیبی‌دا دەدرێتی.

وَإِنْ تَعَيَّبَ قَبْلَ قَبْضِهَا فَلَهُ نِصْفُهُ نَاقِصًا بِلاَ خِيَارٍ، فَإِنْ عَابَ بِجِنَايَةٍ وَأَخَذَتْ أَرْشَهَا فَالأَصَحُّ أَنَّ لَهُ نِصْفَ الأَرْشِ، وَلَهَا زِيَادَةٌ مُنْفَصِلَةٌ، وَلَهَا خِيَارٌ فِي مُتَّصِلَةٍ، فَإِنْ شَحَّتْ فَنِصْفُ قِيمَةٍ بِلاَ زِيَادَةٍ، وَإِنْ سَمَحَتْ لَزِمَهُ الْقَبُولُ، وَإِنْ زَادَ وَنَقَصَ كَكِبَرِ عَبْدٍ وَطُولِ نَخْلَةٍ وَتَعَلُّمِ صَنْعَةٍ مَعَ بَرَصٍ: فَإِنْ اِتَّفَقَا بِنِصْفِ الْعَيْنِ، وَإِلاَّ فَنِصْفُ قِيمَةٍ،

(وَإِنْ تَعَيَّبَ قَبْلَ قَبْضِهَا) ئەگەر ماڕەییەکە بە خۆی عەیبی لێپەیدا بوو پێش ئەوەی ژنەکە وەری‌بگرێ، ئەوە (فَلَهُ نِصْفُهُ نَاقِصًا بِلاَ خِيَارٍ) نیوەی ماڕەییەکە بە عەیبەوە بۆ مێردەکەیەو مافی پەشیمانیشی نیە.

بەڵام (فَإِنْ عَابَ بِجِنَايَةٍ) ئەگەر بە دەستدرێژیی کەسێك عەیبێکی لێپەیدا بوو (وَأَخَذَتْ أَرْشَهَا) ژنەکەش تۆڵەی عەیبەکەی وەرگرت، ئەوە (فَالأَصَحُّ أَنَّ لَهُ نِصْفَ الأَرْشِ) مێردەکە نیوەی تۆڵەی عەیبەکەشی لەگەڵ نیوەی ماڕەییەکە هەیە.

(وَلَهَا زِيَادَةٌ مُنْفَصِلَةٌ) ئەو زێدەییەی لە ماڕەییەکە جیا دەبێتەوە–ئەگەر لە دوای دانانی

مارەیەکەو پێش لێکجیابوونەوەی ژن‌و مێردەکە لە مارەییەکە پەیدا بوبێ–گشتی بۆ ژنەکەیە: وەك میوەو بێچوو و خوریو کرێی زەوی‌و ئاژەڵو خانوو، واتە: مێردەکە تەنها خودی‌مارەییەکە، یان نیوەییەکەی وەردەگرێتەوە.

بەڵام زیدەییەکانی دوای لێکجیابوونەوەی ژن‌و مێردەکە بۆ مێردەکەنە: بەو جۆرەی پابرا (وَلَهَا خِيَارٌ فِي مُتَّصِلَةٍ) ژنەکە سەرپشکیی هەیە لەو زێدەییانەی بە مارەییەکەوەنەو لێی جیا نابنەوە: وەك قەڵەوی‌و گەورەبوون:

(فَإِنْ شَحَّتْ) جا ئەگەر ژنەکە بەخیلیی کردو چاوپۆشیی لەو زێدەییە نەکرد، ئەوە (فَنِصْفُ قِيمَةٍ بِلاَ زِيَادَةٍ) نیوەی نرخی‌مارەییەکە–لە حاڵەتی بێزێدەیی‌دا– بۆ مێردەکەیە، بەڵام (وَإِنْ سَمَحَتْ لَزِمَهُ الْقَبُولُ) ئەگەر ژنەکە چاوپۆشیی لە زێدەییەکە کرد، واجبە: مێردەکەش قبوڵی بکا.

(وَإِنْ زَادَ وَنَقَصَ) ئەگەر مارەییەکە لە پووێکەوە زیادی کردبو، لە پووێکی‌ترەوە کەمی کردبو: (كَكِبَرِ عَبْدٍ) وەکو گەورەبوونی کۆیلە: بە گەورەبوون بەهێز دەبێ بۆ کارکردن، بەڵام خزمەتی ئافرەتی نامەحرەمی لێقەدەغە دەبێ (وَطُولِ نَخْلَةٍ) وەك درێژبوونی دارخورما: کە بەری کەم دەکاتەوەو داری زۆر دەبێ (وَتَعَلُّمِ صَنْعَةٍ مَعَ بَرَصٍ) وەکو فێربوونی پیشەیەك‌و بەڵەکبوونی کۆیلە، ئەوە لەو حاڵەتەدا (فَإِنْ اتَّفَقَا بِنِصْفِ الْعَيْنِ) ئەگەر هەردووکیان ڕازی بون نیوەی خودی مارەییەکە بۆ مێردەکە بگەڕێتەوە، ئەوە باشە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر ڕازی نەبون ئەوە (فَنِصْفُ قِيمَةٍ) نیوەی نرخی مارەییەکە–بێ زیادەو کەمیی– بۆمێردەکە دەگەڕێتەوە.

وَزِرَاعَةُ الأَرْضِ نَقْصٌ وَحَرْثُهَا زِيَادَةٌ، وَحَمْلُ أَمَةٍ وَبَهِيمَةٍ زِيَادَةٌ وَنَقْصٌ، وَقِيلَ: الْبَهِيمَةِ زِيَادَةٌ، وَإِطْلاَعُ نَخْلٍ زِيَادَةٌ مُتَّصِلَةٌ، وَإِنْ طَلَّقَ وَعَلَيْهِ ثَمَرٌ مُؤَبَّرٌ لَمْ يَلْزَمْهَا قَطْفُهُ، فَإِنْ قَطَفَتْ تَعَيَّنَ نِصْفُ النَّخْلِ، وَلَوْ رَضِيَ بِنِصْفِ النَّخْلِ وَتَبْقِيَةِالثَّمَرِ إِلَىجِدَادِهِ أُجْبِرَتْ فِالأَصَحِّ وَيَصِيرُ النَّخْلُ فِي يَدِهِمَا، وَلَوْ رَضِيَتْ بِهِ فَلَهُ الإِمْتِنَاعُ وَالْقِيمَةُ، وَمَتَى ثَبَتَ خِيَارٌ لَهُ أَوْ لَهَا لَمْ يَمْلِكْ نِصْفَهُ حَتَّى يَخْتَارَ ذُوالإِخْتِيَارِ،

(وَزِرَاعَةُ الأَرْضِ نَقْصٌ) داچاندنی زەوی کەمکردنەوەیە (وَحَرْثُهَا زِيَادَةٌ) کێڵانیشی زیادکردنە (وَحَمْلُ أَمَةٍ وَبَهِيمَةٍ) ئاوسبوونی جاریەو ئاژەڵ (زِيَادَةٌ وَنَقْصٌ) زێدەبوون‌و کەمکردنەوەیە وێکڕا (وَقِيلَ: الْبَهِيمَةِ زِيَادَةٌ) لە فەرمودەیەکی بێهێزدا: ئاوسبوونی ئاژەڵ تەنها زێدەبوونە (وَإِطْلاَعُ نَخْلٍ) دەرکەوتنی هێشوی میوەی دارخورما–لە دوای‌کردنەمارەیی– کە هێشوەکەشی لەت نەبوبێ (زِيَادَةٌ مُتَّصِلَةٌ) زێدەییەکە بە مارەییەکەوەیەو هەمووی بۆ ژنەکەیە، کەواتە: ژنەکە سەرپشکە لە بەخیلیو چاوپۆشیەکەی‌پابردوودا.

جا بزانە: گوتمان میوەی درەختی ماڕەیی–لە دوای کردنە ماڕەیی– بۆ ژنەکەیە، ئینجا (وَإِنْ طَلَّقَ وَعَلَيْهِ ثَمَرٌ مُؤَبَّرٌ) ئەگەر ژنەکەی تەلاق دا، لەو کاتیش هێشوی میوەی دارخورمایەکەی ماڕەیی لەتبوویی بوو، ئەوە (لَمْ يَلْزَمْهَا قَطْفُهُ) لە سەر ژنەکە واجب نیە میوەکەی لێبکاتەوە، بەڵکو مافی هەیە تا کاتی پێگەیشتن بیهێڵێتەوە، بەڵام (فَإِنْ قَطَفَتْ) ئەگەر میوەکەی لێکردەوە، ئەو کاتە (تَعَيَّنَ نِصْفُ النَّخْلِ) تەنها نیوەی دارخورمایەکە بۆ مێردەکە دەگەڕێتەوەو میوەکەش هەمووی بۆ ژنەکەیە.

(وَلَوْ رَضِيَ بِنِصْفِ النَّخْلِ وَتَبْقِيَةِ الثَّمَرِ إِلَى جِدَادِهِ) ئەگەر مێردەکە ڕازی بوو نیوەی دارخورمایەکەی بۆ بگەڕێتەوەو میوەکەش تا کاتی لێکردنەوە بە دەرختەکەوە بمێنێتەوە (أُجْبِرَتْ فِي الأَصَحِّ) ژنەکە زۆری لێدەکرێ بەو مامڵەتە ڕازی ببێ، لە فەرمودەی راستتردا، جا ئەو کاتە (وَيَصِيرُ النَّخْلُ فِي يَدِهِمَا) هەموو دارخورمایەکە بە هاوبەشی دەکەوێتە دەستی هەردووکیان، بەڵام (وَلَوْ رَضِيَتْ بِهِ) ئەگەر ژنەکە بەو مامڵەتەی ڕابردوو ڕازی بوو، ئەوە (فَلَهُ الإِمْتِنَاعُ) مێردەکە بۆی دروستە ڕازی نەبێو (وَالْقِيمَةُ) داوای نرخی نیوەی دارخورمایەکە بکا.

ئینجا بزانە: هەر درەختێک–لە دوای کردنە ماڕەییو پێش تەلاقدان– میوەکەی دەربکەوێ، ئەویش وەکو میوەی لە تبووی دارخورما ئەو بڕیارانەی بۆ دەدرێن، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَمَتَى ثَبَتَ خِيَارٌ لَهُ أَوْ لَهَا) هەر کاتێک سەرپشکی بۆ پیاوەکە، یان بۆ ژنەکە هەبێ بە هۆی زێدەو کەمیی ماڕەییەکە، ئەوە (لَمْ يَمْلِكْ نِصْفَهُ حَتَّى يَخْتَارَ ذُو الإِخْتِيَارِ) مێردەکە نابێتەوە خاوەنی نیوەی ماڕەییەکە تا خاوەنی سەرپشکیەکە لایەکیان هەڵدەبژێرێ.

وَمَتَى رَجَعَ بِقِيمَةِ اُعْتُبِرَالأَقَلُّ مِنْ يَوْمِ الإِصْدَاقِ وَالْقَبْضِ، وَلَوْ أَصْدَقَ تَعْلِيمَ قُرْآنٍ وَطَلَّقَ قَبْلَهُ فَالأَصَحُّ تَعَذُّرُ تَعْلِيمِهِ وَيَجِبُ مَهْرُمِثْلٍ بَعْدَ وَطْءٍ وَنِصْفُهُ قَبْلَهُ، وَلَوْ طَلَّقَ وَقَدْ زَالَ مِلْكُهَا عَنْهُ فَنِصْفُ بَدَلِهِ، فَإِنْ كَانَ زَالَ وَعَادَ تَعَلَّقَ بِالْعَيْنِ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ وَهَبَتْهُ لَهُ ثُمَّ طَلَّقَ فَالأَظْهَرُ أَنَّ لَهُ نِصْفَ بَدَلِهِ،

ئینجا (وَمَتَى رَجَعَ بِقِيمَةٍ) هەر کاتێک مێردەکە نرخی ماڕەییەکەی وەربگرێەوە، ئەوە (اُعْتُبِرَ الأَقَلُّ مِنْ يَوْمَيِ الإِصْدَاقِ وَالْقَبْضِ) کەمترەکە ڕەچاو دەکرێ: لە نرخی ڕۆژی کردنە ماڕەییو نرخی ڕۆژی وەرگرتنی.

(وَلَوْ أَصْدَقَ تَعْلِيمَ قُرْآنٍ) ئەگەر مێردەکە فێرکردنی بەشێکیقورئانی کردە ماڕەیی ژنەکەی، ئەوە دروست دەبێ، چونکە پێغەمبەرﷺ ژنێکی لە پیاوێک مارە کردو فەرمووی: ﴿زَوَّجْتُكَهَا بِمَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ﴾ رواه الشيخان، کردمە جووت لەگەڵ تۆ فێرکردنی ئەوەندە قورئانەی بە خۆت دەیزانی ماڕەیی بێ.

(وَ) هەر کاتێك (طَلَّقَ قَبْلَهُ) ژنەکەی تەلاق دا پێش ئەوەی بەشە قورئانەکەی فێر بکا، ئەوە (فَالأصَحُّ تَعَذُّرُ تَعْلِيمِهِ) بە فەرموودەی ڕاستتر: فێرکردنەکەی زەحمەتەو ناگونجێ؟ چونکە ژنەکە بۆتە بێگانەو تەماشاکردنو لەگەڵ مانەوەیی بە تەنها حەڕامە، کەوابو: (وَيَجِبُ مَهْرُ مِثْلٍ بَعْدَ وَطْءٍ) لەو حاڵەتەدا لە دوای جیماعکردن مارەیی هاووێنە لە سەر مێردەکە بۆ ژنەکە واجب دەبێو (وَنِصْفُهُ قَبْلَهُ) پێش جیماعکردنیش نیوەیی واجب دەبێ.

ئینجا بزانە: ئەوە لەحاڵەتێکدا بوو وای دانابێ بە خۆی فێری بکا، بەڵام ئەگەر فێرکردنەکەی خستبێتە ئەستۆی خۆی، ئەو کاتە واجبە: ئافرەتێك، یان مەحرەمێکی بۆ بەکرێ بگرێ تاکو بەشە قورئانەکەی واجببووی فێر بکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ طَلَّقَ) ئەگەر پێش جیماعکردن ژنەکەی تەلاق دا، ژنەکەش مارەییەکەی وەرگرتبو، هەم (وَقَدْ زَالَ مِلْكُهَا عَنْهُ) مارەییەکەش لە ملکایەتی ژنەکەدا نەمابو: وك فرۆشتبێتی، یان بەخشیبێتی، ئەو کاتە (فَنِصْفُ بَدَلِهِ) نیوەی تۆڵەی مارەییەکە دەدرێتەوە مێردەکە، بەڵام (فَإِنْ كَانَ زَالَ وَعَادَ) ئەگەر لە ملکایەتی ژنەکە لاچوبێو دووبارە گەڕابێتەوە ملکایەتی ژنەکە، ئەو کاتە (تَعَلَّقَ بِالْعَيْنِ فِي الأصَحِّ) مێردەکە دەست بە خودی مارەییەکەوە دەگرێو نیوەیی وەردەگرێتەوە لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَلَوْ وَهَبَتْهُ لَهُ ثُمَّ طَلَّقَ) ئەگەر مارەییە دیارکراوەکەی بەخشیبوە مێردەکەی، ئینجا مێردەکەش لە دوای وەرگرتنی مارەییەکە ژنەکەی تەلاق دا، ئەوە (فَالأظْهَرُ أَنَّ لَهُ نِصْفَ بَدَلِهِ) بە فەرموودەی بەهێزتر: مێردەکە نیوەی تۆڵەی مارەییەکەشی لە سەر ژنەکە وَعَلَى هَذَا لَوْ وَهَبَتْهُ النِّصْفَ فَلَهُ نِصْفُ الْبَاقِي وَرُبُعُ بَدَلِ كُلِّهِ، وَفِي قَوْلٍ اَلنِّصْفُ الْبَاقِي، وَفِي قَوْلٍ يَتَخَيَّرُ بَيْنَ بَدَلِ نِصْفِ كُلِّهِ أَوْ نِصْفِ الْبَاقِي وَرُبُعِ بَدَلِ كُلِّهِ، وَلَوْ كَانَ دَيْنًا فَأَبْرَأَتْهُ لَمْ يَرْجِعْ عَلَيْهَا عَلَى الْمَذْهَبِ، وَلَيْسَ لِوَلِيٍّ عَفْوٌ عَنْ صَدَاقٍ عَلَى الْجَدِيدِ.

(فَصْلٌ) لِمُطَلَّقَةٍ قَبْلَ وَطْءٍ مُتْعَةٌ إِنْ لَمْ يَجِبْ شَطْرُ مَهْرٍ،

هەیە، چونکە پێش تەلاقدان مێردەکە بووەتەوە خاوەنی مارەییەکە، کەوابو: بە هۆی تەلاقدانیش نیوەی مارەییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، مارەییەکەش بە فەوتاو دادەنرێ، کەواتە: نیوەی تۆڵەی مارەییەکەشی لە سەر ژنەکەیە.

(وَعَلَى هَذَا) جا لەسەر ئەم فەرموودە بەهێزترە: (لَوْ وَهَبَتْهُ النِّصْفَ) ئەگەر ژنەکە نیوەی مارەییە دیارکراوەکەی بەخشیبێتە مێردەکەی، ئەو کاتەش (فَلَهُ نِصْفُ الْبَاقِي وَرُبُعُ بَدَلِ كُلِّهِ) مێردەکە نیوەی ئەو بەشەی ماوەتەوەو چوارێکی تۆڵەی هەموو مارەییەکەشی دەدرێتێ (وَفِي قَوْلٍ النِّصْفُ الْبَاقِي) لە فەرموودەیەکدا: ئەو نیوەیەی ماوەتەوە هەمووی

دەدرێتێ (وَفِي قَوْلٍ يَتَخَيَّرُ) لە فەرموودەیەکیشدا مێردەکە سەرپشکە: (بَيْنَ بَدَلِ نِصْفِ كُلِّهِ أَوْ نِصْفِ الْبَاقِي وَرُبُعِ بَدَلِ كُلِّهِ) لە نێوان تۆڵەی نیوەی هەموو مارەییەکەو نیوەی ئەو بەشەی ماوە لەگەڵ چوارێکی تۆڵەی هەمووی.

جا بزانە: ئەوەی‌ڕابردوو لە حاڵەتێکدا بوو کە مارەییەکە دیارکراو بێ، بەڵام (وَلَوْ كَانَ دَيْنًا) ئەگەر مارەییەکە قەرز بوو (فَأَبْرَأَتْهُ) ژنەکەش گەردەنی لە مارەییە قەرزەکە ئازاد کرد، ئینجا لە دوای گەردەن ئازادکردنەکە پێش جیماعکردن تەڵاقیدا، ئەوە (لَمْ يَرْجِعْ عَلَيْهَا عَلَى الْمَذْهَبِ) نابێ مێردەکە بگەڕێتەوە سەر ژنەکە، واتە: دروست نیە هیچی‌تری لێوەربگرێ لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، چونکە مێردەکە هیچی لەدەست نەچوەو، ژنەکەش هیچی لێوەرنەگرتوە.

(وَلَيْسَ لِوَلِيٍّ عَفْوٌ عَنْ صَدَاقٍ) هیچ سەرپەرشتکارێك بۆی دروست نیە: لە مارەیی ژنەکە مێردەکەی عەفو بکاو لێی وەرنەگرێ (عَلَى الْجَدِيدِ) لە سەر فەرموودەی نوێ، چونکە ئەو مافە مافی ژنەکەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِلاَّ أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ﴾ مەگەر ژنەکان مێردەکە عەفو بکەنو هیچ مارەیی لێوەرنەگرن، یان ئەو مێردەی مارەبڕینی بە دەستە ژنەکە عەفو بکاو نیوەمارەییی لێوەرنەگرێتەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (اَلْمُتْعَةُ)، **واتە: بەخشیشی تەڵاقدان** ﴾

(لِمُطَلَّقَةٍ قَبْلَ وَطْءٍ مُتْعَةٌ) ئەو ژنەی پێش جیماعکردن تەڵاقدراوە، مافی (مُتْعَة)ی هەیە، واتە: واجبە: مێردەکەی بەخشیشێکی بداتێ بە هۆی ئەو دڵتەنگکردنە (إِنْ لَمْ يَجِبْ شَطْرُ مَهْرٍ) بەو مەرجەی ژنەکە نیوە مارەییی بۆ واجب نەبوبێ لە سەر مێردەکەی: وەك کاری وَكَذَا لِمَوْطُوءَةٍ فِي الأَظْهَرِ، وَفُرْقَةٌ لاَ بِسَبَبِهَا كَطَلاَقٍ، وَيُسْتَحَبُّ أَنْ لاَ تَنْقُصَ عَنْ ثَلاَثِينَ دِرْهَمًا، فَإِنْ تَنَازَعَا قَدَّرَهُ الْقَاضِي بِنَظَرِهِ مُعْتَبِرًا حَالَهُمَا، وَقِيلَ حَالَهُ، وَقِيلَ حَالَهَا، وَقِيلَ أَقَلَّ مَالٍ. (فَصْلٌ) اِخْتَلَفَا فِي قَدْرِ مَهْرٍ أَوْ صِفَتِهِ تَحَالَفَا،

خۆی دابێتە دەست سەرپەرشتکارەکەیو پێش جیماعکردن تەڵاق درابێ، واتە: ئەگەر پێش جیماعکردن نیوە مارەیی بۆ واجب بوبێ، ئینجا تەڵاق بدرێ ئەوە مافی بەخشیشەکەی نیە (وَكَذَا لِمَوْطُوءَةٍ) هەروەها ئەو ژنەی پاش جیماع لە گەڵ کردنیش تەڵاق دراوە، واجبە: بەخشیشی تەڵاقدانەکەی بدرێتێ (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، خوای‌گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ﴾ تەڵاقدراوەکان مافی بەخشیشی تەڵاقدانیان هەیە بەگوێرەی هەبوویی مێردەکەو لێوەشانەوەی ژنەکە.

(وَفُرْقَةٌ لاَ بِسَبَبِهَا) ئەو لێکجیابوونەوەیەی کە بە هۆی ژنەکە نەبێ، ئەویش (كَطَلاَقٍ) وەك

تەلاقدان بڕیاری بەخشیشەکەی بۆ دەدرێ.
(وَيُسْتَحَبُّ أَنْ لاَ تَنْقُصَ عَنْ ثَلاَثِينَ دِرْهَمًا) سوننەتە: بەخشیشەکە لە نرخی سی دیرهەم، واتە: بیستو یەك میسقالی زیو کەمتر نەبێ، بەڵام لای کەمی کە دروست بێ: شتێکە بە مارّ دابندرێ، ئینجا (فَإِنْ تَنَازَعَا) ئەگەر ژن و مێردەکە لە ئەندازەی بەخشیشەکەدا بووە کێشەیان، ئەو کاتە (قَدَّرَهُ الْقَاضِي بِنَظَرِهِ) قازی بە بۆچوونی‌خۆی ئەندازەی بەخشینەکە دادەنێ (مُعْتَبِرًا حَالَهُمَا) لەو دانانەشدا حاڵی ژنەکەو مێردەکە ڕەچاو دەکا، بەبەڵگەی ئایەتەکەی‌ڕابردوو (وَقِيلَ حَالَهُ) لە فەرموودەیەکی بێ‌هێزدا: حاڵێ مێردەکە (وَقِيلَ حَالَهَا) لە بێ‌هێزێکی‌تردا: حاڵی ژنەکە (وَقِيلَ أَقَلَّ مَالٍ) لە بێ‌هێزێکی‌تردا: کەمترین مارّ دادەنێ.
جا بزانە: لە (فتاوی)ی ئیمامی (النواوی)دا هاتوە: پێویستە ئافرەتان لە بڕیاری ئەم بەخشیشە ئاگادار بکرێنەوە، چونکە نازانن ئەم بەخشیشەیان لە سەر مێردەکەیان واجبە، هەروەك لە (مغنی)دا گیراویەتیەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی کێشەی ژن و مێرد لە مارەییدا ﴾

(اِخْتَلَفَا فِي قَدْرِمَهْرٍ) هەر کاتێك ژنەکەو مێردەکە بووە کێشەیان لە ئەندازەی مارەییەکەدا: وەك مێردەکە بڵێ: هەزار دینارە. ژنەکەش بڵێ: دوو هەزارە (أَوْ صِفَتِهِ) یان بوە کیشەیان لە چۆنیەتی مارەییەکەدا: وەك مێردەکە بڵێ: پانزە میسقال زیوە. ژنەکەش بڵێ: پانزە میسقال زێڕە. یان مێردەکە بڵێ: بە قەرزە. ژنەکەش بڵێ بە حازرە. لەو کێشەیەشدا هیچ لایەکیان شاهیدی نەبو، ئەوە (تَحَالَفَا) هەردووکیان سوێند بۆ یەکتری دەخۆن، بەو شێوەیەی لە کێشەی کڕیارو فرۆشیاردا ڕابرا.
وَيَتَحَالَفُ وَارِثَاهُمَا أَوْ وَارِثُ وَاحِدٍ وَالآخَرُ ثُمَّ يُفْسَخُ الْمَهْرُ وَيَجِبُ مَهْرُمِثْلٍ، وَلَوْ اِدَّعَتْ تَسْمِيَةً فَأَنْكَرَهَا تَحَالَفَا فِالأَصَحِّ، وَلَوْ اِدَّعَتْ نِكَاحًا وَمَهْرَمِثْلٍ فَأَقَرَّ بِالنِّكَاحِ وَأَنْكَرَ الْمَهْرَ أَوْ سَكَتَ فَالأَصَحُّ تَكْلِيفُهُ الْبَيَانَ، فَإِنْ ذَكَرَ قَدْرًا وَزَادَتْ تَحَالَفَا، وَإِنْ أَصَرَّ مُنْكِرًا حَلَفَتْ وَقَضَى لَهَا، وَلَوْ اِخْتَلَفَ فِي قَدْرِهِ زَوْجٌ وَوَلِيُّ صَغِيرَةٍ أَوَمَجْنُونَةٍ تَحَالَفَا فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَتْ نَكَحَنِي يَوْمَ كَذَا بِأَلْفٍ وَيَوْمَ كَذَا بِأَلْفٍ،

هەم (وَيَتَحَالَفُ وَارِثَاهُمَا) میراتگرەکانی هەردووکیشیان–ئەگەر بووە کێشەیان– ئەوانیش سوێند بۆ یەکتری دەخۆن (أَوْ وَارِثُ وَاحِدٍ وَالآخَرُ) یان میراتگری یەکێکیان‌و لایەکەی‌تر سوێند بۆ یەکتری دەخۆن (ثُمَّ) ئینجا لە هەموو ئەو مەسەلانەدا لە دوای‌سوێندخواردنەکە (يُفْسَخُ الْمَهْرُ) مارەییەکە هەڵدەوەشێندرێتەوەو (وَيَجِبُ مَهْرُ مِثْلٍ) مارەیی هاوێنە لە سەر مێردەکە بۆ ژنەکە واجب دەبێ، هەر چەند لە داواکراوەکەی ژنەکەش زۆرتر بێ.
(وَلَوْ اِدَّعَتْ تَسْمِيَةً) ئەگەر ژنەکە داوای ناوهێنانی مارەییەکی زیاتر لە مارەیی هاوێنەی

دەکرد (فَأَنْكَرَهَا) مێردەکەش گوتی ناوی نەهێندراوە. ئەو کاتەش (تَحَالَفَا) هەردووکیان سوێند بۆ یەکتری دەخۆن (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی راستتردا، چونکە ئەنجامی کێشەکە لە ئەندازەی مارەییەکەدایە، کەواتە: مارەیی هاووێنە واجب دەبێ.

(وَلَوْ ادَّعَتْ نِكَاحًا وَمَهْرَ مِثْلٍ) ئەگەر ژنەکە داوای مارەبڕینو مارەیی هاووێنەی کرد (فَأَقَرَّ بِالنِّكَاحِ) مێردەکەش دانی بە مارەبڕینەکەدا هێنا، بەڵام (وَأَنْكَرَ الْمَهْرَ أَوْ سَكَتَ) دانی بە مارەییەکەدا نەهێنا، یان بێدەنگ بوو، ئەوە (فَالأَصَحُّ تَكْلِيفُهُ الْبَيَانَ) بە فەرموودەی ڕاستتر: مێردەکە داوای ڕۆنکردنەوەی مارەییەکەی لێدەکرێ، چونکە مارەبڕین مارەیی دەوێ، جا (فَإِنْ ذَكَرَ قَدْرًا) ئەگەر مێردەکە ئەندازەیەکی مارەییەکەی گوتو (وَزَادَتْ) ژنەکەش گوتی: لەو ئەندازەیە زیاترە، ئەو کاتە (تَحَالَفَا) هەردووکیان سوێند بۆ یەکتری دەخۆن، واتە: ئینجا مارەیی هاووێنە واجب دەبێ، چونکە ئەم کێشەیەش لە ئەندازەی مارەییەکەدایە، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

بەڵام (وَإِنْ أَصَرَّ مُنْكِرًا) ئەگەر مێردەکە سوور بوو لە سەر دانەهێنانەکەی، یان هەر بێدەنگ بوو، ئەو کاتە (حَلَفَتْ وَقَضَى لَهَا) ژنەکە سوێندی گەڕاندرایەوە دەخواو بڕیاری مارەیی هاووێنەی بۆ دەدرێ لە سەر مێردەکەی (وَلَوْ اخْتَلَفَ فِي قَدْرِهِ زَوْجٌ وَوَلِيُّ صَغِيرَةٍ أَوَمَجْنُونَةٍ) ئەگەر مێردەکەو سەرپەرشتکاری ژنێکی منداڵ، یان شێت بووە کێشەیان لە ئەندازەی مارەییەکەدا، ئەوانەش (تَحَالَفَا فِيالأَصَحِّ) سوێند بۆ یەکتری دەخۆن لە فەرموودەی ڕاستتردا، واتە: ئینجا مارەیی هاووێنە واجب دەبێ.

(وَلَوْ قَالَتْ نَكَحَنِي يَوْمَ كَذَا بِأَلْفٍ وَيَوْمَ كَذَا بِأَلْفٍ) ئەگەر ژنەکە گوتی: فلانە ڕۆژە لە خۆی مارە کردم بە هەزار دینار مارەیی، فلانە ڕۆژەش لە خۆی مارەکردم بە هەزار دینار مارەیی. ئینجا وَثَبَتَ الْعَقْدَانِ بِإِقْرَارِهِ أَوْ بِبَيِّنَةٍ لَزِمَهُ أَلْفَانِ، فَإِنْ قَالَ لَمْ أَطَأْ فِيهِمَا أَوْ فِي أَحَدِهِمَا صُدِّقَ بِيَمِينِهِ وَسَقَطَ الشَّطْرُ، وَإِنْ قَالَ كَانَ الثَّانِي تَجْدِيدَ لَفْظٍ لاَ عَقْدًا لَمْ يُقْبَلْ. (فَصْلٌ) وَلِيمَةُالْعُرْسِ سُنَّةٌ، وَفِي قَوْلٍ أَوْ وَجْهٍ وَاجِبَةٌ،

(وَثَبَتَ الْعَقْدَانِ بِإِقْرَارِهِ أَوْ بِبَيِّنَةٍ) هەردوو مارەبڕینەکانیش ئاشکرا بون: بە دانپێداهێنانی خۆی، یان بە شاهیدیی دوو پیاو، یان بە سوێندخواردنی ژنەکە پاش ئەوەی مێردەکە سوێندی نەخوارد، ئەوە(لَزِمَهُ أَلْفَانِ) هەردوو هەزارەکانی لە سەر واجب دەبن بۆ ژنەکە، چونکە دەگونجێ تەلاقێکی کەوتبێو لە دوای تەواوبوونی(عِدَّة) مارەی کردبێتەوە.

بەڵام (فَإِنْ قَالَ لَمْ أَطَأْ فِيهِمَا أَوْ فِي أَحَدِهِمَا) ئەگەر مێردەکە گوتی: لەو دوو مارەبڕینانەدا لە هیچێکیان جیماعم لەگەڵ نەکردوە. یان گوتی: لە یەکێکیاندا جیماعم لەگەل نەکردوە. ئەو کاتە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێو (وَسَقَطَ الشَّطْرُ) نیوەی مارەییی لە سەر لادەچێ: لە هەردووکیاندا، یان لە یەکێکیاندا (وَإِنْ قَالَ كَانَ الثَّانِي تَجْدِيدَ

لَفْظِ) ئەگەر مێردەکە گوتی: مارەبڕینەکەی دووەم نوێکردنەوەی ووشەی مارەبڕینەکە بوو (لاَ عَقْدًا) مارەبڕینی بە پاستی نەبو، ئەوە (لَمْ يُقْبَل) لێی قبولْ ناکرێ.

﴿ **پاشکۆ** ﴾: ئەگەر شتێکی دابوە ژنەکەی، ئینجا گوتی: ئەوە مارەیی بوو. ژنەکەش گوتی: نا، بەڵکو دیاری بوو. ئەوە بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ هەر چەند شتەکەش لە پەگەزی مارەیی نەبێ، هەروەک لە زۆربەی سەر چاوەکاندافەرموویانە.

ئینجا بزانە: ئەگەر ئافرەتێکی داخواز کرد، جا پێش مارەبڕین چەند شتێکی نارد مالّی ئافرەتەکە، یان لەگەڵ خۆیا بردی بە مەبەستی مارەبڕین، نەک بە خۆڕایی، بەڵام داخوازیەکە سەری نەگرتو لایەنێکیان، یان هەردووکیان پەشیمان بونەوە، ئەوە بۆی دروستە: هەموو دیاریەکان بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

ئیتر لە سەرەتای (بەخشین)دا چەند کێشەکمان لەم بابەتە باس کردن، لە باسی (بەخێوکردنی ژن)دا -إن شاءالله- چەند مەسەلەیەکیتر باس دەکەین، پێویستە لێیان ئاگادار بن.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی زیافەتی بوک گواستنەوە** ﴾

(وَلِيمَةُ الْعُرْسِ سُنَّةٌ) زیافەتی بوک گواستنەوە سوننەتێکی (مُؤَكَّدَة)یە، چونکە پێغەمبەرﷺ بەخۆی کردویەتی و فەرمانیشی پێکردوە (وَفِي قَوْلٍ أَوْ وَجْهٍ وَاجِبَةٌ) لە فەرموودەیەکدا: زیافەتی بوک گواستەوە واجبە.

جا بزانە: لای کەمی زیافەتەکە بە هەر جۆرە خواردنێك بێ پێك دێ ﴿عن صفية بنت شيبة رضي الله عنها: أَوْلَمَ النَّبِيُّﷺ عَلَى بَعْضِ نِسَائِهِ بِمُدَّيْنِ مِنْ شَعِيرٍ﴾ رواه البخاری، پێغەمبەرﷺ لە بوک گواستنەوەیەکیخۆیدا بە دوو مستە جۆ زیافەتی کرد. هەروەها لای کەمی زیافەتی تەواو مەڕێکە ﴿عن أنسؓ: لَمَّا تَزَوَّجَ عَبْدُالرَّحْمن بن عَوف قال لَهُ النَّبِيُّﷺ: بَارَكَ اللهُ لَكَ، أَوْلِمْ وَالإِجَابَةُ إِلَيْهَا فَرْضُ عَيْنٍ، وَقِيلَ كِفَايَةٍ وَقِيلَ سُنَّةٌ، وَإِنَّمَا تَجِبُ أَوْ تُسَنُّ بِشَرْطِ أَنْ لاَ يَخُصَّ الأَغْنِيَاءَ،

وَلَوْ بِشَاةٍ﴾ رواه الشيخان، کە (عبدالرحمن) ژنی مارەکرد پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خودا لێتی پیرۆز بکا، زیافەتی بوک گواستنەوە بکە هەر چەند بە یەك مەڕیش بێ.

ئینجا بزانە: کاتی ئەم زیافەتە لە مارەبڕینەوە دەست پێدەکا، بەڵام سوننەتە: لە دوای بە زاوابوون زیافەتەکە بکرێ، کاتی ئەم زیافەتەش هەر بەردەوامەو بە درێژایی تەمەن کۆتایی نایێ، جا ئەگەر دوو ژن، یان زیاتری وێکڕا گواستنەوە، ئەوە ئەگەر بە یەك زیافەت هەموویانی مەبەست بێ، لە لای ئیمامی(الأذرعي) سوننەتەکە پێك دێ، ئەگەر نا، سوننەتە: هەر بوکێك زیافەتێکی سەربەخۆی بۆ بکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا پوون کراوەتەوە.

(وَالإِجَابَةُ إِلَيْهَا فَرْضُ عَيْنٍ) وەلامدانەوە، واتە: چوون بۆ زیافەتی بوک گواستنەوە بە (فَرْض

الْعَيْن) واجبە: لە سەر هەر کەسێکی دەعوەت کرابێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿شَرُّالطَّعَامِ طَعَامُ الْوَلِيمَةِ يُدْعَى إِلَيْهَاالأَغْنِيَاءُ وَيُتْرَكُ الْفُقَرَاءُ وَمَنْ تَرَكَ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَىاللهَ وَرَسُولَهُ﴾ رواه الشيخان، خراپرتین خواردەمەنی خواردەمەنیی بوک گواستنەوەیە؟ چونکە دەوڵەمەندەکان دەعوەت دەکرێنو هەژارەکانیش دەعوەت ناکرێن، جا هەرکەسێك وەڵامی دەعوەتی بوک گواستنەوە نەداتەوە، بە پاستی بەرامبەر خواو پێغەمبەرﷺ گوناهی کردوە.

(وَقِيلَ كِفَايَةٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: چونەکە (فرض الكفاية)یە (وَقِيلَ سُنَّةٌ) لە بێهێزێکیتردا: چوونەکە سوننەتە.

ئینجا بزانە:-جگە لە زیافەتی بوك گواستنەوە- زیافەتی قورئان ختمکردنو کتێب تەواوکردنیش سوننەتە: بە ناوی (اَلْحَذاق)، هەم زیافەتی گەڕانەوە لە سەفەر: بە ناوی (النَّقِيعَة)، هەروەك لە پاشکۆیەکانی بێدەستنوێژیو نوێژی ڕێبواردا ڕابران، هەم زیافەتی خانوو دروستکردنو کڕین: بە ناوی (اَلْوَكِيرَة)، هەم زیافەتی منداڵبوون: بە ناوی (اَلْعَقِيقَة)، هەم زیافەتی کوڕ سوننەتکردن: بە ناوی (الأعذار)، جگە لەوانەش: کە لە (مغنی)دا ژماردونی، دیسان بزانە: وەڵامدانەوەی دەعوەتەکانیتری جگەلە بوك گواستنەوە واجب نیە، بەڵکو سوننەتە، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَإِنَّمَا تَجِبُ أَوْ تُسَنُّ) چوون بۆ زیافەتی بوك گواستنەوە-کە واجبە، یان سوننەتە- بە چەند مەرجێکە: (بِشَرْطِ أَنْ لاَ يَخُصَّ الأَغْنِيَاءَ) بەو مەرجەی بە تایبەتی دەوڵەمەندەکان دەعوەت نەکا، چونکە لە حەدیسەکەیڕابردوودا ئەو جۆرە زیافەتە بە خراپترین زیافەت داندراوە، بەڵام ئەگەر دەعوەتی دەوڵەمەندەکان بە هۆی دەوڵەمەندی نەبو؟ بەڵکو بە تایبەتی: هاوپیشەکانیخۆی، یان دراوسێکانی، یان خزمو عەشیرەتەکەیخۆی دەعوەت وَأَنْ يَدْعُوَهُ فِي الْيَوْمِ الأَوَّلِ، فَإِنْ أَوْلَمَ ثَلاَثَةً لَمْ تَجِبْ فِالثَّانِي، وَتُكْرَهُ فِالثَّالِثِ، وَأَنْ لاَ يُحْضِرَهُ لِخَوْفٍ أَوْ طَمَعٍ فِي جَاهِهِ، وَأَنْ لاَ يَكُونَ ثَمَّ مَنْ يَتَأَذَّى بِهِ أَوْ لاَ يَلِيقُ بِهِ مُجَالَسَتُهُ وَلاَ مُنْكَرٌ،

کردن، ئەوانەش گشتی دەوڵەمەند بون، ئەو کاتە خراپ نیەو واجبە: بچێتە سەر زیافەتەکە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە:

(وَ) هەروەها مەرجە: (أَنْ يَدْعُوَهُ) بە تایبەتی دەعوەتی بکا: بەخۆی یان بە نووسراوێك، یان ناردنی باوەڕپێکراوێك، واتە: ئەگەر دەرگەی مالیخۆی کردەوەو گوتی: هەر کەسێك حەز دەکا بۆ بێتە سەر زیافەت، ئەو کاتە دروستە نەچێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

هەروەها مەرجە: دەعوەتکردنەکەش (فِيالْيَوْمِ الأَوَّلِ) لە ڕۆژیەکەمی زیافەتەکە بێ (فَإِنْ أَوْلَمَ ثَلاَثَةً) ئەگەر بە بێعوزر سێ ڕۆژان زیافەتی کرد، ئەو کاتە (لَمْ تَجِبْ فِيالثَّانِي) لە

رۆژی‌دووه‌مدا له سه‌ری واجب نیه بچێ، به‌ڵکو سوننه‌ته، به‌ڵام (وَتُكْرَهُ فِي‌الثَّالِثِ) ناپه‌سنده له ڕۆژی‌سێیه‌مدا بچێ، ئینجا بزانه: ئه‌گه‌ر سێ ڕۆژه‌کان به هۆی زۆری‌ی خه‌ڵکو به‌رته‌نگی ماڵه‌که‌ی بوو، یان له هه‌ر ڕۆژێکدا به تاییه‌تی جۆره خه‌ڵکێکی‌ده‌عوه‌ت ده‌کرد، ئه‌و کاته ناپه‌سند نیه، به‌ڵکو واجبه بچێ، هه‌روه‌ك له (تحفة)و (نهاية)و حاشیه‌کانیاندا فه‌رموویانه.

(وَ) هه‌روه‌ها مه‌رجه (أَنْ لاَ يُحْضِرَهُ لِخَوْفِ) به هۆی لێترسان ده‌عوه‌تی نه‌کا (أَوْ طَمَعٍ فِي جَاهِهِ) یان ته‌ماع له سودوه‌رگرتنی پله‌و پایه‌ی نه‌کا، به‌ڵکو ته‌نها له به‌ر لێك نزیکبوونه‌وه‌و خۆشویستن بێ، ئینجا بزانه: پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێ: ﴿إِذَا اِجْتَمَعَ الدَّاعِيَانِ فَأَجِبْ أَقْرَبَهُمَا بَاباً، وَإِنْ سَبَقَ أَحَدُهُمَا فَأَجِبِ الَّذِي سَبَقَ﴾ رواه احمد وابوداود بسند صالح، هه‌ر کاتێك دوو که‌س وێکڕا ده‌عوه‌تیان کردی، ئه‌وه کامه‌یان نزیکتره: به خزمایه‌تی، یان به دراوسێیی، وه‌ڵامی ئه‌ویان بده‌وه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر یه‌کێکیان پێشتر ده‌عوه‌تی کردی، ئه‌و کاته وه‌ڵامی پێشکه‌وتووه‌که بده‌وه.

هه‌روه‌ها مه‌رجه: زیافه‌تکه‌ره‌که موسوڵمان بێو سته‌مکارو فاسقو پیاوخراپ نه‌بێو هه‌م ده‌عوه‌تکراوه‌که‌ش عوزرێکی نوێژ به جه‌ماعه‌تنه‌کردنی نه‌بێ.

هه‌م (وَأَنْ لاَ يَكُونَ ثَمَّ مَنْ يَتَأَذَّى بِهِ) مه‌رجه شوێنی زیافه‌ته‌که‌ش که‌سێکی وه‌های لێنه‌بێ که ده‌عوه‌تکراوه‌که پێی توشی ئازارو دڵته‌نگی ببێ: به هۆی دوژمنایه‌تی، یان سوکایه‌تیی پێ بکا (أَوْ لاَ يَلِيقُ بِهِ مُجَالَسَتُهُ) یان دانیشتن له‌گه‌ڵ ئه‌و جۆره‌که‌سانه‌دا شیاوی ده‌عوه‌تکراوه‌که نه‌بێ: وه‌ك گاڵته‌چیو گۆرانیبێژو سوك‌وچروکه‌کانی‌تر.

هه‌م (وَلاَ مُنْكَرٌ) له شوێنی زیافه‌ته‌که‌شدا شتی بێشه‌رعی نه‌بێ: وه‌ك تێکه‌ڵبوونی ئافره‌تو پیاوی نامه‌حرەم، یان ته‌نها ته‌ماشای یه‌کتری بکه‌ن، یان ته‌پڵو زورناو موسیقاو ئه‌و جۆره

فَإِنْ كَانَ يَزُولُ بِحُضُورِهِ فَلْيَحْضُرْ وَصُورَةُ حَيَوَانٍ عَلَى سَقْفٍ أَوْ جِدَارٍ أَوْ وِسَادَةٍ أَوْ

شتانه به‌کار بێ، به‌ڵام (فَإِنْ كَانَ يَزُولُ بِحُضُورِهِ) ئه‌گه‌ر به ئاماده‌بوونی وی ئه‌و بێشه‌رعی‌یه لاده‌چو، ئه‌و کاته (فَلْيَحْضُرْ) واجبه: ئاماده ببێ، تاکو وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ده‌عوه‌تو لابردنی بێشه‌رعی وه‌ده‌ست بێنێ، جا ئه‌گه‌ر نه‌یزانی ئه‌و بێشه‌رعی‌یه هه‌یه تا له شوێنه‌که ئاماده بوو، ئه‌و کاته قه‌ده‌غه‌یان ده‌کا له بێشه‌رعیه‌که، جا ئه‌گه‌ر وازیان لێنه‌هێنا، ئه‌و کاته واجبه: له شوێنه‌که بڕواته ده‌ره‌وه، مه‌گه‌ر له خۆی بترسێ، ئه‌و کاته با بمێنێته‌وه‌و به دڵیش ڕقی لێی ببێته‌وه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وانش دانه‌نیشێ، هه‌روه‌ك له زۆربه‌ی سه‌رچاوه‌کاندا فه‌رموویانه.

﴿ باسی هه‌بوونی وێنه‌و، وێنه دروستکردن ﴾

(وَمِنَ الْمُنْكَرِ) هه‌ندێك له بێشه‌رعیه‌کانی‌ده‌عوه‌ت (فِرَاشُ حَرِيرٍ)

پایەخی ئاوریشمە، هەروەك لە باسی (جلوبەرگ)دا پوونمان کردوە، هەم (وَصُورَةُ حَيَوَانٍ) هەبوونی وێنەی گیانلەبەرە: وەکو ئادەمیزادو ئاژەڵو باڵندە–کە بە شێوەی ڕێزلێنانەوە داندرابێ–: وەك (عَلَى سَقْفٍ) بە سەر بانێکەوە بێ (أَوْ جِدَارٍ) یان بە دیوارێکەوە (أَوْ وِسَادَةٍ) یان بالیفی پاڵوێدان (أَوْ سِتْرٍ) یان پەردەیەکی هەڵواسراو (أَوْ ثَوْبٍ مَلْبُوسٍ) یان جلێکی دەبەرکراو، هەرچەند لە سەر زەویش داندرا بێ ﴿عن عائشةرضي الله عنها: قَدِمَ النَّبِيُّﷺ مِنْ سَفَرٍ وَقَدْ سَتَرْتُ عَلَى بَابِي دُرْنُوكاً فِيهِ الْخَيْلُ ذَوَاتُ الأَجْنِحَةِ فَأَمَرَنِي فَنَزَعْتُهُ﴾ وفیروایەت: ﴿فَقَطَعْنَا مِنْهُ وِسَادَةً أَوْ وِسَادَتَيْنِ﴾ رواه الشيخان، پێغەمبەرﷺ لە سەفەر هاتەوە، منیش پەردەیەکەم بە سەر دەرگاکەم دادابو، وێنەی ئەسپی بە بالّی تێدابو، پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکردم: پەردەکەم لێکردەوە، ئینجا پەردەکەمان کردە پارچە، سەرینێك، یان دوو سەرینمان لێدروست کردن.

هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْمَلاَئِكَةَ لاَتَدْخُلُ بَيْتاً فِيهِ الصُّوَرُ﴾ رواه الشيخان، مەلائیکەی ڕەحمەت ناچنە ناو ئەو ژوورەی وێنەی تێدایە.

ئینجا بزانە: (شرح مسلم)و (تحفة) لە سەر ئەو فەرموودەنە: کە ئەگەر وێنەکە حەڕامیش نەبێ، (ملائكة)ی ڕەحمەت هەر ناچنە ژوورەکە، ئەم حەدیسەش پاڵپشتیانە، بەڵام ئیمامی (الخطابي)و قازی (عياض)و ئیمام (أحمدالرملی) لە سەر ئەو فەرموودەنە: کە ئەگەر وێنەکە حەڕام نەبێ، (مەلائیکە)ی ڕەحمەت دەچنە ژوورەکە، جا حەدیسەکەی (جُبْرائِل)ی داهاتوو ئەم فەرموودەیە بەهێز دەکا، بەڵام لە (شرح مسلم)دا فەرموودەی ئەوانەی بە بێهێز داناوە، دیسان بزانە: بۆ ئێمەی ئادەمیزاد ناپەسندە بچینە ناو ئەو ژوورەی وێنەی –بە ڕێزلێنانەوە– تێدا داندراوە، هەروەك لە (نهاية)و (مغنی)دا فەرموویانە، بەڵام لە (تحفة)دا لای حەڕامی گرتوە.

وَيَجُوزُ مَا عَلَى أَرْضٍ وَبِسَاطٍ وَمِخَدَّةٍ، وَمَقْطُوعُ الرَّأْسِ وَصُورَةُ شَجَرٍ، وَيَحْرُمُ تَصْوِيرُ حَيَوَانٍ،

(وَيَجُوزُ) دروستە لە شوێنی ئەو وێنانە ئامادە ببێ، کە بە شێوەی ڕێزلێنان دانەندراون: وەك (مَا عَلَى أَرْضٍ وَبِسَاطٍ وَمِخَدَّةٍ) ئەو وێنانەی سەر زەوی و ڕایەخ و سەرینی خەوتنو ئەو جۆرە شتانەی زەلیل دەکرێن، چونکە ئەو جۆرە وێنانە دروستن بە بەڵگەی حەدیسەکەی (عائشة)ی ڕابردوو و حەدیسەکەی داهاتوو.

هەم (وَمَقْطُوعُ الرَّأْسِ) وێنەی سەر لێکرایەوەش دروستە، هەروەها ئەو وێنەیەش دروستە کە لای خوارەوەی بە ئەندازەیەکی وەها لێکراوەتەوە: کە بە بێ ئەو ئەندازەیە ناژیێ، هەروەك لە (تحفة)و (الشرواني)دا فەرموویانە ﴿عن أبهريرةرضي الله عنه: إِسْتَأْذَنَ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السلام عَلَى النَّبِيِّﷺ فَقَالَ: أُدْخُل. فَقَالَ: كَيْفَ أَدْخُلُ وَفِي بَيْتِكَ سِتْرٌ فِيهِ تَصاوِيرُ؟ فَإِمَّا أَنْ تُقْطَعَ رُءُوسُها

أَوْ تُجْعَلَ بِساطاً يُوطَأُ﴾ رواه اصحاب السنن بسند صحيح، پێغەمبەرﷺ بە حەزرەتی جوبرائیلی فەرموو: وەرە ژوورەوە. حەزرەتیجوبرائیل عليه السلام فەرمووی: چۆن بێمە ژوورەوە، لە ژوورەکەتدا پەردەیەک هەیە وێنەی تێدانە؟ جا: یان دەبی سەری وێنەکان لێبکرێتەوە، یان پەردەکە بکرێتە پایەخو بە سەری بکەون.

(وَصُورَةُ شَجَرٍ) هەروەها وێنەی درەختو گشت ئەو شتانەش دروستە کە گیانلەبەر نیە: وەک چیاو رۆژو مانگ...هتد، هەوەها بوکۆلّەو گشت ئەو وێنانەی کیژەکان یاری پێ دەکەن دروستە، چونکە حەزرەتی(عائشة) لە بەر چاوی پێغەمبەرﷺ یاریی پێدەکردن، هەروەک لە (صحيح مسلم)دا گێڕدراوەتەوە، واتە: تاکو بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لێڕابێن.

ئینجا بزانە: تا ئێرە باسی هەڵکرتنی وێنە بوو، بەڵام (وَيَحْرُمُ تَصْوِيرُحَيَوَانٍ) دروستکردنی وێنەی گیانلەبەر حەرامەو لە گوناهە گەورەکانە، هەروەک لە (شرح مسلم)و (تحفة)دا فەرموویانە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَاباً يَوْمَ الْقِيَامَةِ اَلْمُصَوِّرُونَ﴾ رواه الشيخان، لە هەموو کەسێک کە سزایەکەی بەهێزترە لە ڕۆژی قیامەت وێنەکەرەکانن.

ئینجا بزانە: جیاوازی نیە وێنەکە: لە سەر دیوار دروست بکرێ، یان لە سەر زەوی و جلو بەرگ، یان هەر شتێکیتر کە ڕێزی لێنەندرێ، بەڵام دروستکردنی وێنەی درەختو چیاو هەر شتێکی کە گیانلەبەر نەبێ دروستە، هەروەها دروستکرنی وێنەی بە بێسەرو بە بێنیوەی لای خوارەوەش دروستە، هەروەک لە (تحفة)و (الشرواني)دا فەرموویانە.

دیسان بزانە: لە مەسەلەی وێنەدانانو وێنەکردندا جیاوازی نیە وێنەکە: سێبەری هەبێ –وەک لە بەردو قورو نایلۆن دروست کرابێ– یان نەیبێ: وەک لە سەر کاغەزو دیوارو ئەو جۆرە شتانە دروست کرابێ، هەروەک لە (شرح مسلم)دا ڕوون کراوەتەوە.

بەڵام زۆربەی زانایانی ئەم سەردەمە وێنەگرتنی بە کامێرا بە حەڵاڵ دەزانن، چونکە کامێرایەکە وێنەکە وەردەگرێ، نەک مرۆڤەکە، والله أعلم.

وَلاَ تَسْقُطُ إِجَابَةٌ بِصَوْمٍ، فَإِنْ شَقَّ عَلَىالدَّاعِي صَوْمُ نَفْلٍ فَالْفِطْرُ أَفْضَلُ، وَيَأْكُلُ الضَّيْفُ مِمَّا قُدِّمَ لَهُ بِلاَ لَفْظٍ، وَلاَ يَتَصَرَّفُ فِيهِ إِلاَّ بِالأَكْلِ، وَلَهُ أَخْذُ مَا يَعْلَمُ رِضَاهُ بِهِ، وَيَحِلُّ نَثْرُ سُكَّرٍ وَغَيْرِهِ فِالإِمْلاَكِ، وَلاَ يُكْرَهُ فِالأَصَحِّ، وَيَحِلُّ اِلْتِقَاطُهُ، وَتَرْكُهُ أَوْلَى.

﴿ باسی چەند ڕەووشتێکی خواردن ﴾

(وَلاَ تَسْقُطُ إِجَابَةٌ بِصَوْمٍ) وەڵامدانەوەی زیافەتی بوک گواستنەوە لە سەر دەعوەتکراوەکە لاناچێ بە هۆی ڕۆژوو، پێغەمبەرﷺ دفەرموێ: ﴿إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ كَانَ صَائِمَاً فَلْيُصَلِّ وَإِنْ كَانَ مُفْطِراً فَلْيَطْعَمْ﴾ رواه مسلم، هەر کاتێک یەکێکتان دەعوەت کرا، با بچێتە دەعوەتەکە، جا ئەگەر بەڕۆژوو بوو با دوعا بۆ زیافەتکەرەکەبکا، ئەگەر بە ڕۆژوو نەبو با بخوا. (فَإِنْ شَقَّ عَلَىالدَّاعِي صَوْمُ نَفْلٍ) جا ئەگەر بەڕۆژووبوونی سوننەت ئازاری

زیافەتکەرەکەی دەدا، ئەو کاتە (فَالْفِطْرُ أَفْضَلُ) ڕۆژووەکەی بشکێنێ خێرترە، تاکو دڵی زیافەتکەرەکە خۆش بکا، بەڵام حەرامە ڕۆژووی واجب بشکێنێ.

(وَيَأْكُلُ الضَّيْفُ مِمَّا قُدِّمَ لَهُ بِلاَ لَفْظٍ) دروستە: میوان لەو خواردنە بخوا کە لە پێشی داندراوە بێئەوەی بە زوبان پێی بڵێن: بخۆ. بەڵام ئەگەر چاوەڕوانی کەسێکیتر دەکرا، ئەو کاتە دروست نیە بە بێئیزن بخوا.

(وَلاَ يَتَصَرَّفُ فِيهِ إِلاَّ بِالأَكْلِ) دروست نیە میوان جگە لە خواردن هیچ دەسکاریەکیتر لە خواردەمەنیەکەدا بکا: وەک فرۆشتنو بەخشینو دەرخوارددانی کەسێکیتر، چونکە خواردەمەنیەکە ملکی خۆی نیە، بەڵکو بە قوتدان دەبێتە ملکی خۆی، بەڵام دروستە: پاروو بۆ ئەوکەسە بکا کە لەگەڵی دایە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَهُ أَخْذُ مَا يَعْلَمُ رِضَاهُ بِهِ) بۆ میوان دروستە: بە بێئیزن ئەو جۆرە شتە لە مالی خانەخۆی ببا: کە دەزانێ خانەخۆیەکە بە بردنی ڕازیەو پێی ناخۆش نیە، جیاوازی نیە شتەکە: پارە بێ، یان خواردەمەنی، هەروەها بۆ مرۆڤ دروستە: بە بێئیزن کەلوپەلی دۆستی خۆی بە کار بێنێو سواری وڵاغەکەی ببێو هەم خواردەمەنیەکەی بخواو لەگەڵ خۆیا بیباتەوە بۆ ماڵی خۆی، هەم پارە بردنو گشت دەستکاریەکانیتریشی بۆ دروستن بەو مەرجەی بزانێ دۆستەکەی ڕازیەو پێی ناخۆش نیە، هەروەک لە (شرح مسلم)دا فەرموویەتی.

(وَيَحِلُّ نَثْرُ سُكَّرٍ وَغَيْرِهِ) حەڵاڵە شەکرو شتیتریش: وەکو پارەو چواله بە بڵاوی فڕێ بدرێ (فِي الإِمْلاَكِ) لە مارەبڕینو گشت دەعوەتەکانیتردا (وَلاَ يُكْرَهُ) ئەو فڕێدانەی بە بڵاوی ناپەسند نیە (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا، بەڵکو نەکرێ باشترە، بەڵام وا باشترە لە دانیشگەی مارەبڕیندا شیرنایەتی بەش بکرێ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی (وَيَحِلُّ الْتِقَاطُهُ) حەڵاڵە شتە فڕێدراوەکە هەڵبگریتەوە، بەڵام (وَتَرْكُهُ أَوْلَى) وازی لێبێنی باشترە.

(كِتَابُ الْقَسْمِ وَالنُّشُوزِ)

يَخْتَصُّ الْقَسْمُ بِزَوْجَاتٍ، وَمَنْ بَاتَ عِنْدَ بَعْضِ نِسْوَتِهِ لَزِمَهُ عِنْدَ مَنْ بَقِيَ،

﴿ **پاشکۆ** ﴾: سوننەتە پێش خواردن دەستەکانی بشواو لە سەرەتای خواردنو خواردنەوەدا (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بکا، جا ئەگەر لە سەرەتادا لە بیری چوو، با لە کاتی خواردنو خواردنەوەدا بڵێ: ﴿بِسْمِ اللهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ﴾ رواه أبوداود بسندصحيح، ئینجا لە دوای خواردنو خواردنەوە بڵێ: ﴿اَلْحَمْدُ للهِ الَّذى أَطْعَمَنَا وَسَقَانَا وَجَعَلَنَا مُسْلِمِينَ﴾ حدیث حسن رواه أصحاب السنن، ئینجا دوعا بۆ خانەخۆیەکە بکاو بڵێ: ﴿أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ وَأَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ﴾ رواه أبوداود بسند صالح.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَأْكُلْ بِيَمِينِهِ وَإِذَا شَرِبَ فَلْيَشرَبْ

بِيَمِينِهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ وَيَشْرَبُ بِشِمَالِهِ﴾ رواه مسلم، بە دەستیپاستەتان بخۆنو بخۆنەوە، چونکە شەیتان بە دەستیچەپەی دەخواو دەخواتەوە.

جا بزانە: حەڕامە بێدەعوەتکردن بۆ خواردن بڕواتە شوێنی زیافەتەکە، هەم حەڕامە دەعوەتکراوەکەش بە بێئیزنی زیافەتکەرەکە خەڵکیتر لەگەڵ خۆیا ببا، هەروەها سوننەتە خاوەن مالّ زۆر بەخێرهاتنی میوان بکاو ڕێزی لێبنێ، ئیتر بۆ گشت کەسێك ناپەسندە: پاروویی گەورە بکاو لە سەر خواردن چڵمو بەڵغەم هەڵکەنێو قرپ بکاو دەستی خۆی بوەشێنێتە ناو خواردنەکەو لەو لاو لەو لای قاپەکە بخوا، بەڵکو لە لای پێشەخۆی بخوا، مەگەر میوەی جۆراو جۆری تێدابێ، ئەو کاتە ناپەسند نیە لە هەر لایەك بخوا، ئینجا کە میوانەکە ڕۆیشت سوننەتی تا دەرگەیخانووەکە لەگەڵی بڕوا بۆ خواحافیزی، ئیتر چەند ڕەووشتێکیتریش ماون لە بەر درێژی نەماننوسین، ئەوەندەشمان لە (مغنی) وەرگرتون.

﴿ كِتَابُ الْقَسْمِ: پەڕتوکی نۆبەتی شەوێو (وَالنُّشُوزِ) گوێڕایەڵنەبوونی ژن ﴾

(يَخْتَصُّ الْقَسْمُ بِزَوْجَاتٍ) واجببوونی نۆبەتی شەوێ تایبەتە بە دوو ژن و زیاتر، کەواتە: (وَمَنْ بَاتَ عِنْدَ بَعْضِ نِسْوَتِهِ) هەر کەسێك ئەندازەیەك لە لای ژنێکی بمێنێتەوە (لَزِمَهُ عِنْدَ مَنْ بَقِيَ) لە سەری واجبە: بەو ئەندازەیەش لە لای ژنەکانیتری بمێنێتەوە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿مَنْ كَانَتْ لَهُ اِمْرَأَتَانِ فَمَالَ إِلَىٰ إِحْدَاهُمَا دُونَ الأُخْرَى جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ مَائِلٌ﴾ رواه اصحاب السنن بسند صحيح، هەر کەسێك دوو ژنی هەبنو بە تایبەتی ڕووی خۆی بداتە یەکێکیانو نەیداتە ئەوەیتریش، ئەوە کە لە ڕۆژی قیامەت دێتە مەیدانی مەحشەر لاتەنیشتەکەی خواڕە.

ئینجا بزانە: یەکسانی تەنها لە هاتوچۆ و مانەوەی شەوێو ڕۆژێدا واجبە، بەڵام لە خۆشویستنو لە جیماعکردنو لە لەزەتەکانیتردا یەکسانی واجب نیە؟ چونکە وَلَوْ أَعْرَضَ عَنْهُنَّ أَوْ عَنِ الْوَاحِدَةِ لَمْ يَأْثَمْ، وَيُسْتَحَبُّ أَنْ لاَ يُعَطِّلَهُنَّ، وَتَسْتَحِقُّ الْقَسْمَ مَرِيضَةٌ وَرَتْقَاءُ وَحَائِضٌ وَنُفَسَاءُ، لاَ نَاشِزَةٌ، فَإِنْ لَمْ يَنْفَرِدْ بِمَسْكَنٍ دَارَ عَلَيْهِنَّ فِي بُيُوتِهِنَّ، وَإِنْ اِنْفَرَدَ فَالأَفْضَلُ الْمُضِيُّ إِلَيْهِنَّ، وَلَهُ دُعَاؤُهُنَّ،

خۆشویستنو حەزبۆچونی جیماع لە دەستەڵاتی پیاودا نیە، بۆیێ خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ﴾ ئێوە ناتوانن لە هەموو ڕوویکەوە دادپەروەری بکەن لە نێوان ژنەکاندا هەرچەند زۆریش هەوڵ بدەن، کەوابو: هەموو ڕووی خۆتان مەدەنە یەکێکیانو ئەوی‌تریش بە هەڵواسراوی وەك بێمێرد بهێڵنەوە.

هەروەها پێغەمبەرﷺ بە یەکسانی لە لای ژنەکانی دەمایەوەو دەیفەرموو: ﴿اَللَّهُمَّ هَذا

قَسْمِي فِيمَا أَمْلِكُ، فَلاَ تَلُمْنِي فِيمَا تَمْلِكُ وَلاَ أَمْلِكُ﴾ رواه أصحاب السنن بسند صالح، خوایە ئەمە بەشکردنی خۆمە کە لە دەسەلاتمدایە، خوایە لێم مەگرە لەوەی لە دەسەلاتی تۆ دایەو لە دەسەلاتی مندا نیە. واتە: کە بەلاداچوونی دڵی پیاوە.

(وَلَوْ أَعْرَضَ عَنْهُنَّ) ئەگەر مێردەکە وازی لە هەموو ژنەکانی هێناو لە لای هیچیان نەماوە (أَوْ عَنِ الْوَاحِدَةِ) یان وازی لە تەنها ژنەکەی هێنا لەو حاڵەتەی جگە لەو ژنە هیچ ژنێکیتری نەبێ، ئەوە (لَمْ يَأْثَمْ) گوناهبار نابێ، بەڵام (وَيُسْتَحَبُّ أَنْ لاَ يُعَطِّلَهُنَّ) سوننەتە: لە کاری ژنو مێردایەتیان نەخا، واتە: لە لایان بمێنێتەوەو جیماعیشیان لەگەڵ بکا، تاکو داوێنپاکیی گشت لایەك پارێزراو بێ، هەروەها ئەگەر تاکە ژنێکی هەبو، سوننەتە لای کەم لە چوار شەوان شەوێکی لە لا بمێنێتەوە، هەم سوننەتە ژنو مێرد وێکڕا لە یەك نوێندا بخەون، هەروەك لە زۆربەی سەر چاوەکاندا فەرموویانە.

(وَتَسْتَحِقُّ الْقَسْمَ) مافی لە لا مانەوەی هەیە (مَرِيضَةٌ) ژنە نەخۆشەکەیو هەم (وَرَتْقَاءُ) ئەم ژنەی شوێنی جیماعی گیراوەو هەم (وَحَائِضٌ وَنُفَسَاءُ) حەیزدارو زەیسانیو پیرەژنو شێت، بەو مەرجەی لە شێتەکە نەترسێ (لاَ نَاشِزَةٌ) بەڵام ژنی ناشیزە: کە لە گوێڕایەڵی مێردەکەی دەرچووە، مافی لە لا مانەوەی نیە: وەك بە بێئیزنی مێردەکە لە ماڵ بڕواتە دەرەوە، یان دەرگە لە ڕووی مێردەکە کلیل بدا، یان ڕێگا نەدا ماچی بکا، یان جیماعی لەگەڵ بکا...هتد: کە لە (باسی بژێوەکان)دا ڕوون کراوەتەوە.

(فَإِنْ لَمْ يَنْفَرِدْ بِمَسْكَنٍ) جا ئەگەر مێردەکە بە تەنها لە شوێنێکدا نیشتە جێ نەبو، ئەوە (دَارَ عَلَيْهِنَّ فِي بُيُوتِهِنَّ) واجبە: بە سەر ژنەکانیدا بگەڕێ لە ماڵەکانی خۆیاندا، بەڵام (وَإِنْ انْفَرَدَ) ئەگەر مێردەکە بە تەنها لە شوێنێکدا نیشتەجێ بوو، ئەو کاتە (فَالأَفْضَلُ الْمُضِيُّ إِلَيْهِنَّ) وەها خێرترە ئەو بڕواتە لای ژنەکان، هەم (وَلَهُ دُعَاؤُهُنَّ) بۆیشی دروستە: ژنەکان داوا بکا بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی.

وَالأَصَحُّ تَحْرِيمُ ذَهَابِهِ إِلَى بَعْضٍ وَدُعَاءِ بَعْضٍ إِلاَّ لِغَرَضٍ: كَقُرْبِ مَسْكَنِ مَنْ مَضَى إِلَيْهَا أَوْ خَوْفٍ عَلَيْهَا، وَيَحْرُمُ أَنْ يُقِيمَ بِمَسْكَنٍ وَاحِدَةٍ وَيَدْعُوهُنَّ إِلَيْهِ، وَأَنْ يَجْمَعَ بَيْنَ ضَرَّتَيْنِ فِي مَسْكَنٍ إِلاَّ بِرِضَاهُمَا، وَلَهُ أَنْ يُرَتِّبَ الْقَسْمَ عَلَى لَيْلَةٍ وَيَوْمٍ قَبْلَهَا أَوْ بَعْدَهَا، وَالأَصْلُ اَللَّيْلُ وَالنَّهَارُ تَبَعٌ، فَإِنْ عَمِلَ لَيْلاً وَسَكَنَ نَهَارًا كَحَارِسٍ فَعَكْسُهُ،

بەڵام (وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاست: (تَحْرِيمُ ذَهَابِهِ إِلَى بَعْضٍ وَدُعَاءِ بَعْضٍ) حەڕامە: بڕواتە لای هەندێکیانو هەندێکیشیان داوا بکا بۆ شوێنەکی خۆی (إِلاَّ لِغَرَضٍ) تەنها لە بەر مەبەستێکیئاشکرا نەبێ (كَقُرْبِ مَسْكَنِ مَنْ مَضَى إِلَيْهَا) وەك ماڵی ئەو ژنەی دەڕواتە لای نزیك بێو ئەوەکەیتریش دوور بێ (أَوْ خَوْفٍ عَلَيْهَا) یان مەترسیێك لە سەر ئەمە هەبێ: وەك گەنج بێ، یان زۆر جوان بێو ئەوەکەیتر وا نەبێ، واتە:

عوزرێکیئاشکرای بە دەستەوە بێ: تاکو لێی دەرنەکەوێ پووی خۆی بە تایبەتی دەداتە ئەم ژنە.

(وَيَحْرُمُ أَنْ يُقِيمَ بِمَسْكَنٍ وَاحِدَةٍ) حەرامە مێردەکە لە مالّی ژنێکی بمێنێتەوەو (وَيَدْعُوهُنَّ إِلَيْهِ) ژنەکانیتریشی داوا بکا بۆ مالّی ئەم ژنەی بە بێرەزامەندی هەموویان، چونکە هاتن بۆ مالّیەهەوێ لە سەر دڵیەهەوێ زۆر گرانە، جیاوازی نیە مالّەکە: ملکی هەوێیەکە بێ، یان نا، بەڵام بە ڕەزامەندیی هەموویان دروستە.

(وَ) هەروەها حەرامە: (أَنْ يَجْمَعَ بَيْنَ ضَرَّتَيْنِ فِي مَسْكَنٍ) دوو هەوێ، یان زیاتر وێکڕا کۆ بکاتەوە لە یەک مالّدا (إِلاَّ بِرِضَاهُمَا) تەنها بە ڕەزامەندی هەموو هەوێیەکان دروستە، بەڵام لە دوای پازیبوونیش بۆیان دروستە پەشیمان ببنەوە.

ئینجا بزانە: ئەگەر یەک خانوو بکاتە دوو بەشو هەر بەشێک ئاودەستخانەو سەرشۆرگەو چێشتخانەو پەیژەو سەربانو ئاوی سەربەخۆی هەبێ، ئەو کاتە بۆی دروستە: هەر یەکەیان لە بەشێکدا نیشتەجێ بکا، هەر چەند پازیش نەبن.

دیسان بزانە: ناپەسندە بە ئامادەبوونیژنێکی جیماع لە گەڵ ژنەکەیتری بکا، بەڵکو ئەگەر ژنەکان عەورەتیەکتری ببینن ئەو کاتە حەرامە، هەروەک لە زۆربەیسەرچاوەکاندا ئەو مەسەلانە ڕوون کراونەتەوە.

(وَلَهُ) بۆ مێردەکە دروستە (أَنْ يُرَتِّبَ الْقَسْمَ) نۆبەتی نێوان ژنەکان دابمەزرێنێ (عَلَى لَيْلَةٍ وَيَوْمٍ قَبْلَهَا أَوْ بَعْدَهَا) لە سەر شەوێک و ڕۆژێک: جا ڕۆژەکە لە پێشدا بێ، یان لە دوادا بێ (وَالأَصْلُ اللَّيْلُ) بنچینەی نۆبەتەکە شەوە (وَالنَّهَارُ تَبَعٌ) ڕۆژیش پابەندی شەوەکەیە، بەڵام (فَإِنْ عَمِلَ لَيْلاً وَسَكَنَ نَهَارًا) ئەگەر مێردەکە شەوێ ئیشوکاری دەکردو بە ڕۆژێ دەحەساوەو کاری نەدەکرد (كَحَارِسٍ) وەک پاسەوان، ئەوە (فَعَكْسُهُ) بە پێچەوانەکەیەتی، واتە: ڕۆژ دەبێتە بنچینەی نۆبەتەکەی و شەویش دەبێتە پابەندی ڕۆژەکەی.

وَلَيْسَ لِلأَوَّلِ دُخُولٌ فِي نَوْبَةٍ عَلَى أُخْرَى لَيْلاً إِلاَّ لِضَرُورَةٍ كَمَرَضِهَاالْمَخُوفِ، وَحِينَئِذٍ إِنْ طَالَ مُكْثُهُ قَضَى وَإِلاَّ فَلاَ، وَلَهُ الدُّخُولُ نَهَارًا لِوَضْعِ مَتَاعٍ وَنَحْوِهِ وَيَنْبَغِي أَنْ لاَ يَطُولَ مُكْثُهُ، وَالصَّحِيحُ أَنَّهُ لاَ يَقْضِي إِذَا دَخَلَ لِحَاجَةٍ وَأَنَّ لَهُ مَا سِوَى وَطْءٍ مِنْ اِسْتِمْتَاعٍ، وَأَنَّهُ يَقْضِي إِنْ دَخَلَ بِلاَ سَبَبٍ، وَلاَ تَجِبُ تَسْوِيَةٌ فِي الإِقَامَةِ نَهَارًا،

(وَلَيْسَ لِلأَوَّلِ) ئەو مێردەی بنچینەی نۆبەتەکەی شەوە، بۆی دروست نیە (دُخُولٌ فِي نَوْبَةٍ عَلَى أُخْرَى لَيْلاً) لە نۆبەتی ژنێکدا شەوێ بچێتە لای ژنێکیتر (إِلاَّ لِضَرُورَةٍ) تەنها لە بەر ناچاری دروستە (كَمَرَضِهَاالْمَخُوفِ) وەک ژنەکەیتر نەخۆش بێو مەترسی مردنی لێبکرێ، یان بە ئازاری منداڵبوونەوە بێ، یان کاتی دزو تاڵان بێ، ئینجا (وَحِينَئِذٍ) هەرکاتێک بە

هۆی ناچاریەك شەوێ چووە لای ژنەکەی‌تر (إِنْ طَالَ مُكْثُهُ) ئەگەر بەگوێرەی عادەت ماوەیەکی درێژ لە لای مایەوە، ئەوە (قَضَى) واجبە لە نۆبەتی ئەو ژنە بۆ ژنەکەی خاوەن نۆبەت ئەو ماوەیە قەزا بکاتەوە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر زۆر نەمایەوە (فَلاَ) واجب نیە قەزای بکاتەوە.

(وَلَهُ الدُّخُولُ نَهَارًا) بۆ مێردەکە دروستە: لە نۆبەتی‌ژنێك پۆژێ بڕواتە لای ژنەکانی‌تر (لِوَضْعِ مَتَاعٍ) بۆ دانانی، یان هێنانی کەلوپەلێك (وَنَحْوِهِ) شتی وەها: وەك تەسلیمکردنی بژێو و خواردەمەنی‌ترو هەوالّ وەرگرتن، بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌داماتوو، بەڵام (وَيَنْبَغِي أَنْ لاَيَطُولَ مُكْثُهُ) پێویستە مانەوەی لە لای ژنەکەی‌تر درێژ نەبێ، ئینجا (وَالصَّحِيحُ) بە فەرموودەی پاست: (أَنَّهُ لاَ يَقْضِي إِذَا دَخَلَ لِحَاجَةٍ) ئەگەر پۆژێ بۆ پێویستیەك ماوەیەك چووە لای ژنەکەی‌تر، واجب نیە ئەو ماوەیە بۆ خاوەن نۆبەتەکە قەزابکاتەوە، هەر چەند ماوەیەکی درێژیش مابێتەوە.

(وَ) هەر بە فەرموودەی پاست: (أَنَّ لَهُ) ئەو مێردەی پۆژێ دەچیتە لای ژنەکانی‌تری بۆی دروستە: (مَاسِوَى وَطْءٍ مِنْ اِسْتِمْتَاعٍ) جگە لە جیماعکردن گشت لەزەتێکی‌تر لە ژنەکەی وەریگرێ ﴿عن عائشةرضي الله عنها: كَانَ رَسُولُ اللهِﷺ يَطُوفُ عَلَيْنَا جَمِيعاً فَيَدْنُو مِنْ كُلِّ اِمْرَأَةٍ مِنْ غَيْرِمَسِيسٍ حَتَّى يَبْلُغَ الَّتِي هُوَ يَوْمُهَا فَيَبِيتُ عِنْدَهَا﴾حدیث صحیح رواه أبوداود، پێغەمبەرﷺ پۆژێ بە سەر هەموو ژنەکانی‌دا دەسوڕاوەو لە گشت ژنێکی نزیك دەبۆوە بۆ لەزەت وەرگرتن بە بێجیماعکردن، تا دەگەیشتە لای ئەوژنەی نۆبەتیەتی‌و شەوێ لەلای ئەویان دەماوە.

(وَأَنَّهُ يَقْضِي) هەر بە فەرموودەی پاستتر واجبە: بۆ خاوەن نۆبەتەکە قەزا بکاتەوە (إِنْ دَخَلَ بِلاَ سَبَبٍ) ئەگەر بە بێهیچ هۆیەك پۆژێ چوبێتە لای ژنەکەی‌ترو ماوەیەکی‌درێژ مابێتەوە (وَلاَ تَجِبُ تَسْوِيَةٌ فِي الإِقَامَةِ نَهَارًا) واجب نیە یەکسانی بکا لە نێوان ژنەکانی‌دا لە مانەوەی پۆژێ‌دا، بەڵکو تەنها لە مانەوەی‌شەوێ‌دا یەکسانی واجبە.

وَأَقَلُّ نُوَبِ الْقَسْمِ لَيْلَةٌ وَهُوَ أَفْضَلُ، وَيَجُوزُ ثَلاثًا، لاَ زِيَادَةً عَلَى الْمَذْهَبِ، وَالصَّحِيحُ وُجُوبُ قُرْعَةٍ لِلإِبْتِدَاءِ، وَقِيلَ يَتَخَيَّرُ، وَلاَ يُفَضِّلُ فِي قَدْرِ نَوْبَةٍ لَكِنْ لِحُرَّةٍ مِثْلاَ أَمَةٍ، وَتَخْتَصُّ بِكْرٌ جَدِيدَةٌ عِنْدَ زِفَافٍ بِسَبْعٍ بِلاَ قَضَاءٍ وَثَيِّبٌ بِثَلاَثٍ،

(وَأَقَلُّ نُوَبِ الْقَسْمِ لَيْلَةٌ) لای کەمی نۆبەتەکانی مانەوە: شەوێکە لە لای هەر ژنێك، جا ئەگەر شەوێ کار بکا، ئەو کاتە پۆژێکە، واتە: کەمتر دروست نیە (وَهُوَ أَفْضَلُ) نۆبەتی شەوێك خێرترە لە زیاتر، تاکو زوو زوو ژنەکانی بەسەر بکاتەوە، هەروەك پێغەمبەرﷺ وای‌دەکرد، بەڵام (وَيَجُوزُ ثَلاَثًا) سێ شەو سێ شەویش‌و دوو شەو دوو شەویش دروستە (لاَ زِيَادَةً) بەڵام

لە سێ شەوان زیاتر دروست نیە، بە بێڕەزامەندی ژنەکانی (عَلَىٰالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، هەرچەند ژنەکانیش لە چەند شارێکی لێك دوور بن.

بەڵام لە لای ئیمام (مالك)و (إمام الحرمين) ئەو ژنەی لە شوێنی مێردەکەدا نیشتەجێ نەبێ مافی نۆبەتی نیە، هەروەك لە (البجيرمي)دا فەرموویەتی، هەروەها ئەگەر ژنەکان ڕازی بن ئەو کاتەش زیاتر لە سێ شەوان دروستە، هەروەك لە (مغني)دا فەرموویەتی.

(وَالصَّحِيحُ وُجُوبُ قُرْعَةٍ لِلِابْتِدَاءِ) بە فەرموودەی ڕاست: بۆ دەستپێکردنی نۆبەت پشکە کردن لە نێوان ژنەکانیدا واجبە، جا ناوی کامەیان دەرچو، لەوێوە دەست پێدەکا، جا ئەگەر لە دوو ژن زیاتر بون، ئەو کاتە بۆ ئەوانیتریش پشکە دەکا، تا نۆبەتەکە تەواو دەبێ، ئینجا لە سەر ئەو ڕێزە بەردەوام دەبێ، بەڵام ئەگەر ژنەکان ڕازی بن لە ژنێکەوە دەست پێبکا، ئەو کاتە پشکە واجب نیە (وَقِيلَ يَتَخَيَّرُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بە خۆی سەرپشکە: لە هەر کامەیانەوە دەست پێبکا، بۆی دروستە.

(وَلَا يُفَضِّلُ فِي قَدْرِ نَوْبَةٍ) حەرامەو نابێ ئەندازەی نۆبەتی ژنێك لە ئەندازەی نۆبەتی ژنێکیتر زیاتر بکا: وەك شەوێك لە لای یەکێك، دوو شەو، یان زیاتر لە لای یەکێکیتر بمێنێتەوە (لَكِنْ لِحُرَّةٍ مِثْلَا أَمَةٍ) بەڵام ژنێکی ئازاد دووهەندی ژنێکی کۆیلە مافی لە لا مانەوەی هەیە.

(وَتَخْتَصُّ بِكْرٌ جَدِيدَةٌ عِنْدَ زِفَافٍ) ئەگەر ژنێکی نوێی کچی بە سەر ژنە کۆنەکەیدا هێنا، واجبە کچەکە تایبەت بێ (بِسَبْعٍ بِلَا قَضَاءٍ) بە لە لا مانەوەی حەفت شەوی بە دوای یەکتردا بە بێقەزاکردنەوە (وَثَيِّبٌ بِثَلَاثٍ) ژنی نوێی بێوەژنیش واجبە تایبەت بێ بە سێ شەوی بە دوای یەکتردا بە بێقەزاکردنەوە ﴿عن أنسﷺ: مِنَ السُّنَةِ إِذَا تَزَوَّجَ الرَّجُلُ الْبِكْرَ عَلَى الثَّيِّبِ أَقَامَ عِنْدَهَا سَبْعاً ثُمَّ قَسَمَ، وَإِذَا تَزَوَّجَ الثَّيِّبَ أَقَامَ عِنْدَهَا ثَلَاثاً ثُمَّ قَسَمَ﴾ رواه الشيخان، بڕیاری پێغەمبەرﷺ ئەوهایە: هەر کاتێك پیاو کچێك بە سەر ژنە کۆنەکەیدا بێنێ حەفت شەوان لە لای دەمێنێتەوە، ئینجا دەست بە نۆبەت دەکا، وە هەر کاتێك بێوەژن بێنێ سێ شەوان لە لای دەمێنێتەوە، ئینجا دەست بە نۆبەت دەکا.

وَيُسَنُّ تَخْيِيرُهَا بَيْنَ ثَلَاثٍ بِلَا قَضَاءٍ وَسَبْعٍ بِقَضَاءٍ، وَمَنْ سَافَرَتْ وَحْدَهَا بِغَيْرِ إِذْنِهِ فَنَاشِزَةٌ، وَبِإِذْنِهِ لِغَرَضِهِ يَقْضِي لَهَا، وَلِغَرَضِهَا لَا فِالْجَدِيدِ، وَمَنْ سَافَرَ لِنُقْلَةٍ حَرُمَ أَنْ يَسْتَصْحِبَ بَعْضَهُنَّ،

(وَيُسَنُّ تَخْيِيرُهَا) سوننەتە: مێردەکە بێوەژنە نوێیەکە بکاتە سەرپشك (بَيْنَ ثَلَاثٍ بِلَا قَضَاءٍ وَسَبْعٍ بِقَضَاءٍ) لە نێوان سێ شەوی بێقەزاکردنەوەو حەفت شەوی بە قەزاکردنەوە بۆ ژنەکاتیتر: بۆ هەر ژنێك حەفت شەو، چونکە پێغەمبەرﷺ (أم سلمه)ی ژنیخۆی ئەوها کردە سەرپشك، هەروەك لە (صحيح مسلم)دا گێڕدراوەتەو.

بەڵام ئەگەر لە حەفت شەوان زیاتر لە لای ژنە کچەکە مایەوە، ئەو کاتە واجبە: تەنها زیادەکە قەزا بکاتەوە، نەک حەفتەکەش، هەروەک لە زۆربەی‌سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ناپەسندە: دوو ژن وێکڕا بۆ خۆی بگوێزێتەوە، جا ئەگەر دوو ژنی وێکڕا گواستنەوە، ئەو کاتە واجبە: پشکە لە نێوانیاندا بکا، جا کامەیەن ناوی دەرچو، واجبە: حەفت شەوەکەی کچ بە تەواوی، یان سێ شەوەکەی بێوەژن بە تەواوی لە لای بمێنێتەوە، ئینجا لە لای ئەوەکەی‌تریش حەفت، یان سێ شەو دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر یەکێکی پێش ئەوی‌تر گواستەوە، ئەو کاتە مافی پێشکەوتووەکە تەواو دەکا، ئینجا دەست بە دواکەوتووەکە دەکا.

ئینجا بزانە: ئەگەر حەفت شەوەکە، یان سێ شەوەکە بە دوای یەکتری‌دا نەبن، ئەوە دروست نابن‌و واجبە لە سەرەتاوە دەست پێ‌بکاتەوە، ئینجا کە بە دوای یەکتری‌دا تەواوی کردن، لە نۆبەتی ژنە نوێیەکە شەوە دروست نەبووەکان بۆ ژنەکانی‌تر قەزا دەکاتەوە، هەروەک لە زۆربەی سەر چاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَمَنْ سَافَرَتْ وَحْدَهَا بِغَيْرِ إِذْنِهِ) هەر ژنێک بە تەنها بێ‌ئیزنی‌مێردەکەی بڕواتە سەفەر (فَنَاشِزَةٌ) ئەوە (ناشیزة)یە، واتە: لە گوێڕایەڵی‌مێردەکەی دەرچووە، کەواتە: مافی نۆبەتی نیە، بەڵام (وَبِإِذْنِهِ لِغَرَضٍ) هەر ژنێک بە ئیزنی‌مێردەکەی بۆ کارێکی‌مێردەکەی بڕواتە سەفەر، ئەوە مافی نۆبەتی هەیە، کەوابو: (يَقْضِي لَهَا) مێردەکە ماوەی سەفەرەکەی بۆ قەزا دەکاتەوە، بەڵام (وَلِغَرَضِهَا) ئەگەر ژنەکە بە ئیزنی‌مێردەکەی بۆ کارێکی‌خۆی بڕواتە سەفەر: وەک بۆ حەج کردن‌و سەردانی‌کەسێک، ئەوە (لاَ) بۆی قەزا ناکاتەوە (فِي‌الْجَدِيدِ) لە فەرموودەی نوێدا، چونکە ئیزنی‌مێردەکە تەنها تاوانەکە لە سەر ژنەکە لادەبا.

(وَمَنْ سَافَرَ لِنُقْلَةٍ) هەر کەسێک بە مەبەستی ماڵگواستنەوە لە شوێنێک بڕواتە شوێنێکی‌تر (حَرُمَ أَنْ يَسْتَصْحِبَ بَعْضَهُنَّ) حەرامە هەندێک لە ژنەکانی لەگەڵ خۆیا بباو هەندێکیشیان نەبا، هەروەها حەرامە: هەموو ژنەکانیشی بەجێ بهێڵێ ئەگەر ڕازی نەبن؟ چونکە وَفِي سَائِرِالأَسْفَارِ الطَّوِيلَةِ-وَكَذَا الْقَصِيرَةُ فِالأَصَحِّ-يَسْتَصْحِبُ بَعْضَهُنَّ بِقُرْعَةٍ، وَلاَ يَقْضِي مُدَّةَ سَفَرِهِ، فَإِنْ وَصَلَ الْمَقْصِدَ وَصَارَ مُقِيمًا قَضَى مُدَّةَالإِقَامَةِ لاَ الرُّجُوعِ فِالأَصَحِّ، وَمَنْ وَهَبَتْ حَقَّهَا لَمْ يَلْزَمِ الزَّوْجَ الرِّضَا، فَإِنْ رَضِيَ وَوَهَبَتْ لِمُعَيَّنَةٍ بَاتَ عِنْدَهَا لَيْلَتَيْهِمَا،

بەو بەجێهێشتنە تەماعی جیماعکردنیان لەو مێردە دەبڕێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، ئەوەش وا دەگەیەنێ لەم مەسەلەیەدا: جیاوازی تەنها ژنێک‌و دوو ژن‌و زیاتر نیە، کەوابو: واجبە: یان گشتیان لەگەڵ خۆیا ببا، یان تەلاقیان بدا،

هەروەك لە (مغنى)دا فەرموویەتی.

(وَفِي سَائِرِ الأَسْفَارِ الطَّوِيلَةِ) لە گشت سەفەرە درێژەکانیتردا: کە بە مەبەستی هاتنەوە بڕواتە سەفەر (وَكَذَا الْقَصِيرَةُ فِيالأَصَحِّ) هەروەها لە سەفەرە کورتەکانیشدا (يَسْتَصْحِبُ بَعْضَهُنَّ بِقُرْعَةٍ) بۆی دروستە: ژنێك، یان زیاتر لەگەڵ خۆیا ببا بە پشکەکردن لە نێوانیاندا ﴿عن عائشةرضي الله عنها: كَانَ رَسُولُ اللهﷺ إِذا أَرَادَ سَفَراً أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا مَعَهُ﴾ رواه الشيخان، هەر کاتێك پێغەمبەرﷺ ویستبای بڕواتە سەفەر، پشکەی لە نێوان ژنەکانیدا دەکرد، جا کامەیان پشکەی دەرچوبا ئەویانی لەگەڵ خۆیا دەبرد.

بەڵام ئەگەر ژنەکان ڕازی بن ژنێکی دیارکراو لەگەڵ خۆیا ببا، ئەو کاتە پشکە واجب نیەو گوناهباریش نابێ.

(وَ) هەرکاتێك بە پشکە ژنێکی لەگەڵ خۆیا بردە سەفەر (لاَ يَقْضِي مُدَّةَ سَفَرِهِ) ماوەی سەفەرەکە بۆ ژنەکانی ماڵەوە قەزا ناکاتەوە، بەڵام (فَإِنْ وَصَلَ الْمَقْصِدَ وَصَارَ مُقِيمًا) ئەگەر گەیشتە شوێنی مەبەستو بە نیەتی مانەوەی چوار ڕۆژان، یان زیاتر لەوێ مایەوە، ئەو کاتە (قَضَى مُدَّةَ الإِقَامَةِ) ماوەی مانەوەکە بۆ ژنەکانی ماڵەوە قەزا دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر نیەتی مانەوەی نەبو، بەڵکو چاوەڕوانی پێکهاتنێکاریکی دەکرد، ئەو کاتە تا ماوەی هەژدە ڕۆژان چاوپۆشیی لێدەکرێو زیاتر لە هەژدە ڕۆژەکەش واجبە: قەزا بکاتەوە، هەروەها ئەگەر لە ماوەی مانەوەکەدا خۆی لە ژنەکە جیا بکاتەوەو نەچێتە لای، ئەو کاتەش قەزا ناکاتەوە، هەروەك لە (تحفة)دا ڕوون کراوەتەوە (لاَ الرُّجُوعِ فِيالأَصَحِّ) ماوەی گەڕانەوەش لە سەفەر قەزا ناکاتەوە، لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَمَنْ وَهَبَتْ حَقَّهَا) هەر ژنێك مافی نۆبەتەکەی بەخشیيە هەوێیەکەی خۆی، ئەوە دروستە، بەڵام (لَمْ يَلْزَمِ الزَّوْجَ الرِّضَا) لە سەر مێردەکە واجب نیە ڕازی ببێ (فَإِنْ رَضِيَ) جا ئەگەر مێردەکە ڕازی بوو (وَوَهَبَتْ لِمُعَيَّنَةٍ) هەوێیەکەش مافی نۆبەتەکەی خۆی بەخشیيە هەوێیەکیدیارکراو، ئەوە (بَاتَ عِنْدَهَا لَيْلَتَيْهِمَا) مێردەکە دوو شەوەکەی وَقِيلَ يُوَالِيهِمَا، أَوْ لَهُنَّ سَوَّى، أَوْ لَهُ فَلَهُ التَّخْصِيصُ، وَقِيلَ يُسَوِّي. (فَصْلٌ) ظَهَرَتْ أَمَارَاتُ نُشُوزِهَا وَعَظَهَا

هەردووکیان لە لای پێیەخشراوەکە دەمێنێتەوە ﴿عن عائشةرضي الله عنها: أَنَّ سَوْدَةَ وَهَبَتْ يَوْمَهَا لِعَائِشَةَ، فَكَانَ النَّبِيُّﷺ يَقْسِمُ لَهَا يَوْمَهَا وَيَوْمَ سَوْدَةَ﴾ رواه الشيخان، کە (سَوْدَة) پیر بوو، نۆبەتیخۆی بەخشیيە (عائشة)، جا پێغەمبەرﷺ دوو شەو لە لای (عائشة) دەمایەوە: نۆبەتیخۆیو نۆبەتی(سودة).

جا بزانە: هەر شەوێك لە نۆبەتیخۆیدا لە لای دەمێنێەوە (وَقِيلَ يُوَالِيهِمَا) لە

فەرموودەیەکی بێهێزدا: بە دوای یەکتردا لە لای دەمێنێتەوە. (أَوْ لَهُنَّ) یان ئەگەر ژنێك مافی تۆبەتەکەی خۆی بەخشیبێ هەموو ژنەکانیتر، یان گوتی: مافیتۆبەتەکەم ناوێ، ئەو کاتە (سَوَّی) واجبە: مێردەکە بە یەکسانی لە لای ئەوانیتر بمێنێتەوە (أَوْ لَهُ) یان ژنێك مافی تۆبەتەکەی خۆی بەخشیبێ مێردەکەی، ئەو کاتە (فَلَهُ التَّخْصِيصُ) بۆی دروستە: لە تۆبەتەکەدا بە تایبەتی لە لایژنێك بمێنێتەوە (وَقِيلَ يُسَوِّي) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: واجبە: بە یەکسانی لە لای هەموو ئەوانیتر بمێنێتەوە.

ئینجا بزانە: بۆ ژنە بەخشەرەکە دروستە: هەر کاتێك حەز بکا لە بەخشینەکەی پەشیمان ببێتەوە، بەلام ئەگەر ژنە بەخشەرەکە مرد، یان تەلاق درا، یان (ناشزە) بوو، ئەو کاتە پێبەخشراوەکە مافە بەخشراوەکەی لە دەست دەچێ، هەروەك لە (مغنی)و حاشیەکانی (تحفة)دا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ناکۆکیی نێوان ژن و مێرد ﴾

(ظَهَرَتْ أَمَارَاتُ نُشُوزِهَا) هەر کاتێك نیشانەکانی (ناشِزة)بوونی ژنەکە بەدەرکەوتن: وەك بە ڕەقی وەلامی بداتەوە، یان ڕووگرژ بێ، یان لووت لەو لای بکا بە بێعوزرێکی شەرعی، پێشداش ئەو ڕەووشتانەی نەبوبێ (وَعَظَهَا) سوننەتە مێردکە ئامۆژگاریی بکاو دواڕۆژی ڕەشی لێکجیابوونەوەی لە دونیادا بۆ ڕوون بکاتەوەو هەم لە سزای ڕۆژی قیامەتیش بە ئاگری دۆزەخ و بەم حەدیسە بیترسێنێ: کە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذَا دَعَاالرَّجُلُ إِمْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِئَ لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ﴾ رواه الشيخان، هەر کاتێك مێرد داوای سەرجێیی لە ژنەکەی بکاو ژنەکەش نەچێتە لای، ئەوە مەلائیکە لەعنەتی لێدەکەن تا دەگاتە بەیانی.

خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً﴾ ئەو ژنانەی لە ناشیزەبوونیان دەترسن ئامۆژگارییان بکەن، جا ئەگەر ئامۆژگارییان وەرنەگرتو ناشیزە بون، ئەو کاتە جێگەی بِلاَ هَجْرٍ، فَإِنْ تُحُقِّقَ نُشُوزٌ وَلَمْ يَتَكَرَّرْ وَعَظَ وَهَجَرَ فِي الْمَضْجَعِ وَلاَ يَضْرِبُ فِي الأَظْهَرِ، قُلْتُ: اَلأَظْهَرُ يَضْرِبُ وَاللهُ أَعْلَمُ. فَإِنْ تَكَرَّرَ ضَرَبَ، فَلَوْ مَنَعَهَا حَقًّا كَقَسْمٍ وَنَفَقَةٍ أَلْزَمَهُ الْقَاضِي تَوْفِيَتَهُ، فَإِنْ أَسَاءَ خُلُقَهُ وَآذَاهَا بِلاَ سَبَبٍ نَهَاهُ، فَإِنْ عَادَ عَزَّرَهُ،

خەوتنیان لەگەڵ جیا بکەنەوە، جا ئەگەر سووڕ بون لە سەر ناشیزەبوون، ئەو کاتە لێیان دەن، جا ئەگەر گوێڕایەڵی ئێوە بون هیچ ڕێگایەکیتر لە دژی ئەوان داوا مەکەن.

(بِلاَ هَجْرٍ) بەلام جێگای خەوتنی لێ جیا ناکاتەوەو لێیناداو، بەڵکو (فَإِنْ تُحُقِّقَ نُشُوزٌ وَلَمْ يَتَكَرَّرْ) ئەگەر ناشیزەبوونەکەی بە ڕاستی هاتە جێو دووبارەش نەبۆوە، ئەو کاتە (وَعَظَ

وَهَجَرَ فِيالْمَضْجَعِ) ئامۆژگاریی دەکاو جێگای خەوتنیشی لێ جیا دەکاتەوەو جیماعیشی لەگەڵ ناکا، بەڵام دروست نیە قسەی لەگەڵ نەکا، هەم (وَلاَ يَضْرِبُ فِيالأَظْهَرِ) لێی نادا (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دفەرموێ (الأَظْهَرُ يَضْرِبُ وَاللهُ أَعْلَمُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: دروستە لێی‌بدا، بەو مەرجە ئازاوەو دوژمنایەتی پوو نەداو لێدانەکەش سوودی هەبێ، ئەگینا: لێی‌نادا.

هەروەها (فَإِنْ تَكَرَّرَ) ئەگەر ناشیزەبوونەکەی دووبارە بۆوە، ئەو کاتە (ضَرَبَ) دروستە لێی بدا، بە بەڵگەی ئایەتەکە، بەڵام دروست نیە لێدانێکی وەها: کە خوێنێ لێبێنێ، یان شوێنێکی بشکێنێ، یان ڕەش‌وشینی بکا، هەم دروست نیە لە دەموچاو و شوێنە بەترسەکانیشی بدا، بەڵکو وا باشترە لە لێدانەکە لێی ببورێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ ژنەکان مافیان لە سەر مێردەکانیان هەیە، وەک ئەو مافەی مێردەکان لە سەر ژنەکانیان هەیە بەگوێرەی شەرع، بەڵام پیاوەکان پلەیەک زیاتر مافیان لە سەر ژنەکان هەیە. کەوابو: (فَلَوْ مَنَعَهَا حَقًا) ئەگەر مێردەکە مافێکی لە ژنەکە قەدەغەکرد (كَقَسْمٍ وَنَفَقَةٍ) وەک نۆبەتی شەوێو بژێوی ڕۆژانە، ئەوە (أُلْزِمَهُ الْقَاضِي تَوْفِيَتَهُ) قازی لە سەر مێردەکە واجبی دەکا مافەکە بە تەواوی بداتە ژنەکەی.

(فَإِنْ أَسَاءَ خُلُقَهُ وَآذَاهَا بِلاَ سَبَبٍ) جا ئەگەر مێردەکە خولقی لەگەڵ ژنەکەی خراپ بوو و بە بێهیچ هۆیەک ژنەکەی ئازار دەدا، ئەو کاتە (نَهَاهُ) قازی پێی دەڵێ: وا نەکا، ئینجا (فَإِنْ عَادَ) ئەگەر دووبارە—بە بێهیچ هۆیەک— گەڕاوە سەر سزادانی ژنەکەی، ئەو کاتە (عَزَّرَهُ) قازی تەمبێی دەکا: بە بۆچوونی‌خۆی.

بەڵام ئەوەش بزانە: مێردەکە بۆی دروستە: ژنەکەی قەدەغە بکا لە سەردانی دایکو باوک، هەرچەند نەخۆشیش بن، بەڵکو بۆی دروستە لە چوونە سەر جەنازەکەشیان قەدەغەی بکا، بەڵام وا باشترە ئەوها نەکا، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

وَإِنْ قَالَ كُلٌّ: إِنَّ صَاحِبَهُ مُتَعَدٍّ. تَعَرَّفَ الْقَاضِي الْحَالَ بِثِقَةٍ يَخْبُرُهُمَا وَمَنَعَ الظَّالِمَ، فَإِنْ اِشْتَدَّ الشِّقَاقُ بَعَثَ حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا،

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر مێردەکە ستەمی لە ژنەکەی نەدەکرد، بەڵام پێی ناخۆش بوو لەگەڵی بمێنێتەوە لە بەر نەخۆشی، یان پیری، یان هەر شتێکی‌تر، ئەوە مێردەکە هیچی لە سەر نیە، بەڵام بۆ ژنەکە وەها سوننەتە: دڵی مێردەکەی ڕابگرێو واز لە هەندێک مافی‌خۆی بێنێ، هەروەک لە حەدیسەکەی باسەکەی‌ڕابردوودا حەزرەتی(سَوْدة) وازی لە نۆبەتی‌خۆی هێنا بۆ حەزرەتی(عائشة)و، لە (نهاية)و (مغني)دا ڕوون کراوەتەوە.

هەم ﴿عن عائشة رضي الله عنها فى تفسير قوله تعالى: (وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزاً أَوْ إِعْراضاً فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحاً وَالصُّلْحُ خَيْرٌ). قالَتْ: هِيَ الْمَرْأَةُ تَكُونُ عِنْدَ الرَّجُلِ لايَسْتَكْثِرُ مِنْهَا فَيُرِيدُ طَلاَقَهَا وَزَوَاجَ غَيْرِها، فَتَقُولُ لَهُ: أَمْسِكْنِى وَلاَ تُطَلِّقْنِى ثُمَّ تَزَوَّجْ غَيْرِى فَأَنْتَ فِى حِلٍّ مِنَ النَّفَقَةِ وَالْقِسْمَةِ لِى﴾ رواه البخاري، وا دەبێ مێرد دڵی بۆ ژنەکەی ناچێ بە هۆی پیربوونی ژنەکە، یان ناشیرنیی، یان هەر هۆیەکیتر، جا دەیەوێ تەلاقی بداو ژنێکیتر بێنێ، جا ئەم ژنە پێی دەڵێ: تەلاقم مەدەو بمهێڵەوەو ژنێکیتریش بۆ خۆت بێنە، منیش لە نۆبەتی شەوێو لە بژێوەکەم گەردەنت ئازاد دەکەم. جا حەزرەتی(عائشة) فەرمووی: ئەوە مەبەستی فەرمودەکەی خوای گەورەیە، واتە: کە لە ئایەتەکەیڕابردوودا فەرمووی: (ئەگەر ژنێك لە لالووتیو وازلێهێنانی مێردەکەیترسا، هیچ گوناهیان لە سەر نیە کە بۆ خۆیان پێك بێن بە سولحکردنێك، سولحکردنیش باشترە).

(وَإِنْ قَالَ كُلٌّ) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە هەردووکیان گوتیان: (إِنَّ صَاحِبَهُ مُتَعَنِّتٌ) هاوسەرەکەی دوژمنکاری دەکا، ئەو کاتە (تَعَرَّفَ الْقَاضِي الْحَالَ) قازی هەوڵ دەدا حاڵی نێوان ژنەکەو مێردەکە بزانێ (بِثِقَةٍ يَخْبُرُهُمَا) بە هۆی باوەڕپێکراوێك کە بە ڕاستی لە هەواڵی هەردووکیان بکۆڵێتەوە، ئینجا (وَمَنَعَ الظَّالِمَ) کامەیان ستەمکارە، قازی قەدەغەی دەکا.

(فَإِنْ اشْتَدَّ الشِّقَاقُ) جا ئەگەر ناکۆکی نێوان ژنو مێردەکە هەر بەردەوام دەبو، ئەو کاتە (بَعَثَ حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا) واجبە قازی (حَکَم)ێك لە خزمەکانی مێردەکەو (حَکَم)ێکیش لە خزمەکانی ژنەکە بنێرێ تاکو لە هۆیەکانی ناکۆکیەکە بکۆڵنەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَماً مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَماً مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلاحاً يُوَفِّقِ اللهُ بَيْنَهُمَا﴾ ئەگەر لە ناکۆکیی نێوان ژنو مێردەکە ترسان، ئەوە(حَکَم)ێك لە خزمەکانی مێردەکەو (حَکَم)ێکیش لە خزمەکانی ژنەکە بنێرن بۆ چارەسەری ناکۆکیەکە، ئەگەر بیانەوێ نێوانیان چاك بکەن خوایگەورەش نێوانیان ڕێك دەکاو سەرکەوتوویان دەکا.

وَهُمَا وَكِيلاَنِ لَهُمَا، وَفِى قَوْلٍ مُوَلَّيَانِ مِنَ الْحَاكِمِ، فَعَلَىالأَوَّلِ يُشْتَرَطُ رِضَاهُمَا فَيُوَكِّلُ حَكَمَهُ بِطَلاَقٍ وَقَبُولِ عِوَضِ خُلْعٍ، وَتُوَكِّلُ حَكَمَهَا بِبَذْلِ عِوَضٍ وَقَبُولِ طَلاَقٍ بِهِ.

(كِتَابُ الْخُلْعِ)

ئینجا بزانە: هەر (حَکَم)ێك بە تەنها کۆبوونەوە لەگەڵ خزمەکەی خۆی دەکاو هۆیەکانی ناکۆکیەی لێوەردەگرێ، ئینجا هەردوو (حَکَم)ەکانیش وێکڕا دادەنیشنو هەوڵی پێکهاتنەوەیان دەدەن، جا ئەگەر سەرکەوتوو نەبون، ئەو کاتە لێکیان جیا دەکەنەوە.

(وَهُمَا وَكِيلاَنِ لَهُمَا) هەردوو (حَکَم)ەکان وەکیلی ژنەکەو مێردەکەنە (وَفِى قَوْلٍ مُوَلَّيَانِ مِنَ

الْحَاكِمِ) له فەرموودەیەکدا: له لای قازی کراونەتە دادوەر لەم کارەدا (فَعَلَىالأَوَّلِ) جا لە سەرفەرموودەیەکەمی بەهێزتر: (يُشْتَرَطُ رِضَاهُمَا) بە مەرج دادەندرێ: ژنەکەو مێردەکە بە ناردنی(حَكَم)ەکان ڕازی بن، کەوابو: (فَيُوَكِّلُ حَكَمَهُ) مێردەکە (حَكَم)ی‌خۆی دەکاتە وەکیل (بِطَلَاقٍ وَقَبُولِ عِوَضِ خُلعٍ) بۆ تەلاقدانی ژنەکەو بۆ وەرگرتنی پارەی تەلاقدانەکە، هەم (وَتُوَكِّلُ حَكَمَهَا) ژنەکەش (حَكَم)ی‌خۆی دەکاتە وەکیل (بِبَذْلِ عِوَضٍ وَقَبُولِ طَلَاقٍ بِهِ) بۆ دانی پارەی تەلاقەکەو قبوڵکردنی تەلاقەکە بە پارە، ئینجا (حَكَم)ەکانیش کام لایان پێ پاشتر بوو: لە پێکهێنانەکەو تەلاقدانەکە ئەو لایە دەکەن، بەڵام تەلاقدانەکە دەبی تەنها یەک تەلاق بێ، هەروەک لە (الشرواني)دا فەرموویەتی.

﴿ كِتَابُ الْخُلْعِ: **پەرتوکی خولع، واتە: کرینەوەی تەلاق لە مێردەکە** ﴾

پێشەکی بزانە: ژنی‌تەلاقدراو دوو جۆرن، یەکەم: (اَلرَّجْعِيَّة). دووەم: (اَلْبَائِن).

1-(اَلرَّجْعِيَّة) ئەو ژنەیە: مێردەکەی جیماعی لەگەڵ کردبێ، ئینجا بە خۆڕایی بە تەلاقێک، یان بە دوو تەلاق تەلاقی‌دابێو (عِدَّة)شی تەواو نەبوبێ، جا ئەم تەلاقدراوە پێی دەگوترێ: (اَلرَّجْعِيَّة)=گەڕایەوەیی. تەلاقەکەش پێی دەگوترێ: (اَلرَّجْعِيّ)= گەڕاندنەوەیی. چونکە-تا ژنەکە لە (عِدَّة)دا مابێ- مێردەکەی دەتوانێ بێمارەبڕین بیگەڕێنێتەوەو میراتیش لە یەکتری دەگرنو تەلاقی‌تریشی دەکەوێ، هەروەک لە (كِتابُ الطَّلَاق)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاءالله تعالى.

2-(اَلْبَائِن) ئەو ژنەیە: سێبەسێ تەلاق درابێ، یان لە بەرامبەر وەرگرتنی شتێک تەلاق درابێ، یان پێش ئەوەی مێردەکەی جیماعی‌لەگەڵ بکا تەلاقی بدا، یان لە دوای جیماع لەگەڵ کردن تەلاقی بداو (عِدَّة)ی تەواو ببێ.

جا بزانە: هەر ژنێک بە (بائِن)ی تەلاقی بکەوێ، لەگەڵ مێردەکەی میرات لە یەکتری ناگرن، جا ئەگەر ژنەکە سێبەسێ تەلاق بدرێ پێی دەگوترێ: (اَلْبَائِنُ الْكُبْرَى)= جیابووەوەی‌گەورە. جیاوازی نیە سێبەسێیەکە: بە پارەی بێ، یان بە خۆڕایی، پێش هُوَ فُرْقَةٌ بِعِوَضٍ بِلَفْظِ طَلَاقٍ أَوْ خُلْعٍ،

جیماع لەگەڵکردن بێ، یان لە دوای جیماع لەگەڵکردن، هەم تەلاقدانەکەش پێی دەگوترێ: (اَلْبَيْنُونَةُ الْكُبْرَى)=جیابوونەوەی گەورە. چونکە تەنها بە(مارە بەجاش) لە مێردەکەی حەڵاڵ دەبێتەوە، هەروەک ڕابرا.

هەروەها جگە لە تەلاقدراوی سێبەسێ، ئەوانیتر پێیان دەگوترێ: (اَلْبَائِنُ الصُّغْرَى)= جیابووەوەی بچوک. تەلاقدانەکەش پێی دەگوترێ: (اَلْبَيْنُونَةُ الصُّغْرَى)=جیابوونەوەی بچووک. چونکە ئەمەیان بە مارەبرینێکی نوێ لە مێردەکەی حەڵاڵ دەبێتەوە، هەروەک لە

باسی تەلاقدا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى، ئیتر زانستی خولع و تەلاق دەربایەکی قوڵو مەلەوانێکی لێزانی دەوێ، بۆیێ تکات لێدەکەم زۆر وریا بەو لە (فتوا)ی خولع و تەلاق لە خوا بترسە.

(هُوَ) خولع لە شەرعدا: (فُرْقَةٌ بِعِوَضٍ) لێکجیابوونەوەی ژن و مێردەکەیە لە بەرامبەر وەرگرتنی شتێك بۆ لایەنی مێردەکە. ئینجا لێکجیابوونەوەکەش: (بِلَفْظِ طَلاَقٍ) بە ووشەی تەلاق بێ، وەك بڵێ: تەلاقم دای بە سەد دینار (أَوْ خُلْعٍ) یان بە ووشەی خولع بێ، وەك بڵێ: خولعم لەگەڵت کرد بە سەد دینار. ئینجا لایەنی ژنەکە قبوڵ بکاو پارەکە بدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَاللهِ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ ئەگەر ترسان لەوەی ژن و مێرد سنووری خوا لە نێوان خۆیاندا نەپارێزن، ئەوە هیچ گوناهیان ناگاتێ لەوەی ژنەکە خۆی بە پارە ڕزگار بکا لە مێردەکەی. ﴿عن ابن عباس رضى الله عنهما: أَنَّ اِمْرَأَةَ ثابتِ بن قيسٍ قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ مَا أَعْتِبُ عَلَيْهِ –أي ثابت– فِي خُلُقٍ وَلاَ دِينٍ وَلَكِنِّي اَكْرَهُ الْكُفْرَ فِالإِسْلاَمِ. فَقَالَ أَتَرُدِّينَ عَلَيْهِ حَدِيقَتَهُ؟ قَالَتْ نَعَمْ. فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِثَابِتٍ: إِقْبَلِ الْحَدِيقَةَ وَطَلِّقْهَا تَطْلِيقَةً﴾ رواه البخاري، ژنەکەی(ثابت) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هیچ ڕەخنەم لە ڕەووشت و ئاپینی (ثابت)ی مێردم نیە، بەڵام دەترسم تووشی بێشەرعی ببم، بۆیێ دەمەوێ لێی جیا ببمەوە. پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەگەر مێردەکەت تەلاقت بدا ئەو باغەی بە مارەیی لێت وەرگرتبو دەیدەیەوە؟ گوتی: بەڵێ. پێغەمبەر ﷺ فەرموویە (ثابت): باغەکەی لێقبوڵ بکەوەو بە تەلاقێك تەلاقی بدە.

﴿ئاگادارییەکی گرنگ﴾: هەر کاتێك مێردەکە سوێندی بە هەرسێك تەلاقی خوارد: کە ئەم کارە بکا. یان نەیکا. ئینجا دوایێ پێویست بوو کارەکە بکا، یان نەیکا، ئەوە بە خولعکردن لە کەوتنی هەرسێك تەلاقەکە ڕزگاری دەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، بۆ وێنە: بە دە دینار–بە ووشەی‌ڕابردوو– خولع لەگەڵ ژنەکەی دەکا، ئینجا دووبارە بە مارەبرینێکی نوێ بە مەزهەبی(الشافعی) ژنەکە لە خۆی مارە دەکاتەوە، واتە:

شَرْطُهُ زَوْجٌ يَصِحُّ طَلاَقُهُ، فَلَوْ خَالَعَ عَبْدٌ أَوْ مَحْجُورٌ عَلَيْهِ بِسَفَهٍ صَحَّ وَوَجَبَ دَفْعُ الْعِوَضِ إِلَى مَوْلاَهُ وَوَلِيِّهِ،

بەم خولعکردنە تەنها تەلاقێکی دەکەوێ و بە دوو تەلاقەکەیتر ژنەکەی لێمارە دەکرێتەوە، ئینجا لە دوای ئەم مارەکردنەوەیە ئەگەر شتە سوێند لەسەرخواروەکە بکا، یان نەیکا، سێ تەلاقەکەی ناکەوێ، هەروەك لە باسی (دەسەلاتی مێرد بە سەر شوێنی تەلاقدا) ڕوونی دەکەینەوە، إن شاءالله تعالى .

بەڵام زۆر ئاگادارین: هەر خولعێك بكرێ پێویستە ماركردنەوەكەی دووەم بە مەزهەبی (الشافعی) بێ، هەروەك گوتمان، چونكە ئەگەر بە مەزهەبی(حنفی) بێ–واتە: بێئیزنی سەرپەرشتكارەكە ژنەكە وەكیلێك بگرێو بە مەزهەبی(حنفی) دووبارە لە مێردەكەی مارە بكرێتەوە– ئەو كاتە پێویستە لە دوای خولعكردن (عِدَّة)ی تەواو ببێ، ئینجا لە دوای تەواوبوونی (عِدَّة)ش شتە سوێند لەسەرخواركە بكرێ، ئینجا دووبارە لە مێردەكەی مارە بكرێتەوە، هەروەك لە حاشیەكانی (الجمل)و (البجيرمي)و (إعانة)دا پوون كراوەتەوە.

واتە: چونكە لە مەزهەبی(حنفی)دا: ئەگەر شتە سوێندلەسەرخوراوەكە لە (عِدَّة)دا بكرێ، یان لە دوای(عِدَّة) لە مارەبڕینەكەی دووەمدا بكرێ، لە هەردوو حاڵەتدا سێ تەڵاقی دەكەون، هەروەك لە لاپەرە (420)ی بەرگیەكەمی (مجمع الانهر)ی خۆیاندا پوون كراوەتەوە.

جا تكات لێدەكەم لە خوا بترسەو بە نەزانی خولع مەكە، ژنی بێتەڵاق مەنێرەوە لای مێردەكەی، هەروەها هەر كاتێك خولع بۆ كەسێك دەكەی پێشدا لێی بپرسە: ئایا چەند جار ژنەكەی تەڵاق داوە؟ چونكە ئەگەر تەنها تەڵاقێكی مابێ، ئەو كاتە بە فەرموودەی بەهێزتر خولعەكەی دەبێتە تەڵاقی سێبەسێو مارە بەجاشی دەوێ، والله أعلم.

(شَرْطُهُ) مەرجی دروستبوونی خولع ئەوەیە: (زَوْجٌ يَصِحُّ طَلَاقُهُ) لە لایەن مێردێكی ئەوماوە بكرێ: كە تەڵاقدانەكەی دروست ببێ، واتە: بالغو عاقڵو بە خۆشیخۆی بێ، كەوابو: خولعی منداڵو شێتو زۆرلێكراو دروست نابێ، بەڵام لە مەزهەبی ئیمام(مالك)دا: بۆ باوكی مێردێكی منداڵ، یان شێت دروستە: خولعیان بۆ بكا، هەروەك لە (شرح الموطأ)دا فەرموویەتی، واتە: بە پارە ژنەكانیان تەڵاق بدا، بەو مەرجەی خولعكردنەكە لە بەرژەوەندی منداڵەكەو شێتەكەدا بێ، كەوابو: ئەگەر حاڵەتێكی وەها پوێدا دروستە: باوكەكە بۆ ئەو مەسەلەیە (تقليد)ی مەزهەبی ئیمام (مالك) بكا، والله أعلم.

(فَلَوْ خَالَعَ عَبْدٌ أَوْ مَحْجُورٌ عَلَيْهِ بِسَفَهٍ) ئەگەر كۆیلەیەك، یان قەدەغەكراوێك بە هۆی مانڕ بەفێڕۆدان خولعی كرد (صَحَّ) خولعەكە دروست دەبێ، بەڵام (وَوَجَبَ دَفْعُ الْعِوَضِ إِلَى مَوْلَاهُ وَوَلِيِّهِ) واجبە پارەی خولعەكە بدرێتە دەست گەورەی كۆیلەكەو سەرپەرشتكاری قەدەغەكراوەكە.

وَشَرْطُ قَابِلِهِ إِطْلَاقُ تَصَرُّفِهِ فِالْمَالِ، فَإِنْ اِخْ **منهاج– بەرگیچوارەم–18**

أَوْ عَيْنِ مَالِهِ بَانَتْ وَلِلزَّوْجِ فِي ذِمَّتِهَا مَهْرُمِثْلٍ فِي صُورَةِالْعَيْنِ وَفِي قَوْلٍ قِيمَتُهَا، وَفِي صُورَةِالدَّيْنِ الْمُسَمَّى وَفِي قَوْلٍ مَهْرُمِثْلٍ، وَإِنْ أَذِنَ وَعَيَّنَ عَيْنًا لَهُ أَوْ قَدَّرَ دَيْنًا فَامْتَثَلَتْ تَعَلَّقَ بِالْعَيْنِ وَبِكَسْبِهَا فِالدَّيْنِ، وَإِنْ أَطْلَقَ الإِذْنَ اِقْتَضَى مَهْرَالْمِثْلِ مِنْ كَسْبِهَا، وَإِنْ خَالَعَ سَفِيهَةً أَوْ قَالَ طَلَّقْتُكِ عَلَى أَلْفٍ

بێ، کەوابو: ئەگەر بە ژنەکەی خۆی گوت: هەر کاتێك گەردەنی فلانکەس ئازاد بکەی لە قەرزەکەت، یان ئەگەر ئەو شتە بدەیتە فلانکەس، تەلاقت بکەوێ. ئەوە نابێتە خولع، بەڵکو تەلاقەکەی بە (رجعي) دەکەوێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَشَرْطُ قَابِلِهِ) مەرجی ئەو کەسەش کە خولعەکە قبوڵ دەکا: جا ژنەکە بێ، یان بێگانەیەك، بۆ ئەوەی پارەی خولعەکەی لە سەر واجب ببێ، ئەوە یە: (إطْلاَقُ تَصَرُّفِهِ فِي الْمَالِ) سەربەخۆ دەستکاریی لە ماڵی‌خۆی‌دا دروست بێ، واتە: بالغو عاقڵ بێو قەدەغەکراو و زۆرلێکراو نەبێ، کەوابو: (فَإِنْ اخْتَلَعَتْ أَمَةٌ بِلاَ إِذْنِ سَيِّدٍ) ئەگەر جاریەیەك بێئیزنی گەورەکەی قبوڵی خولعی کرد (بِدَيْنٍ) بە قەرزێك (أَوْ عَيْنِ مَالِهِ) یان بە خودی ماڵی گەورەکەی، ئەوە (بَانَتْ) جاریەکە بە (بائن)ی تلاقی دەکەوێ، بەڵام (وَلِلزَّوْجِ فِي ذِمَّتِهَا مَهْرُ مِثْلٍ فِي صُورَةِ الْعَيْنِ) مێردەکە مارەیی هاووێنەی بە قەرز دەکەوێتە ئەستۆی جاریەکە، لەو وێنەیەی کە بە ماڵی‌گەورەکەی خولعی قبوڵ کردەو (وَفِي قَوْلٍ قِيمَتُهَا) لە فەرموودەیەکدا: نرخی ماڵەکە بە قەرز دەکەوێتە ئەستۆی جاریەکە (وَفِي صُورَةِ الدَّيْنِ الْمُسَمَّى) لە وێنەی قەرزەکەشدا ناوبراوەکە دەکەوێتە ئەستۆی‌جاریەکە (وَفِي‌قَوْلٍ مَهْرُمِثْلٍ) لە فەرموودەیەکدا: مارەییەکاووێنەی دەکەوێتە ئەستۆ.

(وَإِنْ أَذِنَ) ئەگەر گەورەکەی ئیزنی‌دا خولع قبوڵ بکاو (وَعَيَّنَ عَيْنًا لَهُ أَوْ قَدَّرَ دَيْنًا) لە خودی ماڵی‌خۆیشی شتێکی بۆ خولعەکە دیاری کرد، یان ئەندازەی قەرزێکی لە ئەستۆی جاریەکەدا دانا (فَامْتَثَلَتْ) جاریەکەش بە قسەی گەورەکەی کرد، ئەوە (تَعَلَّقَ بِالْعَيْنِ) مێردەکە دەست بە خودی ماڵە دیارکراوەکەوە دەگرێ ئەگەر بە ماڵەکە خولعی کردبێ (وَبِكَسْبِهَا فِي الدَّيْنِ) یان دەست بە کەسابەتی جاریەکەوە دەگرێ ئەگەر بە قەرزەکەی کرابێ، بەڵام (وَإِنْ أَطْلَقَ الإِذْنَ) ئەگەر گەورەکە تەنها ئیزنی‌داو باسی هیچی‌تری نەکرد، ئەو کاتە (اقْتَضَى مَهْرَالْمِثْلِ مِنْ كَسْبِهَا) خولعەکە مارەیی هاووێنە واجب دەکا لە کەسابەتی جاریەکە بدرێ.

(وَإِنْ خَالَعَ سَفِيهَةٌ) ئەگەر مێردەکە خولعی کرد لەگەڵ ژنێکی قەدەغەکراو بە هۆی ماڵ بە فیڕۆدان بە سەد دینار (أَوْ قَالَ طَلَّقْتُكِ عَلَى أَلْفٍ) یان پێی گوت: تۆم تەلاق دا لە سەر فَقَبِلَتْ طَلَقَتْ رَجْعِيًّا، فَإِنْ لَمْ تَقْبَلْ لَمْ تَطْلُقْ، وَيَصِحُّ اِخْتِلاَعُ الْمَرِيضَةِ مَرَضَ الْمَوْتِ وَلاَ يُحْسَبُ مِنَ الثُّلُثِ إلاَّ زَائِدٌ عَلَى مَهْرِمِثْلٍ، وَرَجْعِيَّةٍ فِي الأَظْهَرِ، لاَ بَائِنٍ، وَيَصِحُّ عِوَضُهُ قَلِيلاً وَكَثِيراً دَيْنًا وَعَيْنًا وَمَنْفَعَةً، وَلَوْ خَالَعَ بِمَجْهُولٍ

هەزار دینار (فَقَبِلَتْ) ژنەکەش قبوڵی کرد، ئەوە (طَلَقَتْ رَجْعِيًّا) لە هەردوو مەسەلەکەدا ژنەکە بە (رَجْعِي) تەلاقی دەکەوێ، نە سەد دینارەکەو نە هەزارەکەی ناکەوێتە سەر؟ چونکە قەدەغەکراوە، بەڵام (فَإِنْ لَمْ تَقْبَلْ) ئەگەر ژنەکە خولعەکەو تەلاقەکەی قبوڵ نەکرد،

ئەو کاتە (لَمْ تَطْلُقْ) تەلاقی ناکەوێ، چونکە ووشەکە قبوڵکردنی دەوێ.
(وَيَصِحُّ اِخْتِلَاعُ الْمَرِيضَةِ مَرَضَ الْمَوْتِ) ئەو ژنەی بە نەخۆشیی مردن نەخۆش کەوتوە دروستە خولعیخۆی قبوڵ بکاو (وَلَايُحْسَبُ مِنَ الثُّلُثِ إِلاَّ زَائِدٌ عَلَىمَهْرِمِثْلِ) ئەو ماڵەی خولعی پێکردوە لە سێیەکی ماڵەکەی حیساب ناکرێ تەنها ئەو ئەندازەیە نەبێ: کە لە مارەیی هاوۆێنەی زیاترە.
هەروەها ئەگەر مێردەکەش نەخۆشیی‌مردنی بێ دروستە خولع بکا، چونکە بە خۆڕاییش تەلاقدانی دروستە، هەروەها ئەو بێگانەیەی نەخۆشیی مردنیەتی دروستە بە مالّیخۆی خولعی ژنەکە لە مێردەکەی قبوڵ بکا، بەڵام ئەمەیان هەموو ماڵە خولع پێکراوەکە لە سێیەکی ماڵەکەی حیساب دەکرێ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.
(وَرَجْعِيَّةٍ فِيالأَظْهَرِ) هەروەها ئەو ژنەی بە (رجعي) تەلاقدراوە، دروستە خولعی خۆی قبوڵ بکا، لە فەرموودەی بەهێزتردا، چونکە تا لە (عِدَّة)دا بێ وەکو ژنی مێردیخۆی بڕیاری بۆ دەدرێ (لاَ بَائِنٍ) بەڵام ئەو ئەو ژنە تەلاقدراوەی بووەتە (بائن)، خولعی دروست نابێ، جیاوازی نیە: بە خولع بوبێتە (بائِن)، یان بە تەواوبوونی (عِدَّة)، یان بە تەلاقدانی پێش جیماع، چونکە تەلاقدراوی(بائِن) بێگانەیەو لە ژێر دەسەلاتی مێردەکەیدا نەماوە.

﴿ پارەی خولع ﴾

(وَيَصِحُّ عِوَضُهُ) پارەی خولع دروست دەبێ، جا پارەکە: (قَلِيلاً وَكَثِيراً) کەم بێ، یان زۆر بێ، پوڵو دراو بێ، یان شتێکیتر بێ (دَيْنًا وَعَيْنًا وَمَنْفَعَةً) قەرز بێ، یان ماڵێکی دیارکراو بێ، یان سودێك بێ، بەڵام مەرجە: پارەکە مالّ بێو زاندراو بێو توانای تەسلیمکردنی هەبێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.
کەواتە: ئەگەر خولع لەگەڵ کوێرێك بکا بە شتێکیدیارکراو، ئەو شتە دیارکراوەی لە سەر جێگیر نابێ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی، بەڵکو تەلاقەکەی بە (مهرالمثل) دەکەوێ، بۆیێ پێویستە: بۆ خولعکردن کوێرەکە وەکیلێك بگرێ، هەروەک لە کڕین و فرۆشتندا ڕابرا.
هەروەها (وَلَوْ خَالَعَ بِمَجْهُولٍ) ئەگەر مێردەکە خولعی لەگەڵ ژنەکەی کرد بە شتێکی أَوْ خَمْرٍ بَانَتْ بِمَهْرِ مِثْلٍ، وَفِي قَوْلٍ بِبَدَلِ الْخَمْرِ،

نەزاندراو: وەك پارچە جلێك، یان مەڕێك، یان یەکێك لەو دوو مانگایە (أَوْ خَمْرٍ) یان بە کوپێك شەڕاب، یان بە سەگێك، یان بە کەلاکێکی مرداربوو، یان بە شتێکی زەوتکراو، ئەوە لەو حاڵەتانەدا ئەگەر ژنەکە قبوڵ بکا (بَانَتْ بِمَهْرِ مِثْلٍ) ژنەکە بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ بە مارەیی هاوۆێنەی کە بیداتە مێردەکەی، چونکە پارەی خولعەکە دروست نەبووە، بەڵام ئەگەر ژنەکە قبوڵ نەکا تەلاقەکە ناکەوێ (وَفِي قَوْلٍ بِبَدَلِ الْخَمْرِ) لە

فەرمووەیەکی بێهێزدا بە پارەی شەڕابەکە تەڵاقی دەکەوێ.
جا بزانە: ئەگەر خولعەکە جگە لە ژنەکە لەگەڵ کەسێکیتر بکرێ: بەم سەگە، یان بەم کەلاکە مرداربووە، یان بەم زەوتکراوە، ئەوە پێیوست بە قبوڵکردن ناکا، چونکە تەڵاقەکە بە(رجعی) دەکەوێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
﴿ ئاگادری ﴾: ئەوەیڕابردوو لە حاڵەتێکدا بوو: کە ئەو شتە پیسەی دەکرێتە پارەی خولع، شتێکی مەبەست بێو بایەخێکیپێبدرێ هەروەک ڕابرا، بەڵام ئەگەر شتە پیسەکە مەبەست نەبێ: وەک بڵێ: خولعم لەگەڵ کردی، یان تەڵاقم دای بە پیاڵە خوێنێک. یا بە قشپلێک. یان بە مێشێک. ئەو کاتە–ئەگەر سێ تەڵاقی مەبەست نەبوبێ– بە (رجعي) تەڵاقی دەکەوێو هیچ مافێیش ناکەوێتە سەر ژنەکە، جیاوازی نیە: خولعەکەی قبوڵ کردبێ، یانا؟ چونکە وەک بە خۆڕایی تەڵاقی دابێ ئەوهایە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.
بەڵام ئەگەر شتە خولع پێکراوەکە پاکو بێنرخ بێ: وەک بڵێ: بە دوو دەنکە گەنم تەڵاقم دای. یان بە فلسێک تەڵاقت کەوتبێ. ئەو کاتە–ئەگەر ژنەکە قبوڵ بکا– بە مارەیی هاووێنە بە (بائن)ی تەڵاقی دەکەوێ، هەروەک لە (الشبراملسی)دا لە دوای باسەکەی داهاتوودا ڕوون کراوەتەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە قبوڵ نەکا، ئەوە تەڵاقی ناکەوێ، هەروەک لە (جواهرالفتاوی)دا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ خولع بە مارەیی ژنەکە ﴾

ئەگەر مێردەکە خولع لەگەڵ ژنەکەی بکا بە مارەییژنەکەی کە بە قەرز لە ئەستۆیدا ماوە، یان بە هەر قەرزێکیتری ژنەکەی کە لە سەریەتی، ئەوە مەرجە: ژنەکەو مێردکە هەردووکیان بزانن مارەییەکەو قەرزەکە چەندە، هەم مەرجە: مارەییەکەو قەرزەکە زەکاتی تێدا واجب نەبوبێ، چونکە ئەندازەی زەکات دەبێتە ملکی هەژارەکانو گەردەنی مێردەکە لەو ئەندازەیە ئازاد نابێ، هەم مەرجە: لە دانیشگەی خولعەکەشدا گەردەنی مێردەکەی ئازاد بکا لە مارەییەکەی، یان لە قەرزەکەی:
وَلَهُمَا التَّوْكِيلُ، فَلَوْ قَالَ لِوَكِيلِهِ: خَالِعْهَا بِمِأَةٍ. لَمْ يَنْقُصْ مِنْهَا، وَإِنْ أَطْلَقَ لَمْ يَنْقُصْ عَنْ مَهْرِ مِثْلٍ، فَإِنْ نَقَصَ فِيهِمَا لَمْ تَطْلُقْ، وَفِي قَوْلٍ يَقَعُ بِمَهْرِ مِثْلٍ، وَلَوْ قَالَتْ لِوَكِيلِهَا: اِخْتَلِعْ بِأَلْفٍ. فَامْتَثَلَ

بۆ وێنە: مێردەکە دەڵێ: ئەگەر گەردەنت ئازاد کردم لە مارەییەکەت تەڵاقت بکەوێ. ژنەکەش یەکسەر لەم دانیشگەدا بڵێ: گەردەنت ئازاد بێ لە مارەییەکەم. کەوابو: ئەگەر ژنو مێردەکە، یان تەنها یەکێکیان نەیدەزانی مارەییەکە، یان قەرزەکە چەندە، یان

مارەییەکەو قەرزەکە زەکاتی تێدا واجب بووبێ، یان گفتوگۆیەکی‌زۆری بێگانە، یان بێدەنگبوونێکی درێژ کەوتە نێوان قسەی ژنو میردەکە، ئەوە لە هیچ حاڵەتێکدا تەاڵقەکە ناکەوێ، هەروەك لە زۆبەی سەرچاوەکاندا پوون کراوەتەوە.

جا ئەگەر ژنەکە–لەجیاتی گەردەن ئازادکردن– گوتی: مارەییەکەم نەزری تۆ بێ. ئەو کاتە ئەگەر مەبەستی لادانی قەرزەکە بێ لە ئەستۆی میردەکەی، ئەوە تەاڵقی دەکەوێ، ئەگەر نا: نا، هەروەك لە (تحفه)دا فەرموویەتی، جا ئەگەر ژنەکە لە دانیشگەی خولعەکەدا نەبو، ئەو کاتە مەرجە: هەر کاتێك خەبەرەکەی زانی یەکسەر گەردەنی میردەکەی ئازاد بکا، هەروەك لە (تحفه)و (الشروانی)دا فەرموویانە، هەروەها مەرجە ژنەکەو میردەکە: باڵغو عاقڵ بنو زۆرلێکراو و قەدەغەکراو نەبن، هەروەك ڕابرا.

(وَلَهُمَا التَّوْكِيلُ) بۆ ژنەکەو بۆ میردەکە دروستە: لە خولعکردنەکەدا وەکیل بگرن (فَلَوْ قَالَ لِوَكِيلِهِ) جا ئەگەر میردەکە بە وەکیلەکەی خۆی گوت: (خَالِعْهَا بِمِأْةٍ) خولع لەگەڵ ژنەکەم بکە بە سەد دینار. ئەوە (لَمْ يَنْقُصْ مِنْهَا) نابێ لە سەددینارەکە بە کەمتر خولع بکا، بەاڵم بە زیاتر دروستە (وَإِنْ أَطْلَقَ) ئەگەر میردەکە تەنها گوتی: خولعی لەگەڵ بکە. واتە: هیچ ماڵێکی نەگوت، ئەو کاتە (لَمْ يَنْقُصْ عَنْ مَهْرِ مِثْلِ) نابێ لە مارەیی هاوێنە بە کەمتر خولع بکا (فَإِنْ نَقَصَ فِيهِمَا) جا ئەگەر لە هەردوو مەسەلەکەدا کەمی کردەوە، واتە: لە سەدەکەو لە مارەیی هاوێنە، ئەو کاتە (لَمْ تَطْلُقْ) تەاڵقی ناکەوێ، چونکە دژایەتیی کردوە (وَفِي قَوْلٍ يَقَعُ بِمَهْرِ مِثْلٍ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بە مارەیی هاوێنە تەاڵقەکەی دەکەوێ.

ئینجا بزانە: ئەگەر ژنەکەش تەنها ئەوەندە بڵێتە وەکیلەکەی: خولعم بۆ قبوڵ بکە. واتە: باسی هیچ ماڵێکیشی نەکرد، ئەو وەکیلەش نابێ لە مارەیی هاوێنە بە زیاتر بۆی قبوڵ بکا، جا ئەگەر بە زیاتر بۆی قبوڵ کرد، ئەو کاتە مارەیی هاوێنە دەکەوێتە سەر ژنەکەو زیادەکەش دەکەوێتە سەر وەکیلەکە، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَلَوْ قَالَتْ لِوَكِيلِهَا) ئەگەر ژنەکە بە وەکیلەکەیخۆی گوت: (اِخْتَلِعْ بِأَلْفٍ) خولعم بۆ قبوڵ بکە بە هەزار دینار (فَامْتَثَلَ) وەکیلەکەش بە قسەی کرد، واتە: بە هەزارەکە، یان نَفَذَ، وَإِنْ زَادَ فَقَالَ: اِخْتَلَعْتُهَا بِأَلْفَيْنِ مِنْ مَالِهَا بِوَكَالَتِهَا. بَانَتْ وَيَلْزَمُهَا مَهْرُمِثْلٍ، وَفِي قَوْلٍ الأَكْثَرُ مِنْهُ وَمِمَّا سَمَّتْهُ، وَإِنْ أَضَافَ الْوَكِيلُ الْخُلْعَ إِلَى نَفْسِهِ فَخُلْعُ أَجْنَبِيٍّ وَالْمَالُ عَلَيْهِ، وَإِنْ أَطْلَقَ فَالأَظْهَرُ أَنَّ عَلَيْهَا مَا سَمَّتْ وَعَلَيْهِ الزِّيَادَةُ، وَيَجُوزُ تَوْكِيلُهُ ذِمِّيًّا وَعَبْدًا وَمَحْجُورًاعَلَيْهِ بِسَفَهٍ، وَلاَ يَجُوزُ تَوْكِيلُ مَحْجُورٍعَلَيْهِ فِي قَبْضِ الْعِوَضِ، وَالأَصَحُّ صِحَّةُ تَوْكِيلِهِ اِمْرَأَةً بِخُلْعِ زَوْجَتِهِ أَوْ طَلاَقِهَا،

بە کەمتر خولعی بۆ قبوڵ کرد، ئەوە (نَفَذَ) خولعەکە جێبەجێ دەبێ، بەاڵم (وَإِنْ زَادَ فَقَالَ:

اِخْتَلَعْتُهَا بِأَلْفَيْنِ مِنْ مَالِهَا بِوَكَالَتِهَا) ئەگەر لە هەزارەکە بە زیاتری کردو گوتی: خولعی ئەو ژنەم قبولّ کرد بە دوو هەزار دینار لە مالّی ژنەکە بە وەکیلایەتی ژنەکە. ئەوە (بَانَتْ وَيَلْزَمُهَا مَهْرُ مِثْلٍ) ژنەکە بە (بائن)ی تەلاّقی دەکەوێ و مارەیی هاووێنەیشی دەکەوێتە سەر بۆ مێردەکە، بەلاّم وەکیلەکە هیچی ناکەوێتە سەر، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە (وَفِي قَوْلٍ الأَكْثَرُ مِنْهُ وَمِمَّا سَمَّتْهُ) لە فەرمودەیەکی بێهێزدا: لە مارەیی هاووێنەو لە ناوبراوەکە کامەیان زۆرترە، ئەوەی دەکەوێتە سەر.

بەلاّم هەر لەم مەسەلەیەدا (وَإِنْ أَضَافَ الْوَكِيلُ اَلْخُلْعَ إِلَى نَفْسِهِ) ئەگەر وەکیلەکە خولعەکەی نیسبەت دا لای خوێو گوتی: بە مالّی خۆم ئەم خولعەم قبولّ کرد بە دوو هەزار دینار. ئەوەش (فَخُلْعُ أَجْنَبِيٍّ) خولعی بێگانەیەو دروست دەبێ، هەم (وَالْمَالُ عَلَيْهِ) مالّە خولع پێکراوەکەش هەمووی دەکەوێتەسەر خۆی، هیچی ناکەوێتەسەر ژنەکە.

بەلاّم (وَإِنْ أَطْلَقَ) ئەگەر باسی هیچ لایەکی نەکردو تەنها گوتی خولعی فلاّنە ژنەم قبولّ کرد بە دوو هەزار دینار. ئەو کاتەش (فَالأَظْهَرُ أَنَّ عَلَيْهَا مَا سَمَّتْ) بە فەرمودەی بەهێزتر: ژنەکە ناوی چەند مالّی هێناوە ئەوەندە دەکەوێتەسەر خۆی: کە هەزارەکەیەو (وَعَلَيْهِ الزِّيَادَةُ) زیادەکەش دەکەوێتە سەر وەکیلەکە: کە هەزاەکەیترە، بەلاّم بۆ مێردەکە دروستە: هەردوو هەزارەکە لە وەکیلەکە بستێنێ، ئینجا وەکیلەکەش هەزارێك لە ژنەکە وەردەگرێتەوە.

(وَيَجُوزُ تَوْكِيلُهُ ذِمِّيًّا وَعَبْدًا وَمَحْجُورًا عَلَيْهِ بِسَفَهٍ) دروستە مێردەکە: جولەکەو گاورو کۆیلەو قەدەغەکراوی مالّ بەفیڕۆدەر بکاتە وەکیل بۆ خولعکردن، بەلاّم (وَلاَ يَجُوزُ تَوْكِيلُ مَحْجُورٍ عَلَيْهِ فِي قَبْضِ الْعِوَضِ) دروست نیە قەدەغەکراوێك بکاتە وەکیلیخۆی لە وەرگرتنی پارەی خولعەکەدا (وَالأَصَحُّ) بە فەرمودەی ڕاستتر (صِحَّةُ تَوْكِيلِهِ اِمْرَأَةً) دروستە مێردەکە ئافرەتێك بکاتە وەکیلی خۆی (بِخُلْعِ زَوْجَتِهِ أَوْ طَلاَقِهَا) بۆ خولعکردن لەگەلّ ژنەکەی، یان بۆ تەلاّقدانی ژنەکەی، هەروەها دروستە: ژنەکەش ئافرەتێك بکاتە وەکیلی خۆی تاکو خولعی بۆ قبولّ بکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

وَلَوْ وَكَّلاَ رَجُلاً تَوَلَّى طَرَفَا، وَقِيلَ الطَّرَفَيْنِ.

(فَصْلٌ) اَلْفُرْقَةُ بِلَفْظِ الْخُلْعِ طَلاَقٌ، وَفِي قَوْلٍ فَسْخٌ لاَ يَنْقُصُ عَدَدًا، فَعَلَى الأَوَّلِ لَفْظُ الْفَسْخِ كِنَايَةٌ، وَالْمُفَادَاةُ كَخُلْعٍ فِالأَصَحِّ، وَلَفْظُ الْخُلْعِ صَرِيحٌ، وَفِي قَوْلٍ كِنَايَةٌ، فَعَلَى الأَوَّلِ لَوْ جَرَى بِغَيْرِ ذِكْرِ مَالٍ وَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ فِي الأَصَحّ،

(وَلَوْ وَكَّلاَ رَجُلاً) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە بە هەردووکیان پیاوێکیان کردە وەکیلی خۆیان، ئەوە (تَوَلَّى طَرَفَا) پیاوەکە تەنها یەك لای خولعەکە سەرپەرشتی دەکا: یان لای ژنەکە، یان

لای پیاوەکە، واتە: لایەکەیترییش بە خۆی، یان وەکیلێکیتری لایەکە سەرپەرشتیی دەکا (وَقِيلَ الطَّرَفَيْنِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: پیاوەکە سەرپەرشتی هەردوولایەکان دەکا.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی گۆتەی خولع ﴾

(اَلْفُرْقَةُ بِلَفْظِ الْخُلْعِ) لێکجیابوونەوەی ژنومێرد بە ووشەیخولع (طَلاَقٌ) تەلاقدانەو ژمارەی تەلاقەکان کەم دەکاتەوە (وَفِي قَوْلٍ فَسْخٌ لاَ يَنْقُصُ عَدَدًا) لە فەرموودەیەکیتری ئیمامی (الشافعی)دا: لێکجیابوونەوەیان بە ووشەیخولع، هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەیەو ژمارەی تەلاقەکان کەم ناکاتەوە، زۆر لە زانایانیش ئەم فەرموودە دووەمەیان هەڵبژاردوە. کەواتە: بەم فەرموودەیە: لە سێ جار زیاتریش دروستە خولع بکاو ژنەکەی لە خۆی مارە بکاتەوە. بەڵام لێکجیابوونەوەی بە ووشەیتەلاق هەر تەلاقدانەو ژمارەی تەلاقیش کەم دەکاتەوە، هەرچەند بە پارەش بێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(فَعَلَى الأَوَّلِ) جا لە سەر فەرموودەیەکەمیبەهێزتر (لَفْظُ الْفَسْخِ كِنَايَةٌ) ووشەی (فَسْخ) واتە: هەڵوشاندنەوە، وەک بڵێ: مارەبرینەکەتم هەڵوەشاندەوە بە هەزار دینار. ژنەکەش قبوڵ بکا، ئەوە گۆتەیەکی نائاشکرای خولعکردنەو پێوستە نیەتی خولعکردنی لەگەڵدا بێ. بەڵام (وَالْمُفَادَاةُ) ووشەیپزگارکردن (كَخُلْعٍ فِي الأَصَحِّ) وەکو خولع ووشەیەکینائاشکرایە لە فەرموودەی پاستتردا.

(وَلَفْظُ الْخُلْعِ صَرِيحٌ) ووشەیخولعیش ووشەیەکی ئاشکرای تەلاقەو پێوستی بە نیەت نیە (وَفِي قَوْلٍ كِنَايَةٌ) لە فەرموودەیەکدا: خولعیش نائاشکرایە (فَعَلَى الأَوَّلِ) جا لە سەر فەرموودەی یەکەمی بەهێزتر: (لَوْ جَرَى بِغَيْرِ ذِكْرِ مَالٍ) ئەگەر مێردەکە ووشەیخولعی بە کار هێنا لە گەڵ ژنەکەیو باسی هیچ مالێکیشی نەکرد، وەک تەنها بڵێ: خولعم لەگەڵ تۆ کرد.–بەڵام ئەو نیەتەشی هەبێ کە ژنەکە قبوڵ بکا–ئینجا ئەگەر ژنەکە گوتی: قبوڵم کرد. ئەو کاتە بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێو هەم (وَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ فِي الأَصَحِّ) لە بەرامبەر تەلاقەکەوتنەکەش مارەیی هاوویێنە لە سەر ژنەکە واجب دەبێ بۆ مێردەکەی، لە فەرموودەی پاستتردا، بەڵام ئەگەر ژنەکە قبوڵ نەکا، ئەو کاتە تەلاقی ناکەوێ.

وَيَصِحُّ بِكِنَايَاتِ الطَّلاَقِ مَعَ النِّيَّةِ، وَبِالْعَجَمِيَّةِ، وَلَوْ قَالَ: بِعْتُكِ نَفْسَكِ بِكَذَا. فَقَالَتْ: اِشْتَرَيْتُ. فَكِنَايَةُ خُلْعٍ، وَإِذَا بَدَأَ بِصِيغَةِ مُعَاوَضَةٍ: كَطَلَّقْتُكِ أَوْ خَالَعْتُكِ بِكَذَا –وَقُلْنَا: اَلْخُلْعُ طَلاَقٌ– فَهُوَ مُعَاوَضَةٌ فِيهَا شَوْبُ تَعْلِيقٍ وَلَهُ الرُّجُوعُ قَبْلَ قَبُولِهَا، وَيُشْتَرَطُ قَبُولُهَا بِلَفْظٍ غَيْرِ مُنْفَصِلٍ،

(وَيَصِحُّ بِكِنَايَاتِ الطَّلاَقِ مَعَ النِّيَّةِ) خولع بە ووشە نائاشکرایەکانی تەلاقیش دروست دەبێ ئەگەر نیەتی تەلاقی لەگەڵدا بێ: لە لایەن ژنەکەو مێردەکەوە، واتە: ئەگەر ژنەکە، یان

مێردەکە لەگەڵ ووشە نائاشکرایەکەدا نیەتی تەڵاقی نەبێ، خولعەکە دروست نابێ، هەروەك لە (مغنی)و (الشروانی)دا فەرموویانە.

(وَبِالْعَجَمِيَّةِ) هەروەها بە زمانەکانیتری جگە لە عەرەبیش خولع دروست دەبێ، کەوابو: (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە بە ژنەکەی گوت: (بِعْتُكِ نَفْسَكِ بِكَذَا) خودی تۆم فرۆشتە تۆ بە ئەوەندە پارەیە. یان گوتی: تەڵاقەکەتم فرۆشتە تۆ بە ئەوەندە پارەیە (فَقَالَتْ اشْتَرَيْتُ) ژنەکەش یەکسەر گوتی: لێتم کڕی بەو پارەیە. یان گوتی: قبوڵم کرد. ئەوە (فَكِنَايَةُ خُلْعٍ) ووشەی نائاشکرای خولعەو پێویستیی بە نیەتی خولع هەیە، هەروەك لە (الشرواني)دا فەرموویەتی.

(وَإِذَا بَدَأَ بِصِيغَةِ مُعَاوَضَةٍ) هەر کاتێك لە سەرەتاوە مێردەکە ووشەیەکی وەرگرتنی شتێکی لە بەرامبەر شتێك بۆ خولعەکە بە کار هێنا (كَطَلَّقْتُكِ أَوْ خَالَعْتُكِ بِكَذَا) وەك بڵێتە ژنەکەی: تەڵاقم دای بە ئەوەندە پارەیە. یان خولعم لەگەڵت کرد بەو شتە. ژنەکەش قبوڵی کرد (وَقُلْنَا: اَلْخُلْعُ طَلَاقٌ) بە فەرموودەی بەهێزتریش بڵێین: خولع تەڵاقدانە (فَهُوَ مُعَاوَضَةٌ فِيهَا شَوْبُ تَعْلِيقٍ) ئەو مامەڵەتە وەرگرتنیشتێکە لە بەرامبەر شتێکو هەڵواسینی تەڵاقەکەشی تێکەڵ کراوە؟ چونکە تا ژنەکە قبوڵ نەکا تەڵاقەکە ناکەوێ، کەوابو: (وَلَهُ الرُّجُوعُ قَبْلَ قَبُولِهَا) مێردەکەی بۆی دروستە پەشیمان ببێتەوە پێش ئەوەی ژنەکە قبوڵ بکا، واتە: هەر کاتێك ژنەکە قبوڵی کرد، ئەوە خولعەکە جێگیر دەبێو مافی پەشیمانیی نیە.

کەوابو: ئەگەر مێردەکە پێی گوت: ئەگەر ماوەی ساڵێك شیر بدەیتە کوڕەکەم تەڵاقت کەوتبێ. ژنەکەش بە زوبان گوتی: قبوڵم کرد. ئەوە دەسبەجێ تەڵاقەکەی دەکەوێ، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، کەواتە: شیردانەکەشی لە سەر واجب دەبێ.

(وَيُشْتَرَطُ قَبُولُهَا) بە مەرج داندراوە: ژنەکەش خولعەکە قبوڵ بکا (بِلَفْظٍ غَيْرِ مُنْفَصِلٍ) بە ووشەیەکی جیانەبووەوە لە گۆتەی مێردەکە، واتە: هیچ قسەیەکی زۆری بێگانەو هیچ بێدەنگبوونێکی درێژ نەکەوێتە نێوان گفتوگۆی مێردەکەو ژنەکە، وەك یەکسەر بە دوای تەواوبوونی گۆتەی مێردەکەدا بڵێ: قبوڵم کرد. یان قبوڵی خولعەکەم کرد. بەڵام ئافرەتی لاڵ بە ئاماژەکردن خولعەکە قبوڵ دەکا.

فَلَوْ اِخْتَلَفَ إِيجَابٌ وَقَبُولٌ: كَطَلَّقْتُكِ بِأَلْفٍ فَقَبِلَتْ بِأَلْفَيْنِ وَعَكْسُهُ أَوْ طَلَّقْتُكِ ثَلَاثًا بِأَلْفٍ فَقَبِلَتْ وَاحِدَةً بِثُلُثِ أَلْفٍ فَلَغْوٌ، وَلَوْ قَالَ طَلَّقْتُكِ ثَلَاثًا بِأَلْفٍ فَقَبِلَتْ وَاحِدَةً بِأَلْفٍ، فَالأَصَحُّ وُقُوعُ الثَّلَاثِ وَوُجُوبُ أَلْفٍ، وَإِنْ بَدَأَ بِصِيغَةِ تَعْلِيقٍ: كَمَتَى أَوْ مَتَمَا أَعْطَيْتِنِي فَتَعْلِيقٌ فَلَا رُجُوعَ لَهُ، وَلَا يُشْتَرَطُ الْقَبُولُ لَفْظًا وَلَا الإِعْطَاءُ فِالْمَجْلِسِ، وَإِنْ قَالَ: إِنْ أَوْ إِذَا أَعْطَيْتِنِي. فَكَذَلِكَ لَكِنْ يُشْتَرَطُ إِعْطَاءٌ عَلَى الْفَوْرِ،

(فَلَوْ اِخْتَلَفَ إِيجَابٌ وَقَبُولٌ) جا ئەگەر گۆتەی مێردەکەو قبوڵکردنی ژنەکە لێك جیاواز بون:

(كَطَلَّقْتُكِ بِأَلْفٍ) وەك بڵێ: تەلاقم دای بە یەك هەزار دینار (فَقَبِلَتْ بِأَلْفَيْنِ) ژنەكەش بڵێ: قبوڵم كرد بە دوو هەزار دینار. هەم (وَعَكْسُهُ) وەك بە پێچەوانەی ئەو وێنەیە مێردەكە بڵێ: بە دوو هەزار. ژنەكەش بڵێ: بە یەك هەزار (أَوْ) یان بڵێ: (طَلَّقْتُكِ ثَلَاثًا بِأَلْفٍ) سێبەسێ تەلاقم دای بە هەزار دینار (فَقَبِلَتْ وَاحِدَةً بِثُلُثِ أَلْفٍ) ژنەكەش گوتی: یەك تەلاقم قبوڵ كرد بە سێیەكی هەزارەكە (فَلَغْوٌ) ئەوە لە هەرسێك مەسەلەكەدا خولعەكە بەتاڵەو تەلاقەكە ناكەوێ و ماڵەكەش ناكەوێتە سەر ژنەكە.

بەڵام (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەكە گوتی: (طَلَّقْتُكِ ثَلَاثًا بِأَلْفٍ) سێبەسێ تەلاقم دای بە هەزار دینار (فَقَبِلَتْ وَاحِدَةً بِأَلْفٍ) ژنەكەش گوتی: یەك تەلاقم قبوڵ كرد بە هەزرا دینارەكە، ئەو كاتە (فَالأَصَحُّ وُقُوعُ الثَّلَاثِ وَوُجُوبُ أَلْفٍ) بە فەرموودەی پراستتر: سێ تەلاقەكەی دەكەوێ و ژنەكەش هەزارەكەی لە سەر واجب دەبێ بۆ مێردەكەی، چونكە جیاوازییان لە ئەندازەی ماڵەكەدا نیە.

(وَإِنْ بَدَأَ بِصِيغَةِ تَعْلِيقٍ) ئەگەر لە سەرەتاوە مێردەكە ووشەیەكی هەڵواسینی بۆ خولعەكە بە كار هێنا: (كَمَتَى أَوْ مَتَىمَا أَعْطَيْتِنِي) وەك بڵێتە ژنەكەی: هەر كاتێكیداماتوو ئەو شتەم بدەیتێ تەلاقت بكەوێ. ئەوە (فَتَعْلِيقٌ) هەڵواسینیتەلاقە لە لایەن مێردەكەوە، كەوابو: (فَلَا رُجُوعَ لَهُ) مێردەكە بۆی دروست نیە پەشیمان ببێتەوە، هەم (وَلَا يُشْتَرَطُ الْقَبُولُ لَفْظًا) بە مەرج دانێ: ژنەكە بە زوبان قبوڵ بكاو هەم (وَلَا الإِعْطَاءُ فِيالْمَجْلِسِ) مەرجیش نیە لە دانیشگەی خولعەكەدا شتەكە بداتە مێردەكەی، بەڵكو ئەگەر لە دوای لێكجیابوونەوەی دانیشگەكەو لە دوای ماوەیەكی زۆر درێژیش شتەكەی بداتێ تەلاقەكە هەر دەكەوێ، واتە: بەڵام تا شتەكەی نەداتێ تەلاقەكەی ناكەوێ، هەروەك لە سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەكە بە ژنەكەی گوت (إِنْ) ئەگەر (أَوْ إِذَا) یان هەر كاتێ (أَعْطَيْتِنِي) ئەو شتەم بدەیتێ تەلاقت كەوتبێ، ئەوەش (فَكَذَلِكَ) وەك ئەوەكەیتر بۆی دروست نیە پەشیمان ببێتەوە، هەم مەرج نیە: ژنەكە بە زوبان قبوڵ بكا (لَكِنْ يُشْتَرَطُ إِعْطَاءٌ عَلَى الْفَوْرِ) بەڵام وَإِنْ بَدَأَتْ بِطَلَبٍ طَلَاقٍ فَأَجَابَ فَمُعَاوَضَةٌ فِيهَا شَوْبُ جَعَالَةٍ فَلَهَاالرُّجُوعُ قَبْلَ جَوَابِهِ، وَيُشْتَرَطُ فَوْرٌ لِجَوَابِهِ، وَلَوْ طَلَبَتْ ثَلَاثًا بِأَلْفٍ فَطَلَّقَ طَلْقَةً بِثُلُثِهِ فَوَاحِدَةٌ بِثُلُثِهِ، وَإِذَا خَالَعَ أَوْ طَلَّقَ بِعِوَضٍ فَلَا رَجْعَةَ، فَإِنْ شَرَطَهَا فَرَجْعِيٌّ وَلَا مَالَ،

بە مەرج دانەدراوە: یەكسەر لە دانیشگەی خولعەكەدا شتەكە بداتە مێردەكەی بێئەوەی گفتوگۆیەكیدرێژی بیگانە، یان بێدەنگبوونێكیدرێژ بكەوێتە نێوان گۆتەی

مێردەکەو وێدانی شتەکە.

(وَإِنْ بَدَأَتْ بِطَلَبِ طَلاَقٍ) ئەگەر لە سەرەتاوە ژنەکە داوای تەلاقی لە مێردەکەی کردو گوتی: بە ئەوەندە پارەیە تەلاقم بدە. یان گوتی: ئەگەر تەلاقم بدەی ئەو شتەم لە سەر بێ بتدەمێ (فَأَجَابَ) مێردەکەش یەکسەر وەلامی داوەو گوتی: تەلاقم دای. ئەوە (فَمُعَاوَضَةٌ فِيهَا شَوْبُ جَعَالَةٍ) ئەو مامڵەتە وەرگرتنی شتێکە لە بەرامبەر شتێکو (جعالة)شی تێکەڵ کراوە، واتە: تەلاقەکەی دەکەوێ و واجبە: شتەکەش بداتە مێردەکەی، هەرچەند مێردەکە لە تەلاقدانەکەدا ناوی شتەکەشی دووبارە نەکردبێتەوە، هەروەک لە (فصل)ی‌داهاتوودا ڕوون کراوەتەوە.

کەوابو: (فَلَهَا الرُّجُوعُ قَبْلَ جَوَابِهِ) ژنەکە بۆی دروستە پەشیمان ببێتەوە پێش ئەوەی مێردەکە لە وەلامیدا تەلاقی بدا، بەڵام (وَيُشْتَرَطُ فَوْرٌ لِجَوَابِهِ) لێرەدا بە مەرج دادەندرێ: مێردەکە یەکسەر لە دانیشگەی خولەکەدا وەلامی ژنەکە بداتەوەو تەلاقی بدا، چونکە ئەگەر پاش ماوەیەک تەلاقی بدا، ئەو کاتە بە (رجعي) تەلاقی دەکەوێ و هیچ شتێکیش ناکەوێتە سەر ژنەکە، مەگەر ژنەکە بڵێ: بە ئەوەندە پارەیە تەلاقم بدە هەر چەند دوای ماوەیەکیش بێ. ئەو کاتە پەلەکردن واجب نیە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ طَلَبَتْ ثَلاَثًا بِأَلْفٍ) ئەگەر ژنەکە داوای هەرسێک تەلاقی کردو گوتی: بە هەزار دینار سێبەسێ تەلاقم بدە (فَطَلَّقَ طَلْقَةً بِثُلُثِهِ) مێردەکەش یەک تەلاقیدا بە سێیەکی هەزارەکە، ئەوە (فَوَاحِدَةٌ بِثُلُثِهِ) یەک تەلاقی دەکەوێ بە سێیەکی هەزارەکە.

(وَإِذَا خَالَعَ أَوْ طَلَّقَ بِعِوَضٍ) هەر کاتێک مێردەکە خولعی لەگەڵ ژنەکەی کرد، یان لە بەرامبەر وەرگرتنی شتێک تەلاقیدا، ئەوە دەبێتە (بائن)، هەر چەند شتەکەش دروست نەبوبێ بکرێە پارە: وەک شەڕابو سەگ، کەوابو: (فَلاَ رَجْعَةَ) مێردەکە مافی (رِجْعَة)=گەڕاندنەوەی لە سەر ژنەکە نیە، بەڵکو مەرجە: ژنەکە ڕازی ببێ، ئینجا بە مارەبڕینێکی نوێو بە مارەییەکەیتر لە خۆی مارە بکاتەوە.

(فَإِنْ شَرَطَهَا) جا ئەگەر مێردەکە (رِجْعَة)ی بە مەرج داناو گوتی: خولعم لەگەڵ کردی، یان بە هەزار دینار تەلاقم دای بەو مەرجەی مافی گەڕاندنەوەتم هەبێ. ئەوە (فَرَجْعِيٌّ وَلاَ مَالَ) وَفِي قَوْلٍ بَائِنٌ بِمَهْرِمِثْلٍ، وَلَوْ قَالَتْ: طَلِّقْنِي بِكَذَا. وَارْتَدَّتْ، فَأَجَابَ، إِنْ كَانَ قَبْلَ دُخُولٍ أَوْ بَعْدَهُ وَأَصَرَّتْ حَتَّى اِنْقَضَتِ الْعِدَّةُ بَانَتْ بِالرِّدَّةِ وَلاَ مَالَ، وَإِنْ أَسْلَمَتْ فِيهَا طَلَقَتْ بِالْمَالِ، وَلاَ يَضُرُّ تَخَلُّلُ كَلاَمٍ يَسِيرٍ بَيْنَ إِيجَابٍ وَقَبُولٍ. (فَصْلٌ) قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ وَعَلَيْكِ أَوْ وَلِي عَلَيْكِ كَذَا. وَلَمْ يَسْبِقْ طَلَبُهَا بِمَالٍ وَقَعَ رَجْعِيًّا قَبِلَتْ أَمْ لاَ وَلاَ مَالَ، فَإِنْ قَالَ: أَرَدْت مَا يُرَادُ بِطَلَّقْتُك بِكَذَا. وَصَدَّقَتْهُ

به (رِجْعي) تەلاقی دەکەوێ و هیچ مالّیش لە سەر ژنەکە واجب نابێ (وَفِي قَوْلٍ بَائِنٌ بِمَهْرِ مِثْلٍ) لە فەرموودەیەکدا: بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ و مارەیی هاووێنەش دەکەوێتە سەر ژنەکە بۆ میّردەکەی.

(وَلَوْ قَالَتْ طَلِّقْنِي بِكَذَا) ئەگەر ژنەکە گوتی: تەلاقم بدە بەو شتە. ئینجا(وَارْتَدَّتْ) ژنەکەش کافر بوو (فَأَجَابَ) ئینجا میّردەکەش یەکسەر وەلامی داوەو تەلاقیدا، ئەوە تەماشا دەکەین: (إِنْ كَانَ قَبْلَ دُخُولٍ) ئەگەر کافربوونەکەی پێش جیماعکردن بێ (أَوْ بَعْدَهُ وَٱنْقَضَتِ الْعِدَّةُ) یان لە دوای جیماعکردن بوو، بەلاّم ژنەکە سووڕ بوو لە سەر کافربوونەکەی تا (عِدَّة)ی تەواو بوو، ئەوە (بَانَتْ بِالرِّدَّةِ وَلاَ مَالَ) لە هەر دوو حالّەتدا بە کافربوونەکە مارەبڕینەکەی هەڵدەوەشێتەوەو تەلاقی ناکەوێ و مالّیش لە سەر ژنەکە واجب نابێ، بەلاّم (وَإِنْ أَسْلَمَتْ فِيهَا) ئەگەر ژنەکە لە (عِدَّة)دا بۆوە موسوڵمان، ئەو کاتە (طَلَقَتْ بِالْمَالِ) بە مالّە ناوبراوەکە تەلاقی دەکەوێ.

(وَلاَ يَضُرُّ) زیان لە دروستبوونی خولع نادا: (تَخَلُّلُ كَلاَمٍ يَسِيرٍ بَيْنَ إِيجَابٍ وَقَبُولٍ) قسەکردنێکی کەم بکەوێتە نێوان گفتوگۆی میّردەکەو ژنەکە، بەلاّم ئەگەر قسەکردنەکە زۆر بێ زیانیهەیە، هەروەک ڕابرا.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ئەو ووشانەی پارە لە سەر ژنەکە واجب دەکەن ﴾

(قَالَ) هەرکاتێك میّردەکە بە ژنەکەی گوت: (أَنْتِ طَالِقٌ وَعَلَيْكِ أَوْ وَلِي عَلَيْكِ كَذَا) تەلاقت کەوتبێ و ئەوەندە پارەیەشت لە سەر بێ. یان تەلاقت کەوتبێ و ئەوەندە پارەیە بۆ من لە سەر تۆ بێ. یان ئەوەندە پارەیەت لە سەر بێ و تەلاقت کەوتبێ (وَلَمْ يَسْبِقْ طَلَبُهَا بِمَالٍ) پێشداش ژنەکە داوای تەلاقدانی بە مالّی نەکردبو، ئەوە (وَقَعَ رَجْعِيًّا)– ئەگەر نیەتی سێ تەلاقی نەبوبێ– بە (رجعي) تەلاقی دەکەوێ، جیاوازی نیە (قَبِلَتْ أَمْ لاَ) ژنەکە قبوڵ بکا، یان نا (وَلاَ مَالَ) هیچ مالّێکیش ناکەوێتە سەر ژنەکە، چونکە بە خۆڕایی تەلاقی داوە، ئینجا لەخۆیەوە باسی هەندێك مالّیشی کردوەو تەلاقەکەشی بەو مالّە نەبەستوە.

بەلاّم (فَإِنْ قَالَ أَرَدْتُ مَا يُرَادُ بِطَلْقَتُكِ بِكَذَا) ئەگەر میّردەکە گوتی: مەبەستم بە ووشەی ڕابردوو ئەوە بوو: بە ئەوەندە پارەیە تەلاقم دای (وَصَدَّقَتْهُ) ژنەکەش باوەڕی کردو گوتی: فَكَهُوَ فِي الأَصَحِّ، وَإِنْ سَبَقَ بَانَتْ بِالْمَذْكُورِ، وَإِنْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ عَلَى أَنَّ لِي عَلَيْكِ كَذَا. فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ كَطَلَّقْتُكِ بِكَذَا، فَإِذَا قَبِلَتْ بَانَتْ وَوَجَبَ الْمَالُ، وَإِنْ قَالَ: إِنْ ضَمِنْتِ لِي أَلْفًا فَأَنْتِ طَالِقٌ. فَضَمِنَتْ فِي الْفَوْرِ

ڕاست دەکاو قبوڵیشی کرد، ئەوە (فَكَهُوَ) وەك گۆتبیتی: بە ئەوەندە پارەیە تەلاقم دای، ئەوها بڕیاری بۆ دەدرێ، واتە: ئەگەر ژنەکە یەکسەر گوتی قبوڵم کرد، ئەوە بە (بائن)ی

تەلاقی دەکەوێ و پارە ناوبراوەکەش لە سەر ژنەکە واجب دەبێ بۆ مێردەکە (فِی‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا، بەڵام ئەگەر ژنەکە قبوڵ نەکا تەلاقەکەی ناکەوێ، جیاوازی نیە: ژنەکە باوەڕ بکا کە ئەو مەبەستەی هەبوە، یان باوەڕ نەکا، بەڵام لەو حاڵەتەی ژنەکە باوەڕ ناکاو سوێندیش ناخوا پێویستە مێردەکە سوێندی گەڕاندرایەوە بخوا: کە ئەو مەبەستەی هەبوە. چونکە ئەگەر لەو حاڵەتەدا سوێندەکە نەخوا تەلاقەکەی بە (رجعي) دەکەوێ، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە.

جا بزانە: ئەوەی‌ڕابردوو لە حاڵەتێکدا بوو: کە ژنەکە داوای تەلاقی نەکردبێ، بەڵام (وَإِنْ سَبَقَ) ئەگەر پێشدا ژنەکە داوای کرد بە مالێکی دیارکراو تەلاقی بدا، مێردەکەش لە وەڵامیدا گوتی: تەلاقت کەوتبێ. یان تەلاقم دای. ئەوە (بَانَتْ بِالْمَذْكُورِ) بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ بەو مالە ناوبراوە، هەر چەند مێردەکەش لە تەلاقدانەکەدا ناوی مالەکە دووبارە نەلێتەوە، جا ئەگەر ژنەکە گوتی: بە مالێ، یان بە پارە تەلاقم بدە. هیچ مالێکیشی دیاری نەکرد، بەڵام مێردەکە گوتی: بە هەزار دینار تەلاقم دای، ئەو کاتە ئەگەر ژنەکە یەکسەر قبوڵ بکا تەلاقی بەو هەزار دینارە دەکەوێ، ئەگەر قبوڵیش نەکا ناکەوێ.

بەڵام ئەگەر هیچێکیشان مالەکە دیاری نەکا: وەک تەنها بڵێ: بە پارە تەلاقم بدە. مێردەکەش تەنها بڵێ: تەلاقم دای. ئەو کاتە بە مارەییەهاوێنە بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ و واجبە: بیداتە مێردەکەی، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکەی گوتی: (أَنْتِ طَالِقٌ عَلَى أَنَّ لِي عَلَيْكِ كَذَا) تەلاقت کەوتبێ، یان تەلاقم دای لە سەر ئەو مەرجەی ئەوەندە پارەیە بۆ من لە سەر تۆ بێ. ئەوە (فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ كَطَلَّقْتُكِ بِكَذَا) بە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب: وەک ئەوەیە بڵێ: بە ئەوەندە پارەیە تەلاقم دای. کەوابو: (فَإِذَا قَبِلَتْ) هەر کاتێک یەکسەر لە دانیشگەکەدا گوتی: قبوڵم کرد. ئەوە (بَانَتْ وَوَجَبَ الْمَالُ) بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ و واجبە: مالە ناوبراوەکە بداتە مێردەکەی.

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِنْ ضَمِنْتِ لِي أَلْفًا فَأَنْتِ طَالِقٌ) ئەگەر تۆ بۆ من ببیە زامینی هەزار دینار تەلاقت کەوتبێ (فَضَمِنَتْ فِي الْفَوْرِ) ژنەکەش یەکسەر لە دانیشگەکەدا بَانَتْ وَلَزِمَهَا الأَلْفُ، وَإِنْ قَالَ: مَتَى ضَمِنْتِ. فَمَتَى ضَمِنَتْ طَلَقَتْ، وَإِنْ ضَمِنَتْ دُونَ الأَلْفِ لَمْ تَطْلُقْ، وَلَوْ ضَمِنَتْ أَلْفَيْنِ طَلَقَتْ، وَلَوْ قَالَ: طَلِّقِي نَفْسَكِ إِنْ ضَمِنْتِ لِي أَلْفًا. فَقَالَتْ: طَلَّقْتُ وَضَمِنْتُ. أَوْ عَكْسَهُ بَانَتْ بِأَلْفٍ، فَإِنْ اِقْتَصَرَتْ عَلَى أَحَدِهِمَا فَلاَ، وَإِذَا عَلَّقَ بِإِعْطَاءِ مَالٍ فَوَضَعَتْهُ بَيْنَ يَدَيْهِ طَلَقَتْ، وَالأَصَحُّ دُخُولُهُ فِي مِلْكِهِ،

گوتی: بومە زامینی هەزارەکە. ئەوە (بَانَتْ وَلَزِمَهَا الألفُ) بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ و

هەزارەکەشی لە سەر واجب دەبێ بیداتە مێردەکەی، بەڵام (وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (مَتَى ضَمِنْتِ) لە هەر کاتێکیداهاتوودا تۆ بۆ من ببیە زامینی هەزار دینار تەڵاقت کەوتبێ. ئەو کاتە پەلەکردنی ناوێ، بەڵکو (فَمَتَى ضَمِنَتْ طَلَقَتْ) هەر کاتێك ژنەکە گوتی: بومە زامین. تەڵاقی دەکەوێ.

(وَإِنْ ضَمِنَتْ دُونَ الأَلْفِ) ئەگەر–لە هەردوو مەسەلەکەدا– ژنەکە بووە زامینی کەمتر لە هەزار دینارەکە، ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) تەڵاقی ناکەوێ، چونکە پێچەڵواسراوەکە نەهاتۆتە جێ، بەڵام (وَلَوْ ضَمِنَتْ ٱلْفَيْنِ) ئەگەر بووە زامینی دوو هەزار، ئەو کاتە (طَلَقَتْ) تەڵاقەکەی دەکەوێ، بەڵام هەزارە زیادەکە لە مێردەکە حەڵاڵ نابێو ئەگەر وەریشی بگرێ واجبە بیداتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە .

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی: (طَلِّقِي نَفْسَكِ إِنْ ضَمِنْتِ لِي أَلْفًا) خۆت تەڵاق بدە ئەگەر بۆ من ببیە زامینی هەزار دینار (فَقَالَتْ) ژنەکەش یەکسەر لە دانیشگەکەدا گوتی (طَلَّقْتُ وَضَمِنْتُ) خۆم تەڵاق داو بومە زامینی هەزارەکە (أَوْ عَكْسَهُ) یان بە پێچەوانەکەی گوتی: بومە زامینی هەزارەکەو خۆم تەڵاق دا. ئەوە (بَانَتْ بِأَلْفٍ) بە (بائن)ی تەڵاقی دەکەوێو واجبە هەزار دینارەکەش بداتە مێردەکە، بەڵام (فَإِنْ اِقْتَصَرَتْ عَلَى أَحَدِهِمَا) ئەگەر لە زامینیو لە تەڵاقدانەکە ژنەکە تەنها یەکێکیانی گوت (فَلاَ) تەڵاقی ناکەوێ؟ چونکە تەڵاقدانو مەرجەکە پێکوە بەستراون.

(وَإِذَا عَلَّقَ بِإِعْطَاءِ مَالٍ) هەر کاتێك مێردەکە تەڵاقەکەی هەڵواسی بە پێدانی مالێکی زاندراو: وەك ئەگەر ئەوەندە مالەم بدەیتێ، یان ئەگەر ئەوەندە مالەم بۆ بێنی تەڵاقت بکەوێ (فَوَضَعَتْهُ بَيْنَ يَدَيْهِ) ژنەکەش یەکسەر مالەکەی لەبەردەست مێردەکەی دانا، ئەوە (طَلَقَتْ) تەڵاقی دەکەوێ، هەرچەند مێردەکەش وەرینەگرێ، چونکە (وَالأَصَحُّ دُخُولُهُ فِي مِلْكِهِ) بە فەرموودەی ڕاستتر: بە تەنها دانانەکە مالەکە دەبێتە ملکی مێردەکە.

بەڵام ئەگەر هەڵواسینەکە بۆ کاتێکیداهاتوو بێ: وەك هەر کاتێك لە مەودوا، یان لە هەر کاتێکی داهاتوودا ئەو شتەم بدەیتێ، یان بۆم بێنی تەڵاقت بکەوێ. ئەو کاتە پەلەکردنی ناوێو مێردەکەش بۆی دروست نیە پەشیمان ببێتەوە، کەواتە: هەر کاتێکیداهاتوو–تا مردن– ئەگەر شتەکەی بداتێ تەڵاقی دەکەوێ، هەروەك لە باسەکەیڕابردوودا ڕوونمان کردەوە.

وَإِنْ قَالَ إِنْ أَقْبَضْتِنِي. فَقِيلَ كَالإِعْطَاءِ، وَالأَصَحُّ كَسَائِرِ التَّعْلِيقِ فَلاَ يَمْلِكُهُ، وَلاَ يُشْتَرَطُ لِلإِقْبَاضِ مَجْلِسٌ، قُلْتُ: وَيَقَعُ رَجْعِيًّا، وَيُشْتَرَطُ لِتَحَقُّقِ الصِّفَةِ أَخْذُهُ بِيَدِهِ مِنْهَا وَلَوْ مُكْرَهَةً وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلَوْ عَلَّقَ بِإِعْطَاءِ عَبْدٍ وَوَصَفَهُ بِصِفَةِ سَلَمٍ فَأَعْطَتْهُ لاَ بِالصِّفَةِ لَمْ تَطْلُقْ أَوْ بِهَا مَعِيبًا فَلَهُ رَدُّهُ وَمَهْرُمِثْلٍ، وَفِي قَوْلٍ قِيمَتُهُ سَلِيمًا،

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِنْ أَقْبَضْتِنِي) ئەگەر ئەوشتەت دەقەبەڵی من کرد، یان

وێتدام، یان تەسلیمت کردم تەڵاقت کەوتبێ، ئەوە (فَقِيلَ كَالإِعْطَاءِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: وەك پێدانە، بەڵام (وَالأَصَحُّ) بە فەرمودەی پاستتر: ئەوەش (كَسَائِرِ التَّعْلِيقِ) وەك وێنەکانی هەڵواسینیترە، کەوابو: (فَلاَ يَمْلِكُهُ) مێردەکە نابێتە خاوەنی شتە وەرگیراوەکە، هەم (وَلاَ يُشْتَرَطُ لِلإِقْبَاضِ مَجْلِسٌ) بۆ وێدانو تەسلیمکردنی شتەکە دانیشگەی ماملەتەکە بە مەرج داناندرێ.

بەڵام ئەگەر نیشانەیەك هەبێ: کە ژنەکەو مێردەکە بە ووشەی دەقەبەڵکردن مەبەستیان کردنە ملك بێ، ئەو کاتە وەکو ووشەی پێدانیپابردوو بڕیای بوونە ملکو وێدانی بە پەلەی بۆ دەدرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

جا لەوحاڵەتەی مەبەستیان کردنە ملك نەبێ، ئەوە (قُلْتُ) ئیمامی (النواوي) دەفەرموێ (وَيَقَعُ رَجْعِيًّا) هەر کاتێك شتەکەی وەرگرت تەڵاقەکەش بە (رجعي) دەکەوێ، چونکە پێهەڵواسراوەکە هاتۆتە جێ، بەڵام شتەکە نابێتە ملکی مێردەکە، هەروەها هەر کاتێك مێردەکە گوتی: ئەگەر ئەو شتەم لێوەرگرتی تەڵاقت بکەوێ. ئەوە (وَيُشْتَرَطُ لِتَحَقُّقِ الصِّفَةِ) بە مەرج دادەندرێ بۆ هاتنە جێی ئەو پێهەڵواسراوە: (أَخْذُهُ بِيَدِهِ مِنْهَا) مێردەکە بە دەستی خۆی شتەکە لە ژنەکە وەربگرێ (وَلَوْ مُكْرَهَةً) هەر چەند ژنەکەش زۆرلێکراو بێ (وَاللهُ أَعْلَمُ) کەوابو: لەم مەسەلەیەشدا تەڵاقەکە بە (رجعي) دەکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە، واتە: چونکە شتەکە نابێتە ملکی مێردەکە.

(وَلَوْ عَلَّقَ بِإِعْطَاءِ عَبْدٍ) ئەگەر مێردەکە تەڵاقەکەی هەڵواسی بە پێدانی کۆیلەیەك، یان جلێك، یان ئاژەلێك، یان هەر شتێکیتر (وَوَصَفَهُ بِصِفَةِ سَلَمٍ) مەرجەکانی شتەکەشی پوون کردەوە بە پوونکردنەوەی سەلەم، وەك بڵێ: شتەکە ئەوها بێو ئەوها بێ (فَأَعْطَتْهُ لاَ بِالصِّفَةِ) ژنەکەش شتەکەی دایێ بەڵام مەرجە باسکراوەکانی لێنەهاتنەجێ، ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) تەڵاقی ناکەوێ، چونکە پێهەڵواسراوەکە نەهاتۆتە جێ (أَوْ بِهَا) یان یەکسەر شتەکەی دایێو مەرجە باسکراوەکانیشی لێهاتنەجێ، بەڵام (مَعِيبًا) عەیبێکیکۆنی هەبو، ئەو کاتە تەڵاقی دەکەوێ، جا بە هۆی عەیبەکە (فَلَهُ رَدُّهُ وَمَهْرُ مِثْلٍ) مێردەکە بۆی دروستە شتە عەیبدارەکە بۆ ژنەکە بگەڕێنێتەوەو مارەیی هاووێنەی لە جیاتی لێوەربگرێ (وَفِي قَوْلٍ قِيمَتُهُ سَلِيمًا) لە فەرموودەیەکدا: نرخی شتەکەی لە حاڵەتی بێعەیبیدا لێوەردەگرێ.

وَلَوْ قَالَ: عَبْدًا. طَلَقَتْ بِعَبْدٍ إِلاَّ مَغْصُوبًا فِي الأَصَحِّ وَلَهُ مَهْرُمِثْلٍ، وَلَوْ مَلَكَ طَلْقَةً فَقَطْ فَقَالَتْ: طَلِّقْنِي ثَلاَثًا بِأَلْفٍ. فَطَلَّقَ الطَّلْقَةَ فَلَهُ أَلْفٌ، وَقِيلَ ثُلُثُهُ، وَقِيلَ إِنْ عَلِمَتِ الْحَالَ فَأَلْفٌ وَإِلاَّ فَثُلُثُهُ، وَلَوْ طَلَبَتْ طَلْقَةً بِأَلْفٍ فَطَلَّقَ بِمِأَةٍ وَقَعَ بِمِأَةٍ، وَقِيلَ بِأَلْفٍ، وَقِيلَ لاَ تَقَعُ، وَلَوْ قَالَتْ: طَلِّقْنِي غَدًا بِأَلْفٍ. فَطَلَّقَ غَدًا أَوْ قَبْلَهُ بَانَتْ بِمَهْرِمِثْلٍ، وَقِيلَ فِي قَوْلٍ بِالْمُسَمَّى،

(وَلَوْ قَالَ عَبْدًا) ئەگەر مێردەکە گوتی: ئەگەر کۆیلەیەک، یان جلێک، یان مەڕێکم بدەیتێ تەلاقت کەوتبێ، واتە: باسی مەرجەکانی شتەکەشی نەکرد، ئەوە (طَلَقَتْ بِعَبْدٍ) هەر جۆرە کۆیلەیەکی بداتێ، یان هەر جۆرە جلێکو هەر جۆرە مەڕێکی بداتێ، تەلاقی دەکەوێ (إلاَّ مَغْصُوبًا فِیالأَصَحِّ) تەنها زەوتکراو نەبێ، لە فەرموودەی ڕاستتردا، جا هەرچەند تەلاقەکەش دەکەوێ، بەڵام نە کۆیلەکەو نە جلەکەو نە مەڕەکە نابنە ملکی مێردەکە؟ چونکە نەزاندراون، کەوابو: (وَلَهُ مَهْرُ مِثْلٍ) مێردەکە مارەیی هاووێنەی بۆ واجب دەبێ لە سەر ژنەکە.

(وَلَوْ مَلَكَ طَلْقَةً فَقَطْ) ئەگەر مێردەکە تەنها تەلاقێك، یان دوو تەلاقی لە ژنەکەی مابو (فَقَالَتْ طَلِّقْنِی ثَلاَثًا بِأَلْفٍ) ژنەکەش گوتی: سێبەسێ تەلاقم بدە بە هەزار دینار (فَطَلَّقَ الطَّلْقَةَ) مێردەکەش یەکسەر بەو تەلاقەی مابوی، یان بەو دوو تەلاقەی مابوی ژنەکەی تەلاق دا، ئەوە (فَلَهُ أَلْفٌ) مێردەکە بە تەواوی هەزارەکەی بۆ واجب دەبێ لە سەر ژنەکە، هەر چەند ژنەکەش نەیزانیبێ تەنها تەلاقێك، یان دوو تەلاقی ماوە؟ چونکە مەبەستی ژنەکە: کە (اَلْبَيْنُونَةَ الْكُبْرَى)=جیابوونەوەی گەورە بوو، هاتۆتە جێ (وَقِيلَ ثُلُثُهُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: سێیەکی هەزارەکەی بۆ هەیە (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکیتری بێهێزدا (إِنْ عَلِمَتِ الْحَالَ فَأَلْفٌ وَإِلاَّ فَثُلُثُهُ) ئەگەر ژنەکە زانیبێتی تەنها تەلاقێك، یان دوو تەلاقی ماوە ئەوە هەزارەکەی لە سەر واجب دەبێ، ئەگەر نا: سێیەکی هەزارەکەی لە سەر واجب دەبێ.

(وَلَوْ طَلَبَتْ طَلْقَةً بِأَلْفٍ) ئەگەر ژنەکە یەك تەلاقی داوا کرد بە هەزار دینار (فَطَلَّقَ بِمِأَةٍ) مێردەکەش یەکسەر یەك تەلاقیدا بە سەد دینار، ئەوە (وَقَعَ بِمِأَةٍ) بە سەد دینار تەلاقەکەی دەکەوێ، چونکە دەتوانێ بە خۆڕاییش تەلاقی بدا (وَقِيلَ بِأَلْفٍ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بە هەزارەکە تەلاقی دەکەوێ (وَقِيلَ لاَ تَقَعُ) لە بێهێزێکیتردا تەلاقەکە ناکەوێ.

(وَلَوْ قَالَتْ) ئەگەر ژنەکە گوتی (طَلِّقْنِی غَدًا بِأَلْفٍ) سبەینێ تەلاقم بدە بە هەزار دینار (فَطَلَّقَ غَدًا أَوْ قَبْلَهُ) مێردەکەش سبەینێ، یان پێش سبەینێ تەلاقیدا، ئەوە (بَانَتْ بِمَهْرِ مِثْلٍ) بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێ بە مارەیی هاووێنە–نەك بە هەزارەکە– چونکە ژنەکە پارەکەی کردۆتە سەلەم لە تەلاقدا، تەلاقیش نابێتە قەرز (وَقِيلَ فِی قَوْلٍ بِالْمُسَمَّى) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بە ناوبراوەکە تەلاقی دەکەوێ.

وَإِنْ قَالَ: إِذَا دَخَلتِ الدَّارَ فَأَنْتِ طَالِقٌ بِأَلْفٍ. فَقَبِلَتْ وَدَخَلَتْ طَلَقَتْ عَلَى الصَّحِيحِ بِالْمُسَمَّى، وَفِي وَجْهٍ أَوْ قَوْلٍ بِمَهْرِالْمِثْلِ، وَيَصِحُّ اِخْتِلاَعُ أَجْنَبِيٍّ وَإِنْ كَرِهَتِ الزَّوْجَةُ، وَهُوَ كَاخْتِلاَعِهَا لَفْظًا وَحُكْمًا، وَلِوَكِيلِهَا أَنْ يَخْتَلِعَ لَهُ، وَلِلأَجْنَبِيِّ تَوْكِيلُهَا فَتَتَخَيَّرُ هِيَ، وَلَوْ

اِخْتَلَعَ رَجُلٌ وَصَرَّحَ بِوَكَالَتِهَا كَاذِبًا لَمْ تَطْلُقْ، وَأَبُوهَا كَأَجْنَبِيٍّ فَيَخْتَلِعُ بِمَالِهِ،

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِذَا دَخَلتِ الدَّارَ فَأَنْتِ طَالِقٌ بِأَلْفٍ) هەر کاتێك، یان ئەگەر بچێتە ناو خانووەکە تەلاقت بکەوێ بە هەزار دینار (فَقَبِلَتْ) ژنەکەش یەکسەر گوتی قبوڵم کرد، ئینجا (وَدَخَلَتْ) لە دوای ماوەیەك چووە ناو خانووەکە، ئەوە (طَلَقَتْ عَلَى الصَّحِيحِ بِالْمُسَمَّى) لە سەر فەرموودەی ڕاست: بە(بائن)ی بە پارە ناوبراوەکە تەلاقی دەکەوێ (وَفِي وَجْهٍ أَوْ قَوْلٍ بِمَهْرِ الْمِثْلِ) لە فەرموودەیەکدا: بە مارەیی هاوێنە تەلاقەکەی دەکەوێ.

﴿ خولعی بێگانە ﴾

(وَيَصِحُّ اِخْتِلَاعُ أَجْنَبِيٍّ) دروستە بێگانەیەك بە مالّی خۆی خولع لە مێردەکە قبوڵ بکا (وَإِنْ كَرِهَتِ الزَّوْجَةُ) هەر چەند ژنەکەش پێی ناخۆش بێ؟ چونکە تەلاق لە دەست مێردەکەدایە، جا ئەگەر بەو مەبەستە خولعەکە قبوڵ بکا: تاکو ژنەکەی لەخۆی مارە بکا، ئەوە خولعەکە دروست دەبێ بەڵام گوناهباریش دەبێ، بەڵکو ئەگەر ژنەکەش لەو مەبەستە ئاگادار بکا، ئەو کاتە (فاسق)ش دەبێ، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ مِنَّا مَنْ خَبَّبَ إِمْرَأَةً عَلَى زَوْجِهَا﴾ رواه أبوداود بسند صالح، ئەوکەسە لە ئوممەتی ئێمە نیە کە دڵی ژنێك تێك بدا لە سەر مێردەکەی.

(وَهُوَ كَاخْتِلَاعِهَا) قبوڵکردنی خولعی بێگانەش وەك قبوڵکردنی خولعی ژنەکەیە (لَفْظًا وَحُكْمًا) لە ڕووی ووشەو بڕیاریڕابردوو، کەواتە: واجبە بێگانەکە لە مالّیخۆی پارەی خولعەکە بداتە مێردەکەو مافی نیە هیچ لە ژنەکە وەربگرێتەوە.

هەروەها (وَلِوَكِيلِهَا أَنْ يَخْتَلِعَ لَهُ) بۆ وەکیلی ژنەکەش دروستە: خولعەکە بۆ خۆی قبوڵ بکا، جا لەو حاڵەتەشدا دەبێتەخولعیبێگانەو مالّەکە لە سەر خۆی واجب دەبێ بۆ مێردەکە (وَلِلْأَجْنَبِيِّ تَوْكِيلُهَا) بۆ مرۆڤێکی بێگانە دروستە: ژنەکە بکاتە وەکیلی خۆی بۆ قبوڵکردنی خولع، جا لەو حاڵەتەدا (فَتَتَخَيَّرُ هِيَ) ژنەکە سەرپشکە: ئەگەر حەز دەکا: خولعەکە بە پارەی خۆی بۆ خۆی قبوڵ بکا، یان بە پارەی بێگانەکە لەجیاتی بێگانەکە قبوڵی دەکا (وَلَوْ اِخْتَلَعَ رَجُلٌ) ئەگەر پیاوێکی بێگانە خولعەکەی قبوڵ کردو (وَصَرَّحَ بِوَكَالَتِهَا كَاذِبًا) بە درۆ گوتی: من وەکیلی ژنەکەم. ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) تەلاقی ناکەوێ، چونکە ژنەکە پارەکەی نەخۆستۆتە ئەستۆی خۆی.

(وَأَبُوهَا كَأَجْنَبِيٍّ) باوکی ژنەکەش وەك بێگانەیە، کەوابو (فَيَخْتَلِعُ بِمَالِهِ) بە مالّی خۆی خولعەکە قبوڵ دەکا –نەك بە مالّی کیژەکەی– هەرچەند کیژەکەشی نەبالغ بێ، کەوابو: فَإِنْ اِخْتَلَعَ بِمَالِهَا وَصَرَّحَ بِوَكَالَةٍ أَوْ وِلَايَةٍ لَمْ تَطْلُقْ، أَوْ بِاسْتِقْلَالٍ فَخُلْعٌ بِمَغْصُوبٍ. (فَصْلٌ) اِدَّعَتْ خُلْعًا فَأَنْكَرَهُ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَإِنْ قَالَ: طَلَّقْتُك بِكَذَا. فَقَالَتْ: مَجَّانًا. بَانَتْ وَلَا عِوَضَ، وَإِنْ اِخْتَلَفَا فِي جِنْسِ عِوَضِهِ أَوْ قَدْرِهِ وَلَا بَيِّنَةَ تَحَالَفَا وَوَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ،

(فَإِنْ اِخْتَلَعَ بِمَالِهَا) ئەگەر باوکەکە بە مالّی کیژەکەی خولعەکەی قبولّ کردو (وَصَرَّحَ بِوَكَالَةٍ أَوْ وِلَايَةٍ) بە درۆ گوتی: من وەکیلی کیژەکەم. یان گوتی سەرپەرشتکاری کیژەکەمم. ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) تەلاّقی ناکەوێ؟ چونکە وەکیل نیەو لە خولعیشدا سەرپەرشکاری نیە (أَوْ بِاسْتِقْلَالٍ) یان باوکەکە گوتی: سەربەخۆم خولعەکەم بە مالّی کیژەکەم قبولّ کرد، ئەو کاتە (فَخُلْعٌ بِمَغْصُوبٍ) دەبێتە خولع بە زەوتکراو، واتە: مالّەکە نابێتە ملّکی مێردەکە، کەوابو: بە (بائن)ی تەلاّقی دەکەوێو مارەیی هاووێنەش لە سەر باوکەکە بۆ مێردەکە واجب دەبێ، چونکە باوک بۆی دروست نیە مالّی کیژەکەی لە خولع سەرف بکا، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی کێشەی ژن و مێرد لە خولعەکەدا ﴾

(اِدَّعَتْ خُلْعًا) هەر کاتێک ژنەکە گوتی: مێردەکەم خولعی لەگەلّ کردوم (فَأَنْكَرَهُ) مێردەکەش گوتی: خولعم لەگەلّ نەکردوە. هیچ شاهیدیش نەبو، ئەوە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ ئەگەر سوێند بخوا، بەلاّم ئەگەر دوو پیاو شاهیدی بدەن: کە خولعی لەگەلّ کردوە. ئەو کاتە تەلاّقی ژنەکە بە (بائن)ی ئاشکرا دەبێو مێردەکەش مافی نیە داوای هیچ مالّێک لە ژنەکە بکا، چونکە ئەو دەلّێ: وا نیە، هەروەک لە زۆبەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (طَلَّقْتُكِ بِكَذَا) بەوەندە پارەیە تۆم تەلاّق داوە (فَقَالَتْ مَجَّانًا) ژنەکەش گوتی: بە خۆڕایی تەلاّقت داوم. ئەوە (بَانَتْ) ژنەکە بە (بائن)ی تەلاّقی دەکەوێ بە هۆی دانپێدانێنانی مێردەکە (وَلَا عِوَضَ) هیچ مالّیکیش ناکەوێتە سەر ژنەکە بەو مەرجەی سوێند بخوا، بەلاّم ئەگەر مێردەکە شاهیدی هەبێ، ئەو کاتە مالّەکە دەکەوێتە سەر ژنەکە.

(وَإِنْ اِخْتَلَفَا فِي جِنْسِ عِوَضِهِ) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە لە پەگەزی پارەی خولعەکەدا بووە کێشەیان (أَوْ قَدْرِهِ) یان لە ئەندازەکەی، وەک یەکێکیان بڵێ: پارەی خولعەکە دیرهەمە. ئەوی‌تریش بڵێ: تومەنە. یان یەکێکیان بڵێ: هەزارە. ئەوی‌تریش بڵێ پێنجسەدە. یان بڵێ: تەلاّقەکە سێبەسێ یە. ئەویش بڵێ: یەک تەلاّقە (وَلَا بَيِّنَةَ) هیچ شاهیدیش نەبو، ئەوە (تَحَالَفَا) هەردووکیان سوێند بۆ یەکتری دەخۆن—وەک لە (کێشەی کڕیارو فرۆشیار)دا ڕابرا—ئینجا یەکێکیان پارەی خولعەکە (فَسْخ) دەکاتەوەو تەلاّقەکەش بە (بائن)ی دەکەوێ، کەوابو: (وَوَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ) مارەیی هاووێنەش لە سەر ژنەکە بۆ مێردەکە واجب دەبێ.

وَلَوْ خَالَعَ بِأَلْفٍ وَنَوَيَا نَوْعًا لَزِمَ، وَقِيلَ مَهْ
بَلْ دَرَاهِمَ أَوْ فُلُوسًا تَحَالَفَا عَلَى الْأَوَّلِ، وَ

(كِتَابُ الطَّلَاقِ)

ئینجا بزانە: لە ژنەکەو لە مێردەکە: هەرکامەیان شاهیدی هەبێ، ئەویان بڕیاری بۆ دەدرێ.
دیسان بزانە: لە ژمارەی تەلاقەکان–ئەگەر شاهید نەبێ– بە سوێند خواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.
(وَلَوْ خَالَعَ بِأَلْفٍ) ئەگەر خولعی لەگەڵ ژنەکەی کرد بە هەزارێك، لە شوێنەکەشدا دوو جۆرە دینار هەبون (وَنَوَيَا نَوْعًا) ژنەکەو مێردەکە هەردووکیان نیەتیان یەك جۆر بوو، ئەوە (لَزِمَ) جۆرەکە واجب دەبێ (وَقِيلَ مَهْرُ مِثْلٍ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: مارەیی هاووێنە واجب دەبێ، بەڵام (وَلَوْ قَالَ أَرَدْنَا دَنَانِيرَ) ئەگەر مێردەکە گوتی: مەبەستمان بە هەزارەکە: هەزار دینار بوو (فَقَالَتْ بَل دَرَاهِمَ أَوْ فُلُوسًا) ژنەکەش گوتی: مەبەستمان هەزار دیرهەم، یان هەزار فلوس بوو. ئەو کاتە (تَحَالَفَا عَلَى الأَوَّلِ) لە سەر فەرموودەی یەکەمی بەهێز: سوێند بۆ یەکێکیان دەخۆنو بە مارەیی هاووێنەش تەلاقەکە دەکەوێ، بەڵام (وَوَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ بِلاَ تَحَالُفٍ فِي الثَّانِي) لە فەرموودەی دووەمی بێهێزدا: بە بێسوێندخواردن مارەیی هاووێنە واجب دەبێ.

﴿ كِتَابُ الطَّلاَقِ: پەرتوکی ژن تەلاقدان ﴾

واتە: لێککردنەوەی زنجیرێمارەبڕین بە یەکێك لە ووشەکانی داهاتوو.
جا بزانە: تەلاقدان هەندێ جار واجبە: وەك ئەو کەسەی سوێندی خواردبێ جیماع لەگەڵ ژنەکەی نەکا، هەروەك لە باسی(إيلاء)دا ڕوون کراوەتەوە.
هەندێ جاریش حەڕامە: وەك تەلاقی (بِدْعِي)ی داهاتوو.
هەندێ جاریش سوننەتە: وەك ئەو کەسەی توانای نەبێ مافی ژنەکەی بدا، یان ژنەکەی بێناموس بێ، یان ئەوەندە بەد ڕەوشت بێ: نەتوانێ ژیانی لەگەڵدا بباتە سەر ﴿عن ابن عباس رضي الله عنهما: أَنَّ رَجُلاً قال: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ اِمْرَأَتِي لاَ تَرُدُّ يَدَ لاَمِسٍ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: غَرِّبْهَا. فَقَالَ: أَخَافُ أَنْ تَتْبَعَهَا نَفْسِي. قال: فَاسْتَمْتِعْ بِهَا﴾ حدیث صحیح رواه أبوداود وغیره، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ژنەکەم دەستی هیچ کەسێك ناگەڕێنێتەوە کە دەستی بۆ دێنێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تەلاقی بدە. پیاوەکە گوتی: دەترسم دڵم بۆی بچێ. فەرمووی: کەوابو: لە گەڵی ڕابوێرە. واتە: بیهێڵەوە؟ نەوەك لە دوایتەلاقدانی–بە هۆیدڵبۆچوونەکەی– زینای لە گەڵ بکا.
جا ئەگەر ئەو حاڵەتانەیڕابردوو هیچیان نەبون، ئەو کاتە (مَكْرُوه)=ناپەسندە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:
يُشْتَرَطُ لِنُفُوذِهِ اَلتَّكْلِيفُ إلاَّالسَّكْرَانَ، وَيَقَعُ بِصَرِيحِهِ بِلاَ نِيَّةٍ وَبِكِنَايَةٍ بِنِيَّةٍ، فَصَرِيحُهُ: اَلطَّلاَقُ وَكَذَا الْفِرَاقُ وَالسَّرَاحُ عَلَى الْمَشْهُورِ،

﴿أَبْغَضُ الْحَلاَلِ إِلَى اللهِ اَلطَّلاَقُ﴾ حدیث صحیح رواه أبوداود وغیره، لە هەموو حەڵاڵێك

پق لێهاتووتر له لای خوایگەورە تەڵاقدانە.

جا تکایە بگەڕێوە بۆ (پێشەکی)ی‌خولع چونکە پێویستیت پێی دەبێ.

(يُشْتَرَطُ لِنُفُوذِهِ) بە مەرج دادەندرێ بۆ جێبەجێبوونی تەڵاق: (اَلتَّكْلِيفُ) تەڵاقدەرەکە داواليێکراوی شەرع بێ، واتە: مێردەکە بالغ‌و عاقڵ‌و بەهۆش‌و بەخۆشی‌خۆی بێ،

کەوابو: تەڵاقی منداڵ‌و شێت‌و بێهۆش‌و خەوتوو و زۆرلێکراو ناکەوێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ﴾ حديث صحيح رواه اصحاب السنن، نووسین لە سەر سێ جۆرە کەسان هەڵگیراوە: لە سەر خەوتوو تا هەشیار دەبێتەوە، لە سەر منداڵ تا بلۆغی دەبێ، لە سەر شێت تا چاك دەبێتەوە.

(إِلاَّ السَّكْرَانَ) تەنها سەرخۆش نەبێ–کە بە قەسدیو بە خۆشی خۆی سەرخۆشکەرەکەی بە کار هێنابێ– ئەوە تەڵاقی دەکەوێ، جیاوازی نیە سەرخۆشکەرەکە: خواردن بێ، یان خواندنەوە بێ ، یان دەرمان بێ، هەروەك لە (باسی تەڵاقدانی سەرخۆش)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاءالله تعالى.

جا بزانە: ووشەکانی تەڵاقدان دوو جۆرن: ئاشکرا، نائاشکرا، ئینجا (وَيَقَعُ بِصَرِيحِهِ بِلاَ نِيَّةٍ) تەڵاق بە ووشەی ئاشکرا دەکەوێ بێ ئەوەی نیەتی کەوتنی تەڵاقی هەبێ، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە: بزانێ ئەم ووشەیە بۆ لێککردنەوەی پەیوەندی ژن‌و مێرد بە کار دێ، هەروەك لە (البجيرمي)و(الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە (وَبِكِنَايَةٍ) هەم بە ووشەی نائاشکراش تەڵاق دەکەوێ، بەڵام (بِنِيَّةٍ) دەبی نیەتی کەوتنی تەڵاقیشی لەگەڵدا بێ.

(فَصَرِيحُهُ) جا ووشەی‌ئاشکرای تەڵاقدان ئەوەیە جگە لە واتەی تەڵاق هیچی‌تری لێنەفامێتەوە: وەك (اَلطَّلاَقُ) ئەو ڕستانەی‌داماتوو: کە لە ووشەی تەڵاق دادەڕێژین.

(وَكَذَا الْفِرَاقُ وَالسَّرَاحُ) هەروەهاش ووشەی جیابوونەوەو بەرەهڵدان (عَلَى الْمَشْهُورِ) لە سەر فەرموودەی‌ناسراوی مەزهەب، چونکە ئەو سێ وشەیە لە قورئانی‌پیرۆزدا بۆتەڵاق بە کار هاتون، جا ئەوەش دەرهەق کەسێکی وەهایە کە بزانێ: ئەم دووانەش ووشەی‌ئاشکرای تەڵاقن، بەڵام بۆ ئەوکەسانەی نازانن–وەك گەلی کوردزمان– ئەوە تەنها ووشەی تەڵاق بە ووشەی‌ئاشکرای تەڵاقدانی ئەوان دادەندرێو ئەوانی‌تر نائاشکران، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە.

كَطَلَّقْتُكِ وَأَنْتِ طَالِقٌ وَمُطَلَّقَةٌ وَيَا طَالِقُ، لاَ أَنْتِ طَلاَقٌ وَالطَّلاَقُ فِي الأَصَحِّ، وَتَرْجَمَةُ الطَّلاَقِ بِالْعَجَمِيَّةِ صَرِيحٌ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَأَطْلَقْتُكِ وَأَنْتِ مُطْلَقَةٌ كِنَايَةٌ، وَلَوْ اِشْتَهَرَ لَفْظٌ لِلطَّلاَقِ: كَالْحَلاَلُ

أَوْ حَلاَلُ اللهِ عَلَيَّ حَرَامٌ، فَصَرِيحٌ فِالأَصَحِّ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ أَنَّهُ كِنَايَةٌ وَاللهُ أَعْلَمُ.

ئینجا پرسته‌کانی‌ئاشکرای ته‌لاقدان: (کَ) وه‌ك بلّیته ژنه‌که‌ی: (طَلَّقْتُكِ) تۆم ته‌لاق دا، یان ته‌لاقم دای (وَأَنْتِ طَالِقٌ) تۆ ته‌لاقکه‌وتووی (وَمُطَلَّقَةٌ) تۆ ته‌لاقدراوی (وَيَاطَالِقُ) هۆ ته‌لاقکه‌وتوو، یان ته‌لاقم خسته سه‌ر تۆ، یان ته‌لاقم له سه‌ر تۆ دانا.

جا ئه‌گه‌ر شوێنی ته‌لاقه‌که‌ش–که ژنه‌که‌یه– نه‌لێ، وه‌ك ته‌لاقم له سه‌ر بێ، یان ته‌لاقم له سه‌ر واجب بێ، ئه‌وه‌ش ئاشکرایه، هه‌روه‌ك له (تحفة)و (نهاية)دا فه‌رموویانه.

ئه‌وه‌ش وا ده‌گه‌یه‌نێ: ئه‌گه‌ر باسی ژنه‌که‌ی نه‌کاو به نادیاری بلّێ: ته‌لاقم بکه‌وێ. یان بلّێ: ته‌لاقم که‌وتبێ. ئه‌وه‌ش هه‌ر ووشه‌ی‌ئاشکرای ته‌لاقه‌و ته‌لاقی ده‌که‌وێ.

واته: هه‌رچه‌ند هه‌بوونی شوێنی‌ته‌لاق له ڕاستیدا پێویسته هه‌بێ–چونکه ڕوکنێکی‌ته‌لاقه– به‌ڵام باسکردنی‌شوێنه‌که له ووشه‌ی‌ته‌لاقداندا مه‌رج نیه بۆ ته‌لاق که‌وتن، هه‌روه‌ك له (جواهرالفتاوی)دا ڕوون کراوه‌ته‌وه.

(لاَ أَنْتِ طَلاَقٌ وَالطَّلاَقُ) نه‌ك بلّێ: تۆ ته‌لاقی، چونکه ئه‌مه ووشه‌یه‌کی نائاشکرایه ئه‌گه‌ر نیه‌تی ته‌لاقه‌وتنی نه‌بێ ته‌لاقی ناکه‌وێ (فِی‌الأَصَحِّ) له فه‌رموده‌ی ڕاستتردا.

﴿ **ئاگادارى** ﴾: ئه‌گه‌ر بلّێ: به ته‌لاقم ئه‌و کاره ناکه‌م. یان به هه‌رسێك ته‌لاقم ئه‌و کاره‌م نه‌کردوه. ئه‌وه‌ش نابێته سوێند، واته: کاره‌که بکا، یان نه‌یکا، یان کردبێتی، به هیچ جۆرێك ته‌لاقی ناکه‌وێ، هه‌ر چه‌ند نیه‌تی ته‌لاقدانیشی هه‌بێ، هه‌روه‌ك له (الأنوار)و (تحفه)دا ڕوون کراوه‌ته‌وه، به‌ڵام ئاگادار به: لێره‌دا له (تحفة) چاپکراوه‌کاندا نزیکه‌ی چوار دێڕ چاپ نه‌کراون، به‌ڵکو له ده‌ستنوسه‌کاندا هه‌نه، والله أعلم.

(وَتَرْجَمَةُ الطَّلاَقِ بِالْعَجَمِيَّةِ) گۆڕینی ووشه‌ی (طلاق) له زمانی عه‌ره‌بیه‌وه بۆ هه‌ر زمانێکی‌تری جگه له عه‌ره‌بی (صَرِيحٌ عَلَى‌الْمَذْهَبِ) ئه‌ویش هه‌ر به وشه‌ی‌ئاشکرای ته‌لاق داده‌ندرێ، له سه‌ر فه‌رموده‌ی ڕاستی مه‌زهه‌ب (وَأَطْلَقْتُكِ) تۆم به‌رهه‌ڵ دا (وَأَنْتِ مُطْلَقَةٌ) تۆ به‌رهه‌ڵدراوی (كِنَايَةٌ) هه‌ردووکیان نائاشکران‌و ئه‌گه‌ر نیه‌تی ته‌لاقه‌وتنی نه‌بێ ته‌لاقیان پێ ناکه‌وێ.

(وَلَوْ اشْتَهَرَ لَفْظٌ لِلطَّلاَقِ) ئه‌گه‌ر وشه‌یه‌ك بۆ ته‌لاقدان بڵاو بۆوه: (کَ) وه‌ك (اَلْحَلاَلُ) حه‌ڵاڵم لێحه‌ڕام بێ (أَوْ حَلاَلُ اللهِ عَلَيَّ حَرَامٌ) یان حه‌ڵاڵی‌خوا له سه‌ر من حه‌ڕام بێ (فَصَرِيحٌ فِي الأَصَحِّ) ئه‌وه‌ش ئاشکرایه (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) ده‌فه‌رموێ (الأَصَحُّ أَنَّهُ كِنَايَةٌ) وَكِنَايَتُهُ: كَأَنْتِ خَلِيَّةٌ بَرِيَّةٌ بَتَّةٌ بَتْلَةٌ بَائِنٌ اِعْتَدِّي اِسْتَبْرِئِي رَحِمَكِ إِلْحَقِي بِأَهْلِكِ حَبْلُكِ عَلَغَارِبِكِ لاَ أَنْدَهُ سَرْبَكِ أُعْزُبِي أُغْرُبِي دَعِينِي وَدِّعِينِي وَنَحْوِهَا، وَالإِعْتَاقُ كِنَايَةُ طَلاَقٍ

وَعَكْسُهُ، وَلَيْسَ الطَّلَاقُ كِنَايَةَ ظِهَارٍ وَعَكْسُهُ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ عَلَيَّ حَرَامٌ أَوْ حَرَّمْتُكِ،

به فەرموودەی پاستتر: ئەو ووشەیە لە هەر دوو پستەکاندا نائاشکرایە، واتە: ئەگەر نیەتی تەلاقدانی نەبێ تەلاقی ناکەوێ (وَاللهُ أَعْلَمُ).

هەروەها تۆم حەڕام کرد. یان تۆ لە من حەڕامی. یان تۆ لە من حەڕامی وەک دایکم. ئەوانەش گشتی وشەی‌نائاشکرای تەلاقن، هەروەک لە (تحفة) لێرەو لە (ظهار)دا فەرموویەتی، ئێستاش لە دوای (أَنْتِ عَلَيَّ حَرَامٌ) ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(وَكِنَايَتُهُ) وشەی‌نائاشکرای تەلاق ئەوەیە: جگە لە تەلاق واتەی‌تریشی لێبفامێتەوە: (كَ) وەک (أَنْتِ خَلِيَّةٌ) تۆ بێمێردی (بَرِيَّةٌ) لێکبوویەوەی لە مێردت (بَتَّةً) لە مێردت بڕایەوە (بَتْلَةٌ) بێمارەبڕینی (بَائِنٌ) جیابووەوەی (اِعْتَدِّي) عیددەت ببینە (اِسْتَبْرِئِي رَحِمَكِ) منداڵدانەکەت دڵنیا بکە (إِلْحَقِي بِأَهْلِكِ) بگەوە ناو خزمو کەسەکانت (حَبْلُكِ عَلَى غَارِبِكِ) پەتکەکەت لە سەر ملی‌خۆتە (لاَ أَنْدَهُ سَرْبَكِ) لە ڕەوێیەکەت ناخوڕمەوە=کارم بە تۆ نەماوە (اُعْزُبِي) لێم دوورکەوە (اُغْرُبِي) لێم ببە بێگانە (دَعِينِي) وازم لێبێنە (وَدِّعِينِي) خوا حافیزیم لێبکە (وَنَحْوِهَا) هەرچی وەک ئەو ووشانە بێ: وەک خوا حافیزت بێ، خۆت لە من دابپۆشە، بڕۆوە مااڵی‌باوکت، تۆ ژنی من نی، من مێردی تۆ نیم، بۆ خۆت شوو بکە=مێرد بکە.

(وَالإِعْتَاقُ) ووشەی ئازادم کردی کە بەرامبەر بە ژنەکەی بەکار بێنێ (كِنَايَةُ طَلَاقٍ) ووشەی نائاشکرای تەلاقدانە (وَعَكْسُهُ) پێچەوانەکەیشی کە تەلاقە ووشەی نائاشکرای ئازادکردنی کۆیلەیە، کەواتە: بە هەر یەکێک لە ووشە نائاشکرایەکانی تەلاقدانی تەلاق نیەتی هەبێ تەلاقی دەکەوێ.

بەڵام ئەگەر ژنەکەی بە (رَجْعِي) بە تەلاقێک تەلاق دابێ، ئینجا تەنها بڵێ: کردمە سێبەسێ، واتە: هیچ ووشەیەکی ئاشکراو نائاشکرا دووبارە نەکاتەوە، ئەوە هیچی‌تر تەلاقی ناکەوێ، هەرچەند نیەتی‌تەلاقیشی هەبێ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَلَيْسَ الطَّلَاقُ كِنَايَةَ ظِهَارٍ) ووشەی‌ئاشکرای تەلاقدان نابێتە ووشەی‌نائاشکرای زیهار (وَعَكْسُهُ) پێچەوانەکەشی نابێ، واتە: ووشەی‌ئاشکرای زیهار نابێتە ووشەی‌نائاشکرای تەلاقدان، بەڵام ووشەی‌نائاشکرای هەردووکیان دەبێتە ووشەی‌نائاشکرای ئەوی‌تریان، هەروەک (الشبراملسی) فەرموویەتی.

کەوابو: (فَلَوْ قَالَ) ئەگەر ئەگەر وشەیەکی حەڕامکردنی گۆتە ژنەکەی‌خۆی: وەک (أَنْتِ عَلَيَّ حَرَامٌ) تۆ لە سەر من حەڕامی (أَوْ حَرَّمْتُكِ) یان تۆم حەڕام کرد، یان تۆ وەک دایکم لە من وَنَوَى طَلَاقًا أَوْ ظِهَارًا حَصَلَ، أَوْ نَوَاهُمَا تَخَيَّرَ وَثَبَتَ مَااخْتَارَهُ، وَقِيلَ طَلَاقٌ وَقِيلَ ظِهَارٌ، أَوْ تَحْرِيمَ عَيْنِهَا لَمْ تَحْرُمْ وَعَلَيْهِ كَفَّارَةُ يَمِينٍ، وَكَذَا إِنْ لَمْ تَكُنْ

نِيَّةٌ فِـالأَظْهَرِ، وَالثَّانِي لَغْوٌ، وَإِنْ قَالَهُ لأَمَتِهِ وَنَوَى عِتْقًا ثَبَتَ، أَوْ تَحْرِيمَ عَيْنِهَا أَوْ لاَ نِيَّةَ

حەڕامی (وَنَوَى طَلاَقًا) ئەوە ئەگەر بە یەکێك لەو سێ وشانەی‌ڕابردوو مەبەستی یەك تەلاق، یان دوو تەلاق، یان سێ تەلاق بێ، ئەوە بەگوێرەی نیەتەکەی دەبێتە تەلاقدان.

(أَوْ ظِهَارًا) یان ئەگەر بەو وشانە مەبەستی زیهار بێ، ئەوە(حَصَلَ) دەبێتە زیهار.

(أَوْ نَوَاهُمَا) یان ئەگەر نیەتی تەلاقدانو زیهاری وێکڕا هەبو، ئەوە هەردووکیان وێکڕا دروست نابن؟ چونکە تەلاقدان ماربڕین لا دەبا، زیهاریش جێگیری دەکا، کەوابو: (تَخَيَّرَ) مێردەکە دەبێتە سەرپشك: (وَثَبَتَ مَااخْتَارَهُ) لە تەلاقو لە زیهار کامەیانی هەڵبژارد تەنها ئەوی بۆ جێگیر دەبێ (وَقِيلَ طَلاَقٌ وَقِيلَ ظِهَارٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: تەلاقی دەکەوێ، لە بێهێزێکدا: دەبێتە زیهار.

(أَوْ) یان ئەگەر بەو سێ وشانەی‌ڕابردوو مەبەستی تەلاق و زیهار نەبو، بەڵکو (تَحْرِيمَ عَيْنِهَا) مەبەستی حەڕامکردنی خودی‌ژنەکە بوو، یان مەبەستی حەڕامکردنی جیماعی ژنەکە بوو، ئەو کاتە (لَمْ تَحْرُمْ) ژنەکەی لێحەڕام نابێ، بەڵام (وَعَلَيْهِ كَفَّارَةُ يَمِينٍ) هەر ئەو دەم کەففارەتێکی وەك کەففارەتی سوێندخواردنی لە سەر واجب دەبێ، هەر چەند جیماعیشی لەگەڵ نەکردبێ.

(وَكَذَا إِنْ لَمْ تَكُنْ نِيَّةٌ) هەروەها ئەگەر نیەتی هیچ حەڕامکردنێکیشی نەبێ، ژنەکەی لێحەڕام نابێ، بەڵام کەففارەتەکەی‌سوێندی هەر لە سەر واجب دەبێ (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا؟چونکە وشەیەکی حەڕامکردنی بە ژنەکەی گوتووە ﴿عن ابن عباسرضي الله عنهما: إِذَا حَرَّمَ الرَّجُلُ عَلَيْهِ إِمْرَأَتَهُ فَهِيَ يَمِينٌ يُكَفِّرُهَا. وَقَالَ: لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ رواه الشيخان، (إبن عباس) فەرمووی: هەر کاتێك پیاو ژنەکەی‌خۆی لە خۆی حەڕام کرد، ئەوە لێی حەڕام نابێ، بەڵکو وەکو سوێندێك کە کەفارەتی دەدا. جا فەرمووی: لەو کەففارەتەدا شوێنکەوتنێکی جوانی پێغەمبەرﷺ بۆ ئێوە هەیە. واتە: کە لە سورەتی (التَّحْرِيم)دا خوای گەورە فەرمانی پێکرد: لەو ڕووداوەدا کەففارەت بدا.

جا بزانە: ئەگەر بڵێتە هەر چوار ژنەکانی: ئێوە لە من حەڕامن. ئەو کاتەش–ئەگەر مەبەستی تەلاق و زیهار نەبێ– تەنها یەك کەففارەتی لە سەر واجبە، هەروەها ئەگەر زۆر جاریش پستەکە دووبارە بکاتەوە، تەنها یەك کەففارەتی لە سەر واجبە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە (وَالثَّانِي لَغْوٌ) بە فەرموودەی‌دووەمی بێهێز: ئەو حەڕامکردنەکە بەتاڵەو کەففارەت واجب ناکا.

(وَإِنْ قَالَهُ لأَمَتِهِ) ئەگەر بە جاریەکەی خۆی گوت: تۆ لە من حەڕامی (وَنَوَى عِتْقًا) مەبەستیشی ئازادکردن بوو (ثَبَتَ) ئازادبوونەکە جێگیر دەبێ (أَوْ تَحْرِيمَ عَيْنِهَا أَوْ لاَ نِيَّةَ) فَكَالزَّوْجَةِ، وَلَوْ قَالَ: هَذَا الثَّوْبُ أَوِ الطَّعَامُ أَوِالْعَبْدُ حَرَامٌ عَلَيَّ. فَلَغْوٌ، وَشَرْطُ نِيَّةِ الْكِنَايَةِ اِقْتِرَانُهَا بِكُلِّ اللَّفْظِ، وَقِيلَ يَكْفِي بِأَوَّلِهِ،

وَإِشَارَةُ نَاطِقٍ بِطَلَاقٍ لَغْوٌ، وَقِيلَ كِنَايَةٌ، وَيُعْتَدُّ بِإِشَارَةِ أَخْرَسَ فِي الْعُقُودِ وَالْحُلُولِ، فَإِنْ فَهِمَ طَلَاقَهُ بِهَا كُلُّ أَحَدٍ فَصَرِيحَةٌ، وَإِنْ اِخْتَصَّ بِفَهْمِهِ فَطِنُونَ فَكِنَايَةٌ،

یان مەبەستی حەڕامکردنی خودێجاریەکە بوو، یان هیچ نیەتێکی نەبو، ئەوە (فَكَالزَّوْجَةِ) وەك حەڕامکردنی ژنەکەیەتی، واتە: کەففارەتی لە سەر واجب دەبێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر پیاوەکە گوتی (هَذَا الثَّوْبُ أَوِ الطَّعَامُ أَوِ الْعَبْدُ حَرَامٌ عَلَيَّ) ئەم جلە، یان ئەم خواردەمەنیە، یان ئەم کۆیلەیە لە سەر من حەڕام بێ، ئەوە (فَلَغْوٌ) بەتاڵەو کەففارەتیش واجب نابێ.

(وَشَرْطُ نِيَّةِ الْكِنَايَةِ) مەرجی کارکردنی نیەتی ووشەکانی نائاشکرای تەلاق ئەوەیە: (اِقْتِرَانُهَا بِكُلِّ اللَّفْظِ) نیەتەکە بەرامبەر بێ لەگەڵ تەواوی ووشەکەی نائاشکرادا (وَقِيلَ يَكْفِي بِأَوَّلِهِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: نیەتەکە لەگەڵ سەرەتای ووشەکەدا بەرامبەر بێ بەسە، بەڵام بە فەرموودەی بەهێز–لە لای چەند زانایەك– ئەوەندە بەسە: لەگەڵ بەشێکی ووشەکەدا نیەتی تەلاقدانی هەبێ: جا لە سەرەتای ووشەکە بێ، یان ناوەند، یان کۆتایی، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاند فەرموویانە.

﴿ نوسین و ئاماژەکردن بۆ تەلاقدان ﴾

(وَإِشَارَةُ نَاطِقٍ بِطَلَاقٍ) ئاماژەکردنی پیاوی زمانساغ–کە لاڵ نەبێ– بۆ تەلاقدانی ژنەکەی (لَغْوٌ) بەتاڵە، وەك ژنەکەی بڵێ: تەلاقم بدە. ئەویش بە دەست ئاماژە بکا: بڕۆ. ئەوە تەلاقی ناکەوێ، بەڵام ئەگەر ئاماژە بۆ شوێنی تەلاقەکە بکا، ئەو کاتە دروست دەبێ: وەك دوو ژنی هەبن و بڵێ: تەلاقی ژنەکەم کەوتبێ. ئاماژەش بۆ یەکێکیان بکا، ئەوە تەلاقی ئاماژە بۆکراوەکە دەکەوێ، بەڵام ئەگەر گوتی: ئەوە نا، مەبەستم ژنەکەی‌تر بوو. ئەوەشی لێقبوڵ دەکرێ، هەروەك لە (مغنی)و (حاشية عميرة)دا فەرموویانە (وَقِيلَ كِنَايَةٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئاماژەکردنی زمانساغ وەك ووشەی نائاشکریە.

بەڵام (وَيُعْتَدُّ بِإِشَارَةِ أَخْرَسَ) ئاماژەکردنی مرۆڤی لاڵ پەفتاری پێدەکرێ: (فِي الْعُقُودِ) لە مامڵەتبەستنەکاندا: وەك کڕین و فرۆشتن و ماڕەبڕین، هەم (وَالْحُلُولِ) لە لێککردنەوەکاندا: وەك تەلاق و هەڵوەشاندنەوەی مامڵەتەکان و ماڕەبڕین، هەر چەند لاڵەکە توانای نوسینیشی هەبێ، ئینجا (فَإِنْ فَهِمَ طَلَاقَهُ بِهَا كُلُّ أَحَدٍ) ئەگەر گشت کەسێك بە ئاماژەکەی لە تەلاقدانەکەی تێدەگەیشت، ئەوە (فَصَرِيحَةٌ) ئاماژەکەی ئاشکرایەو پێویست بە نیەتی تەلاقدان ناکا، بەڵام (وَإِنْ اِخْتَصَّ بِفَهْمِهِ فَطِنُونَ) ئەگەر بە تایبەتی زیرەکەکان لە ئاماژەکەی تێدەگەیشتن، ئەو کاتە (فَكِنَايَةٌ) ئاماژەکەی نائاشکرایەو پێویستە نیەتی وَلَوْ كَتَبَ نَاطِقٌ طَلَاقًا وَلَمْ يَنْوِهِ فَلَغْوٌ، وَإِنْ نَوَاهُ فَالْأَظْهَرُ وُقُوعُهُ، فَإِنْ كَتَبَ إِذَا بَلَغَكِ كِتَابِي فَأَنْتِ طَالِقٌ. فَإِنَّمَا تَطْلُقُ بِبُلُوغِهِ،

وَإِنْ كَتَبَ إِذَا قَرَأْتِ كِتَابِي. وَهِيَ قَارِئَةٌ فَقَرَأَتْهُ طَلَقَتْ، وَإِنْ قُرِئَ عَلَيْهَا فَلاَ فِي الأَصَحِّ،

تەلاقدانیشی لەگەڵدا بێ، هەروەها ئەگەر بە نووسینیش ژنەکەی تەلاق بدا، پێویستە نیەتی تەلاقدانی هەبێ، جا نیەتەکەشی لە هەردوو حاڵەتدا: یان بە نووسینێکیتر، یان بە ئاماژەیەکیتر دەزاندرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

(وَلَوْ كَتَبَ نَاطِقٌ طَلاَقًا) ئەگەر زمانساغێك، یان لاڵێك تەلاقدانێکی نووسی (وَلَمْ يَنْوِهِ) نیەتی تەلاقدانیشی نەبو (فَلَغْوٌ) ئەوە بەتاڵەو تەلاقی ناکەوێ، چونکە نووسین وەك ووشەی نائاشکرایە، بەڵام (وَإِنْ نَوَاهُ) ئەگەر لەگەڵ نووسینەکەدا نیەتی تەلاقدانی هەبو، ئەو کاتە (فَالأَظْهَرُ وُقُوعُهُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: تەلاقەکەی دەکەوێ.

جا ئەگەر لە حاڵەتینووسینەکەدا بە زوبانیش نووسراوەکەی دەگوت، یان لە دوای نووسینەکە نووسراوەکەی خوێندەوە، ئەوە ووشەیەکیئاشکرایە، بەڵام ئەگەر بڵێ: تەنها مەبەستم خوێندنەوەی نووسراوەکە بوو و نیەتی تەلاقدانم نەبو، ئەو کاتە بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

بەڵام ئەگەر بەخۆی تەلاقەکەی نەنووسی، بەڵکو فەرمانی بە یەکێکیتر کرد: تەلاقدانی ژنەکەی بۆ نووسیو بەخۆیشی نیەتی تەلاقدانەکەی هێنا، ئەوە تەلاقی ناکەوێ، بەڵکو مەرجە: فەرمانی نووسینو نیەتی تەلاقدانی وێکڕا پێبکاو نووسەرەکەش لەگەڵ نووسینەکەدا نیەتی تەلاقدانەکەی هەبێ، تاکو تەلاقی فەرمانکەرەکە بکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

(فَإِنْ كَتَبَ) جا ئەگەر میردەکە بۆ ژنەکەی نووسی: (إِذَا بَلَغَكِ كِتَابِي فَأَنْتِ طَالِقٌ) هەر کاتێك نووسراوەکەی من بە دەستت گەیشت، یان پێت گەیشت، تۆ تەلاقکەوتووی- تەلاقت بکەوێ. لە گەڵ نووسینەکەشدا نیەتی تەلاقدانی هەبو، ئەوە (فَإِنَّمَا تَطْلُقُ بِبُلُوغِهِ) تەنها بە گەیشتنی نووسراوەکەی تەلاقی ژنەکەی دەکەوێ، کەواتە: ئەگەر نووسراوەکە پێش گەیشتن هەمووی ڕەش بۆوە، یان تەنها دێڕەکەی تەلاقدان ڕەش بۆوە، ئەو کاتە تەلاقی ناکەوێ.

(وَإِنْ كَتَبَ) ئەگەر بۆ ژنەکەی نووسێ (إِذَا قَرَأْتِ كِتَابِي) هەر کاتێك نووسراوەکەمت خوێندەوە تەلاقت بکەوێ (وَهِيَ قَارِئَةٌ) ژنەکەش خوێندەوار بوو (فَقَرَأَتْهُ) ئینجا نووسراوەکەشی خوێندەوە (طَلَقَتْ) تەلاقی دەکەوێ، هەرچەند بە زوبانیش نەیخوێندبێتەوە، بەڵام (وَإِنْ قُرِئَ عَلَيْهَا) ئەگەر نووسراوەکەی بۆ خوێندرایەوە (فَلاَ فِي الأَصَحِّ) تەلاقی ناکەوێ لە فەرموودەی ڕاستردا، چونکە بەخۆی نەیخوێندۆتەوە، بەڵام

وَإِنْ لَمْ تَكُنْ قَارِئَةً فَقُرِئَ عَلَيْهَا طَلَقَتْ.

(فَصْلٌ) لَهُ تَفْوِيضُ طَلاَقِهَا إِلَيْهَا، وَهُوَ تَمْلِيكٌ فِالْجَدِيدِ فَيُشْتَرَطُ لِوُقُوعِهِ تَطْلِيقُهَا عَلَى

الْفَوْرِ، وَإِنْ قَالَ: طَلِّقِي بِأَلْفٍ. فَطَلَّقَتْ بَانَتْ وَلَزِمَهَا أَلْفٌ، وَ فِي قَوْلٍ تَوْكِيلٌ فَلاَ يُشْتَرَطُ فَوْرٌ فِي الأَصَحِّ، وَفِاشْتِرَاطِ قَبُولِهَا خِلاَفُ الْوَكِيلِ، وَعَلَى الْقَوْلَيْنِ:

(وَإِنْ لَمْ تَكُنْ قَارِئَةً) ئەگەر ژنەکە خوێندەوار نەبێو (فَقُرِئَ عَلَيْهَا) نووسراوەکەی بۆ بخوێندرێتەوە، ئەو کاتە (طَلَقَتْ) تەلاقی دەکەوێ، چونکە مەبەست بە خوێندنەوەی نەخوێندەوار: تێگەیشتنو زانینی ناو نووسراوەکەیە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی تەلاق دانە دەست ژن ﴾

(لَهُ تَفْوِيضُ طَلاَقِهَا إِلَيْهَا) بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام دروستە: میردەکە تەلاقی ژنەکەی بداتە دەست ژنەکە، وەک بڵێ: خۆت تەلاق بدە ئەگەر حەز دەکەی ﴿عن عائشة رضي الله عنها: خَيَّرَنَا رَسُولُ اللهِﷺ فَاخْتَرْنَا اللهَ وَرَسُولَهُ، فَلَمْ يُعَدَّ ذَلِكَ عَلَيْنَا شَيْئاً﴾ رواه الشيخان، حەزرەتی (عائشة) فەرمووی: پێغەمبەرﷺ ئێمەی–ژنەکانیخۆی– کردە سەرپشک: لە خۆ تەلاقدانو مانەوە بە ژنایەتی، ئێمەش خواو پێغەمبەرمانﷺ هەڵبژارد، جا ئەو سەرپشکیەش بە تەلاق نەژمێردرا.

(وَهُوَ تَمْلِيكٌ) تەلاق دانە دەست ژنەکە بڕیاری کردنە ملکایەتێی بۆ دەدرێ (فِيالْجَدِيدِ) لە فەرموودەیێنوێدا، کەوابو: (فَيُشْتَرَطُ لِوُقُوعِهِ) بە مەرج دادەندرێ بۆ کەوتنیتەلاقەکە (تَطْلِيقُهَا عَلَىالْفَوْرِ) ژنەکە لە دوای قسەی مێردەکەی یەکسەر خۆی تەلاق بدا، کەواتە: ئەگەر قسەیەکی زۆری بێگانە، یان بێدەنگبوونێکیدرێژ کەوتە نێوان قسەی مێردەکەو ژنەکە، ئەوە تەلاقەکەی ناکەوێ، هەروەک لە (نهاية)و (مغني)دا فەرموویانە.

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتیە ژنەکەی: (طَلِّقِي بِأَلْفٍ) خۆت تەلاق بدە بە هەزار دینار (فَطَلَّقَتْ) ژنەکەش یەکسەر گوتی: خۆم تەلاق دا، ئەوە (بَانَتْ وَلَزِمَهَا أَلْفٌ) بە (بائن)ی تەلاقی دەکەوێو هەزار دینارەکەشی لە سەر واجب دەبێ بۆ مێردەکەی، هەرچەند ناوی هەزار دینارەکەشی نەگوتبێتەوە.

(وَفِي قَوْلٍ تَوْكِيلٌ) لە فەرموودەیەکیتردا: تەلاق دانە دەست ژنەکە وەکیلگرتنە بۆ تەلاقدان، وەک تەلاق دانە دەست بێگانە، کەوابو: (فَلاَ يُشْتَرَطُ فَوْرٌ فِيالأَصَحِّ) بە مەرج داناندرێ بە پەلە خۆی تەلاق بدا، لە فەرموودەی پاستتردا.

(وَفِي اِشْتِرَاطِ قَبُولِهَا خِلاَفُ الْوَكِيلِ) لەبارەی بە مەرج دانانی قبوڵکردنی ژنەکە هەمان فەرموودە جیاوازەکانی پابردووی وەکیل لێرەشدا هەنە، کەواتە: بە فەرموودەی پاستتر: مەرج نیە بە زوبان بڵێ: قبوڵم کرد (وَعَلَى الْقَوْلَيْنِ) لە سەر هەردوو لَهُ الرُّجُوعُ قَبْلَ تَطْلِيقِهَا، وَلَوْ قَالَ: إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ فَطَلِّقِي. لَغَا عَلَى التَّمْلِيكِ، وَلَوْ قَالَ: أَبِينِي نَفْسَكِ. فَقَالَتْ: أَبَنْتُ. وَنَوَيَا

وَقَـعَ وَإِلاَّ فَـلاَ، وَلَـوْ قَـالَ: طَلِّقِـي. فَقَالَـتْ: أَبَنْـتُ. وَنَـوَتْ أَوْ أَبِينِـي. وَنَـوَى، فَقَالَـتْ: طَلَّقْـتُ. وَقَـعَ، وَلَـوْ قَـالَ طَلِّقِـي. وَنَـوَى ثَلاَثًـا، فَقَالَـتْ: طَلَّقْـتُ. وَنَـوَتْهُنَّ فَثَلاَثٌ وَإِلاَّ فَوَاحِدَةٌ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ: ثَلاَثًا. فَوَحَّدَتْ أَوْ عَكْسَهُ فَوَاحِدَةٌ.

فەرمووەکانی ملکایەتیو وەکیلایەتی (لَهُ الرُّجُوعُ قَبْـلَ تَطْلِيقِهَـا) بـۆ مێردەکـە دروسـتە پەشیمان ببێتەوە پێش ئەوەی ژنەکە خۆی تەلاق بدا.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتیە ژنەکەی (إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ فَطَلِّقِي) هـەر کاتێـك رەمـەزان هات خۆت تەلاق بدە. ئەوە (لَغَا عَلَىالتَّمْلِيـكِ) لـە سـەر فەرمووەیەکـەمی کردنـە ملـك بەتالەو تەلاقەکەی ناکەوێ، بەلام لە سەر فەرمووەیدووەمی وەکیلگرتن دروست دەبـێ (وَلَوْ قَالَ) ئەگە مێردەکە گوتیە ژنەکەی (أَبِينِي نَفْسَكِ) خۆت جیـا بکـەوە (فَقَالَـتْ أَبَنْـتُ) ژنەکەش یەکسەر گوتی: خۆم جیا کردەوە (وَنَوَيَا) مێردەکە نیـەتی دانـە دەسـتی هێنـاو ژنەکەش نیەتی تەلاقدانی هێنا، ئەوە (وَقَعَ) تەلاقەکەی دەکەوێ (وَإِلاَّ فَـلاَ) بـەلام ئەگـەر هەردووکیان، یان تەنها یەکێکیان نیەتی نەهێنا، تەلاقەکە ناکەوێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (طَلِّقِي) خۆت تەلاق بدە (فَقَالَتْ أَبَنْتُ) ژنەکـەش گـوتی خۆم جیا کردەوە (وَنَوَتْ) نیەتی تەلاقیشی هێنا (أَوْ أَبِينِي وَنَـوَى) یـان مێردەکـە گـوتی: خۆت جیا بکەوەو نیەتی تەلاقیشی هێنا (فَقَالَتْ طَلَّقْتُ) ژنەکەش گـوتی: خـۆم تـەلاق دا، ئەوە (وَقَعَ) لە هەر دوو حالەتدا تەلاقەکەی دەکەوێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (طَلِّقِي وَنَوَى ثَلاَثًا) خۆت تەلاق بدە. نیەتی سێ تەلاقیشی هێنا (فَقَالَتْ طَلَّقْتُ وَنَوَتْهُنَّ) ژنەکەش گوتی خۆم تـەلاق دا. ئـەویش نیـەتی سـێ تـەلاقی هێنا، ئەوە (فَثَلاَثٌ) سـێ تـەلاقی دەکـەون (وَإِلاَّ) بـەلام ئەگـەر هـەردووکیان، یـان تـەنها یـەکێکیان نیـەتی سـێ تەلاقەکـەی نـەهێنا، ئـەو کاتـە (فَوَاحِـدَةٌ) یـەك تـەلاق دەکـەوێ (فِىالأَصَحِّ) لە فەرمووەی ڕاستتردا. (وَلَوْ قَالَ ثَلاَثًا) ئەگەر مێردەکـە گـوتی: سێبەسـێ خۆت تەلاق بدە (فَوَحَّدَتْ) ژنەکەش بـە یـەك تـەلاق خـۆی تـەلاق دا (أَوْ عَكْسَـهُ) یـان بـە پێچەوانەوە مێردەکە گوتی: یەك تەلاق. ژنەکەش بـە سـێ تـەلاق خـۆی تـەلاق دا، ئـەوە (فَوَاحِدَةٌ) لە هەردوو حالەتدا تەنها یەك تەلاقی دەکەوێ.

کەوابو: ئەگەر مێردەکە بڵێتە پیاوێك: ژنەکەم تەلاق بدە. ژمارەی تەلاقەکەشی نـەگوت، ئینجا وەکیلەکەش سێبەسێ تەلاقیدا، ئەوە تەنها یەك تەلاقی دەکەوێ؟ چونکە بۆ زیاتر لە یەك تەلاق ئیزن نەدراوە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

(فَصْـلٌ) مَـرَّ بِلِسَـانِ نَـائِمٍ طَـلاَقٌ لَغَـا، وَلَـوْ سَـبَقَ لِسَـانُهُ بِطَـلاَقٍ بِـلاَ قَصْـدٍ لَغَـا، وَلاَ يُصَـدَّقُ ظَـاهِرًا إِلاَّ بِقَرِينَـةٍ، وَلَـوْ كَـانَ اِسْـمُهَا طَالِقًـا فَقَـالَ: يَـا طَـالِقُ. وَقَصَـدَ النِّـدَاءَ

لَمْ تَطْلُقْ، وَكَذَا إنْ أَطْلَقَ فِالأَصَحِّ، وَإِنْ كَانَ اِسْمُهَا طَارِقًا أَوْ طَالِبًا فَقَالَ: يَا طَالِقُ،

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی چەند مەرجێکی تەلاقدەرو گۆتەی تەلاقەکە** ﴾

(مَرَّ بِلِسَانِ نَائِمٍ طَلَاقٌ) هەر کاتێك پیاوی‌خەوتوو تەلاقی بە زماندا هات (لَغَا) تەلاقدانەکە بەتاڵە، چونکە نەیویستوە ووشەی تەلاق بۆ تەلاقدان بە کار بێنێ، بۆیێ نووسین لە سەر خەوتوو لادراوە، بە بەڵگەی حەدیسەکەی سێ کەسەکانی‌پابردوو.

(وَلَوْ سَبَقَ لِسَانُهُ بِطَلَاقٍ بِلاَ قَصْدٍ) ئەگەر پیاوێك زوبانەکەی پێشبڕکەی لێکرد بە ووشەی تەلاقدان، بێ ئەوەی بیەوێ ووشەکە بۆ تەلاقدان بە کار بێنێ (لَغَا) تەلاقدانەکە بەتاڵە، هەروەها ئەگەر یەکێك پستەی تەلاقدانی‌کەسێکی‌تر بگێڕێتەوە، یان مامۆستا لە کاتی دەرس گوتنەوەدا ووشەی تەلاقدان زۆر دووبارە بکاتەوە، ئەوانەش تەلاقیان ناکەوێ، چونکە نەیانویستوە ووشەی تەلاقەکە بۆ تەلاقدان بە کار بێنن، هەروەك لە زۆربەی سەر چاوەکاندا فەرموویانە.

بەڵام (وَلاَ يُصَدَّقُ ظَاهِرًا إلاَّ بِقَرِينَةٍ) ئەوەی دەڵێ زوبانەکەم پێشبڕکەی کردوە، لە ئاشکرایدا باوەڕی پێناکرێ تەنها بە نیشانەیەك نەبێ: وەك بیەوێ بڵێتە ژنەکەی: ئیزنم دای. یان بیەوێ بڵێ: نیشانم دای. بەڵام زمانەکەی پێشبڕکە بکاو بڵێ: تەلاقم دای. ئەوە ئەگەر نیشانەیەك هەبێ باوەڕی پێدەکرێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر بڵێتە ژنەکەی: تۆ لە من حەڕام بی. ئینجا واتێبگا بەم ووشەیە سێبەسێ تەلاقی کەوتوە، بۆیێ بە ژنەکەی بڵێ: من سێبەسێ تۆم تەلاق داوە. ئەوەش تەلاقی ناکەوێ، هەروەها ئەگەر فتواەرێك پێی بڵێ: تەلاقت کەوتوە. ئەویش بە هۆی ئەم فتوایە بڵێ: ژنەکەم تەلاق داوە. ئینجا فتواەرێکی زاناتر پێی بڵێ: تەلاقت نەکەوتووەو فتوایەکەی‌تر هەڵە بووە. ئەوەش تەلاقی ناکەوێ، چونکە ئەوانە هەردووکیان مەبەستیان خەبەردانی تێگەیشتنێکی بە هەڵە بووە، نەك تەلاقدان، هەروەك لە (تحفة)و (الشرواني)دا پوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ كَانَ اِسْمُهَا طَالِقًا) ئەگەر ژنەکە ناوی تەلاقەکەوتوو بوو (فَقَالَ يَا طَالِقُ) مێردەکەش گوتی هۆ تەلاقەکەوتوو (وَقَصَدَالنِّدَاءَ) مەبەستیشی بانگکردن بوو، ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) تەلاقی ناکەوێ (وَكَذَا إنْ أَطْلَقَ) هەروەها ئەگەر هیچیشی مەبەست نەبێ تەلاقی ناکەوێ (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستردا (وَإِنْ كَانَ اِسْمُهَا طَارِقًا أَوْ طَالِبًا) ئەگەر ژنەکە ناوی (طارق)، یان (طالب) بوو (فَقَالَ يَا طَالِقُ) مێردەکەش گوتی هۆ (طالق)، واتە: وَقَالَ: أَرَدْت النِّدَاءَ فَالْتَفَّ الْحَرْفُ. صُدِّقَ، وَلَوْ خَاطَبَهَا بِطَلَاقٍ هَازِلاً أَوْ لاَعِبًا أَوْ وَهُوَ يَظُنُّهَا أَجْنَبِيَّةً بِأَنْ كَانَتْ فِی ظُلْمَةٍ أَوْ أَنْكَحَهَا لَهُ وَلِيُّهُ أَوْ وَكِيلُهُ وَلَمْ يَعْلَمْ

وَقَعَ، وَلَوْ لَفَظَ أَعْجَمِيٌّ بِهِ بِالْعَرَبِيَّةِ وَلَمْ يَعْرِفْ مَعْنَاهُ لَمْ يَقَعْ، وَقِيلَ إِنْ نَوَى مَعْنَاهَا وَقَعَ،

تەلاقكەوتوو، بەلام (وَقَالَ أَرَدْتُ النِّدَاءَ فَالْتَفَّ الْحَرْفُ) گوتی مەبەستم بانگکردن بوو و پیتەکە تێکەڵ بە زوبانم بوو، ئەوە (صُدِّقَ) پێی باوەڕ دەکرێ.

﴿ گاڵتەکردن بە تەلاق ﴾

(وَلَوْ خَاطَبَهَا بِطَلَاقٍ هَازِلاً أَوْ لَاعِبًا) ئەگەر بە گاڵتە بڵێتە ژنەکەی: تەلاقم دای. یان تەلاقم کەوتبێ. ئەوە تەلاقی دەکەوێ بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿ثَلَاثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ: اَلطَّلَاقُ وَالنِّكَاحُ والرَّجْعَةُ﴾ رواه أبوداود والترمذی وصححه الحاكم، سێ شت هەنە ڕاستییان هەر ڕاستیە، گاڵتە پێکردنیشیان هەر ڕاستیە: تەلاقدانو مارەبڕینو تەلاق چاککردنەوە.

(أَوْ) یان مێردەکە بە ژنەکەیخۆی گوت: تەلاقت کەوتبێ. بەڵام نەیزانی ژنی خۆیەتی، بەڵکو (وَهُوَ يَظُنُّهَا أَجْنَبِيَّةً) وایتێدەگەیشت ژنەکە بێگانەیە (بِأَنْ كَانَتْ فِي ظُلْمَةٍ) وەک ژنەکە لە تاریکاییدا بێ (أَوْ أَنْكَحَهَا لَهُ وَلِيُّهُ أَوْ وَكِيلُهُ وَلَمْ يَعْلَمْ) یان سەرپەرشتکارەکەی، یان وەکیلەکەی ئەو ژنەی بۆ مارە بڕیبوو و ئەویش نەیزانیبو لێی مارە کراوە، یان لە بیری چوبو کە ژنی هەیە، ئینجا گوتی: تەلاقی ژنەکەم کەوتبێ. ئەوە (وَقَعَ) لە هەردوو مەسەلەدا لە ئاشکرایدا تەلاقی دەکەوێ، بەڵام لە پەنهانیی نێوان خۆیو خوادا ناکەوێ، هەروەک لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

﴿ئاگاداری﴾: ئەگەر بێزانینی مێردەکە ژنەکەی بچێتە شارێک، ئینجا بە مێردەکەی بڵێن: ژنەکەت لەم شارەیە. ئەویش نازانێ ژنەکەی هاتۆتە شارەکە، بۆیێ دەڵێ: ئەگەر من هیچ ژنێکم لەم شارەدا بێ تەلاقی کەوتبێ. ئەوە—بە فەرموودەی بەهێزتر— تەلاقی ناکەوێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ لَفَظَ أَعْجَمِيٌّ بِهِ بِالْعَرَبِيَّةِ) بۆ وێنە: ئەگەر عەرەبزمان نەبێو ووشەی تەلاقدان بە عەرەبی بڵێو (وَلَمْ يَعْرِفْ مَعْنَاهُ) واتەکەشی نەزانێ: وەک کوردزمانێک بە زمانێکیتری جگە لە کوردی ووشەی تەلاقدان بڵێو واتەکەشی نەزانێ، ئەوە (لَمْ يَقَعْ) تەلاقی ناکەوێ، هەروەک ئەگەر ووشەیەکی کافربوون بڵێو واتەی نەزانێ کافر نابێ، واتە: بەڵام ئەگەر واتەکەی بزانێ، تەلاقی دەکەوێ.

(وَقِيلَ إِنْ نَوَى مَعْنَاهَا) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر نیەتی واتەکەی لای ئەوخاوەنزمانانەی هەبێ (وَقَعَ) تەلاقی دەکەوێ.

وَلَا يَقَعُ طَلَاقُ مُكْرَهٍ، فَإِنْ ظَهَرَتْ قَرِينَةُ اِخْتِيَارٍ بِأَنْ أُكْرِهَ عَلَى ثَلَاثٍ فَوَحَّدَ أَوْ صَرِيحٍ أَوْ تَعْلِيقٍ فَكَنَّى أَوْ نَجَّزَ أَوْ عَلَى طَلَّقْتُ فَسَرَّحَ أَوْ بِالْعُكُوسِ وَقَعَ،

﴿ تەلاقدانی توڕەبوو و زۆرلێکراو ﴾

بزانە: زانایانیئیسلام هیچ جیاوازییەکیان لەوەدا نیە: کە تەلاقی پیاوی توڕەبوو دەکەوێ، چونکە کۆمەڵێك (صَحَابَة) ئەو فتوایەیان داوەو هیچ (صحابة)یەکیتریش ڕەخنەی لێنەگرتونو بووەتە (إجماع)یکی بێدەنگی، هەروەك لە (تحفة)و (الشروانی)دا فەرموویانە. بەڵام (وَلاَ يَقَعُ طَلاَقُ مُكْرَهٍ) تەلاقی پیاوی زۆرلێکراوی بە ناهەق ناکەوێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَطَلاَقَ وَلاَعَتَاقَ فِي إِغْلاَقٍ﴾حدیث صحیح رواه أبوداود، تەلاقدانو ئازادکردن بە زۆرلێکردن نابێ.

بەڵام ئەگەر زۆرلێکردنەکە بە هەق بێ: وەك بە باوکەکوژەکەی خۆی بڵێ: ژنەکەت تەلاق بدە، ئەگەر نا: لە تۆڵەی باوکم دەتکوژم. ئەوە نابێتە زۆرلێکردنی بە ناهەق، واتە: ئەگەر ژنەکەی تەلاق بدا تەلاقی دەکەوێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: زۆرلێکردنی شەرعیش وەکو زۆرلێکردنی هەستکراوە، واتە: ئەگەر بڵێ: هەرسێك تەلاقم بکەوێ ئەمشەو جیماع لەگەڵ ژنەکەم دەکەم. یان بڵێ: لەم مانگەدا قەرزەکەت دەدەمەوە. ئینجا کە تەماشای کرد: ژنەکەی حەیزدار بوو، یان بە بێویستی خۆی خەوی بە سەرداهاتو تا بەیانی هەشیار نەبۆوە، یان کەسێکی وەها لە لای بوو شەرمی لێدەکردو بۆی نەگونجا جیماعەکە بکا، یان لە تەواوی مانگەکەدا هیچ ملك و مالّی نەما قەرزەکەی لێبداتەوە، ئەوە لەو حالّەتانەدا تەلاقی ناکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە.

(فَإِنْ ظَهَرَتْ قَرِينَةُ اخْتِيَارٍ) جا ئەگەر زۆرلێکراوەکە نیشانەی سەرپشکیی بۆ تەلاقدانەکە لێدەرکەوت: (بِأَنْ أُكْرِهَ عَلَى ثَلاَثٍ فَوَحَّدَ) وەك زۆری لێکرابێ سێبەسێ تەلاق بدا، بەڵام ئەو بە یەك تەلاق تەلاقی بدا (أَوْ صَرِيحٍ أَوْ تَعْلِيقٍ) یان زۆری لێکرابێ بە ووشەیەکی ئاشکرا، یان بە هەڵواسراوی تەلاقی بدا، بەڵام (فَكَنَّى أَوْ نَجَّزَ) بە ووشەیەکی نائاشکرا نیەتی تەلاقدانی هێنا، یان بێهەڵواسین دەسبەجێ تەلاقیدا (أَوْ عَلَى طَلْقَةٍ فَسَرَّحَ) یان زۆری لێکرابێ بڵێ: تەلاقم دا، بەڵام ئەو بڵێ: بەرم هەڵدا (أَوْ بِالْعُكُوسِ) یان بە پێچەوانەکانی ئەوانە: وەك زۆری لێکرابێ بۆ یەك تەلاق، یان بۆ تەنها تەلاقدان، بەڵام ئەو سێبەسێ تەلاق بدا، یان زۆری لێکرابێ دەسبەجێ بێهەڵواسین، بەڵام ئەو بە هەڵواسین تەلاقی بدا...هتد، یان زۆری لێکرابێ لە هەردوو ژنەکانی ژنێکیان تەلاق بدا، ئینجا ئەو بە خۆی یەکێکیان دیاری بکاو تەلاقی بدا، ئەوە لەو هەموو حالّەتانەدا (وَقَعَ) تەلاقی دەکەوێ، چونکە سەرپشکی لە تەلاقدانەکەیدا دەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر وَشَرْطُ الإِكْرَاهِ: قُدْرَةُ الْمُكْرِهِ عَلَى تَحْقِيقِ مَا هَدَّدَ بِهِ بِوِلاَيَةٍ أَوْ تَغَلُّبٍ، وَعَجْزُ الْمُكْرَهِ عَنْ دَفْعِهِ بِهَرَبٍ وَغَيْرِهِ، وَظَنِّهِ أَنَّهُ

إنْ اِمْتَنَعَ حَقَّقَهُ، وَيَحْصُلُ بِتَخْوِيفٍ بِضَرْبٍ شَدِيدٍ أَوْ حَبْسٍ أَوْ إتْلاَفِ مَالٍ وَنَحْوِهَا،

لە مەسەلەکەی ووشەی نائاشکرادا نیەتی تەلاقدانی نەبێ، تەلاقەکەی ناکەوێ، هەروەك لە (إبن قاسم)دا پوون کراوەتەوە.

(وَشَرْطُ الإِكْرَاهِ) مەرجی هاتنەجێی زۆرلێکردن ئەوەیە: (قُدْرَةُ الْمُكْرِهِ عَلَى تَحْقِيقِ مَا هَدَّدَ بِهِ) زۆرلێکەرەکە توانای هەبێ: ئەو هەڕەشەیەی کردویەتی زوو ئەنجامی بدا (بِوِلاَيَةٍ أَوْ تَغَلُّبٍ) بە هۆی کاربەدستی، یان خۆسەپاندن (وَعَجْزُ الْمُكْرَهِ عَنْ دَفْعِهِ بِهَرَبٍ وَغَيْرِهِ) زۆرلێکراوەکەش توانای نەبێ بەرگری لە خۆی بکا: بە هەلاتن، یان بە پێگایەکیتر: وەك پاڕانەوە، یان شکایەت کردن، هەم (وَظَنِّهِ أَنَّهُ إنْ اِمْتَنَعَ) زۆرلێکراوەکەش وا تێبگا: ئەگەر کارە زۆرپێکراوەکە جێبەجێ نەکا (حَقَّقَهُ) زۆرلێکەرەکە هەر ئەو دەم هەڕەشەکەی ئەنجام دەدا.

بەلام ئەگەر بڵێ: ئێستا ژنەکەت تەلاق بدە، ئەگەر نا: سبەینێ دەتکوژم. ئەوە نابێتە زۆرلێکردنو تەلاقی دەکەوێ، چونکە بێگومان نازاندرێ تا سبەینێ دەمێنن، یان نا، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر دز پێیان گوت: وازت لێناهێنین تا سوێند بە تەلاق دەخۆی کە لە لای هیچ کەسێك باسمان نەکەی. ئەوەش دەبێتەزۆرلێکردنو ئەگەر باسیشیان بکا تەلاقی ناکەوێ، بەلام ئەگەر بێداواکاری دزەکان—لە خۆیەوە— سوێند بە تەلاق بخوا، ئەو کاتە ئەگەر باسیان بکا تەلاقی دەکەوێ، هەروەك لە (نهاية) دا فەرموویەتی.

هەروەها ئەگەر ستەمکارێك زۆری لێبکا تاکو فلانکەسی نیشان بدا، یان مالی فلانکەسی نیشان بدا، زۆرلێکراوەکەش گوتی: نازانم لە کوێیە. زۆرداڕەکەش گوتی وازت لێناهێنم تا سوێند بە تەلاق دەخۆی کە نازانی. ئەویش بە درۆ سوێندی بە تەلاق خوارد: شوێنەکەی نازانێ. ئەوە تەلاقی دەکەوێ؟ چونکە لە ڕاستیدا کراوەتە سەرپشك لە نێوان نیشاندانو سوێندخواردن، هەروەك لە (مغنى)دا فەرموویەتی.

(وَيَحْصُلُ بِتَخْوِيفٍ) زۆرلێکردن دێتەجێ بە ترساندنێك: وەك هەڕەشەی لێبکا: (بِضَرْبٍ شَدِيدٍ) بە لێدانێکی توند (أَوْ حَبْسٍ) یان بە بەندکردن (أَوْ إتْلاَفِ مَالٍ) یان بە لەناوبردنی مالێك (وَنَحْوِهَا) شتێوەها: وەك سوکایەتی پێکردن لە بەر چاوێخەلك، یان زۆرلێکەرەکە بڵێ: ژنەکەت تەلاق بدە، ئەگەر نا: ئێستا بێناموسیی لەگەڵ دەکەم، یان ئێستا ئەم خزمەت دەکوژم. یان ژنەکە بڵێتە مێردەکەی: تەلاقم بدە، ئەگەرنا: ژەهرت دەرخوارد دەدەم. هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا پوون کراوەتەوە.

وَقِيلَ يُشْتَرَطُ قَتْلٌ، وَقِيلَ قَتْلٌ أَوْ قَطْعٌ أَوْ ضَرْبٌ مَخُوفٌ، وَلاَ تُشْتَرَطُ التَّوْرِيَةُ بِأَنْ يَنْوِيَ غَيْرَهَا، وَقِيلَ إنْ تَرَكَهَا بِلاَ عُذْرٍ وَقَعَ. وَمَنْ أَثِمَ بِمُزِيلِ عَقْلِهِ مِنْ شَرَابٍ أَوْ دَوَاءٍ

نَفَذَ طَلاَقُهُ وَتَصَرُّفُهُ لهُ وَعَلَيْهِ قَوْلاً وَفِعْلاً عَلَىالْمَذْهَبِ، وَفِى قَوْلٍ لاَ، وَقِيلَ عَلَيْهِ، وَلَوْ قَالَ: رُبُعُكِ أَوْ بَعْضُكِ أَوْ جُزْؤُكِ أَوْ كَبِدُكِ أَوْ شَعَرُكِ أَوْ ظُفْرُكِ طَالِقٌ. وَقَعَ،

(وَقِيلَ يُشْتَرَطُ قَتْلٌ) له فەرموودەیەکی بێهێزدا بە مەرج دادەندرێ: هەڕەشەکە بە کوشتن بێ (وَقِيلَ قَتْلٌ أَوْ قَطْعٌ أَوْ ضَرْبٌ مَخُوفٌ) له فەرموودەیەکی بێهێزدا مەرجە: هەڕەشەکە بە کوشتن، یان بە لێکردنەوەی ئەندامێك، یان بە لێدانێکی بە ترس بێ.

(وَلاَ تُشْتَرَطُ التَّوْرِيَةُ) بە مەرج داناندرێ زۆرلێکراوەکە (تَوْرِيَة) بکا، واتە: مەبەستێکی نائاشکرا لە دڵی بگرێ: (بِأَنْ يَنْوِيَ غَيْرَهَا) وەك نیەتی تەڵاقدانی ئافرەتێکیتری جگە لە ژنەکەی خۆی بێ، کە هەردووکیان ناویان (زێنەبە)، یان لە دوای تەڵاقدانەکە بە نهێنی بڵێ: إن شاء الله. (وَقِيلَ إِنْ تَرَكَهَا بِلاَ عُذْرٍ وَقَعَ) له فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر بە بێ عوزر (تَوْرِيَة) نەکا تەڵاقی دەکەوێ.

﴿ تەڵاقی سەرخۆش ﴾

(وَمَنْ أَثِمَ بِمُزِيلِ عَقْلِهِ) هەر کەسێك گوناهبار بوبێ بە هۆی بەکارهێنانی شتێك کە هۆشەکەی لاببا (مِنْ شَرَابٍ أَوْ دَوَاءٍ) لابەرەکە: شەراب بێ، یان دەرمان بێ، واتە: بە قەسدیو بە خۆشیخۆی شەرابی خواردبێتەوەو سەر خۆش بوبێ، یان بە بێهیچ عوزرێك دەرمانێکی وەهای بەکار هێنابێ کە هۆشی لابباو، ئەوە (نَفَذَ طَلاَقُهُ) تەڵاقدانەکەی جێبەجێ دەبێ، هەم (وَتَصَرُّفُهُ لَهُ وَعَلَيْهِ) دەستکاریەکەشی جێبەجێ دەبێ: جا لە سودی خۆی بێ، یان لە دژی خۆی بێ (قَوْلاً وَفِعْلاً) گوفتار بێ، یان کردار بێ: وەکو کافربوونو کوشتنو کڕینو فرۆشتنو بەخیشینو...هتد (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب.

بەڵام ئەگەر بە زۆرلێکردن شەرابیان پێخواردەوە، یان نەیدەزانی شلەکە شەرابەو خواردیەوە، یان–جگە لە شەراب– لە بەر پێویستی دەرمانێکی بێهۆشکەری بە کار هێنا، ئەوە لەوحاڵەتانەدا تەڵاقی ناکەوێو دەستکاریەکەشی جێبەجێ نابێ، بەڵام لە حاڵەتی نەزانیندا ئەگەر سوێند نەخوا باوەڕی پێناکرێ، هەروەك لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَفِى قَوْلٍ لاَ) له فەرموودەیەکدا: هیچێك لەوانەی‌ڕابردوو جێبەجێ نابێ (وَقِيلَ عَلَيْهِ) له فەرموودەیەکی بێهێزدا: هەر دەستکاریەکی لە دژی خۆی بێ–وەکو تەڵاقدان– جێبەجێ دەبێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی: (رُبُعُكِ أَوْ بَعْضُكِ أَوْ جُزْؤُكِ أَوْ كَبِدُكِ أَوْ شَعَرُكِ أَوْ ظُفْرُكِ طَالِقٌ) چواریکت، یان بەشێکت، یان پارچەیەکت، یان جگەرت، یا موەکەت، یان نینۆکەکەت تەڵاقەوتوو بێ، ئەوە (وَقَعَ) تەڵاقی دەکەوێ، چونکە لەو بەشەوە تەڵاقەکە وَكَذَا دَمُكِ عَلَى الْمَذْهَبِ، لاَ فَضْلَةٌ كَرِيقٍ وَعَرَقٍ وَكَذَا مَنِيٌّ وَلَبَنٌ فِى الأَصَحِّ،

وَلَـوْ قَـالَ لِمَقْطُوعَـةِ يَمِـينٍ: يَمِينُـكِ طَـالِقٌ. لَـمْ يَقَـعْ عَلَىالْمَـذْهَبِ، وَلَـوْ قَـالَ: أَنَـا مِنْـكِ طَـالِقٌ. وَنَـوَى تَطْلِيقَهَـا طَلَقَـتْ، وَإِنْ لَـمْ يَنْـوِ طَلاَقًـا فَـلاَ، وَكَـذَا إِنْ لَـمْ يَنْـوِ إِضَافَتَهُ إِلَيْهَا فِىالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ أَنَا مِنْك بَائِنٌ أُشْتُرِطَ نِيَّةُالطَّلاَقِ، وَفِى الإِضَافَةِ الْوَجْهَانِ، وَلَـوْ قَـالَ أَسْـتَبْرِئُ رَحِمِـى مِنْـكِ فَلَغْـوٌ، وَقِيـلَ إِنْ نَـوَى طَلاَقَهَـا وَقَـعَ. (فَصْلٌ) خِطَابُ الأَجْنَبِيَّةِ بِطَلاَقٍ وَتَعْلِيقُهُ بِنِكَاحٍ وَغَيْرِهِ

پێدا دەڕواتە لای هەموو لاشەکەی (وَكَذَا دَمُكِ عَلَىالْمَذْهَبِ) هەروەها: خوێنەکەت، یان گیانەکەت تەلاقکەوتوو بێ، تەلاقی دەکەوێ، لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب.

(لاَ فَضْلَةٌ كَرِيقٍ وَعَرَقٍ) نەك ئەو زێدەییانەی جیا دەبنەوە: وەك تفو ئارەقەو (وَكَذَا مَنِـيٌّ وَلَبَنٌ فِىالأَصَحِّ) هەروەها (منی)و شیر، لە فەرموودەی پاستردا، واتە: بەتەلاقدانی ئەوانە تـەلاق ناکـەوێ (وَلَـوْ قَـالَ لِمَقْطُوعَـةِ يَمِـينٍ) ئەگـەر ژنەکـەی دەستی پاستەی بڕابـوێوە و مێردەکەش گوتی (يَمِينُك طَالِقٌ) دەستی پاستەت تەلاقکـەوتوو بـێ، ئـەوە (لَـمْ يَقَـعْ عَلَـى الْمَذْهَبِ) تەلاقی ناکەوێ، لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب، چونکە ئەندامەکە نەماوە، بۆیێ تەلاقەکە پێدا ناڕواتە لای تەواوی لاشەکەی.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (أَنَا مِنْك طَالِقٌ وَنَوَى تَطْلِيقَهَا) من لە تۆ تەلاقکـەوتووم. نیەتیشی تەلاقدان بی (طَلَقَتْ) تەلاقی دەکەوێ، بەلام (وَإِنْ لَمْ يَنْوِ طَلاَقًا فَلاَ) ئەگەر نیەتی تەلاقدان نەبێ ناکەوێ (وَكَذَا) هەروەها تەلاقی ناکەوێ (إِنْ لَمْ يَنْوِ إِضَافَتَهُ إِلَيْهَا) ئەگـەر نیەتی تەلاقدانی ژنەکەی نەبێ، بەڵکو نیەتی تەلاقدانیخۆی بێ (فِىالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستردا (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (أَنَا مِنْك بَـائِنٌ) مـن لـە تـۆ جیابوویـەوەم. ئـەو کاتـەش (أُشْتُرِطَ نِيَّةُ الطَّلاَقِ) بە مەرج داندراوە: نیەتی تەلاقدانی هەبێ (وَفِىالإِضَافَةِ الْوَجْهَانِ) لـە بارەی نیەتی تەلاقدانی ژنەکەش دوو فەرموودەکەیڕابردوو هەنە، بە فەرموودەکەی پاستتر مەرجە: نیەتی ژنەکەی هەبێ (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (أَسْتَبْرِئُ رَحِمِي مِنْك) من منداڵدانەی خۆی لە تۆ دڵنیا دەکەم (فَلَغْوٌ) ئەوە بەتاڵـەو نابێـە تـەلاق (وَقِيـلَ إِنْ نَـوَى طَلاَقَهَـا) لـە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر نیەتی تەلاقی هەبێ (وَقَعَ) تەلاقی دەکەوێ.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی دەستەلاتی مێرد بە سەر شوێنی تەلاقدا: کە ژنەکەیە** ﴾

(خِطَابُ الأَجْنَبِيَّةِ بِطَلاَقٍ) تەلاقدانی ژنێکیبێگانە ڕووبەڕوو، وەك بە ژنـە بیێگانەکـە بڵـێ: تەلاقت کەوتبێ. یان تەلاقم دای. هەم (وَتَعْلِيقُهُ بِنِكَاحٍ وَغَيْرِهِ) هەڵواسینی تـەلاقی ژنـە بێگانەکە بە مارەکردنو شتیتر: وەك ئەگەر ئەم ژنەم مارە کرد تەلاقی کەوتبێ. یان هەر کاتێك ژنم مارە کرد تەلاقی کەوتبێ. یان هەر کاتێك بچیتە ژوورەکە تەلاقت کەوتبێ. ئینجا لَغْـوٌ، وَالأَصَـحُّ صِـحَّةُ تَعْلِيـقِ الْعَبْـدِ ثَالِثَـةً كَقَوْلِـهِ: إِنْ عَتَقْـتُ أَوْ إِنْ دَخَلْـتِ

فَأَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا، فَيَقَعْنَ إِذَا عَتَقَ أَوْ دَخَلَتْ بَعْدَ عِتْقِهِ، وَيَلْحَقُ رَجْعِيَّةً لاَ مُخْتَلِعَةً، وَلَوْ عَلَّقَهُ بِدُخُولِ فَبَانَتْ ثُمَّ نَكَحَهَا ثُمَّ دَخَلَتْ لَمْ يَقَعْ إِنْ دَخَلَتْ فِالْبَيْنُونَةِ وَكَذَا إِنْ لَمْ تَدْخُل فِي الأَظْهَرِ، وَفِي ثَالِثٍ يَقَعُ إِنْ بَانَتْ بِدُونِ ثَلاَثٍ،

له خۆی ماره بکا، ئەوە (لَغْوٌ) گشتی بەتاڵەو ئەگەر مارەشی بکا، یان له دوای مارەکردن بڕواتە ژوورەکەش تەڵاقی ناکەوێ، چونکە لە کاتێتەڵاقدان پیاوەکە خاوەنی شوێنی تەڵاقەکە نیە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَطَلاَقَ لَهُ فِيمَا لاَيَمْلِكُ﴾ رواه أبوداود والترمذي وصححه، پیاو هیچ تەڵاقێکی نیە– واتە: تەڵاقی ناکەوێ– لەو ژنەی کە ژنیخۆی نیە.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی پاستتر: (صِحَّةُ تَعْلِيقِ الْعَبْدِ ثَالِثَةً) دروستە کۆیلە تەڵاقەکەی سێیەمی هەڵبواسێ (كَقَوْلِهِ) وەک بڵێ: (إِنْ عَتَقْتُ) ئەگەر ئازاد ببم سێ تەڵاقت بکەوێ (أَوْ إِنْ دَخَلتِ فَأَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا) یان بڵێ: ئەگەر بچیتە ناو خانووەکە سێ تەڵاقت کەوتبێ (فَيَقَعْنَ) سێ تەڵاقەکەی دەکەون (إِذَا عَتَقَ) هەرکاتێك ئازاد بوو (أَوْ دَخَلَتْ بَعْدَ عِتْقِهِ) یان لە دوای ئازادبوون ژنەکە چووە ناو خانووەکە.

﴿ ڕزگاربوون بە خولعکردن لە کەوتنی تەڵاقی سێبەسێ ﴾

(وَيَلْحَقُ رَجْعِيَّةً) تەڵاق دەگاتە تەڵاقدراوی (رَجْعِية)، واتە: ئەو ژنەی لە دوای جیماع لەگەڵکردن بە خۆڕایی بە تەڵاقێك، یان بە دوو تەڵاق تەڵاقدراوە–تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ– ئەگەر جارێکیتریش تەڵاق بدرێ تەڵاقیتریشی دەکەوێ.

(لاَ مُخْتَلِعَةً) بەڵام تەڵاق ناگاتە ئەو ژنەی بە (بائن)ی تەڵاقی کەوتوە: وەک خولعی لەگەڵ کرابێ، یان (عِدَّة)ی تەواو بوبێ، یان پێش جیماع لەگەڵکردن تەڵاق درابێ، یان مارەبڕینەکەی هەڵوەشاندرابێتەوە.

کەوابو: (وَلَوْ عَلَّقَهُ بِدُخُولِ) ئەگەر هەرسێك تەڵاقەکەی هەڵواسی بە چوونە ناو خانوو، وەک بە ژنەکەی بڵێ: ئەگەر بچیە ناو خانووەکە سێ تەڵاقت کەوتبێ (فَبَانَتْ) جا لە دوای هەڵواسینەکە ژنەکە بووە (بائن): بە خولعکردن، یان بە سێ هۆیەکانیتریڕابردوو (ثُمَّ نَكَحَهَا) ئینجا دووبارە مێردەکە لە خۆی مارە کردەوە (ثُمَّ دَخَلَتْ) ئینجا لە دوای مارەکردنەوەکەیدووەم ژنەکە چووە ناو خانووەکە، ئەوە (لَمْ يَقَعْ) تەڵاقی ناکەوێ (إِنْ دَخَلَتْ فِيالْبَيْنُونَةِ) ئەگەر پێشداش لە حاڵەتی (بائن)یدا چوبێتە ناو خانووەکە.

(وَكَذَا إِنْ لَمْ تَدْخُل) هەروەها تەڵاقی ناکەوێ ئەگەر لە حاڵەتی(بائن)یدا نەشچوبێتە ناو خانووەکە–بەڵکو تەنها لە دوای مارەبڕینەکەیدووەم چوبێتە ناو خانووەکە– (فِيالأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا (وَفِيثَالِثٍ) لە فەرموودەیەکیسێیەمدا: (يَقَعُ إِنْ بَانَتْ بِدُونِ ثَلاَثٍ) تەڵاقی دەکەوێ، ئەگەر بە کەمتر لە سێ تەڵاق بوبێتە (بائن)، بەڵام بێهێزە.

وَلَوْ طَلَّقَ دُونَ ثَلاَثٍ وَرَاجَعَ أَوْ جَدَّدَ وَلَوْ بَعْدَ

بِثَلاَثٍ، وَلِلْعَبْدِ طَلْقَتَانِ فَقَطْ، وَلِلْحُرِّ ثَلاَثٌ، وَيَقَعُ فِي مَرَضِ مَوْتِهِ، وَيَتَوَارَثَانِ فِي عِدَّةِ رَجْعِيٍّ

﴿ **ئاگاداری** ﴾: سوێندخواردنی بە تەلاق هەمان بڕیاری هەڵواسینی بۆ دەدرێ، وەك بڵێ: هەرسێك تەلاقم كەوتبێ نابی بچیتە مالّی باوكت. یان دەبی لەم مانگەدا ئەم كارە بكەی. یان بڵێ: ئەگەر جیماعت لەگەڵ بكەم سێبەسێ تەلاقت كەوتبێ. واتە: ئەوانەش بە خولعكردن لە كەوتنی سێ تەلاقەكە پزگاری دەبێ، لە سەر فەرموودەی بەهێزتر، هەروەك لە (مغنی)و (الشروانی)دا فەرموویانە، لە سەرەتای (خُلْع)شدا پووتمان كردەوە.

(وَلَوْ طَلَّقَ دُونَ ثَلاَثٍ) ئەگەر ژنەكەی سێبەسێ تەلاق نەدا، بەڵكو بە یەك ، یان بە دوو تەلاقیدا، ئینجا (وَرَاجَعَ) ژنەكەی گەڕاندەوە (أَوْ جَدَّدَ) یان بە مارەبڕینێكی نوێ مارەی كردەوە (وَلَوْ بَعْدَ زَوْجٍ) هەرچەند لە دوای میردكردنێكیتریش مارەی بكاتەوە (عَادَتْ بِبَقِيَّةِ الثَّلاَثِ) هەر بە پاشماوەكەی سێ تەلاقەكەی دێتەوە لای میردەكەی، واتە: ئەگەر دوو تەلاقی مابن بە دوو تەلاق دێتەوە ژێر مارەی میردەكەی، ئەگەر یەكێكی مابێ بە یەك تەلاق دێتەوە، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام ئەگەر میردێكیتری نەكردبێ، هەم بە فەرموودەی گەورەكانی(صحابة) ئەگەر میردێكیتری كردبێ.

بەڵام (وَإِنْ ثَلَّثَ) ئەگەر سێبەسێ تەلاقی بدا، ئینجا– وەك مارە بەجاش– میردێكیتر بكاو ئەم میردەش جیماعی لەگەڵ بكاو تەلاقی بدا، ئینجا میردە كۆنەكە سەرلەنوێ مارەی بكاتەوە، ئەو كاتە (عَادَتْ بِثَلاَثٍ) بە هەرسێك تەلاق دێتەوە لای، بە (إجماع)ی زانایانی ئیسلام.

(وَلِلْعَبْدِ طَلْقَتَانِ فَقَطْ) میردیكۆیلە تەنها خاوەنی دوو تەلاقە، هەرچەند ژنەكەشی ئازاد بێ (وَلِلْحُرِّ ثَلاَثٌ) میردیئازادیش خاوەنی سێ تەلاقە، هەرچەند ژنەكەشی جاریە بێ ﴿عن أنس وأَبِـرُزَيْنرضي الله عنهما: سُئِلَ النَّبِيُّﷺ عَنْ قَوْلِهِ تَعَالَى: (اَلطَّلاَقُ مَرَّتَانِ). فَأَيْنَ الثَّالِثَةُ؟ قَالَ: (إِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ)﴾ رواه أحمد وأبوداود وصححه ابن القطان، پرسیار لە پێغەمبەرﷺ كرا: كە خوای گەورە دەفەرموێ: (ئەو تەلاقانەی گەڕاندنەوەی بە دوادا دەبێ دوو جارە). ئەدی بڕیاری سێیەمەكە لە كوێیە؟ فەرمووی: ئەوەیە كە دەفەرموێ: (یان بە یاسای شەرع ژنەكە پابگرە، یان بە جوانی بەریبهەڵدە).

(وَيَقَعُ فِي مَرَضِ مَوْتِهِ) میردەكە لە نەخۆشیمردنیدا تەلاقی دەكەوێ، هەرچەند تەلاقانەكەی سێبەسێش بێ.

(وَيَتَوَارَثَانِ) میردو ژنی تەلاقدراو میرات لە یەكتری دەگرن: (فِي عِدَّةِ رَجْعِيٍّ) لە (عِدَّة)ی تەلاقی (رَجْعِي)دا: كە لە دوای جیماع لەگەڵكردن بە خۆڕایی بە تەلاقێك، یان بە دوو لاَ بَائِنٍ، وَفِي الْقَدِيمِ تَرِثُهُ.

(فَصْـــلٌ) قَـــالَ طَلَّقْتُـــكِ أَوْ أَنْـــتِ طَـــالِقٌ وَنَـــوَى عَـــدَدًا وَقَـــعَ، وَكَذَاالْكِنَايَـــةُ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ وَاحِدَةً، وَنَوَى عَدَدًا فَوَاحِدَةٌ، وَقِيلَ الْمَنْوِيُّ،

تەلاق درابێو (عِدَّة)ی تەواو نەبوبێ: جا ژنەکە، یان مێردەکە بمرێ، ئەوە میرات لە یەکتری دەگرن، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام (لاَ بَائِنٍ) بەلام لە (عِدَّة)ی تەلاقی (بائن)دا میرات لە یەکتری ناگرن (وَفِیالْقَدِیمِ تَرِثُـهُ) لـە فـەرموودەیکۆنی ئیمـامی(الشـافعي)و لـە هەرسێك مەزهەبەکەیتردا: لە (عِدَّة)ی (بائن)دا ژنەکە میرات لە مێردەکەی دەگرێ، چونکە ئیمامی (عثمان) ئەوها بڕیاری داوە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی نیەتی ژمارەی تەلاق ﴾

(قَـالَ) مێردەکـە کۆتیـە ژنەکـەیخۆی: (طَلَّقْتُـكِ) تـۆم تـەلاق دا (أَوْ أَنْـتِ طَـالِقٌ) یـان تـۆ تەلاقەکەوتووی. یان بڵێ: ژنی خۆم تەلاق دا. یان تەلاقم کەوتبێ (وَنَوَى عَدَدًا) لەگەڵ ئەو تەلاقدانەش نیەتی ژمارەیەکی هەبو: وەك دوو، یان سێ، ئەوە (وَقَعَ) نیەتی چەند تەلاقی هەبوە، ئەوەندەی دەکەوێ، هەرچەند ژمارەکەش بە زوبان نـەڵێ، یـان جیمـاعی لەگـەڵ ژنەکەش نەکردبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرمویانە.

بەلام ئەگەر نیەتی هیچ ژمارەیەکی لە دڵدا نەبێو بە زوبانیش هیچ ژمارەیەك نـەڵێ، ئـەو کاتە بە خودیتەلاقدانەکە یەك تەلاقی دەکەوێ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَكَذَاالْكِنَايَةُ) هەروەها ووشەی نائاشکرای تەلاقیش هەمان بڕیاری ووشـەی ئاشـکرای بـۆ دەدرێ ﴿عـن رُكانـةرضي الله عنه: أَنَّـهُ طَلَّـقَ إِمْرَأَتَـهُ اَلْبَتَّـةَ، فَحَلَّفَـهُ النَّبِـيُّﷺ: وَاللهِ مَـا أَرَدْتُ إِلاَّ وَاحِـدَةً، فَرَدَّهَا عَلَيْهِ﴾ حدیث صحیح رواه أبوداود، (رُكانة) ژنەکەی خۆی بە بڕاوەیی=بە یـەکجاری تەلاق دا، جا پێغەمبەرﷺ سوێندیدا: کە مەبەستم تەنها یەك تەلاق بووە. ئینجا ژنەکـەی بۆ گەڕاندەوە. واتە: ئەگەر بە زوبان سێ تەلاقی گوتبان، یان لە دڵدا سێ تەلاقی مەبەست بووانە، هەرسێك تەلاقی دەکەوتن، ئەگەر نا: سوێنددانەکەی بێسود بوو.

کەوابو: ئەگەر بە هەردوو ژنەکانی بڵێ: هەردووکتان سێ تەلاقتان کەوتبێ، ئـەوە ئەگـەر مەبەستی ئەوە بێ: هەر یەکەیان سێ تەلاقی بکـەوێ، ئـەوە هەریەکـەو سـێ تەلاقەکـەی دەکەوێ، بەلام ئەگەر هیچ مەبەستێکی نەبێ، ئەو کاتە هەر ژنێك‌و دوو تەلاقی دەکـەون، هەروەك لە (تحفة)دا پوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ وَاحِدَةً) ئەگەر گوتی: تۆ تەلاقەکەوتووی یەك تەلاق (وَنَوَى عَـدَدًا) لـە دڵدا نیەتی دوو، یان سێ تەلاقی هێنا، ئەوە (فَوَاحِدَةٌ) یەك تەلاقی دەکەوێ، بەلام (وَقِيلَ الْمَنْوِيُّ) لە فەرموودەیەکدا: نیەتی چەند تەلاقی هەبێ ئەوەندە دەکەوێ، جا لـە زۆربـەی سەرچاوەکاندا ئەم فەرموودەیە پشت پێبەستراوە.

قُلْتُ: وَلَوْ قَالَ أَنْتِ وَاحِدَةٌ. وَنَوَى عَدَدًا فَالْمَنْوِيُّ، وَقِيلَ وَاحِدَةٌ، وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلَوْ أَرَادَ أَنْ

يَقُولَ أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا. فَمَاتَتْ قَبْلَ تَمَامِ طَالِقٌ لَمْ يَقَعْ، أَوْ بَعْدَهُ قَبْلَ ثَلاَثًا فَثَلاَثٌ، وَقِيلَ وَاحِدَةٌ، وَقِيلَ لاَ شَيْءَ، وَإِنْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ أَنْتِ طَالِقٌ أَنْتِ طَالِقٌ. وَتَخَلَّلَ فَصْلٌ فَثَلاَثٌ، وَإِلاَّ فَإِنْ قَصَدَ تَأْكِيدًا فَوَاحِدَةٌ أَوْ اِسْتِئْنَافًا فَثَلاَثٌ، وَكَذَا إِنْ أَطْلَقَ فِالأَظْهَرِ،

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ: (وَلَوْ قَالَ أَنْتِ وَاحِدَةٌ) ئەگەر گوتی: تۆ یەکی (وَنَوَى عَدَدًا) نیەتیشی تەلاقدان بوو بە دوو، یان بە سێ تەلاق، ئەوە (فَالْمَنْوِيُّ) نیەتی چەند تەلاقی هەبێ، ئەوەندە دەکەوێ (وَقِيلَ وَاحِدَةٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: یەک تەلاقی دەکەوێ (وَاللهُ أَعْلَمُ).

هەروەها ئەگەر بڵێ: پڕ بە دونیا، یان پڕ بە ئاسمان، یان بە قەد ئەم چیایە تەلاقت بکەوێ، ئەوە–ئەگەر نیەتی هیچ ژمارەیەکی نەبێ– یەک تەلاقی دەکەوێ، هەروەک لە (نهاية)و (مغني)و (إبن قاسم)دا فەرموویانە.

(وَلَوْ أَرَادَ أَنْ يَقُولَ أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا) ئەگەر ویستی بڵێ: تۆ تەلاقەوتووی سێبەسێ (فَمَاتَتْ قَبْلَ تَمَامِ طَالِقٌ) ئینجا پێش ئەوەی ووشەی (تەلاقەوتووی) تەواو بکا، ژنەکە مرد، یان یەکێك دەمی مێردەکەی گرت، ئەوە (لَمْ يَقَعْ) تەلاقی ناکەوێ (أَوْ بَعْدَهُ قَبْلَ ثَلاَثًا) یان لەدوای تەواوبوونی ووشەی(تەلاقەوتووی)و پێش تەواوبوونی ووشەی (سێبەسێ) ژنەکە مرد، یان دەمی مێردەکەی گرت، ئەوە (فَثَلاَثٌ) سێ تەلاقی دەکەون، چونکە لەگەڵ ووشەی تەلاقدانەکە نیەتی سێ تەلاقەکەی هەبوە (وَقِيلَ وَاحِدَةٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: یەک تەلاقی دەکەوێ (وَقِيلَ لاَ شَيْءَ) لە بێهێزێکیتردا: هیچ تەلاقێکی ناکەوێ.

﴿ دووبارەکردنەوەی وشەی تەلاقدان ﴾

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتیە ژنەکەی: (أَنْتِ طَالِقٌ أَنْتِ طَالِقٌ أَنْتِ طَالِقٌ) تۆ تەلاقەوتووی تۆ تەلاقەوتووی تۆ تەلاقەوتووی. یان تەلاقم دای تەلاقم دای تەلاقم دای (وَتَخَلَّلَ فَصْلٌ) بێدەنگبوونێکی زیاتر لە هەناسەدان، یان گفتوگۆیەکی بێگانە کەوتە نێوان ڕستەکان، ئەوە (فَثَلاَثٌ) سێ تەلاقی دەکەون.

(وَإِلاَّ) بەڵام هیچ نێوانێك نەبو، ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ قَصَدَ تَأْكِيدًا) ئەگەر مەبەستی تەئکید=بەهێزکردنی ڕستەکەی یەکەم بوبێ، ئەوە (فَوَاحِدَةٌ) یەک تەلاقی دەکەوێ (أَوْ اِسْتِئْنَافًا) یان ئەگەر مەبەستی بنیاتنانەوە بوبێ، ئەوە (فَثَلاَثٌ) سێ تەلاقی دەکەون (وَكَذَا إِنْ أَطْلَقَ) هەروەها ئەگەر هیچێکیانیشی مەبەست نەبوبێ، هەر سێ تەلاقی دەکەون (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، بەڵام لە فەرموودەکەیتردا: لەو حاڵەتەشدا تەنها یەک تەلاقی دەکەوێ، هەروەک لە (نهاية)و (مغني)دا فەرموویانە.

وَإِنْ قَصَدَ بِالثَّانِيَةِ تَأْكِيدًا وَبِالثَّالِثَةِ اِسْتِئْنَافًا أَوْ عَكَسَ فَثِنْتَانِ أَوْ بِالثَّالِثَةِ تَأْكِيدَالأُولَى فَثَلاَثٌ

فِالأَصَحِّ، وَإِنْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ وَطَالِقٌ وَطَالِقٌ. صَحَّ قَصْدُ تَأْكِيدِالثَّانِي بِالثَّالِثِ لاَالأَوَّلِ بِالثَّانِي، وَهَذِهِ الصُّوَرُ فِمَوْطُوءَةٍ، فَلَوْ قَالَهُنَّ لِغَيْرِهَا فَطَلْقَةٌ بِكُلِّ حَالٍ، وَلَوْ قَالَ لِهَذِهِ إِنْ دَخَلْتِ الدَّارَ فَأَنْتِ طَالِقٌ وَطَالِقٌ. فَدَخَلَتْ فَثِنْتَانِ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ لِمَوْطُوءَةٍ: أَنْتِ طَالِقٌ طَلْقَةً مَعَ أَوْ مَعَهَا طَلْقَةٌ. فَثِنْتَانِ، وَكَذَا غَيْرُمَوْطُوءَةٍ فِالأَصَحِّ،

(وَإِنْ قَصَدَ بِالثَّانِيَةِ تَأْكِيداً) ئەگەر بە پستەکەی‌دووەم مەبەستی بەهێزکردنی یەکەمەکە بوبێ (وَبِالثَّالِثَةِ اِسْتِئْنَافاً) بە سێیەمەکەش مەبەستی بنیاتنان بوبێ (أَوْ عَكَسَ) پان بە پێچەوانەی کرد: بە دووەمەکە بنیاتنانو بە سێیەمەکە بەهێزکردنی دووەمەکە بوو، ئەوە (فَثِنْتَانِ) لە هەردووحالەتدا دوو تەلاقی دەکەون (أَوْ بِالثَّالِثَةِ تَأْكِيدَالأُولَى) یان بە سێیەمەکە مەبەستی بەهێزکردنی یەکەمەکە بوو، ئەوە (فَثَلاَثٌ فِيالأَصَحِّ) سێ تەلاقی دەکەون، لە فەرموودەی ڕاستردا، چونکە نیوان کەوتۆتە بەینی بەهێزکەرو بەهێزکراو.

(وَإِنْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ وَطَالِقٌ وَطَالِقٌ) ئەگەر گوتی: تۆ تەلاقکەوتویو تەلاقکەوتوویو تەلاقکەوتووی (صَحَّ قَصْدُ تَأْكِيدِ الثَّانِي بِالثَّالِثِ) دروستە مەبەستی ئەوە بێ: دووەمەکە بە سێیەمەکە بەهێز بکا (لاَ الأَوَّلِ بِالثَّانِي) نەك بەهێزکردنی یەکەمەکە بە دووەمەکە.

(وَهَذِهِ الصُّوَرُ) ئەو وێنانەی‌ڕابردوو گشتی (فِي مَوْطُوءَةٍ) لەبارەی ئەو ژنە بوون کە جیماعی لەگەڵ کردوە، کەواتە: (فَلَوْ قَالَهُنَّ لِغَيْرِهَا) ئەگەر ئەو پستانەی‌ڕابردووی بەو ژنەی گوتبن کە جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، ئەوە (فَطَلْقَةٌ بِكُلِّ حَالٍ) لە هەموو حالەتێکدا تەنها یەك تەلاقی دەکەوێ، چونکە هەر بە پستەی‌یەکەم دەبێتە (بائن)، تەلاقدراوی (بائن)ش تەلاقی‌تری ناگاتێ، جا بزانە: ئەوەش لەو حالەتەدایە کە بە پستەی‌یەکەم نیەتی سێ تەلاقی نەبێ، چونکە ئەگەر نیەتی سێ تەلاقی هەبێ، ئەو کاتە هەرسێك تەلاقی دەکەون، هەروەك لە سەرەتای ئەو باسەدا ڕابرا.

(وَلَوْ قَالَ لِهَذِهِ) ئەگەر گوتیە ئەو ژنەی کە جیماعی لەگەڵ نەکردبێ: (إِنْ دَخَلْتِ الدَّارَ فَأَنْتِ طَالِقٌ وَطَالِقٌ) ئەگەر بچیتە ناو خانووەکە تۆ تەلاقکەوتوویو تەلاقکەوتوویو تەلاقکەوتووی (فَدَخَلَتْ) ژنەکەش چووە ناو خانووەکە (فَثِنْتَانِ فِيالأَصَحِّ) دوو تەلاقی دەکەون لە فەرموودەی ڕاستردا، چونکە هەردووکیان بە چوونە ناوخانووەکە هەڵواسراون.

(وَلَوْ قَالَ لِمَوْطُوءَةٍ) ئەگەر گوتیە ئەو ژنەی جیماعی لەگەڵ کردوە: (أَنْتِ طَالِقٌ طَلْقَةً مَعَ أَوْ مَعَهَا طَلْقَةٌ) تۆ تەلاقکەوتووی بە تەلاقێك لەگەڵ تەلاقێك، یان تەلاقێکی لەگەڵدا بێ. ئەوە (فَثِنْتَانِ) دوو دەکەون (وَكَذَا غَيْرُ مَوْطُوءَةٍ) هەروەها ئەگەر جیماعیش لەگەڵ نەکردبێ، دوو تەلاقی دەکەون (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً قَبْلَ طَلْقَةٍ أَوْ بَعْدَهَا طَلْقَةٌ. فَثِنْتَانِ فِمَوْطُوءَةٍ، وَطَلْقَةٌ فِغَيْرِهَا،

وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً بَعْدَطَلْقَةٍ أَوْ قَبْلَهَا طَلْقَةٌ. فَكَذَا فِيالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً فِيطَلْقَةٍ. وَأَرَادَ مَعَ فَطَلْقَتَانِ أَوِ الظَّرْفَ أَوِ الْحِسَابَ أَوْ أَطْلَقَ فَطَلْقَةٌ، وَلَوْ قَالَ نِصْفَ طَلْقَةٍ فِي نِصْفِ طَلْقَةٍ. فَطَلْقَةٌ بِكُلِّ حَالٍ، وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً فِي طَلْقَتَيْنِ. وَقَصَدَ مَعِيَّةً فَثَلاَثٌ، أَوْ ظَرْفًا فَوَاحِدَةٌ، أَوْ حِسَابًا وَعَرَفَهُ فَثِنْتَانِ، وَإِنْ جَهِلَهُ وَقَصَدَ مَعْنَاهُ فَطَلْقَةٌ، وَقِيلَ ثِنْتَانِ، وَإِنْ لَمْ يَنْوِ شَيْئًا فَطَلْقَةٌ، وَفِي قَوْلٍ ثِنْتَانِ إِنْ عَرَفَ حِسَابًا، وَلَوْ قَالَ بَعْضَ طَلْقَةٍ فَطَلْقَةٌ،

(وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً قَبْلَ طَلْقَةٍ) ئەگەر گوتی تەلاقت کەوتبێ بە تەلاقێکی پێش تەلاقێك (أَوْ بَعْدَهَا طَلْقَةٌ) یان بە تەلاقێك کە تەلاقێکی لە دوابێ، ئەوە (فَثِنْتَانِ فِي مَوْطُوءَةٍ) دوو تەلاقی لەو ژنەی دەکەون کە جیماعی لەگەڵ کردوە (وَطَلْقَةٌ فِي غَيْرِهَا)یەك تەلاقیشی لەو ژنەی دەکەوێ کە جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، چونکە بە تەلاقیەکەم دەبێتە (بائن).

هەروەها (وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً بَعْدَ طَلْقَةٍ أَوْ قَبْلَهَا طَلْقَةٌ) ئەگەر بڵێ: تەلاقت کەوتبێ بە تەلاقێکی دوای تەلاقێك، یان بەتەلاقێك کە تەلاقێکی لە پێشدا بێ (فَكَذَا) ئەوەش وەك ئەوەکەیتر دوو تەلاقی دەکەون لە وەی جیماعی لەگەڵ کردوەو، یەك تەلاقی دەکەوێ لەوەی جیماعی لەگەڵ نەکردبێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرمودەی ڕاستتردا.

(وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً فِي طَلْقَةٍ) ئەگەر گوتی: تەلاقت کەوتبێ بە تەلاقێکی لە تەلاقێکدا (وَأَرَادَ مَعَ) واتەی لەگەڵی مەبەست بوو، ئەوە (فَطَلْقَتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون (أَوِ الظَّرْفَ أَوِ الْحِسَابَ أَوْ أَطْلَقَ) یان ئەگەر چوونە ناو، یان ژماردنی مەبەست بوو، یان هیچی مەبەست نەبو (فَطَلْقَةٌ) یەك تەلاقی دەکەوێ (وَلَوْ قَالَ نِصْفَ طَلْقَةٍ فِي نِصْفِ طَلْقَةٍ) ئەگەر گوتی: تەلاقت کەوتبێ بە نیو تەلاق لە نیو تەلاقدا، ئەوە (فَطَلْقَةٌ بِكُلِّ حَالٍ) یەك تەلاقی دەکەوێ لە هەموو حالەتێکدا (وَلَوْ قَالَ طَلْقَةً فِي طَلْقَتَيْنِ) ئەگەر گوتی: تەلاقت کەوتبێ بە تەلاقێك لە دوو تەلاقدا (وَقَصَدَ مَعِيَّةً فَثَلاَثٌ) ئەگەر مەبەستی لەگەڵ بێ، ئەوە سێ تەلاقی دەکەون (أَوْ ظَرْفًا فَوَاحِدَةٌ) ئەگەر مەبەستی چوونە ناو بێ، یەك تەلاقی دەکەوێ (أَوْ حِسَابًا وَعَرَفَهُ) ئەگەر مەبەستی لێکدانی ژمارەی بێو لێکدانەکەش بزانێ (فَثِنْتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون (وَإِنْ جَهِلَهُ وَقَصَدَ مَعْنَاهُ) جا ئەگەر نەشیدەزانی بەڵام واتەکەی مەبەست بوو (فَطَلْقَةٌ) یەك تەلاقی دەکەوێ (وَقِيلَ ثِنْتَانِ) لە فەرمودەیەکی بێهێزدا: دوو تەلاقی دەکەون (وَإِنْ لَمْ يَنْوِ شَيْئًا فَطَلْقَةٌ) ئەگەر نیەتی هیچیشی نەبێ، یەك تەلاقی دەکەوێ (وَفِي قَوْلٍ ثِنْتَانِ إِنْ عَرَفَ حِسَابًا) لە فەرمودەیەکدا: دووتەلاقی دەکەون ئەگەر لێکدانی ژمارە بزانێ.

(وَلَوْ قَالَ بَعْضَ طَلْقَةٍ) ئەگەر گوتی: بەشێکی تەلاقێکت کەوتبێ، یان نیو تەلاقت بکەوێ. ئەوە (فَطَلْقَةٌ) تەلاقێکی تەواوی دەکەوێ، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام، چونکە تەلاقێك أَوْ نِصْفَيْ طَلْقَةٍ فَطَلْقَةٌ إِلاَّ أَنْ يُرِيدَ كُلَّ نِصْفٍ مِنْ طَلْقَةٍ، وَالأَصَحُّ أَنَّ قَوْلَهُ نِصْفَ

طَلْقَتَيْنِ. طَلْقَةٌ، وَثَلاَثَةَ أَنْصَافِ طَلْقَةٍ أَوْ نِصْفَ طَلْقَةٍ وَثُلُثَ طَلْقَةٍ طَلْقَتَانِ، وَلَوْ قَالَ نِصْفَ وَثُلُثَ طَلْقَةٍ فَطَلْقَةٌ، وَلَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ: أَوْقَعْت عَلَيْكُنَّ أَوْ بَيْنَكُنَّ طَلْقَةً أَوْ طَلْقَتَيْنِ أَوْ ثَلاَثًا أَوْ أَرْبَعًا. وَقَعَ عَلَىكُلِّ طَلْقَةٌ، فَإِنْ قَصَدَ تَوْزِيعَ كُلِّ طَلْقَةٍ عَلَيْهِنَّ وَقَعَ فِي ثِنْتَيْنِ ثِنْتَانِ، وَفِي ثَلاَثٍ وَأَرْبَعٍ ثَلاَثٌ، فَإِنْ قَالَ أَرَدْتُ بِبَيْنَكُنَّ بَعْضَهُنَّ لَمْ يُقْبَل ظَاهِرًا فِالأَصَحِّ، وَلَوْ طَلَّقَهَا ثُمَّ قَالَ لِلأُخْرَى أَشْرَكْتُكِ مَعَهَا أَوْ أَنْتِ كَهِيَ. فَإِنْ نَوَى طَلَقَتْ،

ناکرێتە بەش بەش (أَوْ) یان گوتی (نِصْفَيْ طَلْقَةٍ) دوو نیوەی تەلاقێکت کەوتبێ، یان بکەون. ئەوەش (فَطَلْقَةٌ) یەك تەلاقی دەکەوێ، چونکە دوو نیوە دەکاتە یەك (إِلاَّ أَنْ يُرِيدَ كُلَّ نِصْفٍ مِنْ طَلْقَةٍ) مەگەر مەبەستی ئەوە بێ: هەر نیوەیەك لە تەلاقێك بکەوێ، ئەو کاتە دوو تەلاقی دەکەون.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی پاستتر: (أَنَّ قَوْلَهُ نِصْفَ طَلْقَتَيْنِ) گوتەی مێردەکە: تەلاقت کەوتبێ بە نیوەی دوو تەلاقان. ئەوە (طَلْقَةٌ) یەك تەلاقی دەکەوێ، چونکە یەك نیوەی دووە (وَ) ئەگەر بڵێ تەلاقت کەوتبێ (ثَلاَثَةَ أَنْصَافِ طَلْقَةٍ) بە سێ نیوەی تەلاقێك (أَوْ) یان بڵێ (نِصْفَ طَلْقَةٍ وَثُلُثَ طَلْقَةٍ) بە نیوەی تەلاقێکو سێیەکی تەلاقێك. ئەوە (طَلْقَتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون، بەڵام (وَلَوْ قَالَ نِصْفَ وَثُلُثَ طَلْقَةٍ) نیوەو سێیەکیتەلاقێك. ئەوە (فَطَلْقَةٌ) یەك تەلاقی دەکەوێ.

(وَلَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ) ئەگەر مێردەکە گوتیە هەر چوار ژنەکانیخۆی: (أَوْقَعْت عَلَيْكُنَّ أَوْ بَيْنَكُنَّ طَلْقَةً أَوْ طَلْقَتَيْنِ أَوْ ثَلاَثًا أَوْ أَرْبَعًا) خستمە سەر هەر چوارتان، یان خستمە نێوان هەر چوارتان: تەلاقێك، یان دوو تەلاق، یان سێ تەلاق، یان چوار تەلاق. ئەوە لە هەر چوار وێنەدا (وَقَعَ عَلَى كُلِّ طَلْقَةٌ) هەر ژنێك و تەلاقێکی دەکەوێ، بەڵام (فَإِنْ قَصَدَ تَوْزِيعَ كُلِّ طَلْقَةٍ عَلَيْهِنَّ) جا ئەگەر مەبەستی بوو: گشت تەلاقێك بە سەر هەمووانیاندا بەش بکا، ئەو کاتە (وَقَعَ فِي ثِنْتَيْنِ ثِنْتَانِ) لە وێنەی دوو تەلاقدا هەر ژنێك دوو تەلاقی دەکەون (وَفِي ثَلاَثٍ وَأَرْبَعٍ ثَلاَثٌ) لە وێنەی سێو چواردا سێ تەلاقیان دەکەون (فَإِنْ قَالَ) جا ئەگەر گوتی (أَرَدْتُ بِبَيْنَكُنَّ بَعْضَهُنَّ) مەبەستم بە ووشەی نێوانەکە هەموو ژنەکان نەبو، بەڵکو مەبەستم هەندێکیان بوو، ئەوە (لَمْ يُقْبَل ظَاهِرًا فِيالأَصَحِّ) لە ئاشکرایدا ئێی قبوڵ ناکرێ، لە فەرموودەیپراستردا.

(وَلَوْ طَلَّقَهَا) ئەگەر ژنێکیخۆی تەلاق دا (ثُمَّ قَالَ لِلأُخْرَى أَشْرَكْتُكِ مَعَهَا) ئینجا گوتیە ژنەکەیتریش: تۆم کردە هاوبەش لەگەڵ تەلاقدراوەکە (أَوْ أَنْتِ كَهِيَ) یان تۆ وەك تەلاقدراوەکەی. ئەوە (فَإِنْ نَوَى) ئەگەر نیەتی تەلاقدانیدووەمەکە بێ (طَلَقَتْ) تەلاقی وَإِلاَّ فَلاَ، وَكَذَا لَوْ قَالَ آخَرُ ذَلِكَ لإِمْرَأَتِهِ.

(فَصْـلٌ) يَصِـحُّ الإِسْـتِثْنَاءُ بِشَـرْطِ اِتِّصَـالِهِ، وَلاَ يَضُـرُّ سَـكْتَةُ تَـنَفُّسٍ وَعِـيٍّ، قُلْـتُ: وَيُشْـتَرَطُ أَنْ يَنْـوِيَ الإِسْـتِثْنَاءَ قَبْـلَ فَـرَاغِ الْيَمِـينِ فِالأَصَـحِّ وَاللهُ أَعْلَـمُ. وَيُشْـتَرَطُ عَدَمُ اِسْتِغْرَاقِهِ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا إِلاَّ ثِنْتَيْنِ وَوَاحِدَةً. فَوَاحِدَةٌ، وَقِيلَ ثَلاَثٌ،

دووەمەکە دەکەوێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر نیەتی تەڵاقدان نەبێ (فَلاَ) تەڵاقی ناکەوێ (وَكَذَا لَوْ قَالَ آخِرُ ذَلِكَ لِإِمْرَأَتِهِ) هـەروەها ئەگـەر پیـاوێکیتریش بڵێتـە ژنەکـەی خـۆی: تـۆم کـردە هاوبەش لەگەڵ تەڵاقدراوەکەی فلانکەس. یـان تـۆ وەك ئـەو تەڵاقـدراوەی. ئـەوە ئەگـەر نیـەتی تەڵاقـدان بـێ، ئـەوەیش تـەڵاقی دەکـەوێ، ئەگـەرنا: ناکـەوێ، چـونکە ووشـەکە نائاشکرایە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (إِسْتِثْنَاء): **جیاکردنەوە لە تەڵاقدان** ﴾

پێشەکی بزانـە: (إِسْـتِثْنَاءُ)=جیاکردنـەوە دوو بەشـە: بەشـێکیان ژمـارەی تـەڵاق کـەم دەکاتەوە، جا ئەمەیان پیتی (إِلاَّ)، واتـە: (تـەنها)و ئـەو جـۆرە پیتانـەی بـۆ بـەکار دێ. بەشەکەیتریش کەوتنی بنچینەی تەڵاقەکە لادەباو رێگا نادا تەڵاقەکـە بکـەوێ: وەك (إِن شاءَ الله)، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(يَصِحُّ الإِسْتِثْنَاءُ) جیاکردنەوە لە تەڵاق دروست دەبێ، وەك بڵێ: هەرسێك تەڵاقت کەوتبێ تەنها یەك تەڵاق نەبێ. یان بڵێ: هەرچوارتان تەڵاقتان بکەوێ تەنها (زینب) نـەبێ. بـەڵام (بِشَرْطِ اتِّصَالِهِ) بەو مەرجەی جیاکردنەوەکە بە لێجیاکراوەکەوە بێو نێوانیان نـەبێ (وَلاَ يَضُرُّ سَكْتَةُ تَنَفُّسٍ وَعِيٍّ) زیان نادا بێدەنگبوونی هەناسەدانو ماندووبوونو کۆخە بکەوێتە نێوانیان، بەڵام ئەگەر قسەیەکی بێگانە بکەوێتە نێوانیان جیاکردنەوەکـە دروسـت نابـێ، هەرچەند کەمیش بێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (وَيُشْتَرَطُ أَنْ يَنْوِيَ الإِسْـتِثْنَاءَ قَبْـلَ فَـرَاغِ الْـيَمِينِ) بـە مەرج دادەندرێ: تەڵاقدەرەکە نیەتی جیاکردنەوە بێنێ پێش ئەوەی ڕستەی سوێندەکە=تەڵاقدانەکە کۆتایی بێ، واتە: پێش ئەوەی ووشەی (کەوتبێ)، (یان بکەوێ) تەواو ببـێ، مەرجە نیەتی جیاکردنەوە بێنێ (فِیالأَصَحِّ وَاللهُ أَعْلَمُ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَيُشْـتَرَطُ عَـدَمُ اِسْـتِغْرَاقِهِ) بـە مـەرج دادەنـدرێ: جیاکردنەوەکـە هـەموو لێجیاکراوەکـە دانەگرێتەوە، ئەگینا: جیاکردنەوەکە دروست نابێ بە (إجماع)ی زانایان، کەواتە: ئەگەر بڵێ: هەرسێك تەڵاقت بکەون تەنها سێ تەڵاق نەبێ. ئەوە بەتاڵەو هەرسێك تەڵاقی دەکەون.

بەڵام (وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا إِلاَّ ثِنْتَيْنِ وَوَاحِدَةً) ئەگـەر گوتی: تـۆ تەڵاقکـەوتووی سێبەسێ تەنها دوو تەڵاق نـەبێو یـەك تـەڵاق نـەبێ. ئـەو کاتـە (فَوَاحِدَةٌ) یـەك تـەڵاقی دەکـەوێ، چـونکە دووەکـەو یەکەکـە بـە پیتـی واو لێك پـەرت کـراونو کـۆ ناکرێنـەوەو داگرتنەوەکە نایەتە جێ (وَقِيلَ ثَلاَثٌ) لە فەرموودەیەکیبێهێزدا: سێ تەڵاقی دەکەون.

أَوْ اِثْنَتَيْنِ وَوَاحِدَةً إلاَّ وَاحِدَةً. فَثَلاَثٌ، وَقِيلَ ثِنْتَانِ، وَهُوَ مِنْ نَفْيٍ إثْبَاتٌ وَعَكْسُهُ، فَلَوْ قَالَ ثَلاَثًا إلاَّ ثِنْتَيْنِ إلاَّ طَلْقَةً. فَثِنْتَانِ، أَوْ ثَلاَثًا إلاَّ ثَلاَثًا إلاَّ اِثْنَتَيْنِ. فَثِنْتَانِ، وَقِيلَ ثَلاَثٌ، وَقِيلَ طَلْقَةٌ، أَوْ خَمْسًا إلاَّ ثَلاَثًا. فَثِنْتَانِ، وَقِيلَ ثَلاَثٌ، أَوْ ثَلاَثًا إلاَّ نِصْفَ طَلْقَةٍ. فَثَلاَثٌ عَلَى الصَّحِيحِ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ إنْ شَاءَ اللهُ. أَوْ إنْ لَمْ يَشَأِ اللهُ. وَقَصَدَ التَّعْلِيقَ لَمْ يَقَعْ،

(أَوْ) یان گوتی (اِثْنَتَيْنِ وَوَاحِدَةً إلاَّ وَاحِدَةً) تەلاقت کەوتبێ بە دوو تەلاقو یەك تەلاق تەنها یەك تەلاق نەبێ (فَثَلاَثٌ) سێ تەلاقی دەکەون، چونکە یەکەکە لە یەکەکە جیاکراوەتەوەو دایگرتۆتەوەو جیاکردنەوەکە دروست نەبوە (وَقِيلَ ثِنْتَانِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: دوو تەلاقی دەکەون.

(وَهُوَ مِنْ نَفْيٍ إثْبَاتٌ) جیاکردنەوە لە نەبوون دەبێتە هەبوون (وَعَكْسُهُ) بە پێچەوانەش: لە هەبوون دەبێتە نەبوون، کەوابو: (فَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی: (ثَلاَثًا إلاَّ ثِنْتَيْنِ إلاَّ طَلْقَةً) تەلاقت کەوتبێ سێبەسێ تەنها دوو تەلاق نەبێ تەنها یەك تەلاق نەبێ. ئەوە (فَثِنْتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون؟ چونکە هەر ڕستەیەك لە ڕستەی پێشەخۆی جیا دەکرێتەوەو وای لێدێ: سێ تەلاق بکەون، دوو نەکەون، یەك بکەوێ.

(أَوْ) یان گوتی (ثَلاَثًا إلاَّ ثَلاَثًا إلاَّ ثِنْتَيْنِ) سێ تەلاقت بکەون تەنها سێ تەلاق نەبێ تەنها دوو تەلاق نەبێ. ئەوە (فَثِنْتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون، چونکە داگرتنەوەکە بە ڕستەی دوای خۆی لەکار کەوتوەو وای لێدێ: سێ بکەون، سێ نەکەون، دوو بکەون (وَقِيلَ ثَلاَثٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: سێ تەلاقی دەکەون (وَقِيلَ طَلْقَةٌ) لە بێهێزێکیتردا: یەك تەلاقی دەکەوێ (أَوْ) یان گوتی (خَمْسًا إلاَّ ثَلاَثًا) پێنج تەلاقت بکەون تەنها سی نەبێ، ئەوە (فَثِنْتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون (وَقِيلَ ثَلاَثٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: سێ تەلاقی دەکەون (أَوْ) یان گوتی: (ثَلاَثًا إلاَّ نِصْفَ طَلْقَةٍ) سێ تەلاقت بکەون تەنها نیو تەلاق نەبێ، ئەوە (فَثَلاَثٌ) سێ تەلاقی دەکەون (عَلَى الصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست، چونکە تەلاق ناکرێە بەش بەش.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ إنْ شَاءَ اللهُ) تۆ تەلاقکەوتووی إن شاء الله، یان تەلاقت بکەوێ إن شاء الله، واتە: ئەگەر خوا حەزی کرد (أَوْ إنْ لَمْ يَشَأِ اللهُ) یان گوتی: تەلاقت بکەوێ ئەگەر خوا حەزی نەکرد (وَقَصَدَ التَّعْلِيقَ) مەبەستیشی هەڵواسینی تەلاق بێ بە حەزکردنەکە، ئەوە (لَمْ يَقَعْ) تەلاقی ناکەوێ، چونکە حەزکردنو حەز نەکردنی خوا نازاندرێ، جیاوازی نیە: إن شاء الله لە دواوە بگوترێ وەك ڕابرا، یان لە پێشەوە بگوترێ وەك إن شاء الله تەلاقت کەوتبێ، یان بکەوێ، هەروەك لە (نهاية)و (مغنى)دا فەرمویانە.

ئینجا بزانە: جیاوازی نیە بڵێ: تەلاقت کەوتبێ إن شاء الله. یان هەرسێك تەلاقت کەوتبن

إن شاء الله.؟ چونکه هەڵواسین بە إن شط الله ڕێگا لە کەوتنی بنچینەی تەڵاقەکە دەگرێ
وَكَذَا يَمْنَعُ اِنْعِقَادَ تَعْلِيقٍ وَعِتْقٍ وَيَمِينٍ وَنَذْرٍ وَكُلِّ تَصَرُّفٍ، وَلَوْ قَالَ يَا طَالِقُ إِنْ شَاءَ اللهُ. وَقَعَ فِي الأَصَحِّ، أَوْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللهُ تَعَالَى. فَلاَ فِي الأَصَحِّ.
(فَصْلٌ) شَكَّ فِي طَلاَقٍ فَلاَ، أَوْ فِي عَدَدٍ فَالأَقَلُّ، وَلاَ يَخْفَى الْوَرَعُ،

بە ژمارەوە، هەروەک لە (تحفة)دا ڕوون کراوەتەوەو لە سەرەتای باسەکەدا ڕابرا، بەڵام ئەگەر مەبەستی هەڵواسین نەبێ، بەڵکو هەر بە سەر زوبانیدا هات، یان بۆ پیرۆزی وایگوت، یان نەزاندرا مەبەستی هەڵواسین بوو، یان نا، یان هەر بە عادەت إن شط الله ی دەگوت، ئەوە لەو حاڵەتانەدا تەڵاقی دەکەوێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
(وَكَذَا يَمْنَعُ) هەروەها ووشەی ان شط الله قەدەغە دەکا: (اِنْعِقَادَ تَعْلِيقٍ) دامەزرانی هەڵواسینی تەڵاق: وەک تەڵاقت کەوتبێ ئەگەر بچیتە ژوورەوە إن شط الله، واتە: ئەگەر بشچێتە ژوورەوە تەڵاقی ناکەوێ، هەم (وَعِتْقٍ وَيَمِينٍ وَنَذْرٍ) قەدەغە دەکا دامەزرانی ئازادکردنی کۆیلەو سوێندخواردنو نەزرکردن: وەک ئەم کۆیلەیەم ئازاد کرد إن شط الله، یان والله ئەم کارە دەکەم إن شط الله، یان لە سەرم نەزر بێ بزنێک بکەمە خێر إن شط الله.
هەم (وَكُلِّ تَصَرُّفٍ) قەدەغە دەکا هەر دەستکارییەکیتر دابمەزرێ: وەک فرۆشتمە تۆ إن شط الله. واتە: نە ئازادکردنو نە سوێندو نە نەزرو نە مامڵەت هیچیان دانامەزرێن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿مَنْ حَلَفَ فَقَالَ إِنْ شاءَاللهُ فَلاَ حِنْثَ عَلَيْهِ﴾ رواه أحمد وصححه ابن حبان، هەر کەسێک سوێندی خواردو گوتی: إن شط الله. سوێندی لێناکەوێ. واتە: حەدیسەکە تەڵاقو ئەوانیتریش دەگرێتەوە.
(وَلَوْ قَالَ يَا طَالِقُ إِنْ شَاءَ اللهُ) ئەگەر گوتی: هۆ تەڵاقەکەوتوو إن شط الله. ئەوە (وَقَعَ فِي الأَصَحِّ) تەڵاقی دەکەوێ لە فەرموودەی ڕاستتردا، چونکە بانگکردنەکە وادەگەیەنێ لەو کاتدا تەڵاقەکەوتوو بێ (أَوْ قَالَ) یان گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللهُ تَعَالَى) تۆ تەڵاقەکەوتووی تەنها ئەگەر خوا حەز بکا، ئەوە (فَلاَ فِي الأَصَحِّ) تەڵاقی ناکەوێ لە فەرموودەی ڕاستتردا، چونکە وای لێدێ: تەنها ئەگەر خوا حەز بکا تەڵاقت نەکەوێ، ئێمەش نازانین خوا حەز دەکا، یان نا.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی کەوتنە گومان لە تەڵاقدا ﴾

(شَكَّ فِي طَلاَقٍ) هەر کاتێک پیاو کەوتە گومان لە خودی تەڵاقدا: ئایا تەڵاقدانی بە دەمدا هاتوە، یان نا، یان ئایا پێهەڵواسراوەکە هاتۆتەجێ، یان نا، ئەوە (فَلاَ) تەڵاقی ناکەوێ، بە (إجماع)ی زانایانیئیسلام.
(أَوْ فِي عَدَدٍ) یان زانی تەڵاقدانی بە دەمدا هاتوە، بەڵام کەوتە گومان لە ژمارەی تەڵاقدا: ئایا تەڵاقێکی گوتوە، یان زیاتر، ئەوە (فَالأَقَلُّ) کەمترەکە لێدەگرێ، بەڵام (وَلاَ يَخْفَى

الْوَرَعُ) خۆپاراستنیش شاراوە نیە، واتە: وا باشە لە هەردوو وێنەی‌پرابردوودا خرابترەکە بۆ وَلَوْ قَالَ إِنْ كَانَ ذَا الطَّائِرُ غُرَابًا فَأَنْتِ طَالِقٌ. وَقَالَ آخَرُ إِنْ لَمْ يَكُنْهُ فَامْرَأَتِي طَالِقٌ. وَجُهِلَ لَمْ يُحْكَمْ بِطَلاَقِ أَحَدٍ، فَإِنْ قَالَهُمَا رَجُلٌ لِزَوْجَتَيْهِ طَلَقَتْ إِحْدَاهُمَا وَلَزِمَهُ الْبَحْثُ وَالْبَيَانُ، وَلَوْ طَلَّقَ إِحْدَاهُمَا بِعَيْنِهَا ثُمَّ جَهِلَهَا وُقِفَ حَتَّى يَذَّكَّرَ،

خۆی دابنێ، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿دَعْ مَايَرِيبُكَ إِلَىما لاَيَرِيبُكَ﴾ رواه الترمذي وصححه، واز لەو شتە بێنە کە گومانت لێپەیدا دەکا، ڕوو بکە ئەو لایەی گومانت لێپەیدا ناکا. کەواتە: لە وێنەی‌یەکەمدا: یان بیگەڕێنێتەوە، یان سەرلەنوێ مارەی بکاتەوە، یان دەسبەجێ تەلاقی بدا، تاکو بتوانێ شوو بکاتەوە، لە وێنەی‌دووەمیشدا: تا مێردێکی‌تر نەکا ئەویش لە خۆی مارە نەکاتەوە، هەروەک لە زۆربەی‌سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: ئەگەر سوێندێکی خواردبو، ئینجا سوێندەکەشی لێکەوت، بەڵام کەوتە گومان: ئایا سوێندەکە بە خوا بووە، یان بە تەلاق؟ ئەوە بڕیاری تەلاقکەوتنی نادرێ، بەڵام واجبە: خۆی لە ژنەکەی بپارێزێ تا ڕوون دەبێتەوە، هەروەک لە (الشرواني)دا گیراویەتیەوە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِنْ كَانَ ذَا الطَّائِرُ غُرَابًا فَأَنْتِ طَالِقٌ) ئەگەر ئەم باڵندەیە قەلەڕەش بێ تۆ تەلاقەکەوتووی (وَقَالَ آخَرُ إِنْ لَمْ يَكُنْهُ فَامْرَأَتِي طَالِقٌ) پیاوێکی‌تریش گوتی: ئەگەر باڵندەکە قەلەڕەش نەبێ ژنی من تەلاقەکەوتووە (وَجُهِلَ) نەشزاندرا باڵندەکە چی بوو، ئەوە (لَمْ يُحْكَمْ بِطَلاَقِ أَحَدٍ) بڕیار بە تەلاقەکەوتنی هیچیکیان نادرێ، چونکە ئەگەر تەنها یەکێکیان تەلاقەکەی ئەوها هەڵواسیبا، بریاری کەتنی نەدەدرا؟ چونکە دەگونجێ باڵندەکە پێهەڵواسراوەکە نەبووبێ.

بەڵام (فَإِنْ قَالَهُمَا رَجُلٌ لِزَوْجَتَيْهِ) ئەگەر پیاوێک هەردوو پستەکەی‌پرابردووی بە هەردوو ژنەکانی‌خۆی گوتبێ، ئەوە (طَلَقَتْ إِحْدَاهُمَا) بێگومان لە یەکێکیان تەلاقی دەکەوێ، کەوابو: (وَلَزِمَهُ الْبَحْثُ) لە سەری واجبە: هەوڵ بدا بزانێ باڵندەکە چی بووە، هەم (وَالْبَيَانُ) ڕوون بکاتەوە تەلاقدراوەکە کامەیانە، هەم واجبە: لەو ماوەیەشدا خۆی لە هەردوو ژنەکانی بپارێزێ، بەڵام ئەگەر نەگونجا بزانێ: باڵندەکە چی بوو؟ چونکە فڕیبو لە دیتنەوەشی بێئومێد بوو، ئەو کاتە واجب نیە هەوڵ بداو ڕوون بکاتەوە.

هەروەها ئەگەر تەلاقەکەش (رَجعي) بوو، لە سەری واجب نیە هەوڵ بداو ڕوون بکاتەوە، چونکە دەتوانێ بە (رجعة)کردن ژنەکانی بگەڕێنێتەوە بەڵام لەو حاڵەتانەشدا واجبە: بەردەام خۆی لە هەردوو ژنەکانی بپارێزێ‌و نزیک هیچیکیان نەکەوێ، هەروەک لە (الشبراملسي)و (الشرواني)دا فەرموویانە.

(وَلَوْ طَلَّقَ إِحْدَاهُمَا بِعَيْنِهَا ثُمَّ جَهِلَهَا) ئەگەر لە هەردوو ژنەکانی یەکێکی‌دیارکراوی تەلاق دا،

ئینجا له بیری چوو و نەیزانی کامەیان تەلاقدراوەکەیە (وُقِفَ حَتَّى يَذَّكَّرَ) کارەکەی ڕادەگیرێ تا دێتەوە بیری کامەیانە، لە ماوەی ڕاگیرانیشدا نابێ نزیك هیچێکیان بکەوێ، وَلاَ يُطَالَبُ بِبَيَانٍ إنْ صَدَّقَتَاهُ فِي الْجَهْلِ، وَلَوْ قَالَ لَهَا وَلأَجْنَبِيَّةٍ: إحْدَاكُمَا طَالِقٌ. وَقَالَ قَصَدْتُ الأَجْنَبِيَّةَ. قُبِلَ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ: زَيْنَبُ طَالِقٌ. وَقَالَ: قَصَدْتُ أَجْنَبِيَّةً. فَلاَ عَلَىالصَّحِيحِ، وَلَوْ قَالَ لِزَوْجَتَيْهِ إحْدَاكُمَا طَالِقٌ. وَقَصَدَ مُعَيَّنَةً طَلَقَتْ، وَإِلاَّ فَإِحْدَاهُمَا، وَيَلْزَمُهُ الْبَيَانُ فِالْحَالَةِالأُولَى وَالتَّعْيِينُ فِي الثَّانِيَةِ،

چونکە بێگومان یەکێکیانی لێحەڕامە، بەڵام (وَلاَ يُطَالَبُ بِبَيَانٍ إنْ صَدَّقَتَاهُ فِي الْجَهْلِ) لێرەدا داوای ڕوونکردنەوەی تەلاقدراوەکەی لێناکرێ ئەگەر ژنەکان باوەڕی پێبکەن لەو نەزانینەدا.

(وَلَوْ قَالَ لَهَا وَلأَجْنَبِيَّةٍ إحْدَاكُمَا طَالِقٌ) ئەگەر مێردەکە گوتیە ژنەکەیخۆیو ئافرەتێکی بێگانە: یەکێکتان تەلاقەکەوتووە، ئینجا (وَقَالَ قَصَدْتُ الأَجْنَبِيَّةَ) مێردەکە گوتی: مەبەستم بێگانەکە بوو، ئەوە (قُبِلَ فِيالأَصَحِّ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێو لێی قبوڵ دەکرێ، لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (زَيْنَبُ طَالِقٌ) زێنەب تەلاقەکەوتووە، ژنەکەیخۆیشی ناوی زێنەب بوو، ئینجا (وَقَالَ قَصَدْتُ أَجْنَبِيَّةً) گوتی مەبەستم زێنەبێکی بیگانە بوو، ئەوە (فَلاَ) لە ئاشکرایدا بە سوێندخواردنیش باوەڕی پێناکرێ (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست، بەڵام لە پەنهانیدا دەدرێتە دەست ئایینەکەی، واتە: ئەگەر ڕاست بکا، ئەوە لە نێوان خۆیو خوایگەورەدا تەلاقی ناکەوێو زێنەبەکەیخۆی لێحەڕام نابێ.

(وَلَوْ قَالَ لِزَوْجَتَيْهِ) ئەگەر مێردەکە گوتیە هەردوو ژنەکانیخۆی: (إحْدَاكُمَا طَالِقٌ) یەکێکتان تەلاقەکەوتووە (وَقَصَدَ مُعَيَّنَةً) مەبەستیشی ژنێکیدیارکراو بوو، ئەوە (طَلَقَتْ) دیارکراوەکە تەلاقی دەکەوێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر هیچ دیارکراوێکی مەبەست نەبو، بەڵکو یەکێکیانی بە دیارنەکراوی مەبەست بوو، یان هەردووکی مەبەست بون، ئەو کاتەش (فَإِحْدَاهُمَا) لە هەردوو ژنەکانی تەنها یەکێکیان تەلاقی دەکەوێ، ئینجا (وَيَلْزَمُهُ الْبَيَانُ فِي الْحَالَةِالأُولَى) لە حاڵەتی یەکەمدا–کە دیارکراوێکی مەبەست بوو– لە سەری واجبە ڕوون بکاتەوە: تەلاقدراوەکە کامەیانە، هەم (وَالتَّعْيِينُ فِي الثَّانِيَةِ) لە حاڵەتی دووەمیشدا–کە هیچ دیارکراوێکی مەبەست نەبو– لە سەری واجبە یەکێکیان دیاری بکا بۆ تەلاقەکەوتن.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر سوێندی بە هەرسێك تەلاق خواردو سوێندەکەشی لێکەوت، بەڵام دوو ژن، یان زیاتری هەبون، ئەو کاتەش بێگومان یەکێکیان سێ تەلاقی دەکەون، کەوابو: ئەگەر لە دڵدا هیچیانی مەبەست نەبوبێ، واجبە: یەکێکیان ئێستا دیاری بکا تاکو

سێ تەڵاقەکەی بکەوێ، هەروەها پێش سوێندلێکەوتنیش دروستە یەکێکیان دیاری بکا، ئینجا نە لە پێش سوێندلێکەوتنو نە لە دوای سوێندلێکەوتن بۆی دروست نیە وَتُعْزَلَانِ عَنْهُ إِلَىالْبَيَانِ أَوِ التَّعْيِينِ، وَعَلَيْهِ الْبِدَارُ بِهِمَا وَنَفَقَتُهُمَا فِالْحَالِ، وَيَقَعُ الطَّلاَقُ بِاللَّفْظِ، وَقِيلَ إِنْ لَمْ يُعَيِّنْ فَعِنْدَالتَّعْيِينِ، وَالْوَطْءُ لَيْسَ بَيَانًا وَلاَ تَعْيِينًا، وَقِيلَ تَعْيِينٌ، وَلَوْ قَالَ مُشِيرًا إِلَى وَاحِدَةٍ: هَذِهِ الْمُطَلَّقَةُ. فَبَيَانٌ، أَوْ أَرَدْت هَذِهِ وَهَذِهِ أَوْ هَذِهِ بَلْ هَذِهِ،

لە دیارکراوەکە پەشیمان ببێتەوە، هەم بۆی دروست نیە سێ تەڵاقەکان یەکە یەکە بە سەر ژنەکانیدا بەش بکا، جا ئەگەر پێش دیاریکردن ژنێکیان مرد، یان بە (بائن)ی تەڵاقیدا، ئەو کاتە دروستە ژنە مردووەکە، یان تەڵاقدراوەکە بۆ کەوتنی هەرسێك تەڵاقەکە دیاری بکا، بەو مەرجەی مردنەکەی، یان تەڵاقدانەکەی لە دوای سوێندلێکەوتنەکە بێ، نەك پێش سوێندلێکەوتن، هەروەك لە (تحفة)و حاشیەکانیدا لێرەو لە (فصل)ی دەسەڵاتی مێرد بە سەر شوێنیتەڵاقدا ڕوون کراوەتەوە.

(وَتُعْزَلَانِ عَنْهُ) لەو جۆرە مەسەلانەیڕابردوودا ژنەکان لە مێردەکە جیا دەکرێنەوەو نابێ نزیکیان بکەوێ (إِلَى الْبَيَانِ أَوِالتَّعْيِينِ) تا ڕوون دەکاتەوە تەڵاقدراوەکە کامەیانەو تا یەکێکیان بۆ تەڵاقەکەوتن دیاری دەکا، چونکە حەڕامو حەڵاڵی تێکەڵ بووە (وَعَلَيْهِ الْبِدَارُ بِهِمَا) لە سەری واجبە: پەلە بکا بۆ ڕوونکردنەوەو دیاریکردنەکە، هەم (وَنَفَقَتُهُمَا فِي الْحَالِ) بەخێوکردنی هەموو ژنەکانیشی لە سەر واجبە لە ئێستاوە تا دیاری دەکاو ڕوون دەکاتەوە، چونکە وەکو ژنەکان بەویەوە بەستراوەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (عِدَّة)ی دیارکراوەکە لە کاتی تەڵاقدانەوە دەست پێدەکا، (عِدَّة)ی دیارنەکراوەکەش لە کاتی دیاریکردنەوە دەست پێدەکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

بەڵام (وَيَقَعُ الطَّلاَقُ بِاللَّفْظِ) خودیتەڵاقەکە لە کاتیتەڵاقدانەوە بە گوتنی ووشەی تەڵاقەکە دەکەوێ، جا لە بەر ئەوەی ژنە تەڵاقدراوەکە ڕوونو دیار نیە، بۆیێ مێردەکە داوای ڕوونکردنەوەو دیاریکردنی لێدەکرێو پێویستی بە دووبارەکردنەوەی ووشەی تەڵاق نیە (وَقِيلَ إِنْ لَمْ يُعَيِّنْ فَعِنْدَ التَّعْيِينِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر لە دڵدا ژنێکی دیاری نەکردبێ، ئەوە لە کاتی دیاریکردنەوە تەڵاقی دەکەوێ.

(وَالْوَطْءُ) جیماعکردن لەگەڵ ژنێك لە ژنەکانی (لَيْسَ بَيَانًا وَلَاتَعْيِينًا) نابێتە ڕوونکردنەوەو دیاریکردن بۆ ئەوەی ئەو ژنەی جیماعی لەگەڵ نەکراوە، ئەویان تەڵاقدراو بێ (وَقِيلَ تَعْيِينٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا جیماعکردن دەبێتە دیاریکردن.

(وَلَوْ قَالَ مُشِيرًا إِلَى وَاحِدَةٍ) ئەگەر مێردەکە ئاماژەی بۆ ژنێك لە ژنەکانی کردو گوتی: (هَذِهِ الْمُطَلَّقَةُ) ئەمەیان تەڵاقدراوەکەیە (فَبَيَانٌ) ئەوە دەبێتە ڕوونکردنەوەی تەڵاقدراوەکە

(أَوْ) یان ئاماژەی بۆ هەردووکیان کردو گوتی (أَرَدْت هَذِهِ وَهَذِهِ) مەبەستم ئەمەو ئەمە بوو (أَوْ) یان گوتی (هَذِهِ بَلْ هَذِهِ) مەبەستم ئەمە بوو، نا، بەڵکو مەبەستم ئەمە بوو. ئەوە حُكِمَ بِطَلَاقِهِمَا، وَلَوْ مَاتَتَا أَوْ إحْدَاهُمَا قَبْلَ بَيَانٍ وَتَعْيِينٍ بَقِيَتْ مُطَالَبَتُهُ لِبَيَانِ الإِرْثِ، وَلَوْ مَاتَ فَالأَظْهَرُ قَبُولُ بَيَانِ وَارِثِهِ لاَ تَعْيِينِهِ، وَلَوْ قَالَ: إنْ كَانَ غُرَابًا فَامْرَأَتِي طَالِقٌ وَإِلاَّ فَعَبْدِي حُرٌّ. وَجُهِلَ مُنِعَ مِنْهُمَا إلَىالْبَيَانِ، فَإِنْ مَاتَ لَمْ يُقْبَل بَيَانُ الْوَارِثِ عَلَىالْمَذْهَبِ، بَلْ يُقْرَعُ بَيْنَ الْعَبْدِ وَالْمَرْأَةِ، فَإِنْ قَرَعَ عَتَقَ، أَوْ قَرَعَتْ لَمْ تَطْلُقْ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ لاَ يَرِقُّ.

(حُكِمَ بِطَلَاقِهِمَا) لە ئاشکرایدا لە هەردووحاڵەتدا بڕیار بە تەڵاقکەوتنی هەردووکیان دەدرێ، بەڵام لە پەنهانی نێوان خۆیو خوادا: کامەیانی مەبەست بووبێ، تەڵاقی ئەویان دەکەوێ.

(وَلَوْ مَاتَتَا أَوْ إحْدَاهُمَا قَبْلَ بَيَانٍ وَتَعْيِينٍ) ئەگەر تەڵاقدانەکەی (بائن)بوو، ئینجا پێش ڕوونکردنەوەو دیاریکردن هەردوو ژنەکان مردن، یان تەنها یەکێکیان مرد، ئەوە (بَقِيَتْ مُطَالَبَتُهُ لِبَيَانِ الإِرْثِ) داواڵێکردنەکەی مێردەکە هەردەمێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی میراتگرتن، کەواتە: ئەگەر تەڵاقدانەکە (رَجعي) بێو لە (عِدَّة)دا مردبێ، داوا لێکردنەکە لە سەر مێردەکە نامێنێ، چونکە لەو حاڵەتەدا میرات لە یەکتری دەگرن.

(وَلَوْ مَاتَ) ئەگەر پێش ڕوونکردنەوەو دیاریکردن مێردەکە مرد، ئەو کاتە (فَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر (قَبُولُ بَيَانِ وَارِثِهِ لاَتَعْيِينِهِ) ڕوونکردنەوەی میراتگری مێردەکە قبوڵ دەکرێ، بەڵام دیاریکردنەکەی قبوڵ ناکرێ، چونکە ڕوونکردنەوەکە خەبەردانێکە، بەڵام دیاریکردن هەڵبژاردنی شەهوەتێکەو پەیوەندیی بە میراتگرەوە نیە، بەڵام لە فەرموودەیەکیتردا: دیاریکردنەکەشی قبوڵ دەکرێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (إنْ كَانَ غُرَابًا فَامْرَأَتِي طَالِقٌ وَإِلاَّ فَعَبْدِي حُرٌّ) ئەگەر ئەم باڵندەیە قەڵەڕەش بێ ژنەکەم تەڵاقەکەوتووە، ئەگەر نا: کۆیلەکەم ئازادە (وَجُهِلَ) نەشزاندرا باڵندەکە چیبوو، ئەوە (مُنِعَ مِنْهُمَا إلَىالْبَيَانِ) لە هەردووکیان قەدەغە دەکرێ تا ڕوون دەبێتەوە.

(فَإِنْ مَاتَ) جا ئەگەر پێش ڕوونکردنەوە پیاوەکە مرد (لَمْ يُقْبَل بَيَانُ الْوَارِثِ عَلَى الْمَذْهَبِ) ڕوونکردنەوەی میراتگرەکەی قبوڵ ناکرێ، لە سەر فەرمودەی ڕاستی مەزهەب (بَل يُقْرَعُ بَيْنَ الْعَبْدِ وَالْمَرْأَةِ) بەڵکو پشکە دەکرێ لە نێوان کۆیلەکەو ژنەکەدا (فَإِنْ قَرَعَ) جا ئەگەر کۆیلەکە پشکەی بۆ دەرچوو، ئەوە (عَتَقَ) ئازاد دبێ، بەڵام (أَوْ قَرَعَتْ) ئەگەر ژنەکە پشکەی بۆ دەرچوو (لَمْ تَطْلُقْ) تەڵاقی ناکەوێ، هەم (وَالأَصَحُّ أَنَّهُ لاَ يَرِقُّ) بە فەرموودەی

پاستتر: کۆیلەکەش بە کۆیلەیی بۆ میراتگرەکان نامێنێتەوە، بەڵکو نەزانینەکە هەر بەردەوام دەبێو بژیوی کۆیلەکەش لە (بیت المال)، یان لە مالّی دەوڵەمەندەکان دەدرێ.

(فَصْلٌ) اَلطَّلاَقُ سُنِّيٌّ وَبِدْعِيٌّ، وَيَحْرُمُ الْبِدْعِيُّ، وَهُوَ ضَرْبَانِ: طَلاَقٌ فِي حَيْضٍ مَمْسُوسَةٍ، وَقِيلَ إِنْ سَأَلَتْهُ لَمْ يَحْرُمْ، وَيَجُوزُ خُلْعُهَا فِيهِ لاَ أَجْنَبِيٍّ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ مَعَ آخِرِحَيْضِك. فَسُنِّيٌّ فِالأَصَحِّ، أَوْ مَعَ آخِرِ

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی تەلاقی** (سُنِّيٌ)**ی حەلاڵ و** (بِدْعِيٌ)**ی حەرام** ﴾

(اَلطَّلاَقُ) تەلاق دوو بەشە، یەکەم: (سُنِّيٌ)یە، کە حەلاڵە. دووەم: (وَبِدْعِيٌ)یە، کە حەرامە.

(وَيَحْرُمُ الْبِدْعِيُّ) تەلاقی (بِدْعِي) حەرامە، چونکە زیانی تێدایە (وَهُوَ ضَرْبَانِ) تەلاقی (بِدْعِي) دوو جۆرە:

یەکەمیان: (طَلاَقٌ فِي حَيْضٍ مَمْسُوسَةٍ) تەلاقدانی ژنێکە کە لە حەیز، یان لە نیفاسدا بێو جیماعیشی لەگەڵ کرابێ، چونکە ماوەی حەیز بە (عِدَّة) ناژمێردرێو (عِدَّة)ی درێژ دەبێتەوە ﴿عن ابن عمررضي الله عنهما: أَنَّهُ طَلَّقَ اِمْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ، فَسَأَلَ عُمَرُ رَسُولَ اللهِﷺ عَنْ ذَلِكَ؟ فَقَالَ: مُرْهُ فَلْيُراجِعْهَا ثُمَّ لْيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ ثُمَّ تَحِيضَ ثُمَّ تَطْهُرَ، ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ وَإِنْ شَاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ، فَتِلْكَ الْعِدَّةُالَّتِي أَمَرَ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَاالنِّسَاءُ﴾ رواه الشيخان، (عبدالله)ی کوڕی ئیمامی(عمر)رضي الله عنهما ژنەکەی‌خۆی لە حەیزدا تەلاق دا، ئیمامی(عمر) پرسیاری لە پێغەمبەرﷺ کرد؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: تۆ فەرمانی پێبکە: ژنەکەی بگەڕێنێتەوەو ڕایبگرێ تا پاک دەبێتەوە، ئینجا دەکەوێتە حەیز، ئینجا پاک دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر حەزی کرد: با ڕای‌بگرێو تەلاقی نەدا، ئەگەر حەزیشی کرد: با لەو پاکبوونەوەدا تەلاقی بدا پێش ئەوەی جیماعی لەگەڵ بکا، ئەوەیان ئەو کاتەیە کە خوای‌گەورە فەرمانی کردوە ژنی تێدا تەلاق بدرێن کە دەفەرموێ: ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ هەر کاتێك ژنەکانتان تەلاق دان لە کاتی دەست پێکردنی (عِدَّة)کانیان تەلاقیان بدەن.

(وَقِيلَ إِنْ سَأَلَتْهُ لَمْ يَحْرُمْ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەگەر ژنەکە بەخۆی داوای لێبکا لە حەیزدا تەلاقی بدا، تەلاقدانەکە حەرام نابێ؟ چونکە بەخۆی بە درێژبوونەوەی (عِدَّة) ڕازیبە (وَيَجُوزُ خُلْعُهَا فِيهِ) دروستە: لە حەیزو نیفاسدا خولع لەگەڵ ژنەکە بکا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلاَجُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَاافْتَدَتْ بِهِ﴾ هیچ گوناهیان ناگاتێ لەوەی ژنەکە خۆی بە پارە لە میردەکەی ڕزگار بکا. واتە: لەم ئایەتەدا باسی حەیزو خاوێنی نەکراوە (لاَ أَجْنَبِيٍّ) بەڵام خولع لەگەڵ بێگانە لە حەیزدا حەڵاڵ نیە (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا، بەڵام ئەگەر ژنەکە ئیزنی بدا لە حەیزدا خولعی بۆ بکا، ئەو کاتە حەڵاڵە، هەروەك لە (نهاية)و (مغني)دا فەرمویانە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر میردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ مَعَ آخِرِ حَيْضِكِ) تۆ تەلاقکەوتووی لەگەڵ

کۆتـایی حەیزەکەتـدا، ئـەوە (فَسُـنِّيٌّ فِیالأَصَـحِّ) تەلاقەکـە (سُـنِّي)یـە، لـە فـەرموودەی پاستتردا، چونکە ئەو کاتە دەست پێکردنی (عِدَّة)ی بە دوادا دێ (أَوْ) یان مێردەکە گوتی (مَـــــــ

بگەڕێنێتەوە. ئەوەش بەڵگەیە: کە تەڵاقی (بِدْعِي) دەکەوێ بەڵام تەڵاقدەرەکە گوناهبار دەبێ، جا بە گەڕاندنەوەی ژنەکەی گوناهەکەی لە سەر لادەچێ، ئینجا بۆیێ گەڕاندنەوەش واجب نیە، چونکە فەرمانی فەرمانکردن بە شتێك نابێتە فەرمان بە شتەکە، وَلَوْ قَالَ لِحَائِضٍ أَنْتِ طَالِقٌ لِلْبِدْعَةِ وَقَعَ فِالْحَالِ أَوْ لِلسُّنَّةِ فَحِينَ تَطْهُرُ، أَوْ لِمَنْ فِي طُهْرٍ لَمْ تُمَسَّ فِيهِ أَنْت طَالِقٌ لِلسُّنَّةِ وَقَعَ فِالْحَالِ، وَإِنْ مُسَّتْ فِيهِ فَحِينَ تَطْهُرُ بَعْدَ حَيْضٍ، أَوْ لِلْبِدْعَةِ فَفِالْحَالِ إنْ مُسَّتْ فِيهِ، وَإِلاَّ فَحِينَ تَحِيضُ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ طَلْقَةً حَسَنَةً أَوْ أَحْسَنَ الطَّلاَقِ أَوْ أَجْمَلَهُ. فَكَالسُّنَّةِ، أَوْ طَلْقَةً قَبِيحَةً أَوْ أَقْبَحَ الطَّلاَقِ أَوْ أَفْحَشَهُ. فَكَالْبِدْعَةِ، أَوْ سُنِّيَّةً بِدْعِيَّةً. أَوْ حَسَنَةً قَبِيحَةً. وَقَعَ فِي الْحَالِ، وَلاَ يَحْرُمُ جَمْعُ الطَّلَقَاتِ الثَّلاَثِ،

لە حەدیسەکەشدا پێغەمبەرﷺ بەخۆی فەرمانی پێنەکرد بیگەڕێنێتەوە، بەڵکو فەرمووی: (تۆ فەرمانی پێبکە). هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا پوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ قَالَ لِحَائِضٍ) ئەگەر مێردەکە بە ژنە حەیزدارەکەی گوت (أَنْتِ طَالِقٌ لِلْبِدْعَةِ) تۆ تەڵاقەکەوتووی بە (بِدْعِي). ئەوە (وَقَعَ فِيالْحَالِ) هەر ئەو دەم تەڵاقی دەکەوێ (أَوْ لِلسُّنَّةِ) یان گوتی: تەڵاقت کەوتبێ بە (سُنِّي). ئەوە (فَحِينَ تَطْهُرُ) لەو کاتەی لە حەیزەکەی پاك دەبێتەوە تەڵاقی دەکەوێ (أَوْ لِمَنْ فِيطُهْرٍ لَمْ تُمَسَّ فِيهِ) یان گوتیە ئەو ژنەی لە پاکبوونەوەدایە و لەو پاکبوونەوەشدا جیماعی لەگەڵ نەکرابێ: (أَنْتِ طَالِقٌ لِلسُّنَّةِ) تۆ تەڵاقەکەوتووی بە (سُنِّي). ئەوە (وَقَعَ فِيالْحَالِ) هەر ئەو دەم تەڵاقی دەکەوێ، بەڵام (وَإِنْ مُسَّتْ فِيهِ) ئەگەر لە پاکبوونەوەکەدا جیماعی لەگەڵ کرابێ، ئەوە (فَحِينَ تَطْهُرُ بَعْدَ حَيْضٍ) لەو کاتەی لە دوای حەیزێداهاتوو پاك دەبێتەوە تەڵاقی دەکەوێ (أَوْ لِلْبِدْعَةِ) یان گوتیە ئەو ژنەی لە پاکبوونەوەدایە: تەڵاقت کەوتبێ بە (بِدْعِي). ئەوە (فَفِيالْحَالِ إِنْ مُسَّتْ فِيهِ) هەر ئەو دەم تەڵاقی دەکەوێ، ئەگەر جیماعی لەگەڵ کرابێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر لە پاکبوونەکەدا جیماعی لەگەڵ نەکرابێ، ئەوە (فَحِينَ تَحِيضُ) لەو کاتەی دەکەوێتەحەیز تەڵاقی دەکەوێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ طَلْقَةً حَسَنَةً) تۆ تەڵاقەکەوتووی بە تەڵاقێکی جوان (أَوْ أَحْسَنَ الطَّلاَقِ أَوْ أَجْمَلَهُ) یان بە جوانترین تەڵاق. ئەوە (فَكَالسُّنَّةِ) وەك ئەوەیە بڵێ: تەڵاقت کەوتبێ بە (سُنِّي). لە گشت بڕیارەکانیڕابردوودا (أَوْ) یان گوتی (طَلْقَةً قَبِيحَةً) تەڵاقت کەوتبێ بەتەڵاقێکی ناشیرین (أَوْ أَقْبَحَ الطَّلاَقِ أَوْ أَفْحَشَهُ) یان بە ناشیرنترین تەڵاق. ئەوەش (فَكَالْبِدْعَةِ)وەك ئەوەیە بڵێ: تەڵاقت کەوتبێ بە (بِدْعِي). لە گشت بڕیارەکانیڕابردوودا (أَوْ) یان گوتی (سُنِّيَةً بِدْعِيةً أَوْ حَسَنَةً قَبِيحَةً) تەڵاقت کەوتبێ بە تەڵاقێکی (سُنِّي)ی(بِدْعِي)، یان بە تەڵاقێکی جوانی ناشیرین، ئەوەش (وَقَعَ فِيالْحَالِ) هەر ئەو دەم تەڵاقەکەی دەکەوێ.

﴿ تەلاقی سێبەسێ ﴾

(وَلاَ يَحْرُمُ جَمْعُ الطَّلَقَاتِ الثَّلاثِ) حەڕام نیە: هەرسێك تەلاقەكان وێكڕا كۆ بكاتەوەو ژنەكەی سێبەسێ–بە یەك وشە– تەلاق بدا ﴿عن سهل بن سعدﷺ فِي قِصَّةِ الْمُتَلاَعِنَيْنِ: لَمَّا فَرَغَا مِنْ تَلاَعُنِهِمَا، قَالَ: كَذَبْتُ عَلَيْهَا–يَارَسُولَ اللهِ–إِنْ أَمْسَكْتُهَا، فَطَلَّقَهَا ثَلاَثاً قَبْلَ أَنْ يَأْمُرَهُ النَّبِيُّﷺ﴾

منهاج– بەرگی چوارەم–21

رواه الشيخان، كه ئەو ژنو میردەی لەعنەتیان ل

میردەكە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر ژنەكەم ڕابكرمەوە دیارە درۆم بە سەردا هەڵبەستوە. ئینجا سێبەسێ تەلاقیدا پێش ئەوەی پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێبكا.

واتە: ئەگەر تەلاقدانی سێبەسێ وێكڕا حەڕام بووایە، پێغەمبەرﷺ ڕەخنەی لێدەگرت تاكو خەڵكیتریش بزانێ حەڕامە.

جا لەگەڵ ئەوەش كە سێبەسێ حەڕام نیە، وەها سوننەتە: سێبەسێ وێكڕا تەلاقی نەدا، تاكو شوێنێك بۆ پەشیمانی بمێنێتەوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

جا بزانە لە لای ئیمامی(حنفي)و ئیمام(مالك): تەلاقدانی سێبەسێ حەڕامە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرسێكیش دەكەون ﴿عن محمود بن لبيدﷺ: أُخْبِرَالنَّبِيُّﷺ عَنْ رَجُلٍ طَلَّقَ اِمْرَأَتَهُ ثَلاَثاً جَمِيعاً، فَقَامَ النَّبِيُّﷺ غَضْبَانَ ثُمَّ قال: أَيُلْعَبُ بِكِتَابِ اللهِ وَأَنَا بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ؟﴾ رواه النسائی ورواته ثقات، پیاوێك ژنەكەی خۆی سێبەسێ وێكڕا تەلاق دا، ئینجا پێغەمبەرﷺ بە تووڕەیی هەڵساو فەرمووی: ئایا گاڵتە بە قورئانی خوا دەكرێو منیش لە ناو ئێوەمە؟.

واتە: تووڕەبوونی پێغەمبەرﷺ بەڵگەی حەڕامیەیە.

ئینجا بزانە: بەڵگەی كەوتنی تەلاقی سێبەسێ بە جارێك: (إجماع)ی (صحابة)ی پێغەمبەرەﷺ لە سەردەمی ئیمامی(عمرﷺ)، هەروەك لە (فتح الباری)و (شرح الْمُوَطّأ)دا فەرموویانە ﴿عن ابن عباسرضي الله عنهما: كَانَ الطَّلاَقُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِﷺ وَأَبِيبَكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خِلاَفَةِ عُمَرَ طَلاَقُ الثَّلاَثِ وَاحِدةً، فَقَالَ عُمَرُ: إِنَّ النَّاسَ قَدْ إِسْتَعْجَلُوا فِي أَمْرٍكَانَ لَهُمْ فِيهِ أَنَاةٌ فَلَوْ أَمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِم. فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ﴾رواه مسلم، لە سەردەمی پێغەمبەروﷺ ئیمامی (أبوبكر)و دوو ساڵیش لە سەردەمی ئیمامی(عمر) تەلاقی سێبەسێ یەكە یەكە تەلاق دەدرا، جا ئیمامی(عمر) فەرمووی: ئەو خەڵكە پەلەیان كرد لە كارێكیوەهادا: كە مۆڵەتیان بۆ هەبو، دەبا ئەو پەلەكردنە لە سەریان جێبەجێ بكەین–واتە: كە ئێستا لە جیاتی یەكە یەكە، بە پەلە سێبەسێ بە جارێك تەلاق دەدەن– جا ئیمامی(عمر) جێبەجێی كردو بڕیاریدا: تەلاقی سێبەسێ بە جارێك بكەوێ.

واتە: (صحابة)ش بە بڕیاری ئیمامی(عمرﷺ) ڕازی بونو ڕەخنەیان نەگرتو بووە (إجماع)، جا هەر كەسێك لە دوای (إجماع)ی (صحابة) ڕای جیاواز بێ، ئەوە (إجماع)ی

فڕێداوەو ڕایەکەی وی ڕەچاو ناکرێ، هەروەك لە (فتح الباری)دا فەرموویەتی.
ئینجا بە دوای (صحابە)شدا هەر لە سەردەمی (السَّلف الصَّالح)دا (إِجْمَاعِ)ی هەر چوار ئیمامەکانی سەرمەزهەبیش بەستراوە: لە سەر کەوتنی تەلاقی سێبەسێ بە جارێك، هیچ زانایەکی متمانەپێکراویش لەو مەسەلەیەدا دژایەتی (إجماع)ی نەکردوە، بۆیێ لە زۆربەی

.....

سەرچاوەکاندا فەرموویانە: ئەوەی (فتوا)ی داوە: کە (تەلاقی سێبەسێ بە جارێك ناکەوێ)، خوای گەورە گومڕای کردوە. واتە: چونکە جیماع کردن لەگەڵ تەلاقکەوتووی سێبەسێ زینایەو واجبە: سزای زینا بدرێ، هەروەك لە باسی(مارە بەجاش)دا ڕابرا.
ئینجا بزانە: لە دوای شەشسەد سالّ (إبن تیمیة) پەرژینی (إجماع)ی شکاندو لە (إِجْمَاعِ أَهْلِ السُّنَّة وَالْجَمَاعَة) لایداو بە مەزهەبی(شِیَعة) فتوای دا: کە (تەلاقی سێبەسێ تەنها بە یەك تەلاق دەژمێردرێ). هەر حەدیسەکەی (إبن عباس)یڕابردووشی کردە بەڵگەیخۆی، چەند کەسێکیش تا ئێستاش بونەتە هاوبیری (إبن تیمیة) لەو مەسەلەیەدا.
بەڵکو ئەگەر تەلاقدانەکەش بە شێوەی سوێندخواردن بێ، ئەوە لە لای ئەوان هەر تەلاقەکەی ناکەوێ، بەڵکو کەفارەتی سوێند واجب دەبێ. جا ئەم (بِدْعَة)یەش (إبن تیمیة) لە ئیسلامدا پەیدای کردوەو هیچ پێشەوایەکی ئایین ئەو قسەیەی نەکردوە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
جا لە قسەکانی (إبن تیمیة)و هاوبیرانی وا دەردەکەوێ: (کە ئیمامی(عمرڕضی الله عنه) دژ بە بڕیاری پێغەمبەرﷺ بڕیاری داوەو بە هەڵەدا چووە، بەڵام (صحابە)ی پێغەمبەرﷺ زۆر لە ئیمامی(عمرڕضی الله عنه) ترساونو نەوێراون ڕەخنە بگرن)!!!. هەم بە چەند بەڵگەیەکی داهاتووش.
جا بزانە: چونکە (إبن تیمیة) ئەم زماندرێژیەی کردە سەر ئیمامی(عمرڕضی الله عنه)، بۆیێ زانایانی هەر چوار مەزهەب– لەو سەردەمدا– کۆ بونەوەو بڕیاریان دا: (إبن تیمیة) بەند بکرێ، هەر لە بەندیخانەشدا مرد. جا ئێمەش ئێستا چەند بەڵگەیەکی (إبن تیمیة)و هاوبیرانی دێنینو لە لایەن (أهل السنة والجماعة)ش وەڵامیان دەدەینەوە.
یەکەم: ئەوان دەڵێن: تەلاقی سێبەسێ لە سەردەمی پێغەمبەرداﷺ تەنها بە یەك تەلاق ژمێردراوە، بە بەڵگەی حەدیسەکەی (إبن عباس)یڕابردوو، بەڵام ئیمامی(عمرڕضی الله عنه) لەخۆیەوە بڕیاری کەوتنی تەلاقی سێبەسێی داوە، ئیمامی(عمرڕضی الله عنه) بە بێبەڵگە دژایەتی بڕیاری پێغەمبەریﷺ کردوە!.
وەڵامی(أهل السنة): واتەی حەدیسەکە بەو ڕاو بۆچوونەی ئێوە نیە، بەڵکو واتەی حەدیسەکە ئەمەیە: خەڵکەکە لە سەردەمی پێغەمبەرداﷺ–بە ئەغڵەبی– یەکە یەکە ژنی

تەڵاق دەدا، بەڵام لە سەردەمی ئیمامی(عمر)دا عادەتی خەڵك گۆڕاو لە تەڵاقداندا پەلەیان دەکردو–بە ئەغڵەبی–سێبەسێ بە جارێك تەڵاقیان دەدا، هەروەك ئیمامی (البیهقی بإسناد صحیح) گێڕاویەتیەوە. کەواتە: حەدیسەکەی (إبن عباس)ی‌ڕابردوو ئەوەمان پێڕادەگەینێ: کە لە سەردەمی ئیمامی(عمر)دا عادەتی‌خەڵك لە تەڵاقداندا گۆڕا: بە پەلە

.....

سێبەسێ بە جارێك تەڵاقیان دەدا، ئیمامی(عمر)ش بڕیاری عادەتەگۆڕاوەکەی بە سەردا سەپاندن، نەك ئیمامی(عمر)–دژ بە پێغەمبەرﷺ– بڕیاری شەریعەتی‌ئیسلامی لە مەسەلەکەدا گۆڕیبێ، هەروەك ئیمامی (النواوی) لە (شرح مسلم)و (الحافظ العسقلاني) لە (فتح الباری)دا ئەوها ڕوونیان کردۆتەوە.

بۆگومان ئەو سێ ئیمامانەش هەرسێکیان لە (إبن تیمیە) زاناترو شارەزاترن؟ چونکە هەرسێکیان زانای حەدیسو شەریعەتنو متمانەیان پێدەکرێ.

دووەم: ئەوان دەڵێن: ئەگەر یەکێك بڵێ: (سێ جار سبحان الله). ئەوە تەنها یەك (سبحان الله)ی بۆ دەنووسرێ، یان ئەگەر بڵێ: (سێ جار والله ئەم کارە ناکەم). ئەوە تەنها بە یەك سوێند دەژمێردرێ، کەوابو: ئەگەر بڵێ: (سێ تەڵاقت بکەوێ). ئەوەش یەك تەڵاقی دەکەوێ.

وەڵامی (أهل السنه): سوێندخواردنو زیکری‌خوا–کە سبحان الله یە– هیچ سنورێکیان بۆ دانەندراوە، بەڵام تەڵاقدان سنورێکی هەیە: کە سێ تەڵاقە، کەوابو: (قِیاس)کردنەکەتان بەتاڵو پوچەڵە، هەروەك لە (فتح الباري)دا ڕوون کراوەتەوە.

واتە: تەڵاق زیاتر بە ماملەتەکان دەچێ، چونکە سنورێکی هەیە: وەك یەکێك بڵێ: لە سێ دینارەکە گەردەنت ئازاد بێ. یان ئەم شتەم لێت کڕی بە سێ دینار. یان سێ دینارم لە سەر نەزر بێ. ئایا ئەمە بە یەك دینار دەژمێردرێ، یان بە سێ دینار؟.

سێیەم: ئەوان دەڵێن: ﴿طَلَّقَ رُكَانَةُ اِمْرَأَتَهُ ثَلاَثاً فِي مَجْلِسٍ وَاحِدٍ فَقَالَ النَّبِيُّﷺ: راجِعْهَا إِنَّهَا واحِدَةٌ﴾ رواه أحمد وأبوداود بسند فيه مقال، (رُكانة) ژنەکەی خۆی لە یەك دانیشگەدا سێبەسێ تەڵاق دا، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ژنەکەت بگەڕێنەوە، تەنها یەك تەڵاقت کەوتوە.

وەڵامی (أهل السنة): ئەم حەدیسە بە ووشەی (طَلَّقَ اِمْرَأَتَهُ ثَلاَثاً) حەدیسێکی (ضَعِيف)–بێهێزە، هەروەك ئیمامی (النواوي) لە (شرح مسلم)دا فەرموویەتی، بەڵکو (صَحِيح) ڕاستەکەی ئەوهایە: ﴿طَلَّقَ رُكَانَةُ اِمْرَأَتَهُ اَلْبَتَّةَ، فَحَلَّفَهُ النَّبِيُّﷺ: وَاللهِ مَا أَرَدْتُ إِلاَّ وَاحِدَةً. فَرَدَّهَا عَلَيْهِ﴾ حدیث صحیح رواه أبوداود وغیره، (رُكانة) ژنەکەی خۆی بە ووشەی (اَلْبَتَّةَ)–بڕاوەیی تەڵاق دا، جا پێغەمبەرﷺ سوێندی دا: کە مەبەستم تەنها یەك تەڵاق بوە. ئینجا ژنەکەی بۆ گەڕاندەوە.

واتە: (رُكانة) بە زمان سێ تەڵاقی نەگوتبو، بەڵام پێغەمبەرﷺ لە سەر نیەتەکەی سوێندی دا، نەوەك نیەتی سێ تەڵاقی هەبوبێو سێ تەڵاقەکەی کەوتبێ، جا ئەگەر سێ تەڵاقەکە وێکڕا بە جارێك نەکەوتبان، بۆچی سوێندی داوەو سوێنددانەکە سودی چی بوو؟، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

.....

چوارەم: ئەوان دەڵێن: لە حەدیسەکەی(محمود بن لبید)یڕابردوو، پێغەمبەرﷺ تورە بوو، چونکە پیاوەکە سێبەسێی تەڵاق دابو.

وەڵامی (أهل السنة): خۆ حەدیسەکە باسی ئەوەی تێدا نەکراوە: ئایا پێغەمبەرﷺ بە یەك تەڵاقی ژماردوە، یان بە سێ تەڵاق، کەوابو: ئەو حەدیسە پەیوەندی بە مەسەلەی تەڵاقەکەوتنەوە نیە، بەڵکو حەدیسەکە بەڵگەیە: کە تەڵاقی سێبەسێ لە سەردەمی پێغەمبەرداﷺ ڕوێداوەوە، جا لە بەر ئەوەش کە تەڵاقی سێبەسێ ناپەسندو خراپە، پێغەمبەرﷺ ڕقی بۆتەوەو تورە بووە.

بۆیێ–هەر بە بەڵگەی ئەم حەدیسەش– ئیمامی(عمرؓ) ئەو کەسەی دارکاری دەکرد کە سێبەسێ ژنەکەی تەڵاق دەدا، هەروەك (سعید بن منصور، بسندصحیح) لە (أنس) گێڕاویەتیەوەو، لە (فتح الباری)دا ڕوون کراوەتەوە.

ئیتر وا تێمەگە: ئیمامی(عمرؓ) لە مەسەلەی تەڵاقی سێبەسێ بێئاگا بووە، بەڵکو لە هەزارانی وەکو (إبن تیمیة)و هاوبیرانی زیاتر شارەزای ئاییندێئیسلام بووە، چونکە قوتابیەو پەروەردەکراوی پێغەمبەرەﷺو، لە پاستیدا ئیمامی (عمر)ؓ (شَيْخ الإسْلاَمَ)ە، نەك (إبن تیمیة)!.

پێنجەم: ئەوان دەڵێن: ئیمامی(علی)و (إبن عباس)رضی الله عنهم بە پێچەوانەی ئیمامی (عمر) فتوایان داوەو (إجماع) بە تەواوی نەبەستراوە.

وەڵامی (أهل السنة): ئەم قسەیە ڕاست نیەو لە هیچ ڕێگایەکی ڕاست نەهاتوە، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە: کە ﴿عن ابن عباس رضی الله عنهما: أَنَّهُ جَائَهُ رَجُلٌ طَلَّقَ إِمْرَأَتَهُ ثَلاَثاً، فَقَالَ: يَنْطَلِقُ أَحَدُكُمْ فَيَرْكَبُ الأُحْمُوقَةَ ثُمَّ يَقُولُ: يَا ابْنَ عبَّاسٍ يا ابْنَ عَباسٍ. إنَّ اللهَ تَعَالَى قالَ: (وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً). وَإِنَّكَ لَمْ تَتَّقِ اللهَ فَلاَ أَجِدُ لَكَ مَخْرَجاً، عَصَيْتَ رَبَّكَ وَبَانَتْ مِنْكَ إِمْرَأَتُكَ﴾ رواه أبوداود بسند صحیح، پیاوێك گوتەیە (إبن عباس): من ژنەکەم سێبەسێ تەڵاق داوە؟ (إبن عباس) فەرمووی: هەر یەکێکتان هەڵدەستێ خۆی توشی بێعەقڵی دەکا، ئینجا دەڵێ: (ابن عباس، ابن عباس). خوای گەورەش دەفەرموێ: (هەرکەسێك لە خوا بترسێ، خوای گەورە لە تەنگانەدا ڕزگاربوونێکی دەداتێ). تۆ لە خوا نەترساوی، هیچ چارەتم پێناکرێو ژنەکەشت بە (بائن)ی تەڵاقی کەوتوە.

جا كه ئێوه دەڵێن: (صحابة) له ترسی ئیمامی(عمرﷺ) نەوێراون ڕەخنه بگرن. خۆ (ابن عباس) به ماوەیەکی زۆر له دوای ئیمامی(عمرﷺ) وەفاتی کردوه، تۆ بڵێی له دوای وەفاتیشی هەر ئێی ترسابێ؟! جگه لەمەش کە ئیمامی(عمرﷺ) ویستی سنورێك بۆ مارەییژنان دابنێ، ئافرەتێك ڕەخنەی لێگرتو گوتی: (تۆ ناتوانی دەست لەم کارە

.....

بدەی). ئیمامی(عمرﷺ) به قسەی ئەم ئافرەته پەشیمان بۆوه. هەروەها (صحابة)یەك پێی گوت: (هۆ (عمر) ئەگەر تۆ خوار بیت، بەم شمشێرە ڕاستت دەکەینەوە).

تۆ بڵێی هەموو (صحابة)ی پێغەمبەر غیرەتی ئەم ئافرەتەو ئەم (صحابة)یان نەبوبێ، تاکو هەڵەی ئیمامی(عمرﷺ) له تەڵاقی سێبەسێدا ڕاست بکەنەوە؟!.

جا ئەی موسوڵمانی ڕێزدار، وەرە با بە یەکەوە بچینە خزمەت پێغەمبەرﷺ کە دەفەرموێ: ﴿عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِالْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ﴾ حديث صحيح رواه الترمذي، شوێن سوننەتی منو سوننەتی خەلیفەکانی من بکەون. خۆ لە سەردەمی ئیمامی(عمر)دا دوو خەلیفەکەیتریش–ئیمامی(عثمان)و ئیمامی(علي)رضي الله عنهما–مابون، جا توخودا ڕەوایە: واز لە هەرسێك خەلیفەکانو (صحابة)کانیتر بێنینو شوێن (ابن تيمية) بکەوین؟ ئەوەتە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ ﴿إِقْتَدُوا بِاللَّذَيْنِ مِنْ بَعْدِي: أَبِبَكْرٍ وَعُمَرَ﴾ رواه الترمذي بسند حسن، ئێوه شوێن هەردوو جێنیشینەکەی دوای من بکەون؟ کە (أبوبكر و عمر)ن.

باشە: ئەگەر (إبن تيمية) بە لای تۆوە زاناتر بێ لە (صحابة)ی پێغەمبەروﷺ لە هەر چوار ئیمامەکەی سەر مەزهەب، فتوای ئەوت پێ ڕاستتر بێ لە بڕیارەکەی ئیمامی (عمرﷺ)، ئەدی چۆن وەڵامی پێغەمبەرﷺ دەدەیەوە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللهَ جَعَلَ الْحَقَّ عَلَى لِسَانِ عُمَرَ وَقَلْبِهِ﴾ رواه الترمذي بسند حسن، خوای گەورە ڕاستیی داناوەتە سەر زوبانو دڵی (عمر)؟.

کەوابو: ڕێگای ڕاستمان بۆ ڕۆن بۆوە، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ﴾ ئایا له دوای ڕاستی–جگه له گومڕابوون– هیچیتر هەیە؟.

جا لەم سەردەمەشدا گومڕابووی وەها هەیە: فتوا دەدا: کە تەڵاقی سێبەسێ بە یەك تەڵاق دەژمێردرێو ژنی بێتەڵاق دەنێرێتەوە لای مێردەکەیو تووشی زینایان دەکەن، جا هەر چەند تامو خۆشیی زینایەکە بۆ ژنو مێردەکەیە، بەڵام تاوانو ڕووڕەشیی قیامەتیش بۆ فتوادەری گومڕابووە.

خۆ ئەگەر (إبن تيمية) له چینی (السلف الصالح) بوایەو (مجتهد)ش بوایە، ئەو کاتە نرخێك بۆ فتوایەکەی دادەندرا، بەڵام (إبن تيمية) لە چینی(خَلَف)ەو لە سەدەی حەفتەمو هەشتەمدا ژیاوەو نەشگەیوەتە پلەی (مجتهد)و هیچ زانایەکی باوەڕپێکراویشی

لەگەڵدا نیە، بەڵام سەرجەم (صحابة)و (مجتهد)ەکانی (أهل السنة والجماعة) لەگەڵ ئیمامی (عمر)نﷺ، پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێ: ﴿عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ الإِثْنَيْنِ أَبْعَدُ﴾ رواه الترمذي بسند صحيح، هەردەم ئێوە لەگەڵ کۆمەڵدا بن و پەرتەوازەو تاکڕەوەی مەکەن، چونکە شەیتان لەگەڵ کەسێکی تاکدایەو لە دوو کەسان دورترە.

وَلَوْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا أَوْ ثَلاَثًا لِلسُّنَّةِ. وَفَسَّرَ بِتَفْرِيقِهَا عَلَى أَقْرَاءٍ لَمْ يُقْبَلْ إِلاَّ مِمَّنْ يَعْتَقِدُ تَحْرِيمَ الْجَمْعِ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يُدَيَّنُ، وَيُدَيَّنُ مَنْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ وَقَالَ أَرَدْت إِنْ دَخَلْتِ أَوْ إِنْ شَاءَ زَيْدٌ، وَلَوْ قَالَ نِسَائِي طَوَالِقُ أَوْ كُلُّ امْرَأَةٍ لِي طَالِقٌ، وَقَالَ أَرَدْت بَعْضَهُنَّ. فَالصَّحِيحُ أَنَّهُ لاَ يُقْبَلُ ظَاهِرًا إِلاَّ لِقَرِينَةٍ: بِأَنْ خَاصَمَتْهُ وَقَالَتْ تَزَوَّجْتَ. فَقَالَ: كُلُّ اِمْرَأَةٍ لِي طَالِقٌ،

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا) تۆ تەلاقەکەوتووی سێبەسێ (أَوْ) یان گوتی (ثَلاَثًا لِلسُّنَّةِ) تەلاقت کەوتبێ سێبەسێ بە (سُنِّي). ئینجا (وَفَسَّرَ بِتَفْرِيقِهَا عَلَى أَقْرَاءٍ) لە هەردوو مەسەلەکەدا مێردەکە گوتی: مەبەستم پەرتکردنی سێ تەلاقەکان بوو بە سەر پاکبوونەوەکاندا، ئەوە(لَمْ يُقْبَلْ) لە ئاشکرایێدا لێی قبولْ ناکرێ (إِلاَّ مِمَّنْ يَعْتَقِدُ تَحْرِيمَ الْجَمْعِ) تەنها لەو کەسە قبولْ دەکرێ کە باوەڕی وابێ: کۆکردنەوەی سێ تەلاق وێکڕا حەڕامە، وەک (حنفی)و (مالکی).

جا هەرچەند بە ئاشکرایی لێی قبولْ ناکرێ، بەڵام (وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يُدَيَّنُ) بە فەرموودەی ڕاستتر: مێردەکە دەدرێتە دەست ئایینیخۆی، واتە: بە ژنەکەی دەڵێین: (لە ئاشکرایێدا لە مێردەکەت حەڕام بوی، بەڵام ئەگەر باوەڕت وایە ڕاست دەکا، خۆتی بدە دەست، ئەگەر نا: خۆتی مەدە دەست). هەم بە مێردەکەشی دەڵێین: (ئێمە باوەڕت پێناکەین و لە ئاشکرایێدا هەرسێك تەلاقت کەوتون، بەڵام ئەگەر ڕاست بکەی ئەوە لە نێوان خۆت و خوادا سێ تەلاقت نەکەوتون).

جا ئەوە مەبەستی ئیمامی(الشافعی)یە کە دەفەرموێ: (لَهُ الطَّلَبُ وَعَلَيْهَا الْهَرَبُ) مێردەکە مافی داواکردنی جیماعی هەیەو ژنەکەش لە سەری واجبە ڕابکا. هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا گێڕاویەتیانەوە.

(وَ) هەروەها (يُدَيَّنُ مَنْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ) ئەو مێردەش دەدرێتە دەست ئایینی خۆی کە بڵێ: تۆ تەلاقەکەوتووی. ئینجا (وَقَالَ أَرَدْت إِنْ دَخَلْتِ أَوْ إِنْ شَاءَ زَيْدٌ) مەبەستم ئەوە بوو: ئەگەر بچێتە ناو خانوو، یان ئەگەر (زەید) حەز بکا تەلاقی کەوتبێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (نِسَائِي طَوَالِقُ) ژنەکانم تەلاقەکەوتوون (أَوْ) یان گوتی (كُلُّ

اِمْرَأَةٍ لِي طَالِقٌ) گشت ژنێکی خۆم تەلاقکەوتووە، ئینجا (وَقَالَ أَرَدْت بَعْضَهُنَّ) گوتی مەبەستم هەندێکیان بوو، نەك هەموویان، ئەوە (فَالصَّحِيحُ أَنَّهُ لاَ يُقْبَلُ ظَاهِرًا إلاَّ لِقَرِينَةٍ) بە فەرموودەی پاستتر: لە ئاشکرایدا لێی قبولْ ناکرێ تەنها بە نیشانەیەك نەبێ: (بِأَنْ خَاصَمَتْهُ وَقَالَتْ تَزَوَّجْتَ) وەك ژنەکەی ململانەی لەگەڵ بکاو بڵێ: ژنت بە سەر هێناوم (فَقَالَ) مێردەکەش لە وەڵامیدا بڵێ: (كُلُّ اِمْرَأَةٍ لِي طَالِقٌ) گشت ژنێکی من تەلاقکەوتوو وَقَالَ أَرَدْت غَيْرَالْمُخَاصِمَةِ.

(فَصْلٌ) قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ فِي شَهْرِ كَذَا أَوْ فِي غُرَّتِهِ أَوْ أَوَّلِهِ. وَقَعَ بِأَوَّلِ جُزْءٍ مِنْهُ، أَوْ فِي نَهَارِهِ أَوْ أَوَّلِ يَوْمٍ مِنْهُ فَبِفَجْرِ أَوَّلِ يَوْمٍ، أَوْ آخِرِهِ فَبِآخِرِ جُزْءٍ مِنَ الشَّهْرِ، وَقِيلَ بِأَوَّلِ النِّصْفِ الآخَرِ،

بێ، ئینجا (وَقَالَ أَرَدْت غَيْرَ الْمُخَاصِمَةِ) مێردەکە گوتی: مەبەستم ژنێکیتر بوو جگە لەو ژنەی ململانەی لەگەڵ کردم. ئەوە بە سوێندخواردن لێی قبولْ دەکرێ.

هەروەها ئەگەر ژنەکەی بیەوێ بڕواتە شوێنێك، ئەویش بڵێ: ئەگەر ئەمشەو بچیتە دەرەوە تەلاقت کەوتبێ. ئینجا ژنەکە چووە شوێنێکیتری جگە لە شوێنە ناوبراوەکە، بەڵام مێردەکە گوتی: تەنها مەبەستم ئەوە بوو: لە شوێنە ناوبراوەکە قەدەغەی بکەم. ئەوەش بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی هەڵواسینی تەلاق بە کاتەکان ﴾

(قَالَ) هەر کاتێك مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ فِي شَهْرِ كَذَا) تۆ تەلاقکەوتووی لە فلانە مانگەدا (أَوْ فِي غُرَّتِهِ أَوْ أَوَّلِهِ) یان لە دەرکەوتنی، یان لە سەرەتای، یان لە سەری فلانە مانگەدا، ئەوە (وَقَعَ بِأَوَّلِ جُزْءٍ مِنْهُ) تەلاقی دەکەوێ لەگەڵ هاتنی یەکەم بەشی مانگەکە: کە سەرەتای شەوێیەکەمی مانگەکەیە بەگوێرەی کاتی شوێنی هەڵواسینی تەلاقەکە، نەك کاتی شوێنێکیتر (أَوْ) یان گوتی (فِي نَهَارِهِ أَوْ أَوَّلِ يَوْمٍ مِنْهُ) تەلاقت کەوتبێ لە ڕۆژی فلانە مانگەدا، یان لە یەکەم ڕۆژی فلانە مانگەدا، ئەوە (فَبِفَجْرِ أَوَّلِ يَوْمٍ) تەلاقی دەکەوێ لەگەڵ بەیانیی یەکەم ڕۆژی مانگەکە (أَوْ) یان گوتی (آخِرِهِ) تەلاقت بکەوێ لە کۆتایی فلانە مانگەدا، ئەوە (فَبِآخِرِ جُزْءٍ مِنَ الشَّهْرِ) لەگەڵ دواترین بەشی مانگەکە تەلاقی دەکەوێ: کە ئاوابوونی ڕۆژی کۆتایی‌مانگەکەیە (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا (بِأَوَّلِ النِّصْفِ الآخَرِ) بە سەرەتای نیوەی‌دووەمی مانگەکە تەلاقی دەکەوێ .

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر بڵێ: تەلاقت کەوتبێ پێش مردنم بە چوار مانگو دە ڕۆژ. ئینجا زیاتر لە چوار مانگو دە ڕۆژ ژیا، ئینجا مرد، ئەوە ئاشکرا دەبێ: کە بە ماوەی چوار مانگو دە ڕۆژ پێش مردنی تەلاقی کەوتوە، جا ئەگەر تەلاقەکە (بائن)بێ، ئەو کاتە ژنەکە

میراتی لێناگرێ‌و هەم (عِدَّة)ی مێردمردنیشی لە سەر نیە، بەڵکو ئەگەر (عِدَّة)ی تەڵاق تەواو نەبوبێ تەواوی دەکا. بەڵام ئەگەر بڵێ: تەڵاقت کەوتبێ لە پۆژی کۆتایی ژیانمدا. ئەو کاتە تەڵاقی دەکەوێ لەگەڵ بەیانیی ئەو پۆژەی تێیدا دەمرێ، جا ئەگەر لە شەوێدا بمرێ، ئەو کاتەش هەر لە بەیانیی پۆژی پێش شەوەکەدا تەڵاقی دەکەوێ، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا پوون کراوەتەوە.

وَلَوْ قَالَ لَيْلاً: إِذَا مَضَى يَوْمٌ. فَبِغُرُوبِ شَمْسِ غَدِهِ، أَوْ نَهَارًا: فَفِي مِثْلِ وَقْتِهِ مِنَ غَدِهِ، أَوْ اَلْيَوْمُ: فَإِنْ قَالَهُ نَهَارًا فَبِغُرُوبِ شَمْسِهِ وَإِلاَّ لَغَا، وَبِهِ يُقَاسُ شَهْرٌ وَسَنَةٌ، أَوْ أَنْتِ طَالِقٌ أَمْسِ. وَقَصَدَ أَنْ يَقَعَ فِالْحَالِ مُسْتَنِدًا إِلَيْهِ وَقَعَ فِالْحَالِ، وَقِيلَ لَغْوٌ، أَوْ قَصَدَ أَنَّهُ طَلَّقَ أَمْسِ وَهِيَ الآنَ مُعْتَدَّةٌ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، أَوْ قَالَ طَلَّقْتُ فِي نِكَاحٍ آخَرَ،

جا بزانە: هەڵواسینی تەڵاق بە شوێنەکانیش دروست دەبێ، وەک بڵێ: لە فلانەخانووەدا تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە هەر کاتێک ژنەکە بچێتە ناو خانووەکە تەڵاقی دەکەوێ، هەروەک لە (تحفة) لە باسی (ظهار)دا پوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ قَالَ لَيْلاً) ئەگەر لە شەوێدا گوتی (إِذَا مَضَى يَوْمٌ) هەر کاتێک پۆژێک پۆیشت تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە (فَبِغُرُوبِ شَمْسِ غَدِهِ) لەگەڵ ئاوابوونی پۆژی سبەینێی تەڵاقی دەکەوێ (أَوْ نَهَارًا) یان لە پۆژێدا گوتی: هەر کاتێک پۆژێک پۆیشت تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە (فَفِي مِثْلِ وَقْتِهِ مِنَ غَدِهِ) لە سبەینێ لە وێنەی ئەو کاتەیدا تەڵاقی دەکەوێ (أَوْ اَلْيَوْمُ) یان گوتی: هەر کاتێک ئەمرۆ پۆیشت تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ قَالَهُ نَهَارًا) ئەگەر لە پۆژێدا وای‌گوتبێ، ئەوە (فَبِغُرُوبِ شَمْسِهِ) بە ئاوابوونی پۆژەکەی ئەمرۆ تەڵاقی دەکەوێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر لە شەوێدا وای‌گوتبێ (لَغَا) پوچەڵ دەبێ‌و هیچ تەڵاقێکی ناکەوێ.

بەڵام ئەگەر بڵێ: ئەمرۆ تەڵاقت کەوتبێ، یان ئەم مانگە، یان ئەم ساڵە تەڵاقت کەوتبێ، ئەوە لەو وێنانەدا جیاوازی نیە شەو بێ، یان پۆژ بێ: هەر ئەودەم تەڵاقی دەکەوێ، هەروەک لەڕوبەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَبِهِ يُقَاسُ) هەر بە مەسەلەی پۆژەکەش قیاس دەکرێ (شَهْرٌ وَسَنَةٌ) مانگ‌و ساڵ، کەواتە: ئەگەر بڵێ: هەرکاتێک ئەم مانگە تەواو بوو تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە هەر کاتێک ئەو بەشەی لە مانگەکە ماوە کۆتایی هات تەڵاقی دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بڵێ: هەر کاتێک مانگێک پۆیشت تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە تەڵاقی دەکەوێ بە پۆیشتنی سی پۆژو ئەندازەی پێش هەڵواسینەکەش لە شەوەکەی سێیەکەم، یان لە پۆژەکەی سێیەکەم.

(أَوْ) یان مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ أَمْسِ) تۆ دوێنێ تەڵاقکەوتووی، یان مانگێڕابردوو، یان ساڵێڕابردوو تەڵاقکەوتووی (وَقَصَدَ أَنْ يَقَعَ فِيالْحَالِ مُسْتَنِدًا إِلَيْهِ) مەبەستیشی ئەوە

بوو: هەر ئەم دەمە تەلاقی بکەوێ و بیداتە پاڵ دوێنێو مانگو ساڵێڕابردوو، ئەوە (وَقَعَ فِی الْحَالِ) هەر ئەو دەم تەلاقی دەکەوێ و نیسبەتدانەکەشی بۆ دوێنێ پوچەڵ دەکرێ (وَقِیلَ لَغْوٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: تەلاقدانەکەش پوچەڵە و ناکەوێ (أَوْ قَصَدَ أَنَّهُ طَلَّقَ أَمْسِ وَهِیَ الآنَ مُعْتَدَّةٌ) یان مەبەستی ئەوە بوو: دوێنێ تەلاقی داوەو ئێستا لە (عِدَّة)دایە، ئەو کاتە (صُدِّقَ بِیَمِینِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ (أَوْ قَالَ طَلَّقْتُ فِی نِکَاحٍ آخَرَ) یان فَإِنْ عُرِفَ صُدِّقَ بِیَمِینِهِ، وَإِلاَّ فَلاَ. وَأَدَوَاتُ التَّعْلِیقِ: مَنْ کَمَنْ دَخَلَتْ، وَإِنْ، وَإِذَا، وَمَتَى، وَمَتَمَا، وَکُلَّمَا، وَأَیُّ کَأَیَّ وَقْتٍ دَخَلْتِ، وَلاَ یَقْتَضِینَ فَوْرًا إِنْ عُلِّقَ بِإِثْبَاتٍ فِی غَیْرِ خُلْعٍ، إِلاَّ أَنْتِ طَالِقٌ إِنْ شِئْتِ، وَلاَ تَکْرَارًا إِلاَّ کُلَّمَا، وَلَوْ قَالَ: إِذَا طَلَّقْتُکِ فَأَنْتِ طَالِقٌ. ثُمَّ طَلَّقَ أَوْ عَلَّقَ بِصِفَةٍ فَوُجِدَتْ

گوتی: مەبەستم ئەوە بوو: لە مارەبڕینێکیتردا تەلاقم دابو، ئەو کاتە (فَإِنْ عُرِفَ صُدِّقَ بِیَمِینِهِ) ئەگەر زاندرا: لە مارەبڕینێکی پێشتردا تەلاقیداوە، ئەو کاتەش بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر نەزاندرا مارەبڕینو تەلاقەکە هەبوە، ئەوە (فَلاَ) بە سوێندخواردنیش باوەڕی پێناکرێو هەر ئەو دەمیش تەلاقی دەکەوێ.

جا بزانە: ئەگەر بڵێ: لە نێوان شەوێو ڕۆژێدا تەلاقت کەوتبێ. ئەوە ئەگەر شەو بێ، بە هاتنی بەیان تەلاقی دەکەوێ، ئەگەر ڕۆژ بێ، بە ڕۆژئاوابوون تەلاقی دەکەوێ، هەروەک لە (تحفة)و (نهایة)دا فەرموویانە.

(وَأَدَوَاتُ التَّعْلِیقِ) ئەو ووشەو پیتانەی بۆ هەڵواسینی تەلاق بە کار دێن زۆرن: وەک (مَنْ)، واتە: کێ (کَـ) وەک بڵێ: (مَنْ دَخَلَتْ) کێ لە ژنەکانم بچێتە ناو خانووەکە تەلاقی کەوتبێ (وَإِنْ): ئەگەر بچێتە ناو خانووەکە تەلاقت کەوتبێ (وَإِذَا) هەر کاتێ بڕۆی تەلاقت کەوتبێ (وَمَتَى وَمَتَمَا) هەرکاتێکیداماتوو بچێتە ماڵیباوکت تەلاقت کەوتبێ (وَکُلَّمَا) هەرجارێک ژنێکی من بچێتە خانووەکە تەلاقی کەوتبێ (وَأَیُّ کَأَیَّ وَقْتٍ دَخَلْتِ) چ کاتێک بچێتە ژورەوە تەلاقت کەوتبێ.

(وَلاَ یَقْتَضِینَ فَوْرًا إِنْ عُلِّقَ بِإِثْبَاتٍ) پیتو ووشەکانی هەڵواسین هیچیکیان پەلەکردن ناخوازن ئەگەر بە هەبوونێک هەڵواسرابێ: وەک ئەو وێنانەیڕابردوو، هەم (فِی غَیْرِ خُلْعٍ) هەڵواسینەکەش لە (خولع)دا نەبێ، واتە: لە تەلاقی بە پارەدا نەبێ، چونکە لە (خولع)دا پیتی (ئەگەر)و (هەرکاتێ) بۆ پەلەکردنن، هەروەک ڕابرا.

بەڵام ئەگەر بە نەبوونێک هەڵیواسیبێ، ئەو کاتە—جگە لە پیتی (ئەگەر)— ئەوانیتر گشتی بۆ پەلەکردنن، هەروەک دێ، هەم (إِلاَّ أَنْتِ طَالِقٌ إِنْ شِئْتِ) جگە لە: تۆ تەلاقکەوتووی ئەگەر، یان هەرکاتێ حەزت کرد. واتە: ئەمەش مەرجە حەزکردنەکە بە پەلەبێ .

(وَلاَ تَكْـرَاراً) هـەم هیچـێکیان دووبارەبوونـەوەش نـاخوازن (إلاَّ كُلَّمَـا) تـەنها ووشـەی (هەرجارێك) دووبارە دەخوازێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتیە ئەو ژنەی جیماعی لەگەڵ کردوە: (إِذَا طَلَّقْتُكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ) هەرکاتێ تۆم تەڵاق دا تۆ تەڵاقکەوتووی، یان تەڵاقت کەوتبێ (ثُمَّ طَلَّقَ) ئینجا ژنەکەی بە خـۆڕایی تەڵاق دا (أَوْ عَلَّقَ بِصِفَةٍ فَوُجِدَتْ) یان تەڵاقەکەی بە شتێك هەڵواسیو شتەکەش هاتەجێ، فَطَلْقَتَانِ، أَوْ كُلَّمَا وَقَعَ طَلاَقِي. فَطَلَّقَ فَثَلاَثٌ فِي مَمْسُوسَةٍ وَفِي غَيْرِهَا طَلْقَةٌ، وَلَوْ قَالَ وَتَحْتَهُ أَرْبَعٌ: إنْ طَلَّقْتُ وَاحِدَةً فَعَبْدٌ حُرٌّ وَإِنْ ثِنْتَيْنِ فَعَبْدَانِ وَإِنْ ثَلاَثًا فَثَلاَثَةٌ وَإِنْ أَرْبَعًا فَأَرْبَعَةٌ. فَطَلَّقَ أَرْبَعًا مَعًا أَوْ مُرَتِّبًا عَتَقَ عَشَرَةٌ، وَلَوْ عَلَّقَ بِكُلَّمَا فَخَمْسَةَعَشَرَ عَلَىالصَّحِيحِ،

ئـەوە (فَطَلْقَتَـانِ) لـە هـەردوو حاڵەتـدا دووتـەڵاقی دەکـەوێ: یـەکێکیان جێبـەجێو یەکێکیتریش بە هەڵواسین، بەڵام ئەگەر خولع لەگـەڵ ژنەکـە بکـا، یـان جیمـاعی لەگـەڵ ژنەکە نەکردبێ، ئەو کاتە تەنها تەڵاقەکەی جێبەجێ دەکەوێو دەبێتە (بائن).

هەروەها (أَوْ) ئەگـەر گـوتی (كُلَّمَـا وَقَـعَ طَلاَقِـي) هـەرجارێك تـەڵاقم لـە تـۆ کـەوتبێ تـۆ تەڵاقکەوتووی (فَطَلَّقَ) ئینجا ژنەکەی تەڵاق دا، ئەوە (فَثَلاَثٌ فِي مَمْسُوسَةٍ) سـێ تـەڵاقی دەکەوێ لەو ژنەی جیماعی لەگەڵ کردوە (وَفِي غَيْرِهَا طَلْقَةٌ) لەو ژنەش کە جیماعی لەگەڵ نەکردوە یەك تەڵاقی دەکەوێ، چونکە بە تەڵاقەکەی جێبەجێ دەبێتە (بائن).

بەڵام ئەگەر بڵێ: هەر جارێك تەڵاقم دای تەڵاقت کەوتبێ. ئینجا تەڵاقیدا، ئەو کاتـە دوو تەڵاقی دەکەوێ، چونکە تەڵاقەکەیدووەم بە هەڵواسینەکە دەکـەوێ نـەك بـە تەڵاقـدانی مێردەکە، هەروەك لەزۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە .

﴿ **ئاگاداری** ﴾: هەر کاتێك گوتیە ژنەکەی: ئەگەر ئەم کارە بکەی، یان ئەگەر برایەکـەت ئەم کارە بکا تۆ ژنی من نی، یان تۆ نابیەوە ژنی من. ئەوە ئەگەر مەبەستی تەڵاقدان بێ، هەر کاتێك پێیەڵواسراوەکە هاتەجێ تەڵاقی دەکـەوێ، ئەگـەر نـا: ناکـەوێ، هـەروەك لـە (تحفة)دا فەرموویەتی.

کەوابو: ئەگەر سوێند بخواو بڵێ: هەرسێك تەڵاقم کەوتبێ ژنی خۆم ناوێتەوە. یـان بڵێتـە ژنەکەی: هەرسێك تەڵاقت کەوتبێ تۆم ناوێتەوە. ئەوە ئەگەر یەکسەر لە دوای سوێندەکە بە تەڵاقێك ژنەکەی تەڵاق نەدا، هەرسێك تەڵاقی دەکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (الشرواني) فەرموویانە، چونکە ئەگەر تەڵاقی نەدا، دیارە ژنەکەی دەوێتەوە.

(وَلَوْ قَالَ وَتَحْتَهُ أَرْبَعٌ) ئەگەر مێردەکە چوار ژنی هەبوێو گوتی (إِنْ طَلَّقْتُ وَاحِدَةً فَعَبْدٌ حُرٌّ) ئەگەر ژنێك تەڵاق بدەم کۆیلەیەکم ئازاد بێ (وَإِنْ ثِنْتَيْنِ فَعَبْدَانِ) ئەگەر دوو ژن تەڵاق بدەم دوو کۆیلەم ئازاد بن (وَإِنْ ثَلاَثًا فَثَلاَثَةٌ) ئەگەر سێیان تەڵاق بـدەم سـێ کۆیلـەم ئـازاد بـن (وَإِنْ أَرْبَعًا فَأَرْبَعَةٌ) ئەگەر چواران تەڵاق بدەم چوار کۆیلەم ئازاد بن (فَطَلَّقَ أَرْبَعًا مَعًا أَوْ

مُرَتَّبًا) ئینجا چوار ژنی وێکڕا، یان یەك لە دوایی‌یەك تەڵاق دان، ئەوە (عَتَقَ عَشَرَةٌ) دە کۆیلە ئازاد دەبن: یەك بە یەکەمەکە + دوو بە دووەمەکە + سێ بە سێیەمەکە + چوار بە چوارەمەکە (وَلَوْ عَلَّقَ بِكُلِّمَا) ئەگەر بە هەرجارێکی هەڵواسێو گوتی: هەر جارێکی ژنێکم تەڵاق بدەم کۆیلەیەکم ئازادبێ، ئەوە (فَخَمْسَةَ عَشَرَ عَلَىالصَّحِيحِ) پانزە ئازاد دەبن لە سەر فەرموودەی پاست، چونکە وشەی هەر جارێك دووبارە دەخوازێ، کەوابو: وَلَوْ عَلَّقَ بِنَفْيِ فِعْلٍ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ إنْ عَلَّقَ بِإِنْ كَإِنْ لَمْ تَدْخُلِي، وَقَعَ عِنْدَ الْيَأْسِ مِنَ الدُّخُولِ، أَوْ بِغَيْرِهَا فَعِنْدَ مُضِيِّ زَمَنٍ يُمْكِنُ فِيهِ ذَلِكَ الْفِعْلُ،

یەك بە یەکەمەکە + سێ بە دووەمەکە + چوار بە سێیەمەکە + حەفت بە چوارەمەکە. (وَلَوْ عَلَّقَ بِنَفْيِ فِعْلٍ) ئەگەر تەڵاقەکەی هەڵواسی بە نەبوونی کارێك، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ) بە فەرموودەی پاستی مەزهەب (أَنَّهُ إنْ عَلَّقَ بِإِنْ) ئەگەر بە پیتی ئەگەر هەڵواسینەکەی کرد (ک)وەك بڵێ: (إِنْ لَمْ تَدْخُلِي) ئەگەر نەچیتە ناو خانووەکە تەڵاقت کەوتبێ. یان ئەگەر لە فلانکەس نەدەم، یان نەیکوژم تەڵاقم کەوتبێ. یان ئەگەر تەڵاقت نەدەم تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە (وَقَعَ عِنْدَ الْيَأْسِ مِنَ الدُّخُولِ) هەرکاتێك بێئومێد بوو: لە چوونە ناوخانووەکەو لە لێدانەکەو لە کوشتنەکەو لە تەڵاقدانەکە، تەڵاقی دەکەوێ: وەك پێش ئەنجامدانی پێهەڵواسراوەکە ژنەکە، یان مێردەکە بمرێ، کەوابو: بە تۆزێك پێش مردن تەڵاقی دەکەوێ، بەڵام ئەگەر نەمرێ، بەڵکو بە (بائن)ی تەڵاقی بداو تا مردنیش لە خۆی مارە نەکاتەوە، ئەو تەڵاقدانە نابێتە بێئومێدی، واتە: پێش تەڵاقدانەکە تەڵاقی ناکەوێ، هەرچەند پێش تەڵاقدانەکەش گونجابێ کارەکە بکرێو بە قەسدی نەکرابێو لە دوای تەڵاقدانیش هەر نەکرێ، هەروەك لە(تحفة)و (نهاية)دا پوون کراوەتەوە.

جا بزانە: ئەوەی‌پابردوو لە حاڵەتێکدا بوو: کە مەبەستی ئەم کاتە نەبێ، ئەگینا: ئەگەر هەر ئەو کات کارەکە نەکرێ تەڵاقی دەکەوێ: وەك لەکاتی چێشت خواردندا بڵێتە میوانەکەی: ئەگەر نانم لەگەڵ نەخوی تەڵاقم کەوتبێ. ئەوە ئەگەر مەبەستی ئەم کاتە بێو هەر لەم کاتەشدا نانی لەگەڵ نەخوارد، ئەوە تەڵاقی دەکەوێ، هەروەك لە (نهاية)دا فەرموویەتی.

جا بزانە: هەرکاتێك بڵێ: ئەگەر لەم شارە نەڕۆمە دەرەوە تەڵاقم کەوتبێ. ئەوە ئەگەر بە ئەندازیەکی وەها لە سنوری‌شارەکە بڕواتە دەرەوە: کە لەوێوە بە ڕێبوار دابندرێو کورتکردنەوەی‌نوێژی بۆ دروست بێ، تەڵاقی ناکەوێ، هەر چەند هەر ئەو دەمیش بگەڕێتەوە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(أَوْ بِغَيْرِهَا) یان–جگە لە ئەگەر– بە ووشەکانیتر هەڵواسینەکەی کرد: وەك هەرکاتێ، یان هەرکاتێك نەچیتە ژوورەوە تەڵاقت کەوتبێ. یان هەرکاتێك تەڵاقت نەدەم تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە (فَعِنْدَ مُضِيِّ زَمَنٍ) ئەگەر ماوەیەکی ئەوها بڕوا: کە (يُمْكِنُ فِيهِ ذَلِكَ الْفِعْلُ) دەگونجا

لەو ماوەیەدا ئەو کارە بکرێو بە قەسدیش نەیکرد، ئەو کاتە تەلاقی دەکەوێ.

بۆ وێنە: لە مەسەلەی (هەرکاتێك تەلاقت نەدەم تەلاقت کەوتبێ). ئەگەر لە دوای تەواوبوونی ڕستەکە بە پەلە تەلاقێکی نەدا، تەلاقە هەڵواسراوەکەی دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بە هۆی زۆرلێکردنێك، یان لە بەر هەر هۆیەکیتر نەگونجا بە پەلە پێهەڵواسراوەکە بکا، ئەو کاتە تەلاقی ناکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

وَلَوْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ أَنْ دَخَلْتِ أَوْ أَنْ لَمْ تَدْخُلِي-بِفَتْحِ أَنْ- وَقَعَ فِي الْحَالِ، قُلْتُ: إلاَّ فِي غَيْرِنَحْوِيٍّ فَتَعْلِيقٌ فِيالأَصَحِّ وَاللهُ أَعْلَمُ.

(فَصْلٌ) عَلَّقَ بِحَمْلٍ فَإِنْ كَانَ حَمْلٌ ظَاهِرٌ وَقَعَ، وَإِلاَّ فَإِنْ وَلَدَتْ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ التَّعْلِيقِ بَانَ وُقُوعُهُ، أَوْ لأَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِ سِنِينَ أَوْ بَيْنَهُمَا وَوُطِئَتْ وَأَمْكَنَ حُدُوثُهُ بِهِ فَلاَ، وَإِلاَّ فَالأَصَحُّ وُقُوعُهُ، وَإِنْ قَالَ: إنْ كُنْتِ حَامِلاً بِذَكَرٍ فَطَلْقَةً أَوْ أُنْثَى فَطَلْقَتَيْنِ. فَوَلَدَتْهُمَا وَقَعَ ثَلاَثٌ،

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ أَنْ دَخَلتِ أَوْ أَنْ لَمْ تَدْخُلِي) تۆ تەلاقکەوتووی چونکە چوێتە ناو خانوو. یان چونکە نەچوێتە ناو خانوو (بِفَتْحِ أَنْ)، واتە: سەری دا هەمزەکەی (أَنْ)، ئەوە (وَقَعَ فِيالْحَالِ)هەر ئەم دەمە تەلاقی دەکەوێ، چونکە واتەی (أَنْ): چونکەیە، بەڵام (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (إلاَّ فِي غَيْرِ نَحْوِيٍّ فَتَعْلِيقٌ) تەنها بۆ کەسێك نەبێ: کە (نَحْو)زان نەبێ، بۆ وی دەبێتە هەڵواسین (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا (وَاللهُ أَعْلَمُ).

﴿ فَصْلٌ: لە باسی چەند جۆرێکیتری هەڵواسین ﴾

(عَلَّقَ بِحَمْلٍ) هەرکاتێك تەلاقەکەی بە هەبوونی زگ هەڵواسیو گوتی: ئەگەر تۆ ئاوس بی، یان زگت هەبێ تەلاقت کەوتبێ. ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ كَانَ حَمْلٌ ظَاهِرٌ) ئەگەر لەو کاتدا بە ئاشکرایی ئاوس بێ: وەك دوو پیاو شاهیدی بدەن، یان هەر بەخۆی بڵێ: زگم هەیە. مێردەکەش باوەڕی پێبکا، ئەوە (وَقَعَ) هەر ئەو دەم تەلاقی دەکەوێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر بە ئاشکرایی زگی نەبێ، ئەوە (فَإِنْ وَلَدَتْ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ التَّعْلِيقِ) ئەگەر لە هەڵواسینەوە بە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ منداڵی لێبو، ئەوە (بَانَ وُقُوعُهُ) ئاشکرا دەبێ: کە لە کاتی هەڵواسینەکە تەلاقی کەوتوە (أَوْ لأَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِ سِنِينَ) یان لە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵان منداڵی لێبو.

(أَوْ بَيْنَهُمَا) یان لە نێوان شەش مانگو چوارساڵ منداڵی لێبو (وَوُطِئَتْ وَأَمْكَنَ حُدُوثُهُ بِهِ) لە دوای هەڵواسینەکەش ژنەکە جیماعی لەگەڵ کرابو، دەشگونجا لەم جیماعە منداڵەکە پەیدا بوبێ، ئەوە (فَلاَ) تەلاقی ناکەوێ، چونکە لە کاتی هەڵواسینەکەدا نەبوە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر

لە دوای هەڵواسینەکە جیماعی لەگەڵ نەکرابو، یان جیماعی لەگەڵ کرابو بەڵام لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ منداڵی لێبو، ئەوە (فَالأَصَحُّ وُقُوعُهُ)بە فەرمودەی پاستتر: تەلاقی دەکەوێ، چونکە لە کاتی هەڵواسینەکەدا زگی هەبووە.

(وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِنْ كُنْتِ حَامِلاً بِذَكَرٍ فَطَلْقَةً) ئەگەر تۆ بە نێرینە ئاوس بی، یان نێرینە لە زگتدا بێ تەلاقێکت بکەوێ (أَوْ أُنْثَى فَطَلْقَتَيْنِ) ئەگەر بە مێینە ئاوس بی دوو تەلاقت کەوتبن (فَوَلَدَتْهُمَا) ئینجا ژنەکە نێرو مێی لێبو، ئەوە (وَقَعَ ثَلاَثٌ) سێ أَوْ إِنْ كَانَ حَمْلُكِ ذَكَرًا فَطَلْقَةً أَوْ أُنْثَى فَطَلْقَتَيْنِ. فَوَلَدَتْهُمَا لَمْ يَقَعْ شَيْءٌ، أَوْ إِنْ وَلَدْتِ فَأَنْتِ طَالِقٌ. فَوَلَدَتْ اِثْنَيْنِ مُرَتَّبًا طَلَقَتْ بِالأَوَّلِ وَانْقَضَتْ عِدَّتُهَا بِالثَّانِي، وَإِنْ قَالَ كُلَّمَا وَلَدْتِ. فَوَلَدَتْ ثَلاَثَةً مِنْ حَمْلٍ وَقَعَ بِالأَوَّلَيْنِ طَلْقَتَانِ وَانْقَضَتْ بِالثَّالِثِ وَلاَ يَقَعُ بِهِ ثَالِثَةٌ عَلَىالصَّحِيحِ، وَلَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ: كُلَّمَا وَلَدَتْ وَاحِدَةٌ فَصَوَاحِبُهَا طَوَالِقُ، فَوَلَدْنَ مَعًا طَلَقْنَ ثَلاَثًا ثَلاَثًا، أَوْ مُرَتَّبًا طَلَقَتِ الرَّابِعَةُ ثَلاَثًا وَكَذَاالأُولَى إِنْ بَقِيَتْ عِدَّتُهَا وَالثَّانِيَةُ طَلْقَةً وَالثَّالِثَةُ طَلْقَتَيْنِ وَانْقَضَتْ عِدَّتُهُمَا بِوِلاَدَتِهِمَا،

تەلاقی دەکەون، بەڵام ئەگەر تەنها نێری لێبو، ئەوە تەلاقێکی دەکەوێ، ئەگەر تەنها مێ بوو دوو تەلاقی دەکەون.

(أَوْ) یان گوتی: (إِنْ كَانَ حَمْلُكِ ذَكَرًا فَطَلْقَةً أَوْ أُنْثَى فَطَلْقَتَيْنِ) ئەگەر زگەکەت نێر بێ یەک تەلاقت کەوتبێ، ئەگەر مێ بێ دوو تەلاقت کەوتبن (فَوَلَدَتْهُمَا) ئینجا نێرو مێی لێبون، ئەوە (لَمْ يَقَعْ شَيْءٌ) هیچ تەلاقی ناکەوێ، چونکە زگەکەی تەنها نێرو تەنها مێ نیە.

(أَوْ) یان مێردەکە گوتی (إِنْ وَلَدْتِ فَأَنْتِ طَالِقٌ) ئەگەر منداڵت لێبو تۆ تەلاقەوتووی (فَوَلَدَتْ اِثْنَيْنِ مُرَتَّبًا) ئینجا دوو منداڵی لێبون یەک لە دوای یەک، ئەوە (طَلَقَتْ بِالأَوَّلِ وَانْقَضَتْ عِدَّتُهَا بِالثَّانِي) بە منداڵەکەیەکەم تەلاقی دەکەوێ و بە دووەمەکەش (عِدَّة)ی تەواو دەبێ (وَإِنْ قَالَ) ئەگەر گوتی (كُلَّمَا وَلَدْتِ) هەر جارێك منداڵێکت لێبو تەلاقت کەوتبێ (فَوَلَدَتْ ثَلاَثَةً مِنْ حَمْلٍ) ژنەکەش سێ منداڵی لە زگێك بون، ئەوە (وَقَعَ بِالأَوَّلَيْنِ طَلْقَتَانِ وَانْقَضَتْ بِالثَّالِثِ) بە یەکەمەکەو دووەمەکە دوو تەلاقی دەکەون و بە سێیەمەکەش (عِدَّة)ی تەواو دەبێ، کەوابو (وَلاَ يَقَعُ بِهِ ثَالِثَةٌ) بە سێیەمەکە تەلاقی سێیەم ناکەوێ (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرمودەی پاست.

ئینجا بزانە: لەو مەسەلانەدا جیاوازی نیە منداڵبوونەکە: لە ڕێگای عادەتیخۆیەوە بێ، یان زگی هەڵبڕێو منداڵەکەی لێدەربێ، هەروەك لە (إبن قاسم)دا فەرموویەتی.

(وَلَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ) ئەگەر گوتیە چوار ژنی ئاوسی خۆی (كُلَّمَا وَلَدَتْ وَاحِدَةٌ فَصَوَاحِبُهَا طَوَالِقُ) هەر جارێك یەکێکتان منداڵی لێبو هاوڕێکانی تەلاقەوتوون (فَوَلَدْنَ مَعًا) ئینجا هەر چواریان وێکڕا منداڵیان لێبو، ئەوە (طَلَقْنَ ثَلاَثًا ثَلاَثًا) هەر چواریان سێبەسێ تەلاقیان دەکەوێ (أَوْ

مُرَتَّبًا) یان یەك بە دوای یەكدا منداڵیان لێبو، ئەو كاتە (طَلَقَتِ الرَّابِعَةُ ثَلاَثًا) چوارەمەكە سێبەسێ تەلاقی دەكەوێ بە منداڵبوونی سێیەكانی پێشە خۆی، ئینجا بە منداڵبوونی خۆیشی (عِدَّة)ی تەواو دەبێ (وَكَذَا الأُولَى إِنْ بَقِيَتْ عِدَّتُهَا) هەروەها یەكەمەكەش سێ تەلاقی دەكەون ئەگەر تا كاتی منداڵبوونی چوارەمەكە (عِدَّة)ی مابێ، هەم (وَالثَّانِيَةُ طَلْقَةً) دووەمەكە تەلاقێكی دەكەوێ بە منداڵبوونی یەكەمەكە، هەم (وَالثَّالِثَةُ طَلْقَتَيْنِ) سێیەمەكەش دوو تەلاقی دەكەون بە منداڵبوونی یەكەمەكەو دووەمەكە (وَانْقَضَتْ عِدَّتُهُمَا بِوِلاَدَتِهِمَا) ئینجا وَقِيلَ لاَ تَطْلُقُ الأُولَى وَتَطْلُقُ الْبَاقِيَاتُ طَلْقَةً طَلْقَةً، وَإِنْ وَلَدَتْ ثِنْتَانِ مَعًا ثُمَّ ثِنْتَانِ مَعًا طَلَقَتِ الأُولَيَانِ ثَلاَثًا ثَلاَثًا، وَقِيلَ طَلْقَةً، وَالأُخْرَيَانِ طَلْقَتَيْنِ طَلْقَتَيْنِ، وَتُصَدَّقُ بِيَمِينِهَا فِيحَيْضِهَا إِذَا عَلَّقَهُ بِهِ، لاَ فِي وِلاَدَتِهَا فِالأَصَحِّ، وَلاَ تُصَدَّقُ فِيهِ فِي تَعْلِيقِ غَيْرِهَا، وَلَوْ قَالَ إِنْ حِضْتُمَا فَأَنْتُمَا طَالِقَانِ، فَزَعَمَتَاهُ وَكَذَّبَهُمَا صُدِّقَ بِيَمِينِهِ وَلَمْ يَقَعْ، وَإِنْ كَذَّبَ وَاحِدَةً طَلَقَتْ فَقَطْ،

(عِدَّة)ی دووەمەكەو سێیەمەكە بە منداڵبوونیخۆیان تەواو دەبێ (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەكی بێ هێزدا: (لاَ تَطْلُقُ الأُولَى وَتَطْلُقُ البَاقِيَاتُ طَلْقَةً طَلْقَةً) یەكەمەكە هیچ تەلاقی ناكەوێو سێیەكانیتریش هەریەكەو تەلاقێكی دەكەوێ.

(وَإِنْ وَلَدَتْ ثِنْتَانِ مَعًا ثُمَّ ثِنْتَانِ مَعًا) ئەگەر دوو ژن وێكڕا منداڵیان لێبو، ئینجا دووەكانیتریش وێكڕا بویان، ئەوە (طَلَقَتِ الأُولَيَانِ ثَلاَثًا ثَلاَثًا) دووەكانی یەكەمجار سێ سێ تەلاقیان دەكەوێ؟ تەلاقێك بە منداڵبوونی ئەو ژنەی لەگەڵیدایە، دوو تەلاقیتریش بە دووەكانیتر (وَقِيلَ طَلْقَةً) لە فەرموودەیەكی بێهێزدا: یەك تەلاقیان دەكەوێ (وَالأُخْرَيَانِ طَلْقَتَيْنِ طَلْقَتَيْنِ) دووەكانی دووەمجاریش دوو دوو تەلاقیان دەكەوێ بە دووەكانی یەكەمجار، ئینجا بە منداڵبوونی خۆیشیان (عِدَّة)یان تەواو دەبێ.

(وَتُصَدَّقُ بِيَمِينِهَا فِي حَيْضِهَا) ژنەكە بە سوێندخواردنیخۆی باوەڕی پێدەكرێ لەبارەی حەیزیخۆی (إِذَا عَلَّقَهُ بِهِ) هەر كاتێك مێردەكەی تەلاقی ژنەكەی بە حەیزی ژنەكەوە هەڵواسیبێ: وەك بڵێ: ئەگەر كەوتیە حەیز تەلاقت كەوتبێ (لاَ فِي وِلاَدَتِهَا) بەڵام لە منداڵبوونیدا بە سوێند باوەڕی پێناكرێ: وەك بڵێ: ئەگەر منداڵت لێبو تەلاقت كەوتبێ. ئەوە پێویستە شامیدی هەبێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(وَ) هەوەها (لاَ تُصَدَّقُ فِيهِ فِي تَعْلِيقِ غَيْرِهَا) ژنەكە بە سوێند باوەڕی پێناكرێ لەبارەی حەیزیخۆی لە هەڵواسینی تەلاقیژنێكیتردا: وەك ئەگەر كەوتیە حەیز هەوێیەكەت تەلاقی كەوتبێ. بەڵكو لەم حاڵەتەدا بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەكە دەكرێ.

كەوابو: (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (إِنْ حِضْتُمَا فَأَنْتُمَا طَالِقَانِ) ئەگەر هەردووكتان كەوتنە حەیز هەردووكتان تەلاقكەوتوون (فَزَعَمَتَاهُ) ئینجا هەردوو ژنەكان

گوتیان کەوتوینە حەیز (وَكَذَّبَهُمَا) مێردەکەش هەردووکیانی بە درۆ خستنەوەو گوتی: نەکەوتونە حەیز. ئەوە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ وَلَمْ يَقَعْ) مێردەکە بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێو تەلاقی لە هیچێکیان ناکەوێ، بەلام ئەگەر هەردوو ژنەکان شاهید بێنن، یان مێردەکە بە هەردووکیان باوەڕ بکا، ئەو کاتە تەلاقی لە هەردووکیان دەکەوێ، هەم (وَإِنْ كَذَّبَ وَاحِدَةً) ئەگەر مێردەکە باوەڕی بە تەنها یەکێکیان نەکردو باوەڕی بەوەکەی تر کرد، ئەو کاتە (طَلَقَتْ فَقَطْ) تەنها باوەڕ پێنەکراوەکە تەلاقی دەکەوێ ئەگەر سوێند بخوا کە بەخۆی کەوتۆتە حەیز.

وَلَوْ قَالَ: إِنْ أَوْ إِذَا أَوْ مَتَى طَلَّقْتُكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ قَبْلَهُ ثَلاَثًا. فَطَلَّقَهَا وَقَعَ الْمُنَجَّزُ فَقَطْ، وَقِيلَ ثَلاَثٌ وَقِيلَ لاَ شَيْءَ، وَلَوْ قَالَ: إِنْ ظَاهَرْتُ مِنْكِ أَوْ آلَيْتُ أَوْ لاَعَنْتُ أَوْ فَسَخْتُ بِعَيْبِكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ قَبْلَهُ ثَلاَثًا. ثُمَّ وُجِدَ الْمُعَلَّقُ بِهِ فَفِي صِحَّتِهِ الْخِلاَفُ، وَلَوْ قَالَ: إِنْ وَطِئْتُكِ مُبَاحًا فَأَنْتِ طَالِقٌ قَبْلَهُ. ثُمَّ وَطِئَ

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِنْ أَوْ إِذَا أَوْ مَتَى طَلَّقْتُكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ قَبْلَهُ ثَلاَثًا) ئەگەر، یان هەرکاتێ، یان هەرکاتێکیداهاتوو تۆم تەلاق دا پێش تەلاقدانەکە تۆ سێبەسێ تەلاقکەوتووی. یان پێش تەلاقدانەکە سێبەسێ تەلاقت کەوتبێ (فَطَلَّقَهَا) ئینجا ژنەکەی تەلاق دا، ئەوە (وَقَعَ الْمُنَجَّزُ فَقَطْ) تەنها تەلاقەکەی جێبەجێ دەکەوێ: جا یەك تەلاق بێ، یان زیاتر، واتە: هەڵواسراوەکە ناکەوێ، چونکە ئەگەر هەڵواسراوەکە سێبەسێ بکەوێ هیچ تەلاقێك نامێنێتەوە بە جێبەجێیی بکەوێ، خۆ ئەگەر جێبەجێیەکەش نەکەوێ پێهەڵواسراوەکە نایەتەجێو هەڵواسراوەکە ناکەوێ.

(وَقِيلَ ثَلاَثٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: سێ تەلاقی دەکەون: یەکێکی جێبەجێو دووی هەڵواسراو، زۆر لە زانایانیش ئەم بێهێزەیان هەڵبژاردوە.

(وَقِيلَ لاَ شَيْءَ) لە بێهێزێکیتردا: هیچ تەلاقێکی ناکەوێ؟ لە بەر خولانەوەکەیڕابردوو، واتە: ئەگەر جێبەجێیەکە بکەوێ دەبی هەڵواسراوەکە پێشتر کەوتبێ، جا هەر کاتێکیش هەڵواسراوەکە سێبەسێ کەوت هیچ تەلاقێك نامێنێتەوە بە جێبەجێیی بکەوێ، خۆ ئەگەر جێبەجێیەکەش نەکەوێ هەڵواسراوەکەش ناکەوێ، چونکە پێهەڵواسراوەکە نەهاتوتەجێ ...هەر بەم جۆرە بڕیارەکە بە دەورەیخۆیدا دەخولێتەوە، جا ئەم مەسەلەیە بە (السُّرَيْجِيَّة) ناسراوە؟ چونکە (إبن سُرَيْج) دەریخستوە، زۆر لە زانایانیش بە ڕاستیان داناوە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی: (إِنْ ظَاهَرْتُ مِنْكِ أَوْ آلَيْتُ أَوْ لاَعَنْتُ أَوْ فَسَخْتُ بِعَيْبِكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ قَبْلَهُ ثَلاَثًا) ئەگەر زیهارم لەگەڵ کردی، یان سوێندی جیماع نەکردنم خوارد، یان لەعنەتی زینام لێکردی، یان بە هۆی عەیبێکت مارەبڕینەکەتم هەڵوەشاندەوە، پێش هەر

یەکێك لەوانە تۆ سێبەسێ تەڵاقکەوتووی (ثُمَّ وُجِدَالْمُعَلَّقُ بِهِ) ئینجا پێهەڵواسراوەکە هاتە جێ: زیهار، یان سوێند، یان لەعنەت، یان هەڵوەشاندنەوە، ئەوە (فَفِی صِحَّتِهِ الْخِلاَفُ) لە بارەی دروستبوونی ئەو پێهەڵواسراوانە هەمان جیاوازیەکەی پڕابردوو هەیە: لە فەرموودەی یەکەمی بەهێزدا: گشتیان دروست دەبنو تەڵاقەکە ناکەوێ، لە سێیەمەکەشدا: نە تەڵاقەکەو نە پێهەڵواسراوەکان هیچیان دروست نابن، بەڵام فەرموودەکەی‌دووەم لێرەدا نایێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (إِنْ وَطِئْتُكِ مُبَاحًا فَأَنْتِ طَالِقٌ قَبْلَهُ) ئەگەر جیماعێکی حەڵاڵم لەگەڵ کردی تۆ پێش جیماعەکە تەڵاقکەوتووی (ثُمَّ وَطِئَ) ئینجا جیماعی لەگەڵ کرد، لَمْ يَقَعْ قَطْعًا، وَلَوْ عَلَّقَهُ بِمَشِيئَتِهَا خِطَابًا اُشْتُرِطَتْ عَلَى فَوْرٍ، أَوْ غَيْبَةً أَوْ بِمَشِيئَةِ أَجْنَبِيٍّ فَلاَ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ الْمُعَلَّقُ بِمَشِيئَتِهِ: شِئْتُ. كَارِهًا بِقَلْبِهِ وَقَعَ، وَقِيلَ لاَ يَقَعُ بَاطِنًا، وَلاَ يَقَعُ بِمَشِيئَةِ صَبِيَّةٍ وَصَبِيٍّ، وَقِيلَ يَقَعُ بِمُمَيِّزٍ، وَلاَ رُجُوعَ لَهُ قَبْلَ الْمَشِيئَةِ، وَلَوْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ ثَلاَثًا إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ زَيْدٌ طَلْقَةً. فَشَاءَ طَلْقَةً لَمْ تَطْلُقْ، وَقِيلَ تَقَعُ طَلْقَةً،

ئەوە (لَمْ يَقَعْ قَطْعًا) تەڵاقی ناکەوێ بە فەرموودەیەکی بڕایەوە؟ چونکە ئەگەر پێش جیماعەکە تەڵاقی کەوتبێ جیماعەکە حەڵاڵ نابێو تەڵاقەکە ناکەوێ.

(وَلَوْ عَلَّقَهُ بِمَشِيئَتِهَا) ئەگەر تەڵاقەکەی هەڵواسی بە حەزکردنی ژنەکە (خِطَابًا) بە گوتەی ڕووبەڕوو: وەك تەڵاقت کەوتبێ ئەگەر حەزت کرد، یان هەرکاتێ حەزت کرد. ئەوە (اُشْتُرِطَتْ عَلَىفَوْرٍ) بە مەرج داندراوە دەسبەجێ بە زوبان بڵێ: حەزم کرد (أَوْ غَيْبَةً) یا بە گوتەی نادیار هەڵیواسی: وەك تەڵاقی ژنەکەم کەوتبێ ئەگەر حەزی‌کرد (أَوْ بِمَشِيئَةِ أَجْنَبِيٍّ) یان بە حەزکردنی بێگانەیەکی هەڵواسی: وەك ئەگەر تۆ حەز بکەی ژنەکەم تەڵاقی کەوتبێ. ئەوە (فَلاَ فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا: حەزکردنی دەسبەجێ مەرج نیە، بەڵکو هەر کاتێك ژنەکە، یان بێگانەکە بڵێ: حەزم کرد. تەڵاقی دەکەوێ.

(وَلَوْ قَالَ الْمُعَلَّقُ بِمَشِيئَتِهِ شِئْتُ) ئەگەر ئەو کەسەی تەڵاقەکە بە حەزکردنی هەڵواسراوە گوتی: حەزم کرد. بەڵام (كَارِهًا بِقَلْبِهِ) بە دڵیش تەڵاقەکەی پێناخۆش بوو، ئەوە (وَقَعَ) تەڵاقەکە دەکەوێ، چونکە پێهەڵواسراوەکە–گوتەی(حەزم کرد)– هاتۆتەجێ (وَقِيلَ لاَ يَقَعُ بَاطِنًا) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا لە پەنهانی‌دا ناکەوێ.

(وَلاَ يَقَعُ بِمَشِيئَةِ صَبِيَّةٍ وَصَبِيٍّ) تەڵاق ناکەوێ بە حەزکردنی کوڕو کیژی نەبالغ و مرۆڤی شێت: وەك ئەگەر ئەم منداڵە حەز بکا تەڵاقت کەوتبێ. ئینجا منداڵەکەش بڵێ: حەزم کرد (وَقِيلَ يَقَعُ بِمُمَيِّزٍ) لە فەرموودەیەکی‌بێهێزدا بە حەزکردنی منداڵی‌فامیدە تەڵاق دەکەوێ (وَلاَ رُجُوعَ لَهُ قَبْلَ الْمَشِيئَةِ) مێردەکە بۆی دروست نیە لە هەڵواسینی بە حەزکردنەکەدا پەشیمان ببێتەوە پێش حەزکردنی حەزکەرەکە، هەروەك لە هەڵواسینەکانی‌تریشدا دروست نەبو.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ ثَلَاثًا إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ زَيْدٌ طَلْقَةً) تۆ تەلاقکەوتووی سێبەسێ تەنها ئەگەر زەید تەلاقێك حەز بکا (فَشَاءَ طَلْقَةً) ئینجا زەید گوتی: تەلاقێکم حەز کرد. ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) هیچ تەلاقێك ناکەوێ، چونکە جیاکردنەوەکە لە بنچینەی تەلاقدانەکەیە (وَقِيلَ تَقَعُ طَلْقَةً) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: یەك تەلاق دەکەوێ.

﴿ سوێندخواردن بە تەلاق ﴾

بزانە: وشەی تەلاق–بە پیتەکانیسوێند– سوێندی پێناخورێ، کەواتە: ئەگەر بڵێ: بە تەلاقم ئەم کارە ناکەم. سوێندەکەی دانامەزرێ، هەروەك لە ئاگاداریەکەی سەرەتای

وَلَوْ عَلَّقَ بِفِعْلِهِ فَفَعَلَ نَاسِيًا لِلتَّعْلِيقِ أَوْ مُكْرَهًا لَمْ

منهاج– بەرگیچوارەم–22

تەلاقدا ڕابرا، بەڵام تەلاقدانی هەڵواسراو دەکرێتە یان قەدەغەکردن لە کارێك، یان لێکۆڵینەوەی ڕاستی هەواڵێك.

جا ئەمە مەبەستی زانایانی شەریعەتە کە دەفەرموون: (سوێندخواردن بە تەلاق). هەروەك لە (فصل)ی‌داهاتوودا پێناسەی کراوە.

کەوابو: (وَلَوْ عَلَّقَ بِفِعْلِهِ) ئەگەر تەلاقدانەکەی هەڵواسی بە کردارێکی‌خۆی، مەبەستیشی هاندانی خۆی بوو: وەك بڵێ: ئەگەر لەم خانووە نەچمە دەرەوە تەلاقم کەوتبێ. یان مەبەستی قەدەغەکردنی خۆی بوو: وەك ئەگەر لەم خانووە بچمە دەرەوە تەلاقم کەوتبێ (فَفَعَلَ) ئینجا پێیهەڵواسراوەکەشی کرد؟ چونکە (نَاسِيًا لِلتَّعْلِيقِ) هەڵواسینەکەی لە بیر چوبێوە (أَوْ مُكْرَهًا) یان بە زۆرلێکردن پێیهەڵواسراوەکەی پێکرا، یان نەیزانی ئەم کارە کارە پێیهەڵواسراوەکەیە: وەك سوێند بە تەلاق بخوا سواری وڵاغی فلانکەس نەبێ. ئینجا سواری وڵاغەکە ببێو وای‌تێبگا وڵاغی کەسێکی‌ترە، واتە: نەزانێ ئەوە سوێند لەسەر خوراوەکەیە، ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) لەو سێ حاڵەتانەدا تەلاقی ژنەکەی ناکەوێ (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی‌بەهێزتردا، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿رُفِعَ عَنْ أُمَّتِي اَلْخَطَأُ وَالنِّسْيَانُ وَمَااسْتُكْرِهُواعَلَيْهِ﴾ حدیث حسن رواه ابن ماجه، خوایگەورە لایداوە لە سەر ئوممەتی من بڕیارەکانی بەهەڵەداچوون‌و لەبیرچوون‌و ئەوەی بە زۆر پێیان کراوە.

ئینجا بزانە: جیاوازی نیە لەبیرچوون‌و نەزانینەکە لە داهاتوودا بێ: وەك بە تەلاق سوێند بخوا: ئەم کارە نەکا. ئینجا سوێندەکەی لە بیری بچێتەوەو کارەکە بکا، یان نەزانێ ئەمە کارە سوێند لەسەرخوراوەکەیەو بیکا: وەك مەسەلەی وڵاغەکەی‌ڕابردوو، یان لە ڕابردوودا بێ: وەك کارێکی کردبێو لە بیری چوبێ کە کارەکەی کردوە، ئینجا بۆ ڕاستی هەواڵەکە بە تەلاق سوێند بخوا: کارەکەی نەکردوە. یان نەیزانیبێ ئەم کارە ڕوێداوە، ئینجا بۆ ڕاستی هەواڵەکە بە تەلاق سوێند بخوا: ئەم کارە ڕوێنەداوە. یان بە پێچەوانەوە: وەك شتەکە ڕوێنەدابێ، ئەویش بە تەلاق سوێند بخوا: شتەکە ڕوێداوە. ئەوە لە هیچ حاڵەتێکدا

تەلاقی ناکەوێ؟ چونکە لە سەر باوەڕی خۆی سوێندی خواردوە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.
کەوابو: ئەگەر شێوەی ژنەکەی بگۆڕنو بڵێن: ئەمە ژنی تۆیە. ئەویش بڵێ: ئەمە ژنی من نیە. ئینجا بڵێ: ئەگەر ئەمە ژنی من بێ تەلاقی کەوتبێ؟ چونکە وای‌تێدەگەیشت ئافرەتێکی‌تر، ئەوە تەلاقی ناکەوێ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.
هەروەها ئەگەر سوێندی بە تەلاق خوارد ئەم کارە نەکا. ئینجا باوەڕپێکراوێکی‌خۆی فتوای بۆ دا: کە ئەگەر کارەکە بکا تەلاقی ناکەوێ. ئەویش پشتی بەو فتوایە بەستو کارەکەی أَوْ بِفِعْلِ غَيْرِهِ مِمَّنْ يُبَالِي بِتَعْلِيقِهِ وَعَلِمَ بِهِ فَكَذَلِكَ، وَإِلاَّ فَيَقَعُ قَطْعًا.

کرد، ئەوەش تەلاقی ناکەوێ، هەرچەند شیاوی فتوادانیش نەبێ، چونکە سوێندخۆرەکە ئێستا بۆتە نەزانو عوزری هەیە، هەروەک لە (تحفة)و (نهاية)دا هێناویانە.
(أَوْ بِفِعْلِ غَيْرِهِ) یان تەلاقدانەکەی هەڵواسی بە کرداری کەسێکی‌تری جگە لە خۆی (مِمَّنْ يُبَالِي بِتَعْلِيقِهِ) کەسەکەش لەوانە بوو: کە بایەخی بە سوێندخواردنەکەی وی دەدا، هەم (وَعَلِمَ بِهِ) سوێندخۆرەکەش مەبەستی بوو کەسەکە بزانێ: هاندانی، یان قەدەغەکردنی ئەوی مەبەستە بەو هەڵواسینە، هەرچەند لە ڕاستیشدا کەسەکە بە سوێندەکەی نەزانیبێ؟ چونکە نەگونجا ئاگاداری بکاتەوە، ئینجا بە زۆرلێکردن، یان بە هۆی لەبیرچوون، یان بە هۆی نەزانین کەسەکە کارەکەی کرد، ئەوەش (فَكَذَلِكَ) وەک کرداری خۆی تەلاقی ناکەوێ.
(وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر کەسەکە بایەخی بە سوێندەکەی وی نەدەدا: وەک سوێند بە تەلاق بخوا نابێ کاربەدەست، یان حاجیەکان بێنەوە ئەم شارە. یان مەبەستی هاندانو قەدەغەکردنی کەسەکە نەبو، یان مەبەستی هاندانو قەدەغەکردنی کەسەکە بوو و بۆیشی گونجا کەسەکە ئاگادار بکاتەوەو بە قەسدی ئاگاداری نەکردەوە، جا کەسەکەش کارەکەی کرد، ئەوە (فَيَقَعُ قَطْعًا) لەو حاڵەتانەدا تەلاقەکەی دەکەوێ، هەرچەند کەسەکەش بە زۆرلێکردنو نەزانینو لەبیرچون کارەکەی کردبێ.
هەروەها ئەگە گوتی: تەلاقم کەوتبێ نابێ ئەم ئاژەڵە، یان ئەم شێتە، یان ئەم منداڵە بچێتە ناو ئەم خانووە. ئینجا یەکێك لەوانە بە خۆشی‌خۆی چووە ناو خانووەکە، ئەوە تەلاقی دەکەوێ، چونکە ئەوانە بایەخ پێدەرنین، بەڵام ئەگەر بە زۆرلێکردن بیانبەنە ژوورەوە، تەلاقی ناکەوێ، چونکە کرداری ئەوانە لە حاڵەتی زۆرلێکردندا بە کردار دانانرێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.
﴿ ئاگاداری ﴾: هەرچەند بە کرداری زۆرلێکراو و نەزانو لەبیرچوو تەلاقەکە ناکەوێ، بەڵام سوێندەکەش هەڵناوەشێ‌ەوە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، واتە: سوێندەکە وەک خۆی بە بەستراوی دەمێنێ‌و ئەگەر جارێکی‌تر بە خۆشی‌خۆی‌و بە قەسدی

کارەکە بکا تەلاقەکەی دەکەوێ.

کەوابو: ئەگەر ژنەکەی لە مالێدایکی بوو، مێردەکەشی تورە بوو و سوێندی بە تەلاق خوارد: نابێ ژنەکەم ئەمسالێ بێتەوە لام. ژنەکەش هەستی بە سوێندەکە نەکردو لە دوای سوێندەکە هاتەوە مالی مێردەکەی، ئەوە تەلاقی ناکەوێو سوێندەکەش هەلناوەشێەوە، کەواتە: هەر کاتێك ژنەکە گەڕاوە مالێدایکی، ئینجا لە دوای زانینی سوێندەکە بە خۆشی خۆی جارێکیتر هاتەوە مالی مێردەکەی، ئەو کاتە تەلاقی دەکەوێ، هەروەك (الشبراملسي) فەرموویەتی.

(فَصْلٌ) قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ. وَأَشَارَ بِأُصْبُعَيْنِ أَوْ ثَلاَثٍ لَمْ يَقَعْ عَدَدٌ إلاَّ بِنِيَّةٍ، فَإِنْ قَالَ مَعَ ذَلِكَ: هَكَذَا. طَلَقَتْ فِي أُصْبُعَيْنِ طَلْقَتَيْنِ وَفِي ثَلاَثٍ ثَلاَثًا، فَإِنْ قَالَ أَرَدْت بِالإِشَارَةِ الْمَقْبُوضَتَيْنِ. صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَلَوْ قَالَ عَبْدٌ إذَا مَاتَ سَيِّدِي فَأَنْتِ طَالِقٌ طَلْقَتَيْنِ، وَقَالَ سَيِّدُهُ إذَا مِتُّ فَأَنْتَ حُرٌّ فَعَتَقَ بِهِ فَالأَصَحُّ أَنَّهَا لاَ تَحْرُمُ بَلْ لَهُ الرَّجْعَةُ وَتَجْدِيدٌ قَبْلَ زَوْجٍ،

کەواتە: ئەگەر بە نەزانی زیاتر لە جارێکیش کردارەکە بکرێ تەلاق ناکەوێ: وەك سوێند بە تەلاق بخوا نابێ ژنەکەی بچێتە دەرەوە. ئینجا ژنەکەش لە بیری چوو و چووە دەرەوە، ئینجا وا تێگەیشت سوێندەکە هەلوەشاوەتەوە، یان سوێندەکە تەنها جاری یەکەم دەگرێتەوە، بۆیێ ژنەکە دووبارە چووە دەرەوە، ئەوەش تەلاقی ناکەوێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە، چەند مەسەلەیەکیتری گرنگیش لە (تحفة)دا پوون کراونەوەو پێویستە لێیان ئاگادار بی؟ لە بەر زۆری نەمنووسین.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ئاماژەکردن بۆ ژمارەی تەلاق ﴾

(قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ) هەرکاتێك مێردەکە گوتیە ژنەکەی: تۆ تەلاقەکەوتووی (وَأَشَارَ بِأُصْبُعَيْنِ أَوْ ثَلاَثٍ) ئاماژەشی بە دوو، یان بە سێ پەنجە کرد، ئەوە (لَمْ يَقَعْ عَدَدٌ إلاَّ بِنِيَّةٍ) لە تەلاقێك زیاتر ناکەوێ تەنها بە نیەتی زیاترەکە نەبێ، چونکە ژمارەی تەلاقیکەوتوو: یان بە زوبانە، یان بە نیەتە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، کەواتە: ئەگەر سێ بەردی فڕێدانو گوتی: تەلاقت کەوتبێ. ئەوە ئەگەر نیەتی سێ تەلاقی نەبێو بە زوبانیش سێ تەلاقەکە نەلێ، تەنها تەلاقێکی دەکەوێ.

بەلام (فَإِنْ قَالَ مَعَ ذَلِكَ: هَكَذَا) ئەگەر لەگەلێ ئاماژەکردنەکەدا گوتی: تۆ ئەوها تەلاقەکەوتووی. یان ئەوها تەلاقت کەوتبێ. ئەو کاتە (طَلَقَتْ فِي أُصْبُعَيْنِ طَلْقَتَيْنِ وَفِي ثَلاَثٍ ثَلاَثًا) لە ئاماژەی دوو پەنجەدا دوو تەلاقی دەکەوێو لە ئاماژەی سێیاندا سێی دەکەون، بەلام (فَإِنْ قَالَ أَرَدْت بِالإِشَارَةِ الْمَقْبُوضَتَيْنِ) ئەگەر لە وێنەی سێ پەنجەکەدا گوتی: مەبەستم بە ئاماژەکە دوو پەنجە نوقاوەکان بوو، ئەوە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن

باوەڕی پێدەکرێ و دوو تەلاقی دەکەون.

(وَلَوْ قَالَ عَبْدٌ) ئەگەر کۆیلەیەك کۆتیە ژنەکەی خۆی: (إِذَا مَاتَ سَيِّدِي فَأَنْتِ طَالِقٌ طَلْقَتَيْنِ) هەرکاتێ گەورەکەم مرد تۆ تەلاقکەوتووی بە دوو تەلاق (وَقَالَ سَيِّدُهُ إِذَا مِتُّ فَأَنْتَ حُرٌّ) گەورەکەشی گوتی هەرکاتێ من مردم تۆ ئازادی (فَعَتَقَ بِهِ) کۆیلەکەش بە مردنی گەورەکەی ئازاد بوو، ئەوە (فَالأَصَحُّ أَنَّهَا لاَتَحْرُمُ) ژنەکەی بە (بائن)ی لێحەرام نابێ (بَل لَهُ الرَّجْعَةُ) بەڵکو بۆی دورستە لە (عِدَّة)دا ژنەکەی بگەڕێنێتەوە، هەم (وَتَجْدِيدٌ قَبْلَ زَوْجٍ) لە دوای (عِدَّة)ش پێش مێردکردنێکیتر بۆی دروستە سەرلەنوێ مارەی بکاتەوە.

وَلَوْ نَادَى إِحْدَى زَوْجَتَيْهِ فَأَجَابَتْهُ الأُخْرَى فَقَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ. وَهُوَ يَظُنُّهَاالْمُنَادَاةَ لَمْ تَطْلُقِ الْمُنَادَاةُ وَتَطْلُقُ الْمُجِيبَةُ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ عَلَّقَ بِأَكْلِ رُمَّانَةٍ وَعَلَّقَ بِنِصْفٍ فَأَكَلَتْ رُمَّانَةً فَطَلْقَتَانِ، وَالْحَلِفُ بِالطَّلاَقِ: مَا تَعَلَّقَ بِهِ حَثٌّ أَوْ مَنْعٌ أَوْ تَحْقِيقُ خَبَرٍ، فَإِذَا قَالَ: إِنْ حَلَفْتُ بِطَلاَقٍ فَأَنْتِ طَالِقٌ. ثُمَّ قَالَ: إِنْ لَمْ تَخْرُجِي أَوْ إِنْ خَرَجْتِ أَوْ إِنْ لَمْ يَكُنْ الأَمْرُ كَمَا قُلْتُ فَأَنْتِ طَالِقٌ. وَقَعَ الْمُعَلَّقُ بِالْحَلِفِ وَيَقَعُ الآخَرُ إِنْ وُجِدَتْ صِفَتُهُ،

(وَلَوْ نَادَى إِحْدَى زَوْجَتَيْهِ) ئەگەر مێردەکە لە دوو ژنەکانی بانگی یەکێکیانی کرد (فَأَجَابَتْهُ الأُخْرَى) جا ئەوەکەیتر وەلامیداوە (فَقَالَ أَنْتِ طَالِقٌ) مێردەکەش گوتی: تۆ تەلاقەکەوتووی (وَهُوَ يَظُنُّهَا الْمُنَادَاةَ) مێردەکە وایدەزانی ئەوەیان بانگکراوەکەیە، ئەوە (لَمْ تَطْلُقِ الْمُنَادَاةُ) بانگکراوەکە تەلاقی ناکەوێ چونکە گفتوگۆیتەلاقی لەگەڵ نەکراوە، بەڵام (وَتَطْلُقُ الْمُجِيبَةُ) وەلامدەرەوەکە تەلاقی دەکەوێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرمووەی پاستتردا، چونکە گفتوگۆی تەلاقەکە لەگەڵ ئەویاندا کراوە.

(وَلَوْ عَلَّقَ بِأَكْلِ رُمَّانَةٍ وَعَلَّقَ بِنِصْفٍ) ئەگەر تەلاقەکەی هەڵواسی بە خواردنی هەنارێك و بە خواردنی نیو هەنارێك: وەك ئەگەر هەنارێك بخۆی تەلاقت کەوتبێ و ئەگەر نیو هەنار بخۆی تەلاقت کەوتبێ (فَأَكَلَتْ رُمَّانَةً) ژنەکەش هەنارێکی خوارد، ئەوە (فَطَلْقَتَانِ) دوو تەلاقی دەکەون، چونکە نیوە هەنارێکی خواردوەو هەم هەنارێکی خواردوە.

﴿ پێناسەی سوێند بە تەلاق ﴾

(وَالْحَلِفُ بِالطَّلاَقِ) سوێندخواردن بە تەلاق ئەوەیە: (مَا تَعَلَّقَ بِهِ) پێیەوە هەڵبواسرێ (حَثٌّ) هاندان لە سەر کارکردنێك (أَوْ مَنْعٌ) یان قەدەغەکردن لە کارکردنێك (أَوْ تَحْقِيقُ خَبَرٍ) یان لێکۆڵینەوەی ڕاستیی هەواڵێك.

کەوابو: (فَإِذَا قَالَ) هەرکاتێك مێردەکە گوتی (إِنْ حَلَفْتُ بِطَلاَقٍ فَأَنْتِ طَالِقٌ) ئەگەر سوێندم بە تەلاق خوارد تۆ تەلاقەکەوتووی (ثُمَّ قَالَ) ئینجا مێردەکە بۆ هاندان سوێندی خواردو گوتی: (إِنْ لَمْ تَخْرُجِي) ئەگەر نەچیتە دەرەوە تەلاقت کەوتبێ (أَوْ) یان بۆ قەدەغەکردن سوێندی خواردو گوتی: (إِنْ خَرَجْتِ) ئەگەر بچیتە دەرەوە تەلاقت کەوتبێ

(أَوْ) یان بۆ لێکۆڵینەوەی پاستیی هەواڵێك سوێندی خواردو گوتی: (إِنْ لَمْ يَكُنْ الأَمْرُ كَمَا قُلْتُ فَأَنْتِ طَالِقٌ) ئەگەر ئەو کارە وەك من گوتم ئەوها نەبێ تۆ تەلاقکەوتووی. ئەوە (وَقَعَ الْمُعَلَّقُ بِالْحَلِفِ) هەر ئەو دەمە ئەو تەلاقەی بە سوێندەکە هەڵواسراوە دەکەوێ، چونکە سوێندەکەی خوارد، هەم (وَيَقَعُ الآخَرُ إِنْ وُجِدَتْ صِفَتُهُ) تەلاقەکەیتریش دەکەوێ ئەگەر سیفەتە سوێند لەسەرخوراوەکە بێتە جێو ژنەکەش جیماعی لەگەڵ کرابێ، چونکە ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، ئەو کاتە بە تەلاقەکەوتنەکەی هەڵواسراو دەبێتە (بائن)، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

وَلَوْ قَالَ: إذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ أَوْ جَاءَ الْحُجَّاجُ فَأَنْتِ طَالِقٌ. لَمْ يَقَعْ الْمُعَلَّقُ بِالْحَلِفِ، وَلَوْ قِيلَ لَهُ اِسْتِخْبَارًا: أَطَلَّقْتَهَا؟ فَقَالَ: نَعَمْ. فَإِقْرَارٌ، فَإِنْ قَالَ أَرَدْت مَاضِيًا وَرَاجَعْت صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَإِنْ قِيلَ ذَلِكَ إلْتِمَاسًا لِأِنْشَاءٍ فَقَالَ: نَعَمْ. فَصَرِيحٌ وَقِيلَ كِنَايَةٌ.

(فَصْلٌ) عَلَّقَ بِأَكْلِ رَغِيفٍ أَوْ رُمَّانَةٍ فَبَقِيَ لُبَابَةٌ أَوْ حَبَّةٌ

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر ئەو پیاوەی تەلاقەکەی بە سوێندخواردنەکەی هەڵواسیوە گوتی: (إِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ أَوْ جَاءَ الْحُجَّاجُ فَأَنْتِ طَالِقٌ) هەر کاتێك ڕۆژ هەڵات، یان حاجیەکان هاتنەوە تۆ تەلاقەکەوتووی، ئەو کاتە (لَمْ يَقَعْ الْمُعَلَّقُ بِالْحَلِفِ) ئەو تەلاقەی بە سوێندەکە هەڵواسراوە ناکەوێ؟ چونکە ئەم هەڵواسینە: نە هاندانو نە قەدەغەکردنو نە لێکۆڵینەوەی تێدا نیە. (وَلَوْ قِيلَ لَهُ اِسْتِخْبَارًا: أَطَلَّقْتَهَا؟) ئەگەر بە ناوی لێپرسین بە میردەکە گوترا: ئایا ژنەکەت تەلاق دا؟ (فَقَالَ نَعَمْ) میردەکەش گوتی: بەڵێ (فَإِقْرَارٌ) ئەوە دانپێدانێنانە بە تەلاقدانەکە، کەواتە: ئەگەر بە درۆ بەڵێی گوتبێ، لە پەنهانیدا تەلاقی ناکەوێ، بەڵام (فَإِنْ قَالَ أَرَدْت مَاضِيًا وَرَاجَعْتُ) ئەگەر گوتی: مەبەستم بە بەڵێ تەلاقدانێکیتریڕابردوو بوو و لە دوای ئەو تەلاقدانیش ژنەکەم گەڕاندبۆوە، ئەو کاتە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێ دەکرێ (وَإِنْ قِيلَ ذَلِكَ إلْتِمَاسًا لِأِنْشَاءٍ) ئەگەر بە ناوی داواکردنی تەلاقدان پێی گوترا: ئایا ژنەکەت تەلاق دا؟ (فَقَالَ نَعَمْ) ئەویش گوتی: بەڵێ. ئەوە (فَصَرِيحٌ) ووشەی ئاشکرای تەلاقدانە، ئەگەر نیەتیتەلاقدانیشی نەبێ تەلاقی دەکەوێ (وَقِيلَ كِنَايَةٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: نائاشکرایەو پێویستی بە نیەتی تەلاقدان هەیە.

﴿ ئاگاداری ﴾: ئەگەر گوترا میردەکە: ئەگەر ئەم کارەت کردبێ تەلاقت کەوتبێ؟ ئەویش بڵێ: بەڵێ. یان ئەگەر ژنت بە سەر ژنەکەت هێنا، یان ئەگەر فلانە شتە ڕووی‌دا تەلاقت کەوتبێ؟ ئەویش بڵێ: بەڵێ. ئەوە ئەگەر کارەکەشی کردبێ تەلاقی ناکەوێو ناشبێتە هەڵواسینی تەلاق، هەروەها ئەگەر بگوترێ: ئایا ژنەکەت سێ بەسێ تەلاق داوە؟ ئەویش بڵێ: هەندێك شتی وەها بووە. ئەوەش نابێتە دانپێدانێنانی تەلاقو تەلاقی ناکەوێ.

هەروەها ئەگەر بگوترێ: ئایا ژنت هەیە؟ ئەویش بڵێ: نا. یان بڵێ: بێژنم. ئەوەش تەڵاقی ناکەوێ، هەرچەند نیەتی تەڵاقدانیشی هەبێ؟ چونکە درۆیەکی پووتە، یان بڵێتە ژنەکەی خۆی: تۆ بۆ من هیچ نی. ئەوەش تەڵاقی ناکەوێ، هەرچەند نیەتی تەڵاقدانیشی هەبێ، هەروەك لە (تحفة)و(نهاية)و حاشیەکانیاندا ئەو مەسەلانە پوون کراونەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی چەند جۆرێکیتری هەڵواسین ﴾

(عَلَّقَ بِأَكْلِ رَغِيفٍ أَوْ رُمَّانَةٍ) هەرکاتێك تەڵاقەکەی هەڵواسیو گوتی: ئەگەر کولێرەیەك، یان هەنارێك بخۆی تەڵاقت کەوتبێ (فَبَقِيَ لُبَابَةٌ أَوْ حَبَّةٌ) ئینجا لە دوای خواردنەکە پارچە لَمْ يَقَعْ، وَلَوْ أَكَلاَ تَمْرًا وَخَلَطَا نَوَاهُمَا فَقَالَ: إِنْ لَمْ تُمَيِّزِي نَوَاكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ. فَجَعَلَتْ كُلَّ نَوَاةٍ وَحْدَهَا لَمْ يَقَعْ إِلاَّ أَنْ يَقْصِدَ تَعْيِينًا، وَلَوْ كَانَ بِفَمِهَا تَمْرَةٌ فَعَلَّقَ بِبَلْعِهَا ثُمَّ بِرَمْيِهَا ثُمَّ بِإِمْسَاكِهَا فَبَادَرَتْ مَعَ فَرَاغِهِ بِأَكْلِ بَعْضٍ وَرَمْيِ بَعْضٍ لَمْ يَقَعْ، وَلَوْ اِتَّهَمَهَا بِسَرِقَةٍ فَقَالَ: إِنْ لَمْ تَصْدُقِينِي فَأَنْتِ طَالِقٌ. فَقَالَتْ: سَرَقْتُ مَا سَرَقْتُ. لَمْ تَطْلُقْ، وَلَوْ قَالَ: إِنْ لَمْ تُخْبِرِينِي بِعَدَدِ حَبِّ هَذِهِ الرُّمَّانَةِ قَبْلَ كَسْرِهَا. فَالْخَلاَصُ أَنْ تَذْكُرَ عَدَدًا يُعْلَمُ أَنَّهَا لاَ تَنْقُصُ عَنْهُ ثُمَّ تَزِيدَ وَاحِدًا وَاحِدًا حَتَّى تَبْلُغَ مَا يُعْلَمُ أَنَّهَا لاَ تَزِيدُ عَلَيْهِ،

کولێرەیەکی بچوك، یان دەنکە هەنارێك مایەوە (لَمْ يَقَعْ) تەڵاقەکەی ناکەوێ، چونکە هەمووی نەخواردوە (وَلَوْ أَكَلاَ تَمْرًا وَخَلَطَا نَوَاهُمَا) ئەگەر ژنو مێردەکە قەسپیان خواردو دەنکە قەسپەکانیشیان تێکەڵ کردن (فَقَالَ إِنْ لَمْ تُمَيِّزِي نَوَاكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ) مێردەکەش گوتیە ژنەکەی: ئەگەر دەنکە قەسپەکانی خۆت جیانەکەیەوە تۆ تەڵاقکەوتووی (فَجَعَلَتْ كُلَّ نَوَاةٍ وَحْدَهَا) ژنەکەش هەر دەنکێکی بە تەنها دانا، ئەوە (لَمْ يَقَعْ) تەڵاقی ناکەوێ (إِلاَّ أَنْ يَقْصِدَ تَعْيِينًا)مەگەر مەبەستی مێردەکە دیارکردنی دەنکەکان بێ، ئەو کاتە تەڵاقی دەکەوێ، چونکە دیارکردنەکە مەحاڵە.

(وَلَوْ كَانَ بِفَمِهَا تَمْرَةٌ) ئەگەر ژنەکە قەسپێکی لەدەمدا بوو (فَعَلَّقَ بِبَلْعِهَا) مێردەکەش تەڵاقەکەی بە قوتدانی قەسپەکە هەڵواسی (ثُمَّ بِرَمْيِهَا) ئینجا بە فڕێدانی قەسپەکە (ثُمَّ بِإِمْسَاكِهَا) ئینجا بە ڕاگرتنی قەسپەکە، واتە: گوتی ئەگەر ئەم قەسپە قوت بدەی تەڵاقت کەوتبێ، ئەگەر فڕێی بدەی تەڵاقت کەوتبێ، ئەگەر لە دەمدا ڕاییگری تەڵاقت کەوتبێ (فَبَادَرَتْ مَعَ فَرَاغِهِ بِأَكْلِ بَعْضٍ وَرَمْيِ بَعْضٍ) ژنەکەش لەگەڵ کۆتایی قسەی مێردەکە پەلەی کرد: بەشێکی قەسپەکەی خواردو بەشێکیشی فڕێدا (لَمْ يَقَعْ) تەڵاقی ناکەوێ.

(وَلَوْ اِتَّهَمَهَا بِسَرِقَةٍ) ئەگەر مێردەکە تۆمەتی دزیی بە ژنەکەی کرد (فَقَالَ إِنْ لَمْ تَصْدُقِينِي فَأَنْتِ طَالِقٌ) ئینجا مێردەکە گوتی: ئەگەر ڕاستیم پێ نەڵێی تۆ تەڵاقکەوتووی (فَقَالَتْ سَرَقْتُ مَا سَرَقْتُ) ژنەکەش گوتی: دزیومە نەمدزیوە. ئەوە (لَمْ تَطْلُقْ) تەڵاقی ناکەوێ، چونکە بێگومان لەو دوو ووشەیە لە یەکێکیاندا ڕاست دەکا.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتیە ژنەکەی: (إِنْ لَمْ تُخْبِرِينِي بِعَدَدِ حَبِّ هَذِهِ الرُّمَّانَةِ قَبْلَ كَسْرِهَا) ئەگەر- پێش شکاندنی ئەم هەنارە- ژمارەی دەنکەکانیم پێ نەڵێی تەڵاقت کەوتبێ. ئەوە (فَالْخَلَاصُ) ڕزگاربوون لە تەڵاقەکەوتن بەوە دەبێ: (أَنْ تَذْكُرَ عَدَدًا يُعْلَمُ أَنَّهَا لَا تَنْقُصُ عَنْهُ) ژنەکە ژمارەیەکی ئەوها بڵێ: کە بزاندرێ هەنارەکە لەو ژمارەیە دەنکەکانی کەمتر نیە (ثُمَّ تَزِيدَ وَاحِدًا وَاحِدًا حَتَّى تَبْلُغَ مَا يُعْلَمُ أَنَّهَا لَا تَزِيدُ عَلَيْهِ) ئینجا یەکە یەکە ژمارەی دەنکەکان زیاد بکا تا دەگاتە ژمارەیەکی ئەوها کە بزاندرێ دەنکەکانی لەو ژمارەیە زیاتر نابن.

وَالصُّورَتَانِ فِيمَنْ لَمْ يَقْصِدْ تَعْرِيفًا، وَلَوْ قَالَ لِثَلَاثٍ: مَنْ لَمْ تُخْبِرْنِي بِعَدَدِ رَكَعَاتِ فَرَائِضِ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ، فَقَالَتْ وَاحِدَةٌ: سَبْعَ عَشْرَةَ. وَأُخْرَى: خَمْسَ عَشْرَةَ. أَيْ يَوْمَ جُمُعَةٍ، وَثَالِثَةٌ: إِحْدَىعَشْرَةَ. أَيْ لِمُسَافِرٍ، لَمْ يَقَعْ، وَلَوْ قَالَ: أَنْتِ طَالِقٌ إِلَى حِينٍ أَوْ زَمَانٍ أَوْ بَعْدَ حِينٍ. طَلَقَتْ بِمُضِيِّ لَحْظَةٍ، وَلَوْ عَلَّقَ بِرُؤْيَةِ زَيْدٍ أَوْ لَمْسِهِ أَوْ قَذْفِهِ تَنَاوَلَهُ حَيًّا وَمَيِّتًا، بِخِلَافِ ضَرْبِهِ،

(وَالصُّورَتَانِ) وێنەی دزیەکەو هەنارەکە (فِيمَنْ لَمْ يَقْصِدْ تَعْرِيفًا) لە بارەی ئەو کەسە بوو: کە دیارکردنی مەبەست نەبێ، ئەگینا: بەو ڕێگەیەڕابردوو ڕزگاری نابێ.

ئینجا بزانە: ئەگەر شتێکی لە شوێنێك دانا، ئینجا لێی بە سەهوو چوو، ژنەکەشی بە شتەکەی نەزانیبو، مێردەکەش گوتی: ئەگەر شتەکەم نەدەیتێ تەڵاقت کەوتبێ. ئینجا مێردەکە شوێنەکەی هاتەوە بیرو دیتی شتەکە لە شوێنەکەدایە، ئەوە تەڵاقی ناکەوێ، بەڵکو سوێندەکەش دانامەزرێ، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی، بەڵام ئەگەر لەو مەسەلەیەدا بڵێ: هەر کاتێك شتەکەم نەدەیتێ تەڵاقت کەوتبێ، ئەو کاتە تەڵاقی دەکەوێ، هەروەك لە (نهاية)دا فەرموویەتی.

(وَلَوْ قَالَ لِثَلَاثٍ) ئەگەر بە سێ ژنەکانی خۆی گوت (مَنْ لَمْ تُخْبِرْنِي بِعَدَدِ رَكَعَاتِ فَرَائِضِ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ) هەر کێتان ژمارەی ڕەکعەتەکانی نوێژە واجبەکانی ڕۆژێو شەوێم پێ نەڵێ تەڵاقی کەوتبێ (فَقَالَتْ وَاحِدَةٌ سَبْعَ عَشْرَةَ) ژنێکیان گوتی: حەڤدەنە (وَأُخْرَى خَمْسَ عَشْرَةَ: أَيْ يَوْمَ جُمُعَةٍ) یەکێکیش گوتی: پانزەنە. واتە: لە ڕۆژی هەینیدا (وَثَالِثَةٌ إِحْدَى عَشْرَةَ: أَيْ لِمُسَافِرٍ) سێیەمەکەش گوتی: پانزەنە. واتە: بۆ ڕێبوار، ئەوە (لَمْ يَقَعْ) تەڵاقی ناکەوێ، چونکە گشتیان ڕاست دەکەن.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ إِلَى حِينٍ أَوْ زَمَانٍ أَوْ بَعْدَ حِينٍ) تۆ تەڵاقەکەوتووی تا کاتێك، یان تا ماوەیەك ، یان پاش ماوەیەك، ئەوە (طَلَقَتْ بِمُضِيِّ لَحْظَةٍ) تەڵاقی دەکەوێ بە ڕابردنی ماوەی چاوليكردنێك، بەڵام ئەگەر بڵێ: تەڵاقم کەوتبێ تا ماوەیەك حەقەکەت دەدەمەوە. ئەوە تا بێئومێد نەبێ تەڵاقی ناکەوێ، هەروەك لە

(تحفة)دا فەرموویەتی؟ چونکە ئەمە وەعدەپێدانە.

(وَلَوْ عَلَّقَ بِرُؤْيَةِ زَيْدٍ) ئەگەر تەلاقەکەی هەلواسی بە دیتنی زەید (أَوْ لَمْسِهِ) یان بە دەست لێدانی (أَوْقَذْفِهِ) یان بە بوختان پێکردنی: وەک ئەگەر فلانکەست دیت، یان دەستت لێدا، یان بوختانت پێکرد تەلاقت کەوتبێ. ئەوە (تَنَاوَلَهُ حَيًّا وَمَيِّتًا) هەلواسینەکەی هەرسێکیان لە حالەتی زیندوویی و مردوویدا فلانکەسەکە دەگرێتەوە (بِخِلَافِ ضَرْبِهِ) بەلام لێدان ئەوها نیە: وەک ئەگەر لە فلانکەس بدەی تەلاقت کەوتبێ، ئەوە ئەگەر لە حالەتی زیندوویدا ایێی بدا تەلاقی دەکەوێ، ئەگەرنا: نا.

وَلَوْ خَاطَبَتْهُ بِمَكْرُوهٍ: كَيَا سَفِيهُ يَا خَسِيسُ، فَقَالَ: إِنْ كُنْتُ كَذَاكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ. إِنْ أَرَادَ مُكَافَأَتَهَا بِإِسْمَاعِ مَا تَكْرَهُ طَلَقَتْ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ سَفَهٌ، أَوِ التَّعْلِيقَ أُعْتُبِرَتِ الصِّفَةُ، وَكَذَا إِنْ لَمْ يَقْصِدْ فِالأَصَحِّ، وَالسَّفَهُ مُنَافِي إِطْلَاقَ التَّصَرُّفِ، وَالْخَسِيسُ: قِيلَ مَنْ بَاعَ دِينَهُ بِدُنْيَاهُ، وَيُشْبِهُ أَنْ يُقَالَ: هُوَ مَنْ يَتَعَاطَى غَيْرَ لَائِقٍ بِهِ بُخْلاً.

(كِتَابُ الرَّجْعَةِ)

شَرطُ الْمُرْتَجِعِ أَهْلِيَّةُ النِّكَاحِ بِنَفْسِهِ،

(وَلَوْ خَاطَبَتْهُ بِمَكْرُوهٍ) ئەگەر ژنەکە قسەیەکی ناخۆشی بە میردەکەی گوت: (كَـ) وەک (يَا سَفِيهُ يَا خَسِيسُ) هەی مالبەفیڕۆدەر، هەی ڕەزیل (فَقَالَ إِنْ كُنْتُ كَذَاكِ فَأَنْتِ طَالِقٌ) میردەکەش گوتی: ئەگەر من ئەوها بم تۆ تەلاقکەوتووی. ئەوە (إِنْ أَرَادَ مُكَافَأَتَهَا بِإِسْمَاعِ مَا تَكْرَهُ) ئەگەر میردەکەش مەبەستی ئەوە بێ تۆلەی جنێوەکەی بکاتەوە بە قسەیەکی ئەوها کە ژنەکەی پێی ناخۆش بێ، ئەوە (طَلَقَتْ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ سَفَهٌ) تەلاقی دەکەوێ هەرچەند میردەکەش بەفیڕۆدەرو ڕەزیل نەبێ (أَوِ التَّعْلِيقَ) یان ئەگەر مەبەستی هەلواسین بێ، ئەوە (أُعْتُبِرَتِ الصِّفَةُ) مەرجە پێهەلواسراوەکە بێتە جێ (وَكَذَا إِنْ لَمْ يَقْصِدْ) هەروەها ئەگەر هیچیشی مەبەست نەبێ، مەرجە: پێهەلواسراوەکە بێتە جێ (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

(وَالسَّفَهُ) مالْ بەفیڕۆدان (مُنَافِي إِطْلَاقَ التَّصَرُّفِ) سیفەتێکە دژ بە سەربەخۆیی دەستکاریکردنی ملکو مالە، هەروەک لە باسیقەدەغەکردندا ڕابرا (وَالْخَسِيسُ) ڕەزیل (قِيلَ مَنْ بَاعَ دِينَهُ بِدُنْيَاهُ) ئەو کەسەیە ئایینی خۆی بە دونیایەکەی فرۆشتبێ (وَيُشْبِهُ أَنْ يُقَالَ) پێشدەچێ بگوترێ (هُوَ مَنْ يَتَعَاطَى غَيْرَ لَائِقٍ بِهِ بُخْلاً) ڕەزیل ئەو کەسەیە لە بەر بەخیلی کاری وەها بکا: کە شیاوی خۆی نەبێ.

ئینجا بزانە: ئەگەر گوتی: تەلاقم کەوتبێ مالی فلانکەس ناخۆم. ئینجا بووە میوانی کەسەکەو بە میوانداری خواردی، ئەوە تەلاقی ناکەوێ، چونکە پێش قوتدان خواردنەکە

دەبێتە ملکی میوانەکە، هەروەک لە (تحفة)و (الشروانی)دا فەرموویانە.

﴿ كِتَابُ الرَّجْعَةِ: پەڕتوکی گەڕاندنەوەی ژن=چاککردنەوەی تەلاق ﴾

واتە: ئەو ژنەی بە خۆڕایی بە تەلاقێک، یان بە دوو تەلاق تەلاقی‌داوە، لە (عِدَّة)دا بیگەڕێنێتەوە ژێر مارەبڕینی‌خۆی، بێ مارەکردنەوەیەکی‌نوێ، جا ئەم جۆرە تەلاقدراوە پێی دەگوترێ: (رَجْعِيَّة) گەڕایەوەیی. هەروەک لە سەرەتای (خُلْع)دا ڕابرا.

(شَرطُ الْمُرْتَجِعِ) مەرجی ئەو کەسەی تەلاقدراوی(رَجْعِيَّة) دەگەڕێنێتەوە ئەوەیە: (أَهلِيَّةُ النِّكَاحِ بِنَفْسِهِ) شیاوی ئەوە بێ بەخۆی ژن لە خۆی مارە ببڕێ: وەک بالغو عاقلّ بێو وَلَوْ طَلَّقَ فَجُنَّ فَلِلْوَلِيِّ اَلرَّجْعَةُ عَلَى الصَّحِيحِ حَيْثُ لَهُ اِبْتِدَاءُ النِّكَاحِ، وَتَحْصُلُ بِرَاجَعْتُكِ وَرَجَعْتُكِ وَارْتَجَعْتُكِ، وَالأَصَحُّ أَنَّ الرَّدَّ وَالإِمْسَاكَ صَرِيحَانِ، وَأَنَّ التَّزْوِيجَ وَالنِّكَاحَ كِنَايَتَانِ، وَلْيَقُلْ: رَدَدْتُهَا إِلَيَّ. أَوْ إِلَى نِكَاحِي. وَالْجَدِيدُ أَنَّهُ لاَ يُشْتَرَطُ الإِشْهَادُ، فَتَصِحُّ بِكِنَايَةٍ،

بە خۆشی خۆی بێو کافربوو نەبێ، کەواتە: ژن گەڕاندنەوەی منداڵو شێتو زۆرلێکراو و کافربوو دروست نابێ.

بەڵام (وَلَوْ طَلَّقَ فَجُنَّ) ئەگەر ژنەکەی تەلاق دا، ئینجا لە دوای تەلاقدانەکە شێت بوو، ئەوە (فَلِلْوَلِيِّ الرَّجْعَةُ عَلَىالصَّحِيحِ) سەرپەرشتکارەکەی بۆی دروستە ژنەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، لە سەر فەرموودەی ڕاست، بەڵام (حَيْثُ لَهُ اِبْتِدَاءُ النِّكَاحِ) لەو حاڵەتەی کە بۆی دروست بێ لە سەرەتادا ژنێک لە شێتەکە مارەبکا: وەک شێتەکە پێویستی بە جیماعکردن بێ، کەواتە: سەرپەرشکارەکە دەڵێ: فلانە ژنی ئەم شێتەم گەڕاندەوە ژێر مارەبڕینی شێتەکە. کەوابو: وەکیلگرتنیش بۆ ژن گەڕاندنەوە دروستە.

ئینجا بزانە: ئەگەر میردەکە کەوتە گومان: ئایا تەلاقی داوە، یان نا، ئینجا لە (عِدَّة)دا– بۆ پارێزکاری– ژنەکەی گەڕاندەوە، ئینجا ئاشکرا بوو تەلاقیداوە، ئەوە گەڕاندنەوەکەی دروست بووە، هەروەک لە (تحفة)و (مغنی)دا فەرموویانە.

(وَتَحْصُلُ) گەڕاندنەوەی تەلاقدراوی(رَجْعِيَّة) دێتەجێ (بِـ) بە یەکێک لەو ووشانە: وەک (رَاجَعْتُكِ وَرَجَعْتُكِ وَارْتَجَعْتُكِ) ڕیجعەتم لەگەڵ تۆ کرد، تۆم گەڕاندەوە، قبوڵی گەڕاندنەوی تۆم کرد (وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستتر: (أَنَّ الرَّدَّ وَالإِمْسَاكَ صَرِيحَانِ) تۆم هێناوە= گەڕاندەوە، تۆم ڕاگرتەوە، هەردووکیان ووشەی‌ئاشکرای گەڕاندنەوەن، چونکە هەردووکیان لە قورئاندا هاتون (وَ) هەر بە فەرموودەی‌ڕاستتر (أَنَّ التَّزْوِيجَ وَالنِّكَاحَ كِنَايَتَانِ) کردمە جووت لەگەڵ خۆمو لەخۆم مارە کردەوە، هەردووکیان ووشەی نائاشکرانو پێویستە نیەتی گەڕاندنەوەیان لەگەڵدا بێ.

(وَلْيَقُل) ئەو کەسەی تەلاقدراوەکە دەگەڕێنێتەوە با بڵێ: (رَدَدْتُهَا إِلَيَّ أَوْ إِلَى نِكَاحِي) ژنەکەم گەڕاندەوە لای‌خۆم. یان بڵێ: ژنەکەم گەڕاندەوە ژێڕ مارەبڕینی‌خۆم.

(وَالْجَدِيدُ) به فەرموودەی نوێ (أَنَّهُ لَايُشْتَرَطُ الإِشْهَادُ) بۆ دروستبوونی گەڕاندنەوەی‌ژنەکە بە مەرج داناندرێ: شاهید بگرێ، بەڵکو شاهیدگرتنەکە سوننەتە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ هەر کاتێك ژنە تەڵاقدراوەکان لە تەواوبوونی (عِدَّة) نزیك کەوتنەوە: یان بە یاسای‌شەرع پایان بگرنەوە، یان بە یاسای‌شەرع لێیان جیا ببنەوە، دوو پیاوی دادپەروەریش لە سەر ڕاگرتنەوەکە بکەنە شاهید. کەوابو: (فَتَصِحُّ بِكِنَايَةٍ) گەڕاندنەوەی ژنەکە بە ووشەی نائاشکراش دروست دەبێ، ئەگەر نیەتی لەگەڵدا بێ.

وَلاَ تَقْبَلُ تَعْلِيقًا، وَلاَ تَحْصُلُ بِفِعْلٍ: كَوَطْءٍ، وَتَخْتَصُّ الرَّجْعَةُ بِمَوْطُوءَةٍ طُلِّقَتْ بِلاَ عِوَضٍ لَمْ يُسْتَوْفَ عَدَدُ طَلاَقِهَا بَاقِيَةٍ فِالْعِدَّةِ مَحَلٍّ لِحِلٍّ لاَ مُرْتَدَّةٍ،

﴿ئاگاداری﴾: بۆ دروستبوونی گەڕاندنەوەی ژن: ڕازیبوونی ژنەکەو سەرپەرشتکارەکەی مەرج نیە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ﴾ مێردەکانیان لەپێشترن بۆ گەڕاندنەوەیان لە ماوەی (عِدَّة)دا.

(وَلاَ تَقْبَلُ تَعْلِيقًا) گەڕاندنەوەی ژن قبوڵی هەڵواسین ناکا: وەك تۆم گەڕاندەوە ئەگەر حەزت کرد (وَلاَ تَحْصُلُ بِفِعْلٍ: كَوَطْءٍ) گەڕاندنەوە نایەتە جێ بە کردارێك: وەك جیماعکردن، هەر چەند نیەتی گەڕاندنەوەشی هەبێ.

(وَتَخْتَصُّ الرَّجْعَةُ) گەڕاندنەوە تایبەتە بەو تەڵاقدراوەی ئەم مەرجانەی لێبێنەجێ: یەکەم: (بِمَوْطُوءَةٍ) بەو ژنەی جیماعی لەگەڵ کراوە، یان (مَني)یە ڕێزدارەکەی مێردەکەی تێکراوە، چونکە ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکرابێو تەڵاق بدرێ، یەکسەر دەبێتە (بائن)و (عِدَّة)شی لە سەر نیە، ئایەتەکەی‌ڕابردووش فەرموی: لە ماوەی (عِدَّة)دا.

دووەم: (طُلِّقَتْ بِلاَ عِوَضٍ) ژنەکەش بە خۆڕایی تەڵاق درابێ، چونکە ئەگەر مارەبڕینی هەڵوەشێندرابێتەوە، یان بە پارە تەڵاق درابێ، ئەو کاتە بە مارەبڕینێکی‌نوێ نەبێ حەڵاڵ نابێتەوە.

سێیەم: (لَمْ يُسْتَوْفَ عَدَدُ طَلاَقِهَا) ژمارەی تەڵاقەکانی‌ژنەکە تەواو نەبوبێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿اَلطَّلاقُ مَرَّتَانِ﴾ ئەو تەڵاقدانەی گەڕاندنەوەی بە دوادا دەبێ دوو جارە. کەواتە: ئەگەر سێ تەڵاقەکەی تەواو بوبن ئەوە بە مارە بەجاش نەبێ لێی حەڵاڵ نابێتەوە، هەروەك ڕابرا، هەم ﴿عَنْ ابن عمر رضي الله عنهما –فِي جَوَابِ سائلٍ–: أَمَّا أَنْتَ طَلَّقْتَ اِمْرأَتَكَ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ فَإِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَمَرَنِي بِهذا، وَإِنْ كُنْتَ طَلَّقْتَها ثَلاَثاً فَقَدْ حَرُمَتْ عَلَيْكَ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَكَ﴾ رواه مسلم، ئەگەر ژنەکەت یەك، یان دوو تەڵاق داوە، ئەوە

پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکردم بێگەڕێنمەوە، بەڵام ئەگەر سێبەسێ تەڵاقت دابێ، ئەوە ژنەکەت لێحەڕام بووە تا مێردێکیتر دەکا.

چوارەم: (بَاقِيَةٌ فِيالْعِدَّة) ژنە تەڵاقدراوەکە لە (عِدَّة)دا مابێ، چونکە ئەگەر (عِدَّة)ی تەواو بوبێ، پێویستی بە مارەبڕینێکی سەرلەنوێیە.

پێنجەم: (مَحَلٌّ لِحِلٍّ) ژنە تەڵاقدراوەکە شیاوی حەڵاڵبوونیش بێ بۆ مێردەکەی، چونکە ئەگەر ژنەکە موسوڵمان ببێو مێردەکەشی هەر کافر بێ، ئەو کاتە گەڕاندنەوەکەی دروست نابێ، هەم (لاَ مُرْتَدَّةٌ) ژنەکەش کافربوو نەبێ، چوکە ژنیکافربوو حەڵاڵ نیە.

وَإِذَا اِدَّعَتْ اِنْقِضَاءَ عِدَّةِ أَشْهُرٍ وَأَنْكَرَ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، أَوْ وَضْعَ حَمْلٍ لِمُدَّةِ إِمْكَانِ وَهِيَ مِمَّنْ تَحِيضُ لاَ آيِسَةٌ فَالأَصَحُّ تَصْدِيقُهَا بِيَمِينٍ، وَإِنْ اِدَّعَتْ وِلاَدَةَ تَامٍّ فَإِمْكَانُهُ سِتَّةُ أَشْهُرٍ وَلَحْظَتَانِ مِنْ وَقْتِ النِّكَاحِ، أَوْ سِقْطٍ مُصَوَّرٍ فَمِأَةٌ وَعِشْرُونَ يَوْمًا وَلَحْظَتَانِ، أَوْ مُضْغَةٍ بِلاَ صُورَةٍ فَثَمَانُونَ يَوْمًا وَلَحْظَتَانِ، أَوْ اِنْقِضَاءَ أَقْرَاءٍ: فَإِنْ كَانَتْ حُرَّةً وَطُلِّقَتْ فِي طُهْرٍ فَأَقَلُّ الإِمْكَانِ اِثْنَانِ وَثَلاَثُونَ يَوْمًا وَلَحْظَتَانِ،

(وَإِذَا اِدَّعَتْ اِنْقِضَاءَ عِدَّةِ أَشْهُرٍ) هەرکاتێك ژنە تەڵاقدراوەکە گوتی: (عِدَّة)م تەواو بووە، (عِدَّة)کەشی بە مانگ بوو، چونکە لە حەیز وەستابو (وَأَنْكَرَ) مێردەکەش گوتی: ڕاست ناکاو (عِدَّة)ی تەواو نەبوە، ئەوە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ.

(أَوْ وَضْعَ حَمْلٍ لِمُدَّةِ إِمْكَانٍ) یان ژنەکە گوتی: باری زگم داناوەو دەشگونجا لەو ماوەیەدا ئەو بارەی دانابێ (وَهِيَ مِمَّنْ تَحِيضُ لاَ آيِسَةٌ) ژنەکەش لەوانە بوو حەیزی دەدیت، نەك لە حەیز وەستابێ، ئەو کاتە (فَالأَصَحُّ تَصْدِيقُهَا بِيَمِينٍ) بە فەرموودەی ڕاستتر: بە سوێندخواردن باوەڕ بە ژنەکە دەکرێ، بەڵام ئەگەر نەبالغ بوو، یان لەحەیز وەستابو، ئەو کاتە بە سوێندخواردن باوەڕی پێناکرێ.

ئینجا (وَإِنْ اِدَّعَتْ وِلاَدَةَ تَامٍّ) ئەگەر ژنەکە گوتی: منداڵێکی تەواوم لێبوە. ئەوە (فَإِمْكَانُهُ سِتَّةُ أَشْهُرٍ وَلَحْظَتَانِ مِنْ وَقْتِ النِّكَاحِ) لایکەمی گونجانی ئەو منداڵبوونەش شەش مانگو دوو چاوچوقانە لە کاتیمارەبڕینەوە: چاوچوقانێك بۆ جیماعو چاوچوقانێکیش بۆ منداڵبوون (أَوْ سِقْطٍ مُصَوَّرٍ) یان ژنەکە گوتی: کۆرپەیەکیلەبارچووی‌وێنەکراوم لێبوە. ئەوە (فَمِأَةٌ وَعِشْرُونَ يَوْمًا وَلَحْظَتَانِ) لایکەمی گونجانی ئەو کۆرپەیەش سەدو بیست ڕۆژو دوو چاوچوقانە (أَوْ مُضْغَةٍ بِلاَ صُورَةٍ) یان گوتی: پارچە گۆشتێکی لەبارچووی بێوێنەم لێبوە. ئەوەش (فَثَمَانُونَ يَوْمًا وَلَحْظَتَانِ) لایکەمیەکەی هەشتا ڕۆژو دوو چاوچوقانە، چونکە لە حەدیسی (صحیح)دا ئەو سێ قۆناغانە هاتوون بە هەر جۆرێکیش لەو سێ جۆرە منداڵبوونە (عِدَّة) تەواو دەبێ، هەروەك لە باسی (عِدَّة)دا ڕوون کراوەتەوە.

(أَوْ اِنْقِضَاءَ أَقْرَاءٍ) یان ژنەکە گوتی: (عِدَّة)م بە پاکبوونەوەیحەیز تەواو

بـــــــ

لە(عِدَّة) دەستپێکراوەکەی جیماع.

بـۆ وێنـە: لـە دوای دوو مـانگ، یـان دوو پاکبوونـەوە مێردەکـە جیمـاعی لەگـەڵ ژنـە تەڵاقدراوەکەی کرد، ئەوە لـە سـەر ژنەکـە واجبـە سـەرلەبنیات بـۆ ئـەو جیماعـە لـە کـاتی جیماعەکەوە دەست بە (عِدَّة)یەکیتر بکاتەوە، واتە: سێ مانگیتر، یان سێ پاکبوونەوەیتر چاوەڕوان بکا، ئەو مانگەش، یان ئەو پاکبوونـەوەش کـە لـە (عِـدَّة)یتەڵاقەکـەی مـابێوە، دەچێتە نـاو (عِـدَّة)یجیماعەکـە، بـەڵام مێردەکـە بـۆی دروسـت نیـە لـە هـەموو (عِـدَّة)ی جیماعەکەدا ژنەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵکو تەنها لە مانگەکەییەکەمدا، یان لە پاکبوونەوەکەی یەکەمدا–کە پێش جیماع مابونەوە– مافی هەیەو لە دووەکەیتردا مافی نیە.

وَيَحْـرُمُ الإسْـتِمْتَاعُ بِهَـا، فَـإِنْ وَطِـئَ فَـلاَ حَـدَّ، وَلاَ يُعَـزَّرُ إلاَّ مُعْتَقِـدُ تَحْرِيمِـهِ، وَيَجِـبُ مَهْرُمِثْـلٍ إنْ لَـمْ يُرَاجِـعْ، وَكَـذَا إنْ رَاجَـعَ عَلَىالْمَـذْهَبِ، وَيَصِـحُّ إيـلاَءٌ وَظِهَارٌ وَطَلاَقٌ وَلِعَانٌ، وَيَتَوَارَثَانِ، وَإِذَا اِدَّعَى–وَالْعِدَّةُ مُنْقَضِيَةٌ– رَجْعَةً فِيهَا فَأَنْكَرَتْ: فَإِنْ اِتَّفَقَا عَلَى وَقْتِ الإنْقِضَاءِ كَيَوْمِ الْجُمُعَةِ وَقَالَ: رَاجَعْت يَوْمَ الْخَمِيسِ،

جـا بزانـە: ئـەوە لـە حاڵەتێکـدا بـوو: کـە تەڵاقدراوەکـە ئـاوس نـەبێ، چـونکە ئەگـەر تەڵاقدراوەکە لە مێردەکەی ئاوس بوو، یان مێردەکەی بەو جیماعە ئاوسی کرد، ئەو کاتە پێویست بە بنیاتنانەوەی (عِدَّة) ناکاو تا زگەکەشی دادەنێ مێردەکە مافی گەڕاندنـەوەی هەیە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَيَحْرُمُ الإسْتِمْتَاعُ بِهَا) لە مێردەتەڵاقدەرەکە حەرامە لەزەت لەو ژنە وەربگرێ کە بە (رَجْعِي) تەڵاقیداوە، بەڵکو تەماشاکردنیشی حەرامە (فَإِنْ وَطِئَ) جا ئەگەر مێردەکە جیماعی لەگەڵ کرد (فَلاَ حَدَّ) سزای زینای لە سەر نیە، چـونکە هەنـدێك لـە زانایـان بـە حـەڵاڵیان دانـاوە، کەوابو: (وَلاَ يُعَزَّرُ إلاَّ مُعْتَقِدُ تَحْرِيمِهِ) لەزەتوەرگرەکە تەمبێش ناکرێ، هەرچەند جیماعیشـی کردبێ، مەگەر باوەڕی وابێ حەرامە، وەك مەزهەبی (شافعی) بێ، ئەوە تەمبێ دەکرێ.

(وَيَجِبُ مَهْرُ مِثْلٍ إنْ لَمْ يُرَاجِعْ) بە هۆی ئەم جیماعە مێردەکە مـارەیی هاووێنـەی لـە سـەر واجب دەبێ بـۆ ژنـە تەڵاقدراوەکـە ئەگـەر نەیگەڕێنێتـەوە (وَكَذَا إنْ رَاجَـعَ عَلَىالْمَـذْهَبِ) هەروەها ئەگەر بشیگەڕێنێتەوە مارەییەکەی هەر لە سەر واجب دەبێ، لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب، چونکە جیماعەکە شوبهەی تێدایە، کەوابو: ئەو منداڵـەی لـەم جیماعـە پەیدا دەبێ، هەر لە نەژادی مێردە جیماعکەرەکەیەو بیژی نیە.

(وَيَصِحُّ إيلاَءٌ وَظِهَارٌ) سوێندی جیماع نەکردنو زیهارکردن لەو ژنەش دروست دەبن کە بـە (رَجْعِي)تەڵاق دراوە، هەم (وَطَـلاَقٌ) تەڵاقدانیتریشـی دروسـت دەبـێ: وەك لـە دوای ئـەم تەڵاقە–لە (عِدَّة)دا– بە تەڵاقێکیتر، یان بە دووەکەیتر تـەڵاقی بـدا: بـە پـارە، یـان بـە

خۆڕایی، هەم (وَلِعَانٌ) لەعنەت لێکردنی زینایشی دروست دەبێ.
(وَيَتَوَارَثَانِ) ژنو مێرد لە (عِدَّة)ی تەلاقی(رَجْعِي)دا میرات لە یەکتری دەگرن، هەروەک لە کۆتایی (دەسەلاتی‌مێرد بە سەر شوێنی‌تەلاقدا) ڕابرا.
(وَإِذَا ادَّعَى وَالْعِدَّة مُنْقَضِيَةٌ رَجْعَةً فِيهَا) هەر کاتێک لە دوای تەواوبوونی (عِدَّة) مێردەکە گوتی: لە (عِدَّة)دا ژنەکەم گەڕاندۆتەوە (فَأَنْكَرَتْ) ژنەکەش گوتی: ڕاست نیە. ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ اتَّفَقَا عَلَى وَقْتِ الإِنْقِضَاءِ كَيَوْمِ الْجُمُعَةِ) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە لە سەر کاتی کۆتایی (عِدَّة) ڕێک کەوتن: وەک هەردووکیان بڵێن: لە ڕۆژی هەینی‌یەوە (عِدَّة)کە تەواو بووە (وَقَالَ رَاجَعْت يَوْمَ الْخَمِيسِ) مێردەکەش گوتی: لە ڕۆژی پێنج شەممە گەڕاندمەوە فَقَالَتْ: بَل السَّبْتِ. صُدِّقَتْ بِيَمِينِهَا، أَوْ عَلَى وَقْتِ الرَّجْعَةِ كَيَوْمِ الْجُمُعَةِ وَقَالَتْ: اِنْقَضَتِ الْخَمِيسَ. وَقَالَ: السَّبْتَ. صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَإِنْ تَنَازَعَا فِالسَّبْقِ بِلاَ اِتِّفَاقٍ فَالأَصَحُّ تَرْجِيحُ سَبْقِ الدَّعْوَى: فَإِنْ ادَّعَتْ الإِنْقِضَاءَ ثُمَّ ادَّعَى رَجْعَةً قَبْلَهُ صُدِّقَتْ بِيَمِينِهَا، أَوْ ادَّعَاهَا قَبْلَ اِنْقِضَاءٍ فَقَالَتْ: بَعْدَهُ. صُدِّقَ، قُلْتُ: فَإِنْ ادَّعَيَا مَعًا صُدِّقَتْ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَمَتَى ادَّعَاهَا وَالْعِدَّةُ بَاقِيَةٌ صُدِّقَ، وَمَتَى أَنْكَرَتْهَا وَصُدِّقَتْ ثُمَّ اِعْتَرَفَتْ قُبِلَ اِعْتِرافُهَا،

(فَقَالَتْ: بَل السَّبْتِ) ژنەکەش گوتی: بەڵکو ڕۆژی شەممە گەڕاندمتەوە، ئەوە ئەگەر شاهید نەبن (صُدِّقَتْ بِيَمِينِهَا) بە سوێندخواردن باوەڕ بە ژنەکە دەکرێ کە نەیزانیوە لە پێنج شەممەدا گەڕاندوویەتیەوە.
(أَوْ عَلَى وَقْتِ الرَّجْعَةِ كَيَوْمِ الْجُمُعَةِ) یان ژنەکەو مێردەکە لە سەر کاتی گەڕاندنەوەکە ڕێک کەوتن: وەک هەردووک بڵێن لە ڕۆژی جومعە گەڕاندنەوەکەی کردوە، بەڵام (وَقَالَتْ: اِنْقَضَتِ الْخَمِيسَ) ژنەکەش گوتی: لە پێنج شەممەوە (عِدَّة)م تەواو بووە (وَقَالَ السَّبْتَ) مێردەکەش گوتی: لە شەممەوە تەواو بووە، ئەوە ئەگەر شاهید نەبن (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ.
(وَإِنْ تَنَازَعَا فِيالسَّبْقِ) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە بووە کێشەیان لەوەدا: گەڕاندنەوەکە پێشتر بووە، یان تەواوبوونی(عِدَّة)؟ بەڵام (بِلاَ اتِّفَاقٍ) لە سەر کاتی هیچێک لەو دووانەش ڕێک نەکەوتن، ئەوە (فَالأَصَحُّ تَرْجِيحُ سَبْقِ الدَّعْوَى) بە فەرموودەی ڕاستتر: لای ئەوەیان بەهێز دەکرێ کە پێشدا داوایەکەی کردوە، بۆ وێنە: (فَإِنْ ادَّعَتْ الإِنْقِضَاءَ) ئەگەر پێشدا ژنەکە گوتی: (عِدَّة)م تەواو بووە (ثُمَّ ادَّعَى رَجْعَةً قَبْلَهُ) ئینجا مێردەکەش گوتی پێش تەواوبوونی (عِدَّة) گەڕاندمەوە. شاهیدیش نەبون، ئەوە (صُدِّقَتْ بِيَمِينِهَا) بە سوێندخواردن باوەڕ بە ژنەکە دەکرێ (أَوْ ادَّعَاهَا قَبْلَ اِنْقِضَاءٍ) یان پێشدا مێردەکە گوتی: پێش تەواوبوونی(عِدَّة) گەڕاندمەوە (فَقَالَتْ بَعْدَهُ) ئینجا ژنەکەش گوتی: دوای تەواوبوونی (عِدَّة)

گەڕاندمتەوە. ئەوە (صُدِّقَ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ.
(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (فَإِنْ ادَّعَيَا مَعًا) ئەگەر ژنەکەو مێردەکە وێکڕا لە یەک کاتدا داوایەکەی خۆیان کرد (صُدِّقَتْ وَاللهُ أَعْلَمُ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە ژنەکە دەکرێ.
(وَمَتَى ادَّعَاهَا وَالْعِدَّةُ بَاقِيَةٌ) هەر کاتێک–لەو حاڵەتەدا کە (عِدَّة)کە ماوە– مێردەکە بڵێ: ژنەکەم گەڕاندۆتەوە. شاهیدیشی نەبون، ئەوە (صُدِّقَ) بە سوێندخواردن باوەڕی پێ دەکرێ، چونکە ئێستاش دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە.
(وَمَتَى أَنْكَرَتْهَا وَصُدِّقَتْ) هەر کاتێک ژنەکە گوتی: نەیگەڕاندومەوە. باوەڕیشی پێکرا (ثُمَّ اعْتَرَفَتْ) ئینجا پەشیمان بۆوەو دانی پێدا هێناو گوتی: لە (عِدَّة)دا گەڕاندومیەوە. ئەوە (قُبِلَ اعْتِرَافُهَا) دانپێداهێنانەکەی قبوڵ دەکرێ.
وَإِذَا طَلَّقَ دُونَ ثَلاَثٍ وَقَالَ وَطِئْتُ فَلِي رَجْعَةٌ وَأَنْكَرَتْ صُدِّقَتْ بِيَمِينٍ وَهُوَ مُقِرٌّ لَهَا بِالْمَهْرِ، فَإِنْ قَبَضَتْهُ فَلاَ رُجُوعَ لَهُ، وَإِلاَّ فَلاَ تُطَالِبُهُ إِلاَّ بِنِصْفِ.

(كِتَابُ الإِيلاَءِ)

هُوَ حَلِفُ زَوجٍ يَصِحُّ طَلاَقُهُ: لَيَمْتَنِعَنَّ مِنْ وَطْئِهَا مُطْلَقًا أَوْ فَوْقَ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ، وَالْجَدِيدُ أَنَّهُ لاَ يَخْتَصُّ بِالْحَلِفِ بِاللهِ تَعَالَى وَصِفَاتِهِ، بَل لَوْ عَلَّقَ بِهِ طَلاَقًا أَوْ عِتْقًا

(وَإِذَا طَلَّقَ دُونَ ثَلاَثٍ) هەرکاتێک مێردەکە بە تەڵاقێک، یان بە دوو تەڵاق ژنەکەی تەڵاق دا، ئینجا (وَقَالَ وَطِئْتُ فَلِي رَجْعَةٌ) گوتی: جیماعم لەگەڵ ئەم ژنە تەڵاقدراوەم کردوە، کەوابو: مافی گەڕاندنەوەیم هەیە (وَأَنْكَرَتْ) ژنەکەش گوتی: جیماعی لەگەڵ نەکردوم. ئەوە (صُدِّقَتْ بِيَمِينٍ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە ژنەکە دەکرێ، بەڵام (وَهُوَ مُقِرٌّ لَهَا بِالْمَهْرِ) مێردەکەش بەو داوایە دان بە تەواوی‌مارەییەکەدا دەهێنێ بۆ ژنەکە، چونکە دەڵێ جیماعم لەگەڵ کردوە. کەوابو: (فَإِنْ قَبَضَتْهُ) ئەگەر ژنەکە هەموو مارەییەکەی وەرگرتبو (فَلاَ رُجُوعَ لَهُ) مێردەکە مافی نیە هیچی لێوەربگرێتەوە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر ژنەکە مارەییەکەی وەرنەگرتبو، ئەو کاتە (فَلاَ تُطَالِبُهُ إِلاَّ بِنِصْفِ) نابێ جگە لە نیوەی مارەییەکەی داوای هیچیتر بکا، چونکە دەڵێ: جیماعی لەگەڵ نەکردوم.

﴿ كِتَابُ الإِيلاَءِ: **پەرتوکی سوێندی جیماع نەکردن** ﴾

(هُوَ) واتەی (الإِيلاَءِ) لە شەرعدا: (حَلِفُ زَوجٍ يَصِحُّ طَلاَقُهُ) سوێندخواردنی مێردێکە کە تەڵاقدانی دروست بێ، واتە: منداڵو شێتو زۆرلێکراو نەبێ، ئینجا سوێندەکەش بۆ ئەوە بێ: کە (لَيَمْتَنِعَنَّ مِنْ وَطْئِهَا) خۆی قەدەغە بکا لە جیماعکردن لەگەڵ ژنەکەی (مُطْلَقًا) خۆقەدەغەکردنەکەشی بێماوەدانان بێ (أَوْ فَوْقَ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ) یان زیاتر لە چوار مانگ بێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللهَ

غَفُورٌرَّحِيمٌ وَإِنْ عَزَمُواالطَّلاقَ فَإِنَّ اللهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ ئەوانەی سوێند دەخۆن: جیماع لەگەڵ ژنەکانی خۆیان نەکەن، تا ماوەی چوار مانگ مۆڵەتی چاوەڕوانکردنیان هەیە، جا ئەگەر گەڕانەوە بۆ کاری ژنو مێردایەتی–واتە: جیماعیان کردو کەففارەتی سوێندەکەیان دا– ئەوە خوا لێیان خۆش دەبێو ڕەحیمان پێدەکا، ئەگەر نەگەڕانەوەو ویستیان تەلاق بدەن خوایگەورە بیسەرو زانایە.

جا بزانە: ئایەتەکە بەڵگەشە: کە مێردەکە بەو سوێندخواردنە گوناهبار دەبێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَالْجَدِيدُ) بە فەرموودەی نوێ (أَنَّهُ لاَ يَخْتَصُّ بِالْحَلِفِ بِاللهِ تَعَالَى وَصِفَاتِهِ) سوێندی جیماع نەکردن تایبەت نیە بە سوێند بە خوایگەورەو سیفەتەکانی (بَل لَوْ عَلَّقَ بِهِ طَلاَقًا أَوْ عِتْقًا) أَوْ قَالَ: إِنْ وَطِئْتُكِ فَلِلَّهِ عَلَيَّ صَلاَةٌ أَوْ صَوْمٌ أَوْ حَجٌّ أَوْ عِتْقٌ. كَانَ مُولِيًا، وَلَوْ حَلَفَ أَجْنَبِيٌّ عَلَيْهِ فَيَمِينٌ مَحْضَةٌ فَإِنْ نَكَحَهَا فَلاَ إِيلاَءَ، وَلَوْ آلَى مِنْ رَتْقَاءَ أَوْ قَرْنَاءَ أَوْ آلَى مَجْبُوبٌ لَمْ يَصِحَّ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَلَوْ قَالَ: وَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ فَإِذَا مَضَتْ فَوَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ. وَهَكَذَا مِرَارًا فَلَيْسَ بِمُولٍ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ قَالَ: وَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ خَمْسَةَ أَشْهُرٍ فَإِذَا مَضَتْ فَوَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ سَنَةً. فَإِيلاَءَانِ لِكُلٍّ حُكْمُهُ،

بەڵکو ئەگەر تەڵاقدانێك، یان ئازادکردنێکی بە جیماعەوە هەڵواسی: وەک بڵێ ئەگەر جیماعت لەگەڵ بکەم تەڵاقم کەوتبێ (أَوْ قَالَ) یان بە نەزەرکردنی خواپەرستێی هەڵواسیو گوتی: (إِنْ وَطِئْتُكِ فَلِلَّهِ عَلَيَّ صَلاَةٌ أَوْ صَوْمٌ أَوْ حَجٌّ أَوْ عِتْقٌ) ئەگەر جیماعم لەگەڵ کردی لە سەرم واجب بێ بۆ خوا نوێژێك بکەم، یان ڕۆژووێك بگرم، یان حەجێك بکەم، یان کۆیلەیەك ئازادبکەم. ئەوە (كَانَ مُولِيًا) لە گشت ئەو وێنانەشدا دەبێتە سوێندخۆری جیماع نەکردن.

(وَلَوْ حَلَفَ أَجْنَبِيٌّ عَلَيْهِ) ئەگەر بێگانەیەك سوێندی لە ئافرەتێکی بێگانە خوارد: جیماعی لەگەڵ نەکا، ئەوە (فَيَمِينٌ مَحْضَةٌ) سوێندێکی ڕووتە، واتە: ئەگەر زینای لەگەڵ کرد، یان مارەی کردو جیماعی لەگەڵ کرد، ئەو کاتە واجبە: کەففارەتی سوێندەکە بدا، کەوابو: (فَإِنْ نَكَحَهَا فَلاَ إِيلاَءَ) ئەگەر ژنەکەی مارە کرد بڕیاری سوێندی جیماع نەکردنی بۆنادرێ، واتە: ماوەی چوار مانگەکەی بۆ داناندرێ، چونکە لە کاتی سوێندخواردنەکەدا ژنیخۆی نەبوە.

(وَلَوْ آلَى مِنْ رَتْقَاءَ أَوْ قَرْنَاءَ) ئەگەر سوێندی خوارد: جیماع لەگەڵ ئەو ژنەی نەکا: کە کونی جیماعی گیراوە (أَوْ آلَى مَجْبُوبٌ) یان مێردە سوێندخۆرەکە ئەندامی جیماعی هەموو لێکرابۆوە، ئەوە (لَمْ يَصِحَّ عَلَىالْمَذْهَبِ) ئەو سوێندخواردنە دروست نەبوە، لە سەر

فەرموودەی پاستی مەزهەب.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (وَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ فَإِذَا مَضَتْ فَوَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ) واللە ماوەی چوار مانگ جیماعت لەگەڵ ناکەم، جا هەر کاتێک ئەو چوار مانگەش ڕۆیشتن دیسان واللە تا ماوەی چوار مانگ جیماعت لەگەڵ ناکەم (وَهَكَذَا مِرَارًا) ئەوها چەند جارێک سوێندەکەی خوارد (فَلَيْسَ بِمُولٍ فِيالأَصَحِّ) ئەوەش نابێتە سوێندخۆری جیماع نەکردن، لە فەرموودەی پاستردا؟ چونکە هیچ سوێندێکی لە چوار مانگ زیاتر نیە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (وَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ خَمْسَةَ أَشْهُرٍ فَإِذَا مَضَتْ فَوَاللهِ لاَ وَطِئْتُكِ سَنَةً) واللە ماوەی پێنج مانگ جیماعت لەگەڵ ناکەم، جا هەر کاتێک پێنج مانگەکە ڕۆیشت دیسان واللە ماوەی ساڵێک جیماعت لەگەڵ ناکەم. ئەوە (فَإِيلاَءَانِ لِكُلِّ حُكْمُهُ) دوو سوێندی

وَلَوْ قَيَّدَ بِمُسْتَبْعَدِ الْحُصُولِ فِالأَرْبَعَةِ كَنُزُولِ عِيسَى عليه السلام أَوْ بِمُسْتَحِيلٍ كَصُعُودِ الْجَمَلِ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ أَوْ بِمُسْتَبْعَدٍ وَمُسْتَحِيلٍ كَمَجِيءِ الْجَمَلِ وَدُخُولِهِ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ فَمُولٍ فِي الْحَالِ فِي الأَصَحِّ، وَلَوْ قَيَّدَ بِمُسْتَبْعَدِ الْحُصُولِ فِي

تۆ نانێم (وَوَطْءٌ وَجِمَاعٌ) والله جیماعت لەگەڵ ناکەم (وَافْتِضَاضُ بِكْرٍ) والله کچینیت لانابەم– ئەگەر ژنەکە کچ بێ– کەواتە: ووشەی گان–بە هەر پرستەیەك بێ– ئاشکرایە (وَالْجَدِيدُ) بە فەرموودەیەنوێ (أَنَّ مُلاَمَسَةً وَمُبَاضَعَةً وَمُبَاشَرَةً وَإِتْيَانًا وَغَشَيَانًا وَقِرْبَانًا وَنَحْوِهَا كِنَايَاتٌ) ووشەی دەستلێدانو عەورەت بە عەورەتو خۆپێوەنانو هاتنەلاو خۆبەسەردادانو نزیکبوونو ئەو جۆرانە گشتی ووشەی نائاشکرانو پێویستی بە نیەت هەیە.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (إِنْ وَطِئْتُكِ فَعَبْدِي حُرٌّ) ئەگەر جیماعم لەگەڵ کردی کۆیلەکەم ئازاد بێ (فَزَالَ مِلْكُهُ عَنْهُ)ئینجا کۆیلەکە لە ملکایەتیی لاچوو (زَالَ الإِيلاَءُ) سوێندەکەش لادەچێ، بەڵام (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی: (فَعَبْدِي حُرٌّ عَنْ ظِهَارِي) ئەگەر جیماعت لەگەڵ بکەم کۆیلەکەم لە کەفارەتی زیهارەکەم ئازاد بێ (وَكَانَ ظَاهَرَ) پێشداش زیهاری کردبو، ئەوە (فَمُولٍ) دەبێتە سوێندخۆری جیماع نەکردن (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر زیهاری نەکردبو، ئەوە فَلاَ ظِهَارَ وَلاَ إِيلاَءَ بَاطِنًا، وَيُحْكَمُ بِهِمَا ظَاهِرًا، وَلَوْ قَالَ عَنْ ظِهَارِي إِنْ ظَاهَرْت. فَلَيْسَ بِمُولٍ حَتَّى يُظَاهِرَ، أَوْ إِنْ وَطِئْتُكِ فَضَرَّتُكِ طَالِقٌ. فَمُولٍ فَإِنْ وَطِئَ طَلَقَتِ الضَّرَّةُ وَزَالَ الإِيلاَءُ، وَالأَظْهَرُ أَنَّهُ لَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ: وَاللهِ لاَ أُجَامِعُكُنَّ. فَلَيْسَ بِمُولٍ فِالْحَالِ فَإِنْ جَامَعَ ثَلاَثًا فَمُولٍ مِنَ الرَّابِعَةِ، فَلَوْ مَاتَ بَعْضُهُنَّ قَبْلَ وَطْءٍ زَالَ الإِيلاَءُ،

(فَلاَ ظِهَارَ وَلاَ إِيلاَءَ بَاطِنًا) نە دەبێتە زیهارو نە دەبێتەسوێندخواردن لە نێوان خۆیو خوای گەورەدا، چونکە درۆیێ کردوە، بەڵام (وَيُحْكَمُ بِهِمَا ظَاهِرًا) لە ئاشکرایێدا بڕیاری زیهارو سوێندەکەی بۆ دەدرێ، چونکە دانی پێدا هێناون.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی: (عَنْ ظِهَارِي إِنْ ظَاهَرْتُ) ئەگەر جیماعم لەگەڵت کرد کۆیلەکەم لە کەفارەتی زیهارەکەم ئازاد بێ ئەگەر لە مەودوا زیهارم کرد. ئەوە (فَلَيْسَ بِمُولٍ حَتَّى يُظَاهِرَ) لەو کاتدا نابێتە سوێندخۆر تا زیهارەکە دەکا، واتە: هەرکاتێك زیهارەکەی کرد دەبێتە سوێندخۆر (أَوْ) یان مێردەکە گوتی: (إِنْ وَطِئْتُكِ فَضَرَّتُكِ طَالِقٌ) ئەگەر جیماعم لەگەڵ کردی هەوێیەکەت تەڵاقەوتوو بێ (فَمُولٍ) ئەوەش سوێندخۆری جیماع نەکردنە، کەوابو: (فَإِنْ وَطِئَ طَلَقَتِ الضَّرَّةُ وَزَالَ الإِيلاَءُ) ئەگەر جیماعی لەگەڵ ژنەکە کرد، هەوێیەکەی تەڵاقی دەکەوێو سوێندەکەش لادەچێ.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر سوێندەکەی بە تەڵاقی سێبەسێ بوو: وەك ئەگەر جیماعت لەگەڵ بکەم هەر سێك تەڵاقت کەوتبن. یان بڵێ: هەر سێك تەڵاقی هەوێیەکەت کەوتبن. ئەوە ئەگەر خولع بکا–لە هەردوو مەسەلەدا– لە کەوتنی سێ تەڵاقەکە پزگاری دەبێ، هەروەك لە باسی (دەسەڵاتیمێرد بە سەر شوێنیتەڵاقدا) پابرا.

بەڵام ئەگەر–لە مەسەلەیەکەمدا– خولعی نەکردو جیماعی لەگەڵ ژنەکەی کرد، ئەوە هەر کاتێك سەری ئەندامەکەی بردە ژوورەوە، یەکسەر واجبە: بە پەلە لێیدەربێنێ،

چونکه بەو جیماعە سێ تەڵاقی دەکەون، بەڵام ئەگەر سێیەسێ نەبو، ئەو کاتە: یان دەبێ لێیدەربێنێ، یان یەکسەر بێگەڕێنێتەوە ژێر مارەیخۆی، تاکو گوناهبار نەبێ، هەروەک لە (نهاية)و (مغنی)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: (أَنَّهُ لَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ) ئەگەر مێردەکە گوتیە هەر چوار ژنەکانیخۆی: (وَاللهِ لاَ أُجَامِعُكُنَّ) واللە جیماعتان لەگەڵ ناکەم. ئەوە (فَلَيْسَ بِمُولٍ فِي الْحَالِ) ئەم دەمە نابێتە سوێندخۆر، چونکە ئەگەر جیماع لەگەڵ گشتیان نەکا سوێندی لێناکەوێ، کەوابو: (فَإِنْ جَامَعَ ثَلاَثًا فَمُولٍ مِنَ الرَّابِعَةِ) ئەگەر جیماعی لەگەڵ سێ ژنان کرد، ئەو کاتە دەبێتە سوێندخۆر لە چوارەمەکە، کەواتە: ئەگەر جیماع لەگەڵ چوارەمەکە بکا، کەفارەتی لە سەر واجب دەبێ (فَلَوْ مَاتَ بَعْضُهُنَّ قَبْلَ وَطْءٍ) ئەگەر لەو چوارانە یەکێکیان مرد پێش جیماع لەگەڵکردنی (زَالَ الإِيلاَءُ) سوێندەکە لادەچێ، چونکە تازە جیماع لەگەڵ چواران ناکا.

وَلَوْ قَالَ: لاَ أُجَامِعُ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْكُنَّ. فَمُولٍ مِنْ كُلِّ وَاحِدَةٍ، وَلَوْ قَالَ: لاَ أُجَامِعُكِ إِلَى سَنَةٍ إِلاَّ مَرَّةً. فَلَيْسَ بِمُولٍ فِالْحَالِ فِي الأَظْهَرِ، فَإِنْ وَطِئَ وَبَقِيَ مِنْهَا أَكْثَرُ مِنْ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَمُولٍ. (فَصْلٌ) يُمْهَلُ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ مِنَ الإِيلاَءِ بِلاَ قَاضٍ، وَفِي رَجْعِيَّةٍ مِنَ الرَّجْعَةِ، وَلَوْ ارْتَدَّ أَحَدُهُمَا بَعْدَ دُخُولٍ فِالْمُدَّةِ انْقَطَعَتْ، فَإِذَا أَسْلَمَ اُسْتُؤْنِفَتْ، وَمَا يَمْنَعُ الْوَطْءَ وَلَمْ يُخِلَّ بِنِكَاحٍ إِنْ وُجِدَ فِيهِ لَمْ يَمْنَعِ الْمُدَّةَ: كَصَوْمٍ وَإِحْرَامٍ وَمَرَضٍ وَجُنُونٍ، أَوْ فِيهَا وَهُوَ حِسِّيٌّ كَصِغَرٍ وَمَرَضٍ مَنَعَ، وَإِنْ حَدَثَ فِي الْمُدَّةِ قَطَعَهَا

بەڵام (وَلَوْ قَالَ: لاَ أُجَامِعُ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْكُنَّ) ئەگەر گوتی: واللە جیماع لەگەڵ هیچێکتان ناکەم. ئەو کاتە (فَمُولٍ مِنْ كُلِّ وَاحِدَةٍ) لە گشتیان دەبێتە سوێندخۆر: هەر یەکەیان سەربەخۆ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی: (لاَ أُجَامِعُكِ إِلَى سَنَةٍ إِلاَّ مَرَّةً) واللە تا ساڵێك جیماعت لەگەڵ ناکەم تەنها یەك جار نەبێ، ئەوە (فَلَيْسَ بِمُولٍ فِيالْحَالِ فِيالأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتر ئەو دەم نابێەسوێندخۆر، بەڵکو (فَإِنْ وَطِئَ) ئەگەر جیماعی کردو (وَبَقِيَ مِنْهَا أَكْثَرُ مِنْ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ) ساڵەکەش زیاتر لە چوار مانگی تێدا مابو، لەو کاتەوە (فَمُولٍ) دەبێتە سوێندخۆر.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ماوە دانان بۆ سوێندخۆرەکە ﴾

(يُمْهَلُ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ مِنَ الإِيلاَءِ) واجبە: سوێندخۆرەکە مۆڵەتی چوار مانگی بدرێتێ لە کاتی سوێندخواردنەوە، بە بەڵگەی ئایەتەکەی‌پابردوو (بِلاَ قَاضٍ) بێئەوەی ژنەکە بچێتە لای قازی (وَفِي رَجْعِيَّةٍ مِنَ الرَّجْعَةِ) لە تەڵاقدراوی (رَجْعِية)دا–ئەگەر سوێندی جیماع نەکردنی لێخواردبو– لە کاتی گەڕاندنەوەیەوە مۆڵەتی چوار مانگەکە دادەندرێ.

(وَلَوْ اِرْتَدَّ أَحَدُهُمَا بَعْدَ دُخُولٍ فِىالْمُدَّةِ) ئەگەر لە دوای جیماعکردن ژنەکە، یان مێردەکە لە ماوەی چوار مانگەکەدا کافر بوو، ئەوە (اِنْقَطَعَتْ) ماوەکە دەپچڕی (فَإِذَا أَسْلَمَ اُسْتُؤْنِفَتْ) جا هەر کاتێك کافربووەکە موسوڵمان بۆوە، ماوەکە سەرلەبنیات دەستی پێدەکرێتەوە.

(وَمَا يَمْنَعُ الْوَطْءَ وَلَمْ يُخِلَّ بِنِكَاحٍ) هەر شتێك جیماعکردن قەدەغە بکا، بەڵام زیان لە ماڕەبڕینەکە نەدا: (إِنْ وُجِدَ فِيهِ) ئەگەر لە مێردەکەدا بێتە جێ، ئەوە (لَمْ يَمْنَعِ الْمُدَّةَ) ماوەی سوێندەکە قەدەغە ناکاو نایپچڕێنێ: (كَصَوْمٍ وَإِحْرَامٍ وَمَرَضٍ وَجُنُونٍ) وەك بەڕۆژووبوونی مێردەکەو ئیحرام بەستنیو نەخۆشیو شێتبوونی.

(أَوْ فِيهَا وَهُوَ حِسِّيٌّ) یان قەدەغەکەری جیماعەکە لە ژنەکەدا هاتەجێو هەست پێکراویش بوو: (كَصِغَرٍ وَمَرَضٍ) وەك بچوکیو نەخۆشیی ژنەکە، ئەوە(مَنَعَ) دەست پێکردنی ماوەی سوێندەکە قەدەغە دەکا، کەوابو: (وَإِنْ حَدَثَ فِىالْمُدَّةِ) ئەگەر قەدەغەکەری جیماع لە ناو ماوەکەدا لە ژنەکە هاتەجێ: وەك (نَاشِزَةٍ)بوونی ژنەکەو نەخۆشیی، ئەوە (قَطَعَهَا) ماوەکە فَإِذَا زَالَ اُسْتُؤْنِفَتْ، وَقِيلَ تُبْنَى، أَوْ شَرْعِيٌّ: كَحَيْضٍ وَصَوْمِ نَفْلٍ فَلاَ، وَيَمْنَعُ فَرْضٌ فِىالأَصَحِّ فَإِنْ وَطِئَ فِى الْمُدَّةِ، وَإِلاَّ فَلَهَا مُطَالَبَتُهُ بِأَنْ يَفِيءَ أَوْ يُطَلِّقَ وَلَوْ تَرَكَتْ حَقَّهَا فَلَهَا الْمُطَالَبَةُ بَعْدَهُ، وَتَحْصُلُ الْفَيْئَةُ بِتَغْيِيبِ حَشَفَةٍ بِقُبُلٍ، وَلاَ مُطَالَبَةَ إِنْ كَانَ بِهَا مَانِعُ وَطْءٍ كَحَيْضٍ وَمَرَضٍ، وَإِنْ كَانَ فِيهِ مَانِعٌ طَبِيعِيٌّ: كَمَرَضٍ طُولِبَ بِأَنْ يَقُولَ: إِذَا قَدَرْتُ فِئْتُ. أَوْ شَرْعِيٌّ: كَإِحْرَامٍ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ يُطَالَبُ بِطَلاَقٍ،

دەپچڕێنێ (فَإِذَا زَالَ اُسْتُؤْنِفَتْ) جا هەرکاتێك قەدەغەکەرەکە نەما، سەرلەبنیات دەست بە ماوەکە دەکرێتەوە (وَقِيلَ تُبْنَى) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا لە سەر ڕابردووەکە تەواودەکرێ (أَوْ شَرْعِيٌّ) یان قەدەغەکەرەکە شەرعی بوو: (كَحَيْضٍ وَصَوْمِ نَفْلٍ) وەکو حەیزو ڕۆژووی سوننەتی ژنەکە (فَلاَ) ماوەکە قەدەغە ناکاو نایپچڕێنێ، بەڵام (وَيَمْنَعُ فَرْضٌ فِىالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا: ڕۆژووی واجبی ژنەکە ماوەکە قەدەغە دەکاو دەیپچڕێنێ، چونکە مێردەکە بۆی ناگونجێ لە حاڵەتی بەڕۆژوبوونی ژنەکەدا جیماعی لەگەڵ بکا.

(فَإِنْ وَطِئَ فِىالْمُدَّةِ) جا ئەگەر لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا مێردەکە جیماعی لەگەڵ ژنەکە کرد، ئەوە سوێندەکە هەڵدەوەشێتەوەو لادەچێ، مێردەکەش کەفارەتی سوێندەکەی لە سەر واجب دەبێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا جیماعی لەگەڵ نەکرد، ئەو کاتە (فَلَهَا مُطَالَبَتُهُ) ژنەکە مافیهەیە داوا لە مێردەکە بکا: (بِأَنْ يَفِيءَ أَوْ يُطَلِّقَ) بۆ ئەوە: یان بگەڕێتەوە بۆ جیماعکردنو کەفارەت بدا، یان تەلاقی بدا، بە بەڵگەی ئایەتەکە (وَلَوْ تَرَكَتْ حَقَّهَا) ئەگەر ژنەکە وازی لە مافیخۆی هێناو داوایەکەی نەکرد، ئەوە (فَلَهَا الْمُطَالَبَةُ بَعْدَهُ) لە دوای وازهێنانەکەش مافی هەیە داوا لە مێردەکەی بکا: تاکو جیماعی لەگەڵ بکا، یان تەلاقی بدا، ئینجا (وَتَحْصُلُ الْفَيْئَةُ) گەڕانەوە بۆ جیماعکردن دێتە جێ (بِتَغْيِيبِ حَشَفَةٍ

بِقُبُلٍ) بەوەی سەری ئەندامەکەی خۆی بە تەواوی دەناو کونی پێشەوەی ژنەکەی بنێو ئەگەر کچ بێ کچێنیەکەی لاببا، واتە: مەبەستی جیماعکردن بەوەندە دێتەجێو کەففارەتیشی لە سەر واجب دەبێ.

(وَلاَ مُطَالَبَةَ إِنْ كَانَ بِهَا مَانِعُ وَطْءٍ) ژنەکە مافی داواکردنەکەی نیە ئەگەر قەدەغەکەرێکی جیماعکردن بە خۆیەوە بێ (كَحَيْضٍ وَمَرَضٍ) وەکو حەیزو نەخۆشیو ئەو جۆرە شتانە.

بەڵام (وَإِنْ كَانَ فِيهِ مَانِعٌ طَبِيعِيٌّ) ئەگەر قەدەغەکەرێکی سروشتی لە مێردەکەیدا بوو: (كَمَرَضٍ) وەك نەخۆشیەکی وەها کە جیماعی پێنەکرێ، ئەو کاتە (طُولِبَ) داوای گەڕانەوەی بۆ جیماعکردن لێدەکرێ (بِأَنْ يَقُولَ) کە بە زوبان بڵێ: (إِذَا قَدَرْتُ فِئْتُ) هەر کاتێك توانام هەبوو جیماع دەکەم.

(أَوْ شَرْعِيٌّ) یان قەدەغەکەرێکی شەرعی لە مێردەکەدا بوو: (كَإِحْرَامٍ) وەك لە ژێر ئیحڕامدا بێ، ئەو کاتە (فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ يُطَالَبُ بِطَلَاقٍ) بە فەرموودەی پاستی مەزهەب داوای تەڵاقدانی فَإِنْ عَصَى بِوَطْءٍ سَقَطَتِ الْمُطَالَبَةُ، وَإِنْ أَبَى الْفَيْئَةَ وَالطَّلَاقَ فَالأَظْهَرُ أَنَّ الْقَاضِيَ يُطَلِّقُ عَلَيْهِ طَلْقَةً، وَأَنَّهُ لاَ يُمْهَلُ ثَلاَثَةً، وَأَنَّهُ إِذَا وَطِئَ بَعْدَ مُطَالَبَةٍ لَزِمَهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ.

(كِتَابُ الظِّهَارِ)

ژنەکەی لێدەکرێ، واتە: داوای جیماعکردنی لێناکرێ، چونکە جیماع لە ئیحڕامدا حەڕامە، بەڵام ئەگەر ئیحڕام شکاندنەکەی نزیك بوو، ئەو کاتە ماوەی سێ ڕۆژان چاوەڕوانی ئیحڕام شکاندنەکەی دەکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(فَإِنْ عَصَى بِوَطْءٍ) ئەگەر مێردەکە جیماعی کردو بە جیماعەکەکەش گوناهبار بوو: وەك لە حەیزدا جیماعی کردبێ، ئەوە (سَقَطَتِ الْمُطَالَبَةُ) ژنەکە مافی داواکردنی نامێنێو سوێندەکەش هەڵدەوەشێەوەو کەففارەتیشی لە سەر واجب دەبێ.

بەڵام (وَإِنْ أَبَى الْفَيْئَةَ وَالطَّلَاقَ) ئەگەر مێردەکە جیماعی نەکردو ژنەکەشی تەڵاق نەدا، ئەو کاتە (فَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: (أَنَّ الْقَاضِيَ يُطَلِّقُ عَلَيْهِ طَلْقَةً) قازی لە دژی مێردەکە بە تەڵاقێك ژنەکە تەڵاق دەدا تاکو زیانەکە لە سەر ژنەکە لابچێ، واتە: دەڵێ: (ئەم ژنەم لەجیاتی مێردەکەی بە تەڵاقێك تەڵاق دا). یان: (تەڵاقێکی ئەم ژنەم خست لەجیاتی مێردەکەی).

جا ئەو تەڵاقەش بە (رَجْعِي) دەکەوێ، بەڵام ئەگەر مێردەکە تەنها تەڵاقێکی مابێ، یان جیماعی لەگەڵ ژنەکەی نەکردبێ، ئەو کاتە بەو تەڵاقە دەبێتە (بائن)ی گەورە، یان بچوك، هەروەك لە (تحفة)و (الشروانی)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَأَنَّهُ لاَ يُمْهَلُ ثَلاَثَةً) بە فەرموودەی بەهێزتر: بۆ جیماعکردنو تەڵاقدانەکە

مۆڵەتی سێ ڕۆژی نادرێتێ (وَأَنَّهُ إِذَا وَطِئَ بَعْدَ مُطَالَبَةٍ) هەر بە فەرموودەی بەهێزتر: هەر کاتێك مێردەکە لە دوای داواکێردن، یان پێش داواکێردن جیماعی کرد (لَزِمَهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ) لە هەردوو حاڵەتدا کەففارەتی سوێندی لە سەر واجب دەبێ، واتە: سەرپشکە لە کەففارەتەکە: کۆیلەیەك ئازاد بکا، یان دە مستە گەنم بداتە دە هەژاران، یان دە پارچە جلیان بداتێ، جا ئەگەر توانای هیچێکی لەو سێیانە نەبو، ئەو کاتە واجبە سێ ڕۆژان بەڕۆژوو ببێ.

﴿ كِتَابُ الظِّهَارِ: پەرتوکی زیهار ﴾

واتە: مێردەکە ژنەکەی خۆی وەئافرەتێکی مەحرەمی‌خۆی بچوێنێ، وەك بڵێ: (تۆ لە لای من وەك پشتی دایکمی).

جا ئەم زیهارە لە سەردەمی(جَاهِلِيَّة)دا تەڵاقدان بوو، بەڵام شەریعەتی‌ئیسلام ئەو بڕیارەی گۆڕی و بڕیاری‌دا: ژنەکە حەڕام ببێو کەففارەتی‌داماتووش لە سەر مێردەکە واجب ببێ.

يَصِحُّ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ مُكَلَّفٍ وَلَوْ ذِمِّيًّا وَخَصِيًّا، وَظِهَارُ سَكْرَانَ كَطَلَاقِهِ، وَصَرِيحُهُ أَنْ يَقُولَ لِزَوْجَتِهِ: أَنْتِ عَلَيَّ أَوْ مِنِّي أَوْ مَعِي أَوْ عِنْدِي كَظَهْرِ أُمِّي. وَكَذَا أَنْتِ كَظَهْرِ أُمِّي. صَرِيحٌ عَلَىالصَّحِيحِ، وَقَوْلُهُ: جِسْمُكِ أَوْ بَدَنُكِ أَوْ نَفْسُكِ كَبَدَنِ أُمِّي أَوْ جِسْمِهَا أَوْ جُمْلَتِهَا. صَرِيحٌ، وَالأَظْهَرُ أَنَّ قَوْلَهُ: كَيَدِهَا أَوْ بَطْنِهَا أَوْ صَدْرِهَا. ظِهَارٌ، وَكَذَا كَعَيْنِهَا

جا بزانە: زیهار حەڕامەو لە گوناهە گەورەکانە، بۆیێ کەففارەتێکی‌گەورە لە سەر مێردەکە واجب دەکا، هەروەك لە زۆربەی‌سەرچاوەکاندا فەرموویانە، چونکە خوای‌گەورە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّاللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَراً مِّنَ الْقَوْلِ وَزُوراً﴾ ئەو پیاوانەی لە ئێوە زیهار لە ژنەکانی‌خۆیان دەکەنو وەدایکی‌خۆیان دەچوێنن، ئەو ژنانە دایکی‌ئەوان نین، بەڵکو دایکی‌ئەوان تەنها ئەو دایکانەن کە ئەوانیان لێبوونە، بە ڕاستی ئەو پیاوانە قسەیەکی بێ‌شەرعی‌و درۆ دەڵێن.

(يَصِحُّ) زیهار دروست دەبێ، واتە: دادەمەزرێ (مِنْ كُلِّ زَوْجٍ مُكَلَّفٍ) لە گشت مێردێکی کە بالغو عاقڵو بە خۆشی‌خۆی بێ (وَلَوْ ذِمِّيًّا وَخَصِيًّا) هەر چەند مێردەکەش جولەکەو دیانو خەسێندراو بێ، بەڵام زیهاری بێگانەو مێردێکی منداڵو شێتو زۆرلێکراو دروست نابێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

کەواتە: زیهاری ژنەکەش دروست نابێ، وەك بڵێتە مێردەکەی: (تۆ وەك باوکو برای منی). بەڵکو ئەگەر مەبەستی ڕێزلێنانی مێردەکەی بێ گوناهباریش نابێ، بەڵام ئەگەر مەبەستی وێچواندن بێ، ئەو کاتە گوناهبار دەبێ، واللە أعلم (وَظِهَارُ سَكْرَانَ كَطَلَاقِهِ) زیهارکردنی سەرخۆش وەکو تەڵاقدانیەتیو دورست دەبێ.

(وَصَرِيحُهُ) ووشەی ئاشکرای زیهار (أَنْ يَقُولَ لِزَوْجَتِهِ) ئەوەیە مێردەکە بڵێتە

ژنەکەی خۆی: (أَنْتِ عَلَيَّ أَوْ مِنِّي أَوْ مَعِي أَوْ عِنْدِي كَظَهْرِ أُمِّي) تۆ لە سەر من، یان تۆ لە من، یان تۆ لەگەڵ من، یان تۆ لە لای من، یان تۆ بۆ من وەك پشتی‌دایکمی. (وَكَذَا أَنْتِ كَظَهْرِ أُمِّي) هەروەها ئەگەر بڵێ: تۆ وەك پشتی‌دایکمی. ئەوەش (صَرِيحٌ عَلَىالصَّحِيحِ) ووشەیەکی ئاشکرایە، لە سەر فەرموودەی پاست.

هەم (وَقَوْلُهُ) گۆتەی مێردەکە کە بڵێتە ژنەکەی: (جِسْمُكِ أَوْ بَدَنُكِ أَوْ نَفْسُكِ كَبَدَنِ أُمِّي أَوْ جِسْمِهَا أَوْ جُمْلَتِهَا) لاشەی‌تۆ، یان خودی‌تۆ، یان گشت ئەندامی‌تۆ وەك لاشەی‌دایکمە، یان وەك خودی دایکمە، یان وەك گشت ئەندامی دایکمە. ئەوەش (صَرِيحٌ) ووشەی ئاشکرای زیارە (وَ) هەروەها (الأَظْهَرُ أَنَّ قَوْلَهُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: گۆتەی مێردەکە کە بڵێتە ژنەکەی: (كَيَدِهَا أَوْ بَطْنِهَا أَوْ صَدْرِهَا) تۆ وەك دەستی‌دایکمی، یان وەك زگی‌دایکمی، یان وەك سینگی‌دایکمی. ئەوەش (ظِهَارٌ) زیارە (وَكَذَا) هەروەها بە ووشەی نائاشکراش زیار دادەمەزرێ، وەك بڵێتە ژنەکەی: (كَعَيْنِهَا) تۆ وەك چاوی‌دایکمی، یان تۆ وەك گیانی إِنْ قَصَدَ ظِهَارًا، وَإِنْ قَصَدَ كَرَامَةً فَلاَ، وَكَذَا إِنْ أَطْلَقَ فِالأَصَحِّ، وَقَوْلُهُ: رَأْسُكِ أَوْ ظَهْرُكِ أَوْ يَدُكِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي. ظِهَارٌ فِالأَظْهَرِ، وَالتَّشْبِيهُ بِالْجَدَّةِ ظِهَارٌ، وَالْمَذْهَبُ طَرْدُهُ فِي كُلِّ مَحْرَمٍ لَمْ يَطْرَأْ تَحْرِيمُهَا، لاَ مُرْضِعَةٍ وَزَوْجَةِ اِبْنٍ، وَلَوْ شَبَّهَ بِأَجْنَبِيَّةٍ وَمُطَلَّقَةٍ وَأُخْتِ زَوْجَةٍ وَأَبٍ وَمُلاَعَنَةٍ

دایکمی، یان تۆ وەك دایکمی، واتە: ئەوانەش دەبنە زیهار (إِنْ قَصَدَ ظِهَارًا) ئەگەر مێردەکە بە یەکێك لەو سێیانە مەبەستی زیهار بێ، بەڵام (وَإِنْ قَصَدَ كَرَامَةً) ئەگەر مەبەستی ڕێزلێنانی ژنەکەی بێ (فَلاَ) نابێتە زیهار.

(وَكَذَا إِنْ أَطْلَقَ) هەروەها ئەگەر هیچ مەبەستێکی زیهارو ڕێزلێنانیشی نەبێ، هەر نابێتە زیهار (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا، چونکە ئەو سێ ووشانە نائاشکرانە.

(وَقَوْلُهُ) گۆتەی مێردەکە: (رَأْسُكِ أَوْ ظَهْرُكِ أَوْ يَدُكِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي) سەری‌تۆ، یان پشتی‌تۆ، یان دەستی‌تۆ، یان عەورەتی‌تۆ لە سەر من وەك پشتی‌دایکمە. ئەوەش (ظِهَارٌ فِیالأَظْهَرِ) دەبێتە زیهار لە فەرموودەی بەهێزتردا.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر بڵێتە ژنەکەی: تۆ وەك دایکمی. یان بڵێ: تۆ لە سەر من حەڕام بی هەروەك دایکم حەڕام بووە. ئەوانەش وشەی نائاشکرای زیهار و تەلاقن، واتە: ئەگەر نیەتی تەلاقدان بێ تەلاقی دەکەوێ، یان ئەگەر نیەتی زیهار بێ–واتە: ژنەکەی لە حەڕامی‌دا وەك پشتی‌دایکی بێ– ئەوەش دەبێتە زیهار، بەڵام ئەگەر نە تەلاقو نە زیهاری مەبەست نەبون، ئەو کاتە نابێتە تەلاقدانو ناشبێتە زیهار، هەوەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

بەڵام–لەو حاڵەتەی مەبەستی تەلاقو زیهار نیە– ئەگەر وشەیەکی

حەڕامکردنی گۆتبی، وەك بڵێتـە ژنەکـەی‌خۆی: (تـۆ لـە مـن حـەڕام بـی). جـا مەبەسـتی حەڕامکردنی ژنەکەی بێ، یان هیچ نیەتێکی حەڕامکردنی نەبێ، ئەوە لە هەردوو حاڵەتـدا کەففارەتێکی سوێندی لە سەر واجـب دەبـێ، هـەوەك لـە (کِنایـة)کـانی تەڵاقـدا پوونمـان کردەوە.

(وَالتَّشْـبِيهُ بِالْجَـدَّةِ ظِهَـارٌ) وێچـواندنی‌ژنەکەی بـە داپیرەکـەی دەبێتـە زیهـار (وَالْمَـذْهَبُ) بە فەرموودەی ڕاستی‌مەزهەب (طَرْدُهُ فِی کُلِّ مَحْرَمٍ لَمْ یَطْرَأْ تَحْرِیمُهَا) بڕیـاری وێچـواندنی زیهار دێتە جێ لە گشت ئەو ئافرەتانەدا کە هەتاهەتای لەبّی حەڕامنو حەڕامبوونەکەشیان لە بنچینەوە بێ: وەك خوشك‌و کیژو برازاو خوشکەزاو...هتد.

(لاَ مُرْضِعَةِ وَزَوْجَةِ ابْنٍ) نەك حەڕامیەکـە لـە لایەکـەوە هاتبـێ: وەکـو دایکـە شـیریەکەی‌و ژنی‌کوڕەکەی، چونکە ئەوانە–پێش حەڕامبوون– لە کاتێکدا لەبّی حەڵاڵ بون (وَلَـوْ شَـبَّهَ بِأَجْنَبِيَّةٍ وَمُطَلَّقَةٍ وَأُخْتِ زَوْجَةٍ وَأَبٍ وَمُلاَعَنَةٍ) ئەگەر ژنەکەی بە ژنێکـی بێگانـە چـواند، یـان فَلَغْـوٌ، وَيَصِـحُّ تَعْلِيقُـهُ كَقَوْلِـهِ: إِنْ ظَـاهَرْتُ مِـنْ زَوْجَتِـيالأُخْرَى فَأَنْـتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي. فَظَاهَرَ صَارَ مُظَاهِرًا مِنْهُمَا، وَلَوْ قَالَ: إِنْ ظَاهَرْتُ مِنْ فُلاَنَةَ.–وَفُلاَنَةُ أَجْنَبِيَّـةٌ– فَخَاطَبَهَـا بِظِهَـارٍ لَـمْ يَصِـرْ مُظَـاهِرًا مِـنْ زَوْجَتِـهِ إِلاَّ أَنْ يُرِيـدَ اللَّفْـظَ، فَلَـوْ نَكَحَهَـا وَظَـاهَرَ مِنْهَـا صَـارَ مُظَـاهِرًا، وَلَـوْ قَـالَ مِـنْ فُلاَنَةَالأَجْنَبِيَّـةِ. فَكَـذَلِكَ، وَقِيـلَ لاَ يَصِـيرُ مُظَـاهِرًا وَإِنْ نَكَحَهَـا وَظَـاهَرَ، وَلَـوْ قَـالَ: إِنْ ظَـاهَرْتُ مِنْهَـا وَهِيَ أَجْنَبِيَّةٌ، فَلَغْوٌ، وَلَوْ قَالَ أَنْتِ طَالِقٌ كَظَهْرِ أُمِّي. وَلَمْ يَنْوِ أَوْ نَوَى الطَّلاَقَ

بـە تەڵاقـدراوێك، یـان بـە خوشـکە ژنەکـەی، یـان بـە بـاوکی‌خۆی، یـان بـە لەعنـەت لێکراوێك، ئەوە (فَلَغْوٌ) پوچەڵەو نابێتە زیهار.

(وَيَصِحُّ تَعْلِيقُهُ) دروستە زیهارەکە هەڵبواسێ (كَقَوْلِهِ) وەك بڵێ: ئەگەر بچیتە ژوورەوە تۆ وەك پشتی‌دایکمی. یان هەر کاتێك فلانکەس هاتەوە تـۆ وەك پشـتی‌دایکمی. ئـەوە هـەر کاتێك پێیەڵواسراوەکە هاتە جێ دەبێتە زیهارکەر، هەم وەك بڵێ: (إِنْ ظَاهَرْتُ مِنْ زَوْجَتِي الأُخْرَى فَأَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي) ئەگەر زیهارم لە ژنەکەی‌ترم کرد تۆ لە سەرە من وەك پشتی دایکمی (فَظَاهَرَ) جا زیهاری لە ژنەکەی‌تر کرد، ئەو (صَارَ مُظَاهِرًا مِنْهُمَا) دەبێتە زیهارکەر لە هەردوو ژنەکانی: یەکێکیان بە جێبەجێو یەکێکیش بە هەڵواسین.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە گوتی (إِنْ ظَاهَرْتُ مِنْ فُلاَنَةَ وَفُلاَنَةُ أَجْنَبِيَّةٌ) ئەگەر زیهارم لە فلانە ژنە کرد، تۆ لە سەرەمن وەك پشتی دایکمی. لەو حاڵەتەشدا فلانەکە بێگانە بـوو، ئینجـا (فَخَاطَبَهَا بِظِهَارٍ) مێردەکە گفتوگۆی زیهـاری لەگـەڵ ژنەبێگانەکـە کـرد، ئـەوە (لَـمْ يَصِـرْ مُظَاهِرًا مِنْ زَوْجَتِهِ) نابێتە زیهارکەر لە ژنەکەی خۆی، چونکە زیهار لە بێگانە دروست نابێ (إِلاَّ أَنْ يُرِيـدَ اللَّفْـظَ) مەگـەر مەبەسـتی هەڵواسین بـە گوتـەی زیهارەکـە بـێ،

ئەو کاتە دەبێتە زیهارکەر، هەروەها (فَلَوْ نَكَحَهَا وَظَاهَرَ مِنْهَا) ئەگەر ژنە بێگانەکەی لە خۆی مارە کردو زیهاریشی لەگەڵ کرد، ئەو کاتەش (صَارَ مُظَاهِرًا) لە ژنەکەیەکەمیشی دەبێتە زیهارکەر، چونکە پێهەڵواسراوەکە بە دروستبوویی هاتۆتەجێ.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (مِنْ فُلَانَةَ الأَجْنَبِيَّةِ) ئەگەر زیهارم لە فلانە ژنە بێگانەیە کرد تۆ لە سەر من وەک پشتی دایکمی (فَكَذَلِكَ) ئەمەش وەک ئەوەکەیتر ئەگەر مارەی بکاو زیهاری لێبکا، ئەو کاتە لە یەکەمەکەش دەبێتە زیهارکەر (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا (لاَ يَصِيرُ مُظَاهِرًا وَإِنْ نَكَحَهَا وَظَاهَرَ) نابێتە زیهارکەر لە یەکەمەکە، هەرچەند بێگانەکەش مارە بکاو زیهاریشی لێبکا (وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی: (إِنْ ظَاهَرْتُ مِنْهَا وَهِيَ أَجْنَبِيَّةٌ) ئەگەر لە حاڵەتی بێگانەیدا زیهارم لێکرد تۆ وەک پشتی دایکمی (فَلَغْوٌ) ئەوە پوچەڵەو نابێتە زیهار.

(وَلَوْ قَالَ) ئەگەر گوتی (أَنْتِ طَالِقٌ كَظَهْرِ أُمِّي) تۆ تەلاقکەوتووی وەک پشتیدایکم (وَلَمْ يَنْوِ) هیچ نیەتێکیشی نەهێنابو (أَوْ نَوَى الطَّلاَقَ) یان بە هەموو پستەکە تەنها نیەتی أَوِ الظِّهَارَ أَوْ هُمَا أَوِ الظِّهَارَ بِأَنْتِ طَالِقٌ وَالطَّلاَقَ بِكَظَهْرِ أُمِّي طَلَقَتْ وَلاَ ظِهَارَ، أَوِالطَّلاَقَ بِأَنْتِ طَالِقٌ وَالظِّهَارَ بِالْبَاقِي طَلَقَتْ وَحَصَلَ الظِّهَارُ إِنْ كَانَ طَلاَقَ رَجْعَةٍ.

(فَصْلٌ) عَلَىالْمُظَاهِرِ كَفَّارَةٌ إِذَا عَادَ، وَهُوَ أَنْ يُمْسِكَهَا بَعْدَ ظِهَارِهِ زَمَنَ إِمْكَانِ فُرْقَةٍ،

تەلاقی هێنابو (أَوِالظِّهَارَ) یان تەنها نیەتی زیهاری هێنابو (أَوْ هُمَا) یان نیەتی تەلاقو زیهاری هێنابو (أَوِالظِّهَارَ بِأَنْتِ طَالِقٌ) یان بە پستەی تۆ تەلاقکەوتووی نیەتی زیهار بوو، هەم (وَالطَّلاَقَ بِكَظَهْرِ أُمِّي) بە ووشەی وەک پشتیدایکمی، نیەتی تەلاق بوو، ئەوە (طَلَقَتْ وَلاَ ظِهَارَ) لە هەر پێنج حاڵەتدا تەلاقی دەکەوێو نابێتە زیهار، چونکە ووشەی ناشکرای تەلاقدانی گوتوە.

بەڵام (أَوِ الطَّلاَقَ بِأَنْتِ طَالِقٌ) ئەگەر بە پستەی تۆ تەلاقکەوتووی نیەتی تەلاقدان بوو، هەم (وَالظِّهَارَ بِالْبَاقِي) بە وەک پشتیدایکمی، نیەتی زیهار بوو، ئەو کاتەش (طَلَقَتْ) تەلاقی دەکەوێ، هەم (وَحَصَلَ الظِّهَارُ إِنْ كَانَ طَلاَقَ رَجْعَةٍ) زیهارەکەش دادەمەزرێ ئەگەر تەلاقدانەکە (رَجْعِي) بێ، کەواتە: هەر کاتێک ژنەکەی گەڕاندەوە ژێر مارەیخۆی کەفارەتی زیهاری لە سەر واجب دەبێ، بەڵام ئەگەر تەلاقدانەکە (بائن) بێ، ئەو کاتە زیهارەکە دانامەزرێ، چونکە تەلاقدراوی(بائن) بێگانەیە، هەروەک لە(مغنی)دا فەرموویەتی.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی بڕیارەکانی زیهار ﴾

(عَلَى الْمُظَاهِرِ كَفَّارَةٌ) مێردە زیهارکەرەکە کەفارەتی لە سەر واجب دەبێ (إِذَا عَادَ) هەر کاتێک لە زیهارەکەی گەڕاوە، واتە: حەڕامکردنەکەی هەڵوەشاندەوە، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ

قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِيناً﴾ ئەو کەسانەی زیهار لە ژنەکانیخۆیان دەکەن، ئینجا لە زیهارەکەشیان دەگەڕێنەوەو ژنەکەیان دەوێتەوە، واجبە: کۆیلەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی جیماع بکەن، بەم کەفارەتە ئێوە تەمبێ دەکرێنو خوایگەورە بەوەی دەیکەن خەبەرداراە، جا ئەگەر کۆیلەی دەست نەکەوت واجبە: دوو مانگ بە دوای یەکتردا بەڕۆژوو ببێ، جا ئەگەر توانای نەبو واجبە: شەست گەداو هەژار خواردن بدا.

(وَهُوَ) گەڕانەوەی زیهار ئەمەیە: (أَنْ يُمْسِكَهَا بَعْدَ ظِهَارِهِ) لە دوای تەواوبوونی پرستەی زیهارەکەی ژنەکەی بە ژنو مێردایەتی ڕابگرێو تەلاقی نەدا (زَمَنَ إِمْكَانِ فُرْقَةٍ) ماوەیەکی ئەوها: کە دەگونجا لەو ماوەیەدا تەلاقی بدا، واتە: هەر کەسێك وشەی زیهاری بە ژنەکەیخۆی گوتو لە دوای تەواوبوونی پرستەی زیهارەکەش یەکسەر بە پەلە ژنەکەی تەلاق نەدا، ئەوە دەردەکەوێ گەڕاوەتەوە بۆ ژنو مێردایەتیو فَلَوْ اِتَّصَلَتْ بِهِ فُرْقَةٌ بِمَوْتٍ أَوْ فَسْخٍ أَوْ طَلاَقٍ بَائِنٍ أَوْ رَجْعِيٍّ وَلَمْ يُرَاجِعْ أَوْ جُنَّ فَلاَ عَوْدَ، وَكَذَا لَوْ مَلَكَهَا أَوْ لاَعَنَهَا فِالأَصَحِّ بِشَرْطِ سَبْقِ الْقَذْفِ ظِهَارَهُ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ رَاجَعَ أَوْ اِرْتَدَّ مُتَّصِلاً ثُمَّ أَسْلَمَ فَالْمَذْهَبُ أَنَّهُ عَائِدٌ بِالرَّجْعَةِ، لاَ بِالإِسْلاَمِ بَل بَعْدَهُ،

حەڕامکردنەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، کەوابو: یەکسەر کەفارەتی زیهاری لە سەر واجب دەبێ، هەرچەند نەشیزانیبێ ئەو ڕاگرتنە دەبێتە گەڕانەوە.

بەڵام (فَلَوْ اِتَّصَلَتْ بِهِ فُرْقَةٌ) ئەگەر لێکجیابوونەوەیەك بە زیهارەکەوە نوسا، واتە لە دوای تەواوبوونی وشەی زیهارەکە یەکسەر ژنو مێردایەتیەکە نەما: (بِمَوْتٍ) بە هۆی مردنیەیەکێکیان (أَوْ فَسْخٍ) یان بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکە (أَوْ طَلاَقٍ بَائِنٍ أَوْ رَجْعِيٍّ وَلَمْ يُرَاجِعْ) یان بە هۆی تەلاقدانێکی(بائن)، یان تەلاقدانێکی(رجعی)و ژنەکەشی نەگەڕاندەوە (أَوْ جُنَّ) یان مێردەکە شێت بوو، ئەوە لەو حاڵەتانەدا (فَلاَ عَوْدَ) گەڕانەوەکە نایەتەجێو کەفارەتیش واجب نابێ، بەڵام ئەگەر بە (رجعی) تەلاقیدا، ئینجا گەڕاندیەوە، ئەو کاتە مێردەکە دەبێتە گەڕاوەو کەفارەتیشی لە سەر واجب دەبێ، هەروەك لە دوای ئێرە ڕوون کراوەتەوە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر زیهاری لە ژنێکی زەیسانی، یان حەیزدار کرد، ئەوە تا لە زەیسانیو حەیزدا بن مێردەکە نابێتە گەڕاوەو کەفارەتی لە سەر واجب نابێ، هەرچەند نەشیزانیبێ لە زەیسانیو حەیزدانە، بەڵام هەر کاتێك پاك بونەوە، ئەگەر یەکسەر تەلاقیان نەدا، ئەو کاتە دەبێتە گەڕاوەو کەفارەتی زیهاری دەکەوێتە سەر، هەروەك لە (تحفة)و

(نهاية)دا فەرموویانە.

(وَكَذَا لَوْ مَلَكَهَا أَوْ لاَعَنَهَا فِيالأَصَحِّ) هەروەها مێردەکە نابێتە گەڕاوە ئەگەر لە دوای زیهارەکە ژنە کۆیلەکەی بکاتە ملکیخۆی ، یان لەعنەتی زینای لێبکا، لە فەرموودەی ڕاستردا، بەڵام (بِشَرْطِ سَبْقِ الْقَذْفِ ظِهَارَهُ فِيالأَصَحِّ)بەو مەرجەی جنێوی زینایەکە لە پێش زیهارەکەدا بێ، لە فەرموودەی ڕاستردا.

(وَلَوْ رَاجَعَ) ئەگەر مێردەکە لە دوای زیهارەکە ژنەتەلاقدراوەکەی گەڕاندەوە ژێر مارەی خۆی (أَوْ ارْتَدَّ مُتَّصِلاً ثُمَّ أَسْلَمَ) یان یەکسەر بە دوای زیهارەکەدا مێردەکە کافر بوو، ئینجا موسوڵمان بۆوە، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ) بە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب: (أَنَّهُ عَائِدٌ بِالرَّجْعَةِ) بە گەڕاندنەوەی ژنە تەلاقدراوەکە مێردەکە دەبێتە گەڕاوە، جیاوازی نیە: پێش تەلاقدانەکە زیهاری لێکردبێ، یان لە دوای تەلاقدانەکە، لە هەردوو حاڵەتدا هەر کاتێک ژنە تەلاقدراوەکەی گەڕاندەوە، ئەوە لە زیهارەکەشی دەبێتەگەڕاوەو کەفارەتی زیهاری لە سەر واجب دەبێ (لاَ بِالإِسْلاَمِ) بەڵام بەموسوڵمانبوونەوە نابێتەوە گەڕاوە (بَل بَعْدَهُ) وَلاَ تَسْقُطُ الْكَفَّارَةُ بَعْدَ الْعَوْدِ بِفُرْقَةٍ، وَيَحْرُمُ قَبْلَ التَّكْفِيرِ وَطْءٌ وَكَذَا لَمْسٌ وَنَحْوُهُ بِشَهْوَةٍ فِيالأَظْهَرِ، قُلْتُ: اَلأَظْهَرُ اَلْجَوَازُ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَيَصِحُّ الظِّهَارُ الْمُؤَقَّتُ مُؤَقَّتًا، وَفِي قَوْلٍ مُؤَبَّدًا، وَفِي قَوْلٍ لَغْوٌ، فَعَلَى الأَوَّلِ اَلأَصَحُّ أَنَّ عَوْدَهُ لاَ يَحْصُلُ بِإِمْسَاكٍ بَلْ بِوَطْءٍ فِي الْمُدَّةِ وَيَجِبُ النَّزْعُ بِمَغِيبِ الْحَشَفَةِ،

بەڵکو لە دوای موسوڵمانبوونەوە– ئەگەر یەکسەر تەلاقی نەدا– دەبێتە گەڕاوەو کەفارەتی لە سەر واجب دەبێ.

(وَلاَ تَسْقُطُ الْكَفَّارَةُ بَعْدَالْعَوْدِ بِفُرْقَةٍ) لە دوای گەڕانەوە کەفارەتەکە لە سەر مێردەکە لاناچێ بە هۆی لێکجیابوونەوە: بە مردن، یان بە تەلاقدان، چونکە وەکو قەرز لە سەری جێگیر بووە، هەم (وَيَحْرُمُ قَبْلَ التَّكْفِيرِ وَطْءٌ) پێش کەفارەتدانەکەش حەرامە جیماع لەگەڵ ژنەکەبکا، چونکە لە ئایەتەکەدا فەرمووی: ﴿مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا﴾ پێش ئەوەی جیماع بکەن. کەواتە: ئەگەر توانای هیچ جۆرە کەفارەتێکی–لەو سێیانەی‌پابردوو– نەبو، ئەوە کەفارەتەکە لە ئەستۆیدا دەبێتە قەرزو نابێ جیماعیش لەگەڵ ژنەکەی بکا تا توانای کەفارەتەکەی دەبێو کەفارەتەکە دەدا، هەروەك لە (مغنی)و (الشبراملسي)دا فەرموویانە.

(وَكَذَا لَمْسٌ وَنَحْوُهُ بِشَهْوَةٍ فِيالأَظْهَرِ) هەروەها دەست لێدانو ماچ کردنیش بە شەهوەت حەرامە (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (اَلأَظْهَرُ الْجَوَازُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: لەزەت لێدیتنی–جگە لە نێوان ناوکو ئەژنۆ– دروستە (وَاللهُ أَعْلَمُ).

(وَيَصِحُّ الظِّهَارُ الْمُؤَقَّتُ) زیهاری کات بۆداندراویش دروست دەبێ، وەك بڵێ: تۆ لە لای‌من

ماوەی مانگێك وەك پشتیدایكمی (مُؤَقَّتًا) زیهارەكەش بە شێوەیەكی كاتی دروست دەبێ، نەك بە بەردەوامی، واتە: هەر كاتێك ماوەكە تەواو بوو، دروستە: جیماعی لەگەڵ یەكاو كەفارەتیشی ناكەوێتە سەر (وَفِی قَوْلٍ مُؤَبَّدًا) لە فەرموودەیەكدا: بە بەردەوامی دروست دەبێ (وَفِی قَوْلٍ لَغْوٌ) لە فەرموودەیەكدا: پوچەڵو دانەمەزراوە.

(فَعَلَىالأَوَّلِ) جا لە سەر فەرموودەیەكەم كە بە شێوەیەكی كاتی دروست دەبێ (الأَصَحُّ أَنَّ عَوْدَهُ لاَ یَحْصُلُ بِإِمْسَاكٍ) بە فەرموودەی ڕاستتر: گەڕانەوەی مێردەكە بە ڕاگرتنی ژنەكە نایەتەجێ (بَلْ بِوَطْءٍ فِیالْمُدَّةِ) بەڵكو بە جیماعكردن لە ماوەی زیهارەكەدا دێتە جێ، واتە: هەركاتێك پێش تەواوبوونی ماوەی زیهارەكە جیماعیكرد، ئەوە دەبێتە گەڕاوەو كەفارەتی لە سەر واجب دەبێ، كەوابو: (وَیَجِبُ النَّزْعُ بِمَغِیبِ الْحَشَفَةِ) هەر كاتێ سەری ئەندامەكەی بردە ناو (فَرْج)ی ژنەكەی، واجبە: بە پەلە لێی دەربێنێ، چونكە بەم جیماعە كەفارەتی لە سەر واجب دەبێو نابێ بەردەوام بێ، كەواتە: تا كەفارەتەكەش نەدا، حەڕامە: لە ماوەی زیهارەكەدا هیچیتر جیماع بكا، جا ئەگەر ماوەی زیهارەكە تەواو بوو، وَلَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ: أَنْتُنَّ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي. فَمُظَاهِرٌ مِنْهُنَّ فَإِنْ أَمْسَكَهُنَّ فَأَرْبَعُ كَفَّارَاتٍ، وَفِالْقَدِيمِ كَفَّارَةٌ، وَلَوْ ظَاهَرَ مِنْهُنَّ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ مُتَوَالِيَةٍ فَعَائِدٌ مِنَ الثَّلاَثِ الأُوَلِ، وَلَوْ كَرَّرَ فِي امْرَأَةٍ مُتَّصِلاً وَقَصَدَ تَأْكِيدًا فَظِهَارٌ وَاحِدٌ، أَوْ اِسْتِئْنَافًا فَالأَظْهَرُ اَلتَّعَدُّدُ، وَأَنَّهُ بِالْمَرَّةِالثَّانِيَةِ عَائِدٌ فِي الأَوَّلِ.

(كِتَابُ الْكَفَّارَةِ)

يُشتَرَطُ نِيَّتُهَا لاَ تَعْيِينُهَا، وَخِصَالُ كَفَّارَةِ الظِّهَارِ:

ئەو كاتە كەفارەتەكە لە ئەستۆیدا دەبێتە قەرزو جیماعیشی بۆ حەڵاڵ دەبێ، هەر وەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا ڕوون كراوەتەوە.

(وَلَوْ قَالَ لأَرْبَعٍ) ئەگەر گوتیە هەر چوار ژنەكانی: (أَنْتُنَّ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي) ئێوە لە سەر من وەك پشتی دایكمن. ئەوە (فَمُظَاهِرٌ مِنْهُنَّ) لە هەر چواریان زیهاركەرە، كەوابو: (فَإِنْ أَمْسَكَهُنَّ) ئەگەر هەر چواری ڕاگرتنو دەسبەجێ تەڵاقی نەدان (فَأَرْبَعُ كَفَّارَاتٍ) چوار كەفارەتی لە سەر واجب دەبن (وَفِیالْقَدِيمِ كَفَّارَةٌ) لە فەرموودەی كۆندا: تەنها یەك كەفارەتی لە سەر واجب دەبێ (وَلَوْ ظَاهَرَ مِنْهُنَّ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ مُتَوَالِيَةٍ) ئەگەر زیهاری لە هەر چواریان كرد بە چوار ووشەی بە دوایەیەكتردا، ئەوە (فَعَائِدٌ مِنَ الثَّلاَثِ الأُوَلِ) لە سێ ژنەكەی سەرەتادا دەبێتەگەڕاوەو سێ كەفارەتی دەكەونە سەر، هەم ئەگەر چوارمەكەش دەسبەجێ تەڵاق نەدا، كەفارەتی چوارەمیشی دەكەوێتەسەر.

(وَلَوْ كَرَّرَ فِي امْرَأَةٍ مُتَّصِلاً وَقَصَدَ تَأْكِيدًا) ئەگەر چەند جارێك ووشەی زیهاری بە بێنێوان

دووبـاره کـردەوە، مەبەستیشـی بـەهێزکردن بـوو، ئـەوە (فَظِهَـارٌ وَاحِـدٌ) بـە یـەک زیهـار دەژمێردرێ (أَوْاِسْتِئْنَافًا) یان مەبەستی بنیاتنان بوو، ئەوە (فَالأَظْهَرُالتَّعَدُّدُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: بە گوێرەی ژمارەی ووشەکان زیهارەکەش دەبێتە ژمارە (وَأَنَّهُ بِالْمَرَّةِ الثَّانِيَةِ عَائِدٌ فِيالأَوَّلِ) هەر بە فەرموودەی بەهێزتر: بەگوتنی جاریدووەمی زیهارەکەش دەبێتە گەڕاوە لە جاریيەکەمداو کەففارەتی زیهاریيەکەمی لە سەر واجب دەبێ.

﴿ كِتَابُ الْكَفَّارَةِ: پەڕتووکی کەففارەت ﴾

(يُشتَرَطُ نِيَّتُهَا) بە مەرج دادەندرێ: نیەتێکەففارەتەکە بێنێ، وەک بڵێ: (ئەم کۆیلەم لە بـری کەففارەتەکـەم ئـازاد کـرد). یـان: (نیەتمـە سـبەینێ لـە بـری کەففارەتەکـەم بەڕۆژوو بم). یان: (ئەم دانەوێڵەم لە بری کەففارەتەکەم دا بەم هەژارە).

(لاَ تَعْيِيْنُهَا) بـەلاّم دیـاریکردنی کەففارەتەکـە مـەرج نیـەو پێویست ناکـا بڵـێ: لـە بـری کەففارەتی زیهارەکەم. یان کوشتنەکەم.

(وَخِصَالُ كَفَّارَةِ الظِّهَارِ) سیفەتەکانی کەففارەتیزیهار–بە بەڵگەی ئایەتەکەیڕابردوو– سێنە:

عِتْـقُ رَقَبَـةٍ مُؤْمِنَـةٍ بِـلاَ عَيْـبٍ يُخِـلُّ بِالْعَمَـلِ وَالْكَسْـبِ، فَيُجْـزِئُ صَـغِيرٌ وَأَقْـرَعُ وَأَعْـرَجُ يُمْكِنُـهُ تِبَـاعُ مَشْـيٍ، وَأَعْـوَرُ وَأَصَـمُّ وَأَخْـرَسُ وَأَخْشَـمُ، وَفَاقِـدُ أَنْفِـهِ وَأُذُنَيْـهِ، وَأَصَابِعِ رِجْلَيْهِ، لاَ زَمِنٌ وَلاَ فَاقِدُ رِجْلٍ أَوْ خِنْصِرٍ وَبِنْصِرٍ مِنْ يَدٍ أَوْ أُنْمُلَتَيْنِ مِنْ غَيْرِهِمَا، قُلْتُ: أَوْ أُنْمُلَةِ إِبْهَامٍ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلاَ هَرِمٌ عَاجِزٌ وَمَنْ أَكْثَرُ وَقْتِهِ مَجْنُونٌ وَمَرِيضٌ لاَ يُرْجَى، فَـإِنْ بَـرَأَ بَـانَ الإِجْـزَاءُ فِـالأَصَـحِّ، وَلاَ يُجْـزِئُ شِـرَاءُ قَرِيـبٍ بِنِيَّـةِ كَفَّـارَةٍ، وَلاَ أُمِّ وَلَـدٍ وَذِىكِتَابَةٍصَحِيحَةٍ، وَيُجْزِئُ مُـدَبَّرٌ وَمُعَلَّقٌ بِصِـفَةٍ، فَإِنْ أَرَادَ جَعْـلَ الْعِتْقِ الْمُعَلَّقِ كَفَّارَةً لَـمْ يَجُزْ، وَلَهُ تَعْلِيقُ عِتْقِ الْكَفَّارَةِ بِصِفَةٍ،

سیفەتیيەکەم: (عِتْقُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ) یەکەمجار ئازادکردنی کۆیلەیەکیموسوڵمانە (بِلاَ عَيْبٍ يُخِلُّ بِالْعَمَلِ وَالْكَسْبِ) کۆیلەکەش عەیبێکیوەهای نەبێ: کـە زیـان لـە کـارو کاسـبی بـدا، کەوابو: (فَيُجْزِئُ صَغِيرٌ وَأَقْرَعُ وَأَعْرَجُ) کۆیلەی بچوکو کەچەڵو شەلە دروست دەبـێ، کـە (يُمْكِنُهُ تِبَاعُ مَشْيٍ) شەلەکە بتوانێ بە دوایيەکدا بـڕوا (وَأَعْـوَرُ وَأَصَـمُّ وَأَخْـرَسُ وَأَخْشَـمُ) کۆیلەی یەکچاو و کەڕو لاڵو بۆنناکەریش دروست دەبێ، هەم (وَفَاقِدُ أَنْفِهِ وَأُذُنَيْهِ وَأَصَابِعِ رِجْلَيْهِ) کۆیلەی بێلووتو بێگوێو بێپەنجەی قاچەکانی دروست دەبێ.

(لاَ زَمِنٌ) بەلاّم کۆیلەی سەقەتی لەکارکەوتوو دروست نابێ، هەم (وَلاَ فَاقِدُ رِجْلٍ) کۆیلـەی یەک قاچیش دروست نابێ (أَوْ خِنْصِرٍ وَبِنْصِرٍ مِنْ يَدٍ) یان پەنجەی قلیجەو مامەلیجـەی لـە دەستێک نـەبێ (أَوْ أُنْمُلَتَـيْنِ مِـنْ غَيْرِهِمَـا) یـان دوو سـەرەپەنجەی لـە یـەکێک لـە سـێ پەنجـەکانیتر نـەبێ (قُلْـتُ) ئیمـامی(النواوی) دەفـەرموێ (أَوْ أُنْمُلَـةِ إِبْهَـامٍ) یـان سـەرە پەنجەکەی پەنجە گەورەکەی نـەبێ، بـە هۆی نەبوونیئەوانەش هیچی دروست

نابن (وَاللهُ أَعْلَمُ) چونکه زیان له کارکردن دەدا (وَلاَ هَرِمٌ عَاجِزٌ) هەم پیری پەککەوتووش دروست نابێ، هەم (وَمَنْ أَكْثَرُ وَقْتِهِ مَجْنُونٌ وَمَرِيضٌ لاَ يُرْجَى) ئەوەی زۆربینەی کاتەکەیشی شێتە، یان نەخۆشێکی بەردەوامە (فَإِنْ بَرَأَ بَانَ الإِجْزَاءُ فِيالأَصَحِّ) ئەگەر نەخۆشە بەردەوامەکە لە دوای ئازادکردن چاك بۆوە، ئەو کاتە ئاشکرا دەبێ: کە دورست بووە.
(وَلاَ يُجْزِئُ شِرَاءُ قَرِيبٍ بِنِيَّةِ كَفَّارَةٍ) دروست نابێ کوڕەکانو باوکەکانی بکرێ بە نیەتی کەفارەت، چونکە بە خودی کڕینەکە ئەوانە ئازاد دەبن (وَلاَ أُمِّ وَلَدٍ وَذِيكِتَابَةٍ صَحِيحَةٍ) هەم دروست نابێ دایکەمندالّەکەیو نوسراوپێدراوەکەیشی لە کەفارەت ئازاد بکا، بەلاّم (وَيُجْزِئُ مُدَبَّرٌ وَمُعَلَّقٌ بِصِفَةٍ) دروست دەبێ ئەو کۆیلەیە ئازاد بکا:
کە ئازادکردنەکەی بە مردنی گەورەکەی، یان بە سیفەتێکیترەوە هەلّواسراوە.
(فَإِنْ أَرَادَ جَعْلَ الْعِتْقِ الْمُعَلَّقِ كَفَّارَةً) جا ئەگەر ویستی ئازادکردنە هەلّواسراوەکەی بە هەلّواسراوی بکاتە کەفارەت، ئەوە (لَمْ يَجُزْ) دروست نیە، بەلاّم (وَلَهُ تَعْلِيقُ عِتْقِ الْكَفَّارَةِ بِصِفَةٍ) بۆی دروستە ئازادکردنی کەفارەتەکە بە سیفەتێکەوە هەلّبواسێ:
وَإِعْتَاقُ عَبْدَيْهِ عَنْ كَفَّارَتَيْهِ عَنْ كُلِّ نِصْفُ ذَا وَنِصْفُ ذَا، وَلَوْ أَعْتَقَ مُعْسِرٌ نِصْفَيْنِ عَنْ كَفَّارَةٍ فَالأَصَحُّ الإِجْزَاءُ إِنْ كَانَ بَاقِيهِمَا حُرًّا، وَلَوْ أَعْتَقَ بِعِوَضٍ لَمْ يَجُزْ عَنْ كَفَّارَةٍ، وَالإِعْتَاقُ بِمَالٍ كَطَلاَقٍ بِهِ، فَلَوْ قَالَ أَعْتِقْ أُمَّ وَلَدِكَ عَلَى أَلْفٍ فَأَعْتَقَ نَفَذَ وَلَزِمَهُ الْعِوَضُ، وَكَذَا لَوْ قَالَ أَعْتِقْ عَبْدَكَ عَلَكَذَا فَأَعْتَقَ فِالأَصَحِّ، وَإِنْ قَالَ أَعْتِقْهُ عَنِّي عَلَكَذَا فَفَعَلَ عَتَقَ عَنِ الطَّالِبِ وَعَلَيْهِ الْعِوَضُ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يَمْلِكُهُ عَقِبَ لَفْظِ الإِعْتَاقِ ثُمَّ يَعْتِقُ عَلَيْهِ، وَمَنْ مَلَكَ عَبْدًا أَوْ ثَمَنَهُ فَاضِلاً عَنْ كِفَايَةِ نَفْسِهِ وَعِيَالِهِ نَفَقَةً وَكِسْوَةً وَسُكْنَى وَأَثَاثًا لاَ بُدَّ مِنْهُ

وەك هەر کاتێك چویە ناو خانووەکە تۆ لە بری کەفارەتەکەم ئازاد بی. ئەوە هەرکاتێك چووە خانووەکە لە بری کەفارەتەکەی ئازاد دەبێ.
(وَإِعْتَاقُ عَبْدَيْهِ عَنْ كَفَّارَتَيْهِ) هەم بۆی دروستە دوو کۆیلەی خۆی لە بری دوو کەفارەتەکانی ئازاد بکا: (عَنْ كُلِّ نِصْفُ ذَا وَنِصْفُ ذَا) لە بری هەر کەفارەتێك نیوەی ئەو کۆیلەیەو نیوەی ئەو کۆیلەیە (وَلَوْ أَعْتَقَ مُعْسِرٌ نِصْفَيْنِ عَنْ كَفَّارَةٍ) ئەگەر نەبوویك دوو نیوەی لە دوو کۆیلەی لە بری کەفارەتێك ئازاد کردن (فَالأَصَحُّ الإِجْزَاءُ إِنْ كَانَ بَاقِيهِمَا حُرًّا) بە فەرموودەی پاستتر: دروست دەبێ ئەگەر نیوەکەیتریشیان ئازاد بێ (وَلَوْ أَعْتَقَ بِعِوَضٍ لَمْ يَجُزْ عَنْ كَفَّارَةٍ) ئەگەر کۆیلەکەی بە پارە ئازاد کرد بە بەر کەفارەت ناکەوێ.
(وَالإِعْتَاقُ بِمَالٍ كَطَلاَقٍ بِهِ) ئازادکردن بە مالّ وەك تەلاّقدان بە مالّە، کەوابو: (فَلَوْ قَالَ أَعْتِقْ أُمَّ وَلَدِكَ عَلَى أَلْفٍ) ئەگەر گوتی دایکەمندالّەکەت لە سەر هەزار دینار ئازاد بکە (فَأَعْتَقَ) ئەویش ئازادی کرد (نَفَذَ وَلَزِمَهُ الْعِوَضُ) ئازادکردنەکە جێبەجێ دەبێو

هەزارەکەش دەکەوێتە سەر داواکارەکە (وَكَذَا لَوْ قَالَ أَعْتِقْ عَبْدَكَ عَلَى كَذَا) هەروەها ئەگەر بڵێ: کۆیلەکەت لە سەر ئەوەندە ئازاد بکە (فَأَعْتَقَ فِيالأَصَحِّ) ئەویش ئازادی کرد، ئەو کاتەش ئازادکردنەکە جێبەجێ دەبێو هەزارەکەش دەکەوێتەسەر داواکارەکە (وَإِنْ قَالَ أَعْتِقْهُ عَنِّي عَلَى كَذَا) ئەگەر گوتی کۆیلەکەت لە بری من لە سەر ئەوەندە پارەیە ئازاد بکە. مەبەستیشی لە بری کەفارەتەکەی خۆی بوو (فَفَعَلَ) خاوەنەکەش ئازادی کرد، ئەوە (عَتَقَ عَنِ الطَّالِبِ وَعَلَيْهِ الْعِوَضُ) لە بری داوا کارەکە ئازاد دەبێو بە بەر کەفارەتەکەشی دەکەوێو نرخە ناوبراوەکەشی لە سەر واجب دەبێ بۆ خاوەنەکە، چونکە (وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يَمْلِكُهُ عَقِبَ لَفْظِ الإِعْتَاقِ) بە فەرموودەی پاستتر: داواکارەکە دەبێتەخاوەنی کۆیلەکە لە دوای ووشەی ئازادکردن (ثُمَّ يَعْتِقُ عَلَيْهِ) ئینجا لە سەری ئازاد دەبێ.

(وَمَنْ مَلَكَ عَبْدًا أَوْ ثَمَنَهُ) هەر کەسێك کۆیلەیەکی هەبوو، یان پارەی کۆیلەیەکی هەبوو: کە (فَاضِلاً عَنْ كِفَايَةِ نَفْسِهِ وَعِيَالِهِ نَفَقَةً وَكِسْوَةً وَسُكْنَى وَآنَائًا لاَبُدَّ مِنْهُ) زیاد بوو لە بەشی بەخێوکردنی خۆیو ژنو منداڵەکانی: لە پووی بژێو و بەرگو نیشتەجێبوونو کەلوپەلی لَزِمَهُ الْعِتْقُ، وَلاَ يَجِبُ بَيْعُ ضَيْعَةٍ وَرَأْسِ مَالٍ لاَ يَفْضُلُ دَخْلُهُمَا عَنْ كِفَايَتِهِ، وَلاَ مَسْكَنٍ وَعَبْدٍ نَفِيسَيْنِ أَلِفَهُمَا فِالأَصَحِّ، وَلاَ شِرَاءٌ بِغَبْنٍ، وَأَظْهَرُ الأَقْوَالِ:اِعْتِبَارُالْيَسَارِ بِوَقْتِ الأَدَاءِ. فَإِنْ عَجَزَ عَنْ عِتْقِ صَامَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ بِالْهِلاَلِ بِنِيَّةِ كَفَّارَةٍ، وَلاَ يُشْتَرَطُ نِيَّةُ التَّتَابُعِ فِي الأَصَحِّ، فَإِنْ بَدَأَ فِي أَثْنَاءِ شَهْرٍ حُسِبَ الشَّهْرُ بَعْدَهُ بِالْهِلاَلِ وَأَتَمَّ الأَوَّلَ مِنَ الثَّالِثِ ثَلاَثِينَ،

پێویست، ئەوە (لَزِمَهُ الْعِتْقُ) واجبە کۆیلەیەك لە کەفارەتەکەی ئازاد بکا، بەڵام (وَلاَ يَجِبُ بَيْعُ ضَيْعَةٍ وَرَأْسِ مَالٍ لاَ يَفْضُلُ دَخْلُهُمَا عَنْ كِفَايَتِهِ) واجب نیە: باغو سەرمایەی بازرگانیی بفرۆشێ کە بەرهەمەکان لە پێویستیەکانی زیاتر نەبێ (وَلاَ مَسْكَنٍ وَعَبْدٍ نَفِيسَيْنِ أَلِفَهُمَا فِي الأَصَحِّ) هەم واجب نیە خانووە بە نرخەکەیو کۆیلە بە نرخەکەی بفرۆشێ کە لێیان پاهاتبێ، هەم (وَلاَ شِرَاءٌ بِغَبْنٍ) واجب نیە بە زەرەر کۆیلەکە بکرێ (وَأَظْهَرُ الأَقْوَالِ اِعْتِبَارُ الْيَسَارِ بِوَقْتِ الأَدَاءِ) بەهێزترینی فەرموودەکان: هەبوونی دەسەلاتی کۆیلە ئازادکردن بە کاتی کەفارەتدانەکە پەچاو دەکرێ.

سیفەتی دووەمی کەفارەت: (فَإِنْ عَجَزَ عَنْ عِتْقٍ) جا ئەگەر کەفارەتدەرەکە توانای ئازادکردنی کۆیلەی نەبو (صَامَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ) واجبە دوو مانگ بە دوای یەکتردا بەڕۆژوو ببێ، بە بەڵگەی ئایاتەکە (بِالْهِلاَلِ) هەردوو مانگەکانیش بەگوێرەی دیتنی مانگی یەکشەوە بن، هەر چەند هەردووکیشیان کەمەمانگ بن.

ئینجا لەو دوو مانگەدا واجبە: لە گشت شەوێکدا (بِنِيَّةِ كَفَّارَةٍ) نیەت بێنێ: کە سبەینێ لە

بری کەففارەتەکەی بەڕۆژوو دەبێ، بەڵام لە مەزهەبی ئیمام(مالك)دا: یەك نیەت لە شەوی‌یەکەمدا بەسە بۆ هەردوو مانگەکان بەو مەرجەی بەدوایەکتریەکەی نەپچڕێ بە هۆی سەفەرو نەخۆشی، کەواتە: هەر کاتێك بەدوایەکتریەکەی پچڕا، ئینجا هۆی پچڕانەکەش نەما، ئەو کاتە مەرجە: نیەتێکی‌تر دووبارە بێنێتەوە بۆ ئەو ڕۆژوانەی ماون، هەروەك لە نیەتی ڕۆژوودا ڕوونمان کردەوە (وَلاَ يُشْتَرَطُ نِيَّةُ التَّتَابُعِ) بە مەرج دانانرێ نیەتی بەدوایەکتری‌دا بێنێ (فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.

(فَإِنْ بَدَأَ فِي أَثْنَاءِ شَهْرٍ) جا ئەگەر لە ناو مانگێکدا دەستی بەڕۆژوو گرتن کرد، ئەوە کە ئەو مانگەی تەواو کرد (حُسِبَ الشَّهْرُ بَعْدَهُ بِالْهِلاَلِ) مانگەکەی دوای ئەم مانگە بە دیتنی مانگی یەکشەوە حیساب دەکرێ، ئینجا (وَأَتَمَّ الأَوَّلَ مِنَ الثَّالِثِ ثَلاَثِينَ) ئەوەندە ڕۆژەی لە یەکەمەکەش مابون لە مانگی‌سێ‌یەم سی ڕۆژ تەواو دەکا، چونکە ناگونجێ لەو مانگەدا مانگی یەکشەوە ڕەچاو بکرێ، کەوابو: ئەگەر لە هیچ مانگێکا نەگونجا مانگی یەکشەوە ببینێ، ئەو کاتە واجبە شەست ڕۆژ بە دوای یەکتردا تەواو بکا.

وَيَزُولُ التَّتَابُعُ بِفَوَاتِ يَوْمٍ بِلاَ عُذْرٍ وَكَذَا بِمَرَضٍ فِي الْجَدِيدِ، لاَ بِحَيْضٍ وَكَذَا جُنُونٌ عَلَى الْمَذْهَبِ. فَإِنْ عَجَزَ عَنْ صَوْمٍ بِهَرَمٍ أَوْ مَرَضٍ–قَالَ الأَكْثَرُونَ– لاَ يُرْجَى زَوَالُهُ،

(وَيَزُولُ التَّتَابُعُ بِفَوَاتِ يَوْمٍ بِلاَ عُذْرٍ) بەدوایەکتریەکەی دوو مانگەکان لادەچێو دەپچڕێ بە لەدەستچوونی تەنها ڕۆژوێك بە بێعوزر، هەرچەند ڕۆژووەکەی ئاخیریش بێ، یان نیەتی لە بیرچوو بێ، یان ڕەمەزان، یان جەژن بکەوێتە نێوان ڕۆژووەکان، واتە: هەر کاتێك بەدوایەکتریەکەی پچڕا، واجبە: سەرلەبنیات دەست بە دوو مانگەکان بکاتەوە.

کەوابو: ئەگەر کەففارەتدەرەکە لە ناو دوو مانگەکاندا مرد، دروست نیە یەکێکی‌تر لە سەر ڕابردووی ئەویەوە دوو مانگەکانی بۆ تەواو بکا، بەڵکو: یان دەبی لە میراتەکەی هەموو کەففارەتەکەی بۆ بدرێ، یان سەرلەبنیات یەکێکی‌تر دوو مانگەکانی لەجیاتی بەڕۆژو ببێ، بەڵام ئەو کەسەی لەجیاتی‌مردووەکە دوو مانگەکانی کەففارەت بەڕۆژو دەبێ، لە سەر وی واجب نیە بەدوای‌یەکتری‌دا بێ، هەروەك لە (الشبراملسي)و (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَكَذَا) هەروەها ئەگەر لە دەستچونی ڕۆژووەکە بە عوزریش بێ: وەك (بِمَرَضٍ) بە هۆی نەخۆشی بەڕۆژو نەبوبێ (فِي‌الْجَدِيدِ) لە فەرموودەی نوێدا، بەڵام لە فەرموودەی کۆندا: بەڕۆژو نەبونی بە هۆی نەخۆشی بەدوایەکتریەکە ناپچڕێنێ، هەروەك لە (نهاية)و (مغني)دا فەرموویانە.

(لاَ بِحَيْضٍ) بەڵام بە هۆی حەیزو نیفاس بەدوایەکتریەکە ناپچڕێ؟ وەك ئافرەتێك لە کەففارەتی کوشتنێك بەڕۆژو ببێ (وَكَذَا جُنُونٌ عَلَى‌الْمَذْهَبِ) هەروەها شێتبوونیش بەدوایەکتریەکە ناپچڕێنێ، لە سەر فەرموودەی ڕاستی

مەزهەب، کەواتە: هەر کاتێك حەیزو زەیسانیو شێتی نەمان، ئەوەندەی لە دوو مانگەکان ماوە، لە سەر ڕابردووەکەی تەواوی دەکا.

﴿ ئاگاداری ﴾: لە مەزهەبی ئیمام(أحمد)دا: ئەگەر مانگی ڕەمەزان بکەوێتە نێوان دوو مانگەکە، یان بە هۆی جەژن، یان بە هۆی حەیزو نیفاس، یان بە هۆی نەخۆشیەکی بە ترس، یان بە هۆی شێتی بەڕۆژوو نەبو، ئەوانە هیچیان بەدوایەکتریەکە ناپچڕێنن، کەواتە: هەر کاتێك ڕەمەزانو هۆیەکانیتر نەمان، ئەوەندەی لە دوو مانگەکان ماوە لە سەر ڕابردوو تەواوی دەکا، هەروەك لە (شرح المُقْنِع)دا ڕوون کراوەتەوە، کەوابو: دروستە کەففارەتدەرەکە خۆی (تَقْلِید) بکا.

سیفەتی سێیەمی کەففارەت: (فَإِنْ عَجَزَ عَنْ صَوْمٍ) ئەگەر کەففارەتدەرەکە توانای بەڕۆژووبوونی نەبو: (بِهَرَمٍ أَوْ مَرَضٍ–قَالَ الأَكْثَرُونَ– لاَ يُرْجَى زَوَالُهُ) بە هۆی پیری، یان نەخۆشیەکی ئەوها کە ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ–وەك زۆربەی‌زانایان فەرموویانە–، یان أَوْ لَحِقَهُ بِالصَّوْمِ مَشَقَّةٌ شَدِيدَةٌ، أَوْ خَافَ زِيَادَةَ مَرَضٍ

لاَ كَافِرًا وَلاَ هَاشِمِيًّا وَمُطَّلِبِيًّا سِتِّينَ

منهاج– بەرگی‌چوارەم–24

(كِتَابُ اللِّعَانِ)

يَسْبِقُهُ قَذْفٌ، وَصَرِيحُهُ الزِّنَا كَقَوْلِهِ لِرَجُلٍ أَوْ اِمْرَأَةٍ:

دوو مانگ بەردەوام بێ– وەك کەمتری‌زانایان فەرموویانە– (أَوْ لَحِقَهُ بِالصَّوْمِ مَشَقَّةٌ شَدِيدَةٌ)

یان بە هۆی ڕۆژوو ئازارێکی زیاتر لە عادەتی دەگەیشتێ (أَوْ خَافَ زِيَادَةَ مَرَضٍ) یان ترسا نەخۆشیەکەی زیاد بکا، ئەو کاتە (كَفَّرَ بِإِطْعَامِ سِتِّينَ مِسْكِينًا أَوْ فَقِيرًا) لە بری کەففارەتەکەی دانەوێڵەی ساغ دەداتە شەست گەداو هەژار بە بەڵگەی ئایەتەکە.

(لاَ كَافِرًا) نابێ گەداو هەژارەکە کافر بێ، هەم (وَلاَ هَاشِمِيًّا وَمُطَّلِبِيًّا) نابێ لە نەتەوەی (هاشم)و (المطلب) بێ: کە خزمەکانی پێغەمبەرن ﷺ زەکاتیشیان لێحەرامە، کەواتە: سەیدەکانیش لە (بنی هاشم)نو کەففارەتیان لێحەرامە.

(سِتِّينَ مُدًّا) کەففارەتەکەش شەست مست دانەوێڵەیە، هەر گەدایەك، یان هەر هەژارێك یەك مستی دەداتێ (مِمَّا يَكُونُ فِطْرَةً) لەو جۆرەی بۆ سەرفیترە دەبو، واتە: دانەوێڵەی ساغ لەو جۆرەی بە ئەغڵەبی خەڵکی شوێنەکە دەیخوا، نەك چێشیتان دەرخوارد بدا.

﴿ ئاگاداری ﴾: لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا ئەندازەی کەففارەت بۆ هەر گەدایەك، یان هەژارێك: نیو ساعی گەنمە، کە دەکاتە: (1815)هەزارو هەشتسەدو پانزە غرام، واتە: نزیکەی دوو کیلۆ، هەم لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا دروستە: نرخی دانەوێڵەکەش لە

کەفڤارەت بدا، کەوابو: ئەگەر کەفڤارتدەرەکە خۆی (تقلید)ی ئیمامی(حنفی) بکا نرخی – نزیکەی– دوو کیلو گەنم دەداتە هەر گەدایەك، یان هەژارێك، هەروەك لە (مجمع الأنهر)دا ڕوون کراوەتەوە.

جا بزانە: ئەگەر توانای هیچ سیفەتێکی کەفڤارەتی نەبو، ئەوە کەفڤارەتەکەی هەر لە ئەستۆیدا دەمێنێو هەرکاتێك توانای سیفەتێکی هەبو، واجبە بیکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ كِتَابُ اللِّعَانِ: پەرتوکی لەعنەت لێککردنی ژن و مێرد ﴾

واتە: لەو حاڵەتەی مێردەکە بە ژنەکەی دەڵێ: زینات کردوەو. هیچ شاهیدیشی نیە، بەو ڕستانەیداهاتوو–کە لە قوڕئانی پیرۆز داندراون– لەعنەت لە یەکتری دەکەنو هەتا هەتایی لێك جیا دەبنەوە.

کەوابو: (يَسْبِقُهُ قَذْفٌ) مەرجە: لەعنەت لێککردنەکە جێبەجێکی زینای لە پێشدا بێ (وَصَرِيحُهُ) ووشەی ئاشکرای جێبەدانەکە: (اَلزِّنَا) ووشەی زینایە (كَقَوْلِهِ لِرَجُلٍ أَوْ اِمْرَأَةٍ) زَنَيْتَ أَوْ زَنَيْتِ أَوْ يَا زَانِي أَوْ يَا زَانِيَةُ. وَالرَّمْيُ بِإِيلاَجِ حَشَفَةٍ فِي فَرْجٍ مَعَ وَصْفِهِ بِتَحْرِيمٍ أَوْ دُبُرٍ صَرِيحَانِ، وَزَنَأْتَ فِالْجَبَلِ كِنَايَةٌ، وَكَذَا زَنَأْتَ فَقَطْ فِالأَصَحِّ، وَزَنَيْتَ فِالْجَبَلِ صَرِيحٌ فِالأَصَحِّ، وَقَوْلُهُ: يَا فَاجِرُ يَا فَاسِقُ. وَلَهَا: يَا خَبِيثَةُ، وَأَنْتِ تُحِبِّينَ الْخَلْوَةَ. وَلِقُرَشِيٍّ: يَا نَبَطِيُّ. وَلِزَوْجَتِهِ لَمْ أَجِدْكِ عَذْرَاءَ. كِنَايَةٌ فَإِنْ أَنْكَرَ إِرَادَةَ قَذْفٍ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ، وَقَوْلُهُ: يَا ابْنَ الْحَلاَلِ وَأَمَّا أَنَا فَلَسْت بِزَانٍ وَنَحْوِهِ، تَعْرِيضٌ لَيْسَ بِقَذْفٍ وَإِنْ نَوَاهُ،

وەك بە مەبەستی ئابڕووبردن بڵێتە پیاوێك، یان ئافرەتێك: (زَنَيْتَ أَوْ زَنَيْتِ) زینات کردوە (أَوْ) یان بڵێ: (يَا زَانِي أَوْ يَا زَانِيَةُ) هۆ زیناکەر، یان قوندەر، قونگێ، قەحپە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

بەڵام ئەگەر مەبەستی ئابڕووبردن نەبێ، بەڵکو مەبەستی شاهیدی لە سەردان بێ، یان مەبەستی لەکارخستنی شاهیدەکە بێ، یان بڵێ: فلانکەس گوتی: زینام کردوە. ئەو کاتە نابێتە جێبەدانی زینا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَالرَّمْيُ بِإِيلاَجِ حَشَفَةٍ فِي فَرْجٍ مَعَ وَصْفِهِ بِتَحْرِيمٍ أَوْ دُبُرٍ) جێبەدان بە پستەی: سەری ئەندامەکەت بە حەڕامی دەناو (فرج)یك ناوە، یان دەناو کونی پشتەوە ناوە (صَرِيحَانِ) هەردووکیان ووشەی ئاشکران، هەروەها بە حەڕامی گانت داوە، یان بە حەڕامی گانت کردوە، ئەوەش ووشەی ئاشکرایە (وَزَنَأْتَ فِيالْجَبَلِ كِنَايَةٌ، وَكَذَا زَنَأْتَ فَقَطْ فِيالأَصَحِّ) ووشەی (زَنَأْت) کە لە عەرەبیدا بە واتەی سەرکەوتنە، بۆ عەرەبزمانەکان ووشەیەکی نائاشکرای جێبەوی زینایە، لە فەرموودەی ڕاستتردا، بەڵام (وَزَنَيْتَ فِيالْجَبَلِ) ووشەی زینات

کـردوه لـه چـیایەکەدا (صَـرِیحٌ فِیالأَصَـحِّ) ووشـەیەکی ئاشـکرای جنێودانەکەیـە، لـه فەرموودەی پاستتردا.

(وَقَوْلُهُ) پیاوکه بڵێته پیاوێك: (یَا فَاجِرُ) هۆ بێناموس=گوناهکـار (یَـا فَاسِـقُ) هـۆ فاسـق (وَلَهَا) یان بڵێته ئافرەتێك: (یَا خَبِیثَةُ) هۆ پیسێ، هەم (وَأَنْتِ تُحِبِّینَ الْخَلْوَةَ) تۆ پێت خۆشە بە تەنها لەگەڵ پیاواندا بـی (وَلِقُرَشِـيٍّ) یـان بڵێتـه پیـاوێکی قورەیشـی: (یَـا نَبَطِـيُّ) هـۆ جوتیاری عەجەم (وَلِزَوْجَتِهِ لَمْ أَجِدْكِ عَذْرَاءَ) یان بڵێته ژنەکەی خۆی: لە کاتی بەزاوابوونم تۆ کچ نەبوی، ئەوانە گشتی (کِنَایَةٌ) ووشەی ناشکرای جنێودانن، کەوابو: (فَإِنْ أَنْکَرَ إِرَادَةَ قَذْفٍ) ئەگەر جنێودەرەکە گوتی: مەبەستم جنێوی زینا نەبو. ئـەوە (صُـدِّقَ بِیَمِینِـهِ) بـە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ.

(وَقَوْلُهُ) کە بڵێته پیاوێك (یَا اِبْنَ الْحَلَالِ وَأَمَّا أَنَا فَلَسْت بِزَانٍ) هۆ کـوڕی حـەڵاڵ بـەڵام مـن زیناکەر نیم (وَنَحْوِهِ) هەم گۆتەیەتری ئەوهاش: وەك دایکی من قاحپە نیە، من نێرباز نیم، ئەوانە (تَعْرِیضٌ) پێچەوپەنایەو (لَیْسَ بِقَذْفٍ وَإِنْ نَـوَاهُ) جنێـودانی زینـا نیـە، هـەر چـەند وَقَوْلُهُ: زَنَیْتُ بِكِ. إقْرَارٌ بِزِنًا وَقَذْفٌ، وَلَوْ قَالَ لِزَوْجَتِهِ: یَا زَانِیَةُ. فَقَالَتْ: زَنَیْتُ بِكَ أَوْ أَنْتَ أَزْنَى مِنِّی. فَقَاذِفٌ وَكَانِیَةٌ، فَلَوْ قَالَتْ: زَنَیْتُ وَأَنْتَ أَزْنَى مِنِّی. فَمُقِرَّةٌ وَقَاذِفَةٌ، وَقَوْلُهُ: زَنَى فَرْجُكَ أَوْ ذَكَرُكَ. قَذْفٌ، وَالْمَذْهَبُ أَنَّ قَوْلَهُ: یَدُكَ وَعَیْنُكَ، وَلِوَلَدِهِ لَسْتَ مِنِّی أَوْ لَسْتَ ابْنِی. كِنَایَةٌ، وَلِوَلَدِ غَیْرِهِ: لَسْتَ ابْنَ فُلَانٍ. صَرِیحٌ إلاَّ لِمَنْفِیٍّ بِلِعَانٍ، وَیُحَدُّ قَاذِفُ مُحْصَنٍ،

نیەتی جنێودانەکەشی هەبێ (وَقَوْلُهُ) کە جنێودەرەکە بڵێتە ئافرەتێك، یان پیاوێك: (زَنَیْتُ بِكِ) زینام لەگەڵ تۆ کردوە (إقْرَارٌ بِزِنًا وَقَذْفٌ) دان پێداهێنانی زیناکردنەو هەم جنێـودانی زینایە، کەواتە: سزای زیناو جنێودانەکەی هەردووك دەکەونە سەر.

ئینجا بزانە: جنێودان بە زینای ئاژەڵەکان: وەك کەرگێ. یان هێسترت گاوە. نابێتە جنێودانی زینا، بەڵام واجبە: جنێودەرەکە تەمبێ بکرێ، هەروەك لە(نهایة)و(مغنی)دا فەرمویانە.

(وَلَوْ قَالَ لِزَوْجَتِهِ) ئەگەر گۆتیە ژنەکەی خۆی: (یَا زَانِیَةُ) هۆ زیناکەر (فَقَالَتْ زَنَیْتُ بِكَ) ژنەکەش گوتی زینام لەگەڵ تۆ کردوە (أَوْ أَنْتَ أَزْنَى مِنِّی) تۆ لە من زیناکەرتری، ئەوە (فَقَاذِفٌ) مێردەکە بە ئاشکرایی جنێودەری زینایە بە ژنەکـەی‌و (وَكَانِیَـةٌ) ژنەکـەش بـە نائاشکرا جنێودەرە بە مێردەکەی، واتە: ئەگەر ژنەکە سوێند بخوا پێی باوەڕ دەکرێ کە مەبەستی جنێوی زینا نەبوە (فَلَوْ قَالَتْ) ئەگەر ژنەکە گوتی (زَنَیْتُ وَأَنْتَ أَزْنَى مِنِّی) زینام کردوەو تۆش لە مـن زیناکـەرتری، ئـەوە (فَمُقِـرَّةٌ وَقَاذِفَـةٌ) ژنەکـە دانهێنـەرە بـە زینـاکردنی خـۆی، هـەم جنێـودەری زیناشـە بـە مێردەکـەی، کەواتـە: سـزای زینـاو جنێودانەکەی هەردووك دەکەونە سەر.

(وَقَوْلُهُ) كه جنێوده‌ره‌كه بڵێ (زَنَى فَرْجُكِ أَوْ ذَكَرُكَ) قوزت زینای كردوه، یان كێرت زینای كردوه، ئه‌وه‌ش (قَذْفٌ) جنێودانی زینایه، به‌ڵام (وَالْمَذْهَبُ) به فه‌رموده‌ی پاستی مه‌زهه‌ب: (أَنَّ قَوْلَهُ يَدُكَ وَعَيْنُكَ) ئه‌گه‌ر بڵێ: ده‌ستو چاوت زینای كردوه (وَلِوَلَدِهِ) یان ئه‌گه‌ر بڵێته منداڵه‌كه‌ی خۆی: (لَسْتَ مِنِّي أَوْ لَسْتَ ابْنِي) تۆ له من نی. یان تۆ كوڕی من نی. ئه‌وانه‌ش (كِنَايَةٌ) ووشه‌ی نائاشكرای جنێودانن، واته: دووه‌م‌و سێیه‌مه‌كه بۆ دایكی‌كوڕه‌كه به نائاشكرایی ده‌بنه جنێودانی زینا.

به‌ڵام (وَلِوَلَدِ غَيْرِهِ) ئه‌گه‌ر بڵێته منداڵی كه‌سێكی‌تر: (لَسْتَ ابْنَ فُلَانٍ) تۆ كوڕی فلانه‌كه‌س نی. ئه‌وه (صَرِيحٌ) ووشه‌ی ئاشكرای جنێودانی زینای دایكیه‌تی (إِلاَّ لِمَنْفِيٍّ بِلِعَانٍ) ته‌نها ئه‌و منداڵه نه‌بێ كه به له‌عنه‌تكردن له نه‌ژاد لابردرابێ.

﴿ سزای جنێودانی زینا ﴾

(وَيُحَدُّ قَاذِفُ مُحْصَنٍ) جنێوده‌ری زینا به یه‌كێكی‌داوێنپاك، واجبه: سزا بدرێ به لێدانی هه‌شتا شوڕكه‌دار، هه‌رچه‌ند جنێوپێدراوه‌كه‌ش مردوو بێ، به‌و مه‌رجانه‌ی له (باسی وَيُعَزَّرُ غَيْرُهُ، وَالْمُحْصَنُ: مُكَلَّفٌ حُرٌّ مُسْلِمٌ عَفِيفٌ عَنْ وَطْءٍ يُحَدُّ بِهِ، وَتَبْطُلُ الْعِفَّةُ بِوَطْءِ مَحْرَمٍ مَمْلُوكَةٍ عَلَىالْمَذْهَبِ، لاَ زَوْجَتِهِ فِي عِدَّةِ شُبْهَةٍ وَأَمَةٍ وَلَدِهِ وَمَنْكُوحَتِهِ بِلاَ وَلِيٍّ فِيالأَصَحِّ، وَلَوْ زَنَى مَقْذُوفٌ سَقَطَ الْحَدُّ، أَوْ ارْتَدَّ فَلاَ، وَمَنْ زَنَى مَرَّةً ثُمَّ صَلَحَ لَمْ يَعُدْ مُحْصَنًا، وَحَدُّ الْقَذْفِ يُورَثُ وَيَسْقُطُ بِعَفْوٍ،

بوختانی زینا)دا دێنو له‌وێدا ئه‌م باسه درێژتر پوون ده‌كه‌ینه‌وه، إن شاءالله تعالى، خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾ ئه‌وانه‌ی جنێوی زینا به ئافره‌تانی‌داوێنپاك ده‌ده‌ن، ئینجا چوار شاهیدی زینا ناهێنن، ئه‌وانه هه‌شتا شوڕكه‌داریان لێده‌ده‌ن.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر مێرد جنێوی زینا به ژنه‌كه‌ی خۆی بداو له‌عنه‌تیش بكا، ئه‌و كاته سزای جنێوی ژنه‌كه‌ی‌و پیاوه زیناكه‌ره‌كه‌شی له سه‌ر لاده‌چێ، به‌و به‌ڵگه‌ی له باسی له‌عنه‌تدا پوونی ده‌كه‌ینه‌وه، إن شاءالله تعالى.

(وَيُعَزَّرُ غَيْرُهُ) ئه‌وه‌ی جنێوی زینا به یه‌كێك ده‌دا كه داوێنپاك نیه، ئه‌ویش ته‌مبێ ده‌كرێ.

(وَالْمُحْصَنُ) داوێنپاك له پیاو و له ئافره‌ت ئه‌و كه‌سه‌یه: (مُكَلَّفٌ) بالغ و عاقڵ بێ‌و (حُرٌّ) ئازاد بێ‌و (مُسْلِمٌ) موسڵمان بێ‌و (عَفِيفٌ عَنْ وَطْءٍ يُحَدُّ بِهِ) داوێنی‌خۆی پاراستبێ له جیماعێكی وه‌ها كه پێی سزا بدرێ، كه‌وابو: (وَتَبْطُلُ الْعِفَّةُ) داوێنپاكی به‌تاڵ ده‌بێته‌وه (بِوَطْءِ مَحْرَمٍ مَمْلُوكَةٍ) به جیماعكردن له‌گه‌ڵ (جاریه)كی‌خۆی كه مه‌حرمیه‌تی (عَلَىالْمَذْهَبِ) له سه‌ر فه‌رموده‌ی پاستی مه‌زهه‌ب (لاَ زَوْجَتِهِ فِي عِدَّةِ شُبْهَةٍ) به‌ڵام به جیماعكردن له‌گه‌ڵ

ژنیخۆی لە(عِدَّة)ی شوبهەداو هەم (وَأَمَةٍ وَلَدِهِ) بە جیماعکردن لەگەڵ جاریەی کوڕی خۆی‌و هەم (وَمَنْكُوحَتِهِ بِلاَ وَلِيٍّ) بە جیماعکردن لەگەڵ مارەبڕاوەکەیخۆی بە بێسەرپەرشتکار، داوێنپاکیەکەی بەتاڵ نابێتەوە (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا.

(وَلَوْ زَنَى مَقْذُوفٌ) ئەگەر پێش سزادانیجنێودەرەکە جنێوپێدراوەکە زینای کرد (سَقَطَ الْحَدُّ) سزایەکە لە سەر جنێودەرەکە لادەچێ (أَوْ اِرْتَدَّ) یان ئەگەر جنێوپێدراوەکە بووە کافر (فَلاَ) سزایەکە لە سەر جنێودەرەکەی لاناچێ.

(وَمَنْ زَنَى مَرَّةً) هەر کەسێك یەك جار زینای کردبێ (ثُمَّ صَلَحَ) ئینجا تۆبەی کردبێو بوبێتە پیاوێکی چاك (لَمْ يَعُدْ مُحْصَنًا) هەتا هەتایی لە دونیادا نابێتەوە داوێنپاك، جوێندەرەکەشی سزا نادرێ، بەڵکو تەمبێ دەکرێ، بەڵام لە بارەی ڕۆژی قیامەت بە تۆبەکردن گوناهەکەی لە سەر لادەچێ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَحَدُّ الْقَذْفِ يُورَثُ) سزای جنێودانیزینا بە میرات دەگیرێو هەم (وَيَسْقُطُ بِعَفْوٍ) بە لێبوردن سزایەکە لە سەر جنێودەرەکە لادەچێ، بەڵام بە جنێوپێدانەوە لاناچێ، واتە: ئەگەر دوو وَالأَصَحُّ أَنَّهُ يَرِثُهُ كُلُّ الْوَرَثَةِ، وَأَنَّهُ لَوْ عَفَا بَعْضُهُمْ فَلِلْبَاقِينَ كُلُّهُ. (فَصْلٌ) لَهُ قَذْفُ زَوْجَةٍ عَلِمَ زِنَاهَا أَوْ ظَنَّهُ ظَنًّا مُؤَكَّدًا كَشَيَاعِ زِنَاهَا بِزَيْدٍ مَعَ قَرِينَةٍ: بِأَنْ رَآهُمَا فِي خَلْوَةٍ، وَلَوْ أَتَتْ بِوَلَدٍ وَعَلِمَ أَنَّهُ لَيْسَ مِنْهُ لَزِمَهُ نَفْيُهُ،

کەس جنێوی زینا بە یەکتری بدەن، ئەوە نابێتە تۆڵە سەندنەوە، ئەگەر لە یەکتری نەبورن سزایەکە لە سەر هیچێکیان لاناچێ، هەروەك لە (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستر: (أَنَّهُ يَرِثُهُ كُلُّ الْوَرَثَةِ) گشت میراتگرەکان هەموو سزایەکە بە میرات دەگرن، جیاوازی نیە مردووەکە: لە حاڵەتیمردندا جنێوی زینای پێدرابێ، یان لە زیندوویدا ئینجا مردبێ، هەروەك لە (ابن قاسم)دا فەرموویەتی.

(وَأَنَّهُ) هەر بە فەرموودەیڕاستتر (لَوْ عَفَا بَعْضُهُمْ) ئەگەر میراتگرێك، یان زیاتر جنێودەرەکەی عەفوکرد، ئەوە (فَلِلْبَاقِينَ كُلُّهُ) میراتگرەکانیتر مافی هەموو سزایەکەیان هەیەو هەشتا دارەکەی بە تەواوی لێدەدرێ، کەوابو: گشت میراتگرێك مافی هەیە بە تەنها داوای سزادانی جنێودەرەکە بکا، هەر چەند ئەوانیتریش ڕازی نەبن، یان ئامادە نەبن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی لەعنەتکردن بۆ لادانی منداڵەکە لە نەژادی خۆی ﴾

(لَهُ) بۆ مێردەکە دروستە (قَذْفُ زَوْجَةٍ عَلِمَ زِنَاهَا) جنێوی زینا بەو ژنەی بدا: کە بزانێ زینای کردوە (أَوْ ظَنَّهُ ظَنًّا مُؤَكَّدًا) یان بە گومانێکی بەهێز گومانی بۆ زیناکردنەکەی بچێ (كَشَيَاعِ زِنَاهَا بِزَيْدٍ) وەك لە ناو خەڵکدا باڵاو ببێتەوە: کە لەگەڵ فلانکەس زینای کردوە (مَعَ

قَرِينَةٌ) نیشانەیەکی پاستیش هەبێ: (بِأَنْ رَآهُمَا فِی خَلْوَةٍ) وەک فلانکەسەکەو ژنەکەی لە شوێنێکی تەنهادا لەگەڵ یەکتریدا دیتبن، بەڵام وا باشترە ئەو عەیبە لە سەر ژنەکەی دابپۆشێو ئەگەر دڵیشی لە سەر لاچوبێ با تەڵاقی بدا، بەو مەرجەی بە هۆی تەڵاقدانەکە خراپەو بێشەرعی پوونەدا، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

جا ئەوەی پابردووش لە حاڵەتێکدا بوو: کە ژنەکە منداڵی لەو زینایە نەبوبێ، چونکە (وَلَوْ أَتَتْ بِوَلَدٍ) ئەگەر ژنەکە منداڵێکی لێبو، یان ئاوس بوو (وَعَلِمَ أَنَّهُ لَيْسَ مِنْهُ) مێردەکەش زانی ئەو منداڵە لەوی نیە، یان گومانێکی بەهێزی هەبوو، ئەو کاتە (لَزِمَهُ نَفْيُهُ) لە سەری واجبە: منداڵەکە لە نەژادیخۆی لابباو بڵێ: ئەم منداڵە لە من نیە. چونکە ئەگەر بێدەنگ بێ، ئەوە بە بڕیاری سەرجێیی منداڵەکە دەبێتە منداڵیخۆی بە بەڵگەی حەدیسەکەی داهاتوو، ئەوەش لە گوناهە گەورەکانە: کە منداڵێك هی خۆی نەبێو بیکاتە منداڵی خۆی، هەروەک لە (تحفة)و (نهایة)دا فەرموویانەو لە (باسی دانپێداهێنانو منداڵیفرێدراو)دا ڕوونمان کردەوە.

وَإِنَّمَا يَعْلَمُ إِذَا لَمْ يَطَأْ أَوْ وَلَدَتْهُ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ الْوَطْءِ أَوْ فَوْقَ أَرْبَعِ سِنِينَ، فَلَوْ وَلَدَتْهُ لِمَا بَيْنَهُمَا وَلَمْ يَسْتَبْرِئْ بِحَيْضَةٍ حَرُمَ النَّفْيُ، وَإِنْ وَلَدَتْهُ لِفَوْقِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ الإِسْتِبْرَاءِ حَلَّ النَّفْيُ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ وَطِئَ وَعَزَلَ حَرُمَ عَلَالصَّحِيحِ، وَلَوْ عَلِمَ زِنَاهَا وَاحْتُمِلَ كَوْنُ الْوَلَدِ مِنْهُ

(وَإِنَّمَا يَعْلَمُ) جا تەنها بەوە دەزانێ منداڵەکە لە خۆی نیە: (إِذَا لَمْ يَطَأْ) کە هیچ کاتێك جیماعی لەگەڵ ژنەکەی نەکردبێو (مَنِي)ی خۆیشی دەناو ژنەکەی نەکرابێ- بگەڕێوە بۆ باسی منداڵیبیژی- (أَوْ) یان جیماعی لەگەڵ کردبێ، بەڵام (وَلَدَتْهُ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ الْوَطْءِ) لە جیماعکردنەوە بە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ منداڵێکی تەواوی لێبو (أَوْ فَوْقَ أَرْبَعِ سِنِينَ) یان بە زیاتر لە چوار ساڵ لە جیماعکردنەوە، کەوابو: (فَلَوْ وَلَدَتْهُ لِمَا بَيْنَهُمَا) ئەگەر لە جیماعکردنەوە لە نێوان شەش مانگو چوار ساڵدا منداڵەکەی لێبو (وَلَمْ يَسْتَبْرِئْ بِحَيْضَةٍ) لە دوای جیماعکردنەکەش ژنەکە حەیزێکی نەدیتبو، ئەو کاتە (حَرُمَ النَّفْيُ) حەڕامە منداڵەکە لە نەژادی خۆی لابباو، بەڵام (وَإِنْ وَلَدَتْهُ لِفَوْقِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ الإِسْتِبْرَاءِ) ئەگەر لە سەرەتای حەیزەکەوە لە ماوەی زیاتر لە شەش مانگ منداڵەکەی لێبو، ئەو کاتە (حَلَّ النَّفْيُ فِیالأَصَحِّ) حەڵاڵە لە نەژادی خۆی لایبا، لە فەرموودەی ڕاستردا.

(وَلَوْ وَطِئَ وَعَزَلَ) ئەگەر جیماعی لەگەڵ ژنەکەی کردبو، بەڵام لە کاتی ڕەحەتبوون لێی دەرهێناو ئاوەکەی لە دەرەوە ڕژاند، ئەوە (حَرُمَ عَلَىالصَّحِيحِ) حەڕامە منداڵەکە لە نەژادی خۆی لابباو، لە سەر فەرموودەی ڕاست، نەوەك بێئاگاداری خۆی دڵۆپە ئاوێك ڕژابێتە ناو

دامێنی ژنەکە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿اَلْوَلَدُ لِلْفِراشِ وَلِلْعاهِرِ اَلْحَجَرُ﴾ رواه الشيخان، منداڵ بۆ ئەو پیاوەیە کە بە حەڵاڵی سەرجێیی ژنەکەی کردوە، بۆ زیناکەرەکەش سەرشۆڕیو سزای زینا داندراوە.

جا بزانە: ژنەکە بەوە دەبێتە سەرجێیی مێردەکەی: کە (مَنِي)ی مێردەکەی دەناو دامێنی کرابێ، یان بگونجێ جیماعی لەگەڵ کردبێ: وەك لە شوێنێکی بە تەنهادا وێکڕا کۆ بوبنەوە، واتە: ئەگەر لە دوای ئەو کۆبوونەوە بە تەنهایە بە ماوەیەکی وەها منداڵێکی لێبو کە دەگونجا لە مێردەکەی بێ، ئەو منداڵە دەبێتە منداڵی مێردەکەی، هەروەك لە (مغنی) لە (باسی دڵنیایی‌کردنی جاریە)دا فەرموویەتی.

جا ئەگەر ژنەکە زینای کردبو، مێردەکەش دەیزانی منداڵەکە لە خۆی نیە، ئەو کاتە واجبە: بڕیاری سەرجێییەکە هەڵبوەشێنێتەوەو منداڵەکە لە نەژادی‌خۆی لابدا، هەروەك ڕابرا، بەڵام (وَلَوْ عَلِمَ زِنَاهَا) ئەگەر مێردەکە زانی ژنەکەی زینای کردوەو (وَاحْتُمِلَ كَوْنُ الْوَلَدِ مِنْهُ وَمِنَ الزِّنَا حَرُمَ النَّفْيُ، وَكَذَاالْقَذْفُ وَاللِّعَانُ عَلَىالصَّحِيحِ.

(فَصْلٌ) اَللِّعَانُ قَوْلُهُ أَرْبَعَ مَرَّاتٍ: أَشْهَدُ بِاللهِ إِنِّي لَمِنَ الصَّادِقِينَ فِيمَا رَمَيْتُ بِهِ هَذِهِ مِنَ الزِّنَا. فَإِنْ غَابَتْ سَمَّاهَا وَرَفَعَ نَسَبَهَا بِمَا يُمَيِّزُهَا، وَالْخَامِسَةُ: أَنَّ لَعْنَةَ اللهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ فِيمَا رَمَاهَا بِهِ مِنَ الزِّنَا. وَإِنْ كَانَ وَلَدٌ يَنْفِيهِ ذَكَرَهُ فِي الْكَلِمَاتِ فَقَالَ: وَإِنَّ الْوَلَدَالَّذِي وَلَدَتْهُ أَوْ هَذَاالْوَلَدَ مِنْ زِنًا لَيْسَ مِنِّي.

وَمِنَ الزِّنَا) دەشگونجا منداڵەکە لە خۆی بێو دەشگونجا لە زینا بێ، ئەو کاتەش (حَرُمَ النَّفْيُ) حەڕامە منداڵەکە لە نەژادی‌خۆی لاببا، چونکە بە بڕیاری سەرجێیی منداڵەکە هی خۆیەتی، بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌ڕابردوو.

(وَكَذَا الْقَذْفُ وَاللِّعَانُ) هەروەها جنێوی زیناو لەعنەت لێکردنیش حەڕامە (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست، چونکە منداڵەکە بووەتە منداڵی خۆی‌و دەشتوانێ بە تەڵاقدان لە ژنەکەی جیابێتەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی چۆنیەتی لەعنەت لێککردنی ژن و مێرد** ﴾

(اَللِّعَانُ) لەعنەت لێککردنی زینا (قَوْلُهُ أَرْبَعَ مَرَّاتٍ) ئەوەیە مێردەکە چوار جار بڵێ: (أَشْهَدُ بِاللهِ إِنِّي لَمِنَ الصَّادِقِينَ فِيمَا رَمَيْتُ بِهِ هَذِهِ مِنَ الزِّنَا) شاهیدی ئەدەم سوێندم بە خوا: من ڕاستگۆم لەو جنێوەدا کە بەم ژنەی خۆم گوت زینات کردوە.

(فَإِنْ غَابَتْ) جا ئەگەر ژنەکە لە دانیشگەی لەعنەتکردنەکەدا نەبو، ئەو کاتە (سَمَّاهَا وَرَفَعَ نَسَبَهَا بِمَا يُمَيِّزُهَا) ناوەکەی دەڵێو نەژادیشی بەرز دەکاتەوە بە جۆرێکی وەها: لە

ژنێکەیتر جیای بکاتەوە (وَالْخَامِسَةُ) هەم جاری پێنجەمیش بڵێ (أَنَّ لَعْنَةَ اللهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ فِيمَا رَمَاهَا بِهِ مِنَ الزِّنَا) لەعنەتی خوام لە سەر بێ ئەگەر من درۆزن بم لەو جنێوەدا کە بەم ژنەی خۆم گوت زینات کردوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلاَّ أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ ئەو پیاوانەی ئابڕووی ژنەکانیان دەبەنو پێیان دەڵێن زینات کردوەو جگە لە خۆیان شاهیدیان نەبو، با پیاوەکە چوار جار بە خۆی شاهیدی بە خوا بدا: کە ڕاستگۆیە، جاری پێنجەمیش بڵێ: لەعنەتی خوام لە سەر بێ ئەگەر درۆزن بم.

(وَإِنْ كَانَ وَلَدٌ يَنْفِيهِ) ئەگەر لەو حاڵەتەشدا منداڵێکی وەها هەبو: کە لە نەژادی خۆی لایدەبرد، ئەوە (ذَكَرَهُ فِيالْكَلِمَاتِ) لە هەر پێنج شاهیدیەکاندا مێردەکە باسی منداڵەکەش دەکا (فَقَالَ) لە دوای تەواوبوونی گشت جارێك دەڵێ: (وَإِنَّ الْوَلَدَ الَّذِي وَلَدَتْهُ، أَوْ هَذَا الْوَلَدَ مِنْ زِنًا لَيْسَ مِنِّي) ئەو منداڵەی ژنەکە بووەتی، یان ئەم منداڵە لە زینایەو لە من نیە.

وَتَقُولُ هِيَ: أَشْهَدُ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ فِيمَا رَمَانِي بِهِ مِنَ الزِّنَا. وَالْخَامِسَةُ: أَنَّ غَضَبَ اللهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ فِيهِ. وَلَوْ بُدِّلَ لَفْظُ شَهَادَةٍ بِحَلِفٍ وَنَحْوِهِ أَوْ غَضَبٍ بِلَعْنٍ وَعَكْسِهِ أَوْ ذُكِرَا قَبْلَ تَمَامِ الشَّهَادَاتِ لَمْ يَصِحَّ فِالأَصَحِّ، وَيُشْتَرَطُ فِيهِ أَمْرُالْقَاضِي وَيُلَقِّنُ كَلِمَاتِهِ، وَأَنْ يَتَأَخَّرَ لِعَانُهَا عَنْ لِعَانِهِ، وَيُلاَعِنُ أَخْرَسُ بِإِشَارَةٍ مُفْهِمَةٍ أَوْ كِتَابَةٍ، وَيَصِحُّ بِالْعَجَمِيَّةِ، وَفِيمَنْ عَرَفَ الْعَرَبِيَّةَ وَجْهٌ،

(وَ) لە دوای تەواوبوونی لەعنەتی مێردەکە (تَقُولُ هِيَ) ژنەکە دەڵێ: (أَشْهَدُ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ فِيمَا رَمَانِي بِهِ مِنَ الزِّنَا) شاهیدی ئەدەم سوێندم بە خوا: مێردەکەم–کە فلانکەسە– درۆزنە لەو جنێوەدا کە بە منی گوت زینات کردوە. (وَالْخَامِسَةُ) هەم جاری پێنجەمیش دەڵێ (أَنَّ غَضَبَ اللهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ فِيهِ) غەزەبی خوام لە سەر بێ ئەگەر مێردەکەم ڕاستگۆ بێ لەو جنێوەدا کە بە منی گوت زینات کردوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيَدْرَؤُ عَنْهَاالْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ، وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ سزای زینا لە سەر ژنەکە لادەدا کە چوار جار شاهیدی بە خوا بدا: کە مێردەکەی درۆزنە لەو جنێوەدا، جاری پێنجەمیش بڵێ: غەزەبی خوام لە سەر بێ ئەگەر مێردەکەم ڕاستگۆ بێ لەو جنێوەدا.

(وَلَوْ بُدِّلَ لَفْظُ شَهَادَةٍ بِحَلِفٍ وَنَحْوِهِ) ئەگەر ووشەی شایەدی دەدەم، بگۆڕدرێ بە ووشەی سوێند دەخۆم بە خوا (أَوْ غَضَبٍ بِلَعْنٍ) یان ووشەی غەزەبی خوام لە سەر بێ، بگۆڕدرێ بە ووشەی لەعنەتم لە سەر بێ (وَعَكْسِهِ) یان پێچەوانەکەی بە پێچەوانەکەی بگۆڕدرێ (أَوْ

ذُكِرَا قَبْلَ تَمَامِ الشَّهَادَاتِ) یان ووشەی لەعنەتی پیاوەکەو غەزەبی ژنەکە پێش تەواوبوونی چوار جارەکانیان گوترا، ئەوە (لَمْ یَصِحَّ فِیالأَصَحِّ) پستەی لەعنەت لێککردنەکە دروست نابێ، لە فەرموودەی پاستتردا، چونکە لە قوڕئاندا بەم ووشانە هاتوە.

(وَیُشْتَرَطُ فِیهِ أَمْرُ الْقَاضِی) بە مەرج دادەندرێ لە دروستبوونی لەعنەت لێککردندا: قازی، یان جێگری قازی فەرمان بە گوتنی لەعنەتەکان بکا، هەم (وَیُلَقِّنُ کَلِمَاتِهِ) هەر ئەویش ووشەکانی لەعنەت بە ژنەکەو بە مێردەکە بڵێ، هەم هەر پێنج جارەکەش بە تەواوی بە دوایەکتردا بن، هەم (وَأَنْ یَتَأَخَّرَ لِعَانُهَا عَنْ لِعَانِهِ) لەعنەتکردنی ژنەکە لە دوای لەعنەتکردنی مێردەکە بێ.

(وَیُلَاعِنُ أَخْرَسُ بِإِشَارَةٍ مُفْهِمَةٍ أَوْ کِتَابَةٍ) ئەوەی لاڵە بە ئاماژەکردنێکی تێگەیەنەر، یان بە نووسین لە عنەتەکە دەکا، هەم (وَیَصِحُّ بِالْعَجَمِیَّةِ) بە زمانێکیتری جگە لە عەرەبیش لەعنەتکردنەکە دروست دەبێ (وَفِیمَنْ عَرَفَ الْعَرَبِیَّةَ وَجْهٌ) لەبارەی کەسێك کە عەرەبی بزانێ، فەرموودەیەکی بێهێز هەیە: کە بۆ وی دروست نەبێ.

وَیُغَلَّظُ بِزَمَانٍ وَهُوَ بَعْدَ عَصْرِ جُمُعَةٍ، وَمَکَانٍ وَهُوَ أَشْرَفُ بَلَدِهِ: فَبِمَکَّةَ بَیْنَ الرُّکْنِ وَالْمَقَامِ، وَالْمَدِینَةِ عِنْدَالْمِنْبَرِ، وَبَیْتِ الْمَقْدِسِ عِنْدَ الصَّخْرَةِ، وَغَیْرِهَا عِنْدَ مِنْبَرِالْجَامِعِ، وَحَائِضٌ بِبَابِ الْمَسْجِدِ، وَذِمِّیٌّ فِی بِیعَةٍ وَکَنِیسَةٍ، وَکَذَا بَیْتُ نَارِ مَجُوسِیٍّ فِیالأَصَحِّ، لاَ بَیْتُ أَصْنَامٍ وَثَنِیٍّ، وَجَمْعٍ أَقَلُّهُ أَرْبَعَةٌ، وَالتَّغْلِیظَاتُ سُنَّةٌ لاَ فَرْضٌ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَیُسَنُّ لِلْقَاضِی وَعْظُهُمَا وَیُبَالِغُ عِنْدَ الْخَامِسَةِ،

(وَیُغَلَّظُ بِزَمَانٍ) لەعنەت لێککردنەکە ئەستوور دەکرێ بە کاتی لەعنەتەکە: (وَهُوَ بَعْدَ عَصْرِ جُمُعَةٍ) کاتەکەش لە دوای عەسری ڕۆژی هەینی یە، جا ئەگەر داواکردنی لەعنەتەکە بە پەلە بوو، ئەو کاتە لە دوای عەسری هەر ڕۆژێکی بگونجێ، چونکە سوێندی بە درۆ لە دوای عەسر سزایەکەی ئەستورترە، هەروەك لە حەدیسی(بخاری و مسلم)دا گێڕدراوەتەوە.

هەم (وَمَکَانٍ) بە شوێنی لەعنەتەکەش ئەستوور دەکرێ (وَهُوَ أَشْرَفُ بَلَدِهِ) کە بەڕێزترین شوێنی شاری لەعنەتەکەیە: (فَبِمَکَّةَ بَیْنَ الرُّکْنِ وَالْمَقَامِ) لە شاری (مکة)دا لە نێوان (اَلْحَجَرِ الأَسْوَدِ)و (مَقَامِ إِبْرَاهِیمﷺ) لەعنەتەکە دەکەن (وَالْمَدِینَةِ عِنْدَ الْمِنْبَرِ) لە شاری (مَدِینَة)شدا لە لای مینبەری مزگەوتی پێغەمبەرﷺ لەعنەتەکە دەکەن (وَبَیْتِ الْمَقْدِسِ عِنْدَ الصَّخْرَةِ) لە شاری (قودس)دا لەلای بەردە گەورەکە–کە پێی دەگوترێ: (صَخْرَةُ اللهِ)– لەعنەتەکە دەکەن (وَغَیْرِهَا عِنْدَ مِنْبَرِ الْجَامِعِ) لە شوێنەکانیتری جگە لەو سێیانەش لە لای مینبەری ئەو مزگەوتەی کە جومعەی تێدا دەکرێ لەعنەتەکە دەکەن.

(وَحَائِضٌ بِبَابِ الْمَسْجِدِ) ئافرەتی حەیزداریش لە دەرگەی مزگەوتەوە لەعنەتەکە دەکا (وَذِمِّیٌّ

فِي بِيعَةٍ وَكَنِيسَةٍ) جولەکەو دیان لە دێرو کەنیسەدا لەعنەت دەکەن (وَكَذَا بَيْتُ نَارِ مَجُوسِيٍّ فِيالأَصَحِّ) هەروەها ئاگرپەرستیش لە ئاگرخانەکەیدا لەعنەت دەکا (لاَ بَيْتُ أَصْنَامٍ وَثَنِيٍّ) بەڵام لە بتخانەی بتپەرستەکاندا لەعنەتەکە ناکرێ، چونکە ڕێزی ئایینی نیە.

(وَجَمْعٍ) هەروەها ئەستوور دەکرێ بە ئامادەبوونی کۆمەڵە پیاوماقوڵێکی دادپەروەر (أَقَلُّهُ أَرْبَعَةٌ) کە لایکەمی چوار پیاو بن (وَالتَّغْلِيظَاتُ سُنَّةٌ لاَ فَرْضٌ عَلَىالْمَذْهَبِ) ئەو ئەستوورکردنانەی ڕابردوو گشتی سوننەتن و هیچیان واجب نین، لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب (وَيُسَنُّ لِلْقَاضِي وَعْظُهُمَا) بۆ قازی، یان جێگرەکەی سوننەتە: ئامۆژگاری ژنەکەو مێردەکە بکاو بە عەزابی خوایگەورە بیانترسێنێو پێیان بڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿لێکۆڵینەوەتان لە ڕۆژی قیامەت لە سەر خوایگەورەیەو خوا دەزانێ یەکێکتان درۆ دەکا، ئایا کامەتان تۆبە دەکا؟﴾.

(وَيُبَالِغُ عِنْدَ الْخَامِسَةِ) بە تایبەتیش لە جاری پێنجەمدا زۆرتر ئامۆژگاریو ترساندن دەکاو فەرمان دەدا: یەکێك دەستی لە سەر دەمی لەعنەتکەرەکە دابنێو بڵێ: ئەم جارە تووشی وَأَنْ يَتَلاَعَنَا قَائِمَيْنِ، وَشَرْطُهُ زَوْجٌ يَصِحُّ طَلاَقُهُ، وَلَوْ اِرْتَدَّ بَعْدَ وَطْءٍ فَقَذَفَهَا وَأَسْلَمَ فِالْعِدَّةِ لاَعَنَ، وَلَوْ لاَعَنَ ثُمَّ أَسْلَمَ فِيهَا صَحَّ، أَوْ أَصَرَّ صَادَفَ بَيْنُونَةً، وَيَتَعَلَّقُ بِلِعَانِهِ: فُرْقَةٌ، وَحُرْمَةٌ مُؤَبَّدَةٌ

غەزەبی خوای گەورەت دەکا (وَأَنْ يَتَلاَعَنَا قَائِمَيْنِ) سوننەتە هەر دووکیان بە پێوە لەعنەتەکە بکەن.

ئینجا بزانە: جنێودانی زینا ئەگەر بوختانو درۆ بێ، ئەوە لە گەورەترینی گوناهە گەورەکانە، هەروەك لە حەدیسی پێغەمبەرداﷺ هاتوەو لە (باسیسزایبوختان)دا ڕوونی دەکەینەوە،إن شاءالله تعالى، کەوابو: ئەگەر مێردەکە لەعنەتەکانی کردنو ئینجا خۆی بە درۆ خستەوە، ئەو کاتە–لەگەڵ گوناهیبوختانەکە– کەففارەتی سوێندێکیشی لە سەر واجب دەبێ؟ چونکە لەعنەتەکان لە ڕاستیدا سوێندن، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَشَرْطُهُ) مەرجی دروستبوونی لەعنەت لێککردنەکە: (زَوْجٌ يَصِحُّ طَلاَقُهُ) لەعنەتکەرەکە مێردێکی وەها بێ: کە تەڵاقدانی دروست ببێ، کەواتە: لەعنەتکردنی بێگانەو مێردێکی منداڵو شێتو زۆرلێکراو دروست نابێ.

(وَلَوْ اِرْتَدَّ بَعْدَ وَطْءٍ) ئەگەر مێردەکە لە دوای جیماعکردن بووە کافر (فَقَذَفَ) ئینجا لە حاڵەتی کافرییدا جنێوی زینای بە ژنەکەی دا (وَأَسْلَمَ فِيالْعِدَّةِ) لە ماوەی (عِدَّة)شدا بۆوە موسڵمان، ئەوە (لاَعَنَ) لەعنەت دەکا، چونکە ژنو مێردایەتیەکە هەر بەردەوامە، کەوابو: (وَلَوْ لاَعَنَ) ئەگەر لە ماوەی کافربوونەکەشدا لەعنەتەکەی کرد (ثُمَّ أَسْلَمَ فِيهَا) ئینجا لە

ماوەی (عِدَّة)دا بۆوە موسوڵمان، ئەوەش (صَحَّ) لەعنەتکردنەکە دروست بووە، چونکە لە حاڵەتی ژنو مێردایەتیدا بووە، بەڵام (أَوْ أَصَرَّ) ئەگەر سوڕ بوو لە سەر کافربوونەکەی تا (عِدَّة)ی تەواو بوو، ئەو کاتە (صَادَفَ بَيْنُونَةً) لەعنەتکردنەکەی کەوتۆتە حاڵەتی (بَيْنُونَةً)، واتە: لێکجیابوونەوەی بە هۆی کافربوون، کەواتە: لەعنەتەکەی دروست نابێ‌و لە سزای جنێوەکەش هەشتا داری لێدەدرێ، چونکە ئاشکرا بوو لە حاڵەتی جنێوەکەدا مێردی ژنەکەی نیە، بەڵکو بێگانەیە.

بەڵام ئەگەر جنێوی زینای بە ژنەکەی دا، ئینجا سێ‌بەسێ‌ تەڵاقیدا، ئەوە بۆی دروستە لەعنەت بکا، چونکە لە حاڵەتی جنێوەکەدا مێردی ژنەکەی بووە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَيَتَعَلَّقُ بِلِعَانِهِ) هەڵدەواسرێ‌ بە لەعنەتی مێردەکە پێنج بڕیار، واتە: هەر کاتێک مێردەکە پێنج جارەکەی خۆی تەواو کردن پێنج بڕیاری شەرعی جێ‌بەجێ‌ دەبن، یەکەم: (فُرْقَةٌ) مارەبڕینەکەی لەو ژنە هەڵدەوەشێتەوە. دووەم: (وَحُرْمَةٌ مُؤَبَّدَةٌ) هەتا هەتاییش ژنەکەی وَإِنْ أَكْذَبَ نَفْسَهُ، وَسُقُوطُ الْحَدِّ عَنْهُ، وَوُجُوبُ حَدِّ زِنَاهَا، وَانْتِفَاءُ نَسَبٍ نَفَاهُ بِلِعَانِهِ، وَإِنَّمَا يَحْتَاجُ إلَى نَفْيٍ مُمْكِنٍ مِنْهُ، فَإِنْ تَعَذَّرَ: بِأَنْ وَلَدَتْهُ لِسِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ الْعَقْدِ أَوْ طَلَّقَ فِي مَجْلِسِهِ أَوْ نَكَحَ وَهُوَ بِالْمَشْرِقِ وَهِيَ بِالْمَغْرِبِ لَمْ يَلْحَقْهُ، وَلَهُ نَفْيُهُ مَيِّتًا، وَالنَّفْيُ عَلَى الْفَوْرِ فِي الْجَدِيدِ، وَيُعْذَرُ لِعُذْرٍ،

لێ‌حەڕام دەبێ، واتە: ئەگە مێردێکی‌تریش بکاو تەڵاقی بدا، هەر لێ‌ی حەڵاڵ نابێتەوە (وَإِنْ أَكْذَبَ نَفْسَهُ) هەر چەند خۆیشی بەدرۆ بخاتەوە ﴿عن سهل بن سعدﷺ فِي حَدِيثِ الْمُتَلَاعِنَيْنِ: مَضَتِ السُّنَّةُ فِي الْمُتَلَاعِنَيْنِ أَنْ يُفَرَّقَ بَيْنَهُمَا ثُمَّ لا يَجْتَمِعَانِ أَبَداً﴾ رواه أبوداود والبيهقي وأصله فيالصحيحين، شەریعەتی پێغەمبەرﷺ بەو بڕیارە هاتوە: کە ژنو مێردی لەعنەتکەر لێک جیا بکرێنەوەو هەتا هەتایش کۆ نەبنەوە.

سێ‌یەم: (وَسُقُوطُ الْحَدِّ عَنْهُ) سزای جنێوەکەی ژنەکە لە سەر مێردەکە لادەچێ، هەروەها سزای جنێوی ئەو پیاوە زیناکەرەشی لە سەر لادەچێ کە لە پرستەی لەعنەتەکانیدا ناوی هێناوە، واتە: گوتویەتی: ڕاست دەکەم ژنەکەم زینای لەگەڵ فلانەپیاوە کردوە. هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، فەرموویانە.

چوارەم: (وَوُجُوبُ حَدِّ زِنَاهَا) سزای زینایەکەش لە سەر ژنەکە واجب دەبێ، بەڵام ئەگەر ژنەکەش پێنج جار لەعنەت بکا سزایەکەی لە سەر لادەچێ، بە بەڵگەی ئایەتەکەی‌ڕابردوو.

پێنجەم: (وَانْتِفَاءُ نَسَبٍ نَفَاهُ بِلِعَانِهِ)نەژادی ئەو منداڵەشی لێ لادەچێ کە لە پێنج پرستەکانیدا لای‌بردوەو گوتویەتی: منداڵی من نیە ﴿عن سهلﷺ: أَنَّ النَبِيَّﷺ فَرَّقَ بَيْنَ

الْمُتَلاعِنَيْنِ وَأَلْحَقَ الْوَلَدَ بِالْمَرْأَةِ﴾ رواه الشيخان، پێغەمبەرﷺ ژن و مێردە لەعنەتکەرەکەی لێك جیا کردنەوەو منداڵەکەشی بە ژنەکەوە لکاند.

(وَإِنَّمَا يَحْتَاجُ إِلَى نَفْيٍ مُمْكِنٍ مِنْهُ) مێردەکە پێویستی بە لادانی تەنها ئەو منداڵە هەیە: کە بگونجێ لە خۆی بێ، کەوابو: (فَإِنْ تَعَذَّرَ) ئەگەر نەدەگونجا لە خۆی بێ: (بِأَنْ وَلَدَتْهُ لِسِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنَ الْعَقْدِ) وەك ژنەکە منداڵەکەی لێببێ بە ماوەی شەش مانگ، یان کەمتر لە مارەبڕینەوە (أَوْ طَلَّقَ فِي مَجْلِسِهِ) یان هەر لە دانیشگەی مارەبڕینەکە تەڵاقی دابو (أَوْ نَكَحَ وَهُوَ بِالْمَشْرِقِ وَهِيَ بِالْمَغْرِبِ) یان کە ژنەکەی مارە بڕیبو، بە خۆی لە ڕۆژهەڵات بوو، ژنەکەش لە ڕۆژئاوا بوو، ماوەیەکی ئەوهاش نەڕۆیشتبو: کە بگەنە یەکتری، ئەوە (لَمْ يَلْحَقْهُ) منداڵەکە ناگاتە نەژادی مێردەکە، چونکە مەحاڵە، کەواتە: پێویست نیە بە لەعنەتکردن لای‌بدا.

(وَلَهُ نَفْيُهُ مَيِّتًا) بۆ مێردەکە دروستە منداڵەکە بە مردوویش لە نەژادی خۆی لابدا (وَالنَّفْيُ عَلَى الْفَوْرِ فِي‌الْجَدِيدِ) لابردنی منداڵەکە دەسبەجێیە، لە فەرموودەی نوێدا، بە بەڵگەی فەرموودەی ئیمامی (عمر)ی‌داهاتوو، بەڵام (وَيُعْذَرُ لِعُذْرٍ) ئەگەر عوزرێکی دواخستنی وَلَهُ نَفْيُ حَمْلٍ وَانْتِظَارُ وَضْعِهِ، وَمَنْ أَخَّرَ وَقَالَ جَهِلْتُ الْوِلاَدَةَ صُدِّقَ بِيَمِينِهِ إِنْ كَانَ غَائِبًا، وَكَذَاالْحَاضِرُ فِي مُدَّةٍ يُمْكِنُ جَهْلُهُ فِيهَا، وَلَوْ قِيلَ لَهُ: مُتِّعْتَ بِوَلَدِك أَوْ جَعَلَهُ اللهُ لَكَ وَلَدًا صَالِحًا. فَقَالَ: آمِينَ، أَوْ نَعَمْ. تَعَذَّرَ نَفْيُهُ، وَإِنْ قَالَ: جَزَاكَ اللهُ خَيْرًا أَوْ بَارَكَ عَلَيْك. فَلاَ، وَلَهُ اللِّعَانُ مَعَ إِمْكَانِ بَيِّنَةٍ بِزِنَاهَا، وَلَهَا لِدَفْعِ حَدِّالزِّنَا. (فَصْلٌ) لَهُ اللِّعَانُ لِنَفْيِ وَلَدٍ وَإِنْ عَفَتْ عَنِ الْحَدِّ وَزَالَ النِّكَاحُ،

هەبێ، ئەو کاتە عوزرەکەی قبوڵ دەکرێ: وەك بەند کرابێ، یان نەخۆش بێ، بەڵام لەحاڵەتی عوزردا واجبە: شاهید بگرێ، ئەگینا: مافی نامێنێ.

(وَلَهُ نَفْيُ حَمْلٍ) بۆ مێردەکە دروستە کۆرپەی ناو زگی ژنەکەش لە نەژادیخۆی لا ببا، هەم (وَانْتِظَارُ وَضْعِهِ) بۆیشی دروستە چاوەڕوانی دانانی بکاو–هەر کاتێك بوو– لە نەژادی خۆی لای‌ببا، بە بەڵگەی حەدیسەکەی (بخاري)و (مسلم).

(وَمَنْ أَخَّرَ) هەر کەسێك لابردنی منداڵەکەی لە نەژادی خۆی دواخستو (وَقَالَ جَهِلْتُ الْوِلاَدَةَ) گوتی منداڵبوونەکەم نەزانیبو (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ إِنْ كَانَ غَائِبًا) بە سوێندخواردن باوەڕی پێدەکرێ ئەگەر لە شوێنێکیتر بوبێ (وَكَذَا الْحَاضِرُ فِي مُدَّةٍ يُمْكِنُ جَهْلُهُ فِيهَا) هەروەها ئەگەر لە شوێنەکەش بوبێ بە سوێند باوەڕی پێدەکرێ لە ماوەیەکیوەهادا: کە بگونجێ نەیزانیبێ.

(وَلَوْ قِيلَ لَهُ) ئەگەر بە مێردەکە گوترا: (مُتِّعْتَ بِوَلَدِك) خوا منداڵەکەت بۆ بهێڵێو خۆشیی لێببینی (أَوْ) یان گوترا: (جَعَلَهُ اللهُ لَكَ وَلَدًا صَالِحًا) خوا بۆتی بکاتە منداڵێکی سالح (فَقَالَ: آمِينَ أَوْ نَعَمْ) مێردەکەش گوتی ئامین، یان بەڵێ. ئەوە (تَعَذَّرَ نَفْيُهُ) زەحمەتەو ناگونجێ لە نەژادیخۆی لای‌ببا، چونکە وەڵامەکەی ڕازیبوونی تێدایە،

ئیمامی(عمر)ش﵁ فەرموویەتی: ﴿مَنْ أَقَرَّ بِوَلَدِهِ طَرْفَةَ عَيْنٍ فَلَيْسَ لَهُ أَنْ يَنْفِيَهُ﴾ أثـر حسـن أخرجه البيهقي، هەر کەسێك چاوچوقانێك دان بە منداڵەکەی خۆیدا بێنێ، بۆی دروست نیە لە نەژادی خۆی لایببا. بەڵام (وَإِنْ قَالَ) ئەگەر مێردەکە لە وەڵامدا گوتی (جَزَاكَ اللهُ خَيْرًا) خوا پاداشتی چاکت بداتەوە (أَوْ بَارَكَ عَلَيْكَ) یان خوا بەرەکەتت بە سەردا بڕژێنێ (فَلاَ) لابردنی منداڵەکە زەحمەت نیە، چونکە وەڵامی دوعایەکەی بە دوعا داوەتەوە.

(وَلَهُ اللِّعَانُ مَعَ إِمْكَانِ بَيِّنَةٍ بِزِنَاهَا) بۆ مێردەکە دروستە لەعنەتەکە بکا، هەر چەند بشگونجێ چوار شاهید لە سەر زینای‌ژنەکە بێنێ، چونکە لەعنەتکردنو شاهید هەردووکیان بەڵگەیەکی شەرعین، هەم (وَلَهَا لِدَفْعِ حَدِّ الزِّنَا) بۆ ژنەکەش دروستە لەعنەت بکا، تاکو سزای زینا لە سەر خۆی لابدا، هەروەك ڕوونمان کردەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی لابردنی منداڵەکە لە نەژادی خۆی** ﴾

(لَهُ اللِّعَانُ لِنَفْيِ وَلَدٍ) بۆ مێردەکە دروستە لەعنەت بکا بۆ لابردنی منداڵەکە لە نەژادی خۆی (وَإِنْ عَفَتْ عَنِ الْحَدِّ وَزَالَ النِّكَاحُ) هەر چەند ژنەکەش لە سزای جنێوەکە ببوردێ و وَلِدَفْعِ حَدِّالْقَذْفِ وَإِنْ زَالَ النِّكَاحُ وَلاَ وَلَدَ، وَلِتَعْزِيرِهِ، لاَ تَعْزِيرِ تَأْدِيبٍ لِكَذِبٍ كَقَذْفِ طِفْلَةٍ لاَ تُوطَأُ، وَلَوْ عَفَتْ عَنِ الْحَدِّ أَوْ أَقَامَ بَيِّنَةً بِزِنَاهَا أَوْ صَدَّقَتْهُ وَلاَ وَلَدَ أَوْ سَكَتَتْ عَنْ طَلَبِ الْحَدِّ أَوْ جُنَّتْ بَعْدَ قَذْفِهِ فَلاَ لِعَانَ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ أَبَانَهَا أَوْ مَاتَتْ ثُمَّ قَذَفَهَا بِزِنًا مُطْلَقٍ أَوْ مُضَافٍ إِلَى مَا بَعْدَ النِّكَاحِ لاَعَنَ إِنْ كَانَ وَلَدٌ يَلْحَقُهُ، فَإِنْ أَضَافَ إِلَى مَا قَبْلَ نِكَاحِهِ فَلاَ لِعَانَ إِنْ لَمْ يَكُنْ وَلَدٌ وَكَذَا إِنْ كَانَ فِي الأَصَحِّ،

ژنو مێردایەتیەکەشیان نەمابێ: بە هۆی تەلاق، یان هۆیەکی‌تر، هەم (وَلِدَفْعِ حَدِّ الْقَذْفِ وَإِنْ زَالَ النِّكَاحُ وَلاَ وَلَدَ) بۆ مێردەکە دروستە لە عنەت بکا، تاکو سزای جنێوی زیناکەی لە سەر لابچێ، هەر چەند ژنو مێردایەتیش لاچوبێو منداڵیشی نەبێ، هەم (وَلِتَعْزِيرِهِ) بۆ ئەوەی تەمبێ‌کردنی جنێوەکەشی لە سەر لا بچێ دروستە لەعنەت بکا (لاَ تَعْزِيرِ تَأْدِيبٍ لِكَذِبٍ) نەك بۆ ئەوەی تەمبێ‌کردنی درۆکردنی لە سەر لابچێ: (كَقَذْفِ طِفْلَةٍ لاَتُوطَأُ) وەك جنێوی زینای بە کیژۆڵەیەکی بچوك دابێ: کە جیماعی لەگەڵ نەکرێ.

(وَلَوْ عَفَتْ عَنِ الْحَدِّ) ئەگەر ژنەکە لە سزای جنێوەکەی بوورد (أَوْ أَقَامَ بَيِّنَةً بِزِنَاهَا) یان مێردەکە چوار شاهیدی زینای هێنان (أَوْ صَدَّقَتْهُ) یان ژنەکە گوتی: ڕاست دەکا زینام کردوە. بەڵام (وَلاَ وَلَدَ) هیچ منداڵ و ئاوسیش نەبو (أَوْ سَكَتَتْ عَنْ طَلَبِ الْحَدِّ) یان ژنەکە بێدەنگ بوو و داوای سزادانی مێردەکەی نەکرد (أَوْ جُنَّتْ بَعْدَ قَذْفِهِ) یان لە دوای جنێوی مێردەکە ژنەکە شێت بوو، ئەوە (فَلاَ لِعَانَ فِیالأَصَحِّ) لەو پێنج حاڵەتانەدا پێویست بە لەعنەتکردن نیە، بەڵام ئەگەر منداڵ ، یان ئاوسی هەبێ، ئەو کاتە بۆ لابردنی منداڵەکە لەعنەت دەکا، هەروەك ڕابرا.

(وَلَوْ أَبَانَهَا) ئەگەر مێردەکە ژنەکەی بە (بائن) تەلاق دا (أَوْ مَاتَتْ) یان ژنەکە مرد (ثُمَّ قَذَفَهَا بِزِنًا مُطْلَقٍ) ئینجا مێردەکە جنێوی زینای بە ژنە مردووەکەی، یان بە تەلاقدراوەکەی دا، کاتی زینایەکەشی نەگوت (أَوْ مُضَافٍ إِلَى مَا بَعْدَالنِّكَاحِ) یان گوتی پاش ماوەبڕینەکەم زینای کردوە، ئەو کاتەش (لاَعَنَ إِنْ كَانَ وَلَدٌ يَلْحَقُهُ) بۆ مێردەکە دروستە لەعنەت بکا ئەگەر منداڵێکی وەها هەبێ کە بگاتە نەژادی خۆی و بیەوێ لای ببا، بەڵام ئەگەر نە منداڵو نە ئاوسی نەبو، ئەو کاتە دروست نیە لەعنەت بکا، بەڵکو سزای جنێوەکەی هەشتا داری لێدەدرێ، چونکە وەک بێگانەیە.

کەوابو: (فَإِنْ أَضَافَ إِلَى مَا قَبْلَ نِكَاحِهِ) ئەگەر گوتی: ژنە مردووەکە، یان تەلاقدراوەکە پێش ماوەبڕینەکەم زینای کردوە، ئەو کاتەش (فَلاَ لِعَانَ إِنْ لَمْ يَكُنْ وَلَدٌ) دروست نیە لەعنەت بکا ئەگەر منداڵی نەبێ، چونکە پێویست ناکا، کەوابو: وەکو جنێودانی بێگانە هەشتا داری لێدەدرێ، (وَكَذَا إِنْ كَانَ فِي الأَصَحِّ) هەروەها ئەگەر منداڵیشی هەبێ، هەر دروست نیە لەعنەت بکا، لە فەرموودەی ڕاستردا.

لَكِنْ لَهُ إِنْشَاءُ قَذْفٍ وَيُلاَعِنُ، وَلاَ يَصِحُّ نَفْيُ أَحَدِ تَوْأَمَيْنِ.

(كِتَابُ الْعِدَدِ)

عِدَّةُالنِّكاحِ ضَرْبانِ: اَلأوَّلُ مُتَعلِّقٌ بِفُرْقَةِ حَيٍّ بِطَلاقٍ أَوْ فَسْخٍ، وَإِنَّما تَجِبُ بَعْدَ وَطْءٍ أَوْ اِسْتِدْخَالِ مَنِيِّهِ،

(لَكِنْ لَهُ إِنْشَاءُ قَذْفٍ وَيُلاَعِنُ) بەڵام بۆی دروستە: جنێودانێکیتر دابمەزرێنێ و کاتەکەیشی نەڵێ، ئینجا بۆ لابردنی منداڵەکە لەعنەت بکا (وَلاَ يَصِحُّ نَفْيُ أَحَدِ تَوْأَمَيْنِ) دروست نیە لابردنی تەنها یەکێک لە جمکەکان، واتە: دوو منداڵی بە یەک زگ، چونکە دوو منداڵ لە (مَنِي)ی دوو پیاوان وێکڕا لە منداڵدانەدا کۆ نابنەوە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ كِتَابُ الْعِدَدِ: **پەرتوکی عیددەکان** ﴾

(عِدَّة): ئەو ماوەیەیە کە خوای گەورە واجبی کردوە: ژن چاوەڕوان بکا، تاکو بزاندرێ هیچی لە منداڵدانەدا نیە، یان بۆ خواپەرستی، یان بۆ تازیەداری مێردمردنی. واتە: ئەگەر لە ماوەی ئەو چاوەڕوانکردنەدا ژنەکە لە پیاوێک مارە بکرێ، ماوەبڕینەکەی دورست نابێ و لە پیاوەکە حەڵاڵ نابێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا تَعْزِمُوا عُقْدَةَالنِّكَاحِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ﴾ نەکەن لە (عِدَّة)دا ژن مارە ببڕن، تا ئەو چاوەڕوانکردنەی خوا لە سەر ژنەکەی نووسیوە دەگاتە کۆتایی خۆی.

جا بزانە: ئەوە لە حاڵەتێکدا بوو: کە ژنەکە لە (عِدَّة)ی پیاوێکیتردا بێ، چونکە ئەگەر ژنەکە هەر لە (عِدَّة)ی مێردی خۆیدا بێ: وەک بە پارە بە تەلاقێک، یان بە دوو تەلاقی دابێ،

یان به هەڵە، یان به مارەبڕینێکی نادروست جیماعی لەگەڵ کردبێ، ئەوە لە مەزهەبی (شافعی)دا: بۆی دروستە: هەر لە (عِدَّة)یخۆیدا لە خۆی مارە بکاتەوە، چونکە خواپەرستیی بە (عِدَّة) تەنها بۆ پیاوێکیتری جگە لە خۆی داندراوە، هەروەك لە (مغنی)و (بغية المسترشدين)دا فەرموویانە.

(عِدَّةُ النِّكَاحِ ضَرْبَانِ) ئەو (عِدَّة)یەی بە هۆی مارەبڕین واجب دەبێ، دوو بەشن: (اَلأَوَّلُ) بەشییەکەم: (مُتَعَلِّقٌ بِفُرْقَةٍ حَيٍّ) پەیوەندیی بە جیابوونەوەی مێردێکیزیندووەوە هەیە، جیابوونەوەکەش (بِطَلَاقٍ أَوْ فَسْخٍ) بە هۆی تەلاقدان بێ، یان بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین بێ.

بەشیدووەم: پەیوەندی بە جیابوونەوەی مێردێکیمردووەوە هەیە: کە لە (باسی (عِدَّة)ی مێرد مردن)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(وَإِنَّما تَجِبُ) جا (عِدَّة)ی بەشییەکەم–کە جیابوونەوەی مێردێکیزیندووە– واجب دەبێ تەنها (بَعْدَ وَطْءٍ أَوْ اِسْتِدْخَالِ مَنِيِّهِ) لە دوای جیماع لەگەڵکردن، یان تێکردنی (مَنِي)ی

وَإِنْ تُيُقِّنَ بَرَاءَةُ الرَّحِمِ، لاَ بِخَلْوَةٍ فِالْجَدِيدِ، وَعِدَّةُ حُرَّةٍ ذَاتِ أَقْرَاءٍ ثَلاَثَةٌ، وَالْقَرْءُ الطُّهْرُ،

مێردەکە دەناو دامێنی ژنەکە، جیاوازی نیە مارەبڕینەکە دروستبوو بێ، یان نا، هەم جیاوازی نیە جیماعەکە حەڵاڵ بێ، یان حەڕام بێ: وەك لە حاڵەتی حەیزدا، یان لە کونی پشتەوەدا جیماعی لەگەڵ کردبێ.

(وَإِنْ تُيُقِّنَ بَرَاءَةُ الرَّحِمِ) هەرچەند بێگومان بشزاندرێ هیچی لە ناو منداڵداندا نیە: وەك ژنەکە، یان مێردەکە منداڵێکی بچوك بێ، یان ئەندازەیەکی درێژ لێك دوور بنو ماوەی چەند ساڵێك جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، یان بە ئامێری پزیشکیی ئەم سەردەمە بزاندرێ ئاوس نیە؟ چونکە (عِدَّة) لایەنی خواپەرستیشی تێدایە، هەروەك پابرا.

(لاَ بِخَلْوَةٍ) بەڵام بە لەگەڵدابوونی بە تەنها–کە جیماعی لەگەڵ نەکردبێ– (عِدَّة) واجب نابێ (فِيالْجَدِيدِ) لە فەرمودەی نوێدا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ هەر کاتێك ئافرەتانی ئیماندارانتان لە خۆ مارە کردن، ئینجا پێش ئەوەی جیماعیان لەگەڵ بکەن تەلاقتان دان، ئەوە هیچ (عِدَّة) بۆ ئێوە لە سەر ئەوان نیە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾ ئەگەر لە مارەبڕینێکی نادروستدا، یان بە هەڵە جیماعی لەگەڵ ئافرەتێك کرد، ئەو جیماعەش (عِدَّة) لە سەر ژنەکە واجب دەکا: وەك (عِدَّة)یجیابوونەوەی مێردێکی زیندوو–نەك مردوو– واتە: ئەگەر جیماعکەرەکە بشمرێ ئافرەتەکە– تەنها– وەك ژنی تەلاقدراو (عِدَّة)ی لە سەرە، بەڵام بە هۆی زینا (عِدَّة) واجب نابێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئەو دوو مەسەلەیە ڕوون کراونەوە، کەوابو: ئەگەر ئافرەتێك لە زینا ئاوس

بوو، ئەوە–ئەگەر لە (عِدَّة)ی کەسێکیتردا نەبێ– دروستە بە ئاوسی مارە ببڕێو هەم دروستە جیماعیشی لەگەڵ بکرێ، چونکە تۆوی زینا هیچ ڕێزێکی نیە، هەروەك لە (نهایه)و (مغنی)و لە (فتاوی ابن حجر)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَعِدَّةُ حُرَّةٍ ذَاتِ أَقْرَاءٍ) تەواوبوونی (عِدَّة)ی ئەو ژنەی ئازادەو خاوەنی حەیزو پاکبوونەوەکانەو لە مێردێکی زیندوو جیا بۆتەوە: (ثَلَاثَةٌ) سێ (قُرْء)ن (وَالْقُرْءُ اَلطُّهْرُ) مەبەستیش بە (قُرْء): پاکبوونەوەی نێوان دوو خوێنە، جا خوێنەکان: هەردووکی حەیز بن، یان حەیزو نیفاس بن، هەرچەند بە هۆی دەرمانیش خوێنی حەیزەکەی هێنابێ، خوایگەورە فەرموویەتی: ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ﴾ تەلاقدراوەکان ماوەی سێ پاکبوونەوە بەخۆیان چاوەڕوان دەبن.

بەڵام ئاگادارببە: لە مەزهەبی(حنفي)دا مەبەست بە (قُرْء): حەیزە، هەروەك لە کتێبەکانیاندا فەرموویانە، کەواتە: ئەگەر ژنێکی تەلاقدراو بە مەزهەبی(حنفي) مارە بکرێ، مەرجە: سێ حەیزی بە تەواوی دیتبن، ئینجا مارەبڕینەکەی دروست دەبێ، ئەگەر نا: دروست نابێ.

فَإِنْ طُلِّقَتْ طَاهِرًا اِنْقَضَتْ بِالطَّعْنِ فِي حَيْضَةٍ ثَالِثَةٍ، أَوْ حَائِضًا فَفِي رَابِعَةٍ، وَفِي قَوْلٍ يُشْتَرَطُ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ بَعْدَالطَّعْنِ، وَهَل يُحْسَبُ طُهْرُ مَنْ لَمْ تَحِضْ قَرْءاً؟ قَوْلاَنِ، بِنَاءً عَلَى أَنَّ الْقَرْءَ انْتِقَالٌ مِنْ طُهْرٍ إِلَى حَيْضٍ أَمْ طُهْرٌ مُحْتَوَشٌ بِدَمَيْنِ؟ وَالثَّانِي أَظْهَرُ، وَعِدَّةُ مُسْتَحَاضَةٍ بِأَقْرَائِهَاالْمَرْدُودَةِ إِلَيْهَا، وَمُتَحَيِّرَةٍ بِثَلاَثَةِ أَشْهُرٍ فِي الْحَالِ،

ئینجا بزانە: ئەگەر ژنێك لە زینا ئاوس بوو، ئینجا تەلاق درا، یان لە (عِدَّة)دا بوو، ئینجا زینای کردو ئاوس بوو، ئەوە ئەگەر بە ئاوسیش خوێنی حەیزی دەهات، ئەوەش بە سێ پاکبوونەوە (عِدَّة)ی تەلاقی تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر خوێنی نەدەهات، ئەو کاتە پێویستە کۆرپەی زینا دابنێ، ئینجا سێ پاکبوونەوەی (عِدَّة)ی تەلاقیش تەواو بکا، هەروەك لە (فتاوی إبن حجر)دا ڕوون کراوەتەوە.

(فَإِنْ طُلِّقَتْ طَاهِرًا) جا ئەگەر ژنەکە لەحاڵەتی پاکبوونیدا تەلاق درا (اِنْقَضَتْ بِالطَّعْنِ فِي حَيْضَةٍ ثَالِثَةٍ) ئەوە (عِدَّة)ی تەواو دەبێ بە کەوتنە حەیزێکیسێیەم لە دوای تەلاقدانەکە، هەر چەند ئەو پاکیەی تێیدا تەلاق دراوە تەنها بە ئەندازەی چاوچوقانێکیش مابێ.

(أَوْ حَائِضًا) یان ئەگەر ژنەکە لە حاڵەتی حەیزداریدا تەلاقدا (فَفِي رَابِعَةٍ) ئەوە (عِدَّة)ی تەواو دەبێ بە کەوتنە حەیزێکیچوارەم لە دوایتەلاقدانەکە (وَفِي قَوْلٍ) لە فەرموودەیەکدا: (يُشْتَرَطُ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ بَعْدَالطَّعْنِ) بە مەرج دادەندرێ ڕۆژێك و شەوێکیش بڕۆن لە دوای کەوتنە حەیزەکەی مەسەلەی یەکەم و دووەم.

(وَهَلْ يُحْسَبُ طُهْرُ مَنْ لَمْ تَحِضْ قَرْءاً) ئایا پاکیی ئەو ژنەی کە لە تەمەنی پێش تەلاقداندا نەکەوتۆتە حەیز–بەڵکو لە دوایتەلاقدان لە (عِدَّة)دا کەوتە حەیز– بە (قُرْء) دەژمێردرێو

بەر (عِدَّة) دەکەوێ، یان نا؟ (قَوْلاَنِ) دوو فەرموودە هەنە: (بِنَاءً عَلَى أَنَّ الْقَرْءَ انْتِقَالٌ مِنْ طُهْرٍ إِلَى حَيْضٍ) بنیاتەکەیان لە سەر ئەو دوو فەرموودەیە: ئایا مەبەست بە (قُرْء): لاکەوتنی ژنەکەیە لە پاکیەوە بۆ حەیزداری (أَمْ طُهْرٌ مُحْتَوَشٌ بِدَمَيْنِ) یان پاکبوونەوەیەکی دەورەدراوە بە دوو خوێنی حەیز، یان حەیزو نیفاس؟ (وَالثَّانِي أَظْهَرُ) ئەم فەرموودە دووەمە بەهێزترە، کەواتە: پاکیی ئەو ژنەی لە ژیانیا–پێش تەلاقدان–حەیزی نەبینیوە، بە (قُرْء) ناژمێردرێو بەر (عِدَّة) ناکەوێ، بەڵکو مەرجە: پاکیەکە بکەوێتە نێوان دوو خوێن.

(وَعِدَّةُ مُسْتَحَاضَةٍ) ئەو ژنەی خوێنچرکەی تووش بووەو سەرلێشێواو نیە، (عِدَّة)ی تەواو دەبێ: (بِأَقْرَائِهَا الْمَرْدُودَةِ إِلَيْهَا) بەو پاکبوونەوانەی کە گەڕاندراوەتەوە لایان: بەگوێرەی عادەتیڕابردووی، یان بەگوێرەی لێکجیاکردنەوەی خوێنەکان، بەو جۆرەی لە باسی (حەیز)دا ڕوونمان کردوە.

(وَمُتَحَيِّرَةٍ) هەم (عِدَّة)ی ئەو ژنەی خوێنچرکەی تووش بوەو سەر لێشێواویشە تەواو دەبێ: (بِثَلاَثَةِ أَشْهُرٍ) بە تەواوبوونی سێ مانگ (فِي الْحَالِ) هەر لە ئێستادا، واتە: لە کاتی

منهاج– بەرگیچوارەم–25

وَقِيلَ بَعْدَ الْيَأْسِ، وَأُمِّ وَلَدٍ وَمُكَاتَبَةٍ وَإِنْ عَتَقَتْ فِي عِدَّةِ رَجْعَةٍ كَمَّلَ أَوْ بَيْنُونَةٍ فَأَمَةٍ فِالأَظْهَرِ، وَحُرَّةٍ لَمْ تَحِضْ أَوْ يَئِسَتْ بِثَلاَثَةِ أَشْهُرٍ، فَإِنْ طُلِّقَتْ فِي أَثْنَاءِ شَهْرٍ فَبَعْدَهُ هِلاَلاَنِ وَتُكَمِّلُ الْمُنْكَسِرَ ثَلاَثِينَ، فَإِنْ حَاضَتْ فِيهَا وَجَبَتِ الأَقْرَاءُ،

تەلاقدانیەوە سێ مانگەکە دەژمێردرێن، بەو مەرجەی ئەو مانگەی تێیدا تەلاق دراوە، زیاتر لە پانزە ڕۆژی لێنەمابێ، واتە: ئەگەر مانگەکە پانزە ڕۆژ، یان کەمتری لێنەمابو، ئەوە بۆی بە (عِدَّة) ناژمێردرێ، بەڵکو کە مانگەکە تەواو بوو، لەو کاتەوە سێ مانگەکان دەست پێدەکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە (وَقِيلَ بَعْدَ الْيَأْسِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: لە دوای تەمەنی لە حەیز وەستانەوە سێمانگەکان دەست پێدەکا.

(وَأُمِّ وَلَدٍ) جاریەی دایکەمندالّو هەم (وَمُكَاتَبَةٍ) نوسراوپێدراو، هەم (وَمَنْ فِيهَا رِقٌّ) ئەوەی بەشێکیشی کۆیلەیە، (عِدَّة)ی گشتیان: (بِقَرْأَيْنِ) بە دوو پاکبوونەوە تەواو دەبێ، بەڵام (وَإِنْ عَتَقَتْ فِي عِدَّةِ رَجْعَةٍ) ئەگەر جاریەکە لە (عِدَّة)ی (رَجْعِي)دا ئازاد بوو، ئەو کاتە (كَمَّلَتْ عِدَّةَ حُرَّةٍ فِيالأَظْهَرِ) دەبی (عِدَّة)ی ژنێکی ئازاد تەواو بکا (أَوْ بَيْنُونَةٍ) یان لە(عِدَّة)ی (بائن) دا ئازاد بوو، ئەوە (فَأَمَةٍ فِيالأَظْهَرِ) هەر (عِدَّة)ی کۆیلە تەواو دەکا.

(وَحُرَّةٍ لَمْ تَحِضْ) هەم (عِدَّة)ی ئەو ژنەی لە ژیانیدا هیچ حەیزێکی نەدیتوە؟ لە بەر بچوکی، یان لە بەر هۆیەکی سروشتی، هەرچەند منداڵیشی بوبێو خوێنی زەیسانیشی هاتبێ (أَوْ يَئِسَتْ) یان لە بەر پیری لە حەیز وەستاوەو بێئومێد بووە، (عِدَّة)ی هەردووکیان تەواو دەبێ (بِثَلاَثَةِ أَشْهُرٍ) بە سێ مانگان، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَاللاَّئِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللاَّئِي لَمْ يَحِضْنَ﴾ ئەو ژنانەی بێئومێد بونە لە حەیز، (عِدَّة)ی ئەوان سێ مانگن، هەم ئەوانەی هیچ کاتێك نەکەوتونە حەیز، (عِدَّة)ی ئەوانیش سێ مانگن.

جا بزانە: ئەو سێ مانگە لە تەڵاقدانەوە دەژمێردرێن، کەوابو: (فَإِنْ طُلِّقَتْ فِي أَثْنَاءِ شَهْرٍ) ئەگەر ژنەکە لە ناو مانگێکدا تەڵاق درا، ئەوە (فَبَعْدَهُ هِلاَلاَنِ) لە دوای تەواوبوونی مانگەکە دەبی دوو مانگ بە دیتنی مانگی یەکشەوە تەواو بکا، ئینجا (وَتُكَمِّلُ الْمُنْكَسِرَ ثَلاَثِينَ) مانگە شکاوەکەی‌یەکەمیش لە مانگی‌چوارەم سی ڕۆژ تەواو بکا.

(فَإِنْ حَاضَتْ فِيهَا) جا ئەگەر لە ناو ئەو سێ مانگەدا کەوتە حەیز، ئەو کاتە (وَجَبَتِ الأَقْرَاءُ) واجبە (عِدَّة)ی بە سێ (قُرْء) تەواو بکا، بە (إجماع)ی زانایانی‌ئیسلام، جا لەو حاڵەتەدا: ئەگەر لە تەمەنی پێش ئەم حەیزەدا هیچ حەیزێکی‌تری نەدیتبو، ئەوە مانگەکانی‌ڕابردووی لە دەست دەچنو بۆی بە (عِدَّة) ناژمێردرێن، بەڵام ئەگەر حەیزی دیتبێ، ئەو کاتە هەموو مانگەکانی تەنها بە یەك (قرء) بۆ دەژمێردرێن، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية) فەرموویانە.

وَأَمَةٍ بِشَهْرٍ وَنِصْفٍ، وَفِي قَوْلٍ شَهْرَانِ، وَفِي قَوْلٍ ثَلاَثَةٌ، وَمَنْ انْقَطَعَ دَمُهَا لِعِلَةٍ كَرَضَاعٍ وَمَرَضٍ تَصْبِرُ حَتَّى تَحِيضَ أَوْ تَيْأَسَ فَبِالأَشْهُرِ، أَوْ لاَ لِعِلَةٍ فَكَذَا فِالْجَدِيدِ، وَفِالْقَدِيمِ تَتَرَبَّصُ تِسْعَةَ أَشْهُرٍ–وَفِي قَوْلٍ أَرْبَعَ سِنِينَ– ثُمَّ تَعْتَدُّ بِالأَشْهُرِ، فَعَلَى الْجَدِيدِ لَوْ حَاضَتْ بَعْدَ الْيَأْسِ فِي الأَشْهُرِ

جا ئەگەر لە ناو سێ مانگەکاندا نەکەوتە حەیز، بەڵکو لە دوای تەواوبوونی سێ مانگەکان کەوتە حەیز، ئەوە–ئەگەر بێئومێد نەبوبێ– کار لە (عِدَّة)ی ناکاو (عِدَّة)کەی بە دروستبوویی تەواو بووە، هەر وەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، بەڵام ئەگەر لە دوای بێئومێدبوون بکەوێتە حەیز، ئەوە (عِدَّة)کەی هەڵدەوەشێەوە، هەر وەك لەدوای ئێرە پوون کراوەتەوە.

(وَأَمَةٍ) تەواوبوونی (عِدَّة)ی جاریەش (بِشَهْرٍ وَنِصْفٍ) بە مانگێك‌و نیوە (وَفِي قَوْلٍ شَهْرَانِ) لە فەرموودەیەکدا: دوو مانگن (وَفِي قَوْلٍ ثَلاَثَةٌ) لە فەرموودەیەکی‌ترداا: سێ مانگن.

(وَمَنْ انْقَطَعَ دَمُهَا لِعِلَّةٍ) هەر ژنێك لە بەر هۆیەکی‌زاندراو خوێنی‌حەیزی بڕا: (كَرَضَاعٍ) وەك شیردانە منداڵو هەم (وَمَرَضٍ) نەخۆشی، هەرچەند چاوەڕوانی چاکبوونەوەشی نەکرێ، ئەوە (تَصْبِرُ حَتَّى تَحِيضَ) دەبی خۆی ڕابگرێ تا دەکەوێتە حەیز، تاکو بە سێ (قُرْء)ی تەواو (عِدَّة) ببینێ (أَوْ تَيْأَسَ) یان تا لە بەر پیری لە حەیز دەوەستێ (فَبِالأَشْهُرِ) ئینجا بە سێ مانگان (عِدَّة)ی تەواو بکا، هەرچەند ماوەیەکی زۆریشی پێبچێ، چونکە ئیمامی (عثمان)ﷺ ئەوها بڕیاری داوەو وەك (إجماع)ی (صحابة)یە.

(أَوْ لاَ لِعِلَّةٍ) یان خوێنی‌حەیزی بڕا، بەڵام هۆیەکەی نەزاندرا، ئەوەش (فَكَذَا

فِي الْجَدِيـــــــ

جیاوازی نیە ژنەکە: تەڵاق درابێ، یان مێردی مردبێ، یان بە هەڵە جیماعی لەگەڵ کرابێ، هەم جیاوازی نیە کۆرپەکە: لە دامێنی بێتە دەرەوە، یان زگی هەڵبدڕێو بیهێننە دەرەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأُولاَتُ ٱلأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ ژنەکانی ئاوس (عِدَّة)یان بەوە تەواو دەبێ: باری ناو زگیان دابنێن.

(بِشَرْطِ نِسْبَتِهِ إِلَى ذِي‌الْعِدَّة) بەو مەرجەی کۆرپەکەی ناو زگ نەژادی بدرێتە پاڵ پیاوە خاوەن (عِدَّة)کە (وَلَوْ اِحْتِمَالاً كَمَنْفِيٍّ بِلِعَانٍ) هەرچەند بە ئیحتمالیشەوە بێ: وەک کۆرپەی لادراو بە هۆی لەعنەتکردن، هەم (وَانْفِصَالِ كُلِّهِ) بەو مەرجەش کۆرپەکە هەمووی لە ژنەکە جیا ببێتەوە (حَتَّى ثَانِي‌تَوْأَمَيْنِ) تا جیابوونەوەی جمکەی دووەمیش بە مەرج دانەدراوە، کەواتە: ئەگەر تەنها سەرە پەنجەیەکی کۆرپەکە لە ناو ژنەکەدا مابێتەوە، یان جمکەکەی‌تر نەهاتبوە دەرەوە، ئەوە (عِدَّة)ی تەواو نابێ.

(وَمَتَى تَخَلَّل دُونَ سِتَّةِ أَشْهُرٍ) هەرکاتێك کەمتر لە شەش مانگان کەوتە نێوان دانانی هەردوو جمکەکان، ئەوە (فَتَوْأَمَانِ) دوو جمکەنەو بە یەك زگ دەژمێردرێن، بەڵام ئەگەر وَتَنْقَضِي بِمَيِّتٍ، لاَ عَلَقَةٍ، وَبِمُضْغَةٍ فِيهَا صُورَةُ‌آدَمِيٍّ خَفِيَّةٌ أَخْبَرَ بِهَاالْقَوَابِلُ، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ صُورَةٌ وَقُلْنَ: هِيَ أَصْلُ آدَمِيٍّ. اِنْقَضَتْ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَلَوْ ظَهَرَ فِي عِدَّةِ أَقْرَاءٍ أَوْ أَشْهُرٍ حَمْلٌ لِلزَّوْجِ اِعْتَدَّتْ بِوَضْعِهِ، وَلَوْ اِرْتَابَتْ فِيهَا لَمْ تَنْكِحْ حَتَّى تَزُولَ الرِّيبَةُ،

شەش مانگ، یان زیاتر بکەوێتە نێوان دانانیان، ئەو کاتە جمکە نین، بەڵکو دوو زگن، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: ئەگەر نەزاندرا ئەو ژنە چۆن ئاوس بووەو کۆرپەکەی لە کام پیاوە، ئەوە—لە پووی (عِدَّة)وە— وەك کۆرپەی لە زینا دادەندرێ، واتە: (عِدَّة)ی پێتەواو نابێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَتَنْقَضِي بِمَيِّتٍ) بە دانانی کۆرپەیەکی‌مردوو (عِدَّة) تەواو دەبێ (لاَ عَلَقَةٍ) بەڵام بە دانانی پارچە خوێنەکە (عِدَّة) تەواو نابێ.

(وَ) هەروەها (عِدَّة) تەواو دەبێ (بِمُضْغَةٍ) بە دانانی پارچە گۆشتەکە: کە (فِيهَا صُورَةُ آدَمِيٍّ خَفِيَّةٌ) وێنەی ئادەمیزادی شاراوەی تێدابێ: کە (أَخْبَرَ بِهَا الْقَوَابِلُ) مامانەکان بڵێن: وێنەی ئادەمیزادی تێدایە، هەرچەند یەك مامانیش بێ (فَإِنْ لَمْ يَكُنْ صُورَةٌ) جا ئەگەر پارچە گۆشتەکە وێنەی تێدا نەبو، بەڵام (وَقُلْنَ: هِيَ أَصْلُ آدَمِيٍّ) مامەنەکان گوتیان: ئەو پارچە گۆشتە بنچینەی ئادەمیزادی‌یە ئەگەر لە منداڵدانەدا بماباوە دەبوە کۆرپە. ئەو کاتەش (اِنْقَضَتْ عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب (عِدَّة)کەی بە دانانی ئەو پارچە گۆشتەش تەواو دەبێ.

ئینجا ئاگادارىبە: مەسەلەی منداڵ لەباربردن لە (باسی تۆڵەی کۆرپەی ناو زگ) لە پەرتووکی‌کوشتندا پوون دەکەینەوە،إن شاء الله تعالى.

(وَلَوْ ظَهَرَ فِي عِدَّةِ أَقْرَاءٍ أَوْ أَشْهُرٍ حَمْلٌ) ئەگەر لە ناو (عِدَّة)ی بە پاکبوونەوەکاندا، یان لە ناو (عِدَّة)ی بە مانگەکاندا ئاوسیی ژنەکە ئاشکرا بوو و کۆرپەکەشی (لِلزَّوْجِ) لە میّردی خۆی بوو، ئەو کاتەش (اِعْتَدَّتْ بِوَضْعِهِ) بە دانانی بارەکەی ناو زگی (عِدَّة)ی تەواو دەبیّ‌و پاکبوونەوەکانو مانگەکانی‌ڕابردوو پوچەڵ دەبنەوە.

(وَلَوْ ارْتَابَتْ فِيهَا) ئەگەر ژنەکە لە ناو (عِدَّة)دا کەوتە گومان: ئایا ئاوسە، یان نا؟ چونکە گرانایی، یان جولەیەک لە زگیدا پەیدا بوو، ئەوە (لَمْ تَنْكِحْ حَتَّى تَزُولَ الرِّيبَةُ) نابیّ لە دوای تەواوبوونی(عِدَّة)ش میّردێکی‌تر بکا، تا گومانەکەی لادەچیّ، جا ئەگەر—لە دوای تەواوبوونی (عِدَّة)— بە گومانەوە میّردێکی‌تری کرد، ئەوە ئەگەر ئاشکرا ببیّ لە کاتی مارەبڕینەکەدا ئاوسیی نەبوە، مارەبڕینەکەی دروست دەبیّ، ئەگەرنا: دروست نابیّ، هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

أَوْ بَعْدَهَا وَبَعْدَ نِكَاحٍ اِسْتَمَرَّ إلاَّ أَنْ تَلِدَ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنْ عَقْدِهِ، أَوْ بَعْدَهَا قَبْلَ نِكَاحٍ فَلْتَصْبِرْ لِتَزُولَ الرِّيبَةُ، فَإِنْ نَكَحَتْ فَالْمَذْهَبُ عَدَمُ إبْطَالِهِ فِالْحَالِ، فَإِنْ عُلِمَ مُقْتَضِيه أَبْطَلَنَاهُ، وَلَوْ أَبَانَهَا فَوَلَدَتْ لأَرْبَعِ سِنِينَ لَحِقَهُ، أَوْ لأَكْثَرَ فَلاَ، وَلَوْ طَلَّقَ رَجْعِيًّا حُسِبَتِ الْمُدَّةُ مِنَ الطَّلاَقِ، وَفِي قَوْلٍ مِنْ اِنْصِرَامِ الْعِدَّةِ،

(أَوْ بَعْدَهَا وَبَعْدَ نِكَاحٍ) یان لە دوای تەواوبوونی(عِدَّة)و لە دوای شووکردن بە پیاوێکی‌تر، کەوتە گومان: ئایا ئاوسە، یان نا؟ ئەوە (اِسْتَمَرَّ) مارەبڕینەکەی هەر بەردەوام دەبیّ، چونکە دروست بووە (إلاَّ أَنْ تَلِدَ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنْ عَقْدِهِ) تەنها ئەگەر لە مارەبڕینی میّردەکەی‌دووەمەوە بە کەمتر لە شەش مانگان منداڵی ببیّ، ئەو کاتە مارەبڕینەکەی بەتاڵەو دروست نەبووە؟ چونکە ئاشکرا بوو: لە کاتی مارەبڕینەکەی‌دووەمدا کۆرپەی میّردەکەی‌یەکەمی لە زگدا بووە، بەڵام ئەگەر لە مارەبڕینی‌دووەمەوە بە شەش مانگان، یان زیاتر منداڵی ببیّ، ئەو کاتە منداڵەکە هی میّردەکەی‌دووەمەو مارەبڕینەکەش دروست بوە، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(أَوْ بَعْدَهَا قَبْلَ نِكَاحٍ)یان لە دوای تەواوبوونی(عِدَّة) پێش شووکردن کەوتە گومان: ئایا ئاوسە، یان نا؟ ئەوە (فَلْتَصْبِرْ لِتَزُولَ الرِّيبَةُ) با خۆی ڕابگرێ تا گومانەکەی لادەچیّ (فَإِنْ نَكَحَتْ) جا ئەگەر بە گومانەوە شووی بە پیاوێکی‌تر کرد، ئەوە (فَالْمَذْهَبُ عَدَمُ إبْطَالِهِ فِي الْحَالِ) بە فەرموودەی ڕاستی مەزهەب: ئێستا مارەبڕینەکەی بەتاڵ ناکرێتەوە، چونکە لە دوای تەواوبوونی(عِدَّة) کراوە، کەوابو: (فَإِنْ عُلِمَ مُقْتَضِيه) ئەگەر زاندرا هۆیەکی بەتاڵبوون

هەیە: وەك لە مارەبڕینەوە بە کەمتر لە شەش مانگان منداڵی ببێ، ئەو کاتە (أَبْطَلْنَاهُ) مارەبڕینەکەی بەتاڵ دەکەینەوە، چونکە دانەمەزراوە.

(وَلَوْ أَبَانَهَا) ئەگەر مێردەکە ژنەکەی‌خۆی بە (بائِن)ی تەڵاق دا (فَوَلَدَتْ لأَرْبَعِ سِنِينَ) ئینجا ژنەکە بە ماوەی چوار ساڵان، یان کەمتر منداڵی لێبو، ئەوە (لَحِقَهُ) منداڵەکە دەبێتە منداڵی تەڵاقدەرەکە، بەو مەرجەی ژنەکە شووی بە پیاوێکی‌تر نەکردبێ، چونکە ئەگەر مێردێکی‌تری کردبێو بگونجێ منداڵەکە لە مێردەکەی‌دووەم بێ، ئەو کاتە نابێتە منداڵی یەکەمەکە، بەڵکو بۆ دووەمەکەیە (أَوْ لأَكْثَرَ) یان بە زیاتر لە چوار ساڵان منداڵی لێبو (فَلاَ) منداڵەکە نابێتە منداڵی‌تەڵاقدەرەکە.

ئینجا بزانە: ماوەی چوار ساڵەکانیش لە کاتی گونجانی جیماعکردنی پێش تەڵاقدانەوە حیساب دەکرێن، بەڵام (وَلَوْ طَلَّقَ رَجْعِيًّا) ئەگەر بە (رجعی) تەڵاقی دابێ، ئەو کاتە (حُسِبَتِ الْمُدَّةُ مِنَ الطَّلاَقِ) چوار ساڵەکان لە تەڵاقدانەوە حیساب دەکرێن (وَفِي قَوْلٍ مِنْ اِنْصِرَامِ الْعِدَّةِ) لە فەرموودەیەکیشدا: لە تەواوبوونی (عِدَّة)وە حیساب دەکرێن.

وَلَوْ نَكَحَتْ بَعْدَ الْعِدَّةِ فَوَلَدَتْ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ فَكَأَنَّهَا لَمْ تَنْكِحْ، وَإِنْ كَانَ لِسِتَّةٍ فَالْوَلَدُ لِلثَّانِي، وَلَوْ نَكَحَتْ فِالْعِدَّةِ فَاسِدًا فَوَلَدَتْ لِلإِمْكَانِ مِنَ الأَوَّلِ لَحِقَهُ وَانْقَضَتْ بِوَضْعِهِ ثُمَّ تَعْتَدُّ لِلثَّانِي، أَوْ لِلإِمْكَانِ مِنَ الثَّانِي لَحِقَهُ، أَوْ مِنْهُمَا عُرِضَ عَلَى قَائِفٍ، فَإِنْ أَلْحَقَهُ بِأَحَدِهِمَا

(وَلَوْ نَكَحَتْ بَعْدَ الْعِدَّةِ) ئەگەر لە دوای تەواوبوونی (عِدَّة) ژنەکە شووی بە پیاوێکی‌تر کرد (فَوَلَدَتْ لِدُونِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ) ئینجا لە مارەبڕینەوە بە کەمتر لە شەش مانگان منداڵی لێبو، ئەوە (فَكَأَنَّهَا لَمْ تَنْكِحْ) وەك شووی نەکردبێ وەهایە، جا ئەم منداڵەش: ئەگەر بە چوار ساڵان، یان کەمتر لە تەڵاقدانی‌یەکەمەکەوە بوبێ، ئەوە بۆ یەکەمەکەیەو مارەبڕینەکەی دووەمیش بەتاڵە، بەڵام ئەگەر لە تەڵاقدانەوە بە زیاتر لە چوار ساڵان بوبێ، ئەوە منداڵی هیچێکیان نیە، بەڵکو وەکو منداڵی زینا باوکی نازاندرێ، کەوابو: مارەبڕینەکەی‌دووەم دروست دەبێ، هەروەك لە (مغنی)و (الشروانی)دا فەرموویانە.

بەڵام (وَإِنْ كَانَ لِسِتَّةٍ) ئەگەر لە مارەبڕینەوە بە شەش مانگان، یان زیاتر منداڵی ببێ، ئەوە (فَالْوَلَدُ لِلثَّانِي) منداڵەکەی هی مێردەکەی‌دووەمە.

(وَلَوْ نَكَحَتْ فِيالْعِدَّةِ فَاسِدًا) ئەگەر ژنەکە—لە ناو (عِدَّة)دا— بە نادروستی شووی بە پیاوێکی‌تر کردو پیاوەکەش نەیدەزانی حەرامەو مارەبڕینەکە دروست نابێ؟ چونکە لە زانایانی‌ئایینی دوور بوو، یان وای‌دەزانی (عِدَّة)ی تەواو بووە (فَوَلَدَتْ لِلإِمْكَانِ مِنَ الأَوَّلِ) جا ژنەکەش بە ماوەیەکی وەها منداڵی لێبو: کە تەنها دەگونجا لە مێردەکەی‌یەکەمی بێ: وەك بە کەمتر لە شەش مانگان لە جیماعی مێردی‌دووەمەوە منداڵەکەی ببێو چوار

سالّیش زیاتر نەبێ لە جیماعی پێش تەلاّقدانیەکەمەکە، ئەوە (لَحِقَهُ) منداڵەکەی هی یەکەمەکەیەو (وَانْقَضَتْ بِوَضْعِهِ) بە دانانی ئەم منداڵە (عِدَّة)یەکەمەکەی تەواو دەبێ (ثُمَّ تَعْتَدُّ لِلثَّانِی) ئینجا دووبارە (عِدَّة)یەکی‌تریش بۆ مێردەکەی‌دووەم دەست پێدەکا، چونکە جیماعی دووەمەکە بە (شُبْهَة)یە، واتە: بە هەڵەیە، بەڵام ئەگەر زانیبی: لە (عِدَّة)دا مارەبڕین دروست نابێ، یان نەیدەزانی بەڵام لە زانایانی‌ئاییننی نزیك بوو، ئەو کاتە پیاوەکە زیناکەرەو (عِدَّة)ی ناوێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(أَوْ لِلإِمْكَانِ مِنَ الثَّانِی) بەڵام ئەگەر ژنەکە بە ماوەیەکی وەها منداڵەکەی لێبو: کەتەنها دەگونجا لە مێردەکەی‌دووەم بێ: وەك بە شەش مانگان، یان زیاتر منداڵەکەی ببێو چوار سالّیش زیاتر بە سەر یەکەمەکەدا ڕابردبێ، ئەوە (لَحِقَهُ) دەبێتە هی دووەمەکە.

(أَوْ مِنْهُمَا) یان دەگونجا لە هەردووکیان بێ: وەك بە کەمتر لە چوار سالّان لە تەلاّقدانی‌یەکەمەکەوەو بە شەش مانگان، یان زیاتر لە جیماعی‌دووەمەکە منداڵەکە ببێ، ئەو کاتە (عُرِضَ عَلَى قَائِفٍ) دەبردرێتە لای دروشمناس (فَإِنْ أَلْحَقَهُ بِأَحَدِهِمَا) جا ئەگەر فَكَالإِمْكَانِ مِنْهُ فَقَطْ.

(فَصْلٌ) لَزِمَهَا عِدَّتَا شَخْصٍ مِنْ جِنْسٍ بِأَنْ طَلَّقَ ثُمَّ وَطِئَ فِی عِدَّةِ أَقْرَاءٍ أَوْ أَشْهُرٍ جَاهِلاً أَوْ عَالِمًا فِی رَجْعِيَّةٍ تَدَاخَلَتَا، فَتَبْتَدِئُ عِدَّةً مِنَ الْوَطْءِ وَيَدْخُلُ فِيهَا بَقِيَّةُ عِدَّةِالطَّلاَقِ، فَإِنْ كَانَتْ إِحْدَاهُمَا حَمْلاً وَالأُخْرَى أَقْرَاءً تَدَاخَلَتَا فِالأَصَحِّ فَتَنْقَضِيَانِ بِوَضْعِهِ، وَيُرَاجِعُ قَبْلَهُ،

دروشمناسەکە کردیە منداڵی یەکێکیان، ئەوە (فَكَالإِمْكَانِ مِنْهُ فَقَطْ)وەك ئەوەیە: کە بگونجێ منداڵەکە تەنها لە تۆی ئەوی بێو دەبێتە منداڵی وی.

ئینجا ئاگادارید: جیماعی بە (شبهة)، واتە: بە هەڵە–وەك وا تێبگا ژنی‌خۆیەتی– وەك مارەبڕینی نادروست بڕیاری بۆ دەدرێ: لەبارەی (عِدَّة)و واجببوونی مارەیی‌و گەیاندنی نەژادی منداڵەکە بە جیماعکەرەکە، بەو جۆرەی بە درێژی لەم باسەدا ڕوون کراوە، هەروەك لە (تحفة)و(نهاية) دا فەرموویانە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی تێکهەڵکشانی دوو (عِدَّة)ی ژنێك ﴾

(لَزِمَهَا عِدَّتَا شَخْصٍ) هەرکاتێك ژنەکە دوو (عِدَّة)ی یەك پیاوی لە سەر واجب بون (مِنْ جِنْسٍ) هەردووکیش یەك ڕەگەز بون: (بِأَنْ طَلَّقَ) وەك پیاوەکە ژنەکەی تەلاّق دابێ (ثُمَّ وَطِئَ فِی عِدَّةِ أَقْرَاءٍ أَوْ أَشْهُرٍ جَاهِلاً) ئینجا لە (عِدَّة)ی بە پاکبوونەوەکاندا، یان بە مانگەکاندا جیماعی لەگەڵ بکاو نەشزانێ جیماعکردن حەڕامە؟ چونکە لە زانایانی‌ئاییننی دوور بوو، یان تازە موسوڵمان بوو (أَوْ عَالِمًا فِی رَجْعِيَّةٍ) یان دەیزانی حەڕامە، بەڵام تەلاّقدانەکەی (رجعی) بوو، ئەوە (تَدَاخَلَتَا) هەردوو (عِدَّة)کەی تەلاّقو

جیماعەکــە دەچــنە نــاو یــەکتری، کــەوابو: (فَتَبْتَــدِئُ عِــدَّةً مِــنَ الْــوَطْءِ) لــە کۆتایی‌جیماعکردنەکەوە دەست بە (عِدَّة)یەکی‌تر دەکاو (وَیَدْخُلُ فِیهَا بَقِیَّةُ عِدَّةِ الطَّلاَقِ) ئەو بەشە(عِدَّة)ی تەلاقیش–کە مابو– دەچێتە ناو (عِدَّة)ی جیماعو نایەوێ دوو (عِدَّة)ی تەنها تەنها ببینێ.

بەڵام ئەگەر تەلاقدانەکە (بائن) بوو و دەشیزانی جیماعکردن حەڕامە، ئــەو کاتــە دەبێتــە زینا، واتە: جیماعەکە (عِدَّة)ی ناوێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(فَإِنْ كَانَتْ إِحْدَاهُمَا حَمْلاً) جا ئەگەر هەردوو (عِدَّة)کانی پیاوەکە لە دوو پەگەز بون: وەک یــەکێکیان بــە دانــانی کۆرپــەی نــاو زگ بــوو (وَالأُخْــرَى أَقْــرَاءً) ئەوەکــەی‌تریش بــە پاکبوونەوەکان بوو: وەک بە ئاوسی تەلاقی دابێ، ئینجا جیماعی لەگەڵ کردبــێ، یــان لــە دوای تەلاقدان جیماعی لەگەڵ بکاو ئاوس ببێ، ئەو کاتەش (تَدَاخَلَتَا فِی‌الأَصَحِّ) هــەردوو (عِدَّة)کان دەچنە ناو یــەکتری لــە فــەرموودەی پاستتردا، کــەوابو: (فَتَنْقَضِیَانِ بِوَضْــعِهِ) هەردوو (عِدَّة)کان بە دانانی زگەکە تەواو دەبن (وَ) ئەگەر تەلاقەکەشی (رَجْعِي)بێ، ئــەوە (یُرَاجِعُ قَبْلَهُ) پێش دانانی‌زگەکەی بۆ مێردەکەی دروستە بیگەڕێنێتــەوە ژێــر مــارەی‌خۆی

وَقِیــلَ: إِنْ كَــانَ الْحَمْــلُ مِــنَ الْــوَطْءِ فَــلاَ، أَوْ لِشَخْصَــیْنِ بِــأَنْ كَانَــتْ فِــی عِــدَّةِ زَوْجٍ أَوْ شُبْهَةٍ فَوُطِئَتْ بِشُبْهَةٍ أَوْ نِكَاحٍ فَاسِدٍ، أَوْ كَانَتْ زَوْجَةً مُعْتَدَّةً عَنْ شُبْهَةٍ فَطُلِّقَتْ فَلاَ تَــدَاخُلَ، فَــإِنْ كَــانَ حَمْــلٌ قُــدِّمَتْ عِدَّتُــهُ، وَإِلاَّ فَــإِنْ سَــبَقَ الطَّــلاَقُ أَتَمَّــتْ عِدَّتَــهُ ثُــمَّ اسْتَأْنَفَتِ الأُخْرَى، وَلَهُ الرَّجْعَةُ فِی عِدَّتِهِ، فَإِذَا رَاجَعَ انْقَضَتْ وَشَرَعَتْ فِی عِدَّةِ الشُّبْهَةِ،

(وَقِیلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (إِنْ كَانَ الْحَمْلُ مِنَ الْوَطْءِ فَلاَ) ئەگــەر کۆرپەکــە لــە جیماعەکەی دوای تەلاقدان بێ، بۆی دروست نیە بیگەڕێنێتەوە.

(أَوْ لِشَخْصَیْنِ) یان ژنەکە (عِدَّة)ی دوو پیاوانی کەوتنە سەر (بِأَنْ كَانَتْ فِی عِدَّةِ زَوْجٍ) وەک ژنەکە لە (عِدَّة)ی مێردی‌خۆی‌دا بێ: جا مردبێ، یان تەلاقی‌دابێ (أَوْ شُبْهَةٍ) یان لە (عِدَّة)ی جیماعێکی بە هەڵەدا بێ (فَوُطِئَتْ بِشُبْهَةٍ أَوْ نِكَاحٍ فَاسِدٍ) ئینجا لە ناو (عِدَّة)دا: بە هەڵە، یان بە مارەبڕینێکی نادروست جیماعی لەگەڵ کرا (أَوْ كَانَتْ زَوْجَةً مُعْتَدَّةً عَنْ شُبْهَةٍ) یــان ژنــی مێردی‌خۆی بوو بەڵام لە (عِدَّة)ی جیماعێکی بە هەڵەدا بــوو (فَطُلِّقَــتْ) ئینجــا لــە نــاو ئــەو (عِدَّة)یەدا تەلاق درا، ئەوە (فَلاَ تَدَاخُلَ) هیچ (عِدَّة)یەک ناچێتە نــاو ئەوەکــەی‌تر، چــونکە خاوەنەکانیان لێک جیانە.

کەوابو: تەماشا دەکەین: (فَإِنْ كَانَ حَمْلٌ)ئەگەر لە یــەکێک لــەو دوو پیاوانــە ئــاوس بوبــێ (قُدِّمَتْ عِدَّتُهُ) ئەوە (عِدَّة)ی ئاوسیەکە وەپێش دێخرێ، جیاوازی نیە: لە یەکەمەکە ئاوس بوبێ، یان لە دووەمەکە، چونکە (عِدَّة)ی ئاوسی دوا ناخسترێ:

بۆ وێنە: ئەگەر ژنە تەلاقدراوەکە لە مێردی‌خۆی ئاوس بێ، ئینجــا لــە دوای تەلاقــدان لــە

(عِدَّة)دا به هەڵە جیماعی لەگەڵ بکرێ، ئەوە (عِدَّة)ی تەڵاقدانەکەی بە دانانی زگەکەی تەواو دەبێ، ئینجا لە دوای پاکبوونەوەی‌زەیسانی (عِدَّة)ی پیاوەکەی‌تریش بە سێ (قُرْء) تەواو دەکا، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو: وەك ژنە تەڵاقدراوەکە لە (عِدَّة)دا بە جیماعی بە هەڵە ئاوس ببێ، ئەو کاتە (عِدَّة)ی تەڵاقدانەکەی پادەگرێ، تاکو (عِدَّة)ی جیماعەکەی بە هەڵە بە دانانی زگەکەی تەواو بکا، ئینجا لە دوای پاکبوونەوەی‌زەیسانی ئەوەندەی لە (عِدَّة)ی تەڵاق لە سەری مابو تەواوی دەکا.

(وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر لە هیچێکیان ئاوس نەبێ، ئەوە (فَإِنْ سَبَقَ الطَّلاَقُ) ئەگەر تەڵاقدانەکە پێش جیماعکردنەکەی بە هەڵە بێ (أَتَمَّتْ عِدَّتَهُ) یەکەمجار دەبی (عِدَّة)ی تەڵاقدانەکە تەواو بکا (ثُمَّ اِسْتَأْنَفَتِ الأُخْرَى) ئینجا لە دوای تەواوبوونی (عِدَّة)ی تەڵاقەکە سەرلەبنیات دەست بە (عِدَّة)ی جیماعەکەش دەکا (وَلَهُ الرَّجْعَةُ فِي عِدَّتِهِ) مێردەکە بۆی دروستە لە (عِدَّة)ی تەڵاقدانی‌خۆی‌دا ژنەکەی بگەڕێنێتەوە، ئەگەر بە (رَجْعِي)تەڵاقی دابێ (فَإِذَا رَاجَعَ اِنْقَضَتْ) جا هەرکاتێك ژنەکەی گەڕاندەوە، ئەوە (عِدَّة)ی تەڵاقدانەکە دەبڕێو (وَشَرَعَتْ فِي عِدَّةِ الشُّبْهَةِ) ژنەکە دەست بە (عِدَّة)ی جیماعەکەی بە هەڵە دەکا.

وَلاَ يَسْتَمْتِعُ بِهَا حَتَّى تَقْضِيَهَا، وَإِنْ سَبَقَتِ الشُّبْهَةُ قُدِّمَتْ عِدَّةُالطَّلاَقِ، وَقِيلَ الشُّبْهَةِ. (فَصْلٌ) عَاشَرَهَا كَزَوْجٍ بِلاَ وَطْءٍ فِي عِدَّةِ أَقْرَاءٍ أَوْ أَشْهُرٍ فَأَوْجُهٌ: أَصَحُّهَا إِنْ كَانَتْ بَائِنًا اِنْقَضَتْ وَإِلاَّ فَلاَ، وَلاَ رَجْعَةَ بَعْدَالأَقْرَاءِ وَالأَشْهُرِ، قُلْتُ: وَيَلْحَقُهَاالطَّلاَقُ إِلَى اِنْقِضَاءِ الْعِدَّةِ،

(وَ) هەر کاتێك ژنێك بە هەڵە جیماعی لەگەڵ کرا، بەڵام تەڵاق نەدرا (لاَ يَسْتَمْتِعُ بِهَا حَتَّى تَقْضِيَهَا) حەڕامەو نابێ مێردەکەی هیچ لەزەتێکی لێوەربگرێ تا (عِدَّة)ی جیماعەکە تەواو دەکا، واتە: لە ماوەی ئەو (عِدَّة)یەدا تەماشاکردنیشی حەڕامە.

(وَ) هەروەها (إِنْ سَبَقَتِ الشُّبْهَةُ) ئەگەر جیماعی بە هەڵە پێش تەڵاقدانەکە بوو، ئەو کاتەش لە فەرموودەی ڕاستردا: (قُدِّمَتْ عِدَّةُ الطَّلاَقِ) هەر (عِدَّة)ی تەڵاقدانەکە وەپێش دێخرێ، جا هەر کاتێك (عِدَّة)ی تەڵاقدان تەواو بوو، دەست بە (عِدَّة)ی جیماعەکە دەکا (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا (الشُّبْهَةِ) دەبی جیماعەکە پێش بخسترێ.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی تێکەڵبوونی تەڵاقدەرەکە لەگەڵ تەڵاقدراوەکەی ﴾

(عَاشَرَهَا كَزَوْجٍ بِلاَ وَطْءٍ) هەر کاتێك تەڵاقدەرەکە—وەکو مێردێك— بێجیماعکردن لەگەڵ تەڵاقدراوەکە خۆی تێکەڵ کرد: بە دەستبازیو وێکڕا نوستنو وێکڕا خواردنو...هتد (فِي عِدَّةِ أَقْرَاءٍ أَوْ أَشْهُرٍ) تێکەڵبوونەکەش لە (عِدَّة)ی بە پاکبوونەوەکاندا، یان بە مانگەکاندا بوو (فَأَوْجُهٌ) سێ فەرموودە هەنە: (أَصَحُّهَا) ڕاستترەکەیان (إِنْ كَانَتْ بَائِنًا إِنْقَضَتْ) ئەگەر تەڵاقدانەکەی (بائن) بێ، ئەوە (عِدَّة)کەی تەواو دەبێ، چونکە تێکەڵبوونەکە حەڕامە، کەوابو: ئەگەر جیماعیش لەگەڵ تەڵاقدراوی (بائن) بکا، ئەوە بە زینا دادەندرێو کار لە

(عِدَّة)ی ناکا، هەروەك لە(مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَإِلاَّ فَلاَ) بەڵام ئەگەر (بائن) نەبو، بەڵکو (رَجْعِي) بوو، ئەوە (عِدَّة)کەی دەپچڕێ تەواو نابێ هەرچەند ماوەیەکی زۆر درێژیش تێکەڵبوونەکە بەردەوام بێ، چونکە تێکەڵبوونی تەلاقدراوی (رَجْعِيَّة) بە (شُبْهَة) دادەندرێ، تا (شُبْهَة)ش بەردەوام بێ (عِدَّة)ی تەواو نابێ، کەوابو: هەر کاتێك تەلاقدەرەکە واز لە تێکەڵبوونەکە بێنێ، لەو کاتەوە ژنەکە—لە سەر پچڕانەکەی‌پابردوو— (عِدَّة)کەی‌تەلاق تەواو دەکا.

(وَلاَ رَجْعَةَ بَعْدَ الأَقْرَاءِ وَالأَشْهُرِ) لە دوای تەواوبوونی سێ پاکبوونەوەکان، یان سێ مانگەکان مێردەکە بۆی دروست نیە ژنەکە بگەڕێنێتەوە ژێر مارەی‌خۆی، هەرچەند—بە هۆی تێکەڵبوونەکە— (عِدَّة)شی تەواو نەبوە.

(قُلْتُ) ئیمامی(النواوی) دەفەرموێ (وَيَلْحَقُهَا الطَّلاَقُ إِلَى انْقِضَاءِ الْعِدَّة) ئەم تەلاقدراوە (رَجْعِية) تەلاقی‌تریشی دەکەوێ—ئەگەر تەلاق بدرێ— تا ئەم (عِدَّة)یەی دوای وازهێنانی تێکەڵبوونەکە تەواو دەبێ، کەواتە: لە ماوەی ئەم (عِدَّة)یەدا میراتیش لە یەکتری دەگرن، هەروەك—بە پێچەوانەی (نهاية)— لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

وَلَوْ عَاشَرَهَا أَجْنَبِيٌّ اِنْقَضَتْ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلَوْ نَكَحَ مُعْتَدَّةً بِظَنِّ الصِّحَّةِ وَوَطِئَ اِنْقَطَعَتْ مِنْ حِينِ وَطِئَ، وَفِي قَوْلٍ أَوْ وَجْهٍ مِنَ الْعَقْدِ، وَلَوْ رَاجَعَ حَائِلاً ثُمَّ طَلَّقَ اِسْتَأْنَفَتْ، وَفِي الْقَدِيمِ تَبْنِي إِنْ لَمْ يَطَأْ، أَوْ حَامِلاً فَبِالْوَضْعِ، فَلَوْ وَضَعَتْ ثُمَّ طَلَّقَ اِسْتَأْنَفَتْ، وَقِيلَ إِنْ لَمْ يَطَأْ بَعْدَ الْوَضْعِ فَلاَ عِدَّةَ،

(وَلَوْ عَاشَرَهَا أَجْنَبِيٌّ) بەڵام ئەگەر پیاوێکی‌بێگانە—بێ‌جیماعکردن— تێکەڵی ژنە تەلاقدراوەکە بوو (اِنْقَضَتْ) ئەوە (عِدَّة)ی بە سێ پاکبوونەوە، یان بە سێ مانگان تەواو دەبێ (وَاللهُ أَعْلَمُ).

هەروەها ئەگەر بێگانەکە زیناش لەگەڵ ژنە تەلاقدراوەکە بکا، زینایەکە کار لە تەواوبوونی (عِدَّة)ی ناکا، بەڵام ئەگەر بێگانەکە بە هەڵە جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتە (عِدَّة)یەکی‌تری لە سەر واجب دەبێ، هەروەها ئەگەر ژنە تەلاقدراوەکە لە(عِدَّة)ی ئاوسی‌دا بێ، ئەو کاتەش تێکەڵبوونی مێردەکەو بێگانەکە کار لە (عِدَّة)کەی ناکاو بە دانانی زگەکەی (عِدَّة)ی (بائِن)و (رَجْعِي)ی تەواو دەبێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ نَكَحَ مُعْتَدَّةً) ئەگەر پیاوێك ژنێکی (عِدَّة)گری لە (عِدَّة)دا لە خۆی مارە کرد (بِظَنِّ الصِّحَّةِ) وای‌دەزانی مارەبڕینی ژنی(عِدَّة)گر دروست دەبێو (وَوَطِئَ) جیماعیشی لەگەڵ کرد، ئەوە (اِنْقَطَعَتْ مِنْ حِينِ وَطِئَ) لەو کاتەوە کە جیماعی لەگەڵ کردوە (عِدَّة)ی ژنەکە دەپچڕێ، جیاوازی (عِدَّة)ی مردنو تەلاق نیە، جا هەر کاتێك لێك جیا کرانەوە، لەو کاتەوە (عِدَّة)کەی‌یەکەم تەواو دەکا، بەڵام ئەگەر بزانێ مارەبڕینەکە دروست نابێ، ئەو کاتە جیماعەکەی زینایەو کار لە (عِدَّة)ی ناکا، هەروەها ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ،

(عِدَّة)كەی ناپچڕێو هەر بەردەوام دەبێ (وَفِي قَوْلٍ أَوْ وَجْهٍ مِنَ الْعَقْدِ) لە فەرموودەیەکدا: لە مارەبڕینەوە (عِدَّة)کەی دەپچڕێ.

(وَلَوْ رَاجَعَ حَائِلاً) ئەگەر مێردەکە تەلاقدراوێکی (رجعی)ی لە (عِدَّة)دا گەڕاندەوەو ئاوسیش نەبو (ثُمَّ طَلَّقَ) ئینجا دووبارە تەلاقی داوە، ئەوە (اِسْتَأْنَفَتْ) سەرلەبنیات دەست بە (عِدَّة)یەکی تر دەکا، جیاوازی نیە لە دوای گەڕاندنەوەش جیماعی لەگەڵ کردبێ، یان نا (وَفِي الْقَدِيمِ تَبْنِي إِنْ لَمْ يَطَأْ) لە فەرموودەی کۆندا: ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ لە سەر ڕابردووەکە (عِدَّة)کەی تەواو دەکا.

(أَوْ حَامِلاً) یان تەلاقدراوێکی (رَجْعِية)ی ئاوسی گەڕاندوە، ئینجا دووبارە بە ئاوسی تەلاقی داوە، ئەوە (فَبِالْوَضْعِ) بە دانانی زگەکەی (عِدَّة)ی تەلاقدانیدووەمیش تەواو دەبێ، هەر چەند جیماعیشی لەگەڵ کردبێ، بەڵام (فَلَوْ وَضَعَتْ) ئەگەر لە دوای گەڕاندنەوە زگەکەی دانا (ثُمَّ طَلَّقَ) ئینجا تەلاقی داوە، ئەو کاتە (اِسْتَأْنَفَتْ) سەرلەبنیات دەست بە (عِدَّة) دەکاتەوە، هەر چەند جیماعیشی لەگەڵ نەکردبێ (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (إِنْ لَمْ يَطَأْ بَعْدَ الْوَضْعِ فَلاَ عِدَّة) ئەگەر لە دوای دانانی زگەکەی جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، (عِدَّة)ی لە سەر نیە.

وَلَوْ خَالَعَ مَوْطُوءَةً ثُمَّ نَكَحَهَا ثُمَّ وَطِئَ ثُمَّ طَلَّقَ اِسْتَأْنَفَتْ وَدَخَلَ فِيهَاالْبَقِيَّةُ.

(فَصْلٌ) عِدَّةُ حُرَّةٍ حَائِلٍ لِوَفَاةٍ وَإِنْ لَمْ تُوطَأْ أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشَرَةُ أَيَّامٍ بِلَيَالِيهَا، وَأَمَةٍ نِصْفُهَا، وَإِنْ مَاتَ عَنْ رَجْعِيَّةٍ اِنْتَقَلَتْ إِلَى وَفَاةٍ، أَوْ بَائِنٍ فَلاَ، وَحَامِلٍ بِوَضْعِهِ

(وَلَوْ خَالَعَ مَوْطُوءَةً) ئەگەر خولعی لەگەڵ ئەو ژنەی کرد کە پێشدا جیماعی لەگەڵ کردبو (ثُمَّ نَكَحَهَا) ئینجا لە (عِدَّة)دا لە خۆی مارە کردەوە (ثُمَّ وَطِئَ) ئینجا لە دوای مارەکردنەوەکەش جیماعی لەگەڵ کرد (ثُمَّ طَلَّقَ) ئینجا دووبارە تەلاقی داوە، ئەوە (اِسْتَأْنَفَتْ) سەرلەبنیات دەست بە (عِدَّة) دەکاتەوەو (وَدَخَلَ فِيهَاالْبَقِيَّةُ) ئەوەی لە (عِدَّة)کەیەکەمیش مابوی دەچێتە ناو (عِدَّة)کەیدووەم، چونکە هەردووکیان (عِدَّة)ی یەک کەسن.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (عِدَّة)**ی مێرد مردن** ﴾

کە بەشیدووەمی (عِدَّة)یە: (عِدَّةُ حُرَّةٍ حَائِلٍ لِوَفَاةٍ) تەواوبوونی (عِدَّة)ی ئەو ژنەی ئازادەو لە مێردیخۆی ئاوس نیەو مێردەکەی مردوە (وَإِنْ لَمْ تُوطَأْ) هەر چەند جمیاعیشی لەگەڵ نەکرابێ (أَرْبَعَةُأَشْهُرٍ وَعَشَرَةُأَيَّامٍ بِلَيَالِيهَا) چوار مانگو دە ڕۆژە بە شەوەکانیانەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً﴾ ئەو مێردانەی لە ئێوە دەمرنو ژنەکانیان بەجێ دەهێڵن، ژنەکانیان ماوەی چوار مانگو دە ڕۆژ بەخۆیان چاوەڕوان دەبن.

واتە بە تەنها مارەبڕین ئەگەر جیماعیشی لەگەڵ نەکرابێو مێردەکەی بمرێ، (عِدَّة)ی لە سەر واجب دەبێ، هەروەک میراتیش لە یەکتری دەگرن، بە بەڵگەی حەدیسەکەی

(علقمه)ی‌ڕابردوو له (هۆیه‌كانی میرات)دا، جیاوازی نیه ژنه‌كه‌و مێرده‌كه: گه‌وره بن، یان هه‌ردووكیان، یان یه‌كێكیان منداڵی ناو بێشكه بێ، چونكه (عِدَّة) لایه‌نی خواپه‌رستیشی تێدایه، هه‌روه‌ك ڕابرا (وَأَمَةٍ نِصْفُهَا) ته‌واوبوونی (عِدَّة)ی جاریه‌ی مێرد مردوو: دوو مانگ‌و پێنج ڕۆژه.

(وَإِنْ مَاتَ عَنْ رَجْعِيَّةٍ) ئه‌گه‌ر مێردێك مرد و ته‌ڵاقدراوێكی (رجعية)ی له پاش به‌جێما، واته: له كاتی مردن هه‌ر له (عِدَّة)ی (رَجْعِي)دابو، ئه‌وه (انْتَقَلَتْ إِلَى وَفَاةٍ) له (عِدَّة)ی (رَجْعِي)یه‌وه ده‌گوازێته‌وه بۆ (عِدَّة)ی مێرد مردن‌و میراتیش له مێرده‌كه‌ی ده‌گرێ، كه‌واته: (عِدَّة)ی‌ته‌ڵاقه‌كه‌ی پوچه‌ڵ ده‌بێته‌وه‌و سه‌رله‌بنیات له ڕۆژی مردنی‌مێرده‌كه‌یه‌وه ده‌ست به (عِدَّة)ی مێرد مردن ده‌كا (أَوْ بَائِنٍ) یان ئه‌گه‌ر له (عِدَّة)ی (بائن)دابو: وه‌ك به پاره ته‌ڵاق درابێ، یان سێ‌به‌سێ، ئه‌و كاته (فَلَا) ناگوازێته‌وه، به‌ڵكو (عِدَّة)ی ته‌ڵاقه‌كه ته‌واو ده‌كا، چونكه به‌و ته‌ڵاقدانه بوه‌ته بێگانه.

(وَحَامِلٍ بِوَضْعِهِ) هه‌روه‌ها ئه‌و ژنه‌ی له مێردی خۆی ئاوس بووه‌و مێرده‌كه‌ی مردوه، (عِدَّة)ی به دانانی زگه‌كه‌ی ته‌واو ده‌بێ، به به‌ڵگه‌ی ئایه‌تی ﴿وَأُولاتُ الأَحْمَالِ﴾ی‌ڕابردوو بِشَرْطِهِ السَّابِقِ، فَلَوْ مَاتَ صَبِيٌّ عَنْ حَامِلٍ فَبِالأَشْهُرِ، وَكَذَا مَمْسُوحٌ إِذْ لاَيَلْحَقُهُ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَيَلْحَقُ مَجْبُوبًا بَقِيَ أُنْثَيَاهُ فَتَعْتَدُّ بِهِ، وَكَذَا مَسْلُولٌ بَقِيَ ذَكَرُهُ بِهِ عَلَىالْمَذْهَبِ، وَلَوْ طَلَّقَ إِحْدَىامْرَأَتَيْهِ وَمَاتَ قَبْلَ بَيَانٍ أَوْ تَعْيِينٍ فَإِنْ كَانَ لَمْ يَطَأْ اِعْتَدَّتَا لِوَفَاةٍ، وَكَذَا إِنْ وَطِئَ وَهُمَا ذَوَاتَا أَشْهُرٍ أَوْ أَقْرَاءٍ وَالطَّلاَقُ رَجْعِيٌّ،

(بِشَرْطِهِ السَّابِقِ) به‌و مه‌رجه‌ی‌ڕابردوو: كه كۆرپه‌كه‌ی به ته‌واوی لێ جیا ببێته‌وه‌و نه‌ژادیشی بدرێته پاڵ خاوه‌نی(عِدَّة)كه.

كه‌وابو: (فَلَوْ مَاتَ صَبِيٌّ عَنْ حَامِلٍ) ئه‌گه‌ر منداڵێكی وه‌ها بمرێ كه نه‌گونجێ (مَنِي)ی بێته خواره‌وه: وه‌ك نۆ ساڵ كه‌متر بێ‌و ژنێكی ئاوسی له پاش به‌جێ بمێنێ، ئه‌و كاته (فَبِالأَشْهُرِ) ده‌بی به چوار مانگ‌و ده ڕۆژه‌كه (عِدَّة)ی ته‌واو بكا، چونكه بێگومان كۆرپه‌كه هی منداڵه‌كه نیه (وَكَذَا مَمْسُوحٌ) هه‌روه‌ها ئه‌و مێرده‌ش كه ئه‌ندامی جیماع‌و هه‌ردوو گونه‌كانی لێكراونه‌وه، ئه‌ویش وه‌كو ئه‌و منداڵه‌یه (إِذْ لاَ يَلْحَقُهُ) چونكه ئه‌ویش نه‌ژادی كۆرپه‌كه‌ی ناگاتێ (عَلَىالْمَذْهَبِ) له سه‌ر فه‌رموده‌ی ڕاستی مه‌زهه‌ب.

جا له‌و دوو حاڵه‌تانه‌دا: ئه‌گه‌ر زاندرا كۆرپه‌كه له جیماعێكی به هه‌ڵه‌یه، ئه‌وه له دوای دانانی كۆرپه‌كه ده‌ست به چوار مانگ‌و ده ڕۆژه‌كه‌ی (عِدَّة)ی مێرد مردن ده‌كا، به‌ڵام ئه‌گه‌ر نه‌زاندرا چۆن ئاوس بووه، یان له زینا ئاوس بوو، ئه‌وه كار له (عِدَّة)ی ناكاو هه‌ر به ئاوسی چوار مانگ‌و ده ڕۆژه‌كه‌ی (عِدَّة)ی مێرد مردن ته‌واو ده‌كا، هه‌روه‌ك (الشبراملسی) فه‌رموویه‌تی‌و چه‌ند جارێكیش ڕابرا.

(وَيَلْحَقُ مَجْبُوبًا) نەژادی کۆرپەکە دەگاتە ئەو پیاوەی کە ئەندامی جیماعکردنی لێکراوەتەوە، بەو مەرجەی (بَقِيَ أُنْثَيَاهُ) هەردوو گونەکانی مابنو بشگونجێ (مَنِي)یەکەی لە ناو ژنەکە کرابێ، کەوابو: (فَتَعْتَدُّ بِهِ) ژنی ئەو جۆرە پیاوانە بە دانانی زگەکەی (عِدَّة)ی تەواو دەبێ (وَكَذَا مَسْلُولٌ بَقِيَ ذَكَرُهُ) هەروەها ئەو پیاوەش کە هەردوو گونی دەرهێندراونو ئەندامی جیماعکردنیشیماوە ژکەنەکەی ئەویش (بِهِ) بە دانانی زگەکەی (عِدَّة)ی تەواو دەبێ (عَلَى الْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب.

(وَلَوْ طَلَّقَ إِحْدَى امْرَأَتَيْهِ) ئەگەر لە دوو ژنەکانی یەکێکی تەلاق دا (وَمَاتَ قَبْلَ بَيَانٍ أَوْ تَعْيِينٍ) ئینجا پێش ڕوونکردنەوەو دیاریکردنی تەلاقدراوەکە مێردەکە مرد، ئەوە (فَإِنْ كَانَ لَمْ يَطَأْ) ئەگەر جیماعی لەگەڵ هیچیان نەکردبێ (اِعْتَدَّتَا لِوَفَاةٍ) هەردووکیان –بۆ پارێزکاری– (عِدَّة)ی مێرد مردن تەواو دەکەن (وَكَذَا إِنْ وَطِئَ) هەروەها ئەگەر جیماعیشی لەگەڵ هەردووکیان کردبێ، بەڵام (وَهُمَا ذَوَاتَا أَشْهُرٍ أَوْ أَقْرَاءٍ) هەردووکیان خاوەنی (عِدَّة)ی سێ مانگی، یان سێ پاکبوونەوە بونو (وَالطَّلَاقُ رَجْعِيٌّ) تەلاقدانەکەش (رجعی) بوو، ئەو کاتەش هەردووکیان (عِدَّة)ی مێرد مردن تەواو دەکەن.

فَإِنْ كَانَ بَائِنًا اِعْتَدَّتْ كُلُّ وَاحِدَةٍ بِالْأَكْثَرِ مِنْ عِدَّةِ وَفَاةٍ وَثَلَاثَةِ مِنْ أَقْرَائِهَا، وَعِدَّةُ الْوَفَاةِ مِنَ الْمَوْتِ، وَالْأَقْرَاءُ مِنَ الطَّلَاقِ. وَمَنْ غَابَ وَانْقَطَعَ خَبَرُهُ لَيْسَ لِزَوْجَتِهِ نِكَاحٌ حَتَّى يُتَيَقَّنَ مَوْتُهُ أَوْ طَلَاقُهُ، وَفِالْقَدِيمِ: تَرَبَّصُ أَرْبَعَ سِنِينَ ثُمَّ تَعْتَدُّ لِوَفَاةٍ وَتَنْكِحُ،

(فَإِنْ كَانَ بَائِنًا) جا ئەگەر تەلاقدانەکە (بائن) بوو، ئەو کاتە (اِعْتَدَّتْ كُلُّ وَاحِدَةٍ بِالْأَكْثَرِ) هەر یەکێکیان (عِدَّة)ی خۆی تەواو دەکا بە زۆرترەکە: (مِنْ عِدَّةِ وَفَاةٍ وَثَلَاثَةٍ مِنْ أَقْرَائِهَا) لە (عِدَّة)ی مێرد مردنیو لە سێ پاکبوونەوەکەی، واتە: لەو دووانە کامەیان ماوەی زۆرتر بێ، بەو زۆرترە (عِدَّة)ی تەواو دەکا (وَعِدَّةُ الْوَفَاةِ مِنَ الْمَوْتِ) جا (عِدَّة) مێرد مردن لە مردنی مێردەکەوە دەست پێدەکرێو (وَالْأَقْرَاءُ مِنَ الطَّلَاقِ) پاکبوونەوەکانیش لە تەلاقدانەوە دەست پێدەکرێ.

﴿ ژنی مێرد ونبوو ﴾

(وَمَنْ غَابَ) هەر کەسێك گوم بوو و (وَانْقَطَعَ خَبَرُهُ) هەواڵی مانو نەمانیشی بڕا، واتە: نەزاندرا (لَيْسَ لِزَوْجَتِهِ نِكَاحٌ) بۆ ژنەکەی دروست نیە شوو بکا (حَتَّى يُتَيَقَّنَ مَوْتُهُ أَوْ طَلَاقُهُ) تا بە بەڵگەیەکیشەرعی دەزانددرێ مێردەکەی مردوە، یان تەلاقی داوە، بەڵام ئەگەر دادپەروەرێك، یان باوەڕپێکراوێکیخۆی پێی بڵێ: مێردەکەت مردوە، ئەوە لە نێوان خۆیو خوای گەورەدا بۆی دروستە: شوو بکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَفِي الْقَدِيمِ) لە فەرموودەی کۆنی ئیمامی (الشافعی)و لە مەزهەبی ئیمام (مالك)و ئیمام (أحمد)دا: ژنی مێرد ونبوو دەچێتە لای (قازی)، ئینجا کە (قازی) بۆی

ئاشکرابو: مێردەکەی ونبووە، ئەوە (تَرَبَّصُ أَرْبَعَ سِنِينَ) لەو کاتـەوە بـە دانـانی (قـازی) ماوەی چوار ساڵان چاوەڕوان دەکا، ئینجا لە دوای چوار ساڵەکانیش (قازی) بڕیاری مردنی مێردەکەیو لێکجیابوونەوەی بۆ دەدا (ثُمَّ تَعْتَدُّ لِوَفَاةٍ) ئینجا (عِدَّة)ی مێرد مردنیش تەواو دەکا، ئینجا (وَتَنْكِحُ) بۆی دروستە: شوو بە پیاوێکیتر بکا، هەر وەك بە هۆی نەمێردیو نەمانی ئەندامی جیماعی مێردەکەشی بۆی دروست بوو: مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە لەزەتی ژنو مێردایەتیی نەماوە.

جا بزانە: لە فەرموودەی ڕاستتردا: چوار ساڵەکان لە کاتی دانانی (قازی)یەوە دەستیان پێدەکرێو ماوەی پـێش چـوونە لای (قـازی) بـە فـیڕۆ دەڕواو ڕەچـاو نـاکرێ، بـەڵام لـە فەرموودەی بێهێزدا: لە ونبوونەوە دەست پێدەکرێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە ﴿عن عمرﷺ أَيُّمَا اِمْرَأَةٍ فَقَدَتْ زَوْجَهَا لَمْ تَدْرِ أَيْنَ هُوَ، فَإِنَّهَا تَنْتَظِرُ أَرْبَعَ سِنِينَ، ثُمَّ تَعْتَدُّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً، ثُمَّ تَحِلُّ﴾ رواه مالك والشافعي، وفي رواية عبدالرزاق: ﴿مِنْ حِينِ رَفَعَتْ أَمْرَهَا إِلَيْهِ﴾، هەر ژنێك مێردەکەی گوم بوو و نـەیزانی لـە کوێیـە، بـا چـوار سـاڵان فَلَـوْ حَكَـمَ بِالْقَـدِيمِ قَـاضٍ نُقِـضَ عَلَـالْجَدِيـدِ فِـي الأَصَـحِّ، وَلَـوْ نَكَحَـتْ بَعْـدَالتَّرَبُّصِ وَالْعِدَّةِ فَبَانَ مَيِّتًا صَحَّ عَلَـالْجَدِيدِ فِـالأَصَحِّ. وَيَجِبُ الإِحْدَادُ عَلَى مُعْتَدَّةِ وَفَاةٍ،

چاوەڕوان بکا–لەو کاتەوە کە کارەکەی بۆ لای کاربەدەست بەرز دەکاتەوە– ئینجا چوار مانگو دە ڕۆژ (عِدَّة)ی مێرد مردن تەواو بکا، ئینجا حەڵاڵە شوو بکا.

جا بزانە: لە ئاگاداریەکەی (باسی نەتوانینی بەخێوکردنی ژن)دا فەرموودەیەکی بێهێز هەیە: ژنەکە دەتوانێ سودی لێوەربگرێ، تەماشای بکە.

(فَلَوْ حَكَمَ بِالْقَدِيمِ قَاضٍ) جا ئەگەر (قازی)یێك بە فەرموودەی کۆن بڕیاریدا، ئەوە (نُقِضَ عَلَى الْجَدِيدِ) لە سەر فەرموودەی نوێ بڕیارەکـەی هەڵدەوەشـێندرێتەوە (فِيالأَصَحِّ) لـە فەرموودەی ڕاستتردا، بەڵام لە (تحفه)دا فەرموودەکەیتری بەهێز کردوە: کە دەفەرموێ: بڕیارەکە هەڵناوەشێندرێتەوە، چونکە زیـانێکی گـەورە تووشـی ژنەکـە دەبـێو جگـە لـە ڕەفتارکردن بە فەرموودەی کۆن بە هیچ ڕێگایەکیتر ناتوانێ ئەو زیانە گەوریـە لـە خـۆی لابدا، جا ئیمامی (الإِسْنَوِي) ئەوەشی بە ڕاست داناوە: کە بڕیاری (قازی)–بە فەرموودەی کۆن– لە ئاشکراییو لە پەنهانیدا جێبەجێ دەبێ.

(وَلَوْ نَكَحَتْ بَعْدَ التَّرَبُّصِ وَالْعِدَّةِ) ئەگەر لە دوای چاوەڕوانکردنی چوار ساڵەکەو (عِدَّة)ی چوار مانگو دە ڕۆژەکە، ژنە مێرد ونبووەکە شووی کرد (فَبَانَ مَيِّتًا) ئینجا ئاشکرا بـوو: پـێش مارەبڕینەکە بە چوار مـانگو دە ڕۆژ مێردەکـەی مـردوە، ئـەوە (صَحَّ عَلَىالْجَدِيدِ) لەسـەر فەرموودەی نوێش مارەبڕینەکەی دروست بووە (فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەیڕاستتردا، بەڵام

ئەگەر ئاشکرا بوو: میّردەکەی لە کاتی‌مارەبڕینەکەدا زێندوو بووە، ئەوە هەر ژنی میّردەکەیەتی‌و مارەبڕینەکەی‌دووەم نادروستە، هەر چەند (قازی)ش بڕیاری دابێ.

جا ئەگەر دووەمەکە جیماعی لەگەڵ کردبو، ئینجا میّردە ونبووەکە هاتەوە لای ژنەکەی، ئەوە حەڕامە: هیچ لەزەتێکی لێببینێ تا (عِدَّة)ی‌دووەمەکەی تەواو دەکا، چونکە جیماعی دووەمەکە بە هەڵە بووە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

کەوابو: ئەگەر ژنەکە منداڵێکی ببێ‌و بشگونجێ منداڵەکە لەو جیماعە بێ، ئەو کاتە منداڵەکەش دەبێتە هی دووەمەکە، هەروەك لە (مغنی)دا پوون کراوەتەو.

﴿ تازیەداری ژنی میّرد مردوو ﴾

(وَيَجِبُ الإِحْدَادُ عَلَى مُعْتَدَّةِ وَفَاةٍ) تازیەداری واجبە: لە سەر ئەو ژنەی لە (عِدَّة)ی میّرد مردندایە تا ماوەی (عِدَّة)کەی تەواو دەبێ، جیاوازی نیە: ئاوس بێ، یان نا، گەورە بێ، یان منداڵ بێ، هەرچەند لە میّردەکەشی تۆرابێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَ تُحِدُّ إِمْرَأَةٌ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلاَثٍ إلاَّ عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً: وَلاَ تَلْبَسُ ثَوْباً مَصْبُوغاً لاَ رَجْعِيَّةٍ، وَيُسْتَحَبُّ لِبَائِنٍ وَفِي قَوْلٍ يَجِبُ، وَهُوَ تَرْكُ لُبْسِ مَصْبُوغٍ لِزِينَةٍ وَإِنْ خَشُنَ، وَقِيلَ يَحِلُّ مَا صُبِغَ غَزْلُهُ ثُمَّ نُسِجَ، وَيُبَاحُ غَيْرُ مَصْبُوغٍ مِنْ قُطْنٍ وَصُوفٍ وَكَتَّانٍ، وَكَذَا إبْرِيسَمٌ فِالأَصَحِّ، وَمَصْبُوغٌ لاَ يُقْصَدُ لِزِينَةٍ، وَيَحْرُمُ حُلِيُّ ذَهَبٍ وَفِضَّةٍ وَكَذَا لُؤْلُؤٌ فِالأَصَحِّ، وَطِيبٌ فِي بَدَنٍ وَثَوْبٍ وَطَعَامٍ وَكُحْلٍ، وَاكْتِحَالٌ بِإِثْمِدٍ إلاَّ لِحَاجَةٍ كَرَمَدٍ، وَإِسْفِيذَاجٌ وَدُمَامٌ، وَخِضَابُ حِنَّاءٍ وَنَحْوِهِ، وَيَحِلُّ تَجْمِيلُ فِرَاشٍ وَأَثَاثٍ وَتَنْظِيفٌ بِغَسْلِ نَحْوِ رَأْسٍ وَقَلْمٍ وَإِزَالَةِ وَسَخٍ،

إلاَّ ثَوْبَ عَصْبٍ وَلا تَكْتَحِلُ وَ لاَ تَمَسُّ طِيباً...﴾ رواه الشيخان، دروست نیە هیچ ئافرەتێك لە سێ ڕۆژان بە سەرەوەتر تازیەداری بکا لە سەر هیچ مردوویێك، تەنها لە سەر میّردی‌خۆی چوار مانگو دە ڕۆژان تازیەداری دەکا: جلی ڕەنگکراو دەبەر ناکاو کل دەچاوی ناکاو بۆنی خۆش لە خۆی نادا.

(لاَ رَجْعِيَّةٍ) بەڵام لە سەر تەڵاقدراوی (رجعية) واجب نیە تازیەداری بکا، بەڵکو سوننەتە، هەم (وَيُسْتَحَبُّ لِبَائِنٍ) بۆ تەڵاقدراوی (بائن)ش سوننەتە: تازیەداری بکا (وَفِي قَوْلٍ يَجِبُ) لە فەرموودەیەکیشدا واجبە.

(وَهُوَ) تازیەداری: (تَرْكُ لُبْسِ مَصْبُوغٍ لِزِينَةٍ) وازهێنانە لە دەبەرکردنی جلی ڕەنگکراو بە مەبەستی خۆڕازاندنەوە (وَإِنْ خَشُنَ) هەر چەند زبریش بێ (وَقِيلَ يَحِلُّ مَا صُبِغَ غَزْلُهُ ثُمَّ نُسِجَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: ئەو جلەی داوەکەی ڕەنگ کرابێ ئینجا چنرابێ، حەڵاڵە دەبەر بکرێ (وَيُبَاحُ غَيْرُ مَصْبُوغٍ) جلی ڕەنگ نەکراو حەڵاڵە: (مِنْ قُطْنٍ وَصُوفٍ وَكَتَّانٍ) لە

لۆکەو خوریو کەتان (وَكَذَا إبرِيْسَمٌ فِيالأصَحِّ) هەروەها ئاوریشمیپەنگ نەکراویش حەلاّلە، لە فەرموودەی پاستتردا، هەم (وَمَصْبُوغٌ لاَ يُقْصَدُ لِزِينَةٍ) دەبەرکردنی پەنگکراویش حەلاّلە کە بە مەبەستی خۆپازاندنەوە نەبێ: وەک پەشو مۆر.

(وَيَحْرُمُ حُلِيُّ ذَهَبٍ وَفِضَّةٍ) هەروەها دەبەرکردنی خشڵی زێڕو زیویشی لێحەپامە، هەر چەند ئەنگوستیلەیەک، یان گوارەیەک بێ (وَكَذَا لُؤْلُؤٌ فِيالأصَحِّ) هەروەها خۆپازاندنەوەی بە گەوهەرو شتی وەهاش حەپامە، هەم (وَطِيبٌ فِي بَدَنٍ وَثَوْبٍ وَطَعَامٍ وَكُحْلٍ) بەکارهێنانی بۆنی خۆش لە لاشەو لە جلو بەرگو لە خواردەمەنیو لە کلدا حەپامە.

هەم (وَاكْتِحَالٌ بِإِثْمِدٍ) کل دەچاوکردنیش حەپامە (إلاَّ لِحَاجَةٍ) تەنها لە بەر پێویستی دروستە (كَرَمَدٍ) وەک چاو ئێشە، هەم (وَإِسْفِيذَاجٌ) سپیاویپوخسارو (وَدُمَامٌ) سۆراویکولّمەش حەپامە، هەم (وَخِضَابُ حِنَّاءٍ وَنَحْوِهِ) خەنە لە خۆ دانو پەنگەنگەکانیتریش حەپامە.

(وَيَحِلُّ تَجْمِيلُ فِرَاشٍ وَأَثَاثٍ) حەلاّلە جوانکردنی یاتاغی خەوتنو کەلوپەلی ناو ماڵ، هەم (وَتَنْظِيفٌ) خۆ پاککردنەوەشی حەلاّلە: (بِغَسْلِ نَحْوِ رَأْسٍ وَقَلْمٍ وَإِزَالَةِ وَسَخٍ) بە شۆردنی قُلْتُ: وَيَحِلُّ اِمْتِشَاطٌ وَحَمَّامٌ إنْ لَمْ يَكُنْ خُرُوجٌ مُحَرَّمٌ، وَلَوْ تَرَكَتِ الإِحْدَادَ عَصَتْ وَانْقَضَتِ الْعِدَّةُ كَمَا لَوْ فَارَقَتِ الْمَسْكَنَ، وَلَوْ بَلَغَتْهَاالْوَفَاةُ بَعْدَالْمُدَّةِ كَانَتْ مُنْقَضِيَةً، وَلَهَا إحْدَادٌ عَلَى غَيْرِ زَوْجٍ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ، وَتَحْرُمُ الزِّيَادَةُ وَاللهُ أَعْلَمُ.

(فَصْلٌ) تَجِبُ سُكْنَى لِمُعْتَدَّةِ طَلاَقٍ وَلَوْ بَائِنٍ إلاَّ نَاشِزَةً، وَلِمُعْتَدَّةِ وَفَاةٍ فِي الأَظْهَرِ،

سەرو لاشەو نینۆک کردنو لادانی چڵکو موو (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (وَيَحِلُّ إِمْتِشَاطٌ وَحَمَّامٌ) حەلاّلە سەری شانە بکاو بچێتە گەرماو (إنْ لَمْ يَكُنْ خُرُوجٌ مُحَرَّمٌ) بەو مەرجەی لە ماڵ دەرچوونێکی حەپامی تێدا نەبێ.

(وَلَوْ تَرَكَتِ الإِحْدَادَ عَصَتْ) ئەگەر ژنە مێرد مردووەکە تازیەداریی بە تەواوی نەکرد، گوناهبار دەبێ، بەڵام (وَانْقَضَتِ الْعِدَّةُ) لەگەڵ گوناهباریشی (عِدَّە)ی تەواو دەبێ (كَمَا لَوْ فَارَقَتِ الْمَسْكَنَ) وەک ئەو ژنەی لە (عِدَّە)دا لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، ئەویش گوناهبار دەبێ بەڵام (عِدَّە)شی تەواو دەبێ (وَلَوْ بَلَغَتْهَا الْوَفَاةُ بَعْدَالْمُدَّةِ) ئەگەر لە دوای تەواوبوونی ماوەی(عِدَّە)کە هەواڵی مردنی مێردەکەی گەیشتێ (كَانَتْ مُنْقَضِيَةً) ئەوە (عِدَّە)کەی تەواوبووە، نە تازیەداریو نە (عِدَّە)یتری لە سەر نیە.

(وَلَهَا إحْدَادٌ عَلَى غَيْرِ زَوْجٍ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ) بۆ گشت ئافرەتێک دروستە ماوەی سێ پۆژان تازیەداری بکا لە سەر خزمەکانی جگە لە مێردی خۆی، بەڵام (وَتَحْرُمُ الزِّيَادَةُ) زیاتر لە سێ پۆژان حەپامە، بە بەڵگەی حەدیسەکەی پاپبردوو (وَاللهُ أَعْلَمُ).

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی مافی نیشتەجێکردنی ئەو ژنەی لە** (عِدَّة)**دایە** ﴾

(تَجِبُ سُكْنَى لِمُعْتَدَّةِ طَلَاقٍ) مافی نیشتەجێکردن واجبە: بۆ ئەو ژنەی لە (عِدَّة)ی تەلاقدایە تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ، جیاوازی نیە: ئاوس بێ ، یان نا (وَلَوْ بَائِنٍ) هەرچەند بە (بائِن)ش تەلاق درابێ: بە خولع، یان سێبەسێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنْتُمْ﴾ تەلاقدراوەکان نیشتەجێ بکەن لەو شوێنەی بە خۆتان تێیدا نیشتەجێ دەبون. (إِلاَّ نَاشِزَةً) تەنها نیشتەجێکردنی ئەو ژنە واجب نیە کە بە (ناشزة)یی تەلاق دراوە، یان لە (عِدَّة)دا (ناشزة) دەبێ.

ئینجا بزانە: ئەگەر تەلاقدراوی(بائِن) لە مێردیخۆی ئاوس بێ، ئەو کاتە بژێو و جلو بەرگیشی لە سەر مێردەکەی واجبە، بەڵام ژنی مێرد مردوو مافی بژێوی نیە، هەر چەند ئاوسیش بێ، هەروەك لە (پەڕتووکیبژێوەکان)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاء الله تعالى.

(وَ) هەروەها (لِمُعْتَدَّةِ وَفَاةٍ) مافی نیشتەجێکردن بۆ ئەو ژنەش واجبە: کە لە (عِدَّة)ی مێرد مردندایە، واتە: ئەرکی نیشتەجێکردنی لە میراتیمێردەکەی دەدرێ تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا، جیاوازی نیە ژنەکە ئاوس بێ، یان نا، وَفَسْخٍ عَلَى الْمَذْهَبِ، وَتُسْكَنُ فِي مَسْكَنٍ وَغَيْرِهِ إِخْرَاجُهَا، وَلاَ لَهَا خُرُوجٌ، قُلْتُ: وَلَهَاالْخُرُوجُ لِطَعَامٍ وَغَزْلٍ وَنَحْوِهِ، وَكَذَا لَيْلاً إِلَى دَارِ جَارَةٍ لِغَزْلٍ وَحَدِيثٍ وَنَحْوِهِمَا بِشَرْطِ أَنْ تَرْجِعَ وَتَبِيتَ فِي بَيْتِهَا، وَتَنْتَقِلُ مِنَ الْمَسْكَنِ لِخَوْفٍ مِنْ هَدْمٍ أَوْ غَرَقٍ أَوْ عَلَى نَفْسِهَا،

بەو مەرجەی (ناشیزة) نەبێ، ئەگینا: مافی نیشتەجێکردنی نیە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە ﴿عن فريعة رضي الله عنها لَمَّا قُتِلَ زَوْجُهَا: أَمَرَهَاالنَّبِيُّ ﷺ أَنْ تَمْكُثَ فِي بَيْتِهَا حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ، قالَتْ: فَاعْتَدَدْتُ فِيهِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً﴾ رواه أصحاب السنن بسند صحيح، کە (فوریعە) مێردەکەی کوژرا، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دایێ: لە ماڵەکەیخۆیدا بمێنێتەوە تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ، ئینجا بە چوارمانگو دە ڕۆژان (عِدَّة)ی تەواو کرد.

(وَفَسْخٍ) هەم مافینیشتەجێکردن بۆ ئەو ژنەش واجبە: کە مارەبڕینەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، بەو مەرجەی (ناشیزة) نەبێ (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، بەڵام ئەو ژنەی لە (عِدَّة)ی جیماعی بە (شبهة)و مارەبڕینی نادروستدایە، مافی نیشتەجێکردنی نیە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَتُسْكَنُ) واجبە: ژنی (عِدَّة)گری تەلاقو مردن نیشتەجێ بکرێ (فِي مَسْكَنٍ كَانَتْ فِيهِ عِنْدَ الْفُرْقَةِ) لەو خانووەدا کە لە کاتی لێکجیابوونەوە تێیدا نیشتەجێ بووە، بە بەڵگەی ئایەتەکەو حەدیسەکە (وَلَيْسَ لِلزَّوْجِ وَغَيْرِهِ إِخْرَاجُهَا) دروست نیە: نە مێردەکەیو نە کەسێکیتر لەو ماڵە دەریبکاتە دەرەوە، هەم (وَلاَ لَهَا خُرُوجٌ) بۆ ژنەکەش

دروست نیەو حەڕامـە: لـە خۆیـەوە بـە بـێعوزر لـە مـاڵ بڕواتـە دەرەوە، خـوای گـەورە دەفـــــــ

(عِدَّة)ی له سەر واجب بوو، ئەو کاتەش هەر له یەکەمەکەدا (عِدَّة)ی تەواو دەکا.

(وَلَوْ أَذِنَ فِیالإِنْتِقَالِ إِلَی بَلَدٍ) ئەگەر مێردەکە ژنەکەی ئیزن دا بگوازێتەوە شارێکیتر، ئینجا (عِدَّة)ی له سەر واجب بوو (فَکَمَسْکَنٍ) ئەوەش وەک گواستنەوەیە لە خانووێک بۆ خانووێکیتر: لەو پووتکردنەوەیەرابردوودا.

(أَوْ فِی سَفَرِ حَجٍّ أَوْ تِجَارَةٍ) یان ئەگەر مێردەکە ژنەکەی ئیزن دا بڕواتە سەفەری حەج، یان بازرگانی، یان سەردانی خزمەکانی، یان گوزارو غەم ڕەواندن (ثُمَّ وَجَبَتْ فِیالطَّرِیقِ) ئینجا له ڕێگەدا (عِدَّة)ی له سەر واجب بوو: بە تەلاقدان، یان بە مێرد مردن، ئەوە (فَلَهَا الرُّجُوعُ) بۆی دروستە—بەڵکو وەهاخێرتر— واز له سەفەرەکەی بێنێو بگەڕێتەوە، هەم (وَالْمُضِیُّ) بۆیشی دروستە: له سەفەرەکەی بەردەوام بێ (فَإِنْ مَضَتْ) جا ئەگەر بە سەفەرەکەیدا ڕۆیشتو بەردەوام بوو و گەیشتە شوێنی مەبەست، ئەوە (أَقَامَتْ لِقَضَاءِ حَاجَتِهَا) لە شوێنەکەدا دەمێنێتەوە بۆ پێکهێنانی پێویستیەکانی (ثُمَّ) ئینجا کە پێویستیەکانی تەواو بون (یَجِبُ الرُّجُوعُ) واجبە: یەکسەر بە پەلە بگەڕێتەوە (لِتَعْتَدَّ الْبَقِیَّةَ فِی الْمَسْکَنِ) تاکو ئەوەندە (عِدَّة)ی له سەری ماوە له ماڵەوەدا تەواوی بکا.

وَلَوْ خَرَجَتْ إِلَی غَیْرِ الدَّارِ الْمَأْلُوفَةِ فَطَلَّقَ وَقَالَ: مَا أَذِنْتُ فِی الْخُرُوجِ. صُدِّقَ بِیَمِینِهِ، وَلَوْ قَالَتْ: نَقَلْتَنِی. فَقَالَ: بَل أَذِنْتُ لِحَاجَةٍ. صُدِّقَ عَلَالْمَذْهَبِ، وَمَنْزِلُ بَدَوِیَّةٍ وَبَیْتُهَا مِنْ شَعَرٍ کَمَنْزِلِ حَضَرِیَّةٍ، وَإِذَا کَانَ الْمَسْکَنُ لَهُ وَیَلِیقُ بِهَا تَعَیَّنَ، وَلاَ یَصِحُّ بَیْعُهُ إِلاَّ فِی عِدَّةِ ذَاتِ أَشْهُرٍ فَکَمُسْتَأْجَرٍ، وَقِیلَ بَاطِلٌ، أَوْ مُسْتَعَارًا لَزِمَتْهَا فِیهِ فَإِنْ رَجَعَ الْمُعِیرُ وَلَمْ یَرْضَ بِأُجْرَةٍ نُقِلَتْ،

ئینجا بزانە: ئەگەر پێش ئەوەی بۆ سەفەر بڕواتە دەرەوە (عِدَّة)ی له سەر واجب بوو، ئەو کاتە—تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ— حەڕامە: بۆ حەج کردنو بازرگانیو سەفەرەکانیتریش بڕواتە دەرەوە: وەک سەردانی دایکو باوکیو زیارەتی گۆڕستانو...هتد، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وَلَوْ خَرَجَتْ إِلَی غَیْرِ الدَّارِ الْمَأْلُوفَةِ) ئەگەر ژنەکە چووە دەرەوە بۆ خانووێکیتر کە ئولفەتی بە نیشتەجێبوونیەوە نەگرتبو (فَطَلَّقَ) ئینجا مێردەکەی تەلاقی دا (وَقَالَ مَا أَذِنْتُ فِیالْخُرُوجِ) مێردەکەی گوتی: من تۆم ئیزن نەداوە بڕۆیتە دەرەوە. ئەوە (صُدِّقَ بِیَمِینِهِ) بە سوێند باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ (وَلَوْ قَالَتْ: نَقَلْتَنِی)ئەگەر ژنەکە گوتیە مێردەکەی: تۆ منت گواستۆتەوە (فَقَالَ بَل أَذِنْتُ لِحَاجَةٍ) مێردەکەش گوتی: بەڵکو بۆ کارێك ئیزنم دابوی نەك گواستنەوە. ئەوەش (صُدِّقَ عَلَیالْمَذْهَبِ) له سەر فەرمودەی ڕاستی مەزهەب: بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ.

(وَمَنْزِلُ بَدَوِیَّةٍ وَبَیْتُهَا مِنْ شَعَرٍ) کەپرو هەوارگەو ڕەشمالّی چۆل نشینەکان

(كَمَنْـزِلِ حَضَـرِيَّةٍ) وەك مـاڵو خـانووی نیشـتەجێی ئاوەدانیـیە لـە گشـت ئـەو بڕیارانەی‌ڕابردوودا، واتە: لە ناو کەپرو ڕەشماڵەکەی‌دا (عِدَّة)ی تەواو دەکا، بەڵام ئەگـەر لەکاتی(عِدَّة)دا دانیشتووانی هۆبەکە، یان خزمو کەسەکانیخۆی لەو شوێنە باریـان کـرد، ئەو کاتە ئەویش لەگەڵیان بار دەکا، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَإِذَا كَانَ الْمَسْكَنُ لَهُ) هەرکاتێك شوێنی نیشتەجێکردنەکە ملکی مێردەکەی بـوو (وَيَلِيـقُ بِهَا) شیاوی ژنەکەش بوو، ئەوە (تَعَيَّنَ) هەر ئەو شوێنە دیاری دەکرێ بۆ نیشتەجێکردنی ژنەکە، کەوابو: (وَلاَ يَصِحُّ بَيْعُهُ) فرۆشتنی شوێنەکە دروست نابێ (إِلاَّ فِي عِدَّةِ ذَاتِ أَشْهُرٍ) تەنها لە (عِدَّة)ی ئەو ژنەدا دروست دەبێ کە خاوەنی(عِدَّة)ی بە مانگ بێ، جا لەو حاڵەتەدا (فَكَمُسْتَأْجَرٍ) وەك خانووی بەکرێدراو فرۆشتنی دروست دەبێ، واتـە: سـودەکانی مـاوەی (عِدَّة) نابنە ملکی کرێیارەکە (وَقِيلَ بَاطِلٌ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: فرۆشتنەکە بەتاڵە.

(أَوْ مُسْتَعَارًا) یان شوێنەکە بە خواستن وەرگیرابو، ئینجا (لَزِمَتْهَا فِيهِ)لەو شوێنەدا (عِدَّة)ی لـە سـەر واجـب بـوو، تەماشـا دەکـەین: (فَـإِنْ رَجَـعَ الْمُعِـيرُ وَلَـمْ يَـرْضَ بِـأُجْرَةٍ) ئەگـەر بەخوازدەرەکە پەشیمان بۆوەو بە کرێش ڕازی نەبو، ئەوە (نُقِلَتْ) ژنەکـە دەگوازرێتـەوە وَكَـذَا مُسْـتَأْجَرٌ اِنْقَضَـتْ مُدَّتُـهُ، أَوْ لَهَـا اِسْـتَمَرَّتْ وَطَلَبَـتِ الأُجْـرَةَ، فَإِنْ كَانَ مَسْكَنُ النِّكَاحِ نَفِيسًا فَلَهُ النَّقْلُ إِلَى لاَئِقٍ بِهَا، أَوْ خَسِيسًا فَلَهَا الإِمْتِنَاعُ، وَلَيْسَ لَهُ مُسَاكَنَتُهَا وَلاَ مُدَاخَلَتُهَا، فَإِنْ كَانَ فِالدَّارِ مَحْرَمٌ لَهَا مُمَيِّزٌ ذَكَرٌ، أَوْ لَهُ أُنْثَى أَوْ زَوْجَةٌ أُخْرَى أَوْ أَمَةٌ أَوْ امْرَأَةٌ أَجْنَبِيَّةٌ جَازَ، وَلَوْ كَانَ فِي الدَّارِ حُجْرَةٌ فَسَكَنَهَا أَحَدُهُمَا وَالآخَرُالأُخْرَى فَإِنْ اِتَّحَدَتِ الْمَرَافِقُ كَمَطْبَخٍ وَمُسْتَرَاحٍ اُشْتُرِطَ مَحْرَمٌ،

بۆ شوێنێکیتر (وَكَذَا مُسْتَأْجَرٌ اِنْقَضَتْ مُدَّتُهُ) هەروەها شوێنی بەکرێگیراویش ئەگەر ماوەی تەواو بوو، وەك شوێنی خواستراوە: ئەگەر بەکرێدەرەکە بەکرێدانەکـەی نـوێ نـەکردەوە ژنەکە دەگوازرێتەوە.

(أَوْ لَهَا) یان ئەگەر شوێنەکە ملکی ژنەکە بوو، ئەوە (اِسْتَمَرَّتْ) هەر لە شوێنی خۆیدا لـە سەر نیشتەجێبوون بەردەوام دەبێو (وَطَلَبَتْ الأُجْرَةَ) داوای کرێی ماوەی (عِدَّة)ش دەکا: لە مێردەکەی، یان لە میراتی مێردەکەی (فَإِنْ كَانَ مَسْكَنُ النِّكَاحِ نَفِيسًا) جا ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی ژنو مێردایەتی زۆر بەنرخ بوو و بۆ (عِدَّة)گرتن شیاوی ژنەکە نەبو، ئەوە (فَلَهُ النَّقْلُ إِلَى لاَئِقٍ بِهَا) بۆ مێردەکە دروستە ژنەکەی بگوازێتـەوە بـۆ شـوێنێکی شـیاوی ژنەکە، تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ (أَوْ خَسِيسًا) یان شوێنەکە زۆر ناڕێك بوو و شیاوی ژنەکـە نەبو، ئەو کاتە (فَلَهَا الإِمْتِنَاعُ) ژنەکەش مافی هەیە بەو شوێنە ڕازی نەبێو داوای شوێنێکی شیاوی خۆی بکا، تا (عِدَّة)ی تەواو دەبێ.

(وَلَيْسَ لَهُ) بـۆ مێردەکـە دروسـت نیـەو حەرامـە: (مُسَـاكَنَتُهَا وَلاَ مُـدَاخَلَتُهَا) لەگـەڵ ژنـە

تەلاقدراوەکەی نیشتەجێ ببێو هەم حەرامە هاتوچۆی ئەو شوێنەش بکا کە ژنەکەی تێدا نیشتەجێیە، جیاوازی نیە تەلاقەکە: (بائن)بێ، یان (رجعی) بێ.

بەڵام (فَإِنْ كَانَ فِيالدَّارِ مَحْرَمٌ لَهَا) ئەگەر لە ناو خانووەکەدا مەحرەمێکیژنەکە هەبوو: کە (مُمَيِّزٌ ذَكَرٌ) فامیدەو نێرینە بوو (أَوْ لَهُ) یان مەحرەمێکیمێردەکە هەبوو: کە (أُنْثَى) فامیدەو مێیینە بوو (أَوْ زَوْجَةٌ أُخْرَى) یان ژنێکیتری مێردەکە لەوێدا بوو (أَوْ أَمَةٌ أَوْ امْرَأَةٌ أَجْنَبِيَّةٌ) یان (جارية)، یان ژنێکیبێگانە لەوێدا بوو، ئەو کاتە (جَازَ) دروستە مێردەکەش لەو شوێنەدا نیشتەجێ ببێو هەم هاتوچۆش بکا.

(وَلَوْ كَانَ فِيالدَّارِ حُجْرَةٌ) ئەگەر لە خانووەکەدا ژوورێك هەبوو (فَسَكَنَهَا أَحَدُهُمَا) لە ژنو مێردەکە یەکێکیان لەو ژوورەدا نیشتەجێ بوو (وَالآخَرُ الأُخْرَى) ئەوەکەیتریش لە ژوورێکیتری خانووەکەدا نیشتەجێ بوو، تەماشا دەکەین: (فَإِنْ اتَّحَدَتِ الْمَرَافِقُ) ئەگەر سودلێوەگیراوەکانی خانووەکە یەك بون: (كَمَطْبَخٍ) وەك شوێنی چێشت لێنانو (وَمُسْتَرَاحٍ) شوێنی حەسانەوەو پەیژەو ئاودەستخانەو سەرشۆرگە، ئەوە (اُشْتُرِطَ مَحْرَمٌ) بە مەرج داندراوە: مەحرەمێکیەکێکیان لەوێ هەبێ.

وَإِلاَّ فَلاَ، وَيَنْبَغِي أَنْ يُغْلَقَ مَا بَيْنَهُمَا مِنْ بَابٍ وَأَنْ لاَ يَكُونَ مَمَرُّ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى، وَسُفْلٌ وَعُلُوٌّ كَدَارٍ وَحُجْرَةٍ.

(بَابُ الإِسْتِبْرَاءِ)

يَجِبُ بِسَبَبَيْنِ: أَحَدُهُمَا: مِلْكُ أَمَةٍ بِشِرَاءٍ أَوْ إِرْثٍ أَوْ هِبَةٍ أَوْ سَبْيٍ أَوْ رَدٍّ بِعَيْبٍ أَوْ تَحَالُفٍ أَوْ إِقَالَةٍ، وَسَوَاءٌ بِكْرٌ وَمَنْ اِسْتَبْرَأَهَا الْبَائِعُ قَبْلَ الْبَيْعِ وَمُنْتَقِلَةٌ مِنْ صَبِيٍّ وَامْرَأَةٍ وَغَيْرُهَا، وَيَجِبُ فِي مُكَاتَبَةٍ عُجِّزَتْ وَكَذَا مُرْتَدَّةٌ فِيالأَصَحِّ،

(وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر ئەو شتانە یەك نەبونو لێك جیابون، ئەو کاتە (فَلاَ) هەبوونی مەحرەمێك مەرج نیە، بەڵام (وَيَنْبَغِي أَنْ يُغْلَقَ مَا بَيْنَهُمَا مِنْ بَابٍ) پێویستە ئەو دەرگەی کەوتۆتە نێوان ژنو مێردەکە کلیل بدرێو هەم (وَأَنْ لاَيَكُونَ مَمَرُّ إِحْدَاهُمَا عَلَىالأُخْرَى) نابێ شوێنی هاتوچۆی ئەم ژوورە بە سەر ژوورەکەیتردە بێ (وَسُفْلٌ وَعُلُوٌّ) نهۆمی خوارەوەو سەرەوە (كَدَارٍ وَحُجْرَةٍ) وەکو خانوو ژوورەکەیە: لەو ڕوونکردنەوەیڕابردوودا.

﴿ بَابُ الإِسْتِبْرَاءِ: **باسی دڵنیایی لە ئاوس نەبوونی** (جارِيَة)﴾

واتە: چاوەڕوانکردنی(جارية)، تا ماوەیەك بۆ ئەوەی بزاندرێ هیچی لە منداڵدانەدا نیە، یان بۆ خواپەرستی. (يَجِبُ بِسَبَبَيْنِ)ئەو دڵنیاکردنە واجب دەبێ بە دوو هۆ، تا ماوەی دڵنیاکردنەکەش تەواو نەبێ، حەرامە: لەزەت لەو (جارية)یە وەربگیرێ.

(أَحَدُهُمَا) هۆی یەکەمیان: (مِلْكُ أَمَةٍ) وەدەستهێنانی ملکایەتی (جارية)یەکە: (بِشِرَاءٍ أَوْ

إِرْثٍ أَوْ هِبَةٍ أَوْ سَبْيٍ) بە هۆی کڕین، یان میرات، یان بەخشین، یان تالان، یان وەسیەت (أَوْ رَدِّ بِعَيْبٍ أَوْ تَحَالُفٍ أَوْ إِقَالَةٍ) یان بە هۆی گەڕاندنەوی (جارية) فرۆشراوەکە: بە هۆی عەیبداری، یان سوێندخواردن، یان هەڵوەشاندنەوەی ماملەتەکە (وَسَوَاءٌ) لەو دڵنیاکردنەکەدا یەکسانە: (بِكْرٌ) ئەو (جارية)یەی کچەو هەم (وَمَنْ اسْتَبْرَأَهَا الْبَائِعُ قَبْلَ الْبَيْعِ) ئەو (جارية)یەی فرۆشیارەکە پێش فرۆشتن خۆی لێدڵنیا کردووەو هەم (وَمُنْتَقِلَةٌ مِنْ صَبِيٍّ وَامْرَأَةٍ وَغَيْرُهَا) ئەو (جارية)یەی لە منداڵێکەوە، یان لە ئافرەتێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ملکایەتی یەکێکیتر، یان لە حەیز وەستاوە، یان زۆر منداڵە ﴿عن أبسعيدﷺ: قال النَّبِيُّﷺ فِي سَبَايَا أَوْطَاسٍ: أَلاَ لاَ تُوطَأُ حَامِلٌ حَتَّى تَضَعَ وَلاَ غَيْرُ ذَاتِ حَمْلٍ حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً﴾ صححه الحاكم على شرط مسلم، پێغەمبەرﷺ لەبارەی ئافرەتە دیلەکانی(ئەوتاس)–کە لە غەزای (حُنَيْن) گیرابون– فەرمووی ئاگادار بن: نابێ (جارية)ی ئاوس جیماعی لەگەڵ بکرێ تا زگەکەی دادەنێ، ئەوەی ئاوسیش نیە نابێ جیماعی لەگەڵ بکرێ تا حەیزێك دەبینێ.

(وَيَجِبُ فِي مُكَاتَبَةٍ عُجِّزَتْ) دڵنیایی واجبە: لەو (جارية)دا کە بێتوانا کراوە لە پارەهێنانی نوسراوپێدانەکەو (وَكَذَا مُرْتَدَّةٌ فِي الأَصَحِّ) هەروەها لەو (جارية)یەشدا کە بوەتە کافر، لاَ مَنْ خَلَتْ مِنْ صَوْمٍ وَاعْتِكَافٍ وَإِحْرَامٍ، وَفِي الإِحْرَامِ وَجْهٌ، وَلَوْ اشْتَرَى زَوْجَتَهُ اُسْتُحِبَّ، وَقِيلَ يَجِبُ، وَلَوْ مَلَكَ مُزَوَّجَةً أَوْ مُعْتَدَّةً لَمْ يَجِبْ، فَإِنْ زَالاَ وَجَبَ فِي الأَظْهَرِ. اَلثَّانِي: زَوَالُ فِرَاشٍ عَنْ أَمَةٍ مَوْطُوءَةٍ أَوْ مُسْتَوْلَدَةٍ بِعِتْقٍ أَوْ مَوْتِ السَّيِّدِ، وَلَوْ مَضَتْ مُدَّةُ اسْتِبْرَاءٍ عَلَى مُسْتَوْلَدَةٍ ثُمَّ أَعْتَقَهَا أَوْ مَاتَ وَجَبَ فِي الأَصَحِّ، قُلْتُ: وَلَوْ اسْتَبْرَأَ أَمَةً مَوْطُوءَةً فَأَعْتَقَهَا لَمْ يَجِبْ وَتَتَزَوَّجُ فِي الْحَالِ إِذْ لاَ تُشْبِهُ مَنْكُوحَةً وَاللهُ أَعْلَمُ. وَيَحْرُمُ تَزْوِيجُ أَمَةٍ مَوْطُوءةٍ وَمُسْتَوْلَدَةٍ قَبْلَ الإِسْتِبْرَاءِ لِئَلاَ يَخْتَلِطَ الْمَاءَانِ، وَلَوْ أَعْتَقَ مُسْتَوْلَدَتَهُ فَلَهُ نِكَاحُهَا بِلاَ اسْتِبْرَاءٍ فِي الأَصَحِّ،

ئینجا بۆتەوە موسوڵمان (لاَ مَنْ خَلَتْ مِنْ صَوْمٍ وَاعْتِكَافٍ وَإِحْرَامٍ) بەڵام لەو (جارية)یەدا واجب نیە: کە لە ڕۆژوو و ئیعتیکاف و ئیحرام دەرچوە (وَفِي الإِحْرَامِ وَجْهٌ) لەبارەی ئیحرام فەرمودەیەك هەیە: کە دڵنیایی واجبە.

(وَلَوْ اشْتَرَى زَوْجَتَهُ) ئەگەر مێردەکە ژنە کۆیلەکەی خۆی کڕی (اُسْتُحِبَّ) سوننەتە خۆی لێدڵنیا بکا (وَقِيلَ يَجِبُ) لە فەرمودەیەکدا واجبە (وَلَوْ مَلَكَ مُزَوَّجَةً أَوْ مُعْتَدَّةً) ئەگەر پیاوێك (جارية)یەکی ماربڕاو، یان (عِدَّة)گری کردە ملکی خۆی (لَمْ يَجِبْ) ئێستا واجب نیە: دڵنیایی بکا، بەڵام (فَإِنْ زَالاَ وَجَبَ فِي الأَظْهَرِ) ئەگەر ماربڕینەکەو (عِدَّة)کە نەمان، ئەو کاتە واجبە: دڵنیایی بکا، ئینجا دروست دەبێ لەزەتی لێوەربگرێ.

(اَلثَّانِي) هۆی دووەمی دڵنیایی: (زَوَالُ فِرَاشٍ عَنْ أَمَةٍ مَوْطُوءَةٍ أَوْ مُسْتَوْلَدَةٍ)

لاچوونی سەرجێیەیە لەو (جاریة)ی کە جیماعی لەگەڵ کراوە، یان دایکەمنداڵە، جا لاچوونەکەش: (بِعِتْقٍ أَوْ مَوْتِ السَّيِّدِ) بە هۆی ئازادبوونی بێ، یان بە هۆی مردنی گەورەکەی بێ، کەوابو: (وَلَوْ مَضَتْ مُدَّةُ اسْتِبْرَاءٍ عَلَى مُسْتَوْلَدَةٍ) ئەگەر ماوەی دڵنیایی بە سەر (جاریة)یەکی دایکەمنداڵدا ڕۆیشت (ثُمَّ أَعْتَقَهَا أَوْ مَاتَ) ئینجا گەورەکەی ئازادی کرد، یان مرد (وَجَبَ فِي الأَصَحِّ) ئەو کاتەش دڵنیایی هەر واجبە.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (وَلَوْ اسْتَبْرَأَ أَمَةً مَوْطُوءَةً) ئەگەر دڵنیایی(جاریة)کی جیماع لەگەڵکراوی کرد (فَأَعْتَقَهَا) ئینجا ئازادی کرد، ئەوە (لَمْ يَجِبْ) دووبارە دڵنیایی واجب نیە، کەوابو: (وَتَتَزَوَّجُ فِي الْحَالِ) دەتوانێ لە دوای ئازادکردنی دەمودەست شوو بکا (إِذْ لاَ تُشْبِهُ مَنْكُوحَةً) چونکە ئەو (جاریة)یە وەکو مارەبڕاونیە (وَاللهُ أَعْلَمُ).

(وَيَحْرُمُ) حەڕامەو دروست نابێ (تَزْوِيجُ أَمَةٍ مَوْطُوءَةٍ) ئەو (جاریة)یەی جیماعی لەگەڵ کردوە لە کەسێکیتری مارە بکا، هەم (وَمُسْتَوْلَدَةٍ) ئەو (جاریة)ش کە دایکەمنداڵە حەڕامە (قَبْلَ الإِسْتِبْرَاءِ) پێش دڵنیاکردن (لِئَلاَّ يَخْتَلِطَ الْمَاءَانِ) نەوەك ئاوەکانی هەردوو پیاوەکان تێکەڵ ببن، بەڵام (وَلَوْ أَعْتَقَ مُسْتَوْلَدَتَهُ) ئەگەر (جاریة) دایکەمنداڵەکەی خۆی ئازاد کرد (فَلَهُ نِكَاحُهَا بِلاَ اسْتِبْرَاءٍ فِي الأَصَحِّ) بۆی دروستە بێ دڵنیایی لە خۆی مارە بکا، چونکە وَلَوْ أَعْتَقَهَا أَوْ مَاتَ، وَهِيَ مُزَوَّجَةٌ فَلاَ اسْتِبْرَاءَ، وَهُوَ بِقَرْءٍ وَهُوَ حَيْضَةٌ كَامِلَةٌ فِالْجَدِيدِ، وَذَاتُ أَشْهُرٍ بِشَهْرٍ، وَفِي قَوْلٍ بِثَلاَثَةٍ، وَحَامِلٌ مَسْبِيَّةٌ أَوْ زَالَ عَنْهَا فِرَاشُ سَيِّدٍ بِوَضْعِهِ، وَإِنْ مُلِكَتْ بِشِرَاءٍ فَقَدْ سَبَقَ أَنْ لاَ اسْتِبْرَاءَ فِالْحَالِ، قُلْتُ: يَحْصُلُ الإِسْتِبْرَاءُ بِوَضْعِ حَمْلٍ زِنًا فِالأَصَحِّ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَلَوْ مَضَى زَمَنُ اسْتِبْرَاءٍ بَعْدَ الْمِلكِ وَقَبْلَ الْقَبْضِ حُسِبَ إِنْ مَلَكَ بِإِرْثٍ وَكَذَا شِرَاءٍ فِالأَصَحِّ، لاَ هِبَةٍ، وَلَوْ اِشْتَرَى مَجُوسِيَّةً فَحَاضَتْ ثُمَّ أَسْلَمَتْ لَمْ يَكْفِ، وَيَحْرُمُ الإِسْتِمْتَاعُ بِالْمُسْتَبْرَأَةِ إِلاَّ مَسْبِيَّةً فَيَحِلُّ غَيْرُ وَطْءٍ،

دوو ئاو تێکەڵ نابن (وَلَوْ أَعْتَقَهَا أَوْ مَاتَ وَهِيَ مُزَوَّجَةٌ) ئەگەر (جاریة)یەکی مارەبڕاوی ئازاد کرد، یان گەورەکە مرد، (جاریة)کەش مارەبڕاو بوو، ئەوە (فَلاَ اسْتِبْرَاءَ) هیچ دڵنیایی واجب نیە، چونکە گەورەکەی سەرجێیی نەکردوە.

(وَهُوَ) ئەندازەی دڵنیاکردن: (بِقَرْءٍ) بە یەك (قُرْء) دەبێ (وَهُوَ حَيْضَةٌ كَامِلَةٌ فِي الْجَدِيدِ) مەبەست بە (قُرْء)–لێرەدا–حەیزێکی تەواوە، بە بەڵگەی حەدیسەکەی ڕابردوو (وَذَاتُ أَشْهُرٍ بِشَهْرٍ) ئەو (جاریة)یەی خاوەن مانگە بە مانگێك دڵنیایی تەواو دەبێ (وَفِي قَوْلٍ بِثَلاَثَةٍ) لە فەرموودەیەکدا بە سێ مانگ تەواو دەبێ (وَحَامِلٌ مَسْبِيَّةٌ) ئەو (جاریة)یەی ئاوسەو تالانکراوە (أَوْ زَالَ عَنْهَا فِرَاشُ سَيِّدٍ) یان ئاوسەو سەرجێیی گەورەکەی نەماوە (بِوَضْعِهِ) بە دانانی زگەکەی دڵنیایی تەواو دەبێ، بە بەڵگەی حەدیسەکەی ڕابردوو.

(وَإِنْ مُلِكَتْ بِشِرَاءٍ) ئەگەر (جاریة) ئاوسەکە بە کڕین کرابێتە ملکی کڕیارەکە (فَقَدْ سَبَقَ أَنْ

لاَ اسْتِبْرَاءَ فِيالْحَالِ) له پێش ئێرەدا ڕابرا: كه ئێستا دڵنیایی واجب نیه، بەڵكو لە دوای دانانی زگەكەی دڵنیایی واجب دەبێ (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (يَحْصُلُ الإِسْتِبْرَاءُ بِوَضْعِ حَمْلٍ زِنًا فِيالأَصَحِّ) دڵنیایی دێتەجێ بە دانانی كۆرپەی زینا (وَاللهُ أَعْلَمُ) چونكه دڵنیا دەبێ كه هیچی لەمندااڵدانەدا نیه.

(وَلَوْ مَضَى زَمَنُ اسْتِبْرَاءٍ بَعْدَ الْمِلكِ وَقَبْلَ الْقَبْضِ) ئەگەر له دوای بەملككردنی (جارية)كەو پێش وەرگرتنیی ماوەی دڵنیایی تەواو بوو، ئەوە (حُسِبَ إِنْ مَلَكَ بِإِرْثٍ) ماوەكەی بۆ حیساب دەكرێ ئەگەر به میرات كرابێته ملك (وَكَذَا شِرَاءٍ فِيالأَصَحِّ) هەروەها ئەگەر بە كڕینیش كرابێە ملك حساب دەكرێ (لاَ هِبَةٍ) بەاڵم ئەگەر به بەخشین بێ، ماوەی پێش وەرگرتن حیساب ناكرێ (وَلَوْ اِشْتَرَى مَجُوسِيَّةً) ئەگەر (جارية)یەكی ئاگرپەرست، یان بتپەرستی كڕی (فَحَاضَتْ) ئینجا له دوای كڕین حەیزێكی بینی (ثُمَّ أَسْلَمَتْ) ئینجا موسوڵمان بوو، ئەوە (لَمْ يَكْفِ) ئەو حەیزە بەس نیەو بەر دڵنیایی ناكەوێ، چونكه حەڕامه جیماع لەگەڵ (جارية)ی بتپەرستو ئاگر پەرست بكرێ.

(وَيَحْرُمُ الإِسْتِمْتَاعُ بِالْمُسْتَبْرَأَةِ) له ماوەی دڵنیاییدا حەڕامه لەزەت لەو (جارية)یە وەربگیرێ كە دڵنیایی لێدەكرێ (إِلاَّ مَسْبِيَّةً فَيَحِلُّ غَيْرُ وَطْءٍ) تەنها ئەو (جارية)یەی وَقِيلَ لاَ، وَقِيلَ لاَ، وَإِذَا قَالَتْ: حِضْتُ. صُدِّقَتْ، وَلَوْ مَنَعَتِ السَّيِّدَ فَقَالَ: أَخْبَرْتِنِي بِتَمَامِ الإِسْتِبْرَاءِ. صُدِّقَ، وَلاَ تَصِيرُ أَمَةٌ فِرَاشًا إِلاَّ بِوَطْءٍ، فَإِذَا وَلَدَتْ لِلإِمْكَانِ مِنْ وَطْئِهِ لَحِقَهُ، وَلَوْ أَقَرَّ بِوَطْءٍ وَنَفَالْوَلَدَ وَادَّعَى اِسْتِبْرَاءً لَمْ يَلحَقْهُ عَلَالْمَذْهَبِ، فَإِنْ أَنْكَرَتِ الإِسْتِبْرَاءَ حُلِّفَ أَنَّ الْوَلَدَ لَيْسَ مِنْهُ، وَقِيلَ: يَجِبُ تَعَرُّضُهُ لِلأَسْتِبْرَاءِ، وَلَوْ اِدَّعَتْ اسْتِيلاَدًا فَأَنْكَرَ أَصْلَ الْوَطْءِ وَهُنَاكَ وَلَدٌ لَمْ يُحَلَّفْ عَلَالصَّحِيحِ، وَلَوْ قَالَ: وَطِئْتُهَا وَعَزَلْتُ. لَحِقَهُ فِيالأَصَحِّ.

بە تاڵان گیراوە–جگە لە جیماع– حەاڵڵە: لەزەتی لێوەربگیرێ (وَقِيلَ لاَ) لە فەرموودەیەكی بێهێزدا حەاڵڵ نیە (وَإِذَا قَالَتْ: حِضْتُ) هەركاتێك (جارية)كە گوتی: كەوتومەتە حەیز (صُدِّقَتْ) بە بێسوێند باوەڕی پێدەكرێ، بەاڵم (وَلَوْ مَنَعَتِ السَّيِّدَ) ئەگەر (جارية)كە ڕێگەی نەدا گەورەكەی جیماعی لەگەڵ بكا (فَقَالَ: أَخْبَرْتِنِي بِتَمَامِ الإِسْتِبْرَاءِ) گەورەكەش گوتیە (جارية)كە: تۆ بە منت گوت: دڵنیاییم تەواو بوە. ئەو كاتە (صُدِّقَ) بە سوێند باوەڕ بە گەورەكەی دەكرێ.

(وَلاَ تَصِيرُ أَمَةٌ فِرَاشًا إِلاَّ بِوَطْءٍ) هیچ (جارية)یەك نابێتە سەرجێیگەورەكەی تەنها بە جیماع لەگەڵكردن دەبێتێ، كەوابو: (فَإِذَا وَلَدَتْ لِلإِمْكَانِ مِنْ وَطْئِهِ) ئەگەر (جارية)كە لە كاتی جیماعیەوە بە ماوەیەكی وەها منداڵێكی لێبو: كە دەگونجا لە گەورەكەی بێ، ئەوە (لَحِقَهُ) نەژادی منداڵەكە دەگاتە گەورەكەیو دەبێتە منداڵی وی.

(وَلَوْ أَقَرَّ بِوَطْءٍ) ئەگەر گەورەکە دانی بە جیماعکردندا هێنا، بەڵام (وَنَفَىالْوَلَدَ وَادَّعَى اِسْتِبْرَاءً) گوتی منداڵەکە هی من نیەو پاش جیماعکردنەکەم بە حەیزێك دڵنیایم کردوە، ئەو کاتە (لَمْ يَلْحَقْهُ عَلَى الْمَذْهَبِ) نەژادی منداڵەکە ناگاتە گەورەکە (فَإِنْ أَنْكَرَتِ الإِسْتِبْرَاءَ) جا ئەگەر (جارية)کە گوتی: ڕاست ناکا دڵنیایی نەکردوە. ئەو کاتە (حُلِّفَ أَنَّ الْوَلَدَ لَيْسَ مِنْهُ) گەورەکە سوێند دەدرێ کە منداڵەکە لەوی نیە (وَقِيلَ: يَجِبُ تَعَرُّضُهُ لِلأَسْتِبْرَاءِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: واجبە لە سوێندەکەیدا باسی دڵنیاییش بکا.

(وَلَوْ ادَّعَتْ اسْتِيلاَدًا) ئەگەر (جارية)کە گوتی: لە گەورەکەم بویمە دایکەمندانێ، واتە: منداڵێکم لێی بووە (فَأَنْكَرَ أَصْلَ الْوَطْءِ) گەورەکەش گوتی ڕاست ناکاو هەر جیماعم لەگەڵی نەکردوە (وَهُنَاكَ وَلَدٌ) لەو حاڵەتەشدا منداڵێك هەبو، ئەوە (لَمْ يُحَلَّفْ عَلَىالصَّحِيحِ) گەورەکە سوێند نادرێو منداڵەکەش نابێە منداڵی وی.

بەڵام (وَلَوْ قَالَ: وَطِئْتُهَا وَعَزَلْتُ) ئەگەر گەورەکە گوتی: جیماعم لەگەڵ کردوە، بەڵام ئاوەکەم تێنەکردوەو لە دەرەوەم ڕشتوە، ئەو کاتە (لَحِقَهُ فِيالأَصَحِّ) نەژادی منداڵەکەی دەگاتێو دەبێتە منداڵی وی.

(كِتَابُ الرَّضَاعِ)

إِنَّمَا يَثْبُتُ بِلَبَنِ اِمْرَأَةٍ حَيَّةٍ بَلَغَتْ تِسْعَ سِنِينَ، وَلَوْ حَلَبَتْ فَأُوجِرَ بَعْدَ مَوْتِهَا حَرَّمَ فِي الأَصَحِّ، وَلَوْ جُبِّنَ أَوْ نُزِعَ مِنْهُ زُبْدٌ حَرَّمَ، وَلَوْ خُلِطَ بِمَائِعٍ حَرَّمَ إِنْ غَلَبَ، فَإِنْ غُلِبَ وَشَرِبَ الْكُلَّ–قِيلَ أَوِ الْبَعْضَ– حَرَّمَ فِالأَظْهَرِ، وَيُحَرِّمُ إِيجَارٌ وَكَذَا إِسْعَاطٌ عَلَى الْمَذْهَبِ، لاَ حُقْنَةٌ فِي الأَظْهَرِ، وَشَرْطُهُ: رَضِيعٌ حَيٌّ لَمْ يَبْلُغْ سَنَتَيْنِ

﴿ كِتَابُ الرَّضَاعِ: **پەرتووکی شیرخواردن** ﴾

بزانە: لە پەرتووکی ژن هێناندا ڕابرا: کە (ئەو ئافرەتانەی بە هۆی نەژاد حەڕامن، بە هۆی شیرخواردنیش حەڕامن). کەوابو: لە سەر ئافرەتان واجبە: ئەو شیرخواردنەیان لەبیر بێو بینوسنو ئاشکراشی بکەن، هەروەك لە (الشروانی)دا فەرموویەتی.

ئینجا (إِنَّمَا يَثْبُتُ) ئەو شیرخوردنەش تەنها بەوە جێگیر دەبێ: کە (بِلَبَنِ إِمْرَأَةٍ حَيَّةٍ) بە شیری ئافرەتێکی زیندوو بێو هەم (بَلَغَتْ تِسْعَ سِنِينَ) تەمەنی ئافرەتەکەش گەیشتبێتە نۆ ساڵ، هەرچەند کچیش بێو جیماعی لەگەڵ نەکرابێ، واتە: بە شیری پیاو و بە شیری ئاژەڵو گیاو درەختو بە شیری ئافرەتیمردوو حەڕامی جێگیر نابێ.

بەڵام (وَلَوْ حَلَبَتْ) ئەگەر ئافرەتێك بە زیندوویی شیریخۆی دۆشی (فَأُوجِرَ بَعْدَ مَوْتِهَا) ئینجا لە دوای مردنیئافرەتەکە شیرەکەی پێنج جار درایە منداڵێك، ئەوە (حَرَّمَ فِي الأَصَحِّ) حەڕامی دەگەیەنێو جێگیری دەکا، لە فەرموودەی ڕاستتردا، چونکە لە حاڵەتی

زیندووەتیدا شیرەکە لە ئافرەتەکە جیا بۆتەوە.

(وَلَوْ جُبِّنَ) ئەگەر شیری ئافرەتێك كرایە پەنیر، یان هەویری پێ شێلدرا (أَوْ نُزِعَ مِنْهُ زُبْدٌ) یان پونەکەی لێ جیا کراوە، ئینجا بەو شێوەیە درایە منداڵەکە، ئەوەش (حَرَّمَ) حەڕامی دەگەیەنێ (وَلَوْ خُلِطَ بِمَائِعٍ) ئەگەر شیری ئافرەتەکە تێکەڵی شلەیەکی وەکو ئاو کرا، ئەوە (حَرَّمَ إِنْ غَلَبَ) حەڕامی دەگەیەنێ ئەگەر شیرەکە زۆرتر بێ (فَإِنْ غُلِبَ) جا ئەگەر شیرەکە کەمتر بوو (وَشَرِبَ الْكُلُّ) منداڵەکەش هەموو تێکەڵکراوەکەی خواردەوە (قِيلَ أَوِ الْبَعْضَ) لە فەرموودەیەکی بەڕێزدا: یان بەشێکی خواردەوە، ئەوەش (حَرَّمَ) حەڕامی دەگەیەنێ (فِي‌الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا: چونکە هەموو شیرەکە گەیوەتە ناو هەناوی منداڵەکە.

(وَيُحَرِّمُ إِيجَارٌ) تێکردنی شیرەکە دەناو گەروی منداڵەکەدا حەڕامی دەگەیەنێ (وَكَذَا إِسْعَاطٌ) هەروەها دەناو لوتیشیدا حەڕامی دەگەیەنێ (عَلَى‌الْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب (لاَ حُقْنَةٌ فِي‌الأَظْهَرِ) بەڵام تێکردنی شیر دەکونەکانی خوارەوەدا حەڕامی ناگەیەنێ، لە فەرموودەی بەهێزتردا.

(وَشَرْطُهُ) مەرجی ئەو شیرخواردنەی حەڕامی دەگەیەنێ: (رَضِيعٌ حَيٌّ) منداڵە شیرخۆرەکە زیندوو بێ (لَمْ يَبْلُغْ سَنَتَيْنِ) تەمەنی نەگەیشتبێتە دوو ساڵان، واتە: ئەگەر لە كاتی وَخَمْسُ رَضَعَاتٍ، وَضَبْطُهُنَّ بِالْعُرْفِ، فَلَوْ قَطَعَ إِعْرَاضًا تَعَدَّدَ، أَوْ لِلَهْوٍ وَعَادَ فِي الْحَالِ أَوْ تَحَوَّلَ مِنْ ثَدْيٍ إِلَى ثَدْيٍ فَلاَ، وَلَوْ حُلِبَ مِنْهَا دَفْعَةً وَ أُوجِرَهُ خَمْسًا أَوْ عَكْسُه فَرَضْعَةٌ،

شیرخواردنەکە تەمەنیشیرخۆرەکە گەیشتبوە دوو ساڵان، ئەوە حەڕامی ناگەیەنێ، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَيُحَرِّمُ مِنَ الرَّضَاعِ إِلاَّ مَا فَتَقَ الْأَمْعاءَ وَكَانَ قَبْلَ الْفِطَامِ﴾ صححه الترمذي، هیچ شیرخواردنێك حەڕامی ناگەیەنێ تەنها ئەو شیرەی چۆتە ناو ڕیخۆڵەکانو پێش لە شیرکردنەوەی منداڵەکەش بووە –واتە: پێش دوو ساڵ– حەڕامی دەگەیەنێ.

(وَ) هەروەها مەرجە: (خَمْسُ رَضَعَاتٍ) شیرخۆرەکە پێنج جار شیرەکە بخوا، واتە: کەمتر لە پێنج جار حەڕامی ناگەیەنێ ﴿عن عائشةرضي الله عنها: كَانَ فِيمَا أُنْزِلَ مِنَ الْقُرآنِ (عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ). ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ، فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللهِﷺ وَهُنَّ فِيما يُقْرَأُ مِنَ الْقُرْآنِ﴾ رواه مسلم، لە سەرەتاوە لە قورئانی پیرۆزدا ئایەتێك هەبوو: کە (دە شیرخواردنی زاندراو حەڕامی دەگەیەنن). ئینجا دە جارەکە (نَسْخ) بونەوە بە پێنج جاری‌زاندراو، ئینجا پێغەمبەرﷺ وەفاتی کردو هێشتا پێنج جارەکەش لە قورئاندا دەخوێندرانەوە. واتە: خوێندنەوەی پێنج جارەکەش (نَسْخ) بۆوە، بەڵام بڕیارەکەی هەر بەردەوامە.

جا بزانە: لە مەزهەبی ئیمام (أبی‌حنیفە)و ئیمام(مالك)دا: تەنها یەك جار شیرخوردن حەڕامی دەگەیەنێ. هەروەك لە (مغنی)و (مجمع الأنهر)دا فەرموویانە.

کەوابو: ئاگادارببە: لەو حاڵەتەدا مارەبڕین بە مەزهەبی (حنفی)و (مالکی) دروست

نابێ، والله أعلم.

(وَضَبْطُهُنَّ بِالْعُرْفِ) دیاریکردنی پێنج جارەکە بەگوێرەی عادەتی شیردەرو شیرخۆرەکانە، کەوابو: (فَلَوْ قَطَعَ إعْرَاضًا) ئەگەر شیرخۆرەکە بەخۆی دەمی لە مەمکیشیردەرەکە کردەوەو وازی لە شیرخواردن هێنا، ئەوە (تَعَدَّدَ) شیرخواردنەکە بەگوێرەی وازلێهێنانەکان دەژمێردرێ، هەرچەند شیرە مژراوەکەش زۆر کەم بێو شیرخۆرەکەش تێر نەبوبێ، چونکە تێرخواردن مەرج نیە.

(أَوْ لِلَهْوٍ وَعَادَ فِیالْحَالِ) یان ئەگەر لە بەر گەمەکردن، یان خەوتن، یان پشوودان منداڵەکە وازی لە مەمک مژین هێناو ئینجا هەر ئەو دەم گەڕاوە سەر مەمک مژینەکە (أَوْ تَحَوَّلَ مِنْ ثَدْیٍ إلی ثَدْیٍ) یان لە مەمکێکەوە چووە سەر مەمکەکەیتر، یان شیردەرەکە بۆ کارێکی خۆی شیرخۆرەکەی لە مەمکەکە کردوەو ئینجا گەڕاوەو مەمکی دایێ، ئەوە (فَلاَ) لەو حاڵەتانەدا بە چەند جار ناژمێردرێ، بەڵکو تەنها بە یەک جار دادەندرێ.

(وَلَوْ حُلِبَ مِنْهَا دَفْعَةً) ئەگەر شیرەکە بە جارێك لە ژنەکە دۆشرا، ئینجا (وَأُوجِرَهُ خَمْسًا) بە پێنج جار درایە شیرخۆرەکە (أَوْ عَكْسُهُ) یان بە پێچەوانەکەی: بە پێنج جار دۆشرا و بە یەک جار درایێ، ئەوە (فَرَضْعَةٌ) لە هەردوو مەسەلەدا بە یەک جار دادەندرێ وَفِی قَوْلٍ خَمْسٌ، وَلَوْ شَكَّ هَلْ خَمْسًا أَمْ أَقَلَّ أَوْ هَلْ رَضَعَ فِی حَوْلَیْنِ أَمْ بَعْدُ؟ فَلاَ تَحْرِیمَ، وَفِی الثَّانِیَةِ قَوْلٌ أَوْ وَجْهٌ. وَتَصِیرُ الْمُرْضِعَةُ أُمَّهُ وَالَّذِی مِنْهُ اللَّبَنُ أَبَاهُ، وَتَسْرِی الْحُرْمَةُ إلَی أَوْلاَدِهِ،

(وَفِی قَوْلٍ خَمْسٌ) لە فەرموودەیەکدا: پێنج جارە، بەڵام ئەگەر پێنج جار لە ژنەکە دۆشرا و بە پێنج جاریش درایە شیرخۆرەکە، ئەوە بە پێنج جار دەژمێردرێ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَلَوْ شَكَّ هَلْ خَمْسًا أَمْ أَقَلَّ) ئەگەر کەوتە گومان : ئایا پێنج جار شیری خواردوە، یان کەمتر (أَوْ هَلْ رَضَعَ فِی حَوْلَیْنِ أَمْ بَعْدُ؟) یان ئایا لە ناو دوو ساڵەکەدا شیری خواردوە، یان لە دوای تەواوبوونی دوو ساڵەکە؟ ئەوە لە هەردوو مەسەلەکەدا (فَلاَ تَحْرِیمَ) بەو شیرخواردنە هیچ حەڕامکردنێك جێگیر نابێ، بەڵام (وَفِیالثَّانِیَةِ قَوْلٌ أَوْ وَجْهٌ) لە مەسەلەی دووەمدا: فەرموودەیەك هەیە: کە حەڕامی دەگەیەنێ. کەوابو: وا باشە خۆپاراستن بکاو مەزهەبەکەیڕابردووی ئیمام (أبیحنیفە)و ئیمام(مالك) ڕەچاو بکاو خۆی توشی ئەو گومانلێکراوە نەکا، چونکە ناپەسندە: ئەو جۆرە ئافرەتانە لە خۆی مارە بکا، هەروەك لە (تحفە)و (نهایە)دا فەرموویانە.

بەڵکو ئەگەر تەنها ئافرەتێکیش بڵێ: من شیرم داوەتێ. ئەو کاتەش سوننەتە: خۆپاراستن بکا، ناپەسندە: مارەی بکا ﴿عَنْ عُقْبَةَﷺ تَزَوَّجْتُ اِمْرَأَةً، فَقَالَتْ إِمْرَأَةٌسَوْدَاءُ: قَدْ أَرْضَعْتُكُمَا.

فَقَالَ النَّبِيُّﷺ: كَيْفَ بِهَا وَقَدْ زَعَمَتْ أَنَّهَا قَدْ أَرْضَعَتْكُمَا؟ دَعْهَا عَنْكَ﴾ رواه البخارى، ژنێكم له خۆم مارەكرد، جا ئافرەتێكی‌پەش گوتی: من شیرم داوەتە ئێوە. جا پێغەمبەرﷺ فەرموی: چی لێدەكەی، خۆ ئافرەتەكە گوتی: شیرم داونێ؟ وازی لێبێنە.

﴿ ئەوانەی بە شیرخواردن حەرامن ﴾

بزانە: لە باسی (ئەو ئافرەتانەی حەرامن پیاو لەخۆیان مارەبكا) باسی ئەو ئافرەتانەشمان كرد كە بە هۆی شیر حەرامن، بەڵام لێرەشدا بە (قَاعِدَة)وە پووننیان دەكەینەوەو دەڵێین: هەر كاتێك شیرخواردنەكە مەرجەكانی هاتنە جێ، ئەوە:

(وَتَصِيرُ الْمُرْضِعَةُ أُمَّهُ) ئافرەتە شیردەرەكە دەبێتە دایكی‌شیرخۆرەكە، هەم (وَالَّذِي مِنْهُ اللَّبَنُ أَبَاهُ) ئەو پیاوەی شیرەكەی وەژنەكە هێناوە دەبێتە باوكی‌شیرخۆرەكە، ئینجا (وَتَسْرِي الْحُرْمَةُ إِلَى أَوْلَادِهِ) ئەو حەرامبوونەش لە شیرخۆرەكەوە—تەنها— پێدادەپواتە لای منداڵەكانیو منداڵی‌منداڵەكانیشی، هەر چەند بەرەو خوار بن، واتە: گشتیان لە شیردەرەكەو لە مێردی شیردەرەكە حەرام دەبن:

كەوابو: ژنی‌شیرخۆرەكەو ژنی‌كوڕەكانیشی لە مێردی‌شیردەرەكە حەرام دەبن؟ چونكە مێردەكە دەبێتە خەزور، هەروەها مێردی‌شیرخۆرەكەو مێردی‌كیژەكانیشی لە شیردەرەكە وَلَوْ كَانَ لِرَجُلٍ خَمْسٌ مُسْتَوْلَدَاتٍ أَوْ أَرْبَعُ نِسْوَةٍ وَأُمُّ وَلَدٍ فَرَضَعَ طِفْلٌ مِنْ كُلِّ رَضْعَةً صَارَ اِبْنَهُ فِالأَصَحِّ فَيَحْرُمْنَ عَلَيْهِ لأَنَّهُنَّ مَوْطُوآتُ أَبِيهِ، وَلَوْ كَانَ بَدَلَ الْمُسْتَوْلَدَاتِ بَنَاتٌ أَوْ أَخَوَاتٌ فَلاَ حُرْمَةَ فِالأَصَحِّ، وَآبَاءُ الْمُرْضِعَةِ مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ أَجْدَادٌ لِلرَّضِيعِ، وَأُمَّهَاتُهَا جَدَّاتُهُ،

حەرام دەبن؟ چونكە شیردەرەكە دەبێتە خەسوو، هەروەك لە باسی (ئافرەتەكانی حەرام)دا پووننمان كردەوە، بەڵام حەرامبوونەكە دایكو باوكی شیرخۆرەكەو خوشكو برایەكانی شیرخۆرەكەو مامو خاڵو پورەكانی ناگرێتەوە، جیاوازی نیە: خوشكو برایەكانی لە خۆی بچوكتر بن، یان گەورەتر بن، كەواتە: بۆ باوكو برایەكانی شیرخۆرەكە دروستە: شیردەرەكەو كیژەكانی شیردەرەكە لە خۆیان مارە بكەن، هەم بۆ مێردی شیردەرەكەش دروستە: دایكی‌شیرخۆرەكە، یان خوشكەكانی‌شیرخۆرەكە لە خۆی مارە بكا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

(وَلَوْ كَانَ لِرَجُلٍ خَمْسٌ مُسْتَوْلَدَاتٍ) ئەگەر پیاوێك پێنج (جارية)ی دایكەمنداڵی هەبن (أَوْ أَرْبَعُ نِسْوَةٍ وَأُمُّ وَلَدٍ) یان چوار ژنو دایكە منداڵێكی هەبن (فَرَضَعَ طِفْلٌ مِنْ كُلِّ رَضْعَةً) ئینجا منداڵێك لە هەر یەكێكیان جارێك شیری خوارد، ئەوە (صَارَ إِبْنَهُ فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا: منداڵەكە دەبێتە كوڕی پیاوەكە، چونكە شیری (جارية)كانو ژنەكان لەویەوە هاتوە، كەوابو: (فَيَحْرُمْنَ عَلَيْهِ) ژنەكانو (جارية)كانیش لە شیرخۆرەكە حەرام

دەبن؟ (لأَنَّهُنَّ مَوْطُوآتُ أَبِيهِ) چونکە گشتیان جیماع لەگەڵکراوی باوکە شیریەکەینی، هەرچەند یەکە یەکەش نەبونەتە دایکی، کەوابو: (وَلَوْ كَانَ بَدَلَ الْمُسْتَوْلَدَاتِ بَنَاتٌ أَوْ أَخَوَاتٌ) ئەگەر لەجیاتی پێنج (جارية)کان پێنج کیژیپیاوەکە، یان پێنج خوشکیپیاوەکە، هەر یەکەو جارێك شیر بدەنە منداڵێك، ئەوە (فَلاَ حُرْمَةَ فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرمودەی ڕاستتردا: هیچ حەڕامی ناگەیەنێ، چونکە لەو پێنجانە هیچێکیان نەبوەتە دایکیشیرخۆرەکە، کەوابو: پیاوەکەش نابێتە باپیرەو ناشبێتە خاڵ.

ئینجا بزانە: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿يَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعِ مَا يَحْرُمُ مِنَ النَّسَبِ﴾ رواه الشيخان، ئەو ئافرەتانەی بە هۆی خزمایەتی حەڕام دەبن، بە هۆی شیرخواردنیش حەڕام دەبن. کەوابو: حەڕامبوونەکە لە دایکە شیردەرەکەوەو لە باوکە شیریەکەوە پێدا دەڕواتە لای دایکەکانیانو باوکەکانیانو لای کیژەکانیانو کوڕەکانیانو لای خوشکەکانیانو برایەکانیانو لای مامەکانیانو خاڵەکانیانو پورەکانیان:

کەواتە: (وَآبَاءُ الْمُرْضِعَةِ مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ) باوکەکانی دایکە شیردەرەکە لە نەژادو لە شیر (أَجْدَادٌ لِلرَّضِيعِ) گشتیان باپیرەی شیرخۆرەکەنەو (وَأُمَّهَاتُهَا جَدَّاتُهُ) دایکەکانی دایکە وَأَوْلاَدُهَا مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ إِخْوَتُهُ وَأَخَوَاتُهُ، وَإِخْوَتُهَا وَأَخَوَاتُهَا أَخْوَالُهُ وَخَالاَتُهُ، وَأَبُو ذِي‌اللَّبَنِ جَدُّهُ، وَأَخُوهُ عَمُّهُ وَكَذَاالْبَاقِي، وَاللَّبَنُ لِمَنْ نُسِبَ إِلَيْهِ وَلَدٌ نَزَلَ بِهِ بِنِكَاحٍ أَوْ وَطْءِ شُبْهَةٍ لاَ زِنًا، وَلَوْ نَفَاهُ بِلِعَانٍ اِنْتَفَى اللَّبَنُ عَنْهُ، وَلَوْ وُطِئَتْ مَنْكُوحَةٌ بِشُبْهَةٍ أَوْ وَطِئَ اِثْنَانِ بِشُبْهَةٍ فَوَلَدَتْ

شیردەرەکە لە نەژادو لە شیر گشتیان داپیرەی شیرخۆرەکەنەو (وَأَوْلاَدُهَا مِنْ نَسَبٍ أَوْ رَضَاعٍ) کیژو کوڕەکانی دایکە شیردەرەکە لە نەژادو لە شیر (إِخْوَتُهُ وَأَخَوَاتُهُ) گشتیان خوشکو برای شیرخۆرەکەنە (وَإِخْوَتُهَا وَأَخَوَاتُهَا) براو خوشکەکانی دایکە شیردەرەکە لە نەژادو لە شیر (أَخْوَالُهُ وَخَالاَتُهُ) گشتیان خاڵو پوری شیرخۆرەکەنە.

(وَأَبُو ذِي‌اللَّبَنِ) باوکی خاوەن شیرەکە، واتە: باوکی باوکە شیریەکە (جَدُّهُ) باپیرەی شیرخۆرەکەیەو (وَأَخُوهُ عَمُّهُ) برای خاوەن شیرەکە مامیشیرخۆرەکەیە (وَكَذَاالْبَاقِي) خزمەکانیتریش ئەوهانە، واتە: دایکی خاوەن شیرەکە داپیرەی شیرخۆرەکەیە، کیژو کوڕەکانی خاوەن شیرەکە خوشکو برای شیرخۆرەکەنە، براو خوشکەکانی خاوەن شیرەکە مامو پوری شیرخۆرەکەنە.

پێناسەی خاوەن شیر، واتە: باوکە شیریەکە (وَاللَّبَنُ) شیری ژنەکە (لِمَنْ نُسِبَ إِلَيْهِ وَلَدٌ) بۆ ئەو پیاوەیە کە نەژادی منداڵێکی دەدرێتە پاڵی: کە (نَزَلَ بِهِ) بە هۆی ئەو منداڵە شیرەکە دابەزیوەتە مەمکیژنەکە، جا نەژادەکەش (بِنِكَاحٍ أَوْ وَطْءِ شُبْهَةٍ) بە مارەبڕینێکی دروستبوو بێ، یان بە جیماعێکی بە هەڵە بێ.

جا بزانە: بە تەنها مارەبڕینو جیماعکردن پیاوەکە نابێتە خاوەنی شیرەکە، بەڵکو هەر کاتێك ژنەکە لە پیاوەکە ئاوس بوو، لەو کاتەوە پیاوەکە دەبێتە خاوەنیشیرەکە، هەرچەند ژنەکەش زگەکەی دانەنابێ، بەڵام بەو مەرجەی پێش ئاوسبوون شیری تێدا نەبوبێ، چونکە ئەگەر کچێك بە بێجیماع شیری تێدا بوبێو ئینجا شووی کردبێو ئاوس بوبێ، ئەو شیرە بێخاوەنەو شیرخۆرەکەش بێباوکە، تا ئەو کاتەی ژنەکە کۆرپەکەی دەبێ، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانی پوون کراوەتەوە.

(لاَ زِنًا) بەڵام ئەگەر بە زینا کۆرپەکە پەیدا بوبێ، زیناکەرەکە نابێتە خاوەن شیر، چونکە تۆوی زینا هیچ ڕێزێکی نیە، واتە: بۆ لایەنی پیاوە زیناکەرەکە هیچ حەڕامی ناگەیەنێ، تەنها بۆ لایەنی دایکە زیناکەرەکە حەڕامی دەگەیەنێ، کەواتە: شیرخۆرەکە بێباوکە.

(وَلَوْ نَفَاهُ بِلِعَانٍ) ئەگەر مێردەکە بە لەعنەتکردن نەژادی منداڵەکەی لە خۆی لادا، ئەوە (إِنْتَفَى اللَّبَنُ عَنْهُ) شیرەکەش لەوی لادەچێو بە خاوەنی شیرەکە داناندرێ.

(وَلَوْ وُطِئَتْ مَنْكُوحَةٌ بِشُبْهَةٍ) ئەگەر ژنێکیمارەبڕاو بە هەڵە جیماعی لەگەڵ کراو منداڵێکی لێبو (أَوْ وَطِئَ اثْنَانِ بِشُبْهَةٍ فَوَلَدَتْ) یان دوو پیاو بە هەڵە جیماعیان لەگەڵ ژنێك کردو فَاللَّبَنُ لِمَنْ لَحِقَهُ الْوَلَدُ بِقَائِفٍ أَوْ غَيْرِهِ، وَلاَ تَنْقَطِعُ نِسْبَةُ اللَّبَنِ عَنْ زَوْجٍ مَاتَ أَوْ طَلَّقَ وَإِنْ طَالَتِ الْمُدَّةُ أَوْ اِنْقَطَعَ وَعَادَ، فَإِنْ نَكَحَتْ آخَرَ وَوَلَدَتْ مِنْهُ فَاللَّبَنُ بَعْدَ الْوِلاَدَةِ لَهُ وَقَبْلَهَا لِلأَوَّلِ إِنْ لَمْ يَدْخُل وَقْتَ ظُهُورِ لَبَنِ حَمْلِ الثَّانِي، وَكَذَا إِنْ دَخَلَ، وَفِقَوْلٍ لِلثَّانِي وَفِقَوْلٍ لَهُمَا.

(فَصْلٌ) تَحْتَهُ صَغِيرَةٌ فَأَرْضَعَتْهَا أُمُّهُ أَوْ أُخْتُهُ أَوْ زَوْجَةٌ أُخْرَى

منداڵێکی لێبو، ئەوە (فَاللَّبَنُ لِمَنْ لَحِقَهُ الْوَلَدُ) شیری ژنەکە بۆ ئەوەیانە کە نەژادی منداڵەکەی دەگەیەندرێتێ (بِقَائِفٍ أَوْ غَيْرِهِ) بە هۆی دروشمناس، یان بە هۆی ئەوەی تەنها بگونجێ هی یەکێکیان بێ.

(وَلاَتَنْقَطِعُ نِسْبَةُ اللَّبَنِ عَنْ زَوْجٍ مَاتَ أَوْ طَلَّقَ) نیسبەتیشیرەکە لەو مێردە ناپچڕێ: کە مردبێ، یان ژنەکەی تەڵاق دابێ (وَإِنْ طَالَتِ الْمُدَّةُ) هەرچەند ماوەی لێکجیابوونەوەکەش زۆر درێژ بێ (أَوِ اِنْقَطَعَ وَعَادَ) یان لە دوای لێکجیابوونەوە شیرەکە بڕێو بێتەوە ناو مەمکەکانی، هەرچەند لە دوای دە ساڵانیش شیرەکە لە مەمکەکانی پەیدا ببێتەوە هەر بە شیری مێردەکەی دادەندرێ، بەو مەرجەی بە هۆی پیاوێکیتر شیرەکە پەیدا نەبوبێتەوە. کەوابو: (فَإِنْ نَكَحَتْ آخَرَ) ئەگەر ژنەکە شووی بە پیاوێکیتر کرد، یان بە هەڵە جیماعی لەگەڵ کرا (وَوَلَدَتْ مِنْهُ) جا لەو دووەمە منداڵێکیتەواوی بوو، ئەو کاتە (فَاللَّبَنُ بَعْدَالْوِلاَدَةِ لَهُ) شیرەکەی دوایمنداڵبوونەکە شیریدووەمەکەیە (وَقَبْلَهَا لِلأَوَّلِ) شیرەکەی پێش منداڵبوونەکەش شیریەکەمەکەیە (إِنْ لَمْ يَدْخُل وَقْتَ ظُهُورِ لَبَنِ حَمْلِ الثَّانِي)

ئەگەر کاتی ئاشکرابوونی شیری کۆرپەی ناو زگی دووەمەکە نەهاتبێ (وَكَذَا إِنْ دَخَلَ) هەروەها ئەگەر کاتی شیری کۆرپەی ناو زگی دووەمەکەش هاتبێ، شیرەکە هەر بۆ مێردەکەی‌یەکەمە تا منداڵەکەی دەبێ؟ چونکە شیر نابێتە خۆراکی کۆرپەی ناو زگ (وَفِي قَوْلٍ لِلثَّانِي) لە فەرموودەیەکدا: بۆ دووەمەکەیە (وَفِي قَوْلٍ لَهُمَا) لە فەرموودەیەکی‌تردا: بۆ هەردووکیانە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر ژنەکە لە زینا منداڵێکی بوو، ئەو کاتەش نیسبەتی شیرەکە لە مێردەکەی دەپچڕێو دەبێتە شیری‌زیناو بێخاوەنە، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، ئینجا ئاگاداربە: ئەگەر ژنەکە منداڵێکی‌تەواوی دانەنا، بەڵکو پارچە خوێنەکە، یان پارچە گۆشتەکەی دانا، ئەو کاتە بە منداڵبوون داناندرێو شیرەکە هەر شیری یەکەمەکەیە، هەروەك لە (الشبراملسی)دا پوون کراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین بە هۆی بەسەرداهاتنی شیرخواردن** ﴾

(تَحْتَهُ صَغِيرَةٌ) ئەگەر پیاوێك مارەبڕاوێکی بچوکی لە دوو سالّ کەمتری لە ژێردا بوو (فَأَرْضَعَتْهَا أُمُّهُ أَوْ أُخْتُهُ أَوْ زَوْجَةٌ أُخْرَى) ئینجا دایکی‌پیاوەکە، یان خوشکەکەی، یان اِنْفَسَخَ نِكَاحُهُ، وَلِلصَّغِيرَةِ نِصْفُ مَهْرِهَا وَلَهُ عَلَىالْمُرْضِعَةِ نِصْفُ مَهْرِمِثْلٍ وَفِقَوْلٍ كُلُّهُ، وَلَوْ رَضَعَتْ مِنْ نَائِمَةٍ فَلاَ غُرْمَ وَلاَ مَهْرَ لِلْمُرْتَضِعَةِ، وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ كَبِيرَةٌ وَصَغِيرَةٌ فَأَرْضَعَتْ أُمُّ الْكَبِيرَةِ الصَّغِيرَةَ اِنْفَسَخَتِ الصَّغِيرَةُ وَكَذَاالْكَبِيرَةُ فِالأَظْهَرِ، وَلَهُ نِكَاحُ مَنْ شَاءَ مِنْهُمَا، وَحُكْمُ مَهْرِ الصَّغِيرَةِ وَتَغْرِيمُهُ الْمُرْضِعَةَ مَا سَبَقَ، وَكَذَاالْكَبِيرَةُ إِنْ لَمْ تَكُنْ مَوْطُوءَةً، فَإِنْ كَانَتْ مَوْطُوءَةً

ژنیکی‌تری پیاوەکە، یان ژنی‌باوکی، یان ژنی‌کوڕی، یان ژنی‌برای پێنج جار شیری دایە ئەو ژنە بچووکە، ئەوە (اِنْفَسَخَ نِكَاحُهُ) بە تەواوبوونی جاری‌پێنجەم مارەبڕینی‌پیاوەکە لەو ژنە بچوکە هەڵدەوەشێتەوەو هەتا هەتایی لێی حەڕام دەبێ؟ چونکە: یان دەبێتە خوشکی لەدایکی‌ی، یان کیژی‌خوشکی، یان کیژی‌ژنی، یان خوشکی لەباوکی، یان کیژی کوڕی، یان کیژی‌برای.

هەروەها لە مەسەلەی سێ‌یەمدا ژنە گەورەکەیشی هەتاهەتای لێحەڕام دەبێ، چونکە بووەتە خەسووی، ئینجا (وَلِلصَّغِيرَةِ نِصْفُ مَهْرِهَا) ژنە بچوکەکە نیوە مارەیی‌ی لە سەر مێردەکە واجبە (وَلَهُ عَلَىالْمُرْضِعَةِ نِصْفُ مَهْرِمِثْلٍ) مێردەکەش نیوەی مارەیی هاووێنەی لە سەر شیردەرەکە بۆ واجب دەبێ لە تۆڵەی لە دەستدانی ژنەکەی (وَفِي قَوْلٍ كُلُّهُ) لە فەرموودەیەکدا: هەموو مارەیی هاووێنە لە سەر شیردەرەکە واجب دەبێ.

بەڵام (وَلَوْ رَضَعَتْ مِنْ نَائِمَةٍ) ئەگەر ژنە بچوکەکە بەخۆی پێنج جار شیری لە ژنێکی خەوتوو خوارد، ئەو کاتە (فَلاَغُرْمَ) هیچ تۆڵە لە سەر ژنە خەوتووەکە نیە، هەم (وَلاَ مَهْرَ

لِلْمُرْتَضِعَةِ) هیچ نیوه مارەییش بۆ شیرخۆرە بچوکەکە لە سەر مێردەکەی واجب نابێ؟ چونکە بە کرداری‌خۆی مارەبڕینەکەی هەڵوەشاوەتەوە.

(وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ كَبِيرَةٌ وَصَغِيرَةٌ) ئەگەر پیاوەکە مارەبڕاوێکی گەورەو مارەبڕاوێکی‌بچوکی لە ژێردا بون (فَأَرْضَعَتْ أُمُّ الْكَبِيرَةِ الصَّغِيرَةَ) ئینجا دایکی ژنە گەورەکەی پێنج جار شیری دایە ژنە بچوکەکەی، ئەوە (إنْفَسَخَتِ الصَّغِيرَةُ وَكَذَا الْكَبِيرَةُ فِي‌الأَظْهَرِ) مارەبڕینی بچوکەکەو هەم گەورەکەش هەڵدەوەشێتەوە؟ چونکە بونەتە خوشکی یەکتر، بەڵام (وَلَهُ نِكَاحُ مَنْ شَاءَ مِنْهُمَا) لە دوای هەڵوەشانەوەکە بۆی دروستە: تەنها یەکێکیان–بە حەز لێبوونی خۆی– دوو بارە لەخۆی مارە بکاتەوە.

(وَحُكْمُ مَهْرِ الصَّغِيرَةِ وَتَغْرِيمُهُ الْمُرْضِعَةَ مَا سَبَقَ) بڕیاری واجببوونی نیوە مارەیی بچوکەکەو تۆڵە سەندنی مێردەکە لە شیردەرەکە: وەك مەسەلەکەی‌پابراوە (وَكَذَاالْكَبِيرَةُ إنْ لَمْ تَكُنْ مَوْطُوءَةً) هەروەها ژنە گەورەکەش–ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ– وەك بچوکەکە نیوە مارەییی لە سەر مێردەکە واجب دەبێو مێردەکەش نیوە مارەیی هاووێنەی–لە تۆڵە– لە سەر دایکە شیردەرەکە واجب دەبێ، بەڵام (فَإِنْ كَانَتْ مَوْطُوءَةً) ئەگەر جیماعی لەگەڵ ژنە فَلَهُ عَلَى الْمُرْضِعَةِ مَهْرُمِثْلٍ فِي الأَظْهَرِ، وَلَوْ أَرْضَعَتْ بِنْتُ الْكَبِيرَةِ الصَّغِيرَةَ حَرُمَتِ الْكَبِيرَةُ أَبَدًا وَكَذَا الصَّغِيرَةُ إنْ كَانَتْ الْكَبِيرَةُ مَوْطُوءَةً، وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ صَغِيرَةٌ فَطَلَّقَهَا فَأَرْضَعَتْهَا اِمْرَأَةٌ صَارَتْ أُمَّ امْرَأَتِهِ، وَلَوْ نَكَحَتْ مُطَلَّقَتُهُ صَغِيرًا وَأَرْضَعَتْهُ بِلَبَنِهِ حُرِّمَتْ عَلَى الْمُطَلِّقِ وَالصَّغِيرِ أَبَدًا، وَلَوْ زَوَّجَ أُمَّ وَلَدِهِ عَبْدَهُ الصَّغِيرَ فَأَرْضَعَتْهُ لَبَنَ السَّيِّدِ حَرُمَتْ عَلَيْهِ وَعَلَى السَّيِّدِ، وَلَوْ أَرْضَعَتْ مَوْطُوءَتُهُ الأَمَةُ صَغِيرَةً تَحْتَهُ بِلَبَنِهِ أَوْ لَبَنِ غَيْرِهِ حَرُمَتَا عَلَيْهِ،

گەورەکەی کردبێ، ئەو کاتە (فَلَهُ عَلَى الْمُرْضِعَةِ مَهْرُمِثْلٍ فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا: مێردەکە تەواوی مارەیی هاووێنەی–لە تۆڵە– لە سەر دایکە شیردەرەکە واجب دەبێ، چونکە ئەویش مارەییەکەی‌تەواوی بۆ ئەو ژنە لە سەر واجب بووە.

(وَلَوْ أَرْضَعَتْ بِنْتُ الْكَبِيرَةِ الصَّغِيرَةَ) ئەگەر کیژێکی ژنە گەورەکەی پێنج جار شیری دایە ئەم ژنە بچوکەی، ئەوە (حَرُمَتِ الْكَبِيرَةُ أَبَدًا) ژنە گەورەکەی هەتا هەتایی لێحەرام دەبێ؟ چونکە بووەتە دایکی ژنەکەی (وَكَذَا الصَّغِيرَةُ إنْ كَانَتْ الْكَبِيرَةُ مَوْطُوءَةً) هەروەها بچوکەکەشی هەتا هەتایی لێحەرام دەبێ ئەگەر جیماعی لەگەڵ ژنە گەورەکەی کردبێ؟ چونکە بووتە کیژە ژنی.

(وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ صَغِيرَةٌ فَطَلَّقَهَا) ئەگەر مارەبڕاوێکی‌بچوکی لە ژێردا بوو و تەلاقی‌دا (فَأَرْضَعَتْهَا اِمْرَأَةٌ) ئینجا لە دوای‌تەلاقدان ژنێك پێنج جار شیری دایە تەلاقدراوەکە، ئەوە (صَارَتْ أُمَّ اِمْرَأَتِهِ) شیردەرەکە دەبێتە خەسوویو هەتا هەتایی لێحەرامە لە خۆی

مارەی بکا (وَلَوْ نَكَحَتْ مُطَلَّقَتُهُ صَغِيرًا) ئەگەر ژنێکی‌گەورەی تەلاقدراوی‌خۆی شووی بە منداڵێکی شیرخۆر کرد، ئینجا (وَأَرْضَعَتْهُ بِلَبَنِهِ) بە شیری تەلاقدەرەکە شیری دایە ئەم مێردە شیرخۆرەی، ئەوە (حَرُمَتْ عَلَى الْمُطَلِّقِ وَالصَّغِيرِ أَبَدًا) ژنەکە هەتاهەتای لە تەلاقدەرەوکەو لە شیرخۆرەکە حەرام دەبێ؟ چونکە بووەتە ژنە کوڕی تەلاقدەرەکەو، دایکی شیرخۆرەکەو، هەم ژنی باوکیشی.

(وَلَوْ زَوَّجَ أُمَّ وَلَدِهِ عَبْدَهُ الصَّغِيرَ) ئەگەر (جارية) دایکە منداڵکەیی لە کۆیلە بچوکەکەی خۆی مارە کرد (فَأَرْضَعَتْهُ لَبَنَ السَّيِّدِ) دایکە منداڵەکەش شیری گەورەکەی دایە کۆیلەکە، ئەوە (حَرُمَتْ عَلَيْهِ وَعَلَى‌السَّيِّدِ) لە کۆیلەکەو لە گەورەکەی حەرام دەبێ، چونکە دەبێتە دایکی کۆیلەکەو، ژنی کوڕە شیریەکەی گەورەکە (وَلَوْ أَرْضَعَتْ مَوْطُوءَتُهُ الأَمَةُ صَغِيرَةً تَحْتَهُ) ئەگەر (جارية)یەکی جیماع لەگەڵکراوی‌خۆی شیری دایە ژنێکی‌بچوکی وی (بِلَبَنِهِ أَوْ لَبَنِ غَيْرِهِ) بە شیری وی، یان بەشیری کەسێکی‌تر، ئەوە (حَرُمَتَا عَلَيْهِ) ژنە شیرخۆرەکەو (جارية) شیردەرەکە هەردووکیان لە خاوەن (جارية)کە بە یەکجاری حەرام دەبن؟ چونکە شیرخۆرەکە کیژی جیماع لەگەڵ کراوەکەیەتی، (جارية)کەش دایکی ژنەکەیەتی.

وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ صَغِيرَةٌ وَكَبِيرَةٌ فَأَرْضَعَتِ وَكَذَاالصَّغِيرَةُ إِنْ كَانَ الإِرْضَاعُ بِلَبَنِهِ، وَ وَثَلاَثٌ صَغَائِرَ فَأَرْضَعَتْهُنَّ حَرُمَتْ أَبَدًا، وَكَذَاالصَّغَائِرُ إِنْ أَرْضَعَتْهُنَّ بِلَبَنِهِ أَوْ لَبَنِ غَيْرِهِ وَهِيَ مَوْطُوءَةٌ، وَإِلاَّ فَإِنْ أَرْضَعَتْهُنَّ مَعًا بِإِيجَارِهِنَّ الْخَامِسَةَ اِنْفَسَخْنَ وَلاَ يَحْرُمْنَ مُؤَبَّدًا، أَوْ مُرَتَّبًا لَمْ يَحْرُمْنَ وَتَنْفَسِخُ الأُولَى وَالثَّالِثَةُ،

منهاج- بەرگی‌چوارەم-27

(وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ صَغِيرَةٌ وَكَبِيرَةٌ) ئەگەر ژنێکی‌گەورەو ژنێکی‌بچوکی لە ژێردا بون (فَأَرْضَعَتْهَا) ئینجا ژنە گەورەکە پێنج جار شیری دایە ژنە بچوکەکە، ئەوە (انْفَسَخَتَا) مارەبڕینی هەردووکیان هەڵدەوەشێتەوە (وَحَرُمَتْ الْكَبِيرَةُ أَبَدًا) ژنەگەورەکەی هەتا هەتایی لێحەرام دەبێ؟ چونکە دایکی‌ژنەکەیەتی (وَكَذَا الصَّغِيرَةُ) هەروەها بچوکەکەشی هەتا هەتایی لێحەرام دەبێ (إنْ كَانَ الإِرْضَاعُ بِلَبَنِهِ) ئەگەر ژنە گەورەکە شیری مێردەکەی دابیتێ؟ چونکە دەبێتە کیژی خاوەنی شیرەکە (وَإِلاَّ فَرَبِيبَةٌ) بەڵام ئەگەر شیری مێردەکەی نەدابێتێ، ئەو کاتە دەبێتە کیژەژن، واتە: ئەگەر جیماعی لەگەڵ ژنە گەورەکەی کردبێ، ئەو کاتە بچوکەکەشی لێحەرام دەبێ، ئەگەر نا: حەرام نابێ.

(وَلَوْ كَانَ تَحْتَهُ كَبِيرَةٌ وَثَلاَثٌ صَغَائِرَ) ئەگەر ژنێکی گەورەو سێ ژنی بچوکی لە ژێردا بون (فَأَرْضَعَتْهُنَّ) ژنەگەورەکەش هەر یەکەو پێنج جار شیری دانێ، ئەوە (حَرُمَتْ أَبَدًا) گەورەکەی هەتا هەتایی لێحەرام دەبێ؟ چونکە دایکی‌ژنەکانیەتی (وَكَذَا الصَّغَائِرُ إِنْ أَرْضَعَتْهُنَّ بِلَبَنِهِ) هەروەها هەرسێك بچوکەکانیشی لێحەرام دەبن ئەگەر

شیری مێردەکەی دابنێ؟ چونکە دەبنە کیژی مێردەکە (أَوْ لَبَنِ غَيْرِهِ وَهِيَ مَوْطُوءَةٌ) یان شیری پیاوێکیتری دابنێ بەڵام جیماع لەگەڵکراوی مێردەکەی بێ؟ چونکە دەبنە کیژە ژنێکی جیماع لەگەڵکراو (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر مێردەکە جیماعی لەگەڵ گەورەکە نەکردبو و شیرەکەش هی پیاوێکیتر بوو، ئەو کاتەش گەورەکە هەتاهەتای حەڕام دەبێ؟ چونکە دایکی ژنەکانیەتی، ئینجا تەماشا دەکەین:

(فَإِنْ أَرْضَعَتْهُنَّ مَعًا بِإِيجَارِهِنَّ الْخَامِسَةَ) ئەگەر گەورەکە وێکڕا شیری دابنێ: وەک جاری پێنجەم وێکڕا شیرەکەی دەگەڕوویان بکا، ئەوە (انْفَسَخْنَ) مارەی هەرسێکیان هەڵدەوشێەوە؟ چونکە بونەتە خوشکیەکتری، بەڵام (وَلاَ يَحْرُمْنَ مُؤَبَّدًا) هەتا هەتایی لێی حەڕام نابن، چونکە جیماعی لەگەڵ دایکیان نەکردوە، کەواتە: تەنها تەنها هەرکامەیان حەز بکا لە خۆی مارە دەکاتەوە (أَوْ مُرَتَّبًا) یان یەک لە دوای یەک شیری دانێ، ئەو کاتەش (لَمْ يَحْرُمْنَ) هەتا هەتایی لێی حەڕام نابن؟ چونکە جیماعی لەگەڵ دایکیان نەکردوە، بەڵام (وَتَنْفَسِخُ الأُولَى) مارەیەکەمەکە هەڵدەوشێتەوە؟ چونکە لەگەڵ دایکەکەی لە ژێر مارەی یەک پیاودا کۆ بونەتەوە (وَالثَّالِثَةُ) مارەی سێیەمەکەش هەڵدەوشێتەوە؟ چونکە

وَتَنْفَسِخُ الثَّانِيَةُ بِإِرْضَاعِ الثَّالِثَةِ، وَفِي قَوْلٍ لاَ يَنْفَسِخُ، وَيَجْرِي الْقَوْلاَنِ فِيمَنْ تَحْتَهُ صَغِيرَتَانِ أَرْضَعَتْهُمَا أَجْنَبِيَّةٌ مُرَتَّبًا أَيَنْفَسِخَانِ أَمْ الثَّانِيَةُ؟. (فَصْلٌ) قَالَ: هِنْدٌ بِنْتِي أَوْ أُخْتِي بِرَضَاعٍ. أَوْ قَالَتْ: هُوَ أَخِي. حَرُمَ تَنَاكُحُهُمَا، وَلَوْ قَالَ زَوْجَانِ: بَيْنَنَا رَضَاعٌ مُحَرِّمٌ. فُرِّقَ بَيْنَهُمَا وَسَقَطَ الْمُسَمَّى وَوَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ إنْ وَطِئَ،

بوەتە خوشکی دووەمەکە، کەوابو: (وَتَنْفَسِخُ الثَّانِيَةُ بِإِرْضَاعِ الثَّالِثَةِ) بە فەرموودەی بەهێزتر: مارەیدووەمەکەش بە شیردانی سێیەمەکە هەڵدەوشێتەوە (وَفِي قَوْلٍ لاَ يَنْفَسِخُ) لە فەرموودەیەکدا: مارەیدووەمەکە هەڵناوەشێتەوە.

(وَيَجْرِي الْقَوْلاَنِ) ئەو دوو فەرموودە بەهێزو بێهێزە دێنەجێ: (فِيمَنْ تَحْتَهُ صَغِيرَتَانِ) لەو پیاوەدا: کە دوو ژنیبچوکی لە ژێردابنو (أَرْضَعَتْهُمَا أَجْنَبِيَّةٌ) ژنێکی بێگانە هەر یەکەو پێنج جار شیری دانێ (مُرَتَّبًا) یەک لە دوای یەک، ئەوە بێگانەکە دەبێتە دایکیژنەکانی، ئینجا (أَيَنْفَسِخَانِ أَمِ الثَّانِيَةُ؟) ئایا مارەی هەردوو ژنە بچوکەکانیش هەڵدەوشێتەوە، یان تەنها دووەمەکە؟ بە فەرموودەی بەهێزتر: مارەی هەردووکیان هەڵدەوشێتەوە؟ چونکە بونەتە خوشکی یەکتری، بەڵام هەتا هەتایی لێی حەڕام نابنو کامەیان حەز دەکا لە خۆی مارە دەکاتەوە.

﴿ فَصْلٌ: لە باسی ئاشکراکردنی شیرخواردن بە شاهیدو دانپێداهێنان ﴾

یەکەم: دانپێداهێنان (قَالَ: هِنْدٌ بِنْتِي أَوْ أُخْتِي بِرَضَاعٍ) ئەگەر پیاوێک گوتی:

فلانه ژنه به هۆی شیرخواردن کیژی منه. یان خوشکی منه. یان پوری منـه (أَوْ قَالَتْ: هُـوَ أَخِي) یان ژنێك گوتی: فلانه پیاوه به هۆی شیرخواردن برای منه. یان کوڕی منه. یان خاڵی منه. یان مامی منه. ئەوه (حَرُمَ تَنَاكُحُهُمَا) هەتا هەتای لێك ماره‌کردنیان حەڕامه، بەڵام نابنه مـەحرەمی یـەکتری ئەگـەر ئـەوی‌تریش بـاوەڕی پێنـەکا، هـەروەك لـە (تحفـة)و (نهایـة)دا فەرموویانه.

(وَلَـوْ قَـالَ زَوْجَـانِ: بَيْنَنَـا رَضَـاعٌ مُحَـرِّمٌ) ئەگـەر ژن‌و مێردەیـك گوتیـان: شـیرخواردنێکی حەڕامکەر لە نێوانماندا هەیە. ئەوە (فُرِّقَ بَيْنَهُمَا) واجبە: لێك جیا بکرێنـەوە، چـونکە بـە قسـەی‌خۆیان ماره‌بڕینەکـەیان دروسـت نـەبووە، کـەوابو: (وَسَـقَطَ الْمُسَـمَّى) ماره‌بیـە ناوبراوەکە لادەکەوێ (وَوَجَبَ مَهْرُ مِثْلٍ إِنْ وَطِئَ) ماره‌یی‌هاووێنـە بـۆ ئافرەتەکـە لـە سـەر پیاوەکە واجب دەبێ، ئەگەر جیماعی لەگەڵ کردبێ، چونکە جیماعەکـە بـە هەڵـە بـووە، بەڵام ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ، هیچ ماره‌یی واجب نابێ.

هەروەها ئەگەر ژنەکە دەیزانی شیرخواردن لە نێوانیاندا هەیەو بـە خۆشـی‌خۆی ڕێگای‌ـدا جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتەش مافی ماره‌یی نیە، چونکە زینایە، هەروەك لە زۆربـەی سەرچاوەکاندا فەرموویانه.

وَإِنْ اِدَّعَـى رَضَـاعًا فَـأَنْكَرَتْ اِنْفَسَـخَ وَلَهَـا الْمُسَـمَّى إِنْ وَطِـئَ وَإِلاَّ فَنِصْـفُهُ، وَإِنْ اِدَّعَتْـهُ فَـأَنْكَرَ صُـدِّقَ بِيَمِينِـهِ إِنْ زُوِّجَـتْ بِرِضَـاهَا، وَإِلاَّ فَالأَصَـحُّ تَصْـدِيقُهَا وَمَهْرُمِثْـلٍ إِنْ وَطِـئَ، وَإِلاَّ فَـلاَ شَـيْءَ لَهَـا، وَيُحَلَّـفُ مُنْكِـرُ رَضَـاعٍ عَلَـى نَفْـيِ عِلْمِـهِ، وَمُدَّعِيـهِ عَلَـى بَـتٍّ، وَيَثْبُتُ بِشَهَادَةِ رَجُلَيْنِ أَوْ رَجُلٍ وَامْرَأَتَيْنِ وَبِأَرْبَعِ نِسْوَةٍ، وَالإِقْرَارُ بِهِ شَرْطُهُ رَجُلاَنِ، وَتُقْبَلُ شَهَادَةُ الْمُرْضِعَةِ إِنْ لَمْ تَطْلُبْ أُجْرَةً وَلاَ ذَكَرَتْ فِعْلَهَا، وَكَذَا إِنْ ذَكَرَتْ فَقَالَتْ:

(وَإِنْ اِدَّعَىرَضَاعًا فَأَنْكَرَتْ) ئەگەر مێردەکە گوتی: شیرخواردنێکی حەڕامکەر لە نێوانماندا هەیە. ژنەکەش گوتی: ڕاست ناکەی. ئەوە (اِنْفَسَخَ) ماره‌بڕینەکـەیان هەڵدەوەشێـتەوەو (وَلَهَا الْمُسَمَّى إِنْ وَطِئَ وَإِلاَّ فَنِصْفُهُ) ژنەکەش ماره‌یی هاووێنەی لە سەر مێردەکـەی هەیـە ئەگەر جیماعی لەگەڵ کردبێ، ئەگەر نا: نیوە ماره‌یی هەیە.

بەڵام (وَإِنْ اِدَّعَتْهُ فَأَنْكَرَ) ئەگەر ژنەکە گوتی: شیرخواردنێکی حەڕامکـەر لـە نێوانماندایـە. مێردەکە گوتی: ڕاست نیە. ئەو کاتە (صُدِّقَ بِيَمِينِهِ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ (إِنْ زُوِّجَتْ بِرِضَاهَا) ئەگەر ژنەکە بە پەزامەندی خۆی لێی ماره کرابێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگـەر ژنەکـە بـە پەزامەنـدی خـۆی مـاره نـەکرابێ، ئـەو کاتـە (فَالأَصَـحُّ تَصْـدِيقُهَا) بـە فەرموودەی ڕاستتر: بە سوێندخواردن باوەڕ بە ژنەکە دەکرێ، هەم (وَمَهْرُ مِثْلٍ إِنْ وَطِئَ) ماره‌یی هاووێنەشی لە سەر مێردەکە واجب دەبێ ئەگەر جیماعی لەگەڵ کردبێ (وَإِلاَّ) بەڵام

ئەگەر جیماعی لەگەڵ نەکردبێ (فَلاَ شَيْءَ لَهَا) مافی هیچ مارەییی نیە.
هەروەها ئەگەر لە کاتی جیماعکردن زانیبێتی شیرخواردنێکیحەرامکەر لە نێوانیانداییە و بە خۆشیخۆی ڕێگای دابێ جیماعی لەگەڵ بکا، ئەو کاتەش مافی مارەییی نیە؟ چونکە زینایە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتی.
ئینجا بزانە: (وَيُحَلَّفُ مُنْكِرُ رَضَاعٍ عَلَى نَفْيِ عِلْمِهِ) ئەوەی دان بە شیرخواردندا ناهێنێ سوێند لە سەر نەزانین دەخواو دەڵێ: (وَاللهِ نەمزانیوە شیرخواردنێکیحەرامکەر لە نێوانماندا هەبێ). هەم (وَمُدَّعِيهِ عَلَى بَتٍّ) داواکاریشیرەکەش لە سەر بڕاندنەوە سوێند دەخواو دەڵێ: (وَاللهِ شیرخواردنێکیحەرامکەر لە نێوانماندا هەیە). چونکە کاری کەسێکیتر ئاشکرا دەکا.
دووەم: (وَيَثْبُتُ) شیرخواردن ئاشکرا دەبێ: (بِشَهَادَةِ رَجُلَيْنِ) بە شاهیدیی دوو پیاو (أَوْ رَجُلٍ وَامْرَأَتَيْنِ) یان پیاوێكو دوو ئافرەت (وَبِأَرْبَعِ نِسْوَةٍ) هەم بە چوار ئافرەتیش ئاشکرا دەبێ، بەڵام (وَالإِقْرَارُ بِهِ شَرْطُهُ رَجُلاَنِ) بۆ ئاشکرابوونی دانپێداهێنانیشیرخواردن مەرجە: دوو پیاو هەبن (وَتُقْبَلُ شَهَادَةُ الْمُرْضِعَةِ) شاهیدیی ئافرەتە شیردەرەکەش قبوڵ دەکرێ کە لە گەڵ شاهیدەکانیتردا شاهیدی بدا (إِنْ لَمْ تَطْلُبْ أُجْرَةً) بەو مەرجەی داوای کرێی شیردانەکە نەکاو هەم (وَلاَ ذَكَرَتْ فِعْلَهَا) باسی کرداری خۆیشی نەکا (وَكَذَا إِنْ ذَكَرَتْ فَقَالَتْ: أَرْضَعْتُهُ. فِالأَصَحِّ، وَالأَصَحُّ أَنَّهُ لاَ يَكْفِي: بَيْنَهُمَا رَضَاعٌ مُحَرِّمٌ. بَلْ يَجِبُ ذِكْرُ وَقْتٍ وَعَدَدٍ وَوُصُولِ اللَّبَنِ جَوْفَهُ، وَيُعْرَفُ ذَلِكَ بِمُشَاهَدَةِ حَلَبٍ وَإِيجَارٍ وَازْدِرَادٍ أَوْ قَرَائِنَ: كَالْتِقَامِ ثَدْيٍ وَمَصِّهِ وَحَرَكَةِ حَلْقِهِ بِتَجَرُّعٍ وَازْدِرَادٍ بَعْدَ عِلْمِهِ بِأَنَّهَا لَبُونٌ.

(كِتَابُ النَّفَقَاتِ)

عَلَى مُوسِرٍ لِزَوْجَتِهِ كُلَّ يَوْمٍ مُدّا طَعَامٍ، وَمُعْسِرٍ مُدٌّ، وَمُتَوَسِّطٍ مُدٌّ وَنِصْفٌ، وَالْمُدُّ مِأَةٌ وَثَلاَثَةٌ وَسَبْعُونَ دِرْهَمًا وَثُلُثُ دِرْهَمٍ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ مِأَةٌ وَأَحَدٌ وَسَبْعُونَ وَثَلاَثَةُ أَسْبَاعِ دِرْهَمٍ وَاللهُ أَعْلَمُ.

أَرْضَعَتْهُ) هەروەها ئەگەر باسی کرداری خۆیشی بکاو بڵێ: من شیرم داوەتێ، هەر قبوڵ دەکرێ (فِیالأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا.
(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی ڕاستتر: (أَنَّهُ لاَ يَكْفِي بَيْنَهُمَا رَضَاعٌ مُحَرِّمٌ) ئەوەندە بەس نیە شاهیدەکە بڵێ: شیرخواردنێکیحەرامکەر لە نێوانیاندایە (بَل يَجِبُ ذِكْرُ وَقْتٍ) بەڵکو واجبە: باسی کاتیشیردانەکە بکەن کە پێش تەمەنی دوو ساڵی بووە (وَعَدَدٍ) ژمارەکەشی بڵێن کە پێنج جاری جیا جیا بووە (وَوُصُولِ اللَّبَنِ جَوْفَهُ) هەم واجبە: بڵێن: شیرەکە گەیوەتە ناو هەناوی (وَيُعْرَفُ ذَلِكَ بِمُشَاهَدَةِ حَلَبٍ) شیر گەیشتنە هەناو بەوە دەزاندرێ: کە ببینێ شیرەکە لە ژنەکە دۆشراوە و (وَإِيجَارٍ) دەناو دەمی منداڵەکە کراوەو

(وَازْدِرَاءٍ) منداڵەکەش قوتبداوە (أَوْ قَرَائِنَ) یان چەند نیشانەیەکبتر: (كَإِلْتِقَامِ ثَدْيٍ) وەک منداڵەکە گۆی مەمکەکە دەناو دەمی خۆی بنێو (وَمَصِّهِ) بیمژێو (وَحَرَكَةِ حَلْقِهِ) جولەی گەرویشی ببینێ (بِتَجَرُّعٍ وَازْدِرَاءٍ) بە قوم لێدانو قوتدان (بَعْدَ عِلمِهِ بِأَنَّهَا لَبُونٌ) پاش ئەوەی شاهیدەکە زانیبێتی شیردەرەکە شیری تێدایە.

﴿ كِتَابُ النَّفَقَاتِ: پەرتوکی بژێوەکان ﴾

واتە: بەخێوکردنی ژنو دایکو باوکو منداڵەکانو کۆیلەو ئاژەڵەکان.

(عَلَى مُوسِرٍ لِزَوْجَتِهِ) واجبە لە سەر مێردێکیهەبوویی بۆ ژنەکەی: (كُلَّ يَوْمٍ مُدًّا طَعَامٍ) هەموو ڕۆژێك دوو مستی دانەوێڵە (وَمُعْسِرٍ مُدٌّ) لە سەر مێردیبوویش هەموو ڕۆژێك مستێك واجبە (وَمُتَوَسِّطٍ مُدٌّ وَنِصْفٌ) لە سەر ناوەنجیش هەموو ڕۆژێك مستێكو نیو واجبە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ رواە مسلم، خواردەمەنیو بەرگی ژنەکانتان لە سەر ئێوە واجبە بەگوێرەی تواناتان.

(وَالْمُدُّ مِأَةٌ وَثَلَاثَةٌ وَسَبْعُونَ دِرْهَمًا وَثُلُثُ دِرْهَمٍ) ئەندازەی مستێك: سەدو حەفتاو سێ دیرهەمی زیو و سێیەکە دیرهەمێکە (قُلْتُ) ئیمامی(النواوی) دەفەرموێ (اَلأَصَحُّ مِأَةٌ وَاَحَدٌ وَسَبْعُونَ وَثَلَاثَةُ أَسْبَاعِ دِرْهَمٍ وَاللهُ أَعْلَمُ) بە فەرموودەی ڕاستتر: سەدو حەفتاو یەك دیرهەمو سێ حەفتێکیدیرهەمێکە، واتە: (605)غرام.

وَمِسْكِينُ الزَّكَاةِ مُعْسِرٌ، وَمَنْ فَوْقَهُ إِنْ كَانَ لَوْ كُلِّفَ مُدَّيْنِ رَجَعَ مِسْكِينًا فَمُتَوَسِّطٌ وَإِلاَّ فَمُوسِرٌ، وَالْوَاجِبُ غَالِبُ قُوتِ الْبَلَدِ، قُلْتُ: فَإِنْ اِخْتَلَفَ وَجَبَ لاَئِقٌ بِهِ، وَيُعْتَبَرُالْيَسَارُ وَغَيْرُهُ طُلُوعَ الْفَجْرِ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَعَلَيْهِ تَمْلِيكُهَا حَبًّا، وَكَذَا طَحْنُهُ وَخَبْزُهُ فِالأَصَحِّ، وَلَوْ طَلَبَ أَحَدُهُمَا بَدَلَ الْحَبِّ لَمْ يُجْبَرِالْمُمْتَنِعُ، فَإِنْ اِعْتَاضَتْ جَازَ فِالأَصَحِّ إِلاَّ خُبْزًا أَوْ دَقِيقًا عَلَىالْمَذْهَبِ، وَلَوْ أَكَلَتْ مَعَهُ عَلَىالْعَادَةِ سَقَطَتْ نَفَقَتُهَا فِي الأَصَحِّ،

(وَمِسْكِينُ الزَّكَاةِ مُعْسِرٌ) ئەو گەدایەی زەکاتی پێدەچێ–لێرەدا– بە نەبوویی دادەندرێ (وَمَنْ فَوْقَهُ) ئەوەی لە گەدا بە سەرەوەتر (إِنْ كَانَ لَوْ كُلِّفَ مُدَّيْنِ رَجَعَ مِسْكِينًا) ئەگەر هەموو ڕۆژێك داوای دوو مستی لێکرابایە دەبۆوە گەدا، ئەوە (فَمُتَوَسِّطٌ) ناوەنجییە (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر نەدەبۆوە گەدا، ئەوە (فَمُوسِرٌ) هەبوویی‌یە، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿لِيُنْفِقْ ذُوسَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنْفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللهُ لا يُكَلِّفُ اللهُ نَفْساً إِلاَّ مَا آتَاهَا﴾ ئەو کەسەی زۆری هەیە با بەگوێرەی هەبوویی‌ی بژێو بدا، ئەوەی کەمیشی هەیە خوا چەندی داوەتێ با بەگوێرەی ئەوەندە بژێو بدا، خوای گەورە داوای بەخێوکردن لە هیچ کەسێك ناکا، تەنها بەگوێرەی ئەو توانایەی داویەتێ داوای لێدەکا.

(وَالْوَاجِبُ غَالِبُ قُوتِ الْبَلَدِ) ئەو دانەوێڵەی واجبە، ئەوەیە: کە بە ئەغڵەبی خەڵکی ئەو شوێنە دەیخۆن (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (فَإِنْ اِخْتَلَفَ وَجَبَ لاَئِقٌ بِهِ)

ئەگەر خواردەمەنیەکان لێك جیاواز بون، ئەو کاتە ئەوی شیاوی دەسەلاتی مێردەکەیە، ئەویان واجب دەبێ (وَيُعْتَبَرُالْيَسَارُ وَغَيْرُهُ طُلُوعَ الْفَجْرِ وَاللهُ أَعْلَمُ) هەموو پۆژێك هەبوویی و نەبوویی مێردەکە بە کاتی دەرکەوتنیبەیان پەچاو دەکرێ.

(وَعَلَيْهِ تَمْلِيكُهَا حَبًّا) لە سەر مێردەکە واجبە دەنکی ساغ بداتە ژنەکە (وَكَذَا طَحْنُهُ وَخَبْزُهُ فِي الأَصَحِّ) هەروەها لە سەر مێردەکە واجبە: دەنکەکە بهارێو بۆیشی بکاتە نان، واتە: نان کردن لە سەر ژنەکە نیە (وَلَوْ طَلَبَ أَحَدُهُمَا بَدَلَ الْحَبِّ) ئەگەر ژنەکە، یان مێردەکە لەجیاتی دەنکەکە داوای شتێکیتری کرد: وەك پارەو ئەو شتانە، ئەوە (لَمْ يُجْبَرِالْمُمْتَنِعُ) ئەوەی پازی نیە زۆری لێناکرێ، بەڵام (فَإِنْ اِعْتَاضَتْ) ئەگەر ژنەکە بە پازیبوونیخۆی لەجیاتی دەنکەکە شتێکیتری لە مێردەکە وەرگرت، ئەوە (جَازَ فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا دروست دەبێ (إِلاَّ خُبْزًا أَوْ دَقِيقًا عَلَيالْمَذْهَبِ) تەنها نانو ئارد دروست نیە لەجیاتی دەنکێکی لە پەگەزی خۆی وەر بگیرێ، چونکە دەبێتە پیبا، لە سەر فەرموودەی پاستی مەزهەب.

(وَلَوْ أَكَلَتْ مَعَهُ عَلَى الْعَادَةِ) ئەگەر ژنەکە—وەك عادەتی ئێستا— لەگەڵ مێردەکەی خواردەمەنیی خوارد، ئەوە (سَقَطَتْ نَفَقَتُهَا فِيالأَصَحِّ) بڕێوەکەی لە سەر مێردەکەی لادەچێ لە فەرموودەی پاستتردا.

قُلْتُ: إِلاَّ أَنْ تَكُونَ غَيْرَرَشِيدَةٍ وَلَمْ يَأْذَنْ وَلِيُّهَا وَاللهُ أَعْلَمُ. وَيَجِبُ أُدْمُ غَالِبِ الْبَلَدِ كَزَيْتٍ وَسَمْنٍ وَجُبْنٍ وَتَمْرٍ، وَيَخْتَلِفُ بِالْفُصُولِ، وَيُقَدِّرُهُ قَاضٍ بِاجْتِهَادِهِ، وَيُفَاوِتُ بَيْنَ مُوسِرٍ وَغَيْرِهِ، وَلَحْمٌ يَلِيقُ بِيَسَارِهِ وَإِعْسَارِهِ كَعَادَةِ الْبَلَدِ، وَلَوْ كَانَتْ تَأْكُلُ الْخُبْزَ وَحْدَهُ وَجَبَ الأُدْمُ، وَكِسْوَةٌ تَكْفِيهَا: فَيَجِبُ قَمِيصٌ وَسَرَاوِيلُ وَخِمَارٌ وَمِكْعَبٌ، وَيَزِيدُ فِالشِّتَاءِ جُبَّةً، وَجِنْسُهَا قُطْنٌ،

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (إِلاَّ أَنْ تَكُونَ غَيْرَ رَشِيدَةٍ وَلَمْ يَأْذَنْ وَلِيُّهَا) تەنها ئەگەر ژنەکە بالغ و عاقلێ نەبێو سەرپەرشتکارەکەشی ئیزنی نەدابێ لەگەڵی بخوا، ئەو کاتە بڕێوەکەی لە سەر مێردەکەی لاناکەوێ (وَاللهُ أَعْلَمُ).

بەڵام ئیمامی(البلقینی) فتوای داوە: لەو حاڵەتەدا—ئەگەر سەرپەرشکارەکەشی ئیزنی نەدا— بڕێوەکەی لە سەر مێردەکەی لادەکەوێ.

(وَيَجِبُ أُدْمُ غَالِبِ الْبَلَدِ) واجبە: مێردەکە ئەو پێخۆرەش بداتە ژنەکەی کە بە ئەغڵەبی لەو شارە دەیکەنە پێخۆر (كَزَيْتٍ وَسَمْنٍ وَجُبْنٍ وَتَمْرٍ) وەکو زەیتو پونو پەنیرو قەسپ (وَيَخْتَلِفُ بِالْفُصُولِ) پێخۆرەکەش بەگوێرەی چوار وەرزەکان دەگۆڕێو هەندێ جار میوە بە بەر پێخۆرەکە دەکەوێ، هەروەها واجبە چایەشی بداتێ، ئەگەر ژنەکە چایە بخواتەوە، هەم واجبە: کێكو گۆشتو شیرنایەتی هەر دوو جەژنەکانیشی بداتێ، هەروەك لە (إبن

قاسم)دا پوون کراوەتەوە.

(وَيُقَدِّرُهُ قَاضٍ بِاجْتِهَادِهِ) ئەگەر بووە کێشەیان، ئەو کاتە قازی بە بۆچوونی‌خۆی ئەندازەی پێخۆرەکە دیاری دەکاو (وَيُفَاوِتُ بَيْنَ مُوسِرٍ وَغَيْرِهِ) جیاوازیش لە نێوان پێخۆری مرۆڤی هەبوویی‌و نەبوویی دەکا (وَ) هەروەها لە سەر مێردەکە واجبە (لَحْمٌ يَلِيقُ بِيَسَارِهِ وَإِعْسَارِهِ) بە جۆرێکی وەها گۆشت بداتە ژنەکەی: کە شیاوی هەبوویی‌و نەبوویی خۆی بێ (كَعَادَةِ الْبَلَدِ) وەک عادەتی شاری مێردەکە (وَلَوْ كَانَتْ تَأْكُلُ الْخُبْزَ وَحْدَهُ) ئەگەر ژنەکە نانی بێ‌پێخۆر دەخوارد، ئەو کاتەش (وَجَبَ الأُدْمُ) پێخۆر لە سەر مێردەکە هەر واجبە.

﴿ جل‌و بەرگی ژنەکە ﴾

(وَ) هەر بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌ڕابردوو: لە سەر مێردەکە واجبە (كِسْوَةٌ) جل‌و بەرگێکی وەها بداتە ژنەکەی: کە (تَكْفِيهَا) بەشی بکا: بەگوێرەی گەورەو بچوکی لاشەکەی، ساردی‌و گەرمی شوێنەکەی، هەم دورویی بەرگەکەش لە سەر مێردەکە واجبە، کەوابو: (فَيَجِبُ قَمِيصٌ) کراسێکی لە سەر واجبە کە هەموو لاشەی دابپۆشێ، هەم (وَسَرَاوِيلُ) دەرپێش بە دۆخینەوە واجبەو (وَخِمَارٌ) پۆشاکێکی‌سەریشی واجبەو (وَمِكْعَبٌ) پێڵاوێکیش واجبە (وَيَزِيدُ فِي‌الشِّتَاءِ جُبَّةً) لە زستاندا واجبە کەوایەکی وەها زیاد بکا: کە لە سەرما بیپارێزێ (وَجِنْسُهَا قُطْنٌ) ڕەگەزی ئەو بەرگەی بۆ ژنەکە لە سەر مێردەکە واجبە، لۆکەیە، فَإِنْ جَرَتْ عَادَةُ الْبَلَدِ لِمِثْلِهِ بِكَتَّانٍ أَوْ حَرِيرٍ وَجَبَ فِي‌الأَصَحِّ، وَيَجِبُ مَا تَقْعُدُ عَلَيْهِ كَزِلِّيَّةٍ أَوْ لِبْدٍ أَوْ حَصِيرٍ، وَكَذَا فِرَاشٌ لِلنَّوْمِ فِي‌الأَصَحِّ، وَمِخَدَّةٌ وَلِحَافٌ فِي‌الشِّتَاءِ، وَآلَةُ تَنْظِيفٍ كَمُشْطٍ وَدُهْنٍ وَمَا تُغْسِلُ بِهِ الرَّأْسَ، وَمَرْتَكٌ وَنَحْوُهُ لِدَفْعِ صُنَانٍ، لاَ كُحْلٌ وَخِضَابٌ وَمَا تَزَيَّنُ بِهِ وَدَوَاءُ مَرَضٍ وَأُجْرَةُ طَبِيبٍ وَحَاجِمٍ، وَلَهَا طَعَامُ أَيَّامِ الْمَرَضِ وَأُدْمُهَا وَالأَصَحُّ وُجُوبُ أُجْرَةِ حَمَّامٍ بِحَسَبِ الْعَادَةِ، وَثَمَنِ مَاءِ غُسْلِ جِمَاعٍ وَنِفَاسٍ فِي‌الأَصَحِّ، لاَ حَيْضٍ وَاحْتِلاَمٍ فِي الأَصَحِّ،

بەڵام (فَإِنْ جَرَتْ عَادَةُ الْبَلَدِ لِمِثْلِهِ بِكَتَّانٍ أَوْ حَرِيرٍ) ئەگەر عادەتی وێنەی پیاوەکە لەو شارەدا بۆ ژنەکانیان بەرگی کەتان، یان ئاوریشم بوو، ئەو کاتە (وَجَبَ فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا: ئەو بەرگە عادەتیە واجب دەبێ.

(وَ) هەروەها (يَجِبُ مَا تَقْعُدُ عَلَيْهِ) لە سەری واجبە شتێکیش بداتە ژنەکەی کە لە سەری دابنیشێ (كَزِلِّيَّةٍ أَوْ لِبْدٍ أَوْ حَصِيرٍ) وەک بەڕەیەک، یان لبادێک، یان حەسیرێک (وَكَذَا فِرَاشٌ لِلنَّوْمِ فِي‌الأَصَحِّ) هەروەها ڕایەخێکی‌نەرمی خەوتنیشی لە سەر واجبە لە فەرموودی ڕاستتردا، هەم (وَمِخَدَّةٌ) سەرینێکیش (وَلِحَافٌ فِي‌الشِّتَاءِ) هەروەها لێفەیەکیشی لە زستاندا لە سەر واجبە.

(وَ) هەوەها (آلَةُ تَنْظِيفٍ) لە سەر مێردەکە واجبە: کەرستەی

پاککردنەوەش بداتە ژنەکەی (كَمُشْطٍ وَدُهْنٍ) وەکو شانەو پون بۆ شانەکردنی سەر، هـەم (وَمَا تَغْسِلُ بِهِ الرَّأْسَ) ئەو شتەی سەری پێ دەشوا: وەك سابوون، هـەم (وَمَرْتَكٌ وَنَحْوُهُ لِدَفْعِ صُنَانٍ) مەرتەكو ئەو جۆرە دەرمانەی بۆنی بن هەنگڵ لادەبـەن، ئەویشـی لـە سـەر واجبە.

(لاَ كُحْلٌ وَخِضَابٌ وَمَا تَزَيَّنُ بِهِ) بەڵام کلو خەنەو بۆنو ئەو شتەی خۆی پێ دەڕازێنێتـەوە لـە سەر مێردەکە واجب نیە، جا ئەگەر مێردەکە ئەو شتانەی بۆ ژنەکەی ئامادەکردن، ئـەو کاتـە واجبـە ژنەکـە بـەکاریان بێنـێ (وَ هـەروەها (دَوَاءُ مَـرَضٍ وَأُجْـرَةُ طَبِيـبٍ وَحَـاجِمٍ) دەرمـانی نەخۆشیو کرێی پزیشکو کرێی خوێنگریش هیچیان لە سەر مێردەکە واجب نین، بەڵام (وَلَهَا طَعَامُ أَيَّامِ الْمَرَضِ وَأُدْمُهَا) ژنەکە مافی خواردەمەنیو پێخۆری پۆژانی نەخۆشیەکەی هەیە.

(وَالأَصَحُّ وُجُوبُ أُجْرَةِ حَمَّامٍ بِحَسَبِ الْعَادَةِ) بە فەرموودەی پاستتر: کرێی گەرماوی ژنەکە –بەگوێرەی عادەت– لە سەر مێردەکە واجبە، وەك هـەر مانگێك جارێك، بـەڵام ئەگـەر عادەتی نەبو بچێتە گەرماو، ئەو کاتـە واجـب نیـە (وَ هـەروەها (ثَمَنِ مَاءِ غُسْلِ جِمَاعٍ وَنِفَاسٍ) پارەی ئاوی غوسلی جیماعو منداڵبوونیشـی لـە سـەر مێردەکـە واجبـە، چـونکە هۆیەکە لەویەوەیە (لاَ حَيْضٍ وَاحْتِلاَمٍ فِـي الأَصَحِّ) بـەڵام پـارەی ئـاوی غوسـلی حـەیزو ئیحتیلامی ژنەکە لە سەر مێردەکە واجب نیە، لـە فـەرموودی پاسـتتردا، چـونکە هۆیەکـە لەویەوە نیە.

وَلَهَـا آلاَتُ أَكْـلٍ وَشُـرْبٍ وَطَـبْخٍ كَقِـدْرٍ وَقَصْـعَةٍ وَكُـوزٍ وَجَـرَّةٍ وَنَحْوِهَـا، وَمَسْكَنٌ يَلِيقُ بِهَا، وَلاَ يُشْتَرَطُ كَوْنُهُ مِلْكَهُ، وَعَلَيْهِ لِمَنْ لاَ يَلِيقُ بِهَا خِدْمَةُ نَفْسِهَا إِخْدَامُهَا بِحُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ لَهُ أَوْ مُسْتَأْجَرَةٍ، أَوْ بِالإِنْفَاقِ عَلَى مَنْ صَحِبَتْهَا مِنْ حُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ لِخِدْمَةٍ، وَسَوَاءٌ فِي هَذَا مُوسِرٌ وَمُعْسِرٌ وَعَبْدٌ، فَإِنْ أَخْدَمَهَا بِحُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ بِأُجْرَةٍ فَلَيْسَ عَلَيْهِ غَيْرُهَا،

(وَلَهَا آلاَتُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ وَطَبْخٍ) هـەروەها لـە سـەر مێردەکـە واجبـە: کەرسـتەی خـواردنو خواردنەوە بداتە ژنەکەی (كَقِدْرٍ) وەك دیزەو مەنجەڵو (وَقَصْعَةٍ) قاپو (وَكُوزٍ وَجَرَّةٍ) گوزەو کوپەو (وَنَحْوِهَا) ئەو جۆرە شتانە وەك تەشتی جل تێدا شوشتن .

﴿ مافی نیشتەجێکردنی ژنەکە ﴾

(وَ هەروەها لە سەر مێردەکە واجبە: (مَسْكَنٌ يَلِيقُ بِهَا) شوێنێکی وەها بۆ نیشتەجێبوونی ژنەکەی ئامادە بکا: کە شیاوی ژنەکە بێ، چونکە پابرا: کە (بە فەرمانی قورئـانی پـیرۆز ژنی تەڵاقدراو مافی نیشتەجێکردنی هەبوو). کەواتە: ژنی ژێر مێردەکە زیاتر ئەو مافـەی هەیە، بەڵام (وَلاَ يُشْتَرَطُ كَوْنُهُ مِلْكَهُ) بە مـەرج دانانـدرێ شـوێنەکە ملکیمێردەکـەی بـێ، بەڵکو دروستە لە شوێنی بەکرێگیراو و خواستراو و وقفکراودا نیشتەجێی بکا.

جا ئەگەر مێردەکە بە ئیزنی ژنەکە لە مااڵی ژنەکەدا، یان لە مااڵی باوکی ژنەکەدا بە ئیزنی باوکەکە لەگەڵ ژنەکەدا نیشتەجێ بوو و باسی کرێی شوێنەکەشیان نەکرد، ئەوە هیچ کرێی لە سەر واجب نابێ، هەروەک لە (تحفة) و(نهاية)دا فەرموویانە.

هەروەها ئەگەر مێردەکە ماوەیەک ژنەکەی نیشتەجێ نەکرد، ئەوە کرێی نیشتەجێکردنی ئەو ماوەیە لە ئەستۆی مێردەکەدا نابێتە قەرز، هەروەک لە (نهاية)دا فەرموویەتی.

ئینجا بزانە: مێردەکە مافی هەیە ژنەکەی لە شارو ئاوەدانیەوە بگوازێتەوە بۆ لادێو دەرەوەی ئاوەدانی، هەرچەند ژیانەکەشی خۆش نەبێ، هەروەک لە(تحفة)دا فەرموویەتی.

﴿ خزمەتکردنی ژنەکە ﴾

(وَعَلَيْهِ) لە سەر مێردەکە واجبە (لِمَنْ لاَ يَلِيقُ بِهَا خِدْمَةُ نَفْسِهَا) بۆ ئەو ژنەی لێی نایێ بەخۆی خۆی خزمەت بکا (إِخْدَامُهَا بِحُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ) خزمەتکارێکی ئازاد، یان کۆیلەی بۆ ئامادە بکا (لَهُ أَوْ مُسْتَأْجَرَةٍ) جا کۆیلەکە هی خۆی بێ، یان بەکرێگیراو بێ (أَوْ بِالإِنْفَاقِ عَلَى مَنْ صَحِبَتْهَا) یان ئەو ئافرەتە بەخێو بکا: کە بە هاوڕێیی ژنەکە هاتوە: (مِنْ حُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ لِخِدْمَةٍ) جا ئازاد بێ، یان کۆیلە بێ: کە بۆ خزمەتکردنی ژنەکە لە مااڵی باوکیەوە لەگەڵی هاتوە.

(وَسَوَاءٌ فِي هَذَا) لەو خزمەتکردنەدا یەکسانە: (مُوسِرٌ وَمُعْسِرٌ وَعَبْدٌ) هەبوویی و نەبوویی و کۆیلە (فَإِنْ أَخْدَمَهَا بِحُرَّةٍ أَوْ أَمَةٍ بِأُجْرَةٍ) جا ئەگەر مێردەکە—بە کرێ— بە ئافرەتێکی ئازاد، یان کۆیلە خزمەتی ژنەکەی کرد، ئەوە (فَلَيْسَ عَلَيْهِ غَيْرُهَا) جگە لە کرێ هیچیتری لە سەر

أَوْ بِأَمَتِهِ أَنْفَقَ عَلَيْهَا بِالْمِلكِ، أَوْ بِمَنْ صَحِبَتْهَا لَزِمَهُ نَفَقَتُهَا، وَجِنْسُ طَعَامِهَا جِنْسُ طَعَامِ الزَّوْجَةِ: وَهُوَ مُدٌّ عَلَى مُعْسِرٍ وَكَذَا مُتَوَسِّطٌ فِالصَّحِيحِ، وَمُوسِرٍ مُدٌّ وَثُلُثٌ، وَلَهَا كِسْوَةٌ تَلِيقُ بِحَالِهَا، وَكَذَا أُدْمٌ عَلَالصَّحِيحِ، لاَ آلَةُ تَنْظِيفٍ فَإِنْ كَثُرَ وَسَخٌ وَتَأَذَّتْ بِقَمْلٍ وَجَبَ أَنْ تُرَفَّهَ، وَمَنْ تَخْدُمُ نَفْسَهَا فِالْعَادَةِ إِنْ اِحْتَاجَتْ إِلَى خِدْمَةٍ لِمَرَضٍ أَوْ زَمَانَةٍ وَجَبَ إِخْدَامُهَا، وَلاَ إِخْدَامَ لِرَقِيقَةٍ، وَفِالْجَمِيلَةِ وَجْهٌ، وَيَجِبُ فِي الْمَسْكَنِ إِمْتَاعٌ، وَمَا يُسْتَهْلَكُ كَطَعَامٍ تَمْلِيكٌ، وَتَتَصَرَّفُ فِيهِ، فَلَوْ قَتَّرَتْ بِمَا يَضُرُّهَا مَنَعَهَا،

نیە (أَوْ بِأَمَتِهِ أَنْفَقَ عَلَيْهَا بِالْمِلكِ) یان ئەگەر بە (جارية)کەی خۆی خزمەتی دەکرد، ئەوە واجبە: (جارية)کەش بە ملکایەتی بەخێو بکا (أَوْ بِمَنْ صَحِبَتْهَا) یان ئەگەر بەو ئافرەتە خزمەتی دەکرد کە بە هاوڕێیی ژنەکە هاتوە، ئەو کاتە (لَزِمَهُ نَفَقَتُهَا) واجبە: بژێوی ئەو ئافرەتەش بدا، بەاڵم کرێی واجب نیە.

(وَجِنْسُ طَعَامِهَا جِنْسُ طَعَامِ الزَّوْجَةِ) پەگەزی ئەو خواردەمەنیەی دەدرێتە هاوڕێیەکە: هەر پەگەزی خواردەمەنی ژنەکەیە (وَهُوَ مُدٌّ عَلَى مُعْسِرٍ وَكَذَا مُتَوَسِّطٌ فِيالصَّحِيحِ) ئەندازەی خواردەمەنیەکەش مستێکە لە سەر مێردی نەبوویی و ناوەنجی لە فەرموودەی پاستدا

(وَمُوسِرٍ مُدٌّ وَثُلُثٌ) لـه سـەر هـەبووییش مستێك‌و سێیەكێكە (وَلَهَا كِسْوَةٌ تَلِيقُ بِحَالِهَا) هەروەها لە سەر مێردەكە واجبە: جلو بەرگێكی وەهاش بداتە هاوڕێیەكـە: كـە شـیاوی حاڵیەتی (وَكَذَا أُدْمٌ) هەروەها واجبە پێخۆریشی بداتێ (عَلَى الصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست (لاَ آلَةُ تَنْظِيفٍ) بەڵام واجب نیە كەرستەی پاككردنـەوەی بـداتێ (فَإِنْ كَثُرَ وَسَخٌ وَتَأَذَّتْ بِقَمْلٍ) جا ئەگەر هاوڕێیەكە زۆر چڵكن بوو و بە هۆی ئەسپێ ئازاری گەیشتێ، ئەو كاتە (وَجَبَ أَنْ تُزَفَّهَ) واجبە دڵخۆش بكرێو كەرستەی پاككردنەوەی بدرێتێ.

(وَمَنْ تَخْدُمُ نَفْسَهَا فِي الْعَادَةِ) ئەو ژنەی لە عادەتی ئـەو شـوێنەدا بـەخۆی خـۆی خزمـەت دەكا، واجب نیە خزمەتكاری بۆ بگرێ، بەڵام (إِنْ إِحْتَاجَتْ إِلَى خِدْمَةٍ لِمَرَضٍ أَوْ زَمَانَةٍ) ئەگەر بە هۆی نەخۆشی، یـان پەككـەوتن پێویسـتی بـە خزمـەت بـوو، ئـەو كاتـە (وَجَبَ إِخْدَامُهَا) واجبە: خزمەتكارێكی بۆ بگرێ (وَلاَ إِخْدَامَ لِرَقِيقَةٍ) ژنی كۆیلە مافی خزمەتكردنی نیە (وَفِي الْجَمِيلَةِ وَجْهٌ) بەڵام لەبارەی كۆیلەیەكی جوان فەرموودەیەك هەیە: كە واجبە.

(وَيَجِبُ فِي الْمَسْكَنِ إِمْتَاعٌ) لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوون سودپێگەیاندنێكی درێژخایـەن واجبە، واتە: واجب نیە شوێنەكە بكاتە ملكی ژنەكە، بەڵام (وَمَا يُسْتَهْلَكُ كَطَعَامٍ) ئەو شتەی لەناو دەچێ: وەك خواردەمەنی (تَمْلِيكٌ) واجبە: بیكاتە ملكی ژنەكە، كەوابو: (وَتَتَصَرَّفُ فِيهِ) ژنەكە دەتوانێ دەستكاری لەو ملكەدا بكا، بەڵام (فَلَوْ قَتَّرَتْ بِمَا يَضُرُّهَا) ئەگەر ژنەكە ڕەزیلی‌ی كردو خواردەمەنیەكەی نەدەخواردو نەخواردنەكەشی زیـانی دەگەیانـدێ، ئـەو كاتە (مَنَعَهَا) مێردەكە ڕێگای لێدەگرێ.

وَمَـا دَامَ نَفْعُـهُ كَكِسْـوَةٍ وَظُـرُوفِ طَعَـامٍ وَمُشْـطٍ تَمْلِيـكٌ، وَقِيـلَ إِمْتَـاعٌ، وَتُعْطَى الْكِسْـوَةَ أَوَّلَ شِـتَاءٍ وَصَـيْفٍ، فَـإِنْ تَلِفَـتْ فِيـهِ بِـلاَ تَقْصِـيرٍ لَـمْ تُبْـدَل إِنْ قُلنَا تَمْلِيكٌ، فَإِنْ مَاتَتْ فِيهِ لَمْ تُرَدَّ، وَلَوْ لَمْ يَكْسُ مُدَّةً فَدَيْنٌ.

(وَمَا دَامَ نَفْعُهُ) ئەو شتەش كە سودەكەی بەردەوامە (كَكِسْوَةٍ وَظُرُوفِ طَعَامٍ وَمُشْطٍ) وەك جلو بەرگو ڕایەخو یاتاغی خـەوتنو دانیشـتنو كیسـەكانی خواردەمـەنیو ئـاو و شـانە، ئەوانەش (تَمْلِيكٌ) كردنەملكەو گشتی دەبێتە ملكیژنەكەو بۆی دروستە دەستكاریی تێدا بكا (وَقِيلَ إِمْتَاعٌ) لە فەرموودەیەكی بێهێزدا: سودپێگەیاندنە.

(وَتُعْطَى الْكِسْوَةَ أَوَّلَ شِتَاءٍ وَصَيْفٍ) جلو بەرگ لـە سـەرەتای زسـتانو سـەرەتای هاوینـدا دەدرێ، واتە: لە هەر شەش مانگێكدا دەستە جلێك واجبـە، بـەڵام ئـەو شـتەی سـاڵێكو زیاتریش دەمێنێ: وەك ڕایەخو یاتـاغی خـەوتنو كـەواو ئـەو جـۆرە شـتانە، هـەر كاتێـك بەگوێرەی عادەت كـەون بـون، ئـەو كاتـە واجبـە نـوێ بكرێنـەوە، هـەروەك لـە زۆربـەی سەرچاوەكاندا فەرموویانە.

(فَإِنْ تَلِفَتْ فِيهِ بِلاَ تَقْصِيرٍ) جـا ئەگـەر جلەكـە لـە وەرزەكـەدا بێكەمتەرخـەمی ژنەكـەش

بفەوتێ (لَمْ تُبْدَلَ إِنْ قُلْنَا تَمْلِيكٌ) ناگۆڕدێتەوەو واجب نیە دووبارە بۆی بکڕێتەوە، ئەگەر بە فەرموودەی ڕاستتر بڵێین: جلو بەرگ دەبێتە ملکی ژنەکە، کەوابو: (فَإِنْ مَاتَتْ فِيهِ) ئەگەر ژنەکە لە ناو وەرزەکەدا مرد (لَمْ تُرَدَّ) جلو بەرگەکەی وەرزەکەو یاتاغو ڕایەخ وەرناگیرێنەوە، بەڵکو دەبێتەوە میرات بۆ میراتگرەکانی ژنەکە.

(وَلَوْ لَمْ يَكْسُ مُدَّةً) ئەگەر مێردەکە ماوەیەک بژێو و جلوبەرگی ژنەکەی نەدا، ئەوە (فَدَيْنٌ) بژێوەکەو جلوبەرگەکە دەبێتە قەرز لە ئەستۆی مێردەکەداو واجبە بیداتە ژنەکە، هەرچەند لە مەودواش تەڵاقی دابێ، جا ئەگەر ژنەکە مردبو، ئەو کاتە دەدرێتە میراتگرەکانی، بەڵام نیشتەجێکردن نابێتە قەرز، هەر وەک ڕابرا.

﴿ **ئاگاداری** ﴾ یەکەم: لە باسی (جلوبەرگی ژنەکە)دا ڕابرا: (**کەرستەی ڕازاندنەوە لە سەر مێردەکە واجب نیە**). کەوابو: ئەگەر مێردەکە خشڵی زێڕو زیوی کڕیو ژنەکەی پێ ڕازاندەوە، ئەو خشڵە نابێتە ملکی ژنەکە، بەڵکو خواستنەو بە ئەمانەت لە لایەتی، واتە: هەر ملکی مێردەکەیەو لە دوای مردنیشی دەبێتە میرات بۆ میراتگرەکانی مێردەکە، بەڵام ئەگەر مێردەکە ئەو خشڵەی—بە ووشەی بەخشین— بەخشیبێتە ژنەکەی، یان بە دیاری بۆی ناردبێ، ئەو کاتە دەبێتە ملکی ژنەکە.

جا ئەگەر ژنەکەو مێردەکە، یان میراتگرەکانیان بووە کێشەیان: ئایا بە بەخشینو دیاری خشڵەکە کراوەتە ملکی ژنەکە، یان خواستنەو بە ئەمانەت بۆ ڕازاندنەوە لە لایەتی؟ ئەوە (فَصْلٌ) اَلْجَدِيدُ أَنَّهَا تَجِبُ بِالتَّمْكِينِ لاَالْعَقْدِ، فَإِنْ اِخْتَلَفَا فِيهِ صُدِّقَ، فَإِنْ لَمْ تَعْرِضْ عَلَيْهِ مُدَّةً فَلاَ نَفَقَةَ فِيهَا، وَإِنْ عَرَضَتْ وَجَبَتْ مِنْ بُلُوغِ الْخَبَرِ، فَإِنْ غَابَ كَتَبَ الْحَاكِمُ لِحَاكِمِ بَلَدِهِ لِيُعْلِمَهُ فَيَجِيءَ أَوْ يُوَكِّلَ، فَإِنْ لَمْ يَفْعَل

—ئەگەر شاهید نەبێ— بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکەو میراتگرەکانی مێردەکە دەکرێ، هەروەک لە (تحفة)و (بغیةالمسترشدین)دا ڕوون کراوەتەوە.

دووەم: ئەگەر ژنەکە (ناشِزة) بوو، ئەوە جلوبەرگی ئەو وەرزەو بژێوی ماوەی (ناشِزة)بوونی لەدەست دەچێ، کەواتە: ئەگەر پێش (ناشِزة)بوون وەریگرتبون، بۆ مێردەکە دروستە لێی بستێنێتەوە، هەروەک لە (تحفة)و (نهایة)دا ڕوون کراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر مێردەکە مەسرەفی بوکینیی دابوە ژنەکەو ژنەکەش بە ئیزنی مێردەکە سەرف کردبو، ئینجا (ناشِزة) بوو، ئەو کاتە مێردەکە لە دەستی دەچێو بۆی دروست نیە تۆڵەی مەسرەفەکە لە ژنەکە بستێنێ، هەروەک لە (تحفة)دا ڕوون کراوەتەوە.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی کاتی واجببوونی بژێوەکە** ﴾

(اَلْجَدِيدُ أَنَّهَا تَجِبُ بِالتَّمْكِينِ) بە فەرموودەی نوێ: بژێوی ژنەکە لە سەر مێردەکە واجب

دەبێ بە خۆ تەسلیمکردنی ژنەکە، وەك ژنەکە، یان سەرپەرشتکارەکەی بڵێ: (هەر کاتێك مارەییەکەت دامێ خۆمت تەسلیم دەکەم). واتە : لەو کاتەوە بژێوەکەی لە سەر مێردەکە واجب دەبێ، هەر چەند مێردەکە منداڵیش بێ.

(لاَ الْعَقْدِ) بەڵام بە تەنها مارەبڕین بژێوەکە واجب نابێ (فَإِنْ اِخْتَلَفَا فِيهِ) جا ئەگەر ژنەکەو مێردەکە بووە کێشەیان: لە تەسلیمبوونو تەسلیم نەبووندا، ئەوە ئەگەر شاهید نەبو (صُدِّقَ) بە سوێندخواردن باوەڕ بە مێردەکە دەکرێ: کە ژنەکە خۆی تەسلیم نەکردوە.

(فَإِنْ لَمْ تَعْرِضْ عَلَيْهِ مُدَّةً) جا ئەگەر لە دوای مارەبڕین ماوەیەك نە ژنەکەو نە سەرپەرشتکارەکەی ئامادەیی تەسلیمبوونی نیشانی مێردەکە نەداو مێردەکەش داوای نەکرد، ئەوە (فَلاَ نَفَقَةَ فِيهَا) لەو ماوەیەدا ژنەکە مافی هیچ بژێوی نیە، بەڵام (وَإِنْ عَرَضَتْ) ئەگەر ژنەکە، یان سەرپەرشتکارەکەی ئامادەبوونەکەی نیشانی مێردەکە داو گوتی: (من خۆم تەسلیمی تۆ دەکەم لە هەر شوێنێك تۆ هەڵیبژێری). ئەوە (وَجَبَتْ مِنْ بُلُوغِ الْخَبَرِ) لەو کاتەوە–کە هەواڵەکەی دەگاتێ– جلوبەرگو بژێوەکەی لە سەر مێردەکەی واجب دەبێ.

(فَإِنْ غَابَ) جا ئەگەر مێردەکە لەو شوێنە نەبو، ئەو کاتە ژنەکە ئامادەبوونەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ دادگا، ئینجا (كَتَبَ الْحَاكِمُ لِحَاكِمِ بَلَدِهِ) دادوەرەکەش بۆ دادوەری شوێنی مێردەکە دەنووسێ (لِيُعْلِمَهُ فَيَجِيءَ) تاکو مێردەکە ئاگادار بکاتەوە: بێتەوە ژنەکەی وەربگرێ (أَوْ يُوَكِّلَ) یان وەکیلێك بگرێ تاکو ژنەکەی بۆ وەربگرێ (فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ) جا ئەگەر وَمَضَى زَمَنُ وُصُولِهِ فَرَضَهَا الْقَاضِي، وَالْمُعْتَبَرُ فِي مَجْنُونَةٍ وَمُرَاهِقَةٍ عَرْضُ وَلِيٍّ، وَتَسْقُطُ بِنُشُوزٍ وَلَوْ بِمَنْعِ لَمْسٍ بِلاَ عُذْرٍ، وَعَبَالَةُ زَوْجٍ أَوْ مَرَضٌ يَضُرُّ مَعَهُ الْوَطْءُ عُذْرٌ، وَالْخُرُوجُ مِنْ بَيْتِهِ بِلاَ إِذْنٍ نُشُوزٌ

مێردەکە بە بێعوزر هیچێکی لەو دووانە نەکردو (وَمَضَى زَمَنُ وُصُولِهِ) ماوەیەکی وەهاش ڕۆیشت کە دەگونجا لەو ماوەیەدا بگاتەوە جێ، ئەو کاتە (فَرَضَهَاالْقَاضِي) قازی بڕیاری بژێوەکە لە سەر مێردەکە دەداو، لەو کاتەوە وا دادەندرێ ژنەکەی وەرگرتوە، بەڵام ئەگەر بە هۆی عوزرێکیشەرعی نەگەڕابێتەوە، یان وەکیلی نەگرتبێ، ئەو کاتە نابێ قازی بڕیاری بژێوەکەی لە سەر بدا.

جا بزانە: ئەوەی ڕابردوو لەبارەی ژنێکی بالغو عاقڵ بوو، بەڵام (وَالْمُعْتَبَرُ فِي مَجْنُونَةٍ وَمُرَاهِقَةٍ عَرْضُ وَلِيٍّ) لەبارەی ژنێکی شێت، یان نەبالغی نزیك عەزەبیوون نیشاندانی ئامادەبوون لە لایەن سەرپەرشتکارەکەی ڕەچاو دەکرێ، جا بزانە: ئەگەر مێردەکە بالغو عاقڵ بێ، یان نزیك بلۆغبوون بێ، ئەوە بەخۆی ژنەکە وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر نەبالغ، یان شێت بێ، مەرجە: سەرپەرشتکارەکەی ژنەکەی بۆ وەربگرێ، هەروەك لە

(بجیرمی)دا فەرموویەتی.

﴿ ناشیزەبوونی ژنەکە ﴾

(وَتَسْقُطُ) واجبوونی بژێو و جلوبەرگو نیشتەجێکردن گشتی لە سەر مێردەکە لادەکەوێ (بِنُشُوزٍ) بە (ناشِزة)بوون، واتە: دەرچوونی ژنەکە لە گوێڕایەڵیمێردەکەی، هەرچەند زۆرلێکراویش بێ: وەك خزمو کەسەکانی بە زۆرلێکردن –بێئیزنیمێردەکەی– بیبەنەوە لای خۆیان، هەرچەند مەبەستیشیان بەرژەوەندی ژنەکە بێ، واتە: لەو حاڵەتەشدا بە (ناشِزة) دادەنرێ، هەرچەند مێردەکەش توانای هەبێ بیگەڕێنێتەوە ژێر گوێڕایەڵی خۆی و بە قەسدی نەیگەڕێنێتەوە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوتەوە.

هەم (وَلَوْ بِمَنْعٍ لَمْسٍ بِلاَعُذْرٍ) هەرچەند (ناشِزة)بوونەکەشی بەوە بێ: کە بە بێعوزر ڕێگا نەدا مێردەکەی دەستی لێبداو ماچی بکا، وەك ڕووی خۆی لێدابپۆشێ، یان پشتی تێبکا، هەرچەند ڕێگای جیماعیشی بدا، بەڵام (وَعَبَالَةُ زَوْجٍ) گەورەیی ئەندامی جیماعی مێردەکەی کە خۆی دەبەر نەگرێ (أَوْ مَرَضٌ يَضُرُّ مَعَهُ الْوَطْءُ) یان نەخۆشیەکی وەها: کە جیماعکردن لەگەڵ نەخۆشیەکەدا زیانی لێبدا، یان حەیزدار بێ، ئەوانە (عُذْرٌ) گشتی دەبنە عوزر، ئەگەر ڕێگای جیماعیشی نەداتێ نابێتە (ناشِزة).

(وَالْخُرُوجُ مِنْ بَيْتِهِ بِلاَ إِذْنٍ) دەرچوون بە بێئیزنیمێردەکەی لەو ماڵەی مێردەکە بۆی داناوە تێیدا نیشتەجێ ببێ (نُشُوزٌ) بە (ناشِزة)بوون دادەنرێ، هەر چەند بۆ سەردانی نەخۆشو

إِلاَّ أَنْ يُشْرِفَ عَلَى اِنْهِدَامٍ، وَسَفَرُهَا بِإِذْنِهِ مَعَهُ أَوْ لِحَاجَتِهِ لاَ يُسْقِطُ، وَلِحَاجَتِهَا يُسْقِطُ فِالأَظْهَرِ، وَلَوْ نَشَزَتْ فَغَابَ فَأَطَاعَتْ لَمْ تَجِبْ فِالأَصَحِّ وَطَرِيقُهَا أَنْ يَكْتُبَ الْحَاكِمُ كَمَا سَبَقَ، وَلَوْ خَرَجَتْ فِي غَيْبَتِهِ لِزِيَارَةٍ وَنَحْوِهَا لَمْ تَسْقُطْ، وَالأَظْهَرُ أَنْ لاَ نَفَقَةَ لِصَغِيرَةٍ وَأَنَّهَا تَجِبُ لِكَبِيرَةٍ عَلَى صَغِيرٍ، وَإِحْرَامُهَا بِحَجٍّ أَوْ عُمْرَةٍ بِلاَ إِذْنٍ نُشُوزٌ إِنْ لَمْ يَمْلِكْ تَحْلِيلَهَا، فَإِنْ مَلَكَ فَلاَ حَتَّى تَخْرُجَ

خواپەرستیش بێ: وەك حەج (إِلاَّ أَنْ يُشْرِفَ عَلَى اِنْهِدَامٍ) مەگەر شوێنەکە خەریکی ڕوخان بێو لە ترسان بڕواتە دەرەوە، ئەو کاتە بە (ناشِزة) دانانرێ (وَسَفَرُهَا بِإِذْنِهِ مَعَهُ أَوْ لِحَاجَتِهِ) بە سەفەرچوونی ژنەکە بە ئیزنیمێردەکەی: جا لەگەڵ مێردەکەدا بێ، یان بۆ کاروباری مێردەکەی بە تەنها بە سەفەر بچێ (لاَ يُسْقِطُ) بژێوەکەی لەدەست نادا، بەڵام (وَلِحَاجَتِهَا) ئەگەر ژنەکە بە ئیزنی مێردەکەی بۆ کاروباری خۆی بە سەفەر بچێ (يُسْقِطُ فِي الأَظْهَرِ) بژێو و جلوبەرگەکەی لە دەست دەدا، لە فەرموودەی بەهێزتردا.

(وَلَوْ نَشَزَتْ فَغَابَ) ئەگەر ژنەکە بووە (ناشِزة)، ئینجا مێردەکەش لەو شوێنە ڕۆیشت

(فَأَطَاعَتْ) ئینجا ژنەکە تۆبەی کردو گەڕاوە بۆ ماڵەکەی، ئەوە (لَمْ تَجِبْ فِیالأَصَحِّ) بژێوەکەی لە سەر مێردەکەی واجب نابێتەوە تا مێردەکەش دەگەڕێتەوە، لە فەرموودەی ڕاستتردا (وَطَرِیقُهَا) ڕێگای واجببوونەوەی بژێوەکە ئەوەیە: (أَنْ یَکْتُبَ الْحَاکِمُ کَمَا سَبَقَ) ژنەکە بچێتە دادگاو دادوەریش بۆ دادوەری شاری مێردەکە بنووسێ تاکو بگەڕێتەوە، هەروەك ڕابرا.

(وَلَوْ خَرَجَتْ فِی غَیْبَتِهِ) ئەگەر لەو حاڵەتەی مێردەکە لە سەفەرە، ژنەکە چووە دەرەوە (لِزِیَارَةٍ وَنَحْوِهَا) بۆ سەردانی خزمەکانیو تازیەو ئامادەبوونی جەنازەیباوکی (لَمْ تَسْقُطْ) بژێوەکەی لەدەست ناچێ، بەو مەرجەیپێش چوونە سەفەر پێی نەگوتبێ: نەچیە دەرەوە. ئەگینا: بە (ناشِزة) دادەندرێ.

(وَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: (أَنْ لاَ نَفَقَةَ لِصَغِیرَةٍ) ژنێکی بچوك کە خۆی دەبەر جیماع نەگرێ مافی هیچ بژێو و جلوبەرگی نیە (وَ) هەر بەفەرموودەی بەهێزتر (أَنَّهَا تَجِبُ لِکَبِیرَةٍ عَلَی صَغِیرٍ) بژێوەکە واجبە بۆ ژنێکی گەورە لە سەر مێردە بچوکەکەی کە نەگونجێ جیماعی پێبکرێ، هەر کاتێك خۆی تەسلیم کرد.

(وَإِحْرَامُهَا بِحَجٍّ أَوْ عُمْرَةٍ بِلاَ إِذْنٍ) ئیحرام بەستنی ژنەکە بە بێئیزنی مێردەکەی: بە حەج، یان بە عومرە (نُشُوزٌ إِنْ لَمْ یَمْلِكْ تَحْلِیلَهَا) بە (ناشِزة)بوون دادەندرێ، ئەگەر بە فەرموودەی بەهێز بڵێین: مێردەکە ناتوانێ ئیحرامی پێ بشکێنێ، بەڵام (فَإِنْ مَلَكَ) ئەگەر بە فەرموودەی بەهێزتر بڵێین: مێردەکە مافی هەیە ئیحرامی پێ بشکێنێ، ئەو کاتە (فَلاَ حَتَّی تَخْرُجَ) نابێتە (ناشِزَة) تا لە ماڵ دەرواتە دەرەوە بۆ حەج کردنەکە، جا ئەو کاتە فَمُسَافِرَةٌ لِحَاجَتِهَا، أَوْ بِإِذْنٍ فَفِیالأَصَحِّ لَهَا نَفَقَةٌ مَا لَمْ تَخْرُجْ، وَیَمْنَعُهَا صَوْمَ نَفْلٍ فَإِنْ أَبَتْ فَنَاشِزَةٌ فِیالأَظْهَرِ، وَالأَصَحُّ أَنَّ قَضَاءً لاَ یَتَضَیَّقُ کَنَفْلٍ فَیَمْنَعُهَا، وَأَنَّهُ لاَ مَنْعَ مِنْ تَعْجِیلٍ مَکْتُوبَةٍ أَوَّلَ وَقْتٍ وَسُنَنٍ رَاتِبَةٍ، وَتَجِبُ لِرَجْعِیَّةٍ اَلْمُؤَنُ إِلاَّ مُؤْنَةَ تَنَظُّفٍ،

(فَمُسَافِرَةٌ لِحَاجَتِهَا) ژنەکە بۆ کاریخۆی بە سەفەر چوە، واتە: ئەگەر مێردەکەشی لەگەڵدا بێو ئیزنی بدا، مافی بژێوەکەی هەیە، ئەگینا: مافی نیە.

(أَوْ بِإِذْنٍ) یان ئەگەر بە ئیزنی مێردەکە ئیحرامی بەست، ئەوە (فَفِیالأَصَحِّ لَهَا نَفَقَةٌ مَا لَمْ تَخْرُجْ) مافی بژێوەکەی هەیە، تا ئەو کاتەی بۆ حەج کردن دەرواتە دەرەوە، جا هەر کاتێك چووە دەرەوە، لەو کاتەوە بژێوەکەی لە سەر مێردەکەی لادەچێ.

جا بزانە: بۆ مێردەکە دروست نیە ژنەکەی لە پرستنو دورویننو کارەکانیتری ناو ماڵ قەدەغە بکا، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێ: کە بەو کارکردنە گومانێکی خراپەی لێبکرێ: وەك کەسانێکی خراپ هاتوچۆی بکەن، هەروەك لە (تحفة) و(الشروانی)دا ڕوون کراوەتەوە.

(وَیَمْنَعُهَا صَوْمَ نَفْلٍ) بۆ مێردەکە دروستە ژنەکەی قەدەغە بکا لە بەڕۆژووبوونی

سوننەت، هەم بۆیشی دروستە پژژووی سوننەتیشی پێبشکێنێ (فَإِنْ أَبَتْ) جا ئەگەر ژنەکە بە قسەی میردەکەی نەکردو پژژووەکەی تەواو کرد، ئەوە (فَنَاشِزَةٌ فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا: بە (ناشزة) دادەندرێو بژێوەکەی لەدەست دەچێ.

جا بزانە: ژنەکە بۆی دروستە بێئیزنیمێردەکەی: (عَرَفَة)و (تَاسُوعَاء)و (عَاشُوراء) بەپژژوو ببێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی پاستتر: (أَنَّ قَضَاءً لاَ يَتَضَيَّقُ) ئەو نوێژو پژژووانەی قەزاکردنەوەیان بەرتەنگ نیە (كَنَفْلٍ) وەکو سوننەتە، کەوابو: (فَيَمْنَعُهَا) بۆی دروستە پێگای قەزاکردنەوەیانی نەدا تا کاتەکە بەرتەنگ دەبێ: وەك تەنها بە ئەندازەی پژژووەکان لە (شَعْبَان) بمێنێ (وَأَنَّهُ) هەر بە فەرموودەی پاستر: (لاَ مَنْعَ مِنْ تَعْجِيلِ مَكْتُوبَةٍ أَوَّلَ وَقْتٍ) بۆ میردەکە دروست نیە ژنەکەی قەدەغە بکا: لە بە پەلەکردنی نوێژە واجبەکان لە سەرەتای کاتەکانیانداو هەم (وَسُنَنٍ رَاتِبَةٍ) بۆی دروست نیە قەدەغەی بکا: لە سوننەتەکانی پێش‌و پاش نوێژەکانو لە نوێژی جەژنەکانو پژژگیرانو مانگگیرانو تەپاویح، بەو مەرجەی لە ماڵەوە بیانکا، واتە: بۆی دروستە پێگای نەدا بڕواتە دەرەوە لە مزگەوتدا بیانکا، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

﴿ بەخێوکردنی ژنی تەلاقدراو ﴾

(وَتَجِبُ لِرَجْعِيَّةٍ الْمُؤْنَةُ) بۆ تەلاقدراوی(رَجْعِيَّة) گشت ئەرکەکانی بەخێوکردن– لە بژێو و جلوبەرگ‌و شوێنی نیشتەجێکردن– لە سەر میردەکەی واجبە (إِلاَّ مُؤْنَةَ تَنَظُّفٍ) تەنها ئەرکی پاککردنەوەی لە سەر واجب نیە، جیاوازی نیە (رَجْعِيَّة)کە: ئاوس بێ، یان نا

فَلَوْ ظُنَّتْ حَامِلاً فَأَنْفَقَ فَبَانَتْ حَائِلاً اِسْتَرْجَعَ مَا دَفَعَ بَعْدَ عِدَّتِهَا، وَالْحَائِلُ الْبَائِنُ بِخُلْعٍ أَوْ ثَلاَثٍ لاَ نَفَقَةَ لَهَا وَلاَ كِسْوَةَ، وَيَجِبَانِ لِحَامِلٍ لَهَا، وَفِيقَوْلٍ لِلْحَمْلِ، فَعَلَى الأَوَّلِ لاَ تَجِبُ لِحَامِلٍ عَنْ شُبْهَةٍ أَوْ نِكَاحٍ فَاسِدٍ، قُلْتُ: وَلاَ نَفَقَةَ لِمُعْتَدَّةِ وَفَاةٍ وَإِنْ كَانَتْ حَامِلاً وَاللهُ أَعْلَمُ.

وَنَفَقَةُ الْعِدَّةِ مُقَدَّرَةٌ كَزَمَنِ النِّكَاحِ، وَقِيلَ تَجِبُ الْكِفَايَةُ، وَلاَ يَجِبُ دَفْعُهَا قَبْلَ ظُهُورِ حَمْلٍ،

(فَلَوْ ظُنَّتْ حَامِلاً) جا ئەگەر وەها زاندرا تەلاقدراوەکە ئاوسە (فَأَنْفَقَ عَلَيْهَا) میردەکەش بە ناوی ئاوسی بژێوی دایێ (فَبَانَتْ حَائِلاً) ئینجا ئاشکرا بوو: ئاوس نیە، ئەوە (اِسْتَرْجَعَ مَا دَفَعَ بَعْدَ عِدَّتِهَا) ئەو بژێوەی لە دوای تەواوبوونی (عِدّة)ی (رَجعِي) داویەتێ لێی وەردەگرێتەوە، چونکە لە مافی خۆی زیاتری وەرگرتوە.

(وَالْحَائِلُ الْبَائِنُ بِخُلْعٍ أَوْ ثَلاَثٍ) ئەو ژنەی کە ئاوس نیەو بە (بائِن)ی خولع، یان سێبەسێ تەلاق دراوە (لاَ نَفَقَةَ لَهَا وَلاَ كِسْوَةَ) نە بژێوی دەدرێتێو نە جلو بەرگ ﴿عن فاطمة بنت قيس رضي الله عنها: طَلَّقَنِي زَوْجِي ثَلاَثاً فَلَمْ يَجْعَلْ لِي رَسُولُ اللهِ ﷺ سُكْنَى وَلاَ نَفَقَةً﴾ رواه مسلم وأبـــوداود، میردەکـــەم سێبەســـێ تەلاقیدام، جا پێغەمبەر ﷺ نە مافی

نیشتەجێکردنو نە بژێوی بۆ دانەنام. جا بزانە: بە–پێچەوانەی ئەم حەدیسە– نیشتەجێکردنی(بائِنِ) بە ئایەتیقورئان واجب کراوە، هەروەك لە پەڕتووکی(عدة)دا ڕابرا. (وَيَجِبَانِ لِحَامِلٍ) بژێو و جلوبەرگ هەردووکی بۆ تەلاقدراوی ئاوسی(بائن) واجبن، هەروەك نیشتەجێکردنیشی واجب بوو، خوای گەورە فەدەرموێ: ﴿وَإِنْ كُنَّ أُولاتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ ئەگەر تەلاقدراوەکان ئاوس بوون بژێویان بدەنێ تا زگەکەیان دادەنێن. جا ئەو بژێوەش کەواجبە (لَهَا) بۆ خودی تەلاقدراوەکەیە بە هۆی زگەکەی (وَفِي قَوْلٍ لِلْحَمْلِ) لە فەرموودەیەکدا: بۆ کۆرپەکەی ناو زگیەتی (فَعَلَى الأَوَّلِ) جا لە سەر فەرموودەکەییەکەمی بەهێزتر: (لاَ تَجِبُ لِحَامِلٍ عَنْ شُبْهَةٍ أَوْ نِكَاحٍ فَاسِدٍ) بژێوەکە بۆ ئەو ژنە واجب نابێ: کە لە جیماعی بە هەڵە، یان بە مارەبڕینێکی نادروست ئاوس بووە.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (وَلاَ نَفَقَةَ لِمُعْتَدَّةٍ وَفَاةٍ وَإِنْ كَانَتْ حَامِلاً) ئەو ژنەی لە (عدة)ی میرد مردندایە مافی هیچ بژێو و جلوبەرگی نیە، هەر چەند ئاوسیش بێ (وَاللهُ أَعْلَمُ)–بەڵام مافی نیشتەجێکردنی هەیە، هەروەك لە (عدة)دا ڕابرا– پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ لِلْحَامِلِ الْمُتَوَفَّعَنْهَا زَوْجُهَا نَفَقَةٌ﴾ رواه الدارقطني والبيهقي باسناد صحيح، ژنی ئاوسی میرد مردوو مافی بژێوی نیە.

(وَنَفَقَةُ الْعِدَّةِ مُقَدَّرَةٌ كَزَمَنِ النِّكَاحِ) بژێوی ماوەی (عدَّة) ئەندازەی بۆ داندراوە: وەك بژێوی سەردەمی ژنو میردایەتییە (وَقِيلَ تَجِبُ الْكِفَايَةُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بەشی تێربوونی ژنەکە واجبە (وَلاَ يَجِبُ دَفْعُهَا قَبْلَ ظُهُورِ حَمْلٍ) واجب نیە بژێوەکە پێش فَإِذَا ظَهَرَ وَجَبَ يَوْمًا بِيَوْمٍ، وَقِيلَ حَتَّى تَضَعَ، وَلاَ تَسْقُطُ بِمُضِيِّ الزَّمَانِ عَلَىالْمَذْهَبِ. (فَصْلٌ) أَعْسَرَ بِهَا فَإِنْ صَبَرَتْ صَارَتْ دَيْنًا عَلَيْهِ، وَإِلاَّ فَلَهَا الْفَسْخُ عَلَى الأَظْهَرِ، وَالأَصَحُّ أَنْ لاَ فَسْخَ بِمَنْعِ مُوسِرٍ حَضَرَ أَوْ غَابَ،

ئاشکرابوونی ئاوسیی ژنە تەلاقدراوەکە بدا، کەواتە: (فَإِذَا ظَهَرَ) هەرکاتێك زگەکەی ئاشکرابو، لەو کاتەوە (وَجَبَ يَوْمًا بِيَوْمٍ) ڕۆژ بەڕۆژ واجبە بژێوەکە بدا (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: واجب نیە ڕۆژ بەڕۆژیش بیدا (حَتَّى تَضَعَ) تا زگەکەی دادەنێ، جا ئەو کاتە هەموو بژێوەکەی وێکڕا دەداتێ.

(وَلاَ تَسْقُطُ بِمُضِيِّ الزَّمَانِ) بژێوی (عدَّة)–ئەگەر نەدرابێ– بە بەسەرچوونی کاتی(عدَّة) لە سەر میردەکە لاناچێ (عَلَىالْمَذْهَبِ) لە سەر فەرموودەی ڕاستی مەزهەب، بەڵکو دەبێتە قەرز لە ئەستۆی میردەکەدا، هەروك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

جا بزانە: لە مەزهەبی(حنفی)دا تەلاقدراوی سێبەسێش بژێوی ماوەی (عدَّة)ی لە سەر میردەکەی واجبە، هەرچەند ئاوسیش نەبێ، هەروەك لە (مجمع الأنهر)دا فەرموویەتی.

﴿فَصْلٌ: **لە باسی** (فَسْخ) **هەڵوەشاندنەوەی‌مارەبڕین بە هۆی نەتوانینی بەخێوکردنی ژن**﴾

(أَعْسَرَ بِهَا) هەر کاتێک مێردەکە بڕێوی ژنەکەی نەبو و نەیتوانی لە ماوەی‌داهاتوودا بەخێوی بکا، ئەوە تەماشا دەکەین: (فَإِنْ صَبَرَتْ صَارَتْ دَيْنًا عَلَيْهِ) ئەگەر ژنەکە خۆی پاگرتو بەخۆی خۆی بەخێو کرد، ئەوە بڕێوەکەو جلوبەرگەکە دەبێتە قەرز لە سەر مێردەکە، هەروەک پابرا.

(وَإِلَّا) بەڵام ئەگەر ژنەکە خۆی پانەگرت، ئەو کاتە (فَلَهَاالْفَسْخُ) بۆ ژنەکە دروستە لە لای قازی مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە: بەو جۆرەی‌داهاتوو (عَلَى الأَظْهَرِ) لە سەر فەرموودەی‌بەهێزتر ﴿عن سعيد بن الْمُسَيِّبﷺ فِالرَّجُلِ الَّذى لاَيَجِدُ مَايُنْفِقُ عَلَىأَهْلِهِ: يُفَرَّقُ بَيْنَهُمَا، وَقَالَ: إِنَّهُ سُنَّةٌ﴾ إسناده صحيح أخرجه سعيد بن منصور، وهذا مرسل قوي معمول به وأخرجه الدارقطني والبيهقى عن أبىهريرةﷺ مرفوعاً، (إبن المُسَيِّب) لەبارەی ئەو پیاوەی هیچی نیە ژنەکەی پێ بەخێو بکا فەرمووی: لێک جیا دەکرێنەوە، ئەو لێکجیاکردنەوەیەش ڕێبازی پێغەمبەرەﷺ.

جا بزانە: ئەگەر مێردەکە توانای نەبو بڕێوەکەی ماوەی‌ڕابردوو بداتە ژنەکەی، ئەو کاتە هەر بە قەرز لە ئەستۆی‌دا دەمێنێ‌و ژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی نیە، هەروەک لە (تحفة)و (مغنى)دا فەرموویانە.

(وَالأَصَحُّ) بە فەرموودەی‌ڕاستتر: (أَنْ لاَ فَسْخَ) ژنەکە مافی (فَسْخ)=هەڵوەشاندنەوەی نیە (بِمَنْعِ مُوسِرٍ) بە هۆی بڕێونەدانی مێردێکی‌هەبووبی، جیاوازی نیە: (حَضَرَ أَوْ غَابَ) مێردەکە لە ماڵەوە بێ، یان لە شوێنێکی‌تری نادیار بێ، چونکە دەتوانێ شکایەتی لێبکاو

وَلَوْ حَضَرَ وَغَابَ مَالُهُ: فَإِنْ كَانَ بِهِ وَيُؤْمَرُ بِالإِحْضَارِ، وَلَوْ تَبَرَّعَ رَجُلٌ بِهَا لَمْ يَلْزَمْهَا .ر.

بە بڕیاری دادوەر بڕێوەکەی لێبستێنێ ﴿عن عُمَرﷺ: أَنَّهُ كَتَبَ إِلَى أُمَرَاءِ الأَجْنَادِ فِى رِجَالٍ غَابُوا عَنْ نِسَائِهِمْ: أَنْ يَأْخُذُوهُمْ بِأَنْ يُنْفِقُوا أَوْ يُطَلِّقُوا، فَإِنْ طَلَّقُوا بَعَثُوا بِنَفَقَةِ مَا حَبَسُوا﴾ أخرجه الشافعى والبيهقى بإسنادحسن، ئیمامی(عمرﷺ) بۆ سەرکردەکانی لەشکرەکانی نووسی: ئەو پیاوانەی ژنەکانیان بەجێ هێشتون بیانگرن: بۆ ئەوەی بڕێوی ژنەکانیان بنێرن، یان تەڵاقیان بدەن، جا ئەگەر تەڵاقیان دان دەبی بڕێوەکەی ماوەی‌ڕابردوو-کە نەیانداوە- بۆ ژنەکانیان بنێرن. واتە: ئەگەر ژنەکانیان مافی هەڵوەشاندنەوەیان هەبووایە، فەرمانی تەڵاقدانی نەدەکرد.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: زۆر لە زانایانی‌ئایین ئەم فەرموودە بێهێزەیان هەڵبژاردوە: کە (ئەگەر مێردەکە لە شوێنێکی‌تر بوو و نەدەتواندرا بڕێوی‌ژنەکەی لێوەربگیرێ، ئەوە بۆ

ژنەکەی دروستە: (فَسْخ)ی مارەبڕینەکەی بکا، واتە: هەڵیبوەشێنێتەوە). ئیمام (ابن الصلاح)ش ئەم فەرموودەیەی بەهێز کردوە، هەروەك لە (تحفة)دا فەرموویەتیو لە (فَتح المعين)دا درێژتر ڕوون کراوەتەوە.

هەروەها بە فەرموودەیەکیتری بێهێز: (ئەگەر مێردەکە بێسەروشوێن گوم بوو و هیچ هەواڵێکی مانو نەمانی نەبو و نەدەتواندرا بژێوەکەی لێوەربگیرێ، ئەو کاتەش بۆ ژنەکەی دروستە مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە). هەروەك لە (شرح المنهج)و (تحفة)و (مغنی)دا گێڕاویەتیانەوە، کەواتە: ئەو ژنانەی مێردیان ون بووە، دەتوانن سود لەو فەرموودە بێهێزەش وەربگرن، هەروەك لە فەرموودەکەیکۆنیش سودیان وەردەگرتو لە باسی (عدَّة)دا ڕوونمان کردەوە.

(وَلَوْ حَضَرَ وَغَابَ مَالُهُ) ئەگەر مێردەکە بەخۆی لە شوێنی ژنەکەدا حازر بوو، بەڵام ملك و مااڵی لە شوێنێکیتری نادیار بوو، ئەوە (فَإِنْ كَانَ بِمَسَافَةِ الْقَصْرِ) ئەگەر ملك و ماڵەکەی بە ئەندازەی کورتکردنەوەینوێژ دوور بوو (فَلَهَاالْفَسْخُ) ژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی هەیە (وَإِلاَّ فَلاَ) بەڵام ئەگەر ئەوەندە دوور نەبو، ژنەکە مافیهەڵوەشاندنەوەی نیە، بەڵکو (وَيُؤْمَرُ بِالإِحْضَارِ) مێردەکە فەرمانی پێدەکرێ: ماڵەکەی ئامادە بکاو ژنەکەی پێ بەخێو بکا.

(وَلَوْ تَبَرَّعَ رَجُلٌ بِهَا) ئەگەر کەسێك بە خۆڕایی بژێوەکەی لەجیاتی مێردەکە دایە ژنەکە، ئەوە (لَمْ يَلْزَمْهَا الْقَبُولُ) لە سەر ژنەکە واجب نیە قبوڵی بکا، چونکە منەتی تێدایە.

کەوابو: ئەگەر کەسەکە بە خۆڕایی بژێوەکەی دایە مێردەکە، ئینجا مێردەکەش دایە ژنەکە، ئەو کاتە واجبە: ژنەکە وەریبگرێو نابێ مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە؟ چونکە ژنەکە منەتبار نابێ.

وَقُدْرَتُهُ عَلَى الْكَسْبِ كَالْمَالِ، وَإِنَّمَا يُفْسَخُ بِعَجْزِهِ عَنْ نَفَقَةِ مُعْسِرٍ، وَالإِعْسَارُ بِالْكِسْوَةِ كَهُوَ بِالنَّفَقَةِ، وَكَذَا بِالأُدْمِ وَالْمَسْكَنِ فِالأَصَحِّ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ الْمَنْعُ فِالأُدْمِ وَاللهُ أَعْلَمُ. وَفِي إِعْسَارِهِ بِالْمَهْرِ أَقْوَالٌ: أَظْهَرُهَا تَفْسَخُ قَبْلَ وَطْءٍ لاَ بَعْدَهُ، وَلاَ فَسْخَ حَتَّى يَثْبُتَ عِنْدَ قَاضٍ إِعْسَارُهُ فَيَفْسَخُهُ أَوْ يَأْذَنُ لَهَا فِيهِ،

هەروەها ئەگەر باوك و باپیرەش بژێوی ژنیکوڕەکەیان بدەن، ئەو کاتەش واجبە ژنەکە وەریبگرێو نابێ مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر مێردەکەی لە ژێر سەرپەرشتکاریەتی بابەکەیو باپیرەکەیدا بێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَقُدْرَتُهُ عَلَى الْكَسْبِ) تواناو هێزی مێردەکە لە سەر کەسابەتکردن (كَالْمَالِ) وەك هەبوونی ملك و ماڵە، واتە: بە نەبوویی داناندرێو ژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینی نیە.

(وَإِنَّمَا يُفْسَخُ بِعَجْزِهِ عَنْ نَفَقَةِ مُعْسِرٍ) تەنها لەو حاڵەتەدا مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە:

که مێردەکە توانای نەبێ بژێوی پیاوێکی‌نەبوویی بدا، نەك بژێوی‌هەبوویی‌و ناوەنجی.
(وَالإِعْسَارُ بِالْكِسْوَةِ كَهُوَ بِالنَّفَقَةِ) نەتوانینی بەرگکردنی‌ژنەکە بە هۆی نەبوویی، وەك نەتوانینی بژێودانەکەیەو دروستە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە (وَكَذَا بِالأُدْمِ وَالْمَسْكَنِ فِي‌الأَصَحِّ) هەروەها ئەگەر توانای پێخورو نیشتەجێکردنیشی نەبێ دروستە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام (قُلْتُ) ئیمامی(النواوی) دەفەرموێ (اَلأَصَحُّ اَلْمَنْعُ فِي‌الأُدْمِ) بە فەرموودەی پاستتر: دروست نیە بە هۆی نەبوونی پێخۆر مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە (وَاللهُ أَعْلَمُ).
(وَفِي إِعْسَارِهِ بِالْمَهْرِ أَقْوَالٌ) لەبارەی نەبوونی مارەیی‌حازر سێ فەرموودە هەنە: (أَظْهَرُهَا تَفْسَخُ قَبْلَ وَطْءٍ) بەهێزترەکەیان: پێش جیماعکردن دروستە ژنەکە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە (لاَ بَعْدَهُ) بەڵام لە دوای‌جیماعکردن بۆی دروست نیە، هەروەها ئەگەر مارەییەکە قەرز بێ‌و کاتی دانی هاتبێ‌و مێردەکە نەیبێ بیداتێ، ئەو کاتەش ژنەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی نیە، هەروەك (الشبراملسی) فەرموویەتی.

﴿ چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکە ﴾

(وَلاَفَسْخَ) هەڵوەشاندنەوەی‌مارەبڕین بە هۆی نەتوانینی بەخێوکردن دروست نابێ (حَتَّى يَثْبُتَ عِنْدَ قَاضٍ إِعْسَارُهُ) تا لە لای قازی نەبوونیەکەی جێگیر دەبێ: بە شاهیدی دوو پیاو، یان بە دانپێداهێنانی‌خۆی، ئینجا کە نەبوونیەکەی جێگیر بوو، ئەو کاتە (فَيَفْسَخُهُ) قازی بەخۆی مارەبڕینەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە (أَوْ يَأْذَنُ لَهَا فِيهِ) یان ئیزن دەدا ژنەکە بەخۆی هەڵیبوەشێنێتەوە.
جا ئەگەر لەو شوێنەدا قازی نەبو، یان ژنەکە نەدەگەیشتە لای قازی، یان بۆی هەڵنەدەوەشاندەوە، ئەو کاتە ژنەکە پیاوێکی‌دادپەروەر دەکاتە (مُحَكَّم)ی‌خۆی‌و لە لای وی هەڵیدەوەشێنێتەوە، هەڵوەشاندنەوەکەشی لە ئاشکرایی‌و لە پەنهانی‌دا جێبەجێ
ثُمَّ فِي قَوْلٍ يُنَجِّزُ الْفَسْخَ، وَالأَظْهَرُ إِمْهَالُهُ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ، وَلَهَا الْفَسْخُ صَبِيحَةَالرَّابِعِ إِلاَّ أَنْ يُسَلِّمَ نَفَقَتَهُ، وَلَوْ مَضَى يَوْمَانِ بِلاَ نَفَقَةٍ وَأَنْفَقَ الثَّالِثَ وَعَجَزَ الرَّابِعَ بَنَتْ، وَقِيلَ تَسْتَأْنِفُ، وَلَهَاالْخُرُوجُ زَمَنَ الْمُهْلَةِ لِتَحْصِيلِ النَّفَقَةِ، وَعَلَيْهَاالرُّجُوعُ لَيْلاً، وَلَوْ رَضِيَتْ بِإِعْسَارِهِ أَوْ نَكَحَتْهُ عَالِمَةً بِإِعْسَارِهِ فَلَهَاالْفَسْخُ بَعْدَهُ، وَلَوْ رَضِيَتْ بِإِعْسَارِهِ بِالْمَهْرِ فَلاَ، وَلاَ فَسْخَ لِوَلِيِّ صَغِيرَةٍ وَمَجْنُونَةٍ بِإِعْسَارٍ بِمَهْرٍ وَنَفَقَةٍ،

دەبێ‌و (عدّة)شی لە کاتی‌هەڵوەشاندنەوەکەوە دەست پێدەکا، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.
(ثُمَّ فِي قَوْلٍ يُنَجِّزُ الْفَسْخَ) ئینجا لە فەرموودەیەکدا دەسبەجێ مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام (وَالأَظْهَرُ إِمْهَالُهُ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ) بە فەرموودەی‌بەهێزتر:ماوەی سێ ڕۆژان مێردەکە مۆڵەتی دەدرێتێ، ئینجا (وَلَهَا الْفَسْخُ صَبِيحَةَ الرَّابِعِ) ئەگەر لەو

سێ ڕۆژەدا بژێوەکەی نەدا، ژنەکە بۆی دروستە: لە بەیانیی ڕۆژێچوارەمدا مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە (إلاَّ أنْ يُسَلِّمَ نَفَقَتَهُ) مەگەر مێردەکە بژێوەکەی ڕۆژێچوارەم تەسلیمی ژنەکە بکا، ئەو کاتە دروست نیە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

(وَلَوْ مَضَى يَوْمَانِ بِلاَ نَفَقَةٍ) ئەگەر دوو ڕۆژ ڕۆیشتنو بژێوەکەی نەدا، بەڵام (وَأَنْفَقَ الثَّالِثَ وَعَجَزَ الرَّابِعَ) ڕۆژێسێیەم بژێوەکەیدا، ڕۆژێچوارەمیش توانای نەبو بیدا، ئەو کاتە (بَنَتْ) ژنەکە لە سەر دوو ڕۆژەکەیڕابردوو ماوەی سێ ڕۆژەکە تەواو دەکا (وَقِيلَ تَسْتَأْنِفُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: سەرلەبنیات دەست بە سێ ڕۆژەکە دەکاتەوە (وَلَهَا الْخُرُوجُ زَمَنَ الْمُهْلَةِ لِتَحْصِيلِ النَّفَقَةِ) ژنەکە بۆی دروستە لە ماوەیمۆڵەتەکەدا بەڕۆژ بڕواتە دەرەوە تاکو بژێوەکە بۆ خۆی وەدەست بێنێ، بەڵام (وَعَلَيْهَاالرُّجُوعُ لَيْلاً) لە سەری واجبە شەوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی .

(وَلَوْ رَضِيَتْ بِإِعْسَارِهِ) ئەگەر ژنەکە بە نەبوویی مێردەکەی ڕازی بوو (أَوْ نَكَحَتْهُ عَالِمَةً بِإِعْسَارِهِ) یان لەو کاتەی شووی بە پیاوەکە کرد، دەیزانی نەبووییەو توانای بژێودانەکەی نیە، ئەوە لە هەردوو مەسەلەدا (فَلَهَاالْفَسْخُ بَعْدَهُ) بۆ ژنەکە دروستە لە دوای ڕازیبوونەکەش مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

بەڵام (وَلَوْ رَضِيَتْ بِإِعْسَارِهِ بِالْمَهْرِ) ئەگەر بە نەبوویمارەییەکەی ڕازی بوو، ئەو کاتە (فَلاَ) دروست نیە مارەبڕینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە (وَلاَ فَسْخَ لِوَلِيٍّ صَغِيرَةٍ وَمَجْنُونَةٍ) هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین دروست نیە: بۆ سەرپەرشتکاری ژنە بچوکەکەو ژنە شێتەکە (بِإِعْسَارِ بِمَهْرٍ وَنَفَقَةٍ) بە هۆی ئەوەی مێردەکەیان توانای مارەییو بژێوەکەیانی نەبێ، بەڵکو بە قەرزی سەر مێردەکەیان: خزمەکانیان، یان (بيت المال) بەخێویان دەکەن.

وَلَوْ أَعْسَرَ زَوْجُ أَمَةٍ بِالنَّفَقَةِ فَلَهَا الْفَسْخُ، فَإِنْ رَضِيَتْ فَلاَ فَسْخَ لِلسَّيِّدِ فِالأَصَحِّ، وَلَهُ أَنْ يُلْجِئَهَا إِلَيْهِ بِأَنْ لاَ يُنْفِقَ عَلَيْهَا وَيَقُولَ: اِفْسَخِي أَوْ جُوعِي. (فَصْلٌ) يَلْزَمُهُ نَفَقَةُالْوَالِدِ وَإِنْ عَلاَ، وَالْوَلَدِ وَإِنْ سَفَلَ وَإِنْ اِخْتَلَفَ دِينُهُمَا، بِشَرْطِ يَسَارِ الْمُنْفِقِ بِفَاضِلٍ عَنْ قُوتِهِ وَقُوتِ عِيَالِهِ فِي يَوْمِهِ، وَيُبَاعُ فِيهَا مَا يُبَاعُ فِالدَّيْنِ،

(وَلَوْ أَعْسَرَ زَوْجُ أَمَةٍ بِالنَّفَقَةِ فَلَهَا الْفَسْخُ) ئەگەر مێردی (جارية)کەش توانای بژێوی نەبێ، (جارية)کە بۆی دروستە مارەبڕینەکە هەڵبوەشێنێتەوە (فَإِنْ رَضِيَتْ فَلاَ فَسْخَ لِلسَّيِّدِ فِيالأَصَحِّ) جا ئەگەر (جارية)کە بە نەبوویی مێردەکە ڕازی بێ، بۆ گەورەکەی دروست نیە هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام (وَلَهُ أَنْ يُلْجِئَهَا إِلَيْهِ) بۆ گەورەکە دروستە: (جارية)کە ناچار بکا بۆ هەڵوەشاندنەوەکە: (بِأَنْ لاَ يُنْفِقَ عَلَيْهَا) وەک بەخێوی نەکاو (وَيَقُولَ) پێی بڵێ: (اِفْسَخِي أَوْ جُوعِي) یان مارەبڕینەکەت هەڵبوەشێنەوە، یان برسی ببە.

بزانە: مەبەست بە بژێودان لە باسی خزمەکاندا: ئەرکی خواردەمەنی‌و پێخۆرو جل‌و بەرگ‌و شوێنی نیشتەجێبوون‌و پارەی دەرمانی‌نەخۆشی‌و کرێی‌پزیشکە.

(يَلْزَمُهُ نَفَقَةُ الْوَالِدِ وَإِنْ عَلاَ) لە سەر کوڕو کیژ واجبە: بژێوی دایک‌و باوک‌و داپیرەو باپیرە بدەن، هەرچەند بەرەوسەرەوەش بن (وَالْوَلَدِ وَإِنْ سَفَلَ) لە سەر دایک‌و باوکیش واجبە: بژێوی کوڕو کیژو نەوێەکانیان بدەن، هەرچەند بەرەوخواریش بن (وَإِنْ اخْتَلَفَ دِينُهُمَا) هەرچەند ئایینەکەشیان جیاواز بێ: وەک دایک‌و باوکەکان کافر بن‌و منداڵەکانیان موسوڵمان بن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفاً﴾ ئەگەر دایک‌و باوکت هەوڵیان لەگەڵ دای هاوبەشم بۆ دابنێی گوێڕایەڵیان مەبە، بەڵام لە دونیادا بە چاکی هاوڕێیەتییان بکە. واتە: بەخێوکردنیان بەشێکە لە هاوڕێیەتی چاک.

هەم دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ ئەگەر ژنەکانتان شیریان دایە منداڵەکانتان ئێوەش کرێی شیردانەکەیان بدەنێ. واتە: چونکە بەخێوکردنی منداڵەکانتان لە سەر واجبە.

جا بزانە: جگە لە تیرەی سەرەوەو تیرەی خوارەوە بەخێوکردنی هیچ خزمێکی‌تر واجب نیە، بەڵام لە مەزهەبی ئیمامی(حنفی)دا: بەخێوکردنی گشت خزمێکی‌مەحرەم واجبە، بەو مەرجەی ئایینیان یەک بێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

جا ئەو بەخێوکردنەش کە واجبە (بِشَرْطِ يَسَارِ الْمُنْفِقِ) بەو مەرجەیە: بژێودەرەکە هەبووبێ: (بِفَاضِلٍ عَنْ قُوتِهِ وَقُوتِ عِيَالِهِ فِي يَوْمِهِ) بەوەی زێدەی هەبێ لە بژێوی خۆی‌و ژن‌و منداڵەکانی لە ڕۆژو شەوەکەیدا (وَيُبَاعُ فِيهَا مَايُبَاعُ فِي الدَّيْنِ) بۆ بەخێوکردنی وَيَلْزَمُ كَسُوبًا كَسْبُهَا فِالأَصَحِّ، وَلاَ تَجِبُ لِمَالِكٍ كِفَايَتُهُ وَلاَ لِمُكْتَسِبِهَا، وَتَجِبُ لِفَقِيرٍ غَيْرِ مُكْتَسِبٍ إِنْ كَانَ زَمِنًا أَوْ صَغِيرًا أَوْ مَجْنُونًا وَإِلاَّ فَأَقْوَالٌ أَحْسَنُهَا: تَجِبُ، وَالثَّالِثُ لأَصْلٍ لاَ فَرْعٍ، قُلْتُ: اَلثَّالِثُ أَظْهَرُ وَاللهُ أَعْلَمُ.

دایک‌و باوک‌و منداڵەکانی واجبە: ئەو شتە بفرۆشرێ کە بۆ دانەوەی قەرز دەفرۆشرێ: وەک زەوی‌و باغ‌و ئەو جۆرە شتانەی لە باسی قەدەغەکردنی‌قەرزدا ڕابران.

هەم (وَيَلْزَمُ كَسُوبًا كَسْبُهَا) لە سەر کاسبکار واجبە: بە کەسابەتی‌خۆی ئەرکی بەخێوکردنەکەیان پەیدا بکا (فِي‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی‌ڕاستتردا، بەڵام (وَلاَ تَجِبُ لِمَالِكٍ كِفَايَتُهُ) بەخێوکردنی ئەو دایک‌و باوک‌و منداڵانە واجب نیە، کە بەشی‌خۆی ملک‌و مالی هەیە، هەرچەند پەککەوتووش بێ، یان شێت بێ، یان بچوک بێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی، واتە: ئەگەر پەککەوتوو، یان شێت، یان منداڵ ملک‌و مالی خۆی هەبێ، ئەو کاتە لە سەر حیسابی‌خۆی بەخێو دەکرێ (وَلاَ لِمُكْتَسِبِهَا) هەروەها بەخێوکردنی ئەو

کەسەش واجب نیە کە بەشی‌خۆی کەسابەت دەکا.

(وَتَجِبُ لِفَقِيرٍ غَيْرِ مُكْتَسِبٍ) بەخێوکردنی ئەو جۆرە دایکو باوکو کوڕو کیژە واجبە: کە هەژارەو کەسابەتیشی پێناکرێ (إِنْ كَانَ زَمِنًا) ئەگەر پەککەوتوو بێ، یان کوێر بێ، یان نەخۆشێکی بەردەوام بێ (أَوْ صَغِيرًا أَوْ مَجْنُونًا) یان هەژارو بچوک بێ، یان هەژارو شێت بێ.

جا ئەگەر منداڵە بچوکەکە دەیتوانی کارێک بکا، بۆ سەرپەرشتکارەکەی دروستە: بە زۆرلێکردن کارەکەی پێبکاو لە بەرهەمی‌کارەکەی بەخێوی بکا هەروەک لە (تحفة)دا فەرموویەتی.

(وَإِلَّا) بەڵام ئەگەر توانای کەسابەتی هەبو و بە قەسدی کەسابەتی نەدەکردو پەککەوتوو و شێتو منداڵیش نەبو، ئەو کاتە (فَأَقْوَالٌ) سێ فەرموودە هەنە:

(أَحْسَنُهَا تَجِبُ) جوانترەکەیان: لەو حاڵەتەشدا بەخێوکردنی تیرەی سەرەوەو خوارەوە واجبە (وَالثَّالِثُ) سێیەمەکەش دەفەرموێ: (لِأَصْلٍ لَا فَرْعٍ) بەخێوکردنی تیرەی سەرەوە واجبەو داوای کارکردنیان لێناکرێ، بەڵام بەخێوکردنی تیرەی خوارەوە واجب نیە، بەڵکو تیرەی خوارەوە داوای کارکردنیان لێ دەکرێ (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (اَلثَّالِثُ أَظْهَرُ) ئەم فەرموودە سێیەمە بەهێزترە (وَاللهُ أَعْلَمُ) چونکە زۆر سفڵەیی‌و بێئەمەکیەو بە هاوڕێیەتیی باش داناندرێ کوڕو کیژ داوای کارکردن لە دایکو باوکیان بکەنو بەخێویان نەکەن.

جا بزانە: تا کوڕ بلۆغی دەبێو کیژ شوو دەکا بەخێوکردنیان واجبە، واتە: بە تەنها شووکردن بژێوی دایکو کیژ لادەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دروست نیە داوای شووکردنیان لێبکرێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

وَهِيَ الْكِفَايَةُ، وَتَسْقُطُ بِفَوَاتِهَا، وَلَا تَصِيرُ دَيْنًا عَلَيْهِ إِلَّا بِفَرْضِ قَاضٍ، أَوْ إِذْنِهِ فِي اِقْتِرَاضٍ لِغَيْبَةٍ أَوْ مَنْعٍ،

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر تیرەی سەرەوە، یان خوارەوە توانای کەسابەتێکی‌حەڕامی هەبوو، ئەوەش وەکو نەتوانین وایە، هەروەها ئەگەر کەسابەتەکەش شیاوی‌خۆی نەبێ، هەر بە نەبوون دادەندرێ، هەروەک لە (مغنی)دا فەرموویەتی، واتە: با کەسابەتەکە نەکاو واجبە: بەخێو بکرێ، هەروەها ئەگەر خەریکی خوێندن بوو بۆیێ کەسابەتی پێنەدەکرا، ئەو کاتەش بەخێوکردنی واجبە، هەروەک لە (الشبراملسی)و (الشروانی)دا فەرموویانە.

(وَهِيَ) مەبەست بە بژێوی تیرەی سەرەوەو خوارەوە (اَلْكِفَايَةُ) ئەوەیە چەندی پێویستە ئەوەندی بداتێ: لە خواردنو جلو بەرگو نیشتەجێکردنو دەرمانو پزیشکو خزمەتکردن، بەڵام (وَتَسْقُطُ بِفَوَاتِهَا) ئەو بژێوە بە لەدەستچوون لادەکەوێ، واتە: ئەگەر ماوەیەک بژێوەکە نەدرا، ئەوە لەدەست دەچێو (وَلَا تَصِيرُ دَيْنًا عَلَيْهِ) نابێتە قەرز لە ئەستۆی

بژێوەرەکە (إلاَّ بِفَرْضِ قَاضٍ) تەنها بە دانانی قازی دەبێتە قەرز (أَوْ إِذْنِهِ فِـي اِقْتِـرَاضٍ) یان ئەگەر قازی ئیزنی بدا بژێوەکە قەرز بکا (لِغَيْبَةٍ أَوْ مَنْعٍ) لە بەر ئەوەی بژێوەرەکە لەو شوێنەدا حازر نیە، یان بە ڕقەکاری بژێوەکە نادا، لەو حاڵەتانەدا بژێوەکە دەبێتە قەرز.

﴿ **ئاگاداریەکیتر** ﴾: لەو حاڵەتەی بەخێوکردنی واجبەو بژێوەکەشی نادرێتێو ناشتوانێ بـە قـازی لێـوەربگرێ، دروسـتە خـاوەن مافەکـە ئەنـدازەی بژێوەکـەیخۆی لـە مـاڵی بژێوەرەکە ببا، هەم بۆ باوکو باپیرە دروستە: بە ناوێسەرپەرشتکاریەتی بژێویخۆیان لە ماڵی کوڕو کیژە بچوکەکانیان ببەن، بەڵام ئەگـەر دایـك بژێوەکـەی لـە سـەر کـوڕو کیـژە بچوکەکان بێ، نابێ بە بێبەرپیاری قازی ببیا، هەروەك لە (نهاية) و (مغنی)دا فەرموویانە.

جا ئەگـەر دایکەکـە سەروەسـێت بـوو لـە سـەر منداڵـە بچـوکەکانی، ئـەو کاتـە پێویسـت بە ئیزنی قازی ناکا، هەروەك ئەگەر قازی نەبو و بژێوەرەکەش حازر نەبو، نەشگونجا لە ماڵی بژێوەرەکە بژێوەکە ببا، لەو حاڵەتەدا دروستە دایکەکە: بـژێوی منداڵـەکانی قـەرز بکا، یان لە ماڵیخۆی بژێوەکەیان بـە قـەرز بـداتێ، بـەڵام لـە هـەردوو حاڵەتـدا مەرجـە: دوو شاهید بگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە بژێوەرەکە وەریبگرێتەوە، هەروەك لـە (تحفـة)و (الشروانی)دا پوون کراوەتەوە، واتە: ئەگـەر دەگونجـا لـە مـاڵی بژێوەرەکـە ببیـا، ئـەو کاتە نابێ قەرزی بکا.

جا بەڵگەی ئەو مەسەلانە ئەم حەدیسەیە: ﴿عن عائشة رضـالله عنها: أَنَّ هِند بنت عُتْبة قالَتْ: إِنَّ أَبَاسُفْيَانَ لاَيُعْطِينِي مَا يَكْفِينِي وَوَلَدِي إِلاَّ مَا أَخَذْتُ مِنْهُ وَهُوَ لاَيَعْلَمُ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ﴾ رواه الشـيخان، (أبوسـفيان)یمێردم بەشـی خـۆمو وَعَلَيْهَا إِرْضَاعُ وَلَدِهَا اللِّبَأَ، ثُمَّ بَعْدَهُ إِنْ لَمْ يُوجَدْ إِلاَّ هِيَ أَوْ أَجْنَبِيَّةٌ وَجَبَ إِرْضَاعُهُ، وَإِنْ وُجِدَتَا لَمْ تُجْبَرِالأُمُّ، فَإِنْ رَغِبَتْ وَهِيَ مَنْكُوحَةُ أَبِيهِ فَلَهُ مَنْعُهَا فِالأَصَحِّ، قُلْتُ: اَلأَصَحُّ لَيْسَ لَهُ مَنْعُهَا وَصَحَّحَهُ الأَكْثَرُونَ وَاللهُ أَعْلَمُ. فَإِنْ اِتَّفَقَا وَطَلَبَتْ أُجْرَةَ مِثْلٍ أُجِيبَتْ،

منداڵەکەم بژێوم ناداتێ، مەگـەر بـە دزی لـە ماڵەکـەی ببیـەم؟ پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: بەشی خۆتو منداڵەکەت لە ماڵی مێردەکەت ببە.

﴿ باسی شیردانی منداڵ ﴾

(وَعَلَيْهَا) لە سەر دایك واجبە (إِرْضَاعُ وَلَدِهَا اللِّبَأَ) فرچك بداتـە منداڵەکـەی، واتـە: شـیری دوای منداڵبوون، بەڵام دروسـتە کـرێی فرچـکەکە وەربگـرێ (ثُـمَّ بَعْـدَهُ) ئینجـا لـە دوای فرچـکەکەش (إِنْ لَـمْ يُوجَـدْ إِلاَّ هِـيَ أَوْ أَجْنَبِيَّـةٌ) ئەگـەر جگـە لـە دایکەکـە، یـان جگـە لـە ئافرەتێکیبێگانە هیچ ئافرەتێکیتر حازر نەبو، ئەو کاتە (وَجَبَ إِرْضَاعُهُ) لە سەر حازرەکە واجبە شیری بداتێ، جا بۆ دایکەکەو بۆ بێگانەکە دروستە داوای کرێی شیردانەکەی لـەو

کەسە بکەن: کە بەخێوکردنی منداڵەکەی لە سەرە (وَإِنْ وُجِدَتَا) ئەگەر دایکەکەو ژنە بێگانەکە هەردووکیان حازر بون، ئەو کاتە (لَمْ تُجْبَرِ الأُمُّ) دایکەکە زۆری لێناکرێ شیر بداتە منداڵەکەی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى﴾ ئەگەر لەبارەی شیردانی منداڵ کەوتنە زەیقەتیو دایکەکە شیری نەدایێ، ئەوە ئافرەتێکیتر بۆی شیر دەدا. واتە: زۆر لە دایکەکە ناکرێ.

(فَإِنْ رَغِبَتْ وَهِيَ مَنْكُوحَةُ أَبِيهِ) جا ئەگەر دایکەکە حەزیکرد شیر بداتە منداڵەکەیو هەر لە ژێر مارەی باوکی منداڵەکەشدا بوو، ئەوە (فَلَهُ مَنْعُهَا فِي الأَصَحِّ) باوکەکە بۆی هەیە ڕێگای نەدا (قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ (الأَصَحُّ لَيْسَ لَهُ مَنْعُهَا) بە فەرموودەی پاستتر: باوکەکە بۆی دروست نیە دایکەکە قەدەغە بکا لە شیردانیمنداڵەکەی (وَصَحَّحَهُ الأَكْثَرُونَ وَاللهُ أَعْلَمُ) زۆرترینیزانایانیش ئەم فەرموودەیان بە پاست داناوە، چونکە دایك بە بەزیێترەو شیرەکەشی گونجاوترە، جا ئەگەر لە ئەندازەی ماوەیشیردانەکەدا بووە کێشەیان، ئەوە لە (باسی بەخێوکردنیکۆیلە)دا ڕوونی دەکەینەوە، إن شاءالله تعالى.

(فَإِنِ اتَّفَقَا) جا ئەگەر ڕێك کەوتن دایکەکە شیر بداتە منداڵەکەیو (وَطَلَبَتْ أُجْرَةَ مِثْلِ) دایکەکەش داوای کرێیهاووێنەی کرد، ئەوە (أُجِيبَتْ) بە قسەی دایکەکە دەکرێو واجبە کرێیشیردانەکەی بدرێتێ، خوایگەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ ئەگەر ژنەکانتان منداڵەکانیان بۆ شیردان کرێیەکەیان بدەنێ.

جا بزانە: ئەگەر دایکەکە شیری دایە منداڵەکەیو بێدەنگ بوو و داوای کرێی نەکرد، ئەو کاتە مافی کرێی نیە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە.

أَوْ فَوْقَهَا فَلاَ، وَكَذَا إِنْ تَبَرَّعَتْ أَجْنَبِيَّةٌ أَوْ رَضِيَتْ بِأَقَلَّ فِي الأَظْهَرِ، وَمَنْ اِسْتَوَى فَرْعَاهُ أَنْفَقَا، وَإِلاَّ فَالأَصَحُّ أَقْرَبُهُمَا، فَإِنْ اِسْتَوَى فَبِالإِرْثِ فِي الأَصَحِّ، وَالثَّانِي بِالإِرْثِ ثُمَّ الْقُرْبِ، وَالْوَارِثَانِ يَسْتَوِيَانِ أَمْ يُوَزَّعُ بِحَسَبِهِ؟ وَجْهَانِ،

(أَوْ فَوْقَهَا) یان ئەگەر دایکەکە لە کرێی هاووێنە زیاتری داوا کرد، ئەو کاتە (فَلاَ) بە قسەی ناکرێو شیردەرێکی بێگانەی بۆ دەگیرێ (وَكَذَا إِنْ تَبَرَّعَتْ أَجْنَبِيَّةٌ) هەروەها بە قسەی دایکەکە ناکرێ ئەگەر ئافرەتێکی بێگانە بە خۆڕایی شیری بداتێ (أَوْ رَضِيَتْ بِأَقَلَّ) یان ئەگەر بە کەمتر لە کرێی دایکەکە ڕازی بێ، ئەو کاتەش بە قسەی دایکەکە ناکرێو بێگانەکە شیری دەداتێ (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەیبەهێزتردا، واتە: بەڵام ئەگەر دایکەکەش بە خۆڕایی شیری بداتێ، ئەو کاتە دروست نیە بدرێتە دەست بێگانە، والله أعلم.

﴿ هاویەشی لە بەخێوکردندا ﴾

(وَمَنْ اِسْتَوَى فَرْعَاهُ) هەر دایكو باوكێك كوڕەكانیان، یان كیژەكانیان یەكسان بون: لە نزیكیو میراتگرتندا: وەك دوو كوڕ بە یەكەوە، یان دوو كیژ بە یەكەوە، ئەوە (أَنْفَقَا) واجبە: بە یەكەوە بژێوی دایكو باوكەكەیان بدەن، هەرچەند یەكێكیشیان لەوی تر دەوڵەمەندتر بێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر لە نزیكیدا وەكو یەكتری نەبون، ئەو كاتە (فَالأَصَحُّ أَقْرَبُهُمَا) بە فەرموودەی پاستتر: بژێوەكە لە سەر نزیكترەكەیان واجبە، هەرچەند مێیینەش بێو میراتگریش نەبێ: وەك كیژێكیژ و كوڕێكیژ، لەگەڵ كوڕێكوڕێكوڕ ﴿عن أبهريرةﷺ: قال رَجُلٌ مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ الصُّحْبَةِ؟ قَالَ النَّبِيُّﷺ: أُمُّكَ ثُمَّ أُمُّكَ ثُمَّ أُمُّكَ، ثُمَّ أَبُوكَ، ثُمَّ أَدْنَاكَ فَأَدْنَاكَ﴾ رواه مسلم، كێ شیاوترە بە جوانیی هاوڕێیەتی؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: دایكت، دایكت، دایكت، ئینجا باوكت، ئینجا نزیكترت، نزیكترت.
(فَإِنْ اِسْتَوَى) جا ئەگەر نزیكییان یەكسان بوو: وەك كیژێكوڕو كوڕێكیژ، ئەو كاتە (فَبِالإِرْثِ فِيالأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستردا: بە میراتگرتن بژێودانەكە ڕەچاو دەكرێ، كەواتە: لە سەر كیژەكوڕەكە واجبە، نەك لە سەر كوڕەكیژەكە (وَالثَّانِي) بە فەرموودەی دووەمی بێهێز: (بِالإِرْثِ) یەكەمجار بە میراتگرتن بژێودانەكە ڕەچاو دەكرێ، هەرچەند ئەوەكەیتریش نزیكتر بێ (ثُمَّ الْقُرْبِ) ئینجا نزیكی ڕەچاو دەكرێ، كەواتە: بەم فەرموودەیە: لە سەر كوڕێكوڕێكوڕەكە واجبە بژێوەكەی داپیرەو باپیرەكانی بداو لە سەر كیژێكیژو كوڕێكیژەكە واجب نیە؟ چونكە ئەو میراتگرەو ئەوانە میراتگر نین.
(وَالْوَارِثَانِ) دوو میراتگری لە یەك پلە: وەك كوڕێكو كیژێك (يَسْتَوِيَانِ أَمْ يُوَزَّعُ بِحَسَبِهِ؟) ئایا یەكسانن بۆ بژێودان، یان بەگوێرەی میراتگرتنەكەیان بە سەریاندا بەش دەكرێ؟ (وَجْهَانِ) دوو فەرموودە هەنە، بەهێزترەكەیان دەفەرموێ: بەگوێرەی میراتگرتن بە سەریاندابەش دەكرێ، كەواتە: كوڕەكە دوو بەشی بژێوەكەی دایكو باوكی دەدا، وَمَنْ لَهُ أَبَوَانِ فَعَلَى الأَبِ، وَقِيلَ عَلَيْهِمَا لِبَالِغٍ، أَوْ أَجْدَادٌ وَجَدَّاتٌ إِنْ أَدْلَى بَعْضُهُمْ بِبَعْضٍ فَالأَقْرَبُ، وَإِلاَّ فَبِالْقُرْبِ، وَقِيلَ الإِرْثُ، وَقِيلَ بِوِلاَيَةِالْمَالِ، وَمَنْ لَهُ أَصْلٌ وَفَرْعٌ فَفِي الأَصَحِّ عَلَىالْفَرْعِ وَإِنْ بَعُدَ، أَوْ مُحْتَاجُونَ يُقَدِّمُ زَوْجَتَهُ ثُمَّ الأَقْرَبَ،

كیژەكەش بەشێكی دەدا...بەم جۆرە (وَمَنْ لَهُ أَبَوَانِ) ئەو هەژارەی دایكو باوكی وێكڕا هەنە، ئەوە (فَعَلَىالأَبِ) بژێوەكەی تەنها لە سەر باوكیەتی، ئینجا لە سەر باپیرەیەتی، واتە: هەتا باوكو باپیرەو بە سەرەوەتر هەبن، بژێوی منداڵەكە: نە لە سەر دایكەكەیو نە لە سەر داپیرەكەی واجب نابێ، هەرچەند بلۆغیشی بوبێ، بەڵام ئەگەر منداڵەكە باوكو باپیرەی نەبو و هیچ مالێشینەبو، ئەو كاتە بژێوەكەی لە سەر دایكیەتی، هەروەك لە (مەرجەكانی پەروەردەكەر)دا ڕوون كراوەتەوە (وَقِيلَ عَلَيْهِمَا لِبَالِغٍ) لە فەرموودەیەكی بێهێزدا: بژێوەكە لە سەر دایكو باوكەكەیە بۆ ئەو منداڵەی بلۆغی بووە بەگوێرەی میرات.

(أَوْ أَجْدَادٌ) یان تەنها باپیرەکانی دایکی‌و باوکی وێکڕا کۆ بونەوە (أَوَجَدَّاتٌ) یان تەنها داپیرەکانی دایکی‌و باوکی وێکڕا کۆ بونەوە، ئەوە (إِنْ أَدْلَى بَعْضُهُمْ بِبَعْضٍ) ئەگەر باپیرەکان، یان داپیرەکان هەندێکیان بە هەندێکیان دەگەیشتنە منداڵەکە، ئەو کاتە (فَالأَقْرَبُ) کامەیان نزیکترە، واجبە: ئەویان بژێوەکە بدا (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر بە یەکتری نەدەگەیشتنە منداڵەکە، ئەو کاتەش (فَبِالْقُرْبِ) هەر بەنزیکی پەفتاردەکرێ‌و کامەیان نزیکترە ئەویان بژێوەکە دەدا، بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌ڕابردوو (وَقِيلَ الإِرْثُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بەگوێرەی میراتگرتن پەفتار دەکرێ (وَقِيلَ بِوِلاَيَةِ الْمَالِ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: بە سەرپەرشتیی‌مالّی پەفتار دەکرێ.

(وَمَنْ لَهُ أَصْلٌ وَفَرْعٌ) ئەو هەژارەی دایك‌و باوك‌و کوڕو کیژی هەنە (فَفِي‌الأَصَحِّ عَلَى‌الْفَرْعِ وَإِنْ بَعُدَ) لە فەرموودەی پاستتردا: بژێوەکەی لە سەر کوڕو کیژیەتی هەر چەند دووریش بن: وەك کوڕی‌کوڕو بەرەو خوارتر، کەواتە: تا تیرەی خوارەوە هەبێ، بژێوەکە لە سەر تیرەی سەرەوە واجب نابێ.

(أَوْ مُحْتَاجُونَ) یان ئەگەر کەسێك هەژارەکانی تیرەی سەرەوەو خوارەوەی وێکڕا هەبون‌و بژێوەکەش بەشی هەمووانی نەدەکرد، ئەو کاتە (يُقَدِّمُ زَوْجَتَهُ) پێش هەموویان واجبە: بژێوی ژنەکەی بدا، چونکە بە هیچ جۆرێك بژێوەکەی لا ناکەوێ‌و دەبێتە قەرز (ثُمَّ الأَقْرَبَ) ئینجا نزیکتر، جا نزیکترەکە وەپێش دێخێ، واتە: منداڵە بچوکەکان‌و شێتەکانی، ئینجا دایکی، ئینجا باوکی، ئینجا منداڵە بالغەکانی، ئینجا داپیرەکانی، ئینجا باپیرەکانی ﴿عن أبىهريرةﷺ: قال رَجُلٌ: يَارَسُولَ اللهِ عِنْدى دِينَارٌ؟ قَالَﷺ: أَنْفِقْهُ عَلَى نَفْسِكَ. قَالَ: عِنْدِى آخَرُ؟ قَالَﷺ: أَنْفِقْهُ عَلَى زَوْجَتِكَ. قَالَ: عِنْدى آخَرُ؟ قَالَﷺ: أَنْفِقْهُ عَلَى وَلَدِكَ...﴾الحديث رواه النسائى واصله فى صحيح مسلم، پیاوێك گوتی: ئەگەر دینارێکم هەبێ؟ پێغەمبەرﷺ وَقِيلَ: الْوَارِثَ، وَقِيلَ: الْوَلِيَّ.

(فَصْلٌ) اَلْحضَانَةُ حِفْظُ مَنْ لاَ يَسْتَقِلُّ وَتَرْبِيَتُهُ. وَالإِنَاثُ أَلْيَقُ بِهَا، وَأَوْلاَهُنَّ أُمٌّ ثُمَّ أُمَّهَاتٌ يُدْلِينَ بِإِنَاثٍ يُقَدَّمُ أَقْرَبُهُنَّ، وَالْجَدِيدُ تُقَدَّمُ بَعْدَهُنَّ أُمُّ أَبٍ ثُمَّ أُمَّهَاتُهَاالْمُدْلِيَاتُ بِإِنَاثٍ ثُمَّ أُمُّ أَبِأَبٍ كَذَلِكَ، ثُمَّ أُمُّ أَبِجَدٍّ كَذَلِكَ، وَالْقَدِيمُ: اَلأَخَوَاتُ وَالْخَالاَتُ عَلَيْهِنَّ،

فەرمووی: خۆتی پێ بژێنە، گوتی: دینارێکیترم هەبێ؟ فەرمووی: ژنەکەتی پێبژێنە، گوتی: دینارێکیترم هەبێ؟ فەرمووی: منداڵەکەت پێ بژێنە.

(وَقِيلَ الْوَارِثَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: میراتگرەکە وەپێش دێخی (وَقِيلَ الْوَلِيَّ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: سەرپەرشتکارەکە وەپێش دێخێ.

﴿ فَصْلٌ: **لە باسی** (اَلْحضَانَةُ): **پاپاستن‌و پەروەردەکردنی منداڵ** ﴾

واتەی (اَلْحضَانَةُ) لە شەرعدا: (حِفْظُ مَنْ لاَ يَسْتَقِلُّ وَتَرْبِيَتُهُ) پاراستن‌و پەروەردەکردنی ئەو

کەسەیە کە سەربەخۆ نیە: وەک منداڵو شێت، بەوەی لە خراپە بپارێزێو جلو لاشەی بشۆرێ، خواردەمەنیی بۆ ئامادە بکرێو لە بێشکەدا بژێندرێ تاکو بخەوێ.

(وَالإِنَاثُ أَلْيَقُ بِهَا) ئافرەتان شیاوترن بەو کارە (وَأَوْلاَهُنَّ أُمٌّ) لە هەموویانیش لەپێشتر دایکیمنداڵکەیە تا منداڵکە فامیدە دەبێ، چونکە لە گشتیان بە بەزەییترە، ئینجا کە فامیدە بوو، بەو شێوەیداهاتوو دەکرێتە سەرپشک ﴿عن عبدالله بن عَمرو رضي الله عنهما: أَنَّ اِمْرَأَةً قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ اِبْنِي هَذا كَانَ بَطْنِي لَهُ وِعَاءً وَثَدْيِي لَهُ سِقَاءً وَحِجْرِي لَهُ حِوَاءً، وَإِنَّ أَبَاهُ طَلَّقَنِي وَأَرَادَ أَنْ يَنْتَزِعَهُ مِنِّي؟ فَقالَ رَسُولُ اللهِﷺ: أَنْتِ أَحَقُّ بِهِ مَالَمْ تَنْكِحِي﴾ رواه أبوداود وأحمد وصححه الحاكم، ژنێکی تەلاقدراو گوتی: ئەم کوڕەی من زگەکەم کیسەیئەو بوو، مەمکم کوندەی ئەو بوو، کۆشم یاتاغی ئەو بوو، باوکیشی منی تەلاق داوەو دەیەوێ لە منی وەربگرێتەوە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: تۆ مافت زیاترە منداڵکەت لە لا بێ، تا مێردێکیتر ناکەی.

(ثُمَّ) ئینجا لە دوای دایک (أُمَّهَاتٌ يُدْلِينَ بِإِنَاثٍ) داپیرەکانی لەدایکی کە بە پوختەی مێیینەکان بگەنەوە دایکەکە (يُقَدَّمُ أَقْرَبُهُنَّ) نزیکترەکەیان وەپێش دێخرێ بۆ پەروەردەی منداڵکە، ئینجا (وَالْجَدِيدُ) بە فەرموودەیئوێ (تُقَدَّمُ بَعْدَهُنَّ أُمُّ أَبٍ) لە دوای داپیرەکانی لەدایکی، دایکیباوک وەپێش دێخرێ (ثُمَّ أُمَّهَاتُهَا الْمُدْلِيَاتُ بِإِنَاثٍ) ئینجا دایکی دایکیباوک کە بە پوختەی مێیینەکان بگەنەوە دایکە باوکەکە (ثُمَّ أُمُّ أَبِي أَبٍ كَذَلِكَ) ئینجا دایکی باوکیباوک، ئینجا دایکەکانی دایکیباوکیباوک (ثُمَّ أُمُّ أَبِي جَدٍّ كَذَلِكَ) ئینجا دایکی باوکیباپیرەو دایکەکانی ئەو دایکەش (وَالْقَدِيمُ) بە فەرموودەی کۆن (الأَخَوَاتُ وَالْخَالاَتُ عَلَيْهِنَّ) خوشکەکانیمنداڵکەو خوشکەکانیدایکیمنداڵکە، وەپێش دایکەکانی باوکو باپیرە دێخرێن؟ چونکە خوشکەکانی لە زگو پشتی خۆیەتی، هەم پێغەمبەریشﷺ وَتُقَدَّمُ أُخْتٌ عَلَى خَالَةٍ وَخَالَةٌ عَلَى بِنْتِ أَخٍ وَأُخْتٍ، وَبِنْتُ أَخٍ وَأُخْتٍ عَلَى عَمَّةٍ، وَأُخْتٌ مِنْ أَبَوَيْنِ عَلَى أُخْتٍ مِنْ أَحَدِهِمَا، وَالأَصَحُّ تَقْدِيمُ أُخْتٍ مِنْ أَبٍ عَلَى أُخْتٍ مِنْ أُمٍّ وَخَالَةٍ وَعَمَّةٍ لأَبٍ عَلَيْهِمَا لأُمٍّ، وَسُقُوطُ كُلِّ جَدَّةٍ لاَ تَرِثُ دُونَ أُنْثَى غَيْرِ مَحْرَمٍ كَبِنْتِ خَالَةٍ، وَتَثْبُتُ لِكُلِّ ذَكَرٍ مَحْرَمٍ وَارِثٍ عَلَى تَرْتِيبِ الإِرْثِ، وَكَذَا غَيْرُ مَحْرَمٍ كَابْنِ عَمٍّ عَلَىالصَّحِيحِ، وَلاَ تُسَلَّمُ إِلَيْهِ مُشْتَهَاةٌ بَلْ إِلَى ثِقَةٍ يُعَيِّنُهَا، فَإِنْ فُقِدَ الإِرْثُ وَالْمَحْرَمِيَّةُ أَوْ الإِرْثُ فَلاَ فِىالأَصَحِّ، وَإِنْ اِجْتَمَعَ ذُكُورٌ وَإِنَاثٌ فَالأُمُّ ثُمَّ أُمَّهَاتُهَا ثُمَّ الأَبُ،

دەفەرموێ: ﴿اَلْخَالَةُ بِمَنْزِلَةِ الأُمِّ﴾ رواه البخاری، خوشکی دایک لە پلەی دایکە. ئینجا (وَتُقَدَّمُ أُخْتٌ عَلَى خَالَةٍ) خوشك وەپێش خوشکیدایك دێخرێ، هەم (وَخَالَةٌ عَلَى بِنْتِ أَخٍ وَأُخْتٍ) خوشکیدایکیش وەپێش کیژیبراو کیژیخوشك دێخرێ، هەم (وَبِنْتُ أَخٍ وَأُخْتٍ عَلَى عَمَّةٍ) کیژیبراو کیژیخوشك وەپێش خوشکیباوک دێخرێن (وَأُخْتٌ مِنْ

أَبَوَيْنِ عَلَى أُخْتٍ مِنْ أَحَدِهِمَا) خوشکی لەدایکوباوکی وەپێش خوشکی تەنها لەدایکیو تەنها لەباوکی دێخرێ (وَالأَصَحُّ تَقْدِيمُ أُخْتٍ مِنْ أَبٍ عَلَى أُخْتٍ مِنْ أُمٍّ) بە فەرموودەی پاستتر: خوشکی لەباوکی وەپێش خوشکی لەدایکی دێخرێ (وَخَالَةٍ وَعَمَّةٍ لأَبٍ عَلَيْهِمَا لأُمٍّ) هەم خوشکیدایکو خوشکیباوک کە تەنها لەباوکی بن، وەپێش ئەو خوشکەدایکو خوشکەباوکە دێخرێن کە تەنها لەدایکین، هەم (وَسُقُوطُ كُلِّ جَدَّةٍ لاَ تَرِثُ) بە فەرموودەی پاستتر: هەر داپیرەیەک میراتگر نەبێ مافی پەروەردەکەی نیە (دُونَ أُنْثَى غَيْرِمَحْرَمٍ كَبِنْتِ خَالَةٍ) بەڵام ئەو مێیینەی مەحرەم نیە مافی هەیە: وک کیژە پورو کیژە مامو کیژە خاڵ.
(وَ) هەروەها (تَثْبُتُ) مافی پاراستنو پەروەردەکردنی شێتەکەو منداڵەکە جێگیر دەبێ (لِكُلِّ ذَكَرٍ مَحْرَمٍ وَارِثٍ) بۆ گشت نێرینەیەکی مەحرەمی میراتگر: وەک باوکو باپیرەو براو مام (عَلَىٰترتِيبِ الإِرْثِ) لە سەر پیزی میراتگرتن (وَكَذَا غَيْرُ مَحْرَمٍ كَابْنِ عَمٍّ) هەروەها ئەگەر میراتگرەکە مەحرەمیش نەبێ: وەکو کوڕەمام، هەر مافی هەیە (عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی پاست، بەڵام (وَلاَ تُسَلَّمُ إِلَيْهِ مُشْتَهَاةٌ) کیژێکی وەها کە حەزیلێبکرێ، نابێ تەسلیمی نامەحرەمەکە بکرێ (بَلْ إِلَى ثِقَةٍ) بەڵکو تەسلیمی ژنێکی باوەڕپێکراو دەکرێ کە (يُعَيِّنُهَا) نامەحرەمەکە دیاریی دەکا (فَإِنْ فُقِدَ الإِرْثُ وَالْمَحْرَمِيَّةُ) جا ئەگەر نێرینەکە میراتگرایەتیو مەحرەمیەتیی نەبو: وەکو کوڕەخاڵو کوڕەپور (أَوِ الإِرْثُ) یان تەنها میراتگریەتیی نەبو: وەکو خاڵو باوکیدایک، ئەو کاتە (فَلاَ فِيالأَصَحِّ) مافی پەروەردەکردنەکەی نیە لە فەرموودەی پاستتردا.
(وَإِنْ اِجْتَمَعَ ذُكُورٌ وَإِنَاثٌ) ئەگەر نێرینەکانو مێیینەکان وێکڕا کۆ بونەوە، ئەو کاتە (فَالأُمُّ) دایکەکە لە هەموویان لەپێشترە، بە بەڵگەی حەدیسەکەیڕابردوو (ثُمَّ أُمَّهَاتُهَا) ئینجا دایکەکانیدایک لەپێشترن (ثُمَّ الأَبُ) ئینجا باوک لەپێشترە، ئینجا دایکیباوک، ئینجا وَقِيلَ تُقَدَّمُ عَلَيْهِ الْخَالَةُ وَالأُخْتُ مِنَ الأُمِّ، وَيُقَدَّمُ الأَصْلُ عَلَىالْحَاشِيَةِ، فَإِنْ فُقِدَ فَالأَصَحُّ اَلأَقْرَبُ، وَإِلاَّ فَالأُنْثَى، وَإِلاَّ فَيُقْرَعُ، وَلاَ حَضَانَةَ لِرَقِيقٍ وَمَجْنُونٍ وَفَاسِقٍ وَكَافِرٍ عَلَى مُسْلِمٍ وَنَاكِحَةِ غَيْرِأَبِالطِّفْلِ إِلاَّ عَمَّهُ وَابْنَ عَمِّهِ وَابْنَ أَخِيهِ فِي الأَصَحِّ، وَإِنْ كَانَ رَضِيعًا

باوکیباوک، بەڵام ئەگەر شێتێک دایکو باوکی خۆی نەبو و کیژێکیخۆی هەبوو، ئەو کاتە کیژەکە لە داپیرەو باپیرە لەپێشترە، هەروەک لە (تحفة)دا پوون کراوەتەوە (وَقِيلَ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: (تُقَدَّمُ عَلَيْهِ الْخَالَةُ وَالأُخْتُ مِنَ الأُمِّ) خوشکیدایکو خوشکی لەدایکی وەپێش باوکیش دێخرێن.
(وَيُقَدَّمُ الأَصْلُ عَلَىالْحَاشِيَةِ) تیرەی سەرەوە—نێرو مێ— وەک دایکو باوکو بە سەرەوەتر، وەپێش خزمەکانی دەوروبەر دێخرێن: کە خوشکو براو مامو پورن، ئینجا (فَإِنْ فُقِدَ) ئەگەر لە تیرەی سەرەوە هیچ کەسێک نەبو، ئەو کاتە (فَالأَصَحُّ الأَقْرَبُ) بە فەرموودەی پاستتر:

لە خزمەکانی دەوروبەر کامەیان نزیکترە، ئەویان وەپێش دێخرێ: جا نێر بێ، یان مێ (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر نزیکتر نەبو، بەڵکو گشتیان یەکسان بون: وکو خوشک و برا، ئەو کاتە (فَالأُنْثَى) مێیەکە وەپێش نێرەکە دێخرێ (وَإِلاَّ) ئەگەر نێرو مێ نەبون، بەڵکو گشتیان نێر، یان مێ بون (فَيُقْرَعُ) ئەو کاتە پشکە لە نێوانیاندا دەکرێ، تاکو کێشەکە ببڕێتەوە.

﴿ مەرجەکانی پەروەردەکەرەکە ﴾

(وَلاَ حَضَانَةَ لِرَقِيقٍ) مافی پەروەردەکردنی شێتو منداڵ بۆ کۆیلە نیە، هەم (وَمَجْنُونٍ) بۆ شێت نیە، هەم (وَفَاسِقٍ) بۆ فاسق نیە، هەم (وَكَافِرٍ عَلَى مُسْلِمٍ) بۆ کافریش لە سەر موسوڵمان نیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَنْ يَجْعَلَ اللهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَىالْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً﴾ خوای گەورە هیچ ڕێگایەکی بۆ کافران لە سەر موسوڵمانان دانەناوە. بەڵام دروستە کافر پەروەردەی کافر بکا.

(وَ) هەروەها (نَاكِحَةِ غَيْرِ أَبِيالطِّفْلِ) ئەو ئافرەتەی شووی بە پیاوێکیتری جگە لە باوکی منداڵەکە کردوە، مافی پەروەردەکردنی منداڵەکەی نیە، هەرچەند مێردە نوێیەکەش پازی بێ، بە بەڵگەی حەدیسەکەی ڕابردوو، کەوابو: لەو حاڵەتەدا مافی پەروەردەکردنی منداڵەکە دەدرێتەدایکیدایکی، بەڵام ئەگەر مێردەکەو باوکی منداڵەکە هەردووک پازی بن، ئەو کاتە دایکەکە مافی هەر دەمێنێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(إِلاَّ عَمَّهُ وَابْنَ عَمِّهِ وَابْنَ أَخِيهِ) تەنها ئەگەر شووی بە مامیمنداڵەکە، یان بە کوڕەمامی منداڵەکە، یان بە کوڕەبرای منداڵەکە کردبێ، ئەو کاتەش مافی پەروەردەکردنی دەمێنێ(فِي الأَصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستتردا، چونکە ئەوانەش مافی پەروەردەکردنیان هەیە، کەوابو: ئەو ئافرەتەی شووی بە باوکی منداڵەکە کردوە: وەک خوشکیدایکی منداڵەکە، ئەوە باشتر مافی پەروەردەی هەیە (وَإِنْ كَانَ رَضِيعًا) ئەگەر منداڵەکە

أُشْتُرِطَ أَنْ تُرْضِعَهُ عَلَىالصَّحِيحِ، فَإِنْ كَمُلَتْ نَاقِصَةٌ أَوْ طُلِّقَتْ مَنْكُوحَةٌ حَضَنَتْ، وَإِنْ غَابَتِ الأُمُّ أَوْ امْتَنَعَتْ فَلِلْجَدَّةِ عَلَىالصَّحِيحِ، هَذَا كُلُّهُ فِي غَيْرِمُمَيِّزٍ، وَالْمُمَيِّزُ إِنْ افْتَرَقَ أَبَوَاهُ كَانَ عِنْدَ مَنْ اخْتَارَ مِنْهُمَا،

شیرخۆر بێ (أُشْتُرِطَ أَنْ تُرْضِعَهُ عَلَىالصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست بە مەرج داندراوە: ژنەکە شیریخۆی بداتە منداڵەکە، بەڵام بۆی دروستە کرێی شیردانەکەش وەربگرێ، هەروەک بۆی دروستە کرێی پەروەردەکردنەکەش وەربگرێ، جا ئەگەر شیری تێدا بوو و شیری نەدایێ، مافی پەروەردەکردنی نامێنێ، بەڵام ئەگەر شیری تێدا نەبێ، ئەو کاتە مافی هەر دەمێنێ، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە، هەم فەرموویانە مەرجە: پەروەردەکەرەکە نەخۆشیەکی پیسی بەردەوامی نەبێ: وەکو سیلو بەڵەکیو گڕووەتیو شەلەپەتەیی، هەم گێلەکەو مالێ بەفیڕۆدەر نەبێو نەبالغیش نەبێ.

(فَإِنْ كَمُلَتْ نَاقِصَةٌ) جا ئەگەر ئافرەتێکی‌ناتەواو ناتەواویەکەی نەماو کاملێ بوو: وەک کافرەکە موسوڵمان ببێ، یان فاسقەکە تۆبە بکا، یان شێتەکە چاک ببێتەوە (أَوْ طُلِّقَتْ مَنْكُوحَةٌ) یان مارەبڕاوێکی پیاوێکی‌بێگانە تەلاق درا، ئەوە لەو حاڵەتانەدا (حَضَنَتْ) پەرەوەردەی منداڵەکە دەکا، چونکە ڕێگرەکەی پەروەردەکردن نەماوە.

(وَإِنْ غَابَتِ الأُمُّ) ئەگەر دایکی‌منداڵەکە لەو شوێنە حازر نەبو (أَوْ امْتَنَعَتْ) یان پەروەردەی منداڵەکەی نەکرد، یان مرد، یان شێت بوو، لەو حاڵەتانەدا (فَلِلْجَدَّةِ عَلَى‌الصَّحِيحِ) لە سەر فەرموودەی ڕاست: مافی پەروەردەکردنی منداڵەکە بۆ دایکی‌دایکیەتی.

بەڵام ئەگەر منداڵەکە باوک‌و باپیرەو بە سەرەوەتری نەمابێو هیچ ماڵیشی نەبێ، ئەو کاتە دایکەکە زۆری لێدەکرێ پەروەردەی بکاو بژێوەکەشی بدا، هەروەک لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(هَذَا كُلُّهُ فِي غَيْرِ مُمَيِّزٍ) ئەوەی لە سەرەتای باسەکەوە تا ئێرە: لەبارەی شێتو منداڵێکی نەفام بوو تا فامیدە دەبێ، واتە: چاکەو خراپە بزانێو بەخۆی خواردن بخواو تارەت بکا، ئینجا کە ئەو منداڵە فامیدە بوو، هەم (وَالْمُمَيِّزُ) ئەو منداڵەش کە لە کاتی لێکجیابوونەوەی دایکو باوکی فامیدەیە (إِنْ افْتَرَقَ أَبَوَاهُ) ئەگەر دایکو باوکی لێک جیابونەوە، ئەوە لە هەردوو حاڵەتدا دەکرێتە سەرپشک، ئینجا (كَانَ عِنْدَ مَنْ اخْتَارَ مِنْهُمَا) لە لای ئەوەیان دادەندرێ کە بە خۆی هەڵیدەبژێرێ لە دایکو باوکەکەی، جیاوازی کوڕو کیژ نیە ﴿عن أبي هريرة رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لِغُلاَمٍ: يَا غُلاَمُ هَذا أَبُوكَ وَهَذِهِ أُمُّكَ فَخُذْ بِيَدِ أَيِّهِمَا شِئْتَ؟ فَأَخَذَ بِيَدِ أُمِّهِ فانْطَلَقَتْ بِهِ﴾ رواه اصحاب السنن بسند صحيح، پێغەمبەر ﷺ بە کوڕێکی فامیدەی فەرموو: ئەمە باوکتەو ئەمەش دایکتە، کامەیان پێت خۆشە دەستی بگرە. جا منداڵەکەش دەستی دایکی گرتو دایکەکەی لەگەڵ خۆیا بردی.

فَإِنْ كَانَ فِيهِمَا جُنُونٌ أَوْ كُفْرٌ أَوْ رِقٌّ أَوْ فِسْقٌ أَوْ نَكَحَتْ فَالْحَقُّ لِلآخَرِ، وَيُخَيَّرُ بَيْنَ أُمٍّ وَجَدٍّ، وَكَذَا أَخٌ أَوْ عَمٌّ أَوْ أَبٌ مَعَ أُخْتٍ أَوْ خَالَةٍ فَالأَصَحِّ، فَإِنْ اخْتَارَ أَحَدَهُمَا ثُمَّ الآخَرَ حُوِّلَ إِلَيْهِ، فَإِنْ اخْتَارَ الأَبَ ذَكَرٌ لَمْ يَمْنَعْهُ زِيَارَةَ أُمِّهِ، وَيَمْنَعُ أُنْثَى، وَلاَ يَمْنَعُهَا دُخُولاً عَلَيْهِمَا زَائِرَةً، وَالزِّيَارَةُ مَرَّةً فِي‌أَيَّامٍ، فَإِنْ مَرِضَا فَالأُمُّ أَوْلَى بِتَمْرِيضِهِمَا، فَإِنْ رَضِيَ بِهِ فِي بَيْتِهِ، وَإِلاَّ فَفِي بَيْتِهَا، وَإِنْ اخْتَارَهَا ذَكَرٌ فَعِنْدَهَا لَيْلاً وَعِنْدَالأَبِ نَهَارًا، وَيُؤَدِّبُهُ

(فَإِنْ كَانَ فِي أَحَدِهِمَا جُنُونٌ أَوْ كُفْرٌ أَوْ رِقٌّ أَوْ فِسْقٌ) جا ئەگەر لە یەکێک لە دایکو باوکەکەدا شێتی، یان کافری، یان کۆیلەیی، یان فاسقی هەبێ (أَوْ نَكَحَتْ) یان ژنەکە شووی بە بێگانەیەک کرد، لەو حاڵەتانەدا (فَالْحَقُّ لِلآخَرِ) مافی لە لا داندرانی منداڵەکە بۆ ئەوەکەی‌ترەو بە هەڵبژاردنی منداڵەکە ڕەفتار ناکرێ.

(وَ) هەروەها (يُخَيَّرُ بَيْنَ أُمٍّ وَجَدٍّ) منداڵەکە دەکرێتە سەرپشک لە نێوان

دایکی‌و باپیره‌یدا، هەروەها ئەگەر دایك نەبێ، ئەو کاتە دەکرێتە سەرپشك لە نێوان باوکی‌و دایکی‌دایکی‌دا، جا ئەگەر باوکیش نەبێ، ئەو کاتە دەکرێتە سەرپشك لە نێوان باپیرەو باپیرەی‌دا (وَكَذَا أَخٌ أَوْ عَمٌّ أَوْ أَبٌ) هەروەها منداڵە فامیدەکە دەکرێتە سەرپشك لە نێوان برا، یان مام، یان باوك (مَعَ أُخْتٍ أَوْ خَالَةٍ) کە لە گەڵ خوشکی‌خۆی ، یان خوشکی دایکی‌دا بن (فِی‌الأَصَحِّ) لە فەرموودەی پاستتردا.

(فَإِنْ اِخْتَارَ أَحَدَهُمَا) جا ئەگەر فامیدەکە یەکێکیانی هەڵبژارد: لە دایك‌و باوکی، یان لە خزمەکانی‌تر (ثُمَّ الآخَرَ) ئینجا پەشیمان بۆوەو ئەوەکەی‌تری هەڵبژارد، ئەو کاتە (حُوِّلَ إِلَيْهِ) دەگوازرێتەوە لای وی، بەڵام ئەگەر لەبەر کەم فامی ئەوەکەی‌تری هەڵبژاردبۆوە، ئەو کاتە هەر لە لای دایکی دادەندرێ، هەروەك لەزۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(فَإِنْ اِخْتَارَ الأَبَ ذَكَرٌ) جا ئەگەر نێرینەیەکی فامیدە باوکەکەی هەڵبژارد، ئەوە (لَمْ يَمْنَعْهُ زِيَارَةَ أُمِّهِ) دروست نیە لە سەردانی دایکی قەدەغەی بکا، بەڵام (وَيَمْنَعُ أُنْثَى) بۆی دروستە مێیینە قەدەغە بکا لە سەردانی‌دایکی (وَلاَ يَمْنَعُهَا دُخُولاً عَلَيْهِمَا زَائِرَةً) هەروەها بۆ باوکەکە دروست نیە قەدەغە بکا: دایکەکە بێتە لای کوڕو کیژەکەی بۆ سەردانیان، بەڵام نابێ زۆر بمێنێتەوە، ئینجا (وَالزِّيَارَةُ مَرَّةً فِی أَيَّامٍ) سەردانیش جارێکە لە چەند ڕۆژێکدا.

(فَإِنْ مَرِضَا) جا ئەگەر کوڕو کیژەکە نەخۆش کەوتن، ئەوە (فَالأُمُّ أَوْلَى بِتَمْرِيضِهِمَا) دایکەکە لەپێشترە بۆ پەرستاری=ئاگالێبوونیان (فَإِنْ رَضِيَ بِهِ فِی بَيْتِهِ) جا ئەگەر باوکەکە ڕازی بوو، ئەوە هەر لە ماڵی‌باوکەکە خزمەتیان دەکا (وَإِلاَّ فَفِی بَيْتِهَا) ئەگەر ڕازیش نەبو، ئەو کاتە دایکەکە لە ماڵی‌خۆی خزمەتیان دەکا.

(وَإِنْ اِخْتَارَهَا ذَكَرٌ) ئەگەر نێرینەیەکی فامیدە دایکەکەی هەڵبژارد، ئەوە (فَعِنْدَهَا لَيْلاً) شەوێ لە لای دایکی دەبێ (وَعِنْدَ الأَبِ نَهَارًا) ڕۆژیش لە لای باوکی دەبێ (وَيُؤَدِّبُهُ) واجبە: وَيُسَلِّمُهُ لِمَكْتَبٍ أَوْ حِرْفَةٍ، أَوْ أُنْثَى فَعِنْدَهَا لَيْلاً وَنَهَارًا وَيَزُورُهَاالأَبُ عَلَىالْعَادَةِ، وَإِنْ اِخْتَارَهُمَا أَقْرَعَ، فَإِنْ لَمْ يَخْتَرْ فَالأُمُّ أَوْلَى، وَقِيلَ يُقْرَعُ، وَلَوْ أَرَادَ أَحَدُهُمَا سَفَرَ حَاجَةٍ كَانَ الْوَلَدُ الْمُمَيِّزُ وَغَيْرُهُ مَعَ الْمُقِيمِ حَتَّى يَعُودَ، أَوْ سَفَرَ نُقْلَةٍ فَالأَبُ أَوْلَى بِشَرْطِ أَمْنِ طَرِيقِهِ وَالْبَلَدِالْمَقْصُودِ، قِيلَ وَمَسَافَةُ قَصْرٍ، وَمَحَارِمُ الْعَصَبَةِ فِهَذَا كَالأَبِ، وَكَذَا ابْنُ عَمٍّ لِذَكَرٍ

باوکەکە کوڕەکەی فێرە ڕەوشتی باش‌و کاروباری ئایینی بکاو هەم (وَيُسَلِّمُهُ لِمَكْتَبٍ) واجبە: بینێرێتە خوێندنگا بۆ خوێندن (أَوْ حِرْفَةٍ) یان بیداتە دەست خاوەن پیشەیەك تاکو لەی فێرە پیشەیەك ببێ: کە پیشەکە شیاوی بنەماڵەکەیان بێ، جا کرێی فێرکردنی خوێندن‌و پیشەکە لە ماڵی کوڕەکە دەدرێ، جا ئەگەر ماڵی نەبو، ئەو کاتە بژێوەکەی لە سەر کێیە، هەر ئەو کەسەش کرێیەکە دەدا.

(أَوْ أُنْثَى) یان ئەگەر مێیینە دایکەکەی هەڵبژارد، ئەوە (فَعِنْدَهَا لَيْلاً وَنَهَارًا) شەوێ‌و ڕۆژێ

هەر لە لای دایکی دەبێ و (وَيَزُورُهَا الأَبُ عَلَىٰالْعَادَةِ) باوکەکەش بەگوێرەی عادەت سەردانی دەکا (وَإِنْ اِخْتَارَهُمَا) ئەگەر منداڵێکیفامیدە –کوڕ، یان کیژ– دایك و باوکی وێکڕا هەڵبژاردن و گوتی: لە لای هەردووکیان دەبم. ئەو کاتە (أُقْرِعَ) پشکە لە نێوان دایك و باوکەکە دەکرێ (فَإِنْ لَمْ يَخْتَرْ) بەڵام ئەگەر هیچیانی هەڵنەبژارد، ئەو کاتە (فَالأُمُّ أَوْلَى) دایکەکە لەپێشترە (وَقِيلَ يُقْرَعُ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا پشکە دەکرێ.

(وَلَوْ أَرَادَ أَحَدُهُمَا سَفَرَ حَاجَةٍ) ئەگەر دایکەکە، یان باوکەکە ویستی بۆ پێویستیەك بڕواتە سەفەر: وەك حەجو بازرگانی، ئەو کاتە (كَانَ الْوَلَدُ الْمُمَيِّزُ وَغَيْرُهُ مَعَ الْمُقِيمِ حَتَّى يَعُودَ) منداڵە فامیدەکەو منداڵە نەفامەکە لە لای ئەوەیان دەمێنێتەوە کە لە ماڵەوەیە تا بەسەفەرچووەکە دەگەڕێتەوە.

(أَوْ سَفَرَ نُقْلَةٍ) یان ئەگەر دایکەکە، یان باوکەکە ویستی ماڵی خۆی بگوازێتەوە بۆ شارێکیتر، یان گوندێکیتر، ئەو کاتە (فَالأَبُ أَوْلَى) باوکەکە لەپێشترە: منداڵەکەی لە لا دابندرێ و هەم لەگەڵ خۆیشیا بیباتە شوێنەکە (بِشَرْطِ أَمْنِ طَرِيقِهِ) بەو مەرجەی ڕێگایەکەی ئەمین بێ و هەم (وَالْبَلَدِ الْمَقْصُودِ) شوێنە مەبەستەکەش ئەمین بێ، واتە: لەو حاڵەتەدا لە لای دایکی داناندرێ، هەر چەند دایکەکە لە شوێنەکەشدا نیشتەجێ بێ، چونکە باوکەکان نەژادی منداڵەکانیان دەپارێزن (قِيلَ وَمَسَافَةُ قَصْرٍ) لە فەرموودەیەکی بێهێزدا: مەرجە سەفەرەکە بە ئەندازەی کورتکردنەوەی نوێژ بێ.

(وَمَحَارِمُ الْعَصَبَةِ فِي هَذَا كَالأَبِ) پیاوە مەحرەمەکانی پشتێ: وەك باپیرەو براو مام گشتیان لە مەسەلەی ماڵگواستنەوەدا وەکو باوك بڕیاریان بۆ دەدرێ و لە دایکەکە لەپێشترن و منداڵەکە دەدرێتە ئەوان (وَكَذَا ابْنُ عَمٍّ لِذَكَرٍ) هەروەها کوڕەمامیش لەو وَلاَ يُعْطَى أُنْثَى، فَإِنْ رَافَقَتْهُ بِنْتُهُ سُلِّمَ إِلَيْهَا.

(فَصْلٌ) عَلَيْهِ كِفَايَةُرَقِيقِهِ نَفَقَةً وَكِسْوَةً وَإِنْ كَانَ أَعْمَى زَمِنًا وَمُدَبَّرًا وَمُسْتَوْلَدَةً مِنْ غَالِبِ قُوتِ رَقِيقِ الْبَلَدِ وَأُدْمِهِمْ وَكِسْوَتِهِمْ، وَلاَ يَكْفِي سَتْرُالْعَوْرَةِ، وَسُنَّ أَنْ يُنَاوِلَهُ مِمَّا يَتَنَعَّمُ بِهِ مِنْ طَعَامٍ وَأُدْمٍ وَكِسْوَةٍ، وَتَسْقُطُ بِمُضِيِّ الزَّمَانِ وَيَبِيعُ الْقَاضِي فِيهَا مَالَهُ، فَإِنْ فُقِدَ الْمَالُ أَمَرَهُ بِبَيْعِهِ أَوْ إِعْتَاقِهِ، وَيُجْبِرُ أَمَتَهُ عَلَى إِرْضَاعِ وَلَدِهَا، وَكَذَا غَيْرِهِ إِنْ فَضَلَ عَنْهُ، وَفَطْمِهِ قَبْلَ حَوْلَيْنِ إِنْ لَمْ يَضُرَّهُ،

مەسەلەیەدا وەکو باوکە بۆ نێرینە، بەڵام (وَلاَ يُعْطَى أُنْثَى) مێیینەی حەزلێکراو نادرێتە دەستی، نەوەك بێ شەرعی ڕوو بدا، کەوابو: (فَإِنْ رَافَقَتْهُ بِنْتُهُ) ئەگەر کوڕە مامەکە کیژێکیخۆی، یان خوشکێکیخۆی هاوڕێیەتیی بکا، ئەو کاتە (سُلِّمَ إِلَيْهَا) مێیینەکە دەدرێتە دەست ئەو ئافرەتە.

﴿ فَصْلٌ: له باسی بەخێوکردنی کۆیلەو ئاژەڵ ﴾

(عَلَيْهِ كِفَايَةُ رَقِيقِهِ) له سەر گەورەکە واجبە: پێویستی کۆیلەکە چەندە ئەوەندەی بداتێ (نَفَقَةً وَكِسْوَةً) لە بژێو و پێخۆرو جلو بەرگو نیشتەجێکردن (وَإِنْ كَانَ أَعْمَى زَمِنًا) هەرچەند کۆیلەکە کۆرەو پەککەوتووش بێو (وَمُدَبَّرًا وَمُسْتَوْلَدَةً) لە دوای مردن ئازادی دراببێتو دایکە منداڵیش بێ (مِنْ غَالِبِ قُوتِ رَقِيقِ الْبَلَدِ وَأُدْمِهِمْ) لەو خواردەمەنیەی بداتێ کە کۆیلەکانی شارەکە دەیکەنە بژێو و پێخۆر، هەم (وَكِسْوَتِهِمْ) لەو بەرگەش کە دەیکەنە بەرگ (وَلاَ يَكْفِي سَتْرُ الْعَوْرَةِ) داپۆشەری عەورەت بەس نیە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿لِلْمَمْلُوكِ طَعَامُهُ وَكِسْوَتُهُ وَلاَ يُكَلَّفُ مِنَ الْعَمَلِ مَا لاَيُطِيقُ﴾ رواه مسلم، کۆیلە مافی خواردەمەنیو جلی خۆی هەیەو داوای ئەو کارەشی لێناکرێ کە ناتوانێ بیکا.

(وَسُنَّ أَنْ يُنَاوِلَهُ مِمَّا يَتَنَعَّمُ بِهِ) سوننەتە گەورەکە بداتە کۆیلەکەی لەو شتەی بەخۆی لەزەتی لێدەبینێ: (مِنْ طَعَامٍ وَأُدْمٍ وَكِسْوَةٍ) لە خواردەمەنیو پێخۆرو جلو بەرگ.

(وَتَسْقُطُ بِمُضِيِّ الزَّمَانِ) بە تێپەڕبوونی کات بژێوەکە لە سەر گەورەکە لادەکەوێو نابێتە قەرز لە سەری (وَيَبِيعُ الْقَاضِي فِيهَا مَالَهُ) قازی مالی گەورەکە دەفرۆشێ بۆ بەخێوکردنی کۆیلەکەی، ئەگەر گەورەکە بەخێوی نەکا، یان حازر نەبێ (فَإِنْ فُقِدَ الْمَالُ) جا ئەگەر گەورەکە هیچ مالی نەبو، ئەو کاتە (أَمَرَهُ بِبَيْعِهِ أَوْ إِعْتَاقِهِ) قازی فەرمانی دەداتێ: یان کۆیلەکە بفرۆشێ، یان ئازادی بکا، جا ئەگەر هیچ لایەکی نەکرد، ئەو کاتە قازی: یان دەیفرۆشێ، یان بەکرێی دەداو لە کرێیەکەی بەخێوی دەکا.

(وَيُجْبِرُ أَمَتَهُ عَلَى إِرْضَاعِ وَلَدِهَا) بۆ گەورەکە دروستە زۆر لە (جارية)کەی بکا بۆ ئەوەی شیر بداتە منداڵەکەی (وَكَذَا غَيْرِهِ إِنْ فَضَلَ عَنْهُ) هەروەها زۆری لێدەکا شیر بداتە منداڵێتریش ئەگەر لە منداڵەکەیخۆی زیاد بێ، هەم (وَقَبْلَ حَوْلَيْنِ إِنْ لَمْ يَضُرَّهُ)

وَإِرْضَاعِهِ بَعْدَهُمَا إِنْ لَمْ يَضُرَّهَا، وَلِلْحُرَّةِ حَقٌّ فِي حَوْلَيْنِ، وَلَهُمَا إِنْ لَمْ يَضُرَّهُ، وَلأَحَدِهِ وَلاَ يُكَلِّفُ رَقِيقَهُ إِلاَّ عَمَلاً يُطِيقُهُ، وَيَجُوز مخارجته بِسَرْطِ رِضَاهما، وَهِيَ خَرَاجٌ يُؤَدِّيهِ كُلَّ يَوْمٍ أَوْ أُسْبُوعٍ، وَعَلَيْهِ عَلْفُ دَوَابِّهِ وَسَقْيُهَا، فَإِنْ اِمْتَنَعَ

منهاج- بەرگیچوارەم-29

دروستە زۆری لێبکا منداڵەکە لە شیر بکاتەوە پێش تەمەنی دوو ساڵی تەواو بکا، بەو مەرجەی زیان لە منداڵەکە نەدا، هەم (وَإِرْضَاعِهِ بَعْدَهُمَا إِنْ لَمْ يَضُرَّهَا) زۆری لێبکا لە دوای تەمەنی دوو ساڵیش شیر بداتە منداڵەکەی بەو مەرجەی زیان لە (جارية)کە نەدا.

(وَلِلْحُرَّةِ حَقٌّ فِي التَّرْبِيَةِ) ئافرەتی ئازاد مافێکی لە پەروەردەی منداڵەکەیدا هەیە، کەوابو: (فَلَيْسَ لأَحَدِهِمَا قَطْمُهُ) بە تەنها نە بۆ دایکو نە بۆ باوک دروست نیە -بێ ڕازیبوونی ئەویتر- منداڵەکەی لە شیر بکاتەوە (قَبْلَ حَوْلَيْنِ) پێش ئەوەی تەمەنی دوو ساڵی تەواو

بکا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ﴾ دەبی دایکان دوو ساڵی تەواو شیر بدەنە منداڵەکانیان، ئەو فەرمانە بۆ ئەوکەسەیە کە بیەوێ شیردانەکە تەواو بکا.

(وَلَهُمَا إِنْ لَمْ يَضُرَّهُ) بۆ دایکو باوکەکە دروستە پێك بکەوێو بە پازیبوونی هەردووکیان پێش تەواوبوونی دوو ساڵەکە منداڵەکە لە شیر بکەنەوە، بەو مەرجەی زیان لە منداڵەکە نەدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾ ئەگەر دایکو باوکەکە ویستیان پێش دوو ساڵەکە منداڵەکەیان لە شیر بکەنەوە، بە پازیبوونی هەردووکیانو بە ڕاوێژکاری، ئەوە هیچ گوناهێکیان لە سەر نیە.

(وَلأَحَدِهِمَا بَعْدَ حَوْلَيْنِ) لە دوای تەواوبوونی دوو ساڵەکە بۆ تەنها یەکێکیشیان دروستە لە شیری بکاتەوە، هەم (وَلَهُمَا الزِّيَادَةُ) بۆ هەردووکیشیان دروستە بە ڕێککەوتن لە دوو ساڵەکە زیاتر شیری بدەنێ، بەو مەرجەی زیانی لێنەدا.

(وَلاَ يُكَلِّفُ رَقِيقَهُ إِلاَّ عَمَلاً يُطِيقُهُ) نابێ داوا لە کۆیلەکەی‌خۆی بکا تەنها ئەو کارە نەبێ کە لە توانای‌دایە، بە بەڵگەی حەدیسەکەی‌ڕابردوو.

(وَيَجُوزُ مُخَارَجَتُهُ) دروستە مامڵەتی‌خەرجیەش لەگەڵ کۆیلەکەی بکاو ئیزنی بدا بۆ خۆی کەسابەت بکا (بِشَرْطِ رِضَاهُمَا) بەو مەرجەی گەورەکەو کۆیلەکە هەردووکیان ڕازی بن (وَهِيَ) خەرجیە ئەمەیە: (خَرَاجٌ يُؤَدِّيهِ كُلَّ يَوْمٍ أَوْ أُسْبُوعٍ) کۆیلەکە خەرجیەکی زاندراو هەموو ڕۆژێك، یان گشت حەفتەیەك بداتە گەورەکەی لەو کەسابەتەی دەیکا، جا ئەوەی لە خەرجیەکەش زیادە بۆ کۆیلکە بێو بە دڵی‌خۆی دەستکاری‌ی دەکا.

(وَعَلَيْهِ عَلْفُ دَوَابِّهِ وَسَقْيُهَا) لە سەر خاوەنەکە واجبە: ئالیك بداتە ئاژەڵەکانیو هەم ئاویشیان بدا، یان بەریانهەڵبداتە نێو لەوەڕگەیەکی‌حەڵاڵ (فَإِنْ امْتَنَعَ) جا ئەگەر أُجْبِرَ فِالْمَأْكُولِ عَلَى بَيْعٍ أَوْ عَلْفٍ أَوْ ذَبْحٍ، وَفِغَيْرِهِ عَلَى بَيْعٍ أَوْ عَلْفٍ، وَلاَ يَحْلِبُ مَا ضَرَّ وَلَدَهَا، وَمَا لاَ رُوحَ لَهُ: كَقَنَاةٍ وَدَارٍ لا تَجِبُ عِمَارَتُهَا.

بەرێیەهەڵنەدانو ئالیکشی نەدانو هیچ مالیشی نەبو، ئەو کاتە (أُجْبِرَ فِي الْمَأْكُولِ عَلَى بَيْعٍ أَوْ عَلْفٍ أَوْ ذَبْحٍ) لە بارەی ئاژەڵی گۆشت خوراو زۆری لێدەکرێ: یان بیفرۆشێ، یان ئالیکی بدا، یان سەری ببڕێ (وَفِي غَيْرِهِ عَلَى بَيْعٍ أَوْ عَلْفٍ) لە بارەی ئەوەش کە گۆشتی ناخورێ زۆری لێدەکرێ: یان بیفرۆشێ، یان ئالیکی بدا.

(وَلاَ يَحْلِبُ مَا ضَرَّ وَلَدَهَا) حەڕامە بەو ئەندازەیە شیر لە ئاژەڵەکە بدۆشێ کە زیان لە بێچووەکەی بدا، بەڵکو ئەوەی لە بێچووەکە زیاد بێ، ئەوەندەی لێدەدۆشێ، تا فێرە لەوەڕ دەبێ.

(وَمَا لا رُوحَ لَهُ: كَقَنَاةٍ وَدَارٍ) ئەو ملکەی گیانلەبەر نیە: وەکو کارێزو جۆگەو خانوو و باغ

(لا تَجِبُ عِمَارَتُهَا) لە سەر خاوەنەکەی واجب نیە خزمەتی بکاو لە خرابببوون بیپارێزێ، هەرچەند هاوبەشیش بێ، بەڵکو ناپەسندە وازی لێبێنێ تا خراپ دەبێ، بەڵام ئەگەر ملکەکە ملکی شێتو منداڵو وەقفکراو بوو، ئەو کاتە لە سەر سەرپەرشتکارەکە واجبە: لە بەرهەمەکەیان خزمەتیان بکاو لەخراببون بیانپارێزێ، هەروك لە (تحفة)و(نهاية)دا فەرموویانە...کۆتایی.

(اَلْحَمْدُ لله) لێرەدا-بە تەواوبوونی باسی (اَلْحَضَانَة)-بەرگی چوارەمی ﴿پرووناکی (رَبِّ الْعالَمِين) پرونکردنەوەی (مِنْهاجِ الطّالِبِين)﴾ کۆتایی هات لە رۆژی سێ شەممەی (12)ی (محرم)ی سالّی (1423)ی کۆچی، إن شاء الله بەرگی پێنجەمی بە دوادا دێ: کە بە (کتاب الجراح: پەرتووکی بریندارکردنەکانو کوشتنەکان) دەست پێدەکا، لە خوای‌گەورە دەپارێمەوە هێزو توانام بداتێ بۆ تەواوکردنی پرونکردنەوەی هەموو (منهاج)ی ئیمامی(النواوی)رحمه الله تعالى. منیش بەندەی بێچارە: (عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی)م، خودا لە خۆمو دایکمو باوکمو خۆشەویستانم خۆش ببێ، آمین، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ.

هەولێر – کوردستان

12ی محرم – 1423ی

کۆچی

6ی‌خاکەلیوە–2702ی

کوردی

26ی ئازاری–2002ی

زایینی

شارەزاکردن:

ئەی خوێنەری بەڕێز، هەر کاتێك دانەر دەڵێ:

* رواه الشيخان، مەبەستی ئیمامی (البخاري و مسلم)ن.

*رواه اصحاب السنن، مەبەستی ئیمامی (أبوداود و النسائي و الترمذي)ن.

* هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە، یان پوون کراوەتەوە، مەبەستی ئەم چوار کتێبەنە:

1 –(المجموع: شرح المهذب) دانراوی (الإمام النواوي).
2 –(تحفةالمحتاج: شرح المنهاج) دانراوی (الإمام إبن حجرالهيتمي).
3 –(نهايةالمحتاج: شرح المنهاج) دانراوی (الإمام محمدالرملي).
4 –(مغنىالمحتاج : شرح المنهاج) دانراوی (الإمام محمد الخطيب الشربيني).
جا ئەگەر یەکێك لەو چوارانە لە گەڵدا نەبێ، ئەو کاتە دەڵێ: هەر وەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا...

ئەی قوتابیی خۆشەویست و ڕێزدار، تکایە:

1– پێشەکیەکەلە بەرگی یەکەمدا بە بیرلێکردنەوەیەکی ورد بخوێنەوە.
2– بۆ تێگەیشتنی ئەم کتێبە پشت مەبەستە بە تەنها زانستیخۆت، بەڵکو لە لای مامۆستایئایینی بیخوێنە، چونکە چەند پێناسەو زاراوەیەکی شەرعی هەنە، لە لای مامۆستای ئایینی باشتر لێی تێدەگەی.

*دانراوەکانیتری دانەر:

1 – هۆنراوەی ﴿ ئیمان و ئیسلام ﴾
2 – ڕوونکردنەوەی ﴿ الأربعين النواوية ﴾
3 – ﴿ عەقیدەی ئیسلامی ﴾
4 – ڕوونکردنەوەی ﴿ العقيدةالطحاوية ﴾
5 – چەند گوڵێك لە ﴿ گوڵزاری ئیسلام ﴾
6 – ڕوونکردنەوەی ﴿ متن فتح القريب ﴾
7 – ڕوونکردنەوەی ﴿ قطرالعارض فی علم الفرائض ﴾
8 – چۆنیەتی ﴿ حەج و عومرە ﴾
9– مێرگ و گوڵزاری بەهار * ژیانی پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ.

ناوەڕۆکی بەرگی چوارەمی ﴿ ڕووناکی(رَبِّ الْعالَمِين)﴾

بابەت	لاپەڕە	بابەت	لاپەڕە

بابەت	لاپەرە
بەڕێوکی میراتەکان	3
میراتی مردووی قەرزدار	4
هۆیەکانو مەرجەکانی میراتگرتن	6
ژمارەی میراتگرەکان	7
میراتی (ذوی‌الارحام)	11
بەشەمیراتەکانو خاوەن بەشەکان	14
(حَجْب) قەدەغەکردن لە میرات	19
(عصبة) میراتگری پشتێ	23
میراتی منداڵەکان	25
میراتی باوك و باپیرەو دایك	28
بەسەلەکانی (الغراوین)	29
میراتی خوشك و برا و برازا	31
بەسەلەکەی (المشرّكة)	32
میراتی مام و مامۆزا	36
میراتی باپیرە لەگەڵ برایەکاندا	38
بەسەلەی (الاكدرية)	44
(مَوانع الإرث) هۆیەکانی میرات نەگرتن	45
هۆیەکانی ڕاگرتنی بەشکردنی میرات	48
میراتی (المفقود) مرۆڤی گومبوو	48
میراتی کوڕەی ناوزگ	51
میراتی (الخُنثى) نێرامۆك	53
میراتگرتن لە دوو لاوە	55
ڕووستکردنی بنچینەی مەسەلەکان	57
یاسی (عَوْل)	60
یاغکردنەوەی مەسەلەکانی (الردّ)	64
یاسی (المناسخات)	73
چۆنیەتی بەشکردنی میرات	77
بەڕێوکی وەسیەتەکان	81
ئاملەت و خێرکردن لە نەخۆشیی‌مرندا	82
نەخۆشیەکانی مردن	88
ڕەوشتو بەخێوکردنی وەسیەت پێکراو	92
وەسیەت بە حەجو خواپەرستیەکانیتر	95
پەشیمانبوونەوە لە وەسیەت	102
بەڕێوکی سپاردنی ئەمانەت	104

بابەت	لاپەرە
هۆیەکانی زامینیی ئەمانەت	107
گەڕاندنەوەو فەوتانی ئەمانەت	113
[فَيْء] **دەسکەوتووی کافرەکان**	116
[الغنيمة] **تاڵانیکافرەکان**	123
زێدە بەشو بەخشیشی غەزا	125
بەڕێوکی بەشکردنی زەکاتەکان	129
بەشکردن و گواستنەوەی زەکات	132
خەساندنو ئاوسکردنی ئاژەڵ	126
خێرکردن	144
(كتاب النكاح) **بەڕێوکی ژن مارەکردن**	146
تەماشاکردنی ئافرەتو تۆقەکردن	147
خوازبێنیو سوننەتەکانی مارەبڕین	150
پاشکۆ: لەبارەی جیماع	153
ڕوکنەکانو چۆنیەتی مارەبڕین	159
(مُتعه)ژن هێنانی کاتیو ژن بەژنە	163
مەرجەکانی شاهیدەکانو ژنەکەو مێردەکە	164
ئەوسەر پەرشتکارەی ژن مارە دەبڕن	167
مارە کردنی کچو بێوەژن	168
شیربایی و ژن بەمیراتگرتن	171
فاسقیو کافری سەرپەرشکارەکە	173
وەکیلگرتن بۆ مارەبڕین	178
سەرپەرشتکاری مەردوو لای مارەبڕین	179
(الكفاءة) هاوچەشنی ژنو مێرد	182
ژن مارەکردن لە منداڵو وشێت	187
ئەو ئافرەتانەی حەرامن:	188
بە خەزمایەتی، بە شیرخوراندن، بە	191
زاواوخەزورایەتی	.
منداڵی جیماعی بە هەڵەو منداڵی بێژی	.
ژمارەی ئەو ژنانەی بۆ پیاو حەڵاڵن	194
مارە بەجاش	199
مارەکردنی ئافرتێکی کۆیلە	202
حەڵاڵبونی ژنێکی جولەکەو دیان	203
کافربوونی ژنو مێردی موسوڵمان	205
موسوڵمانبوونی ژنو مێردیکافر	206
دادکردن لە نێوان کافرەکاندا	209
یژیوی ژنی کافربوو	210
	214
	218

ناوەڕۆکی بەرگی چوارەمی ﴿ڕوونـاکی(رَبِّ الْعالَمِين)﴾

بابەت	لاپەڕە
پەشیمانبوونەوە لە مارەبڕین	219
چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕین	222
هەرج دانان لە ژنەکەو مێردەکەوا	224
ژن هێنان بۆ باوکو باپیرە	228
مارەیی ژن	232
بە جیماع و بە مردن مارەیی جێگیر دەبێ	238
(مهر المثل)مارەیی هاوێنە	245
مارەیی جیماعی بە هەڵەو بەزۆرداری	246
بە نیوەبوونو لاچونی مارەیی	247
(اَلْمُتعة)بەخشێشی تەلاقدان	252
کێشەی ژن ومێرد لەمارەییدا	253
زیادەتی پوک گواستنەوە	255
ژنە دانانو، وێنەگرتن حەرامە	258
چەندرەوشتێکی خواردن	260
ژنەتیمێرد لە نێوان ژنەکانیدا	261
(نشوز)و ناکۆکیی نێوان ژنو مێرد	268
(خلع) تەلاقدانی بە پارە	271
پێناسەی (رجعية)و (بائن)	271
خولع بە مارەیی ژنەکەی	276
پەڕتوکی تەلاقدان	290
چەند ووشەیەکی تەلاقدانو حەرامکردن	293
نوسینو ئاماژەکردن بۆ تەلاقدان	295
تەلاق دانە دەست ژنەکە	297
چەندمەرجێکی تەلاقدەر	299
گالتەکردن بە تەلاقدان	300
تەلاقی تووڕەو زۆرلێکراو	301
تەلاقی سەرخۆش	303
دەسەلاتی مێرد بە سەر شوێنی تەلاقداندا	302
پزگاربوون لە تەلاقی سێبەسێ	305
نیەتیژمارەی تەلاق	306
دووبارەکردنەوەی وشەی تەلاقدان	308
(إستثناء) جیاکردنەوە لە تەلاقدا	312
کەوتنە گومان لە تەلاقدا	314
تەلاقی (سُني)و (بِدْعِي)	319

بابەت	لاپەڕە
تەلاقی سێبەسێ	321
هەڵواسینی تەلاق بەکاتەکان	328
سوێند خواردن بەتەلاق	337
ئاماژەکردن بۆ ژمارەی تەلاق	340
(رجعة) گەڕاندنەوی تەلاقدراو	345
(إيلاء) سوێندی جیماع نەکردن	352
(ظهار: تۆوەك پشتی دایکمی	358
(كفارة)ی زیهار	365
(اللعان) لەعنەتکردنی ژنو مێرد	370
لادانی منداڵ لە نەژادی خۆی	374
پەڕتوکی (عِدّة)	383
(عدة)ی بە منداڵبوون	388
تێکەڵکشانی دووجۆرە (عدة)	392
تێکەڵبونی تەلاقدەر لەگەڵ تەلاقدراوەکەی	394
(عدة)ی مێرد مردن	396
ژنـــــــــــــــــی مێـــــــــــــــــرد ونبوو	398
تازیەداریی ژنی مێرد مردوو	399
نیشتەجێکردنی ژنی (عدة)گر	401
(إستبراء) دڵنیایی لەئافرەتی کۆیلە	406
پەڕتوکی شیرخواردن	410
ئەوانەی بە شیرخواردن حەرامن	412
ئاشکراکردنی شیرخواردن	419
﴿النَّفَقات﴾ : بژێوەکان	421
بەخێوکردنی ژن	421
کێشەی ژنو مێرد لە بارەی خشڵی زێڕ	427
(ناشزة)بوونی ژنەکە	429
بەخێوکردنی ژنێتەلاقدراو	431
(فَسْخ) بە هۆینەتوانینیبەخێوکردنیژن	433
بەخێوکردنی خزمەکان	437
شیردانی منداڵ	440
هاوبەشی لە بەخێوکردندا	441
[اَلْحضانَة] : پاراستنو پەروەردەی منداڵ	443
بەخێوکردنیکۆیلەو ئاژەڵ	449
شارەزاکردن	452

دەربارەی شەریعەتی ئیسلام

1-خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَلَوْلاَ نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِالدِّينِ ﴾ (التوبة:122)، واتە: دەبوا لە هەر هۆزێکی موسوڵمانان کۆمەڵێك ڕاپەڕیبان بۆ (جیهاد)کردن‌و کۆمەڵێکیش بۆ خوێندن، تاکو لە (شەریعەتی ئیسلام) تێبگەن.

2- پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێ: ﴿ مَنْ يُرِدِاللهُ بِهِ خَيْراً يُفَقِّهْهُ فِالدِّينِ ﴾ رواه البخاری ومسلم، واتە: هەر کەسێك خوای گەورە بیەوێ چاکەی بداتێ، لە (شەریعەتی ئیسلام) تێی‌ئەگەیەنێ.

3-ئیمام (عمر بن الخطاب ﷺ) دەفەرموێ: ﴿ تَفَقَّهُوا قَبْلَ أَنْ تُسَوَّدُوا، فَمَنْ سَوَّدَهُ قَوْمُهُ عَلَى فِقْهٍ، كَانَ حَيَاةً لَهُ وَلَهُمْ ﴾ رواه الدارميُّ، واتە: لە (شەریعەتی ئیسلام) تێبگەن پێش ئەوەی بکرێنە گەورە، چونکە هەر کەسێك (شەرع) بزانێ‌و گەلەکەی خۆی بیکاتە گەورە، ئەبێتە هۆی ژیانێکی خۆش بۆ خۆی‌و بۆ ئەوان.

4- ئیمام (الأعمش) دەفەرموێ: ﴿ يَامَعْشَرَالْفُقَهاءِ أَنْتُمُ الأَطِبَّاءُ وَنَحْنُ الصَّيَادِلَةُ ﴾ رواه الصيمري، واتە: ئەی چینی(شەرعزانان) ئێوە پزیشکن، ئێمەی(حەدیس گێڕەوەش) دەرمانناسی دەرمانخانەین.

5- ئیمام (الشافعی) دەفەرموێ: ﴿ مَنْ حَفِظَ الْفِقْهَ عَظُمَتْ قِيمَتُهُ وَمَنْ تَعَلَّمَ الْحَدِيثَ قَوِيَتْ حُجَّتُهُ ﴾ رواه ابن حجر الهيتمي، واتە: هەرکەسێك لە (شەریعەتی ئیسلام) شارەزا ببێ نرخی بەرز ئەبێتەوە، هەر کەسێك (حەدیس) فێر ببێ بەڵگەی بەهێز دەبێ.

6-ئیمامی (البخاری) دەفەرموێ: ﴿ هُوَ-أَيَ الْفِقْهُ- ثَمَرَةُ الْحَدِيثِ، وَلَيْسَ ثَوابُ الْفَقِيهِ دُونَ ثَوابِ الْمُحَدِّثِ ﴾ رواه القسطلاني، واتە: (شەریعەتی ئیسلام) بەرهەمی حەدیسە، پاداشتی (شەرعزان) کەمتر نیە لە پاداشتی (حەدیس گێڕەوە).